# ژیـانم هەمیشە تێکۆشان بوو

منتدى إقرأ الثقافي

ساکینە جانسز (سارا)

بەرگی یەکەم

www.iqra.ahlamontada.com



لە تورکییەوە:

ئارام پێنجوێنی

# ژیانم

## هەمیشە تێکۆشان بوو

ساکینە جانسز (سارا)

لە تورکییەوە: ئارام پێنجوێنی

**بەرگی یەکەم**

ناوی پەڕتووک: ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو- بەرگی یەکەم
ناوی نووسەر: ساکینە جانسز (سارا)
ناوی وەرگێڕ: ئارام پێنجوێنی
دیزایین: گۆران پێنجوێنی
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: 2022
چاپخانەی:
تیراژ: ١٥٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن
(            ) ساڵی( ٢٠٢٢)ی پێدراوە.

**مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە**

# ناوەڕۆک


گووتەیەک بۆ ئەم شاکارە ........ 9

پێشەکی چاپی تورکی ........ 13

پووختەیەک لە ژیاننامەی ساکینە جانسز (سارا) ........ 17

چەند گووتەیەکی پێویست ........ 23

لە دایکبوون لە سەقەمدا ........ 27

منداڵانی کۆمەڵکوژییەکەی دێرسیم: دایک و باوکم ........ 31

باوکم... نەیخستمە بەر خوێندن ........ 37

فێربوونی تورکی ئەشکەنجە بوو ........ 43

شەڕەکانی گوندی تەخت ........ 47

شەرم لە کوردبوونی خۆت مەکە ........ 55

سەردانی (باوا دیوزگیون) ........ 63

"ئایی داخەکەم رۆڵەگیان! حسێن جەواهیری کوژراوە!" ........ 83

ئەو کەسەی بە دەریاکاندا گەڕاوە ........ 93

کات بەردەوام بوو لە فێرکاری ........ 101

(دەنیز، یوسف، حسێن) ........ 105

دایکم فێری سەرکەشی و شەڕکردنیشی دەکردم! ........ 113

کوردایەتی و شۆڕشگێڕی لەگەڵ یەک بەواتا بوو ........ 135

گەڕانەوە بۆ دێرسیم ........ 145

سۆز و شەوقی منداڵیم کۆت کرابوو ........ 153

"کچە بێ ئامانەکان" ........ 179

تەنانەت بەرگەی وێنەی (ئەجەوید)یشم نەدەگرت.................................189
مادام شوێن هەیە، کادینتان لەچی؟!.........................................................197
نهێنییەک هەیە و دەمانەوێت پێی بگەین...................................................205
ئەوان کۆمەڵێک کەسی جێی تاسە بوون!....................................................223
ئیتر؛ زەنگی مەترسی دەهاتە بەر گوێ!.....................................................235
رێگەی هیوا، ئاوات و راستی هەڵدەبژێرم..................................................243
لێرەدا کەوانەیەک دەکەمەوە...(.............................................................251
کەوانەکە دادەخەم).. و بەردەوام دەکەم ..................................................259
تووڕەیم سەبارەت بە چەوتی کەسانی تر، بەخۆمدا دەتەقێنمەوە! ......261
دەبم بە شۆڕشگێڕ؛ ناتوانن رێگریم لێبکەن .............................................279
بە راست چی بوو؟ لە جەوهەری ئەو ناکۆکی و شەڕانەی دەمکرد چی هەبوو؟ ..........................................................................................293
خێزان لەسەرەتاوە رێکخراو بوو..............................................................299
ئەوانەی خۆمان هەموویان لە نیشتمانپەروەرانن.......................................305
تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی ناچار دەکرد .........311
چارەسەرییەکەی دایکم و قیمەت جیاوازییان نەبوو...............................317
شۆڕشگێڕی؛ بە ئازادیی بەکارهێنانی ئیرادەیە.........................................329
کچێک لەماڵەوە رایکردووە، دەیەوێت ببێتە شۆڕشگێڕ .........................343
رۆژانی دابڕانی پڕ لە ژان و کرێکاری ......................................................353
لە یەک ماڵدا بووین؛ ئامانجمان جیاواز بوو ..............................................369
هزری چینایەتی هاوردە دەکرێت.............................................................393
بە ئاگاداریەک؛ شوێنپێی هەڤالانم دۆزییەوە...........................................399
درووشمی "کوردستان داگیرکراوە"؛ سۆسیال شۆڤێنیزمی شیتەڵ دەکرد ..........................................................................................429

لێرەدا کەوانەیەکی تر دەکەمەوە.. (........................................................ 461
..و کەوانەکەم داخستەوە..)........................................................ 464
بەرخودانی کرێکاریی، مانگرتن و زیندان........................................ 465
بەرخودان دەستی پێکرد........................................................ 491
شەهیدەکان؛ گەڕانەوە بۆ وڵات خێراتر دەکەن........................................ 533
ژنانی خارپێت و دایە زەنجەفیل........................................................ 561
ژن لە پیاو زیاتر جێگەی متمانەیە........................................................ 577
هەژاریی ئەو ماڵە ژیانی گەلێک بوو........................................................ 615
هەڵکشانی ئاستی تێکۆشان........................................................ 629
لە ساڵێکدا زۆرشتم بەسەر هات........................................................ 657
هەر وەکو هێلە سەوزەکەی بەیروت بوو........................................................ 673
دەوڵەت فیشەکی لە خۆی دا..!........................................................ 679
ساتێکی وەها دێتە پێش کە........................................................ 693
ئەرێ ئەم کابرایە کێیە؟........................................................ 711
کۆبوونەوەیەکی مێژوویی لە گوندی فیس........................................................ 721
خۆ ئێمە نووسینگەی هاوسەرگیری نین!........................................................ 753
لێرەدا ناچارم بە کردنەوەی کەوانەیەکی تر.....(........................................ 759
کەوانەکە دادەخەمەوە.. )........................................................ 768
هەستکردن بە ئازارەکانی گەل پابەندی دەکردین بە شۆڕشەوە........ 773
چالاکییەکان وەڵامی کۆمەڵکوژییەکەی گومگومبوو........................................ 805
متمانەم بە ژنەکە هەیە........................................................ 815
خیانەتی ناوخۆ، تێکۆشانی چینایەتی ناوخۆی هێنا........................................ 827
هێرشی بەپەلەی دەوڵەت، بە ئاگای هێناینەوە........................................ 835

## گووتەیەک بۆ ئەم شاکارە

لە کوردستاندا خوێندنەوە و تێگەیشتن لە مێژووی تێکۆشانی ئازادی ژن، لە ڕەهەندێکەوە بەندە بە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ژیانی ناوازەی ژنە تێکۆشەری کورد ساکینە جانسز(سارا)وە. کاتێ وا هەیە ژیانی شۆڕشگێڕێک وەکو کورتەی مێژووی ئازادی ڕەگەزێکە. لە کەسایەتی (ساکینە جانسز)دا دەکرێت لەسەر بناخەی ئازادی ژن سەرلەنوێ زیندووبوونەوەی ژن و گەل بەدی بکرێت. بۆیە پێویستمان بە تێگەیشتن و دەرککردنە بە ژیانی شۆڕشگێڕان. بەتایبەتیش ئەگەر ئەو شۆڕشگێڕە ژنێک بێت، لەو بڕوایە دام کە پێویستە هێزی واتادان و تێگەیشتنمان قووڵتر بکەینەوە.

ژیان، کەسێتی و تێکۆشانی هەڤاڵ (سارا)، هەڵگری کاریگەرییەکی زۆر بەهێزە، هەڵوێستی سەربەرز و شەرەفمەندانەی، خۆشەویستی بۆ مرۆڤ زۆر جیاوازە. هەنگاوە پڕ لە ئیرادەکانی، پشوودرێژییەکەی و شەڕەکانی وای کردووە بگات بەو ئاستەی ببێت بە یەکێک لەو ژنە بەهێز و بەتواناییانەی لە دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)دا ڕۆڵی هەبێت و زیاتر لە سێ چارەکی تەمەنی و گیانی خۆی بە ئازادی ژن و گەلەکەی ببەخشێت.

بەرخودانی بێوێنەی لە زیندانی ئامەددا لەپاش کودەتاکەی 12ی ئەیلولی 1980 شایستەی کۆمەڵێک شاکاری مێژوویی تایبەتە. وەک لەم پەڕتووکەشدا دەردەکەوێت، (ساکینە جانسز) هەمیشە بە شەیداییەوە بێ دانانی هیچ سنوورێک خۆی ئاوێتەی ژیانی شۆڕشگێڕی کردووە، بەجموجۆڵ، چالاک و پڕ لە ئومێد

بووە. پاش شەهیدبوونیشی ئەم پەڕتووکەی بڵاوکرایەوە کە بەر لە ساڵانێک و لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان و بەتایبەتیش لەناو هەلومەرجی شەڕی دژی خیانەتدا بەدەستی خۆی نووسیبووی.

مێژووی کوردستان بەگشتی، پڕە لە نموونەی بەرخودان، تێکۆشان، فیداکاری، بوێری، خۆبەخشی و ڕەنجدەری گەورە. گەلەکەمان لەپێناو ئازادی قوربانییەکی زۆری داوە، هەرگیز داگیرکاریی پەسند نەکردووە. ئەمە و پێویستی ئاشنابوونی کەسێتی کورد بە هێزی ڕاستەقینەی ژن و بەتایبەتیش لە زەمینەیەکی وەک باشووری کوردستاندا کە گەلێک چەمکی دوور لە ڕاستی و ڕەسەنی ژنی کورد سەبارەت بە ڕەگەزی ژن جێگای باسە، زۆر هۆکار هەبوون بۆ وەرگێڕانی ئەم پەڕتووکە لە زمانی تورکییەوە. پێویست بوو باشووری کوردستان بەتایبەت و خوێنەرانی زاری کرمانجی ناوەڕاست ئەم ژنە ئازا و قارەمان و بەرخۆدێرە لە قەڵەمی خودی ژنە تێکۆشەرەکەوە بناسن و ئاشنای ئەو ئەزموونە گەورەیەی تێکۆشانی ژن ببن.

وەرگێڕانی ئەم پەڕتووکە ئەرکێک بوو و پێویستبوو لەسەرم بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەم، چونکە دوای خوێندنەوەی هەستم کرد ژیانی هەڤاڵ (سارا) دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام و هێز بۆ هەموو کەسێک کە خوازیاری ئازادی بێت. ژنی شۆڕشگێڕ وەکو خۆر، هەموو مرۆڤایەتی ڕووناک و گەرم دەکاتەوە. ژیان و کەسێتی ئەم ژنە شۆڕشگێڕەش پێشەنگایەتی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی کرد و لەو بڕوایەش دام کە هەر وشەیەک، هەر ڕستەیەکی نێو ئەم پەڕتووکە ڕێنیشاندەر دەبێت بۆ گەلەکەمان و بۆ ژنی کورد.

هەڤاڵ سارا، وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات، ئەم پەڕتووکەی لەسەر داخوازی ڕێبەری گەلانی کوردستان و هاوڕێی و هەڤاڵی خۆی (عەبدوڵڵا ئۆجالان) نووسیوە. ئەم پەڕتووکە جگە لەوەی لە ڕووی وێژە و زمانەوانییەوە دەوڵەمەندە، کۆمەڵێک وشە، دەستەواژە و ناوی هەرێمی و خۆجێی کوردی و هاوکات کولتوور و کەلەپووری باکووری کوردستان و بەتایبەتیش هەرێمی دێرسیم و هەندێک ناوچەی تری باکووری کوردستانی هەڵگرتووە. جگە لەوەش بەو هۆکارەی بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان دەستەواژەی (پارتی) لە چوارچێوەی تێگەیەکدا تەنیا و تەنیا بەسەر یەکێک لە پارتەکاندا کراوە، زۆرجار پێدەچێت خوێندنەوەی ڕاست و دروست بۆ خودی وشەکەش یەکێک بێت لە گرفتە گەورەکانی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و گەیشتن بە مەبەست. لێرەدا بە ئامانجی خۆپاراستن لەو گرفتە و بۆ دەرککردن بە مەبەست و ئامانجی ناوەڕۆکی بابەتەکان، مەرجە خۆمان لەو تێگەیە بەدوور بگرین. هەڵبەت لەم پەڕتووکەدا لە بواری سیاسیدا ناوی زۆرێک لە گرووپ، دەستە، کۆمەڵە، دەزگا، ڕێکخراو، ڕێکخستن، لایەنی سیاسی و پارتی بەکارهاتوون، جگە لەو پارتانەی ناوەکانیان بە لاتینی نووسراوە، هەر دەستەواژەی (پارتی)ییەکیش وێنای کورتکراوەی ناوی (پارتی کرێکارانی کوردستان) و شیرازە و ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ئەو پارتە دەگەیەنێت.

ئەم پەڕتووکە لە سێ بەرگ پێکهاتووە، چاپی یەکەمی بەرگی یەکەم لە ساڵی 2017دا بڵاوکرایەوە، دوای پێداچوونەوەیەکی ورد بۆ ئەو بەرگە و وەرگێڕانی هەردوو بەرگەکەی تر پێم باش بوو هەرسێ بەرگەکە پێکەوە پێشکەشی ئێوەی خوێنەر بکەم.

ئەوەی گرنگە سەرنج بدرێت سارا کۆمەڵێک کێشەی هاتۆتە بەردەم و هەندێکیانی لە گەلێک رەهەندییەوە خستۆتەڕوو کە تایبەتن بە هەر یەکێک لەو سەردەمانەی باسیان لێوە دەکات. ئەمە و بەپێی توانا هەوڵمدا بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەمانە و کۆمەڵێک خاڵ، نیشانەی پرس، ناو، رووداو و زانیاری سەبارەت بە هەندێک دەزگا، رێکخراو و کەسێتییەوە کۆمەڵێک پەراوێز دابنێم. بۆ زانیارییەکانی نێو پەراوێزەکانیش سوودم لە سەرچاوە راستەقینەکان وەرگرتووە.

**ئارام پێنجوێنی**

# پێشەکی چاپی تورکی

لەو ڕۆژانەدا کە لە ئەورووپا بوو، سەبارەت بە پەڕتووکەکە وتووێژێکی زۆرمان لەگەڵ (ساکینە جانسز) کرد، باسی لە سەرلەنوێ لە سەرەتاوە پێداچوونەوە دەکرد و دەیگووت:"ئەگەر دەرفەتم هەبێت، خوازیارم پێداچوونەوەی بۆ بکەم". بەڵام بەداخەوە کە لە ساڵی 2013 دا لەگەڵ دوو هەڤاڵی، لە یەکێک لە گرنگترین پایتەختەکانی ئەورووپا بەدڕەوشتانە تیرۆر کرا. هەر بۆیە پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پەڕتووکەکە کەوتە سەر شانی ئێمە.

وەک خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی میزۆپۆتامیا هەوڵماندا پێداچوونەوەکە لەسەر بنەمای خواستەکانی ئەو جێبەجێ بکەین. خودی خۆیشی هاوڕا نەبوو لەگەڵ ئەو پەڕتووکەی سەرەتا بۆی ناردبووین، هەربۆیە ئێمەش بە پابەندبوون بە جەوهەر و ناوەڕۆکەکەیەوە، دەستمان بۆ هەندێک گۆڕانکاری بردووە.

بەرگی یەکەمی پەڕتووکەکە قۆناخی منداڵی، خێزانەکەی، هاوڕێیەتی، جوگرافیا، ئاشنابوون و بەشداریکردنی لە تێکۆشان، کار و خەباتەکانی تا بە قۆناخی دەستگیرکرانی لەخۆ دەگرێت.

سەراپای بەرگی دووەم قۆناخی زیندانە. ڕاستینەی (ساکینە جانسز)ێکی لەخۆ گرتووە کە وەکو ژنێک، وەکو ژنێکی (PKK)یی لەزیندانی ئامەد بە بەرخودان بۆتە ئەفسانە، لەلای هاوڕێ و هەموو ناسیاوانی بە نموونەی باڵای شۆڕشگێڕی دادەنرێت. ئەمەش ڕاستینەیەکی لێوانلێو لە سەربەرزی و

تێکۆشانە. (ساکینە جانسز) ناوێکە هەموو کەسێک و بەتایبەتیش کوردان دەخرۆشێنێت، کە بە بەرخودان گەیشتبوو بەو پێگە و ئاستەی.

بەرگی سێیەمیش دەرکەوتنی (ساکینە جانسز) لە زیندان، بەشداریکردنی لە ئەکادیمیای (مەعسوم کۆرکماز) و پاشان کۆمەڵێک بەسەرهاتیی لە شاخەکانی کوردستان لە خۆ گرتووە. پاشانیش دوای گەڕانەوەی بۆ دیمەشق و بۆ خوێندنگەی ناوەندی پارتی پەڕتووکەکەی لێرە تەواو دەکات.

ئەم پەڕتووکە لەنێوان ساڵانی 1996 – 1997 دا نووسراوە و بۆ یەکەمجار لە خوێندنگەی ناوەندی (PKK) دا بە چاپ گەیەندراوە. هەر لەو سەردەمەدا وێنەیەکیشی بۆ رۆژنامەی (سەرخۆبوون) لە ئەورووپا نێردرا. دواتر خودی خۆیشی هات بۆ ئەورووپا.

لەو رۆژگارەدا (ساکینە جانسز) بەردەوام باسی لەوە دەکرد کە دەیەوێت لە سەرەتاوە پەڕتووکەکە بگرێتەوە دەست، بەڵام کاتی بۆ نارەخسێت. زۆرشتی سەبارەت بە چۆنێتی گۆڕانکارییەکانیش باس دەکرد.

بە پابەندبوون بەو باسانەیەوە و لەچوارچێوەی خواستەکانیدا پەڕتووکەکەمان بەم شێوەیە ئامادەکرد و پێشکەشی خوێنەرمان کرد. هەر چەندە لەبواری هەڵەچنییەوە کەموکورتیشی هەبێت، بە شێوەیەکی گشتی رەخنە و تێڕوانینی ئەرێنیمان لە خوێنەرانەوە پێگەیشت و پێدەگات.

ناسینی شۆڕشگێڕێکی وەکو (ساکینە جانسز) کە مۆرکی خۆی لە مێژووی کوردستان داوە، چاپکردنی پەڕتووکەکەی لە خانەکەماندا جێگەی شەرەف و شانازییە بۆ ئێمە.

هەمیشە هەڵگری ئەو هیوایە بووین کە بە چاپکردنی دوایین بەرگی پەڕتووکەکە خوێنەرانیش بەو دەرفەتە بگەن لە قەڵەم و باسەکانی خۆیەوە ئاشنای (ساکینە جانسز) ببن، دەبینن کە لە مێژووی سەردەمیانەی کوردستاندا بە ئاستی نموونەیەکی شکۆدار گەیشتووە.
لێرەوە دەستخۆشی و سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە رەنجیان لە ئامادەکردن و پێگەیاندنی ئەم پەڕتووکە و لە گەیاندنی بە خانەکەمان و چاپکردنیدا هەبووە.

**هاوڕێبازانی**
**ساکینە جانسز**

## پووختەیەک لە ژیاننامەی ساکینە جانسز (سارا)

(ساکینە جانسز) ناسراو بە (سارا)، لە وەرزی زستانی ساڵی 1958، واتا 20 ساڵ لەدوای کۆمەڵکوژییە مێژووییەکەی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بەسەر کوردانی شاری دێرسیم و دەوربەریدا هێنای، لە بنەماڵەیەکی رزگاربووی ئەم کۆمەڵکوژییە و لە گوندی تەختی خەلیلی سەر بە شاری دێرسیم لەدایک بووە. دایکی ساکینە ناوی (زەینەب)ە. ساکینە جانسز تا قۆناخی ئامادەیی خوێندووە.

لە سەرەتای ژیانیدا بە سەرهەڵدێری و تێکۆشانی لە پێناو ئازادی و یەکسانی دەناسرێت. لە ساڵی 1974 ئاشنای کۆمەڵێکی بچووک لە گەنجانی ریزەکانی تێکۆشانی ئازادی دەبێت و دەست بە خەبات و تێکۆشان دەکات. لە ساڵی 1978 دا وەک ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر و وەک یەک لەو دوو ژنانەی بەشداری لە کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دەکات. ماوەیەکی کەم بەر لە کودەتا سەربازی و فاشییەکەی 12ی ئەیلولی 1980 لە تورکیا، دەستگیر دەکرێت، بەدرێژایی (10) ساڵ لەزیندانەکانی دەوڵەتی تورکدا دووچاری زۆر ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەبێتەوە. لەساڵی 1991 ەوە لە کوردستان، رۆژهەڵاتی ناوین و لە زۆر شوێنی دەرەوەی وڵات لە پێناو ئازادی گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی و ئازادی ژن، بەهێز و هەنگاوی گەورە، برەو بەتێکۆشان دەدات. لەنێوان 2010 – 2011 شدا لە دەرەوەی وڵات لەلایەن دەوڵەتی فەرەنساوە بە تۆمەتگەلێکی سەمەرە و

گاڵتەجاڕانە بۆماوەی چەند مانگێک زیندانی کرا، بەڵام پاش چالاکی و بەرخودانییەکی زۆری کوردانی دەرەوەی وڵات، دەوڵەتی فەرەنسا ناچار بوو بە ئازادکردنی.

ساکینە ئیسماعیل جانسز (سارا) دوای نزیکی (40) ساڵ لە تەمەنی پڕ لە تێکۆشان، هاوڕێ لەگەڵ فیدان دۆغان (رۆژبین) و لەیلا شایلەمەز (رۆناهی)، لە رێکەوتی 9ی کانوونی دووەمی 2013 دا هەر لە وڵاتی فەرەنسا بە پیلانگێڕییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی و بە دەستی ئەندامێکی میتی تورک لە ناوەندی ئینفۆرمەیشنی کوردستان کە ناوەندێکی کاروباری دیبلۆماسی بوو لە پاریس شەهید کرا.

" بینینی رووی راستەقینەی کەسێک کە لەیەک کاتدا چەندین کەسایەتی هەبێت؛ بۆ ئێمە زەحمەتە. خودی ئەم بنەما پێکەوە نەبەستراوانە لە نێو ناکۆکییەکاندا پەنهانە. هەوڵدەدەین کەسایەتی قارەمانەکە بە دوو هێڵی سەرەکی لێکجوێ بکەینەوە، وەکو چاوێکی کوێر و چاوێکی ساخ، لایەکی رووخساری لاو و لایەکەی تری پیر، لایەکی ئەقڵی بە رابردوو و لایەکەی تری بەئایندەوە گرێدراو بێت. دوای مردنت، کە دیمەنەکەتم بە مۆزایک دروستکردەوە، هەستم کرد هەر جوڵە و کاردانەوەکانت مانایان هەیە کە من و ئەوانی تر بە ناجێگیر پێناسەیان دەکەین.

"Orianna Fallac[1]"

---

[1] . ئۆریانا فالاتچی(Oriana Fallaci - 1929 -2006) رۆژنامەوان و رۆماننووسی بەناوبانگی ئیتاڵییە، چەپڕەوێکی سیکۆلار بوو، لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیی دژی دەسەلاتداریێتی بینیتۆ مۆسۆلۆنی فاشیستدا ئەندامی بزووتنەوەی بەرگری ئیتاڵی بووە.

# ژیانم

## هەمیشە تێکۆشان بوو

# چەند گووتەیەکی پێویست

ساڵی رابردوو قۆناخی بە پەڕتووک گەیاندنی تێبینییە نووسراوەکانم کەم نەبوو لە هەرا و هۆریا. چونکە لەکاتی نووسینیان هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە بەمشێوە بە چاپیان بگەیەنم. هێشتا بە زووم دەزانی بۆ نووسینیان. هەروەها قۆناخێکی سرووشتی نەبوو بۆ نووسینیان، ژینگەیەکی پڕ بێنەوبەردە و رەخنە و لە هەر رووێکەوە بە ئازار بوو.

لە راستیدا ئەگەر هێزی ئەوەم هەبووایە لە خودی قۆناخەکەوە دەست پێبکەم و بەرەو رابردوو بگەڕامایەوە، بێگومان شاکارێکی زۆر جیاوازی لێ بەرهەم دەهات. هەڵبەتە هەردوو رێگەی چوونە ناو کارەکەش زەحمەتن، ئەوەی دیارە؛ من "زەحمەتە ئاسانەکە"م هەڵبژارد!.

نووسراوەکانم ماوەیەکی دوور و درێژ وەک "بار"ێک وابوون بەسەر شانمەوە. لەو رۆژگارە پڕ جموجۆڵ و پڕ پشێوییەی زاپ[2]، هەندێک جار لە کۆڵەپشتەکەی من دا و هەندێک جاریش لەناو کۆڵەپشتی خوشکەزاکەم[3] (فەردا) "دا بوو. نووسینەکانم

---

[2] زێی گەورە؛ زێیەکی گەورەی کوردستانە کە سەرچاوەی سەرەکی لە باکووری کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت و لەسنووری باکووری کوردستاندا دەڕژێتە ناوییەوە و بە هەرێمەکانی زاگرۆس و بەناو هەرێمی بادیناندا بەرەو باشوور و لە خوارووی شاری موسڵ دەڕژێتە ناو رووباری دیجلەوە. هاوکات هەرێمی زاپ جوگرافییایەکی ستراتیژییە بۆ هێزە شۆرشگێرەکانی کوردستان بەتایبەتیش لە سەردەمی تێکۆشانی (PKK) دا.

[3] لە بەرگی سێیەمدا بەوردی باس لە پەیوەندی پور-خوشکەزایی نێوان ساکینە جانسز "سارا" و فەردا کراوە.

تەنیا بۆ (فەردا) خوێندبووەوە. ئەویش لەبەر ئەو نرخەی کە بۆ ڕەنجی دادەنا، تۆزێکیش بەهۆی فشارەکانییەوە؛ لەگەڵ بڕێکی زۆر لەئامێرەکانی کاری ڕاگەیاندنی و چاپەمەنی چەند مانگێک هەڵیگرت. پێویستە دان بەوەدا بنێم کە لەمەیدانی شەڕدا بووین، بەبیرکردنەوە لەو ڕاستییە، لەلای ئەو بەجێمهێشتبوو، ئەگەر شتێک ڕوویدایە، نووسراوەکانی دەپاراست و پاشان هەڵیدەسەنگاندن. بەڵام هەست دەکات بە هەبوونی بیرکردنەوەم "لە شتێک" و چەندین جار هەواڵی بۆ ناردووم بۆ وەرگرتنەوەیان.

دواجار لە ئەیلولی 1996 دا دەفتەرەکانم بە کۆڵەوە هاتم بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی. گوزارەی "ژیان پێتدەنووسێت"ی (سەرۆک) و بەردەوام جەختکردنەوەی لەسەر گرنگییەکانی نووسین و بەها و نرخ پێدانی، نووسینی یادەوەرییەکانی کرد بە قەرزی سەرشانم.

سەرلەنوێ تاوتوێکردنەوەی نووسینەکانم مایەی زەحمەتییەکی زۆر بوو، هیچ لەلام دڵگیرنەبوون، کە ئێستاش هەروان! بەڵام بەری ڕەنجێک بوون، تەنیا لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەدا بەواتا دەبوون کە تێیدا نووسیبووم. هاوکات نە خواست و نە بوێری سەرلەنوێ نووسینەوەشیانم هەبوو.

سەرلەنوێ ژیانەوەی ئەو ڕووداوانەی کاریان لەسەر شەڕەکانم کردبوو، تابلێی فشاری خستە سەرم، بەڵام هەوڵمدا ئەوانە وەکو خۆیان و بە ئەندازەی وەیادهاتنەوەیان دەرببڕم، سەرباری ئەوەش نووسراوەکان بەسەرهاتەکانیان وەکو خۆی دەرنەدەبڕی.

ڕۆژگاری بە پەڕتووک گەیاندنی نووسراوەکانم بە هاوکارییەکی واتاداردا تێپەڕبوو. هاوڕێیەتی (سەرۆک) خۆش و

سپەهی بوو. لێرەوە زۆر سوپاسی سەرجەم هاوڕێیانم دەکەم بەتایبەتیش ئەوانەی لەوێ ئامادەبوون.

لەناو کێبڕکێی ڕەنجی هاوبەشدا (ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو)مان کرد بە پەڕتووک.

سەبارەت بەم پەڕتووکە هەڵسەنگاندنی تر بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵم کە هەر ئەوانەشن بەرز و بەنرخن

**لەگەڵ ڕێزمدا**
**تشرینی یەکەمی 1997**
**ساکینە جانسز "سارا"**

## له دایکبوون له سەقەمدا[4]

له سەری ساڵی نوێ دا، له ساڵی 1958 له گوندی تەختی خەلیل سەر بە دێرسیم هاتمە دونیاوە. کاتێک لە دایکبووم، باوکم لە سەربازی بووە، کە لە مانگی شوباتدا بەمۆڵەت دەگەڕێتەوە، دەمبات و بەفەرمی ناونووسم دەکات، بۆ ئەوەش رۆژی فەرمی لەدایکبوونم 12ی شوباتی 1958ە. ئایا لەدایکبوون لە سەقەمدا چانسێکی جیاواز بوو؟ باشتر وایە من لێرەوە دەست بە بڕوا بە چانس بکەم. لە ساڵی نوێ و لە نیوەی زستاندا، لە جوگرافیایەکی بەفراویدا لەدایکبوون، بەلای منەوە چانسە.

گوندەکەمان بیست ماڵ بوو، ئەو ڕێگەیەی بەناو گوندەکە تێپەر دەبوو، خانووەکانی گوندەکەی کردبوو بە دووبەشەوە. لە سەرەوە خانەوادەی (کۆچادەمیر) و لە خواریشەوە خانەوادەی (دویماز) نیشتەجێ بوون. هەردوو خێزانەکەش قەرەباڵغ و خۆشەویستی گوند بوون. ماڵی ئێمە لە ناوەڕاستی گوند و لە پەنای کانیاوەکەی بوو. نزیکترین هاوسێمان ماڵی (مام ئیبراهیم) بوو کە گاڵتەخۆش و قسە نەستەق و بوێرترین کەس و خێزانی گوندەکەمان بوون. بە بەری گوندەکانی گۆمەنان، باس باسی ئەوەبوو کە لەکاتی جووتکردندا لە زەوییەکەیدا چۆن شەڕی لەگەڵ ورچدا کردووە، بەدەستی خۆی ئەندامەکانی ناوسکی کۆدەکاتەوە کە ورچ دەریهێناون و چۆن خستوونییەتەوە ناوسکی خۆی و بەو چەشنەش تاوەکو گوند هاتووەتەوە. زیاتر بەوە دەناسرایەوە. مام (ئیبراهیم) وەک (مەلای مەشهور)ی گوندەکەمان بوو. بەگشتی خەڵکی ئاوایی لە شوێنی

[4] ساردی و بەستەڵەکی بێ ئەندازە.

خەرمانەکانی خوارووی کانیاوەکە کۆدەبوونەوە. هەموو کەسێک دەهاتە ئەو جێ خەرمانەوە. لەوێ قسە و باسی خۆش دەکرا، بەساڵاچووەکان دەکەوتنە قاوی یەکتر، گاڵتە و گەپیان دەکرد و دەنگی قاقای لێ کەم نەدەبوو.

کانی گوندەکەمان تازە دروستکرابوو. ئاو لە قەدپاڵەکانی بەری مازگێرد[5]ەوە، بە رێگەیەکی چەند کاتژمێریدا هێندرابوو. سەرچاوەکەی لە ناو زەوی گوندێکی تردابوو. لەبەرامبەر پارەیەکی دیاریکراودا لەوێوە راکێشرابوو. پیاوانی گوند ئەرکی جۆگەلە و دانانی بۆرییەکانییان لە ئەستۆگرتبوو. هەر کە بەسەر هێڵی بۆرییەکەدا دەچوویت، بە سەرچاوەکە دەگەیشتیت. ئەوسا کە بچووک بووین، بە جۆشەوە بەسەر ئەو هێڵەدا دەڕۆیشتین و کاتێک بە سەرچاوەکەی دەگەیشتین وەک ئەوەبوو شتێکی نوێمان دۆزیبێتەوە. کانییەکی زەبەلاح لە چیمەنتۆ دروستکرابوو. لەبەردەمیشیدا بڕک[6]ێکی چوار گۆشە هەبوو. لە هەردوو لایەوە پلیکانەی بۆ دروستکرابوو کە بڕکەکەی رازاندبووەوە. کانیەکە و دەوروبەرەکەیشی هەمیشە پاک و خاوێن بوو.

زیاتر (غەزال) واتا؛ ژنە بوێرەکەی (کۆجادەمیر)ییەکان کانیەکە و دەوروبەری خاوێن رادەگرت. ژنێکی چوارشانە بوو، برۆکانی ئەستوور، رووخسارێکی پان، لووتی گەورە و کونە لووتەکانی فراوان، کۆفییەکی راست و رێک، سەرپۆشێکی پڕ مووروو و زەنگیانە و چنراو و هەمیشە سپیی بەسەرەوە بوو. کۆتای تەنوورەکەی گرنج گرنج، کراسەکەی، چارۆکەکەی، قۆڵ

---

[5] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری دێرسیمی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە مازگرت ناوزەدی کردووە.

[6] حەوز، ئەوەی لەناو باخەکان بە مەبەستی ئاودان دروست دەکرێت، هەندێکجاریش سرووشتین.

تا ئەنیشک هەڵکێشراو، شەرواڵە دەرلنگ لاستیکەکەی، کە بە دملکی[7] پێی دەڵێین مانیس، بە سەتڵە مسە گەورەکانییەوە هاتنە خوارەوەی بۆ سەر کانی، دیمەنێکی جیاوازی هەبوو. دوای رژاندنی ئاوێکی زۆر بە هەر چوارلای کانیاوەکەدا، دەستەکانی، دەموچاوی، قاچەکانی دەشووشتن و دواتر سەتڵەکانی پڕدەکردن. جۆرە راهاتنێکی تایبەت بەخۆی بوو. دەشبێت هەر لەبەر ئەمە بێت کە هەمیشە لە دڵەوە بۆ (غەزال)م دەڕوانی. بێ گوێدانە ساردی و گەرمی بەم رەنگە خاوێنڕاگرتنەکەی کاری لە من و هەموو کەسێکیش دەکرد. بەگشتی سەرجەم ماڵەکانی گوند خاوێن بوون، بەڵام لەم رووەدا (غەزال) خان و ماڵەکەی جیاوازتر بوو. ئێسکی بازنگەی دەست و پێیەکانی ئەستوور بوون. بازنگەکانیشی بەهۆی مووروویەکی زۆرەوە خاڵخاڵ بوو.

ژنە (دویماز)ییش تایبەتمەندی پێچەوانەیی بوو. (خەیزان) خان ژنێکی دەنگ کز، بەژن درێژ و باریک بوو. (غەزال) بە پێچەوانەی (خەیزان)ەوە ئۆتۆریتار[8] بوو. ئەم ئۆتۆریتایەی لە دەرەوەی ماڵیش رەنگدانەوەی هەبوو. بە ئەندازەیەک لەئاستی دەسەلاتێکی خۆڕسکانە و کاریگەری پەیوەندی ئاساییدا جیاوازی هەبوو لە ژنانی تەمەنداری گوند. لە پەیوەندییەکانیدا ورد و سنووردار بوو. ژنە گەنجە تازە شووکردووەکان لەم رووەوە زیاتر رەچاوی دابونەریتەکانیان دەکرد. داخراوەییەکی توند و فشاربەندییەکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو، بەڵام بووکە گەنجەکان لەهەڵسوکەوتیان لەبەرامبەر بە ژنە پیر و پیاوەکاندا

---

[7] زاراوەی زازاکیشی پێدەگووترێت کە زۆربەی هەرێمی دێرسیم بەو زاراوەیە قسە دەکەن.

[8] : لێرەدا بە واتا باڵادەستی کەسێتی بەسەر دەوروبەری خۆیدا بەکار هێنراوە، دەسترۆیشتووش دەگرێتەوە.

ناچاربوون رەچاوی هەندێک پێوانەی دیاریکراو بکەن. لەگەڵ بینینی هەر بەتەمەنێکدا یاخود کاتێک لەگەڵ ئەواندا قسەیان بکردایە بە سەرپۆشەکانیان نیوەی رووخساریان دادەپۆشی. ئەمەش پێویستییەکی رێزگرتن بوو. هاتوهاوار، بە دەنگی بەرز و قسە یان بێدەنگی نابەجێ، خوویەکی ژیان بوو. لە هەموو جێگەیەک شیریان نەدەدا بە کۆرپەکانیان، لە کاتی ناچاریشدا بە سەرپۆشەکانیان سنگی خۆیان دادەپۆشی و شیریان دەدا بە کۆرپەکەیان. بەڵام بەساڵاچوو و ژنە بەتەمەنەکان هەندێک ئاسوودەتر مامەڵەیان دەکرد.

## منداڵانی کۆمەڵکوژییەکەی دێرسیم: دایک و باوکم

(ئەمۆش)، بێوەژنیماڵەکەی ئەوبەر کانییەکە و هاوڕێزی ماڵی ئێمە، تۆزێک پەراوێزخرابوو. ئەم بێوەژنە گەنجەی شەش منداڵی هەبوو، هەموو جموجۆڵێکی سەرنجی بەلای خۆیدا رادەکێشا و بە هەڵە لێکدەدرایەوە. ژنان زۆر خۆشیان نەدەویست. ئەو نیگەرانیانەی لە بێوەژنییەوە تێیدا بەرجەستەبوون لە پەیوەندییەکانیدا یەکسەر دەردەکەوتەڕوو؛ ژنان بەگومان و بە ئێرەییەوە بۆیان دەڕوانی. لە پاشەملەش قسەی لەسەر دەکرا. بەڵام بەگشتی گوندێکی لەناوخۆدا شیاو، پەیوەندی گەرم، بەڕێز و کەم شەڕ و فەرتەنە بوو. شتێکی هێندە جددیش روونەدەدا کە ببێتە مایەی تێکدانی رێچکەی ئەم پەیوەندییانە.

ئەوەشم هەرگیز لە یاد نەکرد کە (مام ئیبراهیم) لە رادیۆ کۆن و فرەگەورەکەیەوە گوێی بۆ گۆرانییە کرداسکییەکان[9] دەگرت. گۆرانییەکانی (عایشەشان) گووتەی تەو... تەو[10]یی وەزار دەهێنا. ئەوسا تا کۆتا دەنگی دەدایە و بەگوێی هەموو کەسێکیدا دەبرد. تەنانەت دانیشتوانی گوندی شەکەرمانی جیرانیشمان گوێبیستی دەبوون. جاروبار لە شەکەرمانەوە دەنگی رادیۆمان دەبیست. جاروباریش بە سەرنج و مەراقەوە

---

[9] شێوەزارێکی نیمچە کورمانجی و نیمچە زازاکییە و لە چەند ناوچەیەکی نێوان هەرێمەکانی زاراوە کورمانج و زاراوە دملکی یان زازاکی دا بەکاردێت.

[10] گووتەیەکە لەکاتی دەنگبێژیدا بۆ هاوبەشی دەنگبێژان و هەروەها سەرسام بوون بە دەنگیان دەگووترێت.

گوێ بۆ هەواڵ و باس رادەدێرا. ئەوکات هەموو کەسێک بە بڕوابوون بەهەبوونی شتێکی جددییەوە، بەشێوەیەکی بێدەنگ گوێیان بۆ شل دەکرد. ئێمەی منداڵیش سەرباری تێنەگەیشتنیشمان بە هەمان جددییەتەوە گوێمان بۆ شل دەکرد. بەڵام زۆر واتاشمان پێ نەدەدا.

دایک و باوکم منداڵی کۆمەڵکوژییەکەی دێرسیمن. لەو سالانەدا لەدایکبوون. دایکم چەند ساڵێک لەباوکم بچووکترە. باوکم هێشتا گوشار و زەحمەتییەکانی دوای کۆمەڵکوژییەکەی لەبیرە و باسیان دەکات. دایکم کچی (حەسەنێ حەمدێ)یە لە عەشیرەتی قوڕەیشان. باوەگەورەم (باوکی دایکم) لە پێشەنگانی عەشیرەتەکەیە. چەند گوندێک و ئاشی هەبوو و لەو سەردەمەشدا دوکانی هەبووە. دایکم کچی خێزانێکی دەوڵەمەند بوو. هاوسەرگیریشی لەگەڵ باوکم لەسەر رێچکەی خوازبێنیە، تایبەتییەکی نییە کە بچێتە دەرەوەی دابونەریتەکانەوە. ماڵانی باوکم هەژارن. دایکی باوکم دووجار هاوسەرگیری کردووە. لە هاوسەرگیری لەگەڵ باوەگەورمدا تەنیا باوکم هاتۆتە دونیاوە. باوەگەورەم کەسێکی درێژ و لاوازبووە. دیارە پاشناوی (جانسز)[11] بەو هۆیەوە هاتووە.

هەردوو باوەگەورەمم وەبیر نایەتەوە، زوو کۆچی دواییان کردووە. ماڵی باوانم لە عەشیرەتی (سلێمانلی)ین کە باسکێکی عەشیرەتی (قورەیشان)ن و بەزازاکی پێی دەڵێین (سلامانز). گەرموگوڕیی پەیوەندی نێوان هەردوو باپیرەم لەگەڵ یەک، رۆڵی گرنگی هەبووە لە هاوسەرگیری باوک و دایکمدا. بەڵام دایکم شەوی ئاهەنگ لەماڵی باوکم رادەکات و دەچێتەوە بۆ ماڵەوە بۆ گوندی خۆیان. بە هەژاری و ئاساییبوونی ماڵی باوانم

---

[11] بەکوردی بەواتای بێ گیان، لاواز، سیس، لاغر و بێ حاڵیش دێت.

دڵگیر نابێت. بەڵام باوکی ئەم هەڵوێستەی دایکم بە راست نازانێت و سوور دەبێت و ماوەی سێ ساڵ رێگە بە هاوسەرگیرکردنی دایکم نادات لەگەڵ کەسێکی تر. وەک "بووکی ئەو ماڵە" ناوزەدی دەکات، زۆر بە چاکی خاتری دۆستایەتییەکەی دەزانێت، نایەوێت زیانی پێبگات. سەرەڕای هەبوونی داواکارێکی زۆریشی، پێی دەڵێت: "تۆ بووکی ئەو ماڵەیت، ناتدەم بە کەس"و پابەند دەبێت بە بەڵێنەکەیەوە، دواجار قەناعەتی پێدەکات و دایکم دەچێتەوە بۆ لای باوکم. ئەم رووداوە ئازاری باوکم دەدات، خۆی دەخواتەوە، تووڕە دەبێت، بەسەبرەوە چاوەڕێ دەکات، ساڵانی دواتر بەم نموونە بۆی دەگێڕاینەوە کە دایکم چەند " ژنێکی بێ ویژدان "بووە.

لە ساڵانی کۆمەڵکوژیدا دایکم لە بێشکەدایە. دایەگەورەم لەگەڵ بووکەکانی، منداڵەکانی تری و نەوەکانی لە ناوچەیەکی دارستانی چڕی نزیک کەنارەکانی چەمی مونزور خۆیان دەشارنەوە. دایەگەورەم دەرفەتی ئەوەشی نابێت کە شیر بە کۆرپەکەی و نان بە منداڵەکانی بدات. دایکم لە برسان دەگری. لە ترسی ئەوەی دەنگی دایکم شوێنەکەیان ئاشکرا نەکات، خاڵم دەیەوێت دایکم فڕێبداتە چەمی مونزورەوە. بە بەری ئەوبەری ئاوی مونزوردا رێگەیەکی نوێی ئۆتۆمۆبێل هەبوو. ئۆتۆمۆبێلە سەربازییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام بەوێدا هاتوچۆیان کردووە، تەنانەت لەوێ خێوەتیان هەڵداوە، بۆ ئەوەش بیستنی دەنگی گریانی دایکم ئەگەرێکی گەورەبوو. هەر بەو هۆیە خاڵم دایکم لە باوەشی دایەگەورەم دەردێنێت و دەیەوێت فڕێیبداتە ناو ئاوەکەوە. بەڵام دایەگەورەم هاوار دەکات و دایکم لەدەستی دەردەهێنێتەوە و توند لە باوەشی دەگرێت. لەخاڵم دەپاڕێتەوە و دەڵێت: "من بێدەنگی دەکەم ناهێڵم کەس دەنگی ببیسێت" و

ڕێگەی فڕێدانە ئاوی لێدەگرێت. زۆرجار دایکم کە زۆر توورەدەبوو و کە وای دەزانی ژیان ناگوزەرێت بە توورەییەوە دەیگووت: " بریا ئەوکاتە منیان فڕێبدایە و رزگارم ببووایە!" زۆرجار خاڵەکانم یادەوەرییەکانی ئەو رۆژگارەیان دەگێڕایەوە.

یادەوەرییەکانی ئەو سەردەمەی باوکم زۆر کاری تێدەکردین. بەسەرهاتەکانی زۆر بەرفراوانتر و بە ئێش و ژانتربوو. هەمیشە بەسەرهاتەکانی بە شێوەی سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ڕووداوەکان دەگێڕایەوە. یادگەیەکی بەهێزی هەبوو. سەرجەمیان لە ساڵانی دواتردا رەنگیان بە ساز، هۆنراوە و گۆرانییەکانییەوە دایەوە.

کۆمەڵکوژی 1938ی دێرسیم تا ساڵانی دوای 40ەکانیش درێژەی دەبێت. لە 40 ـ 45 هێشتاش بەردەوامن لە هەڵکوتانە سەر گوندەکەمان. باوکم دەیگووت: سەربازان بەدوای (دەمەنان)[12]ییەکاندا دەگەڕان، پیاوانی گوند کۆدەکرانەوە راپێچی سەربازگەکان دەکران. ئەگەرچی لەیادی نەبوو کە لەو سەردەمەدا لە چ تەمەنێکدا بووە، بەڵام بەسەرهاتەکانی ئەو رۆژگارە بە زیندوو مابووەوە لە یادگەیدا. خۆزگە هەموو باسەکانیم وەیاد بهاتایەتەوە، بەشێکی زۆر کەمم لەیادە.

زۆر باش لەیادمە، رۆژێکیان جەندەرمە بە پردی پاخ دا هاتن بۆ گوند. خەڵکێکی زۆریان "بە باوکیشمەوە" لە مەیدانی گونددا کۆکردەوە و هەموویانیان بەستەوە. ماوەیەکی زۆر بە برسی و تینوویتی لەبەر هەتاو رایانگرتن. گەرمایەکی سووتێنەر هەبوو. دواتر هەموویان بردن بۆ سەربازگەی پردی پاخ. منیش خۆم هەڵدایە ناویانەوە و ویستم لەگەڵیان بڕۆم، نەیانهێشت. دەگریام. دایکم و ژنانی تری گوندیش دەگریان. رۆژی دواتر

---

[12] ناوی عەشیرەتێکە زیاتر لە هەرێمەکانی دێرسیمدا نیشتەجێ بوون.

کۆمەڵێک کەس بۆ زانینی بارودۆخیان کەوتنەڕێ. منیش چوومە ریزیانەوە. لە حەوشەکە رایانگرتین. بەبای خەیاڵی کەسیان نەدەهاتین. لەو کاتانەدا چاوەشی سەربازگەکە بە نۆبەتدارە کوردەکەی گووت کە خەڵکی ناوچەکە بوو: " برۆ ئەوراقەکان "ئەڤراکەکانAvrak"م لە گوندی شەکەرمان بۆ بهێنە، ئەویش بە ئاڤراد[13] تێگەیشتبوو. هات و هەموو ژنانی گوندی کۆکردەوە و وەپێش خۆی دان. چاوەش کاتێک بینی نۆبەتدارەکە لەگەڵ کۆمەڵێک ژن دێت گووتی:" ئاقڵەکەمان لەجیاتی ئەوراق چووە ئاڤرادی هێناوە" و قاقای لێدا و پێیگووت:" لێیانگەڕێ بابڕۆن" ئەوکات دڵم ئاسوودە بوو. بەڵام یەکەمجار کە ژنانی گوندیان هێنا زۆر ترسابووم، وابیرم دەکردەوە کە ئەوانیش وەکو باوکم و ئەوان دەبەستنەوە و دەیانبەن."

باوکم کە باسی بەسەرهاتەکانی دەکرد هەمیشە دڵ و چاوی پڕدەبوو. بۆ ئەوەی ئێمەش تووشی ئێش و ئازار و زەحمەتییەکانی نەبینەوە، ئامۆژگاری دەکردین. دەیویست بەڕاست و دروستی بجولێینەوە. دەیگووت:" ئێوە چیتان بینی؟! لەکوێ بە واتای ژیان دەزانن؟! بڕوانن ئێمە ژیانێکی وەها ژیاین!"

هەموو ئەوانە بەبیانووی خۆحەشاردانی دەمانییەکان لەو گوندەکەدا دەکران. تەنیا لەسەر شک و گومان مرۆڤیان کۆدەکردەوە و لەسەربازگەکاندا ئەشکەنجەیان دەکردن. جا هەر پێویست ناکات باسی ئەوە بکەیت ئەگەر دەمانییەکان لە گوند بوونایە چی رووی دەدا؟!

---

13 لە (ئافرەت)ی کوردییەوە وەرگیراوە، لە تورکیدا تا رادەیەک بۆ سوکایەتی کردن بە ژن بەکاردەهێندرێت.

## باوکم... نەیخستمە بەر خوێندن

باوکم یەکێک بوو لە خوێندەوارەکانی گوند. قۆناخی سەرەتایی تەواو کردبوو. کاتێک باسی لەو ساڵانەی خوێندنگەی دەکرد ناوی چەند هاوڕێیەکی وەکو (عەلی گیولتەکین)، (کەمال بورکای)[14] (حسێن یڵدرم)... هتد دەبرد. بەتایبەتیش لەگەڵ عەلی گیولتەکین بەهۆی هاوگوندی و یەک هەلومەرجی ژیانیان پەیوەندییان گەرمتر بوو.

دایکم نەیخوێندبوو، هەرکاتێکیش باس دەکرایەوە تووڕەبوونی خۆی نەدەشاردەوە و دەیگووت: "باوکم... نەیخستمە بەر خوێندن". ئەمەشی لە ناخی دڵییەوە دەدرکاند. لەگەڵ ئەوەی باوکم کەسێکی ئاشنا، ئارام، گەرم بوو و داخراو نەبوو، دایکم تووڕە، رقهەستاو، شەڕفرۆش، سارد و تابڵێی کۆنەپارێز بوو، چونکە لە خاوەنەوادەیەکی دەوڵەمەندبوو، خۆی بە دەسەڵاتدارییش دەزانی. بەیەکگرتنەوەی لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانەی لە عەلەویبوونی باوکمەوە دەهات وەکو گرنگیدان بە ژن، رێزگرتن و هەڵسوکەوتکردنی لە چوارچێوەی پێوانەکانی کولتووری عەلەوی، دەستڕۆویشتوو "ئۆتۆریتا"ی دایکم شتێکی ئاسایی بوو.

لە کۆمەڵگەدا خێزان، منداڵ، ماڵ و موڵک بەناوی پیاو - باوکەوە ناودەهێنرا، ئەمە کراوەتە یاسایەکی سروشتیانە و کەسیش سکاڵای لێ نییە. بە دەگمەن بەناوی ژنەوە ناو دەهێندرێن، شتێکی کەم هەیە مۆرکی ئەمی لەسەر بێت. لەلای

---

[14] نووسەر و سیاسەتمەدارێکی کوردە و خەڵکی ناوچەی مازگێردی دێرسیمە.. لە ساڵی حەفتاکاندا دەبێتە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و سکرتێری پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا.

ئێمە بە هەردوو ناوی (زەینەب) و (ئیسماعیل)یشەوە ناویان دەهێندرا. ماڵانی دایکم ناوی (زەینەب)یان بەهەند وەرگرتبوو، بە پێویستییەکی سروشتیانەیان وەرگرتبوو و وەها پەسندیان کردبوو. دایەگەورەشم بە هەمانشێوە لەناو عەشیرەتدا ئۆتۆریتار بوو، لەناو خێزانیشدا هەروەها و بەکاریگەربوو. بەڵام ئەم رەوشەی دایەگەورەم لە دایکم جیاواز بوو، چونکە لە ئۆتۆریتاکەی ئەودا هێزی جەوهەری و رەنج هەبوو.

دایەگەورەم ناوی (خەدیجە) بوو، بەڵام هەموو کەسێک پێیدەگووت (ئەزێ)، باڵابەرز، چوارشانە، بەفر رەنگ، چاو شین، بەڕاست ئەگەر بڵێم شین، ناحەقییە بۆ سەوز، ئەگەر بشڵێم سەوز هەمدیسان دەبێتە ناحەقییەک بۆ شین، هەردوو رەنگ لە چاوەکانیدا دەبینران، زۆر جوان بوون. ژنێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو. لێهاتوویی، سەرنجڕاکێشی و دەستڕۆویشتوویییەکەی "ئۆتۆریتارییەکەی" بەسەر هەموو شتێکی دەوروبەریدا کاری لە سەرجەم پەیوەندییەکانی دەکرد. لە پەیوەندییەکانی و لە ژیانیدا سنووردار نەبوو. هەموو نەوە، منداڵ، بووک، زاوا، دراوسێ، خزم و کەسوکار، گوندنشینانی دوور و نزیک و سەرجەم ناسیاوەکانی پێیان دەگووت ئەزێ. زۆر بە ئاشکرا هەست بە رێزدارییەکەی دەکرا.

دوای کۆچی دوایی باوەگەورەم، رێزداری و دەستڕۆویشتووەکەی "ئۆتۆریتاکەی" زۆر زیاتری کردبوو. لە ئاستێکدا بەرپرسیارێتی خێزانێک، دەوروبەر و خزمانی لەسەرشان بوو. ژن هێنان، ژن هەڵگرتن، ناکۆکی، ناخۆشی، یاخود هەر کێشەیەک بەبێ ئەو چارەسەر نەدەبوو. لە ئاستێکدا تا مۆڵەت و دەستووری ئەو نەبووایە هیچ کارێک نەدەکرا. ژنێکی دڵکراوە بوو. هەمیشە هاوکاری و یارمەتی خاوەن

پێداویستیانی دەکرد. ئەم جۆرە هاوکارییانەی لەگەڵ هەموو کەسێک دەبوو. لە هاوکارییەکانیشیدا دادپەروەری و بەشکاری یەکسانی بەبناخە وەردەگرت. هەوڵی دەدا دڵی کەس نەڕەنجێنێت. بێگومان سەرەڕای هەموو ئەمانەش، دۆخی ئێرەیی پێبردن و یەکتر پەسندنەکردن هەر هەبوون. بەتایبەتیش کچەکانی و خزمە نزیکەکانی جیاوازییە بچووکەکانیان گەورە دەکرد و دەیانگووت:" دایەگەورەم جیاکاری دەکات." لەو بڕوایەدابوون کە گوایە خۆیانی وەکو ئەوانیتر خۆشنەویستووە. ئەم ئێرەیی پێبردنە دایەگەورەشی دەخستە زەحمەتییەوە. چونکە ئەو بەتایبەت پشتیوانی لە تەنها کەسێک نەدەکرد و بۆ کەسیشی نەدەکرد. دایەگەورە بە لەبەرچاوگرتنی خاوەنی پێداویستی، تازە هاوسەر و ئەوانەی بەهەر شێوەیەک بێت بەرهەمەکانیان لەدەستچووبێت، هاوکاری دەکرد.

کەی ئێرەیی و یەکتر پەسندنەکردن ببووایە بە قەیران، ئەو کاتە ئەگەرچی لە ژیانیشدا نەبووایە باوەگەورەم دەهاتە دەنگ. لە هەرێمی دێرسیم زیاتر سوێند بە (باوا دیوزگیون)[15] دەخورێت، بەڵام "بە سەری باوەگەورەم "لە نێو خێزاندا گەورەترین سوێندبوو. دایەگەورەم بە سوێندی سەری باوەگەورەم ڕێگری لەو جۆرە هەڵە و نابەجێیانە دەگرت و

---

[15] بەگوێرەی باوەڕیی عەلەوی مەزهەبانی عەشیرەتی قورەیشان، کوڕی سەید قورەیش و خواپەرستێکی بەناوبانگ بووە، بەپێی باسەکان لە هەر شوێنێک نیشتەجێ بووبێت خێر و بەرەکەتێکی زۆر رووی لەو شوێنە کردووە، یەکێک لەو لوتکەبەرزانەی دەڤەری دێرسیمیش کە بە (باوا دیوزگیون) یان (دیوزگیون بابا) دەناسرێت و بە زیارەتگە ناوی دەبرێت دەکەوێتە نزیک گوندی کڵی سەر بە شارۆچکەی قسلێ (دەوڵەتی تورک بە نازمییە ناوزەدی دەکات)ی سەر بە شاری دێرسیمە.

هەموو کەسێکیش هەر دوای ئەو سوێندە بڕوای بە قسەکان دەکرد٭.

دایەگەورەم ژنێکی زۆر بەهێز بوو. لەهەر مژارێکدا بالاداربوو، لێهاتوو و دەستڕەنگین بوو. بەتایبەتی شەوانە بەدەوروبەردا دەگەڕا و کۆنترۆڵی دەکرد. هەر کات گورگ یان هەر گیانەوەرێکی کێوی لە ئاخوڕ نزیک دەبووەوە، ئەم بە دەنگە ئەستوور و بەرزەکەی هاواری دەکرد و راوی دەنان. گەر نەخۆشێک یاخود شەڕ و ناخۆشییەک روویبدایە، ئەو یەکسەر پێی دەزانی و کاری پێویستی بۆ چارەسەرکردنی دەکرد. ئەم هۆشمەندییەی کاری لە هەموو کەسێک دەکرد و رێزدارییەکەی زیاتر دەکرد.

لە ماڵی دایەگەورەمدا هەمیشە چای تازە دەمکردوو هەبوو، کترییە گەورەکەی ماڵەوە هەرگیز لەسەر ئاگر نەدەهاتە خوارەوە. گوندەکەمان لەسەر رێگە بوو. هەرکەسێک بچووایە بۆ گوندەکانی تر ناچاربوو بە گوندی ئێمەدا تێپەڕێ. زۆربەی رێبواران لەماڵی دایەگەورەم وچانیان دەدا و دەحەسانەوە. لێرە سکیان تێردەکرد، چایان دەخواردەوە. بەهۆیەوە دۆستایەتی گەورە و بەهێز دروستببوو و تا دەهات ژمارەی ناسیاوان زۆرتر دەبوو.

تایبەتمەندییەکانی دایەگەورەم هەموو کات سەرنجی راکێشاوم و دڵگیری دەکردم و بە وردی لە هەموو هەڵسوکەوتێکیم دەڕوانی. بەتایبەتی هەموو بەرەبەیانێک زوو هەڵدەستا و چاوەڕێی هەلاتنی رۆژی دەکرد و لەسەر پێ روویدەکردە رۆژ و دەپاڕایەوە و نزای دەکرد، پاشان هەردوو دەستی بە رووخساریدا دەهێنا و کۆتایی بە نزاکردنەکەی دەهێنا، لەلای خۆمەوە پڕ بەچێژی دڵ تەماشام دەکرد و کاری

تێدەکردم. لە هەڵهاتنی مانگیشدا هەمان شتی دەکرد. لە هەڵهاتن و ئاوابوونی هەردووکیشیاندا نزای دەکرد. لە ئاوابوونیاندا رووخساری زیاتر حوزن دایدەگرت. بەڵام لە خۆرگیران و مانگ گیراندا نزاکانی، گریان و فریادەکانی سەراپا دەهێنامە هەژان، ئاوازەکەی بە کەسەر و مەینەت دەبوو، دەیترساندم، وەک ئەوە بوو شتێک لە تەنگانەدا بێت و ئەم ئێش و ئازارەکەی دەچێژت. دایەگەورەم هەمیشە دەیخواست تاریکی زوو کۆتایی بێت و بۆ ئەوەش دەکەوتەخۆ، یەکسەر نانی پڕ لە رۆنەکەرە کە پێی دەڵێن (نیاز)ی دروست دەکرد.

لایەنێکی تری دیار و بەرچاوی؛ هەرگیز ئاگری نەدەکوژاندەوە. شەو پشکۆی لەژێر خۆڵەمێشدا دەشاردەوە، لەگەڵ بەرەبەیان هەڵدەستا و دەستی بە داگیرساندنی ئاگر دەکرد، دارەکان زوو دادەگیرسان. وەرگرتن یاخود پێدانی ئاگر بە ماڵانی تر گوناح بوو. لە هەر کەسێکیش کە داوای بکردایە توورە دەبوو و تەمێی دەکردن. لای (ئەزیٚ) زەردەشتایەتی بەردەوامبوو. ژیان لای (ئەزیٚ) هەڵگرتنی ئاگر (بەواتای شاردنەوە)، پاڕانەوە لەکاتی گیرانی مانگ و خۆر دا و پەیوەستبوون و گرێدراوی بوو بە خاکەوە.

# فێربوونی تورکی ئەشکەنجە بوو

لەگەڵ دایەگەورە (دایکی باوکم )م ماوەیەکی زۆر کەم مامەوە، بەئاستەم دێتەوە بیرم. دایکم زۆر خۆشی نەدەویست. لەبەر ئەوەش بەگشتی لەگەڵ منداڵەکانی تری دەمایەوە. دوایینجار لە ساڵی 1973 چاوم پێیکەوت، زۆر پیر ببوو. بەدەر لە چرچبوونی پێستی رووخسار و دەستەکانی، جەستەی سپی و جوان بوو. پێستە سپییە تەنکبووەکەی لە دەستەکانیدا لۆچ لۆچ ببوو. ژنێکی زۆر ورد و خاوێن بوو. دۆشەکە تەنک و سپییەکەی هەمیشە لەگەڵ خۆی دەگەڕاند، لەخۆی دانەدەبڕی. کاتێک لە دیوەخانیشدا دادەنیشت سەرەتا دۆشەکەکەی دادەخست، دواتر کراسەکەی[16] کۆدەکردەوە و دادەنیشت.

باوکم دوای تەواوکردنی سەربازی، ببوو بە فەرمانبەر. لە خوێندنگەی هونەری پیشەوەری هەلی تاقیکردنەوەی بۆ رەخسابوو و دوای سەرکەوتنیشی دەستی بە کاتبی کردبوو. لەو سەردەمەدا بەتورکی فێری "دایک"، "باوک" و چەند وشەیەکی تر ببووم. کاتێک یەکەمجار فێری چەند وشەیەکی تورکی بووم لە ناوەڕاستی گوند هەڵا هەڵام بوو و وەکو ڕک گرتنێک بەسەر هاوتەمەنەکانمدا هاوارم دەکرد و دووبارەم دەکردەوە. زیندووترین یادەوەرییەکی ژیانی منداڵیم لە گوند کە لەیادم مابێت، یەکەمین قۆناخی ئاشنابوونم بوو بە چەند وشەیەکی تورکی. بێگومان ئەوسا هیچ کەسێک زۆری لێنەکردم تا فێربیم.

---

[16] جۆرە کراسێکی تایبەتە بەو هەرێمانە کە لەوێ پێدەگووترێت (ئەتەگ) و ژنان لەسەرووی هەموو جلەکانییانەوە لەبەری دەکەن کە لە سەروو کەمەرەوە تا بەر پێیان درێژ دەبێتەوە.

برا گەورەکەم گەورەی ماڵ بوو، لەنێوان من و ئەو برایەمدا خوشکێکم هەبووە کە لە شەش مانگیدا مردووە. کاکەم بەر لە من خرابووە بەر خوێندن. کە چووم بۆ ناونووسین لە خوێندنگەی سەرەتایی، بۆ یەکەمجار چاوم بە شار کەوت. پۆلی یەکەمم بە هاتوچۆکردن لە گوندەوە بۆ شار تەواو کرد. هاوینان بە زەوی (هارچک)دا هاتوچۆمان دەکرد. مەودای رێگە بەم شێوەیە کورتتر دەبوو. لەسەردەمی باوکمدا پردی هەڵواسراو نەبووە، هاوین و زستان لە ئاوەکەیان داوە و پەڕیونەتەوە. زستانانیش لە شکاندنی سەهۆڵەکاندا جلە سپیەکانی کە لە قوماشی ئەمریکی دروستکرابوون بەخوێن سوور دەبوون. کاتێک باسی لە سالانی خوێندنی خۆی دەکرد دەیگووت: "سەهۆڵ وەکو شووشە قاچەکانی دەبڕینەوە". لەچاو ئەوان ئێمە چانسمان باشتربوو، هەڵبەتە ئەگەر پێی بگووترێت چانس! وەکو منداڵی کۆمەڵگەیەک کە بە زمانی دایکی ناخوێنێت، زمانی خۆی لێ قەدەخەیە و کۆمەڵکوژی بەسەردا هێنراوە، هاتوچۆی خوێندنگەمان لەچاو جاران ئاسانتر بوو. چونکە بیانیی و نامۆکردنی ئێمەی هەڵگرتبوو.

زستانان بەفرێکی زۆر دەباری، بەو هۆیەوە لەو وەرزەدا بەسەر پردەکەدا تێپەڕ دەبووین. شەوە بەفرینەکانی ئەوسام هەرگیز لەیاد نەکردووە. ئێمەی تەمەن بچووک دەخراینە ناوەڕاستەوە و گەورەکانیش لە پێشەوە و لە دواوە ریزیان دەگرت. چونکە لەگەڵ بارینی بەفری زۆردا مەترسی ونبوونیش دەهات. ئەمە جگە لە مەترسی ڕووبەڕووهاتن لەگەڵ رەوە گورگ و چەقەڵ، بۆ ئەوەش هەمیشە گرووپێکی پێشەنگ لە پێشمانەوە دەڕۆیشتن، هەم رێگەیان بۆ دەکردینەوە و هەم زووتر هەستیان بە مەترسی دەکرد و ئاگاداریان دەکردینەوە.

لەو شەوانەدا کۆمەڵێک لە پیاوانی گوندیش دەهاتنە پێشوازی. دەنگی راونانی گورگمان دەردەخست، هەموو پێکەوە گۆرانیمان دەگووت. دواتر تێگەیشتم کە ئەمە هەم رێگری لە ترس دەکات، هەم گەرمی دەکردینەوە و مەترسی رەقبوونەوەی کەم دەکردەوە.

لە هەمووی ناخۆشتریش ئەوەبوو لە دوای گەڕانەوە کە کۆدەبووینەوە بەدەوری زۆپاکەدا بۆ خۆ وشککردنەوە، دەستمان هەراسان دەبوو. کە دەستمان راستەوخۆ بەرەو زۆپاکە دەبرد زیاتر ئازار و ژان دایدەگرت. مامۆستاکانمان فێرییان دەکرین کە چۆن بە شێوەی سرووشتیانە گەرم دەکرێتەوە. دەستمان دەخستە بن باڵمانەوە، هەردوو دەستمان بەناویەکدا دەهێنا و دەبرد، یان بە هاڵاوی دەممان گەرممان دەکردەوە، یان دەستمان بە قژماندا دەهێنا و وەها زووتر گەرم دەبووەوە و کەمتر ژان دەیگرت.

مامۆستای پۆلی یەکەمم ژنێکی تورکی رەنگ زەرد بوو بەناوی (گیۆنول). تا پۆلی سێ ئەو وانەی پێدەداین. فێربوونی زمانی تورکی خۆی لە خۆیدا ئەشکەنجەیەک بوو. زۆر زەحمەت بوو بۆمان. بەڵام خواستی فێربوون هەبوو. بەزوویی فێری وشەی نوێ دەبووین. مامۆستاکانمان دەیانترساندین کە دەبێت لەدەرەوەی خوێندنگەش بە تورکی قسەبکەین و دەیانگووت: "ئەگەر بە کوردی قسە بکەن لێدان دەخۆن"؛ بەم هەڕەشە و بە ئەرکدارکردنی هەندێک لە هاوڕێکانمان هانی زووتر فێربوونیان دەداین.

فەرمانبەرێتی باوکم، بخوازرێ و نەخوازرێ لە هەندێک رووەوە ئاستی ژیانی گۆڕیبوو. نانی لە ئاردی سپیمان هەبوو،

پێڵاوی ئیسکارپن[17]مان لەپێ بوو. کاتێک هاوڕێیانم لەبەرامبەر بە نانێکی سپی، دوو نانی جۆیان دەهێنا شەرمم دەکرد و یەکسەر پێمدەدان، بەڵام تەنیا یەک نانم وەردەگرت و پێم دەگووتن کە من زیاتر حەزم لە نانی جۆ و گەنمەشامییە. تەنانەت زۆر جار بەر لەوەی ئەوان داوا بکەن من داوای گۆڕینەوەی نانم لێ دەکردن. جار نا جارێک ئەو سەموونەی لە شار کڕیبوومان دەمانخستە ناو نانە نەرمەکەی خۆمانەوە دەمانخوارد.

دواتر نیشتەجێی شار بووین. زستانان لە شار و هاوینانیش لە گوند دەژیاین. ئەمەش ژیانمانی گۆڕی بوو. هەلومەرجی زووتر فێربوونی تورکی هاتبووە ئاراوە. یەکەمجار ماڵمان لە گەڕەکی داغ بوو و خانووێکی قوڕ و زەمینەکەی لە چیمەنتۆ بوو. هەروەها جیاواز لە گوند، کارەبای هەبوو.

---

[17] جۆرە پێڵاوێکی ئیتاڵییە.

## شەڕەکانی گوندی تەخت

شەوێکی هاوین لە گوند بە دەنگی هەرا و هۆریایەکی گەورە ڕاچڵەکام و لە خەو هەستام. دایەگەورەم دارێکی گرتووە بە دەستەوە بانگی لە پیاوانی گوند دەکرد کە لە مەیدان کۆببنەوە. هەرگیز ئەوم بەوجۆرە تووڕە نەبینی بوو. هێشتا لە قەرەباڵغی و هاتوهاوارەکەی بەر لەوە تێنەگەیشتبووم. ڕاکە ڕاکەیەکی سەیر هەبوو. هەندێکیان چاو لە خەوبوون و تازە هەستابوون و نەیاندەزانی چی ڕوویداوە. دایەگەورەم سۆراغی پوورە ڕفێندراو 'ڕەدوکەوتوو'ەکەمی دەکرد. جوێنی بە ڕفێنەرەکانی دەدا. باوکم لەماڵ نەبوو، هاوسەری پوورێکم کە ناوی (مستەفا چاڵی) بوو، وەکو بڵێی ئاگای لە هیچ شتێک نەبووبێت هەڵدەسووڕا، جا بەشێوەیەکی زۆر فێڵبازانە! وەک تازە هەستابێت لە خەو هاتە لای دایەگەورەم و گووتی:' خێرە دایە بەم نیوە شەوە، چییە چی بووە؟ '

هەر خۆی یەکەمین داری بەدەستی دایەگەورەم خوارد. زۆرێکیان هەمان فێڵیان تاقیکردبووەوە. لە یەکەمین ساتدا تێگەیشتن لە هەموو ئەمانە ئەستەم بوو. بەڵام شتێک تا دەچوو ڕوون دەبووەوە: پوورە (مەلەک)م هەڵگیرابوو. ڕووداوەکان وەکو فیلمێک بوو، تێیدا ترس، دڵەڕاوکێ، ماجەڕا و زۆر شتی تر هەبوو. ئەگەر خاڵم نەبووایە دەبوو بە شەڕی خوێنداریش.

پوورە ناوەنجیەکەم (مەلەک)، کەسێک لە عەشیرەتی ڕایبەر داوای کردبوو، بەڵام دەوروبەری خێزانەکەمان ڕازینەبوون، دەیانویست پوورم لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی هاوسەرگیری بکات. دایەگەورەم گوێ لە خێزان ناگرێت و لەگەڵ ئەو کوڕەی عەشیرەتی ڕایبەر مارەبڕی دەکات.

بەوهۆیەشەوە خانەوادە بڕیاری هەڵگرتنی پوورم دەدەن. رۆڵگێڕان لە رفاندنەکەدا زیاتر کەسانی کارکەر و کەمێک رۆشنبیرن. چالاکییەکی زۆر سەرسوڕهێنەری رفاندن دەکەن. هەردوو گوند لەیەک دوور بوون و گوندی تریش دەکەوتنە نێوانەوە. دایەگەورەم بەردەوام رێکاری تایبەت بەخۆی هەیە. خانوو گەورەیە و دەرگاکەشی لەژوورەوە بە کیلۆنی گەورە دادەخرا. خۆیشی لە دەرەوە لەسەر قەرەوێڵە دەخەوت. ئەوانەی بەنیازی رفاندنی پوورمن، لە چەند لایەکەوە دێن. بێگومان خەڵکی گوندیشیان لەپاڵدایە. سەرکەوتنی چالاکی رفاندنەکە گرنگە، ئەگەرنا پوورم دەدرێت بە عەشیرەتەکەی تر. بەهۆی ئەستەمبوونی قەناعەتپێکردنی دایەگەورەمەوە ناچاری پیلانێکی وەها دەبن. یەک دوو کەسیان لە نزیک ئاخوڕەکەوە بە پیلانی "گورگ خۆی لە ئاژەڵەکان دا " دڵەڕاوکێ و ئاژاوە دروست دەکەن و بەو جۆرە دایەگەورەم لە دەرگاکە دوور دەخەنەوە. ئەوانی تریش ئەمە دەکەن بە هەل، دەچنە ژوورەوە و پوورم دەگرن و لە پڕێکدا لەگوند دوور دەکەونەوە. قورسترین کار، خڵافاندنی دایەگەورەم بوو. بە کورتییەکەی لەم کارەدا هەموو کەس ئەرکەکەی دەستنیشان کرابوو.

هەر کە دەنگی (بارە باڕ) لەناو ئاژەڵەکانەوە بەرز دەبێتەوە، دایەگەورەم بە گۆپاڵەکەیەوە روو دەکاتە ئەوێ. دەستەی رفێنەری پوورم، یەکسەر دەست بەکاردەبن و دەچنە ژوورەوە، ماوەیەک بەدوایدا دەگەڕێن. دواجار لەپشت سەبەتێکی گەورەوە دەیدۆزنەوە کە بۆ هەڵگرتنی ماست و پەنیر و شیر دروستکرابوو. راستەوخۆ دەمی دەبەستنەوە و بە خێرایی پەلکێشی دەکەن. دایەگەورەم زوو دەکەوێتە گومانەوە، ئەوانی تر دەکەونە جموجۆڵەوە. دێنە لایەوە و دەستی دایەگەورەم ماچ

دەکەن و بەقسە راگیری دەکەن تا هەندێک کات بەدەست بخەن. وەکو میوانێکی ئاسایی خۆیان دەنوێنن. دایەگەورەم بە گۆپاڵەکەی وەلامیان دەداتەوە. تەنانەت هەندێکیان سەریان دەشکێت. بەلام هەر چۆنێک بێت بۆ ماوەیەک دایەگەورەم خەریک دەکەن و کات بە دەستەی رفێنەر دەدەن. دایەگەورەم بە جوێندان و هاوار بانگ لە پوورم دەکات، هەر کە دەزانێت نەماوە، لە رفێندرانی تێدەگات و بەدوایدا دەچێت.

گوندەکە دوو رێگەی هەیە. دەستەی رفێنەرانی پوورم ناچنە گوندەکەی (عەلی) و لە گوندی کاونەوە دەچنە گوندی تەختی خەلیل، واتا واپیلان دەکەن بچنە گوندەکەی خۆمان. ئەمەش رێگەیەکی بەکەڵکترە. دایەگەورەم راستەوخۆ روودەکاتە گوندەکەی (عەلی) کە گوندی هۆپوک بوو. کە دەچێتە ناو گوندەکەوە؛ بانگ و هاوار دەکات. سەرجەم گوندنشینان لە مەیدانی گوند کۆدەبنەوە. دایەگەورەم سوورە لەسەر قسەی خۆی و دەڵێت " کچەکەم بهێنن". گوندییان پێی دەڵێن: "نە عەلی و نە کچەکەت لە گوندنین." لە کۆتاییدا دایەگەورەم بڕوایان پێدەکات و لە گوند دەردەکەوێت و روو دەکاتە گوندەکەی ئێمە.

لەو کەین و بەینەدا پوورم لە زەوییەکی نزیکی گوند دەشارنەوە، هەموو بەشداربووانی رووداوی ڕفاندنەکە وەکو هیچ شتێک روونەدابێت دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و دەخەونەوە. رفاندنەکە بە ئەندازەیەک سەرکەوتبوو، بەلام کارەکە هەروا کۆتای نەهات. دایەگەورەم کە لە گوند دەردەکەوێت بە دەنگی بەرز هەواڵەکە بە گوێی گوندنشینانی گوندی رایبەردا هەڵدەدات. ئەوانیش دەیگەیەننە جەندرمە و سکالا دەکەن. بێگومان کەس شیمانەی نەدەکرد هەواڵ بگەیەندرێتە دەوڵەت.

رۆژی دواتر جەندرمە دای بەسەر گوندەکەماندا و دەستیان کرد بە گەڕان. گەڕانەکە رووی لە زەوی و شوێنەکانی تری دەرەوەی گوند کرد. لە رێی سکاڵاکەوە بەبڕیاربوون لەسەر وەرگرتنەوەی پوورم. ئەمەش کارەکەی تەواو تێکدابوو. دایەگەورەم پێداگیربوو. چاوەڕێی لێ نەدەکرا رەوشەکە بەو ئاستە بگەیەنێت، دەوڵەت و جەندرمەی دەوڵەت بخاتە نێو مەسەلەکەوە. ئەمە رێگەی دابوو بە تێکچوونی پەیوەندییەکان و کاردانەوەی ناخۆشی دروست کردبوو. تەنانەت جەندرمە ئەم رووداوەی کردبوو بە بیانوو و بە قۆنداخی تفەنگ لە خەڵکێکی زۆری گوندەکەی دابوو. گوندنشینان، خاڵە (حەسەن)یان تاوانبار دەکرد کە کاری کۆکردنەوە و فرۆشتنی بەرهەمی گوندییانی دەکرد. بەڵام بەشێکیان شیمانەیان دەکرد کە رایبەرییەکان سکاڵایان کردبێت. کاتێک دۆخەکە جددیتر بوو کۆمەڵێک لەگەڵ دایەگەورەم کۆدەبنەوە و هەوڵی قەناعەتپێکردنی دەدەن. دایەگەورەم زۆر دڵتەنگە بە رووداوەکان. لەگەڵ دامرکانەوەی رق و تووڕەبوونی قەناعەت دەکات و سکاڵاکەی دەکێشێتەوە. راستتر دەڵێت کە سکاڵای نییە. لەسەر ئەمەش جەندرمە دەردەکەون.

بتەوێ و نەتەوێ دایەگەورەم دوای ئەو رووداوە رێزدارییەکەی لەکەدار ببوو. بەهۆی کچەکەیەوە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هەموو کەس، جوێن و سوکایەتییەکانی دایەگەورەم و رووداوەکانی تر، دڵشکاوی و زوویرییەکی لەگەڵ خۆی هێنابوو. بەڵام لە ئەنجامدا پوورە (مەلەک) و (عەلی) لە زەماوەندێکدا لە گوندی هۆپوک گەیشتبوون بە نیازی خۆیان! لەوێشەوە چووبوون بۆ گوندی میللی کە (عەلی) لەوێ مامۆستا بوو. دایەگەورەم کە ماوەیەکی

زۆر دڵشکاو بوو دواتر چیتر نەیتوانی خۆی رابگرێت و سەردانی کردبوون و لەگەڵیان ئاشت ببووەوە.

لەو رووداوەدا پێگەی دایەگەورەم تێکچوو بوو. هێنانی جەندرمە بۆ گوند، لێدانی خەڵکی گوند بە دەستی جەندرمە، کاریگەرییەکی زۆر نەرێنیانەی دروستکردبوو. لە راستیدا دایەگەورەم هەڵسوکەوتێکی تری هەبوو کە منی سەرسام کردبوو و کاریگەری لەمندا دروستکردبوو. هەرگیز لەبیرم نەکرد و لێی خۆش نەبووم. ئەم رووداوە خۆشەویستی منی بۆ گوندی تەخت و بۆ (ئەزێ) بریندار کردبوو. بەڵام ببوو بە هەوێن بۆ کاردانەوەم لەبەرامبەر شەڕە خراپ و ناحەقەکان.

شەڕەکانی گوند هەموو کاتێک منی ترساندووە، بەڵام ترسێنەرترین شەڕێک کە شوێنەواری لەمندا بەجێهێشتووە، ئەو شەڕە ترسناکەی گوندی تەخت بوو. چەند ساڵێک لە گوندی هۆپوک کە هاوینمان لێ بەسەردەبرد، لەسەر شتی زۆر سادە و ساکار شەڕ دروستدەبوو. بەو هۆیەوە خەڵک لەیەکتریان دەدا و زویردەبوون. هاندان و دنەدانی هەندێک لە ژنان، کاردانەوەی بێ حیسابی عاتیفیانە و گەورەکردنەوەی رووداوە بچووکەکان، ببووە هۆکاری شکاندنی سەر و خەڵتانی خوێنکردنی دەموچاوی چەندین کەس. ئەو جۆرە ژنانە لە ماڵ و لە گوندیش هۆکاری نا ئاسوودەیی و شەڕوشۆڕ بوون. بەوهۆیەوە کەس ئەوانی خۆش نەدەویست. منیش خۆشم نەویستن و دووربەدوور رقم لێیان هەڵدەستا، هیچ واتایەکم بەو شەڕانگێزیانەیان نەدەدا.

ئەو هاوینە دوایین هاوین بوو بۆ ئێمە چیتر سەردانی گوندمان نەکرد. بەهەر هۆکارێک بێت ئەو ساڵە زوو چووبووینەوە گوند. بەر لە پشووی سەری ساڵ بە مانگێک خوێندنم بۆ خوێندگای گوندی کاوون گواستبووەوە. هاوینی

شاران زۆر ناخۆش بوو، گەرمییەکی خنکێنەری هەبوو. دایکیشم دەیوست سوود لە رووداوەکانی گوند وەربگرێت. کشتوکاڵی دەکرد، لەو شیری مەڕ و مانگایەی لە دایەگەورەمی وەردەگرت، رۆنەکەرە و لۆری لێ دروست دەکرد. هەروەها ئاو و دار بێ بەرامبەر بوو. لە شار هەموو شتێک بە پارە دەرکرِدرا. لێرەوە بەرهەمەکانی گوند وەکو داهاتێکی تر لەسەر مووچەی مانگانەی باوکم هەژمار دەکرا.

هەموو هاوینانێک ماڵی خاڵ و پوورەکانم دەهاتن بۆ ئەو گوندە. هەڵوێستی دایەگەورەم لەگەڵ خێزانی ئێمە تا رادەیەک دەمایەوە سەر دایک. دایکم کچە گەورەی ماڵ بوو و بەینی کەم بوو لەگەڵ خوشک و براکانی تریدا. پەیوەندییەکانی باوکیشم لەم بوارەدا تایبەت بوو بە خۆی. خزمایەتی بەلایەوە لە سەرووی هەموو شتێکەوە نەبوو؛ بەگشتی زیاتر بەهای بە پەیوەندییە مرۆییەکان دەدا و ئەو جۆرە پەیوەندییەی بە گرنگ دەزانی. بۆ ئەوەش بەرتەسکی نەدەکردەوە. وەکو فەرمانبەرێکی بچووک بەگشتی تایبەتمەندی ئەوەی هەبوو کە (گۆشتی لا ڕانی خۆی بخوات)، کەسێکی فێڵباز، هەلپەرست و ماددییەتپەرست نەبوو. دەکرێت بگووترێت چاوی تێر بوو.

دایکم بەلایەوە دەرد و ناخۆشی بوو ئەگەر دایەگەورەم روو بە بەشێک لە منداڵەکانی بدات. ئەم دۆخە جاروبار رێگەی بە ناخۆشیش دەدا، ساردوسڕی دروست دەکرد. هەر ئەو رۆژە لەنێوان دایکم و پوورە ساکینەمدا دەمەقاڵێیەکی زۆر بێ تام روویدا. ئەویش لەبەر چاوی هەموو کەسێکدا. تا چوو ئەم رووداوە گەورە بوو و تەنانەت بە ئاستی دەمەقاڵێی نێوان باوکم و مێردی پوورم گەیشت. یەکتر هاندان و تووڕەکردن هەرایەکی نایەوە. سەرەڕای رۆیشتنی دایکم بۆ شیرهێنان و

دوورکەوتنەوەی لەو جێگەیەش ڕووداوەکە کۆتایی نەهاتبوو و بەردەوامی کردبوو.

جوێندانی پوورم بە باوکم بوو بەو تکە ئاوەی جامەکەی لێوان ڕێژ دەکرد. باوکم کە تا ئەوکاتە تەنیا بە قسە بەسەر شەڕەقسەکەی ئەواندا دەچوو، تووڕەییەکی گەورە دایگرت و لەگەڵ هەستانە سەر پێی هەموو شتێک گۆڕا. لەناکاوێکدا باوکمم کەوتە بەرچاو کە خەڵتانی خوێن بووە و دەکەوێت. خاڵم، پوورەکانم، دایەگەورەم و هەموو کەسێک لە باوکمیان دەدا. زۆر بێ ڕەحم بوون. پڕ بەدەنگ هاوارم دەکرد و دەگریام. کاکەم زۆر گەنج بوو، جارجارێک هاواری دەکرد و دەیگووت:"وا مەکەن". بەڵام خەیاڵی هیچ کەسێکیشی لەلانەبوو. دواتر (محەمەد) و (فاتمە)ی هاوسەری کە خزمی ماڵی دایەگەورەمن کەوتنە نێوانیانەوە و باوکمیان ڕزگارکرد. ڕەوشی خوێناوی باوکم ترسناک بوو و ڕاستەوخۆ کەوتنە سەر ڕێ تا بیگەیەننە نەخۆشخانەی شار.

ڕووداوێکی ترسناک بوو، ئەوەی کە دەستی هەبوو لەو ڕووداوەدا هەمووی خزم و کەسی یەکتر بوون. ئەمە چۆن کارێکە بەمجۆرە مرۆڤێک لەبەر خاتری هیچێک نیوە مردوو دەکرێت؟ دایکم هەر کە ڕووداوەکەی بیستبوو، پڕی دابووە بەردێک و هاتبوو، بەڵام فریا نەکەوتبوو. کە باوکمی لەناو خوێندا بینی بە تەواوی تووڕە بوو و خۆی پێ نەگیرا.

هەرکاتێک ئەم ڕووداوە دێتەوە یادم، دڵم پڕدەبێت و ئازار دەچێژم. یەککگرتنی هەموویان و هێرشکردنە سەر باوکم لە دڵی دابووم. بۆ دایکشم لەدڵدا هەم تووڕە دەبووم و هەم بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. بەڵام تووڕەبوونم زیاتر بوو. چونکە ئەو

شەڕەکەی هەڵگیرساندبوو و باوکم لێدانی خوارد و هەموو ئەوانەی لە باوکمیان دەدا خزمی دایکم بوون.

دوای ئەو رووداوانە نەماندەتوانی لە گوند زۆر بمێنینەوە و یەکسەر گەڕاینەوە بۆ شار. باوکم ناوچاوی و سەری بریندار ببوو، لەوەش زیاتر زۆر دڵگرانبوو و لاواز ببوو، لە دایکم تووڕە و دڵگران بوو، ئەمەی پێوە دیار بوو، ئەگەرچی قسەشی لەبارەوە نەکات. دایکیشم خەتاباری خۆی پەسند دەکرد، داوای لێبوردنی دەکرد و هەوڵی دەدا باوکم لێی ببورێت. باوکم کەسێکی بەڕق و کین نەبوو. هەرچەندە کاریگەرییەکی زۆری رووداوەکەی لەسەر بوو، بەڵام بەپێی کات لە هەموو کەسێک خۆش بوو. تەنانەت لەگەڵ زۆربەیان ئاشتبووەوە، خاڵە بچووکەکەم و بەشێکی زۆری خزمەکانیماڵی دایکم لە شەرم و بێ ئاگایی خۆیان تێگەیشتبوون و پەشیمان ببوونەوە.

رۆڵی ژن لەو شەڕەدا زۆر کاریگەری لەسەر کردم و خستمییە ناو بیرکردنەوەیەکی گەورەوە. وایکردبوو کە وانە و ئەزموونی جددی لێوەدەست بخەم.

## شەرم لە کوردبوونی خۆت مەکە

لە ئاکامی هەوڵەکانی باوکمدا لە تەلارە تایبەتەکانی دەوڵەتدا کە پێیان دەگووت لۆژمان - شوقە، ببووین بە خاوەنی خانوویێکی بێ کرێ، جگە لە پارەی ئاو و کارەبا هیچ کرێیەکی ترمان نەدەدا. خانووەکەش کرێی نەبوو. ئەو خانووانە دەدران بەو فەرمانبەرانەی لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا کاریان دەکرد. لە جێگەی فراوانتر و چاکتردا بە واستە و فەرمانبەری خاوەن ئاستی تایبەت جێگیر دەکران. ماڵی ئێمە لە سەرووترین قاتی خانووەکەدا و لە دوو ژوور و هۆڵێکی بچووک پێکهاتبوو. لە هەمان قاتدا بەگشتی سێ ماڵی جیاجیا بووین.

لە دێرسیم جێگیربوون لە شوقەی فەرمانبەراندا؛ بەواتای نزیکبوون لە دەوڵەت و کارکردن لە دەزگاکانی دەهات. واتا راستەوخۆ شێوەڕووی دەوڵەتی دەنواند. جێگرتن لەریزی چەند خێزانێک کە بە ئەندازەیەک فێری تورکی بوون، فەرمانبەری بە رەگەز تورک و خێزانی پۆلیسدا پەتای بەتورکبوونی خێراتر دەکرد. بۆ ئێمە لە ئاستی بەردەوامییدان بوو بە خوێندنگە. بێگومان ئێمە ئەمەمان بە خاڵی بەهێز(ئاوانتاژ) لێکدەدایەوە. کە تا دەهات بە خێرایی فێری تورکی ببووین. شتێک کە دایکم دەیدا بەڕوومدا و پاش بیست ساڵ بەشێوەیەکی توندتر دەبوو بە سەرەتای راستییەک و بەگوێمدا دەهات، دەیگووت: "شەرم لە کوردبوون مەکە!".

بەو ئامانجەی دایکم بەخێرایی فێری تورکی ببێت و لە قسەکردنیدا لەگەڵ دراوسێکاندا نەکەوێتە رەوشی گاڵتەپێکردنەوە، لەماڵەوەش ناچارم دەکرد بە تورکی قسە بکات. چەند جارێکیش پێم گووتبوو: "بە هەڵە قسە دەکەیت، شەرم

دەکەم ٚ. ئەو کاتە پێیگووتبووم کە پێویستە شەرم لە کوردبوونی خۆم نەکەم. لە ساڵانی دواتر دا کە لای من بەپێی پێویستتش نەبێت هزری کوردبوون و کوردستانیبوون گەشەی کرد و ئەوانەم بەبیر دەهاتەوە، ئەوجار شەرمم لەو شەرمکردنەی خۆم دەکردەوە. تێگەیشتبووم کە تاچەند لە زمانی دایکم بیانیی بووم.

ئەو شوقەی تێیدابووین پێشتر شوقەی سەربازی بووە، باوکم و ئەوان باسی ئەو سەردەمەیان دەکرد. ئەوان لەگوندەوە هاتبوون و قوتابخانەی سەرەتاییان لە شار خوێندبوو. هەرکاتێک بەفر رێگەی هاتوچۆی بگرتنایە، هاتوون و شەو لە قاتی ژێر زەمینی ئەو باڵاخانەی شوقەکەدا خەوتوون. دواتر کە خانووی سەربازی دروستکراون، ئەمانە کراون بە شوقەی فەرمانبەران. جگە لە رەنگی بۆری دیوارەکان هیچ شوێنەوارێکی سەربازی بەڕووی خانووەکانەوە نەمابوو. بڕکە (حەوز)ە گەورەکەی ناو باخەکەی ناوەڕاست پڕکرابووەوە و هیچ شتێکیشی بەناوی درەختەوە لێ نەبوو.

ئەو بلۆکەی شوقەکە کە دەیڕوانییە ناوەندی شار سێ قات و ئەوانی تر دوو قات بوون. وەکو قووتوویەکی چوارگۆشەبوو. لەسەر تاشەبەردەکانی سەرووی ئاوی مونزور دروست کرابوو. لە بەشی ناوەوەیدا هۆڵێکی زۆر و ژمارەیەکی زۆر پلیکانەی هەبوو، رێگە بۆ هەموو جێگەیەکی دەچوو. بەڵام زۆر حەزم لە هاتن و چوون بەناو باخەکەی ناوەڕاستییدا دەکرد. لەسەر لوتکەی گردەکەی پەنای چێشتخانەیەک و لەپاڵ ئەویشدا سینەمایەکی هاوینە هەبوو. هەموو کەسێک هەروا نەیدەتوانی بچێت بۆ ئەو چێشتخانەیە، ئەوانەی میوانی تایبەتیان هەبووایە یان دەوڵەمەندەکان دەچوون. دیمەنەکەی زۆر جوان بوو.

ئاوی مونزور لە ئاستی ئەو گردەیدا دەشکایەوە. لە دووریشەوە ریزە خانووە پڕ دار و درەختەکەی گەڕەکی خوارەوە بەدی دەکرا. ئەو گەڕەکە ریگەیەکی ریکوپیک و بە ئەندازیارییەکی جیاواز دروست کرابوو. هەروەها خانووی پاریزگاریش لە ریکی بناری ئاوەکەدابوو.

تەنیا خانوویکی دوو قات بوو لەو گەڕەکەدا. لە خانووەکانی تردا فەرمانبەرە پایەدارەکانی دەوڵەت نیشتەجیبوون. ئەو جیگەیە خاڵی جیاکەرەوەی دەوڵەت و دیرسیم بوو لە یەکتر. ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەری پلەدار و پایەداری دەوڵەت وەکو پاریزگار، قایمقام، بەڕیوەبەری پۆلیسی لێ نیشتەجیکرابوون. وادیاردەبوو کە ئەو شوینانە لەسەر خاکی دیرسیم نەبیت. گەڕەکەکە لە کەناری ئاوەکەدا بوو و سەرجەم خانووەکانی باخدار بوون. ئەگەر ئەو شوینانە لەلایەن خەڵکی هەریمەکەوە بەکاربهینرایە، بیگومان زۆر واتادارتر دەبوو. بەڵام بەو رەنگە شوینیکی هەمیشە سارد، هەمیشە دوور و هەمیشە بیانی بوو. منداڵەکانی، ژنانی، پیاوانی، زمان و کولتووریان جیاوازبوو. چوونە ناو ئەو ماڵانە هاوشیوەی چوونە سەربازگەبوو. هەواکەی ترسی دروست دەکرد.

هەروەها شوقەی ئەفسەرەکانیش هەبوو، جیاوازتربوو. لەولای ئەو جیگەوە و بەرەو ڕووی پردی خارپیت، تەلاری زەبەلاحی رەنگ سەربازی دروستکرابوو.

شار؛ لە ژیر گردی دوڵدوڵ لە شوینیکدا بە قەدەر بەری دەستیک دەبوو دروستکرابوو. گردی دوڵدوڵ لەپشتیەوە ریگری لە بەرفراوانبوونی دەکرد. بەڵام قەدپاڵەکانی پڕکرابوو لە خانووچکەی بچووک بچووک. گەڕەکی داغ لەسەر ریچکەی گردۆکەیەک دروستکرابوو کە بەرەو دوڵدوڵ دەکشا و وەکو

بێچووی دەبینرا. گەڕەکی دەمیرۆڵوک و خەستانە بە ناوچەکەی بەردەم دەروازەی شاردا بڵاوببووەوە. شار؛ نەخۆشخانەیەک، دواناوەندییەک، لە خوارەترەوە خوێندگای پیشەوەری کچان و لە خواریشیەوە خوێندنگەی هونەری پیشەوەری کوڕان هەبوو. دێرسیم شارێکی پڕ لەخوێندنگە بوو.

لە رووی رۆژئاوای شوقەکانەوە گەڕەکی ئۆرمان هەبوو کە بە ناوچەی دارستانیش دەناسرا و ناوەند و دەزگای فەرمی دەوڵەت و خانووی خەڵک تێیدا تێکەڵی یەک بوون. بەڕێوەبەرایەتی دارستان و تابوور (فەوج)ی سەربازی لە سەرنجڕاکێشترین تەلارەکانی گەڕەکەکە بوون. پەیمانگەی مامۆستایان لە ناوچەی کالانامیکی ئەو بەری ئاوی مونزورەوە دروست کرابوو. ئەمیش لە قەشەنگترین بیناکانی ئەوبەری ئاوەکەبوو. لە پاڵیدا گەڕەکی گازی هەبوو.

مونزور شارەکەی کردبوو بە دوو بەشەوە. هەروەکو رووباری رەن. بەو شوێنەی لەگەڵ رووباری هارچک بەیەک دەگەیشت دەگووترا دەریاچەی خزر. وەکو زیارەتگە بەکاردەهێندرا. زیاتر رۆژانی چوارشەممان زیارەت دەکرا، وەکو بڵێی شار لەو رۆژەدا دەگوێزرایەوە بۆ ئەوێ. یەکێک لەو سوێندانەی بە منداڵی فێرببوین "خزرڤۆ" یە. ئەم دەریاچە بچووکەی هەردوو ئاوەکە تێیدا دەبێت بە یەک، بە گێژاوە قووڵەکانی ترسی دروست کردبوو. چەندین گەنج لەو گێژاوە قوولانەدا خنکابوون. دەشبێت بوونی بە زیارەتگە بەهۆی ئەو رووداوە ترسناکانەوە بووبێت. بێگومان باوەڕی لەو رووداو و دیاردانەوە سەرهەڵدەدات کە مرۆڤ واتایان پێنادات، هێزی بەسەریدا نییە و لە نهێنییەکانی نەگەیشتووە و دەیانپەرستێت. هەر چوارشەممانێک داگیرساندنی مۆم، سەربڕینی قوربانیی،

بەخشین و بەڵێنی بەخشینەوە؛ دەربڕی بێچارەیی و ئەو هەڵوێستە بوو.

لەجێگەی مۆم سووتاندنەکە توێژێکی ئەستوور لە ڕۆن دروست ببوو، خەڵک نیازێکیان لەدڵ دەگرت و بەرد یاخود پارەیان پێوە دەلکاند، ئەگەر پێوەی نەلکێ و بکەوتایەتە خوارەوە ئەوا نیازەکەیان پەسند نەدەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی زەمینەکەی نەرم و تایبەتمەندی پێوە لکانی هەبوو، بەگشتی پارە و بەردەکانی پێوە دەلکا و نیازەکانیان پەسند دەبوو! زۆر دەچووم بۆ ئەو زیارەتگەیە. جارێکیان (25 قروش)م پێوە لکاند و داوام لە خزر کرد لە تاقیکردنەوەکەمدا ئاستێکی باش بەدەست بهێنم. پێوەلکانی پارەکەم ببووە خۆشی و بەو جۆشەوە بەشداری تاقیکردنەوەکەم کرد، ئەنجامەکەشی باش بوو.

کاریگەری باوەڕی لە مندا لەو چوارچێوەیەدا بوو. لەو تەمەنەدا نەماندەزانی کولتوور و جەوهەری عەلەویتی چییە. بەڵام لەماڵەکەماندا وێنەیەکی زۆر گەورە و چوارچێوەداری (حەزرەتی عەلی) هەبوو. هاوکات لەبەر ئەوەی باوکم یەکێک بوو لە (پیر[18])انی خانەوادە، کاریگەری هەبوو لەسەر بەردەوامیدان بەم کولتوورەی عەشیرەتی قوڕەیشانیش. ئێمەش (پیر)ێکمان هەبوو. لەیادمە کاتێک (پیر) دەهات بۆ ماڵمان لە باوکمەوە تا بچووکترین منداڵی خێزانەکەمان بەپێی ئاستی تەمەن ریز دەبووین و هەردوو دەستمان لەبەردەم خۆماندا بەیەک دەگەیاند و چاوەڕێمان دەکرد، دوای ئەوەی (پیر) لە

[18] بەتایبەتیش لە باوەڕی عەلەوی دا، پیر یەکێکە لە پلە بەرزەکانی باوەڕدارانی، گەورەی هۆز و عەشیرەت و خانەوادە لە رووی باوەڕییەوە دێت، دیارە ئەرکێکی بۆماوەییە.

دیوان نزای دەخوێند، سەرەتا شوێنەکەی، دواتر پێیەکانی (پیر) و دواجاریش دەستەکانیمان ماچ دەکرد. بەڵام هەرگیز حەزم لەم مەراسیمە نەکرد، بەوهۆیەش زۆر بەکەمی بەشدار دەبووم.

باوکم وەکو ئەوانی تر (پیر)یی نەدەکرد، نەدەچووە لای خوازیارانی. خوازیار ئەو کەس و عەشیرەت و تیرانەن پەیوەستداری (پیر)ن. نزا لە (پیر) وەردەگرن و (پیر) داوای هەر دیارییەک بکات پێیدەدەن. لەلای ئێمە هەموو ئەمانە پێچەوانە ببوونەوە. خوازیاران سەردانیان دەکردین، هاوکارییان لە باوکم وەردەگرت. ئەوان لە گوندەوە تەنیا سەتڵێک ماست و تاسێک رۆنەکەرەیان دەهێنا. بەڵام لەمە زیاتر و لە ئاستی دابینکردنی پێداویستییەکانیان بەرامبەریان پێدەدرا. کەسێکی نیشتەجێی گوند زیاتر پێویستی بە شەکر، سابوون و شتومەکە سەرەکییەکانی تر دەبوو. جاروبار خەرجیشیان پێدەدرا. ئەم جۆرە پەیوەندییە خۆشەویستی باوکمی لەمندا زیاتر دەکرد. هەمیشە بڕوام کردووە کە کاری چاک و جوان دەکات. تایبەتمەندی هاوکاریکردنی مرۆڤی تر هەستێکی سۆزداری تیادا دروست دەکردم. دایکم جاروبار لە باوکم تووڕە دەبوو، پێیدەگووت کە ئەوها فێرکردنی خەڵک کارێکی باش نییە.

لەگەڵ ئەوانەشدا باوکم لەبەرامبەر بە هەندێک شت رادەوەستا. سەرەڕای باشبوونی رەوشی ماددییان لەسەر هاتن و وەرگرتنی دیاری و پارە؛ رەخنەی لە هەندێک لە (پیرە)کانمان دەگرت. لە دوای گەڕانەوەی لە ئەڵمانیا لە سەردانەکانی (پیر) دا ئەمەی بە ئاشکرا دەربڕی بوو. رۆژێکیان لەکاتێکدا کە (پیر) و چەند میوانێک ئامادەن، بە حوزنەوە دەڵێت: "پرسیارێک لە پیرم دەکەم بەڵام با دڵگیر نەبێت. من لە وڵاتی گاور کارکەری دەکەم بۆ ئەوەی چەند قورشێک پەیدا بکەم و بینێرمەوە بۆ منداڵەکانم.

دیاره لەم بوارەدا تووشی زەحمەتی نەبوون، بەڵام منداڵەکانم هەموویان خوێندکارن و دەچنە خوێندنگە، باوکیان لە ماڵەوە نییە. پێویستیان بە هەست و سۆزی گەورەکانیانە. ڕۆژێک پرسیاری منداڵەکانمتان کرد؟ تاکە قروشێکی خەرجیتان دا بە منداڵێکم؟ ئەمەیە پیر بوون؟ مەعنەوییاتەکەی گرنگە. پیری نابێت تەنیا لەگەڕانەوەم لە ئەڵمانیا بێتەوە بیرتان.ˮ و چەند شتێکی وەک ئەمەی بەدوای یەکدا ریز کردبوو.

ئەوکاتانە ئێمەش لە ئاستێکدا بووین کە هزری گەڕان و بەدواداچوون و هەروەها لێپرسینەوە لە زۆر شت بکەین. بەگشتی بەسەرهات و ڕووداو و گفتوگۆ لە چەندین لایەنەوە هەستیان پێدەکرا. ئەم دۆخەی کە باوکم ڕەخنەی لێگرت، بێگومان ئێمەش زۆر دڵگیری نەبووین و دواتریش ئەو (پیرە)، جارێکی تر نەهاتەوە بۆ ماڵمان.

## سەردانی (باوا دیوزگیون)

پابەندی باوکم بە ئایینەوە سەرسوڕهێن بوو. هەموو ساڵێک دەڕۆیشت بۆ سەردانی (باوا دیوزگیون). ساڵانی دەستپێک ئێمەشی دەبرد، زیاتر ئەوکاتەی لە گوند بووین دەچووین. لەو رۆژگارە گەرمەی هاویندا رێگەی سێ رۆژ بەپێ دەڕۆیشتین. بەشێوەیەکی بەردەوام و بەتایبەتیش بە پێی پەتی خێربوو. باوەڕهێنان بە (باوا دیوزگیون) بەم شێوەیە بوو. چونکە گەیشتن بە پەرستگەکە ئاسان نەبوو. هەشبوون رۆژوویان دەگرت. بە٠ هەڵگرتنی پرسەوە دەچوون. هەندێکیان ٠بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکی بێ دەرمان٠ هەندێکیش ٠بۆ سەوزکردنی وەجاغەکەی ٠ و بە ڕاز و نیازی جیاجیاوە دەچوون.

(باوا دیوزگیون) لوتکەی شاخێکی زۆر بەرزە. بەر لەوەی بگەیتە پەرستگەکە، گوندی پڕ لە داری بادەم، باخ و کانی جوان هەیە. لە دەروازەی یەکەمیدا ٠هینیی خاسکار٠ واتا (کانی خاسکار) هەیە. ئەم کانییە چاڵە بەردێکە لەنێوان دوو تاشەبەردی گەورەدا، ئەو ئاوەی لە تاشەبەردەکانەوە دزەدەکات لەو چاڵەدا کۆدەبێتەوە. دەگووترێت ئاوەکە لەبەردەم گوناهکاردا وشک دەکات. بەو هۆیەشەوە دۆخی دەروونی هەرکەسێک لەو ئاوە بخواتەوە زۆر گرنگ بوو. دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەم کارە ئەستەم نەبوو، بەڵام قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە گوناح بوو. لەبەر ئەوەی ئاوەکە دزەی دەکرد، چەند کەسێک بەدوای یەکدا بیانخواردایەتەوە ئاوی چاڵەکە بەشێوەیەکی سروشتی کەمدەبووەوە و تەواو دەبوو. بەتایبەتی مرۆڤ کە بە هەورازیدا

سەردەکەوێت تینووە، کە لەجیاتی قومێک چەند قومێکی لەو کانیە بخواردایەتەوە، ئاو بەشی ئەوانی تری نەدەکرد.

وەکوتر دزەکردنی ئاو بەردەوام نەبوو، کاتێک سەرچاوەی بەفر وشکی دەکرد راستەوخۆ کاریگەری لێدەکرد. ئەو وشکبوونە کاتییەش تووشی هەر کەسێک بهاتایە مەعنەویاتی تێکدەدا و دەستی دەکرد بە لەخۆپرسینەوە، بیری دەکردەوە کە لەکام خاڵدا گوناحی کردووە، خەونی خراپی دەبینی، ئەو پەرستگەیە دەبووە کابوسێک بۆی. دواتر قسەوباس بڵاو دەبووەوە تا بە گوندەکەیان دەگات. چیتر ئەو کەسە لەبەرامبەر (باوا دیوزگیون) کەسێکی ˙ گوناهکارە، دونیای مەعنەوی رووخاوە و ماوەیەکی دوور و درێژ دۆخی دەروونی راست نەدەبووەوە.

ببووم بە گەواهی رووداوی لەمە سەرنجڕاکێشتر. پابەندی باوکم بە تەوتەمەکانەوە وەکو ناکۆکییەک بوو، بەڵام لایەنی راستیشی هەبوو. خاوەنی زنجیرە لۆژیکێکی قەبای ماتریالیستی بوو. لە یەکێک لە ساڵەکانی دواتریش سەردانمان کردەوە، لە (باوا دیوزگیون) سەردانیکەرێکی زۆر و قەرەباڵغ هەبوو. یەکێک لە خێزانەکان سەرنجمی راکێشا. گەنجان لەم جۆرە سەردانانەدا بەشدار نەدەبوون، زیاتر لە نیوە تەمەن بۆ سەرەوە و منداڵانی وەکو ئێمە هەبوون. لەگەڵ ئەو پیر و بەساڵاچووانەی توانای رۆیشتنیان بە شاخەکاندا هەبوو. دەشێ لەو سەردەمانەدا کە من رۆیشتبووم هاتنی گەنجان کەمتر بووبێت. ئەو خێزانەی دەمویست باسی بکەم لە ئیستەمبۆڵەوە هاتبوو، لەوەش زیاتر خێزانێکی تورک بوون. باوکم رێگەیەکی دۆزییەوە و لەگەڵ ئەو گەنجە یەکتریان ناسیبوو و دواتر کەوتبوونە ناو گفتوگۆیەکی تێروتەسەڵەوە. باوکم وەکو ئامۆژگاری بکات قسەی دەکرد؛

پرسیاری لێکرد و گووتی"باشە، کورِم ئێمە بە ئەقڵی کۆنەوە کەوتینەڕێ و هاتین، ساڵەهایە دێین. تۆ گەنجیت، خوێندکاری زانکۆیت. تۆ بۆچی لە ئیستەمبۆڵەوە کەوتوویتە ڕێ و تا ئێرە هاتوویت؟"

گەنج بە بڕواوە هاتبوو. ساڵی ڕابردوو بەهۆی نەخۆشییەکەوە دەکەوێتە بەردەستی پزیشکەوە، هیچ پزیشکێک نەیتوانیوە چارەی بکات. دراوسێکەیان کە عەلەوین و خەڵکی دێرسیمن، پێشنیازی (باوا دیوزگیون)ی خستۆتە بەردەم، ئەوانیش هاتوون. کە گەڕاونەتەوە چاکبۆتەوە! لەسەر ئەوەش ئەو خێزانە بەڵێن دەدەن و هەموو ساڵێک دەڕۆن بۆ بەسەرکردنەوەی پەرستگەکە.

باوکم دوای ئەوەی گوێی لە گەنجەکە گرت، قاقایەکی خۆشی لێدا و درێژەی بە گفتوگۆکەیان دا. بەجۆرێک کە ئەوەی لە تورکی تێبگەیشتایە لەلایان کۆببووەوە. باوکم بە گەڕانەوە بۆ گوندی تەختی خەلیل بەسەرهاتەکانی سەردەمی منداڵی دەگێڕایەوە؛

" ئەو کاتە نۆ ساڵ بووم. تووشی مەلاریا ببووم، تایەکی خراپم گرتبوو. بەهۆی تاقانەییمەوە دایکم و باوکم دەگریان و هیچیان لەدەست نەدەهات. هەموو گوند کۆببوونەوە، هەرکەسێک دەهات دەستی بەگریان دەکرد، یاخود لە بێچارەییدا بەچۆکدا دەهات، دڵی بەمن دەسووتا و دەیگووت: "گوناحە... ئەو منداڵە دەمرێت". هەر کە ئەمانە دەهاتن بە گوێمدا خراپتر بووم و لەرووی دەروونییشەوە تێکدەچووم. دواتر هەندێکی تر لە گوندی شەکەرمانەوە هاتن، یەکێکیان کە بەساڵاچووبوو خۆی کرد بەناو قەرەباڵغییەکەدا و تەماشایەکی گەرمی لەشمی کرد و گووتی: "زوو ئەم منداڵە ببەن بۆ گۆڕستانی سۆگایک و تۆزێک

خاکی سەر گۆڕی حسێنی بدەنێ با بیخوات، لە کانییەکە ئاو بهێنن بیپرژێنن بەسەریدا. منداڵەکە چاک دەبێتەوە و هیچی نامێنێت". ئەمانە وزەی ژیانی بەهێزکرد لە مندا و بڕوایەک تیامدا گەشەی کرد کە نامرم. لەکاتێکدا من لە تاو ئاگری جەستەم دەسووتام، ئەوانیش پەیتا پەیتا منیان دادەپۆشی و هەوڵی چاککردنەوەمیان دەدا؛ نەیاندەزانی تووشی مەلاریا بوومە. ئاوی کانی گۆڕستانەکە بەکەڵکم هات و گەرمییەکەی شکاندم، لە گۆڕستانەکەوە تا گوند بە یاریکردن گەڕامەوە."

لەگەڵ باسکردنییان هەوڵی دەدا ئاماژە بەوە بکات کە باوەڕی و بڕیاردان بۆ ژیان لەنێوان هێڵی ژیان و مردندا و بەهەندوەرگرتنی دۆخی رۆحیانەی ئەو بڕوا و بڕیارە بەکاریگەرە؛ هاوکات هەوڵیشی دەدا لە رووی زانستییەوە بیسەلمێنێت کە بۆ شکاندنی ئەو گەرمایەی بەهۆی مەلاریاوە جەستەی مرۆڤ دووچاری دەبێت ئاوی سارد بەربەرەکانێ دروست دەکات و دەبێتە هۆکاری چاککبوونەوەی نەخۆشەکە. ئەو گەنجە ئەستەمبۆلییە؛ یەکەم بە دۆخی دەروونی چاکبوونەوەوە هاتبوو، دووەم ئاو و هەوای (باوا دیوزگیون) زۆر خۆش بوو. قوربانی سەردەبڕدران، گۆشت و ماستی تازە دەخورا. ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ چاککردنەوەی.

سەفەری ئەڵمانیا، کاری لە بیر و باوەڕی باوکم نەکردبوو، بەپێچەوانەوە ببووە هۆکاری زیاتربوونی باوەڕی. تەنانەت لە ئەڵمانیا بەتاسەی وڵاتەوە هۆنراوەی نووسیوە و گۆرانی گووتووە و لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەسەرکردنەوەکانی (باوا دیوزگیون)ی لەیاد نەکردووە و کەمتەرخەمی نەکردووە.

باوکم لە ساڵی 1969 دا رۆیشتبوو بۆ ئەڵمانیا. مانەوەمان لە شوقەکانی دەوڵەتدا چیتر دەستی نەدەدا. لەو رۆژانەدا (عەلی)

هاوڕێی کاری باوکم که جێگەی ئێمەیان دەگرتەوە له خانووەکەدا نەیدەویست یەکسەر خێزانەکەی له گوندەوە بهێنێت. بۆ ئەوەش مابنەوە تا ئەوان باریان کرد و هاتن. ئەو ساڵەش پشووی هاوین رووومان له گوند کرد و دوای ماوەیەک گەڕاینەوە. ڕووداوێک که لەو رۆژانەدا ڕوویدا لەناخی دڵمەوە کاری لێکردم.

یەکێک له رۆژە گەرمەکانی هاوینی دێرسیم، فیلمەکەی ئەو رۆژەی سینەما هاوینییەکە شتێکی هەروا ئاسایی نەبوو، ڕووداوێکی زۆر سەرسوڕهێنەر و راستەقینەیان پیشانی دێرسیمییەکان دەدا. ناوی شانۆگەرییەکە؛ "پیر سوڵتان عەبداڵ" بوو و لەلایەن کۆمەڵەی شانۆکاری چاغداش "هاوچەرخ"ی ئەنکەرەوە نمایش دەکرا. بلیتەکان بەر له چەند رۆژێک فرۆشرابوون و پلانکارت(لافیتە)ەکانیان هەڵواسراون و بانگەشەی بۆ کرابوو. کولتووری شانۆمان نەبوو، تا ئەو کاتەش هیچ تەماشام نەکردبوو. وەکو نمایشکاری و شانۆکانی خوێندنگە بیرم لێدەکردەوە. له بارەی (پیر سوڵتان عەبداڵ)یشەوە له گۆرانی و چیرۆکە هەرێمییەکانەوە گوێبیستی ببووم. باوکم زۆر چاک دەییش[19]ی به سازەوە دەچڕی.

ماوەیەکی کەمی مابوو بۆ ئاوابوونی خۆر، له شەقامەکانەوە بەرەو سینەماکە خەڵکێکی زۆر بۆ تەماشاکردنی شانۆییەکە کەوتبوونەڕێ و له ماوەیەکی کەمدا بەردەم سینەماکە قەرەباڵغ بوو. ژمارەیەکی زۆریان ناسیاومان بوون. تا ئەو ساتەش مینۆبووس (پاس)ێکی بچووک گەڕەک به گەڕەک دەگەڕا و له بڵندگۆوە بانگەشەی بۆ شانۆییەکە دەکرد، به پێناسە سەیر و

---

[19] جۆرە گۆرانییەکی نیو پاڕانەوە و نیو پێداهەڵدانی چاندی عەلەوییە که زیاتر به یاوەری ئامێری ساز دەگووترێت.

سەمەرەکەی تەماشاڤانی بۆ شانۆییەکە راکێش دەکرد. تا دەچوو قەرەباڵغییەکە گەورەتر دەبوو. هەندێک لە کۆمەڵە خەڵکەکە لەبەردەم سینەماکەدا لە هاتوچۆدا بوون. کاتی ئەوە هاتبوو کە خەڵک هێواش هێواش بەرەو ناو سینەماکە و شوێنەکانی دانیشتن بڕۆن، لە ناکاودا ئۆتۆمۆبێلێکی رەشی جۆری رینۆڵت بە خێرایی خۆی کرد بەناو قەرەباڵغییەکەدا. سەرجەمی پەنجەرەی شوقەکان پڕبوون لە خەڵک و تەماشای خەڵکی ناو شەقامەکەیان دەکرد. ئێمەی منداڵانیش لە دەرەوەی قەرباڵغییەکە، لە شێوەی نیوە بازنەیەک سەرەمان گرتبوو بۆ ئەوەی بچینە ژوورەوە. لەبەردەم سینەماکەدا ئالۆزییەکی زۆر گەورە هەبوو. هەر کەسە و بۆ چوونە ژوورەوە پاڵی بەوەی ترەوە دەنا، هاتوهاوارکردن بەسەر یەکتردا بەردەوامە. ئێمە کەیفمان بەم ئالۆزییە دەهات و لە مەراقە منداڵییەکەمانی زیاتر دەکرد. چەند دایکێک بەشێوەیەک لە رووداوەکە ترسابوون و هەوڵیان دەدا منداڵەکانیان ببەنەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام من سەرباری فشارێکی زۆری هاوڕێکەم کە دەیگووت:" بابڕۆینەوە بۆ ماڵەوە " نەمدەویست بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. ئەوکاتە تەمەنم (11)یازدە ساڵ بوو.

هاتنی ئەو ئۆتۆمۆبێلە بە خێرایی و بە هۆڕین لێدانەوە، ترس و هەنگامەیەکی زۆری نابووەوە. دوابەدوای ئەویش بانگەوازییەک سەرنجی رادەکێشا؛ " ئاگاداری! ئاگاداری! شانۆیی (پیر سوڵتان) لەلایەن پارێزگاری شارەکەمانەوە قەدەخە کراوە. هەر ئێستا دەبێت بڵاوەی لێبکەن".

هێشتا ئەم بانگەوازییەی کۆتایی نەهاتبوو کە؛ جەماوەر بە دەنگی " هۆۆۆۆ.... هۆۆۆۆ... " ئۆتۆمۆبێلەکەیان دایە بەر بەرد و پاشان دروشمی "پارێزگار دەستلەکار بکێشەرەوە" یان هەڵدا.

بەرد وەکو باران بەسەر ئۆتۆمۆبێلەکەدا دەباری. لە ناکاو هەموو شتێک رژابوو بەسەر یەکدا. تا دەهات ژمارەی پۆلیسەکان زیاتر دەبوو و دەستیان کردبوو بە قۆڵبەستکردنی خەڵک. شەڕە شەق و مشتەکۆڵە و زۆر بە گەرمی هەڵدانی دروشمیش بەردەوامبوو. شتێکی تری سەرنجڕاکێش، شەڕی دەستەویەخەی خەڵک بوو لەگەڵ پۆلیس. چاوم بڕیبووە ئەوێ. ترس و دڵەڕاوکێ و خرۆش تەشەنەی دەکرد. تۆزێکی تر چوومە نزیکیانەوە. هاوار هاواری ژنان و منداڵان تێکەڵی یەک ببوو. من گوێم پێنەدەدا. دەمویست ببینم کێیە وا لەگەڵ پۆلیسدا شەڕە مشتەکۆڵە دەکات. لە دوورەوە شێوەم دەکرد و بەهەڵەدا نەچووبووم: (مام عەلی) بوو، واتا (عەلی گیولتەکین). لە شەڕەکەدا جارێک پۆلیس و جارێک (عەلی گیولتەکین) دەکەوتە ژێرەوە. دەتگووت هەردووکیان زۆرانبازی دەکەن. ئیدی شەڕی پۆلیس و جەماوەر دەستی پێکردبوو. دواتر ژمارەیەکی تر پۆلیس هاتن و بەزۆری زۆرداری (عەلی گیولتەکین)یان خستە ناو ئۆتۆمۆبێلی پۆلیس و بردیان. لەو کاتەدا (وەلی)ی برایشی هەوڵی رزگارکردنی دابوو لەدەست پۆلیس، ئەمجارەیان پۆلیس روویان لەو کردبوو، بەڵام ئەو کەسێکی بێ ئامان و بەهێز بوو. بە هەردوو دەستی سنگی خۆی ئاوەڵا کردبوو و هاواری دەکرد: "هەتیو لێمدەن! ئەوەی لێمنەدات کوڕی قەحبەیە... بمکوژن دەی! " تا دەنگی دەڕۆیشت هاواری دەکرد.

پۆلیسەکان بە قامچی و دار و قۆنداخی تفەنگەکانیان کەوتبوونە ویزەی و لێیان دەدا. لەو کاتەدا یەکێک لە پۆلیسەکان پێیدەگووت: "کوڕە هەی چڵکاوخۆری مۆسکۆ! هەی کۆمۆنیستی سەرسوور! رزگارنابی لە دەستم. با مۆسکۆییەکان بێن رزگارت بکەن!" و لێی دەدا. پاشان ئەویشیان برد. (وەلی) گوندییەکی زۆر

جوامێر بوو. دەشێ نەیشیزانی بێت مۆسکۆییەکان کێن و نەیبستبێت. ئەگەر بیانووتایە رووسییەکان، دەبوو تێبگەیشتایە. بەڵام چی لە مۆسکۆیی تێبگات! تەنیا دەیزانی مۆسکۆیی و کۆمۆنیستی وەکو جوێن و قسەی ناشرین لە دەمی پۆلیسەکانەوە دەردەهات، بە (وەلی)شەوە هەموو کەسێک تا رادەیەک وەها تێگەیشتبوون.

شەڕ بڵاوبووەوە. دروشم و بەردهاوێشتن رانەوەستا. پۆلیسیش بەردەوامبوو لە هێرش و پەلامارەکانی بۆسەر خەڵک. رووداوەکە زۆر زوو تەشەنەی سەند، ساراپای شاری گرتەوە. پۆلیس ئۆتۆمۆبێلەکانیان پڕ دەکرد لە خەڵک و دەیانبردن. ئاپۆڕای جەماوەر دەستیان بە ڕێپێوان کرد! گرووپە پەرش و بڵاوەکان وەک بڵێی لە یەککاتدا فەرمانیان پێکرابێت بەدرێژایی رێگە ریزیان گرت، مشتی توندی چەپیان بەرزکردەوە، بە یەکدەنگی پڕ لە توندی و تووڕەییەوە دروشمەکانیان دەگووتەوە و دەستیان بە ڕێپێوان کرد. من دڵم بە رەوشی (مامە عەلی) و (وەلی) گران ببوو، گریام. بەڵام تووڕەیی و راپەڕینی ئەو قەرەباڵغییە کاریگەری زۆربوو لەسەرم! ترس و خۆفم هێواش هێواش دادەمرکایەوە. لەوێ؛ تەنیا پۆلیسەکان بەهێز نەبوون: ئەو مرۆڤانەی کە هەموو ناسیاوی خۆمان بوون ژمارەیان زیاتر و چاونەترستر بوون. ماوەیەک شانبەشانی ئەو قەرەباڵغییە رامکرد. منێک کە سووربووم لەسەر نەچوونەماڵەوە و دایکیشم لە پەنجەرەکەوە بەهاوارەوە بانگی دەکردم، لەو کاتەدابوو چوارچێوەی پەنجەرەکەم شکاند و چوومە ژوورەوە. یەکەم شت دەهاتە بەرچاوم ئەو پۆلیسە بوو کە لە (مام عەلی)ی دەدا! ماڵیان لەپەنای ماڵی ئێمەبوو! واتا هاوسێ بووین. ناسیبووم. چۆن شتێکی وای دەکرد؟ هاتوچۆی ئەو ماڵەم هەبوو و

دەچووم بۆلای منداڵەکانیان. هاوڕێی یەک بووین لە خوێندنگە. دایکیشم لەگەڵ ژنی ئەو ماڵە هاوسۆز و هاوخەم بوو، جاروبار هاموشۆی دەکردن. بێگومان هاوسێیەتییەکی زۆر گەرممان نەبوو، دەترسان و متمانەیان بە ئێمە نەدەکرد. چونکە بەگشتی خەڵکی خۆجێی پۆلیسیان خۆشنەدەویست. ئەگەرچی لەو ڕووەوە دووری یەکتریش بووبین، بەڵام تا ئەو کاتە هاوسێیەتییەکمان هەر هەبوو.

هەموو ئەو شتانەم بۆ دایکم گێڕایەوە کە لەشەڕەکەدا بینیبووم. سەرەتا نەیویست بڕوا بکات، دواتر هەوڵی تێپەڕاندنی مەسەلەکەی دا. منیش لە دڵی خۆمدا بەڵێنم دەدا: "چیتر هاموشۆی ئەو ماڵە ناکەم".

ڕووداوەکە، بەتایبەتیش لێدانی مامە (عەلی) و (وەلی) و خەڵکەکەی تر، ریزگرتنی خەڵک و بەرزکردنەوەی بەرخودانیەکەیان هەرگیز لەبەرچاوم نەدەچوو. مامە (عەلی و وەلی)یان بردبوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس – قەرەقوڵ. پۆلیس هێشتا لە شوێنی ڕووداوەکە سمبێڵی (وەلی) رادەکێشا و پێیدەگووت" تاڵ تاڵ دەریان دەهێنم، ئەی چڵکاوخۆری مۆسکۆ". سنگیشی پڕموو بوو، وابیرم لە واتای ئەو هەڕەشەیە دەکردەوە کە ئەوانەش هەڵدەکێشێت! بیرم دەکردەوە کە لە هەڵکشاندنی مووکانیدا ئازارێکی زۆر دەچێژێت و دڵم زۆر پێی دێشا.

هاوژینی پۆلیسی دراوسێمان ئەو رۆژە تا ئێوارە دەرگاکەی قوفڵدابوو. هیچ یەکێکیان نەهاتنە دەرەوە. لە ترسا گریابوون. دایکم وازی لە خاتری هاوسێیەتی نەهێنا و لە دەرگای دابوون و پێیگووتبوون "هیچ نییە مەترسن" و بەمەش دڵنەوایی دابوون. واتام بەمەش نەدەدا. تووشی سۆزێکی پڕناکۆک ببووم. ئایا پێویست بوو وەهابێت؟ بوون بە هاوژین و منداڵی پۆلیس تاوان

بوو؟ بەڵام ئەو پۆلیسە لە (مام عەلی) و (مام وەلی) و ئەوانی تری دابوو، جوێنی بە هەموو کەسێک دابوو. هەموو پۆلیسەکان وەکو یەکن، خێزانەکانیشیان.

ئەو رۆژە دەنگی دروشمی قەرەباڵغییەکە هیچ کەم نەبوو. بەڕێوبەرایەتی پۆلیس لە گەڕەکی دەمیرئۆلوک و لەپەنای بینای دەزگای هەواڵگری تورک (MİT)دا بوو. لەو نزیکانەوە دەنگی تەقەیەکی زۆر دەهات. ئەمە زیاتر ترسی دروست دەکرد. دایکم لەگەڵ ژنانی دراوسێ قسەی دەکرد. هاوژینی هیچ یەکێکیان لەماڵەوە نەبوو. کاکەم و خاڵە (حسێن)یش نەهاتبوونەوە بۆ ماڵەوە. لەپڕێکدا هەواڵێک گرژیی خستە ناوچەکەوە: (محەمەد کلان) کوژرا!

(محەمەد کلان) ژنبرای خاڵە (حسێن)م بوو. راستەوخۆ چووین بۆ ماڵیان. لە ماڵەکە هەموو کەسێک هاوار و فریادێتی، دەگرین و لاواندنەوە دەچڕن. خاڵم باسی لەوە دەکرد کە کەمێک لەوەو پێش لەگەڵ (محەمەد) پێکەوەبوون و خواردوویانەتەوە، بڕوای بە کوژرانی نەدەکرد. (محەمەد کلان) کەسێک بوو لە هەرەتی تەمەنیدا بوو. بۆچی و بە چ هۆکارێک بکوژرێت؟ کەسێک بوو لە حاڵی خۆیدا و زەرەر و زیانی بۆ کەس نەبوو. هەواڵەکە زوو بڵاو ببووەوە.

وەکو دەگێڕنەوە رووداوەکە وەها بووە: قەرەباڵغییەکی زۆر لەبەردەم قەرەقۆڵەکە کۆبوونەتەوە و دروشمیان بۆ ئازادکردنی هاوڕێ و کەس و کارەکانیان هەڵداوە. دواتر یەکێک لە گەنجەکانی گوندی ئێمە بەناوی (حەسەن کوچوکئۆبا) ئاڵای تورک دەسووتێنێت. پۆلیس ئەمە دەکات بە بیانوو و کوێرانە دەست بە دەستڕێژی دەوروبەری خۆی دەکات. بەڵام جەماوەر لە بەردەم قەرەقۆڵەکە دوورناکەونەوە. ئاڵۆزییەکە تا دەچێت

گەورە دەبێت و بەربڵاو دەبێت. لەنێوانی گەڕەکەکاندا خەڵکێکی زۆر سەنگەری خۆپاراستن لە دەستڕێژییەکانی پۆلیس دەگرن.

دواتر چۆنێتی کوژرانی (محەمەد کلان) ئاشکرا دەبێت. (محەمەد) زۆری خواردۆتەوە و سەرخۆشە. کە دەبیستێت شانۆگەرییەکەی (پیر سوڵتان عەبداڵ) نمایش نەکراوە و خەڵکێکی زۆر قۆڵبەست کراون، دەکەوێتە ڕێ بۆ دامرکاندنەوەی ڕووداوەکان. بە پارچە قوماشێکی سپی دەستییەوە وادەزانێت گرژی و ئاڵۆزییەکان دادەمرکێنێتەوە. ئەو وا دەزانێت گەنجان بەهۆی نمایش نەکرانی شانۆگەرییەکەوە تووڕەبوون و ئاڵۆزییان ناوەتەوە، کاردانەوەیەکی بەم ئەندازەی پێویست نەبوو، بریا نمایش بکرایە و ئەم گرژی و ئاڵۆزییە ڕووینەدایە. گەنجان مافداربوون لە تووڕەبوونەکەیان، بلیتیان کڕیوە، چووبوونە بەردەم سینەما، لە دوایین ساتدا قەدەخەکردنی شانۆ چییە و چ واتایەکی.هەبوو! لەگەڵ ئەمانەشدا شانۆگەرەکان لە ئەنکەرەوە تا دێرسیم هاتبوون. مۆڵەتی فەرمیان هەبوو، لە زۆر شوێنی تر نمایشیان کردبوو، بۆچی لێرە نەیکەن! بەدەم ڕێگەوە ئەم قسانە دەڵێت و دەیڵێتەوە و دەڕوات. چۆن بیزانیایە دەبوو بە شەهیدی ئەو ڕۆژە؟

لەکاتێکدا بە شەقامەکەدا دەڕوات، پۆلیس لە پەنجەرەی بەرامبەرییەوە لوولەی تفەنگی تێکردووە و چاوەڕێیە. دوای ئەوەی بڕێکی تر نزیک دەبێتەوە و دەیەوێت دەست ببات بۆ گیرفانی و قوماشە سپییەکە دەربهێنێت، لەو کاتەدا پۆلیس تەقەی لێدەکات. هێندە بە ئاسانی و بەبێ واتا.

ئەم کوشتنە تووڕەیی و ڕقی جەماوەری بەردەم قەرەقۆڵەکە زیاتر دەکات، دروشمی "(محەمەد کلان) نەمرە " سەراپای دێرسیم دەگرێتەوە. کاتێک گوێبیستی دروشمی "(محەمەد کلان)

نامریت ٘ بووم، نیشانەی پرسیار لەسەرمدا دروست بوو! بە کەسێکی کوژراو دەوترا نەمرە. چ واتایەکی هەبوو؟ بۆچی شەهیدەکان نەمر دەبن!

دواتر داوای هێزی پشتیوانی لە خارپێت[20] و ئەرزینگان[21] دەکرا و لە ٘تونجەلی٘ (واتا دێرسیم) قەدەخەی هاتوچۆی ناوشار راگەیەندرا. تا بەیانی هەموو کەسێک لە چاوەڕوانیدا بوو. ترسی هاتنی هەواڵی کوشتنی نوێ لە هەموو لایەک نیشتبوو. هاتن و دەرکەوتن لە ناوەندی شاری دێرسیم قەدەخەکراوە و گەڕەک و کۆڵان و شەقامەکان پڕکراون لە پۆلیس و جەندرمە. دەمەو بەیان گەمارۆ بەرتەسکتر کرایەوە. هەڵکوتان و بەدوادا گەڕان هەموو لایەکی گرتەوە و ئەوانەی بەشداریان لە رووداوەکەدا کردبوو یەکە بە یەکە دەستبەسەر دەکران. ژمارەیەکی زۆری گەنجانیش کە دەیانەویست بەپێ بەناو پێدەشت و قەدپاڵەکانی ناوچەکەدا رابکەن و خۆیان رزگار بکەن، دەکەوتنە بۆسەی پۆلیسەوە و دەستگیر دەکران.

ئەو شەوە کابوسێک بوو. لەگەڵ دەرکەوتنی ئاسۆی بەیانی، لە نزیکەوە و بەشێوەیەکی بەرجەستەتر چۆنێتی جێبەجێکردنی قەدەخەی هاتوچۆی ناوشارمان بەدی دەکرد. هەر ئەو بەیانییە

---

[20] یەکێکە لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان کە دەکەوێتە سەرووی کەوانەی فوراتەوە، ئەم ناوەی لە قەڵای دێرینی خارپوتەوە وەرگرتووە، هەرچەندە بە درێژایی مێژوو ناوەکانی (خارپوت، مەموریەتول عەزیز، ئەلعەزیز، ئەلئازک)یش بەسەردا بارکرابێت، بەڵام کوردییەکەی هەر خارپێت بووە، لە ئێستاشدا دەوڵەتی تورک بە ئەلازخ ناوزەدی دەکات، بەتایبەتیش لە دوای کۆمەڵکوژی دێرسیمەوە لەلایەن دەوڵەتی تورک وەک ناوەندێکی گەورەی سەربازی هێزی وشکانی بەکاردەهێندرێت.

[21] لە تەنیشت شاری خارپێت و دێرسیم دایە و دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ ئەرزینجان گۆڕیوە.

زۆر بە زوویی گەمارۆی شوقە سەربازییەکەش (مەبەست لەو شوقەیەیە کە شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمانبەران و خانەوادەی (ساکینە جانسز) یشی لەناودابوو - و) درابوو، هەر لەگەڵ هەڵدانەوەی پەردەی پەنجەرەکان، ڕووی لوولەی تفەنگەکانی ژمارەیەکی زۆر لەو سەربازانەی لە دووری چەند مەترێکەوە لەسەر شەقام لە چاوەڕوانی دابوون، دایکمی ڕاچڵەکاند و بەدەم گووتنی "وییی..!" وەوە گەڕایەوە دواوە کە ئەمەش بوو بە مەراق بۆ ئێمەش. دایکم زۆر ترسا. بۆ وەلاوەنانی سەرنجی سەربازەکان و ڕێگرتن لە گومان و شکبردنیان دەستی بە خاوێنکردنەوەی دەوروبەر کرد. کاتێک لە پەنجەرەکەوە تەماشام کرد هەموو شوێنێک پڕبوو لە سەرباز. هەر دوو هەنگاو سەربازێک بە چەکەکەی دەستییەوە لە ئامادەباشی دایە. لە کۆڵان و شەقامەکاندا هیچ شتێکی سڤیل نەبوو. کێ بڕۆیشتایە دەرەوە، بێ گوێدان بە گەورە و بچووک قۆڵبەستیان دەکرد و دەیانبرد. پاشان بەتوندی لە دەرگاکەیان داین؛

دەنگێکی ئەستوور و گڕ" پشکنین هەیە! نابێت هیچ دەستکرانەویەک بکرێت، بەپێچەوانەوە چەک بەکاردەهێنین!"

سێیەمین دەرگا لەلای ڕاستی دەروازەی شوقەکەوە، دەرگای ماڵی ئێمە بوو. دیاربوو یەکەمین ماڵ نەپشکنرابوو کە ماڵی پۆلیس بوو. هەر لەگەڵ کرانەوەی دەرگا بە پۆتینەکانیانەوە وەکو گورگ پەلاماریان دا و هاتنە ژوورەوە. یەکەم جار پرسیاری باوکمیان کرد. دایکم پێی گووتن"لە ئەڵمانیایە". لەماڵەکەدا پیاوێکی گەورەی تر نەبوو سەرنجیان رابکێشێت، کاکەم هێشتا زۆر گەنج بوو. بەلام ئەگەر بیانزانیایە نیوە شەو هاتۆتەوە بۆ ماڵەوە، دەستبەجێ دەیانبرد. دایکم لەبەر خۆیەوە

گووتی: "به پێڵاوەوە خۆتان دەکەن بە ماڵدا، تازە پاکمکردبووەوە".

لەسەر ئەمەش ئەفسەری ئەو گرووپە سەربازە بە توورەیی و خۆزاڵکردنەوە: "بەڵێ خانمەفەندی، بەمجۆرە دەڕۆینە هەموو شوێنێکەوە".. دەیویست بڵێت "ئێمە بەمجۆرە خۆمان دەکەین بە هەموو ماڵێک دا و ماڵی ئێوەش هیچ جیاوازییەکی نییە". ئەمانە هەڕەشە بوون. بەواتای "هیچ شتێکی تر مەڵێ و مەپرسە" دەهات. پشکنینەکەیان زۆر بە خێرایی و هەموو لایەکی ماڵەکەیان کرد بەسەر یەکدا. دیارنەبوو بەدوای چیدا دەگەڕان. تەنانەت کومبار و فەرشە بچووکەکانیشیان هەڵدەدایەوە تەماشای ژێرەوەیان دەکرد. پشتی، پەردەکانی دیوان، سەبەتەی جلەکانیان بەوناوەدا پەرش و بڵاوکردەوە. هەموو شتێکیان لە ژێر پۆتینەکانیان نا. زوو زوو فەرمانی "دەی کوڕم! زوو، خێرا بکەن" دەهات بەگوێدا. پشکنینی ماڵەکەمانیان تەواوکرد و بە قەرەباڵغییەکی زۆر گەورەوە دەرگاکەیان بەدوای خۆیاندا راکێشا و رۆیشتن. ئەم پشکنینە لە شوقەکەدا چەندین کاتژمێری خایاند. قەرەباڵغی مەنهۆڵەکان، قیڕە قیڕ، دەنگی پێ و راکەڕاکی سەربازەکان. ئەو رۆژە ژیان لە هەموو رۆژانی تر جیاوازتر بوو.

لە دوای چەند کاتژمێرێک دەنگۆ و هەواڵی دەستگیرکردنی (عەلی ئەکبەر مازگێردی) هاوگوندی (کەمال بورکای)، (مەتین گیونگیۆرموش)، (رەزا) و (ئەردال) لەم مەنهۆڵ بۆ ئەو مەنهۆڵ بڵاو دەبووەوە. گەلۆ چ پەیوەندییەکیان بە رووداوەکەوە هەبوو بێت؟ دیارە ئەوانیش شەڕیان لەگەڵ پۆلیس کردووە و دروشمیان هەڵداوە!. ئەو گەنجانە بوون رووبەڕووی دەوڵەت وەستابوونەوە! بەمەش تا دەهات سۆز و هەستی خۆشەویستی

لەبەرامبەر بەوان گەورە دەبوو. بە مەراق و تاسەوە پرسیار دەکرا، کێی تریان بردووە، کێی تر بەمجۆرە کارانەوە سەرقاڵن و سەبارەت بەوانیش شیمانە و بۆچوون دەکرا. پرسیاری تێکەڵ لە ترس و دوودڵی ماوەیەکی زۆر بەردەوامی کرد!

دەستگیرکراوان براگەورەکانمان بوون کە هەموو کەسێک خۆشیدەویستن، تەقدیریان دەکردن و بە دڵگیرییەوە لێیان دەڕوانین. هەموویان شۆڕشگێڕانی بەگڕ و تینی ئەو سەردەمە بوون. چیتر دەستەواژەیەکی سەرنجڕاکێش و بە مەترسی دانراو زیاتر دەهاتە بەرگوێ: "کۆمۆنیست، چەپڕەو، شۆڕشگێڕ" ئەمانە ئەو دەستەواژە نوێیانە بوون و هاتبوونە ژیانمانەوە. لەسەر هەندێک پانۆ و تابلۆی سەر دیوار و شەقامەکان بە مۆرکی (پارتی کرێکارانی تورکیا -TİP) دروشم هەبوون. شتێکی تریش هەبوو، بەڵێ. لەسەر پایە چیمەنتۆکانی پردەکەی گوندی خۆمان بە پیتی گەورە و بە ڕەنگی سوور نووسراوی (بەرەو ڕۆژانی سپی و خاوێن - TIP) هەبوو. هیچ واتایەکم پێنەدەدا. بەڵام باش لەیادمە کە هەر کاتێک بەوێدا تێپەڕدەبووم دەمخوێندەوە. لە یادگەمدا نیشانەی پرسیاری ئەم شتە نوێیانە گەورە دەبوون.

قەرەقۆڵی پۆلیس و جەندرمە لە گەڕەکی دەمیرئۆلوک بوو. ماڵەکانی ئەو نزیکانە دەنگی ئەشکەنجە و لێدانیان دەبیست. ئەوانەی لە ڕووداوی شانۆگەرییەکەی (پیر سوڵتان عەبداڵ)دا دەستگیر کرابوون، ماوەیەکی زۆر لەوێدا ڕاگیرابوون و ئەشکەنجە و فەلاقەیەکی زۆر کرابوون. سمبێڵە سوورەکانی (وەلی) بەڕاستیش هەڵکێشرابوون. دەشگووترا جگەرەیان لەسەر سنگی کوژاندۆتەوە. بەڵام دوابەدوای ئازادکردنی (وەلی) جارێکی تر سمبێڵە ئەستوور و سوورەکەی بەردایەوە و جارێکی تر دیمەنە "مۆسکۆ"ییەکەی پێشووی بەدەستهێنایەوە.

زۆر سەربەرزانەتر و زیاتر سەرقاڵ دەبوو بە هەموو شتێکەوە. ئەو (وەلی)یەی لە خەم و هەوەسی ژیانی خۆیدا بوو لە گوند، ئێستا هەوڵی دەدا فێری کۆمۆنیستی و مۆسکۆیەتی ببێت. پەیوەستداری بە کاکە (عەلی)یەوە زیاتر ببوو، هەوڵی رووبەڕوو بوونەوە لەبەرامبەر بە دەوڵەت و مشت هاوێشتن، کارێک نەبوو لە توانای هەر جوامێرێکدا بێت.

دەگووترا (عەلی ئەکبەری پیلڤەنکلی)، لەژێر لێدان و ئەشکەنجەدا پەردەی گوێی تەقیوە، کە بە راستیش لە رۆژانی دواتردا بەردەوام لۆکەی دەخستە گوێ و گوێیەکانیشی گران ببوون. کۆمەڵێک بنی پێیان لە فەلاقەدا مۆر هەڵگەڕا بوو یاخود شکابوو، کۆمەڵێکی تر جگەرە بەسەر پێ و جەستەیان کوژێندرابووەوە، ئەمانە بۆ رۆژانێک تەنانەت بۆ چەند مانگێک لە رۆژەڤی دێرسیمییەکاندا بوون. جاروبار بەشێوەیەک کە هەستکردن بە ئێش و ئازاریان بکرێت، جاروباریش وەک ئەزموون نیشاندانی قارەمانێتی و جوامێریان باسیان لێوە دەکرا.

رووداوەکان کاریگەری لە خانەوادەکان دەکرد. دەوڵەت بۆ دێرسیمییەکان جارێکی تر ساڵی 1938 بوو. ئەوکات ناسیبووی! واتای ئەمەش: کۆمەڵکوژی، فشار و گوشاری هۆڤانە، شاربەدەرکردن بوو. نە متمانە بە دەوڵەت دەکرا، نە "بەکەس"ی تر. چونکە خیانەتی بینی بوو. (رایبەر)[22]ییەکان کە نزیکترین خزمایەتی و دۆستایەتییان پیس کردبوو. عەشیرەتەکان نەببوون بە پشت و پەنای یەکتر، ئەوەی بەرەو

---

[22] : رایبەر برازای سەید رەزای دێرسییمە، هەمان ئەو کەسەشە کە خیانەتی لە سەید رەزا کرد و بە خیانەتکار کەوتە مێژووەوە. خۆی کە بە دارودەستەی دەوڵەت دەناسرا؛ کەسانێکی دەوروبەریشی هەبوون کە هەمان رێگەی ئەویان هەڵبژارد و بە رایبەرییەکان ناویان دەرکرد.

روو پێدەکەنی، لە پشتەوە خەنجەریان لێدەدا. بەڵێندار، پەیماندار لە بەڵێنەکەی پاشگەزبووەوە. وەکو بڵێی شکست و خۆڕادەستکردن بیووبێت بە چارەنووس. هەموو شتێک لە "1938"دا لە دەستدرابوو؛ جوامێری و نەبەردی، غەدداری و لەپشتەوە خەنجەر لێدان ژیابوو و کۆتایی هاتبوو. خاڵێکی گەورە و زەبەلاح دانرابوو.

جارێکی تر دێرسیم؟! "ئامان، (باوا دیوزگیون) بمانپارێزێت، جارێکی تر ئەو رۆژانە نەبیندرێنەوە!"خارپێت، چەولیک[23] و ئەرزینگانی تەنیشتی، هەمووشیان بینیبوویان. متمانەکردن مەحاڵ ببوو! دێرسیم تادەچوو لەناو ئێش و ژاندا نقوم دەبوو. ئەمەش رەنگی بە لاواندنەوەکانییەوە دابووەوە. (شێخ سەعید)[24] چی کردبوو، تا خەڵکی تر بیکەن؟ تەنانەت ئەویش نەیتوانیبوو شتێک بکات! (عەلی شێر و بەسێ[25] و ئەوانی تر یەکە بە یەکەیان ئەفسانە بوون، بەڵام ئێستا نەیاندەویست هەمان ئێش و ئازار بچێژن. دەوڵەت لە هەموو رووێکییەوە رێکخراو بوو، داگیرکەری بە دەزگا کرابوو، جەوهەر لە دێرسیمییەکاندا وشککرابوو. هەندێک لە گەنجان بە گیان و خرۆشی گەنجانەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد. جاهیل بوون. بە خوێنگەرمی خۆیان بەڵایان بەسەر خۆیاندا دەهێنا! ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێکی خائینە. هەرگیز نەبوو بە یار بۆ دێرسیمییەکان و متمانەی پێ نەدەکرا.

---

[23] پارێزگایەکی باکووری کوردستان و دەکەوێتە نێوان شارەکانی دێرسیم، خارپێت، ئەرزینگان، موش، ئامەد، ئێلیح و ئەرزەڕۆمەوە و دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ بینگۆل گۆڕیوە.

[24] مەبەست لە شێخ سەعیدی پیرانە.

[25] مەبەست لەو دوو هاوژین و جەنگاوەرە گەورەی کوردە کە مۆرکیان لە بەرخۆدانی سەید رەزای دێرسیم داوە و بەدەستی خیانەتکاران شەهید دەکرێن.

ئەوانەی کە بە ناکەسترین شێوەش خیانەتیان لە گەلەکەی خۆیان دەکرد، دەدرانە بەر گوللە، بە پەتی سێدارەوە کرانەوە. هەر کەسێک بەو شێوەیە پشتیان لە هەبوونی خۆیان بکردایە، بە بێ ویژدانانەترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ کەسانی نزیکی خۆی بکردایە دەزانرا کە نەبووە بە حەیران و یاری دەوڵەت و نابێت، دەوڵەت دێرسیمییەکانی ناسی بوو. خراپەکاری دواجار و زۆر بە عیبرەتکارانە لە کەسایەتی دێرسیمییەکاندا لە خاک نرابوو.

رووداوە نوێیەکان دێرسیمییەکانی دەبردەوە بۆ سالانی بەر لە 30 ـ 35. ئایا دەوڵەت 38ێکی نوێی دەهێنایەوە؟ گەنجان دەخەڵەتێندران؟ دوابەدوای رووداوەکە لە قسە و باسەکانی شوقەدا دەهاتە بەرگوێ کە ئایا کێیە ئەو گەنجانە دەخەڵەتێنێت، سەرکێشی دەکات، کێیە هێندە بیر لە "کەسانی تر" ناکاتەوە؟ ئەم پرسیارانە دەسووڕانەوە. خانەوادەی (دەمیر)، سێ چوار گەنجیان هەبوو، (هاشم)ی کوڕە گەورەیان لە ئەنکەرە لە زانکۆ دەیخوێند. (مەتین گیونگیۆرموش)یش خوێندکاری خوێندنی باڵا بوو. زیاتر ئەمانە لە دەرەوە کاریگەریان لەسەر کرابوو و چاویان کرابووەوە. منداڵەکانی بنەماڵەی (سۆیلەمەز) زیاتر ئارام بوون، لەژێر کاریگەری دایک و باوکیاندا بوون، ئەوان زۆر نەدەکەوتنە بەرچاو. باوکیان لە منداڵەکان وریا و زرنگتر بوو. ماڵی (چەتین)یش بە هەمانشێوە بوون، بە شان و شکۆ و رێکوپێک بوون، تیایاندا هەبوو خوێندنی باڵای تەواو کردبوو. بەڵام وەکو منداڵی تورک گەورەکرابوون، دایکیان تورک بوو، بەس باوکیان لە دایکیان تورکتر بوو. زۆر ئەگەری پێنەدەدرا و گومانیان لێنەدەکرا، ئەگەر ژێر بە ژێر شتێکی زۆر نهێنیان نەبووبێت، رواڵەتیان ئارام و نەرمدوو بوون. منداڵەکانی (عوسمان موتلو) راسترەو بوون. (عوسمان موتلو) بەرچاوترین

پیاوی دەوڵەت بوو. بۆ ئەوانەی لەو شوقەیەدا نیشتەجێبوون، خێزانی (عوسمان موتلو) بە ژن و پیاو و منداڵییەوە پارچەیەکی دەوڵەت بوون. پەیوەندییەکانیان سنووردداربوون، هەموو کەسێک ورد و وریا و بەسەرنج بوون لەگەڵیاندا. لە هاوسێیەتییاندا سرووشتیبوون و سەمیمەت جێگای باس نەبوو. زیاتر بەرژەوەندیخواز بوون. هەر کەسێکیش لەگەڵیاندا لەدڵەوە و هاوڕابوونایە بە لایەنگری دەوڵەت دەژمێردرا. ئاستی پەیوەندیان لەگەڵ خێزان و ماڵی پۆلیس و هاوپلەکانی خۆیان و لەگەڵ ماڵ و خێزانەکانی تر جیاواز بوو. هەندێک کەس لەبەر خاتری دراوسێیەتی یاخود لەژێر ئەو ناوەدا پەیوەندییەکی بە مەودایان دەبوو و هەندێکی تریش بەرژەوەندیخوازی و سوودوەرگرانەیان لەگەڵیاندا هەبوو. ئەو کەسە خۆجێییانە خۆشنەدەویستران کە پەیوەندییان لە ئاستی بەرژەوەندیخوازیدا بوون و زیانیان لە متمانەکانی خۆیان دەدا. لەبەر ئەوەش کاردانەوەکانی بەرامبەریشیان گەورەتر دەبوو.

دوایین رووداو، پەردەی لەسەر رووی هەموو کەسێک هەڵماڵی بوو و دەزانرا کێ چی رەنگە. رۆڵی کاغەزی (کاربۆن)ی تاقیگەی دەگێڕا. لە دێرسیم پێشبڕکێیەک لە ئارادابوو. هەموو لایەک لە پێشبڕکێی دەستنیشانکردنی پێگەی خۆیان دابوون. ئەمەش هەر لە پەیوەندییە ئاساییەکانەوە تا بە میوانداری، جەژن و بۆنەکانی وەکو قوربان، عاشورا[26] و بڵاوکردنەوەی نیاز رەنگدانەوەی دەبیندرا کە دەبووە دوایین هەڵوێست. ئەمانە کە بڵاودەکرانەوە بڕێکی کەمیان پێدەدرا، واتا

[26] خواردنی عاشورا لە باوەڕی عەلەویدا خواردنێکی پیرۆزە کە لە 12 بەرهەمی سروشتی گرنگ وەکو گەنم، گوێز، بادەم، نوک، گەنمەشامی.. هتد دروست دەکرێت و تایبەتە بەمانگی عاشورا کە تیایدا بەرۆژوو دەبن.

زۆر نرخیان نەدەبوو. لە منداڵبوون، ئاهەنگ و مەراسیمەکانی تردا دیاری نەدەبردرا و تا بە ئاستی سەردان نەکردنیش دەچوو. ئەمانە هەر یەکەیان هەڵوێست بوون، کەسانی هاوهەڵوێستیش لەیەک نزیکتر دەبوونەوە. تەنانەت (شەنای)ی کچی (عوسمان موتڵو) وەکو جاران ڕێگەی پێنەدەدرا بەشداربێت لە یاریەکانی پەت پەتێن و چاوشارکێ دا. ژمارەیەکی زۆر کەم لە منداڵانی پۆلیس لەو جۆرە یاریانەدا وەردەگیران، ئەویش ئەگەر منداڵی "پۆلیسی باش" بوونایە، لەوە زیاتریش گەورەکان ڕێگەیان بە منداڵەکانیان نەدەدا.

## "ئایی داخەکەم رۆڵەگیان! حسێن جەواهیری کوژراوە!"

لەپاش پۆلی سێی سەرەتاییەوە (ئەدیبە ئاباجی ئۆغڵو) مامۆستام بوو. ژنێکی ئەسمەر، بڕێک قەڵەو، چاویلکە لەچاو، زیرەک، زرینگ و لێهاتوو بوو. رەگێکی عەرەبی هەبوو. زۆر جگەرەی دەکێشا. لێوەکانی مۆربوون، پێکەنینێکی جوانی هەبوو. زۆرم خۆشدەویست، ئەم مامۆستایەمم هەرگیز لەیاد نەکرد. دەستنووسم جوانبوو، بێ کەموکورتی و خوێندنەوەی ئاسان بوو. لەبەر ئەوەش تێبینی بەرنامە و تاقیکردنەوەی رۆژانەی بەمن دەنووسی. ئەو ساڵە چاودێری گشتی پۆل بووم، هەر کاتێک مامۆستا نەبووایە، من بەرنامەی رۆژانەم لەسەر تەختەڕەشەکە دەنووسی. وابزانم تۆزێکیش باڵام بەرز بوو. دەمتوانی لەسەرووی تەختەکەوە بنووسم. بەڕێوەبەرەکەمان (مەزلوم کایا)ی دراوسێمان بوو. ماوەیەکیش (موستەفا سۆیلەمەز) بەڕێوەبەرایەتی کرد. هەمیشە وەکو باوکم لێمدەڕوانی و خۆشمدەویست، هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی باوکمی هەبوو. مامۆستای پۆلەکەی کاکەم بوو. هاوکات لەگەڵ خانەوادەی ئێمە هاوشاری و دۆستایەتی هەبوو. (عایشە) خانی هاوژینی پەرستار و مامانی شوقەکە بوو. ژنێکی خۆشزمان و خۆشەویست بوو. زیرەک، چوست و چالاک، لێهاتوو بوو. مام (موستەفا سۆیلەمەز) بێدەنگتر بوو، بەڵام گەرمتربوو لە دانوستان و پەیوەندییەکانیدا. مامۆستای پۆلەکەمان ماڵیان لە گەڕەکەکەی خوارەوەمان بوو. هاوژینەکەی فەرمانبەری شوقەی حکومەت بوو. دوو کوڕی هەبوو. (کامیل)ی کوڕە گەورە لە ناوەندی بوو، ئەوی تریشیان لە سەرەتایی بوو، لە پۆلێکی خوارتر. سۆزی بۆ کچە منداڵەکان زیاتر پێوە بەدیدەکرا.

(نەسیبە) و (فەریدە)ی هاوڕێی خوێندنگەم، لەگەڵ مامۆستاکەمان لە هەمان گەڕەک بوون. تەنیا ئەوان تورک بوون لەناوماندا. خۆیان زیاتر نزیکی مامۆستاکەمان دەبینی. ئەوانیشم زۆر خۆشدەویستن، پەیوەندییەکانمان گەرم بوون. (نەسیبە) کچێکی ئارام و لەسەرخۆ و (فەریدە)ش زرنگ و بزێوو بوو.

مامۆستاکەم بالآدەستبوو. شێوازێکی زۆر جوانی وانەگووتنەوەی هەبوو، لەم بوارەدا هەوڵێکی زۆر جددی دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا توڕە و توندبوو، ئەوەی کاری ماڵەوەی نەکردایە، نینۆک، دەستەسڕ و دەستەکانی خاوێن رانەگرتبایە گوێیەکانی رادەکێشا. جاروبار بە راستە لێی دەدان. بەڵام ئەم حاڵەتانەی کەمتر بەدی دەکران. بەگشتی کاتێک تووڕە دەبوو لە خوێندکارانی دەدا.

ئاوی خواردنەوە لە دێرسیم لە رۆژ و کاتی دیاریکراودا دەهاتەوە. ئاوەکانی تر خاوێنکراوە نەبوون، بەو هۆیەوە وەکو ئاوی خواردنەوە بەکار نەدەهێندران. ئاوی خواردنەوە زیاتر لە دەمەو بەیاندا دەهاتەوە. ماڵەکانی خوارەوە بەگشتی خزمەتکار و نۆکەریان هەبوو و یاخود لەبەرامبەر بە رۆژانەیەک، کاری خاوێنیی ناو ماڵیان بە ژنان دەکرد. ئەمجۆرە ژنانە کەم بوون. کەس زوو زوو نەدەچوو لەو ماڵانەدا خزمەتکاری بکات. هەندێک ژن هەبوون، ئەوانیش بە نۆبە، بە ئەندازەیەکی بەرچاو بە سەرجەم ماڵەکاندا دەگەڕان و ئەو کارەیان رادەپەڕاند. ئەو ژنانەش دیاربوون لە کۆمەڵگەدا دەناسران. مامۆستاکەشم بەتایبەتی بۆ کاری خاوێنکردنەوە و جلشۆری ئەو ژنانەی بانگ دەکرد. بەپێی کات لە زۆر رووەوە بە مامۆستاکەم و دونیای دەرەوەی خوێندنگەی ئاشنا دەبووم.

ڕۆژێکیان لەناو پۆلدا و لە پڕێکدا تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و گووتی: "ئاها.. ساکینە کچم وەرە ئێرە"

ئەو ئاهایەی هەموو کەسێکی خرۆشاندبوو. بەخێرایی چوومە لای. لە گیرفانی چاکەتەکەیدا دەستێک کلیلی دەرهێنا و یەکێکیانی پێ نیشاندام و گووتی: "ئەم کلیلە دەبینی. لەگەڵ ئەوانی تر تێکەڵی مەکە، پیتی (T) لەسەرە. ئەمە بگرە و بڕۆ بۆ ماڵەوە، خۆ ماڵمان دەزانی. ئەو ماڵەی بۆ جەژنانە هاتبوون. دەرگاکە بکەرەوە و بڕۆ ژوورەوە، لەلای ڕاستەوە گەرماو هەیە. سۆندەیەک لەسەر مەنجەڵەکەیە، ئەو مەنجەڵە پڕ بکە، وریابە بەسەریدا نەڕژێت، زۆپاکە ژەنگ هەڵدەهێنێت. دواتر دەبە و دۆلکەکانی چێشتخانەکە پڕ بکە و بگەڕێرەوە. کامیلیش لەماڵەوە نییە، با بێ ئاو نەبین.

بەخێرایی ڕۆیشتم بۆ گەڕەکی خوارەوە، دەرگاکەم کردەوە و وەکو پێم گووترابوو، مەنجەڵ، دەبە و دۆلکەکانم پڕکرد. بەڵام شتی تریشم کرد. ناو ماڵەکەی زۆر بڵاوبوو. چێشتخانەکەی پڕبوو لە قاپ و قاجاخی پیس، لە ڕەفەکاندا قاپێکی کەم مابووەوە بە پاکی. ژوورەکانی تریش بەهەمان شێوە پەرش و بڵاو بوون. جل و بێجامەی شەوانە هەروا داکەندرابوون و فڕێدرابوون، ئاغزە (قونچکە) جگەرە، تەپڵەکەکانی پڕکردبوو و بەسەریدا دەڕژا. بە جارێک نەمدەتوانی بڕیاری خاوێنکردنەوە و کۆکردنەوەی ماڵەکە بدەم. بێ مۆڵەت چوونە هەر جێگەیەکی ماڵەکە کارێکی ڕاست دەبوو؟ یان ئەگەر بە هەڵە تێبگات. بەڵام بەتەمەن بوو و کچیشیان نەبوو، بۆیە دڵم پێیان دەسووتا و نەدەبوو ئەو ماڵە بەو شێوەیە بەجێبهێڵم، دڵم ئاسوودە نەدەبوو. پاشان بڕیارمدا؛ بەشێوەیەکی زۆر بە پەلە، سەرەتا قاپەکانم شوشت و بۆ ئاولێکردنیشیان لەسەر سێنییەک ڕیزیم کردن.

هەموو رەنگ و جۆرێکم جیاجیا کردەوە. کەوچک، قاپ، پەرداخ... لەلایەک ئاوەکان پڕدەکەم، لەلایەکی ترەوە ئەو ناوە خاوێن دەکەمەوە. بەتەنیا بەڵام زۆر بە خێرایی ماڵەکەم خاوێن و کۆکردەوە. کە بەڕاکردن ڕۆیشتم و گەیشتمە خوێندنگە، کات نیوەیی ببوو. کلیلەکەم دایەوە بە مامۆستا و چووم لە شوێنەکەی خۆم دانیشتم. مەحجوبانە سوپاسی کردم، دەستی بەسەرمدا هێنا. منیش ئەوکاتە هەستم بەو خۆشییەی مامۆستاکەم کرد کە لە گەڕانەوەیدا هەستی پێدەکات و پێی دڵخۆشبووم.

دڵخۆشکردنی مامۆستاکەم ببووە مایەی دڵخۆشییەکی سەیر بۆ منیش، لەکاتێکدا هێشتا ئاگاداری گۆڕانکارییەکان نەبوو، من کەوتبوومە ناو ئەو هەستەوە. کە ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە ئەم باسەم بۆ دایکم گێڕابووەوە. دایکم زۆر مەمنوون نەببوو، بەڵام توورەش نەبوو.

ڕۆژی دواتر کە ڕۆیشتم بۆ خوێندنگە مامۆستاکەم لە دوورەوە بە ڕووێکی بەختیار و پێکەنینێکی واتادارەوە، وەکو بڵێی لە خۆشەویستیدا هەمبێزم بکات بۆی دەڕوانیم. کە چوومە لای سەرمی توند لە سنگی خۆی گرت و بەدەستێکیشی شانی توند گرتم و گووتی:"ڕۆڵە گیان هەموو ئەو کارانەت بەتەنیا کرد؟ هێندە بەخێرایی چۆن پێی ڕاپەڕی؟ چەندە جوان کردووتە، حەتمەن من هێندە بە جوانی پێم خاوێن ناکرێتەوە، ئەو قاپانەم پێ ڕیزناکرێت. تۆ لەماڵی خۆشتان کار دەکەی؟ دایکت خانمێکی چۆنە، حەتمەن دێم بۆ ماڵتان و دایکت دەبینم، پڕ بەدڵ دەستخۆشی لێ دەکەم. چۆن تۆی وەها پێگەیاندووە."

زۆر شتی تریشی گووت، وەکو بڵێی لەگەڵ خۆی بدوێت. من هەم زۆر شەرمم کرد، هەم دڵخۆش بووم بەو دڵخۆشییەی، دڵنیابووم لەوەی کارێکی چاکم کردووە.

مامۆستا، لە ژووری مامۆستایانیش باسی ئەم هەڵسوکەوتەمی گێڕابووەوە. پیشانی هاوڕێنەکەی، منداڵەکانی دابوو و وەکو کارێکی زۆر گەورەم کردبێت ستایشێکی زۆری کردبوو. تەنیا بۆ ئەوەی ژنانی گەڕەکیشی بمبینن و بمناسن بانگهێشتی کردم. لەگەڵ (ئایسەل ئاغرجان)ی هاوڕێ پۆلم رۆیشتین بۆ ماڵیان. بەر لە هەموو کەسێک خۆی و دواتریش هەندێک لە میوانەکانی ملچیان کردم. هەندێکیشیان تەنیا تەوقەیان کرد. لەناو ئەو هەموو ژنەدا داینیشاندین و خزمەتی کردین. بەڵام من خۆمم پێنەگیرا و هەستام بۆ ئەوەی پێکەوە چای بە میوانەکان بدەین. بە پێداگرییەوە دەیگووت: کەوا ئەمڕۆ میوانی ئەوم و نابێت دەست لە هیچ شتێک بدەم. بە تۆزێک بە شەرمەوە مانتی[27] و ماستم خوارد. بەڵام هەموو دەورووبەر دەیانڕوانییە من لە دانیشتنمەوە تا بە نان و چای خواردنەوەم. کە ئەوانم بەو جۆرە دەبینی بێزار دەبووم، بەڵام بەوردی هەڵسوکەوتم دەکرد. توانیبووم بێ ئەوەی بیانڕێژم یاخود ئاکامێکی سەیروسەمەرە رووبدات قاپە مانتییەکەم بە کەوچکی بچووک و کێکەکەم بە چنگاڵ تەواو بکەم. لێهاتوویم لەو بوارەوە و لە کارەکانی تردا، متمانەداریم بەخۆم و بە ئاسانی قسەکردنی بۆ دەستەبەر کردبووم. شەرمۆکیم و بێزارییەکەم بەو هۆیەوە تا دەچوو کەمتر دەبووەوە.

---

[27] جۆرە خواردنێکی تایبەتە و لە قیمە و هەویر و هەندێک خواردەمەنی تر دروست دەکرێت و زیاتر بۆ میوانی خۆشەویست دەکرێت.

لە ماوەی دواتریشدا چەند جارێک بۆ ئاو پڕکردن ڕۆیشتبووم بۆ ئەوێ، ئەمجارەیان لەگەڵ (ئایسەل ئاغرجان) ڕۆیشتین. ئەو لە کاروبار زیاتر سەرقاڵی تەماشاکردن و تێڕامان بوو، بەدوای مەراقەکانی خۆیەوە بوو. کاتێکی زۆر بە تەپڵەکی جگەرەکەی ژووری میوانەوە سەرقاڵ بوو. کاتێک قەپاغەکەی هەڵدەدرایەوە، هەیکەلێکی زۆر بچووکی ژنێکی بەسەرەوە بوو و لەگەڵ دەنگی مۆسیقا بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و (ئایسەل) ماوەیەکی زۆر خۆی سەرقاڵ کرد. لەو تەمەنە بچووکەشیدا لافی جگەرەی لێدەدا. جگەرەیەکی برد بۆ دەمی و لەناو تاقمی جگەرە و تەپڵەکەکەدا چەرخێکی دەرهێنا و دایگرساند، لەگەڵ یەکەم قوملێدان تووشی کۆکەیەک بوو، بەمە هەم پێکەنیم هەم لێیشی تووڕەبووم. بێ مۆڵەت دەستوەردانە شتی ماڵی خەڵک و کێشانی جگەرەم بەڕاست نەدەزانی. (ئایسەل) بەمەشەوە نەوەستایەوە و لەناو بەفرگرەکەدا شیربرنج دەردەهێنێت و دەیخوات، ئینجا بۆ ئەوەی کەسیش پێی نەزانێت شوێنەکەی بە ئاو پڕدەکاتەوە. ئەمەش تاوانێکی تر بوو. کە پێمزانی گووتم؛ ئەگەر بێتوو مامۆستا پێی بزانێت چیتر متمانەی پێمان نامێنێت. وەکو پێیشی زانیبێت ئارەقەی شەرمم دابوو. بەڵام بە زۆری زۆرداری ئایسەل لە بەلەمی چوکلێت و نوقڵی جەژنانە چوکلێتێکی دامێ و منیش خواردم.

ڕۆژێکیان بەتەنیا ڕۆیشتم، هاوژینی مامۆستاش لەماڵەوە بوو. تازە لە خەو هەڵستابوو. دوای پڕکردنی ئاوەکە ویستم بێ ئەوەی بمبینێ بگەڕێمەوە بۆ خوێندنگە. بانگی کردم و ویستی دوو لیرە و نیو بخاتە گیرفانمەوە. وەرمنەگرت، زۆر پێی ناڕەحەت بووم. وەکو بەرامبەری یارمەتیدان بوو بێت بۆ من.

ماوەیەک ساردبببوومەوە. من لەو کەسانە نەبووم کە لەبەرامبەر بە پارە خزمەتکارییان بۆ ماڵان دەکرد، بەهۆی خۆشەویستی مامۆستاکەمەوە دەمویست یارمەتی بدەم. هەر لە خۆوە و بێ بیرکردنەوە بوو. مامۆستاکەشم چیتر داوای پڕکردنی ئاوەکانی لێنەکردبووم.

لەمانگی عاشوورادا سەتڵێکی بچووک عاشورا[28]م بۆ بردن، ڕۆژی دواتر کە بۆ وەرگرتنەوەی سەتڵەکە ڕۆیشتم، بینیم کە ڕەشتبوویانە زبڵدانەکەوە لە دڵەوە زۆر تووڕەبووم. کەواتە عاشووراکەی ئێمەیان بەدڵ نەبووە و ڕشتوویانە! ڕشتنی عاشوورا و لە زبڵدانی گوناح بوو! مامۆستاکەم چۆن شتێکی وەهای کردووە، نەمدەویست بڕوا بەمە بکەم.

دوو خوشکی دووانەم هەبوو، بۆ شیرەخۆرییان سوودمان لە مانگاکەمان وەردەگرت، مامۆستاکەشمان نیو کیلۆی لێدەکڕین. ئەو سەردەمە شیر دەستنەدەکەوت، مامۆستاکەشمان داواکارێکی گەورەی شیر بوو و بێ بەرامبەریش قبوڵی نەدەکرد، بە بەرامبەر، شیری دەبرد، شیرەکەش من بۆم دەبردن.

ڕۆژێکیان مامۆستا هات بۆ ماڵەکەمان لە شوقەکە و باوەشی کرد بەدایکمدا و ماچی کرد. بەدایکمی گووت:" ساکینەت چۆن پێگەیاندووە، زۆر مەراقمە، لای هەموو کەسێک باسیم کردووە."

دایکم بە تورکییە خوار و خێچەکەی قسەی دەکرد. هەر کاتێک نەیتوانیبا بە تەواوی وەڵام بداتەوە، من دەکەوتمە

---

[28] جۆرە خواردنێکە لەلای عەلەوییەکان بەتایبەتی پیرۆزە، لەمانگی عاشورا دروست دەکرێت، هەسیرە(هەریسە)شی پێ دەگووترێت، پیرۆزییەکەشی لەوەدایە زۆرینەی ئەو خواردنە وشک یان وشککراوانە لەخۆ دەگرێت کە ژیانی مرۆیان دابینکردووە.

بەینەوە. شەرمم لەوە دەکردەوە کە دایکم هێشتاش نەیدەتوانی بە تورکی گوزارشت لە خۆی بکات و قسە بکات. تێنەدەگەیشتم بۆچی شەرمم دەکرد، بەڵام هەر شەرمم دەکرد. مامۆستاکەم گەورەیی و سادەیی ژوورەکەمان و هەژاری ئێمەی کەوتبووە بەر چاو، هەڵبەتە ئەوی ئەو بەدوایدا دەگەڕا کۆنفۆڕ ـ جوانی سەردەمیانە نەبوو. ماڵەکەی خۆیشیان سادەبوو. ماڵی ئێمە ماڵە کرێکار بوو، خاوێن بوو. وابزانم زیاترین شتێک کاریگەری کردبوو، ئەو خاڵە بوو. ئەم سەردانەی مامۆستاکەم خۆشەویستی لەلام زیاتر کردبوو.

لەگەڵ پۆلی پێنجی سەرەتاییدا فێری شتێکی نوێ دەبووم. زنجیرە ڕووداوێک هاتبوونە ئاراوە کە هێشتا واتام پێیاننەدەدا یاخود جیامنەدەکردەوە لە ڕووداوەکانی تر. جاروبار لە ڕادیۆوە گوێبیستی دەبووم، بێژەرەکە بە شێوازێکی حەماسیانە دەیگووت: "لەپێکدادانێکدا لەگەڵ تیرۆریستان"، وەها دەستی پێدەکرد و یان بەبریندارکردن، یان بە کوشتن و یاخود بە دەستگیرکردن کۆتایی دەهات. دواتر ناسنامە یاخود ناونیشانی هەڵهاتووانیان دەدا.

لەماڵی ئێمەدا کەسێک نەبوو بە شێوەیەکی بەردەوام گوێ لە ڕادیۆ بگرێت، ڕۆژنامە بکڕێت. هەمیشە بە وردی و سەرنجەوە ئەو ڕۆژنامە کۆنانەم دەخوێندەوە کە لە دوکانەکان یاخود لە دراوسێکانمان وەرگرتبوون و لە سەر تاقی دیوار و پەنجەرەکان ڕاماندەخستن. جاروبار ڕاخستنی ئەو ڕۆژنامانە لەسەر تاقەکان کاتێکی زۆری دەبرد و دایکمی بێتاقەت دەکرد و لەبەرخۆیەوە دەیگووتەوە. لەیەکێک لە ڕۆژنامەکاندا وێنەیەکی زۆری (سیبەل ئەرکان) بڵاو کرابووەوە کە لەو ڕۆژانەدا ڕفێندرابوو. وێنەی بەشێکی کەمی دیواری ئەو بینایە و

وێنەیەکی کەمدیاری "تیرۆریستەکان" لە پەنجەرەی بیناکەوە کە داگیریانکردبوو، لەگەڵ شیرۆڤەی ڕووداوەکە بەشێکی زۆری ستوونەکانی ڕۆژنامەکەی پێکدەهێنا.

کچێک رفێندرابوو، بارمتەبوو. بەڵام هۆکارەکەی و ئاکامەکەیم نەدەزانی. تەنیا لە چوارچێوەی چەپڕەوی - راستڕەویدا لێکدەدرایەوە؛ رفێنەرەکان وەکو چەپڕەو، وەکو گەنجەکانی ڕووداوەکەی (پیر سوڵتان عەبداڵ) بەدژبەری دەوڵەت دەهاتن بە گوێدا. هەواڵ و باسی "بانگەوازی ماڵەکەت دەورە دراوە، خۆت رادەست بکە، ئەگەری بەزووترین کات دەستگیرکردنیان لە ئارادایە" دڵگرانی و سۆزی بەزەیی لەناخمدا دروست دەکرد. تەنیا دەمتوانی ڕووداوەکان بەگوێرەی ڕووداوەکەی دێرسیم و ڕێڕەوی رابردووی بەسەرهاتەکانم و چوارچێوەی ئەنجامەکانیان لێکبدەمەوە. بەتایبەتیش بەهەموو لایەنە قەباکانییەوە.

ڕۆژێکیان سەردانی ماڵی مامۆستام کرد و لەوێوە بەرەو خوێندنگە ڕۆیشتین. بەرلەوەی بکەوینەڕێ، مامۆستا چاوی بە ڕۆژنامەیەکدا خشاند و لە پڕێکدا قیژاندی.. گووتی:" ئاخ ڕۆڵەگیان! شتی وا نابێت! کامیل، بڕوانە چی بووە، کوشتوویانە... حسێن جەواهیر کوژراوە."

(حسێن جەواهیر) کوژرانی ئەم ناوە ناخمی رادەچڵەکاند. پۆلیس لێیدابوو. کوژرابوو. مامۆستاکەم پرسیاری ناسینی (حەیدەر کۆچ)ی لێکردم و گووتی" ئەوانیش لە عەشیرەتی ئێوەن وانییە؟" (حەیدەر کۆچ) خەڵکی گوندی کاڤونی سەر بە مازگرت، یاخود نزیکی ئەوێ بوو. کەسێکی بەناوبانگی عەشیرەتی قوڕەیشان بوو. بەڵام زیاتر لە دەوڵەتەوە نزیکبوو. وەکو کەسێکی سیخوڕ و بەکرێگیراو دەناسرا. خەڵک

خۆشینەدەویست. بەڵام خانەوادەی (جەواهیر) خانەوادەیەکی چاک بوون. (حسێن جەواهیر) کوژرابوو. بە تفەنگ پێکرابوو. مامۆستاکەم هەوڵی دەدا بە تەواوی لە مەسەلەکە تێبگەم.

بە ئێش و ژانەوە سەرلەنوێ پێیگووتم: "ئەمانە رفێنەری سیبەل ئەرکان بوون، لە قاتی سەرەوەی بالاخانەیەکدا دەمانەوە. شەڕ دەکەن. چەند گوناحن. هێشتا گەنج بوون".

ئەو رۆژە تا گەیشتمەوەماڵەوە ئەو هاوارە بە ژانە و گووتەی "حسێن جەواهیر کوژرا!"ی مامۆستا بە مێشکمدا دەهات و دەچوو. منداڵی خێزانێکی ناسراو و خەڵکی دێرسیم لە ئەنکەرە کوژرابوو.

هەر کە گەیشتمە شوقە، بینیم هەموو کەس بیستویێتی. وایە کە دەڵێن "هەواڵی رەش زوو دەبیسترێ" هەواڵی "کوژران" یەکسەر بڵاوببووەوە. دەیانگووت: تەرمەکەی دەهێنرێتەوە. هەندێک کەسیش هەبوون کە دەچوون بۆ پرسەکەی. ماڵی کەسوکار و خزمانی چەندین رۆژ بوون بە شوێنی پرسە و دڵنەوایی دانەوە.

ئیدی مانەوەمان لە شوقە ئاستەمتر دەبوو. ماوەیەکی زۆر بەسەر چووبوو لە رۆیشتنی باوکم بۆ ئەڵمانیا. (موسا)ی هاورێی باری دەکرد، ماڵ و خێزانەکەی لە گوندەوە دەهێنا، بۆیە ئیتر دەبووایە بارمان بکردایە. ئێمەش سەرلەنوێ لە گەڕەکی داغ چووینە ناو خانوویکی کرێوە.

# ئەو کەسەی بە دەریاکاندا گەڕاوە[29]

لە گەڕەکی داغ دەستم بە خوێندنی ناوەندی کرد. دواناوەندییەکەی تونجەلی بەشی ناوەندیشی هەبوو. بەشێکی باڵەخانەکە تایبەتکرابوو بۆ پۆلەکانی ناوەندی. هەواڵ و ستوونی پڕ لە ڕووداوی ڕۆژنامە و رادیۆ پەڕەی سەندبوو. ئەمجارەیان بەچڕوپڕی ناوی (دەنیز گەزمیش)[30]و هاوڕێیانی دەهێندرا. لەناو چەندین ناودا سەرنج ڕاکێشترین ناوێک کە زیاترین بەکاردەهێندرا (دەنیز گەزمیش) بوو. پێشەنگەکەیان وەکو "کەسێک بەدەریادا دەگەڕێ" دەبیسترا. هێشتا لەوە نەگەیشتبووم کە بۆچی هێندە باسیان دەکرێت. بەڵام تادەچوو تایبەتمەندی پڕکردنی تەواوی ڕۆژەڤی بەدەست دەهێنا.

لەسەر شەقام و کۆڵانە قەرەباڵغەکان پلانکارتی گەورەی پڕ لە وێنە و لەخواریشەوە ناسنامەیەکی کورتی ژمارەیەکی زۆر گەنج هەڵواسرابوو کە دەوڵەت بەدوایاندا دەگەڕا. ئەو کەسانەی بە وردی تەماشای دەکردن، لەناو خۆیاندا دەیانگووت: "چەند مرۆڤی جوامێرن" بەڕاستیش چاو و ڕاوەستەیەکی جوامێرانەیان هەبوو. لە چاوی ئەو مرۆڤانەدا کە هەر یەکیان جوانییەکی

---

[29] ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکێک لە پێشەنگانی چەپڕەویی لە تورکیادا (دەنیز گەزمیش) بەکاردێت کە گەڕانی دەریا واتای ناوەکەیەتی.

[30] شۆڕشگێڕێکی سۆشیالیستی بەناوبانگی تورکیایە، لە دایکبووی ئەنکەرەیە. بەڵام دایک و باوکی خەڵکی ئەرزەڕۆمی باکووری کوردستانن، لە تەمەنی 18 ساڵی دەکەوێتە ناو سیاسەتەوە و لە چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتی سیاسییدا جێ دەگرێت، لە تەمەنی 25 ساڵیدا لەدوای کودەتای 12ی ئاداری 1971 دەستگیردەکرێت و لە 6ی ئایاری هەمان ساڵدا بە بڕیاری دادگای سەربازی، لەگەڵ یوسف ئاسلان و حسێن ئینانی هاوڕێی لە سێدارە دەدرێت.

تایبەتیان هەبوو، رووناکی و بریقانەوە، هیوا، شەڕ هەبوو. لە رووخسارییاندا دەربڕی بەگژداچوونەوە هەبوو. کاری لە هەموو کەسێکی بێ هزر و بەهزر دەکرد. زۆر ئاشکرا نەبوو کە چیان کردووە. بە هەموویان دەگووترا "تیرۆریست" یاخود "کۆمۆنیستی قاچاغ"؛ لە ئاستی پیاوکوژ، دز و تاوانباری گەورە ناوزڕاو دەکران. خەڵاتی زۆر گەورە بۆ هەرکەسێک دانرابوو کە بیاندۆزێتەوە یاخود پۆلیسیان لێ ئاگادار بکاتەوە. خەڵات دەکران! گەلۆ چ ویژدانێک دەیتوانی بەدەستەوەیان بدات؟ تۆبڵێی کەسانێکی وەها لە ناکەسبەچە و بێ ویژدان هەبێت؟

کە دەچووم بۆ خوێندنگە بە وردی تەماشای ئەو پلانکارتانەم دەکرد کە بە ستوونی کارەبای سەر چوارڕێیانە نزیکەکەی خوارەوەمانەوە هەڵواسرابوون. دوای خوێندنەوەی "هەرکەسێک زانیارییان لەسەر بدات؛ خەڵات دەکرێت" تەماشای ئەو قەرەباڵغییەم دەکرد کە لەوێ کۆببوونەوە. وا تەماشام دەکردن وەکو بڵێی لە یەکە بە یەکەیان ورد دەبوومەوە. وەک بڵێی ئەگەر کەسێکی وەهاش هەبێت بە رووخسارییەوە دیاردەبێت تەماشام دەکرد. رووخساری هەندێکیان لە ئازاردا چرچ دیاربوو، هەندێکی تر دڵخۆش و بەختەوەرانە تەماشایان دەکرد. هەندێک لەمابەینی خۆیاندا چپەچپیان بوو و بە یەکتریان دەگووت "چەندە گەنج و مرۆڤی جوامێرن". ئەوکاتە تەنیا بیرم لە یەک شت دەکردەوە، لە پشووی وانەدا دەستبەجێ دێم و ئەو کاغەزانە دەدڕێنم. ئەمەشم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا دەکرد. ئەگەر دەستیشمان بە هەموو کاغەزەکان نەگەیشتبا، سوچێکیمان هەر بە دەستدەگەیشت کە بیدڕێنین. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لە دەروازەی نەخۆشخانەکەی نزیکیشمانەوە پلانکارتی هاوشێوە هەیە. نەخۆشخانە تا رادەیەک ئاسانتر

دەبوو، هاتوچۆی مەنهۆڵەکانی قاتی خوارەوە ڕێگری لێنەدەکرا، تەنیا نەدەکرا هەموو کاتێک هاتوچۆی قاتەکانی سەرەوە بکرایە.

ئەوەم لەگەڵ هاوڕێکان پێکەوە جێبەجێکرد. لە پشووەکانی وانەدا، هەتا پێمانکرا لێمان دەدڕاند. بە ماددەی لکێنەری بەهێز و بە شوێنی بەرزەوە هەڵیان واسیبوون. ئاسانترینیان ئەوەی بەردەم نەخۆشخانەکە بوو. بەڵام هەموو شتێک هەر ئەوەندە نەبوو و وامدەزانی چیتر شتی وا لەوێ هەڵناواسرێت و کەسیش ئەوانە نادۆزێتەوە کە دەوڵەت بەدوایاندا دەگەڕا. بێگومان بیرکردنەوەیەکی یەکجار منداڵانە بوو.

بەڵام نەخێر

یاخیبوونیان لە منداڵیمان دەچاند. ڕووداوەکان دونیای هەست و بیرکردنەوەیان سەراوبن دەکردین، کاریگەری زۆربوو. فێری شتی تر دەکراین. هێشتا لە قۆناخی سەرەتای خوێندنی ناوەندیدا خۆم لە ناو چالاکی بایکۆتکردنی خوێندندا بینییەوە. ڕۆژێکی باراناوی بوو. ئەوانەی لە باخ و حەوشەی دواناوەندییەکەدا کۆببوونەوە خرۆشابوون، بە چەپ و ڕاستدا دەهاتن و دەچوون، ئەو "کاکە"یانەی گرووپە بڵاوەکانیان کۆدەکردەوە و هەموو کەسێک دەیانناسین، جاروبار لەدەرەوەی کۆمەڵە و گرووپەکان کۆدەبوونەوە و لەسەرپێ و لەناوخۆیاندا بێ ئەوەی کەس بیانبیستێ قسەیان دەکرد و جیادەبوونەوە. لەپڕێکدا ئەو ناوە ئاگر گرتبووی!. ناوی (عەلی یەشیل)، (حەسەن) و (مەتین) و چەند ناوێکی تر بەگوێدا هەڵدەدەران. هەموویان خوێندکاری دواپۆلی دواناوەندی بوون. دەنگۆی دەستگیرکردنیان لەلایەن پۆلیسەوە بڵاو ببووەوە. (شیناسی ئەسکیچراک) بە تووڕەییەوە قسەی دەکرد و هاوار و فریادی بوو. پۆلیس بەجارێک هاتبوونە ناو حەوشەکەوە و هاتبوونە

ناومانەوە. مامۆستا (شیناسی ئەسکیچراک) کە جێگری بەڕێوەبەر بوو و بەهۆی ئامادەنەبوونی بەڕێوەبەرەوە راستەوخۆ ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی لە ئەستۆگرتبوو، هێشتا هەر فریادی بوو، لەو قەرەباڵغییەدا دەنگی بەتەواوی نەدەبیسترا چی دەگووت. جارێک بە پۆلیسی گووت:" کوا عەلی، کوا حەسەن؟ خوێندکارەکانی خۆمم دەوێتەوە. بە چ مافێک خوێندکارەکانم دەبرێن بۆ سەربازگە و قەرەقۆڵ. کێ ئەو فەرمانەی کردبێت با کردبێتی! ئەوانە خوێندکارن، شتێکیان نەکردووە بە تاوان لەقەڵەمبدرێت!"

قەرەباڵغی شەپۆل شەپۆل گەورە دەبوو. هەموو کەسێک بە تاسە و مەراقەوە دەیڕوانی. هیچ کەسێکیش پرسیاری نەدەکرد چیی بووە و چی روویداوە! ئەو کاتە کەسیش لە دۆخی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدا نەبوو. تووڕەیی وەڵامی هاوبەش بوو. مامۆستا (شیناسی) جوامێرانە بەگژیاندا دەچوو و دەیگووت:" کەوابوو منیش ببەن!"

ئەم بەگژداچوونەوەیە رقی پۆلیسەکانی هەڵدەستان، بەڵام ورەشیانی دەشکاند. خوێندکاران لە دەرەوە لە کەش و هەوای بایکۆتدان. تەنانەت بەڕێوەبەریش لەسەر پێبوو. بەو هۆیەوە پۆلیسەکان هیچیان لەدەست نەدەهاتوو لە پێگەی چاوەڕوانیکردنی فەرمان دابوون. چاوەڕوانی هەلێکیان دەکرد، چی دەکرا، ئەو قەرەباڵغییە چۆن بتەقیابا. ترس و خۆف بە هەڵسوکەوتەکانیاندا دیاربوو. هەندێکیشیان بە بای خەیاڵیاندا نەدەهات و لە دوورەوە تەماشایان دەکرد.

پۆلیس هەر کە فەرمانی بۆهات مامۆستا (شیناسی)یان دەستبەسەر کرد، لەکاتی دەستبەسەرکردنەکەیدا پۆلیس دەیویست لە هەردوو لایەوە قۆڵەکانی بگرن، بەڵام ئەو رەتی

دەکاتەوە و بەجوڵەی شانەکانی ڕێگە لەو هەوڵەی پۆلیس دەگرێت. بەدەم قسەکردنەوە و بەرەو ئۆتۆمۆبێلی پۆلیسەکان ڕێگەی گرتەبەر. هەر کە ئۆتۆمۆبێلی پۆلیس بەرەو دەرەوە کەوتەڕێ، ئاپۆڕای خوێندکاران بەرەو دەرگای خوێندنگە کەوتنەڕێ. بە ڕاکردن، ئەوان چیان دەکرد منیش بە هەمانشێوەم دەکرد. سەرەتا لە دەروازەی باخەکەی ناو حەوشەی خوێندنگەدا (سەبری جەنگیز) شتێکی درکاند و هەموو کەسێکی بانگهێشتی ڕێزلێنان کرد. مشتی چەپ بە ئاسمانەوە. دواتر هەموومان پێکەوە بە ڕێپێوان لە شەقامەوە بەرەو خوارەوە دەڕۆیشتین. هەموو کەسێک تا شوێنێک بە کۆمەڵ ڕێیان پێوا، پاشان لە چوار ڕێیانەکە کۆمەڵ بە کۆمەڵ بەناو گەڕەکەکاندا بڵاوبووینەوە. دواتر تێگەیشتین مەگەر بۆ ئەوەی پۆلیس بەهەموو هێزییەوە هێرشمان نەکاتە سەر ئەم ڕێگەی پارچەبوون و گرووپ گرووپینە گیرایە بەر، واتا وەکو ڕێوشوێنێک.

(خالیدە بورکای) مامۆستای وێژەیی پۆلەکەمان و هاوژینی (کەمال بورکای)، وانە و وانەوتنەوەکانی جیاوازبوو. زۆربەی جار هۆنراوەی جیاوازی بۆ دەخوێندینەوە. ڕۆژێکیان هۆنراوەیەکی خوێندەوە و دواتر پێیگوتین کە هۆنراوەی (کەمال بورکای) بووە. ئەوکات (کەمال بورکای) لە زیندان بوو. دووەمین ڕۆژی بایکۆت دەنگۆی دوورخستنەوەی زۆرێک لە مامۆستاکانمان بڵاوبووەوە. لەنێوان دوورخراوەکاندا ژمارەیەک خوێندکاری دواناوەندیش هەبوون. لەناویاندا کاکەم هەبوو

ئەویش بۆ دواناوەندی توران ئەمەکسزی مەلەتی[31] (مەلاتیا) دوورخرابووەوە.

ئەم خوێندنگەیە بە (مۆڵگەی فاشیستەکان) دەزانرا. (خالیدە بورکای) بۆ دواناوەندی خارپێت دوورخرایەوە. ئەویش شوێنی پڕکاریگەری فاشیستەکان بوو. مامۆستایەکمان هەبوو تابلێی درێژ بوو، ئەویش دوورخرابووەوە. ئەوانە هەموو مامۆستا پێشکەوتنخواز - چەپڕەو ەکانمان بوون. مامۆستا و خوێندکارە هەڵبژێدراوەکان وەکو سەردەستە هەڵسەنگێندرابوون. خالیدە بورکای نەڕۆیشت. هەندێکیان دەستیان لە کار کێشایەوە. هەموو شتێک بەتەواوی تێکەڵاو ببوو.

لە پۆلی 2ی ناوەندی، مامۆستا (یوسف کەنعان دەنیز) بۆ وانەی وێژە هات. ڕۆژێکیان شتی زۆر جیاوازی بۆ باسکردین. لەسەر تەختەڕەشەکە سێگۆشەیەکی کێشا کە دووان لە هێڵەکانی لە هێڵەکەی تریان درێژتر بوو. لەسەرووی سێگۆشەکەوە هێڵێکی کێشا، کە وێنای سێگۆشەیەکی جیاوازی دەدا. لای سەرووی سێگۆشەکە واتا هێڵە کورتەکەی وەکو چینی دەسەڵاتدار و داگیرکەری کۆمەڵگە، ڕووە فراوانەکەشی وەکو چینی ڕەنجدەر، گەل، کرێکار و چەوساوە بەناوکردبوو. داگیرکەری و گوشار و چەوسانەوەی بە ڕوونکردنەوەیەکی سادە تێدەگەیاندین، دەستنیشانی کرد کە خۆڕێکخستن و یەکهێزی چەوساوەکان لەبەرامبەر بە چەوسێنەران و تێکۆشانیان پێویستیی و ڕێگەیەکی دەستلێبەرنەدراوە، هێزی

[31] پارێزگایەکی باکووری ڕۆژئاوای کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە مەلاتیا ناوزەدی کردووە.

(Dev-Genç)[32]یشی وەکو هێزی پێشەنگی ئەو تێکۆشانە و لەژێر پێشەنگایەتی ئەودا رزگاربوونی لەدەست چەوسێنەرانی بە وردی بۆ باس کردین.

ئەم باسە خۆشەویستی (یوسف کەنعان دەنیزی) لە دڵماندا زیاترکرد. لە "چەپڕەوترین" مامۆستاکانمان بوو. باسی چەوساوە و چەوسێنەری بۆ کردبووین، بەتایبەتی لەسەر تەختە بە هێڵکاری و بە پێناسەکردن. لەگەڵ پشووی وانەکە، سەرەڕای ئەوەی زۆرێکمان نەماندەزانی ئەمە واتای چییە، رێکخستنێکە، کەسێکە، بە یەکدەنگ دەستمان کرد بە گووتنەوەی "دەڤ ـ گەنج"، ماوەیەک بەو شێوەیە بە کۆمەڵ دووبارەمان کردەوە. لە وانەی دووەمدا مامۆستاکەمان ئاگاداری کردینەوە کە هەروا و لە هەموو شوێنێک بەو شێوەیە هاواری ئەو ناوانە نەکەین، گێڕانەوەی باسەکانی ئێرە لە شوێنی تر مەترسی دەبێت و فێری نهێنی پارێزیی کردین. "هەندێک شت لە هەرکات و لە هەر جێگەیەک نەدەگووترا!"

[32] کۆنفیدراسیۆنی گەنجانی شۆڕشگێڕ، لە ساڵی 1965 لەلایەن فیدراسیۆنی یانە فیکرییەکانەوە لە تورکیا دامەزرا. لە ساڵی 1969 ناوەکەی بۆ دەڤ – گەنج؛ گەنجانی شۆڕشگێڕ کورتکرایەوە. کۆمەڵێک رێکخراوی چەپڕەو و دژە ئیمپریالیزم، فاشیزم و ئۆلیگارشیزم بوون و هاوکات لە هەموو نەتەوەکانی تورکیای لەخۆوە دەگرت. تا ئێستاش بەشێواز و ناوی جیاجیا درێژە بە هەبوونی خۆی دەدات.

## کات بەردەوام بوو لە فێرکاری

ڕووداوەکەی گوندی قزڵدەرە[33] چەپڕەوێتییەکی منداڵانەی لەدڵمدا چاندبوو. لە ڕۆژنامەکاندا وێنەکانی گوند لە پاش شەڕ، خانووی ڕووخاو و سوتێندراو، ئەو وێنانەی لە کادانەکەدا دەستیان بەسەردا گیرابوو تیایدا وێنەی (ئەرتوغروڵ کورکچو)[34]وێنەی کوژراوەکان هەبوو. ئەمسەر و سەر و ڕەنگاوڕەنگ. ڕووخساری مانگئاسای (ماهیر چایان)، چاوە گەورە و جوانەکانی دەیان ئاخ و داخی لەدڵ دەدا. (10) کەس، (10) ڕۆحی مەزن پێکرابوون. ئۆییی! قزڵدەرە چۆن دانت بەخۆتدا گرت؟ تەماشایەکی ڕۆژنامەکەم دەکرد و بیرم دەکردەوە: چاوەکانم بیرکردنەوەکانی بەرەو دواوە دەگەڕاندمەوە. لە ڕووداوەکەی (پیر سوڵتان عەبداڵ) خوێناویتر بوو. بۆ دەستکردن بە تێکۆشانی گەریلا دەیانویست ڕووبکەنە هەرێمەکانی دەریای ڕەش. بەڵام لەو سەروبەندەدا ئەگەری لە

---

[33] (11)گەنجی شۆڕشگێڕی کورد و تورک بە سەرکردایەتی ماهیر چایان، بە ئامانجی ڕێگریکردن لە لەسێدارەدرانی دەنیز گەزمیش و هاوڕێکانی، ڕۆژی 27ی ئاداری 1972 چەند ئەندامێکی سەر بە ناتۆیان ڕفاند، داخوازی گۆڕینەوەی دیل و دانیشتنەکانیان لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە ڕەتکرایەوە و پاشان بەهێزێکی زۆرەوە گەمارۆدران و پەلاماریان دان، دوای شەڕێکی درێژخایەن جگە لە ئەندامێکی چالاکگەران (ئورتوغروڵ کورکچو) کە توانیبووی خۆی ڕزگار بکات، سەرجەم چالاکگەران شەهید کران و دیلەکانیش هەر لەو پەلامارەدا لەلایەن دەوڵەتەوە کوژرابوون.

[34] لە ساڵ1948 لە شاری بورسای تورکیا لەدایک بووە، لە ساڵی 1970 بە سەرۆکی (Dev-Genç) هەڵبژێردرا. دوای 14 ساڵ زیندانی، لە ڕیزی پارتە چەپ و شۆڕشگێڕەکانە و لە ڕیزی پارتی دیموکراتی گەلان HDP دا ئەندام پەرلەمان بووە و بەردەوامە لە خەباتی سیاسی.

سێدارەدانی (دەنیز گەزمیش) و هاوڕێکانی لە ڕۆژەڤ دابوو. بەو هۆیەوە لەیەکێک لە پێگەکانی ناتۆ چەند ئەرکدارێکیان بە بارمتەگرتبوو. ئامانجیان ڕێگرتن بوو لە لەسێدارەدانی (دەنیز) و هاوڕێکانی. بەڵام وەکو پێشبینیان کردبوو وادەرنەچوو.

دواتر لە 6ی ئایاردا دەنیز و هاوڕێکانی لە سێدارە دران. نەخێر چیتر ئەوم وەکو' کەسێک کە بە دەریاکاندا دەگەڕێت' نەدەبینی. شۆڕشگێڕ بوو، ملیتان بوو، بەتایبەتیش کۆمۆنیستێکی مەترسیدار بوو بەلای دەوڵەتەوە. بڕیاری لەسێدارەدانی لە خۆڕا نەبوو. هەوڵمدەدا شوێن و دارەکانی لەسێدارەدانی لەبەر چاوانم زیندوو بکەمەوە. هەرگیز نەمبینیبوو.

هەموو کەسێک قسە لەسەر لەسێدارەدانیان دەکات. ڕۆژنامەکان پڕبوون لە هەواڵی بەوێنە. دراوسێکان ڕۆژنامەیان دەکڕی. زیاتریش مام (عەلی ئاتامان) دەیکڕی. لە دۆخی وەهادا حەیفم پێ دەهات و دەمگووت 'بریا لەماڵی ئێمەشدا کەسێک هەبووایە ڕۆژنامەی بکڕیایە' بە خەرجی ڕۆژانەکەم جاربەجار هەوڵم دەدا ڕۆژنامەی گیونئایدن (Günaydın) یاخود هەر ڕۆژنامەیەک زۆر وێنەی تێدا بووایە بکڕم، بەڵام دایکم دژبەریدەکرد لە کڕینی ڕۆژنامە. هێشتا لەو سەردەمەدا ڕۆژنامەی بە مەترسی دەزانی. بەفیکری خۆی نەیدەویست فێری شتی مەترسیدار ببین. ئەمە لەکاتێکدایە بە بیر و بۆچوونێکەوە کە 'من کچێک بووم، بۆچی دەبێت بەوجۆرە شتانەوە خەریک بیم!' بەڵام قەدەخەکارییەکەی، هەڵوێستی ڕێگرتنی لە ئاگاداربوونم لە بچووکترین گۆڕانکاری، زیاتری هانی فێربوون و پێزانینی دەدام. دایکم پێی نەدەزانی بەڵام چاکەی لەگەڵ دەکردم، هانی دەدام تا شتی نوێ فێرببم.

ماڵی مام (عەلی ئاتامان) خێزانێکی قەرەباڵغ بوون. (فەتحیە)ی کچیان لە خوێندنگەی پیشەیی کچان دەیخوێند، لەگەڵ (پەریخان)یش لە یەک خوێندنگەدا بووین. منداڵەکانی تریشیان بچووک بوون. لەماڵدا دایە ئەمینە بەکاریگەرتر بوو، کاروبارەکانی ئەو ماڵە بەدەستی ژنان هەڵدەسووڕا. گوشار نەدەخرایە سەر کچەکان. هەموویان پێکەوە رۆژنامەیان دەخوێندەوە، گوێیان لە رادیۆ دەگرت. لەم رووەوە هەمیشە ئێرەیم بەوان و دایکیان دەبرد. دەمگووت خۆزگە دایکی منیش وەها دەبوو. زیاتر تێکەڵاویم لەگەڵ ئەواندا هەبوو.

## (دەنیز ، یوسف ، حسێن )

ئیتر سێ ناو لەسەر زاری هەموو کەسێک بوو. ڕۆژانێکی دوور و درێژ قسەیان لەبارەوە دەکرا. کە لە سێدارەدران، خواردنی سەر خوان وەکو خۆی و قاپەکان بەنیوە و ناچڵی خواردنەکانی ناویانەوە هەڵگیران. کێ لە ئازاردا، کێ لەتاو کەسوکارەکانی، کێ لە تاو تاسە و ئەندێشەی منداڵەکانیان کە لەدوور، لە شارەکانی تر بوون تامی خواردنیان نەدەچەشت. گریانی (فەتحیە) و ئەوانم بەبیر دێتەوە. وێنەکانی سەر ڕۆژنامەکانمان دەبڕی و دەمانشاردەوە. هەشبوو بە دیواری ماڵەکانیانەوە هەڵیاندەواسی. ڕۆژنامەی وەها هەبوو کە لاپەڕەیەکی تەواویان لە وێنە و هەواڵی ئەوان پڕکردبۆوە. بەمجۆرە (دەنیز) و هەڤاڵانی چووبوونە هەر ماڵێکەوە، تەنیا "بە دەریاکاندا نەگەڕابوون" ئەو دروشمانەی لەسەرووبەندی ڕۆیشتنیان بەرەو سێدارە هەڵیاندابوون، بەشبەش و کەمکەم لەو نامانەی بۆ کەسوکارەکانیان نووسیبوویان لە ڕۆژنامەکاندا دەبیندران و شیرۆڤە دەکران. لەسەر پەڕاو (دەفتەر)ەکانمان ناویان هەبوو. هۆنراوەمان لەسەر دەنووسین. پیتی سەرەتای هەر یەکێک لە ریزەکانی هۆنراوەکە بە پیتەکانی ناوی ئەوان دەستی پێدەکرد. سەرقاڵی دەبووین تا هۆنراوەیەکمان لە کۆی ناوی هەر سێکیان دەنووسییەوە. لەوانەیە بە ئەقڵی منداڵیمانەوە شێوەگیرمان کردبێ، بەڵام سەرجەمیان هەست و سۆز و ڕاستی سەبارەت بەوان بوون. کاردانەوەیەکیان بەرامبەر بە دەوڵەتەکەیان دەردەبڕی.

چەپڕەوییەکەی ئەجەوید[35] باشترین جێگرەوەی چەپڕەوی شۆڕشگێڕی بوو!

لەناو باخچەی باڵەخانەکەی ئێمە تیایدا نیشتەجێ ببووین، خانووێکی لە قوڕ دروستکراو هەبوو. دوو ژووری هەبوو. زستانان، یان راستییەکەی کاتی کرانەوەی خوێندنگە دۆزینەوەی خانوو و بەتایبەتی "خانووی خوێندکاران" زۆر ئاستەم دەبوو. هەموو کەسێک دەیویست لەلای خزمێک، هاوگوندییەک یاخود ناسراوێکی خۆی خانوو بەکرێ بگرێت. ئەمە هەست و نەست و خواستی هەموو کەسێک بوو کە لە ناوچە شاخاوییەکانەوە دەهاتن. لە کوێ ناسراوێکیان هەبووایە وا بەبیریاندا دەهات کە خاوەنداری لێدەکەن. بێگومان ناحەقیش نەبوون. چونکە شار قەرەباڵغ و ئاڵۆز بوو، بەو هۆیەشەوە مایەی ترس و ئەندێشە بوو بۆ هەر کەسێک کە لەدەرەوەی شارەکانەوە بهاتایە.

خاوەن خانووەکەمان ئەو خانووە قوڕەی بۆ خوێندکارە ناسراو و خزم و هاوگوندییەکانی خۆی بەکرێ گرتبوو. بەگشتی بۆ کوڕە خوێندکارەکان دەبوو. بەڵام جار و بار دەیاندا بە یەک دوو کچە خوێندکاری خزمیشیان. لەگەڵ قەرەباڵغ بوونیان، نیشتەجێبوونی یەک دوو کچە خوێندکاری خزمیان زەحمەت دەبوو. هەرچەندە سەرەتا ئەوانەی خانووەکەیان دەگرت

---

[35] سیاسەتمەدارێکی تورکە کە لە سەرەتای 1960کانەوە دەچێتە ناو سیاسەتەوە و لەماوەی سالانی 1974 – 2002دا 5 جار دەبێتە سەرۆکوەزیری ئەو وڵاتە و یەکێکە لەو سەرۆکوەزیرانەی کە لەسەردەمی ئەرکەکەیدا و لەژێر بەرپرسیارێتیدا زیاترین شەڕ لە دژی کورد کراوە، لەو سەردەمەدا کە لەم پەرتووکەدا ناوی هاتووە سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری CHPبووە. دەگوترێت کە بەهۆی ئەسمەرییەکی لەڕادەبەدەرەوە ناویاننا وە Kara Oğlanکوڕە رەش.

ژمارەیان کەم بوو، بەڵام تا دەچوو ژمارەیان زیاد دەبوو و زۆربەیان خوێندکارانی ناوەندی و دواناوەندی بوون.

منداڵەکانی خاوەن خانووەکەش لە ژوورەکانی قاتی یەکەمی تەلارەکەدا دەبوون. لەگەڵ یەکێک لە شۆڕشگێڕەکاندا لەمماڵەدا یەکترمان ناسی. لە گەرما و گەرمی ڕووداوەکانی ئەوسادا ئەویش باسی (دەنیز) و هاوڕێیانی بۆ دەکردم، بۆینباخەکەی نیشاندام و پێی گووتم: کە دیاری (ماهیر چایان) بووە. ناوی چەند کەسێک لە کوژراوانی گوندی قزڵدەرەی هێنا و دەیگووت: کە لەگەڵ چەند کەسێکی تر هاتوون بۆ گوندەکەیان و پێکەوە قسەیان کردووە. ئەوەشی گووت کە: لە گوندەکانی هاڵبۆری، چوکور و گوندەکانی دەوروبەردا خوێندکاری شۆڕشگێڕ هەن و لە زانکۆ دەخوێنن. برا گەورەیەکی (وەلی تایهان)یش لە ئەنکەرە دەیخوێند. ئەرمەنی بوون. ئەو تایبەتمەندییانەی هەمیشە سەرنجی ڕادەکێشاین. درەنگانی شەوێک، کەسێکی چوارشانە و گەورە لە دەرگای داین و پرسیاری کاکەمی کرد. ئەویش لەو ماڵەدا ئامادەبوو. وەکو بڵێی بەڵێنی هەبووبێت و چاوەڕێی کەسێک بکات. دۆخێکی وەهای نیشان دەدا وەکو بڵێی لە ژوورێکی تردا بووبێت و سەرقاڵی شتێک بووبێت. نەهاتە ژوورەوە و گووتی کەوا دەبێت دەستبەجێ لە شار بڕوات و بگەڕێتەوە بۆ شوێنێک. دواتر پێمزانی کە ئەم کەسە براگەورەی (وەلی)یە.

دەمانچەیەکی گەورەی وەرگرتەوە و ڕۆیشت کە پێشتر لای کاکەم دانابوو. بە نهێنییەوە دابووی بە کاکەم. بەمنی نەزانی کە لە هۆڵەکەم. لامپی هۆڵەکەمان هەڵنەکردبوو و ڕووناکی ژوورەکانی خامۆش بوو، بۆیە سەرنجی ڕانەکێشابوو. منیش

ئەوکاتە هەستێکی جیاوازم هەبوو و دڵخۆشبووم بەوەی کەوام دەزانی کاکەم بەکاری نهێنییەوە سەرقاڵە.

پەرتووکێکی کەم لەماڵماندا هەبوو. ئەوانەش کاکەم هێنابوونی. رۆمانەکانی (فاکیر بایکورت، یاشار کەمال، کەمال تاهیر) بوو، پەرتووکی هۆنراوەکانی (تۆفیق فیکرەت)م لەیادە. کاتێک کاکەم هۆنراوەکانی دەخوێندەوە حەزم لە گوێگرتنیان بوو. دەنگێکی زوڵاڵ و خۆشی هەبوو. بەتایبەتیش کە هۆنراوەی (ئاڵی تورنام)ی دەخوێند، زۆر حەزم لە دەنگی دەکرد. دواتر کاتێ بیستم کە گۆرانی فاشیستەکانە، پێی تێکچووم، بەڵام هەمووکات حەزم لەو گۆرانییە دەکرد و لەبەر خۆمەوە دەمگووتەوە. هێشتاش بەحەزێکی گەورەوە گوێی لێدەگرم و دەیڵێمەوە.

تا دەهات بەشێوەیەکی گشتی دیاردەکانی (چەپڕەوی و شۆڕشگێڕی) لە مێشکمدا بە واتایەک دەگەیشتن. ئیتر گۆرانییەکانی سەر زاریشمان گۆڕابوون؛ (دەنیز) و (ماهیر) و هاوڕێیانیان هاتبوونە ناو گۆرانییەکانمانەوە. هەڵبژاردنی سینەما، گۆرانی و پەرتووک و پێوانەکانیان گۆڕانیان بەسەردا دەهات. فیلمەکانی (یڵماز گیونەی)[36] لەدەستنەدەدرا: هەر رۆژێک فیلمی ئەو هەبووایە، بلێت نەدەما. پێشتر دەست بە پێشبڕکێی کڕینی

[36] هونەرمەندێکی سینەماکار و نووسەرێکی نیشتمانپەروەر و بەناوبانگی کوردە، 47 ساڵی تەمەنی بە شاکاری گەورەی هونەری پڕکردەوە، چەند جارێک لەلایەن دەوڵەتی تورکی داگیرکەرەوە دەخرێتە زیندانەوە تا دواجار لە 1976 خرایەوە زیندان و لە 1981 دا لە زیندان رایکرد و چووە دەرەوەی وڵات، لە ئەیلولی 1984 بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی گەدەوە لە پاریس کۆچی دواییکرد، یەڵماز گیونەی؛ جگە لە دەیان فیلم و دەیان خەڵاتی جیاجیا لە بوارەکانی سینەما و نووسەریدا، زیاتر لە 15 پەرتووکی چاپکراویشی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە.

بلیت دەکرا. بۆی دەڕۆیشتن تەنانەت ئەگەر بەپێوەش تەماشایان بکردایە. لەکاتی تەماشاکردنیشدا خۆپیشاندان دەکرا. لە یەکێک لە فیلمەکانی (موراد سۆیدان)دا دیمەنی لە سێدارەدان هەیە. لە تەماشاکردنی ئەو دیمەنەدا پرمەی گریان زۆربەی تەماشاڤانی گرتبووەوە، بەڵام هەموو کەسێک تووڕەیی و رقی خۆیان بە قاچ کێشان بە زەویدا، هۆیهاکردن نیشان دەدا. گوێ بۆ گۆرانییەکانی (مەحسونی)[37] و (زەمانی) رادەگیرا. گۆرانییەکانیان کاری لێدەکردین و دەیانخرۆشاندین.

ئەمانە تەنانەت هێشتا نیشانەی پێشکەوتن نەبوون لەسەر بناخەی زانستییانە. دەشێت کاریگەری بن، گومان لەوەشدا نییە کە سەرجەمی ئەم کاریگەرییانە لە شێوەگرتنەکەی دواتردا رۆڵی گرنگیان هەبوو. لەلایەکی تریشەوە کاریگەری ئەجەویدگەرایی هەبوو. (قەرە ئۆغلان) وەکو رزگارکەر لێکدەدرایەوە. چەپڕەوی هێشتا بە رێکخستنی میلیتانی شۆڕشگێڕ نەگەیشتبوو و لەم واتایەدا بەردەوامی بەدەست نەهێنابوو. کاریگەرییەکی زۆری لە گرووپی شۆڕشگێڕ کردبوو. ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە چەپڕەوی بکرایە بە رێکخستنێکی پێشەنگ و لە کاری بەرجەستەدا چالاک بکرایە، ئەوا چەپڕەوییەکەی (ئەجەوید) مایەپووچ دەبوو، یاخود بەو ئەندازەیە کاریگەری لەسەر نەدەکرد. توانستی گەنجان لە دێرسیم، بەگشتیش خەڵکی

---

[37] هونەرمەندێکی میللی بەناوبانگی کوردە کە نازناوە راستەکەی (ئاشق مەحزونی شەریف)ە، هەرچەندە گۆرانییەکانی بە زمانی تورکین، بەڵام سەرجەمیان ئێش و ئازارە جیاجیاکانی خەڵکەکەی دەخەنەڕوو. 1940 – 2002.

هەرێمەکە لەژێر کاریگەرییەکی چڕی بەبیانیکردن دابوو و (ئەجەوید)یش خیتابی ئەو توێژەی دەکرد، بەهەمان شێوە بەرهەمیشی بەدەستدەکەوت. لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زۆرینە بۆ (ئەجەوید) بوو. (CHP) پارتی (ئەجەوید) بوو. لەناو پارتییەکانی دەوڵەتدا گەڕان بەدوای باشترینیان، پێشەنگترین نوێنەرایەتیکەری دەوڵەت بە رزگارکەر بینین کارێکی زۆر بێ واتابوو. هەست نەکردن بە جیاوازی نێوان چەپڕەوی شۆڕشگێڕی بەرهەڵستکاری دەوڵەت و چەپڕەوی کەمالیستی دا، کۆکردنەوەی هەردووکیان لە (ئەجەویدگەرایی)دا بەدواداچوونێک بوو؛ کە بەشێوەیەکی تر قووڵکردنەوەی دوورکەوتنەوە بوو لە جەوهەر.

لەبەرکردنی کراسی شینی (ئەجەوید)یی، پلانکارت و فۆتۆکانی (ئەجەوید)، لە هەڵبژاردنەکاندا دڵخوازانە پڕووپاگەندەکردن بۆ (ئەجەوید)، بەشداریکردن لە چالاکییەکانیاندا، کار و چالاکی بنەڕەتی ئەو توێژە بێئاگایە بوو کە خۆیان بە چەپڕەو دەزانی. ئەوانەی لەخۆیان ڕادەدیت ژێربەژێر چەپڕەویتی بکەن، دەیانویست بەشێوازی چەپڕەویتییەکەی (CHP) بەرهەڵستکاری دەوڵەت بکەن. (ئەجەوید) بۆ ئەوان لە ئاستی رزگارکەرێکدا بوو. هەر هیچ نەبێت لە (سلێمان دەمیرەل)[38] و ئەوانی تر باشتر بوو! بەڵام

---

[38] بە یەکێک لە پیاوانی دەوڵەتی نهێنی و شاراوەی ناو دەوڵەتی تورک دەناسرێت، لەنێوان ساڵانی 1965 – 1993 دا بەگشتی لەگەڵ 7 حکومەتدا زیاتر لە 10 ساڵ سەرۆکوەزیری کردووە، هاوکات لە 1964 – 1980

لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەت دەیویست بە ڕێبازی (ئەجەوید) چەپڕەوی رادیکاڵ بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، شۆڕشگێڕییەکەی وەک ئەڵتەرناتیفی چەپڕەوی پێشکەش بکەن. زۆر بە ئاشکرا بانگی باس و خواسی فریادڕەسییەکەی (قەرەئۆغلان)یان دەکرد. بەتایبەتی هەوڵەکانی کۆکردنەوەی بەرهەڵستکارانی دەوڵەت لە چوارچێوەی دەوڵەتگەرایەتی (CHP) دا و ئاوێتەکردنیان بەو ڕێبازە، بەرچاوترین بوون.

لەو سەردەمە دابوو کە (ئەجەوید) هات بۆ دێرسیم. کۆتاییەکانی 1973 بوو. ئامادەکاری پێشوازییەکی قەشەنگی بۆ کرابوو. سەرجەم مینۆبیس، پاس و تەنانەت بارهەڵگرەکان بۆ ئەو ڕۆژە تەرخان کرابوون. هەر لە کۆڤانجیلەر، تا پردی مازگێرت، تا سیهەنک هەموو شوێنێک پڕ پڕ ببوو. زۆر تووڕە ببووم لەوەی نەمتوانیبوو ناوەندی شار تێپەڕ بکەین. باوکم لە قاتی سەرەوەی هۆتێلێکدا ڕایگرتین. ڕەنگی شینی (ئەجەوید) لەبەرکراوە و وێنەکەی (ئەجەوید)یشمان بەلای چەپی سنگماندا هەڵواسیوە. بەڵام ئەمەش بەشی نەدەکرد، بە بۆیاخێکی سوور لەسەر ستوونە چیمەنتۆکانی نهۆمی سەرەوەی هۆتێلەکە دروشمەکانی "قەرەئۆغلان دێت"مان دەنووسی. لە نهۆمی سەرەوەی هۆتێلەکەی بەرامبەر بالاخانەی شارەوانی بووین.

---

سەرۆکی پارتی داد و پاشان لە 1987- 1993 سەرۆکی پارتی ڕێگەی ڕاست بووە. دەمیرەل کە بە یەکێک لە سەرسەختترین دووژمنانی کورد دەزانرێت، دانبەوەشدا دەنرێت کە گەلێک شتی نهێنی هەیە و ئاشکرا نەبوون. 1924 - 2015.

مەیدانەکە پڕاوپڕ بەدی دەکرا. نهۆمەکانی سەرەوە و سەربانەکان بەر لە هاتنی (ئەجەوید) پڕ پڕ ببوون.

دواتر (ئەجەوید) بەدەرکەوت، (رەهشان ئەجەوید)[39]یش لە تەنیشتییەوە. دەستیان رادەوەشاند. ئاپۆڕا خرۆشا بوو. بە یەکدەنگ دروشمیان دەگووتەوە و مەیدانەکەیان هێنابووە لەرزە. پاشان لە بانێژەی بالاخانەی شارەوانییەوە دەستی بە قسەکرد؛ گووتی "خەڵکی دێرسیمی خۆشەویست" بەڵام بێدەنگ کردنی قەرەباڵغییەکەی خەڵک کارێکی ئاسان نەبوو. فیکە و دروشم هەڵدان کۆتا نەدەهات. سەرباری ئەوە بەردەوام بوو لە قسەکردن. باسی لە گرانی، زیادکردنی بەهای خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت، هەژاری و نەداری خەڵکی دەکرد. بەڵێنی زۆر و بۆریشی دەدا.

---

[39] هاوسەری ئەجەوید.

## دایکم فێری سەرکەشی و شەڕکردنیشی دەکردم!

ئەو ساڵە باوکم بڕیاری دابوو من و کاکەم ببات بۆ ئەڵمانیا. نەمدەویست واز لە خوێندنگە بهێنم. ناوەندیم تەواو کردبوو و دەمویست بەردەوام بم. تەنانەت مەیلی پەرستاری، خوێندن لە خوێندگای فێرکاری تەندروستی کاریگەرتر بوو لەلام. زۆر شارەزای تایبەتمەندییەکانی خوێندنگەی ناوخۆیی نەبووم، بەڵام کچانی خزم و کەسوکار هەبوون کە خوێندبوویان. کچێکی خاڵم لە دواناوەندی فێرکاری پیشەیی خارپێتی کچان دەیخوێند. کچەکەی مامیشم لە ئاکچاداغ دەیخوێند. پابەندبوونیان بە خێزانەکەیانەوە زیاتر سەرنجی رادەکێشام. وابیرم دەکردەوە کە تادوور بکەوتمایەتەوە؛ خۆشەویستتر دەبووم. هەڵوێستەکانی دایکم لەناخمدا بەمشێوەیە پاڵی پێوە دەنام بۆ ژیانیی دووری. بچووکترینمان دووکچە دووانییەکە بوون. ناوەکانیان (فەریدە) و (نەسیبە)ی هاوڕێی خوێندنگەی سەرەتاییم بوون. پێگەیاندنیان زۆر زەحمەت بوو. دایکم هەر جارێک توورەیی خۆی دەردەبڕی و دەیگووت:" وەکو دەرەقەتی یەکێک نەدەهاتم، خودا دووانی تری بەجارێک دامێ!" منیش لە دڵی خۆمدا پێدەکەنیم و دەمگووت:" باشە کە لەدایکبوون " و دڵخۆش دەبووم. لە یادمە دایکم کاتێک سکی پڕ بوو؛ توورە دەبوو لەبەر ئەوەی کە کچ بووم، منیش دەمگووت:" خۆزگە دووانی تریش دەبوون." کە ئەمەم دەگووت دیارە داوای دووانەم نەدەکرد! لەواتای زۆری ژمارەدا دەمگووت. دوای لەدایکبوونی جمکەکە، وامدەزانی خودا گوێبیستی نزاکانم بووە و پەسندی کردووە، بەهۆیەوە دڵخۆش بووم. هەڵبەتە بەهۆی زەحمەتییەکی زۆر لە گەورەکردنیاندا منیش جاروبار دووچاری زەحمەتی دەبووم.

زیاتری خۆی؛ من بە (نەسیبە)وە و دایکیشم بە (فەریدە)وە خەریک دەبوو. هەردووکمان پێکەوە ئەوانمان دەخستە ناو بێشکەوە بەدەستی خۆمان تێرمان دەکردن. وای لێهاتبوو کە دراوسێکان بە (نەسیبە)یان دەگووت:" کچی ساکینە". (فەریدە) رەنگ زەرد و (نەسیبە)ش ئەسمەر بوو. دووانەی دوو هێلکەی جیاواز وابوون. لە دوای لەدایکبوونیان دایکم نەشتەرگەری ریخۆڵەکوێرەی کرد. ئەمەش کارەکەی بۆ من زۆر زەحمەتتر کردبوو. کاروباری ناوماڵ، بەواتایەک بەخێوکردنی دووانە، هەر لەو سەردەمەدا بەرپرسیاریتی ماڵ زۆری بۆ دەهێنام. لە تەمەنێکی بچووکدا ناچار بووم فێری زۆر شت ببم.

ئەو کاتە (7) خوشک و برا بووین. من گەورەکچی ماڵ بووم، جگە لە کاکەم، ئەوانی تر هەموویان لە من بچووکتر بوون و پێویستیان بە خزمەت هەبوو. سەرەڕای راپەڕاندنی پێداویستییەکانی وەکو جل، خواردن، نان، هاتوچۆی ناوبازاڕ زۆر کاری تریش، کەچی هەرگیز نەمدەتوانی دایکم مەمنون بکەم. لەکاتێکدا ژنانی دراوسێ لە راپەڕاندنی کارەکانی ناوماڵ و لێهاتوویدا منیان بە نموونە دەهێنایەوە بۆ کچەکانیان، دایکم بەپێچەوانەوە هیچ بەدڵی نەبوو، کەموکورتییەکی هەر دەدۆزییەوە. ژنێکی زۆر چەتوون بوو، زۆری ژمارەی منداڵەکانی، نەبوونی باوکم لە ماڵەوە، بەتەنیا و دڵتەنگی کردبوو. باری خێزانی لەلا قورس و زەحمەت بوو. دەرەقەتی نەدەهات. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کەسێکی تووڕە و توندبوو، ئەمەش کارەکەی بەلاڕێدا دەبرد و ئەویشی بێ بەزەیی دەکرد.

بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ خێزان، ئۆتۆریتا قەباکەی، بێ بەزەییەکەی و تۆزێکیش لە رووی جەستەییەوە هاوشێوەیی لەگەڵ (مارگرێت تاتچەر) لە ساڵانی دواتردا وایکردبوو کە پێی

بلێم (تاتچەر). ئەویش وابزانم ئەوکات لەماڵەکەی خۆیدا سنووردار کرابوو. باوکیشم بە (وێلی براند) چواندبوو. "ژنە پۆڵاییینەکە" دەوڵەتی بەڕێوەدەبرد، دایکە (زەینەب)یشم ببوو بە دەوڵەتێکی بچووک لەناو خێزاندا. هەرچییەک بزانێت بە زمان و یاساکانی خۆی بەڕێوەی دەبات. کەسێکە زیاترین کاریگەری لەسەر ژیانم کردووە. لەبەر ئەوە زۆر باسی دەکەم. دایکم لەگەڵ ئەوەی بە کەسایەتییەکی سەرکەشی گەیاندم، فێری شەڕکردنیشی کردم! بەو هۆیەوە زۆر قەرزاری ئەوم.

باوکم؛ من و کاکەمی رازی کرد و بردینی بۆ بەرلین. یەکەم جار بوو بەم شێوەیە لە دێرسیم، لەخێزان و لە دایە (زەینەب) دادەبڕام، بەڵام لەگەڵ دوورکەوتنەوە، تاسە و بیرکردنەوەش زیادی دەکرد، پەشیمانی سەریهەڵدەدا، دڵتەنگ دەبووم و چەند جارێکیش گریام.

دوای دێرسیم یەکەم شار کە بینیم خارپێت بوو. بەڵام پاسەکە راستەوخۆ رێگەی ئەستەنبۆڵی گرتە بەر. ئەوانەی لە پشووەکانی رێگەدا دەمبینین، سنووردار بوون بۆ ئەوەی بیانناسم. بەهەندێک شوێندا بە شەو تێپەڕین، نەمدەزانی چۆنن. گەشت کردن بەپاس زۆر هیلاک و هەراسانی دەکردم. تووشی هێڵنج و رشانەوەیەکی زۆر بووم. باوکم و کاکەم بەو جۆرە سەفەر و گەشتانە راهاتبوون. لەسەر پلانکارت و بەردەکانی دەروازەی هاتوچۆی کۆڤانجیلەر و خارپێت نووسراوی (MHP)[40] سەرنجی رادەکێشا. ئەو شوێنانە بە مۆڵگەیەکی

[40] پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی، لە ساڵی 1969 بە سەردەستەیی ئەفسەرێکی سوپای تورک بەناو ئاڵپ ئەسڵان تورکەش لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی یەکانگیرکردنی رەگەزپەرستی – ئیسلام دامەزرا، لەدوای مردنیی تورکەشەوە تا ئێستا دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی ئەو پارتەیە.

بەهێزی فاشیستەکان دادەنرا؛ نووسراوەکانیش ئەمەیان پشتڕاست دەکردەوە. لە شارەکانی قەیسەری، یۆزگات، بۆلو (MHP) و (AP)[41] بە رادەیەکی بەرچاو و بە دەگمەنیش گوزارشت لە (CHP) دەکرا.

سەرەنجام گەیشتینە ئەستەنبۆل. تابڵێی گەورە بوو. پردی بۆغاز[42] ئەو ساڵە دروستکرابوو. هێشتا تەواو نەکرابوو. پردێکی درێژ و زەبەلاح بەسەر دەریاکەوە. سەرنجی زۆر راکێشابووم. لە ئەستەنبۆل ژمارەیەک خزم و کەسوکارمان هەبوون کە پێشتر نیشتەجێ ببوون، بەڵام ئێمە نەچووینە لای کەس و لە هۆتێل ماینەوە. بلیتەکانی ئێمە و بلیتی گەڕانەوەی باوکم هاوکات کرابوو، پێویستە رۆژی بلیتەکە لەدەست نەدرێت. (بابا فاخر) کە لە خاوەنانی دەزگای (THY)[43] بوو، هاوشاری و دۆستێکی نزیکی باوکم بوو. بە تەلەفۆن بلیتی بۆ گرتبووین. (بابا فاخر)م مەراق دەکرد کە پۆرتریتی خاوەنکارێکی بە شکۆی دروست دەکرد لە مێشکمدا، دواتر لە بەرلین چاوم پێیکەوت، بەڵام بەڕاستیش مامەیەکی قسەخۆش و خۆشەویست و هەروەها بە شکۆ بوو.

یەکەمجار بوو سواری فڕۆکە دەبووم. زۆر خۆشبوو، بەتایبەتیش کاتێک بەناو توێژە هەوردا تێپەڕ دەبوو، جوانییەکی کەموێنەی هەبوو. وەکو ئەوەبوو بەسەر تۆپەڵە لۆکەیەکی گەورەدا هەڵبەز و دابەز بکەم. جێگەی سەرسوڕمانە، بەڵام هیچ

---

گەورەترین کۆڵەکەی ئەم پارتییەش برەودانە بە رەگەزپەرستی و دووژمنایەتی سەرجەم نەتەوەن و سەرخستنی شۆڤینزمی تورکی.

[41] پارتی داد، کە لەو سەردەمەدا سلێمان دەمیرێل سەرکردایەتی دەکرد.

[42] گەورە پردە هەڵواسراوەکەی ناو شاری ئەستەنبوڵ کە هەردوو بەشی ئاسیا و ئەوروپا لەو شارەدا بەیەک دەگەیەنێت.

[43] هێڵی ئاسمانیی تورک.

شتێکم بەلاوە سەیر نەبوو. یەکەمجار بوو دەمبینی، یەکەم جاربوو شتێکی وەهام بەسەردەهات لە ژیانمدا و زوو لەگەڵی دەگونجام و رادەهاتم، هیچ شتێکم بەلاوە نامۆ نەبوو. هەر شتێکیشم نەزانیبایە تەماشای دەوروبەر، باوکم و کاکەم دەکرد و فێردەبووم. لە بەکارهێنانی خوانی ناو فڕۆکەکەدا تووشی زەحمەتی نەبووم و یەکەودەست بەکارمهێنا. فڕۆکەکە لە سۆفیا[44] سووتەمەنی وەرگرت. "لە وڵاتێکی کۆمۆنیست دا بووین" لە وانەی مێژوودا شتی جیاوازمان لەبارەی بولگاریاوە خوێندبوو. رژێمی سۆسیالیست قەڵەمڕەو بوو. بەم هۆیەوە لە تێپەڕبووندا سەرنجی راکێشام. بەڵام تەنیا لە فڕۆکەخانەکەی نیشتینەوە. نەمزانی خەڵکەکەی، پەیوەندی ناوخۆیان چین و چۆنن؟ کە تەماشام دەکرد هەوڵم دەدا جیاوازییەکان بدۆزمەوە، بەڵام تەنیا پۆلیسەکانیان جیاوازبوون. تووشی هەمان ئەو هەست و کاردانەوەیە نەبوومەوە کە لەبەرامبەر بە پۆلیسی تورک هەمبوو.

ئەڵمانیا گەورەبوو. شتووتگارد، فرانکفۆرت، بەرلین و دواتریش چووینە بەرلینی رۆژهەڵات. باوکم لەوێ پێی گووتین: "تەماشا بکەن، ئێرە بەرلینە، دواتر کراوە بە دوو پارچە و دیواریان لە نێواندا دروستکردوون. لە خوێندنگە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی رژێمی ئەڵمانیای رۆژهەڵات هەندێک زانیاریمان وەرگرتبوو، گومان لەوەدا نییە کە بەشێوەیەکی بەرجەستە بینینی ژیان و جوگرافییاکەی جیاوازە. بەڵام ئێمە تەنیا تێپەڕدەبین.

لە فڕۆکەخانەکەی بەرلین نیشتینەوە، بە ئۆتۆمۆبێل لە دەرگا گەورەکەی ئەو کۆڵانەی (Johanniterstraße 10)ی لەسەر

---

[44] پایتەختی وڵاتی بولگاریایە.

نووسرابوو چووینه ژوورەوە. دوای تێپەڕکردنی چەند باڵەخانەیەک چووینە خانووێکی دوونهۆمی و تەنها و جیا لە باڵاخانە بەرزەکانی ترەوە. یەکەمین شت کە دڵگیری کردم سادەیی و جیابوونی خانووەکە بوو. قەرەباڵغی باڵاخانە و تەلارەکان هیچ خۆش نەبوو بەلامەوە. باوکم دەیگووت: کەوا خانووی تری دەستنەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەڵمانیا پێکەوە ژیانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە خانووێکی وەها بچووکدا بە کارێکی تەندروست و راست نازاندرێت، قەدەخەیە! لە شوێنێکدا کە تەنیا کەسێک دەتوانێ بمێنێتەوە، ئێمە سێ کەس دەماینەوە. ژوورێک، هۆڵێکی بچووک، چێشتخانە و گەرماوی هەبوو.

باوکم بۆچی من و کاکەمی هێنابوو؟ ئێمەشی بردبوو بۆ ئەو شوێنەی کە خۆیشی پێی دەگووت:"مەملەکەتی گاور" و بەهۆی زەحمەتی دۆخی کارکردن و لە هەمووشیان گرنگتر دووربوونی لە ماڵ و منداڵەکانی خۆشینەدەویست. ئەمەش لەکاتێکدا کە هەردووکمان خوێندنمان راوەستاندبوو. ئامانجیشی نەبوو بمانخاتە ناو کارەوە. من (14) و کاکەم (17) ساڵ بوو. رەفتار و هەڵسوکەوتی بەرامبەر بە کاکەم سەیر بوو. گەورەی ماڵ بوو، شانبەشانی ئەو خەسڵەتانەی تایبەتن بە منداڵی یەکەم، هەمیشە لە دۆخێکی تایبەت بەخۆیدا بوو. دایکم هەرگیز ئەم تایبەتبوونەی پەسند نەدەکرد. هاوکات کاکەم لەماڵیشدا جیاواز بوو. هەموو شتێکی تایبەت بوو. ورد و خاوێن بوو، جلەکانی هەمیشە خاوێن و ئوتوکراو بوون. جار هەبوو لە رۆژێکدا دوو تا سێ جار جلەکانی دەگۆڕین. هەرگیز گۆرەوی یاخود کراسێکی چڵکنی بەدی نەدەکرا، دەیکرد بە قیامەت. لە ماڵدا دوایین کەس بوو هەڵدەستا لەخەو. خوانی بۆ ئامادە دەکرا.

تەنانەت نەیدەزانی پەرداخەکەی بە دۆلکە ئاوەکەی سەرمێزەکە پڕ بکات، نەیدەکرد. بەگشتی چێشتی ماڵەوەی بەدڵ نەبوو و دەچوو بۆ چێشتخانە خواردنی دەخوارد. دایکم لەم بوارەدا زۆر تووڕە دەبوو و سەرزەنشتی دەکرد. دەیگووت:"دەڕۆیت شۆربا پیسەکەی چێشتخانەکان دەخۆیت، خواردنە خاوێنەکەی ماڵەکەت ناخۆیت. هیوای چیم بە رۆڵەیەکی وەکو تۆ هەبێت!" بێخێروبێرترین رۆڵە بوو بەلای دایکمەوە.

دایکم چێشتی خۆش و خاوێنی دروست دەکرد. تایبەتمەندییەکانی کاکەم نادیاربوون. هاوینان دەڕۆیشت بۆ ئەستەنبوڵ، ئەنتاڵیا و ئەنکەرە. باوکم بە جیا پارەی بۆ دەنارد. ئەو جگە لەمەش هەم بەزۆر پارەی لە دایکم دەسەند، هەم کە قەرزاریش دەبوو داوای لە باوکم دەکرد. هەر کات باوکم بگەڕایەتەوە بۆ سەردانمان، بارە قەرزێکی کاکەم دەدرانەوە. ئەگەر پێیشی بگووتایە "لەخوا بترسە رۆڵە" هەمدیسان لێی تووڕە نەدەبوو. باوکم کابرایەکی بێ وەی بوو. بەڵام ئەو هەڵوێستەی پاڵی بە کاکەمەوە دەنا کە وەکو کەسێکی مشەخۆر و بێ خەم بژی. بەپێچەوانەوە کاکەم زۆر بێ ویژدان بوو، هیچ بەزەیی پێدا نەدەهاتەوە. ئەم دۆخەی هەرگیز نەدەگۆڕدرا. پرەنسیپی تایبەت بەخۆی هەبوو. لە هەر مژارێکدا رێبازی تایبەت بەخۆی پەیڕەو دەکرد. گۆڕینی شوێن و وڵات بۆ ئەو هیچ واتایەکی نەبوو. تایبەتیبوونی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زۆربەی کات پەسن دەدرا و بەدڵگیرییەوە باسی لێدەکرا. تەنانەت دایکم هێزی گۆڕینی تایبەتمەندییەکانی نەبوو! گومان لەوەدا نەبوو کە باوکم تا دوا ڕادە خۆشبین بوو. بەتایبەتی تەنیا بە چاوی کوڕێکی خۆی بۆی نەدەڕوانی، وەکو هاوڕێیەکی بوو. بایەخ و بەهایەکی زۆری پێدەدا، لە تەمەنێکی گەنجێتیدا، کوڕە

گەنجێکی بە هەیبەتی خۆی، بە مایەی سەربەرزی دەبینی. دەوروبەر و دراوسێ ئەڵمانەکان، بڕوایان نەدەکرد کە ئێمە منداڵی باوکمان بین، هەردووکمان لە تەمەنی پێگەیشتن دابووین، تەمەنمان کەمتر دیاربوو لە درێژی باڵامان. باوکیشمان گەنج و لێهاتوو و زیرەک بوو.

باوکم لە پەیوەندییەکانیدا بەرتەسک و داخراو نەبوو، بەپێچەوانەوە دەتگووت هەموو کەسێک دۆست و هاوڕێیەتی. ئەو تایبەتمەندییەی دێرسیمییەکانی نەبوو کە بەدوای یەکدا دەگەڕان و پەیوەندییەکانیان بەخۆیانەوە سنوورداربوو. هاوڕێ و دۆستی خەڵکی سێواز[45]، قەرس[46]، قەیسەری، ئەستەنبۆڵی لێبوو. ئەوانەی دەهاتن بۆ سەردانمان هەر یەکەیان خەڵکی شوێنێک بوون. هاوڕێی ئەڵمانی، ئەفریقایی و لیبیاییشی هەبوو. خۆشەویست بوو؛ لە پەیوەندییەکانیدا سروشتی و گەرم بوو. زۆر پەیوەستبوو بە ماڵ و منداڵەکانییەوە. لەوێدا لە نزیکەوە باوکم دەبینی و زیاتر خۆشمدەویست.

لە ڕاستیدا بیر و هۆش و هەستی هەر لەلای ئێمە بوو. زوو زوو هاتنەوەی بۆ سەردان، بەردەوامی و لەکاتی خۆیدا ناردنی نامە، گۆرانی و هۆنراوە و ئامۆژگارییەکانی بەهۆی وابەستەیی و گرێدانییەوە بوو بۆ ئێمە. لەگەڵ نامەکانیدا دەنگی لە کاسێتێک تۆمار دەکرد و بۆی دەناردین. کاتێک گوێمان لە کاسێتی 'ئامۆژگاریمە بۆ منداڵەکانم' گرت، هەمووومان دڵپڕ ببووین. فێری

---

[45] یەکێکە لە پارێزگاکانی باکووری ڕۆژئاوای کوردستان و تاکە شارێکیشە زیاترین سنووری لەگەڵ شارەکانی تورکیادا هەبێت، دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ سیواس گۆڕیوە.

[46] پارێزگایەکی باکووری کوردستانە و دەکەوێتە هەرێمەکانی باکووری ئەو بەشەی وڵاتەوە، دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ کارس (قارس) گۆڕیوە.

راستییەکانی ژیانی دەکردین. خاڵ بە خاڵ قسەی لەسەر کردبوو. ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو کاسێتەمان شاردبووەوە. ئێستاش هەر دەڵێم "خۆزگە لەلام بووایە گوێم لێبگرتایەتەوە."

لە زەردەشتێتیدا ئەم تایبەتمەندییە جوانە. پەند و ئامۆژگاری گوزارشتی پەیوەستی و پابەندبوونە. پڕە لە ڕەخنە، ئاگادارکردنەوە. لەواتایەکدا ئێمە جیهانی باوکم بووین. لە باوکەکانی تر جیاواز بوو. زۆرێکیان بەساڵان نەدەهاتنەوە بۆ سەردان. سەرەڕای خێزانداریشیان، لە ئەڵمانیا جارێکی تر هاوسەرگیریان دەکرد و فێری خووی ژیانی خراپ دەبوون. خواردنەوە، قومار یاخود دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ژنانی تر، ئەو فێربوون و ڕاهاتنە خراپانە بوون کە ژیانیماڵیان سەراوبن دەکرد و زۆربەی جاریش دەبوونە مایەی پەرش و بڵاوکردنەوەی خێزان. کاتێک لەدێرسیم بووین ناوی زۆر کەس دەهێنرا، باسی هاوسەرگیریان لەگەڵ ژنانی ئەڵمان دەکرا. تەنانەت هەندێکیان لەگەڵ خۆیان دەیانهێنانەوە. ئەمانە دەبوونە مایەی نائاسوودەیی. هەندێکیشیان گوایا فێڵبازیان کردووە؛ دەیانگووت: بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی ژنە دەوڵەمەندێکدا ئەم هاوسەرگیرییەیان کردووە.

یەکێک لەو تایبەتمەندییە ئەرێنی و گرنگانەی باوکم کە لەناو کۆمەڵگەدا دەزانرا، بەوجۆرە مامەڵە نەکردنی بوو لەگەڵ ژن. هاوسێکانمان زیاتر متمانەیان پێدەکرد. کاتێک کارێکیان هەبووایە برۆیشتنایە، ئاسوودەبوون لەوەی هاوژینەکانیان لەلای باوکم بەجێ بهێشتایە. لە تەلارێکی پەناماندا ژنێکی باڵابەرز بەناوی (ئینگا) هەبوو. ناوی هاوژینەکەی (ڤیلی) بوو. دوو کچیشیان هەبوو. ئەو ژنە مەیلی بۆ باوکم هەبوو، یاخود باوکم مەیلی بۆی هەبوو. باوکم کەسێکی دروست و ڕاست بوو، باسی

پەیوەندییەکەی بۆ دایکشیم کردبوو. پێشیدەگووت:"منداڵەکانم بە قەد من دەبن، عەیبە.. لەدوای ئەم تەمەنە ژیانێکی ترم نابێت." و دایکمی خۆشدەویست. ئێمەش لەم بوارەدا لەلایەنی دایکمەوە هەڵوێستمان نیشاندەدا. جاروبار کە بەگاڵتەش قسەی لەسەر دەکرد، کاکەم دەیگووت:" وەڵڵا دەتکوژم ".

لە راستیدا ئەم هەڵوێستە باوکمی دڵخۆش دەکرد. دەیزانی متمانەمان پێیەتی. بەڵام دیسان رەچاوی دەکرد. بەگشتی یان پێکەوە دەگەڕاین یاخود بڕۆیشتایە بۆ هەر شوێنێک پێی دەگووتین. گەر لە کار درەنگ بگەڕایەتەوە، یاخود بێ ئاگادارکردنەوە بڕۆیشتایە بۆ هەر شوێنێک تەلەفۆنی بۆ دەکردین، ئەو کەسانەی دەهێنایە سەر تەلەفۆن کە لەگەڵی بوو، لە هەر شتێک بەدوور دەبوو کە ببێتە مایەی تێکدانی متمانەی. ئەمە شێوازی ژیانی بوو. ئەم تایبەتمەندیانەی رەنگی بە ئێمەشدا دەدایەوە. کاکەم تۆزێک فێڵبازتر بوو. جاروبار درۆی دەکرد، بەڵام بۆی نەدەلوا و ئاشکرا دەبوو. چونکە بەڕاستیش لەبەرامبەر بە هەڵوێستەکانی باوکم درۆکردن زۆر زەحمەت بوو. درۆکردن لەبەرامبەر بە کەسێکی دڵ و داوێن پاک کارێکی ئاسان نەبوو. راستەوخۆ دەستەکەت ئاشکرا دەبوو.

باوکم تایبەتمەندی خراپی جگەرەکێشان، خواردنەوە و قوماری نەبوو. هەرگیز دەستی بۆ جگەرە نەدەبرد، خواردنەوەکەشی لە میوانداریيەکاندا بەڕادەیەک بوو کە سەرخۆشی نەکات. لەبەرامبەر بە خواردنەوە بەهێز نەبوو، زوو سەرخۆش دەبوو، لەو کاتەدا دەستبەجێ سازەکەی دەهێنا و دەستی بە گۆرانی گووتن دەکرد، دەگریا. لە گۆرانییەکانیدا دووربوون و تاسە و بیرەوەری هەبوو. ئێمە، دوو منداڵی لەگەڵی بووین، بەڵام ئەو بە تەواوی ئاسوودە نەبوو، زۆرجار

لەسەر خوان بەچاوی فرمێسکاوییەوە هەڵدەستا. دەیگووت:" تۆبڵێی منداڵەکانم چی دەخۆن، تۆبڵێی پارەیان بەدەستگەیشتبێ؟ خەرجیان هەیە؟ زەینەب رەزیلی و چاوچنۆکی نەکردبێت؟ " و خەم دایدەگرت.

کاکەم زوو زوو لەو دۆخە تووڕە دەبوو، بە ئامانجی دڵنەوایيکردن، بەتوندی رەخنەی لە باوکم دەگرت. قسەکانی، باوکمی هێور دەکردەوە. بەڵام من بەپێچەوانەوە یان لەگەڵ باوکم پێکەوە یان لەو کاتانەدا کە ئەوان لەماڵ نەدەبوون دەگریام. بەتایبەتیش دڵم بە باوکم دەسووتا. کاتێک لە دێرسیم بووین گووتەی "منداڵی ئەڵمانچی[47] بەواتایەکی تر لێکدەدرایەوە. ئەڵمانچێتی دەوڵەمەندی بوو. پارە و پووڵێکی زۆر، دیارییەکی زۆر بوو. هەرکاتێک باوکم بهاتایەتەوە هەموو پێویستییەکانی دابین دەکردین، کەلوپەلی زۆر جوانی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە. ماوەی 20 رۆژ تا مانگێک درێخی لە هیچ شتێک نەدەکرد. دایکم لەم هەڵسوکەوتەی باوکم پەست بوو و باوکمی وەکو "دەستکراوە، پەرش و بڵاوکەرەوە" پێناسە دەکرد، پەست دەبوو لەوەی نەبووینەتە خاوەنی خانوو. ئەوانەی لەگەڵ باوکم پێکەوە رۆیشتبوون بۆ ئەڵمانیا، لە ئەستەنبۆڵ، خارپێت یان لە هەر شارێکی تر تەلار و باڵاخانەیان هەبوو، لە دێرسیم خانوویان دەبوو. ئێمە هێشتا کرێچی بووین و هێشتا نەمانتوانی بوو لە زەوییەکەماندا خانووێک دروست بکەین. کاتێک دایکم ئەو قسانەی دەکرد، باوکم بۆ دڵنەوایی دانەوە و رازیکردنی پێی دەگووت:" ماڵی دونیا، لەم دونیا دەمێنێتەوە." با منداڵەکانم

---

[47] نازناوێکی تایبەت بوو بە منداڵانی ئەو کەسانەی بۆ بژێوی ژیانیان روویان لە ئەڵمانیا کردبوو، دەگووترا.

ژیانێکی باشیان هەبێت و چاویان لەدەستی کەس نەبێت، ماڵ و هۆتێلم ناوێت".

جارێکیان دایکم بارکردنی لە دێرسیم و ڕۆیشتن بۆ شارێکی تری خستە دەنگدانەوە، جگە لە دایکم و کاکەم، ئێمە هەموومان لایەنگری باوکمان کرد. خواستی شارانی ترمان نەبوو و سەرنج ڕاکێش نەدەهات. بۆ کاکەم جیاواز بوو. ئەو هەمیشە دەگەڕا، ڕێبوارێک بوو بۆ خۆی. زۆرجار بیرم دەکردەوە کە ئەو لە من زۆر بە چانسترە. زۆر خاوێن بوو. لەم ڕووەوە زۆر شتی لێوە فێربووم. تەنانەت ڕۆژی سێ جار ددانەکانی دەشۆرد، بەتایبەتیش لەوەوە فێربووم شەو بەر لە خەوتن ددانەکانم بشۆم.

کاکەم ڕۆژێکیان لەسەر خوانی بەیانی پێیگووتم: "هەڵسە تازە کراسەکەم داکەند، بڕۆ بیشۆ پاشان وەرە دانیشە!" تازە کراسەکەی دانابوو و بێگومان دەمشوشت. بەڵام لەسەر خوان دانیشتبووین. لەناکاوێکدا مامەڵەیەکی بەو شێوەیە و هەوڵی بچووکخستنی من لەلایەن کاکەمەوە، باوکمی زۆر تووڕەکرد. باوکم بە نۆبە کاری دەکرد، تەنیا هەفتەیەک لەسەر خوانی بەیانیان پێکەوە دەبووین. لەهەفتەکانی تردا کاتی لە خەو هەستانی دەگۆڕا. بەدەگمەن هەر سێکمان پێکەوە دەبووین. جگە لەوەش کاکەم کێشەی تریشی هەبوو. شێوازی ژیانی، باوکمی زۆر تووڕە دەکرد، بەڵام تا ئەوکات بەشێوەیەکی ئاشکرا لەڕووی نەدابوو، زۆر جار نەهاتنەوەی بۆ ماڵەوە، زوو تەواوکردنی خەرجییەکەی، هیچ هۆشیارنەبوون لە خەرجییەکانیدا و خووەکانی تری، ئارامی باوکمی بڕی بوو. ئەو ڕۆژە باوکم بەسەریدا تەقییەوە. لەسەر ئەو قسەیەی کاکەم، ژێرجگەرەیەیەکی شووشەمان هەبوو، باوکم لەسەر مێزەکە

پڕیدایە و تێیگرت و گووتی: "کەر کوڕی کەر، هیچ ویژدانت نییە؟ هەموو کارەکانی ماڵەوە ئەم دەیکات، خزمەتی هاوڕێکانی تۆ و هاوڕێکانی من دەکات، خولەکێک راناوەستێت. پەلەی چیتە، تازە کراسەکەت داکەندووە، راوەستە با نانەکەی بخوات دواتر بۆت دەشوات." و لەسەر خوانەکە هەستا.

ژێرجگەرەکە بە بەر سەری کاکەمدا تێپەڕی و دای بە دیوارەکەدا پارچە پارچە بوو. ئەگەر زۆر بە خێرایی سەری دانەنەواندایە، مسۆگەر سەری دەشکاند. ئەمە هەڵوێستێک بوو کە کاکەم هەرگیز چاوەڕوانی نەکردبوو. زۆر کاری تێکرد، دەستی بە لوشە لوشیَ گریان کرد. ئەویش لەسەر خوانەکە هەستا و رۆیشت. تەنیا من مابوومەوە. پاروەکەم لە قورگدا قەتیس بوو و بۆم قوتنەدەدرا. پاشان منیش دەستم لە خواردن هەڵگرت، بەڵام ئێستاکە دەبیَ چی ببێت. باوکم لەماڵ دەرکەوت و رۆیشت. نەمدەتوانی بچمە لای کاکەشم. هەموو ئەمانە لەپێناوی من روویدا. ئەو کاتە هەستم بە بێهێزیی و بیَ دەسەلاتییەکی زۆر گەورە کرد. لەبەرامبەر بە گریانەکەی کاکەشم نەمدەتوانی دان بەخۆمدا بگرم. کاتێک رۆیشتم بۆلای و داوام لێکرد کە نەگری، لێم تووڕە نەبوو. زۆر سەرم لێی سوڕمابوو. دەمزانی بۆچی دەگریا، باوکم لەسەر حەق بوو لەتووڕەبوونەکەیدا. بەڵام بەخۆمم دەگووت:"ئەگەر ئەو ژێرجگەرەیە لە مەسەلەکەدا نەبووایە باشتر دەبوو". کاکەم باوکمی مەراق دەکرد و دەیویست بزانێت بۆکویَ رۆیشتووە، داوای لێکردم کە تەماشای پارکە درێژەکەی هاوتەریبی گەڕەکەکە بکەم. کاتێک تووڕە دەبوو بە باوکمی دەگووت "مۆروک"[48]..

---

[48] بەواتای پیرەپیاوی کەم هەست و لەخۆکەوتوو دێت.

گووتی:" مۆروک ئێستا دەچێت خۆی تووشی شتێک دەکات" و بەمەش ئەندێشە و نیگەرانی خۆی دەربڕی.

باوکم کەسێکی زۆر هەست ناسک و هەستیار بوو، نەیدەتوانی هەڵوێستێکی بەمشێوەیە لەبەرامبەر بە کوڕە "زۆر خۆشەویست"ەکەی لە سنگ بگرێت. بەخێرایی لەماڵ دەرکەوت و رووی کردە پارکەکە. کە بینیم لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی پارکەکە دانیشتووە، زۆر دڵخۆش بووم. دوای تۆزێک گەڕان، قۆڵم کرد بۆ قۆڵیدا و هێنامەوە بۆ ماڵەوە. کاکەمی ماچ کرد و لەباوەشی گرت، کاکەشم داوای لێبوردنی لێکرد و هەموو شتێک هێور ببووەوە. ئەمەیان لە هەمووی زیاتر بەختەوەری کردم. هەر بەو دڵخۆشیەوە قۆڵم لێهەڵماڵی و کراسەکەیم شوشت. جارێکی تر هەرگیز هیچ شمەکێکی پیس رانەگیرابوو. شتێک زیاترین ترسم لێی هەبوو، شەڕەکانی ماڵەوە بوو. زۆر بە ترس و خۆف بوو. دایکم زوو زوو لەگەڵ براکەم قڕە و قاڵەیان دەبوو و لێشی دەدا. بەڵێ لەو کوڕە زۆر گەورەیەیشی دەدا. کاکەم جاروبار خۆی دەدایە پێشەوەتر و دەیگووت: "ها.. فەرموو.. ئەگەر دڵت مورتاح دەبێ؛ لێمدە.."

کاتێک دەیبینی دایکم زۆر تووڕەیە، هەوڵی دەدا زیاتر تووڕە و گوڕتری بکات. بەڵام جار هەبوو کاکەم قۆڵی دایکمی دەگرت و پاڵی پێوە دەنا. دایکم ئەمەی لەبیر نەدەکرد و چەندین رۆژ و مانگ دەیگووت: کە کوڕە گەورەکەی بەڕوویدا راوەستاوە و دەستی لێبەرزکردۆتەوە. زۆربەی دەمەقاڵێکانیش لەسەر پارەبوو. لەبەر ئەوە کاکەم دەیگووت:" بەڵێن بێت، هەر کە بووم بە خاوەنی پیشە و کاری خۆم، یەکەمین مووچە کە وەرمگرت دەیکەم بە پێنجی و دەیی و بەسەر دایکمدا دەیبارێنم. با لەناو ئەو پارانەدا مەلە بکات."

دانانی پارە لە پێش هەموو شتەکانی ترەوە، کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکان دەکرد. لەبەر ئەوەش نەفرەتم لە پارە کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی لە مژاری پارەدا متمانەی بە من بوو، زیاتر کاری کڕینی شتومەکی بە من دەکرد. لە ئەڵمانیاش لەبەر ئەوەی کاکەم لە نیوەی مانگدا بێ پارەی دەکردین، باوکم قاسەکەی رادەستی من دەکرد. مووچەکەی دەهێنا و دەیدا بە من و دەیگووت:"بگرە، چی لێ دەکەی بیکە بەس وەکو حەیدەر مەکە!"

منیش بەتایبەتی دەمنارد بۆ دێرسیم بۆ ماڵەوە. ئەو سەردەمە دەمانتوانی ئەوپەڕی (300) مارک بنێرین. کەمجار هەبوو دەمانتوانی (500) مارک بنێرینەوە، ئەویش ئەو کاتانەبوو کە سەر (باقی) بۆ منداڵی کرێکاران دەدرا یاخود باوکم لەکاتی دیاریکراو زیاتر کاری دەکرد. خەرجیم دەدا بە باوکم و کاکەم. هەفتانە کەلوپەل و شمەکم دەکڕی. جاروباریش پارەم دەخستە ناو دەخیلەوە. ئەم دەستپێوەگرتنە کەڵکی هەبوو. بەڵام میوانێکی زۆر دەهاتن بۆ ماڵمان. هەر یەکەمان کۆمەڵێک هاوڕێمان هەبوو، هەندێکیشیان بەهۆی ئەوەی من و کاکەم هەمیشە لەماڵەوە بووین بەردەوام دەهاتن. ژمارەیەکی زۆر هاوڕێ و دۆستمان هەبوو، بۆ ئەوەش خەرجییەکی زۆرمان هەبوو. لەم بوارەدا چاوەڕێی هۆشمەندیمان لەبەرامبەرەکانمان دەکرد، بەڵام کەس گوێی پێنەدەدا. ئێمە کەمتر دەگەڕاین. خانەوادەی (گیونگیۆری قسڵێ)یی میوانی هەمیشەییمان بوون. زۆرێکیان رەزیل و چاوچنۆک بوون و لەماڵی خۆیان تەدەحەوانەوە، برایەکییان لەگەڵ کچە ئەڵمانێک هاوسەرگیری کردبوو و دوو منداڵیان هەبوو.

له سالّی نویّدا پیّم نابووه (15) سالّییەوه. باوکم من و کاکەمی له کۆرسی فیّربوونی زمان تۆمار کردبوو. له خویّندنگەی ناوەندیم له دیّرسیم وانەی زمانی بیانیم؛ ئەلّمانی بوو، ئەوەی کاکەم ئینگلیزی بوو. ئەو زیاتر پیّویستی بەو کۆرسە دەبوو، بەلاّم ئەو لەناو ژیانی رۆژانەدا فیّردەبوو. هاوڕیّی ئەلّمانیشی هەبوو. زوو زوو دەچوو بۆ ئەلّمانیای رۆژهەلاّت، بۆ بەرلین و دەهاتەوه. هاوڕیّیانی خویّندنگەمان تیّکەلّبوو. له ئەستەمبوڵ، چاناک کاله[49]، قەیسەری، سیّواز و دیّرسیمەوه هاتبوون. له رووی تەمەنەوه بچووکترینیان من بووم. کاکەم سەرنجڕاکیّش بوو. کچه گەنجەکان بەهۆی کاکەمەوه زیاتر بەلای مندا دەهاتن. ئەوانەی که سەرەتا وەکو هاوڕیّی لیّکیان دابووەوه و دوورەپەریّزم بوون، دوای ئەوەی زانیان که خوشک و براین، ئەوجار بەپیّچەوانەوه زۆر نزیک بوونەوه.

هەندیّک له هەڤالانی کاکەم چەپڕەوبوون، شۆڕشگیّڕ بوون. کاتیّک دەهاتن بۆ لامان زیاتر لەگەڵ مندا دانوستاندنیان دەکرد. کاتیّک باسی سۆسیالیزم، چینی چەوساوه و چەوسیّنەر دەهاته گۆڕیّ، زیاتر سەرنجی رادەکیّشام. فیّری سروودیان دەکردم، یەکەم سروود که گەنجیّکی خەڵکی خارپیّت فیّری کردم: "ئەی جەندرمە.. ئیّمه سۆسیالیستین.. بەلاّم ئیّمه دۆستی تۆین.. رزگاربوونت لەگەڵ رزگاربوونی ئیّمەیه.. دەی دەستت بهیّنه.." بوو. ئەو گەنجه بە تەمەن له کاکەم گەورەتر بوو. دەیگووت: که

---

[49] یەکیّکه له پاریّزگاکانی تورکیا که دەکەویّته باکووری رۆژئاوای ئەو ولاتەوه و بەشیّکی خاکەکەشی دەکەویّته هەریّمی مەڕمەڕەوه.

ئەندامی (TKP)[50] یە، کاکەم هاموشۆی دامودەزگا چەپڕەوەکانی ئەویشی دەکرد.

ئێوارەیەکیان لە کۆڵانەکەی ئێمەوە دەنگی دروشم بەرز بووەوە. منیش لە شمەک کڕین دەهاتمەوە. بە کیسەکانی دەستمەوە بە راکردن بەرەو دەنگەکەوە چووم بۆ ئەوەی ببینم. کچەکەی دراوسێمانم بەجێهێشتبوو، دۆخەکە خرۆشاندبوومی. دەمگووت:" مسۆگەر شۆڕشگێڕانن". هیچ شتێکی تر نەدەهات بە خەیاڵمدا. کە چوومە نزیکیانەوە، بینیم سروودی فاشیستیانەی "دەریای رەش دەلەرزی کە لە ئاڵای تورکی دەڕوانی" بوو. زۆر تووڕەبووم و پێی تێکچووم.

بەدەستی یەکێک لەوانەی لەریزی پێشەوەبوو، پۆستەری گورگ هەبوو. بە پەنجەکانی دەستیشیان وێنای دەمی گورگیان دەکرد. پەشیمانبوومەوە لەو راکە راکەی کردبووم و بەدەم رێگەوە پێمدەگووتن" سووک و بێزخانە" و گەڕامەوە دواوە. هەر ئەو ئێوارەیە باسی رێپێوانی تورکێشییانەم بۆ باوکم گێڕایەوە. پێی گووتم: کە ئەوان دەزگای تایبەتیان هەیە و راستەوخۆ هاوکاری و پشتیوانی لەدەوڵەت وەردەگرن.

لەو نامانەدا کە لە دێرسیمەوە بەدەستمان دەگەیشت هەندێک هەواڵمان بەدەست دەگەیشت. بەڵام زۆر روون نەبوون. لە رۆژنامەی (حورییەت) و (یەنی عەسر) کە جاروبار دەمانکڕی، باسی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی هەرێمەکە دەکرا. لە هەرێمی ڤارتنیکی دێرسیم شەڕ روویدابوو و کوژراو و بەدیلگیراو هەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا خوێندکارانی فێرکاری لە بەشی ناوخۆیی و خوێندکارانی دواناوەندی ناوچەکە بەگشتی فاشیست بوون. ئەو خوێندکارانە بوون کە لە شارەکانی وەکو خارپێت و

---

[50] پارتی کۆمۆنیستی تورکیا.

ئەرزرۆمەوە هاتبوون. گرژی و شەڕ لە خوێندنگەکانیشدا هەبوو. باوکم دەیگووت:"باشە کە کوڕەکەم لێرەیە و لەلامە" کە مەبەستی لە کاکەم بوو. ئەوانی تر هێشتا بچووک بوون، بەلای باوکمەوە، ئەوان لە تەمەنێکدا نەبوون بکەونە ناو ئەو ئاڵۆزی و گرژیانەوە.

لەدوورەوە تەماشاکردنی دێرسیم مەراقی زیاتر دەکرد. گەیشتن بە وەڵامی چەندەها (ئایا) زەحمەت بوو. شتێکی زۆر لە نامەکاندا دەبیندرا. دێرسیم گەنجێکی زۆر و دەڵگەرمی هەبوو. ناوی (تونجەلی)[51] بانگەوازی پێشڤەڕۆیی و شۆڕشگێڕیی دەکرد. لەلای هەموویان خواستی زوو راکێشان و بەدەستهێنان هەبوو. ئەمەش لەناخماندا بەشێوەیەکی سروشتیانە پەرەی بە چەپرەوی شۆڕشگێڕ دەدا. ناچاربووین چەپرەوی شۆڕشگێڕ بین، ئەگەر نا بەشێوەی تر نەدەکرا بڵێیت:"خەڵکی دێرسیمم".

یەکێک لە ڕێکخراوە چەپڕەوەکان لە بەرلین شەوە ئاهەنگێکی ڕێکخست، هاوڕێیانی کاکەم بە ئێمەشیان راگەیاند. ئەو ئێوارە من و کاکەم و باوکم ڕۆیشتین. هۆڵەکە پڕ ببوو. خەڵکێکی زۆری بیانیش هەبوون. بەشداریکردنی خەڵکی ئەڵمان و گەلانی تر سەرنجی بۆ بەشداربوونی زیاتر رادەکێشا. جاروبار کاکەم هەڵدەستا و دەچووە لای ئەو هاوڕێیانەی کە هەڵدەستان و هاتوچۆیان دەکرد و لەبەردەم دەرگای هۆڵەکە بۆماوەیەک چاوەڕێیان دەکرد و دووبارە دەکەوتنەوە هاتوچۆ. ئەمەش وای

---

[51] ئەو ناوەیە بەتایبەتیش لەدوای کۆمەڵکوژییەکان دەوڵەتی تورک بەسەر شارەکەیدا بارکردووە، واتاکەی دەستی پۆلایینە و مەبەستیش لەم وشەیە سەرکوتکردنی هەموو جۆرە سەرهەڵدان و راپەڕینێکە بە دەستی پۆلایینی دەوڵەتی تورک.

لێدەکردم بڵێم:" کاکەم لەناو ئەم کارەدایە، بەڵام زۆر بەنهێنی و ناهێڵێت ئێمە هەستی پێبکەین" و دڵخۆشی دەکردم.

هەر لەو شەوەدا شانۆگەرییەک نمایش کرا. لە شانۆگەرییەکەدا گەنجێکی زنجیرکراو بە لێدان دەهێنرایە سەر شانۆ، ئەوەی لێیدەدا و قۆنداخە تفەنگی پێدا دەکێشا، سەربازی تورک بوو. گەنجەکە هەموو گیانی خوێناوی ببوو، هاوار و ناڵەی بوو، ئەوانیش هەر لێیان دەدا. لەو کاتەدا هێندە کاریگەری لەسەر کردم لە شوێنی خۆمەوە هەستام و هاوارم کرد:

" لێمدەن، کوڕە، لێمدەن، بە ئاسانی نامرم
پشکۆی خۆڵەمێش لێنیشتووی وەجاخم
گووتەم هەیە لە ناخمدا،
بۆ ئەوانەی لەحاڵم دەزانن".[52]

هەموو کەسێک لای کردەوە و تەماشای منی دەکرد. سەرەتا کەس لە مەسەلەکە تێنەگەیشتبوو و وایان دەزانی هاوار و هۆنراوە خوێندنەوەکەی منیش بەشێکی شانۆگەرییەکەیە. بەڵام دۆخێکی وەها لە ئارادا نەبوو. باوکم و کاکەشم حەپەسابوون. هەم وەکو پرسیاری ڕووداوەکەم لێبکەن تەماشایان دەکردم و هەم بەمن پێدەکەنین. باوکم دەستی بەسەرمدا دەهێنا. جاروبار گاڵتەیەکیان لەگەڵ دەکردم و دەیانگووت:" بەبێ ئاگاداری ئێمە، شتێکت خواردەوە؟" لەناوبڕێکدا هەندێک لە هاوڕێکانی کاکەم هاتن و دەستخۆشیان لێکردم. ناونیشانی کۆمەڵەکەیان پێدام و داوایان کرد کە لەمەودوا سەردانی ڕێکخراوەکە بکەم. بەڵام

[52] ئەمە چەند ڕستەی هۆنراوەیەکی شاعیری ناوداری کورد ئەحمەد عاریفە کە لە یەکێک لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورکدا لەسەر بەسەرهاتەکانی خۆی نووسیویەتی.

هەڵوێستەکانیان بەلامەوە زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو. وەکو بڵێی:"هەنگوینیان لەداردا دۆزیبێتەوە". هەڵوێستێکی هەڵپەرستانە بوو. وەکو بڵێن "تەواوە، دۆزیمانەوە"

لە جەوهەری شۆڕشگێڕی، لە ڕەهەندی تیۆری و ئایدیۆلۆژیاکەی و شێوازی کردارییانەی ڕێکخستنییەکەی؛ نامۆبووم. ئەوەی هەبوو سەرجەمیان کاریگەری چەند ڕاستییەک بوون و هیچی تر. نەداری هزر و زانینم دەچێشت. بەخۆم دەگووت:" تاوەکو خۆم قانیع نەبم، تەنیا لەسەر خواستی هەندێکی تر نابم بە شۆڕشگێڕ یاخود بەشداری ناکەم لە هیچ فراکسیۆنێکدا". ئەمە هەڵوێستێکی بەرنامەڕێژکراو و هزرییانە نەبوو، بەلام هەر لەسەرەتاوە ئەم مەیلە لە مندا زاڵ بوو، ئەمەش متمانە بەخۆبوونمی زیاتر دەکرد.

لە ڕاستیدا پێگەی خانەوادە و خێزانمان داخراو نەبوو لەبەرامبەر بەم جۆرە گۆڕانکارییانەدا و زەمینەیەکی لەباریش بوو. لەگەڵ ئەمەدا لە ژیانی کۆمەلایەتیماندا داخراوی نەبوو. لەناوخۆیدا هەم دیسپلین و سیستەمی خێزانێکی پێکەوە گرێدراو هەبوو، هەم جۆرە پەیوەندییەکی تایبەت بەخۆ دەکەوتە بەرچاو. لایەنی دیموکراتییەتی قەبا و کەسایەتی مرۆڤپەروەری باوکم ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەمەدا. کاکەم کاتێک قازانجەکانی نۆبەرەی خێزان و هەروەها "کوڕ"بوون (بەواتای پیاوسالاری - و)ی بەکار دەهێنا، کێشەی نەبوو لە بڕیاردان، لە دروستکردنی پشتیوانی و پەیوەندی بۆ خۆی. هاوکات جیاکاری، گوشارێکی قەبا و قەدەخەکارییەکم لەسەر نەبوو لەبەر ئەوەی کە "کچ"م. باوکم بە پێچەوانەی دایکم منی زیاتر دەردەخستە پێش، خۆشەویستی خۆی نیشاندەدا و نرخ و گرنگی پێدەدام. لەناخی دڵمەوە هەستم بەم هەڵوێستەی باوکم دەکرد.

ژیان لە ئەورووپا ئەگەرچی ئاسانکاری بەرچاو دەستەبەر بکات، بەڵام دڵگیری نەدەکردم. شارێکی گەورە و گران، تەلاری زەبەلاح، خەڵکێک کە لەهەموو ڕوویەکەوە جیاواز. لەسەرەتادا هەندێک شتم بەلاوە سەیر بوو. بۆ نموونە؛ ئەو کاتەی تازە لە فڕۆکەخانە هاتبووینە ناو شار، لە یەکێک لە ڕاوەستگەی پاسەکانی ناوشاردا لەبەرامبەر بە حاڵی یەکتر ماچکردنی چەند هاوسەر و هاوڕێی کچ و کوڕدا شەرمم کرد و سەرم داخست. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە کاکەم و باوکمم لەگەڵ بوون. هەروەها لەسەر ڕێگەی دوکانێکی بەقاڵی کابرایەکی تورک هەبوو کە شمەکمان لێدەکڕی، چێشتخانەیەکی تایبەت بە سەگی هەبوو. لە هەر هاتوچۆیەکمدا بۆ ئەو دوکانە ژن و پیاوی پیر بە کلێتەی مووداری گەورە، جلی تایبەت لە پێستی ئاژەل، لێو بە بۆیە و دار بەدەستم دەبینی کە لەگەڵ سەگەکانیاندا دەچوونە ئەو چێشتخانەیە و بەمەش زۆر پەست و تووڕە دەبووم. هەبوونی ماڵی پیر و بەساڵاچووان و دەست بەخۆداهێنانیان کردەیەکی جوان بوو. لەلای ئێمە کەس ناخوازێت پیرببێت، لە هەموو نزا و پاڕانەوەیەکدا داوا لە (باوا دیوزگیون) دەکرێت کە بەر لەپێکەوتن، بکەونە ژێر مشتێک خاکەوە.

لەتەمەنی گەنجێتی دابووم. زیاتر بەگوێرەی دڵگیری و هەستی خۆم دەجوڵامەوە. لەبەرامبەر بە هەموو شتێک چاولێکەریم نەبوو، بەپێچەوانەوە لەلای من دووبارەنەکردنەوەی شتێک کە هەموو کەسێک دەیکات و هاوکات کارێکی جیاواز کە خۆم تیایدا قانیع بووبم و پێم خۆش بوو، ئەمانە قورسایی زیاتریان هەبوو. ئەگەرچی خاتری دەوروبەر و گرنگیدان بە دڵگیرییەکانی ئەوانیش هەبێت، بەڵام زیاتر دڵگیرییەکانی خۆمم بە بنەما وەردەگرت. تەنانەت لەم بوارەدا تایبەتمەندی پێداگرییم

لەپێشتر بوو. خووی مکیاژکردن، جلی ئەملاولام نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی حەزم لە لوولبوونی قژم نەبوو، جاربەجارێک قژی دەستکرد (بارۆکە)م لەسەر دەکرد. یەکەم جار کە باوکم بە بارۆکەوە بینیمی؛ نەیناسیمەوە و لێی پرسیم: "کچم بەخێرهاتی، ساکینە لە کوێیە؟"

کاتێک کە زانی منم، لە قاقای پێکەنینمان دا. بەڵام باوکم و کاکەم و زۆرێک لە هاوڕێیانم دڵگیربوون بە قژی لوولم و دەیانگووت: سروشتیبوونی قژی لوول لە جوانییەکەی زیاد دەکات، بەڵام من بەو بارۆکەوە هەتا دێرسیم رۆیشتم.

## کوردایەتی و شۆڕشگێڕی لەگەڵ یەک بەواتا بوو

لەگەڵ باوکم بەشداریمان لە شەوە جڤینێکی تر کرد. وەکو بڵێی هێزێکی نهێنی هەبێت و ئێمەی وەڕێخستبێت، بەڵام هەموو شتێک هەر لەسەر ڕێڕەوی خۆی و لەخۆوە دەهاتە پێش. پێگەیەکی کراوە هەیە بۆ تازەترین گۆڕانکاری، نەک بۆ داخراویی. ئەم پێگەیە بێ ئەوەی ئێمە هەستی پێ بکەین لە زۆر شتدا کۆیدەکردینەوە. ئەم شەوەجڤینە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئامادەکرابوو. باوکم زۆر لە چۆنێتی ئەو شەوە تێنەگەیشتبوو. بە ئەگەرێکی گەورەش زانیارییەکی ئەوتۆشی لەسەر نەبوو، تەنیا تێگەیشتنی لەوەی شەوە جڤینێکی کوردانە، بەس بوو بۆی. هێشتا نامۆبووین لە دیاردەی کوردایەتی. دەمانگووت "عەلەوین". لە پاسپۆرت، ناسنامە و بەڵگەنامەکانی شوێنی کار یاخود بەگشتی لە فەرمانگە فەرمییەکانی دەوڵەتدا کورد ناوی نەبوو. چ خەڵکی دێرسیم، یاخود قەیسەری و تراکیا بێت، هەموو کەسێک بە دەستەواژەی هاوڵاتی تورک و تورک دەناسرا. ئەمە زۆر گرنگیشی نەبوو. کەس لە بنەچەی نەتەوە و میللییەت نەدەگەڕا. لە چەپڕەوی و شۆڕشگێڕییەکەشدا ئەم جیاکارییە نەبوو! بەڵام (عەلی گیولتەکین) و (کەمال بورکای) لە دێرسیم بە "کوردچی" دەناسران. گووتەی "کوردچی" هاوشێوەی جوێنێک دەگووترا؛ لەلای"کوردچی"یەکان پەڕتووک زۆربوو، پەڕتووکی (پرسی ڕۆژهەڵات)ی (ئیسماعیل جەمیش) هەبوو. ڕۆژهەڵاتی بووین، لەبەر ئەوە سەرنجی ڕاکێشابوو. کەسی تر باسی کوردایەتی نەدەکرد. باوکم لەکوێی بوو، چی بوو ئەوەی بردی بۆ ئەو شەوەجڤینە؟ کرێکارێک بوو، منداڵ و خێزانی هەبوو و زۆر

پێیانەوە گرێدراو بوو. بەڵام لە خوێندەوارە کۆنەکان بوو. ئەگەر خوێندکاری سەرەتاییش بووبێت، بەکەڵکی رووناکبوونەوەی دەهات. ئەمەش هاوتا لەگەڵ کاریگەرییەکانی جەوهەری عەلەوییەت، رووی لە پارێزگاری و داخراوەیی بوون نەدەکرد. لەم رووەوە هەوڵەکانی لە کاکەم زیاتربوو. ئەوەی کاکەم بێدەنگی بوو، حەز و پەیوەنداربوون و هەڵوێستەکانی سەرنجی رانەدەکێشا.

ئەمجارەشیان هەر سێکمان پێکەوە چووبووین بۆ ئەو شەوە جڤینە. بارۆکەکە بەسەرمەوە و بە تەنوورەیەکی درێژ و سادەوە رۆیشتم، بەڵام شەوە جڤینێکی جیاواز بوو. سەرجەمی بانگهێشتکراوان بە جلی کوردییەوە بوون، تەنانەت بیانییەکانیش لە جلە کوردییەکانی ئێمەیان لەبەربوو. کۆبوونەوەیەکی رەنگاوڕەنگ و ئاڵ و واڵابوو. هۆڵەکە زۆر گەورە نەبوو، زیاتر لە شێوەی چێشتخانەیەکدا بوو. بە کوردی و ئەڵمانی قسە دەکرا. پێشکەشکارەکەش هەر بە جلی کوردی و بەکڵاو و جامانەوە بوو. هەندێک لە وشە کوردییەکانی روون بوون و لێی تێدەگەیشتین، بەدەر لەوە هیچ تێنەگەیشتین. کاتێک بۆ ئەڵمانی وەردەگێڕدرا باوکم تۆزێک لێی تێدەگەشت.

دواتر ڤیدیۆیەک نمایش کرا کە تێیدا، (بزووتنەوەی م.بارزانی، چەند دیمەنێک لە مەهاباد و ناوی ئەتاتورک) و هەروەها (شێخ سەعیدی پیران و کۆچگریی[53] تیادا بەرگوێ دەکەوت. کاتێک باسی لە دێرسیم و کۆمەڵکوژییەکەی کرد، خەڵکێکی زۆر پیشاندرا کە سەریان سفرکراو و پێکەوە بەسترابوونەوە. دواتر

---

[53] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری سێوازی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە زارا ناوزەدی دەکات، لێرەدا مەبەست لە راپەڕینی 1925 بە رابەرایەتی شێخ سەعیدی پیرانە.

بەچڕ و پڕی باسی پێشمەرگەی دەکرد. دیمەنەکە لە شەڕ و پێکداداندا تۆمارکرابوو. 1974 و بەرخودانی پێشمەرگە لە دژی رژێمی ئێراقی تێدابوو. (سەددام)ی فاشیستیش ناوبەناوێک پیشاندەدرا، بەڵام زیاتری خۆی (مستەفا بارزانی) پیشان دەدرا. ئەویش لە شاخ بوو، بە جلی پێشمەرگەوە، بەپشتێن و تاقمەوە.

ئەوەی ئەو شەوە زیاترین کاریگەری لەسەر دروستکردم، گۆرانی "بیرناکم ها بیرناکم، ریبا لینین بیرناکەم" بوو کە ئەم رستەیەی تا ماوەیەکی دوورودرێژ هەر لەسەر زارم بوو. ئەوان هەموو پێکەوە و بە یەکدەنگ ئەم گۆرانییەیان گووتەوە. گۆرانی تریشیان بە کوردی لەگەڵ ساز گووتەوە. لە کۆتاییدا هەموو پێکەوە ریزی هەڵپەڕکێیان گرت. باوکم لەبەرامبەر بە هەڵپەڕکێ خۆی پێ رانەدەگیرا! بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە ئەگەر کچ و کوڕە گەنجەکەی لەگەڵ بووایە هیچ نەیدەتوانی. بەڵام من نەمویست لە شوێنێکی وەهادا بەشداری هەڵپەڕکێ بکەم، بە دڵی پڕەوە کاردانەوەم نیشاندابوو و دڵگرانبووم بەوەی جلی کوردیم لەبەر نەبوو. باوکم پێکەنینی بەو دۆخەی من هات و گووتی: "من لەکوێ بزانم هەموو کەس بە جلی کوردییەوەیە. ئەگەر بشمزانیبایە بەشەوێک لە کوێ پێم پەیدا دەبوو. کراس و تەنوورەکەی تۆش درێژە و جوانە، وەرە با هەڵپەڕین."

نەیتوانی پێداگرییەکەم هەڵگرێت و من هەر سوور بووم. ئەرێ بەڕاست شەرمی ئەو کاتەم لە چی بوو، بۆچی هێندە گرنگی هەبوو! خۆ جاران بەهۆی کوردبوونەوە شەرمم دەکرد، کاتێک دەمبینی دایکم تورکی نازانێت و وەکو تورکەکان قسەی پێناکرێت، کاری تێدەکردم. کەچی ئێستا بەهۆی ئەوەی جلی کوردییم لەبەر نەکردبووە، ئەو جلە رەنگاوڕەنگەی نمایندەی کوردبوونە، لەبەر ئەوەی لەناو ئەو مرۆڤانەدا هەستم بە نامۆیی

کرد، شەرمم لەخۆم دەکرد. دەشێ زۆر ئاسان بێت، ئەوەی لەو شەرمەوە دەهات هەستی گەڕان بوو بەدوای کوردبوون و خاوەن دەرکەوتن لە کوردایەتی. کوردبوون و شۆڕشگێڕیش لەپاڵ یەکدا واتاداربوون.

خاوەن ماڵەکەمان نەخۆش کەوتبوو. دۆخی زۆر باش نەبوو. تا ئەو کاتە وامدەزانی تەنیا کچ و کوڕێکی هەیە. بەڵام بەم نەخۆشکەوتنەی ئاشکرا بوو کە کچێکی تری لە بەرلینی رۆژهەڵات دەژی. گەورەترینی منداڵەکانی بوو. لە رۆژئاوا پارچەیەک لەم خێزانە و لە رۆژهەڵاتی شارەکەش پارچەکەی تری دەژیان. لە هەردوو پارچەکەدا رژێم جیاواز بوو. ژیان لە وڵاتێکی سۆسیالیستدا چۆن بوو؟ کاکەم زوو زوو هاتوچۆی دەکرد. بەڵام شتێکی ئەوتۆی بۆ باس نەدەکردین. پێشتر لەسەر دیوارەکەوە بە دووربین تەماشام کردبوو، هەستم بەو جیاوازییە نەکردبوو. خانووبەرە و باڵاخانە رووخاوەکان سەرلەنوێ بونیاد دەنرانەوە، لەدیوارەکەوە تا بە سەرەتای خانووەکان مەودایەکی بەرفراوان و چۆڵ و هەروەها بە مەترسیدار ناوی دەهێنرا و بە هێماکانی مەترسیداری سەرنجی رادەکێشا. بەدرێژایی دیوارەکە، لاسەررووەکەی کرابوو بە تەلی دڕکاوی کە کارەبایان لێدابوو. دیارە سنووری دوو دەوڵەتی جیاواز بەو شێوەیە بوو.

کچی خاوەن ماڵەکەمان لە رێگەی باڵیۆزخانەوە داواکرابوو و لەسەر پەسەندکرانی داواکە هاتبووە ئەمدیو. بینینی کەسێک کە لە ناو سیستەمی سۆسیالیستی دا دەژیا، شتێکی چۆن بێت؟ بە خرۆشی هێنابووم، ببوو بە مەراق بۆم. دواتر لە ماڵی خۆمان میوانداریمان کردن و لە گفتوگۆیەکدا خستمانە ژێر رێژنەی پرسیارەوە. یەکسانی، ئازادی چی بوو؟ ژیانی خۆی چۆن بوو،

چۆن جیاوازی نێوان دەوڵەمەند و هەژار لابرا بوو. لەم بابەتانەوە پرسیارگەلێکی زۆرمان لێکرد. ئەویش وەڵامی دەدایەوە. باسی لەوە کرد کە خانوو و ئۆتۆمۆبێلی هەیە. دەیگووت: هەموو کەسێک لەناو کاردایە، نەهێشتنی شوێنەوار و خاپوورکارییەکانی شەڕ کارێکی ئاسان نییە. بێگومان هەستی پێدەکرا، لە منداڵەکانی تری خاوەن خانووەکەمان جیاوازتر بوو. پێگەیشتوو و تێگەیشوو و زیرەک بوو. ئەوانی تر ئەقڵیان بە ئاسمانەوە بوو.

باوکم کەوتبووە دوای لایەنی گاڵتەئامێزییانەی کارەکەوە. هەر کات باسی کوردایەتی و سۆسیالیستی یاخود کۆمۆنیستییەکەی (عەلی گیولتەکین) بکرایە، مام (ئیبراهیم)ی گوندی تەختی خەلیلی وەبیر دەهێنایەوە و دەیگووت:" ئەگەر دەوڵەتی کوردیتان دامەزراند، مام (ئیبراهیم)یش بکەن بە سەرۆک کۆمار" ئەو رۆژەش تێر بە پرسیار و گفتارە گەرم و گوڕ و پەیوەندبوونمان بە سۆسیالیزم پێکەنی. دەیگووت:" چییە جا منیش بۆ هەر یەکێکتان ئۆتۆمۆبێلێک دەکڕم، ئەگەر سۆسیالیزم ئەمە بێت ئاسانە!" و دیاربوو لە پەیوەندبوونەکەمان بە سۆسیالیزمەوە ناڕەحەت بوو.

ئەگەر بە کەموکورتیش بێت ئاگاداربوون لەوانەی قسەمان لەسەر دەکرد، گفتوگۆ، گۆرانی و فێربوونی سۆسیالیزم لەزاری ئەو کەسانەی تیایدا ژیاون، هەستێکی خۆش و ناوازەبوو. کەواتە خەیاڵ نەبوو، کەواتە ئەگەر لەپێناویدا تێبکۆشرێت ئەوا دەکرێت دەستەبەر بکرێت. هێشتا بەوجۆرە لە نزیکەوە پەڕتووکم لەبارەیەوە نەخوێندبووەوە، بەڵام نمونەی بەرجەستەی هەبوو. ئەڵمانیای رۆژهەڵات لە پەنا سەرمان بوو، بخوازرایە دەتوانرا بە مۆڵەت هاتوچۆ بکرایە. ئەگەرچی زۆر

حەزم دەکرد، بەڵام کاکەم هەر جارە و بەشێوەیەک بەسەرمدا بازی دەدا و نەیدەبردم. شیمانەی ئەوەی نەدەکرد لە دیوارەکەوە تەماشای ئەڵمانیای رۆژهەڵاتم کردووە. ئەڵمانیای رۆژهەڵات پەنهانێک بوو بۆ من، بێگومان لایەنی جیاوازی هەبوو و لە راستیدا پێویستم بە بینینی ئەو لایەنانە دەکرد. هەرچەندە گەیشتن بەوانە زۆر ئاستەم نەبوو، بەڵام بەدی نەهاتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە خواستی گەیشتن بە سۆسیالیزم و هەڵسەنگاندنی وەکو ئایندەیەک لەناخمدا بە زیندوویی هێشتەوە.

باوکم زۆر ماندوو دەبوو، سێ ژەمە کاری دەکرد، ئەمەش کاریگەری لەسەر تەندروستی کردبوو. نەخۆش کەوت و لە نەخۆشخانە خەواندیان. تەنیا ئەو کاری دەکرد و ئێمەش (9) کەس لێمان دەخوارد. ئەمە ناحەقی بوو!. زۆرجار نەمدەتوانی دان بەخۆمدا بگرم و دەگریام. باوکم کە لە کار دەگەڕایەوە بەزۆر بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت. بەیانیانیش نەفرەتم لە زەنگی کاتژمێرەکە دەکرد. زۆربەی جار بێ ئەوەی نانی بەیانی بخوات ملی ڕێگەی دەگرت و دەڕۆیشت بۆ سەر کار. جاروبار ئەو خواردنەی لەگەڵ خۆی دەبرد کە لە سەفەرتاسەکەدا بۆم ئامادەکردبوو. ئەوکات تا ئاستێک ئاسوودە دەبووم. کاتێک ئەو چێشتانەی حەزی لێبوو لێمدەنا، وەکو هاوکاری و هاوبەشییەکم لەگەڵ باوکم کردبێت دڵخۆش و بەختەوەر دەبووم. بەڵام لەو لاشەوە تەنیا سەرقاڵبوون بە چێشت و خاوێنکاری قایلی نەدەکردم. جارێکیان بە بەکارهێنانی گووتەی "بۆ من کارەکەرم؟" ویستم تووڕەیی خۆم دەرببڕم، بەڵام هیچ سوودێکی لێپەیدا نەبوو. بێگومان مەبەستم لەوە نەبوو کە نەمەوێت خزمەتی باوکم یان کاکەم بکەم. هاتوچۆیەکی زۆرمان لەسەر بوو، مەبەستم لەوانە بوو بێ هیچ کارێک دەهاتن و

دەیانخوارد و دەیانخواردەوە. هەروەها کاردانەوەیەک بوو لەبەرامبەر بە باوکم کە بە نەخێر و تەنانەت بە عەیبە وەڵامی خواستی کارکردنمی دەدایەوە و پێی دەگووتم: "ئەی دوایی چیمان پێبڵێن، ئیسماعیل کچێکی بچووکی برد و خستییە ناوکارەوە! شتێکت بەسەر بێت من چی بکەم؟ وڵاتی گاورانە. دەبینی سەرسەری و لاتولوتی کۆڵان زۆرن، سەرخۆش زۆرن... بەهیچ شێوەیەک نابێت، هەرگیز!"

ئەو کۆرسەی بۆ فێربوونی زمان بەشداریمان کردبوو، زۆر بە کەڵک نەدەهات. هەموو ئەو وانانەبوون کە لەسەردەمی ناوەندیدا خوێندبووم. لە کۆرسەکاندا زیاتر لە وانەکە بە تورکی گفتوگۆمان دەکرد. بەتایبەتی هەندێک کچ هەبوون هەر بۆ کەیف و خۆشی دەهاتن بۆ کۆرس. کاکەم لەگەڵ هەندێکیان دەردەکەوت و دەڕۆیشت. جاری وا هەبوو کە بەتەنیا دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە. کاتێک باوکم هەستی بەمە دەکرد تووڕە دەبوو و ئاگاداری دەکردینەوە. کاکەم ماوەیەک لەگەڵ کچێکی ئێرانی هاوڕێیەتی کردبوو. دواتر زانیمان کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. باوکیشم کچەکەی لاپەسند بوو. بەڵام ئەم هاوڕێیەتییەی کاکەم زۆری نەخایاندبوو، چونکە کاکەم لەگەڵ هاوسەرگیریکردندا نەبوو، بژاردەکار و پێوانەی تایبەت بەخۆی هەبوون. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هاوڕێیەتی و پەیوەندی بەو شێوەیەی لەگەڵ زۆر کچی تر و دروستکردنی هەڤاڵێتی لەگەڵیان کارێکی ڕاست نەبوو. هاوڕێیەتی کاتی، خەڵەتێن و بێ سوود بوو. جارێکیان لەم هەڵوێستەی خۆی ئاگادارم کردەوە، زۆر تووڕە بوو و جوێنی دا و پێیگووتم: "تۆ کارت بەمە نەبێت". جاروبار ئەو جوێنانەی دەبوون بە "وشەی خۆشەویستی". باوکم جاروبار ئەندێشە و نیگەرانییەکانی خۆی بەشێوازی

جیاجیا دەردەبڕی. جۆرە هاوڕێیەتییەک قەڵەمڕەو بوو مرۆڤی لەپێدەخست و هەراسانی دەکرد، ئەوروپایەکی زل و زەبەلاح، بە ئاسانی مرۆڤی دەتواندەوە و دەیشێواند.

نێوانمان لەگەڵ (عەلی مازگێردی) و هاوژینەکەی باش بوو. ئەو تۆزێک تورکی دەزانی. منیش ئەڵمانییەکی نیوە و ناچڵم هەبوو، لێک تێدەگەیشتین. کارنەکردن، بەدەستی بەتاڵ ژیان بێ واتابوو. بەم هۆیەوە هاتنمان بۆ ئەڵمانیا گەشتێکی دڵڕفێن نەبوو. ئەگەرچی بەرلین شارێکی خۆش و جوان بوو، بەڵام پارک و مارکێتە گەورەکانی دڵگیری نەدەکردم. تەنانەت ئاو و تەپۆڵەکەکانی ناو پارکەکەشی دەستکردبوون. ڕێگەی دەستکرد، تەپۆڵکەی دەستکرد، کەناری دەستکردی ڕووبار! بیری دارستان و گوندەکانی دێرسیم و ئاوی مونزورم دەکرد!

بێگومان بەرلین شوێنی زۆر خۆشی هەبوو. گەڕەکەکەمان لە پارکەوە نزیک بوو، ئەمەش مایەی حەز و خۆشەویستی بوو. هەردوو لای جۆگە گەورەکە کرابوو بە پارک، ڕێکردن بەسەر سەوزاییدا، پێنان بەو خاک و چیمەنە خاوێنەدا هەستێکی تری پێدەبەخشیم.

بە دراوسێ ئەڵمانەکەمانم گووت کە دەمەوێت لەگەڵ خوێندنەکەمدا کار بکەم و داوام لێکرد بۆ پەیداکردنی کار هاوکاریم بکات. ئەویش پەسندی کرد و بۆ پەیداکردنی کار سەرمان لە زۆر شوێنکار دا، دواجار لە مارکێتێکی گەورەدا کارمان دەستکەوت. کارێکی قورس نەبوو. هەفتەی ڕۆژێک دەڕۆیشتم و کارم لەسەر ڕێکوپێکردنی سەبەتەکان، کۆکردنەوەی ناو مارکێتەکە دەکرد. بەڵگەنامەی فەرمی خوێندنم لە ئەڵمانیا هەبوو، ناسنامە و بەڵگەی نیشتەجێبوون و هەموو

بەڵگەنامەکانم تەواو بوو. تەنیا مۆڵەتی باوکم مابوو، ئەگەر مۆڵەتی باوکم نەبووایە دەمتوانی هەتا کەی بە نهێنی کاربکەم؟

لەو رۆژانەدا نامەی ترمان لەدێرسیمەوە بەدەست گەیشت و زانیمان دایکم دووگیانە. ئەم هەواڵە زۆر تووڕەی کردم. بە تووڕەیی و قینەوە بەسەر باوکمدا دەمبۆڵاند و دەمگووت "بەسە، چی لەم هەموو منداڵە دەکەیت؟." کاکەشم تووڕە بوو. باوکم تۆزێک بە شەرمەوە و تۆزێکیش بە شەرمەزارییەوە دانی بە مافداریمان دا نا، بەڵام تازە کارلەکار ترازابوو.

باوکم پەسندی نەکرد کار بکەم. لەبەر ئەوە بۆ رۆژێکیش نەمتوانی بچم بۆ سەر کار. منیش بە تووڕەییەوە پێم گووت:" کەوابوو بمنێرەوە، نامەوێت لێرە بمێنمەوە" باوکم بۆ رازیکردنم لەگەڵمدا زۆر خەریک بوو. باسی لەوە کرد کە لەکار دەگەڕێتەوە نان و خواردنێکی گەرم و بینینی منداڵەکانی بۆ ئەو چەندە گرنگە. بەڵام لە ئەنجامدا پەسندی کرد کە گەڕانەوەمان بۆ دێرسیم شیاوترە.

# گەڕانەوە بۆ دێرسیم

دڵم بە بڕیاری گەڕانەوە بۆ دێرسیم ئاسوودە بوو. ئەمجارەیان بە بیرکردنەوە لەوەی زیاتر هاوکاریی دایکم بکەم، دەگەڕێندرامەوە بۆ دێرسیم. بەڵام من چیتر نەمدەویست سەرقاڵی منداڵە بچووکەکان ببم و پەڕۆ و جلەکانیان بشۆم. دووانەکەمان بە زۆر پێگەیاندبوو. دەبووین بە (8) خوشک و برا. دایک و باوکم هەم تووڕە دەبوون بە زۆری ژمارەی منداڵەکانیان هەمیش رانەدەوەستان. ئەم دۆخە تووشی تووڕەیی و بێزاری دەکردم. لەلایەکی تریشەوە دڵخۆش بووم بە گەڕانەوەم بۆ دێرسیم. ئیتر بەردەوام دەبووم لە خوێندن، ماوەی (11) مانگ بوو دوورکەوتبوومەوە.

لەماوەی ئەو ساڵەدا گەورە ببووم، لەڕووی جەستەییەوە گۆڕابووم. هاوتای ئەمانە؛ ژیان و بەسەرهات و ئەزموونەکانی ئەوێشم هەبوون. بۆیە دەکرێ وەک ساڵێکی دوور لە خوێندن و خوێندنگە لێکبدرێتەوە، بەڵام ساڵێکی هەرزان و ڤاڵا نەبوو.

کاتێک گەیشتمەوە دێرسیم جۆش و خرۆشێکی تایبەت سەراپامی گرتبوو. تا ئەو کاتە ماوەیەکی هێندە درێژ دانەبڕابووم، بەڵام کاکەم فێربوو. کاتێک لە پاسەکە دابەزین، هەموو کەسێک تەماشای دەکردین. ئەوکاتە زۆر پێم نەزانی، بەڵام بە بارۆکە زەرد و پانتۆڵە دەرلنگ فراوانەکەم سەرنجیانم بەلای خۆمدا راکێشابوو. وایانزانی بوو کچە ئەڵمانم. هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە شتێکی بەمشێوەیە بگووترێت. هەر لەگەڵ یەکەم ساتدا سارد و سڕی رەفتاری هەندێکیان هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە. منیش واتام بەم هەڵوێستەی خزم و ناسراوەکانم نەدا و پێی تێکچووم.

ئەوانەی یەکەمین هەواڵی هاتنەوەمانی بە دایکم و ئەوان گەیاندبوو، گووتبوویان (حەیدەر) لەگەڵ (کچە ئەڵمانییەک) هاتۆتەوە. کاتێک لە گەڕەک نزیکبووینەوە، منداڵانی دراوسێ، ژنانی خزمە نزیکەکانمان و دایکم بەرەو پیرمانەوە دەهاتن. دایکم تا نەگەیشتە لام نەیناسیمەوە. تاوەکو پێم نەگووت:" دایکە، ئەوە منم نەتناسیمەوە؟" پەشۆکاوییەکەی نەچوو. کەس بیری لەوە نەکردبووەوە کە بارۆکەم لەسەر کردووە. کەس چاوەڕێی (ساکینە)یەکی نەدەکرد کە لەماوەی (11)مانگدا سەر و قژ و جەستەی بەمجۆرە تووشی گۆڕان بوو بێت. منیش وەکو لە دۆخێکی ئاساییدا بم هەڵسوکەوتم دەکرد. لەماوەیەکی کورتدا هەموو کەسێک بێزار بوو بەم پەڕووک[54]ە لەسەرکردنەم. منیش بەردەوام لەسەرم نەکرد و ماوەیەک دواتر بە یەکجاری وازم لێهێنا.

لەوەتەی دێرسیمم نەبینی بوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو. لەدوای کارەساتەکەی (دەنیز) و هاوڕێکانی، ئێستاکەش کارەساتی (ئیبراهیم کایپاککایا) و هاوڕێیانی لە رۆژەڤ دابوو. باسی ئەوە بوو کە بەبریندارى بەدوای جێبێکدا رایانکێشاوە، بۆ ئەوەی بیکەن بە پەند، تەرمەکانیان بەناو خەڵکدا گێڕاوە، باسی ئەشکەنجە و فەلاقەکردن و لێدانێکی زۆر دەکرا: (عەلی حەیدەر یڵدز) لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی تورکەوە لەگەڵ یەکەم پێکانی دەکوژرێت، (ئیبراهیم کایپاککایا)ش بە برینداری دەچێتە ماڵی موختار کە مامۆستای ناوچەکەشە، کابرا هێزەکانی دەوڵەتی تورکی لێ ئاگادار دەکاتەوە و بەگرتنی دەدات. لە زیندانی ئامەد لەژێر لێدان و ئەشکەنجەدا دەکوژرێت. نینۆکەکانی دەردەهێندرێت، پەنجەکانی یەک بە یەک لێدەکرێنەوە. ئەمەش بە

[54] : قژی دەستکرد.

ئێش و تووڕەییەکی زۆرەوە باس دەکرا. بەڵام بەˇ قارەمانێک کە سەر دەدا و سرِ نادات ˇ واتا نهێنی پارێزە، ناوبانگی دەرکردبوو. گۆرانی و لاوانەوە بەسەر ئەو و (عەلی حەیدەر یلدز)دا دەگووترانەوە.

لە پەیمانگەی مامۆستایانی دێرسیمیش چەند ڕووداوێک ڕوویاندابوو. لەنێوان خوێندکارانی فاشیست و شۆڕشگێڕەکانی بەشی ناوخۆدا شەڕ و ئاڵۆزییەکی گەورە ڕوویدابوو. تەنانەت باس لەوەش دەکرا کە هێرشکراوەتە سەر گەڕەکی خوارەوە و بە شەقازللە لە پارێزگاری دێرسیمیان داوە. لە دێرسیم ساڵی 1974 ساڵێکی پڕ لە ڕووداوی ئاڵۆزی و گرژی بوو.

ماوەیەک هاتنەوەم لە ئەڵمانیا گرنگی و بایەخییەکی باشی هەبوو، دایکم هەوڵی دەدا زۆر ئەزیەتم نەکات، وەکو جاران کە تووڕە دەبوو لە بینینی هەر چەوتییەک دەستی بۆ جوێندان و لێدان نەدەبرد و لەم بوارەدا بەزۆر دانی بەخۆیدا دەگرت. هەنگاونان بەرەو گەنجێتی دیاربوو هەندێک سوودی هەبوو. پەیوەندی کچە گەنجەکانی دەوروبەرمان لەگەڵ دایکیان جیاواز بوو. دایکیان لە هەر مژارێکدا دەسەلاتیان بەسەر ئیرادەی کچەکانیاندا نەدەکرد. کچان لە مژارگەلێکدا خۆیان خاوەن بڕیاربوون. چیتر ناچاری پێکەوە چوون بۆ گەڕانیش نەمابوو. کچە گەنجەکان دەچوون بۆ لای هاورِێ هاوتەمەنەکانی خۆیان، لەماڵی خۆیان میوانداری هاورێکانیان دەکرد. (پەریخان)، (جەمیلە) و (نیعمەت) هاوتەمەنم بوون.

دایکم تا دەهات زیاتر منی وەکو پێگەیشتووێک دەبینی. زیاتر پەسندبوونم لای دەوروبەر، دەبووە مایەی بەختەوەری و دڵخۆشی دایکم و زیاتر هەوڵی پاراستنمی دەدا. خۆی لە زۆر شت وەرنەدەدا، بەڵام دەستبەرداری دەستوەردانیش نەدەبوو.

هەر لە جل و پۆشتەوە تا داهێنانی قژ، خواستەکانی خۆی دەسەپاند. هەر چەند ئەنجامەکەشی نەگۆڕ بێت، بەڵام هەر شەڕی لێوە دروست دەبوو. زۆر لۆمەی دەکرد، کە ئەمە تایبەتمەندییەکی زۆر دوورخەرەوە و بێزارکەر بوو. شوێن و جێگەی بێت یاخود نا، پێویست بکات و نەکات بۆ ئەو جیاواز نەبوو.

ئەو چەندە بەمجۆرە مامەڵەی بکردایە من سەرکێشتر و پێداگیرتر دەبووم. ئەم هەڵوێستەی ئەو لە مندا دۆخێکی پێچەوانەی هێنابووە کایەوە و بۆ جێبەجێ نەکردنی داواکانی پاڵی پێوە دەنام. هەندێک جاریش لە قین و تووڕەییدا بێ ئەوەی بمەوێت، بەگوێرەی خواستی ئەو دەجوڵامەوە و بە زیان گەیاندن بەخۆم دڵی ئەوم ئاسوودە دەکرد. نەخێر ئەو جارێکی تریش ئاسوودە نەدەبوو، ئەم هەڵوێستەی من "لەسەر دڵی دەبوو بەگرێ". بۆ نموونە: هەر کاتێک دوای داواکارییەکی زۆر و تکا و پاڕانەوەیەکی بێ وێنە مۆڵەتم لێدەسەند تا بتوانم لەگەڵ هاوڕێکانم بچین بۆ سینەما یاخود هەر شوێنێکی تر، ئەو جۆرە دەستوەردانانەی دەبوو. منیش پەشیمان دەبوومەوە لە ڕۆیشتن. هاوڕێکانم بەهۆی نەڕۆیشتنم لەگەڵیاندا دڵگران و تووڕە دەبوون. دایکی هاوڕێکانیشم حەیفیان بەمن دەهات و لە دایکم تووڕە دەبوون. کە وای لێدەهات ئەویش لە من دەپاڕایەوە و ناچاری دەکردم کە بچم، بەڵام نەیدەتوانی ڕازیم بکات. ئەم ڕقگرتن و تووڕەبوونە دوولایەنەیەمان هەردووکمانی زوویر دەکرد و ڕێگەی بۆ دڵشکانمان خۆش دەکرد.

پەیوەندی نێوانمان جۆرە پەیوەندییەکی زۆر سەرسوڕهێن بوو. هەمیشە گرژی و شەڕ بەردەوام بوو. وەکو دایکێک وای دەزانی کە بەمجۆرە تەنانەت لە دایکانی تر زیاتر خۆشیدەوێین

و بیر لە داهاتوومان دەکاتەوە. باشە ئایا دەشێت لە بناخەی سەپاندنی هەموو ئەو شتانەدا خۆشەویستی هەبێت کە خۆی بەباشی دەزانی؟ چاندنی پەرچەکرداری بەمجۆرە لە منداڵەکانیدا، چ سوودێکی بۆ خۆی هەبوو؟ ئەمە و تایبەتمەندییەکانی لەمجۆرە، نەک خۆشەویستی و پەیوەستداربوون بە دایکەوە، بەپێچەوانەوە تایبەتمەندی سەرکێشی و یاخیبوونی لە کەسانی بەرامبەردا دەچاند.

باوکم لەماڵ نەبوو، بۆیە سەرجەم بەرپرسیارێتییەکان کەوتبووە سەر شانی ئەو. لەم واتایەدا لەژێر بارێکی قورس بوو. پێویست بوو لەسەری؛ هەم رۆڵی دایکایەتی و هەمیش باوکایەتی بگێڕێت. کێشەی ماددی ماڵەوە، بەڕێکردنی سەرجەم منداڵەکان بەرەو خوێندن، رووداوەکانی دەوروبەر و کاریگەرییەکانی لەلای دایکم ببوونە مایەی کاردانەوەی سەرپەرشتیکردنێکی توند، پاراستن، بەدوورگرتن لە (خووە خراپەکان). ژنێکی رقئەستوور، گرژ و شەڕانی بوو، ئارام نەبوو. خۆیشی دەیبینی و هەستی دەکرد کە لەم شێوازەی پەیوەندییەکانیدا کێشەیەک هەیە. لەبەرامبەر بە کاردانەوەکان دەیگووت:"من دایکتانم، خۆ دووژمنتان نیم. بۆچی بەمشێوەیە رەفتارم لەگەڵدا دەکەن؟" و دڵگرانی و بێچارەیی خۆی دەردەبڕی. بەم دۆخەی دڵگران دەبووم و خەمم بۆ دەخوارد. لە راستیدا ئەگەر هەندێک دڵنزمبێت، دەست لە هەموو شتێکمان وەرنەدا، خۆیشی ئاسوودە دەبێت و لەگەڵ ئەمەشدا دەستی هاوکاری هەموومانی پێدەگات و کێشەی جددی لە ئێمەوە رووی نەدەدا.

بە دوایین منداڵەوە بووین بە (8) منداڵ. بەخێوکردنی (8) منداڵ و سەرقاڵبوون بە کێشەکانی ماڵەوە وەڕەزی دەکرد.

پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ خزمان سنووردار بوون. کاتێک نامەکانی باوکم یاخود کە خۆی دەهاتەوە دایکم ئاسوودە و بەختیار دەبوو. باوکم دەیخستە سەر ڕێی ڕەوان، قسەی لەگەڵ دەکرد، گفتوگۆی دەکرد و هەوڵی ڕێگریکردنی لە دەربڕینی هەڵوێستە نابەجێیەکانی و هێورکردنەوەی دەدا. باوکم هەڵوێستی دایکمی لەمەڕ منیش ڕەخنە دەکرد و پێیدەگووت:" کچەکەت، گەنجە. پێویستە هاوکاری بکەیت. بهێڵە با هەندێک شت خۆی بیکات. سەر مەخە سەری و دەست لە هەموو شتێکییەوە وەرمەدە. ناتوانین داوا لە منداڵەکانمان بکەین کە پێویستە لەسەریان هەموو شتێکیان وەکو ئێمە بێت و وەکو ئێمە بیربکەنەوە، کارێکی ڕاست نییە. شوکور شتی خراپ ناکەن، پێویستە سەربەرز بین پێیانەوە." ئەمە و بابەتێکی زۆری بۆ باس دەکرد و هەوڵی دەدا ڕازی بکات. بێگومان ئەمانە بۆ ماوەیەک لە پەیوەندییەکانماندا هاوکاری دەکردین. باوکم دڵی ژانی دەکرد بەوەی هەموو بەیانییەک زوو هەڵدەستام و هەموو کارەکانی ناو ماڵم دەکرد و دواتر دەچووم بۆ خوێندنگە. بەتایبەتیش سەرەڕای هەموو هەوڵ و کۆششێکم کاتێک ناڕازیبوونی دایکمی دەبینی دەهاتە قسە و تووڕە دەبوو و دەیگووت:" لە خوا بترسە. کچە هەڵدەستێت هەموو کارەکان دەکات و دەچێت بۆ خوێندنگە، کچی هیچ کەسێک وا ناکات. کەچی تۆ هێشتا بەدوای کەموکورتییەکانیەوەیت!" بەڵام دایکم هەمدیسان دڵگیر و ڕازی نەدەبوو و بەدوای کەموکورتیمدا دەگەڕا.

کەس بەرهەڵستی لە خواستی بەردەوامی خوێندنم نەدەکرد، بە پێچەوانەوە دەیانویست بچمە خوێندن و خوێندنگەی باڵاتر. تا ئەو ڕۆژە باسی هاوسەرگیری نەبوو بە ڕۆژەڤی ئەو ماڵە و

قسەی پێویست و جددی لەسەر نەکرابوو. سەرەڕای ئەوەی کاکەم گەورەی ماڵ بوو، تەنانەت پابەند بەو هیچ شتێک باس نەدەکرا. لەم بابەتەدا کاکەم بە پرەنسیپ بوو. لانی کەم دەرفەتی بەڕۆژەڤبوونی پرسێکی وەهای نەدەدا. سەرەڕای هەبوونی هاوڕێیەکی زۆر و ئاستی جیاجیایان، هاوسەرگیری بەلاوە کارێکی ئاسان نەبوو. جۆرێک بوو لە وابەستەبوون بە شوێنێکەوە. کێ دەزانێ، دەشبێت ژیانی خێزان، پەیوەندییە خێزانییەکان و هاوسەرگیری لەبەر چاوی بێ واتا بووبن.

بەتایبەتیش هاوسەرگیری پوورە (ساکینە)م زۆر سەرسوڕهێن بوو. جار و بار گاڵتەمان لەگەڵ دەکرد. بەشێوازی خوازبێنی بێ یەکترناسین هاوسەرگیری کردبوو. جارێکیان دەیەوێت چاوی بەو پیاوە بکەوێت کە هاتووە بۆ خوازبێنی. بەڵام هیچ هەلێکی بۆ دەرکەوتنی لەماڵ لەبەردەستدا نییە، ناچاردەبێت لە پەنجەرەی ماڵەوە تەماشای بکات. لەکاتێکدا هەوڵدەدا بچێتە سەر تەنکی ئاو بۆ بینینی، تەنکییەکە وەردەگەڕێ و دەکەوێت، ئاوی ناو تەنکییەکە دەڕژێت. بەمجۆرە پوورم بێ ئەوەی لە دووریشەوە چاوی بە داواکارەکەی بکەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات. ئێستاکە خاوەنی (7 ـ 8) منداڵە، ئەوکاتە داواکارەکەی شۆفێر بوو. بینینی هەردووکیان لە ماڵێکدا دانبەخۆداگرتنێکی جددی دەویست. وەکو دوو بێگانە وابوون. سەرەتاییبوونێکی زۆر سەیر لە پەیوەندییەکانیاندا بەدی دەکرا، دوور بوون لە یەکتر. لەگەڵ یەک زۆر قسەیان نەدەکرد. بەڵام ئەو هەمووە منداڵەشیان ببوو. لەبیرمە دڵم بەم دۆخەیان دەسووتا و زۆرجاریش گاڵتەمان پێدەکردن. بەلای منەوە پەیوەندی نێوان دایک و باوکم لەچاو پەیوەندییەکانی ئەوان زۆر باشتر بوو. دایکم قیامەتی دەهێنایە خوارەوە ئەگەر هەر

بڕیارێک بەبێ دەستووری ئەو وەربگیردرایە. دەیکرد بە کێشە و ماوەیەکی زۆر قسەی لەسەر دەکرد. پوورە (ساکینە)م بەوجۆرە نەبوو. پوورەکانی ترم بەکاریگەرتر بوون، لەئاستێکی بەرچاودا درێژەیان بە نەریتی بنەماڵە دەدا. دایەگەورەم بۆ هەموو کەسێک پێودانگی سەرەکی بوو. پێویستبوو هەندێک لەتایبەتمەندی و پەیوەندییەکانی لەکەسایەتی خۆتدا بەرجەستە بکەیت یان نیشان بدەیت تا بە کچی خۆیت دابنێت. ئەگەر نا دەگووترا: "ئەمە هیچ نەچۆتەوە سەر ئەزێ".

# سۆز و شەوقی منداڵیم کۆت کرابوو

هەلومەرج تارادەیەک گۆڕابوو. پێوانی دابونەریتیی و قاڵبە هەنووکەییەکان کەم کەم روویان لە توانەوە کردبوو. ئیتر کچ و کوڕە پێگەیشتووەکان هەلی یەکتر ناسینیان هەبوو، دەیانتوانی دیدار و گفتوگۆ بکەن. (گیونەش)ی پوورە بچووکم بەم چەشنە هاوسەرگیری کردبوو. (فەتحیە)ی کچە دراوسێمان، دوای دیدار، یەکتر ناسین و تێگەیشتن هاوسەرگیری کردبوو. تەنانەت لە جڤاکدا ئەمە بە شتێکی زیادە دەبینرا. مقۆمقۆ بڵاو دەبووەوە و دەگووترا پیاو میوانی ماڵیان بووە و دواتر هاتوون داوای کچەکەیان کردووە. پێکەوە گەڕان و رێکردن جاروبار دەبووە بەیت و باڵۆرەی خەڵک. تا دەهات نەریتی شیربایی لادەچوو. گەنجانی دێرسیم (چەپڕەو، شۆڕشگێڕ) بوون، بۆیە پێویست بوو لەسەریان نوێنەرایەتی دابونەریتی نوێ بکەن. زۆربوون ئەوانەی لاریبیان لەم دۆخە نەبوو. تەنانەت هاوسەرگیریکردنی ئەو خوێندکارانەی لە شارەگەورەکاندا دەیانخوێند لەگەڵ کچانی تورک، چەرکەز و نەتەوەکانی تر زۆر ئاسایی بوو. پێشتر هاوسەرگیری لەنێوان خزم و کەس دا زیاتر باوبوو، بەڵام ئەوەش تا دەچوو کەم دەبووەوە. لە ئاستی ناچاریی و سەپاندنی وەکو نەریتی باوی کۆمەڵگە تێپەڕی کردبوو. هاوسەرگیری لەسەر کۆرپەی ناو بێشکە، کە نەریتێکی باوبوو، چیتر جددییەتێکی نەمابوو. باشە، ئەمانە دەبوونە مایەی گۆڕینی چارەنووس؟ ئاستی تێپەڕکردنی نەریتگەرایی گرنگ بوو. هەندێک هەبوون کە هێشتا لەو تەمەنەدا بەچاوی هاوژینی یەکێک لە منداڵەکانی خۆیان لێیاندەڕوانیم.

پەیوەندیم لەگەڵ ماڵە مامەکانم سنووردداربوون. زیاتر کاتێک باوکم دەهاتەوە، یەکترمان دەبینی. مامێکم سێ منداڵی هاوتەمەنی منی هەبوو. لەبەر ئەوەی یەکترمان نەناسی بوو دیار نەبوو کە خزمین. لەگەڵ یەک ساردبووین و ئەمەش هەستی پێدەکرا. مامەکانم هەر لە منداڵیمەوە پێیان دەگووتم:"دەبی بە بووکمان"، ئەم هەڵوێستەیان بەتایبەتیش لەلایەن دایکمەوە بە کاردانەوەیەکی توند وەڵام دەدرایەوە. نێوانی لەگەڵ مامەکانم زۆر کەم بوو، خۆشی نەدەویستن. گرنگتر لەمەش، دایکم ئەوانی بچووک دەبینی. هەمیشە پەندی (دۆست و دووژمن لە تەنگانەدا دیارە)ی دەهێنایەوە. لە شوێنێک لۆژیکی (خەڵکی غەریب چاکترن) زیاتر جێگەی خۆی دەگرت. بەڵام ئەم هەڵوێستەش لە جەوهەری خۆیدا پێوانەی تایبەت بەخۆی هەبوو، ئەو پێوانانە بەبنەما وەردەگیران. بەپێچەوانەوە کاردانەوەیەک نەبوو لەبەرامبەر بە نەریتی پاشڤەڕۆ. خاڵەکانم لەم بوارەدا وریاتربوون. راستینەی منداڵەکانی خۆیان باشتر دەبینی. بەر لە هەموو شتێک نەیاندەخوێند، وازیان لە خوێندن هێنابوو، دەستبەتاڵ بوون. کێ منداڵی بەوشێوەی دەویست! منیان خۆش دەویست، لەبەر ئەوەی دەمخوێند، ئەوانیان شیاوی من نەدەبینی.

باوکم هەرکە هەواڵی ئاهەنگی خزمان دەگەیشتە گوێی، جۆشوخرۆش دەیگرت و دەیگووت:"خۆزگە بە مرادی خۆم دەگەیشتم" بیری لە هاوسەرگیری ئێمە دەکردەوە، بەڵام زۆر پێداگری نەدەکرد و نەیدەخستە رۆژەڤمانەوە. هەڵوێستەکەی کاکەم بەکاریگەر دەبوو، کاریگەری لەسەر هەڵوێستیان لەمەڕ ئێمەش دەکرد. دەیگووت:" من لەگەڵ دایکم پێم ناکرێت، جا کچی خەڵک چۆن لەم ماڵەدا لەگەڵیدا هەڵبکات؟"

بیرکردنەوە و ویستی دایک و باوکم سەبارەت بە ئێمەی منداڵەکانیان ئەم چوارچێوەیەی تێپەڕ نەدەکرد. دایکم جیازی پێ دەدروتم. لە کوێ نموونەی جلە ریشاڵە[55] و کەنەوێچە[56]ی دەستبکەوتایە جوانترینیانی دەهێنا و هەم خۆی دروستی دەکرد و هەم بە منیشی دەکرد. ئامادەکردنی جیازیی بەلای هەندێک لە کچانەوە حەزێکی تایبەت بوو. بە خۆشەویستی، خواست و هەوەسەوە کاریان لەسەر دەکرد. خۆ ئامادەکردن بۆ هاوسەرگیری، خۆ بە کاندیدێکی هاوسەرگیری لێکدانەوە؛ خەیاڵی تایبەتی کچان بوو. بەڵام من بە هەوەست و خواستەوە جیازیم ئامادە نەدەکرد. کاتێک لە ئەڵمانیاوە هاتمەوە جیازیم نەهێنابوو. ئەو دیارییانەی هێنابوومەوە جیاواز بوون. هاوسەرگیری و پەیوەندی ماددی بە گوێرەی من نەبوون. ناحەزبوون. فەلسەفەی ژیانی باوکم لە ئێمەدا کاراتربوو. لایەنی ماددیەتی ژیان هەمیشە وێنای بەرژەوەندی، ناحەقی، شەڕ و ناحەزی بوون. کاتێک ماددیەت دەکەوتە ناو بابەتێکەوە باوکم نەفرینی لێدەخوێند. لەم جیهانەی ئێمەشدا زۆربەی پێوانەکان بەگوێرەی سیستەمی ماددییەت رێکدەخران.

لەگەڵ گەڕانەوەم لە ئەڵمانیا ئەمجۆرە باسانە بەرۆکی خانەوادەکەمی گرتبوو. ماڵی مام (خدر) کە نیشتەجێی بالاخانەکەی بەرامبەرمان بوون یەکێک بوون لەو میوانانەی بە چرووپری سەردانیان دەکردین. مام (خدر) پیاوێکی درێژ و کەڵەگەت بوو، بەتەمەن بوو و خانەنشین کرابوو، بەڵام هێشتا کەسێکی لەشساغ بوو. هاوژینەکەی تورک بوو، بەپێچەوانەی

---

[55] جلوبەرگ و شمەکی بووکێنی.

[56] دوو جۆر جلوبەرگی تایبەت بە ژنانی ئەو هەرێمەیە بەتایبەتیش لەکاتی بووکێنی و ماوەی سەرەتای بووکێنی لەبەر دەکرێت.

مام (خدر)ەوە ژنێکی کورتە باڵا و قەڵەو بوو. ئەم دوو پیرە ژن و پیرە پیاوەی لەڕووالەتدا پێچەوانەی یەکتر دەبینران، لەنێو جڤاتدا خۆشەویست بوون. دەچوون بۆ میوانی هەموو کەسێک، بەمجۆرە تەنیاییەکەی خۆیان دەڕەواندەوە. لەو ماوەیەدا کچەکەشیان لە ئەنکەرەوە هاتبوو کە ماڵ و خێزاندار و خاوەن منداڵ بوو.

لەدوای هاتنەوەمان لە ئەڵمانیا زۆر میوان بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنکردنمان دەهاتن، بەڵام کە ئەوان دەهاتن دوایین کەس ئەوان دەڕۆیشتنەوە بۆ ماڵی خۆیان. لە هەموو شتێکم ورد دەبوونەوە. لایەنێکم کە زیاتر حەزیان لێدەکرد کۆشش و راپەڕاندنی کاروبارەکانی ناو ماڵ بوو. لەناو ئەو کۆمەڵگەیەشدا کچێک کە لە کاری خۆیدا زیرەک و لێهاتووە، زووتر دڵگیر دەبوو! چ سەیرێک بوو لەجیاتی کەسێک، کەسانێک دڵگیرم دەبوون. بێگومان خۆشەویستی و پەیوەندی مرۆڤ گرنگە. خۆشویستنی خوو و رەفتاری جوان، جەستەی جوان شتێک بوو دەستی دەدا. ئەمانە لە پێکەوە ژیاندا کاریگەرە و خەڵک بەدوایدا دەگەڕا. کەس حەزناکات لەگەڵ کەسێکدا بژی کە خەڵک لە خۆی دوور دەخاتەوە. بەڵام کێشەکە زۆر جیاواز و دوور لە راستییەکانی خۆی هەڵدەسەنگێندرا.

وەک دراوسێی یەکتر بووین. لەگەڵ نەبوونی پەیوەندییەکی زۆر نزیک، زۆر کەمیانم وەبیر دەهاتەوە. دووان لە کوڕەکانیان (دۆغان و مەتین)م وەبیر دەهاتەوە. ئەو سەردەمە پێکهاتەی خێزانییان سەرنجی رادەکێشا. (مەتین) بە درێژییەکەی و بەخێرایی رێکردنەکەی سەرنجی رادەکێشا. وەکو منداڵی خێزانێکی دەمارگیر دەناسرا. کێ دەزانێ، منداڵ بووین، دەشبێ کاتێک ئێمە لە باخەکەی خوارەوە یاریمان دەکرد بەلای ئەوانەوە

ئێمە منداڵی هار و چڵمن بووین. بە دەستهێنان بە سەر و قژماندا هەوڵیان دەدا تێمان بگەیەنن لە توورەیی خۆیان لەبەرامبەر هاری و هاجیمان. تەنانەت لە یادمە کە چەند جارێک هاوارمان کردبوو "کاکە مەتین، کاکە مەتین". چونکە بەشێوازی جیاجیا هەڵسوکەوتی منداڵانەمان هەبوو بۆ سەرنج راکێشان.

ئێستاکە گەورەبووم، چیتر لە هەر بەرەورووو هاتنێکدا چاوم لە تەماشاکردنی دەدزمەوە و وەکو نەمبینیبێت رەفتار دەکەم. لەو رۆژانەدا پشوویان بوو. تەنیا چەند جارێک لە بەلەکۆنەکەیانەوە و لە دوورەوە چاوم پێی کەوتبوو. ئەو کاکە (مەتین)ی شوقەکە بوو، ناسراو بوو، جگە لەمە هەبوونی هیچ کاریگەرییەکی تری نەهێنابوو، باوکی و خوشکەکەی زیاد لە پێویست گرنگیان پێدەدام، ئەمەش سەرنجی راکێشابووم.

لەو کەین و بەینەدا مامەکانی خۆشم لە جموجۆڵ دابوون. ئامۆزاکانم هەر یەکەیان لەپەرێکی دونیا و خاوەنی تایبەتمەندی جیاواز بوون. (جەلال)ی کوڕی مامە (مستەفا)م لە دواناوەندی دەیخوێند. (حەیدەر)ی کوڕی مامەکەی ترم لە خوێندنگەی پیشەیی بوو. (ئیبراهیم، محەمەد عەلی) و (باقی) کوڕی مام (محەمەد)م بوون. (محەمەد) لە ئەنکەرە دەژیا. ئەویش ماوەیەکی دوورودرێژ بوو ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا (TKP) بوو. بەشەڕەکانی لەگەڵ فاشیستەکانی خوێندنگەکەی لە شاری ئەرزینگان ناسرابوو. (باقی) و (ئیبراهیم) هەردوو زۆر خوێنگەرم بوون. زیاتر (ئیبراهیم)مان خۆشدەویست. زیاتر گرنگی پێدەداین، زۆر نەدەهات بۆ ماڵمان، بەڵام لە هەر یەکتربینینێکدا پرسیاری دەکرد و هەواڵی دەپرسین. پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو زیاتر گەرم و سروشتی بوو. (باقی) خوێندکاری دواناوەندی بوو، پەیوەندییمان سنووردار بوو. هەرچەندە

تەمەنێکی کەم گەورەتریش بێت بەڵام وەکو رێزلێگرتنێک بەشێوەی " کاکە - دادە " لەگەڵ یەک دانوستانمان دەکرد. بە کاکە بانگی ئامۆزاکانیشمان دەکرد، هەموویان تەمەنیان لە ئێمە گەورەتر بوو. (باقی) پێشتر جارێک هاتبوو بۆماڵمان. وابزانم سەردانێکی ئاسایی بوو. بەڵام سەردانەکەی ئەمجارەیان جیاواز بوو. کاکەم و دایکم ئاگاداری دۆخەکە بوون. کاکەم لەبارەی منەوە پێی گووتبوو: " خۆت قسەی لەگەڵ بکە، بەڵام هێشتا زۆر گەنجە، ئەگەر ئەم قسە و باسە نەهێنن زۆر باشترە." کاکەم بەر لەوەی لەماڵ بڕواتە دەرەوە بە دایکمی گووتبوو کە پێوستە دڵنزم بێت و بەتەنیا بەجێمان بهێڵێت. کاتێک خوشک و براکانم یەکە بە یەکە چوونە دەرەوە تێگەیشتم لە راستی مەسەلەکە. بە کەلوپەل و دەوروبەرەوە خۆم خەریک دەکرد و دەمویست هەندێک وەختم لێ بڕوات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەیر لەوەدا بوو دڵنیابووم لەخۆم، مایەی دڵخۆشیش بوو کە سەبارەت بە خۆم بڕیار دەدەم. ئیتر کچێکی گەنج بووم و دایکم لە بابەتێکدا مافی بڕیاردانی پێدابووم. کەوایە ئەمە قازانجی تری هەبوو. لەماوەی چای خواردنەوەیەکدا لەگەڵ ئامۆزاکەمدا دانوستانمان کرد و داوای هاوسەرگیریم رەتکردەوە. باسی لەوە کرد کە لە خوێندنی ناوەندییەوە تا ئێستا بەردەوام گرنگی پێداوم. قسە و رەفتاری لەکاتی قسەکردنەکەیدا ئاستێکی تایبەتی هەبوو. منیش ئەوەم بۆ روونکردەوە کە بیرم لە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە و دەمەوێت بخوێنم. ئامۆزاکەم پێداگریکرد لەوەی خۆیشی دەخوێنێت و لایەنگری هاوسەرگیرییەکی هەروا لەناکاو نییە و دەشێ مارەبڕین و ئەڵقە لەدەستکردن تا تەواوکردنی خوێندن بەس بێت. منیش بە زمانێکی راست و رەوان پێمگووت کە لەبەرامبەر بەو، هەست و سۆزێکی لەو جۆرەم نییە. بەدڵگرانی

و بەچاوی پڕەوە ڕۆیشت. دایکم لە باخەکە چاوی بە (باقی) کەوت کە بە دڵگرانی و وابەزوویی هەستابوو، تێگەیشتبوو.

ئێوارە کاکەم دڵخۆش بوو بە بڕیارەکەم و گووتی:" باشە! خۆت بڕیاری خۆتت دا، خێر دەبێت "

بەمشێوەیە کێشەکە کۆتایی هات. ئەوانەی کە لە دەمی هاوڕێکانمەوە بیستبوویان، هۆکاری ڕەتکردنەوەکەیان مەراق بوو و هەوڵیاندا بوو تێبگەن. گەنجێکی خوێندکاری زانکۆم ڕەتکردبووەوە کە ئامۆزاشم بوو. واتایان پێنەدابوو.

ئەم هەڵوێستە متمانەمی بەخۆم زیاتر کرد. کاری لە دایکشم کرد، وا بیرم دەکردەوە کە چیتر ناتوانێت هەموو ویستێکی خۆیم بەسەردا بسەپێنێت. ئەو ساڵە باوکم هاتەوە بۆ سەردان، هەر لەگەڵ هاتنەوەیدا، مامەکانم کەوتبوونەوە جوڵە. باوکم وابیری دەکردەوە کە لە بڕیارەکەمدا گوشاری دایکم جێی باس بووبێت، لەبەر ئەوە خۆی هەوڵی دا ڕازیم بکات، بێگومان نەک بەشێوەی سەپاندن.

مام (خدر) و دایە خەپەی هاوژینی، بە هاتنەوەی باوکم ئیتر وەکو خاوەنماڵیان لێهاتبوو و هیچ لەماڵی ئێمە دوور نەدەکەوتنەوە. ئەوانیش دەستیان کردبوو بە دەربڕینی نهێنییەکەی ژێر ددانیان. من دەستم بە خوێندن کردبووەوە. لە پۆلی یەکەمی دواناوەندی بووم. ئەوان هەر بەردەوام بوون لەسەر بەزمی خۆیان، هەندێک لە خزم و کەسەکانمانیان خستە نێوانەوە و هەوڵیان دەدا باوکم ڕازی بکەن. جارێکیان کە باسەکەیان هێنایە ناو جڤاتەوە، هەڵمدایە و گووتم:" من بڕیار لە کەسێک نادەم کە هیچ نەیناسم و قسەم لەگەڵ نەکردبێت، ئێوەش ناتوانن لەجیاتی من بڕیار بدەن." باوکم تووڕە بوو لەوەی کە بەمشێوە قسەدەکەم لەگەڵ ئەواندا و ئەم

هەڵوێستەمی وەک لە خۆبایببوونێک لێکدایەوە. سەیر بوو باوکم تەنانەت لە کاردانەوەیەکی وەها سرووشتیانەش پەست و تووڕە ببوو. دەتگووت بەو هەڵوێستەم تاوانێکم کردووە. دوای ڕۆیشتنەوەی ئەوان دایکم هەوڵی ڕازیکردنمی دا. لەبەر ئەوەش لەگەڵ باوکم دەمەقاڵێیەک کەوتە نێوانیانەوە. هەڵبژاردنی کەسێکی بێگانە لەلایەن دایکمەوە، باوکمی تووڕە کردبوو. چەند ڕۆژێک ئەو دەمەقاڵێیەیان بەردەوامی کرد، تەنانەت چەند جارێکیش لەیەک زویر بوون و قسەیان لەگەڵ یەک نەدەکرد. ئەمە ناڕەحەتی و قەڵسی دروست دەکرد. دوای ماوەیەک ماڵەکە جارێکی تری باسەکەیان هێناوە گۆڕێ. مام (خدر) سەری کردبووە سەرم، لە بازاڕ و ڕێگەوبان هەر کاتێک منی ببینیایە هەواڵ پرسی دەکرد، جگە لەوەش زۆر لێم ورد دەبووەوە. تەنانەت وەکو بڵێی خاوەنداری دەکردم.

کاکەم ڕۆژێکیان لەبەرامبەر بە هەڵوێستەکانی دایکم کە زۆری لێدەکردم تەقییەوە و بەتوندی کاردانەوەی نیشاندا و بەتووڕەییەوە پێیگووت:"چی دەکەن، هێشتا تەمەنی چەندە، زۆر ناچارن؟ ئەو کچەتان بەلاوە زیادەیە؟ ناتوانن بەخێوی بکەن؟ کەواتە بۆ ئەوەندە زۆری لێدەکەن؟"

پاشان لای لە من کردەوە و گووتی:" تۆ خۆت مەخەرە ژێر کاریگەری و سێبەریانەوە، لەجیاتی گریان و کڕوزانەوە بڕیارێک بدە کە بەڕاست و بەجێی دەزانی. هاوسەرگیری یاری منداڵانە نییە."

ئەم هەڵوێستەی کاکەم بوو بە مایەی خۆشحاڵیم. بەڵام فشار و گوشارەکانی دەوروبەر چاوەڕێی بڕیارێکیان دەکرد. ڕۆژێکیان لەکاتێکدا لە خوێندنگەبووم، لەماڵەوە بەڵێندرابوو. هەڵوێستی من گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو. لە ڕوویەکەوە زۆر

پێداگریم نەکردبوو. بەلانی کەم هەڵوێستەکەم تەواو جێگیر و نەگۆڕ نەبوو. ئامۆژگاری دەکرام و دەگووترا: " شێتیت؟ (مەتین) کوڕێکی چاکە، لە زانکۆ دەخوێنێ، هاوسەرگیری ناو خزمان هیچ باش و بەکەڵک نییە، لەجیاتی ئەوان با غەریب بن زۆر باشترە." و ئەمەش کاری لێدەکردم. لەناو بێ بڕیاریی دابووم، بەڵام لەجیاتی من دایکم بڕیاری دابوو، فشاری لەباوکیشم کردبوو. دیاربوو باوکم بە تووڕەییەوە ئەمەی پەسند کردبوو. چونکە ئەو زیاتر دڵی لای برازاکەی خۆی بوو.

چۆن لە خوێندنگە گەڕامەوە، بڕیاری دەستبەجێ مارەبڕینیان پێ گەیاندم. بەر لەوەی (مەتین) بگەڕێتەوە بۆ وەرزی خوێندنگە دەبوایە مارەبڕینەکە بکرایە. تووڕەبوونم لەکاتێکی وەهادا هیچ واتایەکی نەبوو. (جەمیلە)ی خاڵۆزام پێیدەگووتم: "تووڕەبوونت لە خۆڕا و بێ ئاکامە، هەموو شتێک کۆتا بوو و چوو"

بەڵێ، بەڕاستیش لەگەڵ کەسێک مارەبڕ دەکرام کە هیچ دیدارێکمان نەبوو، قسەمان نەکردووە و هیچ تایبەتمەندییەکیشیم نەدەزانی. ئەویش بە هەمانشێوە لە نزیکەوە منی نەدەناسی. دیاربوو لەژێر کاریگەری دایک و دادەی و باوکی دابوو. من لەلای ئەو تەنیا ئەو کچە پەڕووکە زەرد بەسەرە بووم کە لەدوورەوە بینی بووی!

مام (خدر) زیاتری دەویست و دەیگووت:" دەمودەست ئاهەنگیان بۆ بگێڕین، با لەگەڵ (مەتین) پێکەوە بڕۆن بۆ ئەنکەرە". ئەوانی خۆشمان داوایان کرد پەلەی لێنەکرێت. لانی کەم تا تەواوبوونی قۆناخی ئامادەیی چاوەڕێ بکرێ.

ئەمە خەونێک بوو یاخود گەمەیەک؟ پەشۆکابووم. خۆشی و خرۆشانێکی چیم هەبێت؟ ئەگەر کەسێک بێت و گرنگیم پێدابێت و خۆشمویستبێت، ئەوا بەشێوازێکی جیاواز، پێشوازیم لەو

مەسەلەیە دەکرد. لەجیاتی من بڕیار درابوو، ئەمە پەشۆکاندبوومی. من کچێک بووم، دایک و باوکم ئەو مافەیان لەخۆیاندا دیتبوو لەسەر ناوی من بڕیار سەبارەت بەمن بدەن. باشە ئەی ئەو؟ پیاوێک بوو، بەتایبەتیش ئاستی کولتووری دایک و باوکی جیاواز بوو، خۆیشی خوێندکارێکی زانکۆ بوو. بۆچی ئەو لەم بوارەدا هیچ هەنگاوێکی نەنابوو؟ هیچ لەگەڵ یەکتر دانەنیشتبووین و قسە و باسمان نەبوو. ستایشی (مەتین) کرابوو: خووی خراپی نییە، لەڕووواڵەتیدا هیچ کەموکورتییەکی نییە، دەکرێ بگووترێت لە ئاستێکدا قۆز بوو، سەرنجیشی رادەکێشام، تازە بەڵێنی لەسەر دراوە و چوو.

سەرباری هەموو شتێک بەخۆمم دەگووت لەوانەیە بەم شێوەیە باشتر بێت. دەستگیرانداری دەبێ شتێکی چۆن بێت؟ بە درێژایی شەو بیرم لێکردەوە و هەوڵی خەیاڵکردنیم دا، بەڵام هیچ شتێک لە ئارادانەبوو کە ژیابم، بەشێوەیەکی نابەرجەستەیی هەستم بە کامە سۆزێک بکردایە؟ تەنیا جۆشوخرۆشی هەندێک یادەوەریم هەبوو کە لە پێشوازییان دابووین و هیچی تر. بۆ بەرەبەیانی رۆژی دواتر باوکم، دایکم، من و (مەتین) و دایە (مەدینە)ی، سواری ئۆتۆمۆبێل بووین و بۆ کڕینی ئەڵقە رۆیشتین بۆ شاری خارپێت.

لەنزیک ئۆتۆمۆبێلەکە رووبەڕووی یەک هاتین و تەوقەمان کرد، هەر ئەوەندە. جاروبار بە دزییەوە بۆ یەکترمان دەڕوانی، هەردووکمان نامۆ بووین بە یەکتری، بەهەموو حاڵ و هەڵسوکەوتێکماندا دیاربوو. لە خارپێت لە هۆتێلێک ماینەوە. ئەڵقە، جلی ئاهەنگی شەکراوخواردنەوە، هەندێک جل و بەرگی تر و دیاری (شەکراو ـ و)مان کڕی. لە هەڵگرتنی جل و بەرگدا تەنیا ئەوەمان لە دەم دەهات کە بەدڵمانە یاخود نا. ئەو ئێوارەیە

مۆڵەتی ڕۆیشتنمان بۆ سینەما لە دایکم وەردەگرت، بەڵام پێینەدرا، سینەما بیانوو بوو، ویستی قسەکردن. لەگەڵ یەک بوون و یەکترناسینمان بوو. من بیرم لەو لایەنەی کارەکە نەدەکردەوە، داواکاری لەلای ئەو دەهات، ئەو چالاکتر بوو.

لە گەڕانەوەماندا بۆ دێرسیم چووین بۆ ئارایشتگا، قژم ڕاست و ڕێککرایەوە و کەمێکیش ڕووخسارمیان ئارایشت کرد. دواتر بە لەبەرکردنی جلی ئاهەنگی شەکراو خواردنەوە، چووین بۆ ماڵەوە بۆلای میوانەکان. بە چەپڵەڕێزان ئەڵقە لە پەنجەکران و پاشان دەست بە ئاهەنگ کرا. لەو ئاهەنگەدا هەموو گەڕەک، دراوسێ و ماڵی خزمان پێکەوە دەستیان گرت و شاییان گێڕا. وێنەیەکی زۆریش گیرا. ئەمەش تا نیوە شەو بەردەوامی کرد. دوای ئەوەی هەموو کەس بڵاوەی لێکرد جلەکانم گۆڕی و دانیشتم. ڕاستییەکەی لە بۆشاییەکدا بووم. لە ڕووداوەکان تێنەگەیشتم. وەکو بڵێی یارییەکمان کردبێت و دوای کۆتایی یارییەکە هەر کەسەو ڕۆیشتبێتەوە بۆ ماڵی خۆی. تەنیا جیاوازییەکی ئەم یارییە ئەڵقەکانی پەنجەم بوون. ئیتر کچێکی دەستگیراندار بووم. ئەڵقەکەم دەرهێنا و تەماشای نووسراوەکەی ناوەوەیم کرد (مەتین چەتین) و ڕێکەوتی ڕۆژەکەی لەسەر نووسرابوو. تەماشای خۆمم کرد لە ئاوێنەدا، سەروقژم هێشتا ئارایشتەکەی تێکنەچووبوو، بۆیە و سپیاییەکەی دەموچاویشم. دەتگووت گەورەبووم. هەوڵی لابردنی بۆیەکانی ڕووخسارم دەدا. بەڵام لەبەر ئەوەی نەمدەزانی چۆن دەسڕدرێتەوە، هەرچەند خاوێنم دەکردەوە، بەدەمچاومدا بڵاوتر دەبووەوە. دەبووا بە کرێم یاخود بە ئاوی خاوێنکەرەوە پاکم بکردایەتەوە، دواتر فێربووم کە پێویستە بەوجۆرە لێی بچێتەوە.

دایکم و باوکم لەژوورەوە لەسەر شتێک مقۆمقۆیان بوو، گوێم بۆ شلکردن. باوکم سوێند دەخوات و دەڵێت کەوا هیچ شتێک لە ئاماژەکانی دایکم تێنەگەیشتووە. مەگەر دایکم ویستوویێتی بەتەنیا بمێنینەوە و ئاماژەی بۆ باوکم کردووە کە لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە! واتا لەگەڵ (مەتین) ئەو شەوە بەتەنیا نەماینەوە و هیچ قسەیەکمان نەکرد. هێشتا تاکە گووتەیەکیشمان لەدەم نەهاتبووە دەر. هەر ئەوەندە دانیشتبووم و لە شەرمان یاریم بە دەست و قامکەکانم دەکرد، بە سەری قامک جلەکەی بەرم بە راستوچەپدا رادەکێشا. (مەتین) بەهێواشی ئاگاداری کردمەوە کە بەوجۆرە یاریکردنم بە جلەکانم رواڵەتی جەستەم دەردەخات. لەسەر قسە و پێداگری مامۆستا (ئایسەل) و ئەوان هەڵپەڕکێمان کرد. لەو ژوورە بچووکەدا هەڵپەڕین. ئەویش بەلامەوە بێتام بوو و زوو دانیشتمەوە. هەڵپەڕکێیەکی بەچێژم نەکرد، وەک بڵێی ئەو سۆزە ساف و سروشتییانەی منداڵیم لە کۆت و زنجیر درابوو، دۆخی بێزاری فەرمانی دەکرد بەسەر رۆحمدا. هەروەک مەنگەنەیەک.

بۆ بەیانییەکەی (مەتین) دەچوو بۆ ئەنکەرە، بۆ ماڵئاوایی هات بۆ ماڵمان. لەگەڵ پێشکەشکردنی نان و چای، لەگەڵ باوکمدا کەوتنە ناو گفتوگۆیەکی خەستەوە. دایکم دووبارە چاوی لە باوکم زەقکردەوە و دەیویست شتێکی پێ بڵێت. باوکم جارێکی تر تێنەگەیشت، بەو جۆرە هەموو پێکەوە قسەکردنی بەلاوە خۆشتربوو. ئەمجارەشیان نەمانتوانی هەردووکمان پێکەوە قسە بکەین. تەنیا جاروبار بە دزییەکەوە تەماشایەکی یەکتر دەکەین و بەس. مەراقی کەسایەتی یەکترمان دەکرد. یەکەم جار بوو لەنزیک یەک، لە مێزێکدا کۆدەبووینەوە. شتێکی هاوبەش هەبوو ئەویش ئەڵقەی پەنجەکانمان بوو. پاشان لەگەڵ

هەمووان تەوقەی کرد. دوایین کەس ماڵئاوایی لە من کرد، لەو کاتەدا هەستم بە دڵ پێچەیەک کرد لەناخمدا، بەم زوویە دابڕان لە کوێوە رووی تێکردبووین. بێگومان نەمتوانی ئەمە بدرکێنم. ماچی روومەتەکانی کردم و بە خێرایی دەرکەوت و رۆیشت.

دوای رۆیشتنی (مەتین) درێژەم بەخوێندن دا. سەرجەمی هاورێیانم پیرۆزباییان لێکردم، ئیتر لەبەر ئەوەی کچێکی دەستگیرانداربووم رێکوپێک و لەسەرخۆ بووم. زۆر بەوردو وریایی هەڵسوکەوتم دەکرد. ئیتر وەکو جاران بە ئاسانی رەفتارم نەدەکرد. خۆی لەخۆیدا دایکم هەرگیز نەیدەهێشت لەبیری بکەم. لە سەرەتای هەر وشە و رستەیەکدا پێی دەگووتم: "دەستگیرانداریت" و دەیخستمە ناو گۆشەگیرییەکی ترسناکەوە و بێزاری دەکردم.

لەگەڵ (مەتین)دا دەستمان بە نامەگۆڕینەوە کردبوو. یەکەمین نامە ئەو ناردی، لە وەڵامدا بە هەموو بێ خەوشییەکەوە باسی دۆخی رۆحی و دەروونی خۆمم بۆ نووسی. نامەکەمی بەدڵ بوو، دواتر دڵخۆشی خۆی لەمەڕ بە ئاشکرا گوزارشتکردن و دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانم خستەڕوو.

(مەتین) نامەکانی بۆ خانەوادەکەی دەنارد، ئەوانیش دەیاندا بە من. منیش کە دەمنووسی رادەستی ئەو ناونیشانەم دەکرد کە پێیدابووم. لەگەڵ دایک و باوکیدا وەکو خێزانێکمان لێهاتبوو. شەو و رۆژ لەلای ئێمەبوون. خۆی لەخۆیدا لەنێوان دوو گۆشەگیرکردن دابووم. هەم دایکم و هەمیش هەموو خانەوادەکەی (مەتین) دەیانویست بمخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەردەوام سنووریان بۆ دادەنام. بەڵام من هەردوو گۆشەگیرییەکەشم پەسند نەدەکرد و لەبەرامبەریاندا تێدەکۆشام. لەسەر ئەمەش کە دەمەقاڵێکانم لەگەڵ دایکم توندتر دەبوون بە

فرێدانی ئەڵقەکە هەڕەشەم لێ دەکرد. دەیناسیم، شتێکی بەو ڕەنگەم لەدەست دەهات. لەبەر ئەوە بۆ ماوەیەک بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردم. بەتایبەتیش زۆر دەترسا لەوەی کە هەمان شت بە دایک و باوکی (مەتین)یش بڵێم. بەم ئەندێشەیەوە خۆی ناچاری مامەڵەیەکی وریا و بەدیقەت دەکرد.

لە پشووی نیوەی ساڵدا (مەتین) هاتەوە بۆ دیرسیم، دەکرێت بگووترێت بە ڕاست یەکترناسینمان لەماوەی ئەو پشووەدا بوو. هەرچەندە نامەکان لەیەکتری نزیک کردبووینەوە، بەڵام نابەرجەستە و ئاوێتەگەرا بوو. لەماوەی پشووی نیوەی ساڵدا هەردووکمان بەفراوانی قسەمان لەسەر ناکۆکییەکان کرد، ئەمەش زیاتر لەیەکتر نزیکبوونەوەمانی دەستەبەر کرد.

(مەتین) کەسایەتیەکی وای هەبوو کە لەپەیوەندییەکاندا دەستپێشخەر بوو و زوو گەرم دەبوو. لەبەر ئەوەش دڵگیری و پەسندکردنی دایکمی بەدەستهێنا بوو. بە شێوەیەک دەهاتە بەرچاو کە دایکم لەهەمووومان زیاتر ئەوی خۆشدەوێت، لێرەوە لەبەرامبەر بە منیش تا دەچوو دایکم ڕووی لە نەرمبوون دەکرد.

بەپێی کات لەگەڵ (مەتین) دەستمان بە یەکتر ناسین کردبوو. (مەتین)؛ (8) ساڵ لەمن گەورەتر بوو. جاروبار لەتەنیشت ئەودا وەکو منداڵێک هەستم بە خۆم دەکرد. جاروباریش ئەوم بە منداڵ لێکدەدایەوە. ڕوانگەمان بۆ ژیان بەرتەسک بوو و لە دابونەریتگەرایی تێپەڕی نەدەکرد. سیاسەت سەرنجی هەردووکمانی ڕادەکێشا و بەوهۆیەوە قسەمان لەسەر گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە دەکرد و شیرۆڤەیەکی بەرچاومان دەستدەکەوت. هەردووکیشمان لایەنگری هاوسەرگیرییەکی دەمودەست و بەپەلە نەبووین. تەواوکردنی خوێندنمان ئامانج بوو. لەم ڕووەوە گرنگیشمان بە زۆری و

داسەپاندنەکانی خانەوادە نەدەدا. دەکرێ بگووترێت پشووی نیوەی ساڵ بۆ ئێمە واتای فەرمییەت بەدەستهێنانی قۆناخی دەستگیرانداری، یەکترناسین و تەنانەت پابەندبوونمان پێکەوە بوو. ئەو کاتە بەڵێنی تەواومان بەیەک دا. دواتر جارێکی تر دابڕاین. ئەو گەڕایەوە ئەنکەرە، منیش بەردەوام بووم لەخوێندن. ئەو چەند رۆژە زیاتر متمانەم بە خۆم دەکرد. چونکە بەرپرسیارێتی ئەزموونەکانم لە ئەستۆگرتبوو.

خوێندنگەکان زیاتر جوڵەیان تێکەوتبوو. جیاوازی نێوان "مامۆستای فاشیست" و "مامۆستای شۆڕشگێڕ" زەقتر ببوویەوە. مامۆستای وەرزشمان متمانەی بە شارەزایی خۆی دەکرد لە یاری "بۆکس"دا، بۆیە شەقاوەیی کردبوو و هەڕەشەی لە هەندێک لە هاوڕێیان کردبوو، لەبەرامبەر بەمەشدا لێدانێکی چاکی خواردبوو. ئەم رووداوە مامۆستا فاشیستەکانی تریشی نیگەران کردبوو. هاوڕێیانی پۆلەکەمان، زیاتر لە خەڵکانی گوندی هاجەری، چوکور و گوندەکانی دەوروبەربوون. لایەنگرانی (PDA)[57] زیاتربوون. لایەنگرانی (TIKKO)[58] چەندێک بوون. ناوی فراکسیۆنەکان"گرووپەکان" هەر کات و لە هەر شوێنێک نەدەدرکێندران، بەڵام لە گفتوگۆکاندا زوو روون دەبووەوە کێ سەر بە کام فراکسیۆن "گرووپ"ە و کێ بەرگری لە کام فراکسیۆن دەکات. بەگشتی لەبەرامبەر مامۆستا فاشیستەکاندا

---

[57] رۆشنگەری شۆڕشگێڕی پرۆلیتار، جوڵانەوەیەک بوو بە سەرکردایەتی دۆغو پرینچەک. گرووپێکی بەناو چەپڕەوی کوردی بوون، بەڵام لەژێر سایەی دەوڵەتی تورک و دامودەزگا تایبەتەکانی کاریان دەکرد.

[58] سوپای رزگاری کرێکاری و دیهاتییان- تورک. بە سەرکردایەتی ئیبراهیم کایپاککایا، باڵی سەربازی پارتی کۆمۆنیستی مارکسیست لینینیستی تورکیا TKP-MLیە، کە تائێستاش بەشێواز و ناوی جیاجیا بەردەوامن لە تێکۆشان.

بەرەیەکی سروشتیانە پێکهاتبوو، لەدۆخێکی بەمرەنگەدا هەمووومان لەو بەرەیە دابووین. لەگەڵ ئەمەشدا دۆخی سەختکردنی هەلومەرجی خوێندن لە ئارادابوو. لە بەشی ناوخۆییدا خوێندکاری فاشیست نەمابوون، بەڵام هەلومەرجی ژیانیش زۆر ناهەموار بوو. هەمدیسان بەشی زۆری وانەکان بە بەتاڵی تێپەڕ دەبوون. بۆشایی و نەبوونی مامۆستا؛ پڕ نەدەکرانەوە. هەوڵدەدرا قورسایی بخرێتە سەر مامۆستای فاشیست. هەندێکیان داوای گواستنەوەیان دەکرد و دەنێردران. هەندێکیان هەر کە ناوی دێرسیمیان دەبیست نەدەهاتن. پەنجەرەکانی خوێندنگە شکابوون، گەرمکەرەوەکانیشی چاکنەدەکرانەوە. لەهەر رووێکەوە دۆخەکە سەختتر دەبوو. هەوڵدەدرا بەمشێوەیە تەگەرە بخرێتە بەردەم ئەو مەیلەی لەخوێندنگە سەریهەڵدەدا و رێگە لە دینامیکی گەنجان بگرن.

وانەی ئەڵمانی مامۆستا (مەسعود) دەبوو بە وانەی گاڵتەجاڕی (زولفۆ). بە ئەڵمانی (هەڕ) بەواتای (بەگ) بوو، بەڵام بە زازاکی واتای (کەر)ی دەگەیاند. (زولفۆ) بە درێژایی ئەو وانەیە بەردەوام دەیگووت:"هەڕ مەسعود". چەندین پەیڤی زازاکی بەدوای یەکدا ریز دەکرد و پەیڤی ئەڵمانیشی دەخستە نێوان. دنەی مامۆستای دەدا. (مەسعودە فەندی) سەرباری هەموو شتێک سەختگیری دەکرد. وانەی ئەڵمانیمان بەگشتی لەکاتژمێر 09 ـ10 دا بوو. مانەوەم بۆ ماوەی ساڵێک لە ئەڵمانیا هانی دابووم تا زیاتر گرنگی پێبدەم. وانەکەم خۆشدەویست. ئەو جۆرە گاڵتەجاڕییانەی (زولفۆ) جاروبار دەبووە مایەی کاردانەوە و تووڕەبوونم و رەفتارەکانیم بەبێ واتا دادەنا. چونکە ئەو لە زۆربەی وانەکاندا هەمان رەفتاری دەنواند. چەپڕەوی،

شۆڕشگێڕی لەلای ئەو نیشاندانی کاردانەوە بوو لەبەرامبەر بە وانە و مامۆستاکان.

لە وانەی تورکی مامۆستا (ئیبراهیم پۆلات)یشدا (زولفۆ)، لە ریزی دواوە دەنگی سەیر و سەمەرەی دەردەخست. کاتێک مامۆستا پشتی تێدەکرد ئەم وای دەکرد. مامۆستا هەستی پێکردبوو و دەیویست لەکاتی دەرخستنی دەنگدا بیگرێت، بەڵام نەیدەتوانی. جارێکی تر کە پشتی تێکرد (زولفۆ) دەستی پێکردەوە، لەو کاتەدا لام لێکردەوە تووڕەیی خۆمم نیشاندا و بە ئاماژەکردن داوام لێکرد کە وەها نەکات. مامۆستا لەو کاتەدا منی بینیبوو. پرسیاری لە هەموو پۆلەکە کردبوو کە کێیانە ئەو دەنگە دەردەخات، کە وەڵامی وەرنەگرتەوە چەند خوێندکارێکی بردە بەردەم تەختە رەشەکە و ویستی بزانێ کێ ئەو دەنگەی دەرخستبوو. ئاشکراکردنی ناوی ئەو کەسەی بە دروستی دەزانی، بەلای ئەویشەوە ئێمە دروستتر و ئاقڵترین خوێندکاری پۆلەکە بووین!

بۆچی ناوی خاوەن هەڵسوکەوتێکی ناخۆشمان ئاشکرا نەدەکرد؟ ئێمە پێداگریمان کردبوو لە ئاشکرا نەکردنی ناوی خوێندکارەکە. بەگشتی ئەو مامۆستایەمان خۆش دەویست، خەڵکی دێرسیم بوو و وەکو یەکێک لە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکان دەناسرا، زۆربەی کات لە وانەدا و لەپشووەکاندا گفتوگۆمان دەکرد. بەڵام سەرئەنجام مامۆستا بوو، ئەرکدارێکی دەوڵەت بوو، ئێمەی خوێندکاریش هاوڕێ بووین، لە یەک بەرەدا بووین، ناودان وەکو بەدەستەوەدانی کەسێکی بەرەی خۆمان بوو، کارێکی زۆر هەڵە بوو. مامۆستا هەر یەکە و چەند راستەیەکی کێشا بەدەستماندا و بەمشێوەیە سزای داین. لە پۆلی یەکەمی دواناوەندی بووین و لێدان هەبوو!

زۆر نیگەرانی کردم، گریام، لە پشووی وانەکەشدا لەگەڵ (زوڵفۆ) دەمەقاڵێمان کرد، پێم گووت کە هەڵسوکەوتەکانی بێ واتا و نابەجێن و لەیەکتر تووڕەبووین. ئەویش دەیگووت: کەوا بەهۆی لێدانی مامۆستاوە ئێمە بەسەریدا تووڕەدەبین و هەڵوێستەکانی خۆی ئاسایی بوون. مامۆستا (ئیبراهیم) دوای بیرکردنەوە و پێداچوونەوە؛ داوای لێبوردنی لێکردین، بەڵام دڵیشی شکاندبووین.

دوای چەندین ساڵ کە لە ئیزمیر[59] چاومان بە یەکتر کەوت، بەبێ دەنگی، لەنێوان قسەکانماندا بە ئاماژەی پەنجە، بەبیری هێنایەوە کە چۆن لەئێمەی دابوو، دڵگران و شەرمەزار ببوو. داوای لێبوردنی لێکردم. کەسێکی زۆر بەنرخ بوو، هەر زووتر لێیخۆش ببووم. بەڵام (زوڵفۆ) پاش ماوەیەک بەرەی گۆڕی. سەرجەم تایبەتمەندییەکانی، کەسایەتی دەخستە بەردەست. بەم دۆخەیەوە نە دڵگیری بووین و نە خۆشمان ویست. جیابوونی ڕێگەکانمان لەم واتایەدا کارێکی ئاسایی بوو.

خوێندنگەکەمان لە بایکۆت دا بوو. بە داوای چاککردنی هەلومەرجی ژیان روو لە بایکۆت کرابوو، بایکۆتێکی ڕێکخراو بوو. ئەوانەی ئاراستەیان بە بایکۆتەکە دەدا کەم و زۆر مایەی شیمانەکردن بوون. بەلای منەوە گرنگ نەبوو کێ پێشەنگایەتی بایکۆتەکە دەکات. بایکۆت چالاکییەک بوو لە جێی خۆیدا و بەرخودانێک بوو، بەشداریکردن لەو بەرخودانەدا ئەرکێک بوو. لە خوێندنگەوە تا بنکەی حکومەت دەستمان بە ڕێپێوان کرد. هێشتا لەسەر ڕێی نەخۆشخانە بووین پۆلیس هەوڵی

---

[59] یەکێکە لە پارێزگا و شارە پیشەسازیە گەورەکانی تورکیا کە دەکەوێتە هەرێمی ئیجە لە رۆژئاوای ئەو وڵاتە و بە سێیەمین قەرەباڵغترین شاری تورکیا دەناسرێت.

تەگەرەکردنی دەدا. پۆلیسمان دایە بەر بەرد، پێشتر پێمان گووترا کە ئەگەر پۆلیس تەقەمان لێبکات چی بکەین و چی نەکەین. پۆلیسیش پێداگری دەکرد، سەرەتا تەقەی بە ئاسماندا کرد، ئێمەش لەپشت دیوارەکانی نزیک لە نەخۆشخانە و ئۆتۆمۆبێلەکانی سەر شەقامەکان سەنگەرمان گرت. دەستبەردار نەبووین. بڵاوەمان نەکرد و جارێکی تر بە هەڵدانی دروشم دەستمان بە ڕێپێوان کردەوە».

لە سەروبەندی ڕێپێوانەکەدا ژمارەیەک لە خوێندنکاران دەستبەسەرکران. ئەمە تووڕەیی و کاردانەوەی ئێمەی زیاتر دەکرد. کاتێک نزیکبووینەوە لە بازاڕ، قەرەباڵغی گەورەبوو. خەڵک لە دوورەوە کۆمەڵ کۆمەڵ تەماشایان دەکردین. ئێمەش دەستمان کرد بە هەڵدانی دروشمی "گەلەکەمان ڕوو لە ڕیزی تێکۆشان بکەن". هەندێک لەناو خۆیاندا هۆشیاریان دەدا و دەیانگووت پێویستە ڕەچاوی دروشمەکان بکرێت، لەجیاتی ئەوە پێویستە دروشمەکان لە چوارچێوەی " دەرگا، پەنجەرە، گەرمکەرەوەمان دەوێت بۆ خوێندنگەکانمان، وانەی بەتاڵمان زۆرە، مامۆستامان دەوێت!"دا شیاوترە. بەڵام دواتر دەست بە بەرزکردنەوەی دروشمی "نە ئەمریکا، نە ڕووسیا، بەڵێ بۆ تورکیای سەربەخۆ" کرا. هەموو کەسێک ئەم دروشمەی نەدەگووتەوە، منیش لە نێوان ڕاستی و ناڕاستی ئەم دروشمەدا دوودڵ بووم. بەبێ دوو دڵی دروشمی "بمرێت فاشیزم" دەڵێمەوە. دەنگم زیاتر لەم دروشمەدا خۆی دەردەخست. هەروەها دروشمی "هاوڕێکانمان دەوێتەوە"ش لەسەر دروشمەکان زیاد کرا.

ئەم دروشمانەمان لەبەردەم بنکەی حکومەت دەگووتەوە. دۆزگەر جاروبار دەهاتە بەلەکۆنەکەوە و دۆخی

ناوبژێوانیکردنی دروست دەکرد و هەوڵی دەدا هێورمان بکاتەوە. دەیگووت:" هاورێکانتان بە زووترین کات ئازاد دەکرێن ". بەڵام چەندین کاتژمێر بەسەریدا تێپەڕ بوو کەس ئازاد نەکرا. بایکۆتەکە لەناکاوێکدا هەموو دێرسیمی خستبووە جوڵەوە. لە پەیمانگەی مامۆستایانیشەوە خوێندکاران پۆل پۆل دەهاتن، لە گەڕەکی خوارەوە پۆلیس هەوڵی تەگەرەکردنی دەدا، ئەوەی لە توانایدا بووایە خۆی دەرباز دەکرد و بەشداری ئاپۆڕای ئێمە دەبوو، ئەوانەی لەوێ مانەوە و نەیانتوانی دەرباز ببن، لە شوێنی خۆیانەوە پشتیوانیان لە چالاکییەکە دەکرد. جارێک تەماشام کرد هەلیکۆپتەر بەسەرماندا دەگەڕێت. دواتر زانرا کە هەر لەو کاتەدا پارێزگاری دێرسیم بە تەلەفۆن لە شارۆچکەکانی خۆزات و پولومور داوای کۆماندۆ و جەندرمەی کردووە و رایگەیاندووە کە:" سەرهەڵدان هەیە، کورد یاخی بوونە! " و سەرجەمی هێزەکانی پۆلیس دەخاتە جوڵەوە.

ئەم دۆخە کەسوکاری خوێندکاران و خەڵکی شارەکەی نیگەران کردبوو. لەو کەین و بەینەدا باوکم هاتە بەرچاو کە لەناو قەرەباڵغییەکەدا بەدوای شتێکدا دەگەڕا. بۆ پشووی سالانەی گەڕابووەوە بۆ دێرسیم. بەڵام کابرایەکی بێ چانس بوو، هەر کاتێک بگەڕایەتەوە بۆ دێرسیم، گرژی و ئاڵۆزی دەستی پێدەکرد. هیچ پشوویەکی بە ئاسوودەیی تەواو نەکردبوو. ئێستاش بەدوای مندا دەگەڕا. چاکێت و پانتۆڵی لەبەرکردووە، سمێڵی تاشیوە، بە پۆلیسی مەدەنی دەچوو، ئەوەی نەیناسیبا گومانی لێدەکرد. پێشتر ئاگاداریمان پێدرابوو و ئێمەش بە وریاییەوە مامەڵەمان دەکرد. پۆلیسی مەدەنی دەیانتوانی بێنە ریزەکانمانەوە و گێرەشێوێنی بکەن و دواتریش دەستبەسەرمان بکەن. بەو هۆیەوە هەموو کەسێک زۆر بە

وردی لە دەورووبەری خۆی دەڕوانی. باوکم کە منی بینی هاتە لام، هەندێک لە خوێندکاران بەتەواوی گومانیان لێکرد.

بە باوکمیان گووت:" ئەفەندی بۆ کوێ؟"

باوکم لەوەلامدا "هاتم بۆلای کچەکەم، دەیبەمەوە، دایکی نەخۆشە، لەهۆشخۆی چووە".

دوای قسە و باسی نێوانیان بوو بە دەمەقاڵێ، ناچاربووم فریای بکەوم. باوکم دوای ئەوەی ماوەیەک لەپەنام راوەستا، بە نیگەرانییەوە پێی گووتم:" با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە" و "دایکت نەخۆشە، ئەگەر نەیەیتەوە دەمرێت، بڕۆ بیبینە و جارێکی تر وەرەوە" لەو کاتەدا جارێکی تر دەست بە دروشم هەڵدان کرایەوە. پاشان رووی کردە هاوڕێکانم گووتی:" کچم، کوڕم؛ نابێت، ئێوە خوێندکارن، لەجیاتی ئەو جۆرە دروشمانە، دروشمی دەربڕینی داواکارییەکانتان بڵێنەوە تا ئەو بێ نامووسانە شتی تر نەکەن. بڕوانن لە شارۆچکەکانی دەوروبەرەوە داوای سەربازیان کرد! ئەم سەگ کوڕی سەگانە ناڵێن گەنجن، خوێندکارن و مافیان هەیە لە دەربڕینی داواکارییەکانیان. ئامان وریا بن!. ئەم ئەمریکا و رووسیایە لەکوێوە هات، چ پەیوەندییەکی هەیە. کوڕم ئاقڵ بن!" و هەوڵی رازیکردنی دەوروبەری دەدا.

دوای هێوربوونەوەی دۆخەکە، جارێکی تر هاتەوە لام و هەوڵیدەدا رازیم بکات ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت سەردانێکی ماڵەوە بکەم و بگەڕێمەوە. هێندە پێداگریکردنی تووڕەی کردم، تا ئەو کاتە هەوڵمدەدا ئاساییانە و تێگەیشتووانە مامەڵەی لەگەڵ بکەم و دڵی نەشکێنم. بەڵام هێندە پێداگیرکردن و لەناو ئەو حەشامەتەدا هێنانە پێشەوەی دڵگرانییەکەی دایکم و بۆ ئەمەش هەوڵدانی بۆ دابڕاندنم لە هاوڕێکانم، بەڕاستی

تووڕەی کردم، نەمدەتوانی بێدەنگ بم لەوەی لەمەیدانی چالاکی دامببڕێت. پێم گووت:" باوکە دەزانی چی دەکەیت، من لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەم لەناو چالاکی و بایکۆت داین، پێکەوە دەستمان پێکرد، هەموویان دایک - باوکیان هەیە، من لەبەر دایکم ئەم مەیدانە بەجێناهێڵم، هاوڕێکانم لە نیوەڕێدا بەجێ ناهێڵم و نایەمەوە!"

زۆر پەست ببووم، بەلامەوە وەکو شتێکی زۆر نابەجێ وابوو، تێنەدەگەیشتم بۆچی هێندە پێداگری دەکات. ئەوم زیاتر بە کەسێکی دڵنزم و هۆشیار دەزانی. بیری لەوە نەدەکردەوە کە دەستبەرداربوونم لە هاوڕێکانم چەندە خراپ دەبوو؟ باوکم بەدڵڕەنجاوییەوە دابڕا و رۆیشت.

دۆخی چالاکییەکە تا دەهات گرژتر دەبوو. هاتوچۆ و ئالۆزییەک لە ئارادایە. لەبەردەم بنکەی حکومەت داین و سەراپا گەمارۆدراوین. ڕێگە لە هەردوو لاوە گیراوە، جەندرمە و پۆلیس تەنیا هەنگاوێکیان بەینە، چەکیان بەدەستە و پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەیە. لە پەنجەرەی بیناکەوە گرژییەکی گەورە بەدی دەکرا، پارێزگار جارێک هەوڵیدا دەمانچەکەی لە پەنجەرەکەوە دەربهێنێت.

لەم کەین و بەینەدا لەناو ئاپۆرەی خوێندکارانەوە گووتەی" ئەگەری گێرەشێوێنی هەیە، ئەگەر فیشەکیش بتەقێندرێت، پێویستە هەموو پێکەوە بجولێینەوە، نابێ کەس بڵاوەی لێ بکات!" بڵاودەکرایەوە.

ئەم ئاگادارییانە بەبێدەنگی پێ بە پێ بڵاوکرایەوە. ژمارەیەک لە خوێندکارانی خوێندنگەی مامۆستایانیش بەشداریان کردبوو، هەم بە جلوبەرگیان و هەم بە دروشمەکانیان زوو سەرنجیان بەلای خۆیاندا راکێشابوو.

ئەگەر بە هەڵە فیشەکێک بتەقێندرێت، سەرجەم پۆلیس و جەندرمەکان هەموو لایەک دەدەنە بەر دەستڕێژ، دۆخێکی هێندە گرژ و گێرەشێوێنی بالادەست بوو. لەو کاتەدا دۆزگەری گشتی هەڵیدایە چەکەکەی پارێزگار و گووتی:" کاکی پارێزگار، کاکی پارێزگار! شێت بوون؟، ئەمانە کوردی یاخی نین، منداڵن، خوێندکارن، بۆ دەربڕینی کێشەکانی خوێندنگە هاتوون بۆ ئێرە! ئەگەر تەقە بکەن، ئەو کاتە بەڕاستی یاخی دەبن و سەرهەڵدان دەستپێدەکات!" و دەمانچەکەی بەزۆر لێسەند.

ئالۆزییەکە لەوێوە سەری هەڵدابوو و پاش کەمێکی تر دۆزگەری گشتی گەڕایەوە سەر بەلەکۆنەکە و گووتی:" گەنجینە، منداڵە خۆشەویستەکان! گوێم لێ بگرن! تۆزێک ئارام بگرن! لێتان تێدەگەین. سوێند بە شەرەف و ناموس دەخۆم لەماوەی یەک کاتژمێردا هاوڕێکانتان ئازاد دەکرێن، من ئەم بەرپرسیارێتییە دەگرمە ئەستۆ. ئەگەر ئازاد نەکرێن دەست لە کار دەکێشمەوە! ئەوا لە حزووری هەموو کەسێکدا بە ئاشکرا دەیڵێم!"

بە دروشم وەڵامی درایەوە، بەڵام بێ ئەوەی درێژەی پێ بدرێت کۆتایی بە دروشم هەڵدان هێندرا. داوامان لێدەکرێت ئارام بگرین و بە بێدەنگی چاوەڕێ بکەین. هەموومان بێدەنگ دەبین. لەو کەین و بەینەدا بەڵێنەکانی دۆزگەر شیرۆڤە دەکرێت، دەگووترێت:"دۆزگەریش پیاوی دەوڵەتە، دەمانخلافێنێت، جێگای متمانە نییە. با بەرەو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس ڕێپێوان بکەین." بە ئاشکرا بێ متمانەییمان بە دۆزگەر دەخستەڕوو. بێگومان لەم مژارەدا دەرفەت نەدان بە گێرەشێوێنیش گرنگ بوو. ئێمە داوای چیمان دەکرد، ئەگەر داواکارییەکانمان بەتەواوی جێبەجێ نەکرێن دەبێ چی بکەین، هەڵوێستێکی چۆنمان دەبوو، لە

تەواوی ئەم مژارانەدا ناڕوونییەک هەبوو. بەو هۆیەی چالاکییەکەمان بێ بەرنامە بوو و لەناکاودا سەریهەڵدابوو، بڕیاریشمان لەسەر بەرنامەی چالاکییەکە نەدابوو. سەرەنجام: بڕیاری "با کاتژمێرێک چاوەڕێ بکەین، ئەگەر هاوڕێکانمان ئازاد نەکران، بە ڕێپێوان دەچینە بەردەم بنکەی پۆلیس." درا و ئەم بڕیارەش بە هەموو لایەک گەیەندرا.

دوای تەواوبوونی کاتژمێرەکە هاوڕێکانمان ئازاد نەکران و جارێکی تر دەستمان پێکردەوە. هەر چییەک بووبێت، دوای ئەم دەستپێکردنەوەمان روویدا. لە پڕێکدا دەنگێکی زۆر بەهێز بیسترا، دیار نەبوو تۆپ بوو تەقیەوە یاخود شتێکی تر. بەڵام بەس بوو بۆ تەقینەوەی توورەیی چالاکگەران. بە دروشم هەڵدانەوە وەکو شەپۆلێک روومان لەشەقامی تەنیشت بازاڕ کرد. لەگەڵ ئەم جوڵەیەی ئێمەدا، پۆلیس و جەندرمەش کەوتنە جوڵەوە. شەڕ دەستی پێکرد. جەندرمە بەقۆنداخ دەکەوتە وێزەی هەر کەسێکەوە بکەوێتایەتە بەردەستی، پۆلیسیش بەدار و قامچی پەلاماری دەهێنا، ئێمەش بە بەرد وەڵاممان دەدانەوە. گەڕەک بە گەڕەک و کۆڵان بە کۆڵان شەڕ درێژەی دەکێشا. خەڵک خۆی لە قەرەی هیچ شتێک نەدەدا، تەنیا لە دوورەوە تەماشای دەکرد. ئەمەش لەکاتێکدایە کە پۆلیس و جەندرمە دیوارێکی گۆشتینەیان لەنێوان ئێمە و خەڵکدا دروست کردبوو. هەرچەندە دروشمی "گەلەکەمان وەرنە ریز"یشمان هەڵدا، نە خەڵک هاتنە ریزەکانمان و نە ئێمەش توانیمان رابکەینە ریزەکانی خەڵکەوە. لەولاوە گرووپێک دروشمی:"سوپا و گەنجان شان بە شان.."[60] هەڵدا. چەکدارانی دەوڵەت دەستیان بە لێدانی ئەو گرووپەش کرد. منیش لەلای خۆمەوە بەدەنگی بەرز هاوارم دەکرد" باش بوو! ئەم ناماقوڵییەتان لەچی، شانبەشانی سوپا و

[60] دروشمی فاشیستان و لایەنگرانی دەوڵەتە.

گەنجانی چی، نابینن سوپا چیتان لێدەکات؟". ئەو دروشمەیان شێتی دەکردم. لە بەیانیەوە دروشممان هەڵدەدا و لەناو دروشمەکانماندا هەبوو کاردانەوەی دروست کردبوو، بەڵام ئەم دروشمەیان لە کوێوە هات. ئەمە دروشمی (PDA)ییەکان بوو. لە پەیمانگەی مامۆستایانەوە هاتبوون و بەشدارییان کردبوو.

هەم ڕێپێوان، هەمیش شەڕ و دروشم بەردەوامە. ڕێپێوانەکە پەرش و بڵاوبۆتەوە، نە سەرەتای دیارە نە کۆتا. گەیشتینە نزیکی پێچەکەی تەنیشت شوقە. هەندێک دەڵێن "بابچینە دادگا، دەستبەسەرکراوان گوازراونەتەوە بۆ ئەوێ" هەندێکی تر بەزۆر دەیانەوێت ڕێگەی بنکەی پۆلیس بگرینەبەر. ڕێپێوانەکە بێ پێشەنگە، دیارە دەستپێشخەری لەدەست دەرچووە. تووڕەین لەم ئاکارە. بەڵام لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا دەمەقاڵێی ئەمە ناکرێت، چونکە شتێکی وەها بە کەڵکی پۆلیس دەهات. خەڵکیش چاوی هەمووی لەسەر ئێمەیە و تەماشامان دەکات، سەرجەم پەنجەرەی بیناکانی شوقەکە پڕبوون لە خەڵک. منداڵان بە نیوە و ناچڵی گووتنەوەی دروشم و بە قەرەباڵغی کردن پشتیوانییان دەکردین.

نادیاری و بێ ئاراستەگیری و بێ ئامانجی هەموو کەسێکی گرژکردەوە. گرنگتر لەمە هێشتا هاوڕێکانمان ئازاد نەکراون، بەپێچەوانەوە ژمارەیەکی تریش دەستبەسەر کراون. بایکۆت کە سەرلەبەیانی دەستی پێکردبوو تا ئێوارە بەم شێوەیە بەردەوام بوو. ئەو شوێنەی کە دواجار لێی راوەستاین و کۆبووینەوە، شوێنێکی گونجاو نەبوو. ئەگەر لەناوەڕاستی گەڕەکدا بووینایە بە ئاسانی دەمانتوانی بڵاوەمان لێبکردایە. ئەگەر لەم شوێنەدا کە لێی کۆبووینەتەوە بڵاو ببینەوە، ئەوا پۆلیس چەپ و ڕاست کۆمان دەکاتەوە و کەس ئاگای لە کەس نابێت.

ئەندێشەکان ئیدی بەمشێوەیە بەدەنگ دێن. دواجار ئەو ڕێگەیەمان گرتەبەر کە لە بازاڕەوە بەرەو خوێندنگە دێت، بەر

لەوەی بگەینە خوێندنگە لەنێوان گەڕەک و نەخۆشخانەدا هەموو کەس بڵاوەی لێکرد. گووترا:" هەر کەس خۆی بەخێرایی بەلاڕێی کۆڵانەکاندا بدات، هەوڵ بدات دەستگیر نەکرێت!" ڕۆژی دواتر هەموو دەهاتینەوە بۆ خوێندنگە!، لەهاتندا هەموو کەسێک وریا بوو، چونکە دوور نەبوو پۆلیس دەرگەی خوێندنگە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و دەست بە دەستگیرکردن بکات.

دەستبەسەرکراوانی ئەو ڕۆژە لە بنکەی حکومەت خرابوونە ژێر لێپرسینەوەوە. زۆربەیان خوێندکارەکانی پەیمانگەی مامۆستایان بوون. لە ڕوویکەوە خوێندکاری دواناوەندی قازانجێک بوو، خوێندکارانی دواناوەندی دەستیان بە بایکۆتەکە کردبوو، پۆلیس بە ئاسانی دەیتوانی هەڵبکوتێتە سەر ئەو کەسانەی لە خوێندنگەکانی تر و لە دەرەوە بەشدارییان لە چالاکییەکەدا کردبوو. لێپرسینەوەیەکی پڕ لە فەلاقە، هەڕەشە و جوێن و سوکایەتی پێکردنی تر بەڕێوەچوو بوو. هەندێک لە کچە خوێندکارەکان هەمان شەو ئازادکرابوون، بەڵام (تورکان) و (نورحەیات) هێشتا لەژێر چاوێری پۆلیس دابوون. ئەویش تەکتیکێک بوو، ڕاستەوخۆ ببووە مایەی شیرۆڤە و لێکدانەوەی جیاجیای خەڵک.

ئەوانەی ئەو شەوە ئازادکرابوون، دوورنەبوو شتیان لەبارەی ئەوانی ترەوە درکاندبێت. سەبارەت بەوانەی کە هێشتا دەستبەسەر بوون بەیت و بالۆرەی ئەوە بڵاوکرایەوە کە مامەڵەیەکی زۆر ناشرین و بەدڕەفتارییان لەگەڵدا کراوە. بەتایبەتیش سەبارەت بە کچان دەنگۆی دەستدرێژی و قامچی تێبڕین و شتی لەمجۆرە ناشیرینانە هەبوو. ئەمجۆرە هەواڵ و باسانە زوو بڵاو دەبوونەوە. دوای چوار پێنج ڕۆژ هەموو کەس ئازاد کران.

# "کچە بێ ئامانەکان"

بەردەوام باس باسی ئەو کچانە بوو کە رۆژی بایکۆت دەستگیرکرابوون و دواتر ئازاد کرابوون. کەسوکاریان بەمجۆرە قسانە پەست و بێ تاقەت ببوون. بەهۆی ئەو دەنگۆیانەی سەبارەت بەوەی پۆلیس رەفتاری خراپی لەگەڵ کچەکان کردووە، خانەوادەی کچەکان لە قسەکردن لەسەر باسەکە دوورەپەرێزن و وەکو بابەتی ناموس تەماشایان دەکرد. بەڵام بەگشتی لەناو کۆمەڵگەدا گرنگییەکی ئەرێنیان بەدەستهێنابوو. هەموو کەسێک ئەوانی وەکو "کچە بێ ئامانەکان" لێکدەدایەوە.

رووداوە رۆژانەییەکان کاریگەری لەسەر ژیانم دەکرد و ژیانمی دەگۆڕی. ئەم گۆڕانکارییانە بە پەیوەندییەکانم لەگەڵ دایکم و دەوروبەرمەوە دیار دەبوو. چەپڕەویتی تا دەچوو زیاتر لەشێوەی شۆڕشگێڕی، بە گرووپ بوون و فراکسیۆندا بەرجەستە دەبوو. هێواش هێواش ئەوانەی بیرکردنەوەیان لێک نزیکە، یاخود ئەوانەی بەدەوری یەک پێناسەدا کۆببوونەوە دەردەکەوتنە پێش. دروشم و هەڵوێستی بەرامبەر بە رووداوەکان گۆڕانیان بەسەردا دەهات. ئەمانە زۆر نەکەوتبوونە بەرچاو، بەڵام هەر چالاکییەک ئەمانەی لە چوارچێوەی پێناسەی تیۆری و هەندێک هەڵوێستی کردەییدا جیا دەکردەوە. خوێندنگە و واتای وانەکان روویان لە کەمی دەکرد، ئەگەرچی بەشێوازێکی بەرنامەڕێژکراویش نەبێت، بەڵام بەکارهێنانی خوێندنگە وەکو ئامرازێک زەقدەبووەوە. بەسەربردنی وانەکان و نەمانەوە لە پۆلدا بە بنەما وەردەگیرا. لەمەش بەولاتر؛ ئامانج لە بەشداریکردنی بەردەوام لە وانەکان و گفتوگۆی گرێدراو بە وانەکان فێربوون و خۆ لەو بوارەدا پێگەیاندن نەبوو، بەڵکو

گەیاندن و تاوتوێکردنی ڕەوش و گۆڕانکارییەکان بوو بە خوێندکاران. ئیتر دەتوانرا لە وانەکانی ئەو مامۆستایانەدا بە ئاسانی گفتوگۆ بکرێت کە وەک پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ دەناسران. وانەکانی مامۆستا فاشیستەکانیش بێ تام دەکران. نەیاندەویست گفتوگۆ بکەن، بەڵام وانەشیان نەدەگووتەوە. ئامادبووانی پۆل لە وانەیەک بۆ وانەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا دەهات، بەڵام لە دوایین وانەدا مسۆگەر مۆرکی "ئامادەیە" لەسەر دەفتەری هاتووان دەدرا. هاتن و ئامادەبوونی سەرجەم خوێندکاران گرنگ نەبوو، نەهاتووانیش وەکو هاتوو نیشان دەدران!. بێگومان هەندێکیش هەبوون کە ئەم هەلەیان دەقۆستەوە و ڕایاندەبوارد. لەکاتەکانی ئامادەنەبوون لە وانەکاندا، خزمەتکردنی شۆڕش بە بنەما دەگیرا. واتا خوێندنگە ناکرێت بە تەگەرە لەبەردەم ژیان و کارەکانی تر، بەپێچەوانەوە پێویست بوو بەشێوەیەک کە بخرێتە خزمەتییەوە لەقەڵەم بدرێت. هێشتا هیچ کەسێک لەو ئاستەدا نەبوو بە تەواوی لەمە تێبگات، کاری هەڕەمەکی زیاتر بوو. خێزانی هەر خوێندکارێک هەستی بەمە بکردایە، کاردانەوەی زیاتری لەگەڵ خۆی دەهێنا، بۆ ئەوەش پێویست بوو زیاتر بەدیقەت و وریاییەوە مامەڵە بکرێت. هەر زێدەڕۆییەک ئەنجامی پێچەوانەی لێ چاوەڕێ دەکرا. تا دەچوو خوێندنگە دەبوو بە زەمینێکی تر بۆ کۆبوونەوە.

بەڕاست و دروست هەڵسەنگاندنی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان و هەڵبژاردنی سەنگەری ڕاست، پێویستی بە فێربوون بوو. لەژێر زۆر ناو و زۆر پێناسەدا هەوڵدەدرا هەندێک شت بکرێت و ئەمانە بە ناوی شۆڕشگێڕییەوە بوون. بەڵام هیچ یەکێکیان وەڵام نەبوون بۆ بەدواداچوون و

گەڕانەکانم. کەسانی وەکو منیش زۆربوون. شۆڕشگێڕی کاری خاتر و خاترجەمی نەبوو. ناسراوەکانم بەتایبەتی گرنگیان پێدەدام و هەوڵی بەدەستهێنانی منیان دەدا. رۆژنامە و گۆڤاری زمانحاڵی تێڕوانینی سیاسی خۆیانیان بۆ دەهێنام و ئابوونەیان دەویست. تەنانەت ئابوونەم دەدا بە (PDA)ییەکانیش کە هەر لەسەرەتاوە هیچ خۆشم نەدەویستن، هیچ دڵگیرییەکیان لام دروست نەکردبوو و بەپێچەوانەوە بە ناوەڕۆکی دروشمەکانیان، بە هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانیان کاردانەوەی نەرێنی و تووڕەییان لەناخمدا دروست دەکرد و هەروەها رۆژنامەکەیانم وەردەگرت. رۆژنامە، گۆڤار، پەیام و راگەیەندراوی هەر کامێکیانم وەربگرتایە، بە ئەندامی ئەوان دەژمێردرام! لە سەردەمەکانی سەرەتادا ئەم جۆرە مەیل و هەڵوێستانە زۆر چرووپڕبوون. ئامانج نووسینی هەموو کەسێک بوو لەشانەکانی خۆیاندا و خۆخستنە بەر چاوی هەندێک کەسی تر بوو. ئەم هەڵوێستە هەمیشە جێگای پاڵپێوەنان و دوورخستنەوە بوو بۆ من. چەمکی بەخێرایی بەدەستخستن زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرا.

خوێندنەوەی پەرتووک لەماڵەوە هەر لە سەرەتاوە کارێکی مەترسیدار و جێگای دەمەقاڵێ بوو. گۆڕانی کۆشش (سەعی)کردنم، لەچاوی دایکم دەرباز نەببوو و هەستی پێکردبوو. بەم ئەندازەیە کاردانەوەی نەرێنی لەبەرامبەر بە پەرتووک چۆن دروست ببوو؟ ژنێکی زۆر وریا بوو. هەستی بەکراوەبوونمان لەبەرامبەر بە گۆڕانکارییەکانی ئەو رۆژانە دەکرد. دونیای کچێتیم هەژیابوو. خواست، مەیل و هەڵسوکەوتم رۆژانە گۆڕانی بەسەردا دەهات. جڤاتی هاوڕێیانیشم دەگۆڕا. میواندارییەکان "رۆژانی چای پێشکەشکردن" لایەنی رواڵەتی

کارەکەیان پێکدەهێنا. ئامانجی کۆبوونەوە و هاتنە لای یەکترمان گۆڕابوو. لە بری داگیرساندنی تۆمارکەر (تسجیل) و هەڵپەڕین، قسەکردن لەبارەی جل و پۆشاک، رەفتاری سووک و سادە، زیندووهێشتنەوەی بەدواداچوون و هەوڵەکانمان بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکاری و رووداوە سیاسییەکان و باسکردنی کەسایەتی ئەو شۆڕشگێڕە قارەمانانەی ناویان بیستراون کارێکی گرنگ و ئەرێنی بوو. ئەگەرچی تەنیا بە گفتوگۆش بێت. ئەم پەیوەندییە بەرتەسکەی تا دوێنێ تەنیا بە هاوڕێیانی گەڕەک و خوێندنگەوە سنووردارببوون، تادەچوو پەرەی دەسەند و بەرفراوان دەبوو. ئەو ماوەیە بەشێوەیەکی بەردەوام هەلی یەکتربینین لەگەڵ خوێندکارانی پەیمانگەی مامۆستایان و خوێندنگەی پیشەیی کچان زیاتر بەردەست دەکەوتن. هەمان ئەو سۆز و بیرکردنەوانە بوون کە ئێمەی دەهێنایە لای یەک. بێگومان دایکم بەجۆرێ سەیر و سەمەرە چاودێری دەکردم. بەتایبەتیش وا چاودێری دەکردم زۆر چاک دەیزانی پێوانەکانی پێشووی میوانداریێتیم بەکامە هەڵسوکەوتانە تێکچووە. بەرچاوترین لایەنی ئەم سەردەمە: زوو دەستکردن بە جگەرەکێشانی کچان و لێکدانەوەی ئەم رەفتارە بوو وەک ئازادییەک. وەکو بڵێیت: کاتێک جگەرە بکێشن ئازاد دەبن، لەناو هەموو کەسێکدا جگەرەکێشان پێوانەی ئازادی بوو. هەرگیز ئەم دۆخەم پەسند نەکرد.

دایکم وەکو سێبەرم بوو. بەردەوام چاودێری دەکردم، دەیوست لە کاروبارم تێبگات. دوای گەڕانەوەم لە هەر دیدارێکم لەگەڵ کچان هەڵوێستەکانی توند و ناخۆش دەبوون. بۆنی دەکردم ئایا جگەرەم کێشاوە یاخود نا. تەماشای نەخشەکانی دەکرد و دەیوست بزانێت چەندم دروستکردووە. هەر کە شک و گومانی دەکرد بە نهێنی ئاماژەیەکی دادەنا، بەوشێوەیە هەوڵی

دەدا دەستنیشانی بکات کارم لەسەر جلوبەرگ و جیازی بوکێنیم دەکەم یاخود نا. هەڵبەتە لە دەمەقاڵێکانماندا بەمەم زانی، خۆی دانی پێدا دەنا. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە من بێ مۆڵەتی ئەو هیچ شتێکم نەدەکرد و نەدەچووم بۆ هیچ شوێنێک، دروم لەگەڵ نەدەکرد. بەڵام لە پەیوەندییە نوێیەکەدا بە ئاشکرا درکاندنی هەموو شتێک مەترسیدار بوو. ئەگەر بەدڵنزمی مامەڵەی بکردایە، ئەوا زۆربەی کارەکانم لەدوای ئاگادارکردنەوەی خۆی دەکرد. بەڵام تێنەدەگەیشت. لەبەر ئەوە هیچ شتێکم پێنەدەگووت. دایکم هەستەوەرییەکی بەهێزی هەبوو، زوو پەی پێدەبرد و شیمانەی دەکرد. کاروباری ئەو چاودێریکردن، بەدواداچوون و رێگرتن بوو لە من. کاکەم لە ماڵەوە نەبوو. زۆربەی کات لە شارە گەورەکانی تورکیا بوو. لەم دۆخەدا گەورەی ماڵ بووم و بەتایبەتیش کچە گەورەی ماڵ بووم. هەرچەندە هێشتا کارێکی بەرچاو و بەرجەستەم بەدینەکرایە، پێداگری و پێچەقێنیم، هەڵبژاردنی شۆڕشگێڕی وەکو مەیلێک، تادەهات ئەنجامدانی ئەم لێگەڕینەم بەشێوەیەکی بوێرانە، ئەوی دەخستە ناو ئەندێشەوە. خوشک و براکانیشمی دەخستە ناو تێڕامانەوە، چونکە هەموویان دەکەوتنە ژێر کاریگەری منەوە.

یەکەمین پەرتووک کە خوێندمەوە پەرتووکی (تێبینییەکانی بەر سێدارە)ی (Julius Fucik) دواتر شاکاری (دایک)ی (مەکسیم گۆرکی)م خوێندەوە. هەردوو پەرتووکەکەش کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو. ئەم پەرتووکانە دەست بە دەست دەگەڕا. هەر کەسێک دەیخوێندەوە دەیویست لایەنە بەکاریگەرەکانی پەرتووکەکان تاوتوێ بکات. بەوجۆرە لەگەڵ هەر تاوتوێکردنێکدا وەکو ئەوە بێت جارێکی تر و بەمشێوەیەش چەندین جار خوێندبوومانەوە. هەروەها پێوانەی ئاستی راست و

دروست تێگەیشتنمان دەستدەکەوت. هاوڕێیانم لە گەڕەکی خۆمان وەکو (پەریخان، جەمیلە، نیعمەت و فەتحیە) هەموویان پەڕتووکی هاوناوەڕۆکیان دەخوێندەوە. ئەم کاری خوێندنەوەیە تا دەهات لە گەڕەکدا تەشەنەی دەسەند. زوو ئاشکرا دەبوو کە چ پەڕتووکێک لای کێ هەیە. زۆربوون ئەوانەی دەیانتوانی پەڕتووک لەماڵی خۆیان رابگرن. لەگەڵ (تورکان چاکماک) هاوڕێی خوێندنگە بووین، ئەو دواتر لە پەیمانگەی مامۆستایان درێژەی بەخوێندن دا. یەکێک بوو لەوانەی کە زۆر بە ئاسانی و سەربەستی دەیتوانی بگەڕێت و زوو بەزوو تووشی کۆسپ و تەگەرە نەبێت، بۆ ئەوەش دەیتوانی هاتوچۆی هەموو شوێنێک بکات و خۆیشی کچێکی زیرەک و چەلەنگ بوو.

(عەلی ئایدین) مامۆستای وانەی وەرزشمان بوو. لە دێرسیم خوێندبووی، دوای تەواوکردنی دواناوەندی، بۆ خوێندنی زانکۆ چووبووە دەرەوەی شار و دواتر وەکو مامۆستایەک گەڕایەوە هەمان ئەو خوێندنگەیەی خۆی تیایدا خوێندبووی. بەو هۆیەوە خۆشەویست بوو. مامۆستاییەکەی وەکو خزمەتێک بۆ ئەو شوێنەی تیایدا لەدایک بووە هەڵدەسەنگێندرا. لەلایەکی تریشەوە گرنگییەکی زۆری دەدا بە بەشە وەرزشییەکانی وەکو کاراتی، تایکواندۆ، جملاستیک و بازدان. شۆڕشگێڕەکانیش بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی خۆیان، پێویستییەکی زۆریان بە بەهرەی زۆر بەهێز بوو. لای هەموو لایەک ئاشکرا بوو کە فاشیستەکان گرنگییەکی زۆریان دەدا بە کاراتی. کەواتە ئەم هەلەی لە دواناوەندییەکە کەوتبووە بەردەست بۆچی هەڵنەسەنگێندرێت؟ وەرزشەکانی وەکو کاراتی و تایکواندۆ... هتد کە تا دوێنێ وەک (کاری فاشیستان) تەماشای دەکرا، ئێستاکە جێگای بایەخێکی گەورەیە و رەواڵەتەکەی تری لەنێو نەمابوو.

بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە مامۆستاکەی کەسێکی شۆڕشگێڕ و خەڵکی دێرسیم بێت. بۆیە سەرنجڕاکێشتر دەبوو. لەلایەکی ترەوە خولی فێربوونی (ساز) کرابووەوە. کچ و کوڕ روویان دەکردە ئەو خولە و رۆژانە ژمارەی بەشداربووان پەیتا پەیتا زیادی دەکرد. کارێکی وەها دەکرا بە هۆکار و هەلی کۆبوونەوە. هەرچەندە لەسەر رەوتێکی سروشتیانەش دەهاتە پێشەوە، بەڵام دژایەتی نەکردنی ئەم کارانە و بە مەترسی نەزانینیان لەلایەن کەسوکاری خوێندکارانەوە، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەو کۆرسانە. هەموو خانەوادەکان هەمان هۆشیارییان دەدا بە منداڵەکانیان: مەبن بە شۆڕشگێڕ، بە سیاسەتەوە خەریک مەبن، فەلاکەتن... ئەمە ترس و خۆف و ئەندێشەی هەموویان بوو.

ئەجەویدگەرییەکەم دوای هەڵوێستە سەیرەکەی (ئەجەوید) لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەدا گۆڕانی بەسەردا دەهات. زۆرباشی کرد!. بەڵێ دروشمی (ئازادی بۆ گەلان) ببوو بە گرێکوێرەیەک لەسەر رەگی کەمالیستیانەی و کاتێک دەیگووت: "شتێک نییە بەناوی گەلانەوە، گەل هەیە. ئەمانە مشتێک دووژمنانی گەل و گێرەشێوێنانن. MHPییەکان لە ناوچەی کۆڤانجی بەردبارانیان کردم، لێرەش هەمان دووژمنانی گەل هەن، ئەوانە رۆڵەی ئێوە نین. باش بیانناسن! رێگەیان پێ مەدەن بێنە ناو ریزەکانتانەوە" لە پڕێکدا (ئەجەوید) ببوو بە کەسێک کە خەڵکی هاندەدا، بارودۆخەکەی گرژ و ئاڵۆز دەکرد و بەڕاستیش گێرەشێوێنی دەکرد، بەمەش باشترین کاری کردبوو لە هەموو ژیانی خۆیدا!.

لە راستیدا لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا وەکو جاران هەڵوێستی ئەجەویدگەراییم وەبەرخۆم نەنابوو. نووسینیشم لەسەر دیوارەکان نەنووسیبوو. بەڵام بەکراسێکی شینی

ئەجەویدیانەوە رۆیشتبووم و لەریزێکدابووم کە شوێنەکەی ئەوم دەبینی و هێشتاش بەردەوام بووم لە نیشاندانی لایەنگری (ئەجەوید). بەڵام ئەم ئەجەویدگەراییەم لەگەڵ شۆڕشگێڕییەکەم ناکۆک نەدەبوو. هەرچییەک بوو ئەو رۆژە روویدا. ئەو رۆژە ئەجەویدگەرایم کۆتایی هات. گووتەی "گەلان نییە، گەل هەیە" لەناکاوێکدا (ئەجەوید)ی لەبەر چاوی من و خەڵکێکی زۆری وەکو من دا سڕییەوە. ئەم گووتەیە چاوی هەمووانی کردەوە. ئەو کاتە تێگەیشتین کە لە راستیدا هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان چەپڕەوێتییەکەی (ئەجەوید) و راستڕەویی راستەقینەدا. (ئەجەوید) ڤێرژنێکی تری سیستەم بوو و هەروەها نوێنەری راستەقینە، پارێزڤان و تەنانەت پاسەوانی کەمالیزم بوو.

رۆژێکی خۆشبوو، زۆر سارد نەبوو. بەردەم شارەوانی هێندە قەرەباڵغ بوو کەس کەسی نەدەناسییەوە و تا دەهات قەرەباڵغتر دەبوو. ئەو کاتەی (ئەجەوید) دەستی بە قسەکرد؛ گرووپێک بە هەڵگرتنی پلانکارتی جیاجیا دروشمی "ئازادی بۆ گەلان"یان دەگووتەوە. گەلان! گەلان!، بۆچی ئەم وشەیە (قەرەئۆغلان)ی بەو ئەندازەیە تووڕە کردبوو؟ تا ئەو کاتە (قەرەئۆغلان) هێندە خۆی ناشرین نەکردبوو. پێشتر تەنانەت مووچڕکەکەشیمان[61] بەلاوە جوان بوو، بەڵام ئێستاکە هەموو چارەی بیانی بووە، لەمرۆڤایەتی دوورکەوتۆتەوە. ئەو رۆژەبوو... ئەو رۆژە هەستم بەهەموو ئەو راستییانەی کرد. ئێستاکە هەموو جوانییەکانی رابردووی پێچەوانە دەکردەوە. جگە لەمە کەس هیچی تری نەگووتبوو.

---

[61] ئەجەوید جورە مووچڕکەیەکی بەردەوامی هەبوو کە زووبەزوو لە رووخساریدا بەدیدەکرا.

ئەو رۆژە خوداوەندی تر نەهاتبوونە سەر رووی زەوی، (قەرەئۆغڵان)یش لەمێشکی خەڵکدا خوداوەندێکی گچکۆکە بوو، لە پڕێکدا هەمووی خاپوور ببوو. وەکو بڵێی وشەی (گەلان) بووبێت بە سەنگی محەک و کۆڵەکەی سەرەکی هەموو شتێک. (ئەجەوید) کە دەیگووت:" گەلان نییە، تەنیا گەل هەیە. ئەویش گەلی تورکە" بە ئاشکرا رەگەزپەرستی دەکرد. نکۆڵی لە گەلی کورد و گەلانی تر دەکرد! ئەی باشە ئەو جەماوەرە، ئەو گەلەی چەندین مانگە لەوێ کۆدەبێتەوە و دروشم بۆ (قەرەئۆغڵان) دەڵێتەوە کێن؟ تورک بوو؟ نەخێر! دەمامکەکەی (قەرەئۆغڵان) کەوتە خوارەوە و رەگەزپەرستێک بەدیکرا کە ناوی (چەپڕەو)ی لەخۆی نابوو. چیتر سوکایەتیکردنی بە (MHP)ییەکان، خراپکردن و لەکەدارکردنی (تورکەش)ییەکان، هیچ واتایەکی دەرنەدەبڕی. شەڕە سەگەکانی چەند ساڵەیان بە ئامانجی بونیادنان و نامۆکردنی ئێمە بوو لە راستییەکانمان. چیتر هەموو کەسێک دەیبینی کە ئەوانەی دروشم هەڵدەدەن، دووژمنی گەل نین، رۆڵەکانی خۆیانن و هەمووشیان ناسراوبوون.

پۆلیس فەرمانی لە (ئەجەوید) وەردەگرت و هێرشی دەکردە سەر گەنجان و هەر بە تەختەکانی پلانکارتەکە لە خەڵکیان دەدا. بەجۆرێک کە ئەوانەشی کەوتبوونە بۆسەی گێرەشێوێنییەکەوە، بەهەمان دار لە منداڵەکانی خۆیان دەدا. خۆ ئەوانە (گورگەکانی تورکەش) نەبوون، بەڵکو هێرشیان دەکردە سەر رۆڵەکانی خۆیان. بەلای ئەوانەوە پلانکارت کارەکەی شێواندووە. پێویستبوو بهێندرێنە خوارەوە، چونکە ئەو پانکارتانەبوون "ئاڵۆزیی"یان دروست دەکرد. نەدەبا لەبەرامبەر بە دەوڵەت زێدەڕۆیی و سنووربەزێنی بکرێت.

## تەنانەت بەرگەی وێنەی (ئەجەوید)یشم نەدەگرت

ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییە وەرچەرخانێکی لەمندا دروست کرد، یەکەمین هەنگاویشم ئەوەبوو؛ وێنە گەورە و چوارچێوەدارەکەی (ئەجەوید)م دابەزەویدا کە بە دیواری ژوورەکەمانەوە بوو. دایکم قیژاندی بەسەرمدا و گووتی:"کچم شێت بووی؟". بەڵێ شێت ببووم. ئەو (ئەجەوید)ەی تا ئەو ڕۆژە وەکو شێتێک پێوەی گرێدراوبووم، گەنجەکانی دەوروبەرم و شۆڕشگێڕانی بە لێدان دابوو. بەتایبەتیش بەهۆی بەرزکردنەوەی دروشمی "برایەتی گەلان"ەوە!. لە ڕاستیدا بە شکاندنی وێنەکەی رووم لە ئاراستەیەکی تر دەکرد. ئەمەش سەرەتایەکی نوێ بوو لە ژیانمدا. ئەگەرچی خۆڕسکانە بوو، بەڵام هەلومەرجی دەرکەوتنی هەبوو و هەموو ئەمانە بازنەیەکی گرنگی لە گەیشتنەوەم بە ڕاستییەکانی خودی خۆم دروست دەکرد. هێمای هەر پرسیارێک، لە ئاستی خۆمدا بەرەو بەدواداچوونی دەبردم.

فشارەکانی ماڵەوە گوڕی زیاتری پێدەدا. دەسەڵاتی ماڵەوە واتا دایک، واتا ژن لەبەرامبەر بە نوێگەری تابلێی داخراو بوو. یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی هەبوو و دەیسەپاندن. دەیویست منداڵەکانی منداڵی بێ ئیرادە بن. کچێکی بێ ورتەی دەوێت کە لە قسەی دایکی دەرنەچێت. کچێک بڕوات بۆ خوێندنگە، ئامادەبێت بۆ هاوسەرگیری و چارەنووسێکی هاوشێوەی جیهانەکەی خۆی بۆ دەنووسی. ئەم دایکە، ئەم ژنە، پێویستە لەسەری کە ئەگەر لە چوارچێوەی پێوانەکانی کۆمەڵگەشدا بێت، لە کچەکەیەوە نزیک بێت و هەوڵ بدات لێی تێبگات. بەڵام نەخێر! بێ ئۆقرەیە، نایەوێت لێی تێبگات، دەترسێت! ترسی ڕەتکردنەوەی یاساکانی. چونکە ئەو خەیاڵی زۆر جیاوازتری هەیە. ئەگەر ئەو خەیاڵانەی

بڕووخێنم ئەنجامەکەی چی دەبێت! تەنانەت هاتوچۆم بۆ خوێندنگە زیاتر لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا دەبوو. ڕۆژێکیان لەگەڕانەوەم لە خوێندنگە بێ مۆڵەتی ئەو چووم بۆ ماڵی پوورم کە نزیک بوو لە خوێندنگەوە. ئەمەش بەشی چەندین ڕۆژ بۆڵاندن و سەرزەنشتکردنمی کرد. بە ڕاستی هەستی بە گۆڕانی دۆخەکە کردبوو، بە ڕوانین لە مەیلەکانم شیمانەی دەکرد کە بەکاری مەترسیدارەوە سەرقاڵم. بەهەڵەدا نەچووبوو.

خوشک و براکانم بەگشتی هەڵوێست و مامەڵەیان لەگەڵ من ئەرێنیانە بوو، بەڵام برا ناوەنجییەکەم (عەلی)، هەندێک زیاتر خۆگونجێن و گرێدراوی دایکم بوو. دایکیشم سوودی لەم دۆخەی (عەلی) وەردەگرت و تەمبێی دەکرد. جاروبار دەیخستە دوام، دەیویست بزانێت بۆ کوێ دەچم و چی دەکەم. ئەگەر بیسەلمێنێت بۆ کوێ دەچم و چیدەکەم، ئەوا زیاتر هەلی دەست دەکەوێ بمکات بە ئامانج. لەبەر ئەوەی بەم هەوڵانەیم زانیبوو، وریاتر هەڵسوکەوتم دەکرد، بەڵام هەندێک جاریش هەموو شتێکم دەگرتە بەرچاو. شەڕێکی توندمان لەنێواندا بوو؛ نە ئەو دەستبەردار دەبێت و نە منیش! بە ئاشکرا تاقیدەکردمەوە و دەیویست بەرەو شمەکی ماددیم رابکێشێت. چاک پۆشتەکردنی بە هونەر دادەنا. کڕینی مۆدێلی نوێی بازاڕی بە شتی ناوازە دەبینی و فێری دەکردم. ئەگەر هەستی لاساییکردنەوە و خواستەکانم بەلای ئەودا بچووبایە، ئاسوودە و بە هیوا دەبوو. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە منیش هێشتا لەو دونیایە دابووم.

هەوڵ و بەدواداچوونم هێشتا زۆر سادە و بێ هۆشانە بوون، ئەگەر بەهێواشیش بێت بە ئاراستەی ئەو زەمینەدا دەچووم کە رایدەکێشام و کاریگەری لێدەکردم. هیچ شتێک توانای ڕێگەگری نییە، بێگومان دایکم زۆر لە پۆلیس و

سەربازی دەوڵەت بەکاریگەرتر بوو لەو کاتەدا. لەماڵەوە وەکو دەزگایەکی ڕێکخراو بوو. سەرجەم هەستەوەرەکانی لەسەر ئێمە بوون؛ تێکەڵاوی سیاسەت نەبین، چیمان بوێت دەتوانین بیکەن! بەڵام هێشتا شتێک نەهاتۆتە گۆڕێ. جگە لە خوێندنەوەی ژمارەیەکی کەم پەڕتووک، بەشداریکردن لە هەندێک گفتوگۆی نیوەچڵ، یاخود تەماشاکردنی ئەو گفتوگۆیانە نەبێت، هیچ شتێکی تر ناکەین. بۆچی پێویستە هێندە ترس و خۆفی هەبێت لە ڕەوشێکی هێندە سادە؟ نەخێر دیاربوو هێندە بە سادەیی لێکی نەدەدایەوە. زیرەک بوو، هەستەکانی بەهێز بوون. ئێمەی دەناسی، بە ئاستی لەدەستدانم گەیشتبوو. هەوڵی دەدا بمپارێزێت. دەیزانی ئەگەر ئاوێتە ببم و بەشوێنێکەوە ببەسترێمەوە، چیتر ناتوانێت وابکات واز بهێنم. نە دەستگیرانداری، نە هاوسەرگیری و نە خوێندنگە هیچ یەکێکیان تەگەرە نەبوو. کە لەڕاستیدا خودی خۆی فێری هەموو ئەمانەی دەکردم. شەڕەکەی لەگەڵ من، جەنگاوەریی لەناخمدا دەخولقاند.

شەڕەکەم لەگەڵ ژنێک، لەگەڵ دایکێک دەکرد. واتا هەم لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆم و هەم نزیکترین ژن لەخۆم. سەرباری هەموو ئەمانە هەرگیز نەمگووت "بریا پیاو دەبووم". ئەو کە هەر کاتێک دەیگووت:"خۆزگە کچ نەدەبوویت" من کەسایەتی "ژن"بوونی خۆمم زیاتر خۆشدەویست. ڕێبازی شەڕی ئەو، بەرەو چەقی شەڕێک پاڵی پێوە دەنام کە هێشتا ئامادەی نەبووم. ئەو بەتەواوی هەستی بەمە نەدەکرد، یاخود نەیدەزانی بەکوێ دەگات.

وادیار بوو باوکم بەم شەڕە چڕبووەوەی ئێمەی دەزانی. کێ دەزانێ، دوور نییە ئەویش بە ئەنقەست وای کردبێت، یاخود ڕێکەوتێکی خۆش بێت، چانسێک بێت. ئەو ساڵە باوکم گەیشتبوو

بەو بڕیارەی دایکم ببات بۆ ئەڵمانیا. لەسەر ڕێگەیان لە ئەنکەرە دایکم چاوی بە (مەتین) دەکەوێت، نازانم (مەتین) تەمبێ دەکات، دەیخاتە ژێر گوشارەوە یاخود تۆمەتباری دەکات، بەڵام لەلای خۆیەوە بەرەی (مەتین) دەخاتە ژێر گەرەنتییەوە. پێی دەڵێ "کوڕم؛ ئەم ماوەیە ئێمە لەماڵەوە نابین، لەم ماوەیەدا تۆ مەڕۆ بۆ دێرسیم، دواتر کۆتایی بەکارەکە دەهێنین. لەگەڕانەوەدا پێکەوە دەڕۆین." دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو کەسێکدا دەسەپێنێ، یاخود دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو کەسێکدا بسەپێنێت. چ ژنێکی سەیرە! کێ دەزانێ؛ دەشێ وا بیری لێکردبێتەوە کە کاریگەری لەسەر (مەتین) دروست بکەم و رایبکێشمە ناو سیاسەتەوە. ئەگەر نا پاراستنی نامووس بەو رەنگە نەدەبوو. دەستگیراندار بووین، 'دایک و باوکی هەبوو، خانەوادەکەی لە دێرسیم بوون... بە ئاشکرا گەمارۆی لەسەر دادەناین.

(مەتین) کەسێکی گرێدراوبوو بە یاسا و نەریتەکانەوە، ئەگەر بەدڵیشی نەبێت، رەچاوی قسەکانی دایکمی کرد و بەڕاستیش ئەو ساڵە بۆ پشووی ساڵانەش نەهاتەوە بۆ دێرسیم. بەڵام لەماوەی ئەو ساڵەدا زۆر شت روویدا. تا دەهات نامەکانی بیانیتر دەبوون. راستییەکەی؛ ئەگەرچی هێشتا بە چوارچێوەیەکی قووڵی هزریش نەگەیشتبێت، شۆڕشگێڕیم هەڵدەبژارد. لەکاتێکدا لەناوەندی ئەم بەدواداچوونەدا بووم، چیتر پەیوەندییەکەم زۆر دەرنەدەکەوتە پێش. بێگومان ئەمەش بەشێوەیەکی خۆڕسکانە بوو.

لە نامەکانمدا هەوڵم دەدا تێبگەیەنم لە گۆڕاندام و (ساکینە)کەی جاران نیم. بەڵام چی گۆڕابوو، لە چی دەگەڕام و دەمویست چی نیشانبدەم، هێشتا ڕوون نەبوون. وەکو لە زۆر

شت تێگەیشتبم سەرم دەکردە سەر زۆر شت و زۆر پەلەم دەکرد. بەبێ جێگیرکردنی کاردانەوەکانم لەسەر زەمینەیەکی قایم، بە هەست و سۆز دەجولامەوە. (مەتین) ئارام و کاملانەتر مامەڵەی دەکرد، هەوڵی تێگەیشتنی دەدا، لە نامەکانیدا هەندێک 'ئامۆژگاری'یشی دەکرد؛ داوای دەکرد هەڵبژێربم لە دەستنیشانکردنی هاورێ و دەوروربەرمدا، لەگەڵ هەندێک کەس نەگەرێم، بەتایبەتیش بە دەستنیشانکردنی ناوی هەندێک لە کچە هاورێکانم سەرنجی رادەکێشایە سەر ئەو خالانە و وابیری دەکردەوە کە ئەو هاورێیانەم زیان بە پەیوەندی نێوان من و (مەتین) دەگەیەنن. هەڵبەتە خۆشبین نەبووم بە ئەقڵدانی بە من و ئەو شتانەی سەبارەت بە هاورێکانم دەیگووتن؛ بڕوای وابوو هەندێک کەس سەریان کردۆتە سەرم کە ئەمەش پەستی دەکردم. دەبوا بیزانیایە کە مندالٚ نیم. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەڕاستی کاریگەری دەوروبەر هەبوو، ئەو شتانەی سەبارەت بەو کچانە دەیگووت:، زێدەڕۆیی نەبوو. پەسند نەکردنی ئەم هەڵوێستەی (مەتین)، کارێکی زۆر گونجاو نەبوو. وەکو هاوشێوەی رێبازەکەی دایکم لێکمدەدایەوە کە بەردەوام لەگەڵ کەسانی تر بەراوردی دەکردم. هەر ئەم لایەنەش بوو دڵتەنگی دەکردم.

بەم هۆیەوە لەجیاتی هەڵگرتنی هەڵوێستی راست تێگەیشتن لە ناکۆکییەکان، لە هەڵوێستی قووڵترکردنەوەی ناکۆییەکان دابووم. بەجۆرێک کە ئەم نامە ئامۆژگاری ئامێزەی (مەتین)م بۆ (نیعمەت)، واتا یەکێک لەو کچانەی ناوی هێنابوو خوێندەوە. ئاشکرایە کە ئەم مژارەم زۆر بە سادە و ساکار دەزانی. دەکرێ هاورێیەتیمان گرنگ بێت، رێز و خۆشەویستیمان بۆ یەکتر هەبێت، بەلام پێویستی نەدەکرد هەموو شتێکی پێ بلێم و بۆی

باس بکەم. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە (نیعمەت) ئەم نامەیەی بەپێی تێگەیشتنی خۆی بەکار هێنا. کەوتە ناو هەڵوێستی قووڵکردنەوەی ناکۆکییە بچووکەکانی نێوان پەیوەندی من و (مەتین)ەوە.

هێشتا لەسەردەمی خوێنگەرمیمان داین. لەجیاتی فێری شەڕ لەگەڵ کۆن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی ببین، کاردانەوە لەبەرامبەر راست و چەپ، هەڵوێستی قەدبڕیانە و سەرهەڵدێرییەکی چەوت لە ئێمەدا چەکەرەی دەکرد. لە شەڕەکانمدا لەگەڵ دایکم کاریگەرییەکانی ئەم لایەنە هەبوو. شەڕەکانم لەگەڵ دایکم پێویست و دەستلێبەرنەدراو بوون و تا بڵێی فێرکارانە بوون. هێزێکی باشی پێدام تا بەرەو شۆڕشگێڕی هەنگاو بنێم. فێری خۆشەویستی ژن و ژنبوونی کردبووم. خواستی شۆڕشگێڕێتی رەگەزی خۆم، هەستی بەختەوەری و سەربەرزییەکەی ئەم خواستەم ئەگەرچی بە ئاستێکی لاوازیش بێت دەرکەوتبووە ڕوو. ژنی شۆڕشگێڕ شتێک بوو کە زیاترین کاریگەری لەسەر من دەکرد. بەڵام هەمیشە تووڕەیی و ناحەزیم هەبوو لەبەرامبەر بەوانەی رەگەزی خۆیان خۆشنەدەویست و ناحەقییان لێدەکرد، لەبەرامبەریان خاوەن هەڵوێست بووم. لێرەشەوە کچانی شۆڕشگێڕی وەکو (ئایسەل دۆغان)، (سایمە ئاشکن)، (تورکان چاکماک)، (نورحەیات) کە لە پەیمانگەی مامۆستایان دەیانخوێند و کچانی وەکو ئەوان کە کاریگەری گرووپە شۆڕشگێڕەکانیان لەسەر بوو سەرنجیان رادەکێشام.

خانەوادەم هەر لەسەرەتاوە (قیمەت)یان خۆش نەدەویست. مامۆستا بوو، لەناو خەڵکدا کچانی هاوپیشەی بە "کچی بەخێر" دەناسران. خەریکی سیاسەتیش بوو، بەڵام دایکم بەهۆکاری جەستەیی و هەڵوێستە پیاوئاساییەکانی، خۆشی نەدەویست.

هەروەها بەلای دایکمەوە زۆر سەربەست بوو ئەمەش مایەی ڕەزامەندی دایکم نەبوو. بەڵام زیاترین خاسییەتێکی کە دڵی دایکمی دەشکاند دەستکردنی بوو بە سیاسەت. ئەم پێوانانەیەی دایکم کاریگەری لە من نەدەکرد. ئەگەرچی هەندێک هەڵسوکەوتی (قیمەت)م بەلاوە باش نەبوو، بەڵام لایەنی سەرقاڵبوونی بە سیاسەتەوە سەرنجی رادەکێشام. لە راستیدا هەست و خواستی ئاشنابوون و ناسینی ئەو کەس و دوروبەرانەی بە شۆڕشگێڕییەوە خەریکن، منی بەرەو ئەوان دەبرد. هاوڕێیەتیمان شێوەی دەگۆڕی. پێوانە کۆنەکانی هاوڕێیەتی گەرەک دەگۆڕا و زیاتر ئەو پەیوەندیانە دەردەکەوتنە پێش کە لەسەر بنەمای روانگە و پێوانەی سیاسەت بوون. ئەگەرچی هێشتا بەرچاویش نەبێت، هەندێک پەیوەندی نوێ گەشەیان دەکرد، بەڵام سەرنجڕاکێشترین و بەکاریگەرترینیان لەتەنیشت خۆمانەوە بوون زۆری نەبرد خۆمان لەناو ئەتمۆسفەری جوانی سەرنجڕاکێشدا بینییەوە و دڵمان بە ئەوینەکەی دەدا.

## مادام شوێن هەیە، کادینتان لەچی؟!

بەگشتی دەزانرا و شیمانە دەکرا کێ سەر بە کام گرووپە و زیاتر بەلای کام فراکسیۆندا دەچێت. لە ڕۆیشتن تا قسە و گفتوگۆ، ئەو وشانەی پەنای بۆ دەبەن، تا دروشمەکانیان، هەر ڕەفتارێک تایبەتمەندی مەیلێک یاخود توێژێکی هەڵگرتبوو. دیارە دۆزینەوەی سەرتاپای هەموو ئەمانە لەیەک خاڵدا و ناوزەدکردنیان لەم چوارچێوەیەدا زەحمەت بوو. لێ لەژیانیاندا ڕوانگە تیۆری ئایدیۆلۆژیاکەیان بەدیدەکرا. دۆزینەوەی تایبەتمەندی هاوبەش لەم واتایەدا زۆر ئەستەم نەبوو. بۆ نموونە (TIKKO)ییەکان بە هاوڕێ و دادە بانگی یەکتریان دەکرد. کە تادواڕادە رووکەشانە بوون. پاڵتۆی سەربازی، پۆتین، شێوەی تاشینی قژ و ریشیان هاوشێوەی یەکتر بوو. قرێژی هۆکاری ستایش و پیاهەڵدان بوون. کولتووریکیان هەبوو کە لەجیاتی ئەوەی ژیان نوێبکەنەوە و جوانی بکەن، ناجۆر و ناشرینیان دەکرد، لەجیاتی جوانی ڕۆح و گەورەیی نواندن لە بەرامبەر زەحمەتی و ئازارەکان، دەخنکان لەناویدا و حەزکردن لە بێچارەییان لە ئامێز دەگرت. کاردانەوەیان لەبەرامبەر بە سیستەم و ئەو دەرفەتانەی دەیخاتە بەردەم خەڵک، کاردانەوەیان لەبەرامبەر بە ماددییەتگەریی باش و ئەرێنی بوو. ئەمەش لە جەوهەری هەندێک هەڵسوکەوت و ڕەفتاریاندا بەدی دەکرا.

یەکەمین کاردانەوە بوو، بۆیە وەکو شتێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ نارێکییەکان دەکرا. بەڵام خراپ بوو ئەگەر ئەمە بکرایە بە پرەنسیپ یاخود شێوازێکی ژیان، سەرنجڕاکێش نەدەبوو، بەپێچەوانەوە دەبووە مایەی بەهەڵە نیشاندانی شۆڕشگێڕی و

هەڵە فێرکردن. کاتێک ئیبۆی[62] ئامۆزام دەهات بۆماڵمان، زۆرجار دایکم بەتایبەتی کاردانەوەی لەبەرامبەر بەو لایەنەی نیشان دەدا. گەنجێکی خوێنگەرم بوو، بەڵام سەر و گیانی لەناو چڵک و قرێژ دابوو، هەمیشە بۆنی ئارەقەی لەشی دەهات. هەلی لەبەردەستدا بوو بۆ خۆ خاوێنکردنەوە، بەڵام ئەمەیان کردبوو بە هەڵوێستێک لەنێو خۆیاندا. بە وەرگرتنی هەندێک گووتە لە (ماو)[63] هەوڵی راست و مافدار نواندنی ئەم هەڵوێستەشیان زۆر سەیر و سەمەرەتر بوو. چونکە پشوودرێژی لەبەرامبەر بە هەموو زەحمەتییەک و دانبەخۆدا گرتن لە هەر بارودۆخێکدا شتێکە و بەوجۆرە بەرتەسک، رووکەشیانە و بەگوێرەی خۆیان لێکدانەوەی (ماو) و پەیڕەوکردنی رێبازەکەی؛ شتێکی ترە. بەمشێوەیە بەکارهێنانی (ماوییزم) وەک قەڵغانێک بۆ کەموکورتی و ناتەواوییەکانیان، مێشکی مرۆڤی تێکدەدا.

چاودێری و لێووردبوونەوەکانی خەڵک زۆر گرنگ بوون، بەوردی و وریاییەوە لە هەموو شتێکیان دەڕوانی و هەموو سەرنجیان لەسەر گەنجان بوو. هەندێک هەبوون بەگوێرەی تێگەیشتنی تەسکی خۆیان هەموو شتێکیان پراکتیزە دەکرد، ئەمەش هۆکارێکی جددی بوو لە دەرکەوتنی زۆر شتی نامۆ و دەرئاسادا. ئێمەومانانیش کە لەناو بەدواداچووندا بووین لەسەر رێگەی ئەو لایەنانەیان هەنگاومان هەڵدەگرت. یەکەمین گووتە و کردەیەک بوون کە خۆیان دەنواند. چونکە یەکانگیری گووتە و کردار مۆرکی خۆی لە پەیوەندییەکان دەدا و دەستنیشانی

62 کورتکراوەی ناوی ئیبراهیم کاپاککایە.

63 ماوتیستۆنگ؛ دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی چین و سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی ئێستای چینە، بە رێبەری بیری مارکسی لە وڵاتی چین دەناسرێت.

دەکرد. زۆرجار تەنیا گووتەیەک زۆر مانای دەبوو. بەڵام لەسەرەکیترین واتادا شۆڕشگێڕی؛ پڕە لە دەستەواژەی وەکو بوێری، فیداکاری، دەستپێشخەری، سنگفراوانی و نەبەزین لەبەردەم زەحمەتییەکان... هتد. بەهەر بەها و نرخێک بێت راوەستان لەبەردەم هەموو ناڕەواییەک، پرەنسیپی سەرەکی شۆڕشگێڕییە. لە کەسایەتیدا جێگیرکردنی دیاردەی گەورە و پیرۆزی رەنج، کار و خەبات و خوڵقێنەری؛ بە مانای خۆی دەگەیشت و لەو سەردەمەشدا لە هەموو شتێک گرنگتر بوو. یەکەمجار چۆن وێنەیەکت دروستکردبێت، کاردانەوەیەکی چۆنت هەبێت، ماوەیەکی دوور و درێژ ئەمە دەبووە دەستنیشانکەری هەموو شتەکانی تریش. چونکە جگە لەمە هیچ ژیانێکی تر نەبوو رزگارکرابێت و بەرجەستە بووبێت. هەموو کەسێک هەندێک دەستەواژە و رستەی تیۆری بە راستی و حەقیقەتی سەرەکی دەستنیشان دەکرد و دەیهێنایە ناو کایەوە. راستەوخۆ بڕواکردن بەمانە و وابەستەبوون پێیانەوە، خاوەنداریکردن و بەموڵکی خۆزانین و دۆخی رۆحیانەکەی، لە هەموو کەسێکدا بەدی نەدەکرا.

ئەوەی باڵی بەسەر زۆرێکیاندا کێشا بوو جۆش و خرۆشی گەنجێتی بوو. خەڵکانێکی زۆر سنووردار هەبوون کە خاوەنی هێزێکی قووڵی هزری بن. هێشتا پێوانەکانی سۆسیالیستی و شۆڕشگێڕی جێگیر نەببوو. ئەوانەی کاردانەوەیان نیشان دەدا دەرکەوتبوونە پێش و ئیدی شتێک کڵپەی دەسەند. لەسەر ئەم بنەمایە خواست و فیداکاریی گەرم و زیندەبوون. هەلومەرجەکانی ژیان سەخت بوو، یاسایەکی دیالێکتیک بوو. هاتنەکایەی پێشکەوتنێک، گۆڕانکارییەک ناچاری بوو. بەڵام زۆر شت پەرش و بڵاو، پارچە پارچە، ناسەقامگیر دەبوون.

شۆڕشگێڕی و سیاسەتەکەی ئەوسا نەدەچووە ناخەوە، لە تەوقی سەرەوە هەتا نووکی پێ نەیدەلەرزاندی و ڕۆڵی ئاشکراکردنی لایەنە بەکاریگەرەکانی خۆی نەدەگێڕا. هێشتا گەڕان و بەدواداچوون بەردەوامە و چاوەڕێی هەندێک شت دەکرا.

سەرباری هەموو قەدەخەکاری و گوشارێکی دایکم، زۆر حەزم لەماڵەکەی خۆمان بوو لە گەڕەکی داغ. جوانییەکانی هەموو سەردەمەکانی ژیانی ئەو ماڵەم هەمیشە لا زیندوو بوو، هەمیشە یادم کردۆتەوە و هەرگیزیش لە یادم نەکرد. تەنانەت بچووکترین و ساکارترین یادەوەریی، بەختەوەری پێدەدام. زۆر بەسەرهاتی تێکچڕژاوم لەناخیاندا بەجێکرد. هیچ یەکێکیانم لەوی تریان دانەدەبڕی؛ ناسینی ژیان، فشاری دابونەریتەکان و یاخیبوونەکانم. لەلایەکەوە پەیوەستبوون بە پێوانەکانی ئەو ژیانەوە و گەیشتن بە ئاستی تێربوون لەو ژیانە، لەلایەکەی تریش خواستی بەدواداچوونی نوێ و ساڵەهایەک، گەیشتن بە جوانی و خۆشی و بەختەوەرییەکەی و خواستی گەورەبوون لەناویاندا هەبوو. ئێستا کە ئاوڕ لەو ڕۆژگارە دەدەمەوە (ئاااخ)ێکی گەورە هەڵدەکێشم.

لەو سەردەمەدا زۆر پەڕتووکیشم دەخوێندەوە. خوێندن و فێربوون دڵخۆشییەکی زۆری پێدەبەخشیم. زۆر وابەستە نەبووم بە وانەکانمەوە. سیستەمی خوێندنی وابەستە بە ئەزبەرە (لەبەرکردن)وە بێزاری دەکردم، بەڵام حەزم لە خوێندنەوەی پەڕتووکە ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ویژەییەکانی سەبارەت بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد. بەلای منەوە زەحمەتترین شت هەستانە سەر تەختە و باسکردنی وانە بوو، بەڵام لە مەیدانەکانی تری گفتوگۆ و تاوتوێکردندا ئاسوودە بووم، لە

شوێنی وەهادا ئاسوودەتر. دەمتوانی بیر و بۆچوونەکانم دەربڕم. بەزۆری باسی ئەو لایەنانەی ڕۆمانەکانم دەکرد کە کاریگەریان کردبووە سەرم. کاریگەری سۆزداری قورسایی زیاتری هەبوو. بەڵام لە هەندێ لایەنەوە توانای دۆزینەوەی خاڵە سەرەکییەکانیشم هەبوو. جاری واش هەبوو لەجیاتی خاڵی سەرەکی، بە وردەکارییەکەوە گیرۆ دەبووم. لەم دیاردە بچووکەوە ڕووداوەکانم هەڵدەسەنگاند.

لە ماڵەوە (6) کەس مابووینەوە. هەموو خوشک و براکانی ترم لە من بچووکتر بوون. بەرپرسیاریتی ماڵەوە لە ئەستۆی مندا بوو. دوای ڕۆیشتنی دایکم، ژیانمان بەرەو گۆڕان دەچوو. سەرجەم کارە کردەییەکانمان پێکەوە رادەپەڕاند. کێ لە ماڵەوە بووایە کارەکانی ماڵەوەی رادەپەڕاند. بۆ دروستنەبوونی کێشە لە چێشتلێناندا، پێناسەی جۆری چێشتم بە دیواری چێشتخانەکەدا هەڵواسی و ئەم کێشەیەشمان چارەسەرکرد. بە (مەتین)ی برا بچووکم دەگووت (مەتۆ)، لە من چاکتر چێشتی لێدەنا. بێگومان بەم رەنگە ماندووبوونی زیاتریشی لەگەڵ خۆیشی دەهێنا.

ئەو ساڵە، بەشێوەیەکی بەربڵاو نەخۆشی گەڕبوون سەریهەڵدابوو. بەهۆی مەلەکردن لە ناو مونزور بوو یاخود بەهۆی هەواکەیەوە بوو، بە هەر هۆکارێکەوە بوو بێت لە ماڵی ئێمەشدا جگە لە من ئەوانی تر هەمووی تووش بوون. نەخۆشییەکی زۆر خراپ بوو. لەتاو ئاڵۆش و خوراندن دەست و قۆڵ و باڵ زامدار دەبوون. زامی هەوکردوو دەمی دەکردەوە. بە جیاجیا خەواندن، هەموو رۆژێک شوشتنی جل و پۆشاکەکانیان، سەرقاڵبوون لەگەڵیان و هەر (24) کاتژمێر جارێک حەمام پێکردنیان شەکەتی دەکردم. خوێندن، کاری ماڵەوە و

سەرپەرشتیکردنی (5) خوشک و برا، بە فریای داودەرمان کەوتن گەلێک کاری زەحمەت بوون، بەشی زۆری پارەکەمان دەدا بە داودەرمان. پێچەر، لۆکە بەشی نەدەکرد، دوای کولاندن و خاوێنکردنەوەیەکی باش، سەرچەفی نوێنەکانم دەکرد بە پێچەر. بەردەوام لەناو داودەرمان دابووم، ئەمەش وای کردبوو کە ئەو پەتایە دووربێت لێمەوە. نەخۆشییەکە ماوەی مانگێکی خایاند و لە رووی دەروونییەوە کاریگەرییەکی توندی لەسەر خوشک و براکانم کردبوو و هەموویان لەرووی جەستەییەوە لاواز ببوون. ئەم دۆخە زۆر دڵگرانی دەکردم. دایک ـ باوک لەماڵ نەبوون، دۆخێکی وەهای خوشک و براکانم، بۆ من خاڵی گرنگی لەسەر خاڵەکانم زیاد نەدەکرد. بەشێوەیەک لێکدەدرایەوە کە بە جوانی سەرپەرشتیم نەکردوون و بەپێی پێویست خزمەتم نەکردوون. هاوسێ نزیکەکانمان ئاگاداری دۆخەکەن، دڵیان بە حاڵی من و هەموومان دەسووتا، دەیانویست هاوکاریمان بکەن.

گەڕانم بەناو دونیای شۆڕشگێڕیدا هەڵبەتە لەلایەنی سۆزدارییەوە کاریگەری لەسەرم زۆر بوو. شۆڕشگێڕی هاودەردی، هاوخەمی و هاوئازاری و رووبەڕووبوونەوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دۆخەی ماڵەوە و بەرپرسیارێتییەکەی هەبوو. ئەمانە لەلایەک دووچاری زەحمەتی و ئەستەمییان دەکردم و لەلایەکی تریشەوە بەهێزیان دەکردم. ئەگەرچی زیاتر لە هێزی منی بویستایە، خۆم بە ناچاری راپەڕاندنیان دەزانی. لە هەمانکاتدا ئەم دۆخە هەستی بەرپرسیارێتیمی زیاتر دەکرد.

لەپاڵ هەموو ئەمانەدا مژاری دەستگیرانداریم هەبوو. مام (خدر) و دایە خەپە، هەم نایانەوێت تێکەڵاوی شۆڕشگێڕی و پێگەیەکی بەرفراوانی هاوڕێیەتی ببم و نیگەرانی ئەمەیان لایە، هەم نەیاندەویست لەژێر باری هەموو کارەکانی ناو ماڵدا

شەکەت ببم و خەمیان دەخواردم. دایک و باوکمیان تاوانبار دەکرد. دایە خەپە بەم هۆیەوە جاروبار چاوەڕێی دەکرد و لە گەڕانەوەمدا لە خوێندنگە چێشتی بۆ دەهێناین. ئەم بیرکردنەوەیەی، وەکو ژنێکی پیر ئەم خزمەتکردنەی مایەی دروستبوونی هەستێکی سۆزداری بوو لەناخمدا و زیاتر شەرمەزاری دەکردم. تادەهات کۆنترۆڵیان توندتر دەبوو. بە هاتنی بەردەوامیان بۆ لامان هەوڵیان دەدا تەنیایی ئێمە و تەنیایی خۆیان تێپەڕێنن.

ئەگەرچی هەوڵی خۆهەڵقورتاندن و سنووردارکردنیشم نەدەن کە لەم بوارەدا هەلم پێنەدەدان، خۆیشیان شیمانەی کاردانەوەکانمیان دەکرد لەبەرامبەر هەر هەوڵێکی دەستوەردانیان لەژیانی خۆم. کاتێک دایکم لەماڵەوە بوو جورئەتیان لە یەک دەگرت تا بتوانن سەبارەت بە ژیانم هەندێک شتم پێ بڵێن، چیتر بەئاسانی هیچیان نەدەگووت. بەڵام بە هێنانی ناوی (مەتین) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رەخنەیان دەکردم. دێرسیم شوێنێکی بچووک بوو. پۆلیس دەیتوانی بە ئاسانی چاودێری هەموو کەسێک بکات. کاتێک بەجۆرێکی نیوە نەرمی و نیوە توندی دەستیان کرد بە باسکردنی چۆنێتی خۆپاراستن لە شتی سەرنج راکێش و هەروەها لایەنە نەرێنییەکانی دروستکردنی هەموو جۆرە هاوڕێیەتییەک لەگەڵ هەموو کەسێکدا، بوون بە مایەی قسە و دەمەقاڵێ. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە رێگری لەم جۆرە دەستێوەردانانە نەکەم لە ئاییندەدا خۆیان لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنن. هەر کە هەستم بەمە بکردایە، زوو دەتەقیمەوە و وەڵامم دەدانەوە.

بابەتێکی زۆر هەستیار بوو. هەرگیز پەسندم نەدەکرد تەنانەت لەکاتێکدا هێشتا لەماڵی باوکمم و بەم ئاستە خاوەنداریم

بکەن و بە موڵکی خۆیانم بزانن. بەم ڕەنگە بەلای خۆیانەوە خاوەندارکردنیان لە من، زیاتر دانبەخۆدانەگرتنی دەچاند، هیچ مافی ئەوەیان نییە. هێشتا قۆناخی دەستگیرانداری بوو. بەرجەستەکردن و تۆخکردنی هەموو شتێکیانم بەبێ واتا دادەنا. گوشاری دایک لەو کاتەدا نەبوو، بەڵام ئەمجارەیان کاتێک لۆژیکی گوشار و قەدەخەی دوو کەسی پیرم دەبینی کە خۆیان بە خەسوو و خەزوور دەزانی، تووڕە و پەست دەبووم، لەخۆیشم تووڕە دەبووم. هەوڵم دەدا ئەم دۆخە بۆ (مەتین) ڕوون بکەمەوە و تێیبگەیەنم، بەڵام ئەویش زیاتر لایەنگری ئیدارەکردنی کارەکەی دەکرد.

## نهێنییەک هەیە و دەمانەوێت پێی بگەین

خانووە قوڕەکانی ناو باخچەی ئەو باڵاخانەیەی ماڵی ئێمەی تیابوو، وەکو هێزێکی ئیلاهیانە رایدەکێشام. پەیوەندییەکانمان لەم قۆناخەدا بە ئاستێکی تر دەگەیشت، تەنیا بە ئاڵوگۆڕی چەند پەڕتووکێکەوە سنووردار نەبوو، گەلێک شتی تری لە خۆ دەگرت. شەوی سەری ساڵ بوو، (مەتۆ) بەجل و بەرگ و پەڕووکەکەی منەوە چوو بۆ ماڵی خوێندکارانی ناو باخچەکە. هەم ساڵی نوێی لەگەڵ پیرۆز کردن، هەم هاوئاهەنگی و خۆشی ئەو شەوەی لەگەڵیان بەڕێکرد. پەڕووکە و هەندێک پۆشاکی پێشووم ئیتر ئەو شتانە بوون کە پێوەیان نەدەنازیم، ئیتر ببوون بە پۆشاک و بەرگی یاریکردن. کە لە هەمانکاتدا گۆڕان بوو لە شێوە و رواڵەتدا، رەخنەیەکیش بوو بۆ شێوەی کۆن و رابردوو، نیشاندانی نابووتبوونی بوو، کاردانەوەیەک بوو. قۆناخێکی پڕ لە گۆڕانی بێدەنگ بوو. بەهەر حاڵ، خواستی چوونە ناو دونیای خوێندکارانی ئەو ماڵەوە، لە نزیکەوە ناسینیان و دروستکردنی دیالۆگ لەگەڵیاندا بەمشێوەیە سەریهەڵدا.

لەو ماڵەدا شتێک هەیە من رادەکێشێت، نهێنییەک هەیە و من - ئێمە دەمانەوێت پێی بگەین. جارنا ساز لێدان، بەسەربردنی کاتی خۆش و وەرگرتنی پەڕتووک، ئەمانە هەریەک هۆکارێک بوون. (نەجۆ)[64]ی برای (وەلی) زۆر شارەزایانە سازی دەژەند. زۆر بوون ژمارەی ئەوانەی دەیانتوانی لە ساز بدەن، لە شێوەی لێدانی ساز و دەنگیان دەمانتوانی لەیەکیان، جیابکەینەوە. ئەو خانووانەی ناو باخچەکە و "برادەرە"کانی ناو ئەو خانووانە لە خەڵکانی تر جیاواز دەهاتن بۆ خوشک و براکانم. لە خانووەکان

---

[64] کورتکراوەی ناوی نەجمەدینە.

و "برادەرەکانی تر نەدەچوون. هاتوچۆمان بۆ ئەوێ، پەیوەستی دروست کردبوو. دەرفەتی سنووردار و هەلومەرجی ژیانی پڕ لە زەحمەتییان کاریگەری لەسەر دەکردین. سەرەڕای دەستکورتی و هەژارییان، دەوڵەمەندی و کراوەیی هەست و دڵیان خۆشەویستی زیاتر دەکرد. ئەوەی لای ئێمە هەبوو و لای ئەوان نەبوو، ئەمەش هانی دەداین تا بیرێکی لێبکەینەوە. ئەگەرچی کاتێک دەمانگووت:"ئەوان ئەمەیان نییە، ئەوان ئەمەیان دەست ناکەوێت بیخۆن"، جۆرە سۆزێکی بەزەیی و کاردانەوەیەکی ئاسایی بوون، بەپێچەوانەوە لەناخی مرۆڤدا سۆزی هاوبەشی دەچاند و خۆیشی لە چوارچێوەی "با بەشی ئەوانیش بدەین"دا دەنواند.

زستانی ئەو ساڵە زۆر سەخت بوو، بەفرێکی زۆر باری. فڕنەکانی ناو شار کاریان نەدەکرد، بەشێکی فرۆشگاکان داخران. هەلومەرجی کڕینی شتومەک لە خارپێتی هاوسێ شارمان بە ئاستێکی زەحمەتتر گەیشتبوو. پێداویستییە سەرەکییەکان دابین نەدەبوو؛ بەتایبەتیش توێژی خوێندکاران زیاتر دەکەوتنە بەر کاریگەرییەکانی ئەم دۆخەوە. بەگشتی خەڵکی هەرێمەکە شتومەکی زستانەیان بە کۆ لە خارپێت دابین دەکرد. لای ئێمەش دایکم بەرلەوەی بڕوات هەموو شتێکی کڕیبوو: شەکر، رۆن، ئارد، نەوت و هەموو شتێکی تری پێویستی دابین کردبوو. دایکم بەر لەوەی بڕوات دووبارە و چەند بارە ئاگاداری کردینەوە: " باش ئیدارە بکەین و دەست بەو شتومەک و ئازوقەوە بگرن"، بەڵام ئێمە لەو خاڵەدا زۆر وریا نەدەبووین.

سەرەتا لە رێگەی وایەرەوە کارەبامان بۆ ماڵە قوڕەکەی خوێندکاران راکێشا. وایەرەکەمان لە ژووری میوانەوە راکێشا

که زۆر بەکارمان نەدەهێنا. بۆ ئاشکرانەبوون و سەرنج ڕانەکێشانیشی، بەناو لق و پۆپی دارە تووەکەی بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەدا بردبوومان. گەر زۆر بە وردی تەماشای نەکرایە زوو هەستی پێنەدەکرا. بەڵام هاوسێکان زوو پێیانزانی بوو. ئاشکرابوونی لای هاوسێکەی پاڵمان پوورە (شاڤاکی) زۆر گرنگ نەبوو. ژنێکی نیازپاک بوو و خوێندکارەکانی خۆش دەویست. منداڵەکانی خۆی (مەزلوم، خەلیل و فازڵ) خوێندبوویان و لە شوێنێ زۆر جیاواز مامۆستاییان دەکرد. دەیزانی خوێندکار پێداویستی بەچی هەیە. هەروەها دەیشیزانی کە ئەم جۆرە کەسانەی بەکاری نهێنییەوە، بەکاری سیاسییەوە خەریکن، ژیانێکی ئاساییان نابێت، بەم هۆیەوە هاوکاریکردنیانی بەلاوە وەک کردەیەکی مرۆییانەیە. تەنانەت دڵگیر بوو بەم هەڵسوکەوتانەمان و بە خەندەیەکی واتادارانەوە وەڵامی دایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتێکدا کە دایکمان لە ماڵ نەبوو دەستبردنمان بۆ کارێکی لەو جۆرەی، بە بوێری هەڵدەسەنگاند. ئەم جۆرە هاوکارییانەمان کە ئاستی پەیوەندی ئێمە و هاوڕێ خوێندکارەکانمانی نیشاندەدا، دەیخستینە ژێر بەرپرسیارێتی زیاترەوە.

هاتوچۆکارانی ئەو ماڵە زۆر دیار نەبوون. بەرۆژ هەرچەندە بە وریاییەوە هەڵسوکەوتیشیان بکردایە، تا دەچوو دەوروبەر زیاتر هەستیان پێ دەکردن، چونکە هەرچەندە خوێندکارانی ناوەندی خانووەکەیان بەکرێگرتبێت، بەدەیان کوڕی پێگەیشتوو و لێهاتوو لەکاتی جیاجیادا هاتوچۆیان دەکرد. ڕوانگەی دراوسێکان لەبەرامبەریان ئەرێنی بوو. جێگای سەرئێشەیان نەبوون. زۆربەی جار وەکو "گەنجی کچ ئاسا" پێناسەیان دەکردن. زۆر جار بۆ گەیشتن بە کۆتای مەراقیان، پرسیاری

جۆراوجۆریان لێدەکردن. بەتایبەتیش ئەوانەی منداڵی شۆڕشگێڕیان هەبوو بە دڵگەرمی و خۆشەویستییەوە تەماشایان دەکردن.

بەڵام ئەم خانووەی سەربانەکەی تەنیا پەنجەرەیەکی هەیە، پەنهانییەکی لەخۆیدا حەشار دەدا. حەتمەن ئەوانە جیاواز بوون. ئاستی پەیوەندیمان لەگەڵیاندا، بەتایبەتیش لە رۆژگارێکدا کە دایک ـ باوک یاخود برایەکی گەورەمان لەماڵدا نەبێت، دەشێت کچێکی دەستگیراندار لەگەڵ ئەوەندە گەنجدا چ کارێکی هەبووبێت؟ ئەمانە هەموو بۆ هاوسێکان نیشانەی پرسیار بوون. دەیانناسیم، متمانەیان پێم هەبوو، بەڵام هەمدیسان بەلای ئەوانەوە بەستنی پەیوەندی لە ئاستێکی وەهادا، سنووربەزێن بوو. هەموومان خوێندکار بووین. پوورە (شاڤاکی) هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی نەبوونی دایکمی دەدا.

شاڤاکلییەکان خێڵێکی کۆچەری دێرسیمن، زیاتری خۆیان لە هەرێمی چەمیشگەزەک[65] بوون. ئەمانە وەکو خەڵکی شاریان لێهاتبوو. لەبەر ئەوەی کچیان نەبوو، منیان وەکو کچی خۆیان خۆشدەویست. پوورە (شاڤاکی) کەسێک بوو کە زیاترین دژایەتی ئەو شەڕ و نێوەندگیری نێوان من و دایکمی دەکرد. لەم شەڕانەدا هەمیشە لایەنگری من بوو. ئەویش تازە بە تازە فێری تورکی دەبوو. جلوبەرگە کوردییەکانی تازە گۆڕی بوو و تازە دەبوو بە شاریی! بەڵام ئەو بە جلە کوردییەکانییەوە زۆر جوانتر بوو و ئەو جلانەی زیاتر لێدەهات. خۆیشی هەر فێری دابونەریتەکانی شار نەدەبوو، لەم بوارەدا جاروبار سکاڵای لە خۆی دەکرد. (مەزلوم)ی کوڕی، کەسێکی بێدەنگ بوو. کاتێک زانیمان ئەویش تێکەڵاوی شۆڕشگێڕی بووە، دەمانەویست برەو

---

[65] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری دێرسیمە.

به پەیوەندییەکانمان بدەین و دیالۆگمان هەبێت، بەڵام ئەوان داخراوبوون بۆ قسەکردن لەگەڵ کچاندا. زۆر بەکەمی دەمانتوانی قسەی لەگەڵ بکەین، چونکە شەرم و دوورەپەرێزی کاریگەری زۆری هەبوو.

ڕۆژانە شانبەشانی گۆرانی کەسێتی، لەگەڵ هاوڕێیانی وەکو (مەتین گیونگیۆز)، (حسێن گیونگیۆز)، (حەسەن تاش)، (وەلی - نەجاتی تایهان)، (یلماز)... هتد، دیدار و قسە و باسمان زیاتر دەبوو. زیاترین کەسێک دەهاتن بۆماڵەوە بۆ لامان و کاتی خۆیان پێدەداین هەر ئەمان بوون. بەردەوام پەڕتووکم لێوەردەگرتن، دەمخوێندەوە و بۆیانم دەگەڕاندەوە. کەسێک نەبوو بەم کارە ڕانەهاتبێت، پەڕتووکیان پێدەداین و داوایان دەکرد کە دوای خوێندنەوەی بۆیان بگەڕێنینەوە. جیا لەمە بە ئاشکرا هەڵوێستێکی تریان نەبوو. زیاتر سوپاسگوزار دەبوون. بەهۆی ئەوەی لە خوێندنگە یاخود پێشتر هاوڕێی ناسراوم بوون، ئاساییبوون و ئاسوودەگییەک لە ئارادا بوو. بەڵام هەر کاتێک نەناسراوێک بەرەو ڕووم بهاتایە، بتەوێت و نەتەوێت شەرم و نیگەرانی دایدەگرتم. ئەوانیش بەهۆی ڕانەهاتنیانەوە سەریان لەم هەڵوێستەی من سوڕدەما. تەنانەت ڕۆژێکیان لەناو خۆیاندا شیرۆڤەیەکی وەها دەکەن:" کەسێکی بۆرژوای بچووکە، داوای پەڕتووک دەکات و بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە دەیهێنێتەوە، ڕەفتارێکی ڕووکەشانەیە" جارێکیان هەڤاڵ (مەزلوم دۆغان) کاتێک گوێبیستی ئەم قسەیە دەبێت دەڵێت:" وازبێنن لەم بۆرژوازییەتەی، خەریکبن لەگەڵی، بیکەن بە شۆڕشگێڕ" بێگومان دواتر خۆیان ئەمەیان بۆ گێڕامەوە.

سەختی هەلومەرجی زستان کاریگەری لەسەر ئەوانیش دەکرد. لە شار کێشەی نان هەبوو. ئەم هاموشۆکردنەی ئێمە،

هەلی بۆ رەخساندبوون راستەوخۆ ئەو جۆرە پێداویستییانەی خۆیان بە ئێمە بڵێن. یەکەمجار (وەلی) ئەم کارئاسانییەی کرد، هات و پێی گووتین کە میوانیان هەیە، فڕنەکانی بازار کار ناکەن، ئەگەر ئارد هەبێت، خۆیان دەتوانن هەویر بشێلن و لە فڕنە بچووکەکەی خۆیاندا بیبرژێنن. هاتنی ئەم خواستە لەلایەن ئەوانەوە بەشی هەموو شتێکی دەکرد. بەرلەوە سەرەڕای بیرکردنەوەیەکی زۆریش نەمانوێرا بوو هیچ شتێکیان بۆ بنێرین. ئەمەش لەکاتێکدا کە زۆرجار دوای ئەوەی بینیم چەند دنکە زەیتونێک و تۆزێک حەڵوایان خستۆتە سەر پارچە رۆژنامەیەک و سکی خۆیانی پێ تێر دەکەن، هاتم و زۆر گریام. (مەتین)ی براشم چەند جارێک باسی خوانە هەژارەکەی ئەوانی بۆ کردبووم و سوور بوو لەسەر هاوکاریکردنیان. بەڵام پێمان نەدەکرا، چونکە پێمان وابوو بەکارێکی وەها دڵیان دەشکێنین. بەهەرحاڵ ئەگەری چۆنێتی لێکدانەوە و پەسەندکردنی هەر جۆرە کار و هاوکارییەکمان بەلای ئەوانەوە ببووە مایەی ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دوابکەوین لە دابینکردنی ئەوجۆرە پێداویستیانەیان.

بەڵام ئەمجارەیان خواستەکە لەلایەن ئەوانەوە دەهات. ئەو شەوە هەموومان هەستابووینە سەرپێ. هەر یەکەمان بەکارێکەوە خەریک بووین: چێشت، هەویر شێلان، ئامادەکاری برژاندن، داگیرساندنی فڕن، هەموو لە یەک کاتدا بەڕێوەدەچوو. ئەوە چۆن خرۆشانێک بوو هەموومانی گرتبووەوە، وەکو بڵێی فەرمانمان پێکرابێت و بە جۆش و خرۆشی ئەو خواستەوە هەموو کارەکان بەخێرایی جێبەجێ دەکرێن. ئەگەرچی درەنگانی شەویش بوو بەڵام کەس نەیدەویست بخەوێت. تا ئەو کاتەی هەموو شتێک ئامادەکرا و پێشکەش کرا. تەنیا داوای نانیان

کردبوو، چێشتیشمان بۆ لێنابوون و هەموویان لەنێو قاپ و لەسەر سینی دانراون و بەمشێوەیە پێماندان.

لەم جارە بەدواوە ئیتر هەموو شەوێک چێشتمان هاوبەش بوو. جاروبار خۆمان تەنیا سووکە ژەممان دەکرد و هەموو چێشتەکەمان دەدا بەوان. ئەمەشمان بە دڵخۆشی و بە زەوقەوە دەکرد. لەم کاتەشدا هەوڵمان دەدا وریای دەوروبەرمان بین. کاتێک تاریک دادەهات (مەتۆ)ی برا بچووکم چێشتەکەی بە سینییەک دەبرد دایدەنا و دەهاتەوە. نە دەمانویست دایە خەپە پێی بزانێ و نە پەرتەکلییەکانی[66] نهۆمی سەرەوەمان. دایە خەپە هەتا لەدەستی دەهات هاوکاری دەکردین و دەیویست زیاتریش هاوکارمان بێت. لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی هەموو ماڵ و زەحمەتییەکانی سەرشانم، دەبوو بە مایەی دڵگرانی بۆ ئەوان و نەیاندەویست شەکەت ببم.

جگە لەمەش بڕوایان بە من دەکرد کە لەکاتێکدا دایک و باوکم لەماڵەوە نین، بە هەوەسی خۆم لەگەڵ هەموو کەسێک هاوڕێیەتی ناکەم. ئەو شتانەی بینیبوویان و شیمانەیان دەکرد زیاد لە پێویست ناڕەحەتی لەناخیاندا دروست دەکرد. بەڵام ئاکارێکی باشی نەدەبوو ئەگەر بێتوو بەم پەیوەندییە نوێیە بزانن کە لە هەموو شتێکیدا هاوبەشین. هەموو ئێوارەیەک هاتنیان بۆ لامان دۆخەکەی خراپ دەکرد، سەرەرای ئەوەش ئێمە خۆمان ئەوەندە رێکخستبوو لە چاو تروکاندنێکدا چێشتمان ئامادە دەکرد و بۆ ئەوانمان دەنارد. لەکاتێکیشدا ئەگەر لای ئێمە

---

[66] بەشێکن لەبنەماڵەیەکی گەورەی تورک کە لەدوای کۆمەڵکوژییەکەی 1938ی دێرسیمەوە و بە ئامانجی تورکاندنی هەرێمەکە راگوێزی دێرسیم کرابوون، هاوکات هەرێمەکەشیان هەر بەو ناوە ناسراوە کە بەپێی زاراوە و شێوەزارەکان لە پەرتەکەوە بۆ پێرتاگ و پێرتاگە و پرتاگ دەگۆڕێت.

بوونایە و میوانی ترمان بهاتنایە، ئەوا یان بەرلەوەی چاویان بەمان بکەوتایە دەمانبردنە ژوورێکی ترەوە، یاخود لەژێر ناوی هاوڕێی خوێندنگە، خزم و کەس ماوەیەکی کەم دادەنیشتن و هەڵدەستان دەڕۆیشتن.

(هاشم)ی پەرتەکی سالانێکی دوور و درێژ بوو لە کۆمپانیایەکی تایبەت کارەباچی بوو، لە راستیدا بە کارەباچی سەرجەم دامودەزگاکانی شاری دێرسیم هەژمار دەکرا. لەم بوارەدا بەهرەمەند و لێهاتوو بوو. جگە لە خزمەتگوزاری و کارەباچی، پیشەی تری هەبوو. زیاتری خۆی پۆلیس و ئەو فەرمانبەر و هاوسەری فەرمانبەرانەی لەدەرەوە هاتوون هاموشۆی ماڵی ئەوانیان دەکرد. پەیوەندییان لەگەڵ هاوسێکانی تریاندا سنووردار و فەرمی بوو. ئەمەش مایەی نیگەرانی و گومان بوو بۆ ئێمە. خانمی هاوژینی گەنج بوو و خراپ نەبوو لە دراوسێیەتیدا. دایکم دانوستانی هەبوو لەگەڵیدا. (هاشم) راوشکاریشی دەکرد. بەهۆی عەلەوی بوونمانەوە گۆشتی کەروێشکمان نەدەخوارد، بەڵام جاروبار گۆشتی کەومان دەخوارد. هەر رۆژێک ماسی تازەیان بۆ (مەتۆ) بهێنایە، دەمانزانی بۆ ئێوارەکەی بەلانی کەم لە سێ چوار ماڵی دراوسێمان گۆشتی ماسی دەخورا. بەدرێژی باڵای خۆی ماسی دەگرت و دەیهێنا. وەکو قوربانی سەر ببڕن، بەشمان دەکرد و بەسەر دراوسێکاندا بڵاومان دەکردەوە. ئەمجۆرە پەیوەندییانە پابەندبوونن، بە ئەندازەی بەردەوامی پەیوەندییەکان یەکتر ناسین ئاسان دەبوو.

بەشێکی پەرتەکییەکان لەو (تورکان)ەن دوای کۆچ و کۆمەڵکوژیەکەی 1938ی دێرسیم هاوردەی هەرێمەکە کرابوون. پێکهاتەکەی چەمیشگەزەک و پەرتەک بەمشێوەیە بوو.

له ئاستێکی بەرزدا لەسەر ڕێڕەوی کولتووری خۆیان بوون. وابەستەبوونیان بەدەوڵەتەوە توند و پتەو بوو. بەڵام لایەنی بەرەو کوردبوون و کارلێکراویشیان هەبوو. بۆ نموونە لە مانگی عاشورادا ڕۆژوویان دەگرت، خواردنی عاشورایان دروست دەکرد. هاوکات لە بۆنەکانی خەتەنە و هاوسەرگیریدا بە ئەندازەیەکی زۆر کاریان لێکرابوو. ئەرکی پێخەسوو یاخود بەربووکی ئەرکێکی زۆر گرنگ بوو، هاومانای خوشک و برایەتی بوو. ئەوانیش بەربووکییان بۆ خەڵکانی ناوچەکە دەکرد. پەرتەک و چەمیشگەزەک زیاترین شوێنێک بوون کە فاشیستەکان تێیدا خۆیان ڕێکخستبوو. لە شارۆچکەکانی تردا کەمبوون ئەوانەی بە ئاشکرا فاشیستییان دەکرد. کەسانی بەکرێگیراو هەبوون. لە دێرسیم ناسنامەی فاشیستیی و بەوجۆرە ناسران لەلایەن خەڵکەوە مەترسیدار بوو. هەر کەسێک بیت ئەگەری هەیە تەفروتونا بکرێیت. لە پەیمانگەی مامۆستایان و بەشی ناوخۆییەکانی دواناوەندی وانەیەکی باش درابوو بە فاشیستەکان و فاشیستەکانیش لەوێ دەرکەوتبوون، ئەو تاک و تروکانەی مابوونەوە لێدانیان دەخوارد. هێشتا لەناو پەیمانگەی مامۆستایاندا هەندێک کەسی فاشیست هەبوون ئەوانیش خۆیان دەشاردەوە.

دراوسێی پەرتەکییەکەمان بە گومان بوو. بەگشتی وەک پۆلیسی مەدەنی دەناسران یاخود وەها لێکدەدرانەوە. پۆلیسی مەدەنی، پۆلیسی فەرمی، بەکرێگیراو و سیخوڕ لە ناو گەڕەکەکاندا دیاربوون، وەکو جاران نەیاندەتوانی خانوو بگرن. جاران هەندێک هەبوون بەتایبەتیش خانووی خۆیان بەکرێ دەدا بە پۆلیس. بەم دواییانە بە پێچەوانەوە کەس خانووی خۆی نەدەدا بە پۆلیس. بەواتایەک ڕیزەکان دیار دەبوون. بێگومان

دەوڵەتیش بەمەی دەزانی، هەر بۆیە سیخوڕ و بەکرێگیراوی بەهەموو لایەکدا بڵاو دەکردەوە.

ئالوگۆڕی خواردن، دار، کارەبا و پەڕتووک لەگەڵ گەنجانی هاوسێدا زەمینەی دیالۆگێکی ساف و پووخت و گرێدراوییەکی خاوێن، بێ خەوش، بێ بەرژەوەندی، پڕ لە خۆشەویستی و ڕێزی لەگەڵ خۆی هێنابوو. هەر کەسە و باس لە دەوروبەر و هاوڕێیانی خۆی دەکات، ناوی چەند کەسێک وەبیر دێنێتەوە کە جێگەیان زیاترە لەلایان و باسی پەیوەندی نێوان خۆیان و ئەوانیان دەکرد. لەم واتایەدا کەسێکی بێ مەیل نەمابوو لەناومان. حەز و خۆشەویستی ئێمە لەڕوویەکەوە بێدەنگ بوو و زۆر هێور بوو. بەڵام لەناخەوە، لە ڕوویێکی کەوە هەنگاو هەنگاو دەچووین بەرەو خۆشییەک کە پێناسە ناکرێت و ڕاستییەک کە سۆزی ڕاستەقینە لە دڵ و مێشکدا دەژیێنێ، بەئەندازەی مەیدانگرتن لە خەڵکی تر هێز و متمانە بەخش، هەستێک بزانێت هەموو شتێک لەخۆیدا شاراوەیە. بێ دوودڵی و ناخاترجەمی، بێ نیگەرانی، بێگومان، بێ پرسیارگەلی ئایا بەکوێ دەگات یاخود چی بەسەر دێت. بێ پرسیاری ئایا ئەمانە کێن، ڕاستییەکانیان چین. وەڵامی هەموویان لە متمانە، ڕێز و خۆشەویستییاندا شاراوەیە کە بە ڕێبازی ژیانی خۆیان ئافراندوویانە. دەگەیشتی بە وەڵامی یەکە بە یەکەیان.

بێگومان لە ئاستی خۆیدا باسکردنی ئاسان نییە. تاوەکو نەژیت تێگەیشتنیشی زۆر ئەستەمە. مەحاڵە نووسین بتوانێ سەرتاپای سادەیی، سرووشتی، جوانی، هەست و سۆزی ژیانی ئەو ڕۆژانە دەرببڕێت. لە نووسینیشیاندا لەناخی دڵمەوە و بە هەمان هزری ئەوسامەوە سەرلەنوێ لە هەمان هەست و سۆزیدا دەژیم. جوانییەکەی لەوەدا بوو کە چۆن بەو ئەندازەیە

خۆڕسک، خاوێن و پڕ خواستەوە و چۆن بە شەڕکردن لەگەڵ ناکۆکییەکاندا بە ئاستی پابەندبوون دەگەیشتیت. لەبەر ئەمەش هەمیشە دەمگووت" بەچانسم، زۆر بە چانسم.." جارێکی تریش بەدەنگەوە دەیڵێمەوە: خۆم بە بەختەوەرتر و بە چانسترین کەس دەزانی کەوا لەناو ئەم تێکۆشانەدا جێگەم دەگرت.

لە یەکێک لەشەوە درێژەکانی زستاندا میوانێکمان هەبوو. (مەتۆ) فاسۆلیاکەی سووتاندبوو. چەندە بێ چانسییە! ئەو شەوە چێشت بۆنکڕووزی لێ دەهات. بە شەرمەوە هەوڵی روونکردنەوەی ئەو دۆخەم دەدا و بۆ قەرەبووکردنەوەش، ترشیاتم لەسەر خوانەکە دانا، بەجۆرێ خۆشتر و بەتامتر چایم لێنا. هەموومان دەستوپێمان لەیەک گیردەبوو و هەموو هەڵدەسوڕاین.

زیاتر (وەلی) و ئەوان دەهاتن بۆ ماڵمان. دیدەنییەکەی ئەمجارە، دیدەنییەکی ئاسایی نەبوو. میوانێک بوو کە هەستی گووتنی شتێکی نوێ، یاخود پێدانی هەواڵێکی نوێ، چاوەڕوانییەکی جیاوازی لەناخماندا چاندبوو.

لەدوای خواردن هەموومان لەنزیکییەوە دانیشتووین، بەتاسەوە چاوەڕێی قسەکانی دەکەین. ئەو شەوە زۆر باش بوو کە دایە خەپە و مام (خدر) نەهاتن. بەڵام میوانەکەمان لەگەڵ یەکەمین قسەی پرسیاری ئەوانی کرد و هەوڵی دەدا هەڵوێست و نزیکبوونم لە بارەیانەوە بزانێت. بێگومان شیمانەشی دەکرد. بەشەو و بەڕۆژ ئەم دوو بەساڵاچووە هاتوچۆیان دەکردین، لەبەر ئەوەش ئاستەم نەبوو نەبینێت. چەندە خاوەنداری من دەکەن و سەرپەرشتیم دەکەن. گووتی:" ئێوە ئەم هەموو کەسەن، کەس ناتوانێت فشارتان بۆ بهێنێت. گەر بتانەوێت بە ئاسانی دەتوانن لێیان دەرباز ببن. ئەوانە کەسانی پیر و

بەساڵاچوون. توانایان نییە حوکم بەسەر هەموو شتێکدا بکەن. خواستی دەسەڵاتکردنیشیان گەورەترین چەوتییە."

هەروەها دەیەوێت بە کاریگەرییەکانی نەبوونی دایکم بزانێت لەماڵەوە. کاتێک ئەو لەماڵەوە بوو، پەیوەندییەکانمان سنووردارتر بوو. نائاسایی بووین لەبەرامبەر بەیەک. لەدوای رۆیشتنی دایکمدا، دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، ئەمەش بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا. سەبارەت بە سکاڵا و نارەزاییەکانمان لەمەڕ دایکم ئەو گووتی:"دایکتان ژنێکی چاکە. ژنەکانی تری گەڕەک زۆر قسەمان لەگەڵ ناکەن، بەڵام ئەو هەمیشە سڵاوی دەداینێ و لەحاڵی دەپرسین و سڵاوی دەداینەوە." و تیشکی خستە سەر هەڵوێستی ئاسانویستی ئێمە.

گومانی تێدا نییە ئێمەش وەها راستەوخۆ هەڵماندەدایێ کە کەس نۆبەی ئەوی تری نەدەدا. لەو نێوەدا دەمانگووت:"باشبوو باوکم لەگەڵ خۆی بردی بۆ ئەڵمانیا، زۆر فەنا بوو، رێگری لە هەموو شتێک دەکرد." (مەتۆ) هەڵیدایە و گووتی:"زیاتر گوشاری لە دادەم دەکرد. ئێوە نازانن! کەمی بە ئێمە دەکرد. بەیانیان دەچووین و ئێواران دەهاتینەوە. باشە ئەو لێرە نییە! ئەگەر لێرە بووایە تۆ وەها بەئاسانی دەهاتی؟"

ئەو بەمە پێکەنی. تا دواڕادە هێمن، ئۆقرەگر و ئاسوودەیە. وەڵامی هەموومان دەداتەوە. ئێمەش هێور دەکاتەوە. راستییەکەی ئەوەیە: بێ ئەوەی تووڕەمان بکات لایەنە بەهەڵەداچووەکانمان نیشان دەدات. هەوڵی دەدا زیاتر بەشێوەیەکی سادە و بە نموونەی ئاشکرا و ئەنجامی بەرجەستەی نموونەکانەوە لە بابەتەکانمان بگەیەنێت. جاروبار باسی دەهێنایە سەر ئەو رۆمانانەی لەوانمان وەرگرتبوو. هەوڵی پێوانەکردنی چۆنێتی خوێندنەوە و ئاستی تێگەیشتنمان دەدات.

پێشتر شیرۆڤەی جیاجیایان لەسەر ئەم بابەتە کردبوو. بەمجۆرە دەیویست لێرەوە ئەم بابەتەش یەکلا بکاتەوە. باسی رۆمانی (چیمەنتۆ) دەکات کە دوایین جار بۆمان گەڕاندبوونەوە. پرسیاری بەکاریگەرترین لایەنەکانی رۆمانەکەمان لێدەکات. لەگەڵ باسکردنی هەندێک لە رووداوەکانی ناو رۆمانەکە هەوڵیشی دەدا پێی نەزانین کە تاقیمان دەکاتەوە. ئێمەش بەکاریگەرترین لایەنەکانی دەخەینەڕوو. دیارە لەمەشدا نۆبەی یەکترمان نەدەدا! بێگومان لە روانگەی رەخنەگرانەوە پەڕتووکەکەمان نەخوێندبووەوە. خاڵە سەرەکییەکانی رۆمانەکە و ئاستی پەیوەندییەکانی بە سۆسیالیزمی بۆ شیکردینەوە و هەروەها ئەوەشی خستە بەردەممان کە لە خوێندنەوەی پەڕتووکدا رەخنەگر بین.

لەبەر ئەوەی پەڕتووکەکەم بەسەرنجەوە نەخوێندبووەوە و وەکو ئەو تێنەگەیشتبووین، شەرمەندە و خەفەتبار بووم. بەلام پێوانەی دەربڕینی راستییەکان چی بوو؟ پێویستە ئەمە بزانرایە. (چیمەنتۆ) پەڕتووکێکی بەناوەڕۆکی کۆمەلایەتی بوو. نووسەرە شۆڕشگێڕەکان ناچاربوون لەهەموو رۆمانێکدا راستییەکان بنووسن. لەبەر ئەوەی پێوانەی مامەڵەکانمان بەمجۆرە بوو، نەماندەکرد بچینە بنج و بناوانی رووداوەکانەوە. هەر ئەو شەوەش فێربووین کە نووسەرەکەی کێ دەبێت با ببێت، پێویستە بە سەرنجەوە پەڕتووک بخوێنینەوە. ئەمە دەبووایە هەروەکو نزیکبوونەوە و هەڵوێستمان بووایە لەبەرامبەر بە گرووپەکانی تری دیرسیم. ئەوانیش دەیانگووت:"ئێمە شۆڕشگێڕین" بەلام بەشێوەیەکی گشتی هەر یەکەیان نوێنەرایەتی مەیل و تێگەی توێژی جیاوازیان دەکرد. تێکۆشانێکی ئایدیۆلۆژی و چینایەتییان نەبوو. ئەوانەشی

دەیانگووت: لەو چوارچێوەیەدا تێدەکۆشن، بەشێوەیەکی زۆر قەبا و رووکەشانە دەیانکرد. هەموو کەسێک لەو بانگەشەیە دابوون کە خۆیان راست و رەوان. دەبێت هەموو کەسێک راست بێت؟ ناشێ.. سۆسیالیزم تاکە راستی بوو. هەموو کەسێک بانگەشەی سۆسیالیستبوونی خۆی دەکرد، بەڵام ئایا بەوپێیە دەژیا؟.. تێکڕای بابەتەکە لەناخی ئەم پرسەدا شاراوەیە. ژیان بەگوێرەی سۆسیالیزم، واتا بەگوێرەی ئەو بەهایانەی بڕوات پێکردوون پێوانەی بنچینەیی بوو.

میوانەکەمان دەیوست بزانێت لە خوێندنگە، لە پۆل، لە گەڕەک، لە ناو دەوروبەر و خزم و کەسوکاردا کام مەیل زیاتر دەکەوێتە بەرچاو. لە هەمانکاتدا هەر بە پرسیارەکانی دەیوست بزانێت ئێمە لەم بوارەدا چەند هۆشیار و پەیوەندارین. بەمشێوەیە ئێمەی هەم لە نزیکەوە دەناسی و هەم بەئاگای دەهێناین.

ئامۆزاکانم هەر یەکێکیان لەسەر ڕێبازێکی سیاسی جیاواز بوون. لەناو خزم و کەسوکار و بنەماڵەدا لایەنگرانی ڕێبازی (TIKKO - سوپای رزگاری کرێکاری و دێهاتییانی تورک)، (PDA - ڕۆشنگەری شۆڕشگێڕی پرۆلیتار)، (HK - رزگاری گەل)، (TKP - پارتی کۆمۆنیستی تورکیا) و سەرجەم سیاسەتە چەپڕەوەکانی تورکی ئەو سەردەمە هەبوو. هاوسێکانیشمان بە هەمانشێوە تێکەڵاو بوون. لە پۆلەکەمان زیاتری خۆی (PDA)ییەکان هەبوون. بەڵام ئێمە دەمانگووت هێشتا بەشداری هیچ ڕێکخستن یاخود فراکسیۆنێک نەبووینە.

ئەو لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی (گازی) لە ئەنکەرە دەیخوێند. بەڵام زوو گەڕابووەوە. لەکاتێکدا پشووی ساڵانەی خوێندن نەهاتبوو، ئەو لە دێرسیم بوو. بەمجۆرەیە کە ئەرکی

شۆڕشگێڕی بەر لە هەموو شتێکەوەیە. (مەتین)یش لە هەمان خوێندنگەدا دەیخوێند. یەکتریان دەناسی. بەڵام هەستم بەوە کردبوو کاتێک باسی (مەتین)ی دەکرد زۆر لێی رازی نەبوو. بە ئاشکرا دەیگووت: "مەتین دەناسم. بێدەنگ، بێ جوڵە و بێکەڵکێکە بۆ خۆی. هێشتا پەیوەندی لەگەڵ کەسانی (CHP) دا هەیە."

ئەگەرچی زۆری لەسەر نەگووت، بەڵام بەبیستنی ئەمە غەمبار بووم. بەهەموو شتێکدا دیاربوو دەیویست لە کاردانەوەم بگات. منیش لەگەڵ ئەوەی زۆر شتیشم دەرنەبڕی، نەشمتوانی کاردانەوەکەم بشارمەوە.

بەمشێوەیە دوای وەباسهێنانی چەند بابەتێک، چووە ناو بابەتی سەرەکییەوە. ئێمەش ورد و درشت گوێچکەمان بۆ شلکرد. هێدی هێدی و دانە دانە بەشێوەیەک ئێمە لێی تێبگەین باسەکەی دەستپێکرد. دەستەواژەکانی گەل و نەتەوە شیدەکاتەوە و باسی شەڕەکانی ڤێتنام، ئەنگۆلا، کوبا دەکات. بە هێنانەوەی نمونەی سەرنجڕاکێش لەبارەی تێکۆشانی رزگاری نیشتمانی و سەرکردەکانیانەوە درێژەی بە باسەکەی دەدا. بە گەڕانەوە بۆ چەند گووتەیەک لە (هۆشیمین، کاسترۆ، کابراڵ[67]، لینین، ستالین) هەوڵی سەلماندنی راستی باسەکەی دەدا. دیارنەبوو چیرۆکی بۆ دەگێڕاینەوە، پەرتووکی بۆ دەخوێندینەوە، یاخود وانەی مێژوو بوو.

باسی ئەوەی بۆ کردین کە کورد لە رەچەڵەکی ئارییە، لە میزۆپۆتامیا نیشتەجێبوون، بە دوور و درێژی باسی لە مێژووی (میساقی میللی) و داگیرکاری و هۆکار و ئەنجامەکانی کرد.

---

67 : ئەمیلکار کابراڵ (1924 - 1973) شۆڕشگێڕێکی ئەفریقاییە و سەرکردەی جوڵانەوەی سەربەخۆیی دوورگەکانی غینیا و بیساو و ناوچەکەیە، لەساڵی 1973 بەدەستی سیخوڕەکانی پرتوگاڵ کوژرا.

زیاترینیش لەسەر بەرخودانی 1938ی دێرسیم هەڵوەستەی کرد. ئەمەی بەرفراوانتر تاوتوێدەکرد. بە ئەندازەیەک تەنانەت گێڕانەوە و باسە پچڕ پچڕەکانی باوکم، دایکم و خاڵەکانم یاخود دایەگەورەمی لەگەڵ بەراورد نەدەکرا. بەنموونەی زۆر سەرنج ڕاکێش و هەژێنەرانە لایەنە ناوخۆییەکانی کۆمەڵکوژییەکان و مێژووی لەناوچووی نەتەوەیەکی دەخستەڕوو. لایەنە پڕ لە ژانەکانی ڕووداوەکان جیاجیابوون: دەستدرێژی و لاقەکردن، کۆمەڵکوژی، کۆچ و ئاوارەیی، خیانەت، هەریەکەیان ژانێکی جیاوازییان هەبوو. تا سەر ئێسقانم ژانی پێدەدام و دەیلەرزاندم. بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشابووین. چۆن مێژوویەکی هێندە درێژ گەلێک بە نەبوو هەژمار کراوە؟ کوردستان لە هیچ پەڕتووکێکی مێژوودا نەبوو. ناوی وڵاتەکەمان کوردستان بوو، کەچی ئێمە ساڵەهای ساڵ بوو دەمانگووت کۆماری تورکیا... ئەو بەردەوام دەکات.. باس لە چۆنێتی چوار پارچەکردنی کوردستان، (سیڤەر، لۆزان) و سەرهەڵدانەکانی کوردان دەکات. کۆتا نایەت. بابەتەکان هێندە زۆر و ڕاکێشەرن نامانەوێت کۆتا بێن. بەڵێ لە پەڕتووکەکانی خوێندنگەدا پەیماننامەکانی (سیڤەر و لۆزان)مان خوێندبوو. لە هەندێک لە ماددەکانیدا دەستەواژەی کورد و کوردستانیش هەبوون. بەڵام ئەمانە ئەو وشانەبوون کە تەنیا لەو پەڕتووکانەدا گیرۆدە ببوون. ئەمێستا دەزانین کە وڵاتەکەمان کوردستانە و بەردەوام لەژێر پێگەی داگیرکاری کلاسیک دایە. پێناسەکان لەناو باسەکاندا زیاتر ڕوون و ئاشکرا دەبوون.

کوردستان داگیرکراوە و نیمچە دەرەبەگە. وەکو هەموو گەلانی تر مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستانیش دەست لێبەرنەدراوە. لە کوردستاندا بەگوێرەی دۆخی هەنووکە

و شیکاری بەرجەستەیی پێویستی بە ڕێکخستن و تێکۆشانە. هاوکات لەگەڵ باسکردنی ئەمانە چەندجارە هێناندنەوەی نموونەی ڤێتنام، لەناخماندا حەزێکی تایبەت بە ڤێتنامی دروست دەکرد. ڤێتنامیش بەسەر دوو بەشی باکوور و باشووردا دابەشکراوە، سەرەتا باکوور شۆڕش بەرپا دەکات، بەپێی کات باشووریش لەبەرامبەر بە داگیرکەری نوێ تێدەکۆشێت و ئارەزوومەندانە و بەشێوازێکی دیموکراتیانە لەگەڵ باکوور یەکدەگرێتەوە. هەروەها باسی لەوە دەکرد کە وڵاتانی غینیا، ئەنگۆلا و مۆزەمبیقی ئەفریقیاش بە قۆناخی هاوشێوەدا تێپەڕبوون و هێشتاش بەشێکی زۆری وڵاتانیش بەردەوامن لە تێکۆشانی رزگاری. ئەم باسانە بەردەوامن و لەسەر رەوتی خۆیان دەڕۆن. من هەوڵ دەدەم لە کوردستان تێبگەم. لە یەکێک لەو شەوە ئاهەنگانەی لە ئەڵمانیا ئامادەی بووم نەخشەیەکی رەنگاورەنگی کوردستانم بینی بوو. ئێستاکە دەگەم بەو راستییەی کوردستان وڵاتی منە، وڵاتی هەموو کوردانە. لەگەڵ تێگەیشتنیش وەکو (ئەوان)م لێدەهات.

## ئەوان کۆمەڵێک کەسی جێی تاسە بوون!

وەک دۆزینەوەی شتێک بوو کە بەدوایدا دەگەڕام. هەندێک لە ساڵ و وردەکارییەکان هەر لەو کاتەدا لەبیرکران، بەڵام پێناسەی "کوردستان داگیرکراوە، گەلی کورد بەهێزی جەوهەرییانە و بە ڕێکخستنی جەوهەریانە و ڕێبەرایەتی خۆی تێکۆشانی رزگاری نیشتمانی بەرپا دەکات، کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆی دیموکراتی و ئازاد دادەمەزرێنێت" لە هزرمدا دەزرینگایەوە. رۆڵەکانی خودی گەلی کورد ئەم دۆزە بەڕێوە دەبات" رۆڵەی خۆی، هێزی جەوهەری، ڕێکخستنی جەوهەری..!" تا ئەو رۆژە کەس ئەم دەستەواژانەی بەکار نەهێنابوو.

"گەلی تورک دووژمنمان نین، برای ئێمەن، دۆستی ئێمەن. تێکۆشانمان هاوبەش دەبێت لەگەڵ ئەوان، بەڵام ئێمە بەپێی هەلومەرجی تایبەتیمان، خۆمان ڕێکدەخەین. بۆ نموونە بەیەک ڕێباز ناکرێت هەموو نەخۆشییەکانی دڵ و گەدە چارەسەر بکرێن. ڕێبازی جیاجیایان دەوێت." لەم خاڵەدا هەوڵی دەدا ئەنتەرناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری شیکار بکات. هەروەها کاتێک باسی کوردستانی دەکرد، سەرنجی بۆ لای (لەیلا قاسم)، قارەمانێتیەکەی (بەسیی)ی لە 1938ی دێرسیم رادەکێشا. جەختی لەسەر دەکردەوە کە تێکۆشان ئەرکێکی تایبەت نییە بە پیاو، ئەگەر ژن و پیاو شانبەشانی یەکتر تێبکۆشن ئەوا رزگاری نیشتمانی سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت. پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ژنیش چەوسێندراوەتەوە و سووکایەتی پێکراوە و

لەم واتایەدا ژن زیاترین پێویستی بە شۆڕش هەیە. بە گەڕانەوە بۆ من ئەم باسەی وروژاند.

لە شەوێکدا، لەدانیشتنێکدا هەموو ئەمانەی بۆ شیکارکردین. کات بە درەنگانێک گەیشتبوو و تا ئەوکاتەی خۆی گووتی "ئێستاکە ئەوەندە بەسە!" هەمووومان لەناخەوە گوێمان بۆ شل کردبوو. هەست و سۆزمان سەراوبن ببوو. شەرمی ئەوە دایگرتبووین کە تا ئەو ڕۆژە بۆچی نەمانزانی بوو کوردین و کوردستانین. بەڵام لە ڕاستیدا بەمشێوەیە ئاشنابوون بەخۆمان بەختەوەرییەکی گەورەشی پێبەخشی بووین. کورد بووین و پێویستبوو لەسەرمان لەپێناو وڵات و گەلەکەماندا تێبکۆشین، دەبووایە ڕێڕەوی تێکۆشانێکی هاوبەش لەگەڵ گەلانی تری چەوسێندراوە بگرینەبەر. ئەمە هەستێکی زۆر جوان بوو. لە هەمانکاتدا دڵخۆشیش بووین و بەیەکترمان دەگووت:" باشە کە نەکەوتووینەتە ژێر کاریگەری خەڵکانی ترەوە".

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک نیشانەی پرسمان لا دروست بوو. بۆ نموونە؛ ئەو بەناوی کێ قسەی دەکرد. ناوی تەڤگەر یاخود فراکسیۆنەکەیان چی بوو. ئێمە چ ناوێکمان لەخۆمان بنایە؟ ئەگەرچی ئەو گووتبووی "شۆڕشگێڕانی کوردستان ئەم دۆزە لە ئەستۆ دەگرن" ناو گرنگ بوو؟ دوای ئەوەی هەستا و ڕۆیشت ئەم پرسیارەمان بە مێشکدا هات. بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کاتێک لەگەڵ کەسانی تر گفتوگۆمان دەکرد تێڕوانین و شیکارە تازە پێگەیشتووەکانمان بوون، کە لەلای خۆمانەوە بە هێندەی تێگەیشتنمان هەوڵی دووبارەکردنەوەیانمان دەدا. سەبارەت بە ناویش وا لێکمان دەدایەوە:"دەشبێت بەهۆی (نهێنی پارێزی)یەوە پێی نەگووتین"

سەرجەم ئەمانەمان بە بنەما وەردەگرت. لەپێناو تێکۆشانێکی بەهێزی ئایدیۆلۆژی، پێویست بە شیکارکردنی مارکسیزم - لینینیزم و تێکۆشانی رزگاری نیشتمانی بوو. شۆڕشگێڕی فێربوون و تێگەیشتن بوو، زانین بوو.

لە پۆلدا، لەگەڕەک و دەرەوە بە گەرمی دەستم بە گفتوگۆکردنی ئەم تازە تێڕوانینانە کرد. (تورکان)، (ئایتەن) و (فیدان) لەو یەکەمین کەسانە بوون کە ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵ کردن. بەڵام بەقسەکانم نەمتوانی رازییان بکەم. لەبەر ئەوەش بە باشم زانی بانگهێشتیان بکەم بۆ ماڵی خۆمان. پاشان بانگی ئەو میوانە و (وەلی)م کرد. گفتوگۆیەکی درێژخایەن کرا. (تورکان) و ئەوان تا دەهات شل دەبوونەوە. بەڵام کاتێک لەگەڵ من قسەیان دەکرد بانگەشەدارتر بوون و هێرشی توندیان دەهێنا. ئەوان لەلایەنی تیۆرییەوە بەتواناتربوون، دیماگۆژیشیان دەکرد. لە پەیمانگەی مامۆستایاندا زیاتر دەرفەتی گفتوگۆ هەبوو. ئەمەش پەرەی بە پەیوەندییەکان دەدا و هانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دەدان. لەگەڵ ئەوەشدا لەماڵەوە هیچ فشار و گوشارێک لە ئارادا نەبوو؛ بە ئاسوودەیی دەیانتوانی بگەڕێن. پێیان گووتن لێکۆڵینەوە لە هەندێک بابەتدا دەکەن، پێویستیان بەکاتە و دواتر دووبارە دەتوانن گفتوگۆ بکەن و رۆیشتن.

(فیدان) بێ بڕیار و دوودڵ بوو، (تورکان) و (ئایتەن) بەپێچەوانەوە لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی هەندێک لەو بابەتە نوێیانەیان بە پێویست زانی بوو و ئەمەش گرنگ بوو، بەواتای راکێشانی دوو کەسی تر بوو. کاریگەری بەرجەستەی هەر گفتوگۆ و تاوتوێیەک بەدیدەکرا. ئەم تێڕوانینانە راستبوون و لە راستیشدا هەر کەسانێک خواستی شۆڕشگێڕی هەبووایە مسۆگەر لەم تێڕوانینەدا بەیەک دەگەیشتنەوە. ئەمە ئارەزوویێک

و خواستێکی سۆزداری نەبوو، لەخۆمانەوە دەمانزانی، ئێمەش ئەم راستیانە کاری لێکردبووین.

تازە بە تازە دەستکرابوو بە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی ئەم ئایدیۆلۆژیایە، بەڵام کەس نەبوو نەیبیستبێت. دەگووترا "کوردچی" و "نیشتمانپەروەر"ەکان سەریان هەڵداوە. گرووپەکانی تر گاڵتەجارانە باسیان دەکرد. هەموو کەسێک بە تاسەی بینینی"کوردچی"یەکانەوە بوو. کاتێک دەست بە گفتوگۆ دەکرا یەکەمین پرسیار ناوی رێکخستن بوو. باس و بابەتی باسەکەیان جیاواز بوو لەوانەی گرووپە چەپرەوەکان. شۆرشگێرییەک کە بەتەواوی لەدژی دەرکردنی ناوبانگ بوو بە رۆژنامە و بڵاوکردنەوەی ناو، لەدژی بەهەند وەرگرتنی پەیوەندی بێ پێوان و رێبازی پرووپاگەندەکردنی دۆگمای راستییە گشتییەکان بوو. پارێزەرانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە کەسایەتی هەرەمەکی نەبوون، کۆمەڵێک "مشتێک" کەس بوون لە هەموو روویێکەوە جێی تاسە بوون! بە هەڵوێستی بە بانگەشە، متمانە بەخۆبوون و بریارداری و رەهایی لە دەربرینیاندا، ببوون بە مەڵبەندی راکێشان. هەرچەندە گەنجان ریزی خۆیشیان دەستنیشان کردبێت، هێشتا لە سەرەتای کاردان و ئاستی کاریگەری تیۆری قووڵ نەبوو. کاردانەوە بەرامبەر بە سیستەم، پابەندی و خۆشەویستی (دەنیز گەزمیش)، (ماهیر چایان)، (ئیبراهیم کایپاککایا) کە بوونەتە قارەمانی هەموو کەسێک و شەهیدانی تری رێگەی ئازادی کاریگەری چەپرەوێتی لەسەر جیهان و بەتایبەتیش تورکیا و کوردستان و توێژی گەنجانی بە ئاستی ئامادە بۆ رێکخستن گەیاندبوو. بەتایبەتیش دێرسیم ببوو بە ناوەندی پێشبرکێی چەپرەوەکان بۆ راکێشانی سەرجەم گەنجەکانی بەلای خۆیاندا.

بەڵام پەیمانگەی مامۆستایان زیاتر سەرنجی رادەکێشا. هەندێک لە گرووپە چەپڕەوەکان، لەناو خەڵکدا بە چەواشەکردنی رووداوەکانی ناو خوێندنگەکە پڕووپاگەندەیان دەکرد. بە چالاکییەکانی دژ بە فاشیستەکانی ناو خوێندنگە و بە وەرگرتنی هەڵوێست لە بەرامبەر بە رەفتارە هێرشبەر و هاندەرییەکانی (رزگاری گەل - HK)ییەکان دەیانگووت:' ئەمانە گرووپێک لاتی سەر شەقامەکانن لە شاری رۆحاوە هاتوون، لە دێرسیم گرژی و ئاڵۆزی دەنێنەوە، ئەمانە چەپڕەو، شۆڕشگێڕ نین! بەڵکو(تورکەشیین)، بەخۆیان دەڵێن کوردچی! لە راستیدا هەر ئەمانەن کە پێویستە لەخوێندنگە دەربکرێن' و خەڵکیان هان دەدا. خودی کادیرە پێشەنگەکانیان لەو خوێندنگەیانەدا مامۆستا بوون. لەم رێگەیەوە دەیانەویست کەسانێکی نزیکی خۆیان و لایەنگرانیان لەخۆیان کۆبکەنەوە و رێگری بکەن لە بەدواداچوونی جیاوازیان. بەمشێوەیە پڕووپاگەندی ناوزڕاندن و لەکەدارکردن لەزۆرێک کەس و توێژدا رەوشێکی پێچەوانەی دروست کردبوو: تەنانەت حەز و مەیلی نزیکبوونەوەی لە شۆڕشگێڕانی کوردستان گورتر دەکرد.

لە دواناوەندی، گرووپە چەپڕەوەکان زۆرینە بوون و زۆربەی گفتوگۆکانیش توند و زۆرجاریش دەگەیشت بە ئاستی شەڕ. لە پۆلەکەی ئێمەدا جگە لە من کەسی تر نەبوو. (زلفۆ)ش هەبوو کە مەیلی بەلای چەپڕەویدا دەچوو. (کامەر ئۆزکان)ی برا گەورەی (زولفۆ)، بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ گرووپێک، تۆزێک توندتر و لەجیاتی روونکردنەوەی تیۆرییانە تایبەتمەندی قەدبڕییانە و شەڕانگێزی خۆی دەخستەگەڕ. لەگەڵ ئەوانی تر لە پشووی وانەکاندا گفتوگۆی گەرموگوڕمان دەکرد. ئەو چەند رستەیەی دەمزانی، کردبووم بە بناخە و تا کۆتا پێداگریم دەکرد

لەسەری. لەبەرامبەر تاوانبارکرانم بە (نەژادپەرستی) خۆمم پێ رانەدەگیرا و پێمگووتن" ئێوەن نکۆڵیکاری نەتەوەیەک، تووشی فیز و نامۆبوون بوونەتەوە و خۆتان لەدەستداوە، شەرم لە کوردبوونی خۆتان دەکەن".

مامۆستا (عەبدوڵلای موش)ی ئەندامی (DDKO)[68] بوو، گفتوگۆمان لەگەڵیدا گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. کوردبوون و کوردستانی بوون بە لایەنی هاوبەش دادەنران. بەو هۆکارەی مامۆستا بوو نەیدەویست گفتوگۆکان هەنگاوێک بەرەو پێشتر ببات. بەڵام لەدڵەوە خۆشحاڵبوو بە کوردبوونەکەی من، زیاتر گرنگی پێدەدام. بەگشتی لە سەرجەم وانەکاندا گفتوگۆ هەبوو، بەڵام بەتایبەتیش لە هەندێکیاندا گفتوگۆکان توندتر دەبوون. مامۆستاکانیش بەشداریان دەکرد. مامۆستای فیزیا واتای نەدەدا بە کاردانەوە و توورەییمان لە خوێندنی وانە لە تاقیگە و رەخنەی دەکردین و دەیگووت:" بە هەڵە لە شۆڕشگێڕی دەگەن، وانەی فیزیا، وانەیەکی زانستییە کەچی ناتانەوێت سوودی لێوەربگرن. ئێوە دەڵێن؛ پەروەردەی بۆرژواییە و نامانەوێت.. بەڵام بەهەڵەدا دەچن. هەلی تاقیکردنەوەیەکی زۆرتان لەبەردەست دایە. تەنانەت چ لەرووی تیۆری و چ لەرووی کردارییەوە هەلی فێربوونی دروستکردنی ماددەی تەقینەوە لەدەستخۆتان دەدەن. خۆ ئەمانەتان هەر پێویست دەبێت".

لەم خاڵەدا مافداربوو. تەنانەت جاروبار کاتی تاقیکردنەوەی ماددەکان دەچووینە تاقیگە، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆمان پێنەدەدا.

---

[68] ئۆجاخی کولتووریی شۆڕشگێڕی رۆژهەڵات، یەکێک بووە لەو کۆمەڵە و رێکخراوانەی کە بەتایبەتیش لە سەرەتای 1970کاندا زۆربەی رێکخراو و جوڵانەوە سیاسییەکان خۆیان تیایدا بەرێکخستن کردبوو.

لەماڵەوە ئیتر دۆخێک نەبوو ڕێگری لە کاروبارەکانمان بکات. لە گفتوگۆکاندا ئەگەر هەبووایە تێڕوانینێکی نزیکی یەکتر، ئەوا دەیبردینە ناو جڤینی بچووک تا بە کۆبوونەوەمان لە ماڵەوە. لەم مژارەدا ماڵی ئێمە گونجاوترین بوو. ماڵی تر ئەگەری گرفت و کێشەی هەبوو. هاموشۆکارانی ماڵمان لە زیادبوون دابوون؛ (تورکان)، (ئایتەن)، (نورحەیات)، (قیمەت)، (جەمیلە - کابیرە مەرکیت)... هتد، دوای ماوەیەک بووین بە گرووپێک و دواتریش دەستمانکرد بە کاروباری خۆپەروەردەکردن. لە هەفتەیەکدا ڕۆژێک دوو ڕۆژ بۆ چەند کاتژمێرێک کۆدەبووینەوە. ئەمەش بەشێوەیەکی بەرنامە بۆدانراو بەڕێوە دەبرا. هەر جارەو لە ماڵێکدا ئەنجامدانی کاروباری پەروەردە لە ڕووی ئاسایشەوە گونجاوتر بوو. ئێمەش وامان دەکرد. لە پەروەردەدا زیاتری خۆی پەرتووکی کلاسیکی وەکو (ڕەگەزە سەرەکییەکانی فەلسەفە، ماتریالیزمی دیالێکتیکی و مێژوویی، مێژووی کۆمەڵگەکان)مان دەخوێندەوە و گفتوگۆمان دەکرد.

ڕۆژی 12ی ئاداری 1975 دێرسیم یەکەمجار بەشۆڕشگێڕەکانی ئاشنابوو. یەکەمجار کادیر، لایەنگر و هەوادارانی گرووپەکە لە ڕێپێوانێکدا کۆبووینەوە. ڕێپێوانەکە لە بەردەم دواناوەندییەکەی ئێمەوە دەستی پێکرد، بە بەردەم ناوەندی باڵەخانەی حکومەتدا بەرەو گەڕەکی خوارەوە و لەسەر پردەکەوە تا پەیمانگەی مامۆستایان بەردەوام بوو. تەواوی پۆلیس و سەربازەکان لە ئامادەباشی دابوون. ئەو ڕۆژە دەتگووت دێرسیم ڕاپەڕیوە. دەستپێکی ئاپۆڕای چالاکگەران لەسەر پردەکە و کۆتاکەی لە شەقامی بەردەمی ناوەندی باڵەخانەی حکومەتدا بوو. زۆر بەشکۆ بوو. ڕق و نەفرەت لە کودەتا سەربازییەکەی 12ی ئادار دەکرا. "بمرێت 12ی ئادار"

دروشمی هاوبەش بوو. ئەمە بەرەوشتترین و توورەییترین دروشم بوو.

هاوکات بۆ یەکەمین جار دروشمی "ژ کوردان را ئازادی - ئازادی بۆ کوردان" دەگووترایەوە. گرووپێک هەڤاڵ پێشەنگایەتیان دەکرد، چەفیەیان بادەدا و زۆربەشیان چەفییەکانیان بەسەریانەوە بەستبوو. زۆربەی ئەندامانی ئەم گرووپە هەڤاڵانی شاری رۆحا (ئورفا) بوون. ئەم چەفیانەی ببوون بە سیمبۆلی بەرخودانی و راپەرین، بۆ یەکەمجار بەدەستی فەلەستینییەکانەوە بینیبووم. لە تەلەفزیۆن و رۆژنامەدا، لە چالاکی رفاندنی فرۆکەدا وەکو دەمامک بۆ شاردنەوەی رووخساری خۆیان بەکاریان هێنابوو. لەگەڵ ئەمەشدا سیمبۆڵ بوو، رەمز بوو. ئەم هەڤاڵانە زۆر بە شکۆوە و بەدەنگێکی زولاڵ و بەبڕیارەوە زوو زوو دروشمی "ئازادی بۆ کوردان"یان دەگووتەوە.

ئێمەش هەمان دروشممان دەگووتەوە. ئەو دروشمە پێبەپێ جێگەی ئێمەی لەناو ئاپۆرای چالاکگەراندا دەستنیشان دەکرد. بە دروشمەکاندا دەمانزانی کێن هەڤاڵ و هاورێکانمان. لەگەڵ (جەمیلە مەرکیت) پێکەوە دروشممان دەگووتەوە. بەڵام هەر جارە و لەگەڵ دەنگی دروشمی ئێمە، گرووپێک خوێندکاری پەیمانگەی مامۆستایان بۆ بەزاندنی دەنگی ئێمە، دروشمی شۆڤێنیستیانەیان هەڵدەدا. هەرگیز لەیادم ناچێت، کچێکی (PDA)یی ئەوەندەی مابوو دەمی بنێت بە گوێمەوە و بەدەنگێک کە پەردەی گوێچکەی دەدڕاند، بەگووتنەوەی دروشمی" بمرن نەژادپەرستان" وەڵامی ئێمەی دەدایەوە. ئەو دەنگە ماوەیەک گوێچکەمی کپکرد. پێمگووت: "داردەستینە، ئەی ئەوانەی نکۆڵی لە نەتەوەکەی خۆیان دەکەن! ئەی ئەوانەی بێ ئابڕووانە هێرش

و پەلامارمان دەدەن" و بەردەوام بووم لە گووتنەوەی دروشمی "ئازادی بۆ کوردان". پۆلیس لە دەوروبەرمان بوو. ئەگەر بلوایە شتی جیاواز ڕوویدەدا، لەو کاتەدا دەمویست مشتم بکێشم بە ناوچاوانیدا. زۆر داخم لە هەڵوێستی ئەو جۆرە شۆڤێنە سۆسیالانە[69] دەهات. هێندە نکۆڵیکردن، خۆڕەتکردنەوە لەکوێوە سەرچاوەی دەگرت؟ هەر لەو کاتەدا پێمگووت:" ئەمەت لە بیر نەچێت" و بە خاتری ئەو چالاکییە هاوبەشە هیچم نەکرد. تەنانەت نەیاندەزانی نوێنەرایەتی کێ و چی دەکەن. ئەمەیە جێگای داخ. بۆچی هێندە تووڕە بوو، لە چی تووڕە دەبوو، هیچ تێنەدەگەیشتم.

لە گووتنەوەی دروشمەکاندا ئەندازەی گرووپەکان زیاتر بەدی دەکران. لەگەڵ گرووپەکەمان پێکەوەین، بەڵام بەشێکیش بەناو ئەوانی تردا بڵاوبوونەتەوە. دیارە ئەمەشیان بە بەرنامە کردبوو. چونکە هەموو شتێک بریتی نەبوو تەنیا لە ڕێپێوانێک. پێویست نەبوو هەموو کەسێک ئاشکرا ببێت. نکۆڵیکارانی نەتەوە کە درێژە و بەردەوامی گرووپە چەپڕەوەکانی تورکن بەپێچەوانەوە گرنگییەکی زۆریان دەدا بە ژمارەی کەللەسەر. بە ئەندازەیەک هەموو هەبوون و نەبوونی خۆیان لە ڕێپێوانەکاندا دەخستە مەیدانەوە. چەندە قەرەباڵغ بوونایە خۆیان ئەوەندە بەهێز و مافدار لێکدەدایەوە.

ڕێپێوانەکە لە پەیمانگەی مامۆستایان کۆتایی دەهات. دوای خولەکێک ڕێزلێنان، گووتار لەسەر گرنگی ئەو ڕۆژە پێشکەش

---

[69] : بەو کەس و لایەنانە چەپ و سۆسیالیستانە دەگووترێت کە لەژێر پەردەی سۆسیال دیموکراتیدا مەیلی شۆڤێنیستانەی خۆیان دەشارنەوە.

کران. (ئەحمەد) لەسەر ناوی گرووپەکەمان بە کوردی کورتە گووتارێکی بەزۆر خستە ریزی گووتارەکانی ترەوە. گرووپەکان بڵاوەیان لێکرد و ئێمەش بەشێوەیەک سەرنج رانەکێشین بەرەو ژوورەکانی بەشی ناوخۆ رۆیشتین.

(مەزڵوم دۆغان) لەوێ بوو. یەکەمجار بوو ئەوم لە نزیکەوە دەبینی. لەماڵەکەی گەرەکی داغ هیچ نەمبینی بوو. دوای یەکترناسین دەرفەتی قسەکردنمان بۆ رەخسابوو. هەوڵمدا چەند پرسیارێک بکەم و وەڵامی لێوەربگرم. بەتایبەتیش پرسیارم لەسەر پێکهاتەی نیمچە دەرەبەگی کوردستان، ریڤیزیۆنیزمی هاوچەرخ و دروشمی "ئازادی بۆ کوردان" ئاراستە کرد. لە وەڵامدا (هەڤاڵ مەزڵوم) گووتی:" دروشمی ـ ئازادی بۆ کوردان ـ دروشمێکی چەوت نییە، دەکرێت بگووترێتەوە. بەڵام لە تایبەتمەندییەکی تەسک و نەتەوەپەرستی دایە. تەنیا ئازادی بۆ کوردان بەس نییە! پێویستە سەرجەم گەلانی کوردستان لەئامێز بگرێت."

ئەم روونکردنەوەیە بە واتایەک گفتوگۆ سەرپێییەکانمان لەسەر دروشمەکە و نادیارییەکانی چارەکردبوو. هەروەها پێناسەکانی "نە ئەمریکا، نە رووسیا!"، "ئیمپریالیزمی سۆسیالی سۆڤێت!" وای لێدەکردین لەهەوڵی زانینی تێڕوانینەکانی گرووپەکە سەبارەت بە سۆڤێت بین. هەڤاڵ (مەزڵوم) پێیگووتین کە دەتوانین سیستەمی سۆڤێت بە" ریڤیزیۆنیزمی هاوچەرخ پێناسە بکەین" و بە هێنانەوەی چەندین نموونە رووداوەکانی ئەوێی بۆ شیکردینەوە. ئەم دۆپینگە ئایدیۆلۆژییە لەدوای

ڕێپێوانێکی وەها هەمووومانی زیندووکردبۆوە. تا ئێوارە ئەم گفتوگۆیەمان لەنێو خۆماندا بەرفراوانتر و بەردەوام کرد. لەم نێوەدا لەگەڵ (نورحەیات) و لە هەڤالانی شاری روحاش (ئەحمەد)، (جومعە تاک)، (سلێمان گیونەیلی) و چەند هەڤاڵێکی تر یەکترمان ناسی. ئەو رۆژە بینینی هەڤالانی جیاجیای زۆر هەرێمی کوردستان پێکەوە لە یەک شوێندا، مۆراڵ و هێزێکی گەورەی پێدابووم.

## ئیتر؛ زەنگی مەترسی دەهاتە بەر گوێ!

لەدوای ڕێپێوانەکە کە گەڕامەوە بۆماڵەوە، تووشی مام (خدر) و دایە خەپە بووم کە زۆر نیگەرانی من بوون. هەردووکیشیان بە ڕووخسارێکی تاڵ و ترش و تووڕەوە پێشوازیان لێکردم. منیش بەپێچەوانەوە تابڵێیت بە جۆش و خرۆش بووم. لەبەر ئەوەش زۆر گرنگیم نەدا بە قسەکانیان. مۆراڵ و جۆشی ڕێپێوانەکە، یەکترناسین لەگەڵ هەڤاڵانی پەیمانگەی مامۆستایان، جۆشێکی جیاوازی پێبەخشیبووم. ئەو ڕۆژە لە ژیانی خۆمدا هەنگاوێکی تری گرنگم هەڵنا. لەگەڵ ئەم هەنگاوە، سەرجەم هەنگاوەکانی ئەو ساڵەم سەرتاپای ژیان و کەسایەتیمی دەگۆڕی. ئیتر هیچ شتێک بۆ من وەکو ڕابردوو نەدەبوو.

بەشێوەیەک کە ئیتر لاساییکارییەکانی پێشووم نەدەما. بۆ نموونە، لەو ڕۆژانە بەدواوە پێڵاو و جل و پۆشاکم گۆڕابوو، جلی سادە و ئاساییم لەبەر دەکرد.

بێگومان ئەمەش مام (خدر) و دایە خەپەی تووڕە دەکرد. خزم و کەسوکار و هاوسێکانمان سەریان سوڕدەما بەم گۆڕانەی من. لە ڕاستیدا ئەمە گۆڕانێکی زۆر بە پلان و بیرلێکراوە نەبوو. کاریگەری ئەو گرووپە بوو کە بەشداریم تێداکردبوو. سادەبوونی ئەوان منیشی سادە دەکرد.

بە واتایەکی جددی خۆم ئاوێتەی ژیانێکی نوێ کردبوو. واتاکەی لە هەموو ڕەهەندێکەوە بەس بوو بۆ من. کاردانەوەم لەبەرامبەر بە هەر شتێکی کۆن، بێ ئەوەی پێی بزانم لە زۆر لایەنەوە گۆڕانکاری لە کەسایەتیمدا دەکرد. سەیرەکە لەوەدابوو جگە لە خانەوادە و خزمان هیچ کەسێک پێی نەدەگووتم: وەها

خۆت پۆشتە بکە، وەها هەڵسە و وەها دانیشە، وەها بکە یان وەها مەکە. خۆگونجاندنێکی سروشتیانە هەبوو لەگەڵ شێوازی جل و بەرگ و شێوازی ژیانی ئەو گرووپەی هەستم دەکرد سەر بە ئەوانم. پەیوەندی، گرنگی پێدان، لێگەڕان و بەدواداچوونە هەنووکەییەکانم سەرلەنوێ جیهانی ناخمی ڕێکدەخستەوە. واتا لە هەموو شتێکدا گۆڕانکارییەکی سەرتاپاگیری لەئارادابوو. تاچەند پەیوەندی هەڤاڵێتیم گەشەی بکردایە، دیارە ئەم گۆڕانەش خێراتر دەبوو. تەنانەت بەم هۆیەوە بە ڕێکخستن و سیستەمێکی ژیان دەگەیشتم.

لەو ڕۆژەوە کاروباری خۆپەروەردەکردن پیرۆزترین کار بوو، واتادارترین پێکەوەبوون بوو. مسۆگەر دەبووا لە ڕۆژ و کات و شوێنی دیاریکراو ئامادەبووینایە. ئەمە ئەرکێک بوو. بە ئاسانی نەدەڕەخسا، پێویستییەکی زۆری بە هەوڵ، فیداکاری، سەرنج و وریایی و بەرپرسیارێتی دەکرد. ماوەیەک (حاملی یلدرم[70]) بەڕێوەبەری پەروەردەی گرووپەکەمان بوو. لە پەروەردەدا سەرەتا بەشێک لە پەڕتووک دەخوێندرایەوە و پاشان دەخرایە بەر باس و تاوتوێکردنەوە. جگە لە (حاملی) ئەوانی تر هەموو ژنانی تەمەن گەنج بوون. بەگشتی (کابیرە)،

---

[70] : کازم یلدرم ناسراو بە حاملی یلدرم، یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵە سەرەتاییەکانی (PKK)یە لەگەڵ ساکینە جانسز پێکەوە دەستگیردەکرێن و زیندانی دەبن، دوای 16 ساڵ ئازاد دەکرێت. هەتا ساڵی 2004 لە ریزەکانی گەریلادا فەرمانداریتی دەکات و لەو ساڵەدا لەکاتی تێپەڕبوونیان لەگەڵ گرووپێک لە هەڤالانی بە ڕۆژئاوای کوردستاندا، لەلایەن ڕژێمی سوریاوە دەستگیر دەکرێت، هەر لەو ماوەیەدا رادەستی دەوڵەتی تورک دەکرێت و لەوێش سزای زیندانی هەتاهەتایی بێ پێداچوونەوەی بەسەردا دەسەپێندرێت. لە ساڵی 2015 شەوە ڕەوانەی زیندانی ئیمراڵی کراوە و یەکێکە لەو چوار کەسەی کە هاوەڵی ڕێبەر (عەبدوڵڵا ئۆجالان) دەکەن.

(جەمیلە)، (تورکان)، (ئایتەن)، (نورحەیات) و من بووین. خوێندنەوە و شێوازی باسکردنی (حاملی) زۆر سەرنج ڕاکێش نەبوو. بێ تاقەتی و شەرم دایدەگرت کە وانەی بە گرووپێک ژن دەدا. گرووپەکەمان جاروبار تێکەڵاویش دەبوو. بەڵام لە هەموو گرووپێکدا ژن و پیاو تێکەڵاو نەدەبوون. ڕەچاوی سەرنجی دەوروبەرمان دەکرد. بەڵام تێکەڵاوبوونی گرووپەکان بە کەڵک بوو. چونکە گفتوگۆکان دەوڵەمەندتر دەبوون. لەگەڵ ئەمەشدا ئاستی تیۆری هەڤاڵانی ژن باش بوو، تەنانەت هەندێک پێشکەوتووتریش بوون. (حاملی) سەری لەسەر پەڕتووکەکە هەڵنەدەبڕی. تەنیا کاتێک دەیڕوانی کە مافی قسەکردن دەدرا بە بەشداربووان یاخود داوای دەرفەتی قسەکردن دەکرا. ئەم شەرمنییەی لەلای ئێمە ببوو بە بابەتی شۆخیکردن. جاروبار تەنانەت لە سەروبەندی کاردا هەوڵماندەدا یەکتر لەو حاڵەی ئاگادار بکەین. زیاتر لەدوای کۆتاییهاتنی وانەکە بە ئاسوودەیی قسە و شیرۆڤەمان دەکرد. بەڵام پەروەردەکانیشمان پڕ گفتوگۆ بوون. تا بەتەواوی و بەپێی پێویست لە بابەتێک تێنەگەیشتینایە، ڕوومان لە بابەتێکی تر نەدەکرد. لەم مژارەدا، تاسە، خواست، فێربوون، هەوەسی زانابوون و بەرپرسیارێتی زۆر سەرنجڕاکێش و جوانترین لایەن بوون. لە هەڤاڵەتی ئەو گرووپانەدا فێربوون و هزری فێرکردن، شۆڕشگێڕی پێگەیشتوو و بڕیارداری؛ ڕۆحێکی قەشەنگی هاوبەشی دەخوڵقاند. بەو ڕۆحە قەشەنگەوە و بەو بڕیارداریيەوە جڤیان لەگەڵ یەک، بە هزر و زانابوون و قووڵبوونەوە لە هزرمەندیدا، لە ئەستۆگرتنی دۆزەکە و گەورەیی، قورسایی و لایەنە ئەستەمەکانی؛ خەسڵەت و تایبەتمەندی شۆڕشگێڕیی بوون. بەمجۆرە بناخەی نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕی دادەنرا.

چەند جارێک لەماڵی ئێمە پەروەردە بەهۆی هاتوچۆی خەڵکەوە تەگەرەی تێکەوت. ناچاربووم بە پێشوازیکردن لە هاموشۆکارانی ماڵمان. هەبوونی کەسانی تریش لەماڵمان دەستبەجێ سەرنجی رادەکێشان. دەرگای خانووەکەمان بەرەو ڕووی شەقام بوو و لەدەوروبەرەوە بە ئاسانی دەبیندرا؛ کێ لەدەرگا دەدات و کێ هاموشۆمان دەکات. بێگومان ئەمەش زیاتر سەرنجی دایە خەپە و ئەوانی رادەکێشا، بە ئاسانی دەهاتن و دەیانویست بزانن چییە و چی نییە. کاتێک دەهاتن، ئێمە پەروەردەمان رادەوەستاند و شانۆیی میوانداریمان دەنواند! ئەم کارەش بێزاری دەکردین. لەکاتێکدا هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کاتانەمان دەدا کە بە زۆر رەخساندبوومان، بەرگەی ئەوەم نەدەگرت کەوا بە ئاسانی لێمان بدزن. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە رۆڵیشمان بگێڕایە ئەوان هەستیان بەکاروباری ئێمە دەکرد. چەند جارێک بوو دەیدرکاند کە ماڵەکەمان وەکو دەزگا و کۆمەڵە لێکزدووە و دیار نییە کێ دێت و کێ دەڕوات و لەو رووەوە ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی. هەروەها ئەوەش سەرنجی راکێشابوون کە وەکو جاران نامەم بۆ (مەتین)نەدەنارد. بە واتایەکی پووخت "ئیتر زەنگی مەترسی دەهاتە بەر گوێ!"

دوای چەند دانیشتنێکی ترمان ئەمجارەیان کەسێک کە باوکی بە یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی دێرسیم دەزانرا، بوو بە بەرپرسیاری گرووپەکەمان. منداڵیان زۆربوو، خێزانێکی قەرەباڵغ بوون. هەندێکیان لەگەڵ چەند مامۆستایەک پێکەوە لەڕیزی (PDA)وە هاتبوونە ریزی ئێمەوە. هەر یەکێکیان لە خاسیەتی کەسێتییەکی جیاوازدا بوو. دوای ئاشکرابوونێکی زۆری ماڵی ئێمە، ناچاربووین زیاتر پەروەردە ببەینە ماڵی ئەوان. گەڕەکەکەیان چینی ناوینی شارەکەی تیادا نیشتەجێ

بوو، بۆیە بە ئەندازەیەک ئارام بوو. کەسانی بازرگان، بەڵێندەر و خاوەن دوکان و بازاڕی گەورە لەو گەڕەکە نیشتەجێ ببوون. هاموشۆکردنی چەند کچێک بۆ ماڵێک کە سێ چوار کچی گەنجیان هەبوو زۆر سەرنجی رانەدەکێشا. کاروبارەکانمان زۆر بە بەرنامە و رێکوپێک بوو. لە کاتی خۆیدا دەستی پێدەکرد، کاتێک پشوو دەدرا جگەرە دەکێشرا. لەسەرەتاکاندا جاروبار چای دەخورایەوە، دواتر لابرا. خۆمان لە هەموو ئەوانە دەپاراست کە کاتی پەروەردەیان بە فیڕۆ دەبرد. هەمان سیستەم کاری لە ژیانی ئاسایی رۆژانەشمان دەکرد. جۆرێک بوو لە بونیادنانی رەوشتێکی پێگەیشتوو. فەرمیبوون؛ بنەمای سەرەکی دانیشتنەکانمان بوون، پاش وەرگرتنی مۆڵەت قسە دەکرا. ئەمانە لەلایەن کەسێکەوە نەدەسەپێندرا، یاخود ئەوەش نەبوو گفتوگۆی لەسەر کرابێت و بڕیاری لەسەر درابێت. پێویستییەک، شێوازێکی ژیان و سیستەمێک بوو کە قورسایی و گرنگی پەروەردەی دەخستەڕوو.

گرووپ تادەهات قەرەباڵغ دەبوو. رۆژانە دەبووین بە گرووپێکی بەهێز، بەهزر و بە ئاست گەیشتوو. تەنانەت یەکەمین گرووپی ژن بووین. بەپێی کات؛ رۆژانە لێپرسینەوە لە کەماسییەکان، رەخنەکردن و دەستوەردان لە چەوتی و هەوڵی راستکردنەوەیان گەشەی دەکرد. تێگەی گرووپ پێدەگەیشت. بەتایبەتیش سەرنج رادەکێشرایە سەر ئەو خاڵانەی دەبووایە لە گفتوگۆ و پەیوەندییەکاندا لەگەڵ گرووپە چەپڕەوەکانی تردا رەچاو بکرێن. بەشێوەیەکی بەردەوام هەڵوەستە لەسەر خۆپاراستن لە هەڵوێستێک دەکرا کە ئەوانی تر بخاتە ناو کەموکورتی و دوورەپەرێزیان بکات، لەجیاتی ئەمەش

پێشخستنی پەیوەندیی لەسەر راکێشانی مرۆڤ بەهەند وەردەگیرا.

بەڵام گرووپەکانی تر رێبازێکی سەمەرەیان هەڵبژاردبوو. کە رێبازێکی دوور لە شۆڕشگێڕی بوو. قەدەخەیان لەسەر گفتوگۆکردنی لایەنگرانیان لەگەڵ ئێمە دانابوو. رێگەیان دەگرت لە گوێگرتنیان لەو هەڤاڵانەمان کە لە ئێمە بەکاریگەرتر دەئاخفین و گفتوگۆیان دەکرد. بەلای خۆیانەوە ئەو شوێن و مەیدانانەیان هەڵدەبژارد کە بتوانن لە گفتوگۆدا بیانبەزێنن یاخود بە دیماگۆژیکردن نمایشی هێز بکەن، زیاترینیش بەخۆوە گرێدانی ئەو جۆرە کەسانەیان بەهەند وەردەگرت. خواستی بەمجۆرە تێکدانی سەکۆ و دۆخی گفتوگۆ خواستێکی خراپ بوو، بەڵام هیچ یەکێک لەوانە نەیاندەتوانی ببن بە تەگەرە لەبەردەم بڵاوکردنەوە و گەیاندنی ئایدیۆلۆژیاکەماندا. بڕیارداری گرووپەکەمان، بێ باکی لەهاتنە ناو مەیدانەوە، متمانە بەخۆبوون و جۆش و خرۆشی هەمووان؛ چەوتی، کۆن و رابردووی نەرێنی دەشکاند و بەسەریدا دەڕۆشت. بەشەڕ، بە گێرەشێوێنی و بە دانبەخۆدا نەگرتن، نەیاندەتوانی رێگریمان لێ بکەن. کەس لەبەرامبەر بەم بڕوا و ئیرادەیە نەیدەتوانی راوەستێ و رێگری بکات. بڕوامان بەمە هەبوو و لەسەر ئەم بناخەیە تێدەکۆشاین.

بەڕاستیش وەکو هێزێکی ئیلاهییانە بوو. ئاساییترین لایەنگر و هەواداری ئەم گرووپە بێ ترس و سڵکردنەوە و بە ئەشقێکی گەورەوە دەیتوانی بچێتە هەر مەیدانێکەوە، دەیتوانی لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا گفتوگۆ بکات. ئەمەش بوو هەموو کەسێکی سەرسام دەکرد. نە ناوی هەیە، نە رۆژنامە یاخود گۆڤار، نە دەزگا و نە ناوەندێکی فەرمی! بەڵام کاردانەوە، وەڵامدانەوە و هەڵسوکەوتی هەموویان وەک یەک بوو، سەرتاپاگیر بوو.

لەکوێ ناحەقی هەبێت، لەکوێ شەڕ پێویست بکات، لەکوێ خاوەنداری و لەکوێ پاراستن پێویست بکات بە هەموو شتێکییەوە ئامادەی بوون و بەگیانێکی ترەوە بەشدارییان دەکرد. سەرەتا بۆ گاڵتەجاڕی پێکردن پێیاندەگووترا "سێ چوار کوردچییەک". دواتر دەستکرا بەگووتنی؛ شۆڕشگێڕانی کوردستان، ئاپۆچییەکان.

ژمارەمان تا دەهات زۆر دەبوو. هزری کوردبوون و نیشتمانیی پێشدەکەوت. پرەنسیپەکانی شۆڕشگێڕی، راستینەکانی وڵات ـ نەتەوە ـ گەل دەخرایە ژێر پرسیارەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا راستینەی " دووژمن کێیە؟، دووژمنەکانمان کێن؟" لەبەرامبەر بەوان چۆن تێدەکۆشاین؟ لەگەڵ کام پارتی، سوپا و بەرە تێدەکۆشاین؟ سەرجەمی ئەم پرسیارانە لە شۆڕشگێڕە گەورەکانی ئەم گرووپە بچووکەدا کە گاڵتەی پێدەکرا، روونترین و پووختترین وەڵامی خۆی دەدۆزییەوە. هەر کەسێک هەستی بەمە بکردایە، بەم راستییە و بەم تایبەتمەندییەی لە سەرەتادایە، بەخێرایی رووی تێدەکرد.

## ڕێگەی هیوا، ئاوات و ڕاستی هەڵدەبژێرم

ژنان بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی بەشدارییەکی باشیان لەم قۆناخە دەکرد. خوێندنگەکان دەبوون بە خوێندنگەی شۆڕشگێڕان، لێرەوە بەشداربوون دەستی پێدەکرد و تا دەچوو بەربڵاوتر دەبوو. لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە ژن بەشداری کردبوو بەچاوێکی تر تەماشای نەدەکرا. بەتایبەتی لە دێرسیم لەم رووەوە هیچ کێشەیەک نەبوو. شتێک نەبوو بەناوی فشار خستنە سەر ژن یان دانانی شوێن و لێکدانەوەیەکی تایبەت بۆ کوڕ. تەنانەت کیژۆڵەکان خۆشەویستتر بوون. بەڵام ئەم کارە جیاواز بوو. چوونە ناو سیاسەتەوە تەنانەت بۆ پیاوانیش زۆر مەترسیدار بوو، بیری لێنەدەکرایەوە ژن ببێت بە شۆڕشگێڕ. لەم خاڵەدا نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دووچاری گۆڕان هاتبوون و بە ئەندازەیەک گرێکەیان کرابۆوە. بەڵام ئەمجارەشیان خوشک و برا، هاوژین، دەستگیرانداران، خۆشەویستان لە هەمان گرووپە ئایدیۆلۆژییەکاندا کۆببوونەوە و پەیوەندییە دەرەبەگییەکان باڵی بەسەر ئەو تەڤگەرانەشدا کێشابوو. هیچ کەسێکیش بۆ راستکردنەوە و باشکردنی ئەم چەوتییە هەوڵی نەدەدا. تەنیا گرووپەکەی ئێمە پەیوەندییە دەرەبەگییەکانی پەسند نەدەکرد و لە دژی تێدەکۆشا. تاچەند ئەم دۆخە لەگەڵ رایەڵەی شۆڕشگێڕی یەکانگیر بووایە و شێوەی بگرتایە، نەدەبوو بە مایەی گرفت. بەڵام ئەگەر لەناخی خۆیدا پێودانگی هەڵنەگرتایە ئەوا زۆر مەترسیدار دەبوو.

هێشتا لەو سەردەمەدا گرووپە شۆڕشگێڕەکەمان بەناوی (نیشتیمانییەکان، رزگاریخوازانی نیشتمانی) یاخود لە شێوە

کورتکراوەی (UKO)[71]دا سەرنجی دووژمنی ڕاکێشابوو. خەڵکیش هەستی پێ دەکرد و دەیبینی. هەوڵی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵانەی دژ بە پۆلیس، بڕیارداری لە تێکۆشانی ئایدیۆلۆژیدا و ئەو خرۆشانە جوان و واتادارە، مایەی زیاتربوونی هەواداری و خوازیاری بوو سەبارەت بە گرووپەکە. ناو و ناوبانگی گرنگ نەبوو. ئەگەر بەجوێن و سوکایەتییشەوە باسی بکرایە هەر مەیلی نزیکبوونەوە و هەواداری دروست دەکرد. تەنانەت تەڤگەر و لایەنێکی زۆر کە بەخۆیان دەگووت شۆڕشگێڕ پێناسەیان بۆ (UKO)چییەکان وابوو کە دەیانگووت:"زۆر لە تورکەشییەکان خراپترن" و پڕووپاگەندەیان لەدژی دەکرد. بەیەک چاو تەماشاکردن و لێکدانەوەی شۆڕشگێڕییەکی نیشتمانپەروەریی کە لەناو جەرگەی نکۆڵیکارییەکی توند و تۆخدا نەشونمای دەکرد، لەگەڵ ئەو چەتە و جەردە پیاوکوژانەی جگە لە نەهێشتنی بەها و نرخە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی و گەلان هیچ ئامانجێکی تریان نەبوو، تا چەند دەبوو بە مایەی بڕوا پێکردن؟ بێگومان هەر خۆیشیان بڕوایان بەو قسە و پێناسەیە نەدەکرد. ئەم هێرشە بێ بنەمایانەی کە هیچ بنەمایەکی تیۆری و ئایدیۆلۆژییان نەبوو و لەهیچ چوارچێوەیەکی شۆڕشگێڕی و چەپڕەوییتییدا جێگەیان نەبوو، سەرئەنجام جگە لە زوو ئاشکراکردنی ئاستی چۆنێتی گرووپەکان، هیچ ڕۆڵێکی دیکەی نەدەگێڕا.

سەرجەمی ئەم گرووپانە کە لەپێناسە تیۆرییەکانیاندا هەر یەکە و خاوەنی قسەیەکی جیاواز بوون، زۆر بە خێرایی لەدژی ئایدیۆلۆژیای ڕزگاریخوازی نیشتمانیی و پارێزەرانی ئەم ڕێبازە یەکیان دەگرت. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە لەناو خۆیشیاندا

---

[71] ئەرتەشی ڕزگاریخوازی نیشتمانی.

یەکگرتنێکی هاوئاهەنگیان نەبوو. تا دوائەندازە بێ پرەنسیپ، بێ رەگ و نائاهەنگ، پەیوەندییان رۆژانە و ئانوساتییانە بوو. بەم هۆیەوە زۆر بە ئاسانی هێرشیان دەکردە سەر یەکتر. ئەو کێبڕکێیەی لەسەر ناوی لایەنگرانی (دەنیز، ماهیر و ئیبراهیم کایپاککایا) دەیانکرد، هێرش بردنە سەر نەریتەکانی خودی ئەو شۆڕشگێڕانەشی هەڵدەگرت. دوورکەوتنەوە لە جەوهەری راستەقینە، پارچە پارچەکردنی بەها و نرخە شۆڕشگێڕییەکان و پەرش و پەرتەوازەکردن قەڵەمڕەو بوو.

لەساڵڕۆژی 6ی ئایار رۆژی لە سێدارەدرانی (دەنیز گەزمیش) و هاوڕێکانی لە خوێندنگەکاندا رێوڕەسم سازکران. لە دواناوەندی هەموومان بەشداریمان کرد. ئەم گرووپانە وایان دەنواند کە تەنیا خۆیان خاوەندارێتیان لەم مرۆڤە گەورانە و قارەمانێتییەکانیان کردووە و دەیانویست ئەو رۆژە قۆرخ بکەن، ئەمە رەوشێک نەبوو پەسند بکرێت. پابەندبوون و وەفاداری بۆ ئەو شەهیدانە خاوەنداریکردن بوو لە راستینەی گەل و لە بەهاکانی شۆڕشگێڕی و تێکۆشانیان. شۆڕشگێڕانی کوردستان بە پێکهاتەی تیۆری و ئایدیۆلۆژیانەی خۆیان و بە رێکخستن و هەڵمەتی مێژووییانەیان بەماناترین وەڵام بوون بۆ دروشمی "بژی تێکۆشانی گەلی کورد و تورک!". تێگەیشتن و یادکردنەوەیان و تەنانەت بەجێگەیاندنی رێبازەکەیان تەنیا بەمجۆرە ئەنجامگیر دەبوو.

لەمەراسیمەکەدا لە دواناوەندی دوای خولەکێک رێزلێنان دەست بە پێشکەشکردنی گووتار کرا. پاش گووتارەکان، دروشمەکانی " 6ی ئایار لەیاد ناکەین! دەنیز، یوسف، حسێن نەمرن! بمرێت دیکتاتۆری و فاشیزم!" گووترانەوە و بڵاوەی لێکرا. بەڵام گرووپی (HK) واتا رزگاریخوازانی گەل، دەیانویست

هێزی خۆیان بنوێنن. بەم هۆیەوە لایەنگرانی خۆیان لە گەڕەکی داغ کۆکردبووەوە. لەم گەڕەکە قەڵەمڕەوی بەدەست ئەوانەوە بوو. تەنانەت دەیانگووت: "گەڕەکی خۆمان". دوای مەراسیمەکەی خوێندنگە، سازدانی مەراسیمێکی تر بووە جێگای تووڕەیی و کاردانەوەی هەموو لایەک. گەڕەکەکان دوور نەبوون لەناوەندی شارەوە، هەر بۆیە گرووپێکی قەرەباڵغ هاوار بکات لە هەموو شوێنێکەوە دەبیسترا. مەراسیمەکەی گەڕەکی داغیش بۆ ڕێپێوانێک گۆڕا و دوای بیستنی دەنگی دروشمەکانیش پۆلیس گەڕەکەکەی گەمارۆ دا. هەرکە پۆلیس هات ئەوانەی پێویست بوو لەسەریان پێشەنگایەتی گەل بکەن رایانکرد و ژنان و منداڵان لەنیوەی مەیدانەکەدا بەتەنیا مانەوە. پۆلیس بە لێدان هەوڵی بڵاوەپێکردنیانی دەدا. زیاتریش راوەدووی گەنجانیان دەنا. لە راوەدوونانی یەکێک لەو گەنجانەدا پۆلیس تووشی ئێمە هات. لەو کاتەدا بۆ ئاگاداربوون لە رەوشەکە چووبووینە شەقامێکی سەرووتر. هەندێک لە ژنانی دراوسێ و قەرەجەکانی ئەو هەرێمە تەماشایان دەکرد، هەندێک کەسی تریش لە بەڵەکۆن و لە پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانی.

هەندێک لە ژنان بەسەر گەنجاندا تووڕە دەبوون، هەندێکی تریان بەسەر پۆلیسەکاندا و جوێنیان پێدەدان. لەبەر ئەوەش پۆلیس پەلاماری ژنانیان دا. ژنێکیان گرتبوو و بەزۆری زۆرداری دەیانویست بیبەن. دەمناسی. دراوسێمان بوو. ناوی (ئەلیف) بوو. راستەوخۆ خۆم خستە نێوانەوە و هەوڵمدا پوورە (ئەلیف) لەدەستی پۆلیسەکان رزگار بکەم. ئەمجارەیان هێرشیان کردە سەر من. لەلایەک پوورە (ئەلیف) و ژنانی قەرەج و لەلایەکی ترەوە خوشکە دووانەکەم بە گریانەوە منیان گرتووە و هەوڵیان دەدا لەدەستی پۆلیس رزگارم بکەن. پوورە (ئەلیف)

لەلایەک من رادەکێشێت و لەلایەکی ترەوە دەیگووت:" من ببەن، چیتان لەو کچە فەقیرە دەوێت! ئەم کچە پەیوەندی بە هیچ شتێکەوە نییە".

منیش بۆ دڵنەوایدانەوە بە خوشکەکانم و بە بیانووی بێدەنگ کردنیان پاشەوپاش دەڕۆیشتم بۆلایان. پۆلیسەکانیش لەبەرامبەر کاردانەوەکانی پوورە (ئەلیف) و ژنانی کۆچەر دەستەوەستاو ببوون.

پوورە (ئەلیف) بێوەژنێک بوو. کوڕە گەورەکەی لە ئەڵمانیا کاری دەکرد. ژنێکی بێ بێوەی بوو. دوای راونانی پۆلیسەکان ئەمجارەیان خۆی بەسەر مندا تووڕە کرد و گووتی: "راستەوخۆ بۆماڵەوە، بڕۆ، تۆ کچێکی دەستگیرانداری لەم کاتەدا لەدەرەوە مەگەڕێ"، و خۆیشی رۆیشتەوە بۆ ماڵەوە. منیش لەسەر داوای ژنە قەرەجەکان لەگەڵ براکانم چووین بۆ لای ئەوان. دوای ئەوەی لەگەڵ ئەوان پێکەوە خوانێکمان ئامادەکرد، دانیشتین و نانمان خوارد و پاشان بە دوور و درێژی گفتوگۆمان کرد. دەیانگووت: لە شەڕی نێوان پۆلیس و شۆڕشگێڕاندا لەگەڕەکەکەی ئەوان لە شاری ئەرزینگان، ئەمان شۆڕشگێڕەکانیان پاراستووە. لە پیاوان تووڕەبوون و دەیانگووت: "ئەو پیاوانەی لە بەلەکۆنەکانەوە تەماشا دەکەن یەک لەیەک ترسنۆکترن، ئەی ئەو سەگانە کێن پێمان دەڵێن - 1938یکی ترتان بەسەر دەهێنین - بێدەنگی پیاوەکان جورئەتیان پێدەدا. بڕیارمان دابوو ئەگەر ئەوان تۆیان بگرتایە ئێمە هێرشمان دەکرد و تۆمان لەدەستی ئەوان رزگار دەکرد. باشە وایان نەکرد".

دواتر قسە هاتە سەر شۆڕشگێڕیی ژنان، باسمان لە خۆڕێکخستنی ژنان دژی دووژمن دەکرد کە دەتوانێت زۆر

هەنگاوی گرنگ هەڵبگرێت. باسم لە بێ باکی و سڵنەکردنەوەی ژنانی قەرەج دەکرد. دانم پێدا نا کە هەر لەرابردووەوە شەیدای کەسایەتی ژنانی قەرەجم. قەرەجەکان دەهاتن و لەنزیک گوندی دایەگەورەم خێوەتیان هەڵدەدا، لە کەنار رووباری مونزور، لەناو دار چنار و بییەکان، لەناو ئەو سەوزاییە جوان و بێگەردەی ئەوێدا خێوەتیان دەکردەوە. پیاوەکانیان زیاتر کاری تەنەکەچێتی و کاری دروستکردنی قاپ و قاچاخیان لە مس و فافۆن دەکرد. گوندەکانی دەوروبەر بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستیانەیان دەهاتن بۆ لایان. دوای ئەو ماوەیە خێوەتەکانیان کۆدەکردەوە شوێنەکانیان دەگۆڕی.

ژنانیش کاری کۆکردنەوەی ئازوقە و پێداویستییەکانیان دەکرد. منداڵەکانیان بەکۆڵیانەوە و بە کۆڵەپشتێکەوە بچووک بێت یان گەورە دەگەڕان و ئارد، رۆن و گەنم و خۆراکی تریان کۆدەکردەوە. داواکارییەکانیان بەگوێرەی رەوشی ماددی ئەو ماڵ و شوێنانە بوون کە سەریان لێدەدان. بەمشێوەیە ژیانی خۆیان دابین دەکرد. هەندێک جار لەوەرزی زستاندا دایەگەورەم خانووە چۆڵەکانی گوندی دەدا بەوان و دەیپاراستن. دایەگەورەم گوندەکەی بەمشێوەیە قەرەباڵغ دەکرد. بە بەهاران گوند خۆی لە خۆیدا قەرەباڵغ دەبوو. ئەوانەی لە شار دەژیان هاوینانیان لە گوند بەسەردەبرد. ژیانی ئەو قەرەجانە بۆ من هەمیشە وەکو ژیانێکی ئازاد دەهات. چونکە بەویستی خۆیان دەگەڕان. جێگیربوونیان نەبوو. بەردەوام داخم لە نەداری و گاڵتەپێکردنیان دەهات و هەمیشە لەماڵی خۆمان میوانداریم دەکردن.

رۆژێکیان دیسان دەرگایماڵەوەم بۆ گرووپێکی قەرەباڵغ لە قەرەجەکان کردەوە و خوانێکی گەورەم بۆ ئامادەکردن، ئەوان

هێشتا لەسەر خوان بوون کە دایکم لە میوانداری گەڕایەوە. قیامەتی بەسەردا هێنامە خوارەوە. لەلای ئەوان قسەی نابەجێی پێگووتم و بەمجۆرە بەکارهێنانی ماڵەوەی بە دووژمنایەتی ناوزەد کرد. زیاتر لەسەری رۆیشت و گووتی: "ئەگەر ئاوەها زۆرت خۆشدەوێن، با بتدەم بەوان... برۆ". ئەمەی هەم بە توورەییەوە دەگووت و هەم رۆژانی دواتریش لەبەر ئەوەی وەک بابەتێکی گاڵتەپێکردنی لێکردبوو، چرۆپڕ بەکاری دەهێنا. منیش دەمگووت "دەڕۆم". لەگەڵ هەندێکیان یەکترمان ناسیبوو، بەردەوام دەهاتن. ئەمجارەیان بە سوودوەرگرتن لە ئامادەنەبوونی دایکم، کۆمەڵێک لە جلوبەرگی دایکم و خوشک و براکانمم پێدان و بەوجۆرە بەڕێمکردن.

کیژان و ژنانی قەرەج زۆر جوان بوون. جوانی هەندێکیان لەناو ئەو جل و بەرگە شڕ و دڕاوەشدا بەڕاستی دڵڕفێن بوو. بەتایبەتیش کیژەکانیان زیاتر لە خۆیان دەڕوانی. بەدەیان تەوقەیان لەهەردوو لای قژیان دەدا و ئەگریجەیان لوول دەکرد و کەشێکی جیاوازیان دەبوو. زۆربەیان ئەسمەر بوون، جاروباریش بەهۆی سەرماوە پێستی روومەتیان دەتۆقی و ئەمەش سەرنجڕاکێشی دەکردن، بەڵام لە هەموو رووێکەوە سرووشتی بوون. سەرنجڕاکێشترین لایەنیان ئەم تایبەتمەندییەیان بوو. پێیان دەگووتین" ئێمە هەردایم لەگەڵتانین"، هەڵبەتە بەرژەوەندی ئەوانیشی تێدابوو. چارەنووسێک نەبوو، تا کۆتایی سواڵکردنیش نەدەبوو. راستە کە هێندە بە فراوانی بیریان لە ئایندە نەدەکردەوە، بەڵام ئەوانیش لە کوردستانی سەربەخۆدا بە ئازادی جێگەیان دەگرت. هاوکات لە قەرەجەکانی تر نەدەچوون. لە ئەڵمانیاش قەرەجم بینیبوو ئەوان جیاوازتر بوون. پێودانگی ژیانیان، هەڵوێستیان لەناو کۆمەڵگەدا بەم

ئەندازەیە دواکەوتوو نەبوو. ژیانێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو و لەرێگەی ئەو تایبەتییەوە هەڵبژاردنیان ئەستەم نەبوو. ئەوانیشم خۆش دەویست. لە راستیدا قەرەجەکان ئازاد نەبوون. کوێی ئازادیی بوو؟ بەڵام لە دەرەوەی یاسا باوەکانی کۆمەڵگەدا بوون. گوێیان بە سیستەمی هەنووکە نەدەدا. یاسای خۆیان هەبوو و زیاتر بەو یاسایانەوە پابەندبوون. لەراستیدا ئەوەی خۆشبینی دەکردم و سەرنجی رادەکێشام ئەم لایەنەیان بوو. کاردانەوەم لە بەرامبەر بە سیستەمی سەرەکی، یاخود بەرامبەر بەو لایەنانەی سیستەمی بونیادنراوی خێزان کە مرۆڤیان دەخستە ژێر زەبر و گوشارەوە، دەبوو بە شەیدایی و حەیرانبوونم بەمجۆرە"ئازادییە"ی قەرەجەکان. تەنیا بەم هۆکارەش بێت هێشتا جوانی لە ژیانیاندا بەدیدەکەم.

## لێرەدا کەوانەیەک دەکەمەوە....(

بەدرێژایی رۆژ هیچم نەنووسی، نەمتوانی بنووسم. نەمتوانی ئەو خواستە، ئەو چێژە وەربگرم. دەمەوێت رابردوو لە تام و چێژ و سروشتی خۆیدا بژیم. لە نووسیندا مسۆگەر دەبێت ئەو رۆحە جوان و ناسکە هەبێت. بەدەر لەمە بەزۆری و شک و بێتام دەبێت. بە رۆحی جوانی ئەمڕۆوە و بە جۆش و خرۆشی تەواوی واتاکەیەوە گەڕانەوە بۆ رابردوو ئیلهامی جواننووسی دەخولقێنێت. ئەمێستاش دووبارە جەختی لەسەر دەکەمەوە کە دەستنیشانکردنی کات بۆ نووسین، پێویستییەکی گرنگە؛ بەلای منەوە هێشتا زووە بۆ نووسینی قۆناخێکی وەها درێژ. نەدەبا بەو دڵشکاوی و نابەدڵییەی ئەمڕۆمەوە دەستم بە نووسین بکردایە. بەڕاستی بۆچی من لەسەر رابردووی کەسێک دەنووسم کە هێندە جێگای مشتومڕە، بووە بە موخاتبی هێندە قسە و پێناسە؟ تۆ بڵێی کێ، چی لە ژیان و بەسەرهاتەکانم بکات؟!

ئەمڕۆ کە زۆروبۆر و بەتایبەتیش بە ناشیاوترین شێواز قسەم لەسەر دەکەن؛ ئەی واتای دەبێت کە بە تێگەیشتنێکی ترەوە یادم بکەنەوە؟! نەخێر؛ هەرگیز پەسەندی ناکەم. مێژووی من نووسراوە و قسەی لەسەر کراوە. دەشبێت لەمەودوا یاخود سبەینێ شتی زۆر جوان و زۆر ئەرێنیم لەسەر بگووترێت و قسەم لەسەر بکرێت. ئەمە چی لە چیێ دەگۆڕێت. کاریگەری و ژانی قووڵی بەسەرهاتەکانی ئەمڕۆم لەسەر هەڵدەگرێت؟ ئاسوودەم دەکات؟ تا چەند راستە بڵێم، دەی من سەرم بە دۆزەخ، با خەڵکی تر ئەزموونم لێوەربگرن بەسە!..؟

ئەمێستا ناڵێم: "ئەی مرۆڤایەتی! ئەی مێژوو! ئەی هاوڕێ جوان و خۆشەویستەکانم! من وەهام، مێژووم لەناو ئەم مێژووە گەورە و پیرۆزە دایە، لێی جیا نیم. لایەنی تاوانباری و چەوتیشم هەبێت، لەگەڵ ئەم شۆڕشە ڕێدەکەم. ئەو هەموو ڕووداوە خۆش و دڵگیرەم بەسەر برد و وەها هەڵسەنگاندنم لەسەر بکەن". بەڵام نابێت ڕاستییەکان سووک بکرێن. تا چەند ڕاستە من خۆم لەدەرەوەڕا بگرم و کەسانی تر بەخرۆش بهێنم و دڵخۆش و بەختەوەریان بکەم، بیانگەیەنم بە ئەنجامی دیاریکراو؟ تاچەند لەجێی خۆیدایە خۆم نابەرجەستە و گومڕا بکەم؟ ئەرێکردنی هەموو ئەو شتانەی سەبارەت بە من گووتراون و دەگووترێن و هەموو ئەو شتانەشی کە شایستەی منیان کردووە، تا چەند دەبێتە مایەی خۆشبینی بۆ خۆم؟ دەبێت بە مایەی خۆ خاوێنکردنەوە و داماڵین؟ یاخود وەک ئەو شێوازەی دەرکی پێدەکرێت دەبێت بە - هەوڵدان ؟ بە پێچەوانەوە ئەوەی نەژیاوم، هەستم پێنەکردووە و خۆشم نەویستووە، نەدەبێتە شتێکی خۆڕسک و نە ڕاستی لە بنەمای خۆیدا هەڵدەگرێت.

کەواتە مێژووی کەسێتی تەنیا بریتی دەبێت لەباسکراوەکان؟ ئەگەر وەها بێت شتگەلێکی زۆری فەرمی و نافەرمی نووسراون و گووتراون و لێرەوە ڕاستە کە مێژوویێکی سەیر و دەوڵەمەندم هەیە، بەڵام خۆ هەموو ژیانم ناگرێتەوە. ئەگەر فرە ڕاست، فرە ئەرێنی یاخود فرە چەوت و نەرێنیش بن، خودی ڕاستییەکان ناگەیەنن.

ئەم خاڵە زۆر گرنگە؛ دەشێ لەناو گشتیدا پارچەیەک، وردەکارییەک یاخود ژیانی کەسێک تەنیا هیچ شتێک دەرنەبڕێت، بەڵام ئەگەر لەناو پەیوەندییەک دایە لەگەڵ ئەو گشتییە و خودی

ئەو گشتییە هۆکاری هەبوونی بێت، ئەوا ناچارە بە تەواوی لەناو ئەو گشتییەدا لە هەبوونی خۆی تێبگات و بەهەمان شێوەش جەوهەری و خەسڵەتەکەی بپارێزرێت. لەناو پارچەشدا مسۆگەر بەچاوی گشتی لێکبدرێتەوە. ئەگەر پەیوەیستبوونێکی دیالێکتیکیانە دروست دەکرێت، ئەوا پێویستە ئەم دوو روانگەیە پێکەوە هەڵبسەنگێندرێت. ئەگەر ژیان و بەسەرهاتەکان دەکرێت بە بابەتێکی ئەدەبی و بە پسپۆڕی هونەرییانە واتادار دەکرێت، ئەوا ناچارە لە هەموو بەرەیەکەوە بەکاربهێندرێت. بێگومان ئەمەش پێویستی بە روانگەی چینایەتی هەیە. بە دابڕان لەم هێڵە، رووداوەکان بە هەڵسەنگاندنی راستی خۆی ناگەن. لەلایەکی ترەوە پێویستە راستینەی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی سیاسییانەی خۆی جێگیر بکرێت، تاکو تاک بتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت، پێچەوانەکەی بەرەو خۆڕەتکردنەوەی دەبات.

هەوڵدەدەم ژیانم بنووسمەوە، بەڵام لایەنی هەنووکەی ژیانم کەتوپەرتە، یاخود پڕە لەناکۆکی. مێژوویێکی ئاڵۆز! باشە، ئەم شەڕە لەدژی کێ، لەدژی چی کرا و دەکرێت و سەرئەنجامیش چی رزگار کرا؟ هەست بە راستییەکان کراوە؟ هاتووینە سەر خاڵێکی وەها کە تەنانەت خۆشم گەورەیی رزگارکردنی شتێکم بەدەستنەخستووە. سامورِاییەکانی ژاپۆن نەریتێکیان هەیە کە لە پاراستن و پیرۆزکردنی ئەو گەورەییە چانسێکە[72]. من ئەو چانسەم بەکارنەهێنا. لە راستیدا گەیشتن بە مافی جێبەجێکردن و رزگارکردنی شکۆمەندی لەکات و شوێنی خۆیدا تا دوارادە گرنگ بوو. چونکە رووبەڕووی هۆکارەکانی هەبوونم

---

[72] مەبەستی لە هیراکیری یە؛ •کە سامورِاییەکان لەدوای شکستێکی کەسایەتییان؛ بە شمشێر یاخود خەنجەرەکانی خۆیان سکی خۆیان هەڵدەدڕی و خۆیان سزا دەدا.

کرابوومەوە. هەر یەکێک لەو هۆکارانە وەک خەنجەرێک بوون بەردەوام و ئەوەندە رووبەڕووی ئەم شەڕەی دەکردمەوە کە هێزی ژیان و هەبوونی پێدەدام. منیش زۆر بەئاسانی خۆم خستبووە ژێر گورزەکانییەوە. هەندێک بەها و نرخی بنەڕەتی زامار و شڕ کرا و خرانە دۆخی نالەبار و ناشرینەوە. نەمتوانیبوو رێگری بکەم لەوەی دۆخەکە بەم خاڵە نەگات. بۆیە چیتر لەم خاڵە بەدواوە هەڵگرتنی ئەم دابونەریتەم بۆ خۆم بە رەوا نەدەزانی کە داب‌ونەریتەکە بوارێکی گەورەی شکۆمەندانەی هەیە.

ئێستاکە بەپێچەوانەوە، لەناخمدا دۆخێکی دەروونی پڕ لە بڕوابوون بە پێویستی خۆتەیارکردنم هەیە بۆ شەڕی دژ بەو نەریتە سەمەرە و تازە دروستبووەی کە لەگەڵ شێواز و پێوانەکانی پارتیمان یەکناگرنەوە. کاتێک خودی ژیانیش دۆخی شەڕێکی گەورە بێت، چالاکبوونێکی بێ ئەندازە دەرەخسێنێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کاتێک پێم دەڵێن "رۆمان بنووسە، ژیانی خۆت بنووسە، دەوڵەمەندیی ژیانت ئاوێتەی شۆڕش بکە"، زەردەخەنەی پڕ لەژان دێنێتە سەر لێوم.

رەشبینانە لێی ناڕوانم. زۆر بە هێز بەسەر تەواوی لایەنە زیندووەکاندا دەچم. سەرەڕای هەموو شتێک دڵ، مێشک و خەیاڵم بۆ گەورەیی و جوانی ژیان کردۆتەوە و بە هەموو گەرد و خانەکانی لەشمەوە بە توندی لە ئامێزم گرتوون. ئەمەیە دەمژیێنێت. تەرکی دونیای خەیاڵم ناکەم. بەپێچەوانەوە زیاتر گەشەدەکات. تەنانەت ئەمڕۆ دەستمکرد بە گەشتکردن بەجیهاندا. کاتێک بۆ هەڤاڵانم گێڕایەوە، لە قاقای پێکەنینیان دا. ئەوەندە بڕوایان کردبوو، تەنانەت کەوتنە پرسیارکردن لێم. بە ئەندازەیەک دەگەڕێم و دەژیم کە قەرەبووی بەدینەکردنی

توانستی نووسین لەخۆمدا بکەمەوە. لەڕاستیدا ئەمە خۆی لە خۆیدا خواستێک بوو، ئاواتێک بوو. لەمێژبوو بونیادم نابوو. بێگومان هەمدیسان لە ئاستی خەیاڵ، بیرکردنەوە و سۆزدا قەتیس مابوو. گەڕان بە هەموو دونیادا، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ تەڤگەرەکانی ژنان و چاودێریکردن، نووسینیان. خەیاڵەکانم بەرەو ژنانی ئەفریقیا، نیوزلاندا و ئەمازۆن درێژ دەبێتەوە.

(مزگین) لێرەدا دەپرسێت و دەڵێت: "ژنانی ئەمازۆن چ پۆشاکێکیان لەبەرکردبوو؟"

لە وەڵامدا گووتم:"ژنانی ئەمازۆن زۆر جوانن، بەگشتی رووخساریان ئەسمەر و گەنم رەنگن. پێستیان برۆنزی و تابلێی زیندووە. نیمچە رووتن. بە پەڕۆی سادە و ساکار تا بە پارچە قوماشی گوڵدار و نەخشدار و رەنگا و رەنگ، خۆیان پۆشتە دەکەن. کێیەک تا نیوەی پشتیان، کێیەکیان تا سەر سنگیان، کێیەکیشیان بەشێوەی داپۆشینی تا سەر شانێکی خۆیان دەپۆشن. شوێنەکانی تریان بێ بەرگە. زۆرێکیان سنگیان بەدەرەوەیە. بەلای خەڵکانێکەوە دیمەنێکی زۆر ئێرۆتیکە! بەڵام لە راستیدا مەمک پیرۆزە. بۆ ئەوان مانای رەگەزیی ناگەیەنێت یاخود بەوجۆرە لێی ناڕوانن. تایبەتمەندییەکی پێبەخشیون کە زۆر ئاسوودە، سروشتی، جوانی و بەرهەمهێنەری ژن دەخاتەڕوو". ناهێڵن تەواوی بکەم. لەو نێوەدا (بەهار) خۆی هەڵدەداتە باسەکە و دەڵێت:" لە گوندی ئێمەش ژنان بە ئاشکرا شیریان بە منداڵ دەدا. کەس بەچاوێکی تر تەماشای نەدەکردن."

بەردەوامم کرد و گووتم:"ژنی ئەمازۆن بەرهەمهێنە، هەموو کارێک دەکات. کاریگەری لە کۆمەڵگەدا بەم شێوەیە دەرکەوتۆتەڕوو. بەڕێزە، خۆشەویستە.."

(مزگین) گورجوگۆلیەکەی ڕاستەوخۆ بە هەموو هەڵسوکەوتێکیەوە دیار دەبێت، ئەویش لایەنە وەڕس و بێزارەکانی ئەو ڕۆژە دەخاتەڕوو و دەڵێت:" سەرۆک لە شیکارەکانیدا زۆر هەڵوەستەی لەسەر کردووە، باس لە ژنانی ئەمازۆن دەکات. دەڵێت: هیچ نەبێت وەکو ژنانی ئەمازۆن بن. کەواتە ئەمانەن!".

پاشان بە دەنگێکەوە کە لە گەرما بێزاربووە: "ئەملاولا نازانم، بریا ئێمەش وەکو ئەوان جل و پۆشاکمان بپۆشیایە. چ پۆشاکی جوان و ئاسوودەگن. ئەم جلانە دەمانخکێنێت. ئەگەر ئازاد ببین زۆر خۆشتر دەبێت، چی بکەین ببین بە ئەمازۆنی؟". ئەمەش ڕەنگێکی زیاتری دا بە گفتوگۆکەمان.

کەوتوومەتە ناوی و بەردەوامم لە باسکردنی، وەکو بڵێی بەڕاستیش لەناو باسەکەمدا ژیابم، لەناو قوماشی قامیشیدا بم کە قوماشێکی تایبەتە بەو هەرێمە، لەناو دارستان، لەناو لمینەکان و جوانی دارە پاڵمییەکاندا، بە پێی پەتی، یاخود بە پێڵاوی بەلەمئاساوە و پێکەوە لەگەڵ ئەو ژنە شکۆمەندانە گەڕابم باسم دەکرد. پاشان بەردەوامم کرد:"جارێ باسی ژنانی هندستان و پاکستانم بۆ نەکردوون. لایەنی هاوشێوەییمان هەیە لەگەڵیاندا. لەڕووی جەستەییەوە زۆر لە ژنانی کوردستان دەچن. دەشبێت ئێمە لەوان بچین. بەڵام بەڕاستیش ئەندیرا گاندی[73]م خۆشدەویست. هێشتاش لەلام بەڕێزە و حەیرانی ئەوم. هەر ئەو بوو بەهێزترین وێنای ژنی سیاسەتمەداری لەمندا

---

[73] (Indira Gandhi) کچە تاقانەی جەواهیر لال نەهرۆی یەکەم سەرۆک وەزیری هندستانی سەربەخۆیە. لەنێوان 1980-1984 بەهەڵبژاردن سەرۆکوزەیرایەتی کرد. کە هەر لەو ساڵەدا لەلایەن یەکێک لە پاریزوانەکانییەوە کوژرا. 1917 - 1984 .

دروست کرد. بەهێزترین سیاسەتی لە بلۆکی سەربەخۆکاندا بەڕێوەدەبرد. لە راستیدا ئادگارێک بوو. نوێنەری ژنی رۆژهەڵاتی ئاسیا بوو. پۆشاکی، قسە و رەفتار و پابەندبوونی بە پرەنسیپ و پێودانگەکانەوە دابونەریتێکی ئافراند. جێی داخە لە کۆتاییدا مردنێکی تراژیدی یەخەی گرت. مردنی کاریگەری لەسەر من کردبوو. (بەنازیر بوتۆ)[74] تۆزێک جیاوازترە. ئەگەرچی لە رەواڵەتدا نوێنەرایەتی هەندێک شتیش بکات، بەڵام کاراکتەری پەنهان هەیە لە پەیوەندییەکانیدا. دیارە ئێوەش دەزانن ژنانێکی دەسوپێوەند خۆشەویست نین." (مزگین) لەجێی خۆی ناسرەوێ و هەڵیدایە: "لەیلا زانا تۆزێک لە بەنازیر بوتۆ دەچێت، بەڕای ئێوەش وەها نیە؟"

(زەلال)یش لەولاوە: "ئەگەر (PKK) نەبووایە لەیلا زانا ئەوەندە نەدەهاتە پێش، کەسیش هێندە نەیدەناسی. باشە، خەسڵەتی خۆی هەیە، بەڵام تێکۆشانمان ئەوی کرد بە بەهایەک."

لە راستیدا (مزگین) بێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی سیاسی ئەو بەیەکچوواندنەی کردبوو. ئەو باسی لە هاوشێوەیی جەستەییان کردبوو، بەڵام ئەمە راینەوەستێنێت. هەموو کەسێک بەتاسەی چۆنێتی کۆتاییهاتنی ئەم خەیاڵەی منەوەن: "چووم بۆ کوبا، بۆ هاڤانا. کاسترۆم بینی. ئەو پیرە گەورە جوانەم لەئامێز گرت، ریشیم ماچکرد. ئەوینی ئەو بۆ سۆسیالیزم رەنگی بە دڵ و دەروون و جوانی لەشولاری دابووەوە. هێشتا قیت و هێشتا پڕ لە وزە و هێز بوو."

---

[74] ژنە سیاسەتمەداری پاکستانی، کە بۆ دووجار سەرۆکوەزیرایەتی وڵاتەکەی کرد، پێشتر چەند جارێک لە هەوڵی کوشتن رزگاری ببوو، بەڵام دواجار لە کۆتاییەکانی 2007 لەلایەن خۆکوژێکی سەر بە ئەلقاعیدەوە کوژرا.

لەسەر ئەم قسەیەم (بەهار) گووتی:"بەڵام کاسترۆ کەسێکی زۆر تۆلازە[75] هەموومان لە قاقای پێکەنینمان دا.

پێم گووت: "گەڕانەکەی من چی پەیوەندییەکی بە تۆلازییەوە هەیە؟"

(بەهار) بە تێکچوونێکەوە گووتی: "هههی.. چی بزانم.. وا تێگەیشتم."

دەڵێن: "کەڕ نایبیستێت، هەڵیدەنێت[76] (بەهار)ەکەی ئێمەش بە گوێگرانییەکەیەوە هەر جارە شتێکی لەلای خۆی دروست دەکرد و بە باسەکەیەوە دەلکاند، بەمەش گڕی لە مەیدانەکە بەردەدا. لەبەرامبەریشدا زیاتر لە هەمووان (مزگین)ی گرژ دەکرد، بە تووڕەییەوە پێیگووت:" مادام گوێت گرانە، هەوڵ بدە تێبگە پاشان قسە بکە. ئەگەر نا، بەردەوام دەبیت لەسەر هەڵەکردن و بەهەڵەداچوون. "

بەڵام گەڕان و گەشتێکی خەیاڵاتی خۆش بوو. ئەگەر بەم شێوەیەش بێت بیرکردنەوە و خەون بینین بە شتی جوانەوە؛ هێزبەخشە، بەمەرجێک بۆ هاتنە دی بشێت.. خەونی گەیشتن بە هەموو شتێک کە لەچێژی ژیان و ئازادیدا بێت، خۆشەویستکردنی راستییەکانیشە. پێکەوە ژیانی هەردووکیشیان جوانترین و خۆشترینە. دەشێت بەلای کەسانێکەوە ئەمە بێ واتا بێت. دەشێت وەکو تێکچوونێکی دەروونی، یاخود حاڵەتی قەیرانی دەروونی ناوزەد بکرێت. نەخێر! هیچ کامێکیان نییە. لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر خراپ جۆشوخرۆش و

---

[75] کەسێکی دڵتەر و هەمیشە بەدوای رەگەزی بەرامبەرییەوە بێت.

[76] پەندێکی تورکییە و بۆ ئەو حاڵەتە بەکاردێت کەسێک ئاگای لە مەسەلەیەک نەبێت و هەر لەخۆوە شک و گومانەکانی بەشێوەیەک کە زۆر ئاگادار بووبێت دەرببڕێت.

ڕەوتی ژیان ڕابگریت، ڕۆچوون بەناو سۆز و خەونێکی سادە و ئاساییدا کە ژان بۆ جوانی ژیان وەرچەرخێنێت و لە ژیاندا زیندووی ڕابگرێت، باشترین بژارێکە. بە ئەندازەیەک نهێنی ژیانی من لێرەدایە.

هاوکات جوانییەکی زۆری هەیە، گەرموگوڕە. کەس ناتوانێت گەمارۆ بخاتە سەر هەموویان. گرنگ لەوەدایە بتوانیت پێداگیر بیت و هێزی ژیان و بەرەنگاری بەبنەما وەربگریت لە بەرامبەر هەموو ئەو پێوانانەی بەرەو دواوە رایدەکێشێت، هەموو ئەو شێواز و ڕێبازە مەترسیدارانەی لێلی دەکات، هەموو ئەو مەیدانانەی ئاڵۆز و لەباربراون. بەهەر شێوەیەک بێت لە شوێنێکیەوە بۆی دەچم و سوچێکی دەگرم. لەوێوە هەوڵ دەدەم پێی بگەم. دەشێ لە ئاستی کەسێتی خۆمدا بەرتەسک بم، بەڵام تەنانەت حەز و ئاواتەکەی ئەگەرچی لە ئاستێکی بچووکیشدا بێت، مرۆڤ بێ ئەندازە بەرخۆدێر دەکات. ئەمەش تێکۆشانێکە. بێگومان پێویستە هاوسەنگییەکی باش بەدەست بخرێت. لەم ڕێگەیەدا جاروبار ئێش و ژان سەنگینترن، بەڵام تەنانەت بۆ ساتێکیش خزان بەرەو ئەو ڕێگەیە دەبێتە مایەی زیانێکی زۆر بۆ من؛ سەر و چاوم دووشەق دەکات! بەڵام ئەمەش چیتر وەها نابێت. ڕێبازی ئەمەشم دۆزییەوە، هەڤاڵ (زەلال) دەیەوێت بەم نهێنییە بزانێت. پێی ناڵێم، مەکروناز دەکەم. دەست بە ڕۆیشتن دەکەم، بە توندی پێ بەخاکدا دەنێم و بەپەنابردن بۆ هیوا و ئاوات دەمەوێت خەون و ڕاستی بهێنمە لای یەکتر: ئەگەر تێکۆشان ببێت بە ڕێبازێکی ژیان، مسۆگەر لەوێدا ئەوەی ڕاست و جوان بێت سەرکەوتن بەدەست دێنێت.

**کەوانەکە دادەخەم).. و بەردەوام دەکەم**

# تووڕەیم سەبارەت بە چەوتی کەسانی تر، بەخۆمدا دەتەقێنمەوە!

کێشەی پەڕتووک هاتە ئاراوە. چیتر لە دێرسیم بەدەستخستنی هەموو جۆرە پەڕتووکێک ئەستەمە. هەڤاڵان بۆ کاروباری خۆپەروەردەکردن و وانە گووتنەوە ڕێبازێکی نوێیان دۆزیوەتەوە. بوونی ئەو جۆرە پەڕتووکانە لە هەموو ماڵێکدا مەترسیداربوو: لەم واتایەدا خانوو و ماڵ جێگای متمانە نەبوو و بەر لە هەموو شتێکیش کەسوکار و خێزان لە هەموو لایەک زیاتر قەدەخەی پەڕتووکی دەهێنا. پۆلیس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕێگری نەدەکرد، بەڵام هەمیشە دەیوست دۆخێک دروست بکات کە بە ئاسانی بیانکات بە بیانوو. دیارە زیاتر کێشەی پارە هەبوو، چونکە جاروبار دەمانبینی هەڤاڵان بەیانی زوو 'کوبەی ناو نان'کوبەی لەساوەر دروستکراو بە مەعدەنۆس ڕازێندراوەیان دەفرۆشت. ئەمەش مایەی ڕەنجدەری - پرۆلیتاری بوو و ڕێز و خۆشەویستی دروست دەکرد.

لەلایەکی ترەوە بێ پارەیی هەبوو، پێویست بوو پێداویستییە سەرەکییەکان دابین بکرایە. (حسێن گیونگۆزە) بە جگەرەکەی لادەمییەوە، لەماوەیەکی زۆر کورتدا کوبەکەی ئامادە دەکرد، لەسەر سینییەک ریزی دەکرد و دەڕۆیشتە دەرەوە. ئەم شێوازەی ژیانی هەڤاڵان پەیامێک بوو بۆ هەموومان. (حەسەن) و (عەلی)ی برام ئاویان دەفرۆشت. (مەتۆ) ماسی ڕاو دەکرد و دەیفرۆشت. جۆری ماسی ساڵمۆندی زۆر بە لەزەت و گرانبەها بوو، (مەتۆ) هەم دەیفرۆشت و هەمیش زوو زوو بۆ خواردن دەیهێنایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەکاروباری کارەباشەوە خەریک دەبوو. کاری چاکسازی لەئەستۆدەگرت. حەماڵی دەکرد،

بەتایبەتیش لە دانانی باری بارهەڵگرە گەورەکاندا کاری دەکرد. لێرەدا پارەی بەدەستخراو رادەستی هەڤاڵان دەکرا یاخود بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەڤاڵان خەرج دەکرا. ئەم کار و بەشداریکردنە دڵخوازانە و خۆبەخشانە بوو. ئەگەرچی لە هاوبەشبووندا زۆر بە سیستەماتیک نەکرابێت و لەچوارچێوەی رێسای دیاریکراودا دانەڕێژرابێت، لە ژیاندا پابەندبوون بە شێوازی ژیانی ئەو گرووپەوە، خۆبەدیکردن وەکو پارچەیەک لەو ژیانە، جۆرە تایبەتمەندییەک بوو. هەر هەڤاڵێک کە هاموشۆی ئەوماڵەی بکردایە نرخ و بەهایەکی تایبەتی خۆی دەبوو، دونیا و بواری هەست و سۆزمان هەر ئەوان بوون.

رۆژێکیان لەسەر رێگەی گەڕانەوەم لە خوێندنگە، لە گەڕەک و لە ماڵەوە تووشی دیمەنی سەیر و سەمەرە هاتم. لە دەروازەی گەڕەکدا یەکێک لە خوشکە دووانەییەکەم (نەسیبە) بە خرۆشەوە هاتە لام و گووتی: "پۆلیس هەڵدەکوتێتە سەر ئەو ماڵە. کاکە مەتین ئەرکداریکردین، هەر کەسێک لە کاکە عەلیم و هەڤاڵانی بێن، دەیانگێڕینەوە."

بە تەواوی تێنەگەیشتین. پۆلیس لە کوێوە هات، چۆن دەبوو؟ بەڵام لە کۆتادا ئەوەی لێی دەترساین بەسەرماندا هاتبوو. چەند رۆژێک پێشتر کاتێک بینیم (هاشم پەرتەکلی) دراوسێمان لە بەلەکۆنەکەی خۆیانەوە چاودێری ئەو ماڵە دەکات و لەولاشەوە هاوسەرەکەی پرسیاری سەیر سەیر لە خوشک و براکانم دەکات، نیگەران بووم. هەر لە نهۆمەکەی سەرەوەماندا ماڵی پۆلیسێکی مەدەنی هەبوو. ئەو پۆلیسەش منداڵەکەی بە بیانوویی یاریکردن رەوانەی سەر شەقام دەکرد و کاتێکی زۆر بە چاودێریکردنی ئەو ماڵەی بەسەر دەبرد.

دایە خەپە لەم رووەوە هۆشمەندە. چەند شەوێک لەماڵەوە بە تابیعە - ئامێری چاپی سادە، چەند بەشێکی هەندێک لە پەڕتووکەکانمان دەنووسییەوە. بەهۆی پێویستییەکی زۆر و بە پەلە، من و (مەتۆ) تا بەرەبەیان بە نۆبە بە دوو پەنجە دەماننووسی. بەکارهێنانی تابیعە (ئامێری چاپی سادە) سەرنجی ئەوانی رادەکێشا. ماڵەکە نزیک بوو لە شەقامەکەوە و بچووکترین دەنگ بەرگوێ دەکەوت. لەبەر ئەمەش شتی نەرممان دەخستە ژێر تابیعەکەوە. پەنجەرەکانمان قایم دەکرد. جاروباریش دەچووینە ژوورە بێ زۆپاکەی دواوە و لەوێ کارمان دەکرد. لەوێوە دەنگ نەدەچووە دەرەوە. دایە خەپە شیمانەی ئەمجۆرە کارانەی ئێمەی دەکرد، ئاگاداری پێدەداین، پێیدەگووتین کە بە شتی مەترسیدارەوە خەریک نەبین. لەبەر ئەوەی تابیعەکە هی خۆمان بوو و زۆر بە ئاسانی دەمانتوانی بڵێین کاری خوێندنگەی پێ دەکەین، بەڵام ئەو بڕوای بەمە نەدەهێنا.

هەنگاوەکانم خێراتر دەکەم، هەواڵەکە بە گرنگ دەزانم. ئەمە چاودێرییەکی هەروا ئاسان نەبوو. هەڵبەتە بەتەواوی لە قسەکانی (نەسیبە)ش تێنەگەیشتبووم. پۆلیس هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵەکە یان دەچنە سەریان، تەواو تێنەگەیشتم بەڵام جیاوازی نەبوو. کەوابوو دووژمن گومانی لێکردووە و چاودێری کردووە.

ئایا سەرنجی چیمان نەدابوو؟ رەچاوی چیمان نەکردبوو؟ زۆر کەس هاتوچۆی دەکرد. ئەگەرچی زیاتر لە تاریکی شەودا هاتوچۆ دەکرا. هەمدیسان مسۆگەر شتێک دراوە بەدەستەوە. دوور نەبوو ماڵی ئێمەش بەهەمان شێوە سەرنجی ئەوانی راکێشا بێت. کاری تابیعە، هاتوچۆی هەڤاڵان بە شەو و ڕۆژ

سەرنجیانی راکێشابوو. کێ دەزانێ، دەشبێت چاویان بەو چێشت و خواردنانەش کەوتبێت کە بەشەو بۆ ئەو ماڵەمان دەنارد. کارەبامان بۆ راکێشابوون. دەشێ (پەرتەکلی) ئەوەشی بینیبێت. زۆرێک لە چەپرەوانی تورک هەڤاڵانیان دەدا بەدەستەوە. لە چایخانە، لە خوێندنگە لە هەموو شوێنێک ناویان دەدا و بە بەکارهێنانی دەستەواژەی "نیشتمانپەروەر"ەکان سووکایەتییان دەکرد، لێرەدا بە ئەنقەست یان بەنەزانی کاری بەدەستەوەدان و هەواڵگرییان بۆ دووژمن دەکرد.

لەناکاوێکدا بیرم لەهەموو ئەمانە کردبووەوە و شیرۆڤەم بۆ دانابوون. پەردەی پەنجەرەکانی ماڵەوە بەتەواوی دادرابوونەوە. (عەلی) لەودیوی پەردەکەوە بە نهێنی چاودێری خانووەکانی ناو باخەکە دەکات، (مەتۆ)ی بۆ چاودێریکردنی شەقامەکە و دەوروبەری و (حەسەن)یشی بۆ رێچکە بچووکەکانی خوار مزگەوت ناردبوو. داوایان لێکرابوو کە تا ئێوارە چاودێری بکەن و هەر کەسێکی ئەو ماڵە هات ئاگاداری بکەنەوە و بیگەڕێننەوە.

زستانە، بەفرە، هەڤاڵان لە دەرەوەی ئەو ماڵە کوێیان هەیە بچن؟ (مەتۆ) دەستبەجێ باسی رووداوەکان دەکات. لە پەنجەرەکەوە دەست بۆ شەقامەکەی سەرەوە رادەکێشێت، بەو کەسەی لەسەر شەقامەکە بە وریایی و سەرنجەوە دەڕوانێتە دەوروبەر دەڵێت؛ ئەمە "پۆلیسی مەدەنی"یە.

"سەر لەبەیانی سێ کەس بوون، لەدوورەوە دەستیان بۆ ئەو خانووە رادەکێشا، لەناو خۆیاندا قسەیان دەکرد. ماوەیەک پێکەوە چاوەڕێیان کرد، دەستیان بۆ خانووەکانی دەوروبەریش رادەکێشا. بۆ ماڵی ئێمەش. پاشان رۆیشتن و بەم شەقامەدا تێپەڕین. دەیانویست بە یەکجاری تێبگەن لە چۆڵبوون و نەبوونی خانووەکان. دەیانویست لەکاتێکدا بەسەر ئەو خانووەدا

بدەن کە هەڤالان لەماڵەوە بن. لێیان کەوتینە گومان و هەر کە ڕۆیشتن بەپەلە چووین بۆ لای هەڤالان و هەندێکیانمان نارد. هەموو کەلوپەلەکانیشمان هێنایە بەلەکۆنەکەی خۆمانەوە."

پەردەی دیوەخانەکەی هەڵدایەوە و دەستنیشانی دەکات؛ باوەڵێک، دووان، سییان.. چەند فەردەیەکیشیان خستۆتە بەلەکۆنەکە، لەپەنا کەڵەکە دارەکە دایانناون بۆ ئەوەی سەرنجی کەس ڕانەکێشێت. بە دڵەکوتێ بەردەوامە لەگێڕانەوەکەی:"وایەرەکەمان کۆنەکردەوە، پێشتریش هەبوو، ئەگەر دەستبەجێ کۆمانبکردایەتەوە خراپتر دەبوو و سەرنجی ڕادەکێشان. ئەوکاتە خۆیان بۆ ماڵی ئێمەش مۆڵدەدا، بۆیە کۆماننەکردنەوە. (نەسیبە)م بۆ خوێندنگە و (حەسەن)یشم بۆ سەر ڕێگەی مزگەوت نارد. هەڤالان ئاگاداربوون، دیارە نایەنەوە. بەڵام یەک دوو کەس لەماڵەوە مانەوە. (عەلی) و (نەجات) لە خوێندکارانی ناوەندی. ماڵی ئەوان بووە و ئەوان بەکرێیان گرتووە. کەسێک پرسیاریان لێبکات وا دەڵێن، شتێکی وا لە خانووەکاندا نەماوەتەوە."

لەو کتوپڕەدا نەمزانی چی بڵێم و چی بکەم. سەرەتا توند لە باوەشم گرت. چۆن بەمجۆرە بیریان لەو شتانە کردبووەوە، دڵخۆشبووم بەم هەڵسوکەوت و هۆشمەندییەیان. بەڵام نیگەرانیش بووم، پرسیارم کرد کە لەهێنانی کەلوپەلەکاندا بە وریایی و بە ئاگاییەوە بوون یاخود نا. ئەگەر پۆلیس چاوی پێیان کەوتبێت، هەڵدەکوتێتە سەر ئەم ماڵەش. (مەتۆ) گووتی: زۆر بە وریاییەوە کاریان کردووە، لە بەلەکۆنەکەوە و لە ڕووی دەرەوە هیچ دیار نەبوون. سەرباری ئەمەش ئاسوودە نیم. باوەڵەکان ڕادەکێشم و دەیانکەمەوە. پەڕتووک، ناسنامە، مەخزەنی دەمانچە، زنجیر، قەمە، نەخشەی کوردستان، هەندێک

نووسراوی کۆپیکراوی تێدایە. سێ ئامێری زیادکردن - کۆپیکردن، چەند تابیعەیەک، چەند پارچەیەکی دەمانچە، کە ئەمانەم بینی زیاتر تووشی دڵەکوتەبووم. پێویستە چارەیەک پەیدا بکەین. لەکاتێکی وەهادا ناتوانین هەڵیانبگرین بیانبەین بۆ ماڵی دایە خەپە. بە رۆژی رۆشنا نابێت. لە قاتی خوارەوە شوێنێک هەیە وەکو شوێنی کەڵەکەکردنی دار بەکاردێت. (مەتۆ) کلیلی ژوورەکانی هەڵگرت و رووی لە خوارەوە کرد بە مەبەستی تاقیکردنەوەی کلیلەکان بۆ کردنەوەی دەرگاکەی ئەوێش. کلیلێکی بۆ بوو، لەژوورەوە هەندێک کەلوپەلی خاوەن ماڵەکە و کەڵەکە تەختە هەیە. هی خاوەن ماڵەکە بوو، زۆر جێگای سەرنج نەبوو.

لەکاتێکدا ئێمە لەبیرکردنەوەی ئەمانەدا بووین، مینۆپاسی پۆلیسەکان لەسەر شەقامەکە راوەستا. پۆلیسی پۆشتە و ئامادەکراو لە ئۆتۆمۆبێلەکە هاتنە خوارەوە بە کۆنترۆڵکردنی ئەملا و ئەولای خۆیانەوە روویان لەوێ کرد. لەو کاتەدا لە رێگەکەی خوارەوەش گرووپێک پۆلیس هاتن. ژمارەیان لە (20) کەس زیاتر بوو. هەندێکیان دەرەوەیان دەپشکنی. بە هەڵگرتنی شوێنپێیەکانی سەر بەفرەکە هەنگاو بە هەنگاو و بست بە بستیان دەپشکنی. شوێنی کەڵەکەکردنی دار و ئاودەستخانەکانیان دەپشکنی. یەکێکیان بە وایەرەکەی سەر دارە تووەکەوە خەریک بوو، بانگی ئەوانی تری کرد. پاشان چووە لای پۆلیسە بێتەل بەدەستەکەوە و ماڵی ئێمەی دەستنیشان دەکات. دەیانویست لەوە تێبگەن کە وایەرەکە بەرەو پەنجەرەی کام ماڵ رۆیشتووە و هی کام ماڵەیە. ئەمە زیاتر منی نیگەران کرد، دەستبەجێ دەستمان بە پلانێک کرد و گووتم: من دەستی کچەکان دەگرم وا نیشان دەدەم کە دەچین بۆ سینەما. (مەتۆ)

تۆش لە ژوورەوە بە نهێنی چاودێری بکە. ئەگەر لە دەرگایان دا، مەیکەرەوە، ئێمە وا دەنوێنین کە کەسمان لەماڵەوە نییە. عەلی دەڕوات بۆ بازاڕ. دۆخەکە بە هەڤاڵان رابگەیەنێت. حەسەنیش لەسەر رێگەیە، ئەگەر بزانن نایەن." و (مەتۆ)ش گووتی: "باشە".

گووتیشم" ئەگەر هاتنە ماڵەوە و کەلوپەلەکانیان دۆزییەوە، ئەوا دەڵێین پێیان گووتووین کەوا؛ خانووەکە دڵۆپە دەکات، ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ گوند. با ئەم پەڕتووکانە لەلای ئێوە بن.. و ئێمەش نازانین چییان تێدایە. سەیرمان نەکردووە".

دەستبەجێ جلەکانم گۆڕی، پەڕووکەکەم لەسەر کرد، چاکەتە کورکەکەم و پانتۆڵە دەرقاچ فراوانەکەم سەرنجڕاکێشە. پاشان هاتمە بەلەکۆنەکەوە و بانگی (پەریخان)ی کچە دراوسێمانم کرد: "ئێمە ئامادەین، لە کوێوە بڕۆین. نیعمەتیش هات. فیلمێکی خۆشە، جێگەمان دەستناکەوێ خێرا بکە، وەرە با لێرەوە بڕۆین".

هەر لەگەڵ ئەوەی هاتمە بەلەکۆنەکە، هەموو پۆلیسەکان چاویان بڕیبووە من. گوێم پێنەدان، تەماشاشم نەکردن وەکو بڵێی هەر سەرنجیشیان رانەکێشابم. (پەریخان) لە وەڵامدا:"وەرە با لێرەوە بڕۆین، با رێگەمان دوور نەکەوێتەوە".

منیش گووتم: باشە، و دەستی (نەسیبە) و (فەریدە)م گرت و بەناویاندا تێپەڕیم. دەرگاکەم لە رووی دەرەوە داخست. پۆلیسەکان بە حەپەساوییەوە دەیانڕوانی. دوای رۆیشتنی من بە خاوەن ماڵەکەیان گووت:" ئەمە ماڵی کێیە؟". لەوەڵامدا گووتی:" ماڵی ئیسماعیل جانسزە، دایک و باوکیان لە ئەڵمانیایە، برا گەورەکەیان لە ئەستەنبۆڵە، خۆشیان خوێندکارن." لە پرسیار بەردەوام بوون "باشە ئەم وایەرە چییە؟". کابرا سەرەتا تۆزێک ئەملا و ئەولای کرد، پاشان گووتی:" ئەمانەش خوێندکارن، لە

یەک خوێندنگە دەخوێنن. دیارە بە پارە پێیانداون." ئەم وەڵامە باش بوو. پۆلیسەکان لەناوخۆیاندا گفتوگۆ دەکەن، بەڵام پلانە دەستبەجێیەکەی ئێمە سەرنجییانی بڵاو کردبووەوە. لەو کاتەدا قسە و باسی پشکنین و نەپشکنینی ماڵی ئێمە کۆتایی هات. دەنگی یەکێک لە پۆلیسەکانمان بیست کە دەیگووت:" ئەمانە ئاگایان لە دونیا نییە، جل و بەرگیان نابینی؟".

ئەی وەهایە، لە دێرسیم ئەوانەی بە شۆڕشگێڕییەوە خەریکن؛ بە سەر و سیما و جلوبەرگیاندا دەناسرێنەوە. دوای ئەو جلوبەرگە بێگومان ئەستەمە بڕوا بکەن. بەتایبەتیش ئەندام و لایەنگرە کچەکانی (TIKKO)یی و (HK)ییەکان خۆپۆشتەکردنێکی سەیریان هەبوو. لەژێر تەنوورەوە پانتۆڵیان لەپێ دەکرد، لەچکێکیان بەسەریانەوە دەبەست و ناویان لێدەنا پۆشاکی پرۆلیتاری (!). ئەوانەی ئێمە سادەتر بوون. بەگشتی پانتۆڵ ـ کراس، تەنوورە و جلوبەرگی لەم جۆرە بوون. ئەمە هەم لەلایەن خەڵکەوە جێگایەکی باشی هەبوو و هەم سەرنجیشی رانەدەکێشا.

لەو گێرمە و کێشەیەدا هەرگیز دەچم بۆ سینەما؟! هەموو ئەقڵ و فیکرم لەوێیە، پاش تۆزێک رێکردن چووینە ماڵی دراوسێیەکمانەوە کە خۆی و ماڵەکەشی تۆزێک خامۆش بوون. بە تاسەوە چاوەڕێم دەکرد. جاروبار منداڵەکانم دەنارد و لە بارودۆخەکە ئاگاداریان دەکردمەوە. پێیانگووتم: کە دوو خوێندکاریان گرتووە. نازانن لە ماڵەکەدا چی بووە و چی نەبووە. بەڵام هێشتا لەوێن و هەردووکیان داوەنەتە بەر مشت و زللە. پرسیاریان لێکردبوون کە "کێی تر هەبوو، کێ دەهاتن و دەچوون. ئەمڕۆ دێن یان نا؟" ئەوانیش گووتبوویان" تەنیا خۆیان بوون". هەندێک لە پۆلیسەکان لەو کەین و بەینەدا بەکۆمەڵ

خۆیان مەڵاس دەدەن، کاتێک دەبینن کەس نایەت، دەستبەردار دەبن و دەڕۆن. دوای دڵنیابوون لە تەواو چۆڵبوونی ئەو دەوروبەرە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. (مەتۆ) بە جۆش و دڵەکوتەوە هەموو رەفتارەکانی پۆلیسەکانی گێڕایەوە. لەناو ماڵەکەدا هەندێک پارچە کاغەز دەدۆزنەوە. بە تابیعە نووسراون، نووسراوی بە سەردێڕی " بۆ گەلەکەمان! گەلە قارەمانەکەمان!" تەنیا چەند رستەیەکی لێ نووسراوە، بەڵام ئەمە بۆ پۆلیسەکان بەڵگەیەکی گرنگ بوو. لەناو کاغەزەکاندا دەیدۆزنەوە. چەند پارچە کاغەزێکی کاربۆنیشیان چنگ دەکەوێ. ئەوان دڵنیان لە بەکارهێنانی ئەو ماڵە بۆ هەندێک کاروباری دیار و زانراو، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی دیکەیان بەدەستەوە نییە و ئەو رۆژە هیچ کەسێک نەهات بۆ ئەو ماڵە. هەواڵگری و چاودێرییەکانیان پووچەڵ بووەوە. دەیانگووت:"چۆن دەبێت، کێ ئەمانەی ئاگادار کردۆتەوە، هیچ یەکێکیان نەگەڕانەوە. زۆر وریان. پێیان زانی و نەهاتنەوە". ئەم دۆخە پۆلیسەکانی بە تەواوی تووشی شۆک کردبوو. لەناوخۆیاندا گووتبوویان:"ئەمانە خەڵکانێکی بێ ئامانن. UKO ییەکان جیاوازن لەوانی تر."

دەمەو ئێوارە، هێواش هێواش تاریک دادەهات. زستان بوو، رۆژ کورت بوون. شەوداهاتن باش و بەکەڵک بوو. (عەلی) لەو دەمەو دواییانەدا هات و دەڵێت؛ هەڤالان پێیان گووتووم:"ئەگەری هەیە پۆلیس هەڵبکوتێتە سەر ماڵەوە، بە پاسەوانەکەدا هەواڵیان ناردووە کە وریابن و ماڵەوە خاوێن بکەنەوە." لەو درەنگانەدا ئەو هەمکە شتەمان ببردایە بۆ کوێ؟ (مەتۆ) کەوتەوە گەڕ. لەم بابەتەدا گورجوگۆڵ و کردەگی بوو. دەستبەجێ لە بەلەکۆنەکەوە چووە خوارەوە. لە هەناسەیەکدا باوەڵ و فەردەکانی برد بۆ خوارەوە بۆ شوێنی کەڵەکەکردنی دارەکان.

منیش بەدوایدا چوومە خوارەوە. بەلایتێکەوە، باوەڵەکانمان بەسەر دارەکاندا بەرەو کۆتایی ژێرزەمینەکە راکێشکرد. یەکێک لە کەڵەکە تەختەکانی خاوەن ماڵەکەشمان بەسەردا رووخاند و کەلوپەلەکانمان لەژێردا حەشاردا، هەرچی تەختە هەبوو، هەموویماندا بە سەریاندا. پاش بەجێکردنیان لەوێکانە، ئاسوودە بووین. بەڵام دوای هەناسەیەکی کەم بیرم لەوە کردەوە کە شوێنێکی دڵنیا نییە، ئەگەر سبەینێ پشکنین بکەن، مسۆگەر ئەو شوێنەش دەپشکنرێت. دایە خەپە و ئەوانم هات بە بیردا. لەگەڵ (مەتۆ) قسەمان لەسەر کرد. (عەلی) هەڵیدایە و گووتی:"مام خدر زۆر بێ جەرگە" (مەتۆ)ش زۆر هیوای بە مام (خدر) نەبوو. لە راستیدا منیش بیرکردنەوەیەکی جیاواز لەوەی ئەوانم نەبوو، بەڵام هەمدیسان گووتم: "با تاقی بکەینەوە". بێگومان دەستیان نەدەنا بەڕوومەوە، مادام وەکو بووکی خۆیان منیان خۆش دەویست، دەیانتوانی مەترسییەکی وەهاش بگرنە بەرچاو. لە دڵی خۆمدا دەمگووت:" چجای لەماڵەکەیاندا گەنجیشیان نییە، دووانی بەساڵاچووبوون. مام خدر هاتوچۆی مزگەوتی دەکرد، نێوانی لەگەڵ هەموو کەسێکدا باشە. نێوانی لەگەڵ (پەرتەکلی)ش زۆر باشە، سەرنجی راناکێشێت." بەڵام جورئەتم نەکرد راستەوخۆ باوەڵەکان هەڵبگرم و بیانبەم. دووبارە بەخۆمم گووت:" ئەی ئەگەر پەسندی نەکەن، لەوانەیە خەڵک بیان بینێت، کەلوپەلەکان ئاشکرا دەکەین، ئەو کاتە خراپترمان بەسەردێت". باشتر وایە سەرەتا بڕۆم رەوشەکەیان تێبگەیەنم. لەگەڵ (مەتۆ) پێکەوە روومان لە ماڵیان کرد، بەم سەردانەمان حەپەسان، لەوەها درەنگانێکدا میوانداری نەدەبوو. دایە خەپە گووتی: "خێرە؟"، لەولاشەوە مام (خدر)یش بە بێجامەکەیەوە...

دەستم پێکرد:" هەندێک پەڕتووک لەماڵەوەیە، پۆلیس ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر ماڵی خوێندکاران. ئەگەری هەیە جارێکی تر بێنەوە. ئێمە کاتی خۆی لە پەنجەرەکەمانەوە کارەبامان بۆ راکێشابوون، دەشێ گومانی لای پۆلیسەکان دروست کردبێت".
بۆ رێگریکردن لە هەر رەخنەیەک کە لەلای ئەوانەوە بێت بەردەوامم:"ئێوەش دەزانن بەپارە کارەبامان پێدابوون، ئەمە ئاساییە، بەڵام ئەگەری هەیە پۆلیس زۆر شت پێکەوە ببەستێتەوە. لەماڵەوە بڕێک پەڕتووک و تابیعە و کەلوپەل هەیە، با ئەوانە بهێنین بۆ ئێرە، لە بەلەکۆنەکە دایاندەنێین، سبەی یان دوو سبەی دەیان بەین بۆ شوێنێکی گونجاوتر". سەرەتا بە کاردانەوە و توندییەوە قسە دەکەن:" کە ئێمە پێت دەڵێین، گوێمان لێناگریت. ئەو ماڵە وەکو بارەگا و کۆمەڵەیەکە، دیار نییە کێ دێت و کێ دەچێت. ئێوە خوێندکارن، چی لە پەڕتووک دەکەن، بیانخەنە ناو زۆپاکەوە. با مارکس ـ لینین کەم بن. نابێت کچم، بڕوانە دایک و باوکت لەماڵەوە نین. مەتینیش لێرە نییە، ئەگەر شتێکت بەسەر بێت چی روودەدا؟ "، بەمجۆرە درێژە بە قسەکانیان دەدەن.

جارێکی تر دەکەومەوە نێوانەوە. توزێک بە کاریگەرتر دەمەوێت رازییان بکەم:" تەنیا با ئەمشەو لێرە بن. راستە، بابەتەکانی تر پێویستیان بە رەچاوکردنە، بەڵام ئێستاکە رەوش باش نییە، ناچارین رێکار وەربگرین. دەڵێن چی، بیانهێنین؟".

بە دڵنەخوازییەوە گووتیان:"باشە بیهێنە، بەڵام..." بەخێرایی چووین و دەستمان کرد بە هێنانیان. چاوەڕێی ئەوەندە شتیان نەدەکرد. بە بینینی فەردە و باوەڵەکان بە یەکجاری دڵەکوتەیان تێکەوت. دایە خەپە بە بەردەوامی ژێر لچەکی قسە دەکات، گوێی

لێناگرین. گووتمان:"شەوێکی شاد" و گەڕاینەوە. قسە لەسەر هەڵوێستەکانی ئەوان دەکەین.

(عەلی) بە پێداگرییەوە دەڵێت: "متمانەم بەوان نییە." (مەتۆ) گاڵتە دەکات و دەڵێت:" هەر ئەوەندەی بینیت بەیانی مام خدر کەلوپەلەکانی گرت و رادەستی پۆلیسی کرد. دیار نییە!".

منیش نا ئاسوودەم، تووڕە دەبم، چەندە نا جێگیرەن لە هەڵوێستیان بەرامبەر بە من. کاتێک لەبەرژەوەندییاندا نەبێت بووکێنی و مووکێنی ناخوات. ترسی دەوڵەت تا سەر ئێسقان کاری تێکردوون. لە (مەتین)یش تووڕەم، خانەوادەکەی خۆی هیچ نەگۆڕیوە. دونیا بڕووخێت بەبای خەیاڵیاندا نایەت. باشە من چۆن ئەوانم خۆشبویستایە، چۆن لەگەڵیاندا بژیامایە؟ چاوەڕێی خزمەتکارێکیان دەکرد نەک کەسێکی تر. ئەگەر ئەوان بەوجۆرە لە من بڕوانن کۆتایی بەو پەیوەندییە دێنم. لێپرسینەوەم لە خۆم دەکرد. یەکەم جار بوو بەجددی بیرم لە پەیوەندییەکان دەکردەوە. ئەرێ بەڕاست چی منیان خۆش دەویست، شەیدای چی شتێکم ببوون؟ من چی ئەوانم خۆش بوێت، چۆن گرێدانێکم هەبێت لەبەرامبەریان؟ لە دایکم تووڕە دەبم، ئەو ژنە هەر هیچ نەبێت لە رەوشی وەهادا بیری لە ئێمە دەکردەوە، ئەمانە ئەمەش ناکەن، چۆن دەبێت! هیچ مەترسییەک ناگرنە بەر چاو، نایانەوێت سەری خۆیان بێئێشێنن.

شەو جارێکی تر هەڤاڵان هەواڵیان نارد و دەڵێن:" خەمی ئێمەتان نەبێت، کەلوپەلەکان بە باشی بشارنەوە، سبەی ئێوارە وەریان دەگرین". هاودینییەکی گەنجیان ناردووە. ئەم هەواڵە لە هەمانکاتدا دروستکردنی پەیوەندی بوو. رۆژێکی زۆر ناخۆش بوو: دەتگووت ئەو ناوە چۆڵ بووە. دۆخێکی دەروونی وەها داگیری کردبووین کە ژیان بەلامانەوە وەستابوو، واماندەزانی لە

بۆشاییەکی گەورە داین و تاک و تەراین. ئەو هەواڵە باش بوو، هەموومانی دڵخۆش کرد

بۆ بەیانییەکەی بەئەندازەیەک بە ئاسوودەییەوە چووم بۆ خوێندنگە. (مەتۆ) و ئەوانیش تا لەدەستیان بێت لە ماڵەوە نەدەمانەوە. هەوڵماندەدا وا بنوێنین کە هەموومان لە خوێندنگەین. دەمانگووت ئەگەر هەتا دەرخستنی کەلوپەلەکان و گەیاندنیان بەگوند شتێک روونەدات، دوای ئەوە کارەکە ئاسان دەبێت.

ترس و خۆفی مام (خدر) لەگەڵ دڵەڕاوکێی دایە خەپە یەکدەگرێتەوە. بە رۆژی رۆشنا دەڵێن: "دەبێت ئەو کەلوپەلانە لەوێ ببەن". (مەتۆ) هەوڵدەدات تێیانبگەیەنێت و رازییان بکات، بێ ئەنجام بووە. نەوەکانی خۆیشیان لە گەڕەکی دەمیرئۆلوکەوە هاتوون. کەلوپەلەکان دەدەن بەسەر شانی ئەواندا و دەیبەنەوە بۆ ماڵی ئێمە. نیوەی رۆژە و باوەڵ و فەردەیان بەسەر شانەوەیە و سەرنجی هەموو کەسێک رادەکێشن. (مەتۆ) لە تووڕەییدا دەگری. شتێکی لەدەست نایەت. لە شوێنی کەڵەکەکردنی دارەکان هەڵیاندەچنن. دەڵێن" ئەگەر پۆلیس بیبینێت دەڵێین ئاگامان لێی نییە، شوێنی کەڵەکەکردنی دارەکان دەرگاکەی کراوەیە و لەنیوەی باخەکە دایە، نازانین کێ داینا‌وە".

سەبارەت بە باوەڵەکانیش هەمان بڕیاری پێشوو بە بناخە وەردەگرن: "نازانین چیان لەناو دایە".

دیسانەوە بەجێکردنەوەیان لە شوێنی دارەکان لە ژێرزەمینی شوقە مەترسیدار بوو، خاوەن شوقەکە پێی دەزانی. کاتێک لە خوێندنگە گەڕامەوە بە بینینی ئەم رەوشە ئەعسابم تێکچوو. ئەمە واتای چی بوو؟ مێشکی مرۆڤ بەرگەی شتی وەهای نەدەگرت. بە رۆژی رۆشنا ئەو هەموو کەلوپەلە دەنێرنەوە بۆ

ماڵەوە!. ئەمە بە ئاشکرا جاڕی بەدەستەوەدان بوو. لە تووڕەییدا شێتی گرتبوومی. هەرچییەک بهاتا بە دەممدا دەمگووت. وەکو شێت هاوارم دەکرد و دەمگووت: "چیتر بووکی ئێوە نیم. خەتایەکی گەورم کرد متمانەم پێکردن. بەرژەوەندی پەرستینە! وەها بڕوات ئێوە کوڕەکەشتان دەدەن بە دەستەوە. نابێت جارێکی تر بێنەوە بەم ماڵەدا، قبوڵتان ناکەم."

بێگومان دوای ئەمەش نامەیان بۆ هەموو لایەک دەنارد و هانی هەموو کەسێکیان دەدا. دوایین نامەکەی باوکم سەرنجڕاکێش بوو. بەناوی دایکمەوە نووسیبووی و پڕبوو لە ئاگاداری. نامەکەی (مەتین)یش بە هەمانشێوە بوو، یەک تەن ئامۆژگاری تێدابوو. ئەم پیر و پەککەوتانە منیان بەچی دەزانی! وا چاوەڕێیان دەکرد بەپێی خواست و ویستی ئەوان لەماڵەوە وەکو خانم و خانمۆکە دادەنیشم و خزمەتی ئەوان بکەم؟! هەرگیز!.

بەهیچ شێوەیەک نەدەچوو بە دڵمدا و لە تووڕەیی خۆمدا دەگریام. ئەی ئەگەر کەلوپەلەکان بکەوێتە دەستەوە! بە (مەتۆ)م گووت:"هەندێکیان هەڵاوێر بکەین و بەجیا بیشارینەوە چۆنە؟ لایەنی کەم ناسنامەکان، نووسراوەکان و نەخشەی کوردستانمان بشاردایەتەوە. پەڕتووکەکان زۆر گرنگ نەبوون، دەمانتوانی فیشەک و زنجیرەکان بشارینەوە." (مەتۆ) هێورتر بوو و هەوڵی هێورکردنەوەی منیشی دەدا و دەیگووت:"با دەست لە هیچ شتێک نەدەین. لەناو ماڵدا ناشاردرێتەوە. دەرەوەی ماڵیش هەر نابێت. باشتر وایە ئێمە لە ماڵ بڕۆین، با بە میوانی بڕۆین بۆ شوێنێک."

فیکرێکی باش بوو، چووین بۆ لای (نیعمەت) و ئەوان. هەوڵماندا شتێک نەکەین هەست بە ڕەوشەکە بکەن. دۆخەکەم

بۆ نیعمەت گێڕایەوە. (نیعمەت) پێی سەرسام نەبوو و دەیگووت کە چاوەڕوانی هەڵویستێکی بەوشێوە لەوان دەکات و لەدەستیان دێت. ئەم هەڵویستەی (نیعمەت) هەڵویستی منیش لەبەرامبەر بە ماڵی دایە خەپە و ئەوان هەڵدەکرێنێت و زیاتر هانم دەدا.

هەموو ئەمانە وایان لێدەکردم سەرلەنوێ پەیوەندی نێوان خۆم و (مەتین) بخەمە بەر لێپرسینەوەوە. نەهاتنەوەی (مەتین) لە دوای ڕۆیشتنی دایکمەوە تا ئەوکاتەش ببوو بە گرێ لەسەرمدا. خۆی لە نامەکانیدا زۆر باسی ئەمەی نەدەکرد. دیارە بەهۆی نەفسبەرزی خۆیەوە نەیدەویست بکەوێتە ناو ئەو بابەتەوە. بەهۆی نائامادەیی دایە (زەینەب)مانەوە، بەواتایەک، هاتنەوەی بۆ دێرسیم قەدەخە کرابوو. ئەم دۆخەی خانەوادەکان لەجیاتی برەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان و زیاتر لێک نزیکبوونەوە، دوورەپەرێزبوونی خێراتر دەکرد. هەمدیسان لەناو خێزاندا و لە دەوروبەردا پابەندییەکی بەفەرمیکراو لە ئارادا هەبوو، هەرکاتێک کەسێکی تر بیخواستایە بە شتی نەرێنی زیانی پێبگەیەنێت لەناخی دڵمەوە کاری تێدەکردم و کاردانەوەم نیشان دەدا.

جاروبار دەمگووت: "خۆزگە (مەتین) دەهاتەوە، قسەمان لەسەر ئەمانە بکردایە و بچووینایە بۆ شوێنێکی دوور لە هەردوو خانەوادە!" بەڵام وام نەدەکرد ئەو هەست بەمە بکات. تەنیا لەڕووی نەرێنییەوە کاردانەوەکانم دیار دەبوون. هەرکاتێک بڕوام بکردایە کە دەتوانێت دوورکەوتنەوە لە هەردوو خێزانەکە دەستەبەر بکات، هێزێکی نابەرجەستەم لە پەیوەندییەکە وەردەگرت، بەڵام بەهۆی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاگادارنەبوونم لە دۆخی (مەتین)، هێوردەبوومەوە. هەڤاڵان بۆ ئەم پەیوەندییە و سەبارەت بە (مەتین) هیچیان پێ نەدەگووتم،

تەنیا ئەوە نەبێت جاروبار باسی لەسەر دەکرایەوە و هەندێک لە هەڤالان دەیانگووت: (مەتین) کەسێکی بەکاریگەر نییە، تەنیا ئامانجی خوێندنە.

تا دەهات خەم و نیگەرانی بیرکردنەوەیەکی وەک "ئەگەر هەردووکمان هەڵگری ڕێبازی فیکریی جیاواز بین ئەم کارە بەڕێوەناچێت" لە سوچێکی مێشکمدا جێگیر دەبوو. چونکە هیچ پەیوەندیەکی تر نەبوو بتوانێت زیاتر کار بکاتە سەری. ئەگەر پێکەوەبوونمان تا ڕادەیەک بەشێوەیەکی سرووشتی و پێبەپێ لە هەلومەرجی ئاساییدا هەڵبقولایە، بێگومان ئەمانە دوایین شت دەبوون کە بیرم لێبکردایەتەوە. بەڵام ئەوەی لە ژیاندا کاریگەری لێکردبووم و ئاراستەی پێدەدام و دەیخستمە ناو تێکۆشانەوە، خودی ئەم ئایدیۆلۆژییە بوو. یەکبوونی هەردووکمان جیاواز لەمە دروست نەدەبوو. چیدی بەمشێوەیە خەوی پێوە دەبینم. بۆیە دەڵێم:" بریا ئەویش وەکو هەڤالانی ئێمە بێت و هاوبەشی هەمان شت بین." هەڵوێستی خانەوادەکەی پەیوەندییەکەمانی کردبوو بە سەهۆڵ. لەناکاوێکدا هەموو شتێکی شکاندبوو. ئەو ڕۆژە ئەڵقەکەم لەپەنجەم دەرهێنا و گووتم:" ئەگەر بێن هەموو زێڕی دەستگیرانداریەکەم دەدەم بەناوچاویاندا!" هەر کاتێکیش هەوڵی هێوربوونەوەم بدایە، بڕوام بە پێویستی بەرفراوانتر و خوێنساردانەتر بیرلێکردنەوەی دەکرد و هەوڵم دەدا نەکەومە ناو زێدەڕۆییەوە. بەڵام بۆ ئێوارەکەی کە هاتن بۆ ماڵمان تەنیا ئەوەم پێگووتن کە ئەو کارەی پێی هەستاون هەوڵی جاڕدان و سکاڵاکردنە و بەکارهێنانی نەوەکانیان بۆ ئەو مەبەستە هیچ لە جێگەی خۆیدا نییە، ئەو شەوە هیچ شتێکی ترم پێ نەگووتن!.

بەدڵ ڕازی نەبووم. وام بۆ دەهات کە پێیان بڵێم:"هەڵسن بڕۆن"، نەمدەتوانی خۆم ڕاگرم لە دانیشتن و قسەکردنیان. لەو

کاتەدا ببوون بە دوو مرۆڤی جیاواز لەبەر چاوم. دوو پیر، دایک و باوکێکی نەک شایستەی خۆشەویستی و نرخ، وەکو دوو کەسی فێڵباز و ساختە دەهاتنە بەرچاوم. پەست و تووڕەش بووم لەوەی (مەتین) کوڕی ئەوانە. بڕوام دەکرد کە بیر لە (مەتین)یش ناکەنەوە. ئەو هەڵوێستەیان پێودانگێک بوو، دەستم کردبوو بە بەراوردکردنی هەموو شتێک لەو چوارچێوەیەدا.

هەڤاڵانیش ئەو شەوە قسەکەی خۆیان بەجێ نەهێنا، بەڵام وەکو رۆژی یەکەم هێندە نیگەران نەبووم. بەتایبەتیش پاش ئەو هەڵوێستەی مام (خدر) و ئەوان ترس و نیگەرانیم نەما. تەنانەت دەمگووت: "حەز دەکات با پۆلیس بێت، منیش بگرێت." خۆزگە دەیانگرتم و تێبگەیشتنایە کە ئەو هەڵوێستەیان رێگەی بۆچی خۆشکردووە." بیرکردنەوەیەکی زۆر گەوجانە بوو، بەڵام نەمدەتوانی زاڵبم بەسەر تووڕەییم لەبەرامبەر بەوان و بەمجۆرە زیانم بە خۆم دەگەیاند. هەڵوێستێکی منداڵانە بوو. کەلوپەلەکان گرنگ بوون و دەستگیرکردنم بەو کەلوپەلانەوە خراپ بوو، دەبوو بە هۆکاری ئەوەی ماوەیەک زیندانی بکرێم و ناسنامە و پەرتووکەکانی هەڤاڵانیش دەکەوتنە دەستی پۆلیسەوە. ئینجا بەو رەنگە دایە خەپە و مام (خدر) لەچی تێبگەیشتنایە؟!. تایبەتمەندی بەخۆدا تەقاندنەوەی تووڕەیی و پەستییم لە کەسانی تر، لەو رۆژگارەوە لەمندا هەبوو. زیان بەخۆگەیاندن و خۆئازاردان..! چ سەیرێکە!

## دەبم بە شۆڕشگێڕ؛ ناتوانن ڕێگریم لێبکەن

لەراستیدا ئەوان هەڵەیەکیان کردبوو. لەبەرامبەر بەم چەوتییەیان چی ترم پێدەکرا؟ هەر ناکۆکییەک دووچاری دەهاتم زیاتر لە هەڤالانی نزیک دەکردمەوە و وابەستەی ئەوانی دەکردم، لەبەرامبەریان بەهێزی دەکردم. چیدی کاتێک ئەوان دەهاتن بۆ ماڵمان، ناچارنەبووم منیش لەماڵ بم. دەمگووت "کارم هەیە" و دەردەکەوتم و دەڕۆیشتم، یاخود بۆ نموونە، دەمتوانی بڵێم "ئێوارە لەلای ئێمە بن نان دەخۆین و دەچین بۆ فلانە ماڵ"، بەم شێوەیە رەتیان بکەمەوە. بەڵام ئەوان لەنامەکانیاندا زۆر بە زێدەڕۆییەوە باسی ئەم دۆخەیان بۆ دایک و باوکم کردبوو. ئەوانیش نیگەران ببوون و لەناکاو بڕیاری گەڕانەوە دەدەن. باوکم هەرگیز بێ ئاگادارکردنەوە و بێ ناردنی هەواڵ نەدەهاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان جیاواز بوو: لەپڕێکدا دەردەکەون و دێنەوە. چجای لە شەودا.

لەم نێوەدا (ئیبۆ) و (باقی) ئامۆزام لە زیندان ئازاد بوون و جاروبار دەهاتن بۆ لامان. بەر لە ئازادبوونیان چەند جارێک سەردانم کردن. (ئیبۆ) ئەو کاتەی لە زیندان بوو. ئەندامی (TİKKO)کان بوو. لە ساڵی 1975 لەو سەردەمەدا دەستگیر کرابوو کە موستەفا تیمیسی[77] هاتبوو.

---

[77] سیاسەتمەدارێکی کوردی خەڵکی شاری سێوازی باکووری کوردستانە، لەکۆتایی 1960ەکاندا وەکو ئەندام و دواتریش سەرۆکی پارتی یەکێتی بوو. کە - پارتێکە 1966 – 1981 دا سەرەتا بە هەڵگرتنی پرەنسیپ، تایبەتمەندی و رەوشتی عەلەویێتی و پاش گۆڕینی ناوی خۆی بۆ پارتی یەکێتی تورکیا مۆرکی کەمالیزمیشی هەڵگرت – دا کاری کرد و ماوەیەکیش پەرلەمانتاری هەمان پارتی بوو، بەڵام هەمیشە وەک کەسێکی دەوڵەت جولاوەتەوە.

هەمدیسان دێرسیم رۆژێکی پڕ لە رووداوی بەسەر دەبرد. کاروانەکەی لەسەر پردی خارپێت رادەوەستێندرێت و رێگەی پێنادرێت بێتە ناو شاری دێرسیمەوە. هاتنی سەرۆکی پارتی یەکێتی تورکیا بۆ دێرسیم شەرمەزار دەکرا. هەوڵی رێکخستنی عەلەویگەری دەدا و دەیویست لێرەوە هاوکاری بدات بە دەوڵەت. (قەرەئۆغلان - ئەجەوید) ماوەی چەند ساڵێک بوو لە دێرسیم بەناوی چەپڕەوێتی و گەلپارێزییەوە دەیویست هێز و توانستی دێرسیم بۆخۆی رێکبخات، ئێستاش (تیمیسی)! ئەویش دەیویست جارێکی تر گرێیەک بدات لەو شوێنەی پەتی عەلەویگەریی تیادا پساوە. بەڵام چیدی دێرسیم دێرسیمی جاران نەبوو. ئۆپۆزسیۆنێک هەبوو؛ ئەگەرچی زۆر بەرفراوانیش نەبێت. توێژی گەنجان بە ئاشکرا تووڕەیی خۆی دەردەبڕی. لەو چالاکییەدا چەند هەڤاڵێکی ئێمەش دەستگیر کرابوون، (یڵدرم مەرکیت) ئەو کاتە کەوتە زیندانەوە.

لە سەردانەکەمدا بۆ لای (ئیبۆ)، بە گەرم و گوڕی گفتوگۆمان لەسەر بابەتی داگیرکراوی کوردستان کرد. لە زیندانەکانیشدا گفتوگۆ بە بەردەوامی هەبووە. کاریگەری لەسەر بوو دەیگووت: "لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەم". ئەم گووتەیە لەو سەردەمەدا هەڵوێستێکی ئەرێنی و بەرپرسیارانە بوو. (باقی) ئەندامی (HK) بوو. ئەویش گفتوگۆی لەسەر مەسەلەی میللی دەکرد. دیار بوو مەیلیان هەبوو، یان بەدیوەکەی تریدا؛ لە بواری کێشەی کورددا هۆشمەند بوون. ئەمەش ئێمەی دڵخۆش دەکرد. (ئیبۆ) دەیگووت: "کە دەرکەوتم دێم بۆ ماڵتان و لەوێ گفتوگۆ دەکەین". هاتنی (باقی)ش ئەرێنی بوو، ساڵی پێشوو پێکەوە قسەمان کرد و رەتی کردبووەوە. کەواتە ئەو رەوشەی نەدەخستە بەردەم هەموو شتێکی ترەوە، لە شۆڕشگێڕیدا تۆران و هەڵوێستی کەسێتی

(شەخسی) جێگەی نەبوو. زیاتر ڕێزم لەو دەگرت و هاوکات لەناخیشمەوە دڵم پێی دەسووتا. چونکە ئەوان هەڵوێستەکەی منیان دەگەڕاندەوە بۆ هەژاری خۆیان و لەو ڕووەوە گوایە بە کەمم زانیوون. ئەوانیش وایان لێکدەدایەوە کە خێزانێکی دەوڵەمەند و شاریی و کۆمەلایەتیم هەڵبژاردووە. هەست بە تووڕەیی و دڵشکاوییەکەیان دەکرا. (ئیبۆ) ئەگەر بە گاڵتەش بێت جاروبار قسەیەکی تێدەگرتین. (باقی) زیاتر هێور و پێگەیشتوو بوو.

ئەو شەوە (وەلی تایهان) و (مەتین گیونگیۆز) هاتن و پێکەوە بە بەرفراوانی گفتوگۆمان کرد. ئاستی مەعریفەی هەڤاڵان، کاریگەری هەبوو لەسەر ئاستی پێگەیشتوویی گفتوگۆکە. (باقی)یش بەگشتی کەسێکی لێزان بوو، بەلام لەبابەتی کوردستاندا کەموکورتییەکی زۆری هەبوو. ئەو توێژینەوانەی هێنابوونی، دەگەڕانەوە بۆ بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر[78]. دەیگووت: "ڕێکخستنی لەجۆری بەلشەفیک پرسی نەتەوەیی چارەسەر دەکات. زیاترین کاردانەوەیان لەبەرامبەر بە خۆڕێکخستنی جیاواز بوو. لەکاتێکدا بانگەشەکانی خۆڕێکخستن لەگەڵ جیاوازی هەلومەرجەکانی کوردستان و تورکیا ناکۆکییەکی زۆر ئاشکرای دەردەخستەڕوو، کەچی ئەمان پێداگرییان دەکرد و ڕازی نەدەبوون. سەرەنجام هەردووکیشیان گووتیان: "بەدواداچوونی بۆ دەکەین، دەشێ لەم بابەتەدا بەهەڵەداچوونمان هەبێت، بەلام با ناوبەناو گفتوگۆی دۆستانە و دیمانەمان هەبێت". و هەڵسان و ڕۆیشتن.

---

[78] مەبەست لە شۆڕشی گەورەی بۆلشەفیکەکانە، لەدوای ئەم شۆڕشە کە بەفەرمی بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەناسرێت 17-10-1917، شۆڕشی گەورەی سۆسیالیزم دەستپێدەکات.

بەلامەوە گونجاو نەبوو ئەو شەوە لەماڵمان بن، ئەوانیش بەدڵنزمییەوە وەریان گرت. ئامۆزام بوون، بەتایبەتیش دوو کەسی شۆڕشگێڕ بوون. بەڵام ئەگەری هەبوو دەوروبەر ئەم سەردانە بەشێوەیەکی جیاواز لێکبداتەوە. ئاوەڵاکردنی ڕێگەی فیتنە و بەیتوبالۆرە لە جێی خۆیدا نەبوو. ئەمەش لەکاتێکدایە کە مام (خدر) و ئەوان شک و گومانیان لە هەموو شتێک دەکرد و ئەم سەردانەیان بەهیچ شێوەیەک پەسند نەدەکرد. ئەو شەوە بردمانن بۆلای خزمێکی نزیک و لەوێ میوانداریمان کردن. (باقی) دڵی ئێشابوو بە دەستگیرانداری من و (مەتین). جارێکیان لە کاتی تەوقەکردندا پێی گووتم: "بێگومان بە ئێمە رازی نەبوویت، بەڵام من هەمدیسان بە کچە مام ناوت دێنم". (ئەلیف)ی هاوگوندمان ئەو شەوە ئەو قسەیەی وەکو فیتنەیەک هەڵگرت و پەیتا پەیتا دەیکێشا بەڕوومدا و دەیگووت: گوایە من بەهۆی هەژارییەکەیانەوە ئەوانم رەتکردۆتەوە. بە بیرهێنانەوەی هەڵوێستەکانی دایە خەپە و ئەوان منی بە تەواوی خستە پێگەی تاوانبارییەکی گەورەوە. ئەو شەوە وای لێکردم هێندەی نەمابوو داوای لێبوردن لە (باقی) بکەم و پێی بڵێم کە هەڵەم کردووە. دیار بوو هەموو کەسێک بەشێوەیەکی سۆزدارانە مامەڵەی دەکرد. لاوازترین خاڵی منیشە. هەرگیز بەهۆی هەژاربوونیانەوە مامەکانم رەتنەکردەوە، بەپێچەوانەوە خۆشمدەویستن.

ڕۆژی دواتر مام (خدر) و ئەوان پێیان زانی بوو کە ئەمان هاتوون بۆ میوانداریمان. هەوڵیان دەدا کە هەست بە کاردانەوەکانیان نەکرێت. ئەو ڕۆژە منیش بە پێچەوانەوە لەبەرامبەریان هەوڵدەدەم بەڕێزێکی زیاترەوە مامەڵە بکەم. دیارە لێرەشدا هەوڵمدەدا بەهەڵە لە دوایین کاردانەوەم تێنەگەن و بەهەڵەش لێکینەدەنەوە. بەڕاستیش کەوتبوومە ناو دۆخێکی

دەروونی وەها وەکو بڵێی تاوانێکم کردبێت. کە شتێکی زۆر ئاسایی بوو، ئامۆزام بوون و هەمیشە دەیانتوانی هاموشۆمان بکەن. لەجیاتی ئەوەی ئەوان بەمشێوەیە تێبگەیەنم، کەچی لەدۆخێکی وەهادام وەکو بڵێی شتێکی زۆر باشم نەکردبێت. سەرچاوەکەی لەوەوە دەهات کە زۆر هەستیار بوون. ئەگەر دایک و باوکم لەماڵ بوونایە گرنگ نەبوو، بەڵام ئێستاکە کەس لەماڵ نییە، کچێکی دەستگیراندار، بە ئاسانی قسەی لەبارەوە دەکرا. شتێکم دۆزیبووەوە کە بۆخۆمی بکەم بە دەردێک و لەمێشکمدا کردبووم بە گرێیەک.

شەوێکیان لەکاتێکدا لەماڵەوە نەبووم دایک و باوکم هاتنەوە. لەو کاتەدا لەماڵێکی نزیک بووم و بەبیستنی ئەو هەواڵە دەستبەجێ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. هەڵوێستەکانی دایکم سەرنج ڕاکێش بوون، ساڵێکە دوورە لێمانەوە، چاوەڕێمان دەکرد بەبینینی ئێمە دڵخۆش بێت و بەگەرمی و تاسەوە لە باوەشمان بگرێت، بەڵام نەخێر، ئەو ئەقڵی لەلایەکی ترە و چاوی جارێک دەڕوات بەرەو مەتبەخ و جارێک بەرەو ژووری میوان و رێک لەو کاتەدا قیامەت دێتە خوارەوە. وایەری خانووەکەی خوارەوە بە پلاکی کارەبای ژوورەکەی میوانەوەیە، لەبیرمان کردبوو دەریبهێنین. کەلوپەلە زیادەکانیشمان لەوێ ڕێکوپێک هەڵچنی بوو، تا زۆر پێویستی نەکردایە ئەو ژوورەمان بەکار نەدەهێنا. بەو هۆیەوە بە ئەندازەیەکی کەم پەنجەرەکەی سەرەوەمان کردبووەوە و لە درزێکەوە وایەرەکەمان هێنابووە ژوورەوە. وایەرەکەی لە پلاک کردەوە و بە تووڕەییەوە فڕێی دا، هەوڵی باوکم بۆ هێورکردنەوەی دایکم ئەنجامێکی باشی هەبوو.

حەپەساین. نەماندەزانی چی بکەین، بەپێوە وەستابووین و چاوەڕێمان دەکرد. کەچی ئەو پرسیاری دەکرد و دەیگووت:

"بۆچی ئەمماڵەتان ئاوەها لێکردووە. ئادەی پێم بڵێن، کێ دەهات و دەچوو؟".

لێپرسینەوەکانی دایکم هیچ کۆتایی نەدەهات، ئەو شەوە وەکو "دێوەزمەیەک بوو، نە دەمانتوانی بڕۆین بۆ شوێنێک، نە هەڤاڵان دەهاتن. لە پڕێکدا سەرجەم پەیوەندییەکانمان راوەستابوو. زیاتر جلوبەرگەکانی من ببوو بە گرێیەک لە مێشکیدا. جلوبەرگم وەکو جاران نەبوو، جلێکی سادە و ئاسایی بوو. سەرپۆشێکی ئاوریشمی گوڵداری رەش کە بەو هۆیەی زۆرم خۆشدەویست لەملم پێچابوو، زیاتر سەرنجی رادەکێشا. لەو بەینەدا بە دەنگێکی توندەوە پرسی" ئەمە چیە، پرسەت هەیە... کەست مردووە... چییە؟" کاتێک مام (خدر) و دایە خەپەش هاتن جلەکانم هەر وەکو خۆی بوو. بەتایبەتیش پێشوازییەکی سارد و سڕم لێ کردن. ئەمانە هەمووی سەرنجی راکێشا بوو و ترسابوو. پەیتا پەیتا بە باوکمی دەگووت:" ئەم کچە شتێکی بەسەر هاتووە، ئەمە چیە ئەم جلوبەرگە، تەماشای بکە چی لێهاتووە. شتێکی پێ بڵێ، قسە لەگەڵ من ناکات."

ناوبەناو بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە دراوسێکان و لە خوشک و براکانمی وەردەگرت، کاردانەوەکانی دەگۆڕا. (مەتۆ) وەکو هەمیشە گەورەترین پشتیوانمە. لە ماڵدا زیاترین کەسێک بوو هاوکاری دەکردم. گەرچی زۆر شەڕیشمان دەکرد. بەتایبەتی لە ساڵانی بەر لە هاتنە ناو خەباتی شۆڕشگێڕییەوە شەڕمان زۆر بوو. هەرگیز لەیادم ناچێت، لە گوندی دایەگەورەم و ئەوان کەوتمەدوای و لێمدا. زۆر تووڕەی کردبووم، کەوتمە دوای و هەوڵمدا بیگرم، بەڵام ئەو زۆر خێرابوو لە راکردندا، منیش هەر سوور بووم لەسەر گرتنی. تا کەنارەکانی ئاوی مونزور راومنا. بەو زەویە بەردینییەدا چۆن بێ ئەوەی بکەوم

ئەو هەموو ڕێگەیەم بڕیبوو، لە ڕۆژانی دواتردا سەرم لەخۆم سوڕدەما. (مەتۆ)ش ئەو لێدانەی لەیاد نەکرد. ناوبەناو دەیهێنایەوە بیرم، هەرجارێکیش بۆ من بەئێشتر دەبوو.

باوکم هەمیشە گووتەیەکی تری نەدەدۆزییەوە بە دایکم بڵێت تەنیا دەیگووت:" زۆر زاڵمیت"، ڕاستی دەکرد، زۆر بە ئاسانی لە منداڵەکانی، لە ئێمەی دەدا. بەسەر تووڕەیی خۆیدا زاڵ نەدەبوو. ددانەکانی لێچیڕ دەکردینەوە، بە مشتەکۆڵە لێیدەداین، قژی ڕادەکێشاین. ئەگەر تیرۆک، یان نەعلی دەستبکەوتایە، بێ هیچ دوودڵییەک پێیدا دەکێشاین. ئەو لێدانە دەیڕەنجاندین، نیشانەیەکی قووڵی دەروونی دروست دەکرد، بەڵام ئەو تەنانەت هەستیشی پێنەدەکرد. جاروبار دەیویست دڵنەواییمان بداتەوە، بێ ئەنجام دەبوو.

گەورە بووین، زۆر زووتر هەستمان بە کاریگەری هەندێک شت دەکرد، بەڵام ئەو هەمدیسان گوێی پێنەدەدا لەپاڵ هاوڕێیانمان یاخود لە شوێنی وەهادا کە خەڵکانی تریش ببینن بە ئاسانی فەلاقەی دەکردین. هەرگیز مافم نەدا بەم ڕەفتارەی، وەک ئەزموون و وانەیەک بۆم نەڕوانی، بەپێچەوانەوە کاردانەوەی لەناخمدا دروست دەکرد. سەرەڕای ئەمە جاروبار دەستم دەوەشاند و لە کەسانی ترم دەدا، بەڵام لەوان خراپترم بەسەر دەهات کاتێک بەم کردەیەی خۆمم دەزانی. وەکو گووتم: (مەتۆ)م هەرگیز لەیاد نەکرد. هێشتا دڵم بۆی دەگری، چۆن کێشابووم بە ناوەڕاستی پشتیدا. بەڵام ئەو زۆر بە ڕێز بوو، سەرەڕای ئەوەی زویرم کردبوو، بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە تەماشای کردم و توانی زاڵ ببێت بەسەر تووڕەبوونی خۆیدا. گەر بیویستایە دەیتوانی زۆر بە ئاسانی دەستم لێ بەرز بکاتەوە و لێمبدات، بەڵام نەیکرد.

(عەلی) لەماڵدا نزیکترین کەس بوو لە دایکمەوە. دایکم زیاتر گرنگی دەدا بەو. (عەلی)ش بە سوود وەرگرتن لەو هەڵوێستەی دایکم دەیویست ئەو پێگەیەی خۆی بپارێزێت. بەلای دایکمەوە (عەلی) تاکە کەسێک بوو کە هیچ شتێکی لێ ناشارێتەوە و هەموو شتێکی بەڕاست و دروستی بۆ دەگێڕێتەوە. زیاترین پرسیاری سەبارەت بە ماوەی رابردوو ئاراستەی (عەلی) دەکرد. دەیویست لە زمانی (عەلی)یەوە بزانێت کێ هاتوچۆی ماڵەوەی کردووە، هەڤاڵ و هاوڕێکانمان کێن و کێ نین. (عەلی) وەکو جاران نەبوو. شتێکی دەگێڕایەوە کە زیانی نەبێت، بەلام هەرگیز باسی پەیوەندییەکانی ئێمە و هەڤالانی نەدەکرد. لەو حاڵەدا دەیگووت: "هەندێک دەهاتن و دەچوون، هاوڕێی دادەم بوون، نەماندەناسین". دایکم بەردەوام دەیگووت: "با ساکینە لە خوێندنگە دەربهێنین، زەماوەندی بۆ بکەین، چی دەکەن با بیکەن، با بیاندەینێ و لەکۆڵمان بێتەوە. ئەگەر نا وا برِوات کارەساتێکی بەسەر دێت". دەیویست باوکم رازی بکات.

دەیویست قسەم لێدەربێنێت و بە کاردانەوەکانم بزانێت، لە راستیدا ئەمە هەڕەشە بوو. وەکو رابردوو لە هەوای کیژۆڵەییشدا نەبووم! هەڵسوکەوت و هەست و سۆزی کچێکی دەستگیرانداریشم لێ بەدی نەدەکرا. هەر کاتێک پرسیاری پەیوەندی نێوان من و (مەتین)ی بکردایە، پێم دەگووت کە لەوبارەیەوە هیچ پرسیارێک نەکات و پەیوەندی بەخۆیەوە نییە. ئەم هەڵوێستەم زیاتر تووڕەی دەکرد. واتای چی بوو؟ چۆن پەیوەندیداری نەدەکرد، واتای پێ نەدەدا.

جارێکیان ویستی ئەوەم بۆ باس بکات کە ئامانجی چیی بووە لە رێگریکردنی لە هاتنی (مەتین) بۆ دێرسیم لەکاتی رۆیشتنی خۆیان بۆ ئەڵمانیا. گوایا بیری لەمن کردۆتەوە و

خەمی منی بووە. کاردانەوەیەک لەبەرامبەر بەمە لەجێگای خۆیدا دەبوو؟ یاخود کارێکی باشی نەکردبوو؟ بە ژێر لێویەوە ئەم پرسیارانەی لێکدەدایەوە. لە گەڕانەوەیاندا چاویان بە (مەتین) کەوتبوو، ئایا بەم دیدارە تێکچووبوو؟ ئایا (مەتین)یش تا رادەیەک کاردانەوەی نیشان دابوو و هەڵوێستی وەرگرتبوو؟ دەشبێت ئەویش لەبەرامبەر بەم پەیوەندییە سارد بووبێتەوە. هەڵەشییەکەی لەم ڕووەوە بوو، یان ئەگەر خودی خۆی بووبێت بە هۆکاری تێکچوونەکەی؟

دایە (زەینەب) باش بیری لێدەکردەوە، هەموویان راست بوون. کاریگەری ئەمانەش هەبوو. ئەگەر ناوبەناوێک (مەتین) بهاتایەتەوە، دەکرا پەیوەندییەکەی نێوانمان گەرمتر بووایە، دەمانتوانی پێکەوە لەچوارچێوەی هەمان ئایدیۆلۆژیا کارمان بکردایە، یاخود خاڵەکانی لێکجیابوونەوەمان زووتر دەردەکەوتەڕوو. بەهەر حاڵ نەهات. فەرمانە توند و کۆنکرێتییەکەی دایە (زەینەب) جێبەجێ کرابوو. بەڵام بەدەر لەمەش زۆر شتی تر هاتبوونە ئاراوە کە کاریگەرییان هەبوو.

باوکم لە دایکم ئارامتر و تێگەیشتووتر و بەڕێزتر بوو، دەیویست تێبگات. لەگەڵ باوکم بە ئاشکرا قسەمان کرد کە هەر لەسەرەتاوە بابەتی دەستگیرانداری زۆری لێکردووم و هێشتا ئامادەی نیم، باسی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی ئەو دەمانەم بۆ کرد کە هێشتا ئەم باسە لەئارادا نەبوو. پێم گووت: "رێک وەکو خزمەتکار مامەڵەم لەگەڵ دەکەن! هەر لە ئێستاوە وەکو موڵکی خۆیان تەماشام دەکەن. خۆیان لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنن. من ناتوانم لەچوارچێوەی داواکانی هەردوولاتان بژیم..!

ئەو هەموو گۆڕانکارییە لە ئارادایە، هەموو کەسێک بە شتی ترەوە سەرقاڵە، من ناتوانم لەدەرەوەی بمێنمەوە. خوازیارم ببم بە شۆڕشگێڕ. لەوەتەی هاتوونەتەوە هەر ئەوەندەیە منتان لەماڵەوە دەستبەسەر کردووە، ناتوانم بڕۆم بۆ لای هاوڕێیانم، کەس نایەت بۆ لام. ئێوە لە ئەورووپان، پێویستە باشتر تێبگەن. دایکم دەستدەخاتە ناو هەموو کارێکمانەوە، قەدەغە لەسەر هەموو شتێک دادەنێ. هەمدیسان ئەوەی خستۆتە مێشکی خۆیەوە دەبێت دەستبەجێ دەستگیرانداریەکە بکرێت بە هاوسەرگیری. ئەگەر دەتانەوێت لەم بابەتەدا هەڵوێستی راستەقینەم بزانن: خوازیارنیم. چەند جارێک کەلوپەلەکانی شەکراو و دەستگیرانداریەکەم کۆکردەوە و ویستم بیدەم بە سەرووچاوی ئەو پیر و پەککەوتانەدا. بەمجۆرە نابێت" و دەمویست باوکم رازی بکەم. باوکم هەر ئاخ و ئۆفی بوو.

باوکیشم بە تووڕەبوونێکەوە بەدایکمی گووت: "(باقی)یش شۆڕشگێڕ بوو، ئەوانتان پەسند نەکرد" و وەها دەیویست رازیم بکات: "ئێستا لەگەڵ ئەو کوڕە دەستگیراندارن. هەندێک شتی ئەوان پەسند دەکەیت، راست نییە هەموو شتێکیان رەتبکەیتەوە. بێگومان ئەوانیش خۆیان لەهەموو شتێکتەوە هەڵنەقورتێنن. تۆ دایک و باوکی مەکە بەگرێکوێرەیەک بۆخۆت، ئەو کوڕە کەسێکی خراپ نییە، رێکوپێکە، لە زانکۆ دەخوێنێ، دیارە قسەی نابێت بۆ شۆڕشگێڕییەکەت. لەگەڵیدا بەردەوام دەبیت لە قسەکردن، لە نووسین بۆ یەکتر". هەوڵیدەدا پرسەکە لەڕوویێکی ئەرێنییەوە چارەسەر بکات.

هەڵوێستی باوکم دەبێت بە مەعنەویاتێک بۆ من. بەپێچەوانەوە دایکم وانییە. تا بڵێی لەبەرامبەر بە هاتوچۆم بۆ خوێندنگەش بە ئاگا و وریایە. بەڵام من لەم بوارەدا ترس و

شەرمنیم فڕێداوە. بێ پرسی ئەو نەدەچووم بۆ هیچ شوێنێک. پابەند بووم بەسیستەم و یاسا و ڕێساکانی ماڵەوە، بەڵام ڕێساکان ژیانی نوێمی سەراوبن دەکرد، هیچ مافی ژیانی پێنەدەدام. کاروباری پەروەردە، کۆبوونەوەکان، گفتوگۆکردن و سەرجەم پەیوەندییەکان هەڵواسرابوون. لە خوێندنگەوە دەڕۆیشتم بۆ شوێنە دیاریکراوەکان و بەئەندەزایەکیش کاتەکانی پەروەردە و خۆپەروەردەکردن بەگوێرەی وەلانانی ئەوجۆرە کۆسپانە ڕێکدەخست. یان مۆڵەتی فەرمیمان وەردەگرت، یان ئەوەتا لەسەر لیستی ناوی خوێندکاران دەمانووسی "تەواوی پۆل ئامادەیە".

لەم خاڵەدا گرفت نەدەما، چارەسەرکردنی گرفتەکان ئاسانتر بوو لە گووتنی تەنیا وشەیەک لەگەڵ دایکم. جاروبار هەڤاڵان قەدەخەکانی دایکمیان دەشکاند، دەهاتن و گفتوگۆیان دەکرد. دایکم پێی دەگووتن" واز لە کچەکەم بهێنن" و پێداگری دەکرد. گفتوگۆی هەندێک لە هەڤاڵان لەگەڵ دایکم زۆر جیاواز بوو. ڕێکوپێکی و نەرمونیانی ڕەفتاریان، تووڕەیی دایکمیان وەلا دەنا، تەنانەت جاروبار دەیانخستە پێکەنین و ئاسوودەیان دەکرد. (قیمەت) و (تورکان)ی هیچ خۆشنەدەویست. ئاسوودەیی لە رادەبەدەر، هەڵسوکەوتی پیاوانەیانی و بە سووکی دەبینین و قسەکانی هەردووکیانی بەلاوە ناخۆش و نابەجێ بوو. بەم هۆیەوە هەر کاتێک ئەوان بهاتنایە، ماڵەکە دەورووژا و خۆیشی دەبووە مایەی تووڕەکردن و دەنەدان. کاتێکیش کە نەیدەتوانی ڕێگری لە پابەندیم بە هەڤاڵانەوە بکات، ئەم جارەیان پەنایدەبردە بەر جیاوازی خستنە ناو هەڤاڵانەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکانیانی بەگوێری تێگەیشتنی خۆی لێکدەدایەوە. منیش لەبەرامبەر بەم جۆرە هەڵوێستانەی، هەڵوێستی توندم

وەردەگرت. هەرگیز نەمدەهێشت قسە بە هیچ یەکێک لە هەڤالانم بڵێت. هەندێک هەڤاڵ هەبوون کە خۆشی دەویستن و دڵگیر بوون لەلای، بە ئاشکرا دەیدرکاند. بەگشتی هەموو هەڤالانی نەدەناسی. ئەوانەی دەناسی کە هاتوچۆی ماڵەوە و خانووەکەی ناو باخەکەیان دەکرد.

سەرەڕای هەموو شتێک بەردەوام بووین لە راپەڕاندنی کاروبارەکانی پەروەردە و خۆپەروەردەکردن. لە شوقەکەشدا هەڤاڵمان هەبوو. (سەڤیم کایا)ش گوشاری خێزانەکەی لەسەر بوو. شەوان بەشێوەیەکی سەیر و سەمەرە لەماڵ دەهاتە دەرەوە. شەپقەی لەسەر دەکرد، ملپێچێکی لە دەموچاو دەپێچا و بە شەقامی شوقەکەدا هاتوچۆی دەکرد. دیمەنێکی پیاوانەی دەبوو. زۆر گرنگ بوو بێ ئەوەی کەس پێت بزانێت بە دالانەکەدا تێپەڕ ببیت و پاشان بە شەقامە تاک و تەرا و تاریکەکەدا تا گەڕەکی داغ رێبکەیت. نیشانەی بڕیاردارییەک بوو. شۆڕشگێڕیتی لە بەرچاو گرتنی هەموو شتێک و باوەشکردنەوە بوو بۆ هەموو زەحمەتییەک.

شێوازی ژیانی نوێنەرە پێشەنگەکانی ئایدیۆلۆژیای رزگاریخوازانی نیشتمانی، فێرکاری ئەم راستینەیە بوون. پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خێزان، پەیوەندی سیستەمی دەوڵەت بوو. خێزان لەم کەین و بەینەدا لە دامودەزگا دەسەلاتدارەکانی دەوڵەت بەکاریگەرتر بوو. شەڕێکی گەورە لە ئارادا بوو و ئەم دۆخە کۆسپ بوو لەبەردەم خوێندن، فێربوون و ئاشنابوون بە راستینەکانی خودی مرۆڤ. هەرچەندە لەم خاڵەدا گەیشتن بە سەرکەوتن ئەستەم و زەحمەتیش بێت، بەلام سەرئەنجام بەواتای راوەستاندنی ئەو ژیانە بوو. جگە لە چڕکردنەوەی ناکۆکییەکان هیچی تر نەبوو.

ئیتر بە ئاشکرا دەچووم بۆ پەروەردە و کۆبوونەوەکان. پێشتر داوای دەستوورم دەکرد. دەمگووت "ئەمڕۆ کارمان هەیە پێویستە بڕۆم". گەر دەستووریش نەدرایە کە هەرگیز نەمبینی بدرێت، هەر دەڕۆیشتم. بێگومان هەر رۆیشتنێکیش گەڕانەوەیەکی بەدوادا دێت. ئەو رۆژانەی پەروەردە کە بەدەمەقاڵێ و شەڕ بڕۆیشتمایە، دڵشکاو و بێ مەعنەویاتیم لەڕوو دیار دەبوو. بتەوێت و نەتەوێت بیرم لەو دەمەقاڵێیە دەکردەوە کە لە گەڕانەوەدا تووشی دەبووم. ئیتر بە ئاشکرا قسەمان دەکرد و شەڕەکەمان بە ئاشکرا بەڕێوە دەبرد. پێویستی بە درۆ نەدەکرد. شۆڕشگێڕم، پێویستە ئەرکەکانم جێبەجێ بکەم. کاروباری پەروەردە ئەرکی سەرەکی بوو، کەس نەیدەتوانی رێگری بکات لە بەشداریکردنم. تەنانەت دایە (زەینەب)یش نەیدەتوانی رێگری بکات. پێویست بوو هەمیشە و دایم قسە و دەمەقاڵێمان بێت، جاران ئەو بەکاریگەرتر دەبوو، لە توانایدا بوو لە زۆر شتدا رێگری بکات. ئیدی نەیدەتوانی و پێینەدەکرا، پێشتر بە ئاشکرا مەتەرێزی لە هەمبەرم دەگرت، منیش گوێم پێنەدەدا و بە ئاشکرا رەتم دەکردەوە، لەبەرامبەر بە پێداگرییەکانی دەمگووت: "من خوازیارم ببم بە شۆڕشگێڕ، لەم خاڵەدا ناتوانیت رێگریم لێ بکەیت، خانەوادەی کچە هاوڕێکانی ترم چۆن بن تۆش هەر بەوشێوەیە. هەر چییەکم کردبێت دیارە، شتێکی خراپ ناکەم. ئەگەر لەم بابەتە زەحمەتی و ئاستەنگیم بۆ دروست نەکەیت لەم ماڵە دەمێنم، ئەگەر نا راناوەستم و نامێنمەوە".

ئەمە هەڕەشەیەک بوو. نەیدەویست بڕوا بکات، بەڵام گومانیشی نەبوو لەوەی شێتییەکی وەهام لەدەست دێت. ئەویش پێی دەگووتم: "کەوابوو شوو بکە و بڕۆ! بەرپرسیاریتی تۆ هەڵناگرم".

زۆر باش دەیزانی کاتێک دەڵێم: "لەماڵ نامێنمەوە" مەبەستم ئەوە نییە بڕۆم بۆ ماڵێکی تر، ئەمە نیگەرانی دەکرد. واتای پێ نەدەدا. نەیدەویست واتا بەو هەموو کاردانەوانەی من بدات.

## به ڕاست چی بوو؟ لە جەوهەری ئەو ناکۆکی و شەڕانەی دەمکرد چی هەبوو؟

خێزان مەیدانێکە کە هەم پڕە لە شەڕ، هەم لە هەمانکاتدا خاوەنی تایبەتمەندییەکە لەناو خۆیدا پابەندی، یەکێتی، ئەرک و بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت. ڕەنجدەریی باوکم، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەمارگیری و بەهەندوەرگرتنێکی زۆر زیادی تایبەتمەندییە دەرەبەگییەکان و بەدیکردنی ئەو تایبەتمەندییانە ڕۆڵی هەبوو لە کرانەوەی تاک بەڕووی دەرەوەدا و لە دەستەبەرکردنی هەڵسوکەوت بە ئیرادەی جەوهەرییانەیدا. کابرا بەڕاستیش پابەند بوو، خۆشی دەویست. لەم ڕووەوە بەرپرسیارێتی ناوخۆ و دەوڵەمەندییەکی مەعنەوی هەبوو. لەگەڵ یەکە بە یەکەماندا کێشە و گرفتەکانی گفتوگۆ دەکرد و بە ڕێگەی ڕازیکردن هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا. لەناخی ئەودا مرۆڤپەروەری هۆکارێکی گرنگی هاوسەنگی بوو.

دایکم تایبەتمەندییەکی پێچەوانەی وەبەر دەنا. دەتگووت هەردووکیان شوێنیان گۆڕیوە! لە کۆمەڵگەدا ژن چەوسێندراوە بوو. کەچی شێوەگیربوونی لە کۆمەڵگەدا زۆر هەمەڕەنگ بوو. خانەوادەکەی یەکێک بوو لە خانەوادە بەناوبانگ و دەوڵەمەندەکانی نێو عەشیرەت، باوەگەورەم سەرەڕای ئەوە، تەنانەت لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ دەوروبەریدا ڕەچاوی هاوسەنگی، ڕێزگرتن و بەرژەوەندی دوولایەنەی دەکرد، هاوکاری و پشتیوانی و ڕەچاوکردنی تێڕوانینی کەسانی تری بە بنەما وەردەگرت. هەر بەم شێوەیەش خۆشەویستی دەوروبەری

بەدەستهێنابوو. خۆیان باسی ئەمەیان دەکرد. سوێندیان بەناوی ئەو دەخوارد و هێشتا ئەم سوێندە بەرکارە.

دایەگەورەشم بە هەمانشێوە بوو. سەرجەمی ئەم شێوازی پەیوەندی و دەسەڵاتەی هەندێک شتی رزگار و چارەسەر دەکرد، واتایەکی هەبوو. بەڵام دەسەڵاتی دایکم تەنیا رێگەی لەبەر شەڕێکی بێ وێنە دەکردەوە. دیارە بەخێوکردن و پێگەیاندنی هەشت منداڵ، پێکەوە ژیان لەگەڵیاندا لەیەکماڵدا لەچوارچێوەی تایبەتمەندییە نەریتییەکانیدا کارێکی ئەستەم بوو، رەنجێکی گەورە بوو. بەڵام رەنج و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر قەبا بوو. لەلایەکی ترەوە خۆکردن بە خاوەنی هەموو شتێک و هەموو کەسێک، دەسەلاتدارێتی بەسەر ئیرادەی هەموو کەسێکدا، هەڵوێستێکی لەلا دروست دەکردیت کە پەشیمانت بکاتەوە لەوەی هاتوویتە دونیاوە و کاردانەوەیەکی بەمجۆرە لەبەرامبەر بە خێزان و "پێکەوەنانی خێزان" دروست کردبوو.

لە یادمە، لەلای ئێمە خەون و خەیاڵی کیژۆڵەیی و گەنجێتیمان لەدەرەوەی ئەمانە بوو. بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگەدا: لەناو خێزاندا قسە لەسەر هاوسەرگیری دەکرێت، خەون و خەیاڵی پێوە دەبیندرێت، جاروباریش دەبوو بە بابەتی نوکتە و گاڵتەکردن. لەلای ئێمە ئەوەی لەناو پەردەی دووەمی بیرکردنەوەماندا جێگیر ببوو؛ کاردانەوە بوو. واوەیلاکردن بوو! لە کەسایەتی ئەودا هاوسەرگیری، پابەندبوون بە شتێکەوە و گۆشەگیربوون لەناو شتێکدا، بریتی بوو لە شەڕ، دەمەقاڵێ و ناکۆکی بەردەوام. کاتێک باسەکە دەکرایەوە کاکەم هەر لە خۆڕا نەیدەگووت: "بۆ من شێتم، ئەمە کچی خەڵکیش شێت دەکات، گوناح نییە؟" واتا ئەگەر هاوسەرگیری بکردایە کەسێکی تر دەهات و دەکەوتە ناو ئەم گێژاوەوە.

هاوکات جیابوون و دووربوونیش لێی ئەستەم بوو، دایکم مسۆگەر خۆی پێدەگەیاند و خۆی دەخستە ناوی. لەلایەکی ترەوە هاوسەرگیری کچێک بەواتای دەرکەوتنی بوو لەماڵ. بەڵام ئەیماڵەکانی تر جیاواز بوون؟ رزگاربوون لەدایک لەلایەک دەبوو بە چارە، بەڵام ئەم جارەیان دایکی تر دەهاتنە پێش.. ئەها دایە خەپە!

نەخێر، ئەگەر بێتوو (مەتین) شۆڕشگێڕیم ئەرێ بکات، پێکەوە هاوبەشبین لەم ژیانەدا، ئەوا دەتوانم دەستگیرانداری بگەیەنم بە هاوسەرگیری. لەو مژارەدا رەتکردنەوەیەکی وشک و توند لە ئارادا نییە، بەڵام پشتیوانیم دەستناکەوێت. بەر لە هەموو شتێک هێشتا یەکتر ناناسین. قۆناخێکی کورتی یەکترناسین گوزەر کرابوو، بەڵام لێکەڕینەکانی ئەوسا جیاوازبوون، دونیای بیرکردنەوە و هەست و سۆز بەرتەسک و پاشڤەڕۆ بوو. تەنانەت هێشتا ئەویش نەیدەزانی دەستگیرانداری چییە. لەکاتێکدا دۆخەکە بەمجۆرە بوو، ماوەیەکی زۆر دوور و درێژیش کەوتبووە نێوانەوە. ئیتر ئەو پەیوەندییە ئاسایی، بچووک و ساکارە هیچ واتایەکی ئەوتۆی نەمابوو. چی هەبوو لەو پەیوەندییە مابێتەوە، بەدوای چ شتێکیدا دەگەڕام و بە چی شتێکییەوە دەبەسترامەوە؟

لە پەیوەندییەکانماندا لەگەڵ خانەوادەکەی، فشارەکانی دایکم، بەپێچەوانەوە کاردانەوەکانمی لەبەرامبەر بەو گرێدانە گەورەتر کردبوو. زۆرجار سەرەڕای نابەجێ بوونیشی، لە (مەتین) تووڕە دەبوم و تاوانبارم دەکرد. کەواتە سیستەمی هەنووکەی خێزان چی پێدەداین؟ هێزی رازیکردنیش نەبوو. هێشتا منداڵانەترین و سەرەتاییترین قۆناخی شۆڕشگێڕییە. هەڵوێستێکی بە سەبر،

پێگەیشتوو و سیاسی گەشەی نەکردووە. لەولاشەوە گۆڕانکارییەکان زۆر خێران و هەرگیز بەرگەی هیچ شتێک ناگیرێت کە کاریگەرییەکی کەم لەسەر ئەو خێراییە بکات. دایک، خێزان، دەوروبەر، دابوونەریتەکان، هەموویانم کردووە بە دووژمنی خۆم. شەڕیان لەگەڵ دەکەم، بەتەنیا خۆ رزگارکردنیشم ئاسان نابێت. سەرەڕای ئەمەش بەخۆمم دەگووت: "هەر خۆم ئەم کارە چارەسەر دەکەم" ئەی شۆڕشگێڕی رووبەڕووبوونەوە نەبوو لەبەرامبەر زۆری و زەحمەتی و گرفتەکان؟

هەڤالان دەیانزانی. بەتایبەتیش هەندێک شتم لەگەڵ ئەو هەڤالانە باس دەکرد کە پێکەوە کاری گرووپمان رادەپەڕاند. ئەوانیش نەیاندەتوانی چارەی بکەن. هەندێک لە هەڤالانیش دووچاری زەحمەتی هاتبوون. بچووکترین ئەرکێکی وەک کۆبوونەوە، هەواڵ گەیاندن بە هەندێک شوێن، گەیاندنی نامە و کاری توێژینەوە ئاسان نەبوو و کەسیش نەیدەتوانی نکۆڵی لێبکات. بەتایبەتی شۆڕشگێڕیتی ژنان هیچ ئاسان نەبوو. لەو خێزانانەشدا کە بە باشترین ناومان دەهێنان، بەشێوازی جیاجیا فشار و قەدەخەکاری لەسەر ژنان هەبوون. لە راستیدا هیچ خێزانێک نەیدەویست تەنانەت کوڕەکانیشیان شۆڕشگێڕیتی بکەن. چونکە شۆڕشگێڕیتی سەر قایمکردن بوو لەبەرامبەر بە دەوڵەت.

شکستەکانی رابردوو و ئێش و ئازارەکانی هێشتا لەبیر نەکراون. هەمدیسان گەنجێکی زۆر لەم رێگەیەدا شەهید ببوون.

(دەنیز) و هاوڕێیانی لە سێدارە درابوون. (ماهیر) و هەڤاڵانی کوژرا بوون. هەروەها گەنجانی ئەو سەردەمەی دێرسیم کە هێشتا لە ژیان دابوون بە نموونە دەهێندرانەوە. هەر یەکێکیان لە شارە گەورەکاندا ژیانی کەسێتی خۆی بونیادنابوو. واتا نەیانتوانی شۆڕشگێڕی بکەن. ئەم کارە هێندە ئاسان نەبوو، مەترسیدار بوو، دەوڵەت بەهێز بوو، زاڵم بوو، مۆڵەتی نەدەدا. بێڕەحمانە گەنجەکانیان دەسووتاند، هەر خودی ئەم ترسە مایەی نیگەرانییەکی بێ کۆتایی بوو.

## خێزان لەسەرەتاوە ڕێکخراو بوو

زیاتر لەگەڵ (جەمیلە - کەبیرە)، (سەڤیم)، (نورحەیات)، (تورکان) و (قیمەت) هاوڕێیەتیم هەبوو. (قیمەت) بەهۆی ئەوەی مامۆستا بوو زیاتر لە پشووەکاندا دەرفەتی دیمانەمان دەبوو. (نیعمەت، مەنەکشە و پەریخان) منداڵی خێزانێک بوون کە کچیان زۆر بوو. لە سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا سەرجەمیان دەبیندران. دەرگای ماڵەکەیان بۆ ئێمە ئاوەڵا کرابوو. ماڵێکی فراوان، فرەژووریان هەبوو، لە چەپەکێک[79] بوو. لە لاسەرووی بەشی سەرەوەی گوندی ئانافاتمە بوو. هاموشۆکردنێکی بەردەوام نەدەبوو بە مەترسی. بەتایبەتیش دایکی، "دایک"ی (گۆرکی)ی هەموومان بوو. لە ئاستی دایکی (پاڤێل) بەها و نرخی هەبوو لەلامان. ئەویش شانازی دەکرد بەم هەموو کچ و کوڕانەیەوە!. وادیاربوو خێزان لەسەرەتاوە بەهەموو شتێکییەوە ڕێکخراو بوو. چۆن بەو ڕەوشە گەیشتبوو، زۆربەمان بەخیلیمان پێیدەبرد. ئەم لایەنەی کارەکە کاریگەری لەسەر هەموومان دەکرد. لەو سەردەمەدا لایەنەکانی تریمان بە هەند وەرنەدەگرت. دایکی بە هەموو کەسێکی دەگووت" کچم، کوڕم". خۆی دەکرد بە ساقە و بە قوربانی هەموومان. جاروبار بەشداری باسە سیاسییەکانیش دەبوو.

بە ئەندازەیەک هەموویان تایبەتمەندی هاوشێوەی یەکتر و هاوبەشیان هەبوو. هەموویان لەڕووی تیۆرییەوە کراوەبوون بۆ فێربوون و بەگرنگییەوە لەکارەکەیان دەڕوانی. تەنیا (عەلی) نەبێت کە پێچەوانەیان بوو. (عەلی) بە (چۆلۆ) نازناوی دەرکردبوو. لەکاتی نووسیندا سێ ڕۆژ بیرم لێکردەوە تا ئەم

---

79 شوێنی دوورە چاو یان زۆر گومانی لێنەکرێت.

ناوەم هاتەوە یاد. دەشێ ئەم نازناوە هێندە گرنگ نەبێت، بەڵام پێویستە هەموو شتێکی تایبەت بەم خێزانە وەکو خۆی باسبکرێت. چونکە خێزانێکی تادوا ڕادە جیاواز بوو و یەکە بە یەکەیان تایبەت بوون. لەم واتایەدا بێ (چۆلۆ) پێناسەکردنی ئەو خێزانە نابێت. بە هەر هۆکارێک بێت خوشکەکانی (چۆلۆ) حەزیان نەدەکرد بەو نازناوە ناویان بهێندرێت: ئەم ناوە بچووککردنەوەیەک بوو، وەکو نیشانەی سووک کردنێک دەهاتە بەرگوێ. (چۆلۆ)، یاخود (عەلی) منداڵە "لاسار" و "شێت"ەکەی خێزان بوو. خێزانەکەی بەئاسانی ئەوی وەکو کەسێکی خراپ دەناساند و وەکو کەسێتیەکی خوێڕی نیشانی دەدا. تەنانەت شکی ئەوەی لێدەکرا کە دوور نییە پۆلیس کەڵکی لەم سەرسەرێتییەی ئەو وەرگرتبێت. زۆر جێگای متمانە نەبوو. بهاتایە هەر شوێنێک کە ئێمەی لێبووینایە، ئەوا هەموو کەس دەکەوتە دۆخی نهێنیگرییەوە، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە (چۆلۆ) وەکو نهێنییەک مایەوە.

دادە (قیمەت)، ئاقڵترین و بژاردەترین کچی ماڵ بوو. (موسا) لە ئەنکەرە دەیخوێند و ئەویش هەڤاڵ بوو. بەڵام (قیمەت) زیاتر لەپێشەوە بوو. ئیتر ئەو خێزانە بەناوی (قیمەت)ەوە وەبیر دەهێندرایەوە. هەر هەڵوێستێکی، هەر گووتەیەکی بەبنەما وەردەگیرا لەناو خێزاندا. ئێمەش بەگشتی گرنگیمان بەم پێگەیەی دەدا کە دەمانبینی، نیشانی ئێمە دەدرا و گرنگیمان بە هەڵوێستەکانی دەدا.

لایەنێک کە تاکەکانی خێزانی دەردەخستە پێش، ئەوە بوو سەرەڕای دەوڵەمەندنەبوونیان لەم ئاستەدا ماڵەکەیان بە کار و خەباتەکانی ئێمە بەخشی بوو. هیچ خێزانێکی تر بەو ئەندازەیە کراوە نەبوو، دەرفەت و توانستەکانیان پێشکەش نەدەکرد. ئەو

کەسایەتییانەی لەناو خۆیاندا تادواڕادە تاکڕەون و خەریکی خۆژییاندنن، چۆن وەکو ڕێکخستنێک، وەکو دەوڵەتۆچکەیەک کاریان دەگێڕا. بەگشتی کچەکانیان بێبەش بوون لە جوانی رووخسار، هەر یەکێکیان لە خاسیەتی "پیاوئاسا"دا بوون.

(قیمەت) لەڕووی جەستەوە قەبا و بەشێوە ڕەش، منالکارە، قژ کورت، برۆی ئەستوور و ناوچاوانی تەنگ و رووخسارێکی سارد و تووڕەی هەبوو، بەهۆی زۆر جگەرەکێشانیشیەوە لێوەکانی مۆر هەڵاتبوو. (مەنەکشە) هاوشێوە بچووکەکەی بوو. (نیعمەت)، (پەریخان) و خوشکەکانی تریان لە رووی جەستەییەوە لەیەکەوە زۆر نزیک بوون. سەرەڕای ئەمەش سەرنج ڕاکێشییەکی سەیریان هەبوو. هەمووشیان لەڕووی تیۆرییەوە زۆربلێ، لە تێگەیشتن و گفتوگۆشدا کەسانی پڕ کۆشش و زیرەک بوون. لەماڵەوە خزمەتێکی زۆریان دەکرد. خزمەتی هەموو کەسێکیان دەکرد، میواندارییەکی زۆر باشیان دەکرد. (قیمەت) بە هەڵوێست و خاسیەتی خۆی وەکو "خاتوون"ی ماڵەوە و بەناوبانگانی ڕێکخستن یاخود عەشیرەت بوو. زۆر جگەرە کێشان، زۆر چای خواردنەوە و زۆر قسەکردن بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی بوون. بێگومان لەناو خێزاندا زۆر بە دەسەڵات بوو. بەڕاستیش ئەو خێزانە بە چەرخەکەی ئەو هەڵدەسوڕا. ئەگەرچی مووچەی خانەنشینی باوکیشی هەبێت، بە موچەی مامۆستایەتی و بە سیاسەتمەدارێتی خۆی سیستەمێکی تایبەت بەخۆی بونیاد نابوو.

لەدەرەوەش شۆڕشگێڕێتی ژنێکی وەها بەکاریگەر دەبوو. دەرفەتی هەبوو بچێتە هەموو شوێنێک و لەگەڵ هەموو کەسێک دانوستان بکات. مامۆستایەتییەکەی ئەگەرچی کولتووری

کەمالیستیش بێت، بەڵام تایبەتمەندی ڕێکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگەی پێبەخشی بوو. ئاستی کۆمەڵایەتی دەوروبەر، سیاسیبوون دەسەپێنێت. شێوەگرتنی خێزان و پێگە گشتییەکانی پێشکەوتن و گەشەکردن بە بچووک نەدەبیندرا. ئەم پێگە بە کەڵکە ئەوی لەناو گرووپەکەماندا دەرخستبووە پێشەوە. لەناو خێزاندا گرووپێک ژنی وەها ئامادە و لەناو گرووپیشدا (قیمەت)ی چالاک و بزۆکی دەکرد بە (کەسایەتییەکی گرنگ). بەشداریکردن و چالاکبوونی ژن کاریگەری هەم لەسەر گرووپەکەمان و هەمیش لەسەر دەرەوە دەکرد.

لەلایەکی ترەوە (تورکان)، (نورحەیات)، (ئایتەن) و (سەڤیم) هەموویان کەسانێکی ئامادەی پێشکەوتن و بەکاریگەر بوون. گفتوگۆ لەسەر شۆڕشگێڕبوونی ژن، پێگەی ژن لەناو تێکۆشانی ڕزگاری نیشتمانی دەکرا و لە سیمینارەکاندا ئەم بابەتانە زیاتر تاوتوێ دەکران. نووسراوی جیاجیای توێژینەوە و نرخاندنی لەسەر ئامادە دەکرا. هەڤاڵان ژن - پیاو بە هاوبەشی ئەم کارانەیان رادەپەڕاند. هەرچەندە کاریگەری هەڵوێستە ناتەواو، پاشڤەڕۆ و ڕووکەشی و هەندێک تایبەتمەندی دیار و بەرچاوی چین و توێژانەشی هەبێت، بەڵام لە تابوویەک دوور کەوتبووەوە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ گفتوگۆ ئایدیۆلۆژییەکان بەشداریکردنی هاوبەش، پێکەوە لە ئەستۆگرتنی دۆزەکە و گیان و هەوڵی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی پەرەی سەندبوو.

بە کەمێک تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژیا و بوون بە پارێزوانێکی ئایدیۆلۆژیاکە، بە لایەنگر و ئەندامی خاوەن بڕیاری ئایدیۆلۆژی، هەڵوێستە نەرێتییەکان بەخێرایی دەڕووخان. گفتوگۆی دوور و درێژ؛ لەگەڵ ئەوەی دەبوو بە کاروباری پڕووپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی درێژخایەن، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە سات بە

سات، رۆژ بە رۆژ بە سەپاندنی ژیانی کردەیی شەپۆلی بەشداریکردنی لە ریزەکاندا لەگەڵ خۆی دەهێنا. بێگومان رۆڵی دیاردەی مەعریفەش هەبوو. تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی هەموو شتێکی سەراوبن دەکرد.

توێژینەوە و گەڕان و خوێندنەوەی فرە لایەنە، مەرجی سەرەکی بوون بۆ گەیشتن بە راستییە تیۆری ـ ئایدیۆلۆژییەکان و یەکلابوونەوە لەناویاندا. پەسندکردنی راستییەکان و بڕوابوون بە راستبوونی هەنگاوێکی گرنگ بوو. ئەوی تر بە ریز بەدوایدا دەهات. گرنگیدانێکی گەورە بە گفتوگۆکانی ناوخۆ و پەروەردە و لێکدانەوەی بەشێوەی خەباتێکی بنەڕەتی، لەدەرەوەش گفتوگۆکردنێکی چڕوپڕ لەگەڵ گرووپە چەپڕەوەکاندا پێشکەوتنی تیۆری ـ ئایدیۆلۆژی خێراتر دەکرد. گفتوگۆکان ئاسایی نەبوون، شەڕێکی تەواو بوون. لەناو پەرتووکەکاندا بەدوای هەبوونی کورد و کوردستاندا دەگەڕان.

پێویست بوو (مارکس)، (لینین)، (ئەنگلس) لەگۆڕ دەربخرێن و سەرلەنوێ بنووسرێنەوە. بەشێوەیەکی دۆگمایانە سەریان لەناو کلاسیکەکاندا نغرۆ دەکرد. تەنانەت راستییە گشتییەکانیشیان بەگوێرەی خۆیان لێکدەدایەوە و وەها دەیانەنرخاند. بەڵام خاڵی نیشتمانپەروەری، شۆڕشگێڕی، سۆسیالیستی و ئینتەرناسیۆنالی، بنەمای هەموو شتێک بوون. یارییەکی زۆریان بەم دیاردانە دەکرد و زۆر بە خراپی دەیانشێواند، زۆرێک لەو دیاردانە دەخرانە شوێنی ئەوی ترەوە. دوورەپەرێزی لە راستینەی کوردستان، ئاستی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژیشی بەرەو دواوە راکێش دەکرد و بەرەو زەمینەی نەرێنی دەخزاند.

## ئەوانەی خۆمان هەموویان لە نیشتمانپەروەرانن...

ڕۆژێکیان لەماڵی (مەدینە)ی کچە گەورەی پوورم بووین کە ناومان لێنابوو (بیبی)، (خدر)ی هاوسەری، هاوگوندی باوکمە و خزمیشن. (مەدینە) و هاوژینەکەی هێشتا نەبوون بە لایەنگری هیچ ڕێکخستنێک. منداڵەکانیشیان هێشتا لە تەمەنێکی بچووک دان. بەڵام بەگشتی هەموو کەسێکیان بە شۆڕشگێڕ دەزانی و خۆشیان دەویستن. لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی ماددییەوە هاوکاریان دەکردن و لەم لایەنەشەوە تادوارادە بەخشندەبوون. دەرگای ماڵەکەیان هەمیشە بۆ ئێمە کراوە بوو. لە ناو خزم و کەسوکارەکانیاندا تەنیا ئێمە هەڵگر و لایەنگری ئایدیۆلۆژیای رزگاریخوازی نیشتمانیی بووین و لەگەڵ ئەم خێزانەدا لەنێو پەیوەندیدا بووین. ئەوانی تر زیاتر لە گرووپە چەپڕەوەکانی تورک بوون. گفتوگۆ و هەڵوێستە توندەکانی نێوان گەنجان، وەکو هەموو خێزانەکانی تر، ئەمانیشی زویر دەکرد. دەیانگووت: "خۆزگە هەمووتان لەناو یەک ڕێکخستندا بوونایە، ئەم ڕێکخستنە جیاجیایانە لەکوێوە هاتن؟" و کاردانەوەی خۆیان سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو گرووپانە دەخستەڕوو. تەنانەت لە هەندێک ماڵدا هەبوونی زیاتر لە فراکسیۆنێک، ناڕەحەتییەکانی گەورەتر دەکرد. دایکم لەبەرامبەر بەم دۆخە، وەکو بڵێی بەچانسی خۆی نیشان بنوێنێت، دەیگووت: "سوپاس بۆ خوا ئەوانەی ئێمە هەموویان لە نیشتمانپەروەرەکانن. جا نەخوازە لە پارتی جیاجیا بوونایە، حەتمەن یەکتریان دەخوارد!" دڵخۆش دەبووم بەم قسەیەی.

لەگەڵ (جەلال)ی کوڕی مامە (مستەفا)م و (ئاینور)ی کچی (بیبی) پێکەوە لە مەتبەخ دانیشتبووین هەم چایمان دەخواردەوە

و هەم گفتوگۆمان دەکرد.ماڵەکە قەرەباڵغە، میوانیان هەیە، دایکیشیم لەناویان دایە. گفتوگۆکەم زیاتر لەگەڵ (جەلال)ە کە یەکێکە لە کادیرە پێشەنگەکانی (PDA) و دیار نییە (ئاینور) چییە، جاروبار دەبێت بە لایەنگری (TiKKO)و جار هەیە دەبێتە (HK). ئەو رۆژەش ببوو بە لایەنگری(PDA). لەناکاو خۆی دەخستە ناو قسە و باسەکەی ئاڵۆز دەکرد. گفتوگۆکانمان لەخاڵێکدا دەبوو بەگرێ کە ئەویش: "محاڵە ژێردەستە ببێتە سەردەست" بوو. چەپی تورک ئەم رستەیان کردبوو بە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانیان و بەشێوەیەکی زۆر دۆگمایانە دوور لە راستینەی کوردستان و تورکیا هەڵیاندەسەنگاند. تا لەدەستیان دەهات بە پێداگرییەوە داکۆکییان لەم تێزە دەکرد. بەتایبەتیش هەندێک رووخسار کۆنکرێتی و نەگۆڕ، بە رازاندنەوەی بە هەندێک چەنەبازی رۆشنبیرییەوە، ئەم تێزەیان وەبەرخۆیان دەنا.

(جەلال)یش هەوڵیدا گفتوگۆکە لەم .چوارچێوەیەدا بگرێت. دواتریش روویکردە رێبازی رەشکردن و لەکەدارکردن. بەنرخاندنی هەندێک کەس بەگوێرەی خۆیان گوایا رەخنەیان لێ دەگرن، زیاتریش ناوی (زلفۆ ئۆزکان) و ئەوانی دەهێنا و تاوانباری دەکردن کە هەڤاڵانی خۆمان بوون. بەڕاستیش (زولفۆ) کەسێکی خوێڕی بوو. لەریزەکانی ئێمەدا بە کێشە و گرفتەکانی دەناسرایەوە، بەڵام پەیوەندی هەبوو لەگەڵ ئێمە و ئەم گرووپە کەسایەتییەکی باشی لێ دروست دەکرد. لەم رووەوە بڕوایەکی گەورە لە ئارادا بوو. دەکرێت هەندێک کەموکورتی هەبێت، تەنانەت کەسێکی خراپیش بێت، بەڵام گۆڕینی ئەو کەسە پێویستییەک بوو و ئامانجی گرووپەکەش رزگار کردنی کەسەکان و نوێکردنەوە و گەیاندنی ئەو کەسانە

بوو بە خاوەنی کەسێتی و ناسنامە. (زولفۆ) چی دەبێت با ببێت هەڤاڵی خۆمان بوو، لەدژی ئەو هەڤاڵەمان هیچ گووتە و سوکایەتییەک هەرگیز پەسند نەدەکرا. (جەلال) باسی لەوە دەکرد کە هەڵوێستی (زولفۆ) لە گفتوگۆکاندا دەنەدەر و شەرِانگێزانەیە.

راستی دەکرد، لە گفتوگۆکاندا کەسی بەرامبەری زۆر بێ ئەندازە دنە دەدا. پابەندیش بوو بە ئاستی تیۆری - ئایدیۆلۆژییەوە. هەروەها لەلایەنی کەسێتیشەوە زۆر هاوئاهەنگ نەبوو. بەڵام لەبەرامبەر (ئاینور) دانم بەخۆمدا نەگرت، کاتێک بینیم ناوی ئەو و چەند هەڤاڵێکی تری بە جوێن پێدانیانەوە دووبارە دەکردەوە، بۆی هەڵسام هەر لەو شوێنەدا کە دانیشتبوو دامە بەر مشتەکۆڵە. کاتێک (جەلال)یش هەوڵیدا بکەوێتە نێوانەوە پێم گووت: "خۆت هەڵمەقورتێنە، لە تۆش دەدەم، رێزتان هەبێت، ئەگەر گفتوگۆ دەکەن، وەکو مرۆڤ بیکەن. ناتوانن سوکایەتی بە کەس بکەن" و رێگریم لێکرد. (جەلال)یش واقی ورِمابوو. زۆر واتای نەدابوو بەو توورِەبوونە لەرِادەبەدەرەی من. هەمدیسان هەوڵی هێورکردنەوەمی دەدا. (ئاینور) قیرە قیرِ دەکات و شتی وەکو "هەی نەتەوەپەرستینە.. ئێوەش وەکو تورکەشەکانن. بە کێشان بە مێز و بە بەکارهێنانی مشتەکانتان شۆرِشگێرِی دەکەن. ئەمەت بەسەرەوە ناچێت" دەیگووت و دەشگریا. لەسەر ئەو قەرەباڵغییەی ئێمە دایکم و ئەوانیش هاتن. من جارێکی تر گووتم: "ئەگەر وا مامەڵە بکەن لێدان دەخۆن" و لەماڵ چوومە دەرەوە.

(ئاینور) زاڵ نەبوو بەسەر توورِەیی خۆیدا و بەدوامدا هاتە سەر بەلەکۆنەکە و بە قیرِەقیرِ دەیگووت: "نەتەوەپەرستەکان، تورکەشییەکان، وادەزانن بە شەقاوەیی شتێکتان لەدەست دێت.

ئەمەتان بەسەرەوە ناچێت!" دراوسێکان هیچ واتایەکیان بەو قیڕە قیڕەی ئەو نەدەدا و بە حەپەساوییەوە تەماشایان دەکرد.

شین و مۆرییەکەی سەر دەموچاوی (ئاینور) ماوەیەک مایەوە، وادەیەکی درێژخایەنیش رق و قینی لا دروست بوو. (PDA)ییەکان زیاترینیان لە گەڕەکی دەمیرۆلوک بوون. لە دەوربەری گەڕەکی خەستانە هەبوون. هەڤالان ئاگاداریان کردبوومەوە کە لەو شوێنانە نەگەڕێم، لەوانەیە ئەوانەی هەڵگری رق و کینن دەستم لێبوەشێنن، بەڵام من گوێم پێنەدەدا و دەڕۆیشتم.

لە راستیدا دیارە بە جۆرێکی زۆر قەبا پێناسە دەکرا، بەڵام گوزارشتی لە راستییەک دەکرد. کاتێک دەگووترا: (نیشتمانپەروەرەکان) شەڕ دەهات، توندوتیژی دەهات بەبیری مرۆڤدا. هەر لە لایەنگرێکەوە تا بەهەڵگرێکی فیکر و تا بە کادیرێک، لە هەموو کەسێکدا هاوبەشی رۆحی شەڕانگێزی هەبوو. ئەمە رۆحی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی بوو. بڕواکردن بە ئایدیۆلۆژی رزگاریخوازی نیشتمانیی، متمانە و شۆڕشگێڕییەکەی وەکو ئاگرێک کەوتبووە دڵمانەوە.

هەر ئەمە گرێدانێکی گەورەی دروست دەکرد. فێری دەکردین بە چ نرخێک دەبێت با ببێت چۆن بیپارێزین و رووبەڕووی هەموو هێرشێک بوەستینەوە. هیچ کەسێک نەیدەگووت: "لەم ئاستەدا بڕوا بکەن، هێندە متمانەتان پێی بێت، هێندە خاوەنداری لێ بکەن" نەخێر. نە گووتەیەک هەبوو زۆرت لێبکات و نە یاسایەکی توند هەبوو بسەپێندرایە. هەموو کەسێک لەشەرمی ئەوەدابوو کە تا ئەو رۆژە خاوەندارێتی لە وڵات نەکراوە، لە ناسنامە دوورکەوتۆتەوە، بیانی بووە. تاچەند ئەو تێزە بکرابووا بە چەمک، تا چەند لە قووڵاییەوە هەستی پێبکرایە، ئەوەندەش

خۆشەویستی و پابەندی، هەموو شتێک فیداکردن و کاردانەوەکانی گەشەی دەسەند. ئەمە بوو بەتایبەتمەندی دەرکەوتنە رووی ئایدیۆلۆژی. بەم هۆیەوە هەموو کەس نەدەبوو بە نیشتمانپەروەر و نیشتمانپەروەری پێنەدەکرا.

لەناو خەڵکیشدا تا دەچوو هەستکردن بەم جیاوازیانە، پەسندکردنی تایبەتمەندییەکانی رەفتار و هەڵسوکەوتەکانیان و حەیرانبوون لەبەرامبەریان گەشەی دەکرد. بەڵام لەلایەکی تریشەوە بە گەورەبوونی رەهەندی مەترسی، هەوڵ و ئەندێشەی دوورخستنەوەی منداڵەکانیان، یاخود ئەگەر لەناویاندا بێت نیگەرانی لەبارەیەوە زیاتر دەبوو. لە راستیدا ئەمە شتێکی زۆر ئاسایی بوو و لە جەوهەری خۆیدا زۆر شتی ئەرێنی هەبوو. ئەگەرچی لە رەواڵەتدا ناکۆکییەک بنوێنێت، بەڵام راستینەی پێشکەوتنی دەردەخستەڕوو. دیاردەی بڕوا و متمانە پێکردن بەپێی کات نەشونمای دەکرد. لەدۆخی هەنووکەدا بڕوا بەچی و متمانە بەچی دەکرا؟

دیاردەی کورد و کوردستان؛ کۆمەڵکوژی، دڕندەیی، کۆچ و رەو، خیانەتی بەبیردەهێنانەوە. ئەمە لەیاد نەکرابوو. لە یادگاکاندا جێگیر ببوو. بەڵام پێویست بوو ئەو برینانە هەڵکرێندرێن، هۆشیار بکرێنەوە و راپەڕێندرێن. چونکە کەوتبوونە دۆخی مردوویێکەوە کە بە ژانەوە تەرکی بێدەنگی کردبوو. بەڵام هەمدیسان هەر گووتەیەک دەربڕی لە گەڕانەوە بۆ جەوهەر بکات، هەر هەنگاوێک بڕوا بە ئاینده بکات، دەیهەژێنێت و کاریگەری لێدەکات. وەکو تیشکێکی هیوا بوو. لە ناخی ئەو ترسە گەورە و لەو دوورکەوتنەوەیە لە جەوهەر و لەو بیانیبوونەدا، لە ناوەڕاستی ئەو تاریکییەدا؛ تیشکی هیوا لەدایک ببوو.

شەڕکردن لەبەرامبەر بە ترس و تاریکی و نامۆیی؛ بەر لەهەموو شتێک لە تاکەکاندا بەرپا دەبوو. تاچەند تاک هەستی بە راستییەکان بکردایە و لەخاڵێکەوە دەستی بە لێکدانەوەیان بکردایە، ئەوا ئەو شەڕەی سەرەتا لە خێزاندا وەکڵپە دەهێنا پاشان لە خوێندنگە، کۆڵان، گەڕەک و تا دەچوو لە توندوتیژی دژ بە دامودەزگاکانی دەوڵەت بە دیاردەیەکی بەرجەستە دەگەیشت. بەرەو جەوهەری ئامانج و بەئامانجبوونی دەبرد. قۆناخگەلێکی وەهابوون کە هەر یەکەیان لەگەڵ ئەوی تر لەناو یەکدا، بەڵام زۆری و زەحمەتی تایبەت بەخۆی و خاسییەتی جیاوازی هەبوو و هەمووشیان پێویستیان بە باوەڕی، هزر، بڕیارداری و یەکانگیری ئیرادەیی بوو، مسۆگەر پێویستی بە خستنە بواری کرداری بوو. چونکە هەر جۆرێک لەو پەیوەندییانە و تایبەتمەندییەکانی ژیانی سەرجەمیان و ئەو بناخەیەی لەسەر ئەمانە گەشەی کردووە، رەتکردنەوەی ئەو راستینەیە بوو، پێچەوانەی بوو، دووژمنی بوو. هەموو سیستەمێکی دەستکرد و بونیادنراوی تێکدەدا. زیانی بە چەرخەکانیان دەگەیاند. رزگاربوونی کەسێتی لە مەنگەنەی پابەندییە بەرتەسک، پاشڤەڕۆ و کۆیلایەتییەکانی خێزان کە هیچ هیوا و ئومێدی ئایندەی تێدا نییە و هەروەها جگە لە تاکڕەوی و دووربوونیان لە هەستی پارچەبوونی نیشتمان و نەتەوایەتیی هیچی تری هەڵنەگرتووە و هۆکاری سەرەکی لەدەستدانی کەسێتی و ناسنامەن "بەڵێن و بڕیار و هەنگاوی کردەیی دەرکەوتن لە زەمینێکی وەهادا خۆی لە خۆیدا شۆڕشێک بوو."

## تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی ناچار دەکرد

ژیان تا ئەو ڕۆژە بە شەڕ و دەمەقاڵە تێپەڕ دەبوو. پەیوەندییە خێزانییەکان بەردەوام بوون، بەڵام شەڕ و تێکۆشانی بنەڕەتی تازە دەستی پێدەکرد. ڕۆژانە بە وەرگرتنی مۆڵەت یاخود بە پاڕانەوە و جوێن و لێدان شۆڕشگێڕی نەدەکرا. مۆڵەت لەماڵەوە وەربگرە، لە خوێندنگە ڕەچاوی یاساکان بکە، ڕەچاوی دابونەریت و ڕێساکانی کۆمەڵگە بکە، بۆ هەر لایەکت دەڕوانی، وابەستە و سنووردار و کۆتوبەندی دەکردیت. شۆڕشگێڕی بەختکردنی سەراپای ژیان بوو. گیانفیدایی و بەخشینی هەموو هێز و بەهرەیەکمان، ڕاستییەکی خاوێن بوون کە فێری ببووین.

خوێندنگە بە یەکجاری وەکو ئامرازێک دەبیندرا. خەیاڵ و خواستەکانی پێشووی خوێندن لە دواناوەندییەوە بۆ زانکۆ، دەڕووخا و نەدەما. لەم مژارەدا هەڤاڵان بەهیچ شێوەیەک نەیاندەگووت" دەست لە خوێندن هەڵگرن، خوێندنگەتان خۆش نەوێت" و هەرگیز شتێکی وەهایان نەدەخستە بەردەممان. بەپێچەوانەوە خوێندنگە زەمینەیەکی زۆر گەورەی بۆ دەستەبەر دەکردین. تەنانەت ئەو شتانە زۆر نەدەخرایە بەر باسیشەوە. لەجیاتی ئەوە، ئاشنای خودی ڕاستییەکان دەبووین، ژیان وات لێدەکات بەو ئاراستەیەدا بڕۆیت، لەم ڕووەوە کێشەیەک لە ئارادا نەبوو.

پابەندییەک هەبوو بە خوێندنگەوە، باشترین شوێنێک تێیدا گفتوگۆمان دەکرد خوێندگە بوو. چالاکترین توێژی کۆمەڵگە، توێژی گەنجان لە خوێندنگەکان بوون. خودی ئەم پۆتانسیلە زەمینەی گورترین شەڕ و تێکۆشان بوو. هەڤاڵان جاروبار

ئاگادارییان دەکردینەوە و دەیانگووت: "لە گفتوگۆکاندا نەکەونە بۆسەی دەنەی هیچ کەسێکەوە. بەدوور بن لە شەڕە جوێن و لێدان و شتی وەها. هەر کەسێک هەوڵی وەهای هەبێت ئەوا ئامانجی چەواشەکردنی گفتوگۆ و لاوازکردنی کاریگەرییەکانی هەڵگرتووە. پێگەیشتووانەتر و لەسەر بنەمای زانستیانە گفتوگۆ بکەن." کەڵکیشمان لە کلاسیکەکانی وەکو (پرسی نەتەوەیی، پرسی کۆلۆنی، مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، لینینیزم..هتد) وەردەگرت. ئەوان لە گفتوگۆکاندا بەنرخاندنی دیماگۆژیانە بابەتی پرسی نەتەوەییان بەلاڕێدا دەبرد. لە هەر کوێیەک شتگەلێک هەبێت راستینەی کوردستان رەتبکاتەوە، جەوهەری سۆسیالیزم رەت بکاتەوە و سەراوبنیان بکات، ئەوان پەنایان بۆ دەبرد و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیان بە هەندێک بەرگی تیۆری پۆشتە دەکرد و ماوەیەکی درێژخایەن ئەم شتە بێکەڵک و بێواتایانەیان دەخستە ڕۆژەڤەوە.

توێژینەوە، بەدواداچوون، گەیشتن بە مەعریفەی مێژوویی، کراوەبوون بۆ گۆڕان، لەو راستییانە بوون کە ئەو گرووپانە تا لەتوانایاندا هەبووایە لێی بەدوور دەبوون و زیاترین دژبەرییان دەکرد. بەم هۆکارە دەستنیشانکردنە ئایدیۆلۆژییەکان لەناو خۆیدا ناجێگیرییەکی لەخۆدەگرت. بەهۆی نەبوونی شیکارییەکی راستی تیۆری ئایدیۆلۆژییانەوە، شێوەگرتنە گشتییانەکەی تاکەکانیش بەپێی کات دەبوو بە ناشرینی و بێ شێوەیی، کەسان و هەڵسوکەوتی ناڕێک و ناجێگیر و نالەبار دەردەکەوتن.

شۆڕشگێڕییەک لەسەر راستینەی جەوهەری خۆی شێوە نەگرێت زۆر ناشرین دەبێت. دووربوونەکەی رابردوویان تا خاڵێک هۆکار یاخود لۆژیکێکی تایبەت بەخۆی هەیە. داگیرکەری تورک و تایبەتمەندییە کەمالیستییەکەی؛ مرۆڤبوون و

کوردبوونی لەناوبردبوو. هەوڵ و بڕیاری دەرکەوتن و شکاندنی ئەو توێکڵە؛ شکۆمەندی و جوانی دەبەخشی. بەڵام بە پێداگرتنەوە هەوڵدانی هەندێکیان بۆ پاراستنی ئەو توێکڵە و تەنیا شێوەپێدانی بە شۆڕشگێڕی ـ چەپڕەوی، هەوڵێکی زۆر سامناک بوو. لە دۆخی سەرکەوتنی هەر کەسێکدا کە خواستی گۆڕانی هەیە، ئەمان ئەو چانس و دەرفەتەیان لەناودەبرد. جگە لەوەی بەناوی شۆڕشگێڕییەوە ڕێگرییان لە هۆشیاربوونی نەتەوەیی – نیشتمانی و ئەو یەکێتییە دەکرد کە لەم هۆشیاربوونەوە دەستدەکەوێت، هیچ بەرهەمێکی تریان نەبوو. ئەم نکۆڵیکارییە کاریگەرییەکی زۆر خراپی لە چارەنووسی چەپڕەوی تورک کرد.

سوپا کۆمەڵکوژکارەکەی کۆماری تورکیا دەیگووت: "ئەوەی نەبێت بە یار بۆ نەتەوە و کەسانی خۆی، ئەوا هەرگیز نابێت بە یار بۆ منیش" و متمانەی بەو کەسانە نەدەکرد کە لەناو خیانەت و بەکرێگیراویدا بوون و پەنای بۆ ئەوان نەدەبرد. خۆزگە ئەم هەڵوێستە کاری لە چەپڕەوەکانیش دەکرد و بەوانیشیان بگووتایە: "ئێوە بەم کۆیلەبوونەتانەوە ڕاستی و دروستی ڕزگارکردنی هەردوو گەل و پاراستنیان نیشان نادەن، سەرەتا نەفرەت لە کۆیلەبوونەکەتان بکەن، شایستەی شکۆمەندی ڕزگاربوون بن لەو کۆیلایەتییەتان کە ئەم هەنگاوەتان برایەتی گەورە دەکات. ئینجا "دڵنیام لە تورکیا شۆڕشگێڕییەکی شیاوتر گەشەی دەکرد. بەپێچەوانەوە چەپی تورک ئەوانەی بە (یار)ی خۆی هەڵبژارد کە کۆیلەبوون و بەتایبەتیش کۆیلەبوونی خۆیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە. بە نکۆڵیکردنیان دەگووت: ئنتەرناسیۆنالیزم و برایەتی، بە شۆڤینیزمی سۆسیاڵیان دەگووت: گەورەترین سۆسیاڵیستی و گەورەترین دیموکراتییەت،

که هەموو ئەمانە ئەنجامەکانیان خراپ بوو و لەگەڵ خۆیاندا زۆر شتی تریان خاپوور کرد.

تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی دەکردە ناچاری، بچووکترین خەبات، ڕووبەڕووی ئەستەمییەکی بێشومار دەهات. پێویستی بە سەبر، ڕەنج و هۆشیارییەکی گەورە و فیداکاری دەکرد. هیچ شتێک بە ئاسانی بەدەست نەدەهێنرا. زەمینەی هەنووکە تەنیا بە گفتوگۆ و دانوستانی ئایدیۆلۆژی و ئاستی تێکۆشانی سیاسییەوە سنووردار نەبوو، هەر لە سەرەتاوە لایەنی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەشی هەبوو. هەموو دیاردە و شیکارییەک کە دەخرایە بەردەممان، ئەو جەوهەرەی لەخۆوە دەگرت. بەتایبەتیش لە دێرسیم بۆ بەهێزکردنی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی و تەندروست و قایمانە دانانی بنەماکانی ڕێکخستنی بەهێز، تێکۆشانێکی فرەلایەن، شەڕێکی گەورە دەستلێبەرنەدراو بوو. بەم تایبەتمەندییەوە گرووپ لە ئامانجی هەموو کەسێک و گرووپەکانی تردا بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا موخاتەبێک بوو کە پێویست بوو ڕەچاو بکرێت. هێزێک بوو لە گەشەکردن و نوێنەرایەتی کردنی تازە پێگەیشتووان بوو. پەسندیان بکردایە و نەیانکردایە ئەمە پێگەی بابەتییانەی بوو.

بەڵام بناخەی ئایدیۆلۆژی - سیاسی ئەو گرووپانە و درێژەدانیان بە هەبوونی خۆیان پاڵپشت بە کەمالیزم، زۆر بە زوویی و زۆربەی کات بەشێوەیەکی نابەجێ، لەدەرەوەی ئیرادەی ئێمە و لە زەمینەیەکدا کە خواستی ئێمە نەبوو، دەکەوتنە دژایەتیکردنی (ڕزگاریخوازی نیشتمانیی) و شەڕکردن لەگەڵیدا و هەڵبژاردنی توندوتیژی لەبەرامبەریان. لەم مژارەدا دەستێکی زۆر گەورەیان لەپشت بوو، زۆریان لێدەکردن. هەموو

ئەو گرووپانەی رۆژبەرۆژ هەلومەرجی هەبوونیان لەژێر پێیەکانیان دەخزا و رۆژانە پێگە و رووی راستەقینەیان ئاشکراتر دەبوو، هارتر دەبوون. گرووپی (رزگاریخوازی نیشتمانیی) یان کردبوو بە ئامانجی جەماوەری خۆیان و لە ناوەندی دژە پڕووپاگەندەکانیاندا ئەم گرووپەیان لەجیاتی دووژمنەکەیان دانابوو. لەناو خۆشیاندا سەرەڕای ئەوەی جیاوازی تیۆری ئایدیۆلۆژیان لە بناخەدا نەبوو، بەردەوام لە شەڕ و هەرا دابوون. لە راستیدا "چەپ" لەسەرەتاوە بێ رێکخستنبوونی دەسەپاند، لەکاتێکدا کە رێکخستن و خۆڕێکخستن دروستکردنی یەکێتی بەهێز بوو، رۆڵی یەکگرتن بوو. بەڵام ئەوانە خاسیەتی دروستکردنی یەکێتییەکی بەو شێوەیەیان نەبوو؛ چی لەناو خەڵک و چی لەناو توێژی گەنجاندا. بەپێچەوانەوە زەقکردنەوەی جیابوونەوەکان، پارچەکردنی هێز و توانستەکانی گەل، شێواندنی ئامانجە هاوبەشەکان، رەتکردنەوەی بچووکترین ئامراز و دەرفەتەکانی تێکۆشانی هاوبەش، لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ئەو گرووپانە بوون.

دەکرێت بگووترێت؛ لایەنی هاوبەش و تاکە شتێک تیایدا یەکیان گرتبوو ئەمە بوو. بەم هۆکارەوە بوو کە لە هەرە بچووکترین جموجوڵێکدا، بچووکترین هەوڵێکی شۆڕشگێڕیدا هەموو پێکەوە بە ئاسانی بەرەی دژیان پێکدەهێنا، تەنانەت زۆر جار هاوکات لەگەڵ پۆلیسەکانی دەوڵەت لە یەک بەرەوە پەلاماریان دەهێنا.

ئێوارەیەکیان پۆلیس لەناو گەڕەک کەوتبوونە دوای هەڤاڵان. هەڤاڵان چەکداربوون. کەسوکاری گرووپی (رزگاریخوازانی گەل) وەکو چۆن دەرگای خۆیان بۆ ئەو هەڤاڵانە نەکردەوە، پۆلیسیشیان لە ئاراستەی رێگەکەیان ئاگادار کردەوە و

ڕێگەکانیان نیشانی پۆلیس دابوو. کەسوکاری هەڤاڵانی ئێمە بە بینینی ئەم ڕەفتارەیان واق وڕماو دەبن و پێیان دەڵێن: "شۆڕشگێڕ؛ شۆڕشگێڕێکی تر بەدەستەوە نادات". کە ئەمە سەرەکیترین یاسا بوو، سەرەکیترین خووڕەوشت بوو. خەڵک تاچەند ئەم بێ ڕەوشتیانەی لەوان بەدی بکردایە، گومانی لە شۆڕشگێڕییەکان زیاتر دەکرد.

هەلومەرجەکانی ژیان و تێکۆشان و ئامرازەکانی دیار و بەرچاو بوون. قارەمانێتی، شۆڕشگێڕێتی لە "مەیدان" دا دەناسرا و هەر قارەمانێتییەکی سەلمێندراو لەو مەیدانەدا، ڕێزگرتنی بەدوای خۆیدا دەهێنا. جگە لەو رووخسارە نیازخراپانەی هەڵوێستی ناپاک و رقگرتوویان نیشان دەدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر لەبەرەی بەرامبەریشدا بن، جەماوەر و توێژی گەنجان ڕێزێکی جیاوازیان لە (رزگاریخوازانی نیشتمانی) دەگرت، لەبناخەی ئەم ڕێزگرتنەشدا، بڕیارداری لە بەهێزبوون، بانگەشداربوون، بەرەو بە شتبوون، گەورەیی و پێوانەداری هەبوو. تەڤگەر ئەم سەرکەوتنەی خولقاندبوو. ئەم ڕەنگدانەوەیە، ئەم هەوڵە شۆڕشگێڕییە زەمینەی خۆی بەدی کردبوو. بەمشێوەیە بوون بە هێزی ئەڵتەرناتیفی سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو سەردەمە، خۆی دەسەلماند. تێکۆشان و شەڕێکی زۆر گەورە، بەڵێنی زۆر گەورە، یاخود بەها و نرخێکی گەورەی ماددی بەکەس نەدرابوو. بە چەند گووتەیەک، چەند گوزارە و نرخاندنێک، بە چەند کەسێک و لەناو ژیانێکی زۆر هەژاری و نەداریدا دەستی پێکرابوو. ئەم ڕاستینەیە سەرسامکار بوو. گاڵتەجاڕان؛ ئەوانەی ڕەچاوی ئەمەیان نەدەکرد؛ ئەوانەی بێ بیرکردنەوە دەکەوتنە شەڕەوە؛ هێواش هێواش بەوریایی و بە ڕەچاوکردنی هەندێک حیساب و کیتاب مامەڵەیان دەکرد.

## چارەسەرییەکەی دایکم و قیمەت جیاوازییان نەبوو

قیامەتەکەی ماڵەوە بەردەوامە. دایکم دەیەوێت بەر لە گەڕانەوەی باوکم گرفتەکەی من چارەسەر بکات. نایەوێت بەتەنیا بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەگەر باوکم بکات بە هاوبەشی خۆی، ئەوا کەس ئەوی بە ناحەق لۆمە نەدەکرد. ژمارەی ئەو هەڤاڵانەی هاتوچۆی ماڵەوەیان دەکرد روویان لە کەمی کردبوو، تەنانەت کەسیش نەدەهات. هەر کەسێکیش بهاتایە دایکم بە ئاشکرا پێی دەگووتن "برۆن دووربکەونەوە لە کچەکەم. چیتان دەوێت لە منداڵەکانم، خۆ ماڵتان وێرانکردین". تەنیا بەمەشەوە رانەدەوەستا هەمان کاردانەوەی نیشانی هەر هەڤاڵێکی تریشی دەدا کە لەسەر رێگەیەک تووشی بهاتایە. هەندێک لە هەڤاڵان تەنانەت ئیتر نەیاندەویست بە بەردەم ماڵی ئێمەدا تێپەڕن.

لە گوندەکان خوێندنگە زوو دەکەوتە پشوو. (قیمەت)یش لە پشووی نیوەی ساڵدا هاتەوە. ئەو رۆژە رەوشەکەم بۆ گرووپێک هەڤاڵ باس دەکرد کە (قیمەت)یش لەناویان دابوو. باسم لەوە کرد کە چیتر ناتوانم لەماڵی خۆمان بمێنمەوە، هەلومەرجی مانەوەم نەماوە، بەشداربوون و پەیوەندییەکی بەمجۆرە لەوە زیاتر گەشەم پێ نادات. تەنانەت بە (قیمەت)یشم گووت: "دەتوانم لەگەڵت بێم بۆ گوند" ئەویش لە وەڵامدا گووتی: "با لەگەڵ هەڤاڵان قسە بکەین، بەڵام خانەوادەکەت پەسندی ناکات، پاشان تووشی کێشە دەبین. ئەگەر بگاتە پۆلیس، ئاکامی باش نابێت".

دواتر لەناو گرووپێکی بچووک لە هەڤالاندا (قیمەت) چارەسەرییەکی لەشێوەی "با ساکینە لەگەڵ یەکێک لە هەڤالانی گرووپ هاوسەرگیری بکات"ی هێنایەوە. واتا دادە (قیمەت)مان لەجیاتی چارەسەرییەکی جیاواز، دەستبەجێ "مێرد"مان بۆ دەدۆزێتەوە. تەنانەت ناوی هەندێکیش دەهێنێت و دەڵێت؛ " ئەمەیان نەبوو، ئەویان". لەبەرامبەریدا کاردانەوەیەکی توندم نیشاندا و گووتم: "کێشە هاوسەرگیری بێت، خۆ من دەستگیراندارم. لەگەڵ مەتین هاوسەرگیری دەکەم! لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتی دەرکەوتنم لە دێرسیم دێتە بەردەم. بەڵام ئەوەندەی بیستوومە مەتین هێشتا لەسەر رێگەی چەپڕەوییەکەی CHPیە، چالاک نییە، خۆی بە چەپڕەوێکی ناکاراوە سنووردار کردووە. هەڤالان وای پێدەڵێن و دەشڵێن چاوەڕێی هیچ کارێکی لێ ناکرێت. ئەگەر وابێت کێشە دروست دەکات".

زۆر بەهزر و بیرکردنەوەیەکی لەپێشینەوە هەڵوەستە ناکەم، بەڵام هاوسەرگیریش بەچارەسەری دانانیم. پەیوەندیم لەگەڵ تەڤگەر بە ئەرک و کاری لەپێشینە دەبینم. رەتکردنەوەیەکی توندیش لە ئارا نییە، بەخۆم دەڵێم؛ "هاوسەرگیری ناتوانێت دەستبەردارم بکات. بەڵام بەمەرجێک هاوسەرگیری دەبێت کە ئایدیۆلۆژی - فیکر، رێکخستن - گرووپی هاوبەش لە بنەمایدا بێت". لەلایەکی تریشەوە بە چاوی برایەکەوە لە هاوڕێیانی گرووپەکە دەڕوانم. لە ئاستی گشتیشدا وەهابوو. یەکەمین پەیوەندی، یەکەمین یەکێتی لەم چوارچێوەیەدا هەڵدەسەنگێندرا، بەپیرۆزییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. نەدەبوو هاوڕێیەتی ناو گرووپ بۆ شێوەیەکی جیاواز بگۆڕدرێت و خراپ ببێت، ئەمە وەک عەیبە، گوناح و سەرپێچییەک هەڵدەسەنگێندرا. ئەگەرچی لایەنی زۆر زانستیانە و لۆژیکیانەشی نەبێت، بەڵام بەمشێوەیە

بوو. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو ناوانەی دەهاتنە بەر گوێ لە دەرەوەی ئەم پێوانانەش کاردانەوەیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا. راستە هەموومان هاوڕێ بووین، ڕێز و خۆشەویستییەکی گەرم و گوڕمان لەناخدا بوو بەرامبەر بەیەک، سەرەڕای ئەمانەش بەهۆکاری "هەڤاڵێتی" پابەندبوون، پەسندکردن و نرخ پێدانمان هەبوو. لە بژاردەی دووەمدا ئەم پێکهاتانە ناواخنیان پڕ نەبوو، بەڵام من لەبەر ئەوەی وەکو هەڵوێستێک تەواو دژبەرم تەماشام دەکرد، ناوەکان گرنگییان نەبوو.

بەڵێ، چارەسەرییەکەی دایکم و چارەسەرییەکەی (قیمەت) لە جەوهەری خۆیدا جیاواز نەبوون. تەنانەت چارەسەرییەکەی دایکم کەمێک واقیعی بوو. زۆرجار بیرم دەکردەوە کە "ئەگەر هاوسەرگیری بکەم، بڕۆم بۆ ئەنکەرە، لەوێ لەگەڵ هەڤالان کاربکەم، ئەمەیان باشتر دەبێت"، بەڵام هەمدیسان دەشمگووت "ئەی مەتین؟ ئەگەر پشتیوانی لە هەمان شت نەکات، ئەوا ئەمەی ناوێت و ڕێگری دروست دەکات. دەبێتە خاوەنی ماف بەسەرمەوە، نایەوێت بە خواستی خۆم هەڵبسووڕێم". کەوابوو دەبێ جیاببینەوە! ئەمەش دەبوو بە لەدەستدان و بەهەوانتەبردنی هەندێک شت. ئەگەر جیادەبمەوە بۆچی هاوسەرگیری پێکبێنم. ئەوەندە ئاسان بوو؟ مانەوەم وەکو کچێکی گەنج و جیابوونەوەم لەکاتێکدا دەستگیراندارم زۆر باشتر دەبوو. ئەوەی تریان سەرقاڵی دەکردین. دەبووە مایەی بەرهەڵەستکردنی زۆرێک لە بەها کولتوورییەکان. دایە خەپە و ئەوان چەندە خراپیش بن، بەڵام بە جیابوونەوەیەکی وەها دڵیان دەشکا. خەرجی شایی و ئاهەنگ و...هتد. هەموو کەسێک پێی دەزانێت، بە فەرمیەت دەگات، دواتر جیابوونەوە و فڕێدانی زەحمەتتر دەبوو.

کاریگەری لێدەکردم؟ نەخێر، لەم خاڵەدا رووم لە یاخیبوون کرد، دڵنیام لەخۆم، چونکە لەم خاڵەدا کەس زۆری بۆ نەدەهێنام. نەمدەگووت: ئەمیان رێگرە و ئەویان رێگرە. کە بیرم لێدەکردەوە رازی نەدەبووم. نەمدەتوانی پەیوەندی و پێکەوە گرێدانێک لەنێوان پەیوەندی هاوسەرگیری و پەیوەندی شۆڕشگێڕیدا دروست بکەم، لە ناخەوە نیگەرانیی دایدەگرتم و نارەحەتی دەکردم. ئەو پەیوەندییە درێژەدان بوو بە گرێدانی نێوان دوو خێزان. ئێستاکە لەتوانایدا نیم. کەواتە چۆنم بکردایە؟ نەخێر نەخێر... رازی نابم. باشە ئەی دەتوانم چی تر بکەم؟!.

بیرم لێکردەوە بۆ ماوەیەک بڕۆم بۆ گوندەکەی دایەگەورەم. (مەتۆ)ش پشتگیری کردم. دایکم - باوکم پێچەوانەی نین. دەڵێن: "ماوەیەکە لاواز بوویت، لەوێ شیر و ماست هەیە، باشە بۆ گەدەت. هەفتەیەک دەمێنیتەوە و دەگەڕێیتەوە". رووداوەکان لە رووی مەعنەوییەوە کاریگەرییەکی زۆریان لێدەکردم. لەناو هەستێکی بەهێزدابووم، دڵگران ببووم. زۆر جار وابوو بە دزییەوە دەگریام. ئەو هەموو کچە هاوڕێیەم هەبوو، کچانی چەپڕەوی تورک هەبوون، کەچی رەوشی هیچ یەکێکیان وەک رەوشی من نەبوو. تیایاندا هەبوو دەستگیراندار بوون. (فەتحیە) دراوسێمان بوو، بەڵام ئەو خوازیاری هاوسەرگیری و رۆیشتن بوو بۆ ئەڵمانیا. ئەوان نەیاندەویست بە هەموو شتێکیانەوە شۆڕشگێڕی بکەن. (خاتوون)ی خوشکی (عەلی ئایدن)یش دەستگیراندارە، (گیونەش) دەستگیراندارە، بەڵام ناچارە ژیانی ئێمە لە ژیانی ئەوان جیاوازتربێت.

بە هەڤاڵانم گووت: "دەڕۆم بۆ گوند، بۆ ماوەیەک". دەمویست کە رۆیشتم، لەوێ بمێنمەوە و درێژە بە پەیوەندییەکانم بدەم. بەڵام پاش چەند رۆژێک بێتاقەتی دایگرتم. هەڤاڵان لە شار

بوون، هاتنیان بۆ گوند و درێژەدانیان بە کارەکانیان زەحمەت بوو. تەنانەت پەرتووکێک دەستنەدەکەوت. گوند وەکو شتێکی بێ واتا بوو. بەزۆری توانیم هەفتەیەک بمێنمەوە، گەڕامەوە بۆ شار.

تایبەتمەندییەکی زۆر بەرچاو یاخود پێگەیەکی وەهام نییە زیاتر دەربکەوێتە پێشتر. هەڤاڵان زیاتر نایکەن بە کێشە، وەکو فشارێکی ئەوتۆی خێزان، پێگەی خێزانێک کە لە خێزانەکانی تر زیاتر خواستی سنووردارکردنی هەبێت لێی دەڕوانن. تەنانەت لەناو گرووپی پەروەردەدا جاروبار دەبوو بە نوکتە و پێکەنۆک. گاڵتەیان بە چارەسەرییەکەی (قیمەت) دەکرد. هەر کاتێک بگووترایە "با ساکینە لافیتەیەک بە بەرۆکیەوە بکات و لەسەری بنووسێت ـ لە مێردێک دەگەڕێم رزگارم بکات ـ" و قاقای پێکەنینمان لێ دەدا. ئەگەرچی زویریشی بکردمایە، بەو گاڵتە و نوکتانە پێدەکەنیم". جاروبار بڕوام بە چانس دەهێنا، خۆم بە کەسێکی زۆر بێ چانس لێک دەدایەوە. لەناو بێ چارەییەک دام، هێزم بەسەر رووداوەکاندا نەدەشکایەوە، بەڵام داکۆک و بێ ئۆقرەبووم، نەمدەویست لەناو ئەو مەنگەنەیەدا بمێنمەوە.

جارێکی تر لەگەڵ باوکم قسەم کردەوە: "نامەوێت هاوسەرگیری بکەم، دەمەوێت کەلوپەلەکانیان بۆ بگەڕێنمەوە. هەڵبەتە جگە لە ئەڵقە، هیچ شتێکی تریانم بەخۆمەوە نەدەکرد. من هیچ لەم پەیوەندییە نەگەیشتم. دایکم و ئەوان هیچ جیاوازییەکیان نییە. هەڤاڵانم چی بکەن، منیش هەر ئەوە دەکەم. چیتر بە قسەی دایکم نابێت". باوکم دەیویست رازیم بکات دەیگووت: "باشە، ئەگەر حەز نەکەیت، بەزۆر نابێت، بەڵام چییە، چی بووە؟" و دەیویست هێورم بکاتەوە. دایکم هەر کە پێی زانی بەشدارمان بوو. بە تووڕەییەوە دەستی بە قسەکرد:

"کەوابوو با من بیڵێم.. ئەوان کچەکەمیان خەڵەتاند. لەوەتەی (باقی) و ئەوان هاتوون بۆ ئەم ماڵە، کچەکەم پرسە و رەشپۆشی دایگرتووە. دراوسێکانیشم باسیان کرد، لەو رۆژەوە نە بەجوانی جل لەبەر دەکات، نە خواردن دەخوات. ئینجا لەچکی رەشیشی بەستووە. (باقی) شتێکی لێکردووە. راستم پێبڵێ چی لێکردی، بۆچی دەتەوێت جیاببیتەوە، بۆچی مەتینت ناوێت؟ حەتمەن هۆکارێکی هەیە. خۆ نێوانتان خۆش بوو. لە پشووی مانگی شوباتدا مەتین لەماڵ نەدەچووە دەرەوە، خۆیشی خۆشی دەویست. ئەمەیان خەڵەتاندووە، ئیسماعیل وازی لێبێنە تۆ زۆر دڵسافی..."

تا لەدەستی هات قسەی کرد. چەندە بێ رەحم بوو. هەر یەکێک لە گووتەکانی بێ ئەندازە قورس بوون، مرۆڤی دەکوشت، بێ ئەندازە شکۆی کچبوونمی دەشکاند. بەڵام زۆر بە ئاسانی دەیگووت: دڵسافی. گوایا پەشیمانی دەکردەوە، بە هۆکاری خواستی جیابوونەوەمی دەزانی، پێی دەنا بە دەمارمدا و بێ ئەندازە دنەی دەدام، تەنانەت لە ئاستی رووخاندن دابوو. تەنیا ئەوەندەم پێکرا بچمە ژوورێکەوە و بگریم. لەو بەینەدا وایەری تۆمارکار (تەسجیل)ەکەم کەوتە بەرچاو. دەرمهێنا و لەملی خۆمم پێچا، پاشان پاشگەز بوومەوە. لەسەر مێزە بچووکەکە دامنا و هەوڵمدا هێور ببمەوە. ماوەیەک لەگەڵ خۆم تێکۆشام. شۆڕشگێڕی خۆشە، جوانە، بەڕاستیش جوانە. ئەگەر بخوێنم، بە مەعریفە ببم لە پەروەردەکاندا، بچم بۆ شوێنی تر، بە کەڵک و سوودمەندتر دەبووم. خۆزگە لە دوایین پۆلی دواناوەندی دەبووم. تاقیکردنەوەکانی زانکۆم دەکرد بە بیانوو و لە خێزان دوور دەکەوتمەوە.

کاکەم لە ئەستەنبۆڵ بوو. بچم بۆ لای ئەو. بەڵام ئەویش هەمیشە حەزی لە تەنیایی بوو، گەیشتن بەو ئاسان نەبوو. لەگەڵ (مەتین) هاوسەرگیری بکەم، بڕۆم بۆ ئەنکەرە؟!.. لێرەدا راوەستام.

ئایا هەڤاڵان نامبەن بۆ شوێنێکی دوور؟ هەر کات چارەسەرییەکەی (قیمەت) دەهاتەوە بیرم، بێزار دەبووم. بۆچی هەڤاڵانی تر لەگەڵم سەرقاڵ نەدەبوون، تەنیا (قیمەت) نەبێت. لە دۆخێکی وەهادا نەبوون بەم گرفتانەوە سەرقاڵ بن؟

(جەمیلە)م دێتەوە بیر. لە 1975 دا پێکەوە چووبووین بۆ چەولیک (بینگۆل). (مەتین)یشمان لەگەڵ بوو، لە دوایین کاتدا رازی نەبووم خاڵم لەگەڵمان بێت کە مسۆگەر فەرمایشتی دایکم بوو. لەگەڵ (جەمیلە) نەمانتوانی پێکەوە بچین. خاڵم لە دوایین کاتدا بە پسوولەکەی (مەتین) لەگەڵمان هات. (جەمیلە) هونەرە جوانەکانی تەواو کردبوو، ببوو بە مامۆستا. رەوانەی چەولیک کرابوو. خاڵم سەرقاڵی کاروباری فەرمی گواستنەوەی مامۆستایەتی (جەمیلە) بوو بۆ چەولیک، دەیویست بە واستە جێگەیەکی شیاوی بۆ بدۆزێتەوە. لەناوەندی شار پشک نەبوو. وەکو خۆی دەیگووت: "گوندێکی توندڕەو"ی بۆ دەستنیشان کرابوو، بەڵام گوندەکە پێویستی بە مامۆستا نەبوو. گوندێکی تا کۆتا ئیسلامیی بوون، منداڵەکانیان دەنارد بۆ خولەکانی قورئان خوێندن. دەیانگێڕایەوە کە لەو گوندە بە ئەتاتورکیان گووتووە "ئەتاکوتک"[80]. گوندێکی دژبەری ئەتاتورک بوون، هیچ مامۆستا، کارمەندێکی تەندروستی و هیچ کارمەندێکی دەوڵەتیان

---

[80] ئەتا یانا ئاتا؛ باوان یان باوەپیارە، کوتک: سەگ.

نەویستووە. تەنانەت نەخۆشەکانی خۆشیان نەبردووە بۆ لای پزیشک.

مامۆستایەک خەڵکی شاری وان بوو، ئەمانەی لە باخچەی (TÖB-DER[81]) بۆی باس کردین. خۆی ئەندامی (DDKD[82])بوو، ئەو کاتە پێمزانی. ئەندامانی (رێگەی ئازادی)یش هەبوو. لەو رۆژانەدا (TÖB-DER) سوتێندرابوو و گرژی و ئاڵۆزی روویدا بوو. مامۆستا ئەو رووداوەشی بۆ باسکردم. منیش باسی ئەوەم بۆ کرد کە لە خوێندنگە زیاتر خۆی لە من نزیک دەکردەوە. بەلای ئەو هەر چییەک بێت "چەپڕەوانی کورد" بووین. کوردایەتی؛ ئێمەی لێک نزیکتر دەکردەوە، کە خۆڕسک و پێویستیش بوو. سەرلەنوێ باسی ناو پۆلی کردەوە، باسەکەی تا پێکهاتە کۆمەلایەتی و سیاسییەکەی چەولیک هێنایەوە. خۆی هەڵسەنگاندنی دەکرد و ئێمەش گوێمان لێدەگرت.

(جەمیلە) لە پێکهاتەی گوندەکە ترسابوو. خاڵم بە خەندەوە گووتی: "گاور کچی گاور" دیسانەوە لە جێی خۆت راناوەستی. خاڵم وەکو دەربڕینی خۆشەویستییەکەی بەگشتی ئەم قسەیەی پێ دەگووتین. بەلام بە راستیش خۆشی دەویستین. خۆشەویستییەکی قەبای هەبوو. کاتێک مەست دەبوو زیاتر ئەو قسەیەی بەکاردەهێنا. گفتوگۆکانمان نارەحەتی کردبوو. خۆی هێشتا لایەنگری (AP – پارتی داد)بوو. کە مەست دەبوو پێی دەگووتین "هاورێ" و بانگەشەی دەکرد و دەیگووت: "من لە ئێوە

---

[81] کۆمەڵەی- یەکێتی مامۆستایانی تورکیا، گەورەترین کۆمەڵەی مامۆستایان بوو لە مێژووی تورکیادا.

[82] کۆمەڵەی کولتووریی شۆڕشگێڕیی رۆژهەلات.

زیاتر شۆڕشگێڕم". بەدرێژایی گەشتەکەمان لە کۆڤانجیلەر[83] بۆ چەولیک لە دڵەکوتێدا بوو و دەیگووت: "فاشیستەکان جیاوازن، فەلاقەمان دەکەن". ئەوانەی لەناو پاس و لەسەر رێ و لە خواردنگەکاندا چاومان پێدەکەوتن زیاترینیان سنگیان داماڵی بوو و زنجیرێکیان لە مل کردبوو سیمبۆڵی گورگەبۆرە[84]ی هەڵگرتبوو. ئەمەش ئەوی زیاتر خستبووە دڵەڕاوکێیەوە. لەگەڵ ئەوەدا ئێمەش کچی تازە پێگەیشتوو بووین، بە چاوی دەوروبەر ناڕەحەتی دەکرد و بەلای خۆیەوە دەیویست بمانپارێزێت.

دواجار (جەمیلە) چوو بۆ ئەو گوندە و دەستی بە مامۆستایەتی کرد. زیاتر خوو بە مامۆستایەتی دەستڕەنگینی و درومانییەوە دەگرێت، جیازێکی زۆری ئاڵووالای بووکێنی کیژۆڵەکانی ئەو گوندە دروست دەکات. نزیکی ساڵێک تێپەڕی بەسەر ئەم گەشتەدا. ئەگەر بچوومایە بۆ چەولیک راستەوخۆ رووم دەکردە ئەو گوندە و دەمتوانی (جەمیلە) بدۆزمەوە. (TÖB-DER)م لەبیر بوو، حەتمەن هاوکارییان دەکردم. بەڵام شتێکم لەبیر دەکرد، خوێندنگە لە ماوەیەکی کورتدا پشووی ساڵانەی دەدا. خوێندنگەکانی گوندەکان زۆر زووتر دەستیان دابووە پشووی ساڵانە. ئەم پلانەشم سەری نەگرت و هاوکات رۆیشتن بۆ ئەوێش مەترسیدار بوو.

لەسەروبەندێکدا کە بە بێدەنگی و بێ گریان بیرم لە سەرجەم ئەمانە دەکردەوە، بە خێرایی لە دەرگا درا، دایکم دڵەڕاوکێی بوو، هەر دەڵێت: "ساکینە، ساکینە، دەرگاکە بکەرەوە! با قسە بکەین عەیبە. بڕوانە میوانمان هاتووە. عەیبە.. مام (خدر)

---

[83] گەورەترین شارۆچکەی سەر بە شاری خارپێتە.

[84] سیمبۆڵی فاشیستەکانیMHP یە بەتایبەت و بەپێی ئەفسانەی ئەوانیش گورگی بۆر نوێنەرایەتی تورکی رەسەن دەکات.

و ئەوان هاتوون، پرسیارت دەکەن. کاتی نان خواردنە، چی دەخۆیت، تەماشاکە دڵی باوکت زۆر رەنجاوە، لێیدا و رۆیشت، ئەویش هێشتا نەهاتۆتەوە"، و بەردەوامە لەسەری، منیش فزەم لێوە نایێت.

لەناکاوێکدا قیژاندی: " (مەتۆ).. (مەتۆ).. ئادەی لە پەنجەرەکەوە بڕوانە هیچی لەخۆی نەکردبێت!"

دیارە ئەویش شیمانەی دەکات چەندە کاری تێکردووم، سەیرە! (مەتۆ) لە پەنجەرەی بەلەکۆنەکەوە تەماشای ژوورەکەی کرد، لە پەردە ریشاڵەکەوە منی لێوە دیار نییە. دایکم دووبارە بانگم دەکاتەوە، وەڵامی نادەمەوە. (مەتۆ) بە جێدەستکی پەنجەرەکاندا دەکێشێت، هەموویان داخراون. بە دەنگێکی پڕ ئێشەوە دەڵێت: "دادە... دادە.."

هەموو ئەمانە دووبارە و سێبارە دەکرێنەوە. نەمدەتوانی لەبەرامبەر (مەتۆ) دان بەخۆدا بگرم. نەمدەویست دڵی بشکێنم، چونکە نزیکترین هەڤاڵمە، هاوڕێیەکمە زیاترین هاوکاری کردبووم. پەیوەندی نێوانمان لە خوشک و برایەتی بەولاترە. وەڵامی ئەوم دایەوە و ئەویش دڵی ئاوی خواردەوە. دایکیشم بەبیستنی دەنگم ئاسوودە بوو. شیمانەی ئەوەشم دەکرد کە کەسی تر لەماڵەوە نییە، ئەگەر نا دایکم بەهیچ شێوەیەک نهێنی نەدەدرکاند. نەیدەویست دایە خەپە و ئەوان پێی بزانن.

وایەرەکە لەسەر مێزەکەیە. دوای ئەوەی من لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە دایکم دەیبینێت و دیارە گومانی لەلا دروست دەبێت. لە قسە و گفتوگۆکانی دواترماندا ئەوەم پێگووت کە بیرم لە شتێکی وەها کردبووەوە. بەم هۆیەوە ماوەیەک هەوڵیدا بە وریاییەوە مامەڵە بکات. دەترسا لەوەی "شێتی"یەک بکەم. ئەی

چارە چیە؟ خۆکوشتنم چی چارەسەر دەکرد؟ بەڵام دایکم قسەی زۆر قورسی پێدەگووتم، بەرگەم نەدەگرت.

مادام هێندە قسەی سووکی پێدەگووتم، وەکو کەسێکی هێندە خراپ تەماشای دەکردم، ئەی باشە بۆچی لەلای خەڵکی تر خۆی وا دەنواند کە منی خۆش دەوێت، بیر لە من دەکاتەوە، وەکو دایکی کچێکی دەستگیرانداره، وەکو خەسووی گەنجێکی خوێنگەرم، بەژن و باڵا جوان، قۆز، کە خوێندنی باڵا دەخوێنێت و دەبێت بە "زەلام" خۆی نیشان دەدا؟ بەلای منەوە کارێکی زۆر ساختە بوو، پڕبەدڵ دروستی و دڵگیریم تێدا بەدینەدەکرد. لە دڵی خۆمدا دەمگووت: "باشە کاکەم هاوسەرگیری نەکردووە، ئەگەر بووکێک لەلای دایکم بووایە، حەتمەن لە من خراپتری پێدەکرد."

## شۆڕشگێڕی؛ بە ئازادیی بەکارهێنانی ئیرادەیە

کێشەکە ئیتر دەبووا چارەسەر بکرایە، چونکە بڕیاری خۆم دەدەم. لەگەڵ (مەتۆ) سەر بەسەر پێکەوە پلانمان داڕشت. (مەتۆ) دەبێتە "هاودەرد"ێک بۆ من. دڵگرانە بە حاڵی من. دەمگووت مادام دایکم سەرنجی لای مامەکانمە، لە ڕێگەی ئەوانەوە دەرکەوتنم لە ماڵەوە ئاسانتر دەبێت. سەرەتا قسەم لەگەڵ (تورکان) و ئەوانکرد. داوام لە (سایمە)ی کچە مامم کرد لە گوندەوە بێت بۆ لامان. لە ئارگان[85] دەیخوێند، لە بەشی ناوخۆیی بوو. بیستم هاتووە بۆ گەشت و دیدەنی، ئەویش شۆڕشگێڕ بوو. لە (باقی) برای نزیکتر بوو، (ئیبۆ)، (محەمەد عەلی)، (باقی) هەر یەکەیان لایەنگری سیاسەتێک (TKP)،(TİKKO) و (HK) بوون.

بەڵام خۆی کەسێکی سۆزدار و نیاز پاک بوو، لە هیچ بابەتێکدا توند و تەواو پێنەگەیشتوو بوو، بەشی ناوخۆیی خوێندنگە لەم لایەنەوە دووری خستۆتەوە لە پێگەیشتن. لە ئارگان فاشیستێکی زۆر هەیە. لە خوێندنگەکەی ئەوانیشدا تەنیا ئەوەندەی بەسە کە خەڵکی دێرسیمن. چونکە مۆرکی "کۆمۆنیست"یان لەسەرە. ناساندنی (سایمە) ئاکامێکی باشی دەبوو. چونکە لەڕێگەی (سایمە)وە دەمانتوانی ئایدیۆلۆژییاکەمان بگەیەنینە پەیمانگەی مامۆستایان. ئەمانە یەکەمین بابەتی گفتوگۆمان بوو لەگەڵیدا. لە ماڵی (تورکان) و ئەوان دانیشتنمان کرد. دایکم ئاگای لەمە نەبوو. پاش ڕوونکردنەوەی بابەتی

---

[85] یەکێکە لە کۆنترین ناوچەکانی کوردستان و شارۆچکەیەکی سەر بە شاری مەلەتییە کە دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ ئاکچاداغ گۆڕیوە.

ئایدیۆلۆژی، باسەکەم گواستەوە سەر بابەتی خێزان و ئەو دۆخەی تیایدام. بە تەواوی نەمزانی (سایمە) لێکدانەوەیەکی چۆنی بۆ دەکرد، بەڵام بڕوام بە تێگەیشتنی هەبوو. تیشکم خستە سەر سارد و سڕی پەیوەندییە خێزانییەکانیشمان. هاوکات ئاماژەشم بەوە کرد کە بڕوام هەیە بەوەی پەیوەندییە شۆڕشگێڕییەکەمان زیاتر لێکمان نزیک دەکاتەوە و پاش باسوخواس لەسەر ئەم بابەتە، هاتمە سەر پلانەکە و گووتم:

"(باقی) شۆڕشگێڕە، پێشتر هاتبووە داوام، من بۆ هاوسەرگیری ئامادە نەبووم. لەگەڵیدا قسەم کرد و بیرکردنەوەی خۆمم پێ گووت. ئەویش بە ڕێزەوە وەڵامی دامەوە. دواتر لەگەڵ مەتین دەستگیرانداریم کرد، لەجێی خۆیدا نییە باسی چۆنێتییەکەی بکەم. هەر چییەکیش بڵێم بڕوام پێناکەن، بەشێوەیەکی تر لێکیدەدەنەوە. بەڕاستی بۆ ئەوەش ئامادە نەبووم، بەڵام تازە بوو. دەمەوێت ببمە شۆڕشگێڕ، دایکم مژاری زەماوەندی هێناوەتە گۆڕێ،ماڵەکەی تریش خوازیارن. تەنانەت دەشڵێن ـ ساکینە دەتوانێت بەردەوامی بە خوێندنەکەی بدات، خوێندنەکەشی بۆ ئەنکەرە بگوازێتەوە ـ مەتین ماوەیەکی درێژە نایەتەوە، ناشزانم بۆتە شۆڕشگێڕ یاخود نا. بەڵام ئەگەرێکی زۆری هەیە ئەو لە حاڵی خۆی دایە، چونکە خانەوادەکەی دژبەری ئەو ڕێگەیەن. من دەمەوێت لێی جیا ببمەوە، بەڵام نامەوێت گرفتی ترمان بێتە پێشەوە. ئەوان مسۆگەر پۆلیس دەخەنە گەڕ. بۆ ئەوەش لەماڵەوە وا نیشاندەدەم کە بۆلای (باقی) رامکردبێت. هەرکاتێک ماڵەوە لەم مژارەدا دڵنیا بوون، ئەوکات دەڕۆم بۆ شوێنێک کە هەڤاڵان بە گونجاوی بزانن، دواتر بیر لەوێ دەکەینەوە. بەڵام ناچارین وابکەین کە بڕوامان پێبکەن، هیچ دۆخێکی گرتنیش نەیەتە

ئاراوە. حەز دەکەم لەگەڵ باوکیشی قسە بکەم، چونکە مامەم کەسێکی باشە، بەتێگەیشتوویی و بە ڕێزەوە پێشوازی لەم داوایەم دەکات، واتا نابێت ئەوانیش دەستبەجێ بڵێن - کارەکەمان تەواوە و تۆ بووکی ئێمەیت - و خۆیان نەکەن بە خاوەنم. لەم مژارەدا متمانەم بە ئێوە هەیە. لەو بڕوایەش دام (باقی) و ئەوانیش بەهەمان شێوە پێشوازی بکەن."

(سایمە) واقی وڕما، سەرەتا زۆر خۆشحاڵبوو و تەنانەت باوەشی پیاداکردم و گووتی:"تۆ براژنی ئێمەیت"

ئەم هەڵوێستەی هەموومانی خستە پێکەنین. دیاربوو لە جددیبوونی گرفتەکە تێنەگەیشتبوو، زۆر سۆزدارانە مامەڵەی دەکرد. ئەم هەڵسوکەوتەیمان بۆ دڵسافییەکەی گەڕاندەوە. دواتر کاتمان دەستنیشان کرد. لەو ماوەیەدا ناسنامەی خوێندنگەم وەردەگرت. ماڵی کچەکەی (بیبی)مان بەشوێنی دیاریکراو دەستنیشان کرد و ئەویش لەگەڵ باوکی دەهاتن و لەوێ چاوەڕێی هاتنی ئێمەیان دەکرد.

بەزمانێکی خۆشیش (مەتۆ)م سەرزەنشت کرد کە نهێنی نەدرکێنێت. بەڵێنی پێدام کە نەهێڵێت دایکم و ئەوان هەستی پێبکەن. ناسنامەکەم لە خوێندنگە وەرگرت. (تورکان) و ئەوان حەپەسا بوون لەم بە بڕیاربوونەم. سەرەتا زۆر بەجددی وەریان نەگرت. دەمویست هەر خۆم بە هەڤاڵانیشی رابگەیەنم، ماوەیەک نەمبینین. بەڵام ئەوان ئاگاداربوون لەم بارودۆخەی من، بەهەر جۆرێک بووایە مانەوەم لەو ماڵەدا لەوان دووری دەخستمەوە. بڕیارمدا ببمە شۆڕشگێڕ و هیچ کەسێکیش ناتوانێت ڕێگریم لێبکات. ئەمەم کرد بە ئامانجێک و لەبەردەم خۆمم دانا. لەم خێزانەدا ڕۆحی شۆڕشگێڕی نییە، ئەگەر دەربکەوم، پێدەچێت خوشک و براکانم تووشی زۆری و

زەحمەتی ببن، بەڵام ئەوان ئاسانتر دەیانتوانی ببن بەشۆڕشگێڕ. هەر هیچ نەبێت کەس بەم رادەیە فشار و گوشاری نەدەخستە سەر ئەوان.

(مەتۆ) تا ماوەیەک هیچ شتێکی نەدەدرکاند، بەڵام ئەگەر دۆخێکی زۆر نالەبار بهایەتە ئاراوە، تەنیا ئەوەندەی دەگووت کە رۆیشتووم بۆ ماڵی مامم. سەرەتا حیسابی ئەوەی دەکرد بە چەند رۆژ دەگەمە ئەنکەرە، پاشان راستییەکانی پێ دەگووتن. بەمەبەستی قۆستنەوەی کاتیش، خۆی سەرپشک بوو لە دیاریکردنی ماوەی سەرقاڵکردنی ماڵەوەدا.

ئەو رۆژە لە وەرگرتنی ناسنامەی خوێندنگەدا سکرتێرەکە پرسیاری هۆکارەکەی لێکردم، منیش ئامادەکاری هاوسەرگیریم وەکو هۆکارەکەی بۆ هێنایەوە. سەرەتا نەیدەویست پێم بدات و دەیگووت: "پێویستە بە بەڕێوەبەری رابگەیەنم"، منیش زۆر بە ئارامییەوە پێمگووت کە هیچ گرفتێک نابێت هەر خۆی دەتوانێت ئەم کارە رابپەڕێنێت. پاشان رازی بوو. دواتر چوومەوە بۆ ماڵەوە، دایکم رۆیشتووە بۆ گەڕان. ئەم هەلە خۆشحاڵی کردم، منیش وام نیشاندا کە دەڕۆم بۆ لای هاوڕێیانم. ئەو رۆژە جلێکم لەبەرکرد کە ماوەیەک بوو لە بەرم نەکردبوو، کاتێک بە شەقامەکەدا تێپەڕ بووم، سەرنجی دراوسێکانم راکێشا.

هەر لەگەڵ دەرکەوتنم، تووشی دایە خەپە هاتم. ئەویش بۆم راوەستاوە و زۆر بەسەرنجەوە لە تەوقی سەرمەوە تا نووکی پێم ورد دەبێتەوە، تۆبڵێی شتێکی سەیر هەبێت؟ مەحاڵ بوو تێبگات. هەر بە ئەقڵیشیدا نەدەهات. بەڵام من لەناخی دڵمەوە هەست بە ئازار دەکەم، ویژدانم ئاسوودە نییە. ئەو پیر و پەککەوتانە چیان بکردایە، مسۆگەر زۆر دڵگران دەبوون. ئەی (مەتین) چی بگووتایە؟ لەوانەیە لە ئەنکەرە یەکتر ببینین.

دایە خەپە پاش ماوەیەک لە بێدەنگی و ورد ڕوانین لێیپرسیم بۆ کوێ دەڕۆیت؟.

گووتم "دەچم بۆ ماڵی مامم و ئەوان".. نەمویست ناوی شوێنێکی تر بهێنم، ڕاستییەکەیم پێگووت. بێگومان ئەو نەیزانی بە چی ئامانجێک دەچم بۆ ئەوێ. تەنیا ئەوەندەیە کە تەنیا دەڕۆم. بەمەش سەری سوڕما و شیرینۆکانە سەیرم دەکات. پڕبەدڵ حەزم دەکرد لە ئامێزی بگرم و ماڵئاوایی لێبکەم. سەرباری هەموو لایەنە نەرێنییەکانیشی خۆشمدەویست، تۆزێک تەمەنییان ئازاری دەدام. ئومێدیان بە من بوو. منداڵە گەورەکەیان لە ئەنکەرە بوو، بووکەکەیان نەیدەویست لەگەڵیاندا بژی. منداڵی تریشیان نەبوو، کچەکەیان هاوسەرگیری کردبوو. بچووکەکەیان (مەتین) بوو، سەرباری ئەمانە بووکەکەیان خەڵکی هەمان شوێن و واری خۆیان بوو، بۆیە تەنیا نەدەبوون. دایە خەپە وەکو هەستی بە شتێک کردبێت خەندەیەکی خەماوی لەسەر لێو بوو. مامەڵەی منیش ڕەنگێکی جیاوازی نەبوو. هەمدیسان گووتم: خۆزگە لە ئەنکەرە (مەتین)م دەبینی و کێشەکەمان پێکەوە چارەسەر دەکرد. ئایا بیرکردنەوەکەم ئایدیالیستیانەیە، لەناخی دڵمەوە نزام دەکرد. دەمگووت: پاشگەز ببمەوە؟ دەشبێت (مەتین) بێتەوە، کەمی ماوە بۆ پشووی هاوین... نامەکانیشی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام بەدەستم دەگەیشتن. داوای وێنەیەکی لێکردبووم و دەشمزانی کە وێنەی خۆیشی دەنێرێت. تەنانەت شێوە و ڕووخساریشیم لەبیر کردبوو. لەنامەکەیدا گۆرانی دراما کیۆپروسو (پردی دراما)ی نووسیبوو.

کە دەڵێت: " پردی دراما بەرتەسکە حەسەن، دەرناچێت

ئاوەکانی ساردن حەسەن، تاسێکی لێ وەناخورێت

دەست لە دایک هەڵدەگیرێت حەسەن، دەست لەیار هەڵناگیرێت...."

کۆپلەکانیم لە بیرە. دەیویست چی بڵێت ئایا بۆچی نووسیبووی؟ بیرکردنەوەم لەمانە چ واتایەکی هەبوو لەکاتێکدا لە سەر رێگەم و هەنگاوی جیابوونەوەم هەڵگرتووە... تاوانبارییەک بوو؟ خیانەت بوو بەم پەیوەندییە؟ بەڵام خۆ من کەسێکی ترم خۆش نەدەویست، لەگەڵ کەسێکی تر هاوسەرگیریم نەدەکرد. خۆیشی دەیزانی چۆن هەڵوێستێکم هەیە بەرامبەر بە (باقی). دەمویست لەماڵ دەربکەوم، دەمویست ببمە شۆڕشگێڕ. دڵم پڕ ببوو، چاوم پڕببوو لە فرمێسک. هەوڵمدەدا کەس هەستم پێنەکات. لە رێگە تووشی زۆر کەسی تریش هاتم.

دوای ماوەیەک رۆیشتن، لەڕێ لامدا و چوومە سەر شەقامەکەی بەردەم گۆڕستانەکە. ئەو رێگەیە چۆڵە و کەس نایبینێت، هەنگاوەکانم خێراتر کرد. نەمدەویست بیر لە هیچ شتێکی تر بکەمەوە. کاتێک چوومە ماڵی مامم، مامەم و (سایمە) چاوەڕێی منیان دەکرد. مامەم لە ئامێزی گرتم و ماچی کردم، خۆشحاڵ بوو. ئەوکاتە حەپەسام لەوەی دووچاری بوومەتەوە. ئایا (سایمە) چی و چۆنی بۆ باسکردبێت؟ هەڵبەتە مامەم بەوە خۆشحاڵ ببوو کە گوایە لەپێناوی (باقی) رامکردووە. قسەم لەسەر هیچ شتێک نەکرد. لەوەودواش پاشگەزبوونەوەم خراپتر دەبوو. نەخێر، پێویست بوو شکستم بە بێ بڕیاری بهێنایە. چیتر نەمدەتوانی لەو ماڵە بمێنمەوە. تەکسییان گرتبوو، مامەم پارەی بە (سایمە) دا و پێیگووت: "بڕۆن بۆ خارپێت بۆ ماڵی مامە حەسەنت، لەوێ تەلەفون بۆ (محەمەد عەلی) بکە و بڕۆن بۆلای ئەوان."

لە ڕێگە (سایمە) پێی گووتم: هەر ئەو بەیانییە تەلەگرافیان بۆ (باقی) ناردووە کە لە ئیزمیرە. بەدرێژایی ڕێگە، نا ئاسوودەبووم و بێ حاڵی دایگرتبووم. ئۆتۆمۆبێلیش نارەحەتی دەکردم. هیچ قسەم پێنەدەکرا. (سایمە) ناوبەناو دەیویست بمدوێنێت و دەیگووت: "هەموو شتێک باش دەبێت، دڵگران مەبە".

چەندە دڵساف و نیاز خاوێنە! "هەموو شتێک باش دەبێت!" لەماڵەوە قیامەت ڕوویدابوو، نەمدەویست بیر لە هیچ بکەمەوە، حەتمەن شتگەلێک ڕوویاندەدا کە زۆر باش نەبوون. لە خارپێت زۆر نەماینەوە، شەو پشوومان دا و بەیانییەکەی ڕاستەوخۆ بە پاسی سەر بە گەشتوگوزاری خارپێت ڕۆیشتین بۆ ئەنکەرە. لە ئەنکەرە کە دابەزین هێشتا دونیا تاریک بوو، کە گەیشتینە ئولوس، جەبەجی ناوەوە[86] تازە دونیا ڕووناک دادەهات. (سایمە) پێشتر ڕۆیشتبوو، زەحمەتییەکی ئەوتۆمان نەهاتەڕێ لە دۆزینەوەی ناونیشاندا.

کۆڵانەکە وا بەبەردەم کۆلێژی سیاسییەوە. کاتێک بەلایدا تێپەڕبووین (سایمە) گووتی: "ئەمە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانە" یەکسەر (عەلی حەیدەر قەیتان)م هاتەوە یاد. ئەی باشە (مەتین) لەکام کۆلێژ دەیخوێند؟ دەمزانی لە (گازی ئەیتیم) بوو، بەڵام خوێندنگەکەیان لەکوێ بوو؟ بەخۆمم دەگووت: "ئەگەر بەدوایدا بگەڕێم دەیدۆزمەوە، دەشێ زۆر سەرسامیش ببێت، بەڵام لێم تێدەگات". لە ئۆتۆمۆبێل دابەزین، پاش (15)پازدە خولەک ڕێڕۆیشتن، (سایمە) لە زەنگی دەرگای ماڵی قاتی خوارەوەی باڵاخانەیەکی دا. پاش ماوەیەک چاوەڕێکردن. ژنێکی تەمەن مامناوەند دەرگاکەی کردەوە، (سایمە) پرسیاری کرد: "ئێرە ماڵی محەمەد عەلی پۆلاتە؟"

---

[86] دوو گەڕەکی سەرەتای شاری ئەنکەرەن.

ژنەکە لە وەڵامدا: "بەڵێ.. فەرموون"

چووینە ژوورەوە. ماڵێکی بچووک، هۆڵ و ژوورەکانی لەناو یەکدان، خەوتووەکان بە ئاگاهاتن و هەڵسان. (محەمەد عەلی) تازە لە خەو هەستابوو و دەستی بەچاویەوەیە و بەرەو رووومان هات، حەپەسابوو، لە ئامێزی گرتین و ماچی کردین. دواتر چاومان بە (مەدینە) کەوت، ئەم جارە ئێمە حەپەساین. مەدینە چووبوو بۆ ئەستەنبۆڵ. هەموو ساڵێک دەچوو بۆ ماڵی (گوڵئابی) و ئەوان. کەوابوو گەڕاونەتەوە! (مەدینە)ش بە چاوی خەواڵووەوە هات و پرسیاری کرد: "خێرە ساکینە، تەنیا هەردووکتانن؟".

بەکورتی وەڵاممان دایەوە. واتای پێنەدا. دەموچاوی شوشت و هاتەوە. ئەوانەی تریش هەتا بە ئاگا بهاتنایە و هەڵسانایە ژمارەیان زیادی دەکرد. (مەدینە) دووبارە پرسیاری کردەوە. چەندین رۆژ بوو دڵم پڕبوو، بەدرێژایی رێگەش بەزۆر دانم بە خۆمدا گرتبوو، هەر وەک چۆن بەجارێک هەموو شتێک هەڵڕێژم، ئاوەها دەستم کرد بە گریان. ئەوجار هەموویان حەپەسان.

لەولاوە (محەمەد عەلی) گووتی:"ساکینە، رۆڵە گیان.. چی بووە، ئادەی وەرە با بچینە ژوورەکەی تر".. چووینە ژوورەکەی ترەوە و باسی رەوشەکەم بۆ کرد. تۆزێک بۆی راوەستا.. پاشان پرسیاری کرد: "باشە، باوکت و ئەوان ئاگادارن لە هاتنەکەتان؟" پێمگووت کە نازانم و ئەو بەردەوامی کرد: "پێویستە ئاگاداریان بکەینەوە. نیگەران دەبن". و پاشان هەوڵیدا دۆخەکە بگۆڕێت و دەستی کرد بە گاڵتە کردن: "لە هەموو کەسێک زیاتر (باقی) دڵخۆش دەبێت".

بەم قسەیەی تووڕە بووم: "ڕەوشەکەم بۆ شیکردنەوە، بەلای منەوە لە خزمایەتی بەولاتر، ئێوە بەلای منەوە کەسێکی شۆڕشگێڕیشن، بەتایبەتی ئێوە پێویستە باشتر تێبگەن. لەو بڕوایەدام (باقی)یش هەڵوێستێکی ڕاستی دەبێت. من بۆ هاوسەرگیری نەهاتووم، دەمەوێت ببمە شۆڕشگێڕ، هیوادارم یارمەتیدەرم بدەن."

(محەمەد عەلی) جددیترانە: "باشە ڕۆڵەی خۆم، گاڵتەم کرد، خەمت نەبێت. ئەگەر باوکت و ئەوان بزانن لێرەیت، کێشەمان نامێنێت."

نازانم ئەو ڕۆژەم چۆن بەسەربرد، سەرەڕای ماندوویێتییەکی زۆری ڕێگە، بەهیچ جۆرێک خەوم لێنەدەکەوت. پرسیارم لەخۆم دەکرد: "ئایا هەڵەم کرد؟". ئێوارە کە (محەمەد عەلی) هاتەوە پێی گووتین لە دێرسیمەوە بەتەلەفۆن پرسیاری هاتن و نەهاتنی منیان لێکردووە بۆ لای ئەوان. کەواتە باوکم و ئەوان تەلەفۆنیان کردووە. (مەتین) چاک پێی لەسەر داگرتبوون. باوکم و ئەوان زۆر خەمبار ببوون. دوو ڕۆژ لە کەنارەکانی مونزور بەدوای مندا گەڕاون. وابیریان لێکردۆتەوە کە خۆم فڕێداوەتە ناو ئاوەکەوە. هەڤالانیش بۆچوونیان بەهەمان شێوەبووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە (تورکان) و ئەوان دەیانزانی. (مەتۆ)ش دەیزانی. دیارە بۆ ئەوەی ماڵەوەمان کەسیان تاوانبار نەکەن بەم شێوەیە هەڵسوڕابوون. ئەگەرنا مەحاڵە بڕوا بکەن. من نەک خۆکوشتن، ئازادیم هەڵبژارد بوو، ئەمەم لەگەڵ هەندێک لە هەڤالانیش تاوتوێ کردبوو. (مەتۆ) زۆر چاک ڕۆڵی خۆی گێڕابوو. بەڵام ڕۆڵی من باش بەڕێوە نەدەچوو.

محەمەد عەلی: "پێویستە دەسبەجێ مارەبڕینێکی خێرا ڕێکبخەین، چی دەبێ و چی نابێت، خانەوادەکەت دەزانن کە

لێرەیت، پۆلیسیش ئاگادار دەبێت". بە گەڕانەوە خانەوادەکەی (مەتین)یش "دەشێ ئەوانە سکاڵا ببەن، ئەم مارەبڕینە تەنیا رووکەشی دەبێت، هەرکات رەوشەکە هێور بووەوە، بەشێوەیەکی تر چارەسەری دەکەین".

لەوەها دۆخێکدا بەرپەرچم دایەوە و لەدژی وەستامەوە. داخم لەو هەڵوێستە بێ ئەقڵانەیەی تا ئەو کاتەم دێت. ئەمەش چارەسەری کەسێک بوو کە زیاترین متمانەم پێی بوو و بە شۆڕشگێڕم دەزانی! لەوەڵامدا گووتم: "نەخێر، بەهیچ شێوەیەک نابێت، ئەگەر وا بکەن لەم ماڵەش ناناوەستم، دەڕۆم". و بەو تووڕەییەوە لەماڵ دەرکەوتم.

گووتیان: "بۆ کوێ؟" و دەپاڕانەوە، نەگەڕامەوە و پێمگووتن: "دەڕۆم بەدوای هەڤاڵاندا. لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان دەیاندۆزمەوە".

کابۆی کچی ماڵەکەم لەبەربوو، کە بۆ مۆدێل پینە پینە کراوبوو. لەبەرمکرد، چونکە جلەکانی رێگەم شوشتبوو. بەدەم رێگەوە پێمزانی، گوێم پێنەدا. هەوڵمدا رێڕۆیشتنەکەم هێواش و خۆشم هێور بکەمەوە و نەهێڵم کەس بە گریانم بزانێت.

دوای ماوەیەک دانیشتن لە سەر یەکێک لە کورسییەکانی پارکی گەڕەکەکە، لە دەرگای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان تێپەڕبووم و چوومە ژوورەوە. فیلمی تورکەکانم دەهاتەوە خەیاڵ. وەکو ئەوەبوو کچە کوردێک کە هیچ شاری نەبینیبێت لە کۆڵان و شەقامەکانی ئەستەنبۆڵدا بەدوای کەسێکی خۆیدا بگەڕێت. لە کۆلێژەکە بەدوای (عەلی حەیدەر قەیتان)دا دەگەڕام! دوای راکردن لەماڵ هەستکردن بە چارەسەری..! ئۆف خوایە..! لەخۆپرسینەوەیەک لەناخمدا چەکەرەی دەکرد، بەڵام ئیتر نەمدەزانی لەم کارەمدا تاچەند راستم کردووە، تەنیا بڕوام

بەوەبوو کە شتێکی زۆر باشم نەکردووە، بەڵام مسۆگەر پێویست بوو لەماڵ دەربکەوم. لەم حاڵەدا کارەکەی خۆمم پێ ڕەوابوو. سیستەمی ئەو خێزانە و شۆڕشگێڕی چۆن پێکەوە بەڕێوە بچووایە؟ شۆڕشگێڕی بەوەرگرتنی مۆڵەت و دەستوور، بە پاڕانەوە، هەموو ڕۆژێک و هەموو جارێک بە درۆکردن لەگەڵ ماڵەوە، بەلامەوە کارێکی پێچەوانە بوو.

شۆڕشگێڕی ئازادی بوو، بەکارهێنانی ئیرادەی ئازادانەی خۆت بوو، هاوبەشی بوو، یەکێتی ڕەنجی هاوبەش بوو. بە هەموو شتێکییەوە زۆر خۆش و پیرۆز بوو و منی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. دەشێ شۆڕشگێڕی ڕێسای خۆی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی خۆبەخشانە، بە حەز و ئارەزوو و بەخواستەوە پابەندبوون بەو یاسایانەوە زەحمەت نەبوو بەلامەوە. بێ ئەوەی هەستی پێبکەین چووبووینە ناو ئەو ڕێسایانەوە. ژیانێک بوو: سەرجەم تایبەتمەندییەکانی جوان بوون، تەنانەت زەحمەتییەکانیشی جوانییەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. هەلومەرجی نالەبار و بێ دەرفەتی ژیانی ناو خانووە قوڕەکانی باخچەکەی بەردەم ماڵی ئێمە، خۆشەویستی و پابەندییەکی زۆر گەورەی لەمەڕ شۆڕشگێڕی دروست کردبوو.

گەیشتم بەو شوێنەی باسی لێوەدەکرا، بەڵام بۆ کوێ و بۆلای کێ بچوومایە. کۆلیژێکی گەورە و فراوان، هەر لە خۆوە نەمدەتوانی پرسیار لە هەموو کەسێک بکەم. دانیشتن لە باخی حەوشەی زانکۆ و تەماشاکردن و ڕوانین وبەدواداگەڕان کارێکی باشتر بوو. بۆ شوێنە قەرباڵغییەکم دەڕوانی. لەو نێوەدا چاوێکیشم لەسەر دەوروبەرمە. نەمدەویست وەکو کەسێکی بیانی و واقوڕماو ببیندرێم. چاوم بە سیمایەکی ناسراو کەوت.

کۆمەڵێکی بچووک لەژێر سێبەری دارێکدا دانیشتوون. کچێکیشیان لەگەڵدا بوو. (موسا ئەردۆغان)م دەستبەجێ ناسییەوە. شێوەی بە کاکەی (قیمەت) دەچوو. لە دێرسیم بینیبووم، بەڵام ئەو منی دەهاتەوە یاد؟ ڕاوەستام. جارێکی تر بۆ ئەو کۆمەڵەم ڕوانی. وەک ئەوەبوو بە ئامانجێک گەیشتبم کە زۆر بەدوایدا گەڕابووم. هەڤاڵێک بەرەو ڕووم هات کە دواتر زانیم ناوی (یلماز)ە. پێم گووت: "بەدوای هەڤاڵ عەلی حەیدەر قەیتاندا دەگەڕێم، پێیان گووتم: دەتوانم لێرە بیبینم".

ئەویش پرسی: "چی ئەون، لە کوێ دەیناسن؟"، پێم گووت کە لە دێرسیمەوە هاتووم. داوای لێکردم "خولەکێک چاوەڕێی بکە "م. چووە لای کۆمەڵەکە، ئەمجارەیان (موسا ئەردۆغان) هات، تەوقەمان کرد و پێم گووت: "من ساکینەم، ئێوەم ناسییەوە، برا گەورەی (قیمەت)یت" ئەویش گووتی "باشە"، ڕۆیشت و پاش ماوەی خولەکێک هاتەوە بۆ لام، گووتی "وەرە با دانیشین". و ڕوومان لە شوێنێکی پڕ چیمەن و سێبەر کرد و دانیشتین. جگەرەیەکی پێشکەش کردم و لێم وەرگرت.

بە خەندەیەکەوە قسەی دەکرد، پرسیاری کات و هۆکاری هاتنەکەمی کرد و گووتی: "خێر". دەیویست دڵم ئاسوودە بێت. دیارە حەپەسابووم یاخود کاریگەری ڕووداوەکان بە ڕووخسارمەوە دیاربوون. دەشبێت من بەو ڕەنگە لێی تێگەیشتبم. بەڵام دڵم تا بڵێی ئاسوودە بوو، وەکو ئەوەیە شتێکی زۆر بەنرخم دۆزیبێتەوە کە پێشتر لەدەستم دابێت. نیگەرانی و خەمی لەدەستدان و خۆشحاڵی دۆزینەوەی ئاوێتەی یەکتر

ببوون. له رووێکەوە له خانەوادە دابڕاوم، له رووێکی ترەوە له وڵات و له هاوڕێ و هەڤاڵانم دوورکەوتبوومەوە. تا ئەو ساتە هەستم بەمە نەکردبوو، زیاتر ناکۆکی و ململانێی ناو خێزان و دایک و کاریگەرییە چڕوپڕەکانی هەبوون. بەلامەوە شەڕێک بوو و من سەرکەوتبووم تیایدا. بەڵام نااااا! هێشتا دیار نەبوو چیم لەدەستداوە و چیم بەدەستهێناوە. هەوڵدانێک بوو، پێشهاتەکانی دواتر چۆنێتییەکەی دەردەخستەڕوو.

## کچێک لەماڵەوە رایکردووە، دەیەوێت ببێتە شۆڕشگێڕ

لە دێرسیم هەموو کەسێک قسەی لەسەر ئەم بەسەرهاتەی من دەکرد. بۆیە دەمگووت بەشکم ئەوانەی کچەکانیان شۆڕشگێڕن چیتر گوشار لە کچەکانیان نەکەن و ئەمەش دەبووە دڵنەواییەک بۆ من. ئەی باشە هەرگیز دەیانگووت: "بۆ پیاوێک رایکردووە"؟ چونکە من دیمەنێکی وەهام دروستکردبوو. کەس نەیڕفاندم، خۆم لە ماڵ دەرکەوتم و هەتا ئەنکەرە، بۆ ماڵی مامم رۆیشتم. هەموو کەسێک ئاگای لە هەموو رووداوەکان نەبوو.

کێ چی دەڵێت با بیڵێت، خۆم دەمگووت: "بە شۆڕشگێڕییەکەم، دەتوانم ئەوان و تەنانەت دایکشم رازی بکەم". ئەوە چۆن متمانە بەخۆبوونێک بوو ئەی خوایە! ململانێ، تێکۆشان، ناکۆکی، چەقبەستوویی، سەرجەم هەموو شتێک کە مەحاڵ دەبینران، لاوازییەکانی خۆم، بێ چارەییم، ترس و خۆفەکانم، بێ فیکری و بەپێی پێویست بیرنەکردنەوەم، هەمووی.. هەر هەمووی هەبوو و من سەرەڕای هەموویان، لەناو ئەمانەدا متمانەیەک، بوێرییەک، چەخماخەی هیوایەکم بەدیکردبووە و بەرەو رووی دەڕۆیشتم. ئەگەرچی هەندێک شت بەشێوەیەکی کاتیی کاریگەری دەکردە سەرم و دەمگووت: "رزگار دەبم لێی". لەگەڵ ئەوەشدا ترسم هەبوو بکەومە ناو چەوتییەکەیەوە. ئەگەرچی سامیشم لێی دەکرد، بەڵام سووربوون و پێداگری لە راپەڕاندنیدا قورسایی زیاتر بوو. بڕواکردنێک، پابەندبوونێک منی گرتبوو و دەیبردم. سەرەنجام بڕوام دەکرد بەرەو چەوتی و خراپییەوە ناچم. ئەم بڕوایەش

لەناخمدا متمانەی دروست دەکرد و بەدواداچوونەکەمی رانەدەوەستاند.

(موسا) گوێی بۆ باسەکانم شل کرد، جاروبار خۆی پێی رانەدەگیرا و دەیگووت: "پیرۆزباییت لێدەکەم دادە... هەر بژیت" و دەستی بەشێوەیەکی دۆستانە دەیکێشا بە شانمدا و بەهۆی بوێرییەکەمەوە دەستخۆشی لێدەکردم! باسەکەم هێنایە سەر هەڵوێستەکەی (محەمەد عەلی) و گووتم: "مانەوەم لەو ماڵەدا کارێکی راست نییە، سۆزدارییانە مامەڵەم لەگەڵ دەکەن. باسی مارەبڕین دەکەن، ئەمە نارەحەتم دەکات". ئەویش گووتی: "باشە... دواتر قسە دەکەین".

کچەکەی ناو گرووپەکە سەرنجی رادەکێشام، رەفتار و قسە و هەڵسوکەوتی هەستی ئەوەم لا دروست دەکات کە (کەسیرە)یە، چونکە خانەوادەی (قیمەت) هێندە باسیان کردبوو کە تەنیا ئەو دەهات بە خەیاڵمدا. (موسا) گووتی: "ئەگەر حەزدەکەیت لەگەڵ هەڤاڵ کەسیرە قسە بکە، پێکەوە نانی نیوەڕۆش بخۆن، بەشی ناوخۆ نزیکە، دەشبێت هەندێک پێداویستی تریشتان هەبێت". کەوابوو لە بابەتی ئەو کچەدا بەهەڵەدا نەچووبووم، (کەسیرە) بوو!

لەگەڵ (کەسیرە) پێکەوە هەستاین. گووتی: "وەرە با جارێ بچینە ژوورەوە، دەست و دەم و چاومان بشۆین". چووینە ناو بەشی ناوخۆیی کچانەوە. ژمارەیەکی زۆر کچی تێدابوو. لەسەر دەستشۆرەکە دەست و دەم و چاومان شوشت. بۆ وشککردنەوەش، خاولیەکی لە کیسەکەی دەرهێنا. لە هەڵسوکەوتەکانیدا هەڵەشەییم بەدینەدەکرد. ئارام و وردبوو. رێکوپێکی و دەستبەجێ پرسیار نەکردنی سەرنجی راکێشام. ئەم هەڵوێستەی بۆ پێگەی ناو گرووپەکەم گەڕاندەوە. سادەبوو،

قسەکردنی و جوڵەکانی لەکاتی قسەکردنیدا جیاوازبوو. دەربڕی ڕووخساری، نیشانەی ڕووساردی و هەروەها ڕێکوپێکیش بوو. جاروبار کاتێک پێدەکەنی ڕووخساری شیرینتر دەبوو بەلامەوە. کەواتە سارد نەبوو، ڕواڵەتێکی ڕەسەنی هەبوو بەلامەوە.

دووبارە هاتینە خوارەوە بۆ ناو پارکەکە. لەسەر چیمەنەکە دانیشتین. پرسیاری ناومی کرد و دەیویست بمناسێت. پرسیاری جێگە و پێگەی (محەمەد عەلی) لێکردم. لەوەڵامدا گووتم: "ئەندامی TKP یە. هەڤاڵ عەلی حەیدەر دەناسێت. چونکە هەمیشە باسی دەکرد و دەیگووت: "کە لەماڵەوە سەردانی کردوون". کاتێک پێیگووتم "عەلی حەیدەر دوێنێ چووە بۆ دێرسیم" داخم لێهات و لەدڵی خۆمدا گووتم: "خۆزگە یەکترمان ببینیایە یاخود کاتێک لە دێرسیم بووم بهاتایە، دەشێ شتێکی هەبێت پێی بگووتینایە، دەشبوو لە دێرسیم گرفتەکەمان چارەسەر بکردایە". لەو کاتەدا کە بیرم لەمانە کردەوە تۆزێک داڵغە بردبوومی. ئەگەر هەڵە بووایە ئەم هەڤاڵانەش پێیان دەگووتم. (موسا) بەم ڕەوشە خۆشحاڵ بوو، تەنانەت پیرۆزباییشی لێکردم، ئەگەر هەڵەم هەبووایە پێی دەگووتم، دیارە تووڕەش دەبوو.

کەسیرە: "موسا هەندێک شتی بۆ باسکردین، بەتەواوی لە ناوەڕۆکی بابەتەکە نەگەیشتم، بەڵام ئەگەر ڕاستت بوێت، تووشی سەرسوڕمان بووم. بەلامەوە کارێکی زۆر ئاقڵانە نییە، تا بڵێیت کارەکەت ئاڵۆز کردووە. دەرکەوتن لە خێزان باشە، ئێستا ئەمانیش هەمان شتت بەسەردا دەسەپێنن. ئامۆزاکەت پێشتر هاتۆتە داوات، ئەو خۆشحاڵ دەکات. باشە ئەو لە کوێیە، ئاگای لێیە؟".

گووتم: "له ئیزمیره" بەڵام ئاگادار نەبووم کە بانگیان کردووە یاخود نا. (سایمه) له ڕێدا پێیگووتبووم تەلەگرافیان بۆ ناردووە، بەڵام هیچی تری نەگووت.

کەسیره: "ئەو پێشوازییەکی چۆن لە بابەتەکە دەکات؟" ڕاستە، هەرگیز بیرم لێنەکردبووەوە. بەڵام وەڵامێکی ئامادەم پێبوو بۆ ئەم پرسیارەی و گووتم: "ئامۆزاکەم کەسێکی باشە، پێشتر گفتوگۆمان کردبوو. بەشێوەیەکی ئاسایی پێشوازی لە کاردانەوەکانم کردبوو. پێم گووتبوو کە دەبمە شۆڕشگێڕ و ئامادەنیم بۆ هاوسەرگیری. ئەگەر ئەم ڕەوشەی بۆ باس بکەم دیارە بەشێوەیەکی ئاسایی پێشوازی دەکات، بەڕای من هەڵوێستی لە محەمەد عەلی ڕاستتر و گونجاوتر دەبێت."

(کەسیره) دەیگووت کە لەم بابەتەدا هیچ شتێکی نییە. بەڵام من بە پێداگرییەوە دووبارەم کردەوە کە ئەگەر گرفتی مارەبڕینم بەسەردا بسەپێنن لەو ماڵە نامێنمەوە. هەمدیسان هیچی پێنەگووتمەوە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە من چاوەڕێبووم پێم بڵێت وەرە بۆلای خۆمان یاخود بڵێت: "با بتبەین بۆ شوێنێکی گونجاوتر". نەخێر بێدەنگییەکەی پاراست. دیارە بۆ دواتری هەڵدەگرت. ئەم هەڵوێستە بێزاری کردم. قوڵپی گریان گەرووی پڕکردبووەوە. پاشان گووتی: "ناونیشانی ماڵەکە دەزانی؟". لەوەڵامدا گووتم کە نازانم بەڵام ئەوەندە نەبێت کە زۆر نزیکبوو لە کۆلێژەوە، هەروەها "جەبەجی ناوەوە"م دێتەوە بیر و ئەویشم پێگووت، ژمارەی دەرگاکەم نەهاتەوە یاد.

ناچار بەرەو ماڵەوە کەوتمەوەڕێ. هەنگاوەکانم نەیاندەبردم، گرفتەکەم بەچارەسەر نەگەیاندبوو. ئەوەی بینیم هەڵوێستێک نەبوو کە چاوەڕێم دەکرد یان ئەوەبوو من بەباشی لە ڕەوشەکەم تێنەگەیاندبوون. لەکوێ کەماسی هەبوو، لەکام لە

خاڵەکاندا گرفتەکەم روون نەکردبووەوە؟ باشە لەوەودوا چی دەبوو؟ ئەی ئەگەر لەگەڵ (مەدینە) بگەڕامایەتەوە بۆ دێرسیم، دەبوو؟ لەوکاتەدا بەخۆمم دەگووت: "خێزان لەبەر ئەم هەڵوێستەم لەمەودوا بەوردی مامەڵەم لەگەڵ دەکەن و مسۆگەر ئیتر دەترسان و فشار و گوشاریان لێ نەدەکردم". بەڵام نەدەبوو، چونکە جارێک دەرکەوتبووم بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە دەستگیراندار بووم. لەپاشەملێ قسە و باس و بەیت و بالۆرەیەکی زۆرم لەسەر دەکران. ئەگەر بچوومایە بۆلای (مەتین) و لەگەڵ ئەو قسەم بکردایە، لەدوای راکردنێکی وەها چۆن هەڵوێستێکی دەبوو و چۆن مامەڵەیەکی لەگەڵ دەکردم؟ بەتەواوی شیمانەم نەدەکرد کە چۆن هەڵوێستێکی دەبوو.

هەرچییەکم کرد ناونیشانەکەیم نەهاتەوە بیر. تەلەفۆن هەبووایە تەلەفۆنم بۆ دەکرد و بە قسەکانیدا هەڵوێستی دەردەکەوتەڕوو. ئەگەر بە (محەمەد عەلی)م بگووتایە هاوکاری دەکردم؟ ئەو هەرگیز پەسندی نەدەکرد، لایەنگری دیداری من و (مەتین) نەدەبوو. بەناو کۆڵانەکاندا لە هاتوچۆ دابووم، خواستی گەڕانەوەشم نەبوو بۆ ئەو ماڵە. ناوی ئەو کچەم لەلای خۆم دووبارە دەکردەوە: (کەسیرە، کەسیرە).... (کەسیرە، کەسیرە).

گەلۆ مانای چی بوو؟ ئەوکاتەی (مەنەکشە) هاتبوو بۆ لای (مووسا) و گەڕایەوە باسی کردبوو. یەکەمین کچ بوو لەلای ئێمە بەشداری گرووپەکەی کردبوو. دەیتوانی هاوکاریم بکات!. تۆبڵێی من لەو تێنەگەیشتبم؟ بەڵام ئەو هیچ شتێکی بە روونی پێنەگووتم. لەم خاڵەدا تووڕەیی دایگرتبووم. (عەلی حەیدەر) لێرە بووایە مسۆگەر چارەسەری دەکرد. چونکە (محەمەد عەلی)شی دەناسی.

تا بەتەواوی شەکەت بووم گەڕام، پاشان چوومەوە بۆ ماڵەوە. (باقی)، (ئیبۆ)، (سایمە) و (خالیدە)ی هاوڕێی کە خەڵکی شاری حاتای[87] یە لەماڵەوەن. حەپەسانەکەم زیاتر بوو. (باقی) سەرەتا بە فەرمی و بەجددی پرسیاری کرد، دواتر دەستی کرد بە پێکەنین و دۆخەکەی گۆڕی. (ئیبۆ) گاڵتەی لەگەڵ دەکرد و دەیگووت: "ئامۆزاکەمان نەکرد بە ئەندامی TİKKO، ئێستاکە دیارە پێکەوە دەچین بۆ شاخ".

بەتەواوی لە هیچ یەکێک لە قسەکانیان تێنەدەگەیشتم. مێشکم لەلای قسەکانی ناو پارکی کۆلێژەکە بوو، دووچاری دوو هەڵوێستیی ببوومەوە. یەکێکیان پیرۆزبایی لێدەکردم، ئەویتر واقی وڕمابوو و دەیگووت: "کارەکە ئاڵۆزە". دەمویست لەگەڵ (باقی) قسە بکەم. پێمباش بوو کە (محەمەد عەلی)ش ئامادەبێت، بۆیە پێکەوە چووینە ژوورێکی ترەوە. پێکەنینی (باقی)م بەلاوە مایەی ناڕەحەتی بوو و پێی تێکدەچووم، واتام بەو پێکەنینەی نەدەدا. بە راکردنەکەی من پێدەکەنی؟! ئااا، ئەی چۆن؟ ئەی ئەوە نەبوو ساڵێک لەوەوبەر کە هات و قسەی لەگەڵ کردم، ئەوم رەتکردبووەوە، پێمگووتبوو کە کاتەکە زووە بۆ هاوسەرگیری و دەبم بە شۆڕشگێڕ، بەڵام دوای ساڵێک هانام بۆ ئەو بردبوو و داوای هاوکاریم لەو دەکرد. ئاسایی بوو بەشێوەیەکی تر لێکیبداتەوە.

کاتێک ئەو بەو شێوەیە پێدەکەنی من بە ئاسانی قسەم پێنەدەکرا، نەمدەزانی لەکوێوە دەست پێبکەم. ئەمە لەکاتێکدابوو کە لەگەڵ ئەوانی تر قسەم دەکرد ئاسوودەتر بووم، ماوەیەک بێدەنگ بووم پاشان چوومە ناو بابەتەکەوە و گووتم: "بۆ

---

[87] شارێکە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا - سوریا، یەکێکە لەو شارانەی سوریا کە لە سەدەی رابردوودا لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە داگیرکراوە.

محەمەد عەلیشم باسکرد. دایکم نایەوێت ببم بە شۆڕشگێڕ. بەم دواییانە هەوڵی بەیەکجاری دابڕینی پەیوەندییەکانمی دا. هەر کە بە بڕیاربوونی منیشی بینی، هاوسەرگیری هێنایە گۆڕێ. مەتین لێرە دەخوێنێت، ئاگای لە هیچ شتێک نییە. خانەوادەکەشی جیاوازییان نییە لەگەڵ دایکم، من لەلای خۆمەوە لایەنگری هاوسەرگیری نەبووم. پێویست بوو لەماڵ جیاببمەوە. ئەگەر بچوومایە بۆ شوێنێکی تر دەبوو بە گرفت، دوور نەبوو پۆلیس بەدوامدا بگەڕایە. بۆیە لەگەڵ سایمە قسەم کرد و ویستم چوارچێوەیەکی بەمشێوەیەیی پێبدەین". بۆ زیاتر روونکردنەوەش زیاتر کەوتمە ناو باسەکەوە: "بڕوانن، پێشتر لەگەڵ ئێوە پێکەوە قسەمان کرد. هەڵوێستم روون و راست بوو. بەچاوی هاوڕێ و هەڤاڵێکی شۆڕشگێڕ تەماشای ئێوە دەکەم، ئەمە گرنگترە لە ئامۆزابوون و خزمایەتیمان. جیا لەوەش متمانەم پێتانە، کە پێشتریش گفتوگۆیەکمان کردبوو. گووتتان دەکرێت جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکان نەهێڵدرێت و باسی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیشتان کردبوو. ئەمە زیاتر متمانەی لەلا دروستکردم. کاکەتان باسی مارەبڕی دەکات. دەڵێت: - دوور نییە پۆلیس بێنە سەرماڵمان - من ئەمە بە راست نازانم، من (18)هەژدە ساڵی تەمەنم پڕکردەوە. هیچ بەهانەیەکی تر بەدەستی پۆلیسەوە نامێنێت. خزمین و هاتووم بۆ ماڵتان، بڕوا ناکەم ببێت بە گرفت. هەروەها راست نییە کێشەکە بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە، متمانەم دەشکێنن، بەپێچەوانەوە وا چاوەڕێم دەکرد هاوکاریم بکەن"، و شتی لەم جۆرە..

(باقی) قسەکەی ئەرێ دەکردم و دەستنیشانی دەکرد کە خۆشحاڵە بەوەی شۆڕشگێڕیم هەڵبژاردووە و دەیگووت: "ئێمە شۆڕشگێڕین، لە هەموو روویێکەوە کراوەین. من لە ئیزمیر هەم

دەخوێنم و هەمیش کار دەکەم. ئیبۆشم لەلایە و دواتر سایمەش دێت. دوای چارەسەرکردنی کاروبارە فەرمییەکانی خوێندنگە، دەتوانی لەوێ بەردەوام بیت لە خوێندن. لە ئیزمیر هەل و دەرفەتی باشتر لەبەردەست دایە. هاوکاری یەکتر دەبین، گفتوگۆش دەکەین. دەشێ پۆلیس بەدواماندا بگەڕێت، کاروباری مارەبڕی جیاوازییەکی ئەو تۆی نییە. من نالێم دەبێت شتێکی بەو شێوەیە بێت، ئەگەر دەتەوێت دەتوانین لەگەڵ ئیبۆش قسە بکەین". بانگی ئیبۆی کرد و بەکورتی ڕەوشەکەی بۆ باسکرد. ئەویش ڕازی بوو. (محەمەد عەلی) سەرەتا زۆر لایەنگری ئەم بۆچوونە نەبوو، پاشان بە بیرکردنەوە لە ئەگەری مەترسییەکانی، چوونم بۆ ئیزمیری بە کارێکی ئەرێنیتر لەقەڵەمدا و گووتی: "با ڕۆیشتنەکە کاتی بێت، دەتوانیت جارێکی تر بێیتەوە بۆ ئێرە". (مەدینە)ش گوێبیست بوو و ئەویش ڕەزامەندی خۆی دەربڕی و گووتی: "ئێمەش دێین بۆ ئیزمیر، لەوێ خانوویەک دەگرین، ئەستەنبۆڵم بەدڵ نەبوو".

بە کورتییەکەی: (سایمە) کاروباری فەرمی خوێندنگەی چارەسەر دەکرد و دەهات. خوشک و براکانی (مەدینە)ش لەوێ نیشتەجێ بوون. (حەسەن) لەوێ مامۆستا بوو، (حەیدەر)یش ڕۆیشتبوو. پێدەچوو (ئاینور)یش لەگەڵ (سایمە) یاخود بەر لەو بهاتایە بۆ ئەوێ.

کاروبارەکە بەشێوازی جیاجیا هاتە پێشەوە. ئیزمیر بە خەیاڵی کەس دا نەدەهات، بەڵام هەموو کەس لە پڕێکدا دەیگووت "ئیزمیر" و بەلای منیشەوە لۆژیکانەتر بوو. ئەو ماڵە مایەی سەرنج نەبوو. (محەمەد عەلی)، هاوژینەکەی، دوو منداڵەکەی، ژن خوشک و ژن براکەی و خەسووەکەی وەکو خێزانێکی سەردەمی عوسمانییەکان وابوون، هەم ماڵەکەیان

بچووک و هەمیش ئەم جۆرە پەیوەندییە خێزانییەم بەلاوە پاڵنەربووە و دووریان خستوومەتەوە لە خۆیان. (محەمەد عەلی) ئەندامی (TKP)یە. (باقی) و (ئیبۆ) سەرەڕای ئەوەی هەر یەکەیان سەر بە فراکسیۆنێکی جیاوازبوون، بە نزیکترینم دەزانین. خوێندکاربوون و لەگەڵ ئەوەشدا کاریان دەکرد. لەدڵی خۆمدا دەمگووت: منیش کار دەکەم، تا ئەو کاتەی جارێکی تر پەیوەندی بە هەڤاڵانەوە دەکەمەوە، دان بەخۆمدا دەگرم. لەڕووی تیۆرییەوە خۆم قووڵتر و بەهێزتر دەکەم. دەستەوەسان نابم. بەم بیرکردنەوەیەش وەکو چارەسەرییەکم دۆزیبێتەوە خۆشحاڵ دەبووم.

## ڕۆژانی دابڕانی پڕ لە ژان و کرێکاری

دەستبەجێ بەرەو ئیزمیر بەڕێ کەوتین. (ئیبۆ) لە دواین ساتدا ماوە و دەیگووت: "من پاش دوو سێ ڕۆژی تر دێم، سەرێک لە هەڤالان دەدەم". بێگومان مەبەستی لە (TiKKO)ییەکان بوو.

من بێ ئەوەی شتێک بە هەڤالان بڵێم کەوتمەڕێ. تۆبڵێی دواتر نەیانبیستبا؟! (محەمەد عەلی)م ئاگادار کردەوە لەوەی ئەگەر کەس پرسیاری کردم شوێنەکەمیان پێبڵێت.

بەدرێژایی ڕێگە گفتوگۆمان کرد. قژم لوول و درێژ و جوان بوو، لەو ڕۆژانەی دواییدا زۆر کورتم کردبووەوە. پرسیاری کرد: "بۆچی بڕیت؟"

ئەو دەیوست قسە بکات و بابەتەکە بۆ رابردووتر بگەڕێنێتەوە. ئەوکاتەی من لە قۆناخی ناوەندی بووم ئەو لە دوایین پۆلی دواناوەندی بوو. باسی لە هەڵوێستەکانی ئەوسای لەبەرامبەر بەمن دەکرد و ئەوەی دەخستەڕوو کە چۆن گرنگییەکی پێداوم. هاتنی بەوجۆرەی منی بە چانسێکی خۆش لێکدەدایەوە. قسە و هەڵسوکەوتی گۆڕابوو. هەڤاڵێتی "شۆڕشگێڕی" ڕۆژی پێشوو دەڕۆیشت و هەڵوێست و مامەڵەکردن لەگەڵ کچێک، لەگەڵ خۆشەویستێک جێگەی دەگرتەوە. تووشی نائومێدییەکی دەکردم. ئەوسا خۆم بە کچێکی هەڵخەڵەتێندراو لێکدایەوە، کچێک کە زۆر بە ئاسانی کەوتبووە داوی هەندێکی ترەوە. خۆم هاتبووم، خۆم ئەو کارەم کردبوو، پێویستبوو کەسی تر تاوانبار نەکەم. پەست و تووڕەبووم لەخۆم. وەکو ئەوەبوو شکۆمەندیم زەبری بەرکەوتبێت.

هەوڵمدەدا خۆم لە دەروونی "بچووک کراوە" بوو رزگار بکەم و خۆم بەهێز بگرم. تا چەند لەو دەروونەدا بژیابام، ئەوەندەش دەکەوتمە پێگەی لاوازەوە. کەسانی تر هەوڵیاندەدا بە ئاسانی بەدەستم بخەن.

ئیتر هیچ شتێکم دەست نەدەکەوت بیڵێم. بە هەڵسوکەوت و رەفتارم هەوڵمدەدا پەیوەندییەکی جددی و بەئەندازە بونیاد بنێم. کاتێک گەیشتینە ئیزمیر پێی گووتم بچینە شوێنی کارەکەی، من بە شیاوم نەزانی. بردینی بۆ ماڵێک لە بۆرنۆڤا[88]. ماوەیەک لەوێ ماینەوە. ماڵێکە؛ (هارون)ی کوڕیان ئەندامی (HK)بوو، دوو کچ و دایکێکی شیرینیان هەبوو. ماڵەکەیان تابلێی قەرەباڵغ بوو. نزیکەی مانگێک لەلایان ماینەوە.

دوای ئەوەی (ئیبۆ) هات، پێکەوە دەستمانکرد بە گەڕان بەدوای کار دا. بەو شێوەیە بەڕێوە نەدەچوو. لەناو خێزانێکدا بەدەستی بەتاڵ ژیانم پێ هەرس نەدەبوو و دڵتەنگی دەکردم. لەگەڵ (ئیبۆ) بەدرێژایی رۆژ لە کۆناک، لە ئاڵسانجاک بەدوای کاردا دەگەڕاین. لە چێشتخانەیەکدا کار بۆ هەردووکمان دەستەبەر بوو. بەڵام بەلامانەوە شیاو نەبوو، هاوکات رۆژانەیەکی کەمیشییان دەدا. (باقی) لە کۆتایی هەر هەفتەیەکدا دەهات. (ئیبۆ)ش لەلای (حەسەن) و ئەوان دەمایەوە، لای ئەو کەسانە دەمایەوە کە بەناوی خوێندکار و تەنیاییەوە خانوویان گرتبوو و رۆژانی خۆیشی لەگەڵ کەسانی ناسراوی خۆیدا بەسەر دەبرد. دواجار بڕیارماندا ماڵێک بەکرێ بگرین. لە گیوموشپالا هەندێک خێزان هەبوون کە ناسراوی (باقی)بوون. بەهاوکاری ئەوان خانووێکمان بەکرێگرت کە لە ژوورێک،

---

[88] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئیزمیرە.

هۆڵێک و مەتبەخێکی بچووک پێکهاتبوو و ناوەکەشی بەتاڵ و هەتاڵ بوو.

(ئیبۆ) و (باقی) لەلای هەندێک لە هاوڕێ و دەوروبەریان چەند پێداویستییەکی سەرەکییان دابین کرد، کەلوپەلی بەکارهێندراو و کۆن، کومبارێکی کۆن، چەند قەرەوێڵەیەک، رایەخی ئیسفنج، بەتانی، چەند قاپێک، کترییەکی بچووک. حاڵمان وەکو حاڵی ئەو منداڵانە بوو کە یاری ماڵە باجیێنەیان دەکرد. ماوەیەک بە دوو کەوچک گوزەراندمان، یان ئەوەبوو یەکێکیمان دۆزییەوە و ئەوی تر بزر بوو. رۆژانەکەی (باقی) بەشی کرێی خانوو و خەرجی رۆژانەی نەدەکردین، لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی ئیجە دەیخوێند. لە ئینجیر ئاڵتی[89] لە چێشتخانەیەکی گەشتیاریدا کاری دەکرد. نەدەبوو ئەو کاری بکردایە و ئێمە دابنیشتینایە. (ئیبۆ) لەوێ لەناو کاری رۆژانەی وەکو کرێکاری بیناسازی کاری دەکرد. لەگەڵ رۆژانەکەی ئەو پێکەوە ئەگەر بەشی بکردینایە.

من بەردەوام بووم لە گەڕان بەدوای کاردا. ئەوان زۆر لایەنگری کارکردنم نەبوون، بەپێچەوانەوە خۆم پێداگریم دەکرد. (باقی) دەیویست رازیم بکات بە کاری جیاواز. لە رێگەی هاوڕێیانی زانکۆیەوە دەیەویست کاری وەکو چاودێریکردنی نەخۆش، سکرتێری و کاری لەمجۆرەم بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام من کارکردنم لە کارگەیەکدا هەڵبژارد. ئیزمیر شارێکی پیشەسازییە، لە هەر لایەکیدا کارگەی جیاجیا هەیە، بوون بە کرێکار و جێگرتن لەناو تێکۆشانی سەندیکا لەلای من خواستێک بوو. رەوشی کارکردنی باوکمم دەهاتە بەرچاوم. رۆمانی (بەناوی خەڵکەوە سزای کوشتنت دەدەم)ی (میتکا) زۆر کاریگەری لێ

---

[89] گەڕەکێکی شارۆچکەی باڵچۆڤای سەر بە شاری ئیزمیرە.

کردبووم. گەرچی ئەوکاتەی ئەم پەڕتووکەم دەخوێندەوە لە دێرسیم بووم، چانسێکی وەهای کارکردنیشم نەبوو. کارکردن بە خەیاڵمدا نەدەهات. بەڵام ئێستاکە پێویست بوو، نەمدەویست لەڕووی ماددییەوە وابەستەی ئەوان بم، ئەمەش ئەو لایەنە بوو کە زۆرتر نیگەرانی دەکردم. بەم هۆکارە دەستبەردار نەدەبووم لە گەڕان بەدوای کاردا.

لە گەڕەکی حاتایی ئیزمیر چووین بۆلای خانەوادەیەک. ژن و مێرد کاریان دەکرد، سێ منداڵیان هەبوو، (باقی) دەیگووت: "دەتوانین سەرپەرشتی ئەو منداڵانە بکەین. لەریزی هاوڕێ و کەسوکارەکانی ئەو خانەوادەیەدا کەسانی شۆڕشگێڕیش هەن و پەڕتووکخانەیەکی زۆر دەوڵەمەندیان هەیە"، ئەو شەوە تا درەنگانێک گفتوگۆمان کرد. هەموو شتێکم بەلاوە سەیربوو. ژیان و پەیوەندییەکانیان لە چوارچێوەی خێزانێکی بۆرژوازی بچووکی نمونەییدا بوو، (محەمەد عەلی) و ئەوان لەمان ئەرێنیتر بوون. پێمگووت: "بۆ تەنیا ساتێکیش لێرە نامێنمەوە، تەنیا ئەوەندە نەبێت" با سوود لە پەڕتووکەکانیان وەربگرین، دەیخوێنینەوە و بۆیان دەهێنینەوە"، لەوێ نەمامەوە. هەمدیسان گەڕاینەوە بۆ خانووە کرێیەکەی خۆمان. (ئیبۆ) خەریکی تۆڕنەکاری بوو، کاری دەستکەوتبوو، تەنیا من مابوومەوە. پرسیارمان لە خەڵکی دەوروبەر دەکرد. لەسەر ڕێگەی چیغلی[90] کارگەی شەکر و کارگەی چوکلێتی لێبوو. چەند کارگەیەکی تر لە هەمان شوێن هەبوون و هەموویان هی بنەماڵەیەک بوون. لە کارگەی چوکلێتی "بەنەر" دەستم بەکار کرد. کارگەکە لە دۆڵێک و لەناو باخێکی زۆر خۆش دابوو. بەشی زۆرینەی کرێکارەکان

---

[90] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئیزمیرە.

ژنبوون، من و چەندێکی تری لێ دەرخە هەر هەموویان پەناهەندەی بوڵگاری بوون و لە چیغلی خوارووەوە هاتبوون.

دەستکەوتن و دەستکردن بەکار خۆشحاڵی دەکردم. کاتژمێرم نەبوو، پێویستبوو کاتژمێر سێ و نیو، چواری بەیانیان هەڵسم و فریای پاس بکەوم. خۆمم بۆ ئامادە کرد و هەوڵمدەدا هەموو بەرەبەیانێک لە هەمانکاتدا بە ئاگابێم و هەڵسم. بە راکەڕاک فریای پاسە دەستنیشانکراوەکەی کارگە دەکەوتم. نیوەڕۆ لە کارگە نانمان دەخوارد، ئێواران جارێکی تر دەگەڕامەوە. هەندێکیش هەبوون کە بە شەویش کاریان دەکرد. ئەگەر ناو باڵەخانەی کارگەکە شارەزا نەبیت و نەزانیت ئەو شوێنە کارگەیە، واتدەزانی کچە کرێکارەکان لەو کچانەن کە بۆ ئاهەنگ و بۆنەی تایبەت خۆیان رازاندۆتەوە و هاتوچۆ دەکەن. بەتایبەتی هەندێکیان وایان دەزانی هۆڵەکانی نمایشییە بە مۆدێلی جلوبەرگ و میکیاژەوە دەهاتن! هەموویان کچانێک بوون کە هەموو رۆژێک بەجلێکی جیاوازەوە، بەمیکیاژ، قژێکی رێکوپێک کراو و خۆڕازاندنەوەیەکی تایبەتەوە و بە جۆش و خرۆشێکەوە بوون.

لە بەشی کوڵاندنی کارگەکەدا ژنێکی کارکەر هەبوو، پێیان دەگووت "فاتمەی کورد". ژنێکی ئەسمەر، شەکەت و هەلاک، کورتە باڵا و کەمێک لەسەر خۆبوو. زۆر کاری دەکرد. بەشی کوڵاندن زەحمەتترین بەشی کارگەکە بوو. هەڵگرتنی ئاوگرەکان تەنانەت بە بەتاڵیش زەحمەت بوو. چەند پیاوێکیش لەوێ کاریان دەکرد. لەوە دەچوو کارگەکە تەنیا کارگەی تایبەت بە ژنان بێت. (بابە بەنەر) گەورە سەرکار بوو. پێنج منداڵەکەشی لەسەر کارگە بوون. یەکەم رۆژ کە تازە دەستم بەکار کرد لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکانی تۆزێک قسەمان کرد. ناسنامەکەم سەرنجی

راکێشابوو، چونکە تیایدا شوێنی لەدایکبوونم دێرسیم بوو. دەیویست بزانێت بە چ هۆکارێک ئەو کارگەیەم هەڵبژاردووە بۆ کارکردن، هەروەها لە کچەکانی تر جیاواز بووم، بەلانی کەم جلوبەرگە سادەکەم سەرنجی راکێشا بوو. پێم گووتبوو کە بۆ پشووی ساڵانە هاتووم بۆلای کەسوکارم و بەهۆکاری ئابوورییەوە دەستم بەکارکردن کردووە. دیار بوو منی بەدڵ نەبوو! خاوەن کارگەکانیش لە هەڵبژاردنی کرێکاردا بە ورییاییەوە مامەڵەیان دەکرد. کاتێک بۆم گێڕایەوە کە لە دواناوەندیدا وازم لە خوێندن هێناوە، بڕوای نەکرد. خوێندکارانی زانکۆ بەگشتی رەوشی خوێندنی خۆیان وەها نیشاندەدەن کە لە ناوەندی یاخود دواناوەندی وازیان لە خوێندن هێناوە. کەوابوو زۆر گومان لەگەڵ خۆی ناهێنێت. بەڵام کاتێک لە هەندێک لە کارگەکاندا رێکخستنەکانی کرێکاران ئاشکرا دەبوون، لەگەڵ خۆیدا خوێندکارانی زانکۆشیان ئاشکرا دەکرد. سەرکار یاخود خاوەن کار بە ئاسانی دەیانتوانی کرێکارەکانیان لە کار دەربکەن و هەندێک لە کارگەکان لەم بوارەدا لەنێو خۆیاندا ئاڵوگۆڕی زانیارییان دەکرد. تەنانەت دەیانتوانی سەبارەت بە ناسنامەی ئەو کەسانەی لە کار دەریانکردوون زانیاری بدەن بە یەکتر.

لە سەرەتادا ئەمانە زۆر نەدەکەوتنە بەر چاو، بەڵام شانبەشانی تەشەنەسەندنی چالاکییە کرێکارییەکان، ئەوانیش روویان لە رێوشوێنی بەوجۆرە دەکرد. هەر ئەوکاتە ئاگاداریان کردمەوە کە ئەگەر بێتوو دەست بەکاری رێکخستن بکەم دەبێتە مایەی خێراکردنی دەرکردنم. بێگومان هەر کە رەوشی ئەو کارگەیەم دەبینی تێدەگەیشتم کە دیالۆگ لەگەڵ کرێکارەکاندا هەروا ئاسان نابێت.

سەرەتا لە مژاری کاردا متمانەم پێدان. خێرا فێری هەموو کارێکیش دەبووم، دەمویست بێ کەموکورتی کارەکان راپەڕێنم. تا لەدەستم دەهات کارەکانم بەڕێکوپێکی دەکرد. هێشتا ماوەی تاقیکردنەوە بوو، کارێکی جێگیرم نەبوو. ئەمەش کەڵکی هەبوو، چونکە بە هەموو بەشەکانی کارگەکەدا دەگەڕام و لەگەڵ کرێکارەکان ئاشناییمان دروست دەکرد. لەگەڵ هەموو کەسێکدا دیالۆگێکی گەرمم دروست دەکرد. هەوڵم دەدا لایەنە سەرنجڕاکێشەکانیان بزانم و بیانناسم. لە دیالۆگەکاندا زیاتر ئەوانم دەدواند. دەمویست بزانم کێ کەی دەستی بەکار کردووە و کێ لەکەیەوە لەناو کار دایە. بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی کۆچەری بوڵگاربوون زیاتر دەربارەی سیستەمەوە پرسیارم لێیان دەکرد.

ساڵی 1973 کاتێک لەسەر ڕێی ئەڵمانیا بووین، فرۆکەکەمان لە سۆفیا سووتەمەنی وەرگرتبوو. من تۆزێک زێدەڕۆییم دەکرد و دەمگووت سۆفیام بینیوە. بەدوای ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندیدا دەگەڕام. زۆربەی زۆریان لەوانە بوون کە لە هەلومەرجی شۆڕش رایان کردبوو. ژمارەی ئەوانەی لەدواییەکاندا هاتبوون کەمبوون و تایبەتمەندی هاوبەشیان: کارکردنیان بە هەوڵێکی ئابووری خێزان و ئامرازێک بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کەسێتیان و هەروەها کڕینی جیاز و زێڕ دەیانبینی.

بەڕاستیش گەڕەکی چیغلی خواروو شوێنێک بوو ژیانی جیاواز بوو. دەوڵەت کۆشک و تەلاری بۆ کۆچبەرانی بوڵگار دروست کردبوو، بۆ هەموویان خانووی لە شێوەی کۆشک بوو، هەریەکەیان باخچەیەکی هەبوو، گەڕەکێکی تایبەت، خاوێن و خۆش بوو. هەمدیسان هیچ کەسێکی بێکاریان تیادا نەبوو، لەو

ڕۆژەوەی هاتبوون کاریان دەکرد. هەندێکیان لە فەرمانگە و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا و هەندێکیشیان شوێنکاری تایبەتی خۆیان دروستکردبوو و تیایدا کاریان دەکرد. خێزانەکانیشیان خێزانی زۆر قەرەباڵغ نەبوون. هەڵبژاردنیان بەکرێکار لەلایەن کارگەکانی دەوروبەر کارێکی بەپلان و بە ئەنقەست بوو. نەریتی کارکردن لەلای تورکە بولگارییەکان جیاوازبوو. لەلایەک کاریان پڕ کوالیت بوو و لەلایەکیش زوو بە زوو لە "کاری تر"وە تێنەدەگلان، ئەمەش ئەو خەسڵەتانە بوون کە خاوەن کارگەکان بەدوایدا دەگەڕان.

بەگشتی ئەوانی تر کورد بوون. ئەگەرچی تەنیا بە (فاتمە)یان دەگووت (فاتمەی کورد)، بەڵام ئەوانی تریش کورد بوون. کوردبوون پێوانەی جیاوازی هەبوو، باش بەکارنەهێنانی زمانی تورکی و قەبابوون لەبەرچاوترین پێوانەکانیان بوون. کاتێک زانیان کوردم سەریان سوڕما. دەیانگووت: "هیچ لەوان ناچیت"، زمانی تورکیم بە باشی بەکاردەهێنا، ئەمەش بەکاریگەر بوو، چونکە پێوانەکانی دەشکاند. هاوئاست لەگەڵ گەرمبوونی پەیوەندییەکانمان، دەستیان بە خۆشویستنی کوردەکان کرد. سەرنجیانم رادەکێشا. زۆرێکیان وایان لێهاتبوو خۆیان دەهاتن و کێشەکانیان لەگەڵمان تاوتوێ دەکرد و ئەو پرسیارانەیان دەکرد کە بەدوای وەڵامەکانیدا دەگەڕان. ئەمەم بە هەنگاوێکی باش دادەنا. پێویستبوو بە خاوێنی و رەوشت بەرزییەوە سەرنجی وەستا و کارزانەکانەوە رابکێشرێت! ئەوانە نزیکترین کەسانێک بوون لە سەرکار و خاوەنکارەکانەوە، کە دەربارەی سیستەمی کاری کرێکارەکان و پەیوەندییەکانیان، زانیاریان پێدەدان و رۆڵی دەستنیشانکەریان هەبوو.

رۆژانە ئاگاداری شتی نوێ دەبووم. لەهۆکارەکانی خۆ بە مۆدێل پیشاندان و رەفتاری خۆنواندنانەی کچانی سەر ئامێرەکان و یەکانگیریان لەسەر ئەو خاڵە ئاگاداربوومەوە. (فاتمە) لە کاتی پشوودا بەدەنگێکی نزم و بە دەستنیشاندانەوە دەیگووت:"ئەها ئەوە لەگەڵ فلانە کوڕی سەرکاردا دەستبازی دەکەن. فلانە کچ لەژێر ناوی ئێشکگرتنی کاری شەوانە درەنگ دەردەکەوێت. زۆربەی ئەمانە وەهان، بمبەخشە وەکو خۆفرۆشن. بەلای تۆوە جیاواز دیارن، وریا بە".

دیارە من بەو ئەندازەیە ئاگادار نەبووم، بەڵام منیش تا رادەیەک هەستم بە هەندێک شتی بەرچاو کردبوو. هەمدیسان نێوانیان لەگەڵ پیاوە کرێکارەکانیشدا خۆشبوو، هێندەی هەلیان بۆ بڕەخسایە، یەکتریان دەبینی و قسەیان دەکرد. قسە و پەیوەندییەکی وەها نەبوو بە شێوەیەکی ئاساییانە دروست بووبێت. لەگەڵ هەموویان قسەم دەکرد، لەم بوارەدا شتێکی سەیر و سەمەرەم بەدی نەدەکرد. دیارە بەشێکی زۆری پیاوەکان بە تەمەن گەورەبوون، لە تەمەندا بوون و کرێکاری ساڵەها بوون. قسەکردن لەگەڵ ئەوان و هێواش هێواش تاوتوێکردنی هەلومەرجی کار و سیستەمی ژیان ئاسانتر بوو و گوێیان بۆ رادەگرتم. ئەم پەیوەندییە بێ خەوش و ئاشکرایەم لەگەڵ ئەوان، چاوباشقەڵی و رەفتار خراپەکانی کارساز و خاوەنکارەکانی ئاشکرا دەکرد، ئەمە فشارێکی لەگەڵ خۆی دروست دەکرد. هەندێک لە کچە کرێکارەکان لەگەڵم دەهاتن یان دواتر بەشداری گفتوگۆکانمان دەبوون.

لەکاتی دیاریکراوی خواردندا، بەتایبەتیش هەموو ئەوانەی نزیکبوون لە یەکتر، لەسەر مێزێک نانیان دەخوارد. کرێکارەکانی بڵاوکردنەوەی خواردن و خواردنەوەکانیش لەکارەکەی خۆیاندا

جیاوازیان دەکرد. کاتێک کەوگیرەکەیان بۆ مەنجەڵەکە دەبرد، تەماشایەکی کەسی بەرامبەریان دەکرد و پاشان قاپەکەیان بۆ پڕدەکردن. تەنانەت لەو کاتەشدا چاوباشقەڵیان دەکرد. ئەم چاوباشقەڵیە کاریگەری لەسەر بڕی خواردەمەنییەکە دەکرد. ئەگەر گۆشت یاخود میوە هەبووایە لەدەستیان دەهات زیاتر بدەن بەو کەسانەی چاویان تێدەبڕی. ئەمانە تەنیا لە چاونوقاندنێکدا دەکران، هەموو ئەمانەش تەنیا لایەنێکی بچووکی ژیان بوون. ماستاوکردن بۆ خاوەنکار، سەرکار و وەستاکان تا بە شۆفێرەکان درێژەی دەکێشا. تەنانەت باخەوانەکانی باخی کارگەش لەناو ئەو چەرخە دابوون.

لەدەستدانێکی گەورەی کەسایەتی لە ئارادا بوو. کرێکاری و دەستەواژەی کرێکاری و پرۆلیتاری تا چەند پیرۆز بوون. بەراستیش بەو هۆکارەی بە ڕێز و گرنگییەکی گەورەوە تەماشام دەکرد دەمگووت: "دەمەوێت ببم بەکرێکار، ناکەومە ناو هیچ کارێکی ترەوە". بیر و خەیاڵم لە بەرخودانی کرێکاران، ڕێکخستنەکانی کرێکاران و ملکەچ نەکردنی ئەوان دەکردەوە. ئەوەی بینیبووم چەندە جیاواز بوون. ئێستاکە زۆر باشتر لە پەڕتووکەکەی (میتکا) تێدەگەم. ژیان و بەسەرهاتەکانی ئەو کچانەی لە گوندەکان کۆیان دەکردنەوە و لە هەلومەرجی سەخت و نالەباردا کاریان پێدەکردن و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەهاتن، لەگەڵ ئەمەشدا کاروباری ورد و هۆشمەندانەی (میتکا) بۆ ڕێکخستنی ئەو کچانە دەهاتەوە بیرم، هەوڵمدەدا زیاتر دان بەخۆداگر بم.

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژانە هەشت کاتژمێر کارمان دەکرد. ئەو کەسانە دەمانەوە کە دەیانویست بەشەویش ئێشکگری بکەن. بێگومان هەندێکی تریش هەبوون کە لەژێر ناوی

ئێشکگریدا دەمانەوە. کرێکارەکانی کارگە، ساڵی جارێک یاخود لەکاتێکدا بەرهەمێکی باشیان بەدەست بهێنایە، وەکو خەڵاتکردن دەیانناردن بۆ پشوو و گەشتی کەناری دەریا. ئەم گەشتانە بەگشتی هەفتەیەک یان سێ رۆژی دەخایاند و یاخود دەنێردران بۆ پێشانگا پیشەسازییە تایبەتەکان. ئەم هەڵوێستەی خاوەن کارگە، کرێکارەکانی زیاتر بەخۆیەوە دەبەستەوە، بەمشێوەیە هەلومەرجەکانی ژیان هێندە نەدەکران بە گرفت. پشووی چای خواردنەوە، پازدە خولەک و پشووی نانی نیوەڕۆ نیو کاتژمێر بوو. راکەڕاکی خواردن، کوالیتی خواردەمەنییەکان، بیمە و زامنی کار، سەندیکا، مافەکانی کرێکاران، رێکخستنی جەوهەری، هیچ کام لەمانە سەرنجی رانەدەکێشان و بەلایانەوە گرنگیەکی نەبوو. ئەو کیسە نوقڵ و چوکلێتەی لە بەرەجەژنان و رۆژە گرنگەکاندا دەدران بە هەر کرێکارێک، بەسبوون بۆ خۆشحاڵکردنی کرێکاران! پێشبڕکێی خۆ شیرینکردن و خۆشکردن لەبەردەم گەورە خاوەنکار و کوڕە چاوباشقەڵە خۆشەویستەکانیاندا، تاکۆتا ناشیرین و بەدڕەوشتانە بوون. گوناحە، ئەم هەموو کیژۆڵەیە لێرە لە پێشبڕکێی چی دان. کاریگەرییەکی سامناکی هەبوو و تووڕەییەکی گەورەی دروست دەکرد. بەتایبەتیش شوێنکاری وەها بچووک بەتەواوی دەکران بە مەیدانی سووک کردنی مرۆڤ. بەهێزی کاری هەرزان، پەیوەندییەک لەسەر بنەمای دوورخستنەوە لە گرفتە جەوهەرییەکان و ئاستێکی بەو رەنگە ناوەڕۆکی راستەقینەی کولتووری کرێکاری مایەپووچ دەکرد.

دەستم کرد بە بەسەرکردنەوەی ماڵی هەندێک لە کرێکارانی کارگەکە. چیغلی خواروو گرنگ بوو، گەڕەکێک بوو کۆچبەرەکانی لێبوو. دەمویست لەنزیکەوە بیانناسم. چەند

کیژۆڵەیەک کراوەبوون بۆ دیالۆگ. ئەوانیش ناڕازیبوون لە هەلومەرجی ژیان و کارکردن لە کارگە و هەڵوێست و رەفتاری خاوەن کار و سەرکارەکان. بەم ناڕازیبوونە و لەم خاڵەوە دەستکردن بە رێکخستن کارێکی شیاو بوو. بۆ نموونە سەندیکا و بیمە و زامنی ژیانی کرێکاران نەبوو و لەو کارگەیەدا چەند کیژۆڵەیەک قۆڵ و قژیان کەوتبووە بەر ئامێرە زەبەلاحەکانەوە و مردبوون، هەندێکیش هەبوون کە بەسەختی بریندار ببوون یاخود کەمئەندام ببوون. هیچ زامنێکی کاری تیادا نەبوو! نە قەرەبووکردنەوە هەیە و نە رێوشوێنی پێویستی پاراستنی گیانی کرێکاران دەگیردرایەبەر. کارەکە دراوە بەدەم چانسەوە و ئەمجۆرە رەوشانە بە شتی ئاسایی دادەنرێن.

کەسانێکی هەندێک رێکوپێک و پێگەیشتوو بوون، بۆیە بە ئاسوودەیی دەمانتوانی گفتوگۆ بکەین؛ هەر لەو خاڵەوە کە سەرباری ئەوەی شەوانە دەمێننەوە و و ئێشکدەگرن کەچی گۆڕانکارییەک لە هەقدەستی کرێکاراندا بەدی نەدەکرا، دەکرا بە شتێکی خۆبەخشانە، تا دەگات بە مژارەکانی دەستبەسەرداگرتنی هێزی کار و کڕینی جەستەی کچان. بەگشتی بێ بڕوابوون لەبەرامبەر بە سۆسیالیزم. خۆیان بە مافدار دەبینی لە هەڵاتنیان لە بولگاریاوە. خۆیان بە تورک دادەنا و تورکیاشیان بە وڵاتی خۆیان؛ ئەمەش رۆژ بە رۆژ بەرەو دەمارگیری دەیبردن. دەیانگووت کەوا کۆماری تورکیا خاوەنداری لێکردوون، ماڵ ـ کاری پێبەخشیون، باوەشی بۆ کردووینەتەوە، نابێ بەدنمەکی لێ بکرێت. لۆژیکی بێدەنگبوون لەبەرامبەر بە هەموو شتێک و نەبوون بە هۆکاری گرژی و ئاڵۆزی زاڵ بوو بەسەریاندا. ئاستەم بوو بتوانرێت باسی کورد و کوردستان بۆ ئەو کەسانە بکرێت و سەرنجیان رابکێشرێ، بەڵام من بە باسکردنی هۆکاری

هاتنمان بۆ ئێره و بەجێهێشتنی زێدی خۆمان، هۆکاری پارچەبوونی خێزانەکان و ڕووداوەکانی 1938دەمویست بابەتەکە پێکەوە گرێبدەم و تێیان بگەیەنم. تەنیا گوێیان لەو بابەتانە رادەگرت کە سەرنجی رادەکێشان. ئەم جۆرە سەردان و بەسەرکردنەوانە چەند جارێک بەردەوام بوو. بێگومان سەردان و گفتوگۆکان لە کارگەدا رەنگدانەوەی دەبوو، ئیتر لەپشووەکانی چای خواردنەوە و نانخواردندا لەسەر مێزێک کۆدەبووینەوە. ئەمجۆرە پەیوەندییە کاریگەری لەوانی تریش دەکرد. بەهیوا بووم. بەخۆمم دەگووت: کەواتە ئەگەر هەندێکی تر بە سەبرەوە مامەڵە بکەم ئەوا بەلانی کەمەوە گرووپێکی بچووک دروست دەبێت کە پێکەوە بتوانین گرفتەکانی ناو کارگە ببینین و هەنگاو بە هەنگاو چارەسەرییەکانیان تاوتوێ بکەین. بەڵام ئەمجۆرە شوێنکارە بچووکانە رۆڵێکی زۆر گەورەیان نەدەبوو لە چارەسەری سەرتاسەریدا. بەگشتی مەگەر بەرخودانی کرێکاری سەریهەڵبدایە، جا ئەوسا دەشیا باس لە کاریگەرییەک بکرایە، کە ئەمیش زۆر زەحمەتە.

پشکنین لەکاتی دەرکەوتندا لەکارگە بێ ئەندازە ناشیرین بوو. (خەیریە) ژنە قەڵەوە کەڵکویستەکەی هاوشێوەی پاسەوانەکانی بەندیخانە، بەشێوەیەکی زۆر قەبا یەکە بە یەکەی جانتا و کیسەکانی دەپشکنی. من بێ جانتا دەچووم، کاتێک نۆبەی من دەهات دەیگووت: "تێپەڕە کورم". بەهۆی کورتبڕینی قژمەوە بەوشێوەیە بانگی دەکردم. بەڵام هەمدیسان پشکنین کاردانەوەی لەلا دروست دەکردم. ئەم پشکنینە تەنیا بۆ ئەوە بوو کە کەس نوقڵ و چوکلێت لەگەڵ خۆی نەباتەوە. من تەنانەت کاتێک کرێکارەکان لە کارگە نوقڵ و چوکلێتیان دەخوارد واقوڕماو دەبووم. چۆنێتی دروستکردنی کاریگەری لێکردبووم، بێزم

لێیدەکردەوە و دواتریش هەتا ماوەیەکی دوور و درێژ ئەو جۆرە شتانەم نەخوارد. وریای خاوێنی نەدەبوون، جاروبار کە دەمبینی لەسەر زەویش شتیان کۆدەکردەوە و فڕێییان دەدایەوە ناو مەنجەڵە زەبەلاحەکانەوە، بەهێڵنج دەهاتم. شێوازی شوشتنی مەنجەڵەکان، چۆنێتی پێچانەوەی چوکلێتەکان و زۆر شتی ترم بەچاوی خۆم دەبینی کە تەنیا گرنگیان دەدا بە رواڵەتیان و دروستکردنەکەیان تابڵێی قێزەون بوو.

ئەو پەڕۆیانەی بەسەر مێزی هەویری نوقڵ - چوکلێتدا دەهێنرا، بەڕاستی قێزەون بوو. گوایا کارگەیەک بووە زیاترین وردبوون و هۆشمەندی تیادابووا! نوقڵ - چوکلێت و جۆرەکانی تری شیرینی (بەنەر) بەناوبانگ بووا پێکەنینم پێدەهات. کەواتە هەموو کارگە و شوێنی بەرهەمهێنانەکان بەمجۆرە بوون. کوالێت و خاوێنی هیچ گرنگییەکی نەبوو. کەڵەکەکردنی سەرمایە، بەرهەمهێنانی زۆر، ئەمانە بۆ خاوەنکار دەستلێبەرنەدراو بوون. کرێکارەکانیش چاویان لە رۆژانەکەیان بوو، تەندروستی خەڵک گرنگ نەبوو. ماڵ و موڵکی خاوەنکار بوو. تەنیا بیری لە قازانجی خۆی دەکردەوە.

کارەکە تا بڵێی ماندوێتی هەبوو. راکەڕاک و بەباشترین شێوە بەکارکردن پڕکردنەوەی کاتی دیاریکراوی کار، لەڕووی جەستەییەوە شەکەتی دەکردم. بەگشتی بەیانیان بێ نانخواردن بە راکەڕاک لە هەوڵی فریاکەوتن دابووم، راکردن بەو رێگەیەدا، بۆ من ببوو بە وەرزشی بەیانیان. بێ هیچ رێکەوتێک، هەموو بەیانییەک بە راکردن فریای پاسە دەستنیشانکراوەکەی کارگە دەکەوتم. جاروبار کە فریای ئەو پاسە نەدەکەوتم، ناچار بە پاسی ناوشار دەڕۆیشتم. دەستکەوتنی پسووڵەیەکی (150)سەد و پەنجا قروش گرنگی تایبەت بەخۆی هەبوو.

بۆ ئەوەی پارەیەکی زۆر خەرج نەکەم، جاروبار دەستم لە ئۆتۆمۆبێلی تر رادەگرت. کە ئەمەش بەڕاستی مەترسیدار بوو. هەندێک لە شۆفێرەکان بارزگانی ژن (ژنفرۆش) بوون. لەناو ئەو ژنانەشدا کە ئۆتۆمۆبێلی تریان رادەگرت هەبوو لەبەرامبەر پارە جەستەی خۆیان دەفرۆشت. ئەوانەی بەتەنیا لەسەر شەقامەکان رادەوەستان، ئەوانەی ئۆتۆمۆبێلی تایبەتیان رادەوەستاند لەکۆمەڵگەدا جێگەیەکی باشیان نەبوو. کاتێک بەئەمەم زانی زیاتر بە هۆشیاری و بەوردی هەڵسوکەوتم دەکرد. بەڵام جاری واش هەبوو گوێم پێنەدەدا. لەم جۆرە دۆخەدا هەڵویستی خۆت دەستنیشانکەر بوو. دەشێت رەفتارت ئاراستە بە کەسی بەرامبەرت بدات. تا چەند نیازخراپیش بێت لەبەرامبەر بە جددییەتی تۆ هیچی پێناکرێت. لەدوای کار هەتا دەردەکەوتمە گیوموشپالا یەک دوو جار لەسەر پلیکانەکان دادەنیشتم و پشووم دەدا. دوای دابەزین لە پاسی کارگە، سواری ئۆتۆمۆبێلی تر نەدەبووم، رێگەکەش هەوراز بوو هیلاکی دەکردم. بە درێژایی رۆژ بە پێوە کارکردن و دواتریش بەپێ رۆیشتن بەو رێگەیەدا زەحمەتییەکی ئێجگاری هەبوو.

رۆژانی سەرەتا بەو شێوەیە بوو، بەڵام بەپێی کات تا دەچوو رادەهاتم و خێراییم زیاتر دەبوو. کارکردنم بەلاوە خۆشبوو، بە حەز و خواستەوە کارم دەکرد، دۆخی دەروونی کارکردن زۆر خۆش و ناوازەبوو. بەڵام کە دەگەڕامەوە بۆماڵەوە کێشەی تری لەسەر زیاد دەبوو. لەماڵەوە ماوەیەک لەگەڵ (ئیبۆ) مابووینەوە. دواتر (باقی)یش دەستی لە شاگردی چێشتخانەکە

هەڵگرتبوو و هاتبووەوە. کارەکەی ئەوان ڕێکەوتانە بوو، کارێکی هەمیشەیی و درێژوادەیان دەستنەدەکەوت. لەو دۆخەدا ئەوەی بەڕێکوپێکی و بە سیستەم کاری دەکرد من بووم. ئەمەش بۆ ئەوان ببووە مایەی دڵتەنگی و هەستیان بە کەساسی دەکرد. (ئیبۆ) چەند جارێک گووتی: "ئایی وەها نابێت، دادەم کار دەکات، ئێمە دەخۆین، من ڕازی نیم بەمە"، بەڵام (باقی) بێدەنگتر بوو.

## له یەک ماڵدا بووین؛ ئامانجمان جیاواز بوو

کات بەردەوام بە کارکردن تێپەڕ دەبوو. نەپێم دەکرا پەرتووکێک بخوێنمەوە، نە دەمتوانی تاقیبی ڕەوشی گشتی بکەم. هەوڵمدەدا بەچوونە ناو کارکردنەوە کاریگەرییەکانی هەڵوێستەکەم لەبیر ببەمەوە و نەیهێڵم. بەڵام گرفتەکەی چارەسەر نەدەکرد. لە هەفتەیەکدا (6) شەش ڕۆژ کارم دەکرد. ڕۆژانی یەکشەممان پشوومان بوو. ئەو ڕۆژەشم بە ناسینی دەوروبەر و هێواش هێواش چوونە ناو هەندێک ڕێکخراو و کۆمەڵەوە پڕدەکردەوە. لە کەمەرئاڵتی[91] ڕێکخراوەکانی سەر بە (HK) و (DDKD)ییەکان هەبوو. لە بۆرنۆڤا[92]ش ڕێکخراوی سەر بە تەڤگەری (Dev-Genç) هەبوو. هەمووشیان لەژێر ناوی ڕێکخراوی کولتووری و دیموکراتی کاروباریان بەڕێوە دەبرد. گۆڤار و ڕۆژنامەم دەخوێندەوە. بەدواداچوونم بۆ سیاسەتەکانی تر دەکرد. تاوتوێکردنی نووسین و گۆشەکانی گۆڤارەکانم لەماڵەوە هەمیشەیی دەکرد. (باقی) و (ئیبۆ) زۆر پابەند نەبوون بەو بەڵێنەی لە دێرسیم پێیان دابووم. هەردووکیشیان زۆر بە توندی بەرگریان لە فراکسیۆنەکانی خۆیان دەکرد. (باقی) زیاتر لە دەربارەی "پرسی نەتەوەیی" پەرتووکی دەخوێندەوە و تێبینی لێ وەردەگرت.

ناکۆکی فیکریمان لەسەر خاڵی کۆلۆنی بوونی کوردستان بەردەوام بوو. زۆر جار بۆ چەندین کاتژمێر سەبارەت بە خاڵە بنەڕەتییەکانی نێوان داگیرکەریی نوێ و داگیرکەریی کلاسیک

---

[91] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئیزمیرە.

[92]شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئیزمیرە.

گفتوگۆمان دەکرد. لەگەڵ هاوڕێکانیشیان کە دەهاتن بۆ ماڵەوە بە هەمانشێوە گفتوگۆیەکی چڕوپڕمان دەکرد. ئەمە وای لەمن دەکرد زیاتر بخوێنمەوە. ئەگەر لە دێرسیم بووینایە ئەوا لە هەر بابەتێکدا تووشی زەحمەتی ببوومایە راستەوخۆ هانام بۆ هەڤالان دەبرد و ئەوانم دەخستە جوڵەوە. یاخود ئەگەر لە نرخاندنەکاندا چەوتی و چەواشەیی هەبووایە راستم دەکردنەوە. بەڵام لە ئیزمیر بووم، هێشتا تەنیا کەسێکیش نەبوو بڵێت "کوردم، کوردستانیم" چەند بە ئازار بوو. گەڕەکی چیغلی گەورە، جێ نیشتگەی گمگم[93]ییەکان بوو. زۆربەیان لەو خەڵکە بوون کە دوابەدوای بوومەلەرزەکەی ناوچەی خنوس[94] و گمگمیەکان کۆچیان کردبوو بۆ ئیزمیر. کاتێک دەچووم بۆ ئەوێ جاروبار کوردبوونم دەبینی و ئازاری پێدەدام. سەرەڕای ئەوەش هیچ یەکێکیان پەسندیان نەدەکرد کە کوردستان کۆلۆنییە. لەوێ گرووپە چەپڕەوەکانی تورک خۆیان رێکخست بوو. توێژی گەنجان بە یەکجاری لە چەپڕەوەکانی تورکدا جێگەیان گرتبوو. گوڵتەپە[95]ش بە هەمانشێوە. زۆربەی زۆری دانیشتوانی گیومیووشپالاش کوردبوون.

لەماڵەوە هەڵوێستەکانی (باقی) ببوون بە مایەی کێشە. لە گفتوگۆکاندا هەوڵیدەدا ئەوەمان بخاتە بەرچاو کە لە ئاستێکی زۆر کەمدا لەناو هەوڵی هاوفیکری و دروستکردنی یەکێتی ئایدیۆلۆژی دایە. لەمەدا ئەوەم تێدا بەدینەدەکرد کە لەناخی

---

[93] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری موشی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە ڤارتۆ ناوزەدی دەکات.

[94] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئەرزەرۆمی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە هنس ناوزەدی دەکات.

[95] گەڕەکێکی شاری ئیزمیرە.

خۆیدا کۆک بێت. هەوڵی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی هەبوو، بەڵام دەستی لە گرێ ڕێکخستنییەکانی بەرنەدەدا. کادیری میلیتانی پارتەکەی بوو و لە پەیوەندییەکانیدا ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی - ڕێکخستنی خۆی بەبنەما وەردەگرت. لەپەیوەندییەکانیدا لەگەڵ من زۆر دڵسۆز و لەدڵەوە نەبوو، زیاتر گرنگی دەدا بە ڕەخساندنی هەلومەرجی یەکێتییەکی سۆزدارانە لەگەڵ من. بڕوای وابوو ئەگەر یەکێتییەکی ئایدیۆلۆژی - ڕێکخستنی لەنێوانماندا نەبێت، لەو خواستەی ئەو نزیک نابمەوە. جاروبار بیروبۆچوونی خۆی لەسەر ئەو بابەتە بە ئاشکرا دەخستە ڕۆژەڤەوە. سەرەتا بە کاردانەوە و بە بڕینی گفتوگۆ و بەلاوەنانی، و هەروەها بە بیرهێنانەوەی ڕێکەوتنەکەی یەکەمجاری هەڵوێستم وەردەگرت.

لە هەڵوێست و مامەڵەکردنمدا شێوازی خۆ گومڕاکردن و درێژەدان هەبوو بە قسە، نەمدەتوانی ببم بە کەسێک هێزێکی باشی ڕازیکردنم هەبێت، دواتر ئەم هەڵوێستەم نەرمتر بووەوە. بینیم کە (ڕاکردن لەماڵ) ڕۆڵی دەروونی و بەکاریگەری هەیە. بەو بۆچوونەی "خۆم ئەو کارەم کرد، کەسانی تریش هەرچی بکەن ئاساییە، لەم حاڵەدا من شتێکی ئەوتۆم نییە بیڵێم" لە هەڵوێستە هەستیارەکانمدا هاوسەنگییەکم پێ دروست نەدەبوو. لە هەردوو بارەکەشدا ئەو سوودمەند دەبوو، چونکە لەم بوارەدا ئاگاداری لاوازی و بێ چارەییەکانم بوو. بە هەر باجێک بووایە هەوڵمدەدا زۆر وریابم لەوەی بەپێی خواستی کەس نەجوڵێمەوە. هەر چۆنێک بێت کارم دەکرد، کێشەی خانووشم نەبوو، لەگەڵ زۆر کەسی تردا ئاشنایەتیم پەیدا کردبوو، دەمگووت لەماڵی یەکێکیاندا بە شێوەیەکی کاتی دەمێنمەوە. دواتر دەتوانم

خانوویێک بەکرێ بگرم. متمانەم بەخۆم نەدەشکاند، دڵنەوایم دەدا بە خۆم کاتێک بەپێداگیرییەوە رووبەڕوویان دەوەستامەوە.

مانگی ئایار بوو کە لە دێرسیم رامکرد. تا مانگی ئاب ئەم بێنە و بەردەیە بەردەوام بوو. (حەیدەر)ی کوڕی (بیبی) و (ئاینور)ی خوشکی کە کاتی خۆی لێمدابوو، لەگەڵ (ئیبۆ)، من و (باقی) بەگشتی بووین بە پێنج کەس، هێشتا (سایمە) نەهاتبوو. هەر لەو گەڕەکە خانوویێکی ترمان بەکرێگرت. بەڵام نزیکە لەو دەزگا و قاوەخانانەی بەردەوام جێگەی هاتوچۆی فاشیستەکان بوون. بەئەنقەست لەو شوێنە خانوومان گرت، زۆر سەرنج راناکێشێت، هاوکات لە نزیکەوە دەمانتوانی چاودێری فاشیستەکان بکەین. (باقی) ئەمە و کۆمەڵێک (نهێنی رێکخستنی)ی تری خۆی لەلای من دەدرکاند.

لەگەڵ زۆربوونی ژمارەمان کێشەی ئابووریش تەشەنەی دەسەند. لە خانوویێک دابووین پێکهاتبوو لە دوو ژوور و هۆڵێک. کرێکەی زۆر نەبوو. (حەیدەر) و (ئاینور)یش بەدوای کاردا دەگەڕان. (ئاینور) لەکارگەیەکی ترێ لەسەر رێگەی ئاڵسانجاک[96] کاری دەستکەوت. ئەو شوێنە نزیکتربوو. ژیان لەماڵەوە هەرەوەزیی بوو. لەناوخۆماندا دابەشکاریی کارە رۆژانەییەکانیشمان کردبوو. هەر کێ لەماڵەوە بمایەتەوە پێداویستییەکانی ماڵەوەی جێبەجێ دەکرد، پاکوخاوێنی رادەگرت، چێشتی ئامادە دەکرد. شەوانە ئەوانەی سەرقاڵی خوێندنەوە دەبوون لە ژورێکدا دادەنیشتن. بڕیارماندا گفتوگۆی هەروا ئاسایی نەکەین، چونکە هەر یەکێکمان سەر بە فراکسیۆنێک بووین. (HK،PDA،TİKKO) و شۆڕشگێڕانی کوردستان کە ئەوان پێییان دەگووت "نیشتمانپەروەر". لە ئیزمیر

---

[96] گەڕەکێکی ناوچەی کۆناکی شاری ئیزمیرە.

کەس بەم ناوەی نەدەزانی. لە هەر ڕێکخراوێک یاخود کۆمەڵەیەک گفتوگۆم بکردایە کاتی پرسیاری ناویان دەکرد، دەمگووت گرنگ نییە "شۆڕشگێڕی کوردستانم".

(حەیدەر) تەمبەڵترینیان بوو. لە راپەڕاندنی کاروبارەکانی ناو ماڵیشدا تەمبەڵ و شپرزە بوو. یان چێشتەکەی دەسووتاند یان زۆر سەیر لێیدەنا. بەوهۆکارە چۆنیتی دروستکردنی چێشتم بۆ دەنووسی و بە دیوارەکەوە بۆم هەڵدەواسی. هەموو کەس جل و بەرگی خۆی دەشوشت. تەنیا ماڵ و پێخەفەکانمان پێکەوە دەشووشت. لەم بوارەدا گرفتێکی ئەوتۆمان نەدەبوو. (ئیبۆ) بەردەوامە لە قرێژییەکەی، نە گۆرەوی و قاچەکانی دەشوشت و نە خۆی. گەرمای ئیزمیر بێزارکەر بوو. بەهۆی بۆنە ئارەقی قورسەوە، سەر نەدەکرا بەماڵدا. لەم مژارەشدا درێژەم بە شەڕی خۆم دەدا. دەمگووت: "هەموو ئێوارانێک شوشتنی گۆرەوی و قاچ بکەین بە راهاتنێک" بەردەوام دەمسەپاند بەسەریاندا. هەر کە نەشیدەکرد دەمگووت: "ئەگەر تەمبەڵی دەکەیت، بمدەرێ من بۆت دەشۆم"، ئەوجار دەیگووت: نا، نابێت دادە، هەڵدەستا و دەیشوشت. منیش ئامانجم وابوو ناچاری شوشتنی بکەم، ئەگەر نا، خواستم نەبوو گۆرەوییەکانی ئەوان بشۆم. ئەوە خاڵێکی زۆر هەستیار بوو بۆ من.

ئەگەر هەڵوێستی هەر کەسێک هاوڕەنگی هەڵوێستە نەرێتییەکانی ناو خێزان بووایە، قیامەتیشم بەسەردا بهاتایە ئەو کارەم نەدەکرد. لەو مژارەدا خاوەنی پێوانەی خۆمان بووین و ڕێزمان لە یەک دەگرت. ئەمەش کاریگەری ئەرێنیانەی لەپەیوەندییەکانمان دەکرد. بەڵام لە گفتوگۆکاندا کەس ڕەچاوی یاساکانی نەدەکرد. یەکێک دەستی پێبکردایە، هەمووی بەشدار دەبوو و لەئەنجامدا ئەوان لەبەرامبەر بە من یەکیان دەگرت.

گفتوگۆکان توند دەبوون، بەخاڵی محافەزەکاری و تەنانەت بە دڵڕەنجاندنیش دەگەیشت. (حەیدەر) بە ئیمپریالیزمی سیۆسیالی سۆڤێت دەستی پێدەکرد و کۆتایی پێدەهێنا. قووڵبوونی تیۆری نەبوو، زۆر نەیدەخوێندەوە. پێویستی بە خوێندنەوەی پەڕتووک هەبوو، لەم مژارەدا یاسای خوێندنەوەی ناچارییمان دانابوو. بەڵام ئەو خۆی دەدزییەوە و نەیدەخوێندەوە. کەی پرسیارم لێبکردایە، یان ئەوەتا چەند لاپەڕەیەکی خوێندبووەوە، یان کاتی دەکرد بە بەهانە و دەیگووت: کە نەیخوێندۆتەوە. هەر کاتێکیش لەسەر ئەو بابەتانەی خوێندبوونییەوە گفتوگۆمان بکردایە زۆر رووکەشیانە بوو و ئەوانەی دەگووتەوە کە لەبەری کردبوون.

(ئیبۆ) پراکتیکی و لێهاتوو بوو، لەو رووەوە جێگەی متمانە بوو. ئەویش بەردەوام بەهەندێک لە بیر و بۆچوونەکانی (ئیبراهیم کایپاککایا) و ئەوان دەستی پێدەکرد و کۆتایی دەهێنا. هێندەی خوداوەندپەرستییەک پابەند بوو پێیەوە. پابەندبوون خۆشە و واتایەکی تایبەتی خۆی هەیە هەمیشە رێزم لێگرتووە. پابەند بوو بە چەکیشەوە. پێشتر کاتێک لە گوند بوون سەردانم کردن، ئەوکاتە چەند فیشەکێکم بە دەمانچەکەی تەقاند. دەیزانی چەکم خۆشدەوێت و دەیگووت: "ئەگەر ببی بە هەڤاڵی ئێمە ئەم دەمانچەیەت دەدەمێ". کەچی هەر وەکو تەنیا خۆیان هێزی شۆڕشگێڕیی و شەڕ بن جاروبار بە گاڵتەوە دەیگووت: "ئەگەر ساکینە رێگەیەک هەڵبژێرێت ئەوا دەبێت بە TiKKOیی، چونکە یاخییە". منیش دەمگووت: "بەڕاست دواجار دەبێت بە هەڤاڵی ئێمە، جەوهەری شۆڕشگێڕیت لەناخ دایە".

(ئاینور) چیدی وەکو جاران لاسار نەبوو، تۆزێکی تر پێگەیشتبوو. زۆر بەشداری گفتوگۆکانی نەدەکرد. لەگەڵ (باقی) نێوانی باشبوو و لەگەڵ ئەودا زۆر رووبەڕووی یەکتر

نەببوونەوە. (باقی) دەیویست فێری بکات، پرسیاری لێدەکرد و دەیویست گرنگی لەلا دروست بکات. بەڵام ئەو زیاتر خۆی خستبووە سەر لاباری ژیانی گەورە شار. هاوشێوەی کچی ماڵی ئاسایی بوو، خوێندن بەلایەوە مایەی بێتاقەتی بوو. سەرەڕای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی، هێشتا بەتەواوی نەیدەتوانی بخوێنێتەوە.

(باقی) بەردەوام بوو لە ناساندنی من بە هەڤاڵانی. تەنانەت ئەو کادیرە نافەرمییانەی کە لە ڕێکخراوەکەیاندا نەمبینی بوون هاموشۆی ماڵمانیان دەکرد. (باقی) بەردەوام باسی لەوە دەکرد کە جیاوازی فیکریمان شتێک نییە ڕێکەوتنی لەسەر نەکرێت و دەرباز نەکرێت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیویست کاریگەریم لەسەر بکات. بەم هۆیەشەوە هاوسەرگیری دەخستە ڕۆژەڤەوە و دەیگووت: "لەنێوان شۆڕشگێڕاندا جیاکاری ئایدیۆلۆژی کاتییە، پێویستە ناکۆکییەکان قووڵنەکرێنەوە، پەیوەندییەکی بەمرەنگە بە یەکێتی ئایدیۆلۆژیشمان دەگەیەنێت، خێراتری دەکات".

من بە توندی رەتم دەکردەوە و ڕووبەڕوو پێمدەگووت کە لاسەنگە لە هەڵوێستەکەیدا. ماوەیەک گفتوگۆکانمان بەمجۆرە بەردەوام بوو و درێژەی دەکێشا، دەیزانی چەند بە بڕیارم، دەیزانی کە چەندە بڕوامان بەو هەڵوێستەی نەبووە کە دەیگووت "لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەم" و چەند نادروست بووە لەلامان. جاروبار بڕیارمان دەدا گفتوگۆ نەکەین، چونکە هەرچەند گفتوگۆمان بکردایە ناکۆکییەکان قووڵتر دەبوونەوە.

نامەیەکی دوور و درێژم بۆ (مەتین) نووسی. رەوش و بەسەرهاتەکانم وەکو خۆی بۆ نووسییەوە. بە شێوەیەک دەبووە رەخنەدانێک. باسم لەوە کرد کە یەک لایەنە و بێ ئەوەی هیچ قسە و گفتوگۆیەکی لەسەر بکەین جیابوونەوەم کارێکی ڕاست

نەبووە و باسم لەو هەلومەرجانە کرد کە بوونەتە هۆکار و گووتم: "پەیوەندییەک بوو لەسەر خواستی هەردوو خێزان دروست ببوو، بەڵام دواتر لێک نزیکبوونەوەیەکی دیار و بەرچاوی بەدوادا هات. لە هەردووکماندا هەڵوێستی درێژەدان بە نەریتێک و پابەندبوون پێیەوە هەبوو و لەناوخۆیشیدا بەرەو رەوایەتی وەرگرتنێکەوە دەرۆیشت. خۆشەویستییەکی بێ بنەما بوو، ئەگەر بارودۆخەکە بەلایەنی ئەرێنییەوە بووایە، دەشییا پەیوەندییەکە بەردەوامییەکی هەبێت، بەڵام هەموو شتێک بەلای نەرێنیدا کاریگەری لەسەر دروست ببوو. لەلایەک ئەو گۆڕانکارییەی لە مندا روویدابوو، لەلایەکی ترەوە هەڵوێستە محافەزەکارییەکانی هەردوو خێزان، هەردووکیان پێگەیەکی پڕ ناکۆکیان ئاواکرد. یان ملکەچیان دەبووم، یان ئەوەتا رەتم دەکردەوە. رەتکردنەوەی ئەم پەیوەندییە لەو سەرچاوەیەوە هەڵقوڵا. تۆ یارمەتیدەر نەبوویت. بەردەوام ئامۆژگاری ئەوەت بۆ دەکردم کە ببم بە (کچێکی ئاقڵ). خواستی بەردەوامی هەر دوو خانەوادەکەشمان (کچێکی ئاقڵ)، (بووکێکی ئاقڵ) بوو.

ئەگەر بواری قسە و گفتوگۆمان هەبووایە، دەشیا رەوشێکی جیاوازتر بهاتایە ئاراوە. لە ئەنکەرە دەمویست بەدواتدا بگەڕێم، زۆریش. هەستم بە شکستەیی دەکرد، هەستی تاوانباری، خراپ بوو. یەکترمان نەبینی. کێ دەزانێت، دەشبێت لە گۆڕانی ئەم دۆخە ترسابم. دەشیا بکەومە ژێر کاریگەرییەوە و منت لە رێگەکەم بکردایە. هەر بەم شێوەیەش گرفتێکی ئەوتۆ دروست نەدەبوو. بەڵام من درێژەم بە پێداگیری دەدا. لە دایکم توورەبووم و دەمگووت: ناتوانێت رێگری بکات لە شۆڕشگێڕیم، ناتوانێت هاوسەرگیرییەکم پێ بکات کە خۆی زۆر خوازیاری بوو.. ئێستاکە لە ئیزمیرم، کاردەکەم، لەکارگەیەک دام. ناتوانم

لەوە زیاترت بۆ بنووسم. هێشتا هەندێک کێشە هەن کە چارەسەرم نەکردوون، بەوانەوە سەرقاڵم. ئەو کێشانەن کە خۆم بووم بە هۆکاریان. بەم هۆیەشەوە هەر خۆم چارەسەریان دەکەم، هەمدیسان ئەگەر خواستی نامەنووسینت هەبێت، دەتوانیت بنووسیت، دەتوانین دۆستانە گفتوگۆ بکەین".

بە ئاشکرا باسم لە کێشەکانی نێوان خۆم و (باقی) کرد. خۆیشی پێشتر ئاگاداری ئەم هەڵوێستەم بوو. زۆر سەیر بوو. لەلای کەسێک بووم کە نەمدەویست، رامکردبوو بۆلای ئەو. ئەمەم چۆن روون بکردایەتەوە؟ ناکۆکییەکی گەورە بوو، لەسەر قسەی خۆم نەمابوومەوە. دەکرا لایەنی راستییەکەشی بخرێتە ژێر باسەوە. ئەم خاڵانە ئازاریان دەدام. بەمشێوەیە لێکدەدرایەوە و هەڵدەسەنگێندرا، پێم نەدەکرا بەندێک بخەمە بەردەم قسە و لێکدانەوەی خەڵکەوە.

(باقی)یش نامەکەی خوێندەوە و پێی تێکچوو. باسی لەوە دەکرد کە هێشتا من (مەتین)م خۆش ویستووە. ئەو ئەنجامەی لێ دەردەخست. گفتوگۆمان لەسەر خۆشەویستی کرد. لەم مژارەدا (مەتین) خەتابار ناکەم، راست نەبوو شتی تری پێوەبکەم، راستییەکەی چی بێت ئەوەم دەگووت. لایەنگر نەبوو لەگەڵ (مەتین) نامەگۆڕینەوەمان لەنێواندا هەبێت، هەرچەندە بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەیدەردکاند، بەڵام بە هەڵسوکەوتەکانیدا وایدەنواند. سەرم بەوەوە قاڵنەکرد کە ئەو چۆن لێکی دەداتەوە. بەتەواوی ناونیشانەکەیم نەدەهاتەوە بیر. نەشمدەویست لەڕێگەی ناونیشانی ترەوە بۆی بنێرم. بۆیە نامەکە ماوەیەک لەلای خۆم مایەوە و نەمتوانی بەدەستی بگەیەنم.

پەیوەندی من و (باقی) هێندە جێگیرنەبوو تا ئەوانەی ماڵەوە و خەڵکی دەوروبەر لێمان تێبگەن. نە هەڤاڵی هاو ئایدیۆلۆژی بووین و نە هاوژینیش، بەڵام لەگەڵ یەکبووین. لە هەر شوێنێک دەستمان بە گفتوگۆ بکردایە ئەنجامەکەی لەنێوان هەردووکماندا دەبوو بە شەڕ. لەو مژارانەدا کە پێشتر نەرمتر هەڵوەستەی دەکرد و دەیگووت: "هاوڕا دەبین - یەک دەگرینەوە" بەپێچەوانەوە بەرگرییەکی توندی لێدەکرد. هەوڵی دەدا پێچەوانەی پێگەی خۆی لەناو ڕێکخستن و پەیڕەوکارییەکانی خۆی نەبێتەوە. لە ڕاستیدا خۆیشی لەناو ناکۆکییەکدا بوو. هەر چەند پرسی نەتەوەیی گفتوگۆ بکرایە و ئەویش لێکۆڵینەوەی لەسەر بکردایە ئەم ناکۆکییەی ناو ناخی خۆی قووڵتر دەبوو. بەڵام پابەندبوونێکی هێندە سەیری لەگەڵ (HK)دا هەبوو کە گۆڕانی بەکارێکی دژ و نابەجێ دەزانی، بەکاریگەری ئەو دۆخە دەرونییەوە بوێری ئەوەی نەبوو بە ئاشکرا بەرگری و پشتیوانی لە ڕاستییەکان بکات. ئەمەش دۆخی دەروونی کەسێتی بۆرژوازی بچووک بوو! تێڕوانینی فیۆداڵ و بۆرژوازی بچووک بوو!

ئەم دۆخە دەروونییەی ئەوان کاریگەری لەسەر گفتوگۆی تەندروستانەی ناوخۆی گرووپەکەشیان دەکرد. کادیرە کوردەکانی ناو ریزەکانیان خۆیان وەکو قەڵغانێک لێکردبوو. هەڵوێستی نکۆڵیکردنیان لە کوردستان، هەڵوێستی دانانی نکۆڵیکردن لە کوردستان لە شوێنی ئەنتەرناسیۆنالیزم هەر لەسەرەتاوە ڕێگری لە پەرەسەندنی ئەرێنیانە دەکرد. شۆڕشگێڕییەک لەسەر بنەمای هەڵگرتن و خۆشاردنەوە لەژێر سێبەری دروشمی (برایەتی گەلان)دا بەلای ئەوانەوە گەورەترین شکۆمەندی بوو. بەپێچەوانەوە ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە

پرەنسیپ و پێودانگە سەرەکییەکانی شۆڕشگێڕی ئاشکرا بوون و دەزانرا شۆڕشگێڕی بەناوی کێوە و کام گەلەوە دەکرا. کاریگەربوونی سەرەتایی ئاسایی بوو. گەنجە کوردە خوێندکارەکانی زانکۆکان، لەو شوێنانەی دەیانخوێند کراوەبوون بۆ هەر شتێک کە ناوی شۆڕشگێڕی، دیموکراتی و پێشکەوتنخواز بوو و جێگەیان تیادا گرتبوو. بەڵام ناچارە روانگەی سەبارەت بە شیکارە ئایدیۆلۆژییەکان و بابەتە سەرەکییەکانی شۆڕش روون و رەوان بێت.

ئەرکی شۆڕشگێڕی چی بوو؟ لەسەر کام بناخەیە بە پراکتیزەبوون دەگەیشت؟ کەس ئەمەی نەدەخستە ژێر لێپرسینەوەوە. ئەوانەی ناو گرووپەکان لە هەموو چالاکییەکدا جێگەیان دەگرت، بەجەرگ و چاونەترس بوون. بەڵام ئەو زەمینەیەی چالاکییەکانیان پێوە دەبەستەوە، نە لەو ئاستە دابوو بەشێوازێکی راست پەرە بەم هێز و بەهرەیەی ئەوان بدات و بیانخاتەڕوو، نەگرووپەکانیش خاوەنی ئەو خەسڵەتە چینایەتییانە بوون کە خۆیان بە پێشەنگ بکەن. ناوی کادیرە پێشەنگ و سەرکردە شۆڕشخوازەکانی 1969 ـ 1970کان لە دروشمێک، پڕووپاگەندە و بانگەوازخوازییەک بەولاتر هیچیتر نەبوو. بەتایبەتی گرووپەکان لەنێو خۆشیاندا لە کێبڕکێی خاوەنداریکردن لەو کادیرانە دابوون. بەڕاستیش دیار نەبوو کێ و کام گرووپ پشتیوانی لە شۆڕشخوازی (THKO[97])ییەکان دەکرد و نوێنەرایەتی چییان دەکرد و کێ نوێنەرایەتی لە (سوبحی) و هاوڕێبازانی یاخود (کایپاککایا) و هاوڕێبازانی دەکرد.

---

[97] ئەرتەشی رزگاری گەلی تورکیا، لە دوا نیوەی 1960ەکاندا لەلایەن دەنیز گەزمیش و هاوڕێیانییەوە دامەزرێندرا.

زیاتر لەو کوردە گەنجانەی ناو ئەم گرووپانە پەست دەبووم. چ کاریگەریان هەبوو؟ نەخێر، دووژمنایەتی تورک نییە، هەرگیز. بەدرێژایی ژیانم بەردەوام لەناو پەیوەندییەکی نزیک دابووم لەگەڵیان. لە خوێندنگەی سەرەتایی هاوڕێی تورکم هەبوو، دراوسێمان هەبوو، مامۆستام هەبوو، خۆشەویستیش بوون لەلام. ئەمە بە پەیوەندییەکانیشمەوە دیاردەبوو. ئەوانەی هاندەری ئێمە بوون بۆ شۆڕشگێڕی (دەنیز) و (ماهیر) و هاوڕێکانیان بوون. دەمتوانی لەبیریان بکەم؟ بەڵام ئەرکی شۆڕشگێڕانی نەتەوەی چەوسێنەر هەبوو و ئەرکی شۆڕشگێڕانی نەتەوەی چەوساوە هەبوو. کەسێک لە وڵاتی خۆیدا شۆڕشی نەویستایە و بەجۆرێکی راست دۆزی گەلەکەی خۆی هەڵوەستە نەکردایە دەیتوانی ئەرکی شۆڕشگێڕی کام وڵاتەی لە ئەستۆ بگرتایە؟ لەم خاڵەدا نە رازی بووم و نە متمانەشم لەلا دروست دەبوو.

لە گفتوگۆکاندا تا رادەیەک دەمتوانی لەبەرامبەر بە شیکارەکانی هەڤاڵانی خەڵکی تورکیا لەبارەی کوردستان دان بە خۆمدا بگرم، بەڵام نەمدەتوانی لەبەرامبەر هیچ هەڵوێستێکی جیاوازی کەسە کوردستانییەکان دان بەخۆداگرتنم نیشان بدەم. بەم هۆکارە گفتوگۆکان بە ئازار دەبوون و بە قورسترین جوێنی سیاسی تێپەڕ دەبوون. لەم بوارەدا خاوەنی هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بووم، نەک لەبەر ئەوەی زۆرم دەزانی یاخود زۆرم کردبوو. هەوادارێک بووم، هێشتا بیر و فیکرێکی بەهێزم نەبوو، ئاستی هەڵوێستی سیاسیشم هێشتا دواکەوتوو بوو. بێ ئەوەی بیر بکەمەوە لەوەی شیاوی پەیوەندییە گشتییەکانمانە یاخود نا، ناوی گرووپەکەم دەهێنا، ئەی تا چەند پەیوەندی هەبوو لەنێواندا وا کارم دەکرد؟!. بە تاقی تەنیابووم، بەڵام هیچ شوێنێک نەما

هاموشۆ و گفتوگۆم تیایدا نەکردبێت. متمانەیەکی گەورەی پێدەبەخشیم. شانبەشانی کارکردن لە کارگەدا ئەم کرانەوەیە هێز و مەعنەویاتی پێدەدام. گۆڤارم دەخوێندەوە و دەستبەجێ دەڕۆیشتم بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵەکان گفتوگۆم دەکرد.

هەر شاکارێکی کلاسیکی مارکسیستیم بخوێندایەتەوە، ڕاستبوونی ئێمەی دەردەخست. هەبوون و نەبوونی ناوی کوردستان لەو شاکارانەدا گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو. پرسی نەتەوەیی بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ڕووداوەکانی دواتری، هەروەها سەرکەوتنی تێکۆشانی ڕزگاری نیشتمانی لەوڵاتانی تردا، سەرچاوەی گرنگ بوون. دەمتوانی ئەوانە لەژێر ڕۆشنایی دەستنیشانکراوە ئایدیۆلۆژییەکانمان شیکار بکەم و جەوهەرەکەی شیکار بکەم. ئەوانەی بەدەر لەمەشم بە کۆسپێک دانەدەنا، شەرم و دوورەپەرێزی نەبوو. ئایدیۆلۆژییەکەمان ڕاستبوو و ئێمە مافداربووین. ئەمەش بەس بوو. هەر کەسێک بڕوای بەمە هەبووایە، لە هەر شوێنێک و لە هەر هەلومەرجێکدا بەرگری لێدەکرد، بڵاوی دەکردەوە و دەیچەسپاند. بۆ ئەوەش پێویست بە ئەرکێکی ئیلاهی فەرمی و گرێدانێکی جەستەیی نەبوو. من لە دوور بووم و لە پەیوەندییە هەنووکەییەکان دابڕابووم، دەمگووت: "دووبارە پەیوەندی دەبەستم".

(یوسف مەتین) کە خەڵکی ناوچەی پولور[98] بوو، لە گەڕەکی خواروومان نیشتەجێ بوو، زوو زوو هاموشۆی دەکردین، گفتوگۆیەکی چڕوپڕمان دەکرد. ماڵەکەی ئەویش ماڵی ڕێکخستن بوو. بەڵام گەنجینەیەکی گەورەی ئەرشیف، پەڕتووک و گۆڤار بوو. باسی لەوە دەکرد کە گفتوگۆ لەسەر پرسی نەتەوەیی

---

[98] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری دێرسیمە کە دەوڵەتی تورک ناوی بۆ ئۆڤاجک گۆڕیوە.

دەکەن و لەماوەیەکی نزیکدا تێڕوانینەکانی خۆیان بە فەرمی لە ڕۆژنامەی رزگاری گەلدا بڵاو دەکەنەوە. (باقی)یش وەکو بیانوو ئەمەی دەهێنایەوە و دەیگووت: "لەم بابەتەدا هەندێک جیاوازی تێڕوانینمان هەیە، تاوتوێی دەکەین. ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی جیاواز بێتە ئاراوە، هەڵوێست وەردەگرین. لەم مژارەدا من تەنیا نیم، ژمارەیەک کورد هەیە، هەمووشیان لە چاوەڕوانی دان، دەیسەپێنین"، کە ڕاستیش بوو.

ئایدیۆلۆژیای رزگاریخوازی نیشتمانیی کاریگەری دەکرد، لە ئەنکەرەوە، لە ناوەندەکانەوە دەستی پێدەکرد و کاریگەری دەکرد. گفتوگۆ و تاوتوێکردنی بابەتەکان لەناوچەکانی وەکو دێرسیم، قەرس، دیلۆک[99] زۆر چڕوپڕتر بوون. تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی - سیاسی هەموو توێژێکی دەهەژاند و سەرجەمی ئەو گرووپانە ناچار بوون دەستنیشانکردنی سیاسەت سەبارەت بە کوردستان بوون. ئەگەر هەڵوێست و شیکارێک سەبارەت بە کوردستانیان دەستنیشان نەکردایە، ئەوا چوونە پاڵ ریزەکانی شۆڕشگێڕەکانی کوردستانەوە تەشەنەی دەسەند. نیگەرانی لەدەستدانی کادیرە کوردەکان زۆر ئاشکرا بوو، لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێمە بە ئاشکرا ئەمەم بەدی دەکرد. وادیار دەبوو (باقی)ان دەخستە ژێر پاراستنی خۆیانەوە. کاریگەرییەکی دیار و بەرچاوی ئەمەش هەبوو. هەر هەڵوێستێکی کاریگەری لەو کەسانەش دەکرد. بەم هۆیەوە لەهەڵوێستەکانیاندا وریاتر بوون و وەکو پێشتر متمانەیان پێنەدەهات. بەرپرسیار بوو لەو گەڕەکەی ئێمەی لێبووین، بەڵام

[99] یەکێکە لە پارێزگاکانی باکووری کرودستان کە دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ غازی عەنتاب گۆڕیوە.

لەخاڵی دەستنیشانکردنی سیاسەت و ڕێبازی سیاسیدا ئەمە و هاوشێوەکانی سنووردارییان دەکرد.

(یوسف مەتین) ئەرک و ڕۆڵی داینماوی دەبینی. لە ڕاستیدا زیاترین کەسێک بوو کە پرسی کوردستانی بەلاوە گرنگ بوو. ڕابردوویەکی دوور و درێژی شۆڕشگێڕی هەبوو. لە تەمەنێکی بچووکدا دێت بۆ ئیزمیر، کار دەکات، دەخوێنێت و لە یەکەمین قۆناخی خەباتی (THKO)دا جێدەگرێت. لەو گرووپانەدا بوون کە پێیان دەگووترا "ڕاگوێزەکان"، ماوەیەک هەوڵی درێژەدان بە ڕابردووی خۆیان دەدەن. لە گفتوگۆکاندا ڕێکوپێک و تێگەیشتوو بوو، بە ڕێز بوو. ماوەیەک لەماڵی ئەوان ماینەوە و پەڕتووکمان دەخوێندەوە. بەگشتی من، (حەیدەر)، (ئاینور) و ئەو بووین. بەجۆرێک کارێکی خۆپەروەردە کردن بوو. زیاتر پەڕتووکی وەک: (مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، مێژووی پارتی بەلشەفیک)مان دەخوێندەوە و گفتوگۆمان لەسەر دەکرد. لەلای خۆمەوە گرنگیم بە هەڵوێستی بەرتەسکانەی گرووپ گرووپێنە نەدەدا.

خواستی خوێندنەوە، گفتوگۆکردن و فێربوون قورساییەکی زیاتری هەبوو، گرنگ نەبوو بەلامەوە لەکوێم و لەگەڵ کێم. ئامانج تاوتوێکردنی پرسی نەتەوەیی و گەیشتن بوو بە خاڵی هاوبەش. زیاتر (باقی) ڕێخۆشکەری دەکرد. ئەگەرچی هەموو کات و لە هەموو شوێنێکیش نەبووایە، خۆی کارێکی وەهای بە کەڵک دەزانی، بەڵام مەیلی (یوسف مەتین) بەهێزتر و بۆ ڕێکخستن گرنگتربوو، چاودێرییەکی وەهام لا دروست بوو. بەمجۆرە هەستکردنم بە ناکۆکییەکان جۆش و مەعنەویاتی پێدەدام و بەخۆم دەگووت: "مسۆگەر دابڕان ڕوودەدات"، ڕەنگدانەوە کردەییەکان لەم مژارەدا ئومێدبەخش بوون. کەواتە

پێویست بوو زێدەڕۆیی نەکەم لە هەڵوێستەکان لەبارەی (باقی) و ئەواندا. دابڕان بە شومارێکی زۆرتر و بەکاریگەرتر باشترین بژاردە بوو. بەخۆم دەڵێم کەوابوو نابێت لە پەیوەندییەکانماندا بێ ئۆقرەیی بسەپێنم. چونکە ناوبەناو هەڵوێستی سۆزدارییانەی (باقی) هەمیشە بەرەو ئەو خاڵە رایدەکێشام، بەرەو کاردانەوە و هەڵەشەیی و بێ ئۆقرەیی پاڵی پێوەدەنام. تادەهات ئەو بۆچوونەم زاڵ دەبوو کە ئەگەر بەوجۆرە مامەڵەم لەگەڵ بکەن ئەوا لەماڵێکی تر دەمێنمەوە و پەیوەندییەکانم دەبڕم لەگەڵیاندا.

بۆچوونم وابوو کە ئەگەر یەکێتییەکی ئایدیۆلۆژی و رێکخستنی هەبێت ئەوا لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێت یەکێتی دروست ببێت. واتا هەڵوێستێک لە ئارادا نەبوو کە هەر لە ریشەوە رەتکردنەوە و بە روونەداو لەقەڵەمی بدات. لەبەرئەوەی جیاوازی تێڕوانینەکانی ئەوساش زۆر ئومێدبەخش نەبوو، دەمتوانی بە روونی هەڵوێستم دەرببڕم، کە بەڕاستیش بەلای منەوە گرنگ دروستکردنی یەکێتی ئایدیۆلۆژی - رێکخستنی بوو. بۆچی حەزنەکەم راکردنم لەماڵەوە بگۆرم بە یەکێتییەکی واتاداری بەو شێوەیە؟ کاتێک لە دێرسیم بووین، هەڤاڵان بەتایبەتیش دەیانویست (ئیبۆ) و (باقی) نزک بکەنەوە. ئێستاکە وەکو کەسانی نزیک و بەبڕیار لە شۆڕشگێڕیدا بووین بە (10) کەس چەندە خۆش دەبوو هەمووومان لە یەک بزووتنەوەدا جێگە بگرین، کاریگەری لەسەر خەڵکی تریش دەکرد.

(یوسف مەتین) دەیگووت: کە پێویستە بەشێوەیەکی سادە هەڵوەستە لەسەر کەسایەتی شۆڕشگێڕی (باقی) نەکەم. نەخێر منیش بچووکم نەدەبینی، لایەنی میلیتانیانەی هەبوو و لەبەر ئەوە زۆر دەمویست ببێت بە هەڤاڵی خۆمان، بەڵام بەهۆی ناجێگیری هەڵوێستییەوە متمانەی نەدەدا. وادیار بوو کە

هاوسەرگیری دەتوانێت ببێت بە پردێک لە دروستبوونی یەکێتییەکی رێکخستنی وەهادا، ئەگەرچی لەلای من بە ئاشکراش نەبێت، بەڵام باس دەکرا. گرێدان و پاپەندبوونم بە ئایدیۆلۆژیاکەی خۆمەوە و بەبڕیاربوونەکەی منیان بینیبوو. خۆیشیان زۆر دژبەرییان نەدەکرد. ئەمجارەیان (ساری ئەرتان) هاتبوو. یەکێک بوو لەو کەسانەی لە رۆژگاری 12ی ئادار[100]دا لەگەڵ (سەرۆک) لەهەمان قۆناخدا دەستبەسەر کرابوون. یەکێک بوو لە کادیرە پێشەنگەکانی (THKO) دەیگووت: "لەگەڵ ئاپۆ پێکەوە قۆڵبەست کرابووین، خۆیان دەمناسن. لەم رووەوە گفتوگۆمان هەیە. پرسی نەتەوەیی بە بچووک نازانین، هەروەها دژبەریشی نین، دەتوانین خۆمان بەجیا رێکبخەین. ئەگەر سبەی رۆژ تێکۆشان لەسەر بنەمایەکی راست پەرەی سەند و بەڕاستیش جیابوونەوە دەستلێبەرنەدراو بێت، کەس کەسی پێ راناگیرێت. ئەو ئەرکەی بکەوێتە سەر شانی ئێمەش هاوکاریکردنە. ئەگەر لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستیش دەربکەوێت هەر بەهەمان شێوە دەبێت. بەڵام راست نییە ناکۆکییەکانتان لەگەڵ (باقی) قووڵتر بکەنەوە". ئەمانە گووتەی جوان بوون و راستییەکانی دەردەخستەروو.

بەڵام پێی تێکدەچووم. (باقی) بۆچی دەورووبەری خۆی دەخستە گەڕ؟ خۆم لەو ئاستەدام بڕیار بدەم. (یوسف مەتین)، نازانم (ئەرتان) یاخود کەسانی تر. پێگە و شوێنگەی ئەوان و ئاستی شۆڕشگێڕییان منی پەیوەندیدار نەدەکرد. لەو نێوەدا (محەمەد عەلی) هات. نەیدەویست من کار بکەم، سۆزدارییانە هەڵسوکەوتی دەکرد و دەیگووت: "ماندووت دەکات، زەحمەتە.

---

[100] مەبەست لە رۆژگاری کودەتاکەی 12ی ئاداری 1971ی دەوڵەتی تورکە.

ئێوە پیاوی گەورە و گرانن، خۆتان گرفتە ئابوورییەکان چارەسەر بکەن، من هاوکاریتان دەکەم. با ساکینە نەچێتەوە سەر کار". ئەمجارەیان من رازی نەدەبووم، بە راستی تێنەدەگەیشتم بۆچی ئەمە و ئەوەی دەکردە بیانووی شان و شکۆ بۆ خۆی. لەو نێوەدا جارێکی تر هاوسەرگیری خستە رۆژەڤەوە، دەیگووت: "هەر چەند خۆتان باشتر دەزانن، بەڵام لەم مژارەدا وەبەرنانی دۆخێکی توندیش باش نییە. باقی شۆڕشگێڕێکی ساڵەهایە، لەگەڵ منیش جیاوازی بیر و بۆچوونی هەیە. ئێمە شۆڕشگێڕین و ئەویشم خۆشدەوێت. ئەو پرسانە بۆ کات بەجێبهێڵن کە تا ئێستا لەسەری کۆک نەبوون، بڕواناکەم خاڵی وەهابن کە لەسەریان رێکنەکەون. ئێمەش لە پرسی نەتەوەیی دەکۆڵینەوە. تەنانەت لەم بوارەدا تێڕوانینەکانمان ئاشکرا کرد. هەموومان کوردستانین، دۆخێکی وەهاشمان نییە بچینە شوێنێکی تر، گرفتەکە تەنیا گرفتی گرووپێک نییە، بەو شێوەیەش تەماشای ناکرێت. دادە ساکینە لەم بوارەدا بەهەڵەدا چووە، لێرەدا کەسێکیش نییە نکۆڵی بکات. ئەوە تێڕوانینێکی دژبەری زانستی سیاسییە" و هەوڵیدەدا رازیم بکات. لەدڵەوە، دروست و دڵسۆز بوو، هاوکات وابڕوام دەکرد زۆر نیازپاک و رەهەندی سۆزدارانەی زیاتر بێت. هەر لەسەرەتاوە ئەم لایەنەی لە هەڵوێست و مامەڵەکانیدا قورسایی زیاتری هەبوو.

لەپێگە و زەمینەیەکدا کە باس لە هەنگاوی پێودانگ، پرەنسیپی و بەهێزبوونی ئیرادەی شۆڕشگێڕی دەکرێت، هیچ شتێک بە سەپاندن ناکرێت، رێز لە ئیرادە دەگیرێت و بەدوای بناخەکانی پێکەوە کارکردن و تێکۆشاندا دەگەڕێت و گرنگی دەدرێت بە خوڵقاندنی و کۆکردنەوەی لە یەک زەمیندا، کە ئەمە هاوڕێیەتی پێشدەخات، هەلی کار و خەباتی یەکسان و ئازادانە

دەستەبەر دەکات. بەڵام ئەو پێگە و زەمینەیەی ئێمە تیایدا بووین ئەگەرچی هەرەوەزکارییەکی قەبا و دیموکراتبوونێکی قەبای لە ژیانی کۆمەڵایەتی لەناواخندا هەڵگرتبێت، جیاکارییە ئایدیۆلۆژییەکان و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی کۆسپ و تەگەرە بوو لەبەردەم گەیشتن بە شۆڕشگێڕی چاوەڕوانکراو و پێوانی پەیوەندییەکانیان. تایبەتمەندی کەسێتی لاواز و چەقخواردن لەژێر کاریگەری سیستەمدا لە ئارادابوو. هزری پیاو لەژێر سێبەری دەرەبەگێتی، کاریگەرییەکانی چینی بۆرژوازی بچووک و پێکهاتەی ئایدیۆلۆژییەکی شۆڤێنی کۆمەڵایەتی خۆی دەنواند. لەلای منیش لەپاڵ بڕواکردن و پابەند بوون بە ئایدیۆلۆژییەوە، لە دیاردەی ڕێکخستندا و لە ئاستی گشتی بەڕێوەبردنی تێکۆشاندا تا کۆتا ناشارەزا و ئەماتۆر بووم، هاوکات لەبواری پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگریدا لەناو بەدواداچوون و راکردنێکدا بووم کە کاریگەریی دابونەریتەکانم لەسەر خۆم فڕێ نەدەدا، هەڵوێستی بەبڕیار و درێژخایەنم نەدەگرتەبەر و سۆزدارانە رەفتارم دەکرد. بە لۆژیکێکی قەبای وەک (هەموو شتێک لەپێناو تێکۆشاندا) وە دەجوڵامەوە و بەپێی پێویستیش دەرکم بەوە نەدەکرد کە پێویستە چی. و چۆن بژین، هەروەها بەشێوەیەکی راست و دروست ئەو هەڵسوکەوت و رەفتارانەم یەکانگیر نەدەکردنەوە کە مەرجی سەرەکی ئەو ئامانجە بوون.

چی بوون ئەوانەی فیدا دەکران؟ ئەگەرچی هەموو ئەمانە وابەستەییە کۆن و پاشڤەڕۆکان بوون، بەڵام من بێ ئەوەی دان بە شوێن، کات و سنووردا بنێم؛ زۆر شتم فیدا دەکرد و بەسەریدا دەڕۆیشتم. لەلایەک پابەندبوونێکی توندوتۆڵ، پێداگیر و سووربوون لە شۆڕشگێڕیدا، تەنانەت چاونەترسیش هەبوو،

لەلایەکی ترەوە ئەو لاوازی و کەموکورتیانەی لە خاڵی بەپرەنسیپ بوون، پتەوی هەڵوێست و دەرفەت نەدان بە شکست یاخود هەر ئەگەرێکی نەرێنیدا هەمبوون. سۆزداریی و کاردانەوەکان زۆر جار ئاراستەیان پێدەدرا. لە ئامانجێکدا بڕیارم داوە. ئەوەش روون و ئاشکرایە کە لەپێناویدا هەموو شتێکم لەبەرچاو گرتووە، لەم مژارەدا ئەندامێتی لە رزگاریخوازی نیشتمانییدا هێزێکی پڕ ئیلهام بوو. بەجۆرێک لە ئامێزم گرتبوو کە هیچ دوودڵی و ناڕوونییەکی تیادا نەبوو، بە هەموو شتێکییەوە منی بەلای خۆیدا رادەکێشا. بەڵام کاتێک خۆم لە زەمینەکەی بەدیدەکرد؛ بە هیچ جۆرێک لە کۆسپ و تەگەرەکانیشی رزگارم نەدەبوو. هەوڵی تێپەڕکردنی یەکیانم دەدا، دووەمیش کە دەهاتە پێشەوە جیاوازی نەبوو لەگەڵ یەکەمدا.

بەدواداچوون و هەوڵ و تەقەل‌ا رێگەی بۆ گرفتی نوێ دەکردەوە. بۆ ئەمەش پەلەقاژەم دەکرد، ئەمەش لەلایەک فێری شەڕی دەکردم، لەلایەکی تریشەوە بچووکترین خەتا و ئاساییترین کەموکورتی بەکاردەبرد و دەگەڕایەوە و زیانی پێدەگەیاندم، من بەدەستی خۆم ئەمانەم دەخوڵقاند. شەڕ و تەقەلاکانم بە ئەنجام نەدەگەیاند. تا شوێنێک بەردەوام دەبوو. ئەگەر هەندێکی تر بە سەبر، لۆژیک و سیاسییانە هەڵبسوڕامایە؛ زاڵبوومایە بەسەر سۆزەکانمدا دەشیا بە ئەنجامی ئەرێنی بگەیاندمایە و دەستکەوتم لێ وەرگرتایە. بەڵام ئەمەم بۆ نەدەهاتە پێشەوە. گیرۆدەبوون بە هەندێک دیاردەوە و گەڕاندنەوەی هەموو شتێکیش بۆ هەمان خاڵ؛ لەکاتی پێویستدا لەجیاتی سەرکەوتن، زۆر بە خراپی شکستی دەهێنا. بەکورتی لەناو هەوڵ و تەقەلای هەنگاوناندا بووم بەرەو تێکۆشانێکی زۆر

زەحمەت و ئاڵۆز، بەڵام بێ ئامادەکاری بووم. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بە شتی نوێم دەزانی.

ڕامکردبوو، هەر کەسێکیش بەهەوەسی خۆی لێکدانەوەی بۆ کردبوو. لە هەلومەرجی ئەو ڕۆژگارەدا شتێکی وەها نەبوو کە نەبێت بە جێگەی سەرسامکردن. کچێکی خاوەن خواستی بە شۆڕشگێڕبوون لەماڵەوە ڕادەکات! ئەمە لەدەستدانێکیش نەبوو بەلای گرووپەوە. دەمتوانی هاوسەرگیریش بکەم، هیچ کۆسپێک لەئارادا نەبوو، بەپێچەوانەوە هەموو هەلومەرجەکان بەرەو ئەو خاڵە پاڵیان پێوە دەنام. بەڵام من نەمدەویست بە کۆتێکی وەهاوە ببەسترێمەوە. کۆتێکم شکاندبوو، بەتایبەتیش یەکلایەنە ئەم کارەم کردبوو، بەگشتی لەم بوارەدا پیاوان یەکلایەنە بڕیار دەدەن و پەیوەندی خۆیان دەبڕن. ئەمجارەیان من کۆتاییم پێدەهێنا و دەچوومە هەر شوێنێکیش هەمان شت دەسەپێندرایەوە. لۆژێکێک زاڵ بوو کە وەک ئەوە بوو ژیان بەشێوەیەکی تر بەردەوامی پێنادرێت، ئەگەر لەناو تێکۆشانیشدا بێت مسۆگەر ناچاریت بەشوێنێکەوە ببەسترێیتەوە. "نابێت کچێک بە تاقی تەنیا بێت!" ئەمە مەترسیدار دەبیندرا. بۆچی... من ڕەتمدەکردەوە؟ نا.. بەپێچەوانەوە کەسێک بووم کە بە ئەقڵ و هۆشمەوە پشتیوانیم لێدەکرد؟ بەڵێ، کاریگەری ڕوانگەی دابونەریتی لە ئارادابوو و دەکەوتمە ناو ئاراستەی ئەوانەشەوە. بەڵام خێزان، ماڵ و هێلانە، ژیانێکی بەندکراو بەمانە، شۆڕشگێڕییەک کە لە ژێر ئاراستەگیری ئەوانەدا بێت، هەرگیز لەلای من بەجددی وەرنەگیراوە. سەرنج ڕاکێش نەبوو، لە دونیای خەیاڵ و ئاواتەکانیشمدا هیچ مەیلێکم بۆی نەبوو و بەپێچەوانەوە ڕامدەکرد لێیان.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم بەرتەسک نەبوون، کەم و زۆر هەموو توێژێکم بەدی کردبوو، ئاشنای هەلومەرجی ژیانی جیاوازیش ببووم. لەجیاتی ونبوون و توانەوە لەناویدا، ئەگەرچی هەندێک کاریگەری و چاولێکەریشی تیادابێت، خوازیاری پاراستنی تایبەتیم بووم و دەمکرد بە بژاری خۆم. لەگەڵ گرووپێکدا بووم کە هەر یەکەیان تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەبوو، هاوکات بەڕووی دەوروبەریشدا دەکرامەوە و ئاشنایەتیم دروست دەکرد. ترسم لێیان نەبوو، بوێرییان نەدەشکاندم، هەموو شتێکم بە دەستپێشخەری ئەوان نەدەکرد، نەکەوتمە ژێر باری ئەوانەوە. پێودانگ و پرەنسیپی خۆمم هەبوون و زاڵبوون، بەهیچ شێوەیەک نەمدەویست بچووک و تەنیا بەچاوی ژنێکەوە تەماشام بکەن. هەرچەندە ناتەواوی و لایەنی لاوازیشم هەبوو، بەگژ دەسەڵاتپەرستییەکانیاندا دەچووم، پەسندم نەدەکرد. تێکۆشانێک بوو و بەردەوامی دەکرد، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش شکستم دەهێنا.

ئەگەرچی پەیوەندییەکان زۆربەی کات یەکلایەنەیان بسەپاندایە و جاروبار منیش ڕێگە خۆشکەربوومایە، ملم بۆ کەچکردبێت، شێوەیەکی مەکر و نازی یاخود نەرمە خۆشەویستییەکی کاتی لەخۆوە گرتبێت، بەڵام بەهاوسەرگیری نەگەیشتبوو. بەڕاستیش جیاوازی ئایدیۆلۆژی کاریگەری لەسەر پێکەمان دەکرد. هاوسەرگیری کردن لەگەڵ کەسێکی سەر بە سیاسەتێکی جیاواز و بیانی! چی شتێکی هاوبەشمان دەبوو؟ خۆشەویستی، ئەوین، دڵبەندی لەسەر چی بناخەیەک دروست دەبوو؟ هاوبەشیکردن تەنیا لە ماڵ و پێخەوێکدا سامناک بوو. پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆشم بوو. ئەو پێکەوە ژیانەی ئەو پێشبینی دەکرد تێکۆشان بوو لەپێناو دۆزی هاوبەشدا. ئێمە

کەسانێک بووین لە هەمان ماڵدا، بەڵام هەر یەکە و ئامانجێکی جیاوازمان هەبوو. بڕۆیشتینایە بۆ هەر شوێنێک بە دوو زمانی جیاواز قسەمان دەکرد. یەکێکمان بە رەتکردنەوەی شۆڕشی کوردستان و ئەوی تر ناچار بوو پابەند بە ئایدیۆلۆژیای خوڵقێنەری و رەوشتی رێکخستنییەکەوە مامەڵەی بکردایە. دەشێ هێشتا جیاوازییەکان بەشێوەیەکی زۆر زەق بەدی نەکرابن، زۆربەیان بەشێوەی "ناکۆکییەکانی نێوان خودی چەپرەوەکان" لێکدانەوەیان بۆ دەکرا. ئەمە لەکاتێکدا ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە بنەماوە لە چەپگری باو زۆر جیاواز بوو. سەرەڕای ئەوەش پشتیوانی لە دەستبەرکردنی یەکێتی ئایدیۆلۆژیانەی هەردووکمان دەکرد، بانگەشەی دەکرد کە هەڵوێستی من تەسک و دۆگمایانەیە. لە قۆناخێکدا کە هێشتا بڕوام پێ نەکردووە و لەبڕوا پێنەکردنیشدا مافداربووم، هاوسەرگیریمان کرد.

ئەگەر بڵێم بەبێ خواستی خۆم، بە سەپاندن و بە خواستێکی یەکلایەنە هاوسەرگیریمان کرد، هیچ واتایەکی دەبێت؟ بەڵام راستییەکەی بەمجۆرە بوو. لەناو گرووپێکی بچووک لە هەڤاڵ و دۆستدا مەراسیمی مارەبڕینێکی رووکەشانە بەڕێوەچوو. (محەمەد عەلی) خۆشحاڵ بوو، کاتێک هەڵیدەساندم بۆ گۆڤەند، دەگریام، خۆشحاڵی چیم هەبووایە! گرێدانێک دروست دەکرا کە خوازیاری نیم. تەنیا لەبەر ئەوەبوو کە هەموو کەسێک دەیویست. تەنیا لەبەر ئەوە بوو (باقی) خوازیاربوو. ئەگەر بە ئەندازەیەکیش بێت هەلومەرجی کار و خەبات و تێکۆشانی هاوبەش بخوڵقێندرایە، لەو بوارەدا راستبوون هەبووایە، دانبەخۆدا گرتنم تاقی دەکردەوە. بەڵام دوو دووفاقییەک هەبوو، نەدەستبەرداری یار و نەدەستبەرداری خۆی دەبوو. هیچ

پەیوەندییەکی نەبوو بە هەڵوێستی تەسکی من لەمەڕ خێزانەوە. ئەی باشە سەبری چییم نیشان بدایە؟

زیان بە متمانە بەخۆبوونەکەم گەیشتبوو، ئەو ڕۆژە بێدەنگی، بێ جۆشوخرۆشی جێگەی شەڕانگێزییەکەی ڕابردوومی گرتبووەوە. بەدرێژایی ڕۆژ نەمویست قسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکەم. بەکۆڵان و شەقامەکاندا دەسوڕامەوە. نەمدەویست ئیتر بچمە ئەوماڵەوە. هەموو کەسێکیش لەمن تێدەگەیشتن. خۆیشیان بەشە خەتایان هەبوو و سۆزدارییانە هەڵسوڕابوون. هەر چەندە من لەسەر سیاسەتێکی تریش بم، بەڵام دادەی هەموویان بووم. لە پەیوەندییەکانماندا خۆڕسکی و سرووشتی لایەنی لەپێشینە بوون. بەتایبەتیش (ئیبۆ) لەپەیوەندییەکانیدا گەرم بوو، دروست بوو ئەویش چەند جارێک بەسەر (باقی)دا ڕۆیشت و دەیگووت: "ئەم کارە بە زۆر نابێت، واز لە دادە بهێنە. باخۆی بەدڵی خۆی بڕیار بدات. ئەمە مەهێنە ڕۆژەڤەوە". دواتر لەگەڵ ئەویشدا قسەم کرد، مافی پێدەدام، بەڵام لە ئەنجامدا ئەویش لەو هەڵوێستەیدا سۆزدار بوو. متمانەی بە (باقی) هەبوو، بڕوای دەکرد کە ڕێگری ناکات لە پێکەوە خەباتی شۆڕشگێڕیمان دا.

## هزری چینایەتی هاوردە دەکرێت....

لەو ڕۆژانەدا لە کارگە مانگرتنی کرێکاران هاتە ڕۆژەڤەوە. نەڕۆیشتمەوە کارگە. بەشداریم لە چالاکییەکەی ( Kula Mensucat)[101] کرد. ئێوارە لەوێ لەگەڵ کرێکارەکان مامەوە. بەر لەوەی بڕۆم بە (ئیبۆ)م گووت. سەرجەمی کرێکارەکان لەچالاکییەکەدا ئامادەبوون. لەبەردەم کارگە خێوەتیان هەڵدا. مانگرتنێکی بە هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ - زوڕنا بوو. چاودێرانی مانگرتنەکە بەروانکەی سپییان لەبەرکردبوو. لە دەوروبەردا پلانکارت و نووسراوەی دروشمی وەکو "دەبێت هەلومەرجی کار باش بکرێت"، " نا بۆ سەندیکای زەرد![102]" ماف نادرێت دەسەندرێت!"، " کرێکاران بەرەو بەڕێوەبەرایەتی سەندیکاکان"...

چەند سیمایەکیش لەوێبوون کە پێشتر لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکاندا بینیبووم. لەو نێوەدا سەرۆکی شارەداری گیولتەپە (ئیحسان ئالیاناک)یش سەردانی کرێکارە مانگرتووەکانی کرد، بەلای خۆیەوە دەستپێشخەری دەکرد! وەکو هاوکارییەکیش پڕ بە ئۆتۆمۆبێلێکی شارەوانی سەوزە و میوە لەگەڵ خۆی هێنابوو. کرێکارەکان بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لێکرد، دروشمیان دەگووتەوە. کۆمەڵێک لەو کرێکارانەی بەبێ پێدانی قەرەبوو لە کار دەرکرابوون دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کردبوو،

---

[101] کارگەیەکی ڕستن و چنین بوو.

[102] بەو سەندیکایانە دەگووترێت کە لەژێر بار و فەرمانی خاوەن کار و کارسازەکان دان، دەستەواژەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1899 کاتێک سەندیکایەک کە لە ژێر فەرمانی خاوەن کار و کارسازی کارگەکان دان و خۆشیان لە بینایەکی ڕەنگ زەردا بوون، ئەرکیان نواندنی پشتیوانی و شکاندنی مانگرتنی کرێکاران بوو لەبەرامبەر بە خاوەن کارەکانیان.

جاروبار ئاوێکی کەمشیرینیان دەخواردەوە، ئێمەش خزمەتمان دەکردن. لەوێدا لەگەڵ ئەو کەسانە گفتوگۆم دەکرد کە پێشتر ئاشنا بووین. کارێکی زۆر خۆشبوو بەلامەوە، بەسەرهاتەکانی ماڵەوەم لەبیر دەچووەوە. راپەڕاندنی کرێکارەکانی ئەو کارگەیەی خۆم تیایدا کارم دەکرد بەرەو مانگرتن، زۆر زەحمەت بوو. هەلومەرجەکانی ئەو کارگەیەمان تاوتوێ دەکرد، باسمان لەو خاڵانە دەکرد کە لە رێکخستنکردنی کرێکاراندا پێویستە رەوچاو بکرێن و دەیانگووت: "مەگەر مانگرتنی سەرتاسەری بتوانێت کاریگەری لەو شوێنانە بکات و ئەوانیش بهێنێتە ریزەوە، بە تەنیا ئەستەمە دەست بە مانگرتن بکەن"، و هاتنی شۆڕشگێڕانیشان بۆ رێکخستنی ئەو شوێنانە بە مەرجی سەرەکی دەزانی.

"هزری چینایەتی هاوردە دەکرێت"؛ ئەمە گووتەی لینین لەجێی خۆیدا بوو. چینی کرێکار هەر لەخۆوە بەئاگا نەدەهاتەوە. بەڵام لەو شوێنەی من کارم دەکرد کەس نەبوو، ئەگەر هەبووایە مسۆگەر یەکترمان دەناسی.

رۆژی دووەمیش لەوێ مامەوە. سێیەمین رۆژ (سایمە) و (باقی) هاتن بۆ ئەوەی بمبەنەوە بۆ ماڵەوە. کەچی (سایمە)ش هاتە ریزمانەوە. کاتێک لە ئامێزی گرتم و ماچی کردم پێی گووتی: "براژن"، داوام لێکرد کە ئەو گووتەیە بەکارنەهێنێت. کەسێکی ئاسایی و لەقۆناخی زیندەیی و زرنگی دابوو، هەر لە بەشی ناوخۆ خوێندبووی، تا رادەیەکیش لە خۆی نامۆ ببوو. قسە و رەفتاری منداڵانە بوو. ماوەیەک هەموومان لەو ماڵەدا پێکەوە ماینەوە.

شەوێکیان هەر لەو گەڕەکە، لە ڕێکخراوی "ئولکو ـ بیر[103] گرژییەک هاتە ئاراوە، درا بەسەر ئەو ڕێکخراوەی فاشیستەکاندا. (باقی) و ئەوان ئەم کارەیان ئامادەساز کردبوو و هەر خۆشیان هێرشیان کردبووە سەریان. دوابەدوای ئەم ڕووداوە ماڵەکەی ئێمە ئاشکرا بوو. دەستبەجێ ئەو ماڵەمان بەجێهێشت. دوای ماوەیەک کەلوپەلەکانیشمان برد. شتێکی ئەوتۆی تیادا نەبوو. ئیتر لە دوو ماڵی جیاجیادا دەماینەوە. (حەیدەر) و خوشکەکەی بەجیا و ئێمەش بەجیا. ئەمجارەیان لە گەڕەکی بایراکلێن. لە کارگەیەکی ڕستن و چنین لە ئاڵسانجاک دەستمان بەکار کرد. ئێمە کە چەند کچە خوێندکارێک بووین لە زانکۆی بۆرنۆڤاوەوە بۆ کارکردن هاتبووین بۆ ئەو کارگەیە. هەندێکیشیان لەو کچانە بوون کە پێشتر لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان یەکترمان ناسیبوو. بە بڕیاری ڕێکخستن هاتبوون. ئەندامی(HK)بوون. بەلای منەوە هیچ جیاوازییەک نەبوو و لەدڵی خۆمدا دەمگووت:" باشتر.. پێکەوە خۆمان بەڕێکخستن دەکەین".

کارگەیەکی گەورەبوو، بەشەکانی لۆکە، بەکرە و شلیلە، قوماش بەجیان. ئێمە لە بەشی بەکرە و شلیلە دەستمان بەکار کرد. کارێکی زۆر بە زەوق و خۆشبوو. ریزە ریزی بەکرە، دەستەی بەکرە، چنینی ریشاڵەکانی بەکرە، ئەو بازنە سپیانە چەندە جوان بوون، زۆرم حەز لە تەماشاکردنیان دەکرد. بەلام دەرفەتت نەدەبوو، پێویستبوو دەستبەجێ ئەوانەت ببەستایە کە دەپسان. کۆیل ـ خولخولۆکەی بەکرەی بەتاڵ یاخود نیوە؛

---

[103] ڕێکخراوێکی ڕەگەزپەرستی تورک بوو کە لە ژێر چەتری پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستیMHP – دا بوو و لە ئێستاشدا هەر لەژێر ئەو جۆرە ناوانە درێژە بە هەبوونی خۆیان دەدەن.

بەجیاجیا دادەنران. گەورە وەستاکان زوو زوو دەهاتن سەرپەرشتی و چاودێریان دەکرد. لەسەرێکەوە دەوەستان و چاودێری ئەمسەر و سەری هۆڵەکەیان دەکرد. ئەگەر بەکرەی پساویان ببینیایە، یاخود بیانبینیایە راوەستاوە، قیامەتییان هەڵدەستاند. بێگومان ئەمەیان بە هەموو کەسێک نەدەکرد. بەسەر ئەو کەسانەی بەلای ئەوانەوە داماو و سەرشۆڕبوون دەیانقیڕاند. بەگشتی چەقاوەسووانە لێویان لە ئێمە دادەچەقاند. کاتێک بەسەر ئەوانی تردا دەیانقیڕاند لە راستیدا مەبەستیان "بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو تێبگە" بوو.

بەلاچاوێک بەیەکترمان دەگووت، تێگەیشتین و بەهێمنی بەو حاڵەیان پێدەکەنین. پێداویستییە کاتی و ژیانییە مرۆییەکانیش کاتیان بۆ دیاریکرا بوو و واتا بە خولەک بوو. زۆربەیان بۆ جگەرەکێشان دەچوون بۆ دەستشۆر و تەوالێت، ئێمەش بۆ قسەکردن لەسەر هەندێک شت دەچووین. هەڵبەتە رەچاوی سەرنجیانمان دەکرد. لەکاتی کارکردن لەسەر ئامێر، قسەکردن و کۆبوونەوە قەدەخە بوو! گەورە وەستاکان هەر وەکو پۆلیس وابوون. تەنانەت لە خواردنگەکاندا وەکو پۆلیسی نهێنی وابوون.

بەرخودانییەکەی (Kula Mensucat) چەند کارگەیەکی رستن و چنینی تریشی گرتەوە. مانگرتنی کرێکارانی کارگە نزیکەکان فشاری لەسەر خاوەنکارەکانیان دروست کردبوو. بەشێکی گرنگی مافەکانیان پەسند کرابوون و دووبارە دەستبەکار کرابووەوە. بەڵام بەشی زۆری داواکان داوای ئابووریی بوون. سەندیکا گۆڕابوو، لە سەندیکای زەردی سەر بە (تورک ـ ئیش[104]) ەوە بە کۆمەڵ چووبوونە ناو سەندیکای

[104] کۆنفیدراسیۆنی سەندیکای کرێکارانی تورک کە لەلایەن کەسانی سەر بە دەوڵەتەوە بەڕێوە دەبرا.

سەر بە (DISK)[105]. دەکرا پریشکی ئەم ئاگرەی کارگەکان زیاتر بڵاو بکرایەتەوە. ئەمسەر و سەری ئیزمیر کارگە بوو. کرێکارێکی بێ شوومار لە شوێنکارەکانی وەکو (عەلی ئاغا، تاریش)[106] کاریان دەکرد. لە کارگەی نوقڵ و چوکلێتەکە هێندە بە سەرنج و وریا نەبوون. لەم کارگە نوێیەدا سەرنج دەدرێتە سەر هەموو شتێک و هۆشمەندییەک لە ئارادایە. (گوڵناز) کە یەکێک بوو لەو کچانەی لە شوێنی کار یەکترمان ناسی، بەیاننامەی تایبەت و رۆژنامەی (HK) رزگاریخوازانی گەلی خستبووە ناو تای دۆلابی هەندێک لە کرێکارە کچەکانەوە. هەندێک لە کرێکارەکان ترسابوون و بێ ئەوەی هیچی لێبخوێننەوە رادەستی گەورە وەستاکەیان کردبوو. دوابەدوای ئەم دۆخە زیاتر چاودێریان لەسەر ئێمە بوو. هاوڕێی کوڕیشیان هەبوو. ناوبەناو دەهاتنە لای یەکتر و کۆدەبوونەوە. ئەوەیش سەرنجی رادەکێشا. تۆزێک ناشارەزایانە کاری دەکرد، خۆی لە هەڵوێستی کلاسیکانە بەدوور نەدەگرت. لەم ناشارەزاییەی ئاگادارم کردبووەوە. کاتێک هەڵسوکەوتەکانی بە زوویی دای بەدەستەوە، تەمەنی مانەوەشی کورت کردبوو. هێشتا هەفتەیەک پڕنەببوو لە کار دەرکراین، تەنانەت بێ نیشاندانی هیچ بیانوویەک. تەنیا ئەوە نەبێت: "پێویستمان بە کرێکار نییە، ئەم ماوەیەتان قۆناخی تاقیکردنەوەی هاتووان بوو، لەم ماوەیەدا مافی راوەستاندنی وەرگرتنی کرێکارمان هەیە".

بەڵام ئێمە زۆر چاک هۆکارەکەیمان دەزانی. تۆزێک هات و هاوارمان کرد، گووتمان: نابێت هێندە بەکەیفی خۆیان بێت،

---

[105] کۆنفیدراسیۆنی سەندیکای کرێکارانی شۆڕشگێڕ.

[106] یەکێتی هەرەوەزکارانی فرۆشتنی هەنجیر، ترێ، بەروبوومە چەورە کشتوکاڵییەکان.

ناتوانن چۆنیان بوویت هەلومەرجی وەرگرتنی کرێکار بگۆڕن، تۆزێکیش هەڕەشەمان لێکردن. هەر کە بە قسەکانی ئێمە پەست بوون و هاتنە قسە و گووتیان: "وێنەی ئێوەمان داوە بە هەموو شوێنێک، جارێکی تر ناتوانن بە دەرگای هیچ کارگەیەکی تردا تێپەڕ ببن و بچنە ژوورەوە. ئێوە تیرۆریستن. بەجل و رەفتارتاندا دیارە"، و دەریان کردین.

لەگەڵ (گوڵناز) بەدرێژایی رێگە، هەم پێکەنین و هەم قسەمان لەسەر سەرچاوەی کەموکورتییەکان کرد. مسۆگەر ئەوەی منی دابەدەستەوە، ناشارەزایی ئەو بوو. پێکەوە چووین بۆ رێکخراوەکەی کەمەرئاڵتی. ئەو رۆژە چاوم بە (هاشم دەمیر) کەوت کە کاتی خۆی لە شوقە سەربازییەکە دراوسێ بووین. کەسانی تریش هەبوون لە خەڵکی دێرسیم. چووینە ژوورێکی هێمنترەوە و دەستمان بە گفتوگۆ کرد.

ئەوان دەیانگووت: "پرسی نەتەوەیی سەرهەڵدەدات". منیش لەلای خۆمەوە پێمدەگووتن کە ئەوە سەرقاڵکردن و خافڵاندنێکە، ئەو دەیگووت: نەخێر و بەوشێوەیە نابێت. بە هەموو هەڵسوکەوتێکیاندا دیاربوو لەناو بەدواداچووندا بوون و دەیانگووت: "ئەگەر رازیمان نەکەن و رەچاوی پێشنیازەکانمان نەکرێت، ئێمەش بێ هەڵوێست نابین". بەم هەڵوێستەیان دەگەشامەوە. پاشان گووتمان: "با بێینە لای یەک و گفتوگۆیەک بکەین" و هەر کەسە و ملی رێگەی خۆی بگرێت.

گۆڕانکاری و پێشهاتی نوێ منی بەرەو تۆڕێکی چڕوپڕتری پەیوەندی رادەکێشا. رانەدەوەستام.. لەکوێ شتێکی نوێ هەبووایە دەڕۆیشتم بۆ ئەوێ.

## بە ئاگاداریەک؛ شوێنپێی هەڤاڵانم دۆزییەوە

مامۆستا (عەلی) و ئەوان لە بایراکلی نیشتەجێ ببوون. بەڕێکەوت لە راوەستگەکەدا تووشی (ئایسەل)ی کچیان بووم. کاتێک لە دێرسیم بووم (ئایسەل) لە دواناوەندی دەیخوێند. (یوکسەل) لە پەیمانگەی مامۆستایان بوو. دایکیان پووری هەڤاڵ (مەزلوم دۆغان)ە. ئەوکاتەی هەڤاڵان (مەزلوم) و (دەلیل) لە دێرسیم بوون دەیانویست ئەو خانەوادەیە قازانج بکەن. (یوکسەل) پەیوەندی هەبوو لەگەڵمان، هەڤاڵ بوو. پەیمانگەی مامۆستایانی تونجەلیی تەواو کردبوو. ماوەیەک بە وەکالەت مامۆستایەتیشی کردبوو. باوکیشیان مامۆستا بوو، خانەنشین کرابوو. لایەنگری مانەوەبوون لە دێرسیم، بەڵام سیاسەتی مامۆستا (عەلی)، زۆری لێکردبوون تا بێن بۆ ئیزمیر. چونکە ئەگەر لە دێرسیم بمایەتەوە منداڵەکانی لەدەستدەدا، دەبوون بە شۆڕشگێڕ. زۆربەی منداڵەکانی کچ بوون، مسۆگەر دەیویست درێژە بە پیشەکەی خۆی بدات. سەیر بوو، هەر خۆی یەکێک بوو لە بەرگریکارانی کەمالیزم، بەڵام لە هەمانکاتدا لەوانەبوون کە خۆیان بە دیموکراتترین کەسیش دەزانی. رێکوپێک وەکو خاڵە (حەسەن)م. خاڵم کاتێک دەیخواردەوە و مەست دەبوو جوێنی بە دەوڵەت دەدا، دەبوو بە باشترین دیموکرات و بە ئێمەی دەگووت "هاوڕێ"، بەڵام کاتێک لەسەر هۆش بوو دەیگووت: "ئاقڵ بن، ئەم دەوڵەتە دەست لە زەلام هەڵناگرێت" و بیر و بۆچوونی فەرمی خۆی دەردەخستەڕوو.

دووربوون لە وڵات، دووربوون لە هەڤاڵان لە راستیدا زەحمەتییەکی گەورە بوو. بە بینینی (یوکسەل) و ئەوان لە

هەموو کەسێک زیاتر من پێی دەگەشامەوە. بەم هۆکارە کەیفم لەجێ بوو. لەگەڵ (یوکسەل) دەگەڕاین و گفتوگۆمان دەکرد. گەلێک زانیاری پێدام سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان. ناونیشانم لێ وەرگرت، نامەیەکیشم بۆ (تورکان) نارد. بەگشتی رەوشی خۆمم بۆ خستەڕوو. باسم لەوەکرد کە ئەگەر یەکێتی ئایدیۆلۆژی پێکنەهێنین (مەبەستی لە یەکێتی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ باقی یە-و) ئەوا جیا دەبمەوە و دەگەڕێمەوە. وەڵامی نامەکەم هاتەوە. ئەوەش خۆشحاڵییەکی تر بوو، سەرلەنوێ بەستنەوەی پەیوەندی زۆر خۆش بوو! (تورکان) دەیگووت لەگەڵ هەڤاڵان پێکەوە نامەکەیان خوێندۆتەوە و بەشێوەی پشتیوانیکردن بڕێک شتی نووسیبوو.

(یوکسەل) باسی لەوە دەکرد کە برایەکی هەڤاڵ (مەزڵوم دۆغان) لە بۆرنۆڤایە لە ئیزمیر و دەیگووت: "بەڵام ئەو سەر بە ئازادیخوازەکانە (مەبەست لە گرووپی ڕێگەی ئازادی یە -و)"

بێ بەفیڕۆدانی کات چووین بۆلای و لەدانیشتنێکدا گفتوگۆمان لەگەڵ کرد. کەسێکی محافەزەکار بوو. خۆی بە بەرگریکارێکی توندی (ڕێگەی ئازادی) دەزانی. بێ ئەندازە کاردانەوەی بوو لەبەرامبەر بە ئێمە، ئێمەش بۆ کاتی بەجێدەهێڵین، دەمانگووت با درێژە بە پەیوەندی بدەین حەتمەن قازانجی دەکەین. بەهۆی هەڤاڵ (مەزڵوم) و ئەوانەوە زۆرمان بۆ نەهێنا.

ئەو ماوەیە بێ کاربووم، بەدوای کاردا دەگەڕام. بەڵام لەگەڵ (یوکسەل) زیاتر هەلی سەردانی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانم دەستکەوت. ڕۆژێکیان پێکەوە چووینە ڕێکخراوێکی سەر بە (DDKD) لە گەڕەکی کەمەرئاڵتی. (ئیبراهیم) ناوێک دەرکەوت کە (یوکسەل)ی دەناسی، پەیوەندیدار دەبێت و بایەخی بە

(یوکسەل) دەدا. بەگشتی هەموویان بەخێرهاتن و حاڵپرسییان کردین. پێشتر کاتێک لە کۆمەڵەکەی سەر بە (HK)گفتوگۆمان کرد باسیان لە نەتەوەپەرستێتیی (DDKD) ییەکان دەکرد. تەنانەت دەیانگووت: پانۆیەک بە یەکێک لە دەرگاکانیانەوەیە و لەسەری نووسراوە " تەنیا کوردەکان دەتوانن بێنە ناو ئەم کۆمەڵەیەوە"، ئەگەرچی لایەنی زێدەڕۆییشی هەبوو، بەڵام چاوەڕێی شتێکی وەها دەکرا. دەمگووت: "لەدەستیان دێت". بە ئێمەیان دەگووت: "ئێوە جیاوازن، ئەگەرچی ناوی ڕێکخستنەکەتان زۆر بەرگوێ نەکەوتووە، بەڵام دیارە تەڤگەرێکی بە جەوهەرن". ئەگەرچی ئەم نرخاندنە بچووککردنەوەیەکیشی هەڵدەگرت، بەڵام ڕاستینەیەکی دەردەبڕی: " ئێوە جیاوازن!".

بەڵێ بە دانیشتن، هەڵوێست و هەڵسوکەوت، بە قسەکانیان بەڕاستیش کۆمەڵەی ئاغایانێکی گوندی دەهێنایە پێش چاو. بە رواڵەت رۆشنبیر بوون، زۆربەیان خوێندکاری زانکۆ بوون، بەڵام لەپەیوەندییەکانیاندا شێوازێکی فیۆداڵی هەبوو. زۆر بە روونی هەست بە کاریگەرییەکانی دەکرا. هەموویان بە کوردی قسەیان دەکرد. زۆری نەبرد پرسییان کە خەڵکی کوێین، کوردین یاخود نا، (ئیبراهیم) ناوی (یوکسەل)ی برد و گووتی: "بێگومان هەردوو دادە کوردن" بەهەستکردن بە ئەگەری چەوتییەک لە گوزارەکردن لە هەردووکماندا وەکو داوای ئەرێکردن بکات، سەیری منی کرد..

بە تورکی پێمگووت: "بەڵێ؛ خەڵکی دێرسیمم".

گووتیان: "کوردی نازانیت؟"

وەڵامم دایەوە و گووتم: "زازاکی دەزانم"

هەوڵیان دەدا تۆزێک خاکی بن. لەوێ تەنیا ئێمەی لێبووین، ژنی تری لێ نەبوو. پاشان کچێکی ئەسمەر هاتە ژوورەوە. ئەویش بەکوردی قسەی کرد. یەکترمان دەناسی، جاروبار دەچووین بۆ زانکۆی ئیجە لە بۆرنۆڤا، لەکاتی خواردن لە خواردنگە یەکترمان بینی بوو. منی زیاتر لەگەڵ ئەندامانی (HK) بینیبوو، وای دەزانی منیش لە (HK)ییەکانم. ماوەیەک لە پەسا هەڵدەکوترایە سەر بەشە ناوخۆییەکان، ئێمەش دەچووین سەردانمان دەکردن. خوێندنگەکان زیندوو و چالاک بوون. بەڵام (TKP)ییەکان، (HK)یی و (DDKD)ییەکان بەردەوام لەیەک جیابوون، هەروەها (PDA)ییەکانیش. هەموویان نوقمی پەیوەندی تەسکی گرووپچێتی ببوون. ئەم گرووپانەیان بە ترسنۆکبوون تاوانبار دەکرد هیچ یەکێکیان بەشداریان لە چالاکییەکاندا نەدەکرد، دووربوونی ناو پەیوەندییەکانیان لێرەوە سەرچاوەی دەگرت.

ئاگاداریەک بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو سەرنجی راکێشام. هەڵسام و لە نزیکەوە خوێندمەوە، تیایدا هاتووە: "رەوشی دوو کەس لەبەر چاو دەگیرێت کە ئەم دوو کەسە ماوەیەک لەناو ئێمە دابوون، بەشداریانکرد لە کاروباری جیاجیای کۆمەڵە، بەڵام ئاشکرابووە لەم دواییانەدا لەگەڵ گرووپێک کە بەخۆیان دەڵێن؛ (رزگاریخوازی نیشتمانیی) پەیوەندیان بەستووە، ریزەکانی شۆڕشگێڕییان بەجێهێشتووە!. ئەو کەسانە بانگ کراون بۆ بە ئاشکرا گفتوگۆکردن و رەخنە کردنیان".

بەزۆر خۆمم گرت بۆ ئەوەی لەوکاتەدا هاوار نەکەم. چی دەڵێن با بڵێن، حەزدەکەن با جوێنیش بدەن، هیچ گرنگ نییە. من هەڤاڵانی خۆمم دۆزیبووەوە. کەواتە لێرەش هەڤاڵانی ئێمە هەبوون. ئەمە گرنگ بوو. داوام لە (یوکسەل)یش کرد

ئاگاداریەکە بخوێنێتەوە. (ئیبراهیم) تۆزێکی تر ڕوونکردنەوەی لەسەر کرد. لەو نێوەدا ناوی ئەو دووکەسەشی برد. خوێندکاری زانکۆ بوون، یەکێکیان (جەلال) خەڵکی شارۆچکەی بەڵکیس[107] و ئەوەی تریان (حەیدەر)ی زەرد خەڵکی شارۆچکەی پیرسوس[108]. پرسیاری ئەوەم لێکرد کە چۆن دەتوانم چاوم بەو دوو کەسە بکەوێت. ناوی بەشەکانی خوێندنیانی هێنا و بڕواشی بە گەڕانەوەیان نەبوو.

بەمەش خۆشحاڵ بووم، بگەڕانایەتەوە بۆ (DDKD) و باجی چیان بدایەتەوە؟ لە ڕاستیدا ئەو ئاگادارییە بە ئامانجی لەکەدارکردنی هەڤاڵان و تێکدانی مێشکی خەڵکی نووسرابوو. دەیانویست بەم شێوەیە ڕێگری لە دابڕان و جیابوونەوەکانی ناوخۆیان بکەن.

ڕۆژگاری بومەلەرزەکەی لیجە[109] بوو، هەندێک دامودەزگا بەناوی جیاجیاوە هاوکارییان کۆدەکردەوە، بەڵام ئەوانە نەیاندەتوانی خۆیان لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دەرباز بکەن. پڕووپاگەندە و هاوکارییە ماددییەکانی سەردەمی هەر کارەساتێکی بومەلەرزە چۆنبوو، ئەمیش بە هەمان شێوە. بەڵام لە (DDKD) کە یەکەم جاربوو دەچووین بۆلایان؛ بابەتەکە بەشێوەیەکی تر تاوتوێ دەکرا. گرووپی تریش دەچوونە ناوچەی بومەلەرزەکە. ئەوانەی بەهۆکاری بومەلەرزە چووبوون بۆ لیجە گەڕابوونەوە و سەبارەت بە کاروبارەکانی خۆیان

107 شارۆچکەیەکی سەر بە شاری دیلۆکی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە نزیپ ناوزەدی دەکات.

108 شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ڕۆحای باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە سوروج ناوزەدی دەکات.

109 شارۆچکەیەکە سەر بە شاری ئامەدە.

ڕاپۆرتیان دەدا. جموجۆڵێک لە ئارادابوو، هەوای کۆبوونەوە لە ئارادایە، من و (یوکسەل)یش تەماشای یەکترمان کرد. بیرمان لەوە دەکردەوە کە "تۆبڵێی بیانەوێت هەڵسین بڕۆین؟!". ئەم ئەنجامەمان لە هەڵوێستەکانیان بۆ دەرکەوت. بەڵام لە لیجەوە هاتبوون، ئەگەر گوێمان لە قسەکانیان بگرتایە باش دەبوو. ئەوانەی هاتبوون بەدەوری مێزەکەی تەنیشتمان دانیشتبوون. بەبێ خواستی خۆشم بووبێت هەندێک لە قسەکانیانم بەرگوێ کەوت.

ناوی (نەتەوەخوازەکان[110])، UKO: ئەرتەشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی)یان هێنا و دەیگووت: "مەیدانیان تێکوپێکدا، ناکۆکیان لەناو خەڵکدا دروستکرد" و درێژەی پێدا. بێ ئۆقرەیی گرتمی. چۆنیان پێخوش بوو وەها باسیان دەکرد و منیش گوێم پێنەدان، گوێم بەو قسانەیان نەدا، زانیم کە کار و خەباتمان بەڕێوە دەچێت و هەڤاڵانیش چییان دەکرد. چیتر هەموو کەسێک باسی ئەم تەڤگەرەی دەکرد و ناوی دەبرد، ئەمە جوانییەکی تایبەت و واتاداریی هەبوو. کەواتە کار و خەباتمان بە هەموو شوێنێکدا بڵاودەبووەوە. (ئیبراهیم) و هەندێکیان بەردەوام چاویان لەسەر ئێمەیە. ناشتوانن ڕاستەوخۆ پرسیاری ڕێبازی سیاسییانەمان لێبکەن. بەڵام پێیانەوە دیار بوو کە بەتاسەوەن بۆ زانینی. ئەگەر لە کۆبوونەوەکەدا بە ئاشکرا قسەیان بکردایە و تاوانبارکردنەکەیان وەکو خۆی دەربخستایەتەڕوو، باش دەبوو، زەمینەی گفتوگۆ دروست ڕەخسا. ئەوان لەناو خۆیان یەک تەن هەواڵی چەوت و چەواشەیان بڵاودەکردەوە و لێکدانەوەیان بۆ دەکرد. ئەمە تا چەند واقیعی بوو؟ هیچ شتێکی وەهاشی نەبوو

[110] لەو سەردەمانەدا نەیارانی ئەو تەڤگەرە بە یەک زمان، لەجیاتی پێیان بڵێن نیشتمانپەروەر، بە نەتەوەخواز و نەتەوەپەرست ناوزەدیان دەکردن.

دەستکەوتێکی بۆ ئەوان هەبێت. کۆبوونەوە دەستی پێکرد. ئەوانەی لە لیجەوە هاتبوون لە دیوان دان، بە نۆبە دەستیان بە قسە کرد. ئێمەش لەبەر ئەوەی زاری کرمانجیمان نەدەزانی؛ پێشنیازێکمان کرد: "ئەگەر بشێت بە تورکی قسە بکەن، تێناگەین".

ئەوانەی قسەیان دەکرد، ئەو شتانەیان دووپات کردەوە کە لەسەروبەندی قسەی دووبەدووی خۆیاندا گووتبوویان: "سەرەتا لەشێوەی کۆمیتەیەکدا هەڵسوڕاین، کاتێک چۆنێتی دابەشکردنی کەلوپەلی هاوکاری هاتە رۆژەڤەوە،(UKO)ییەکان هەلپەرستی و ترسنۆکیان کرد. خۆیان بەجیا جولانەوە، بەگوێرەی خۆیان شتەکانیان دابەشکرد. جیاکاریان لەنێو خەڵکدا کرد. خەڵک لەناوخۆیاندا بوو بەشەڕیان، سەرەتا زۆر زاڵ نەبووین، بەڵام دواتر بەسەر رەوشەکەدا چووین. کاروبارەکەمان ئەرێنی بوو. گەل پەیوەندییەکی زۆری نیشاندان. گەلەکەمان ئەو کەسانەی ناسی کە بەزمانەکەی خۆی قسە دەکات و لەپێناویدا تێدەکۆشێت. کاردانەوەیان نیشانی ئەوانی تر دا، بە زمانی گەل، تەنانەت بە زمانی دایکی خۆیان قسەیان نەدەکرد، گەل هەستی بە بێمتمانەیی کرد".

خۆم پێڕانەدەگیرا؛ دەمویست قسەی پێببڕم، بەڵام لە یەکەم رۆژدا هەوڵێکی بەم شێوەیە ئەنجامێکی باشی نەدەبوو. سیاسەتێکی ترە و هەڵبەتە شۆڕشگێڕەکانیان لەکەدار دەکرد. خەڵکی تریان بە نەرێنیانە نیشان دەدا، ئەمەش سروشتی بوو، پێویستییەکی خەسڵەتییانەی خۆیان بوو. لەدڵی خۆمدا گووتم: "باشترە، با نیاز و هەڵوێستیان ئاشکرا ببێت". لەگەڵ تەواوکردنی قسەکانی مافی قسەکردنم وەرگرت، لەشوێنی خۆم هەستام و گووتم: "لێمببورن کوردی نازانم، بە تورکی قسە دەکەم.

باسکردنی پێشهاتەکانی وڵات کارێکی باشە. پڕ بەدڵ گوێمان لێگرت. بەم باسە باشتر ئاگاداری بومەلەرزەکەی لیجە بووین، لەم بوارەدا هیچ شتێک ناڵێم، بەڵام ئەو هاوڕێیە لە قسەکانیدا بەردەوام بە تاوانبارکردن و لەکەدارکردنی کەسانی تر قسەی کرد. باسێکی یەکلایەنەیە، گومان لەسەر بێلایەنی دروست دەکات، ئەگەر یەکێک لەو هەڤاڵانەی تر لێرە بووایە ئەوا گرفتەکە روونتر دەبووەوە. لەم خاڵەدا رەخنەی دەکەم. هەروەها گرفتی زمانِ دەخرایە پێشەوە، زانین و نەزانینی کوردی کێشەیەکی زۆر گەورە نییە، شۆڕشگێڕی و راستییەکان؛ بە زمانی تریش دەتوانن گوزارە و رەنگدانەوەی خۆیان بکەن. راست نییە ئەمە بکرێت بە پێوانەی بەراوردکردن و گرفتەکانی پێوە ببەسترێتەوە. بڕواش ناکەم لەدابەشکردنی هاوکارییەکاندا جیاکاری لەنێوان خەڵکدا کرابێت"، و لەجێی خۆم دانیشتمەوە.

قسەکانی من ماوەیەک بێدەنگی دروست کرد، سەرپەرشتیکاری کۆبوونەوەکە بەدەنگیدا دیاربوو تێکچوبوو، باسی لەوە دەکرد کە دەربڕینی راستییەک نابێتە تاوانبارکردن یان لەکەدارکردن و لەم رووەوە وەڵامی دەدایەوە و بەتایبەتیش وەکو موخاتەبێک تەماشای ناوچاوی دەکردم و دەیگووت: "ئەگەر هەڤاڵ شتی تر دەزانێت دەتوانێ قسە بکات، ئێمە گوێ لە بۆچوونی UKOچییەکانیش دەگرین". بەمشێوەیە وەڵامی خواست و تاسەی زانینی ئەندامێتی رێکخستنی ئێمەی دایەوە، ئیتر پێویستی بەوە نەما ناوی سیاسەتەکەی خۆمانیان پێبڵێین، (UKO)یی بووین. چاوەڕێمان دەکرد لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی ئەو دوو هەڤاڵەش بخەنە بەر باسەوە، بەڵام باسیشیان نەکرد. تەنیا ئەوەندە نەبێت: "بەهۆی ئامادەنەبوونی ئەو دوو کەسەوە، رەوشیان تاوتوێ ناکرێت و بۆ کاتێکی تر دواخرا". چ سەیرێکە،

چۆن بەرنامەکەیانمان سەراوبن کرد. چەندە باش دەبوو قسەیان لەسەر بکردنایە. بەلام ئەوەندەش هەر باش بوو. پاش دانیشتنێکی کورت لە دوای کۆبوونەوەکە، لە کۆمەڵەکە دەرکەوتین و پێمان گووتن کە جارێکی تر سەریان لێ دەدەینەوە و ئەوانیش هاتنە وەلام: "بێگومان، کۆمەڵەکەمان کراوەیە بۆ دادە کوردەکانمان".

وا هەڵدەسوڕان کە سەردانەکەمان جێی شانازییان بووبێت. کێ دەزانێت، بەڵکو سەردانەکەمان لایەنی جێی شانازیشی هەبووبێت بۆ ئەوان. دوور لە ولات، لە گەورە شارێکدا دوو ژنی کوردستانی سەردانی کۆمەڵەکەیانی کردبوو! ئەوان ماوەیەکی دوور و درێژ بوو کورد و کەسانی سەر بە سیاسەتەکانی تریان لە کۆمەڵەکەی خۆیاندا بەدی نەکردبوو. تا چەند راست بوو نازاندرێت، بەلام هەندێک لە چەپڕەوانی تورکیان دەرکردبوو.

جاروبار لەگەڵ (یوکسەل)، جاروبار بەتەنیا، جاروبار لەگەڵ (باقی) و ئەوان پێکەوە هامووشۆمان دەکردن. (باقی)ان دەناسی و ئەویش هەموویانی دەناسی. دوو لایەنە گرنگییەکی ئەوتۆیان بە یەک نەدەدا. هەڵسابن بە گەڕان بەدوای (جەلال) و (حەیدەر) کە ناویان لەناو ئاگاداریەکەی ئەو کۆمەڵەیەدا بوو. (باقی) ناوبەینکاری بۆ کردین. لە خوێندنگە پرسیاری کردبوون، کاتێکی دیاریکراوی لێوەرگرتن و رۆژێکیان لەگەڵ (جەلال) لە چێشتخانەیەک لە (قەدیفە قەلا[111]) چاومان بەیەک کەوت. سەرباری ئەوەی ماڵیشیان هەر لەو گەڕەکە بوو، لە چێشتخانەکە دیمانەمان کرد. تازە دەمانزانی کە لەگەڵ کچێکی قوبرسی دا هاوسەرگیری کردووە، ئەویش لە زانکۆ دەیخوێند.

---

[111] شوێنێکی مێژوویی سەردەمی یۆنانەکانە لە شاری ئیزمیر کە کۆمەڵێک ئاسەواری نیشتەجێ و ژیانی مرۆڤی تیادا هەڵگیراوە.

خۆیشی خەڵکی بەڵکیس بوو. باسی لەوە دەکرد کە پێشتر لەگەڵ (DDKD) دا پەیوەندییەکی دیار و بەرچاوی هەبووە، دوای یەکترناسینی لەگەڵ هەڤالان لە شاری دیلۆک، لە (DDKD) دادەبڕێت و دەیگووت: "لەراستیدا هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەوان نەبوو. کۆمەڵەیەکی کورد بوو، خۆیشیان کوردستانی بوون، بۆیە پەیوەندیم لەگەڵیاندا گەرم بوو. گرێدانێکی ڕێکخستنیانەم نەبوو. ئەو هەڤاڵەی تر خەڵکی پیرسوسە". دوو لایەنە ناونیشانی ماڵمان ئاڵوگۆڕ کرد و ڕێگەمان نیشانی یەکتر دا. (جەلال) وایدەزانی هەردووکمان هەڤاڵین و لەیەک ڕێکخستنین. بۆیە بەوە تێکچووم. (باقی) کاتێک منی ناساند پێی گووت: "ساکینە، لە هەمانکاتدا هاوسەرین" (جەلال) لەخوێندنگە وای زانیوە (باقی)؛ (HK)ییە، زیاتر لەگەڵ ئەو دەورووبەرە بوو. سەری لێ شێوا. زەمینەی قسەکردن لە ئارادا نەبوو. زۆر بە گونجاویشم نەزانی. هێندە زۆر مانەوەش لە چێشتخانەکە کارێکی باش نەبوو.

بێجگە لە (حەیدەر)، پرسیاری بوون و نەبوونی هەڤالانی ترم کرد و گووتی: "هەندێک لایەنگر هەن پێکەوە لە گفتوگۆ داین"، سەرنجم بۆ (یوکسەل) ڕاکێشا و پێشنیازی بەردەوامی دیدارم کرد و گووتی: "دەشێت من ماوەیەک لێرە نەبم". زیاتر سەرم نەکردە سەری و هەڵساین و کەوتینە ڕێ. (باقی) لە ڕێدا بە ئەرێنی باسی (جەلال)ی دەکرد. ڕەخنەی لە شێوازی ژیانی خوێندنگەی دەگرت و دەیگووت: "کەوتبووە داوی کچێکی قوبرسییەوە، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ببێت بە نیشتمانپەروەر. لەگەڵ DDKD ییەکان بوو. هەموویان منداڵی ئاغان، باوکیان کۆمپرادۆرن. ئەم جۆرە کەسانە ناتوانن بەرگری لە دۆزی کوردستان بکەن. ناتوانن نوێنەرایەتی بکەن".

پێمگووت: "ئەگەر پەیوەندی بە DDKDییەکانەوە هەبێت، ئەوا هاوڕام لەگەڵتدا، بەڵام بۆچی جەلالیش دەخەیتە ناویەوە، دەبێت لە رابردوودا لەگەڵ ئەوان هەڵسوڕابێت. بەلای تۆوە هەموو کەسێک بۆرژوازی بچووکە. تەنیا HKییەکان پرۆلیتاری شۆڕشگێڕن. راستینەی ئایدیۆلۆژی گرنگە، کەسەکان دەستنیشانکەرنین. ئەمە لەکاتێکدایە کە کەسێکە و تازە هاتۆتە ریزی نیشتمانپەروەرەکانەوە". و گفتوگۆکەم گورتر کرد: "ئەی باشە چییە هەر لەگەڵ یەکتر ناسین و نەناسیندا هاوسەرگیریمان رادەگەیەنیت، لەم بابەتەدا نەک ئەوەی پێمان خۆشە، بەڵکو ئەوەی گونجاوە دەیکەین. هیچ پێویستی نەدەکرد، ئەوە هیچ لەجێی خۆیدا نەبوو".

بە تووڕەییەکەوە گووتی: "راستییەکە، هیچ کێشەیەک لە گووتنیدا نییە، بۆچی نەیڵێین؟. بۆچی تۆ شەرم دەکەیت؟ بە شایستەی خۆتمان نازانیت؟ ئەی کەواتە چییە؟" و بەدەم.قسەوە رۆیشتینەوە بۆ ماڵەوە. لەو سەروبەندەدا گووتی: "هەر کە هەڤالانی خۆتت دۆزیەوە فڕێمان دەدەیتە لایەکەوە؟ ئەمە چۆن بەرپرسیارێتییەکی شۆڕشگێڕانەیە؟ ئێمە پەیوەندیدار و بەرپرسیارین لەبەرامبەر بە یەکتریش".

منیش بەدوایدا تەقیمەوە: "نەخێر یەکتر پەیوەندیدار ناکەین. لەبنەمای یەکێتییەکی وەهادا هیچ شتێک بەدی ناکەم تا پەیوەندیدارمان بکات بەیەکترەوە. لەکاتێکدا جیاوازی ئایدیۆلۆژی و رێکخستنی هەبێت، باس لە کام یەکێتی و هاوسەربوونە دەکەیت؟ لەم مژارەدا هەر لەسەرەتاوە راست و دروست نەبوویت لەگەڵمدا و هەر منت دەخڵافاند. تەنیا لەپێناو هاوسەرگیرییەکی وەهادا.. دەتگووت: لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ دەکەم.. چەندین مانگە هەمان شت هەیە،

پەیوەندی ڕێکخستنیانەت لەگەڵ HKییەکاندا وەکو خۆی بەردەوامە. لە هەموو شوێنێک HKییت، بە گەرمترین شێوە بەرگری لێدەکەیت، ئەی باشە لێکۆڵینەوەکەت لەکوێ؟ گەر وا بڕوات ئەم پێکەوەبوونە بەردەوام ناکات. چارەنووس نییە، ئەم ڕەوشە کاریگەریم لێدەکات..." لە تووڕەییدا وەکو شێتم لێهاتبوو، دەرەنجامەکەی هەر چییەک بووایە درێژەم بە قسەکانم دا..

(باقی) گووتی: "هەموو شتێک ئاشکرایە". تاوێک بێدەنگ بوو، نەیدەویست زیاتر دنەم بدات. پاشان گووتی: "هێندە بەزوویی؟.. تۆ نە بیر لەخۆت دەکەیتەوە و نە لەکەسی تر. پێویست ناکات ناکۆکییە بچووکەکان هێندە گەورە بکەیت. تۆزێک لۆژیکی و بەخوێنساردی بیر بکەیتەوە باشتر دەبێت. چارەسەری شۆڕشگێڕانە و چارەسەری ڕاگوزەری چەندە جیاوازن"

لە ڕۆژگارێکدا کە گفتوگۆ و پەیوەندییەکانمان لەم ئاستەدان، بۆ سەردان دەڕۆیشتین بۆ دێرسیم. ڕۆژێک بەر لەوە سەردانی ماڵی کۆچبەرێکی بوڵگارمان کرد کە لە کۆڵانی بەرامبەرمان نیشتەجێ ببوون. دوو کچیان هەبوو؛ هاوڕێی (باقی)بوون لە زانکۆ. لە کۆمەڵەش یەکترمان دەناسی. لەوەتەی هاتووم کراس و پانتۆڵێکم لەبەر بوو. نەمگۆڕیون، جاروبار کراسەکەم دەگۆڕی، بەڵام ناچاربووم هەمان ئەو جلانە بەکاربهێنم. ئەو پارەیەی دەستمان دەکەوت تەنیا بەشی پێداویستییە ڕۆژانەییەکانمانی دەکرد. زۆربەی جار دەمشۆرد و بەشێداری لەبەرم دەکردەوە، جلەکان لەبەرمدا وشک دەبوونەوە. نەدەبوو بەو جلەوە بڕۆیشتمایە بۆ دێرسیم. (باقی) دەیگووت پێم باشە جلی گونجاو لەو هاوڕێیانە وەربگرین. شەوێک میوانیان بووین و دوای وەرگرتنی جلی پێویست ماڵئاوایمان لێکردن.

بەسەر ڕێگەی ئەنکەرەدا تێپەڕبووین. کاتێک گەیشتینە دێرسیم ڕاستەوخۆ دەچووین بۆ گوند. دواتر سەردانی هەندێک شوێنی ترمان دەکرد. (مەتۆ)، (تورکان) و ئەوان هاتن بۆ لام. بە دوور و درێژی قسە و گفتوگۆمان کرد. لەو نێوەدا باسمان لە پرس و گرفتەکانی هاوسەرگیری، لە هەڵوێستەکانی ڕابردوویان، کەموکورتی و کاریگەرییەکەیان لە ڕاکردنەکەی مندا کرد. ناوەڕۆکی نامەکەمم بۆ ڕوون کردنەوە و ئەوەم بۆ خستنەڕوو کە هێشتا کێشەکانی نێوانمان بەردەوامە. لەگەڵ (باقی)یش بە دوور و درێژی گفتوگۆمان کرد. (باقی) نەرمتر مامەڵەی دەکرد. تۆزێکیش هەستی بە گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی دێرسیم دەکرد. تەڤگەر تادەهات پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە دەبینی، هەموو کەسێک قسە و گفتوگۆی لەسەر دەکات. ببوو بەهێزێک. گفتوگۆکەی (تورکان) و ئەوان کاریگەری ئەرێنیانەی دەبوو. ئەوانیش چاودێرییەکانی خۆیان دەربڕی و دەیانگووت: "زۆر بە ئاسانی دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت". لەو نێوەدا (مەتۆ) بە گاڵتەوە گووتی: "دادە، دادە ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەش بێت کە لەتۆ دانەبڕێت، بەشداری ئەم سیاسەتە دەبێت".

هەموومان لە قاقامان دا. ئەو گاڵتەیە لایەنی ڕاستی هەبوو، بەڵام هاوڕێ جوانەکەم، برا جوانەکەم زۆر بە ئاسانی مامەڵەی دەکرد. تەنیا لەبەر ئەوەی لەمن جیانەبێتەوە! باشە ئەی چۆن بە یەکێتی دەگەیشت؟ یەکێتییەکی زۆرەملێیانە؟ تەنیا لەبەر ئەوەی تێکنەچێت، هاوڕێیەتییەکی بەزۆر! هەر ئەم لایەنە بوو بێتاقەتی دەکردم و پێی ئاسوودە نەدەبووم.

من و (تورکان) و (مەتۆ) چووین بۆ ئەو گوندەی (قیمەت) مامۆستایەتی تیا دەکرد. گوندی گیولەچ (دەرەخاگ)ە. بەپێ ڕۆیشتین. بەدرێژایی ڕێگە قسە و گفتوگۆمان کرد. (تورکان)

دەیگووت: "خۆزگە باقییشمان بهێنایە لەگەڵ خۆمان، قیمەت ئەوی دەهێنایە سەر ڕێ و ڕازی دەکرد".

من نەمدەویست. هەڵوێستی هەڤالان چەوت بوو یاخود هەڵوێستی من؟ هەموو شتێکیان هێندە بەخێرایی چارەسەر دەکرد، وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕوویندابێت. ئایا دەمکرد بە دەردێک بۆ خۆم؟ ناااا.. پێویست بوو بکرێت بە دەرد. چونکە یەکێتی دیاردەیەکی هێندە سادە و ساکار نەبوو. بێگومان لەم مژارەدا هەڵوێستێکی زۆری چەواشە، تەسک و ڕووکەشیانە هەبوو. (تورکان) پرسیاری ئەوەی کرد کە "ئایا هاوسەرگیری بە فەرمان دەبێت؟".

ئەمە لەکوێوە هات؟ لەوەتەی دێرسیمم نەبینیبوو چی ڕوویدابوو؟ لەنێوان خۆیشیاندا گفتوگۆی ئەمەیان دەکرد. دەمگووت: "یەکێتی دڵخوازانە بناخەیە، ئەگەر خۆشەویستی - ئەوین لەسەر بنەمای یەکێتی کار و خەبات پەرەنەسێنێت، ئەوا بەژیانی ڕاستەقینە ناگات". و خۆم و یەکێتییە هەنووکەییەکەم بە نمونە هێنایەوە. نمونەکە زۆر بەرجەستەتر بوو.

(تورکان) دەیگووت: "وەڵـڵاهی ئەگەر بەمن بڵێن لەگەڵ ئەو هەڤاڵەدا هاوسەرگیری دەکەیت، من ڕەتی دەکەمەوە". ئەمجارەیان پرسیم: "چی بووە، ئەمە لەکوێوە هات؟" کێ ئەمەی هێنابێتە ناو باس گاڵتەی کردووە، یاخود چەواشەی کردووە. بەجددی وەرم نەگرت. بەدەم ڕێگەوە جارێکی تر باسەکە هاتەوە سەر هەمان بابەت و منیش گووتم: "با هیچ کەسێک ئەمە وەکو تێڕوانینێک، وەکو بڕیارێک نەسەپێنێت. دەست لەو بابەتە هەڵگرن".

تا گەیشتینە گوندەکەی (قیمەت) قسەمان لەسەر زۆر شت کرد. کە باسی ئیزمیر و کارەکانی ئەوێم کرد نەیاندەویست

باوەڕ بکەن. پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە کارکردن لە کارگەدا ناچارییە یاخود نا. هەم ناچاری بوو و هەم بەرخۆدێریی کرێکاران و تێکۆشان و هەوڵە سەندیکاییەکانیان سەرنجی رادەکێشام. بۆیە گووتم: "کارکردن خۆشە، بەدەر لەمە دەرد و خەمی شارە گەورەکانت پێ ناشکێندرێت" (تورکان) بەرۆحی ئەنارشیانەی خۆیەوە دەیگووت: "با منیش بێم".

کارێک نەبوو (تورکان) نەتوانێ بیکات. فێری پاسکیل و ماتۆڕسواری و مەلەوانی ببوو، ئۆتۆمۆبێلیشی لێدەخوڕی. هەروەها لە رووی ئاستی تیۆریشەوە خراپ نەبوو. لەرووی تیۆری و ئایدیۆلۆژییەوە بەردەوام خۆی پێشدەخست. حەزی لە فێربوون دەکرد. لە جێگەی خۆی رانەدەوەستا، کاتێک قسەی دەکرد هەموو لەشی دەجولا. نەیدەتوانی لە شوێنێک بەڕاست و دروستی دانیشێت. کە داشدەنیشت یان قاچەکانی، یان ئەوەتا دەستەکانی لە جوڵەدابوون. جێگۆڕکێی دەکرد و هەڵدەستایە سەر پێ. زۆر سەیر بوو. بەپێی پێویست رێکوپێکی نەدەنواند، لە ناخی خۆیدا بە ئاستی کەسایەتییەکی پێگەیشتوو نەگەیشتبوو. زۆر بێ خەم و ئاسوودە دەجولایەوە، مەودا و ئاستی نەدەخستە نێوان خۆی و کەسی هەمبەری. بەم هۆکارە لە هەر جێگەیەک ئەمی لێبوایە، پەیوەندییەکان فەرمی و جددی نەدەبوون. مامەڵەی سووک و ساویلکەی هەبوو، جددی نەدەبوو. هەر ئەم تایبەتمەندیانەی بوون کە دەبوونە مایەی رەخنەیەکی زۆری هەڤالان.

(نیعمەت)یشمان لەگەڵ بوو. ئەو لە شارەداری کاری دەکرد. زۆر بە تاسەوە پرسیارگەلێکی تری دەکرد و رادەوەستا. لە راستیدا بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردن ئەم پرسیارانەی نەدەکرد، بەڵکو بە پەنابردنە بەر شیکاری سادە و ساکار

دەیویست رۆژەڤی تر دروست بکات. ئەم تایبەتمەندییەی بەرچاو بوو. سەری لە جددییەتی گفتوگۆی نێوان من و (باقی) دەرنەدەچوو. نەمدەویست خێرا بڵاوی بکەمەوە، لەکاتێکدا تازە هاتبوومەوە بۆ دێرسیم، دەستبەجێ باسی جیابوونەوە شیاو نەبوو، هاوکات شەکەتیشی دەکردین. گفتوگۆکردنم لەناو گرووپێکی بچووک لە هەڤاڵان گونجاوتر دەبوو. بۆیە چووم بۆلای (قیمەت) لەسەر ئەم بابەتە تێڕوانینەکانی خۆمی پێ بڵێم و گفتوگۆی لەسەر بکەین.

سەیرە؛ دەستبەرداری (قیمەت) نەدەبووم. خۆ پێشتر گرفتەکەی چارەسەر نەکردبوو، زیاتر بەرەو بێچارەیی پاڵی پێوەنابووم. چارەسەرییەکەی هێندە سەیر بوو کە هەڤاڵان گووتبوویان: "دروشمی: بەدوای مێردێکدا دەگەڕێ.. بنووسین و بە ملی ساکینەدا هەڵیواسین" و کردبوویان بە بابەتی گاڵتە کردن. گەرچی ئەنجامەکەی شتێکی جیاواز نەبوو، هاوسەرگیرییەکی پڕ لە بەڵا، هیچ ناچارییەکیشی هەڵنەدەگرت. ئەگەر چارەسەرییەکی هەندێک لۆژیکانەتر و درێژخایەنی بەدەستبکەوتایە، ئەمێستا لەکاتێکدا کە هێشتا چەند مانگێکی بەسەردا تێپەڕ نەبووە قسەمان لەسەر جیابوونەوە نەدەکرد. ئەگەر ناکۆکییە هەنووکەییەکان چارەسەر نەکرابان، جیابوونەوە! بەخۆم دەگووت: "ئەوانەی بەدەرن لەم کێشەیە بەلایانەوە چەندە واتادار دەبێت؟ کێ دەزانێ، لەوانەیە ئەمجارە بە کەسێکی راهاتوو و خووگر لێکم بدەنەوە، بەڵام باوابێت، من خۆم ئەم دۆخە یەکلا و سەرەڕاست دەکەمەوە."

(قیمەت) هات بەرەو پیرمانەوە و پێخۆشحاڵ بوو بەهاتنمان. ماڵەکەی بەشێکە لە خوێندنگەکەی. گوندێکی پڕ لە گەنج بوو، بەڵام هەموویان لایەنگری چەپرەوی تورکن. سەیر بوو ساڵی

پێنجەمی بوو لەو گوندە مامۆستایەتی دەکرد. مامۆستایەک، بەتایبەتیش ئەگەر نیشتمانپەروەر بووایە، دەیتوانی سەرتاسەری ئەو گوندە رێکخستن بکات و رایانبکێشێت. (قیمەت) وەکو بیانووێک دەیگووت: "زۆربەیان هەوادارن، بەڵام بەشێکیان موحافەزەکارن؛ ئەوانەی تریش لەبەر ئەوەی نەکەونە ژێر کاریگەری منەوە، دوورەپەرێزیان دەکەن".

شەو (زولفۆ) هات. یەکێکە لەو گەنجانەی باشترین سازژەنی گوند بوو. لەگەڵ دەنگی سازەکەی چەند گۆرانییەکی چڕی. زیاتر حەزم لە گۆرانی (سلۆقز[112]) بوو کە واتای (سلێمانۆکە یان سلێمانی بچووک) بوو. (سلۆقز) بۆ ئاهەنگ و زەماوەند و بۆنە تایبەتەکانی خەتەنەکردنی منداڵان بانگهێشت دەکرا. رووبەڕوو گوێم لێگرتبوو. کەمانچەکەی ئاوازێکی تایبەت و حەزینی هەبوو.

رۆژی دواتر چووینە پۆلەکەوە. لە خوێندنگەکەدا مەراسیم نەدەکرا، ئاڵای تورک بەرز نەدەکرایەوە. لە فێرکردنی خوێندنەوە و نووسیندا زیاتر وشەکانی وڵات، نەتەوە، گەل و شۆڕشگێڕ و وشەکانی تری لەم جۆرە بە منداڵان دەنووسرایەوە، رستەیان لێدروست دەکرا، خوێندکاری (قیمەت) بوون! هەڵبەتە منداڵەکان

---

112 - هونەرمەندێکی ناسراوی شاری دێرسیمە. ناوی سلێمان دۆغانە و بە سلۆقز دەناسرێت. لە 1918 لە گوندی ملۆ (میللی) لەدێرسیم لەدایک بووە. لە رۆژگاری کۆمەڵکوژییەکەی دێرسیمدا بەهۆی کەمانژەنییەوە لەلایەن سەربازانی دەوڵەتی تورکەوە بۆ ئاهەنگگێڕانی خۆیان لە خێزانەکەی جیادەکەنەوە و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی کۆمەڵکوژ دەکەن. سلۆقز هەتا لە ژیاندا بوو گۆرانی و بەستەی بەسەر رووداوەکانی ناوکۆمەڵکوژییەکەدا گووت کە خۆی هەر لە سەرەتاوە تا کۆتا شاهێدحاڵی بوو. لە ساڵی 2019 کۆچی دوایی کرد و لە گوندەکەی خۆی لە گوندی ملۆ بەخاک سپێردرا.

شیرینۆک و خۆشەویست بوون، هەرچییەکیان فێر بکرایە ئەوەیان هەڵدەگرت. بڕوایان بەوە دەکرد کە فێری زۆر شتی جوان بوون و لە هەموویاندا خۆشحاڵی و تۆزێکیش شەرمنی ئەمەیان بەسەردا زاڵ بوو.

(قیمەت) بەشێوەیەکی قەدبڕانە مامەڵە لەگەڵ کێشەی هاوسەرگیری ئێمە دەکرد و دەیگووت: "سەرئەنجام هەوڵ بدە رایبکێشیت، پێویستە ئەو کەس و دەوروبەرە رابکێشرێن. گەنجیان زۆرە، سەرجەمی قوڕەیشانییەکان (عەشیرەتەکەی بنەماڵەی ساکینە جانسز-و) چەپی تورکن، چەندێکیان رابکێشێت ئەوا کاریگەری دەبێت." بەڕێی کردین و گەڕاینەوە.

(مەتۆ) دەیویست بڕۆینەوە بۆ ناو شار و دەیگووت: "وەرنەوە بۆ ماڵەوەش".

لە وەڵامدا گووتم: "دایکم چۆن هەڵویستێکی دەبێت؟ "

(مەتۆ) گووتی: "سەرەتا تۆزێک ناز دەکات، تووڕە دەبێت، دەست بەگریان دەکات، دواتر ئاشت دەبێتەوە. هاتووی بۆ دێرسیم، ئەگەر سەردانی ماڵەوە نەکەیت و بگەڕێیتەوە زۆر دڵگران دەبێت".

لەگوند سەردانی ماڵی مامەکانی ترم کرد. لە هەر ماڵێکدا کە سەردانمان کردبێت، قسە و گفتوگۆمان دەکرد. هەر لە (شا حەیدەر) وە تا (HB) یەکێتی گەل. ژیان لەناو ئەم هەموو خزمە فرە سیاسەتەدا چانس بوو یاخود بێ چانسی بوو؟ دەمگووت: "PDA، TiKKO، HB، HK، TKP) جگە لەوانە ڕێبازێکی تری سیاسیش هەبووایە حەتمەن ئەویش جێگەی پێدەدرا" و گاڵتەم پێدەهات. گەنجێکی زۆر هەبوو، هەموویشیان لەژێر کاریگەری برا گەورەکانیان دابوون. پرسیارم لە (عەلی جەمال)ی بچووک

و فرەقسە کرد، ئەویش گووتی: "ئێمەش لەپاڵ HB - یەکێتی گەل داین". بەم قسەیەی قاقای پێکەنین دەمانگرێت.

بەڵێ؛ منداڵێکی بچووک بوو ئەمەی دەگووت. بەناوی شۆڕشگێڕییەوە شتێک دروست ببوو، بەڵام دوور لە جەوهەر و ناوەڕۆکی خۆی و لەوەش خراپتر دوورتر دەخرایەوە. دایکان و باوکان مافخوراو و نیگەران بوون و دەیانگووت: "کێ شۆڕشگێڕی بەمشێوەیە پەیداکرد؟ بۆچی هەمووان لەسەر سیاسەتێک نین؟ چیتر دەترسین. ڕۆژێک لە یەکتر دەدەن". مامەم و ئەوان زۆر حەزیان دەکرد بزانن لەسەر کام ڕێبازی سیاسەتم، بەڵام وا دیاردەبوو کە منداڵەکانیان زیاتر بە دژە پڕووپاگەندە و ڕەشکردنەوە، ئەوانیان تێگەیاندبوو و کاریگەریان لەسەر کردبوون و دەیانگووت: "بیستوومانە کوردایەتی دەکەیت! وەکو دەمانزانی پێشتر، عەلی گیولتەکین، کەمال بورکای کوردایەتیان دەکرد. ئێستاکە ئەوان نین، هەریەکەیان بەلایەکدا ڕۆیشتوون، لەشارە گەورەکان نیشتەجێ بوون. عەلی گیولتەکین تەنانەت نەیتوانی کاریگەری لە کەسانی گوندەکەی خۆی بکات. حەسەن، گولئابی، عەلی.. هەموویان لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا ئەندازیار و مامۆستایەتی دەکەن، وازیان لەو کارانە هێنا".

کاتێک ئەم باسەیان هێنایەوە، نەیاندەویست بڵێن ئەوەیان بەدڵە کە منداڵەکانیان هێناویانە و بڕوایان بەوان هەیە. بەپێچەوانەوە لە کەسایەتی منداڵەکانی خۆیاندا بەئاشکرا دەیانگووت: متمانەیان بە شۆڕشگێڕی نییە. مام (مستەفا) دەیگووت: "هەموو شتێک باشە و خۆشە، ئەی ئەم ئەمریکا و ڕووسیایە لەکوێوە دەرکەوتن؟ ئەم کابرایانە نە سەربازێکیان هەیە و نە ئەوانەی بەسەرمانەوەن ڕووس و ئەمریکین. سەرۆک

کۆمار تورکە، جەنەڕاڵەکەی تورکە، سەربازەکەی تورکە. ئێمە بە تورکی قسە دەکەین. ئەم منداڵانەی ئێمە سەریان لێ شێواوە".

دژایەتی قسەکانی منی دەکرد و بەشێوەیەکی ئاقڵانەتر لێکدانەوەی بۆ دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دەشیگووت: "وەرن با دەوڵەتی عەلەوی دابمەزرێنین، من ئامادەم" و کارەکەی بەرەو هەڵدێر دەبرد. ئەمەش ئاسایی بوو! باوکیشم هەر وەهای دەگووت، لەم بوارەدا رازیکردنیان زەحمەت نەبوو.

باوکی (باقی) لە (باقی) تووڕە دەبوو و پێی دەگووت: "من لە پارتییەکەی ساکینەم"، دایکیشی هەمان شتی دەگووت و بەسەر (باقی)دا تووڕە دەبوو و دەیگووت: "وەرن هەمووومان پێکەوە لەڕیزی ئەو پارتییەدا بین. چی دەبێت.. عەیبە، شەو و رۆژ گفتوگۆ و ململانێتانە. زیانمان پێدەگەیەنێت. ئەنجامێکی باشی نابێت". بەلای خۆیانەوە بەم شێوەیە رێگریان لە جیابوونەوەیەک دەکرد. بە ناکۆکییەکانی ئێمەیان زانیبوو و هەستیان پێکردبوو.

چووین بۆ شار، سەرەتا سەردانی ماڵی چەند خزم و کەسێکمان کرد، تا دێت ژمارەی ئەوانەی هۆشیارییان پێدەداین زۆر دەبوو و دەیانگووت: "مارەبڕی بکەن، دواتر تووشی شتێک نەبن" گفتوگۆمان دەکرد و پاشان دەمگووت: "باشە".

هیچ واتایەکی نەبوو، بەڵام دەکرا پۆلیس بکرایە بە بەهانە، تەنیا وێنەی خۆمم پێدان، کەچی (باقی) ناسنامەکەشی لێسەندم، رۆیشت و بە واستەی کەسوکار و ناسیاوانی مارەبڕییەکەی تەواو کرد. یەک دوو شایەت پەیدا کران کە فەرمانبەرانی فەرمانگەی ناسنامە هەموویان ناسراو و خزم بوون. مارەبڕییەکی سەر کاغەز. پاشناوم لە (جانسز)ەوە بۆ (پۆلات) گۆڕا.

بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەواڵم بۆ دایکم نارد. دایکم سەرەتا ڕەتی دەکاتەوە چاوی پێمبکەوێت، پاشان خزمان ڕازییان کرد و شەوەکەی ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵی خۆمان. سەرەتا دەستی خۆی نەدامێ تا ماچی بکەم[113] نزیکیش نەبووەوە، پاشان هات، لە ئامێزی گرتم و دەستی بەکوڵە گریانێک کرد. پێمگووت: "خۆت ئەم کارەت کرد" کە زۆر پێی دڵگران بوو. ئەویش بە ئاخێکی قووڵەوە گووتی: "ڕاستە.."

دیاربوو ئازاری دەچەشت. تەماشای ئەلبوومەکانمان دەکرد. پڕە لە وێنەی ئاهەنگی شەکراوەکە. یەک بە یەک دەرمهێنان و دڕاندم. نەک بەهۆی کاردانەوە و تووڕەییەوە، نەخێر، ئەوانە چیتر هیچ واتایەکیان نەمابوو. ئەگەر حەز بە زیندوو ڕاگرتنی یادەوەرییەکان بکرێت، پێویستە پابەند بن پێیانەوە. من ئیتر لە پێگەیەکی تردا بووم، دەبوو ڕێز لە یادەوەرییەکانی ڕابردوو - زۆر سەیر و نامۆش بێت - بگرم. شاردنەوە و پاراستنیان دووڕوویێتی بوو. پاشان نامەیەک هات و وێنەیەکیشی لەناودا بوو. ماوەیەک بە (مەتین)یان گووتووە کە ڕامکردووە. ئەویش بەردەوام نامە دەنێرێت، وێنەشی هەیە. تەماشای وێنەکەیم کرد، دڵم پێی داخ بوو و شەرم دایدەگرتم. وەکو ڕووبەڕووم وەستابێت کاریگەری هەبوو لەسەرم. بێ ئەوەی بیانخوێنمەوە، سەرجەمی نامەکانیم دڕاند. هەموویان ئازاریان دەدام، دڵم پڕببوو. خۆزگە هەرگیز ڕووینەدایە، هەرگیز دۆخێکی وەها نەهاتایەتە ئاراوە. (باقی) بە بێدەنگی تەماشای منی دەکرد. دیارە لە بێ بەزەییبوونەکەی من دەترسا. پەیوەندی من و ئەویش لە مەترسی دابوو، دادەبڕا؟ دایکم چاودێری دەکردین. نەئەوەیە

---

[113] وەک لە نەریتی کوردەواریدا هاتووە؛ دوای هەر ناخۆشییەک دەست و شان ماچکردن بەواتای لێخۆشبوونە.

خۆشحاڵ ببێت، نە ئێش و ئازاری خۆیشی دەردەبڕی، مات مابوو. پرسیاری کرد: "بۆچی وات بەسەر هاتووە؟ جانتا، باوەڵت نییە؟". لەوەڵامدا گووتم: "لە گوندە".

بەڵام شتێکی وەهاش نەبوو. جلوبەرگی کچە کۆچبەرە بولگارییەکەم لەبەرکردبوو هاتبووم، پێڵاوەکانیشم هەر هی ئەوان بوو. پرسیاری ئاڵۆزیان ئاراستە دەکردم. منیش وەڵامی کورت و قەدبڕم دەدانەوە. پێمگووتن: "هەردووکمان کار دەکەین، رەوشمان باشە". بەچاوی کارکردن لە دەزگایەکی دەوڵەتدا تەماشای کارکردنی ئێمە دەکرێت. ئاگایان لەوە نەبوو لە کارگە کارم کردووە و شتێکی وەهاشیان بەخەیاڵدا نەدەهات. بۆچی؛ خۆ باوکیشم ساڵەهایە کرێکار نەبوو؟ خۆیشی رۆیشت و بەچاوی خۆی بینی. سەرەڕای ئەوەش خۆیشی و دەوروبەریش بەچاوێکی بچووک تەماشایان دەکرد، بە عەیبەیان دەزانی، بۆیە هیچ بەدەور و خولیدا نەهاتم. چۆن تێدەگەن با وابێت. چ گرنگییەکی هەبوو! کەنتۆرەکانی کردەوە و باوەڵەکانی دەرهێنا و گووتی: "جلەکانی خۆت دەربهێنە".

زۆر سەرنجی رانەکێشام. ئاسوودەبووم، بە کراس و پانتۆڵێکەوە سێ چوار مانگ ئیدارەم کرد. ئەوانەم لەگەڵ خۆم دەگەڕاند و دەمکرد بە بار بەسەر شانی خۆمەوە. ماوەیەک بێ بڕیاربووم.. بە دایکم گووت: "با بمێنێت". دایکم دەستی کردەوە بەگریان. ئەوکاتە منیش خەمگین بووم. چونکە زۆرم بۆ هێنابوو؟! لە راستیدا رووداوەکان هەردووکمانی ئازار دەدا و بەمشێوەیە تێکچوونی دەستگیراندارێ هەردووکمانی لە دڵ گرتبوو. وێنە و نامەکانمان دەدڕان. ئەو جلانەی بۆ دەرهێنام کە لەو سەردەمەدا لەبەرم کردبوون. دایە خەپە و ئەوان هێشتا لەماڵەکەی ئەوبەر بوون.

دایکم لەو نێوەندەدا گووتی: "مەتین تۆبەی کردووە چیتر نەیەتەوە بۆ دێرسیم. هەرگیز نەهاتەوە". پاشانیش گووتی: "بیستمان کە ئەویش لەسەر سیاسەتەکەی ئێوەیە" و بەردەوام دەیویست باسەکە بابەتەوە بۆ ئەوێ، منیش نەمدەویست زیاتر لەسەری بڕوات. ئەو ژنە هێشتا قسەی چی دەکرد، بە ئاشکرا ئازاری دەدام.

باوەڵێکمان ئامادەکرد و هێنامانە لای خۆمان، تۆزێکیش کەلوپەلی پێویستی ناوماڵی تێئاخنی. شتی وەکو کەوچک، چەقۆی تێدابوو. لایەنگری ئەوە نەبوو هیچ شتێک لە کەلوپەلەکانی جیاز(کەلوپەلی بووکێنی)ی تێبکات. با هەمووی بۆ خۆی بێت. نەمدەویست سەرلەنوێ هەمان شت بژیێمەوە. چ قۆناخێکی شەکەتکار وماندووکەربوو.

لەگەڵ (باقی) تەنیا لەبەر دابونەریتەکان قسەی دەکرد، لەوە زیاتر هیچ نرخێکی پێنەدەدا و پەستبوو لێی. (باقی) لە گەڕانەوەدا ئەوەی پێگووتم: "دایکت هیچ خۆشی نەویستم". منیش پێمگووت: "باشە کە تێگەیشتوویت". لە شێوەی سەرکۆنەکردنێکدا گووتی: "بەڵام ئەو هەرگیز ئێمەی خۆشنەویست. هەژاربووین، دێهاتی بووین و دروست بووین، بۆیە هیچ سوودێکمان بۆی نەبوو".

راستی دەکرد، دایکم بەڕاستی مامەکانم و ئەو خزمانەی هەرگیز خۆشنەدەویست، زۆر بیانی بوو و دەیویست دوورەپەرێز بێت لێیانەوە. دایە گەورەم (دایکی باوکی - و) ئەو ساڵەی ئێمە چووین بۆ ئەڵمانیا، بەدرێژایی ماوەی مۆڵەتی پشووی باوکم هاتبوو بۆ ماڵمان. ساڵانێکی دوور و درێژ تێپەڕ بوو، تەنیا ئەو ساڵە ئەویش لەسەر سووربوونی باوکم هاتبوو. نزیکەی پازدە رۆژێک مایەوە. کاتێک ئێمە لە ئەڵمانیا بووین

کۆچی دوایی کردبوو. تایبەتمەندی فیۆداڵ - ئەریستۆکراسی بەسەر دایکمدا زاڵ بوو، هەروەها هەڵویستی سوڵتانی بێناوەڕۆک تیایدا بەرچاو بوو. کاتێک باوکم تووڕە دەبوو پێی دەگووت:" زەینەب خاتوون". بەڕاستی تەنانەت خاتوونی و لایەنە گرنگەکانیشی بە هیچ دەکرد.

لەماڵەوە زۆر نەماینەوە. هەمان شەو دەرکەوتین. (باقی) مەکتەبی هەیە، نەیدەویست بمێنمەوە و دەیگووت: "با پێکەوە بگەڕێینەوە" بەر لە چارەسەرکردنی گرفتەکە گەڕانەوەم هیچ واتایەکی نەدەبوو. ئەگەر بە لایەنی ئەرێنی یاخود نەرێنی بێت، مسۆگەر پێویست بوو گرفتەکە چارەسەر بکەم. چارەسەری کاتی نابێت. بە (قیمەت) و ئەوانیشم گووتبوو، کە ماوەیەکی بۆ دەستنیشان دەکەم و "ئەگەر لەو ماوەیەدا هەڵویستی خۆی یەکلا نەکاتەوە، کۆتایی بە پەیوەندییەکانم دەهێنم". چەند وانەیەکم لە پۆلی دووی دواناوەندی مابوو، توانیم تاقیکردنەوەکان بکەم بە بەهانە و تا ماوەیەک بمێنمەوە. لەو نێوەدا دەمتوانی گرفتەکەم بەشێوەیەکی باشتر لەگەڵ هەڤاڵان چارەسەر بکەم. ڕەوشی من ئەمجارەیان لەهێزی (قیمەت) بەولاتری دەیویست. (قیمەت) باسی لەوە دەکرد کە پەیوەندیم پێوە دەکەنەوە. ئەویش ئاگاداری پەیوەندییەکانمە لەگەڵ هەڤاڵانی ئیزمیر، دەیگووت: "ئەگەر زۆر پێویستی کرد لەگەڵ هەڤاڵانی ئەنکەرە پەیوەندی ببەستە". (مەتۆ)ش دەیگووت: "منیش دوای ماوەیەکی تر دێم". ئەمانە بوونە مایەی گەشانەوەم. ئاشکرایە کاتێکی زۆری دەخایەند و کەس پێشنیازێکی تری نەبوو بۆ چارەسەرکردن.

هەر لەو سەروبەندەدا هەڤاڵ (کەمال پیر) لە دێرسیم بوو. بۆ "خانووی سەروو" بانگهێشت کرام. ئەو خانووە بچووکە نیوە دووقاتەی ماڵی (قیمەت) و ئەوان، هەڤاڵان بەکاریان دەهێنا.

راستەوخۆ چووم بۆ ئەویٚ. سەرەتا (چەتین گیونگیۆر - سەمیر) قسەی کرد: "هەڤالان دۆخەکەیان پیٚ راگەیاندین"، بەلاّم وەکو نەزانیٚت لەکویٚوە دەست پیٚبکات، سەری لیٚشیٚوابوو. سەیر بوو بەلامەوە. ئەو (چەتینە)ی من دەمناسی فرەقسە بوو، بەتایبەتیش لە گفتوگۆ تیۆری - ئایدیۆلۆژییەکاندا زۆر گەرم و کۆششکار بوو. چالاکبوونی لە گفتوگۆکاندا بەردەوام باسی لیٚوە دەکرا. ئەو رۆژانە لەسەر رەڤیزیۆنیزمی مۆدیٚرنی سۆڤییەت سیمیناریشی پیٚشکەش کردبوو. ئەو سیمینارانە زۆر زیندوو و بە ورە بوون. بەشداربوونیٚکی زۆر هەبوو. ئەمیٚستا بۆچی لەسەر مژاری هاوسەرگیری یاخود جیابوونەوە لەناو دۆخیٚکی هیٚندە زەحمەت دایە؟ هەڤاڵ (کەمال پیر) کە ناوبەناو هاتوچۆی ژوورەکەی دەکرد بەم دۆخەی زانیبوو و هاوکاری کرد و گووتی: "ساکینە وەرە، وەرە ئەملاوە با لە هۆڵەکە قسە بکەین" و رۆیشتینە هۆڵەکەوە. بیٚ هیچ راوەستانیٚک دەستی بە قسە کرد. زۆر ئاسوودە بوو لە قسەکردندا و گووتی: "سەرەتا تۆ بفەرموو. دەبیٚت گویٚ لە تۆ بگرین ئەوجار. داوای جیابوونەوەت کردووە. خۆم؛ بەڕاستی بەپیٚی پیٚویست ئاگاداری ئەم بابەتە نیم. جیاوازی ئایدیۆلۆژی هەبووە. ئەو کابرایە ئەندامی HK یە. باشە ئەمە چۆن بوو، ئاگاداری رابردووی بابەتەکە نیم. بە هەر حاڵ لەجیاتی گەڕانەوە بۆ سەرەتا، با لە کۆتاییەکەوە دەست پیٚبکەین. دەکریٚت چی بکریٚت، با بییٚنە سەر ئەوەش".

هەم دەیگووت: دەمەویٚت گویٚ لە تۆ بگرم و هەم بەردەوام بوو لەسەر قسەکردن. لە راستیدا بەمشیٚوەیە باشتر بوو. دیار بوو دەیەویست وام لیٚ بکات بە ئاسوودەیی قسە بکەم. لە جەوهەردا کەسیٚکی بیٚزارکەر نیم، بەلاّم گرفتەکە ئاڵۆز و

باسکردنیشی ئەستەم بوو. بێزارییەکەی ڕەنگی بەڕووخسارم دابوو. هەڤاڵ (کەمال) لەجێی خۆیدا هەستی پێکرد.

ئاماژەم بە گوشاری خێزان و هاوسەرگیری داسەپاو کرد، بەڵام پاشان بە کورتی باسم لەوە کرد کە چوومەتە ناو هاوسەرگیرییەکی نوێوە و گووتم: "خوازیاری نیم، لەژێر کاریگەری هەلومەرجدا هاتە کایەوە، قەدەرگەرا نیم لەو هەڵوێستەمدا، بنەمای یەکێتی لەنێوانماندا نییە.." و هەڵوێستە ناجێگیرەکانی (باقی)م بۆ روون کردەوە. هەڤاڵ (کەمال) دوابەدوای ئەم باسەی من بێ پەنابردنە بەر بێنەوبەرەکردن گووتی: "باشە، تۆ بڕیاری خۆتت داوە و ئەمە راستترینیانە. بەڵام با بەشێوازی گونجاوتر بێت. لێرەدا دەشێ خێزان و کەسوکار گرفت دروست بکەن. باشتر وایە تۆ لە ئەنکەرە لەگەڵ کەسیرە و ئەوان قسە بکەی، دەشتوانی ماوەیەک لەوێ بمێنیتەوە"، و جەختی لەسەر کردەوە کە دەبێت ئۆقرەگر و پشوو درێژ بم، بە حەوسەڵە و ئاقڵانە ئەم گرفتە چارەسەر بکەم.. ئامادەکارییەکانمان زۆری نەخایاند. خۆی تۆزێک تەزووی گرتبووی، دیاربوو کارێکی بەپەلەی هەبوو، وا هەڵدەسوڕا کە پێویستە فریای بکەوێت. لەجێگەی خۆی رانەدەوەستا، جار هەڵدەستا و جار بەئەژنۆدا دەهات. لەوێ دەرکەوتین.

وەکو گرفتەکەم چارەسەر کردبێت ئاسوودەبووم و هێزم وەرگرت. بەڵام خۆزگە وردەکارانەتر قسەم لەگەڵ بکردایە یاخود هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەمجۆرە هەڤاڵانەدا دیالۆگم هەبووایە. ئایا ئاگاداری چارەسەرییەکەی (قیمەت) نەبوون؟ ئەو بۆ من بەدوای "مێرد"دا گەڕابوو. تووڕە بووم لە دڵسافی و بێچارەییەکەی خۆم. چارەسەری شۆڕشگێڕی و "چارەسەری راگوزەری" چەند جیاوازن!

بەشداری تاقیکردنەوەکانی وانە بەجێماوەکانی پۆلی دووی دواناوەندیم کرد. مامۆستاکان ناسراون، تێدەگەیشتن و دەیانزانی بەشداریکردنم رووکەشانەیە و وەک ئامرازێک بۆ تێپەڕکردنی پۆل و وەرگرتنی بڕوانامە بەکار دەهێنم. دەوروبەریشم بە هەمانشێوە. هەڵبەتە لەم نێوەدا منیش هەوڵمدەدا بە حەوسەڵە و پشوودرێژانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەم. تادەهات روونتر دەردەکەوت کە جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکان گەورەترین گرفتی پەیوەندییەکەی نێوانمانە. لە هیچ و خۆڕا خۆم شەکەت و بێ حاڵ دەکرد، پەلەپرووزی و بێ ئۆقرەیی کارەکانی زیاتر بەرەو دووبەرەکی دەبرد و منیش هەستم پێنەدەکرد. هەر شتێکم بکردایە بەبێ پێوانەکردنی سوود و زیانەکانی دەمکرد بۆیە سەرەنجامەکەی زۆری بۆ دەهێنام. کاردانەوەکانیشم زوو رەنگیان دەدایەوە، کە ئەمەش ئاکامێکی باشی نەبوو. دیارە کە هەموو کەسێک هەمیشە ناتوانێت راستی بڵێت. هیواخوازی چارەسەری لەسەر بناخەی رێگرتن لەسەر زەمینی قسەی چەوت، رووکەشی و ناوەختانە و بەهەڵەداچوون بوو.

بەڵێ هەر چۆنێک بێت هەڤاڵان لە رەوشەکە تێگەیشتبوون. منیش قەدەرگەرایانە مامەڵەم نەکرد. کەواتە راست نەبوو هەموو شتێک لێرەدا بەگرێ بکەم و هەموو وزە و توانستم بۆ چارەسەری ئەم پێگەیە بخەمە گەڕ. (باقی) دەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ئێزمیر. منیش دواتر دەڕۆیشتمەوە. لە ئەنکەرە لەگەڵ هەڤاڵانیش دەمانتوانی سەرلەنوێ گفتوگۆ بکەینەوە. گەر بە پێویستیشیان زانی ئەوا دەمتوانی ماوەیەکی تریش لە ئێزمیر بمێنمەوە. ئیتر هیچ شتێک وەکو پێشتر بێزار و تەنگی نەدەکردم. ئەگەرچی هێشتا شتێکی بەرجەستە لە ئارادا نەبوو، لە ئاستی

بیر و فیکردا چارەسەرخوازی قورسایی زیاتری هەبوو. ئەمەش ڕێگەی بۆ ئاسوودەیی ڕۆحی دەکردەوە.

بەر لە گەڕانەوەمان بۆ دێرسیم، لە جومائۆڤا[114] دابەشکردنی زەوی هەبوو. لەناوجەرگەی بۆشایی نێوان ناکۆییەکانی هەڵبژاردنی شارەداری و پارتە سیاسییەکاندا خاوەن زەوی و زار زۆر ببوون. (باقی)یش ببوو بە خاوەنی زەوی. دەیگووت: "خانوویکی کاتی (یاخود بێ تاپۆ) دروست دەکەین، گرفتی کرێ چارەسەر دەبێت" ئەمەی بە باوکیشی گووتبوو، داوای هاوکاری ماددی کردبوو. خۆی گەڕابووەوە بۆ ئیزمیر. منیش مامەم لەگەڵ خۆی دەیبردمەوە، وا ڕێککەوتبووین. بێگومان ئەمەش واتای ئەوە بوو کە پێویستبوو هەتا ئیزمیر بڕۆم.

پێکەوە چووین بۆ ئەنکەرە. (باقی)یش گەڕایەوە بۆ ئەوێ، درەنگ کەوتنەکەی ئێمەی لە دڵ گرتبوو. ماوەیەک لەوێ گفتوگۆمان کرد. لایەنگری گفتوگۆم نییە لەگەڵ (کەسیرە) و ئەوان، شیمانەی دەکرد کە گرفتەکەم بەرەو هەڵدێر بردووە. سەپاندنی جیابوونەوەی بەکاریکی ڕاست نەدەزانی و لەبارێکدا کە کاتم بۆ دەستنیشان کردبوو دەیگووت: "ئامانجت قازانجکردنی من و یەکێتی ڕێکخستنی نییە، ئەگەر وابێت بە سەبر دەبوویت. ئەم کارانە وەها ئاسان نییە، بەدواداچوونی بۆ دەکەم، لێی دەکۆڵمەوە، لەمەدا لەگەڵت ڕاست و دروستم".

مامەم و (محەمەد عەلی) بوونە شایەتحاڵی گفتوگۆکەمان. بەردەوام گفتوگۆ و دەمەقاڵێکردن، بەردەوام قسەکردن لەسەر جیابوونەوە، کاری لەوانیش کردبوو و بۆیە دەیانگووت: "چییە

---

[114] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئیزمیرە کە لە ئێستادا ناوەکەی بۆ مەندەرەس گۆڕاوە.

هێندە گەورەی دەکەیتەوە؟ ئێوە شۆڕشگێڕن، ڕاست نییە هێندە زۆر بۆ یەکتر بهێنن. ئێمەش دڵگران دەکەن".

(باقی) ڕەخنە دەکەن بەهۆی خۆبەستنەوەیەکی گرێبەندانەی بە (HK)وە و منیش بەهۆی قووڵکردنەوەی جیابوونەوەوە. سەرەنجام پێکەوە ڕۆیشتین بۆ ئیزمیر.

لە ڕێدا پێمگووتن: "خۆم گرفتەکە چارەسەر دەکەم، ئیتر گفتوگۆ لەسەر ئەمە ناکەم. خۆم سەرقاڵ دەبم، دوای چارەسەرکردنیشی بە هەڤاڵان دەڵێم چارەسەرم کرد و هاتمەوە" ڕووم لە (باقی)یش کرد و پێمگووت: "ڕاستە؛ لەهەندێک لایەنەوە مافدارن لە ڕەخنەکانیاندا". بەڵام جەخت لەسەر ئەوەش دەکەمەوە کە خۆی پێویستە ئەمجارە بەجددی و دروستی مامەڵە بکات، تەنیا بیر لە یەکێتی نەکاتەوە، پێویستە بیر لە بنەماکانی یەکێتی ڕێکخستنیش بکاتەوە، تەنانەت داوام لێکرد کە جیابوونەوەمان کار لەم یەکێتییە نەکات، بەڕاستیش تەنیا لایەنگری هاوڕێیەتی و هاوڕێبازیم لەگەڵیدا.

## درووشمی "کوردستان داگیرکراوە"؛ سۆسیال شۆڤێنیزمی شیتەڵ دەکرد

لە ئیزمیر دەستمکردەوە بە گەڕان بەدوای کاردا. لە کارگەیەکی هەنجیر لە ئاڵسانجاک دەستم بەکارکرد. شوێنکارێکی بچووک و ژمارەی کیژۆلە گەنجەکانی زۆرینە بوو. دەمانویست لەوماڵەشدا ناکۆکییەکانمان چارەسەر بکەین. پێشنیازی چارەسەرییەکی راگوزەرییانەمان هێنا و گووتم: "با لەقۆناخی لێکۆڵینەوە و بڕیاردان دا لە ماڵی جیاجیادا بمێنینەوە". (ئیبۆ) و ئەوانیش پشتیوانییان لە من کرد. (باقی) لایەنگر نەبوو، بەڵام من بەشێوەیەکی زۆر لەدڵەوە ئەم داوایەم پێشکەش دەکرد و گووتم: "بەڵام ناهێڵین دەوروبەر پێمان بزانن. تازە لە دێرسیمەوە هاتووین، خانەوادەی هەردووکمان لەم بوارەدا زۆر هەستیارن. هەروەها ئەمجۆرە شتانە زوو بڵاو دەبنەوە، باش نابێت. بۆیە لەنێوانماندا دەمێنێتەوە، چەند هەڤاڵێک ئاگادارن و بەس"، هەڵبەتە لەگەڵ (حەیدەری پیرسوسی) قسەمان کرد و ئەویش دەیگووت: "خۆت سەرپشک بە". هەر خۆی ئەوەشی گووت کە هاوکاری (باقی) دەکات و بەردەوام گفتوگۆی لەگەڵ دەکات. ئەم بڕیارە باشترین بڕیار بوو. بە بارەکەی تردا بەردەوام دەمەقاڵەی ناشاز دروست دەبوو.

ئیتر هەردووکمان لە شوێنی جیاجیا و لەکاتی جیاوازدا دەهاتین و دەڕۆیشتین. مانەوەمان لە هەمان ماڵدا واتای نەبوو، ئاستی پەیوەندییە هەنووکەییەکەشی تێکدەدا و تادەهات لاوازتری دەکرد. (باقی) لەئەنجامدا بەبێ دڵخوازی و بە نابەدڵی رازی بوو. ناوبەناو چاومان بە یەکتر دەکەوت. ئەو بڕیارەی وەرمان گرتبوو، تەگەرە نەبوو لەبەردەم دیدەنی، گفتوگۆ، ئەگەر

هەبێت هەلومەرجی پێکەوە کارکردن و هاوکاریکردنی یەکتریماندا. بەپێچەوانەوە پەرەی بە هەموویان دەدا.

من لەلای خێزانێکی ناسراوی (باقی) مامەوە. لە چیغلی، خێزانێکی خەڵکی گمگم (وارتۆ)بوون، خۆیشی لەلای (حەیدەر) و (ئاینور) و ئەوان دەمایەوە، هەر لەو خانووەدا کە بەکرێمان گرتبوو، دەیتوانی لەگەڵ (ئیبۆ) و (سایمە)ش بێت و دەیتوانی بچێت بۆلای هەڤالانی خۆیشی.

رۆژێکیان لە شوێنی کاربووم، پشووی نیوەڕۆبوو. لەو بەشەی کارگەکە کە پێیان دەگووت خواردنگە لەسەر زەوی دانیشتووین و خەریکی خواردنی ئەو چێشتەبووین کە بەسەفەرتاس لەگەڵ خۆمان بردبوومان. کارگەکە خواردنی نەدەدا. لە چێشتخانەکەی بەردەم کارگەکەش دەمانتوانی بە پارە خواردەمەنی بکڕین. هەروەها کولێرە بەقیمە و کولێرە بەڕۆن و کەلانە و شتی لەوجۆرەش دەفرۆشران. چاییەکەشمان بە هەمانشێوە لە چایخانەکەی دەرەوە دەکڕی.

هێشتا تازە دەستمان بە خواردن کردبوو کە وەستای سەرکاری کارگەکە هات و گووتی میوانت هاتووە. لە دڵی خۆمدا گووتم: "مسۆگەر (باقی)یە"، بڕێک خۆم گیرۆ کرد و پاشان رۆیشتم. لەچکێکم بەسەرەوەیە، خۆم پێچاوەتەوە، بەرگێکی سەوزی کارکردنم لەبەردایە، بەدەم دەست خاوێنکردنەوە بەرەو چێشتخانەکە دەڕۆم، چونکە وەستاکە وای پێگووتبووم. کاتێک نزیک بوومەوە کاکەمم بینی، زۆر حەپەسام. باوەشمان بەیەکدا کرد وَ یەکترمان ماچ کرد. کاکەم بەچاوی پڕ فرمێسکەوە: "ناچاربووی لێرە کاربکەیت؟ ئەمە چ حاڵتە، زۆر لاواز بوویت" و زیاتر واقوڕماوم دەکات.

منیش لە وەڵامدا: "ناچارییە، کێ بەخێومان بکات، کارکردن جوانییەکی تایبەتی خۆی هەبوو، من حەزم لە کارکردنە. کاری تریش هەبوو، من نەمویست".

(مەتۆ) ناونیشانی ئێمەی دابوو بە کاکە (حەیدەر)م. کاکەم لە ئەستەنبۆڵ لە بەشی یاساناسی دەیخوێند. هەم بۆ گەشتوگوزار و هەم بۆ دیدەنی ئێمە هاتبوو بۆ ئیزمیر. لایەنی دیدەنییەکەی زیاتر بوو، خواردنی لەگەڵ خۆی هێنابوو. خواردنمان خوارد، قسە و باسێکی نیوە و ناچڵمان کرد. کاکەم وای نیشان دەدا کە خواردن دەخوات، بەڵام دیاربوو نەیدەخوارد، پاروووەکەی دەمی ماوەیەکی درێژ دەجووی، لە قوتدانیشدا دەنگی سەیری لێدەبیسترا. ئاسوودە نەبوو و بە هەموو شتێکیشیدا دیار بوو کە هەندێک شت تەنگەزاری کردبوو. کە منیشی نائاسوودە دەکرد. (باقی)یش ماتماوە. چی روویدەدا؟ هەندێک پرسیاریان لێدەکرد، بەڵام وەڵامی کورت و قەدبڕم دەدەنەوە. نەیدەویست باسەکە بەرەو ئەستەنبۆڵ، خوێندنگە و شتی تر بڕوات، شتی تری لەسەر دا بوو. بەر لەوەی بێت بۆ کارگە، رۆیشتووە بۆ ئەو ماڵەی (باقی) و ئەوانی لێبوون. ئەو ماڵە بوو کە پێشتر پێکەوە دەماینەوە. بێگومان ماڵێکی هەژار و نەدار، لەناوفەرشی ژووری ماڵەکەدا بەڕەیەک راخراوە، چەند نوێن و پێخەفێکی کۆنە، چەند قاپ و قاچاغێک و بەس. مسۆگەر ماڵە تەنیاییەکەی خۆی زۆر خۆش و رێکوپێکە و بەراورد ناکرێت لەگەڵیدا.

چ ئاواتێکی هەبوو؟ وایدەزانی من لە یەکێک لە قاتەکانی باڵاخانەیەکدا، لە ماڵێکی رێکوپێک و لەناو هەموو پێداویستییەک دام؟ خۆ من خۆم شتی وەهام نەویستبوو و نەمدەویست. ئەگەر ماڵێکی وەها هەبووایە هیچ لە دۆخەکە دەگۆڕا، من دەبووم بە ژنێکی خۆشبەختی ماڵەوە؟ نا نەخێر، هیچ یەکێک لەوانە واتای

نەبوو، من لەم بوارەدا دوائەندازە ئاسوودە بووم. نە ئاواتێکی وەهام هەبوو و نەخواست و نە بەدواداچوونیکی وەهام هەبوو. ئەی ئەمەم چۆن بۆ (حەیدەر) باس بکردایە؟ باشتر وابوو بمێنێتەوە، تێکچوونەکەی سرووشتی و کاتیی بوو، ئەویش تێدەگەیشت. بەڵام ئەو هێشتا ئاسوودە نەبوو.

(حەیدەر) دەیگووت: "مۆڵەت وەربگرە با بڕۆین". بێ دوودڵی منیش گووتم "باشە". لەو نێوەندەدا لە هەلێک دەگەڕێم تاوەکو بزانم بۆ کوێ دەچووین. لەکاتێکدا کاکەم سەرقاڵی پارەی خواردنەکە بوو، پرسیارم لە (باقی) کرد. دەیگووت: "ماڵی (ئاینور) و ئەوان شیاوترە"، و هەڵبەتە یەکەمجار هاتووە بۆ ئەو ماڵە. منیش گووتم: "باشە". گریمانی ئەوەم لەلا نەبوو کە هیچ شتێکی تر باسکرابێت، هێشتا بە تەواوی لە کاردانەوەکانی (حەیدەر) تێنەگەیشتبووم، هەوڵی شیکارکردنیانم دەدا. تۆبڵێی بەچی تێکچوو بێت؟ لە دڵی خۆمدا دەمگووت بە هەر حاڵ خۆی هەڵیدەڕژێت و هەوڵمدەدا لەو خاڵەدا ڕێبکەوم لەگەڵیدا.

بە تەکسی تاوەکو سەکۆی بەندەرەکە ڕۆیشتین. لە مژاری پێدانی کرێی تەکسییەکەدا هەلی بە هیچ یەکێکمان نەدا، ئەگەرچی بە قسەش نەیدرکێنێت، بەڵام بە هەڵسوکەوت ڕێگری لێدەکردین. لە سەکۆی بەندەرەکە (باقی) قەرەباڵغییەکەی کرد بە دوو بەشەوە و پسووڵەی کەشتی بڕی. پێکەوە چووینە ناو کەشتیە بچووکەکەوە. کاکەم وەکو بیەوێت هەردووکمان تۆزێک بەتەنیا بمێنینەوە، بۆ (باقی) ڕوانی، پاشان دەستی خستە سەرشانم و بەوردە هەنگاو پیاسەمان کرد. لەناکاو پرسیاری کرد: "ئاسوودەیت، بەختەوەریت؟".

حەپەسام، پرسیارێکی زۆر بیانی، بەلامەوە زۆر غەریبە. مەبەستی لەچی بوو؟ لەبەرخۆمەوە بە ورتەورتێک وەکو تێنەگەیشتبم مامەڵەم کرد.

بەختەوەری!

ئەگەر لە واتایەکی تەنگدا لێکیبدەینەوە، واتا ئەگەر مەبەستی لە هاوسەرگیرییەکەش بووبێت، ئەوا وەڵامم "نەخێرە!" بەلام خودی ژیانم ئەگەرچی زۆر نە ئارەزوومەند و زۆر سادە و ناتەواویش بێت، خۆش بوو. تێکۆشانی شۆڕشگێڕی، بەختەوەرییەکی گەورەی پێدەدام. لە هێزی ژیان و لە جۆشوخرۆشی ئەودا بووم. ئەگەر نا لە پێگەیەکی وەهادا بەتەنیا - هەندێک تەنیاییش هەبوو، قەرەباڵغییەکەی دێرسیم و شێوازیی پەیوەندییەکەی ئەوێی نەبوو - سەرەڕای هەموو شتێک پڕ بە ناخم متمانەم بەخۆم هەبوو، لەم خاڵەدا بێ چارەیی و ناهومێدی نەبوو، هەموو ئان و ساتێکی ژیانم تێکۆشان بوو. ئەمە هێزی بە من دەدا، وای لێدەکردم لەسەر پێیەکانی خۆم رابوەستم.

ئەی چۆن باسی هاوسەرگیرییەکەمان و کێشەکانیم بۆ بکردایە؟ خۆ نەمدەتوانی ئەوەم بەجیا بنرخاندایە! لەلایەک ژیانم هێزی پێدەبەخشیم، لەلایەکی ترەوە جاروبار دەیخنکاندم و بێزارکەر دەبوو. ئەگەر لەو خاڵەدا دەستبەرداری تێکۆشان ببوومایە، ئەوا راستەوخۆ دەبووم بە قەدەرگەرایەک یاخود ژنێک کە لە هەموو روویێکەوە خۆی رادەست کردووە. کاکەم لەخۆڕا ئەم پرسیارەی نەکردبوو. نەمدەتوانی درۆی لەگەڵ بکەم، ئەمە لەکاتێک دابوو کە خۆی باش دەیناسیم و حەتمەن تێدەگەیشت؛ لە دۆخی دەروونی خۆمەوە راستییەکەی بۆ دەردەکەوت. پێمگووت: "دواتر بە تێر و تەسەلی قسە دەکەین، رەوشم باشە. کار دەکەم، کارکردن جوانییەکی تایبەتی هەیە.

پەیوەندیشم لەگەڵ هەڤاڵان هەیە. تیایاندایە لە زانکۆ دەخوێنێت، لەگەڵ ئەوان کۆدەبینەوە. هەوڵدەدەن پەیوەندی بە هەڤاڵانی ئەنکەرەوە بکەن".

دەشبێت گووتەکانم نەبووبێت بە وەڵامی پرسیارەکەی، ئەمە روون و ئاشکرابوو. هێشتا بەدەوروبەریدا دەخولامەوە، نەمدەویست بکەومە ناو بابەتە سەرەکییەکەوە. بەڵام ئەو دووبارە پرسیاری کردەوە: "نەخێر، لەگەڵ باقی نێوانتان چۆنە، لە بابەتەکانی تردا کێشە نەبوو. تۆ هەڤاڵان دەدۆزیتەوە، دووچاری زەحمەتی نابیت". گووتم: "گفتوگۆ دەکەین، هێشتا یەکێتی ئایدیۆلۆژی لەنێوانماندا نەبووە. خۆشتان دەزانن ئەو ئەندامی HKییە، کادیری ئەوانە. لە ساڵی 1975 ەوە هەر دەیگووت لێی دەکۆڵمەوە و بەدواداچوونی بۆ دەکرد. کاتێک کە هات بۆ دێرسیم ئەمەی گووت. لەم بوارەدا جێگیری لە هەڵوێستیدا نەبوو. من بەجیا و ئەو بەجیا کاردەکەین، هەڤاڵ و هاورێ و دۆستانمان جیان. ئاشکرایە ئەمەش کار لە پەیوەندییەکانی نێوانمان دەکات، دەبێت بە کێشە، بەڵام دیارە ئەرێنی بوو. بەڵێنی دا، بەشێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات و یەکلایی بکاتەوە". کاکەم گووتی: "باشە، ئەم رەوشە هێندە رێگرە؟"

بێدەنگ بووم، ئەمەش بەواتای ئەرێ دێت. دەیگووت: "کار شەکەتت ناکات؟ لاواز بوویت، وەرە ماوەیەک پێکەوە برۆین بۆ ئەستەنبۆڵ. ئەوماڵەی بەکرێم گرتووە گونجاوە، لەلای من بمێنەرەوە، پێکەوە دەگەرێین". بێ ئەوەی چاوەرێ بکەم گووتم: "دەکرێت.. باشە".

گووتی: "دەتوانیت بەتەنیا ئەم بریارە بدەیت، پرس و را بە باقی ناکەیت؟".

راستەوخۆ: "بۆچی بڕیار نەدەم، تۆ کاکەمیت، پێکەوە ڕۆیشتنمان هیچ نەهاتێک هەڵناگرێت. پێویست بەدەستوور و ڕازیبوونی ئەو ناکات" و بە سووکی سەری بۆ ڕاوەشاند وەکو بڵێت: "تێگەیشتم".

من تۆزێک هەستم بە کارەکە دەکرد، بە بۆچوونی خۆی تاقی دەکردمەوە، دەیویست زۆر بە وردی لە بارودۆخی من ئاگادار بێت و ڕەوشەکە بەتەواوی یەکلا بکاتەوە. پێویست نەبوو من هەندێک شت بشارمەوە یاخود بە ڕەنگێکی تر نیشانی بدەم. ئەو زۆر لەم جۆرە مامەڵەکردنە پەست بوو. دەشبێت نائاسوودەییەکەی بەم هۆکارە بووبێت. هەمدیسان بەو ئەگەرەوە هەڵدەسووڕام. لە ڕێگە پێداویستی خواردنی ئێوارەمان کڕی؛ گۆشت، سەوزە و میوە. هەر سێکمان کیسەمان بەدەستەوەیە بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتینەوە. ئێمە هەرگیز بەو جۆرە شتومەکێکی زۆر و بۆرمان پێنەدەکڕدرا، لە خەرجکردندا زۆر ورد و دەستگرتوو بووین.

راستەوخۆ چووین بۆ ماڵی (ئاینور) و ئەوان. لە دوو ژوور، هۆڵێکی بچووک و مەتبەخێک پێکهاتبوو، خانوویەکی هەژار بوو. من دەستبەجێ قۆڵم لێهەڵماڵی ڕوومکردە مەتبەخ. بەمجۆرە ڕێگریم لە پرسیارەکانی کرد، بە ئەنقەست وام کرد. پرسیارم لە (ئاینور) و (حەیدەر) کرد: "کاکەم کە لێرەبوو قسەتان لەسەر ڕەوشی ئێمە کرد؟ چونکە زۆر دڵتەنگە؟"

گووتیان: "نەخێر". پاش ماوەیەکی کەم بانگی کردم، هەناسەدانەکەی گۆڕابوو، تۆزێک مابوو بتەقێت. گووتم "فەرموو.... ببوورە خەریکی چێشتلێنانم، تۆزێک ماوە" هێشتا قسەکەم تەواو نەکرد کە بە تووڕەییەوە گووتی: "ساکینە بەسە ئیتر ئەم ڕۆڵکردنەت. تۆ ساکینە نیت. گۆڕاویت" و زللەیەکی

لێدام. برووسکە بە بەرچاومدا دەفڕن. پەشۆکام. دیارە نەک بەهۆی قورسایی دەستییەوە، هەڵوێستێک بوو هیچ چاوەڕێی نەبووم. چی روویدا بوو، وەها (حەیدەر)ی شێت دەکرد؟ سەیر بوو، تووڕەییەکی بەم ئەندازەیە بۆچی؟ بەردەوام: "تۆ ساکینەی جاران نیت، درۆم لەگەڵ دەکەیت. وادەزانیت تێناگەم. هەموو شتێک دەزانم. تۆ لەماڵی باوکت کارت دەکرد؟ باوکم کاری پێکردی؟ ئێستاکە لە کارگە کاردەکەیت. بۆچی خۆت دەخەیتە ئەم رەوشەوە، ناچاری ئەمە نیت".

بەردەوام قسەی دەکرد، دەنگی وەکو دەنگی کوڵەگریانی منداڵێک وابوو.

گووتم: "راستە من ساکینەی جاران نیم. هەمیشە دەتەوێت وەکو باجییەک بمبینیت. مافی ئەوەت نەبوو بەم شێوەیە هەڵسوکەت بکەیت. من درۆم لەگەڵ نەکردیت". بە نیشاندانی (باقی) : "درۆزن ئەوە. لەسەر قسەی خۆی نەبوو، بە ئێوەی گەیاند. دڵنیام بە هەوەسی خۆی بۆی باس کردوون، دڵی ئێوەی بەخۆی سووتاندووە و داوای هاوکاری کردووە. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە راست و دروست بووایە، هیچ یەکێک لەمانە روویان نەدەدا. تەنیا لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری بکەین لەو خاڵانەشدا کە بیر و بۆچوونمان ناتەبا و ناکۆک بوون دەیگووت: باشە، لێی دەکۆڵمەوە و بەردەوام بوو لە دەستخەڕۆکردن. ئێستاکەش بۆ ئەوەی جیانەبینەوە وەها دەکات. پرسیارێکت لەمن کرد، دیارە لەو کاتەدا وەڵامێکی یەکلاکەرەوەم نەدایتەوە. ئێستاکە وەڵام دەدەمەوە، بەڵێ، بەختەوەر نیم. خۆتان هەستتان پێکردبوو. من تەنیا لەگەڵ کەسێک هاوسەرگیریم کردووە کە هیچ یەکێتییەکی ئایدیۆلۆژی و رێکخستنیمان نەبوو و تەنیا هاوبەشی پێخەفین. تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە. لەبەرامبەر بەمەشدا دانبەخۆدا ناگرم.

ناچار نیم. خۆشیان لێرەن، با راست و دروست بن. ئەو دووڕوویەتی لەگەڵ کردین، زۆری بۆهێنام. ئیتر هیچ گرفتێک نەبوو لە ئاگاداربوونتان. هیچ شتێکم نەشاردەوە. تەنیا لەبەر ئەوەی خێزان و کەسوکارمان خەمبار نەبن نەمویست بەکەسی بڵێت، هیچ سوودێکی نەدەبوو. ئێستاکە ئاگاداری هەموو شتێک بوون، بەڵێ لەیەک جیاین، لە شوێنی جیاجیا دەمێنینەوە. هەردووکمان لەسەر سیاسەتی جیاین". هەم دەگریام و هەم بە دەنگی بەرزەوە ئەم قسانەم کرد و لەماڵ دەرکەوتم. دوایین پاس کەمی مابوو، (باقی) کەوتە دوام و دەیگووت: "ساکینە شێتییەک مەکە، بەم شەوە پاس نەماوە، وەرە.. هێور بە".

هەر خۆشم لێ کەڕ کرد و بەردەوامبووم لە گریان. کۆڵان تاک و تەرا. بە راکەڕاک تا شەقامی گشتی دەڕۆشتم، فریای دوایین پاس کەوتم. ناو پاسەکە هێوربوو. پسووڵەی چیغلی گەورم بڕی. ئەرکداری پسووڵەبڕ لەبڕینی پسووڵەدا لە رووخسارمی ڕوانی، باقی پارەکەی دامەوە و جارێکی تر ئاوڕی دایەوە، سەرێکی بادا و رۆیشت. مسۆگەر شتێک لە رووخسارمدا هەبوو سەرنجی رابکێشێت. دەستم برد بۆ ئەو لایەی زلـلەکەی بەرکەوت، نەخێر خوێنی پێوە نەبوو. لە جامی پاسەکەوە تەماشای خۆم کرد، رووخسارم سوور هەڵگەڕابوو، وای بۆ دەچووم کاریگەری گریانەکەشی لەسەر بێت.

لەناو پاسەکەدا زۆرم لە خۆمکرد و هەوڵمدەدا لەبیریان بکەم. چونکە فرمێسکەکانم پێ رانەدەگیران. پاش دابەزین لە پاسەکە، تۆزێک رێڕۆیشتن دڵگیر و ئاسوودەی کردم، لەدڵی خۆمدا دەمگووت خۆزگە رێگەکە درێژتری دەخایاند. کاتێک گەیشتمە ماڵەوە هەموو کەسێک لە خەودابوو. ژنی ماڵەکە

بەچاوێکی زۆر سەیرەوە بۆی دەڕوانیم. پێم گووت: "دواتر قسە دەکەین".

سبەی بەیانی لەدژی (DGM) دادگای ئاسایشی دەوڵەت ڕێپێوانێکی گەورە دەکرا. پێویستە کاتژمێر حەوت لە نشینگەی ناوخۆ - مەیدانی کۆناک لە کەمەرئاڵتی ئامادەبم. لەگەڵ هەڤاڵ (حەیدەر) و (جەلال)و ئەوان ڕێکخراوی (HK)مان بە ناونیشانی کۆبوونەوە دەستنیشان کردبوو. باس لە بەشداریکردنی سەرجەم گرووپەکانی تریش دەکرا. هەروەها جەماوەری گرووپەکانیش بەشدار دەبوون، دیارە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری قەشەنگن. لەبەر ئەوەی ڕۆژی دواتر لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەدا دەرفەتی بینینی هەڤاڵانم بۆ دەڕەخسا، تا دەچوو هێور دەبوومەوە.

بەو ئەندازەیە گریانیشم نابەجێ بوو. شتی وەها دەبوو. تێکۆشان بوو، بەشێوازگەلێکی زۆر جیاوازیش بەردەوامی دەکرد. کاکەم هێشتا خۆی وەکو براگەورەم دەبینی. لەماڵەوە بەمجۆرە نەبوو. مسۆگەر (باقی) دنەی دابوو و دیارە ئەوی بە کەسێکی دڵساف دادەنا و دەیویست خۆی وەها نیشان بدات کە هەمیشە بایەخ بە یەکێتی دەدات، خاوەنداری لە دۆزی کوردستان دەکات و سەرئەنجام بە یەکێتی ئایدیۆلۆژیای دەگەیەنێت...هتد! دوای ئەوەی بەمجۆرە ئەو هەموو شتەی بۆ باس دەکات کە هەر یەکێکیان ڕاستییە گشتییەکان پێکدەهێنن و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی منیشیان لەگەڵ بەراورد دەکات، خۆی لەخۆیدا وەها دەکات من بە هۆکاری گرفتەکان دابنێت و ئەمەش کاکەم تووڕە دەکات.. تۆبڵێی؟..

نا.. نا.. نەخێر ئەوەندەش نا... کاکەم لە بەسەرهات و ژیانی من تووڕە ببوو. (باقی)م نەویستبوو و لەگەڵ کەسێکی تر

دەستگیرانداریم کردبوو. پاشان رامکردبوو و جارێکی تر هاتبوومەوە بۆلای (باقی)، هاوسەرگیری و ئەمیش جیابوونەوە، ئەوی بەو خاڵە گەیاندبوو. سەرباری هەموو ئەمانە لە کارگە کارم دەکرد. ئەی باشە هاوسەرگیرییەکی بەم شێوەیە چ واتایەکی هەبوو؟ هەستی بەمە کردبوو و تووڕە ببوو.

من دەیناسم. نەیدەویست کاری چەوت بکەم، بەهۆی خۆشەویستییەوە، بەو هۆیەی بیری لێدەکردمەوە هێندە تووڕە ببوو. کاتێک قسەی وەهای بە من دەگووت، لەو کەین و بەینەدا سەختتری بە (باقی) دەکرد.

پێی گووتبوو: "لە شۆڕشگێڕیدا بێ ناموسی، دووڕوویەتی جێگای نەبوو. چیت لەم HKیە دەستکەوتووە؟ بەکلکییەوە گیرتانخواردووە و دەڕۆن، هەمووتان هەر بەو رەنگەن. لە خوێندنگەکەی ئێمەش هەن، وەکو سیخوڕ بەکار دەبرێن. تۆ وڵاتت هەبوو، بڕۆ لە وڵاتی خۆت شۆڕشگێڕی بکە. ئەوەی گرفتەکە لەم خاڵەدا قووڵ دەکاتەوە تۆیت، خۆشەویستیت بۆ ساکینە، ساختەکارانەیە. ئەگەر خۆشت دەوێت، دەبێت سیاسەتەکەیشیت خۆش بوێت. دەتناسم، ناجێگیریت، بیر لەوە دەکەیتەوە کە - خەڵک چیم پێدەڵێن؟ ئەی HK چیم پێدەڵێت؟ ئەی کەوابوو شۆڕشگێڕییەکەت لەکوێدایە؟ ئێوە بەخێزانی ئاوەهان. ئیبۆ، محەمەد عەلیش وەهان، حەیدەر، (جەلال) هەمووتان کەوتوونەتە دوای سۆسیال شۆڤێنیستەکان. بڕوانە من سەر بە هیچ رێکخستنێک نیم، بەڵام - بۆچوونی نیشتمانپەروەرەکان راستن و بتانەوێت و نەتانەوێت ئەوان پێشدەکەون".

قسەکانی جوان بوون بۆیە نەمدەتوانی زۆر تووڕە ببم. وازم لەخۆم هێنا و بیرم لە رەوشی ئەو دەکردەوە. گریانەکەی

لەگوێمدا دەزرینگایەوە. تەنیا ئەو جارەی رابردوو کە باوکم تەپلەکی جگەرەکەی تێگرتبوو بەم شێوەیە گریابوو. کەواتە زۆر بەلایەوە قورس بوو، زۆر کاری تێکردبوو. ئایا ئەویش لەماڵ دەرکەوت؟ بەو نیوەشەوە دەتوانێت بڕوات بۆ کوێ؟ تا بەیان خەو نەچووە چاوم. بەیانییەکەی کە هەڵسام هەموو کەسێک سەیری رووخسارمی دەکرد. لە ئاوێنەدا تەماشای خۆمم کرد، وردە سوربوونێک دیارە بە شوێنی زللەکەوە. شتێکی تری پێوە دیار نەبوو. پێمگووت: "لەگەڵ کاکەم یاری مشتەکۆڵەمان کرد، کە لەماڵەوەش بووین زۆر یاریمان دەکرد. ئەو وایدەزانی هێشتا لەماڵەوەین، پێیدا کێشام و وام لێهات". تۆزێک پێکەنین، (حەسەن) وەکو داخی لێهاتبێت سەیری دەکردم. بە ناکۆکییەکانی نێوان من و (باقی) دەزانی. وایدەزانی (باقی) لێیداوم. هیچی نەگووت. وەکو بڵێت "خۆم دەزانم چی دەکەم" تەماشای دەکردم، لە تووڕەییدا کاکیلەکانی جیڕەیان دەهات. بەپەلە نانی بەیانیمان خوارد و پێکەوە دەرکەوتین. پێمگووت: "خۆزگە براژنیش پێی بکرایە بهاتایە". منداڵی بچووکیان هەبوو، وازم لێهێنا. بەخێرایی رۆیشتین و بەرەو شەقامی گشتی شۆڕبووینەوە. هەر تاوناتاوێک تەماشای کاتژمێرم دەکرد و دەمگووتم "فریا دەکەوین". بەدەم رێوە قسەمان نەکرد، هەردووکیشمان لە فیکردابووین.

نەیدەویست خۆی لە قەرەم بدات و لە فیکر و بیرکردنەوەکانم بگات، کەسێکی زۆر بە فیکر و دڵسۆز بوو. (حەسەن)یش کرێکار و رەنجدەر و کەسێکی بەڕێزبوو. لە (تاریش[115]) کاری دەکرد. سێ منداڵی هەبوو، لەدوای

---

[115]: TARİŞ : یەکێکە لە گەورەترین پێکهاتەکانی کار لە  تورکیا کە  زیاتر لە پەنجا هەزار ناوەندی بەرهەمهێنانی بەرهەمە خۆماڵییەکانی لەخۆگرتبوو.

بومەلەرزەکەی گمگم هاتوون. لە رێکخستنی (HK)ی چیغلی کاری رێکخستنی دەکات، تەنیا بۆ راپەراندنی پەیوەندییەکانی خۆیان هەموو ئەم مرۆڤە جوانانەیان لەخۆیان کۆکردبووەوە. ئەمانەیش بەوەی پێیان گووتراوە "شۆرشگێرن" مانگانە ئابوونەیان دەدا، گۆڤارەکانی ئەوانیان دەکڕی. پاشان تا بە کۆمیتەی گەڕەکەکان گەیشتوون. بەڵام تایبەتمەندییەکانی کوردایەتییان لەدەست نەدابوو. کاتێک قسە و گفتوگۆمان دەکرد، پڕ بە دڵ گوێیان لێ رادەگرتین، پەیوەندییەکانمان باش بوون. هەڤالانیش جاروبار دەهاتن بۆ ئەم ماڵە.

مەیدانی (کۆناک) زۆر ورووژابوو. لە سەکۆی بەندەرەوە زۆر بە خێرایی بەرەو کەمەرئاڵتی دابەزین. کۆڵانەکان بەگشتیش هەر قەرەباڵغ بوون، بەڵام ئەو رۆژە بێ ئەندازە بوو. مەیدانی کۆبوونەوە جەماوەرییەکەیە، کرێکاران، خوێندکاران و جەماوەرێکی زۆری لێبوو. مسۆگەر لە گوڵتەپە، چیغلی و قەدیفە قەلاوە بەشداربوونێکی زۆر دەکرا. کار و خەباتی رێکخستنی جەماوەری کوردی تیادا دەکرا، هەموو گرووپەکانی تریش بە ئاسانی دەیانتوانی لەو گەڕەکانەدا کار بکەن.

وەکو بڵێی رێکخراوەکە بۆ دەرەوە گوازرابێتەوە. بەهۆی قەرەباڵغییەوە کەس جوڵەی پێنەدەکرا، بەزۆری خۆم گەیاندە قاتی سەرەوە و چوومە ئەو ژوورەی دەستنیشانمان کردبوو. (جەلال) و (حەیدەری پیرسوسی)ش هاتبوون، یەک دوو گەنجی تریشیان لەگەڵ دابوو. دەیانگووت: "لایەنگری ئێمەن". گووتم: "پێویست بوو یوکسەل و ئەوانیش بهاتنایە"، قسەم دەکرد و

---

هەر چەندە لە سەرەتادا لە ساڵی 1910 لەلایەن کۆمەڵێک کەسی رۆشنبیر و شارەزا و بە رادەیەک سەربەخۆ لە ناوچەکانی ئیجە دامەزرا، بەڵام دواتر دەوڵەتی تورک بە بەرنامە دەستی بەسەردا گرت.

(حەیدەری پیرسوسی) بەواقوڕماوییەوە تەماشای ڕوومەتی دەکردم. ئەوانەش کە لە ڕێکخراوەکە یەکترمان ناسیبوو بە هەمانشێوە تەماشایان دەکردم. (یوسف مەتین) بە دەست ئاماژەی بۆ ڕوومەتم کرد و پرسی: "چی بووە؟"

منیش لەبەرخۆمەوە گووتم: "گوێی پێمەدە، هیچ نییە." (سەما) کە لە ئەرتەمێتان[116] چووبووین بۆ ماڵیان، تەماشای دەکرم، وەڵامی ئەویشم نەدایەوە. تەنیا گووتم: "زۆر قەرەباڵغە زەحمەتە بتوانم باسی بکەم، پاشان..."

(هاشم) و ئەوان هاتن بۆ لام. (حەیدەر)م پێ ناساند. (هاشم) پرسیاری کرد و گووتی: "هەڤاڵانیش نیشتمانپەروەرن؟" بە بەڵێ وەڵامم دایەوە. بەخۆشحاڵەوە دەیڕوانی بۆمان. ئێمەی نیشتمانپەروەرەکانیش ببووین بە گرووپێک. چەند خۆش بوو. (یوکسەل) بە هەناسەبڕکێیەکەوە هات، (ئایسەل)ی خوشکیشی لەگەڵ بوو. دەیگووت: "لەگەڵ باوکم شەڕمان کرد و هاتین".

لە تورکیا، لە ئیزمیر بووین بە گرووپێکی (10)کەسی، هەموویان هەڤاڵ بوون! زۆر شانازیم پێوە دەکرد. لێدانەکەی ئێوارەی ڕابردووم هەر زوو لەبیر کردبوو و ئەگەر ئەوانەی تەماشایان دەکردم بەبیریان نەهێنابامەوە هەر گوێشم پێنەدەدا.

بەپێوە قسەمان دەکرد. لە ڕێکخراوەکە هەر کەسە و بەشتێکەوە سەرقاڵە، مەیدانەکە بووە بەشوێنێک کەس کەسی تیادا ناناسێت. ئەوانی تر هەوڵی تەواوکردنی نووسینی پلانکارتیان دەدەن. تکایان کرد کە ڕێگەیان بۆ بکەینەوە، چووینە بەشی مەنهۆڵەکەوە. بە (جەلال) و (حەیدەری پیرسوسی)م

---

[116] یەکێکە لە شارۆچکەکانی شاری وانی باکووری کوردستان کە دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ ئەدرەمیت گۆڕیوە.

گووت: "لەگەڵ کاکەم تۆزێک دەمەقرەمان کرد، بە هەڵە تێمەگەن، خۆم بەو کابرایە بەلێدان نادەم".

سەرەتا پێکەنین، دواتر جددی بوون و پرسییان: "کاکەت کێیە، کەی هات، هەڤاڵی خۆمانە؟"

لەو سەروبەندەدا کە ئێمە قسەمان دەکرد، کاکەم، (باقی)، (حەیدەر)ی کوڕی (بیبی) و (ئاینور)ی خوشکی هەموو پێکەوە هاتنە ژوورەوە. کاکەم چاوێکی بە دەوروبەردا گێڕا و وەکو بەدوای شتێکدا بگەڕێت دەیڕوانی، بەناو قەرەباڵغییەکەدا هات بۆلام، هات و نەهات باوەشی پێدا کردم و شوێنی زللەکەی ماچکرد و گووتی: "داوای لێبوردن لە دادەم دەکەم، بمبورە، دواتر قسە دەکەین".

من تۆزێک بێزاری دایگرتم. نیگەرانییەکەم بەهۆی دەوروبەرەوەیە، پێدەچێت نەزانن کێیە. پاشان گووتم: "باشە کاکە.. گرنگ نییە" هەوڵمدا تێیانبگەیەنم. ئەوانەی لە نزیکەوە بوون زانییان کە کاکەمە. بە (جەلال) و ئەوانم ناساند، دیارە (باقی) ختوکە گرتبووی، دیمەنی ئەم ئاشتبوونەوەیە دیارە دڵگیری کردبوو. وابیرم لێدەکردەوە کە حەتمەن کاکەم بە بەرفراوانی قسەی لەگەڵ کردبوو. ئەویش هات و بەشداری گرووپەکەی کرد، لەگەڵ هەڤاڵان تەوقەی کرد. واتدەزانی تەنیا ئێمە هەین لەو هۆڵەدا، گرووپێکی زۆر قەشەنگ بوو و بازنەیەکمان دروست کردبوو. گووتم: "دروشممان چییە؟".

(حەیدەری پیرسوسی) دەیگووت: "بمرێت داگیرکەری" دەشتوانین بەشداری لە هەندێک دروشمی گشتیدا بکەین: دروشمی دژە فاشیستی، دژە ئەمپریالیستی بڵێینەوە. تەنانەت خۆشم پێم چەوت نەبوو ئەگەر دروشمی "تورکیای سەربەخۆ"ش بڵێینەوە. بەڵام ئەم کابرایانە لەکوێ دروشمی دژە

شۆڤێنیستی هەبووایە دەیانگووتەوە، تاکە دروشمێک نەبوو تایبەت بە کوردستان بێت. (جەلال) دەیگووت: "کۆبوونەوە جەماوەرییەکە کۆمیتەی ئامادەکاری خۆی هەیە". دروشمەکان هاوبەشبوون، لە ئۆتۆمۆبێلەکەدا لە پێشی پێشەوە بە بڵندگۆیەک دروشم هەڵدەدرا، ئاپۆڕای جەماوەریش دووبارەی دەکردەوە. لەم رەوشەدا ئێمەش دروشمی بەدەر لە دروشمەکانی ئەو کۆمیتەیەمان دەگووتەوە.

(TKP،DDKD، رزگاری) بەشدارییان لە چالاکییەکەدا نەکرد. بەشداریکردنی ئێمە کاریگەری ئەرێنی هەبوو. ئەوانەی دەیانبینین و ئەوانەی هەستیان بە هاتن و بەشداریکردنمان دەکرد، خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی، تۆزێکیش سەرسام دەبوون. گرووپێکی کوردی بەشدارییان لە چالاکییەکەدا کردبوو!. ئەگەرچی هێشتا بەتەواوی جیاوازی نێوان هەڵوێستی (DDKD) و هەڵوێستی ئێمە بەتەواوی دانی پێدانەنرابوو، هاتنمان جێگای بایەخ بوو. بە (خالید)ی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوەکەم گووت: "ئێمە وەکو شۆڕشگێڕانی کوردستانی، لە هەر شوێنێک بین بەشداری لە سەرجەم چالاکییەکانی دژە داگیرکەری، دژە ئەمپریالیستی، دژە فاشیستی دەکەین. وەکو پرەنسیپێک بە راستی دەزانین، وەکو ئەرک تەماشای دەکەین. ئەم چالاکییە لە تورکیا دایە، پشتیوانی دەکەین و بەشداری دەکەین". ئەویش ستایشی کردین. زۆر درێژەمان پێنەدا. دیارە خۆ مۆڵەتمان لێوەرنەدەگرت بۆ گووتنەوەی دروشمەکان!.

جێگەی خۆمانمان لە ریزبەندەکەدا دەستنیشان کرد. لە ریزی پێشەوەدا زیاتر کرێکاران و بەتایبەتیش کرێکارانی ( Kula mensucat) جێگەیان گرتبوو، بە بەیداخ و پلاکارتەکانیاندا

دیار بوو. له‌ راستیدا سه‌راپای زنجیره‌یه‌کی درێژی (HK)ییه‌کان بوو. له‌ رووی ژماره‌وه‌ جه‌ماوه‌ریان زۆربوو، که‌وتینه‌ نێو ئه‌و زنجیره‌یه‌ی ئه‌وانه‌وه‌، ئه‌مه‌شمان به‌لاوه‌ گرنگ نه‌بوو. رێپێوانه‌که‌ له‌ گه‌ڕه‌کی باسمانه‌ی ناوچه‌ی کۆناکه‌وه‌ تا مه‌یدانی کۆماری بوو. قه‌ره‌باڵغ بوو، که‌وتینه‌ جوڵه‌وه‌، ئاپۆڕه‌ و ریزبه‌ند هێشتا رێکوپێک نه‌بوو، له‌کوچه‌ و کۆلانه‌کانه‌وه‌ گرووپی تر به‌ پلانکارتی جیاجیاوه‌ به‌شدارییان ده‌کرد. به‌شێوه‌یه‌کی وه‌ها رێکخستن کرابووین که‌ هه‌موو له‌یه‌ک شوێندا کۆنه‌ده‌بووینه‌وه‌. ئه‌گه‌ری رێگری پۆلیس له‌ ئارادابوو، ئه‌گه‌رچی رێپێوانه‌که‌ مۆڵه‌ت پێدراوبوو، به‌ڵام پۆلیس رێپێوانێکی سیاسیانه‌ی وه‌ها دژه‌ فاشیستی و هێنده‌ قه‌ره‌باڵغی به‌ شتێکی ئاسایی لێکنه‌ده‌درایه‌وه‌.

هه‌موو لایه‌ک پڕبوو له‌ پۆلیس، وه‌کو ئه‌وه‌بوو سه‌رجه‌م پۆلیسه‌کانی ئیزمیر له‌و مه‌یدانه‌ کۆبووبێته‌وه‌. پۆلیسه‌ فه‌رمییه‌کان ئه‌وه‌نده‌بوون، ئینجا پۆلیسی مه‌ده‌نی - نهێنی و سیاسی زۆرتربوون. به‌نێو ئاپۆڕای جه‌ماوه‌ردا بڵاوه‌یان کردبوو. مسۆگه‌ر له‌وه‌ها رێپێوانێکدا به‌دوای لێپرسراو و به‌ڕێوه‌به‌ره‌کاندا ده‌گه‌ڕان. ده‌وڵه‌ت رێگه‌ی ته‌نانه‌ت به‌ بچووکترین دژایه‌تی - ئۆپۆزسیۆنی نه‌ده‌دا. خاسیه‌تی فاشیست - داگیرکه‌ری به‌هه‌موو شتێکی و به‌ هه‌موو شوێنێکییه‌وه‌ دیاربوو. شاری ئیزمیر بوو، گه‌وره‌ شارێکی پیشه‌سازیی بوو. شوێنێک بوو گه‌نجانی زانکۆی تیادا بێشومار زۆره‌. له‌ راستیدا توانستی پێشهاته‌ی شۆڕشگێڕی رادیکالانه‌ی له‌ناخ دابوو. له‌م رووه‌یه‌وه‌ هه‌میشه‌ ئیزمیرم خۆشویستووه‌، له‌ناخی دڵمدا هه‌میشه‌ ئه‌مجۆره‌ هه‌ست و متمانه‌یه‌ی دروست ده‌کرد و به‌ زیندوویی رایده‌گرت.

له گەڕەکی باسمانە کەشوهەوا بەجارێک گۆڕا. هەموو کەسێک لە ریزبەندەکەدا جێگەی خۆی گرتبوو، سەرجەم پلانکارت و بەیداخەکان کرابوونەوە. زۆر قەشەنگ دیاربوو، مرۆڤ حەزیدەکرد لەو ریزبەندە دەربکەوێت و لە بەرزاییەکەوە بۆ جەماوەر و قەشەنگییەکەی بڕوانێت. جۆش و خرۆشی دەبەخشی. یەکدەنگی و رێپێوانی یەکڕیزانەی کرێکار، خەڵکی هەژار و کۆڵنەدەر، بە کورد، تورک، لاز[117]و هەر نەتەوەیەکەوە لەدژی فاشیزم و راپەڕین، دیمەنێکی زۆر قەشەنگ بوو.

ئەگەرچی بەگشتی جیاوازی لە بابەتەکانی کاریگەری توندی سۆسیال شۆڤێنیزم، سۆسیالیزم، شۆڕش، داگیرکەریشدا هەبێت، بچووکترین رووبەڕووبوونەوە، کاردانەوە و تێکۆشان هیوابەخش بوو. تێکۆشانی چینایەتی چەندە سەیر بوو. بە نیاز و ئارەزوو بەڕێوە نەدەبرا. بەخۆت دەگووت: "خۆزگە! خۆزگە ئەم شەپۆلی جەماوەرە لە چوارچێوەی پێشەنگایەتییەکی راست و دروستدا و لەژێر سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕدا بەڕێکخستن بکرایە". بەڵام نەدەبوو. چەپڕەوییەک هەبوو کە لەناو خۆیاندا لە شەڕ و بەربەرەکانێ دابوون، هەر یەکەیان ئەوی تر بە ئۆپۆرتۆنیزم، ریفۆرمیزم و تەنانەت بەولاتریش دەچوون یەکتریان بە دژە شۆڕش تاوانبار دەکرد، راستینەی چەپڕەوییەک کە قورسترین رەخنە و تاوانبارییان لەدژی یەک بەکار دەهێنا زۆر بە ئاشکرا بەدی دەکرا.

---

[117] نەتەوەیەکن و تائێستاش لە هەرێمەکانی نێوان تورکیا – جۆرجیا و دەریای رەشدا نیشتەجێن. مێژووییان بۆ (600)پ.ز دەگەڕێندرێتەوە، ئەم نەتەوەیە کە لەسایەی سیاسەتی عوسمانییەکان تا بە سەردەمی کۆمار و ئێستای دەوڵەتی تورک دەگات بەردەوام سەرکوت و بێدەنگ کراون، هاوکات زمانیان لەلایەن رێکخراوی یونسکۆوە لە لیستی ئەو زمانانەدا دانراوە کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە.

له هەڵوێستیشیاندا بۆ شۆڕشی کوردستان جیاوازیان نەبوو لەگەڵ یەک. پەردەپۆشکردنی سۆسیال شۆڤێنیزم چ سوودێکی دەبوو! گرفتێکی بنەڕەتی بوو کە هەنگاوی پێشکەوتنی هەڵدەگرت، سەرهەڵدانێکی گەورەی لە شۆڕشی تورکیادا دروست دەکرد. لەم خاڵەدا هەنگاوێکی بچووک، هەر هاوکاری، پشتیوانی، دروشمێک تەنانەت گووتەیەکی ئاسایی پێشکەوتنی هاوئاستی قیامەتی دەستەبەر دەکرد. چونکە ئەمە لەناوخۆدا پێشەنگایەتی چینایەتی یەکلادەکردەوە. مێژووی دەخستە سەر ئاراستەیەکی راست، هەڵوێستی راست و دروستی لە راستینەی گەلدا مەیسەر دەکرد. بەڵام زۆر دۆگماییانە هەڵوەستە دەکرا. سۆڤێتی (16) کۆمار، تەنیا پارتێکی ناوەندی (پارتی بەلشەفیک )ی هەبوو. چین، نیمچە داگیرکراو و نیمچە دەرەبەگ بوو، پێشەنگایەتی تەنیا پارتێک (پارتی کۆمۆنیستی چین) هەبوو. لێکدانەوەیەکی وەکو: نیمچە کۆلۆنییەک؛ نابێت بە کۆلۆنی، دەگووترایەوە و هیچی تر.

لەسەروبەندی درێژەی خۆپیشاندانەکەدا جارێکیان لە ریزبەندی (HK)یەکانەوە دروشمی " کۆتایی بۆ زوڵمی سەر گەلی کورد!" هەڵدرا و هەمان دروشم لەسەر پلانکارتێکیش هەبوو. گرووپەکانی تریش دروشمی هاوشێوەی ئەمەیان هەبوو، بەڵام ئەمە وەکو کێشەیەکی سادە، وەکو کێشەیەکی بچووکی شۆڕش و تەنانەت وەکو کێشەی کەمینەیەکیش لێکدانەوەی بۆ نەدەکرا. پلانکارتی "پێویستە نەتەوەکان ئازاد و گەلان یەکێتییان هەبێت" سەرنجمی رادەکێشا. ئێمەش دەمانگووت لەگەڵ گووتنەوەی ئەو دروشمەدا، دروشمی "یەکێتی ئارەزوومەندانە" دەڵێینەوە.

دەست بەگووتنەوەی دروشمەکان کرا و دەنگ مەیدانی دەهەژاند، ڕێپێوانەکە بەسیستەمە. لە سەرەتادا دروشمی " با DGM - دادگاکانی ئاسایشی دەوڵەت دابخرێن" دەگووترانەوە. پاشان "نە ئەمریکا نە رووسیا، تورکیای سەربەخۆ"، "کرێکاران بەرەو مانگرتنی سەرتاسەری". ئەم دروشمە ئێمەشی دەگەشاندەوە. هاوکات کرێکارەکانیشی بەسیاسی دەکرد. هەڵبەتە زیاترین ئەوانە بەجۆش دەهێنا کە دەستیان بە ئاسمانەوە و مشتیان توندتر دەهەژاند. "بمرێت دیکتاتۆرییەتی فاشی، بمرێت ئۆلیگارشی!" بەشداریمان کرد لەگەڵیان. کاتێک ئەوان تۆزێک پشوویان دەدا ئەوجار ئێمە دروشمی:"بمرێت داگیرکەری"مان دەگووتەوە.

سەرەڕای کەمی ژمارەشمان یەکدەنگی و دەنگی قایم و پێکەوە بە سیستەم دەبیسترا. ریزەکانی پێشەوە و دواوەش بەشدارییان کرد. بەمە زۆر خۆشحاڵ دەبووین. دووبارە و دووبارە دەمانگووتنەوە. پشێوییەک سەریهەڵدا، ئەرکدارە پەڕۆسوور لەقۆڵەکانی سەرپەرشتیکاری ریزبەندەکان دەیانەویست بزانن لەکوێوە ئاراستە بە دروشمەکان دەدرا.

گووتیان: "با ئەم دروشمە هەڵنەدرێت، کێیە ئەم دروشمە هەڵدەدات". خۆیان تێهەڵقورتاند. دەمەقاڵێ دەستی پێکرد. ئێمەش دەمانگووت: "ئێمە شۆڕشگێڕانی کوردستانین، دروشمی خۆمان دەڵێینەوە. دروشمێکی زۆر گشتییە و هاوکات بنەڕەتیشە، ناتوانن ڕێگریمان لێبکەن". ئەرکدارەکان زۆر بوون، قسە و دەمەقڕەکان بڵاوبوونەوە و لەگەڵ (حەیدەر) و (جەلال) و (یوکسەل) هەر یەکەمان لە شوێنێکەوە قسەمان دەکرد.

لەولاوە یەکێک گووتی: "بڕیاری تایبەت بە کۆمیتەی ئامادەکارە، بەدەر لە دروشمە دەستنیشانکراوەکان دروشمی تر

هەڵنادرێت. شۆڕشگێڕانی کوردستان لەکوێوە دەرکەوت، ناچارن لەگەڵ سیستەمی گشتیدا بگونجێن".

بە ئاشکرا هەڕەشەیان لێدەکردین. گفتوگۆ و دەمەقرە توندتر بوو. پۆلیس سەرەتا تەماشای دەکرد، ناوبەناو ناسراوەکانمان دەهاتن، ناویان دەهێنا و دەیانگووت: "بڕیاری گشتی هەبوو، پێویستە سیستەم بپارێزین، بڕیاری هاوبەشی ڕێکخستنەکانە، نابێت ئیرادەی ڕێکخستنەکان بە هیچ دابنێن".

منیش گووتم: "ئێمەش ڕێکخستنێکین بەو ئەندازەیەی ئێوە بۆ هەمووانتان دەستنیشان کردووە، بۆمان هەیە ئیرادەی خۆمان دەرببڕین؟ ئەمە چ پەیوەندییەکی بە شۆڕشگێڕییەوە هەیە؟ نابێت ئەمە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانی نەتەوەی چەوسێنەر بێت. ئەرکی خۆمان رادەپەڕێنین. بەشداری سەرجەم دروشمە گشتییەکان دەبین. بەشداری دروشمی - تورکیا سەربەخۆ - بووین. بەڵام ئێوە دروشمی - بمرێت داگیرکاری - قەدەخە دەکەن، لەکاتێکدا پێویستە بیڵێنەوە قەدەخەی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەمان لێدەکەن و هەوڵدەدەن دەستمان لێبوەشێنن. شۆڤێنیزم گەیشتۆتە سەر ئێسقانتان" و ئەو کەسەی پێشتر کەوتبووینە قسەوە، خۆی زیاتر تووڕە کرد و گووتی: "چیتر زیادەڕەوییە".

ئەوجارە پۆلیس خۆی تێهەڵدەقورتاند. کاکەم لەبەرامبەر بەم هەڵوێستەی ئەوان خۆی پێ ڕانەگیرا و کەوتە دەمەقرە لەگەڵیان. لەبەرامبەر بەم هەڵوێستەیان سەرلەنوێ هاوارم کردەوە "بمرێت داگیرکەری"، دروشم تا کۆتاییەکان بڵاو دەبێتەوە، گرووپێکی تری نزیکەی 50 - 100 کەسی بەشدارییان کرد. ئاماژەیان بەوانە کرد کە رووی دەمیان لە ئێمەبوو و پێیان گووتن: "جا چییە ئێوەش بڵێن بژی داگیرکەری" و کاردانەوەیان لەبەرامبەر

نیشان بدەن، پێم گووتن: "ئەوەی ئێوە دەیکەن سوود بە پۆلیس دەگەیەنێت، شەرم بکەن!"

زۆر تەنگەزاریان کردم، بەهیچ شێوەیەک مایەی قبوڵکردن و تەنانەت بڕواکردنیش نەبوو. پاشان لەنێو خۆیاندا یەکتریان هێور کردەوە. کاتێک کادیرەکانی خۆشیان دروشمەکەیان هەڵدا، کشانەوە. بەڵام هەڵوێستی توندیان نیشانی ئەوانیش دا. پێیان دەگووتن: "چی دەکەن، لەناو ڕێکخستندا ڕێکخستن دروست دەکەن؟!" دەیانویست بێدەنگیان بکەن. هەڤاڵان ئاگاداریان کردمەوە: "با نەکەوینە تەڵەوە، دەشێ ئەمانە گێرەشێوێنی بنێنەوە" لەوەڵامیاندا گووتم: "چی دەکەن با بیکەن، ئێمە بە مۆڵەت وەرگرتن لەوان دروشم ناڵێینەوە. ئەم مەیدانە لەژێر پاوانی کەسدا نەبوو، تەنیا شۆڕشگێڕان بۆیان هەبوو پیایدا بڕۆن". هەڵوێستەکەی کاکەم دڵخۆشی کردم، قۆڵ بە قۆڵین، بەدەنگێکی زۆر زوڵاڵەوە دروشمی هەڵدەدا.

لەدڵی خۆمدا دەمگووتم: "شەڕەکە نزیکتری کردینەوە" جاروبار چاوێکم لە لای دواوە دەکرد. زۆربەی ئەوانەی دروشمی "بمرێت داگیرکەری"یان دەگووتەوە ناسراوبوون. (باقی، هاشم، حەسەن، عەلی..) ئەمەش دڵخۆشییەکی تر بوو. ئەو کابرایانە بەدەستی خۆیان پارچەبوونیان لەناوخۆیاندا دروست دەکرد. تێنەدەگەیشتم کە چۆن دروشمی" بمرێت فاشیزم"یان نەدەگووتەوە؟ سەیرە، چیان دەکرد؟ لەبەرامبەر بە دروشمی " پێویستە نەتەوەکان ئازاد و گەلان یەکێتیان هەبێت" دەمانگووت "یەکێتی ئارەزوومەندانە". ئیتر هێرشیان نەکرد. ئێمەش بەشێوازی دنەدانانە درێژەمان پێنەدا.

چووینە مەیدانی کۆماری. پەیکەری ئەتاتورک بە پلانکارت و بەیداخ داپۆشرابوو. گووتاربێژان لەوێ دەستیان بە

پێشکەشکردنی گووتارەکانیان کرد. دروشم قسەی پێدەبڕین. ئێمەش دروشمەکانی پێشترمان دەگووتەوە. جارێکیان هەڤاڵ (جەلال) بە کوردی و بەدەنگێکی زۆر بەرز دروشمی "بژی تێکۆشانی رزگاری نەتەوەی ئەریتیریا"ی هەڵدا. گووتاربێژ لەو کاتەدا باسی لە ئەریتیریا کردبوو. (جەلال) بەردەوام بوو و هاواری کرد " بۆچی باسی کوردستانەکەی بەرلووتی خۆتان ناکەن؟".

ئێمەش بە دروشمەکانی "بمرێت شۆڤێنیزم، سۆسیال شۆڤێنیزم!" پشتیوانیمان لەو قسانەی کرد. خۆپیشاندانێکی بچووکە، بەلام شۆڕشگێڕانەیە، ئەوەی ئێمە هەڵوێستێک بوو. دەمەو کۆتایی خۆپیشاندانەکە (هالۆک)ی ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوی (HK)ییەکان هات، (باقی)یشی لەگەڵ دابوو. وەکو هیچ شتێک روونەدابێت رەفتاری دەکرد، نەیدەزانی لەکوێوە دەست پێبکات، گووتی: "ئەوە رووداوێکی بێتام بوو. ئێمە ئاگادار نەبووین، هەڤالان نەیانناسیون. DDKD ییەکانیش بەشدارییان نەکردبوو. وا بۆی دەچووین کە خواستی گێرەشێوێنی لە ئارادایە. یەکەم جارە ئەمجۆرە دروشمانە دەگووترانەوە، راستە، دەبێت ئێمە هێشتا دروشمی ـ بمرێت داگیرکەری ـ مان لە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆماندا جێگیر نەکردبێت، بەلام کاردانەوە لەبەرامبەر هەڵدانیشی لەجێگەی خۆیدا نەبوو. سبەینێ لە ڕێکخراو لەسەر بابەتەکە کۆبوونەوەیەک دەکەین. بە فەرمی لەوێ داوای لێبوردن دەکەین، بەلام من هەر لە ئێستاوە لەسەر ناوی هەڤالانم داوای لێبوردنتان لێ دەکەم".

هەڵوێستێکی باش و مایەی خۆشحاڵی بوو. هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە وەها بوو. کەواتە ئاسایی بوو، ئەوانە ئاگایان لە

یەکتر نەبوو. لەناو خۆماندا دەمانگووت: "باش بوو گەورە نەبوو"، ئەم هەڵوێستەیان کاکەمی خۆشحاڵ دەکرد. بەمشێوەیە ئێمەش لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا هەلی خۆدەربڕینمان دەستکەوت. دەمانگووت: "بەلانی کەم دەبێتە مایەی گفتوگۆ و گرنگی زیاتر بەدەست دەهێنێت".

لەکاتی ڕێپێوانەکەدا کابرایەک پرسیاری کرد: "کێن ئەم شۆڕشگێڕانەی کوردستان؟" هەڵبەتە بە تووڕەیی و کاردانەوەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی زیاتر نیگەرانی دەکردن؛ درزەکەی نێوان ڕیزەکانی خۆیان بوو. ئەگەرچی دەشیانگووت پێویستە ڕێزیان لێبگیردرێت، بەڵام زیاتریش کادیرە کوردستانییەکانی ناو ڕیزەکانیان لە ئەگەری دەرکەوتنە دەرەوەی بڕیاری ڕێکخستن نیگەرانی کردبوون. ئەگەر گرفت هەڵدانی دروشمێکیش بێت، وەرگرتنی هەڵوێستی جیاواز بۆ خۆیان گرنگ بوو. ئەگەر چەوت بێت بۆچی دروشمێکی وەها دەگووترا، کە بێگومان گووتنەوەکەی هەڵوێستی بەرامبەر بەخۆیانی مسۆگەر دەکرد. دروشمێکم بێ بوونی بڕیاری ڕێکخستن بە (دروستکردنی ڕێکخستن لەناو ڕێکخستن) لێکدەدرایەوە. کاردانەوەکەیان ئاشکرابوو. زیاتریش لەوە تووڕەببوون. با وابێت ئەمەش هەنگاوێک بوو. (باقی)یش هەستی بە جددیەتی ڕەوشەکە کردبوو. زیاتر لەو تووڕە ببوون. ئەمەش هەنگاوێکی تر بوو. ناکۆکییەکان گرفتەکەی زیاتر دەخستە بەر وتوێژ و زیاتر لێکەڕینی دروست دەکرد. دەمگووت بەڵکو هەڵوێستی (باقی) یەکلا ببێتەوە.

چالاکییەکە کۆتایی هات، خۆپیشاندان بڵاوەیکرد. لەگەڵ کاکەم بۆ دواجار پێکەوە نانمان خوارد. (جەلال) و (حەیدەری پیرسوسی)ش ئامادەبوون. کاکەم سەرلەنوێ بابەتەکەی

کردەوە، هێورتر قسەمان کرد. دیاردەکانی بەختەوەری، خۆشەویستی و یەکێتی بەم وتوێژە زیاتر یەکلا ببووەوە.

لێرەدا گووتم: "من باشم نەکرد، مادام لەماڵەوە رامکرد، پێویست بوو بڕۆیشتمایە بۆ شوێنێکی جیاواز. هەوڵم دەدا لە پەیوەندییە باو و نەریتییەکان دابېڕێم، بەڵام کەوتبوومە ناو سیستەمی پەیوەندییەکەوە کە هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵیدا. هەموو ئەنجامی ئێش و ئازار و دۆخی دەروونییەکەی بوو. بینیم کە (باقی) لەم قۆناخی بەدواداچوونەمدا هاوکارم نییە و بەپێچەوانەوە سوودی وەرگرتووە. ویستم خۆم رزگار بکەم، شڵەژام، سەرم لێشێوا، نەمتوانی بەتەنیا لەژێر ئەو بارە دەربکەوم. هەڵوێستی دەوروبەر کاریگەری دروست دەکرد. جاروبار بێ هیچ بیرکردنەوەیەک لە ئەنجامەکەی، هەموو شتێکم دەکرد بە دووژمنی خۆم، جاروباریش هەست و سۆزەکانم ئاراستەیان پێدەدام. تا کۆتا داکۆکیکردن لە خاڵێکدا کە بە چەوتم دەزانی و پاشگەزبوونەوەش بەدوای بینینی زیانەکانی دا؛ دوو ئەنجامی جیاوازی دەردەخستە پێش:

یەکەمیان راستەکەیان بوو. بێگومان دەشێت لەو رێبازەدا کەموکورتی و تەنانەت هەندێک زیانیش بەدی بکرێت، بەڵام لە دۆخێکی وەهادا باشترین رێگە ئەوەیە کە بە کەمترین زیان، خۆت بە راستییەکان بگەیەنیت. لە دووەمیاندا پێدەچێت شکست بێتەڕێ یاخود باجی قورسیشی هەبێت. لەلای من باجەکان هەمیشە قورس و سەخت بوون، رێباز و شێوازەکانم مایەی قورسترکردنیان بوون. دەمتوانی بهاتمایە بۆلای ئێوە. لەلای هەڤالان لە ئەنکەرە دەمتوانی پێداگری بکەم و بمێنمەوە. ئەو کاتە تووشی ئەو هەموو بەسەرهاتە نەدەبووم".

دوو لایەنە هەوڵی تێگەیشتنی راستمان دەدا. کاکەم ئاماژەی بەوە دەکرد کە لەم بوارەدا رێزدارە، سەپاندن کارێکی راست نەبوو، ئیتر پێویستە لەسەر (باقی) بەڕاست و دروستی بڕیاری خۆی بدات. (حەیدەر)یش دەیگووت: "بە بەرفراوانی قسەی لەسەر دەکەین، گرفتەکە چارەسەر دەبێت. پێویستە ئەوەندە گەورە نەکرێتەوە".

ئەو ئێوارەیە کاکەممان بەڕێکرد. دەیگووت کە دەچێت بۆ ئەنکەرە و لەوێشەوە دەڕواتەوە بۆ دێرسیم. بەڵێنی دا کە بچێت بۆلای هەڤاڵان. بەڵێنی ئەوەشی دا لەماڵەوە هەرچییەکی پێبکرێت بۆ رازیکردنی خانەوادەکان بیکات. دیارە رازی ببوو، کەواتە کێشە نەبوو. ئیتر دەمتوانی بڕۆم بۆ دێرسیمیش. دەمگووت: "تەنیا ئەوەندەش بەسە کاکەم تێبگات کە یەکێتی شۆڕشگێڕانە ئاسان نییە، ئەگەر بناخە ماددییەکەی نەبێت، ئەوا لەوێدا خۆشەویستی و بەختەوەری فەراهەم نابێت و ئەمەش خۆشحاڵم دەکات. پێویست بکات دەتوانم لەگەڵ هەموو کەسێک وتوێژی لەسەر بکەم و بۆ هەموو کەسێکی باس بکەم" و تادەهات متمانە بەخۆبوونەکەم زیاتر دەبوو.

کارەکەی ئاڵسانجاک لەجێی خۆی مایەوە. نزیکتر و لەسەر رێگەی بۆرنۆڤا لە کارگەی ترێ دەستم بەکار کرد. بە بێکاری نەدەچووە سەر، چونکە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیان دەکرد. جاروبار بەشی پسوولەی پاسەکانیش پارەمان بۆ نەدەمایەوە.

رۆژی دواتر چووین بۆ رێکخراوی سەر بە (HK - رزگاریخوازی گەل) لە کەمەرئاڵتی. کۆبوونەوە دەستی پێکردبوو. (خالید) روونکردنەوەی سەرەتای کۆبوونەوەکەی راگەیاند، کە لەو چوارچێوەیەدا کۆبوونەوەکە سەرەتا لەسەر

بابەتەکانی دەرەوە و پاشان لەسەر بابەتەکانی ناوخۆی ڕێکخراوەکە دەبوو و پاشان گووتی: "وەکو هەڤاڵان دەزانن خۆپیشاندانێک بەبەشداری سەرجەم فراکسیۆنەکانی تر بەدەر لە DDKD، ڕزگاری،TKP ئەنجامدرا. ڕێپێوانێکی کراوە بوو بۆ سەرجەم هێزە دژە فاشیستەکان و ڕێپێوانێکی فرەجەماوەری بەڕێوەچوو. ئەمە خۆپیشاندانی هەزاران کەسی (دژە فاشیستی) بوو. هەڕەشەیەک بوو بۆ دەسەڵاتی فاشیست! پەردە لەسەر کردە و کاری (DGM - دادگای ئاسایشی دەوڵەت)ی فاشیست هەڵماڵدرا. گومانی تێدا نەبوو کە لەو دادگایانەدا دۆزی شۆڕشی گەلی کورد و تورک هەیە و ڕۆڵەکانیان دادگایی دەکرێن. دەوڵەت زوڵمی بەسەر گەلی کورد پەیڕەو دەکات، هەر تەڤگەرێک کە ڕەچاوی ئەمانە نەکات و لە بەرنامە و پەیڕەو و پڕۆگرامی خۆیدا جێگەی پێنەدابێت نابێت بە تەڤگەرێکی شۆڕشگێڕ. ئێمە وەکو ڕزگاریخوازنی گەل پرسی نەتەوایەتیمان خستۆتە پڕۆگرامەوە و خستوومانەتە بەر گفتوگۆیەکی چڕوپڕەوە. لە ئایندەیەکی نزیکدا تێڕوانینەکانمان بەشێوەیەکی کۆکراوە و ئامادە رادەگەیەنین. لەم خاڵەشدا دەتوانین لەگەڵ هەڤاڵان (مەبەستیان لە ئێمەیە) تاوتوێ بکەین. لە ڕێکخراو، لە کۆبوونەوەیەکی بچووکتردا دەبێت. کۆمیتەی ئامادەکاری خۆپیشاندانەکە لە نوێنەرانی گرووپە بەشداربووەکان پێکدەهات. ئەو کۆمیتەیە نوێنەرایەتی ئیرادەی هەموو تەڤگەرەکانیشی دەکرد. دروشمی دەستنیشانکراو هەبوون، ئەوانە زۆر نەگووترانەوە، لەگەڵ ئەمەشدا گرووپەکان دروشمە سەرەکییەکانی خۆیان گووتەوە".

لەدرێژەیدا نەک لەبەر ئەوەی ناوی گرووپەکەمانی نەدەزانی، بەڵکو لەجیاتی بە موخاتب وەرگرتنمان دەیگووت "هەندێک

هەڤاڵی کورد" و بەوەش جەوهەری هەڵوێستی خۆیانی دەرخستەڕوو.

"لێرەدا هەندێک هەڤاڵانی کورد، دروشمی جیاوازیان بەرزکردەوە. دروشمی (بمرێت داگیرکەری) هەڵە نەبوو، دروشمێکی گشتیە، گەر پێویست بێت بە ئاشکرا بڵێین، لە ئەنکەرە هەڤاڵانی ئێمەش ئەم دروشمەیان بەرزکردۆتەوە. بەڵام ئێمە لەم بوارەدا هێشتا بە بڕیار نەگەیشتبووین. بڕیاری ناوەندیمان بەدەست نەگەیشتبوو، بۆیە ئەو دروشمەمان نەگووتەوە. لە رووی رێسای رێکخستنەوە راستییەکەی بەو شێوەیە بوو. بەڵام هەندێک لە هەڤاڵان لەم مژارەدا سۆزداریانە مامەڵەیان کرد و وەکو بڵێی لەناو گرووپدا گرووپیان دروست کرد. لە زەمینەی تردا رەخنەکانمان ئاراستەی ئەو هەڤاڵانەمان دەکەین و هەڵوێستی پێویست وەردەگرین.

بەڵام هەڵوێست لەبەرامبەر بە هەڤاڵانی کورد راست و لەجێی خۆیدا نەبوو، هەڤاڵانی سەرپەرشتیکاری ریزبەندی خۆپیشاندانەکە دەیانتوانی تێگەیشتووانەتر مامەڵەیان بکردایە. شیمانەی ئەوە دەکەین کە ئەندامانی گرووپەکانی تر لەڕیزی ئەو هەڤاڵانەدا هەبوون کە کاردانەوەیان نیشان دەدا. بەناوی هەڤاڵانەوە داوای لێبوردنیان لێدەکەین." بەمەش لەڕووی خۆیانەوە یەکەمین رۆژەڤی کۆبوونەوەکەیان تێپەڕ دەکرد.

ئێمەی هەر دوو هەڤاڵیش گووتەی خۆمان پێشکەش کرد. بە وەبیرخستنەوەی ئەرکی شۆڕشگێڕانی نەتەوەی چەوسێنەر (مەبەست لە نەتەوەی تورکە - و)، هیوا و چاوەڕوانی و هەروەها خواستی هاوکاریی خۆمان دەستنیشان کرد. رەخنەمان لە بەشدارنەبوونی (DDKD)ییەکان گرت لەوەها خۆپیشاندانێکدا. بە ئاماژەکردن بەتایبەتمەندییە چینایەتییەکانیان

جەختیشمان لەسەر کردەوە کە ئەوان نوێنەری شۆڕشی کوردستان نین و ئێمەش تا کۆتا لەدژی خەسڵەتی نەتەوەپەرستی بۆرژوای بچووکیان تێدەکۆشین. کارێکی نەرێنی نەبوو. لەنێو خۆماندا ئەم هەڵوێستەیانمان وەها لێکدەدایەوە کە لە ئەنجامدانی پلاتفۆرمێکی وەهادا ئامانجیان هەر چی دەبێت با ببێت، هەر حیساب و کتابێکیان دەبێت با ببێت، کارێکی ئەرێنی بوو. هاوکات هەوڵە سەیر و سەمەرەکە لەلایەن (باقی)یەوە ئەنجام دەدرا، دەیگووت: "منیش هەڵوێستی هەڤاڵانی نیشتمانپەروەر رەخنە دەکەم. لەم واتایەدا ئەم کۆبوونەوەیە ئەرێنی بوو. شتێکی ترم نەبوو لە سەری زیاد بکەم. گەر بێینە سەر ئەو هەڵوێستەی ئێمە وەرمانگرت، راستە هەڵوێستێکی یەکجار سۆزدارییانە بوو، لە رووی ئۆبژێکتفییەوە (دروستکردنی گرووپ بوو لەناو گرووپدا) لەقۆناخێکدا کە بابەتی نەتەوەیی خراوەتە بەرباسەوە و تەڤگەر لەناوخۆیدا هێشتا بە بڕیار نەگەیشتووە، هەڵدانی دروشمی (بمرێت داگیرکەری) سەرپێچی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیە. وەکو خۆم ئەو دروشمە بە هەڵە نازانم، لەو بڕوایەش دام کە لەم بوارەدا بڕیارێکی ئەرێنی دەستەبەر بکرێت".

ناچار بوو روونکردنەوەیەکی وەها بکات؟ هەر لەسەرەتاوە راگەیەندرابوو کە ئەو گرووپە گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێت. (باقی) شەرەف و ناموسی چ شتێکی رزگار دەکرد؟ ئەو هەڵوێستە لەو ساتەدا کاردانەوە و تووڕەبوونێکی گەورەی لەمندا دروست کرد. دەیویست بەمە بەچی بگات. گوایە (سۆزداریانە مامەڵەمان کرد کە ئەم دروشمەمان هەڵدا !...) چەند سەیرە! ئەمانە هێندە پابەندن بە پەیڕەو و پرۆگرامی رێکخستنەکەیانەوە؟ ئەمە بوو رەوشتبەرزی لە سیاسەتدا؟ بەدوور لە راستینەی گەلەکەی

خۆیان وەکو پشتیان تێکردبێت هەنگاویان دەنا، دیاریش نەبوو بەرەو کوێ دەچن. ئەمە دەبوو بە رەوشتبەرزی، دەبوو بە شۆڕشگێڕی، بەڵام لەشوێن و کاتێکدا کە پێویستە خاوەنداری لە راستینەیەک بکرێت، دەربڕینی بەدڕەوشتی بوو!

شێوەگرتنی شۆڕشگێڕانی نەتەوەی چەوسێنەر لەسەر زەمینی سۆسیال شۆڤێنیزم و دۆخی دەروونی و کاردانەوەکانی هەرگیز مایەی پەسەندکردن نەبوون. ئەمانە چیان لەدەست دەچوو؟ هەستی دەسەڵاتداری؟ نەخێر، ئەوەی بەدیدەکرێت لەم خاڵەدا هەر ئەمانەبوون وەکو حەماڵ و کۆڵبەر کاریان دەکرد. لەکاتێکدا کە بە هەڵوێستی پراگماتیستانە و بە دنەدان بەکاردەبران و زیاترین راکەڕاک و هەڵپەیان پێدەکران، کەچی تۆزێک هەوڵ و تەقەلای پسپۆڕبوون و پەرەسەندنی کەسێتی خۆیانیان نەدەدا! ئەی کەواتە بەم ئەندازەیە خۆچەوساندنەوە و خۆنواندنە، بەم ئەندازەیە خۆف و نیگەرانییەیان لەچی؟

دەرکەوتین. چونکە لەوە زیاتر مانەوە لەوێ و گوێگرتن لەو شتە پڕووپووچانە مانای نەبوو. بەرلەوەی دەربکەوین لەگەڵ (حەیدەر) و ئەوان قسەمان کرد. پێشهاتەکانمان بە ئەرێنی نرخاند و گووتمان ئەگەر هەر هیچیش نەبێت قسەوباس و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، رۆژەڤیان دەگۆڕێت. لەلایەکی تریشەوە لە راستیدا لەناوخۆیاندا ناکۆکیشیان زۆر بوو، نەیاندەویست دەریببڕن. (باقی) و ئەوانیش دیارە چاوەڕێی چۆنێتی و ئاستی هەڵوێستی دەوروبەرن لەبارەی (پرسی نەتەوەیی)بوون کە لە سەروبەندی بەفەرمی راگەیاندنییدا بوون.

(حەیدەر) دەیگووت: "دەشێت دابڕانێکی گشتگیرانە بێتە ئاراوە، (باقی) سیاسییانە مامەڵەی کرد". من زۆر لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا نەبووم، کەمیش بێت دەمناسی. بەڵام هاوڕاین لەسەر

درێژەدان بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو گرووپەدا. بەلای منەوە چەندە بشیانویستایە ناکۆکییەکانیان بەرەو ڕووی دەرەوە دابخەن، ئەگەر نەتوانن ڕازیان بکەن ئەوا سەرلەنوێ هەمان گرفتیان دەهاتەوە بەردەم. جارێکی تر ڕێزم بۆ کۆمۆنیستەکانی فەڕەنسا دانا، بەغیلیم پێبردن و یادم کردنەوە. بە (هۆشمین) دەڵێن: "بڕۆن شۆڕشی ڤێتنام بەرپا بکەن". تێکۆشانی ڕزگاری نیشتمانی شوێنە داگیرکراوەکانی ئەفریقیا، بە تەقەلا و هاندانی شۆڕشگێڕانی نەتەوەی چەوسێنەر پەرەدەسێنێت، کادیرە پێشەنگەکان؛ پشتیوانی و هاوکاری مەعنەوی لێوەردەگرن. دیارە ئەگەر (دەنیز) و (ماهیر) و هەڤاڵانیان لەژیان دابوونایە، هیچ کام لەمانە ڕوویان نەدەدا.

## لێرەدا کەوانەیەکی تر دەکەمەوە.. (..

ئەمڕۆ 8ی ئادارە! کەشوهەوایەکی باراناوی هەبوو، لەدوێنێ شەوەوە دەبارێت، لەبەرزاییەکانیشدا بەفرباریوە. زستانی زاپ سەیرە. ئەمساڵ دەمانگووت هەر زستانمان نەبینی، کەچی سەرلەنوێ کەش و هەوا تێکچوو. هەڤالان وەکو پێویست لە کەشوهەوای رۆژێکی خۆشدا 8ی ئاداریان پێ پیرۆز ناکرێت. ماوەیەک بوو ئامادەکاری رێوڕەسمی پیرۆزباییان دەکرد، نازانم ناوەڕۆکی پیرۆزباییەکە چییە، بەڵام گرنگ کرانەوەی تێکۆشانی رزگاری ژنە بەڕووی قۆناخێکی نوێدا. نمایش، رێوڕەسم، پیرۆزبایی، هەموویان کاتێک واتادارن کە بەو ناوەڕۆکە بگەن.

لەچوارچێوەی تەڤگەری ئازادیدا، لەئاستی سەرۆکایەتیدا تەڤگەری ژن بونیادنراوە؛ پەیوەندی بەشۆڕشەوە، پەیوەندی بە جەوهەرکردنی راستەوخۆی سۆسیالیزم و ئازادییەوە و پەیوەندی بە تیۆری و ئایدیۆلۆژیا و هەموو بوارەکانی ژیانەوە دروستکراوە و کراوە بە شێوازێکی ژیان. بەڵام ئەمە لە ئاستی پێکهاتەی کادیر و ئەندامانیدا دەستەبەر نەبووە. بەتایبەتیش ژن خۆی لەبەرامبەر بە تەڤگەری ژنی شۆڕشگێڕ هەڵوێستەیەکی زۆر بەهەڵەداچووی کردووە، ئامانجێکی وەهای لەلای خۆی گۆڕیوە بۆ مەبەستێک. لە کوردستانیشدا پێشتر هیچ تەڤگەر و خەباتێکی بەکۆمەڵ و رێکخراوەیی دیکەی ژنان بوونی نەبوو کە تایبەتمەندی جیاوازی چینایەتی هەبێت. دیاردەی ژن پشتگوێ خرابوو و خودی ژنیش خرابووە پێگەیەکەوە کە دووچاری زیاترین شکست هاتبوو. بۆیە مەرجە لەسەر زەمینەی رێبازی

شۆڕشگێڕی گەشە بکات. لە ڕاستیدا ئەمە بەرچاوترین تایبەتمەندی شۆڕشی کوردستانە. ئەم ڕاستینەیە کە لە گوزارەی بەنرخی "شۆڕشی کوردستان، شۆڕشی ژنە"دا بە دەربڕی خۆی دەگات، لە هەمانکاتدا پێشکەوتنێکی گەورەی ئازادییە. ئەو لایەنە گرنگەیەتی کە سەرکەوتن مسۆگەر دەکات.

ئەمڕۆکە چەند هاوڕێی ژن بەجددیی و بە قووڵی بیر لەمە دەکەنەوە؟. بەتاسەیەوە نیم، بەڵام بە ئازارەوە هەستی پێدەکەم و دەزانم کە هێشتا زۆر دوورین لێیەوە. کۆمەڵێکی زۆر لە ژنان لەسەر شاخەکانن و لەنێو سیستەمی سوپایەک دان. ئەم لایەنە سەرفرازی بە مرۆڤ دەبەخشێت. هێزێکی چەکداری شەڕ، ناچارە بەشەڕێکی هێندە زۆر و زەحمەت ئازادی بەدەست بهێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوورکەوتنەوەیەکی گەورەش لە ئازادی جێگای باسە، و بەلاڕێدا کەوتنێک هەبوو کە ئازادی و ڕزگاری لە چەنگاوەرییەکی تەسک و قەبادا گیر دەکات. پێشەنگایەتی نەبوو، ژن بە خۆخستنە شوێنی پیاو هەوڵی ڕاپەڕاندنی ئەمەی دا، سەری نەگرت.. زیانێکی زۆری گەیاند. ئەمێستا ئەم سوپایە بەهەوڵ و تەقەلا ڕاستەوخۆکانی (سەرۆکایەتی) بەڕێوەدەچێت. بەڵام ژن ناچارە زۆر بەباشی بزانێت ئاراستەی بەرەو کوێیە و پێویستە چۆن بەڕێوەبچێت، ژنانی سەدەی بیستەم ڕزگارییان لە تێکۆشانی هاوبەشدا و لە گیانی گەورەی هاوکاریدا دەستەبەر کرد. وەکو ڕەگەزی چەوسێندراوە، پێکەوە تێکۆشانیان بەبنەما وەرگرت! تاوەکو لەواتای ئەمە تێنەگەن، شینەکەنەوە و بەتوندوتۆڵی پابەند نەبن بە هەنگاوە پێویستەکانییەوە؛ 8ی ئاداریش پیرۆز ناکرێت. ئەمە سەرەکیترین تایبەتمەندی 8ی ئادارە و ئەو لایەنەیەتی کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ دەژی. هاوڕێکانم کۆبوونەتەوە، هەرچەندە

قەربالغییەکی زۆر جوان پێکدەهێنن، بەڵام لەپێناوی رزگاری ژن رۆحجوانی هاوبەش و یەکێتی بە پرەنسیپانەی و بەرپرسیارێتییەکەی بەدی ناکرێت، ئەمە هێشتا زۆر لاوازە. لەم خاڵەدا شکست هەبوو و بەگشتی زیان بە تێکۆشانەکەمان دەگەیەنێت.

قسەمان لەسەر هەڤاڵ (بێریتان)، هەڤاڵ (عەزیمە) و چەند هەڤاڵی تر کرد، وەکو گرووپێکی بچووک لە هەڤاڵان یادمان کردنەوە. جۆشوخرۆش، هەوڵ و کۆششکاری، پابەندی و خواستی پێشکەوتن و سەرکەوتن لە کەسایەتی (بێریتان)دا چەندە جوانە. لەهەر پێگە و مەیدانێکدا ئەوی لێبوایە، خۆشەویستی هەبوو، گووتارەکەی دەبووە پردێک بۆ راپەڕین و یەکگرتنی لایەنە هاوبەشەکانی. زیرەکی، چەلەنگی، لێهاتوویی، رەنجدەری، بەردەوام بەدواداچوونی بۆ پێشکەوتن، هەڵسەنگاندنی لە شیکارەکانیدا، سۆزی دەربڕینی جەوهەری خۆی و زیندوویێتییەکی گەورە و بێوێنە...هتد هەموو ئەمانە خۆشەویستری دەکرد. کچێکە شۆڕشگێڕێک بوو و (بێریتان)ی سەرجەم کوڕ و کچە جوانەکان بوو.

هەڤاڵ (عەزیمە)، واتا مامۆستا (میهرەبان)، هەرچەند بەدرێژایی ساڵان لەشاخ ناو بەناو تەنیا کرا، خۆی تەنیا کرد. بەڵام سەرباری هەموو لایەنە پاشکەوتووەکانیشی، وەکو ژنێکی جەنگاوەر، وەکو فەرماندارێکی ژن هەمیشە لەسەر پێ بوو، شەڕی کرد. مرۆڤی رێکخستن بوو. زۆر لایەنی ناکۆکمان لەنێواندا بوو، بەڵام هەمیشە رێزم لە بەهرەی رێکخستنی و گەورە جەنگاوەرییەکەی گرت و متمانەم پێکرد. مرۆڤ لەگەڵ

ئەم جۆرە هاوڕێیانەدا رێدەکات، لەناو تێکۆشان و شەڕیشدابێت هاوبەشی هەستی بەرپرسیارێتی پێکەوە لە ئەستۆگرتنی دۆزێکین.

ئەمڕۆکە هیچ لە چاوەڕوانی "دەسکە نێرگز"دا نەبووم، بەڵام بەدوای ژینگەیەکی جوان و گەرمی هاتنە لایەک دا گەڕام، بیرم کردووە و تا سەر ئێسقان هەستم بە گیانی تێکۆشان و یەکێتی 8ی ئادار دەکرد. یادی (کلارا)، (رۆزا)م کردەوە. پڕ بە دڵم و بە گوڕی تێکۆشانەوە؛ سڵاوم لە (لەیلا قاسم) کرد کە لەژیاندا کاریگەری لەسەرم هەبوو..

**..و کەوانەکەم داخستەوە..)...**

## بەرخودانی کرێکاریی، مانگرتن و زیندان

بەڵێ، ئەو ململانێ و ناکۆکییانەی لە ئیزمیر دووچاری هاتبووم، زیاتر تیژ و بەبڕشتی دەکردم. دەبووم بە کەسێک کە لەکاتێکدا دوور لە وڵات و ڕێکخستن، بەڵام لە هەرکوێیەک و لە هەر هەلومەرجێکدا دەبێت بابێت لە ئاستی خۆیدا ئەو ڕێگە و ڕێبازە دەپارێزێت و بەبڕواکردن بەوەی بەشێکە لەو، خۆی خستە ناو هەمووشتێکەوە. لەگەڵ بەشێک لەوانەی "لەناو گرووپدا گرووپیان دروست دەکرد" لەناو HKییەکاندا، لە ئینجیرئاڵتی یاخود لە شوێنە گونجاوەکاندا کۆدەبووینەوە پەڕتووکمان دەخوێندەوە و گفتوگۆمان دەکرد، کە زیاتر کەسانی بەرەچەڵەک دێرسیمی بوون. بۆ منیش دەبوو بە باشترین پەروەردە. ئەم خوێندنەوە، لێکۆڵینەوە، گفتوگۆکردن، بەئاگابوونی تیۆری و ئایدیۆلۆژییە؛ لەناوخۆیدا هاوکاری دەکرد تا بە سیستەمێکی دەستنیشانکراو بگات. بەڵام هێشتا بەشی ئەوەی نەدەکرد بکرێن بە ماڵی ڕێکخستن و بە ئەنجامی نەدەگەیاند.

دواجار بابەتی نەتەوایەتی کە ماوەیەکی زۆربوو بانگەشەی بۆ دەکرا لە گۆڤاری (ڕزگاری گەل)ی (HK)ییەکاندا بڵاوکرایەوە. لە ڕاستیدا (باقی) نامیلکە نافەرمییەکانی پێنیشان دابووم و خوێندبوومەوە، ئەوەی لە گۆڤارەکەدا چاپکرابوون کورتکراوەی باسەکانی نامیلکەکە بوو. گفتوگۆ و لێکدانەوەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام ڕەخنە و گفتوگۆکان بۆ بنەمای بەرجەستە دەگەڕێندرانەوە. (HK) کە بە ڕاپرسی چارەسەرکردنی بابەتی نەتەوایەتی خستبووە بەردەم خۆیەوە،

راستییەکی حاشاهەڵنەگر بوو کە بەوەها هەڵسەنگاندنێکی مردوو و مایەپووچەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی پێدروست نەدەبوو. بە هێنانەوەی نمونەی سوێد - نەرویج فتوایان لەسەر کوردستانێکی مردوو دابوو. جیانەبوونەوە یان جیانەبوونەوەی گەلێک کە کۆیلایەتی بە چارەنووسی خۆی دەزانێت، دانانی پێناسەی ئازادی بۆ ئەو گەلە و وەکو هەڵبژاردنێکیش دەستنیشان کردنی ئازادی و پێشکەشکردنی تا بڵێی دەستەواژە و پێناسەی دووربوون لە راستییەوە.

مووچڕکە بە رۆحی سۆسیالیزمدا دەهات! بڕوانامەی سۆسیال شۆڤێنیزم دەدرا بە شۆڕشگێڕێتی نەتەوەی چەوسێنەر. ئەمانە لە رێکخراو، ماڵ و خواردنگەی زانکۆکاندا زۆر گفتوگۆی لەسەر دەکرا. لەم قۆناخەدا دەستی کرد بە هەڵوێست وەرگرتن لە چوارچێوەی ناموسی کوردایەتیدا. لەنێو خۆشیاندا گفتوگۆیان دەکرد و ئەم گفتوگۆیەش بەردەوام بوو. لەبارەی یەکێتییەوە شێلگیری و دڵسۆزیم تاقی دەکردەوە و وادەینواند کە بڕوای هەیە بەوەی لەنێو پەیوەندی نزیکتردا ئەنجامی باش بەدەستدەهێندرێت. هێشتاش کاتی دەستنیشانکراو کۆتایی نەهاتبوو، بەڵام لەماڵێکدا جارێکی تر کۆبووینەوە. (محەمەد عەلی)، مامەم، (ئیبۆ)، (مەتۆ)هاتنە دیدەنیمان. لە نێرگزی ئیزمیر، دوو ژووری خانووی خانەوادەیەکی خەڵکی شارۆچکەی پلور (ئۆڤاجک)ی دێرسیممان بەکرێ گرت. خۆیان ژوورەکەی تری هەمان ماڵەکەیان بەکار دەهێنا و شوێنەکانی تریشیمان بە هاوبەشی بەکاردەهێنا. لە کرێکەی کەم دەکردەوە. ماڵێکی تر گرانتر دەبوو. بەو شێوەیە سەرنجیشی رانەدەکێشا، ماڵێک بوو لەدەرەوە کەشخە و لەناوەوەش کەمێک بەتاڵ بوو.

دوو کچیان بەناوی (ساکینە) و (زاهیدە) و کوڕێکیان هەبوو، دایک و باوکیان لە ئەڵمانیا بوون. (زاهیدە) لەوکاتەوەی لە پلور بوون هەواداری (TİKKO)یەکان بوو. بەم هۆکارە (ئیبۆ) وەکو ئەندامێکی عەشیرەتەکەی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ دەکرد. (ساکینە)ی کچە بچووکەکەی ماڵ زۆر پەیوەندیدار نەبوو. ماوەیەک پێکەوە لە کارگەی ترێ کارمان کرد. ئەم کارە ماوەیەکی کەمی خایاند. لەو شوێنکارەدا ڕێکخستن زۆر ئەستەم بوو، شوێنکارێکی بچووک بوو، بەڵام خستبوومە مێشکمەوە. بەدوای کارێکدا دەگەڕام کە بەرخوردانی کرێکاران ڕێکبخەم و خودی خۆم پێشەنگایەتی ئەو ڕێکخستنە بکەم، ئەمە حەزێکی گەورەبوو، جۆشێکی جیاوازی پێدەبەخشیم.

دوایین جار لەسەر ڕێگەی بۆرنۆڤا لە کارگەیەکدا دەستم بەکار کرد. لەگەڵ (گولسوم)ی (HK)یی پێکەوە ڕۆیشتین. ئەم کارانە تۆزێکیش لەلایەن (باقی)ەوە دەستنیشان دەکران، چونکە گرووپەکەی ئەوان دەیانزانی کام کارگە پێویستی بە کرێکارە، یاخود کرێکار وەردەگرێت، یان لەکوێ زەمینەی کار هەیە. کارگەی هاوبەشی تورک ـ ئەڵمان بوو، کارگەی (Slep) بوو. لەناو خۆیدا لە چەند یەکەیەک پێکهاتبوو، کرێکارێکی زۆر و کارمەندی تایبەتی هەبوو. کارگەیەکی بە سیستەم بوو کە هەر لەدەروازەوە تاوەکو دەچوویتە ناو کارگەکە سەرجەم کاروبارە پێویستەکان جێبەجێ دەکران و سیستەمی سەرپەرشتیکردنی کاری تیادابوو. لە ژووری جلگۆڕیندا تایبەت بە هەر کەسێک دۆلابی ئاسن هەبوو. پۆشاک و بەرسنگ لەبەر دەکرا و کڵاوی سپیش لەسەر دەکرا و بەوشێوەیە دەستوور دەدرا بچیتە ژوورەوە. ناوبەناو (20) خولەک بۆ چای خواردنەوە و (25) خولەکیش بۆ نانی نیوەڕۆ پشوو دەدرا. لە ساتی خواردندا بە

راکردن دەچوویت و لە ریزدا دەوەستایت و پاش وەرگرتنی خواردنیش بەخێرایی تەواوت دەکرد و دەردەکەوتیت، بێگومان ئەوانەی لەدواوە دەمانەوە هەرگیز خواردنەکەیان تەواو نەدەکرد و تێر نەدەبوون. سەرجەمی کارمەندەکانیش لە هەمان چێشتخانەدا نانیان دەخوارد. کارگەکانی تر کە تیایدا کارم کردبوو بەم شێوەیە نەبوون، ئێمە نەماندەزانی خاوەن کار یاخود کارمەندە تایبەتەکان چی و لەکوێ دەخۆن.

هێواش هێواش سەبارەت بەوەی کێ هەبوو و کادیری کام گرووپانە هەن زانیاریم پەیدا دەکرد. کادیری (TKP و TİKKO) و زیاتری خۆی کادیری (HK)بیەکان هەبوون. پیاو و ژن تێکەڵاوبوو. پێویست بوو ئەزموون لە شوێنکارەکانی تر وەربیگرایە. لەم خاڵەدا یەکتریشمان ئاگادار دەکردەوە. هاوکات کارمەندەکانی ئەو کارگەیە لە زۆر شتدا تابلێی توند و توندڕەو بوون.

هەموو بەیانییەک لەماڵەکەمان لە نێرگزەوە تا سەر شەقامی گشتی رامدەکرد. نەمدەویست پاسی تایبەت بەگواستنەوەم لەدەست بڕوات. ئەم کارە لە کارەکانی تر زیاتر زەوق و خۆشی هەبوو. بەرخودانی کرێکاران ئامانجی مسۆگەرمانە. لەگەڵ (عومران)، (گوڵستان)، (مەخمورە) و چەند کرێکارێکی تری شۆڕشگێڕ؛ لایەنی هاوبەشمان بوو. (مەخمورە) کچە پەنابەرێکی بوڵگار، قژ زەرد، چاوشین و جوان و سەرنجڕاکێش بوو. هەروەها دەستڕەنگین و لێهاتووش بوو. ئەو پێشتر دەستی بەوکارە کردبوو. متمانەی دروست کردبوو و ببوو بە وەستای سەرکار. بوون بە وەستا لە کارگەکاندا سوود و گرنگی خۆی هەبوو، ئەگەر بە وردی کاربکات دەتوانێت ماوەیەکی درێژخایەن بێ ئاشکرابوون بمێنێتەوە. ئەم گرووپە پەیوەندییان لەگەڵ

(TKP)ییەکان زۆر باش نەبوو. (نەسرین)ی (TKP)یی رادیکال نەبوو، چەمکی تێکۆشانی سەندیکاییان کاریگەری لە هەڵوێستەکانی ئەویش کردبوو. خۆی نزیک نەدەکردەوە، لە هەوای نهێنیبووندا بوو، بەڵام گرفتی سەرەکی لۆژیکی هەڵوەستەکردنی بەرخودانی بوو.

لەو بەشەی ئێمەدا قوماش پارچە پارچە دەدوران و دوایین شێوەی پێدەدرا، دواتر دەپێچرایەوە و ئامادە دەکرا. هەر بەشێک وەستایەکی هەبوو و بەردەوام سەرپەرشتی دەکرا. بێگومان سیستەمێکی وەهایان دانابوو کە تەنیا خولەکێک دەست بەتاڵ نەدەبوویت. ریزی پێشوو پارچەیەکمان دەدرووت و دەستبەجێ لەسەر مێزەکانی تەنیشتمان داماندەنان، ریزی دووەم پارچەیەکی تری دەدوری، تاوەکو تەواوی پارچەکان دەردەکەوتن، سیستەم بەمشێوەیە بەردەوامی دەکرد. بەپێی ئەم شێوازەی کارکردن، بەشێوەیەکی گشتی هەر کرێکارێک موچەی کاری (8) هەشت کاتژمێری وەردەگرت. هەر کەسێکیش ئێشکگری بکردایە پارەی زیاتری وەردەگرت. بەڵام ماوەیەک دواتر هەر کرێکارە و بە ئەندازەی ئەو پارچەیەی دروستی دەکرد پارەی پێدەدرا، ئەم کارە کێبڕکێی گوڕ دەکرد. هەر کرێکارە و بۆ ئامادەکردنی پارچەی زیاتر، هێزێکی زۆر گەورەی بەکاردەهێنا. لەپاڵ ئەمەشدا جۆرایەتی "کەوالیت" گرنگی بەدەستدەهێنێت، تەقەڵی ناشاز راستەوخۆ پارەی لە رۆژانەی کرێکارەکە کەمدەکردەوە. پارە هەفتانە دەدرا، لە دەوروبەری (250، 270، 300) لیرە دەدرا. لەمە زیاتر نەدەبوو.

کرێکارەکان ئەندامی سەندیکای تەکسیف[118]ی سەر بە (تورک ـ ئیش) بوون. لەو برە پارەیەی دەدرا بەکرێکاران بەلانی

---

[118] سەندیکای کرێکارانی پیشەسازی درومانی، رستن و چنینی تورکیا.

کەم بۆ (10) شوێنی جیاجیا لێی دادەشکێندرا. بۆ سەندیکا، بۆ گرێبەندی دڵنیایی کار و بۆ خواردن..هتد. دوای ئەمە بڕێکی کەمی لێدەمایەوە. کرێکار هەبوو (10 ـ 12) ساڵ بوو کاری دەکرد، بەگشتی هەموویان لەم سەپاندنە نیگەران بوون. لەگەڵ ئەمەشدا هەلومەرجی کار فشاری قورسی لەسەر کرێکارەکان دروست دەکرد. بۆ نانخواردنێک تەنیا نیو کاتژمێرێک نەدەهێڵدرایەوە. راکەڕاکێک بوو و تەنیا خاوەنکارەکان کەڵکییان لێوەردەگرت. بڕێک پارەش بۆ دەم شیرین کردن دەدرا بە وەستاکان. هاوشێوەی شوێنکارەکانی تر لێرەش رۆڵی سەرکار "پاترۆنی"یان دەگێڕا. بەڵام هەندێک وەستاش هەبوون کە ماوەیەکی درێژبوو کاریان دەکرد و لەولاشەوە خەباتی رێکخستنییان دەکرد. لەپشووە زۆر کورتەکەی چایخواردنەوە و نانخواردندا پێمان دەزانی. کەسانی ناسراوی دەوروبەرم لەگەڵ ئەوان ئاشنایان دەکردین.

ئەگەرچی بەشێک لە کرێکارەکان لەخەمی ژیانی خودی خۆیشیاندا بوون، بەگشتی توێژێکی کراوەبوون بۆ بەسیاسی بوون، گرفتەکانیان دەبینی و بەرخودانی کرێکاران بە کاریگەر بوون. لەم رووەوە لە دروستکردنی دیالۆگ و پەیوەندیدا تووشی گرفتێکی ئەوتۆ نەدەبووینەوە. لە ماوەیەکی کورتدا هەر یەکێکمان دەوروبەرێکی باشمان بەدەستهێنا، هەر لایەنێکی ئەرێنی و پێویست سەرنجی رابکێشایە هەوڵی زۆرکردنیمان دەدا. بەدەر لە بەشێکی کەمیان، ئەوانی تر تازە دەستەواژەی کورد و کوردستانیان دەبیست.

زۆر بە ئاشکرا بە کادیرەکانی ناو رێکخستنم دەگووت: "وەکو شۆڕشگێڕێکی کوردستانی کار و خەبات دەکەم، بۆ گەشەکردنی بەرخودانی کرێکاران لە هەموو کارگەکاندا هەر

چییەک پێویست بێت ئامادەم و ئەمە بە ئەرکی خۆم دەزانم". لێرەدا ئامانج ئەوەبوو لەجیاتی ئەوەی کرێکاران بەناوی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە رێکبخرێن، لەسەر بنەمای گرفتە سەرەکییەکانی خۆیان رێکدەخران و بە رەخساندنی راپەڕین لەبەرامبەر بە دەسەلات، بەگشتیش سەبارەت بەخاڵەکانی ناساندنی گەلی کوردستان و راستینەی ژیانی و هەروەها دەرککردن بە واتای پشتیوانیکردن، هۆشیاری و گووتاری پێویستمان پێشکەش دەکردن. بەڵام دەشمگووت: "پێویستە ئەم کارە پێکەوە، لەسەر ئەم بنەمایانە و لەچوارچێوەی ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانەدا جێبەجێ بکەین". لە پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئەواندا ئامانجم شکاندنی کاریگەرییەکانی شۆڤێنیزم بوو و دەشمویست ئامانجەکانی خودی خۆیان وەبیر بهێنمەوە. هەڵبەتە هەموویان روانگەی گرووپەکانی خۆیان چۆن بووایە، ئەو چوارچێوەیەیان بە بنەما وەردەگرت. بەڵام هەڵوێستی من هەم سەرسامیان دەکات و هەم وایان لێدەکات لە ئاستی خۆیانەوە لە پشتیوانییەکی ئەرێنی و راپەڕاندنی هەندێک کاری هاوبەش دابن.

هەلومەرجی رێکخستنی مانگرتن بەپێی پێویست لەبار و رەخسابوو. گرنگ ئەوە بوو بەشێوەیەکی راست ئاراستە بکرێت و بەکاریگەر بێت. مەرجە کارێک بێت نوێنەرایەتی بەرژەوەندی سەرجەم کرێکاران بکات و بەلانی کەم ئاستی رازیکردنی زۆرینەیان بەشێوەیەکی بەرجەستە ببیندرێت. لە هەندێک لە کارگەکاندا رووداوگەلێکی زۆر بۆ شکاندنی مانگرتن دەهاتنە ئاراوە، لە ئەنجامدا مانگرتنەکە بە ئامانجی سیاسی خۆی نەدەگەیشت. لێرەدا تایبەتمەندییە چینایەتییەکانی ئەو گرووپە و روانگەیان بۆ تێکۆشانی سەندیکایی و بەرخودانی کرێکاران رۆڵی دەستنیشانکەری دەگێڕا.

ناکۆکیە ناوخۆییەکانی نێوان گرووپە چەپڕەوەکان، نامۆبوونیان لە یەکتر، لەجیاتی دۆزینەوەی لایەنی هاوبەش؛ ڕەشکردنەوە و لەکەدارکردنی یەکتر، هەڵوێستی قووڵکردنەوەی ناکۆییەکان و برەودان بە جیابوونەوە و خەسڵەتە نەرێنییەکانی تریان وەکو خۆی ڕەنگدانەوەی لەکارگەکاندا بەدی دەکرا. ئەمە خۆی لە خۆیدا هێزی سیاسی و مەعریفەی کرێکارانی پارچە پارچە دەکرد و بێ متمانەیی دەچاند. لەجیاتی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر سەبارەت بە کێشە جەوهەرییەکانیان و ڕێکخستن و خستنەگەڕیان، تەنیا هێندە کاریان دەکرد کە داواکارییەکانیان هەندێک ئابووری و ئامانجە سیاسییەکانیان لە ئاستی دروشمدا دەمایەوە و لەناو پێشبڕکێیەکی زۆر سەیر و سەمەرەدا بەدوای ژمارەی سەر "کەڵلەوە" بوون. ئەم خەسڵەتانەیان زۆر دیار و بەرچاو بوون. جێبەجێکردنی ئەم کردارەیان لەبەرامبەر بە منیش هیچ مانایەکی نەبوو، ئەو کارتەم لەدەست دەرهێنابوون. هەر لەسەرەتاوە پشتیوانی و پێکەوە تێکۆشانم بەبنەما وەرگرتبوو. هەر شتێکم بە ڕاست بزانیبا، بە خواست و بەگوڕتر و زیاتر لە خۆیان بەشداریم دەکرد. ئەمەش هەڵوێستە جەمسەرییەکانی ئەوانی دەمبەست دەکرد، چونکە ئەوانیش خۆشیاندەویستم.

جاروبار لە کۆتایی هەفتەدا لەشوێنێک کۆدەبووینەوە. ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بەشداریم نەکردایە لە کۆبوونەوە تایبەتەکانی ئەواندا، بە هەمان ناوەڕۆکەوە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردم. تەنانەت جاروبار ڕێگرییەکیان نەدەبینی لە بەشداریکردنمدا. گفتوگۆمان لەسەر کاروبار و خەباتی ناو کارگەکە دەکرد و بە بەرنامەیەکی هاوبەش دەگەیشتین. کاری سەرەتامان تۆمارکردنی لە سەندیکای دروومانی سەر بە

(DiSK) و هەروەها لە جیاتی دەستنیشانکردنی نوێنەرانمان لەلایەن کەسانی ترەوە، رەخساندنی هەلومەرجی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خۆمان بوو. دوابەدوای ئەمانە دەستمانکرد بەکارەکانی پڕووپاگەندە و جاڕدان و چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکان و لێرەشەوە مەیلی گشتییمان دەستنیشان دەکرد. لە سەندیکا کادیری سەر بەو گرووپە هەبوون. بە ئەندازەیەک لەگەڵ ئەوان پێکەوە ئەم کارەمان رادەپەڕاند.

لەم نێوەدا دیدەنییەکی چاوەڕوان نەکراو هاتە پێشەوە. چاوەڕێم دەکرد هەڤالان پەیوەندیم لەگەڵ ببەستن. بەلاّم شیمانەی ئەوەم نەکردبوو بۆ ئەم کارە (شاهین دۆنمەز) بێت بۆ لام. لەگەڵ (حەیدەری پیرسوسی) لەبەردەم کارگە چاوەڕێی منیان دەکرد. لەو کاتەدا منیش بۆ تۆمارکردن لە سەندیکای دروومانی واژۆم کۆدەکردەوە. کرێکارێک پێیگووتم میوانت هەیە، دوور نەبوون، چاوێکم بە دەوروبەردا خشاند، بەڵێ، (شاهین دۆنمەز)و (حەیدەر). دەستبەجێ پێنووس و تیانووس "دەفتەر"ەکەم رادەستی هەڤاڵێکی ترم کرد و چووم بۆلایان.

بەختەوەریی ئامادەکارییەکانم رەنگی بە هەموو هەڵسوکەوتێکمەوە دیاربوو. هەڤالان لە ولاتەوە هاتبوون، کە بەواتای دروستکردنی پەیوەندییەکی راستەوخۆ دەهات. سواری پاسێک بووین و رۆیشتین بۆ ماڵەکەمان لە نێرگز. (شاهین) کە لە دەرەوەڕا تەماشای خانووەکەی کرد گووتی: "تابلێی کەشخەیە"، بەلاّم کە هاتە ژوورەوە پەشیمان بووەوە لە قسەکەی. دیارە وایدەزانی ماڵێکی پڕکەلوپەل و راخراوە. پارچە فەرشێکی کۆن راخراوە، جاجمەکەی لای خۆمان زۆر لەوە کەشخەتر بوو. پارچە فەرشێکی رووتاوە و پەڵەی سووتاوی لەسەر بوو، چەند قەرەوێڵەیەکی بێ تەل و بێ پێخەف هەبوو.

کە ئەمەی بینی گووتی: "ڕێک وەکو ماڵی کرێکارێکە، وەکو ماڵی کەسی سەڵت وایە"، بەم شێوەیە لە قسەکەی سەرەتای پاشگەز بووەوە.

(حەیدەر) باسی لە پەیوەندییەکانمان و کارەکانی تا ئەو کاتەمانی بۆ کردبوو. (شاهین) لەناو قسەکانیدا وای نیشان دەدا کە لەمانە ئاگادارە. پێشهات و گۆڕانکارییەکانی وڵاتی بۆ باسکردین. گووتی ڕۆژانە بەشداریکردن لە زیادبوون دایە. هەڤاڵان لە شارەکانی وەکو (دیلۆک-عەنتاب)، (ئێلیح-باتمان)، (ڕۆحا-ئورفا)، (مێردین-ماردین)، (دێرسیم-تونجەلی)، (قەرس-کارس)، (ئامەد-دیاربەکر) کار و خەبات رادەپەڕێنن. هەر کە هاتە سەر ئەو باسەی توێژی گەنجان بە خێرایی لە گرووپەکانی تر دادەبڕێن و دێنە ریزەکانی ئێمەوە، دەستبەجێ مژاری ناکۆکییە ناوخۆییەکانی (HK)ییەکانم خستە ڕۆژەڤەوە. جەختم لەسەر کردەوە کە ئەگەر بێتوو قسەیان لەگەڵ بکرێت ئەوا مسۆگەر ئەگەری هاتنیان بۆ ناو ریزەکانمان زۆرە. ناوی (هاشم) و چەندێکی ترم پێدان.

(دەمیر) و ئەوان کادیری توندڕەوی (HK)بوون. باسی (عەلی شان)، (حسێن) و (دەمیر)ی کرد. هێشتا لەو سەردەمەدا ماڵمان لە شوقە سەربازییەکە بوو ئەوانم دەناسی. پێمگووت: "بەڵام ئەگەر هاشم بێت بۆ لامان ئەوا کاریگەری لەسەر ئەو خێزانەش دەکات". باسم لە مامۆستا (ئایسەل)ی خوشکی هەڤاڵ (مەزڵوم)[119] کرد. بێگومان نەچوومە ناو باسی ناکۆکییەکانی

[119] مەزڵوم دۆغان: لەدایکبووی 1958 لە ناوچەی دەپ "قەرەقۆچان"ی سەر بە شاری خارپێتی باکووری کوردستانە و یەکێکە لە کادیرە پێشەنگەکان و دامەزرێنەرانی(PKK) ، شەوی نەورۆزی 1982 لە زیندانی ئامەد لە چالاکییەکی فیداییدا شەهید بووە، بەر لە چالاکییەکەی لەسەر

ماڵەوە. خۆی پرسیاری کرد: "باقی، ئیبراهیم چیان کرد؟" رووی کردە (باقی) :"هێشتا بەکلکی HKیەکانەوەیت؟". (باقی) بە ورتە ورتێک لەبەرخۆیەوە: "نەخێر لەگەڵ ئەوەدا نیم تاوانبار بکرێم بەوەی بەکلکیانەوەم. گفتوگۆی لەسەر دەکەین. لەگەڵ ساکینە زۆر تاوتوێمان کرد، لە راستیدا خاڵی هاوبەشیشمان هەبوو. رێکخستنی جیاواز رێگر نەبوو، دەتوانین هەندێکی تر قسەی لەسەر بکەین".

خۆم نەمویست ئەو بکەوێتە ناو بابەتەکەوە. (باقی) هەمان ئەو شتانەی دووبارە دەکردەوە، (شاهین)یش بە هەڵوێستی: "دەتوانین قازانجی بکەین"، بەبێ ئەوەی لەناواخنی کێشەکە بگات، بەهەندێک داوەری گەیشتبوو. پاشان (شاهین) گووتی: "پێم باشە بە بەرفراوانی قسە بکەین" (باقی) تێکچوو. لەکاتی چێشتلێناندا (باقی) پێیگووتم: کە کەسێتی (شاهین)ی خۆشنەویستووە، قسەکانی بێتام بوون و لەو بڕوایەشدا نەبوو هەڵوێستی راستەقینە و چارەئامێزی هەبێت لەبارەی گرفتەکانی نێوانمان و گووتیشی: "با هەندێکیش متمانەمان بە خۆمان هەبێت، خۆمان چارەسەری بکەین، کەسی تر نەخەینە نێوانەوە، یەکگرتنەوەمان نارەخسێنێت". کاردانەوەم لەبەرامبەریدا نیشان دا و گووتم: "ناتوانیت بە هەڵوێستی پێشداوەرییانە مامەڵە لەگەڵ هەڤالانم بکەیت، تۆش چەندین هەڤاڵی خۆتت هێنا، قسەمان کرد، دەمویست بە هەموو لایەنەکانییەوە ئەم بابەتە لەگەڵ هەڤالانم تاوتوێ بکەم، با بزانن، ئێمە کێشەی جیاوازمان نەبووە و ناشبێت!" ئەویش گووتی: "خۆت دەزانیت" بە هەموو شێوەیدا دیاربوو کە بە ئەندێشە و نیگەران بوو.

---

دیواری ژووری زیندانەکە دەنووسێت: "تەسلیمییەت خیانەتە، بەرخودان ژیانە".

بەجیا لەگەڵ (شاهین) قسەم کرد. بەتەواوی وردەکارییەکانییەوە بەسەرهاتەکانی ماوەی رابردووم بۆ باسکرد. لە دێرسیمەوە دەستم پێکرد، مۆڵەتیشم پێنەدا کە ناوبەناو بەپێی خواستی خۆی بابەتەکە بگۆڕێت. لەبەرامبەر بەوەدا پێمگووت: "گوێبگرن دەمویست هەموو شتێکتان بۆ باس بکەم، دەمویست هەڤالان بزانن چۆن ئەم قۆناخەم بەسەربردووە. هاتنتان باش بوو و لەجێی خۆیدابوو، بڕیارم گەڕانەوەیە بۆ وڵات، ئەگەر ئێوەش نەهاتنایە من هەر دەگەڕامەوە. بەڵام ئەم کار و خەباتەی کارگە هەبوو. تەنانەت جانتاکەم ئامادەکردووە و بەدوای هەلێکدا دەگەڕێم، هەوڵمدەدا بەشێوازێکی گونجاو بگەڕێمەوە. بەڵام نەمدەزانی یەکەم جار روو لەکوێ بکەم. دەمویست سەرەتا بێم بۆ ئەنکەرە و لە رێگەی هەڤاڵانی ئەوێوە بەرەو وڵات بکەومەڕێ. بەسە ئیتر، دوای ئەوەی بڕوام بە چارەسەری و چارەسەربوونی کێشەکە دەهێنم، کاتێک سەرلەنوێ تووشی هەمان شت دەبمەوە شەکەت و بێحاڵم دەکات!"

خۆی دانی بە سەرسامبوونی خۆیدا نا و گووتی کە ئاگادار نەبوو لەم ناکۆکییانەی بەسەرم هاتووە و لە خواستی گەڕانەوەم بۆ وڵات، هاوکات بەگشتیش هەڵوێستی منی بە ئەرێنیانە وەسف کرد. بەدڵنیاییشەوە نەبێت گووتی: "دەکرێت قازانجیش بکرێت" وەکو بڵێت: "با نێوانیان تێکنەدەم" زۆری لەخۆی کرد و پاشان گووتی: "زیاتر قسەی لەسەر دەکەین". وا بیرم لێدەکردەوە کە ئەمە دواخستنێک بوو بۆ کاتێکی تر. ئایا لۆژیکیانە نەبوو بەلایەوە؟ هۆکارەکانی جیابوونەوە ئاشکران. جیابوونەوە بەهۆکاری جیاوازی ئایدیۆلۆژییەوە! دیارە دۆخێکی نوێ بوو.

سەرلەبەیانی دەمێکیش لەگەڵ (باقی) قسەیان کرد. (باقی) ئەندێشەکانی خۆی بە (شاهین)یش گووت. (شاهین) پێیگووت: "نەخێر جیاتان ناکەینەوە. هەڤاڵ خۆی لێرەیە، خۆی بڕیاری خۆی دەدات، ئێمە بەپێچەوانەوە دەمانویست قازانجی بکەین". ئەو ئێوارەیە لە ئینجیرئاڵتی بابەتی سۆسیال ئیمپریالیزم دەخرایە ژێر باس و توێژینەوە. وتوێژەکە لەنێوان (-DEV GENÇ) و (HK)ییەکاندا بوو، سەرجەم گرووپەکانی تریش بەشدارییان دەکرد. لێپرسراوانی هەردوو گرووپەکەش لە ئەنکەرەوە هاتبوون و باسیان لەوە دەکرد کە گفتوگۆیەکی بەرفراوان ئەنجام دەدرێت. ئەو شەوە ئێمەش ڕۆیشتین. (شاهین) نەیدەویست بڕۆمەوە بۆ کارگە، بەڵام ئەقڵ و هۆشم لەلای کرێکارانی کارگە بوو. لە ڕاستیدا بەرخودان دەستی پێکردبوو. هەرچەند ئامێرەکان ڕانەوەستابوون، بەڵام دەست پێکرابوو. واژۆ کۆدەکرایەوە، نوێنەر هەڵدەبژێردران و ئەو نوێنەرانە لە کارگە نوێنەرایەتی سەندیکایان دەکرد، نوێنەرایەتی کرێکارانیان دەکرد. لەدڵی خۆمدا دەمگووت ئەگەرچی خەباتکاران هەن و کارەکان ڕادەپەڕێنن، بەڵام شتێک هەبوو وەکو ئەوەی کارێکم بەنیوە و ناچڵی بەجێهێشتبێت یاخود ڕیزەکانی بەرخودانم تەرک کردبێت، بۆیە هەستم بە نائاسوودەیی دەکرد. نەمدەزانی نەڕۆیشتنەوەم چۆن کاریگەرییەکی دەبوو، بەڵام لایەنی ڕەوشتیانەی کارەکە کاریگەری لەسەر دەکردم. زۆر واتاشم پێنەدەدا کەوا بۆچی (شاهین) بە ئاسانی ڕێگری لە ڕۆیشتنم دەکزد. بەڵام هەستم دەکرد بەوەی ڕاست نەبوو. لەلایەکی تریشەوە نەمدەویست کۆبوونەوەکەی ئەو شەوەم لەدەست بڕوات، بەگرنگم دەزانی.

هۆڵی سەرکراوەی گەورەی ئینجیرئاڵتی، پڕببوو. کۆبوونەوە کاتژمێر 4ی پاشنیوەڕۆ دەستی پێکرد. یەکەمین گووتاربێژ لە (DEV-GENÇ)ەکان بوو. بەدوور و درێژی باسی لە ڕەڤیزیۆنیزمی هاوچەرخ، شۆڕشی ئۆکتۆبەر، قۆناخی (ستالین)، (برژنێف)، (خرۆشۆڤ)ی کرد. ئەو شتانەم دەهاتەوە یاد کە هەڤال (مەزڵوم) لە هۆڵی بەشی ناوخۆیی پەیمانگەی مامۆستایان بۆی باس کردبووین. باسی لە بنەمای چینایەتی ڕەڤیزیۆنیزمی هاوچەرخ کردبوو. دەسەڵاتی چینێک نییە، تەنیا شێوە لادانێک بوو لە مارکسیزم. ئەم خاڵانە زۆر جیاواز لەیەکتر شیکار نەدەکران. بەڵام زۆر بە بەرفراوانی و بە گەڕانەوە بۆ شاکارە گرنگەکان شیکار دەکرا. ئەوەی (HK) گۆڕانکارییەکەی سۆڤیێتی وەکو سۆسیال ئیمپریالیزم باس دەکات. لە قسەکانیدا هەم ڕەخنە لە بەشداربووەکەی بەر لەخۆی دەکات و هەم بۆ سەلماندنی شیکاری ( سۆسیال ئیمپریالیزم)ەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ڕستەی وەرگیراو. سەرلەنوێ مافی قسەکردنی وەردەگرتەوە.. بەو شێوەیە کاتێکی زۆری خایاند.

گەیشت بە نیوە شەو، گفتوگۆیەکی زۆر گەرم گوڕ بەردەوامی دەکرد، زۆر کەس هەبوو دەستووریان وەردەگرت و قسەیان دەکرد. منیش تێبینیم دەنووسییەوە. تەماشای (شاهین)م کرد و گووتم حەتمەن هەڵدەستێت و قسە دەکات. باسەکە هاتە سەر بابەتی میللی. ئەویش هاتە قسە. ئەم هەوڵەی دڵخۆشی کردم. ئەو هەموو گەنجە ئامادەبوو. زەمینەکەش بۆ کردنەوەی باسی کێشەی کوردستان و بەشێوەیەکی پووخت ئاشکراکردنی ئایدیۆلۆژییەکەمان لەبار و گونجاو بوو. دوو لایەنە یەکتریان تاوانبار دەکرد، لەجەوهەردا شیکاری دژبەیەکیان نەبوو. هەردوو گرووپەکەش (میساقی میللی) بە ڕەوا دەبینن. قسە

لەسەر نەتەوەی چەوساوە، گەل و دەوڵەت دەکرا. ئەوەی (HK)یی دەیگووت: "چوار پارچەی جیاواز، تەنانەت هەر یەکەیان خاوەن تایبەتمەندی جیاوازن و لە ئاستی نەتەوەدا نین، کەواتە دەکرێت باس لە کام نەتەوە بکرێت"، و بەردەوامە: "هەر پارچە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو نەتەوەی پێیەوە گرێدراوە خۆی بە رێکخستن دەکات و تێدەکۆشێت، بەمجۆرە رزگاری دەبێت". (DEV-GENÇ)ییەکە باسی داگیرکاریی نوێ دەکات و جەخت لەوە دەکات کە لەم سەردەمەدا داگیرکاریی کلاسیکی نەماوە. باس لەو بۆرژوازییە کوردییە دەکات کە هەڵگری چۆنایەتییەکی دوولایەنەی کۆمپرادۆریی میللی و دەوڵەتە، واتا لە ئەنجامدا گاڵتەی بە هەوڵ و خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی دەکرد و شتێکی وەهاشی بەهیچ لە قەڵەم دەدا. دەشیگووت: "هەندێک گرووپی بۆرژوازی بچووک هەرچەندە باس لەوە بکەن کە لە کوردستاندا رێکخستنی تایبەت دروست دەبێت، بەڵام لە کرداردا مەحاڵە. هاوکات نابێت ئەگەرێکی وەهاش پشتگوێ بخرێت، لەجیاتی ئەوەی دەستبەجێ لەبەرامبەریدا روو لە هەڵوێست بکرێت، پێویستە خەسڵەتی نەتەوەپەرستانەیان سەرزنشت بکرێت".

(HK)ییەکە بە گەڕانەوە بۆ (لینین) دەیگووت: "ئەگەر نەتەوەپەرستیش بێت دەکرێت پشتیوانی بکرێت". سەیرە! وەک چاوبازییەک لەگەڵ یەک بکەن یاخود جۆرە پێداگیرکردنێک؛ دەیگووت: "ئەگەر بۆرژوازی میللی سەرکردەش بێت دەکرێت پشتیوانی لێ بکرێت"، کەچی هەرگیز سەرکردایەتی پرۆلیتاری پەسند نەدەکرد، تەنانەت لەبەرامبەریدا نەیدەتوانی دان بەخۆدا بگرێت. ئەو چەپگرییە بەڕاستیش زۆر سەیر بوو. تەنانەت لەپێناوی خۆ بە رەوا نیشاندان، (لینین)یشیان بەکاردەهێنا!

کاتی ئەوە هاتبوو پێیان بڵێم: " هەستن قسە بکەن، مافی قسەکردن وەربگرن، بابەتی میللیان بەمشێوەیە چارەکرد و تەواویان کرد، لە بنەمادا ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکات ئێمەین". (شاهین) هەر بەجددیشی وەرنەگرت. سەرم سوڕدەما، بڕوام نەدەکرد. دووبارەم کردەوە: "هەستن قسە بکەن، ئێستاکە کاتی خۆیەتی. بڕوانن هەندێکیان مسۆگەر چاوەڕێن هەندێک قسە بکەن، یاخود خۆزگەیانە کە ئێمەومانان قسە نەکەین، دەڵێن: بابەتی میللیمان تەواو کرد. ئەوان شتێکی وەهایان دەویست. ئەگەر قسەی لەسەر نەکرێت بە سوودی ئەواندا دەشکێتەوە". (حەیدەر)یش واقی وڕمابوو، ئەویش پشتیوانی لێدەکردم و دەیگووت: "هەستن قسە بکەن، باشترە". (شاهین) وا لێی دامەزرابوو کە هەر بە بای خەیاڵیشیدا نەدەهات.

ئەوکاتە لەدڵی خۆمدا گووتم: "بەر بەڵای خودا بکەویت" نەخێر نەخێر، لەبەر خۆشاردنەوە و پاراستن قسە ناکات. لەو قەرەباڵغییەدا کێ چی دەکات، حەز دەکات پۆلیسی مەدەنی بێت یاخود سیخوڕ. ئۆقرەم نەگرت، دواجار خۆم داوای مافی قسەکردنم کرد. داوای مافی قسەکردن و هەڵسانم لە یەککاتدا بوو. وەکو شتێکم لێ رفێندرابێت و هەڵمەتی بۆ ببەم و بیگرمەوە هەڵسام و داوای مافی قسەکردنم کرد. قسەم لەسەر شتێک دەکرد، بەڵام خۆشم نەمدەزانی چیم دەگووت. لە ناکاو هەڵسابووم، هەموو کەسێک بەتاسەوە بوون و تەماشایان دەکردم؛ ئەم خانمە قسە لەسەر چی دەکات، دەیەوێت چی بڵێت. تووڕە بووم، هەم لەوان و هەم لە (شاهین)، بەڵام زیاتر لە (شاهین). بەو تووڕەییەوە قسەم دەکرد، بە دەنگی بەرز.

ئاماژە بۆ ئەوە دەهێنم کە هەردوو گرووپەکە بەشێوەیەکی راست بابەتی نەتەوەیی و نیشتمانی هەڵناسەنگێنن، وەکو

بابەتێکی ئاسایی و ماددەیەکی ساکاری پرۆگرامێک تەماشای کرد، لەم بوارەدا ڕێگەی نرخاندنێک گیراوەتە بەر کە (میساقی میللی) تێپەڕ ناکات و ڕەوایەتی پێدەدات، وە ئەم هەڵوێستەش ناکۆکە لەگەڵ ئەرکی شۆڕشگێڕی و ئەنتەرناسیۆنالیزمی، بتەوێت و نەتەوێت گەلی کوردستان خۆی مافی چارەی خۆنووسین فەراهەم دەکات، شۆڕشگێڕانی کوردستان لەسەر بنەمای هەلومەرجی تایبەت بەخۆیاندا خۆیان بە ڕێکخستن دەکەن و شۆڕشی خۆیان بەرپا دەکەن.

قسەیەک کە زۆر درێژ نەبوو، بەڵام هەڵسان و بە چەند ڕستەیەک دەربڕینی ڕاستییەکانم بەگرنگ دەزانی، ئەوکاتە دڵم ئاسوودە بوو. (شاهین) وەکو ماتبووبێت وابوو و دەیگووت: "باشە پێویستی دەکرد؟ من بە ئەنقەست قسەم نەکرد. چی لەگەڵ ئەم کابرایانە دەڵێیت، هیچ لێت تێناگەن. بەهەر حاڵ با بڕۆین".

(حەیدەر) بە ڕووخۆشییەوە تەماشای کردم، وەکو بڵێت باشت کرد سەری دەلەقاند. دڵم هێشتاش تەنگبوو. کادیری لێپرسراوی ڕێکخستن بۆچی سەرەڕای ئەوەی پێویستیش بوو هەڵنەستا و قسەی نەکرد؟ ئەم پرسیارە بەرۆژان بەمێشکمدا هات و چوو. ئەمە بوو بە هۆکاری ساردبوونم لەبەرامبەر بە (شاهین). بێگومان ئەویش زۆر دڵخۆش نەبوو بەم کارەی من. لەکاتێکدا خۆی لەوێ ئامادەبوو، هەڵسان و قسەکردنی من مانای چی بوو؟ من سەرەتا بیرم لەو لایەنەی کارەکە کردەوە، دەمگووت: "کە (شاهین) هەبێت ئێمە بۆچی قسە بکەین"، بەڵام ئەو نەیویست هەستێت و قسە بکات.

ئەرکێک ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، چاوەڕێکردن لە کەسێکی تر بەواتای ئەرێکردنی بوو. لە شۆڕشگێڕیدا ئەمە جێگای نەبوو.

شۆڕشگێڕانی کوردستان کارێکیان دەکرد کە کەسی تر پێی نەدەکرا. با وابێت، حەز دەکەن با قسەکانم بە بچووک هەژمار بکەن یاخود بە جددیشی وەرنەگرن. لەجیاتی بێ هەڵوێست بوون لەبەرامبەر بە چەوتییەکانی ئەوان و بە بێدەنگی ئەرێکردنیان، بە خراپترین شێوەش بێت قسەکردن و هەڵوێست وەرگرتن، راستترین کار بوو.

کاتژمێر 4ی بەرەبەیان کۆبوونەوەکە کۆتایی هات. گفتوگۆکان (12) کاتژمێری خایاند. کاتێک چووینەوە بۆ ماڵەوە گەلاوێژ هەڵهاتبوو، بەر لە کاتی دەستکردن بەکار دوو هەڤاڵی کرێکار بە پەلە هاتن. پێیان گووتین کە نەرۆیشتنەوەم بۆ کارگە کاریگەری لەسەر بەرخودان دەبێت و هەروەها کرێکارەکان منیان بە نوێنەری خۆیان هەڵبژاردووە و مسۆگەر پێویستە بڕۆم. ناچاربووم بەوان بڵێم بەهۆی ناساغییەوە نەمتوانیوە بێمەوە بۆ کارگە. دەمزانی نەگەڕانەوەم هەڵەیە، بەڵام لە هەردووکیان یەکێکیانم هەڵدەبژارد. ناچاربووم گوێ لە (شاهین دۆنمەز) بگرم، کادیری تەڤگەرەکەمانە و بەچاوی کەسی رێکخستن تەماشام دەکرد، راست بوو، پێویست بوو ئەو بیری لێبکردایەتەوە. بەتەنیا جێهێشتنی کرێکاران! ئەم دۆخە بەتەواوی هەستێکی تاوانباری دروست دەکرد. چەند پێچەوانەییە! (شاهین) بریا زووتر بهاتایە یاخود دواتر! بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە ئەو رۆژە هەمووومان لە ئینجیرئاڵتی، لەشوێنێکی شیاوی کەناری دەریا کۆدەبووینەوە.

لەسەر رێگەی کۆبوونەوەکەی رۆژی پێشوو (شاهین) شوێنیکی پێ نیشان داین گووتی: "با لێرە بێت". ئێمەش رۆژی دواتر چووین بۆ ئەوێ. هەردوو هەڤاڵی کرێکارم هێنایە ژوورەوە و تۆزێک قسەم لەگەڵ کردن. ئەوان لە شۆڕشگێڕ و

ڕێکخەرانی بەرخودانەکەن. بە دڵگرانیەوە پێم گووتن کە کاری بەپەلەمان هەبوو، هەرە درەنگ سبەینێ دەڕۆم بۆلایان.

ئەوان: "وەڵلا کرێکارەکان پێیان گووتین - پێکەوە بێنەوە، چاوەڕێین - هەموو کەس خەمی ئێوەیانە، تەنانەت واماندەزانی دەستگیرکراویت" و بەپێداگرییەوە دەیانویست لە کارگە ئامادەبم. جارێکی تر پێم گووتن کە دڵگرانم بەوەی ناتوانم بڕۆم بەڵام حەتمەن ڕۆژی دواتر دەچمەوە و دەمویست بڕوام پێبکەن. بە زوویری گەڕانەوە. من داخم لێدەهات. ڕەخنەم لە (شاهین) گرت و گووتم: "ئەگەر ئێوە نەبوونایە دەڕۆیشتم، کارەکانی ترمان کەموکورتییان تێنەدەکەوت، ئەوانیشمان پێکەوە بەڕێوە دەبرد. کارێکی باش نییە لەدەموەختی دەستپێکردنی بەرخودانیدا ئامادەنەبم. خودی خۆم لەناو ئەو کارەدام، کرێکارەکانیش هەستیارن، پێویستە متمانەیان نەشکێنین". بەڵام هەر بەبای خەیاڵی (شاهین)یش دا نەدەهات و دەیگووت: "وازی لێبێنە، تۆ دەڵێیت دەڕۆمەوە بۆ وڵات. با خەڵکی تر مانگرتنی کرێکاران ڕاپەڕێنن".

ئەو ڕۆژە ڕۆیشتین بۆ ئینجیرئاڵتی. (یوکسەل)یشمان لەگەڵ خۆمان برد. بەگشتی (7) کەس بووین. (شاهین) دەستی کرد بە قسەکردن: "دووژمن پارچەمان دەکات، هەر یەکەمان بەلایەکدا دەبات، بەڵام بڕوانن ئێمە 7 کەسین و دەتوانین لێرە کۆببینەوە". بەمشێوەیە یەکەمین کۆبوونەوەمان بەفەرمی لە ئیزمیر لەکەناری دەریا بەڕێوە چوو. (7) کەسین، هەموومان زۆر دڵخۆشین. باسەکەی ماڵەوەی بە بەرفراوانتر بۆ باسکردین و گووتی: "لەمەودوا لە ئیزمیر و لە شارەرگەورەکانی تر کار و خەباتمان دەبێت، توێژێکی بەرفراوانی گەنجانی کورد هەن، پێویستە ڕابکێشرێن".

لەو نێوەدا کۆبوونەوەکەی شەوی رابردووم هاتەوە بەر چاو، بەهیچ شێوەیەک هەڵوێستەکەی ئەوێیم پێ هەزم نەدەبوو، لە دڵی خۆمدا گووتم: "شیاوترین زەمینە بوو بۆ رێکخستنی گەنجان، بۆچی کەڵکی لێ وەرنەگرت" شەرێکی بێ دەنگ هەبوو لەنێوانماندا، بەدوای هۆکارەکانیدا دەگەڕام. هەندێک هەڤاڵ هەن مرۆڤ هەر کە دەیبینین حەزیدەکرد هەڤاڵێتیان لەگەڵدا بکات، کەسایەتییەکی گەرم، پڕ بە دڵ، دڵسۆز، خۆشەویست و بەڕێزیان لەلام هەبوو. کەچی لەبەرامبەر بە (شاهین) هەستەکانم پێچەوانە بوون، بێزارکەر بوو. پاشان وەکو هەڵەیەکم کردبێت، تاوانێکی نهێنیم ئەنجام دابێت شەرم دایگرتم. بەخۆمم دەگووت لە هاوڕێیەتیدا خۆشنەویستن و بێزاریی جێگەی نییە. هەرچەندە رازییش نەبم، بەمشێوەیە بەسەر خۆمدا زاڵ بووم.

پرسیارێکی زۆرمان کرد، بەتایبەتیش دەمانویست بزانین لەبەرامبەر بە چەپی کورد هەڵوێستمان چی دەبێت. باس لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ (DDKD) و گفتوگۆکانی نێوانمان کرد. هەروەها پرسیاری پەیوەندییەکانی نێوان خۆمان و (رێگەی ئازادی)مان کرد. دەمانویست بەتەواوی لە نرخاندنی "لە کوردستاندا ئیمپریالیزم پەرەیسەندووە و زیاتر پەرە دەسێنێت" تێبگەین کە لەناو گۆڤارەکەیاندا زۆر هەڵوەستەیان لەسەر دەکرد. (شاهین) ئاماژەی بەوە کرد کە هەندێک هەڤاڵی تریش دێنە سەردانمان و دەیگووت: "من ئەمانە بە هەڤاڵان رادەگەیەنم، هەڤاڵ حەیدەری پیرسوسی لە ئاستی نوێنەرایەتیدا سەرپەرشتی دەکات، بەڵام بە فەرمی نەبوو، دەشێ هەڤاڵان هەڤاڵی تر بنێرن. ئەوکات حەیدەر دەکێشینەوە بۆ پیرسوس، پیرسوس بۆ ئێمە گرنگە". سەبارەت بە منیش: "لەگەڵ هەڤاڵان قسەمان کرد، وەڵامت بۆ دەنێرینەوە" هەڵسا و لە ئیزمیر رۆیشت.

(باقی) هەست ناسکانە، زوویر و توورەبوو و قسەی نەدەکرد. دوای ماوەیەک گووتی: "دەشێت شاهین کادیرێکی پێشەنگتان بێت، بەڵام تەرز و شێوازی پەراوێزخەرە، کێشەکەی ئالۆزتر کردەوە". منیش دانم بەخۆمدا نەگرت و گووتم: "بەسە، پێویست ناکات کەسی تر تاوانبار بکەیت، کێشەت هەبوو لەگەڵ من قسە بکە" و پێشمگووت کە بڕیارەکەی من هیچ پەیوەندی بەهاتنەکەی ئەوەوە نەبووە و خۆیشی دەیزانی. مافدار بوو لەنیگەرانییەکەیدا. هانابردن بۆ ڕێکخستن، چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ ڕێکخستندا جیاواز بوو. یەکانگیرییەکی گرنگی هەبوو و دەشیزانی لەم خاڵەدا چەندە پابەندم بە ڕێکخستنەوە. ئەگەر بڵێت "بمرە" دەمرم، بڵێت "ئەمڕۆ دەرکەوە و وەرە" دەستبەجێ بێ هیچ زیادەڕۆییەک جێبەجێی دەکەم.

لەسەر بەڵێنی خۆم بووم و ڕۆژی دواتر ڕۆیشتم بۆ کارگە. (باقی) گووتی: "منیش دێم". تۆزێک درەنگ کەوتبووم و لە کارگەش ڕەوش ئالۆز بوو و سەرنجم ڕاکێشاوەتە سەر خۆم. (باقی) لەم جۆرە کارانەدا شیمانەی هەڵوێستی دووژمنی دەکرد. هەرچەندە نەیهێشت پێی بزانم بەڵام لەو خاڵەدا نیگەران بوو و گووتی: "وریابە لەگەڵ کارمەندی بەر دەرگا دەمەقاڵێ مەکە، هەوڵ بدە بچیتە ژوورەوە".

پێی گووتم: کە خۆی لەدەرەوەی کارگەکە چاوەڕێ دەکات. چوومە ژوورەوە. پاسەوان ڕایوەستاندم، خۆی چووە ژووری بەڕێوەبەرەوە، لە دەروازەدا شوێنی ڕاوەستانی کارمەند هەبوو، ئۆتۆمۆبێلێکی سپیش لەبەر دەرگا بوو. پاش کەمێک پاسەوان بانگی کردم. بەرەو نووسینگەی وەرگرتنی کرێکار ڕۆیشتین. فەرمانبەران بە تیانووسی بەردەمیان و لیستێکی بەردەستیانەوە چاوەڕێیان دەکردم. گووتم: "دوو ڕۆژە نەخۆشم، نەمتوانی بێم.

لە نەخۆشخانە درەنگ دەرخرام، بەم هۆیەوە سەر لەبەیانی فریای کار نەکەوتم". هێشتا تەواوم نەکردبوو ئەوان: "باشە تێگەیشتین. ئێوە چیتر کرێکاری ئێمە نین، بەڵگەنامەی دەرخستنی تۆمان لەبەردەست دایە. تەنیا ئێوە نین کرێکاری تریش هەبوو. پەیوەندیتان نەماوە، فەرموون دەتوانن بڕۆن". دەرگاکەی پێنیشاندام. منیش: "نەخێر هێندە ئاسان نەبوو، بەهانەتان چییە، کە کار دەکەین کرێکارین و کە نەخۆش دەکەوین نەخێر کرێکار نین. خاوەنکار لەکوێیە دەمویست قسەی لەگەڵ بکەم. لە کوێ ئەو مافەی هەبوو کەی بیەوێت کرێکار دەربکات. ناشچم بۆ هیچ شوێنێک". ئەم قسەیەم و هاتنە ژوورەوەی خاوەن کار لە یەک کاتدا بوو. بێگومان بە هاوارەوە قسەم دەکرد، دەنگی ئامێرەکان و دەنگی من تێکەڵاو ببوون. خاوەن کار بە دەنگێکی زۆر نزم و ناسکەوە: " فەرموو، خانمی بەڕێز، شتێکتان هەبوو؟".

منیش: "بەڵێ، دوو رۆژە نەخۆشم و لە نەخۆشخانە بووم. گەر پێویست بکات دەتوانم بەڵگەی فەرمیش بهێنم، بەڵام کاتێک دێمەوە بۆ کارگە بۆ کارکردن، رێگەی دەرکردنم نیشان دەدەن، هۆکاری چییە، دەمویست بزانم بۆچی دەردەکرێم. هەروەها بێ وەرگرتنی قەرەبوو ناچم بۆ هیچ شوێنێک. هەڵبەتە بە داشکاندنی بەردەوام هەقدەستتان بۆ نەهێشتووینەتەوە، ئەی ئەو ماوەیەی کارم کردووە، قەرەبووم نادرێتەوە، ئەمە چ واتایەکی هەبوو" و دیارە بە هاوار هاوار قسەم دەکرد.

ئەویش لە وەڵامدا: "هێور بە، ناتوانیت هەڕەشەمان لێبکەیت. ناچار نیم بەهانە و هۆکاری دەرکردنت بۆ روون بکەمەوە، کەسێک نەیەت بۆ کار لەکار دەردەکرێت، پێویست بوو ئەمەتان بزانیبایە".

من دووباره به هەمان ئاستی دەنگمەوە قسەم کردەوە و دەمویست هەندێک کات بقۆزمەوە: "پێویستە هەڤاڵی خۆم ببینم، چاوەڕێم دەکرد، ناچم بۆ هیچ شوێنێک". لەو نێوەدا خاوەنکار رۆیشتە دەرەوە و هاتەوە. ئەویش دانیشت، پاشان گووتی "یەک خولەک راوەستە "و چووە سووچێکەوە: "ناوی بەڕێزتان ساکینە پۆلاتە، وا نییە؟".

:"بەڵێ".. ئەو چەندە دەنگی نزم دەکردەوە من هێندە دەنگم بەرز دەکردەوە.

:"خەڵکی دێرسیم بوون، وا نییە؟"

بۆ ئەوەش هەر: "بەڵێ"

:"دواناوەندیتان خوێندبوو؟"

لەوەلامدا گووتم:" نامەوێت گوێ لەمانە بگرم، بۆچی ئەمانەم لێ دەپرسن؟ هەمووی لەناسنامەکەمدا هەبوو، کاتێک هاتمە کارگەوە پسوولەتان پێداین. دووبارە پرسینەوەتان چی مانایەکی هەبوو".

جاروبار خەندەیەکی غەشیمانەی دەکرد و گووتی: "ئامانجێکی خراپم نەبوو، بۆچی کرێکارەکان بەتووە گرێدراون، بۆچی هێندە تۆیان خۆش دەوێت؟ تۆ خەڵکی کوێیت و ئەوان خەڵکی کوێن؟".

له راستیدا ئاشکرا بوو. له هۆکاری دەرکردنەکەم تێگەشتبووم. کابرای نەفام وای دەزانی تێناگەم و وەها مامەڵەی دەکرد. نەخێر..

پاشان هەر خۆی: "کچێکی ئاقڵیت، بەهرەمەند و دەسترەنگینیت، وەستاکانیش لێت رازین، باش کار دەکەیت. بۆچی کاری تر ناکەیت، کاری کارگە زۆرت بۆ ناهێنێت؟"..

لەوەڵامدا: "ئەوە شتێکە من دەیزانم، لە دۆخێکدام بڕیار لەسەر ژیانی خۆم بدەم".

تێپەڕبوونی کات باش بوو و لە ژوورەوە بووم، کاتی نانخواردن نزیک ببووەوە، پێویست بوو کرێکارەکان بمبینن، هەر ئەوەندەم دەویست، ئەوانەی لەدەرەوە کاریان دەکرد هەر هیچ تەماشایان نەدەکرد. پەنجەرەکە بە پەردەیەکی ریشاڵی ئەستوور داپۆشرابوو، تەماشاشیان بکردایە نەیاندەبینیم، وەخت بوو دەتەقیم. پرسیارەکانی کابراش بە ئامانج بوون و ئەعسابیان تێکدەدام، شیمانەی ئەوە دەکرد لەکۆتاییدا چی بڵێت. بەردەوامی دەکرد: "بڕوانە، ئێمەش نامانەوێت لەکار دەرتبکەین. دەتوانین کارەکەت بگۆڕین، دەرچووی دواناوەندین، دەتوانی سکرتێری بکەن".

بەر لەوەی کۆتایی بە قسەکەی پێبهێنێت گووتم: "ئاوا... تێگەیشتم.. دەتانەوێت بمکڕن.. نەخێر من کرێکارم، بڕۆن لەشوێنێکی تر کەسی وابدۆزنەوە سکرتێریتان بۆ بکات و بیکڕن. من لەگەڵ هەڤاڵانی کرێکارم پێکەوەین. بە لەکاردەرکردنی منیش ناتوانن رێگری لە هیچ شتێک بکەن. دەرکردنیشم هەموو شتێک ئاڵۆزتر دەکات". لە راستیدا هەڕەشەم لێدەکرد "سەندیکا، نوێنەرایەتی مافی سروشتی خۆمانە، ئێوە ناتوانن رێگری لەم مافەمان بکەن، کرێکارێکی بێشومار هەبوو، هەمووشیان لەهێز و پێگەی نوێنەرایەتی کردنی خۆیان دان، بە دەرکردنی من لە کار ژمارەی نوێنەران زیاتر دەبێت".

هەتا هێزم هەبوو هاوارم دەکرد و بەرەو دەرەوە رۆیشتم، بە ئاراستەی ناو کارگەکەوە، سێ چوار کەسی زەبەلاح گرتمیان. تا ئەو کاتە لەوێ نەبوون، لەکوێ هاتبوون و چاوەڕێی منیان

دەکرد؟ گووتیان: "ئێمە پۆلیسین، با بەرەو ئۆتۆمۆبێلەکە بڕۆین". هاوارم دەکرد، چۆن هاوارێک:" سەرکار ـ خاوەنکاری فاشیست، کە هاتم پۆلیس هێنابوومی وا ئێستا بەپۆلیس دەرمدەکەیت. بەرم بدەن.." بە هەموو هێزمەوە پێیەکانی خۆم لە زەوی توند کردبوو، ئەو کاتە چەندە بەهێز ببووم، خۆشم حەپەسابووم. دوای پاڵەپەستۆ و بێنەوبەرەیەکی زۆر هێنرامە بەردەم ئۆتۆمۆبێلەکە. بەقاچێک پاڵم بە دەرگاکەوە دەنا و هێزم لێوەردەگرت. بە قۆڵیش پاڵم بەوانەوە دەنا. یەکێکیان لەدواوە پشتەملمی بە توندی گرت. قژم بەستبوو، بەری دەستمی گرتبوو و هەموو قۆڵمی بەرەو دواوە دەیشکاندەوە، تۆزێک مابوو ئەستۆم بشکێنن. ئامانجیان ئەوەبوو بێدەنگم بکەن و زۆر بەخێرایی بمخەنە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەوە و بمبەن. دەیانزانی چەند خولەکێک ماوە بۆ نانی نیوەڕۆ و منیش دەمویست کات بەدەستبهێنم.

دوایین جار بەهەموو هێزمەوە خۆم بە دەرگاکەوە گرتووە. بەردەوام هاوارم دەکرد: "فاشیستینە، ئەمەتان بەسەرەوە ناچێت، بەرمدەن.." کرێکارەکان لەوکاتەدا لەناکاو هاتنە دەرەوە. زیاتر هاوارم دەکرد. هەرکەسێک دەیبینم سەرەتا بەحەپەساوییەوە نەیاندەزانی چیبکەن، پاشان بە ئاراستەی مندا هاتن، ئەم هەڵوێستەی کرێکارەکان پۆلیسەکانی نیگەران کرد لەو هەلەدا پاڵم بەوانەوە نا بەرەو کرێکارەکان رامکرد.

دەستم بە گووتنەوەی دروشم کرد: "پۆلیس بۆ دەرەوە! پۆلیسی فاشیست" هەموو کرێکاران پێکەوە و بە یەک دەنگ دروشمەکەیان دووبارە دەکردەوە و گرووپێکیش لەدەرەوەی کارگەوە هاواری دەکرد: "پۆلیسی فاشیست!". تەماشام کرد (باقی) کەوتە بەرچاوم. کەوایە نەڕۆیشتبوو، لەسەر شەڕی

دەستەویەخەم لەگەڵ پۆلیسەکاندا، چەند هەڤاڵێکی خۆی لە زانکۆی بۆرنۆڤاوە هێناوە و هاتۆتەوە. دیواری باخچەکە بەرزە، تەلبەندە، بەبەری ئەواندا زۆنگاوێک هەبوو، جۆگەیەکی گەورەی پێدا تێپەڕ دەبوو. ڕێگەی نەدەدا. پشتیوانی کردنیان جۆشوخرۆشی پێدەداین. هەڵبەتە زۆر نەمانەوە و ڕۆیشتن. ئێمەش بەگشتی چووینە ناو چێشتخانەکەوە. هاتمە پێش ریزەوە و قسەم کرد. باسی ئەوەم کرد کە خاوەنکار چۆن ویستی بمکرێتەوە. هەموویان بەیەک دەنگ (های هۆ..)یان لە خاوەنکار کرد. بەردەوامبوون لە گووتنەوەی دروشم و دەیانکێشا بە مێزەکاندا. دروشمەکانی: "کرێکاران رووبکەنە بەڕێوەبەرایەتی سەندیکا" ، "ماف نادرێت دەسەندرێت" ، "سەندیکا مافمانە" دەگووترانەوە. نارەزایەتیمان لەسەر نانخواردن دەربڕی. هەموو کەس قاپەکەی سەراونوخوم خستۆتە سەر مێزەکە. سروودمان دەخوێند. لەناوخۆشماندا دەمانگووت: "هەتا پۆلیس دەرنەکەوێت ئێمەش لێرە دەرناکەوین".

## بەرخودان دەستی پێکرد

ئەندامانی سەندیکاکان هاتن. هەمووشیان لە نۆکەرانی سەندیکای زەرد بوون. هەندێکیشیان لەنێودایە سەر بە کارگەی رستن و چنین بوون. بەڵام زمانیان یەک بوو! بە ئاستی فیداکاری ئەندامانی (تورک ـ ئیش)دا هەڵیاندەدا، بە مانگرتندا هەڵیاندەدا و زۆر بە گەرمییەوە دەیانگووتەوە، لەکاتێکدا کە ئەوەیان لەبیرچووە خۆیان لە دۆخی شکاندنی مانگرتنەکەدان. باسیان لەوە کرد کە جگە لە تێگەی چینایەتی، شەڕی چینایەتی، کۆت و زنجیرەکانی پرۆلیتاریا هیچ شتێکیان نەبوو لەدەستی بدەن. بەشێوەیەکی زۆر گشتگیرانە، زۆر دۆگمایانە قسەیان دەکرد. هەر چۆن لە سەرەتای هەر رستەیەکیاندا ناوی (تورک ـ ئیش)یان دەهێنا، وامدەزانی جوێنیان بە گەلی کورد و گەلی تورک دەدەن. قسەیەکی پڕ لە دنەدان و تووڕەکردنە. (مەخمورە) لە تەنیشتمدا بوو، رووم کردە ئەو و گووتم: "شتێک بەم کابرا شۆڤێن پۆشانە ناڵێیت؟ کە هات بەسەرتاندا دەڵێن گەلی کوردی چەوساوە. ئەمێستا لێرەشدا پێویستە ئەم خاڵە دەربخرێتەڕوو. پێویستە چینی کرێکار باش لە ئەرکەکانی خۆی بگات. ئەرکێکی سەرەکی هەبوو: پشتیوانیکردنی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، پێویستە ئەمانە بخرێنەگەڕ و شۆڤێنیزم بشکێندرێت. ئێوە بێدەنگن. من نەمویست هەستم و قسە بکەم، ئەمە ئەرکی ئێوەیە." (مەخمورە) پاش کەمێک، گووتارێکی زۆر کورتی پێشکەش کرد، باسی لە رۆڵی پێشەنگایەتی چینی کرێکار، پشتیوانی ئنتەرناسیۆنالیستی و بە

رستەیەکیش باسی لە برایەتی لەگەڵ گەلی کوردی چەوساوە کرد. لە دڵی خۆمدا گووتم "ئەمەش باشە".

هەمووومان پێکەوە چووینە ژوورەوە، لە ژوورەوە درێژەمان بە بەرخودان دا. ئامێرەکان راوەستاون، لەسەر مێزەکان دانیشتین و بە یەک دەنگ سروودمان دەخوێند:

" بەر لە هەموو شتێک کرێکار
کارگە لە شاخ و بەردە
بە شکاندنی زنجیرەکان لێیدەدەین..!
بە کێشان بەسەری فاشیستەکاندا...!"

کاتێک دەمانگووت: "بەکێشان بەسەریاندا" هەندێکیان پێکەوە دەیانکێشا بە مێزی ئامێرەکاندا. ئەم دەنگە زیاتر گەرم و گوڕی دەکردین. دواتر سروودی 1ی ئایار و دوابەدوای ئەویش دروشممان دەگووتەوە.

ئەو رۆژەمان وەک ئاگادارکردنەوەیەک دەستنیشان کرد. رۆژێک بوو هەلومەرجی مانگرتنی خێراتر کرد. بە خاوەنکارەکەشمان راگەیاند، ئەویش هۆشیاری دەدا بە ئێمە. داوای بێدەنگییان لێدەکردین و دەیگووت: "وەرن با قسە بکەین". ناوی منی دەهێنا و دەیگووت: "نوێنەرەکەتان بنێرن، با قسە بکەین، چارەسەری بکەین". من هەمدیسان قسەکەی سەر لەبەیانی خۆیم بەبیر هێنایەوە و گووتم: "هەڤاڵینە، دەمکەن بە سکرتێر.. بۆ ئەوەی بێدەنگ بم. بۆ ئەوەی واز لە بەرخودان بهێنم تەکلیفیان لێکردم ببم بە سکرتێر. سەرلەبەیانی بە لافی سکرتێری ویستی بمکڕێت".

ڕوومکردە خاوەنکارەکە و گووتم: "هیچ شتێکم نەبوو تا لەگەڵ تۆ قسەی لەسەر بکەین، تۆ رێگەی پۆلیست هەڵبژارد،

نەک قسەکردن لەگەڵ ئێمە". بەخێرایی دەرکەوت و ڕۆیشتە دەرەوە.

تا کاتی کۆتاییهاتنی کار واتا تا ئێوارە بەم شێوەیە بەردەوام بوو. ناوبەناو دەهاتینە لای یەک و قسەمان لەسەر هەنگاوی داهاتوومان دەکرد. لەناو کرێکارەکاندا هەندێکی نابەدڵ و نائاسوودەش هەبوو. هەندێکی تر هەبوون کە لەبەشەکانی تردا هێشتا کاریان دەکرد. بۆ ئێوارە کاتێکمان دەستنیشان کرد و بڵاوەمان لێکرد. لە کۆبوونەوەکەی ئێوارەدا بڕیارمان وەرگرت؛ دەست بە مانگرتن دەکەین! سەرەتا دەستمان بە نووسینی دروشمەکان کرد، هەندێک بە نووسینی پلانکارت و لافیتە ئەرکدار کران. ئێمەش هەر یەکەمان لەناو ئەو پاسەی پێی دەگەڕێینەوە بۆماڵەوە قسەمان لەگەڵ کرێکارەکان کرد و بانگهێشتمان کردن بۆ مانگرتن. ئامانجی مانگرتنەکەمان دەستنیشان کرد. هاوڕێیانم بەگشتی لیستی ناوی (75) کەسیان لەکار دەرکراون و قەرەبوو نەکراوان ئامادە کردبوو. منیشیان لە سەرەتای لیستەکەدا دانابوو. بڕیارماندا ڕۆژی دواتر ئەم لیستە بەدەرگای کارگەکەدا هەڵواسین. لە کۆنترین تا نوێترین کرێکاری کارگەکە بەشداربوون، هەموو شتێکمان لەبەرچاو گرتبوو وەک ئەوەبوو دەست بە پاکسازی کرابێت.

بە فەرمی لەکار دەکراوم بەڵام ڕۆژی دواتر سواری پاسی کارگە بووم. چەند کارمەندێکی کارگەکە نیگەرانن بەم کارەی من، لە ترسان نەشیاندەوێرا خۆیانی تێهەڵقورتێنن. دانەنیشتم، ڕێک لە پشت شۆفێر راوەستام و بەرەو ڕووی کرێکارەکان دەستم بە قسە کرد. هەلومەرجی کارکردن لە کارگەکە، سەندیکا، لەکار دەرکردنی کرێکاران تا بەهێنانی پۆلیس دەگات هەموویم شیکردەوە: "ئەمڕۆ ئێمە، سبەینێ کەسانی تر دووچاری هەمان

ڕەوش دەبنەوە. خاوەنکار بەدوای سەرمایەوەیە. تەنیا خولەکێکیش لەدەست خۆی نادات و کارمان پێدەکات. بەڵام هەر کاتێک هەندێک لە مافە سەرەکییەکانی خۆمان بخەینە ڕۆژەڤەوە، بە زەبری پۆلیس لەکار دەرمان دەکات. ئەمە پەسند ناکەین. خۆ کۆیلە نین، کرێکارین، هەڵبژاردنی سەندیکا مافی خۆمانە، هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئیرادەی خۆمان مافی خۆمانە. داوای درێژکردنەوەی وادەی 20 خولەکی نانخواردن مافی سرووشتیمانە. بڕێکی زۆر پارە لە هەقدەستەکەمان کەمدەکەنەوە. بڕە پارەیەکی زۆر گاڵتەجاڕانە دەخەنە دەستمانەوە، ئەمە پێشەکی نەبوو، پارەی سک تێرکردنە. ئەو بڕەی لە هەقدەستەکەمانی کەم دەکەنەوە بۆ کوێ دەچێت؟ کێشەیەکی زۆرمان هەبوو و هەر خۆمان چارەسەری دەکەین، لەو هێزەداین. ئەمڕۆ دەست بە مانگرتن دەکەین". بە چەپڵە پێشوازییان کرد. بێگومان هەموویان نا، ناچاریش نەبوون چەپڵە لێبدەن، دیارە بێ خواست بوون، پشێوییان نەدەویست. بێ ورتە و بێدەنگ دەچوونە سەر کار و دەهاتنەوە. مانگرتنی چی و لەکوێوە هات. بەڵام مەیلی گشتی گرنگە، ئەو متمانەیەی بە مرۆڤ دەدا.

وا بڕیارمان دابوو پاسەکە لە دەرگای دەرەوە ڕابگرین، یەکەمین دەستە کرێکار کە لەوێ دادەبەزین قۆڵبەقۆڵ دەرگاکەیان دادەخست و نەیاندەهێشت کەس بچێتە ژوورەوە. گەیشتینە بەردەرگا و بە شۆفێرەکەمان گووت: ڕاوەستە. دابەزین، هەندێکیان دانەبەزین، هەندێکیشیان دوای دابەزینیان بەپێ چوونە ژوورەوە کە زۆربەیان لە فەرمانبەران بوون. دەستکرا بە هەڵواسینی پلانکارت و لافیتەکان. بەدەم گووتنەوەی دروشمەوە پێشوازیمان لە پاسەکانی تر کرد. پاش کەمێک

دەهۆڵ و زورنا هات و لە جۆشوخرۆشی کرێکارانی زیاتر دەکرد، هەندێکیان هەڵسان و دەستیان بە گۆڤەند کرد. لەولاوە پاسێکی پڕ بەرێوەبوو، کەچی رانەوەستا و بەخێرایی خۆی کرد بە ژووردا و تێپەڕی. لە بەشی ناوەوە دابەزین، هەندێکیان هەرچەندە خواستی بەشداربوونیشیان هەبوو، بەڵام ئەو بوێرییەیان نیشان نەدا و نەهاتن.

نزیکەی نیوەی سەرجەم (350) کرێکارەکە لە مانگرتن دابوون، ئەوانی تر گەڕابوونەوە بۆ سەر کار. بۆ رۆژی یەکەم ئەم ژمارەیە کەم نەبوو، وابۆی دەچووین ژمارەیەکی نوێش بێن و بەشداری بکەن. گەشبین بووین. لەگەڵ ئەوەشدا گریمانەی دۆخێکی چاوەڕواننەکراویشمان خستە بەر باسەوە: ئەگەر بێتوو ژمارەیەکی تر لەوانەی لەسەر کارن بەشدار نەکەین، ئەوا دوور نییە بەشێک لە کرێکارە بەشداربووەکان خواستی دەستبەکارکردنەوەیان هەبێت. پێویستبوو کاری کارگەکەمان لە پەلوپۆ بخستایە. تەنانەت کارکردنی هەندێک لە ئامێرەکان جورئەت و بوێری بە خاوەن کار دەدا. چۆن بمانتوانییایە کاریگەری لەسەر دروست بکەین؟ لەکاتی خواردندا کرێکارەکان چوونە سەر خواردن و ئێمەش دروشممان دەگووتەوە، قسەمان دەکرد و بانگهێشتمان دەکردن بۆ ریزەکانمان.

تۆزێک لە دوورەوە لەگەڵ گرووپەکانی زانکۆ قسەمان کرد. وەکو گرووپ لە پێگەی پاراستنی مانگرتنەکەدا، دەمانچەیان پێبوو. بەچاوێکی مسۆگەرەوە لە ئەگەری دەستێوەردانی پۆلیسمان دەڕوانی. بەم هۆیەوە بەردەوام هەوڵمان دەدا پێکەوە بجولێینەوە. مەیدانەکە زۆر باش نەبوو. لایەکی کارگەکە کەناڵ ـ جۆگەلەیەکی گەورەبوو، لایەکەی تری دیوارێکی بەرز بوو، کارگەکانی تریشی لێوە دووربوو. لەبەردەم دیوارە بەرزەکە

داین. مەودای دەروازەکەی نزیکەی (150 ـ 200) مەترێک بوو. خەسڵەتی بە ئاسانی کۆنترۆڵکردنی هەبوو. ئەگەر پۆلیس بهاتایە پێشەوەشی دەگرت. ئێمەش نانی نیوەڕۆمان خوارد. نان، زەیتون و پیازیان هێنابوو. گرووپ گرووپ دانیشتین. هەر کەسە و لەگەڵ گرووپێک قسەی دەکرد. دەمانویست بزانین هەڵوێستیان چۆنە و هاوکات لە راستی مانگرتنەکەشیان تێبگەیەنین.

کرێکارەکانی ناو خواردنگەکە دووبارە گەڕانەوە ناو کارگە، لەو کاتەدا هەندێکمان بە راکردن چووین و ویستمان رازیان بکەین. نزیکەی (50) مەترێک لەنێوانماندا بوو، بە هاوار و گازی قسەمان بۆ دەکرد. هەموو کەسێک پاڵی بە دەرگاکانەوە دابووەوە کە هەر یەکەیان پەرژینێکی گەورەی ئاسن بوون، هەر لەو سەروبەندەدا پاسێکی پڕ لە پۆلیس بە خێرایی خۆی کرد بە مەیدانەکەدا، بەدوای ئەویشدا ئۆتۆمۆبێل و مینۆبووس.. پۆلیسی قەڵغان بەدەست گەمارۆیان داین. مەدەنییەکانیان چوونە ژوورەوە و تەماشایان دەکردین. خاوەنکار و هەندێک لە فەرمانبەرەکان دەستی ئاماژەیان بۆ ئێمە رادەکێشا.

هەندێک لە هەڤاڵانمان کە کرێکاری بە ئەزموون بوون هاتن و ئاگاداریان کردینەوە: "هەندێکتان بچنە بەشی ناوەوەی مانگرانەوە، بڕوانن پەنجەی ئاماژەتان لەسەرە، ئەمانە یەکەم جار ئێوە دەگرن، بەڵام ئەگەر لەریزی ناوەوەدا بن بە ئاسانی ناتوانن بتانگرن". راستیان دەکرد، بەڵام لەم کارەدا ئەگەر تۆ لەپێشەوە نەبیت و هەندێک شت نەگریتە بەرچاو، ئەنجامی باشی نەدەبوو. کرێکارەکان خۆی لە خۆیدا بە هاتنی پۆلیس نیگەرانی و دڵەڕاوکێیان تێکەوتبوو، ئەوجا ئەگەر تۆش خۆت بشاریتەوە دەبوو؟ تەنانەت دەبووە مایەی بێ متمانەیی. گووتم نەخێر،

باجەکەی هەر چییەک بێت رازیم و خاوەنداریتی لەم بەرخودانە دەکەم، گەر پێویستیش بکات لەگەڵ پۆلیس دەستەویەخە دەکەوینە ویژەی یەک. بەمجۆرە زاڵ دەبووین بەسەر ترس و خۆفدا.

بەردەوامبووین لە هەڵدانی دروشم. هەموومان لە مەیدانەکەدا زیاتر کۆبووینەتەوە و لەیەک نزیکین، ئەمەش بەشێوەیەکی خۆڕسکانە بوو. ئەوان هێشتا بەردەوام بوون لە ناساندن و ئاماژەکردن بۆ یەکە بە یەکەمان. لەناکاو پەلاماریان داین. پۆلیسە مەدەنییەکان سەرەتا لەڕیزی کچان من و لە ریزی پیاوانیش (عەلی) و (ئەکرەم) یان کردە ئامانج. (مەخمورە) و (گولسوم)یش لەڕیزی پێشەوەبوون، بەڵام لەسەروبەندی دەستپێکی بەرخوداندا (عومران) رۆیشت و جارێکی تر نەهاتەوە. ماوەیەک لەگەڵ ئەو پۆلیسانە شەڕم کرد کە منیان گرتبوو. پۆلیسەکانی تەنیشتیشم هێزیان بەسەر (ئەکرەم)دا نەدەشکایەوە، هەر کە دووان لەو پۆلیسانەی منیان گرتووە بەهانای ئەوانی ترەوە چوون، خۆم لەدەستی پۆلیسەکان رزگار کرد و بە هەموو هێزێکمەوە رامکرد، مەگەر لەپێشەوە هەندێک پۆلیسی تریش هەبوون بەدوای هەڤاڵاندا رایاندەکرد، لەبەر ئەوەی مەودایەکی زۆر کەوتۆتە نێوان من و ئەو پۆلیسانەی بەدوامەوە بوون، لە دڵی خۆمدا گووتم: "تەواو توانیم خۆم لەدەستیان رزگار بکەم". لەو کاتەدا لەپڕێکدا پۆلیسەکانی بەردەمم هەڵگەڕانەوە و دەستگیریان کردم، یەکێک لەوانەی دواوە بەدەم هاتنەوە دەیگووت: "توند بیگرن، ئەو سۆزانیە بەرمەدەن، سەردەستەیانە، سەرباری ئەوەش شەقی تێهەڵداین، ئێستاکە پێت دەڵێم". سووک و ناڕەسەن، وەکو هاربوویێت پەلاماری دەداین. دووانیان هەردوو قۆڵمیان گرتبوو و ئەویش قژمی گرتبوو و بۆ

دواوەوە رایدەکێشا، ئەستۆم بێ ئەندازە ژانی دەکرد، بە تێلاکەی دەستیشی دەیکێشا بە ران و ئەژنۆمدا. حەتمەن تۆڵەی ئەو شەقەی لێدەکردمەوە کە لێم دابوو و دەشیانویست بمانکەن بە عیبرەت.

هاتینە بەردەم پاسەکە. یەکێکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس کە بێتەلێکی بەدەستەوە بوو گووتی: "هێناتان، باشە. بەسە پاسەکە پڕبوو، جێگە نەما". کە قژمیان بەردا تاماوەیەک نەمتوانی ئەستۆم راست بکەمەوە. یەکێکیان دەینەڕاند: "سەرکەوە.. بۆ ژوورەوە..". لەدیوی ناوەوەی دەرگای پاسەکە پۆلیسێکی زەبەلاح وەستابوو و چاوەڕێی دەکرد، پێم نایە سەر پلیکانەی پاسەکەوە، چەند گورزێکی توندی تێلا بەر پشتم کەوت و لە دووەمیاندا بەدەمدا کەوتم. لەسەرەوە یەکێکیان "وازبێنە بەسە". یەکێکی تریان "هەستە سەرکەوە" خۆم توانای هەڵسانم نەبوو. قۆڵیان گرتم و بەرزیان کردمەوە. ناو پاسەکە وەکو لەسەر هەر کوشنێک دووکەس دانیشتبێت پڕکرابوو. کێ خوێن لە دەم و لووتی دەهات، کێ چاوی پەنمی بوو، کێ سەر و قژی تێکەڵ و پێکەڵ ببوو. کە بەو شێوەیە یەکترمان دەبینی پێکەنین. پۆلیس بە گاڵتەکردن بە پێکەنینەکەمان: "بێگومان پێکەنین دەتانگرێت، بە حاڵی خۆتان پێدەکەنن. بڕوانن چەندە جوان بوون". دیارە بە پێکەنینەکەمان تووڕە ببوون.

راستەوخۆ بردنیانین بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئاڵسانجاک (قەرەقۆڵی ئاڵسانجاک). نزیکەی (20) کەس بووین. قەرەقۆڵەکە رێک لە کەناری دەریا دابوو کە لە دوورەوەڕا بۆت دەڕوانی؛ واتدەزانی لەناو دەریادایە، تا گەیشتینە ئەوێ هەوا بەتەواوی ساردی کرد، ئەوێش ساردبوو. ئەو راکەڕاک و شەڕکردنە ئارەقەی پێکردبووین، تەڕایی ئارەقەکەمان سەرماکەی زیاتر

دەکرد. ئێمەی کچانیان خستە ژوورێکەوە و پیاوانیان خستە ژوورێکی ترەوە. ماوەیەک هیچ نەهاتن بەلاماندا، پلانکارت و لافیتەکانی شوێنی مانگرتنەکەیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. لەناو خۆماندا قسەمان دەکرد: "هۆکاری مانگرتنەکەمان لەبەردەست دایە، جارێکی تر دووبارەیان دەکەینەوە، بەدەر لەوانە، وەلامی هیچ پرسیارێکی تر نادەینەوە، لەسەر کەسانی تر زانیاری نادەین". پێشتریش لەناو پاسەکەدا بە چپە ئەمانەمان بە یەکتر گووتبوو. بێگومان پۆلیسیش یەک بە یەک هەڵیبژاردبووین و دەستگیریان کردبووین، دەستگیرکراوانیش لە ئاستی هەڵوێست وەرگرتن دان. چەند کرێکارێکیش لەنێوانماندا بوون کە لە ئاستی تێگەیشتنی کێشەکەدا نەبوون، هەمووشیان کەسانێکی زۆر راست و دڵسۆزبوون و زانیارییان نەدەدا بە پۆلیس. دوایین جار منیان بانگ کرد، لە دوو شوێنی جیاوازەوە لێپرسینەوە بەڕێوەدەچوو: سەرەتا پلانکارت و لافیتەکانیان دەخوێندەوە، پاشان پرسییان: "واتایان چییە؟" گووتم: "واتایان روون و ئاشکرایە". ئینجا یەکێکی تریان خۆی کرد بە خەڵکی دێرسیم و دەیگووت: "منیش دێرسیمیم، عەلەویم". ناسنامەکانمانیان لەلابوو، لە کارگە دەستیان بەسەردا گرتبوو و دەیخوێندەوە: "گوندی تەختی خەلیل نزیکە، وابزانم ئەم گوندە شارەزام". سەیری رەقەمەکانی دەکرد و وایدەنواند کە بەبیری خۆی دەهێنایەوە. پاشان یەکێکی تر جددیتر و بە دەنگێکی رەقەوە گووتی: "لێپرسینەوە لە کێ کرابێت دەڵێت ساکینە سەردەستەمان بوو. بە دەموچاوتدا دیارە. هەیە خەڵکی دێرسیم بێت و کۆمۆنیست نەبێت؟".

بێدەنگ و بە شێوەیەکی بێباکانە راوەستابووم. پۆلیسەکەی تریش بەدوای ئەودا هات گووتی: "بۆچی بێ مۆڵەت و نایاسایانە

رووتان له مانگرتن کرد؟ بۆچی ئەم هەموو کرێکارەت هان دا، گوناح نەبوو، رسقی ئەوانیشت بڕی؟" و بەردەوام قسەی دەکرد. له دڵی خۆمدا گووتم: ئەگەر راست و دروست پرسیارم لێبکات وەڵامی دەدەمەوە ئەگەرنا قسه ناکەم... چاوەڕێی وەڵام بوو. بەکورتی داواکانمان بۆ ریز کرد و خستمەڕوو که خواستی جێبەجێکردنی هەر یەکێک لەمانه مافی رەوای کرێکارانه. مانگرتن رێبازێکه بۆ دەربڕینی ئەم داواکارییانه و باسم لەوەشکرد که مانگرتن مافی خۆمانه. سەبارەت به پرسیاری سەردەستەییش گووتم: "هەموو کەسێک ئیرادەی خۆی هەیە، کەس سەردەستەیی بەسەر کەسی ترەوه ناکات". (مەخمورە) بەر له من له کارگه وەرگیراوە. دەیانویست لەبەرامبەر به یەک بەکارمان بهێنن. دوای من ئەویان بانگ کرد و پێیان گووت: "سەردەستە تۆبوویت، ساکینه گووتی ئەو سەردەستەی ئێمەیە." (مەخمورە)ش له دۆخەکه تێدەگات و پێدەکەنێت - بێگومان کەسێکی دەم به خەندەش بوو - و پێیان دەڵێت: "مانگرتن له هەموو کارگەکاندا هەبوو، کرێکارەکانیش نوێنەری خۆیان هەبوو، چاودێریان هەبوو. خۆشتان باش ئاگاداری ئەم شتانەن".

ئەو شەوە له قەرەقۆڵ ماینەوە و بۆ بەیانییەکەی هەموومان بەردراین و پێکەوە رۆیشتین بۆ کارگە. لیستی فەرمی لەکار دەرکراوان هەڵواسرابوو. لەوێوە چووین بۆ شوێنێک که بەئاسانی قسەی تیادا بکەین. هەندێکیان ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە. کاروباری ماڵەوە (مەخمورە) و ئەوان رایاندەپەڕاند. گفتوگۆمان کرد. هاوفیکربووین لەسەر راگەیاندنی ئەم دۆخە و کۆکردنەوەی جەماوەرێک. (75) کرێکار بێ قەرەبووکردنەوە له کار دەرکرابوون. ئەمە رەوشێک نەبوو به بچووکی تەماشای بکرێت. ئەگەر لەبەرامبەر بەمەدا هەڵوێست وەرنەگیردرێت،

پەردەی لەسەر هەڵنەماڵدرێت ئەوا لەکاردەرکردن بەشێوەیەکی بێ پەروا و بێ شەرمانە بەردەوامی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخستنبوونی کرێکاران ڕووبەڕووی کاریگەری نەرێنی دەبووەوە. پێشنیازی مانگرتن لە خواردن هاتە پێشەوە. لەم مژارەدا لەنێو خۆماندا گەیشتینە ئەنجامێک؛ زۆرینەی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ئامادەبوون بۆ مانگرتن لە خواردن، هەر کەسە خۆی پێشنیاز دەکات خۆی مان بگرێت، سەرەنجام بڕیار لەسەر بەخۆشمەوە (4) ژن و (5) پیاو درا.

لە ڕۆژێکدا هەموو ئامادەکارییەکانمان تەواو کرد و بڕیار درا کاتژمێر 5ی ئێوارە لەبەردەم پەیکەری (حەسەن تەحسین) لە کۆناک دەست بە چالاکییەکە بکرێت. ئەمانە هەندێک خۆڕسکانە و هەندێکیش وەک ئەنجامێکی گفتوگۆکانمان هاتە ئاراوە. هەڵبەتە زیاتر لەچوارچێوەی ئاراستەپێدانی ڕێکخستنی (HK)ییەکاندا بوو، کادیرەکانیان بڕیاریان دەدا، یاخود ئەگەر پێشتر بیری لێکرابێتەوە دەتوانن بە ئاستی بڕیاری بگەیەنن. من خۆم بە ڕاستم دەزانی، لە گفتوگۆکانیشدا فیکر و پێشنیازەکانی خۆمم پێشکەش کرد. لەسەر ئەم بنەمایە بەشداریم کرد. ئەندێشەی ئەوەم نەبوو کە ئایا چەوتیە یاخود نا. ڕەوشێک لە ئارادا نەبوو کە دەستبەجێ بەدوای هەڤالاندا بگەڕێیت، ڕووداوەکانیش زۆر بەخێرایی دەهاتنە پێشەوە، دەمگووت: "ڕاستە، پێویستە، دەیکەین" لەم خاڵەدا متمانەم بەخۆم و هەڤالانی گرووپەکە هەبوو. بەگشتی هەڵوێستیان ئەرێنی بوو. لایەنگری بەرخودان بوون و خاوەن بڕیاربوون. (TKP) و ئەوانی تریش لە ئارادا نەبوون، لەناو مانگرتنەکەدا ون و بێسەروشوێن بوون. خاوەندارییان لە پێشهاتەکان نەکرد.

به ماندوویەتی دوو سێ ڕۆژەوە ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، (باقی) و (یوسف مەتین) هاتنەوە. (یوسف مەتین) بە پێکەنینە گەرم و خۆشەکەیەوە دەستی بە قسە کرد. دەیگووت: "تێلایان زۆر پیاداکێشایت" و جەختی لەسەر ئاسایی نەبوونی ڕووداوەکان دەکردەوە. کە تازە هاتبووین بۆ ئیزمیر لەگەڵیدا لەسەر پێگەی ئەوان، ئاستی تیۆرییان و ئەزموونەکانیان و هاوکات ناشارەزایی و بێ ئەزموونی خۆم لە بواری ڕێکخستن و شۆڕشگێڕیدا بە تێروتەسەلی گفتوگۆمان کرد. سەرەڕای ئەوەش پێداگر بووم، بڕوام بە ڕاستییەکەی هەبوو و لە هەموو هەلومەرجێکدا بەرگریم لێدەکرد. کوردایەتییەکی تەسک و قەبا نەبوو. جەوهەریترین نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕ هەبوو، هێندە بەهرە و هێزم نەبوو لە هەموو ئاستێکدا نوێنەرایەتی ڕێکخستن بکەم، بەڵام خوازیار بووم بتوانم ببم بە بەرگریکارێکی بەردەوامی و کارێک بکەم کاریگەری ئەرێنیانەم بۆی هەبێت. لە ئیزمیر بووم، نەدەچووم تەنیا کوردەکان ڕێکخستن بکەم، یاخود پەیوەندییەکانم تەنیا بەوانەوە سنووردار بکەم. بەپێچەوانەوە لەگەڵ هەموو چین و توێژێکدا گفتوگۆم دەکرد و لە بەرخودانی کرێکاراندا لە کارگەکاندا لەگەڵیان دەبووم.

(یوسف مەتین) قسەیەکی پڕ بەواتای کردبوو، دڵخۆشبوو بە هەڵوێستی من. بە هەمانشێوە بڕیاری مانگرتنمان لەخواردنیشی ئەرێ کردبوو. (یوسف مەتین) وادیاردەبوو لەناو (HK)دا مرۆڤێکی جیاواز بوو. لە قۆناخی دواتردا (یوسف مەتین)یش هاوشێوەی (مەتین یلدرم تورک) لەبارەگای کۆمەڵەکەیاندا درایە بەر فیشەک. بەبیستنی ئەم هەواڵە زۆر خەفەتبار ببووم.

لەناو (HK)دا کێ کێی پاکتاو دەکرد؟ پرسیارێکی نوێ نەبوو، لەو سەردەمەشدا هەبوو. ئەوانەی دەدرانە بەر فیشەک ئەو

کەسانە بوون کە بەگەرمی لە شۆڕشی کوردستانیان دەڕوانی و لەو رووەوە هەڵوێستی راست و رەوایان هەبوو. لە دیلۆک (ئیلهان) و (محەمەد عەلی) بە هەمانشێوە کوژران. لەو بڕوایەدا بووم کە لەمێژووی شۆڕشی تورکیادا زۆر شت هەبوو لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت. شۆڕشگێڕان مسۆگەر پێویستە بخرێنە بەر لێپرسینەوە. (باقی) خەمبار بوو. رەوتی پێشهاتەکانی بەلاوە مەترسیدار بوو. ئیتر لە هەر بابەتێکدا خۆم بڕیارم دەدا. تەنیا ئەنجامەکانم پێ رادەگەیاند. ئەمە لایەنێکی بەکاریگەر بوو. لایەنەکەی تریش ئەوە بوو خۆم دەخستە ناو مەترسییەوە. بۆیە هەم دڵخۆش و شانازی پێوە دەکرد، هەم نیگەرانییەکەیشی پێنەدەشاردرایەوە.

کار لە کار ترازابوو. من بۆ تێکۆشان لە ماڵ دەرکەوتبووم، بە ماڵێکی ترەوە نەدەبەسترامەوە. لەوانەیە شتێکی زۆریش نەبوو ئەوەی دەکرا، بەڵام بە هەموو شتێکەوە ئاوێتەبوون بەژیان و ئاوێتەبوون بە تێکۆشان شتێکی تر بوو. هەڵە و چەوتیش هەبووایە، تاچەند هەستی پێبکرایە و پێی بزانرایە ئەوەندەش راست دەکرایەوە. لەم خاڵەدا نیگەرانییەکی ئەوتۆم نەبوو. لە راستیدا دەمتوانی کاری تریش بکەم. ئەگەر راستەوخۆ لە پەیوەندیدا بوومایە لەگەڵ هەڤالان ئەوا زووتر هەست بە چەوتییەکان دەکرا و زووتر و باشتر هەڵوەستەی لەسەر دەکرا. کارەکانم بە پێچەوانەی رێکارەکانی رێکخستن دەزانی، هەر ئەمەش بوو کە زیاتر نیگەرانی دەکردم. هەر شتێک فێردەبووم و هەر شتێک کە بمزانیایە هی خۆمانە تاکۆتا بەرگریم لێدەکرد. بەڵام ئەی ئەوانەی کە نەمدەزانی، ئەی ئەگەر لەدوای بەهەڵە تێگەیشتنێک کارێکی هەڵەم بکردایە؟ جاروبار ئەم لایەنانە

ناڕەحەتییان دەکردم. هێزی بینینی ڕووداو و دیاردە و لەناو ئەمانەشدا بینین و نرخاندنی خۆم تەنیا هێندە بوو.

مانگی ئادار بوو. ڕۆژی دواتر لە ڕێکخراو پلانکارتەکانمان هەڵواسی. لەسەر کارتۆن دەماننووسی:"بمرێت شۆڤێنیزم، سۆسیال شۆڤێنیزم! بمرێت داگیرکەری، ئیمپریالیزم و پاشڤەڕۆیی خۆجێی! بژی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا!" هەروەها هەندێک دروشم سەبارەت بە داواکارییەکانمان. ئەو دروشمانەی من دەستنیشانم کردن، سەرەتا وەکو دروشمی دوور لە ئامانج و داواکارییەکانمان نرخاندیان و دژبەریان کرد، دواتر لەسەر پێداگری من نووسیبوویان.

کاتژمێر 5ی ئێوارە لە مەیدانی کۆناک هەندێک گرووپی تریش ئامادە دەبوون تا لەدەرەوە پشتیوانیمان بکەن. کرێکاران و فەرمانبەران لەو کاتەدا کاری ئەو ڕۆژەیان تەواو دەبوو، لەو کاتەدا کۆناک وەکو مەحشەر قەرەباڵغ بوو، چونکە ڕێک لە تەنیشت سەکۆی بەندەرەکەوە بوو. من و (گولسوم) وەکو ژنە کرێکارێکی ئاسایی جلمان لەبەر کردبوو. کراس و تەنوورە و لەژێریشەوە پانتۆڵ، لەچکێکی ڕەنگاوڕەنگیشمان پێچاوە بەسەرمانەوە. (مەخمورە) و(ئەسما)جلیان وەکو ڕۆژانی تر ئاسایی بوو. هەر یەکێکمان لە شوێنی جیاجیاوە بەرەو (حەسەن تەحسین) ڕۆیشتین. هەر کەسێکیش پلانکارتی خۆی پێیە، و هەریەکەشمان کۆمەڵێک بەیاننامەمان پێیە. قسەمان بۆ خەڵکەکە دەکرد، باسی ڕووداوەکانی کارگە، لەکار دەکردن، هەڵکوتانەکانی پۆلیس، دەستبەسەرکردنی کرێکاران و چەندین ڕووداوی تر کرد. لە کچان من و لە پیاوانیش (ئەکرەم) قسەمان کرد. لەکاتژمێر 5ی تەواودا چووینە بەردەم پەیکەرەکە، پلانکارتەکان کرابوون بە تەختەوە، دەستبەجێ چەقاندمان بە

زەویدا، شوێنەکە چیمەن و خاکەکەی نەرم بوو. چەند خولەکێکی نەبرد راستەوخۆ دەستم بە قسە کرد.

هێشتا یەکەمین رستەمان تەواو نەکردبوو پۆلیس پەلاماریان داین. ئەوان پەلکێشیان دەکردین و ئێمەش بەردەوام بووین لە گەیاندنی پەیامەکانمان. لەو نێوەدا لەناو قەربالغییەکەوە دەنگی دروشم بەرز بووەوە. پۆلیس پەلاماری ئەوانیشی دا. هەموو کەسێک رامابوون، ئۆتۆمۆبێلەکان راوەستابوون. لەناکاوێکدا شیرازەی مەیدانەکە گۆڕا، خەڵک بەچاوی پڕ لە مەراقەوە بۆی دەڕوانین. دەیانگووت: چییە و هەندێک هەبوون پاڵیان بە کەسانی بەردەمی خۆیانەوە دەناو دەهاتنە پێشەوە تا بزانن چیی روویداوە. پۆلیس لەنێوان ئێمە و قەرەباڵغییەکەدا بەندێکی دروست کرد و پاشان بە لێدان فڕێیاندراینە ناو مینۆبیسەکەیانەوە. بەڵام خەڵک کەم و زۆر تێدەگەیشتن. خۆی لەخۆیدا لە پلانکارتەکاندا نووسیبوومان "مانگرتنە". هەر کەسێک بیخوێندایەتەوە تێدەگەیشت چییە. کاتێکیش هەموومان قسەمان کرد، بەش بەش تێگەیشتبوون. سەرلەنوێ بردینیانەوە بۆ قەرەقۆڵی ئالسانجاک، هەمان پۆلیسەکانی پێشووتر پێشوازییان لێکردین. یەک بە یەک وتە "ئیفادە"یان لێوەرگرتین. لەنێوان پلانکارت و لافیتەکاندا دروشمی "بمرێت شۆڤێنیزم و سۆسیال شۆڤێنیزم " سەرنجی راکێشابوون، زیاتر لەسەر ئەوە راوەستان و گووتیان "ئەمە ئیشی تۆیە". بەڵام هەر دوو پیتی (Ş)ەکە کلکیان پێوە نەبوو واتا بە (S) نووسرابوون بۆیە وەک "سۆڤێنیزم، سۆسیال سۆڤێنیزم" دەردەکەوت. ئەویش بەهۆی هەڵەشەیی و پەلەپروزەوە تەواو نەکرابوو، سەرنجی خۆشمانی رانەکێشابوو و پێمان نەزانی بوو.

درێژەمان بە مانگرتنەکە دا. سەریان کردۆتە سەر مانگرتنەکە و دەیانگووت: "باشە لە مانگرتن تێگەیشتین، لە دروشمەکانیش، ئەی ئەم مانگرتن لە خواردنەتان لەچی، ئەمە لەکوێوە هێناوتانە، بۆچی خۆتان ئازار دەدەن." بەزۆری زۆرداری دەیانگووت: "دەبێت خواردن بخۆن". پێشتر هیچ خواردنیان بۆ نەدەهێناین کەچی لە دوای ئەوە خواردنیان بۆ هێناین، لەکاتێکدا دەشیانزانی کە نایخۆین. ئەمەش جۆرە گوشارێک بوو!.

دەستبەجێ پارێزەریان هێنا و ئێوارەی ڕۆژی دووەم دەستگیر کراین و ڕەوانەی زیندانی بوجا[120] کراین. دادگا وەکو پێشتر بڕیاری دابێت پێیان گووتین "زیندانیین"...

لەو ڕۆژگارەدا بیستبوومان کە هەندێک ڕووداو لەو زیندانە هاتوونەتە ئاراوە، هەواڵی تەنانەت ڕاپەڕینی زیندانییەکان و سووتاندنی زیندانەکەشمان بەرگوێ کەوتبوو. هەروەها باسی ئەشکەنجە و فەلاقەکردنی زیندانیانیش هەبوو. باس لە نموونەیان دەکرا: زیندانیان دەخەنە ناو فەردەوە و پشیلەیەکی کێوی بە فەردەکەوە دەبەستنەوە. هێندەی بە پشیلەکەدا بکێشن پشیلەکەش چنگ لە زیندانیەکە دەدا و خەڵتانی خوێنی دەکات. بە مانشێتی " لە بەندیخانە ڕاپەڕین ڕوویدا" هەواڵ و وێنە بڵاو کرانەوە. پێشتر سەبارەت بە بوجا ئەمە و کۆمەڵێک شتمان بیستبوو. پێشتر لە دێرسیم یەک دوو جار سەردانی (ئیبۆ) و ئەوانم کردبوو و زیندانی دێرسیمم بینی بوو. بەدەر لەوە زیندانی ترم نەبینیبوو. لە فیلمەکاندا بینیبووم، شوێنی گیراوانی

---

[120] یەکێکە لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورک کە لە 1959 لەشاری ئیزمیر دروستکراوە و تا ئێستاش هەیە.

دۆزی تاوانی کۆمەڵایەتی بوو. بەتایبەتیش لە فیلمەکاندا قاوشەکانی ژنان زۆر سەیر نیشان دەدران.

ئۆتۆمۆبێلی زیندان هەموو لایەکی داخراوە، لە ئۆتۆمۆبێلی گواستنەوەی تەرم دەچوو. لە ڕێگە رامانگرتن و خواردەمەنی وەکو شیر و بسکیتمان پێکڕین. بڕیارماندا کۆتایی بە مانگرتنەکە بهێنین. چونکە مانگرتنەکە پەیوەندی بە زیندانەوە نەبوو، بە ئامانجی خۆی گەیشتبوو، بێگومان رۆژی دواتر لە چەند رۆژنامەیەکی هەرێمی و رۆژنامەکانی تردا وەکو هەواڵی مانشێت بڵاو کرابووەوە. هەموو رۆژنامەکانیشمان کڕیبوو، وێنەی فەلاقەکردنیشمانی تیادابوو.

زیندان لە دەرەوە لەشێوەی کارگەیەکدا بوو. زۆر جیاواز بوو لە زیندانەکەی دێرسیم، لە یەکەمین بلۆکەوە بەلای چەپدا لاماندا. کاروباری فەرمی جێبەجێ کران. پاسەوان و سەرباز تێکەڵاو بوون، پاراستنی دەرەوە کاری سەربازبوو، لەناویشەوە بە بەڕێوەبەرایەتی مەدەنی بەڕێوە دەبرا. لەگەڵ خوێندنەوەی هۆکاری زیندانیکردنمان لەلایەن دادگاوە، هەوڵیان دەدا زیاتر بە ڕێزەوە مامەڵە بکەن، بەلانی کەم لە ڕواڵەتدا! فەرماندەیەکی قەڵەوی پاسەوانان گووتی: "با چاوێک بە رۆژنامەکاندا بخشێنین". هەڤاڵان رۆژنامەکانیان پێدان. لەناو خۆماندا قسەمان کرد، تا ئەو کاتە نەماندەزانی دەرفەتی دیدارمان دەبێت یاخود نا. هەڤاڵانی - پیاو - گووتیان: "دیدار لەگەڵ کەسوکار و ئەوانەی لەسەر هەمان دۆز دەستگیرکراون دەبێت." و دەشیگووت: "ئێمە رێکی دەخەین". پێشتر لەو زیندانەدا؛ زیندانی سیاسیش هەبوو، بەڵام کچان ژمارەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، بۆیە کەس دڵنیا نەبوو. ژنە پاسەوانێک بانگ کرا: ژنێکی قەڵەوی رووخسار سوور هات و پێیگووتین: "خوا رزگارتان بکات" و پاشان کەوتە پێشمانەوە و

دوای تێپەڕبوون بە چەند ڕاڕەوێکدا دواجار چووینە بەشێکەوە کە تابلۆی "قاوشی ژنان" بە دەرگاکەیدا هەڵواسرابوو.

هەر لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکە لەقاتی خوارەوە دەنگی چەپڵە و قاقای پێکەنین هات. بۆ یەکترمان ڕوانی وەکو بڵێین: "ئێرە کوێیە؟" ژنەی پاسەوان بەو جەستە زلەیەوە بەڕاکردن دابەزییە خوارەوە و هاواری کرد: "کچینە کچینە.. سیاسییەکان هاتن..!" و ئاگاداری کردنەوە. کەس گوێیشی پێنەدا. هەتا پاسەوان سەرنجی ئەوانی ڕادەکێشا ئێمە دابەزینە خوارەوە. ئەو دیمەنەی بینیمان واقوڕماوی کردین. لەسەر مێزەکە ژنێک خۆی بادەدا کە لەلای سەرووی تەنیا سوخمە و لەلای خوارووش تەنورەیەکی کورتی لەبەرە و ئەویش نیوەی تەنوورەکەی بەلاستیکی کەمەریەوە بەندکردبوو و نیوەی جلە ژێرینەی بەدەرەوە بوو. ئەوانەی تریش دەوریان لێدابوو، یەکێکیان چەقەنەی بۆ لێدەدا و یەکێکیان دەنگی سەیر و سەمەرەی دەردەخست و پێکەوە گۆرانییان دەگووت.

(مەخمورە) گووتی: "هەڤاڵان ئێمە هاتووینەتە شێتخانەوە". ژنە پاسەوان سەرلەنوێ و ئەمجارە بەدەنگێکی بەرزترەوە هاواری کرد، لە هەمانکاتدا قەرەباڵغییەکەی کرد بە دوو بەشەوە و تەنوورەی ژنەی سەر مێزەکەی گرت و هەژاندی. تەنوورەکەی بۆ هێنایە خوارەوە و دەیویست ڕایوەستێنێت. ئەوانەی چاویان بە ئێمە دەکەوت "ئای.. ئای.."یان دەکرد و بێدەنگ دەبوون. ئەوەی سەر مێزەکەش سەرەتا هەڵوێستی ڕەچاونەکردنی گرتەبەر، پاشان هاتەخوارەوە. لەپڕێکدا بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر قاوشەکەدا. هەموویان پرسیاریان لە یەکتر دەکرد: "ئەمانە کێن؟!" ئەوانەی دەیانزانی، دەیانگووت: "کچە

سیاسییەکان"ن، وشەی سیاسیان بەس بوو. پێمان گووتن: "ئێوارەتان باش" و لەلایەک دادەنیشتین.

قاتی خوارەوە هەم وەکو خواردنگە و هەم وەکو قاوش بەکار دەهێندرا. رۆژنامەکانمان کردەوە. یەکەمین کارمان تەماشاکردنی لێکدانەوەکانی رۆژنامەکە بوو: "کرێکارانی کارگە مانگرتنیان لە خواردن راگەیاند"، "کوتەکی پۆلیس بۆ سەر کرێکارانی مانگرتوو لە خواردن" لە وێنەکەدا پۆلیس هەم پەلکێشی دەکردین و هەم تێلاکەی بەرزکردۆتەوە و لێمان دەدات، لەژێرەوەشدا نووسراوە: "75 کرێکار بێ قەرەبووکردنەوە لەکار دەکران!"... هتد. هەمووشیان لێکدانەوەی ئەرێنیان بۆ کردبوو. گووتمان: "مانگرتنمان لە خواردن بە ئامانجی خۆی گەیشتووە". ئەویش بوو بە مایەی شادی و گەشانەوەمان. بێگومان دەستگیرکردنمان کارەکەی تێکدا. (4 - 5) گەنجی زانکۆشمان لەگەڵ دەستگیرکرا، لەوانە بوون کە دروشمیان دەگووتەوە و پشتیوانیان دەکردین. بەگشتی (12) کەس بووین.

بۆمان روون و یەکلا بووەوە کە پێشتر لەو زیندانە سەرهەڵدان روویدابوو. ماوەیەکی کورت بەر لەئێمە، تاکە ژنە زیندانی سیاسی قاوشەکەی ژنان، بۆ زیندانی مانیسا[121] دوورخرابووەوە. لە بەشی پیاواندا (ئۆرهان بەکر) ناوێک هەبوو، دەستبەجێ لەرێگەی پاسەوانەوە نامەی بۆ ناردین، پرسیاری پێداویستییەکانمانی کردبوو. (ئۆرهان بەکر) بە (TİKKO)یی دەناسرا. کەسێکی ئەرمەنی بوو و پێشتر ناویم بیستبوو، خەڵکی

---

[121] پارێزگایەکی تری تورکیایە و دەکەوێتە هەرێمی ئیجەی ناو سنوورەکانی ئەو وڵاتەوە هاو سنووریشە لەگەڵ شاری ئیزمیر.

ناوچەی دەپ[122] بوو نامەکەی جێگای پێزانین و خۆشحاڵی بوو. رۆژی دواتر چاومان بە یەکتر کەوت. ئەو هاتە دیدەنیم. زانیوێتی کە (HK)یی نیم. پێیان گووتووە: "شۆڕشگێڕی کوردستانە"، مەراقی کردبوو. لەو دیدارە کورتخایەنەدا گفتوگۆمان لەسەر بابەتی نەتەوەیی کرد.

بەرلەوەی بیناسم ناوی (ئۆرهان بەکر) هەمیشە لە شۆڕشگێڕە چەپییەکانی دەهێنایە بەرچاوم، تاسەی بینینیم دەکرد و رێزم لێدەگرت. ئەو جۆرە شۆڕشگێڕانەم بە نوێنەرانی کەسایەتی (ئیبراهیم کایپاککایا) و شوێنکەوتوانی ئەوان دادەنا. کەسێکی بە رەچەڵەک ئەرمەنی بوو، ئەمەش هەڵوێستێکی تری دروست دەکرد، لەکاتێکدا کە هۆکارەکەشیم نەدەزانی، وابزانم بەو هۆکارە بوو کە گەلانی چەوساوە و کۆمەڵکوژکراو بووین بۆیە، ئەگەر نا دەبێ چی بێت؟

ژنە زیندانییەکان زۆربەیان بەهۆی دزی، زینا، پیاوکوشتنەوە گیرابوون. شەڕی بوخچەگێڕ[123]ەکان، هیچ ئەندازەی نەبوو. جاروبار دەستیان دەخستە ناو سەروقژی یەکترەوە و قژی یەکتریان دەسکەنە دەکرد، یان مەنجەڵ و قاپیان دەگرتە یەکتر. قورسترین ناشایستەترین جوێنیان بە یەکتر دەدا. دواتریش دادەنیشتن و لەسەر هەمان خوان پێکەوە نانی خۆیان دەخوارد. ئەمانە تۆڕ یان شەبەکەی گەورەبوون. هەروا دزی ئاساییان نەدەکرد. دزییەکی وەهابوو کە لەو ماوەیەدا لەزینداندا بوون،

---

[122] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری خارپێتی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە قەرەقوچان ناوزەدی کردووە.

[123] بوخچەگێڕ یاخود بوخچەچی، بەو ژنانە دەگووترێت کە کوتاڵ و پۆشاکی تایبەت دەخەنە ناو بوخچەکانیانەوە دەستگێڕی دەکەن. لە باکووری کوردستان و تورکیا، زیاتر ژنانی کۆچەر یاخود ئەوانەی کە بە قەرەچ ناوزەد کراون ئەم کارە دەکەن.

هەم ئەمان و هەم خێزانەکەیان بەخێو بکات و زێڕ، ئۆتۆمۆبێل و خانووی پێ بکڕدرێت. لەبەر ئەوە کاتێک ژنەکان دەخرانە زیندانەوە، هاوسەر و پیاوەکان بەگشتی ناچاربوون خواردەمەنییەکی زۆر بهێنن. باشترین سەوزە و میوەی وەرز، گۆشت و مریشکێکی زۆریان بۆ دەهات. بەوهۆکارە "ئاغا"ی قاوشەکە بوون. پاسەوانەکان و ئەو زیندانیانەی دۆخی ئابوورییان لەبار نەبوو هەوڵیان دەدا لەگەڵیان رەفتاریان باش بێت و خۆیان لەشەڕەکانی ئەوان نەدەگەیاند و بێ هەڵوێست دەبوون.

ئەوانەی بەتاوانی زینا گیرابوون لە گرووپێکی جیاوازدا بوون، ئەوانەی بەهۆی ناموسەوە پیاویان کوشتبوو زیاتر هەوڵیاندەدا خۆیان لە ئێمە نزیک بکەنەوە. لە ئەنجامدا پێکەوە لە شوێنێکدا دەژیاین و ناچاربووین سیستەم دابمەزرێنین، ئەگەر نا تەنیا ساتێکیشی مایەی ژیان نەبوو. بێگومان بەر لەوە ناچاربووین ژیانی خۆمان بە سیستەم بکەین. پاش ماوەیەکی تر (سەما) هات. (سەما)ی خەڵکی ئەرتەمێتا. ئەو (سەما)یەی لە کارگەکەی باسمانە پێکەوە کارمان دەکرد و پێکەوە دەرکراین. چووبووین بۆ گوندەکەشیان. خۆی، کاکەی و براژنەکەی سەر بە (HK)بوون. کەسێکی خاوەن جەوهەر و تایبەتمەندی جوان بوو، کەسێکی بەڕێز و خۆشگوزەر و پابەند بوو. دوابەدوای ئەویش (سونا)ی (DEV-GENÇ)یی هات بەم شێوەیە بووین بە (6)شەش کەس. بە ئەندازەی زۆر بوونی "سیاسییەکان" کەش و هەوای گشتیش گۆڕانی بەسەردا دەهات.

کۆمین (کۆمونە)ی هاوبەشمان پێکهێنا. چەند ژنێکی تریشمان کە بەتاوانی کوشتنی پیاو زیندانی کرابوون، لە کۆمینەکەی خۆمان وەرگرت. هەر لە هەڵسانی بەیانیانەوە تا کاتی خەوتنی

شەو خۆمان بە بەرنامە کرد. بەیانیان وەرزشمان دەکرد، کارەکانمان بە هەرەوەزی رادەپەڕاند. پەڕتووکمان دەخوێندەوە، نووسینمان دەنووسی. لە تەلەفزیۆن تەماشای هەواڵەکانمان دەکرد کە حەتمەن لەو ساتەدا داوای بێدەنگیمان دەکرد. ئەگەری هەبوو لەدەرەوە میوان نەیەن بۆلای هەموومان. هەڵبەتە رێکخراو بەگشتی بەناوی هەموومانەوە کەلوپەل و پارەی دەنارد. لەمەدا هەستم بە ناڕەحەتی نەدەکرد، بەپێچەوانەوە بە پێویستمان دەزانی. نووسینیان بۆ رۆژنامە دەنووسی و پرسیاریان بەمن کرد کە واژۆی دەکەم یاخود نا. کاتێک دەستیان بە نووسینیش کرد داوایان لێدەکردم تا بۆچوونی خۆمیان پێ بڵێم. پێمگووتن ئەگەر رووداوەکان وەکو خۆیان بنووسن کێشەمان نییە. واتا لەجیاتی ئەوەی گرفتەکە بە ژمارە روون بکرێتەوە، لەوێدا تەنیا کەسێکیش بم شۆڕشگێڕێکی کوردستانم و ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بێت رازیم، ئەگەر نا نووسینی ناوم هەرگیز بە راست نازانم. تەنیا ناوێک شتێک دەرنابڕێت. من چی بووم، بەشێوەیەکی کرداری بەناوی چییەوە بەشداری بەرخودان ببووم، راگەیاندنی چالاکییەکەم بەپێویست دەزانی. دوای تەواوکردنی نووسینەکەیان هێنا و خوێندمەوە. لەگەڵ هەندێک لەخاڵەکانیدا نەبووم، رەخنەکانی خۆمم ئاراستە کردن و گووتیان: "راستی دەکەینەوە". لەهەندێک شوێندا تۆزێک پێشەنگایەتیم کردبوو، تۆزێکی جیاواز باسیان لە من کردبوو بەشێوەیەک کە پێشەنگایەتیم کردووە، بەڵام من بەکام رۆحی سیاسییەوە، بەناوی چییەوە، ناسنامەم چییە، ئەمانەیان نەنووسی بوو. خۆیان وەکو هەڤاڵێکی من نیشاندا بوو. سەبارەت بە رۆژنامەکەی خۆیان (رزگاریخوازی گەلان)

پێیانگووتم "تۆش دەتوانی بنووسیت، پێیان بڵاو دەکەینە"، منیش گووتم پێویست ناکات.

دواتر لەژمارەی (11 ـ 12)ی (رزگاری گەل) ناوی منیشی لەسەر زیاد کرا و بڵاو کرایەوە، بەشێوەیەک کە وەک واژۆی منیشی لەسەر بوو‌بێت، رۆژنامەکانیانم لێ داوا کردن و رەخنەم کردن. دواتر لە ژمارەی (13) دا دۆخەکەیان بە جۆرێکی تر نیشاندا؛ ئەوجار گووتیان: "شۆڕشگێڕێکی کوردە و بەشێوەیەکی چالاک بەشداریکردووە".

لەهەمان کۆمین دابووین، بەردەوام گفتوگۆمان دەکرد. ناوبەناو دەماقاڵێشمان دەکرد، گفتوگۆکان تا بە جوێنی سیاسی دوولایەنەش دەچوون. ئەوان بە نەتەوەپەرستی بۆرژوازی بچووک تاوانباریان دەکردین، منیش ئەوانم بە سۆسیال شۆڤێنیزم. ئەوەی من تاوانبارکردن نەبوو. بەڕاستیش لەژێر کاریگەرییەکی خەستی شۆڤێنیستی دابوون. بەتایبەتیش (گولسوم) کە پێمان دەگووت (کچە رەشە)کەی خەڵکی مانیسا زۆر شۆڤێنی بوو. (مەخمورە) و (ئەسمەهان) میانڕەوتر بوون، مرۆڤ دەیتوانی لەگەڵیان گفتوگۆ بکات. لێکدانەوەکانی ناو گۆڤارەکان درێژەیان بە گفتوگۆکانمان دەدا.

(مەتۆ) و (حەیدەر)ی برام هاتن بۆ سەردانم. (باقی) و (ئیبۆ) و خزمانی تریش هاتن. رۆژێکیان (چەتین گیونگیۆر –سەمیر) هات. ئەویش وەکو هاتنەکەی (شاهین) سەرسامی کردم، خۆشحاڵ ببووم، هێندەی نەمابوو بفڕم. گرێدانی رێکخستنی شتێکی زۆر جیاواز بوو. لەگەڵ (حەیدەری پیرسوسی) هاتبوو. هەمدیسان چەندین پێشهاتە و رووداوی گرنگیان پێڕاگەیاندین. (شاهین) خواستی من بۆ (گەڕانەوەم بۆ وڵات)ی گەیاندبوو بە هەڤاڵان. باسم لەو قۆناخە کرد و پێمگووت: "جانتاکەشم

ئامادەکردبوو بەڵام هەر کە دەرکەوتم دێم، ئیتر ئەگەر کەسیش نەمبات من خۆم سواری ئۆتۆمۆبێل دەبم و دێم". باسی ناو زیندانم بۆ کردن، پێدەکەنین. منیشیان زۆر باش و خۆشحاڵ دەبینی. بەردەوام بووم: "سەبارەت بە دادگا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە، کرێکارین، بە ئامانجی راگەیاندنی کێشەکانمان بە رای گشتی مانگرتنمان لە خواردن راگەیاند و لەو چوارچێوەیەشدا خاوەنداری دەکەین"، بەدەر لەمە هیچی تر نەگووترا، (چەتین گیونگیۆر) دەیگووت: "هاتوچۆمان دەبێت". رۆژی دادگاییکردن دیار بوو. (حەیدەر)ی برام و (حەیدەری پیرسوسی) بەشداری یەکەمین دانیشتنی دادگا بوون.

تا دەهات کاکە (حەیدەر)م لەلا خۆشەویستتر دەبوو. بەمشێوەیە هۆشمەندبوونی، چاودێریکردنی لە دادگا چەندە باشبوو. دوای یەکەمین شەڕمان بەڵێنی دابوو. ئەم هەڤاڵێتییەمان زۆر خۆش و جوان بوو، پابەندبوون بوو بە بەڵێنەکانییەوە، لەدڵی خۆمدا دەمگووت: "چیتر حەیدەر لێمان دانابڕێت".

من و (گولسوم) بە شەرواڵی کوردی و کڵاو و مشکیی ژنانەوە رۆیشتین بۆ دادگا. جلوبەرگی زیندان و جلوبەرگی دادگامان جیاوازبوون. زیندانییەکانی تر و کارمەندانی زیندان حەپەسان. ئەوانی تر وابیریان لێدەکردەوە کە من بەئەنقەست بە شێوەیەکی رەمزیانە جلی کوردیم لەبەر کردووە. هەر لەگەڵ بەجوڵەهاتنی ئۆتۆمۆبێلی زیندان دەنگی دروشم و سروود بەرز بووەوە. لە رێگە سەرنجی هەموو کەسێکمان رادەکێشا. (HK)ییەکان بڕیاری گرووپیان دابوو، بەهۆی هاتنی چاودێران لە دەرەوە و بەشداریکردنیان لە دادگادا، ئەمان دەیانویست دادگاکە بکەن بە مەیدانی خۆپیشاندانێکی سیاسی. منیش ئەمەم بەکارێکی راست و بەجێ دادەنا.

سروودەکانمان پێکەوە دەگووتەوە. ئەوان دروشمەکانی خۆیان و منیش دروشمەکانی خۆمانم دەگووتەوە. بێگومان بەتەنیابوون و تەنیا دروشمی کەسێک لەجێی خۆیدا نەبوو. هەمدیسان لەکوێ بەپێویستم بزانیبا دەستبەجێ دەمگووتنەوە. بەردەم دادگا قەرەباڵغ بوو، ئەوانیش بەشدارییان لە دروشمەکانمان دەکرد و لەوێکانەدا گووتم: "بمرێت داگیرکەری" بەدەنگی بەرزەوە بەدوامدا گووتیانەوە. سەرسام بووم و ئاورێکم لێدانەوە، کاکە (حەیدەر)م، (حەیدەری پیرسوسی) و چەند کەسێکی تر... زۆر دڵخۆش بووم. کەوابوو منیش بە تەنیا نەبووم.

بەر لە دانیشتنی دادگا لە قاتی خوارەوە رایانگرتین، ئەوجار لەجیاتی دروشم، سروودمان دەخوێند. سەربازەکان هیچیان لەدەم دەرنەهات. کارمەندانی دادگا و ئەوانەی بۆ کاری تایبەتی خۆیان هاتوون بۆ دادگا هەموویان بە چاوی مەراقەوە دەیانویست بێنە قاتی خوارەوە و تەماشامان بکەن، چاوەش نەیدەهێشت. دانیشتنەکە ماوەیەکی کەمی خایاند، دوای یەکلاکردنەوەی ناسنامە و وەرگرتنی وتە "ئیفادە"، بانگەشەنامە خوێندرایەوە و پاشان دادگاکە دواخرا، داواکاری پارێزەرانیشمان بۆ ئازادکردنمان رەتکرایەوە. بانگەشەی خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلیس هەبوو. پارێزەرەکان جەختیان لەسەر کردەوە کە مانگرتنەکە یاساییە، مانگرتن لەخواردنیش بەئامانجی راگەیاندنی بەناحەق دەرکردنمانە لەکار، بەپێچەوانەی بانگەشەنامەکەوە پۆلیس پەلاماری دابووین نەک ئێمە هەڵمەتمان بۆ بردبن، هێشتا شوێنی فەلاقە و لێدان بەجەستەمانەوە دیاربوو. سەرەڕای تێپەڕبوونی ئەو هەموو کاتەش هێشتا شوێنی گورزی پۆلیس بە

جەستەمانەوە بوو. بەڵام دادگا هێندە گوێی بەو خاڵە نەدەدا، هەڵوێستی سیاسییانەی وەردەگرت، بەتایبەتیش لەسەر ئەوانە رادەوەستان کە لەدەرەوە بەشداریان کردبوو.

یەکەمجاربوو بەمشێوەیە دەچوومە بەردەم دادگا، لەلایەن دادگاوە بە"تاوانبار" دادەنرام و " دادگایی دەکرام". ئەوەی دادگایی دەکرا چی بوو؟ ئەوەی پێویست بوو دادگایی بکرێت چی بوو؟ کورتەی هەڵوێستی (دەنیز) و ئەوانم خوێندبووەوە کە لەدادگا نیشانیان دابوو. پەرتووکم لەسەر رەوش و بەسەرهاتی ئەو کەسانەی ناو زیندانم خوێندبووەوە کە لە قۆناخی کودەتاکەی 12ی ئاداردا دەستگیرکرابوون، ئەشکەنجە و فەلاقە کرابوون، بەڵام ئەو کاتە هەموو ئەوانە نابەرجەستە دەبوون. لایەنی بەرخودانی و قارەمانێتی کاریگەری دەکرد، هەروەها کاریگەری سۆزداری قورسایی زیاتری هەبوو. لە ژیانەوە فێربوون شتێکی تر بوو. دەخرایتە بەردەم دەوڵەت، یاسا، دادوەر و حقوقەکەیەوە. واتای نووسراوە زەبەلاحەکەی (دادپەروەری بنەمای موڵکە)[124] جگە لەوەی پەیڕەوکردنیان بەسوودی دەوڵەت دەشکایەوە، هیچی تر نەبوو. هەندێکیان دۆزگەریان دەناسی و لێکدانەوەیان لەسەر دەکرد دەیانگووت: " فاشیستی وەکو خۆی نەبوو". ئایا ئەوانی تر لەو جیاوازتر بوون؟ تەنانەت ژیان دەیکردیت بە شاهێدحاڵی ئەم جیاوازییانەش.

لە دەرکەوتنیشماندا لە دادگا دروشممان هەڵدا. (حەیدەر) هێندە بە دەنگی زوڵاڵ و پڕ بەدڵ دروشمی هەڵدەدا کە کاریگەری لە هەموو کەسێک دەکرد، جەماوەری ئەوانی تریش

---

[124] ئەم نووسراوە جۆرە دروشمێکە و لە هەموو هۆڵێکی دادگادا لە وڵاتی تورکیا هەڵدەواسرێت.

بەشدارییان کرد. بەڵێ دروشمی "بمرێت داگیرکەری" هەڵدەدرا. بەتایبەتیش لە ئیزمیر و لەبەردەم دادگادا. زۆر بەختەوەری دەکردم. ئەوانی تر دروشمی "پێویستە نەتەوەکان ئازاد و گەلان یەکێتییان هەبێت"یان دەگووتەوە کە بڕوایان بە ناوەڕۆکی ئنتەرناسیۆنالیستانەی هەبوو. ئێمەش بە "یەکێتی ئارەزوومەندانە" وەڵاممان دەدانەوە. لە راستیدا دروشم گووتنەوەیەکی نەک وەک کێبڕکێیەک، بەڵکو هەمان دروشممان هەڵنەدەدا، دوولایەنە ناڕەحەت دەبووین. بەڵام بە رێزەوە مامەڵەمان دەکرد، بێ ئەوەی ناکۆییەکان بەرووی دەرەوەدا دەربخەین، بێ ئەوەی بکەوینە هەڵوێستی نابەجێوە، بە وردی خۆمان لێدەپاراست. هەڵوێستمان بەشێوەی دنەدانی ئەوان نەبوو. هەرچەندە هەڵگری لایەنی شۆڤێنیش بوون، لەبەرامبەر بەمجۆرە رەوشانە هەوڵی ئۆقرەگرتنیان دەدا.

کاتێک گەڕێندراینەوە بۆ زیندان، کارمەندانی زیندان هەوڵیان دەدا زیاتر ورد و بەڕێزەوەوە مامەڵە بکەن. ئەو پاسەوانانەی لەگەڵمان هاتبوون بۆ دادگا، دەستبەجێ رووداوەکانیان بۆ ئەوانی تر باسکرد؛ لەوێ چۆن هەڵسوکەوتمان کردبوو، ئاپۆڕای جەماوەر و هەڵوێستەکانی خەڵکیان بۆ دەگێڕانەوە. هەندێکیان دەیانگووت: "پێویستە ترس هەبێ لەمانە، تەنانەت لە دادگاشدا دروشمیان هەڵدا". ئەگەرچی لە ئاستێکی کەمیشدا بێت گۆڕانی هەڵوێستیان بەم هۆکارە بوو. بەلای ئەوانەوە ئێمە ئەو کەسانە بووین کە بەگژ دەوڵەتدا چووبووینەوە. بێگومان لەپاڵ ئەمەشدا رێوشوێنی پێویستیشیان بۆ خۆیان وەردەگرت. زیاتر لە میوانەکان، ئەو کەلوپەلانەی دەهێندران و هەر قسەیەک کە بکرایە ورد دەبوونەوە. ژووری دیدەنی لە رۆژانی دیدەنیدا بە تەواوی دەبووە مەیدانی بازاڕ، دیوارەکانی بەشە

تاکەکەسییەکانی ژووری دیدەنی لە جام دروست کرابوو و گەیاندنی دەنگیش بە کەسی بەرامبەرت خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی گەورە بوو. دەبوا سەرت بەرەو بەشە کونکوناوییەکەی سەرەوە بەرز بکردایەتەوە و بە هەموو هێزتەوە هاوارت بکردایە هەتا دەنگت بە کەسی بەرامبەر بگات. هەڵبەتە ئەو قسانەش لەلایەن پاسەوانەکانەوە زۆر بە ئاسانی دەبیسترا. بەم هۆکارە شتە پێویست و نهێنییەکانمان لەسەر کاغەز دەنووسی و پیشانی یەکترمان دەدا.

ڕۆژ دەگوزەری و لە 1ی ئایار نزیک دەبووینەوە. بڕیارمان دا کە لە زیندانیشدا ئاهەنگ بگێڕین، هاوکات لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی گشتی هاوبەشدا پیرۆزمان دەکرد کە ڕاستترین شێواز بوو. باس لەوە دەکرا کە لە دەرەوە ئامادەکارییەکی زۆر بەرفراوان هەبوو. بەهەواڵی بەشداریکردنی سەرجەم گرووپەکان لە پیرۆزکردنی ئەو ڕۆژە لە مەیدانی تەقسیمی ئەستەنبوڵ پێخۆشحاڵ بووین و بە مەراقەوە چاوەڕێیمان دەکرد. ئەی لە کوردستان چۆن پیرۆز دەکرا؟ هەڤاڵان مسۆگەر بەشداری پیرۆزباییەکەی تەقسیم دەبوون. بەڵام دەستێوەردانی پۆلیس لە کوردستاندا جیاوازە. هەستی دەرکەوتنی شەڕ بەسەرمدا زاڵ ببوو.

ڕۆژی 1ی ئایار بە جوانترین شێوە جل و بەرگمان لەبەر کرد. میوانەکانمان گوڵە مێخەکی سووریان بۆ ناردین. خستمانە ناو بوتڵە شوشەکانەوە و لەسەر دۆڵابەکان دامانان. جۆش و خرۆشێک هەمووومانی گرتبووەوە. دەمەو کاتژمێر 9ی بەیانی لە

شوێنی هەواگۆڕکێ[125] بەڕێزێک، خولەکێک بۆ ڕێزلێنان ڕاوەستاین، لە یەک کاتدا دروشممان هەڵدا.

لە زیندانەوە دەنگی دروشم بەرز دەبووەوە، **سەرەڕای کەمی** ژمارەشمان، دەنگمان زۆر باش بوو. دروشمی: "**بژی 1ی ئایار!**"مان بە تورکی و بە کوردی دەگووتەوە.

بەتاسەوە تەماشای تەلەفزیۆنمان دەکرد. دەوڵەت **زیاتر** ئاماژەی بە ڕێوشوێنە پۆلیسییەکانی خۆی دەکرد، دیمەنەکانیش زیاتر بەو شێوەیە بوون. جاروبار تەقسیم و شەپۆلی جەماوەری لە کۆڵانەکانی ئەستەنبۆڵ نیشان دەدا کە چۆن مشتی چەپیان بە ئاسمانەوە ڕادەوەشاند و دروشمیان دەگووتەوە. زۆر باش بوو و دیمەنێکی زۆر قەشەنگیش بوو. مرۆڤ هەستی بە گەرموگوڕی شۆڕش دەکرد. بڕوایەکی لە ناخی مرۆڤدا دەچاند کە بەم جەماوەرە شۆڕش بەرپا دەبێت. ئەوانەی تەنیشتم زۆر بەخرۆش بوون، بە چەپڵەڕێزان و دەنگی بەرزەوە پێشوازییان لە هەر یەکێک لەو دیمەنانە دەکرد و لێکدانەوەیان بۆ هەموو شتێک دەکرد. پڕ جوڵە و بزاوت بوو، ناحەقی لەکەس ناکەم، بەڵام لەوان و لە هەموو کەسێک زیاتر پێخۆشحاڵ بووم، بەختەوەرییەکی گەورە بوو. بڕواکردن بە چینی کرێکار، بڕواکردن بە گەلی تورکیا و شۆڕشی تورکیا لەلای من بە لوتکە گەیشتبوو، هەستێکی سۆزدارییانە زاڵبوو بەسەرمدا، دڵم لەسینەمدا جێگەی نەدەبووەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا حەسرەت و ئاواتی وڵات هەبوو، ئەم **لایەنە** دڵگرانیی و خەمبارییەکی دروست دەکرد کە ئایا چۆن بە ئەنجام دەگەیشت؟ وەکو پرسیارێک دەمایەوە. بەڵام مەیدانی تەقسیم تا

---

[125] حەوشەی بەشە جیاجیا و بلۆکە جیاجیاکانی زیندان کە وەکو ژوورێکی گەورەی سەر کراوەن.

دواپادە رایدەکێشام. ئەو رکانگری و رکابەرییەی لەنێوان فراکسیۆنەکانمان دەمانکرد زۆر خراپ بوو. جاروبار لەناوەختەدا شتی زۆر خراپمان بەیەکتر دەگووت، تەنانەت شەڕیشمان دەکرد. ئەم جۆرە شتانە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆشی لێوەدەرنەدەکەوت. بەڵام تێکۆشان بەو شێوەیەی ئەوساکەی تەقسیم زۆر جوان و بەهێز بوو. لە رووسیا مەنشەفیک، بەلشەفیک، نارۆدنیک و ئەنارشیستەکان کەم نەبوون. لەم واتایەدا پێویست بوو دۆخی ئەم گرووپانەی تورکیا بە شتێکی سرووشتی لێکبدرێتەوە؟ بەڵام کەس نەبوو پێشەنگایەتی بکات، هەر کەسە و دەیگووت: "ئێمە باشترین پرۆلیتاری شۆڕشگێڕین"، هەموویان لایەنی نەرێنی هاوبەشیان هەبوو لە هەڵوێستەکردن لەگەڵ کێشە سەرەکییەکانی شۆڕشدا. لە شیکارکردنی تورکیا، کوردستان، سۆسیالیزم و دەستەواژەکانیاندا لە جەوهەردا شتی لەیەک جیایان پێ نەبوو. ئەگەر هەموو کەسێکیش لەسەر ئەم بنەمایە 1ی ئایاری پیرۆز بکرایە، ئەوا ناکۆکییە بێ بنەماکان زووتر ئاشکرا دەبوون. لەوساتەدا (مەخمورە) دەیگووت: "ئەگەر هەمدیسان PDA گێرەشێوێنی نەکات باش دەبێت، بە راست پێویستە ئەوان بەشدار بکرێن". (HK) و (PDA)چییەکان لە ئێزمیر زوو زوو دەبوو بە شەڕیان. زیاترین گرووپێک بوو کە لێی پەست بوون.

تەلەفزیۆن بە درێژایی رووماڵی دەکرد، ناو بە ناو بەرنامەی جیاجیاشی بڵاو دەکردەوە، قورسایی زیاتریان خستبووە سەر دیمەنەکانی تەقسیم: کرێکار بە لافیتە، پلانکارت، بەرسنگی سپی و نووسراوەوە، بە شاردنەوەی رووخساری خۆیان و هەڵگرتنی چەکوش و داسی سیمبۆلییانە...هتد سەرجەمیان بەکاریگەر بوون. ناوبەناو سەرۆکی گشتی (DiSK)؛ (عەبدوڵڵا باشتورک)،

سەرۆکی (TİP- پارتی کرێکارانی تورکیا)؛ (بەهیجە بۆران)یان پیشان دەدا. کاتێک دروشم دەگووترایەوە گوێم بۆ شل دەکرد تا بزانم دروشمی (بمرێت داگیرکەری) دەگووترێتەوە یاخود نا. بە وردی چاوم بە پلانکارت و لافیتەکاندا دەخشاند، بەدوای لافیتە و پلانکارتی بە واژۆی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا دەگەڕام.

لە پڕێکدا پشێویی کەوتە مەیدانەکەوە، پەخشی تەلەفزیۆنەکە پەخشی راستەوخۆ بوو، ئەوەی هەبوو دوای دەمێک دەمانبینی. هەندێک ژن هەبوون لەلامان کە قیژە و هاواریان بوو، ئاخ و واخیان دەکرد، هەموو کەسێک بەدەوری تەلەفزیۆنەکەدا کۆببووەوە، واتایان پێنەدەدا. ئێمەش بە تەواوی تێنەدەگەیشتین، تەنیا ئەوەندە نەبێت دەمانگووت گێرەشێوێنییە و بەس. بێژەری تەلەفزیۆنەکە دەیگووت لەدەرەوە، لە سەربانی ئۆتێل شیراتۆنەوە تەقە کرا، هەوڵی ئەوەیان دەدا وەکو شەڕی ناوخۆی نێوان گرووپە چەپەکان نیشانی بدەن. چەندین ئۆتۆمۆبێلی زرێپۆشی پۆلیس خۆی کرد بەناو قەرەباڵغییەکەدا، خەڵکێکی زۆریان کرد بەژێرەوە. رێک وەکو مەیدانی شەڕی لێهات. زۆر بە ئاشکرا دیاربوو پشێوی، گرژی، ئاڵۆزی هاتۆتە ئاراوە و لە هەموو لایەکەوە تەقە دەکرا.

پلانکارت، بەیداخ و کاغەزێکی زۆر مەیدانەکەیان پڕکردبووەوە و زۆربەیان وەکو دار و تێلا بەکاردەهێندران، دیمەنێکی زۆر ترسناک بوو: ئەو خۆشحاڵییە گەورەیە، ئەندێشە و نیگەرانی شوێنیان بە سەراپای هیوا و ئاواتەکانی چەند ساتێک پێشترمان لێژ کردبوو. رێک وەکو کۆمەڵکوژییەک وابوو، زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە مەیدانێک دابوون و مەیدانەکە لەژێر دەستڕێژی گوللەدا بوو. زرێپۆشەکان ئاوی بە تەوژمیان دەگرتە جەماوەر، دووکەڵی بۆمبی فرمێسکڕێژ مەیدانەکەی تەنی

بوو. تەقە دەکرا، زریپۆشەکان زۆر بە ئاشکرا بە ئاراستە و بەسەر خەڵکەکەدا دەبردران. بەڵێ، ڕێک وەکو کۆمەڵکوژییەک وابوو، گێرەشێوێنییەک بوو.

بێژەرەکە جاروبار ژمارەی کوژراوانی ئاشکرا دەکرد و دەیگووت:" بەلانی کەم 20 کەس" و پاشان "30"، دواتر دەیگووت "36" کوژراو و ژمارەیەکی زۆر بریندار". دەستبەسەرکراوێکی زۆریش هەبوون! بەڵام بە ئەستەم ژمارە و ناوی دەستبەسەرکراوانیان لەدەم دەرکەوت.

لەگەڵ بەشی پیاوان دەستمان بە ئاڵوگۆڕی نامە کرد، لەبەرامبەر بەم ڕەوشە بێ هەڵوێست نەدەبووین، دەمانویست بزانین ئەوان بۆچوونیان چییە. سەرەنجام بڕیار درا چالاکییەکی نارەزای دەربڕینی وەک مانگرتنی سێ ڕۆژە لە خواردن ئەنجام بدرێت و لەو چوارچێوەیەشدا داخوازنامەیەکی سەرتاسەریمان ڕەوانەی دادگا کرد. مانگرتن لە خواردن تەنیا نارەزای "پرۆتێستۆ"دەربڕین بۆ کۆمەڵکوژییەکەی دەگرتەوە. ئەو شەوە داخوازینامەکەمان ئامادە کرد و سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر بە کردەیی دەستمان بە مانگرتن کرد. ڕۆژانە لە کاتی دیاریکراویشدا بەگشتی دروشممان دەگووتەوە.. دروشمی وەکو "پێویستە تۆڵە لە فاشیستان بکرێتەوە!"، "شەهیدانی تەقسیم نەمرن، باجی 1ی ئایار دەستێندرێتەوە". بەمجۆرە لەبەرەی خۆمانەوە کۆمەڵکوژی 1ی ئایارمان پرۆتێستۆ دەکرد.

لەم ماوەیەدا زیندانیانی تر بێدەنگ بوون، وەکو جاران شەڕ و قژ ڕاکێشان و جوێندان و سووکایەتی بەیەککردنیان نەمابوو. چاویان لەسەر ئێمە بوو. دەیانویست بزانن مانگرتن لە خواردن چییە و چۆنە؟ بەگشتی لە حەوشەی هەواگۆڕینەکەدا دادەنیشتین. تەنیا ئاو و تۆزێک شەکرمان لەلابوو بۆ

دروستکردنی شەربەت. لە کاتی دیاریکراودا پەرداخێک شەکراومان وەردەگرت. هەروەها جگەرەش دەکێشرا. بەم هۆیەوە ئەوانی تر کاتێک لەدەرەوە نانیشیان بخواردایە، لە نزیکمانەوە نەیاندەخوارد. تەنانەت جاروبار کە دەچووینە ژوورەوەش ئەگەر کەسێک شتێکی خواردنی بەدەستەوە بووایە، شەرم دایدەگرت و دەیشاردەوە یاخود هەڵیدەگرت. چۆن خواردنی هەر شتێک لە پاڵ کەسی بەڕۆژوو بە گوناح لە قەڵەم دەدرا[126]، ئەمەشیان بە گوناح هەژمار دەکرد. هەرکاتێکیش حەزیان بکردایە دەهاتن لەلامان دادەنیشتن، پرسیاریان دەکرد و ئێمەش هەوڵمان دەدا تێیانبگەیەنین. هەڵبەتە ئەو خاڵانەی ئەوان بە گرنگیان دەزانی جیاوازبوون، بەتایبەتیش کولتوورێکی تایبەت بە زیندان هەبوو. ئەمانە تەنانەت لە راگەیاندنە بۆرژواکانیشدا بەشێوەیەکی بەرفراوان جێگەیان پێدەدرا. لە رێگەی کارمەندەکانی زیندانەوە بازرگانیکردن بە ژنەوە دەکرا. بەگشتی ئەوانەی بەتاوانی زینا و پرسی خوڕەوشت زیندانی کرابوون لەگەڵ هاوبەشانی تاوانەکەی دەیانهێنانە لای یەک. نامە و شتومەکیان بە پارە دەگواستەوە و هەموو پەیوەندییەکانیشیان لەسەر پارە بەند بوو. تەنانەت هەر بەڕێگەی ئەو کارمەندانە ماددە و حەبی هۆشبەری دەهێنرایە ناو زیندانەوە.

هەندێکیان لەم بوارەدا ببوون بە پسپۆڕ، پاسەوانەکان لەم کارەدا باشترین کارگێڕ بوون. دە هێندەی مووچەی دەوڵەتیان لەم رێگەیەوە چنگ دەکەوت. رێک وەکو تۆڕێک بوون. لە ناو زینداندا ئاغا بوون، ژنە ئاغا. خواردن و خزمەتەکانی تریان لەلایەن زیندانییەکانەوە رادەپەڕێندرا. ئەم تۆڕە هەر لە پاسەوانەوە تا بە بەڕێوەبەری زیندان و هەتا دۆزگەری باڵای

[126] مەبەست لە رەهەندی ئایینییە.

لەخۆ دەگرت. دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە کەسانە لەڕیزی ژناندا ئەستەم نەبوو. ئێمە سەرەتا هەوڵماندا رازیان بکەین بە ڕێسا دەستنیشانکراوەکانی ژیانی هاوبەشمان و ئەوجار دەست بۆ کێشەکانی تریان ببەین.

هەموو شتێک بە قەدەخەکاری نەدەبوو، بەدەستێوەردانێکی راستەوخۆش ڕێگری لێنەدەکرا و چارەسەر نەدەبوو. بەپێچەوانەوە ئەم ڕێبازە ڕووبەڕووی زیندانییەکانی دەکردەوە. ئەوانە جەماوەرێکی زۆر و بەرچاویان هەبوو، هاوکات ئەو کەسانە بوون کە بە سەرجەم کولتووره پاشڤەڕۆ و شێوە پەیوەندی کەوتووی هاوڕەگەزبازی و خۆتێرکردن شێوەگیر ببوون و بەرگرییان لەو جۆرە ژیانەیان دەکرد. هەمووشیان فرە کێشە و گرفت بوون. تەنانەت هەندێکیان هەبوو جاروبار پەنایان بۆ خۆکوشتن دەبرد.

(حوسنییە)؛ کچێکی قژ زەرد و جوانی لازی خەڵکی یەکێک لە گوندە دوورەکانی دەریای ڕەش بوو لە تەمەنی (14) ساڵیدا باوکی لەبەرامبەر بە پارە بە دەلاڵێکی دەفرۆشێت، کابرا بەناوی هاوسەرگیری وەریدەگرێت لەکاتێکدا لەگەڵ ژنێکی تریش گوایا هاوسەرگیری هەبوو، سەرباری ئەمەش لەگەڵ ئەو کچەدا هاوسەرگیری کرد، پاشان لەماڵەکەی خۆیدا دەستی کرد بە بازرگانیکردن بە کچەکەوە. کچە لەگەڵ هەوێکەی پێکەوە کابرا دەکوژن. هەردووکیشیان لەزیندان پێکەوە بوون، نێوانیان خۆش نەبوو، زۆرجار دەبوو بە شەڕیان. کچە دەیگووت: "منیش بکەن بە شۆڕشگێڕ"، پەیوەندار بوو بە شۆڕشگێڕییەوە. لەڕاستیدا ئەمەی ئەو بەدواداچوونێک بوو. هەروەها پاسەوانەکانیش گرنگیان پێدەدا و دەیانویست بەکاری بهێنن. ژنێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو. تەنانەت هەندێک لە پیاوەکان داوای

هاوسەرگیریشیان لێکردبوو. پاسەوانەکان لەبەر ئەوەی کارەکە پارەی تێدا هەبوو، بەردەوام بە دەوریدا خولیان دەخوارد.

لەدوای چەند رووداو و هەوڵێکی بەرجەستە و بەردەیدە؛ سەرەتا هەڕەشەمان لە ژنە پاسەوانەکان کرد، ئاگادارمان کردنەوە، ناویانمان زڕاندەوە. هەندێک رووداوی نهێنی ئەوانمان ئاشکرا کرد. ژنەکان ئیتر دەترسان، هەوڵیان دەدا زۆر بەنهێنی ئەو کارانە بکەن. (حوسنییە) دواجار لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو کە خستبوویە سەرییەوە، پاشماوەیەکی زۆر، پێمزانی کە بە خواردنی بڕە دەرمانێکی زۆر خۆی کوشتووە. دوای خوێندنەوەی ئەم هەواڵە لە رۆژنامەیەکدا، زۆر خەمگین بووم. (حوسنییە).. ئەوەندە کەسی وەک (حوسنییە) زۆر بوون کە لە باسکردن نایەن...

رۆژێکیان لە پەیمانگەی پەروەردەی بوجا ئاڵۆزییەکی گەورە روویدابوو. فاشیستەکان و شۆڕشگێڕان بە زنجیر، تێلا و کێردی گەورە کەوتبوونە وێزەی یەکتر. لە رۆژنامەیەکدا هەواڵەکەمان خوێندەوە. نیوەشەوی رۆژی دووەم؛ سێ کچە خوێندکاریان هێنا، بەڵام شێوەیان زۆر لە شێوەی شۆڕشگێڕەکان نەدەچوو. لەگەڵ (گولسوم) دەمانگووت هیچ تووشیان نەهاتووین. ئەگەر ئەمانە شۆڕشگێڕ بوونایە مسۆگەر لە شوێنێک چاومان بە یەکتر دەکەوت. قەناعەتمان زۆرتر ئەوە بوو کە لە فاشیستەکانن، کە پرسیارمان لێدەکردن دەیانگووت: "ئێمە چەپڕەوین". مەگەر تەمبێیان کردوون کە وابڵێن و پێیانگووتوون "ئەگەرنا دەتانکوژن"، ئەوانیش لە ترسان وایان دەگووت، بەشێوەیاندا وادیار دەبوو کە چوون بۆ خولی کاراتی و تایکواندۆ. دەمانزانی کە کچانی فاشیست زیاتر خولیای وەرزشی لەشجوانین. لەناو خۆماندا گاڵتەمان دەکرد: "لە ئێمە

زیاتر کاراتی نین" و هەر یەکەمان یەکێکیان بۆخۆی دانا. ئێمەش بەردەوام بەیانیان وەرزش و کاراتیمان دەکرد. (مەخمورە) لە کاراتیدا قایشی رەشی هەبوو و ئێمەشی فێردەکرد. بەڕادەیەکی باشیش فێرببووین.

کاتێک لەماڵەوەش بووم خولیای کاکەم بۆ وەرزش کاریگەری لەسەرم دروست کردبوو. چاودێری هەموو کار و وەرزشێکیم دەکرد. گۆڕانکارییەکانی ماسولکەی بازووم سەرنجی کاکەمی راکێشابوو. دوای ئەوەی بەتووڕەییەوە پێیگووتم: "بەمجۆرە بەهێزکردنی ماسولکە لەکچان نەدەیت، ناشرینیە، دەست لە سپرنگەکە هەڵگرە" زۆر سەرگەرمی نەبووم. بەڵام خراپیش نەبوو. زانین و بەکارهێنانی ئەم هەل و دەرفەتانە لە زینداندا باش بوو، زیانی نەدەبوو. ئەستاتیکای جەستە تێکنەدەچوو، لەو رووەوە بە ئاگابووین.

کارەکەمان بە جددی وەرگرت و گووتم: "مادام ئەم کچە فاشیستانە لەدەرەوە لە شۆڕشگێڕانیان داوە و هاتوون، ئێمەش لێیان دەدەین". رازی بوون، بەڵام هەروا لێدانێکی ئاسایی نەدەبوو. شیشی قەرەوێڵەکانمان دەرهێنا، سەری شیشەکانمان لە چیمەنتۆ و دەرودیوار دەسوی و دەمانویست تیژیان بکەین. شیشی چنینمان بەلاوە باش نەبوو. لەڕاستیدا شیشی ئاسنی باشیشیان تیادایە، بەڵام زۆر جێگای متمانە نەبوو. دوور نەبوو ئەنجامگیر نەبێت.

شیشی قەرەوێڵەکان باشتر بوون، هەر هیچ نەبێت کە لێدەدا ئەنجامی دەبوو. بەڵام تیژکردنی سەرەکانیان کاتی دەبرد و سەرنجیشی رادەکێشا. دەمانویست بەر لەوەی رێوشوێنی پێویست وەربگرن ئەم کارە ئەنجام بدەین. بەنیازبووین زۆر بە قاییمی شیشە ئاسنەکان بکێشین بەسەریاندا، بەڵام خەریکبوون

به شیشەکانەوە کاتێکی زۆری دەگرت. هەوڵمان دەدا سەرنجی دەوروبەرمان رانەکێشین. بە مشتەکۆڵە و بە بەکارهێنانی شیشی چنین و شیشی قەرەوێڵەکان مسۆگەر دەمانتوانی گورزی توندییان لێبووەشێنین. دەمانگووت: "ئەگەر نەشمرن، پێویستە گورزی باش بخۆن، ئاسەواری گورزەکانیان پێوە بمێنێتەوە".

دەستمان بە جێبەجێکردنی بەرنامەکەمان کرد، بەڵام ژنە پاسەوانە دەموچاو سوورەکە فێڵباز بوو. خۆیشی مەیلی فاشیستانەی هەبوو. گەڕەکەکەشیان فاشیستە، حەتمەن هەوڵی رزگارکردنیانی دەدا. قەرەوێڵە نزیکەکانی (ئەو قەرەوێڵانەی لە شوێنەکەی خودی ژنە پاسەوانەکانەوە نزیکە - و) داوە بەوان و ئەوانی لەوێ دەخەواند. بۆ دەست بەئاو گەیاندنیش هەر سێکیان لەگەڵ ژنە پاسەوانەکە پێکەوە دەردەکەوتن. ئێمە نەخەوتین، بەگشتی درەنگ دەخەوتین. لەناوخۆشماندا نۆبەداری خۆمان دەکرد. ئەوانی تر زۆر پێیان نەدەزانی، واشمانکرد کە پێی نەزانن، بەڵام ئەو شەوە گرنگ بوو. نەماندەویست ئەو هەلەمان لەدەست بچێت. ئەگەرێکی زۆری هەبوو شکیان لەلا دروست بووبێت و لە ئاودەست رێدەکەون. ژنە پاسەوان رۆیشتە دەرەوە و پاش کەمێک گەڕایەوە. هات بۆلای سێهەمینیان، بە چپە و بێ قرە هەندێک شتی پێگووت و بەخێرایی ئەویشی دەرخستە دەرەوە. هەموو شتێک لەناکاوێکدا روویدا، شیمانەی ئەوەمان نەکردبوو بەو نیوەشەوە بەریانبدەن. داخمان لێهات، ئەو ژنە نەفرەتلێکراوە کارەکەی لەبێنەوبەرەیەکدا تەواوکرد. پێویست بوو لە جیاتی ئەوان یەخەی ئەو ژنە پاسەوانەمان بگرتایە، دەستمان بخستایەتە بینەقاقای و توند بمانگوشیبایە... هەموومان تووڕەبووین؛ چۆن ئەم هەلەمان لەدەست خۆمان دا.

کاتێک ژنەکە گەڕایەوە هەر چوارمان رووومان تێکرد و پێمانگووت: "فاشیست، فاشیستەکان دەپارێزیت، کوا تۆ دەتگووت من پاسەوانێکم پەیوەندیم بە هیچی ترەوە نییە؟ لەمەودوا یەکتر ئەبینینەوە" و هەڕەشەمان لێکرد، ژنە لەترسا دەپاڕایەوە و دەیگووت: "من نەمدەویست هیچ شتێک روووبدات، بەتایبەتیش ئەوان بە ئێوەیان زانی بوو، پێیانگووتم: لێرە دەرمان بهێنە، ئەمانە کۆمۆنیستن هێرش دەکەنە سەرمان. (گولسوم)یان ناسیوە. شکیان لێ پەیدابووە، لە ئاودەستخانە پێیانگووتم: - دەرمانبهێنە - منیش ترسام و دەرمهێنان، بە هەڵە لێم تێمەگەن، من نە کۆمۆنیستم و نە فاشیست. بێوەژنێکم لە تەمەنی دایکتان دام". و هەوڵی سەلماندنی بێ تاوانی خۆی دەدا. بەجێمانهێشت و چووینەوە سەر شوێنی خۆمان. دوو رۆژ لە ناکارامەیی و لێنەهاتوویی خۆمان تووڕە و پەست بووین، بێتاقەت بێتاقەت لێی دانیشتین. دیاربوو بەباشی نەماندەتوانی هەلەکان بقۆزینەوە.

رۆژ و کات بەخێرایی؛ ئاڵۆز، رەنگاوڕەنگ بەسەر دەچوو. زۆر دەرفەتمان نەدەدا بە یەکئاستی و یەکڕەنگی. کاتێک رۆژژمێر 13ی ئایاری نیشاندا، یادی (لەیلا قاسم)مان کردەوە. هەر خۆم ئەم پێشنیازەم هێنایە سەر مێز و ئەوانیش هاوڕا بوون و بەشداریان کرد. ئەو رۆژە (ئۆرهان بەکر) وێنەیەکی لەبەر وێنەکەی کاتی لەسێدارە درانی (لەیلا قاسم) کێشابوو و لەلای خوارەوەی وێنەکەشدا نووسیبووی "لەیلا قاسم نەمرە"، هەروەها نووسینێکی تری نووسی بوو و بەناوی منەوە ناردبووی. زۆر خۆشحاڵ بووم و ئەو وێنەیەشم هێنا و بەدەستی خۆم لەسەر دیوارەکەی بەر سەرم لەبەرم گرتەوە. لەو رۆژانەدا کە بۆ یەکەمجار بوو.هەڤاڵان پەیوەندییان لەگەڵمان دەبەست، لەگەڵ خۆیان پۆستەرێکی زۆریان بۆ هێناین.

پۆستەرێکیان کە ئەو وێنەیەی (لەیلا قاسم) و نووسراوێکی زۆر جوان و پڕ بەواتای لەسەر بوو، پێشتر بەدیواری ماڵەوەدا هەڵمانواسیبوو. وێنەی لەسێدارەدانی کچە کوردێک بوو. یەکەم جاربوو پێمدەزانی. لەقژی سەرمەوە تا نووکی پێم؛ لەرزاندمی و ئازارێکی گەورەی پێدام، هاوکات فێری کردم کە چۆن ژنێک لە تێکۆشاندا شکۆمەند و قارەمان دەبێت. ئەو گووتانەی بە جەللادەکانی گووتبوو زۆر بەواتابوون، هەموویمان ئەزبەر کردبوو.

لەبەرامبەر بە خواستی دووژمن کاتێک پێی دەڵێن" داوای لێخۆشبوون بکەیت، لێتخۆشدەبین" ئەو تف لە دەمووچاویان دەکات و دەڵێت:"نەخێر! هەرگیز داوای لێخۆشبوون لە ئێوە ناکەم، ئەگەر کەسێک هەبێت داوای لێبکەم گەلی کوردە: نەمتوانی بەپێی پێویست لەپێناویدا تێبکۆشم". دوایین گووتەکانی لەچوارچێوەی ئەم ناوەڕۆکەدا بوو. بۆ من (لەیلا قاسم) ئەفسانەیەک بوو، کچە قارەمانێک بوو. بە تاقم و تفەنگەکەی و راوەستانەکەیەوە هەمیشە کاریگەری هەبوو لەسەرم. "ژن و چەک، ژن و شەڕ، ژن و تێکۆشان لەپێناوی رزگاری نیشتمانیی! ژن و مردن!" ئەمانە شتی ئاسایی نەبوون. دەشێت ئەو پێگەی قارەمانییەی هەڵیبژارد پێچەوانەی تایبەتمەندی چینایەتی ئەو هێزە بێت کە تیایدا جێگەی گرتبوو و رەوشێکی پێچەوانە بوو، بەڵام دەربڕی لە راستینەیەک دەکرد. ژنی کورد بە جێگرتن لە تێکۆشاندا لە کۆیلایەتی دەربازی دەبوو.

سەرهەڵدانێک بوو لەبەرامبەر بە بەکرێگیراویی و سیخوڕی، مەحاڵبوو کاریگەری نەبێت. بە ئەندازەی ئاوێتەبوون و بەشداریکردن لە تێکۆشاندا؛ گرنگی تێگەیشتن لە (لەیلا قاسم) زیاتر بوو. لێگەڕانی بەدوای ئازادیدا، بینینی ئازادی خۆی لە

ئازادی گەلەکەیدا، خواستی جێگرتن لەناو تێکۆشاندا لەبەرامبەر سەرجەم پێکهاتە پاشڤەڕۆ و دەرەبەگەکان و هەڵوێستیان لەبەرامبەر بە ژن و لەم پێناوەدا شەهیدبوون؛ مەعنەویاتێکی شکۆدار بوو. شۆڕشگێڕانی کوردستان هەر لەسەرەتاوە ژنانیان بەشدار کردبوو. (لەیلا) بەمشێوەیە خاوەندارێتی شۆڕشگێڕانەی لێنەدەکرا؟ ژن مسۆگەر جێگەی لە تێکۆشانی رزگاری نیشتمانیدا دەگرت. ژن تەنیا دەیتوانی بە جێگرتن و بەشداریکردنی چالاکانە لەم تێکۆشانەدا هەنگاو بەرەو ئازادی خۆی بنێت. ئەمەش رێگەی راستەقینەی رزگارییە. کەواتە پێویستە (لەیلا)کان زۆر ببن، بژین و پەرە بە تێکۆشان بدەن.

ئەو رۆژە هەر چییەکم دەربارەی (لەیلا قاسم) زانیبێت بۆم باسکردن. پاشان پەیامی هەڤاڵانمان خوێندەوە و چەند کۆپلەیەکمان لەو گۆرانییانە گووتەوە کە دەرباری ئەو دەمانزانی. یادکردنەوەی شەهیدان واتادار بوو. پابەندبوون و گرێدانی لە مرۆڤدا گەورە دەکرد، خولیای درێژەدان بە تێکۆشانی بەهێزتر دەکرد. بەڵێنێک کە بەو و بە قارەمانانی هاوشێوەیان درابوو بڕیارداربیەک بوو، لە یادکردنەوەیاندا باوەشت بەهەموو هەست و سۆزێکدا دەکرد کە برەوی بە خاوەندارێتی کردنیان دەدا. خاوەنداریکردن لە پابەندبوون بە نرخێکەوە؛ هانی دەدایت تا باسییان بکەیتەوە. بێگومان هەردووکیان مەرجی هەبوونی یەکترن.

مانگی ئایار چەندە گۆڕابوو! رۆژانی 1ی ئایار، 13ی ئایار و 18ی ئایار... ئەمجارەیان لە رۆژی 18ی ئایاردا یادی (ئیبراهیم کایپاککایا)مان کردەوە. لەکوێ بمزانیبا لەو رۆژەدا، کە هەر لەو رۆژەدا مرۆڤی گەورە و هاوڕێی زۆر بەنرخمان (حەقی قەرار) شەهید کراوە! ئەم یادکردنەوە هاوبەشیانە لەجێی خۆیدابوو.

پێویست بوو خاوەنداریێتی لەشەهیدان بکرێت. بێگومان لە یادکردنەوەی شەهیداندا، رەخنەمان لەوانی تریش دەگرت. بەتایبەتیش رەخنەی توندمان ئاراستەی (TİKKO) و (HB) کرد کە مامەڵەیەکی راستیان لەمەڕ شەهیدان نەبوو و لەو لاشەوە کێبڕکێیان لەسەر (ئیبراهیم کایپاککایا) دەکرد.

ئاماژەمان بەوە کرد کە (ئیبراهیم کایپاککایا) لەو رۆژگارەدا بابەتی نەتەوەیی خستۆتە رۆژەڤەوە، بەڵام شێوازی دەستنیشانکردنی کێشەکەی لە (میساقی میللی) تێپەڕی نەکردووە، لە قۆناخی دواتریشدا هەڵوێستی زۆر لە دواتری (میساقی میللی)یەوە بوو. نووسراوەکەی (ئۆرهان بەکر) و ئەوانمان دەخوێندەوە کە بۆیان ناردبووین. لە بەرگی نووسراوەکەدا وێنەیەکی (ئیبراهیم کایپاککایا) هەبوو کە بە کڵاوەوە گرتبووی، ئەو وێنەیەیم خۆشدەویست. ئەو رۆژەشمان بە سروود خوێندنەوە پڕکردەوە. هاوکات سەبارەت بەو رۆژە یادەوەرییەکانمان دەگێڕایەوە، بێگومان زۆربەیان لە ئاستی دەنگۆدا دەمانەوە بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە دێرسیم بە برینداری دەستبەسەر دەکرێت؛ لە ئامەد لەبەرامبەر بە لێدان و ئەشکنجەکردن هەڵوێستی قارەمانانەی نیشاندابوو و هەر ئەمەش بوو کە جێگای سەرنجمان بوو.

## شەهیدەکان؛ گەڕانەوە بۆ وڵات خێراتر دەکەن

بەر لە کۆتاییهاتنی ئایار چووینەوە بەردەم دادگا. ڕۆژانی بەر لە هەڵبژاردن بوو و پارێزەر دەیویست کەسانی دەوروبەری (CHP) بۆ ئەم دۆزە بەکاربهێنێت. بە وەگەڕخستنی ئەو دەوروبەرەی CHP بە کەفالەت ئازاد کراین. ئەو ڕۆژە لەگەڵ (حەیدەری پیرسوسی)، کاکەم و ئەوانی تر پێکەوە بووین، سەرەتا ڕۆیشتین بۆ ئینجیرئاڵتی، شیمانەی ئەوەمان دەکرد کە لەگەڵ هەڤاڵانی تر بەیەکتریان دەناساندین. پۆستەری گەورە بە شوشەی دەرگای دەروازەی باخچەی دانیشتنی زانکۆوە هەڵواسرا بوو، ژمارەیەک کەس لەبەردەم پۆستەرەکاندا کۆببوونەوە، بە تاسەوە سەیریان دەکردن. هەر لەگەڵ چوونە ژوورەوەدا وێنەی (حەقی قەرار) و (ئایدین گوڵ)م بەرچاو کەوت.

لەلای سەرووی وێنەکەوە˙ گەورە ئەنتەرناسیۆنالیست (حەقی قەرار) 1977˙ و لەلای خوارەشەوە ˙ هیچ شتێک لە سەربەخۆیی و ئازادی بەنرختر نابێت˙ نووسرابوو.

˙ڕۆڵەی قارەمانی گەلی تورکیا، گەورە ئەنتەرناسیۆنالیست، پێشەنگی شۆڕشی کوردستان، هاوڕێ (حەقی قەرار)، لەلایەن ڕێکخستنی بەکرێگیراو، لە ژێرناوی ستێرکا سۆر یان پێنج پارچەچییەکان لە ڕۆژی 18ی ئایاری 1977 دا لە شاری دیلۆک شەهید کرا. یادی هەمیشە زیندووە.˙

˙بمرێت داگیرکەری، ئیمپریالیزم و هەموو جۆرە پاشڤەڕۆییەک˙

˙بمرێت گێرەشێوێنە بەکرێگیراوەکان˙

"بژی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا"... شۆڕشگێڕانی کوردستان

کاتێک ئەمەم بینی؛ هێزم بەسەر فرمێسکەکانمدا نەشکایەوە.. چیتر نووسراوەکانی ترم پێ نەخوێندرایەوە.. مشتم توندببوو، بەزۆر دانم بەخۆمدا دەگرت. (ئایدین گوڵ) لەلایەن (HK)ییەکانەوە شەهید کرابوو. بەدەنگی بەرز گووتم "سووک و ناڕەسەنینە..!" یەکەمین شەهیدمان بەدەستی (HK)ییەکان شەهید کرا، بەتایبەتیش لەژێر ناوی شۆڕشگێڕییدا! ئەی خوایە من چۆن بەرگەم گرتبوو. ئەی هەڤالان بۆچی پێیان نەگووتبووم؟ من لەگەڵ ئەندامێکی (HK)دا پێکەوە دەژیام، ئەمە تاوان بوو، بێزم لێدەهاتەوە. بڕیارمدا و گووتم: "باشە، ئیتر تاکە چرکەیەکیش لەمناوە نامێنمەوە. جا پێی خۆشە یان نا؛ با هیچ کەسێک رازیش نەبێت، لێیدەدەم و دەڕۆم. ئیتر قابیلی چاوەڕێکردن نییە. خودا بەنەفرەتیان بکات، ئەم زیندانیبوونەم سێ مانگی لێ سەندم. سێ مانگ کەم نەبوو. نووسینەکانی سەر پۆرترێتی ئایدین گوڵ دەخوێنمەوە: "کەسێتی قارەمانی تێکۆشانی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان ئایدین گوڵ.."

لەوکاتەدا (ئایدین)م هاتەوە بیر. زۆر گەنج بوو، لەگەڵ (مەتۆ) پێکەوە هاتوچۆیماڵەوەیان دەکرد، هاوڕێیەکی زۆر پێگەیشتوو، رێکوپێک و بێدەنگ بوو. چۆن روویدابوو، پێم قەبووڵ نەدەبوو.. لەژێر وێنەکەیدا نوسرابوو: "بێشەی شێرانە رێوی تێناچێت

گوڵی دێرسیمە و بە فاشیستەکان پەرت نابێت

رێگەی شۆڕش پابەندی ئەوە

شۆڕشگێڕانی کوردستان، 8ی ئاداری 1977"

ئیتر نەمدەویست چیتر چاوم بە چاوی (باقی) بکەوێت. ئەویش بە حاڵی دەزانیم و خۆی بەدوور دەگرت، قسەی

نەدەکرد. تەنیا تەماشای دەکرد. پاشان گفتوگۆمان کرد. دەیگووت: "HK نەیکردووە" و خۆی بڕوای نەدەکرد و دەیگووت: "لێیدەکۆڵینەوە". دیسانەوە "لێیدەکۆڵینەوە".. چیتر ئەم دەستەواژەی "لێی دەکۆڵمەوە... لێیدەکۆڵینەوە.." لەناخمدا ڕێگەی بۆ کاردانەوەیەکی زۆر گەورە ئاوەڵا دەکرد. لەچی دەکۆڵییەوە؟! شۆڕشگێڕێک کوژرابوو، ئەمە شتێکی تر نەبوو، لە پەڕتووکەکاندا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. ئەگەر هەندێک قورسایی زیاتری بخستایەتە سەر مێشک و دڵی خۆی، هەندێک بەویژدان بووایە، هەندێک خۆشەویستی گەل و وڵاتی لەلا بووایە، ئەم ڕووداوەی بەس بوو. هەر "لێکۆڵینەوە"یەکی بەدەر لەمە هەمیشە ئاراستەی ئاوەژوو بە مرۆڤ دەدات و ساختەکاریی بوو. ئەوەشی لەناخی ئەوانە دابوو هەر ئەوە بوو. بە داکۆکیکارێکی بۆرژوای بچووکی نموونەیی و بە هەڵوێستێکی تەسک، ڕووکەش، نابەرجەستە و تادوا ئەندازە سۆزدارییانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکرا. "لە ئاستی ناکۆکی نێوان شۆڕشگێڕان لێکیدەدەنەوە"، بەڵام نەیاندەویست هەڵوێستە ئایدیۆلۆژی، سیاسی و کردارییەکان ببینن. حاشا و نکۆڵیان لە ڕاستینەی کوردستان دەکرد و ڕەتیان دەکردەوە. خۆڕێکخستنی گەلێک لەسەر بنەمای هێزی جەوهەریانە بەلای ئەوانەوە مانای: جوداخوازی بوو، کاردانەوەیان لەبەرامبەردا نیشان دەدا و بە ڕەگەزپەرستی تاوانبارییان دەکرد. لە هەوڵی عەیبدارکردن و لەکەدارکردندا بوون و زۆر بێ پەروایانەش دەیانکرد، ئەوجار پەنایان بۆ توندوتیژیش بردبوو. کەواتە ئەمانە ناکۆکی ئاسایی و سادە و ساکار نەبوون.

ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانە خێرایی دا بە بڕیاری گەڕانەوەم بۆ وڵات، بەڵام ئەمجارەیان بەشێوەی بەدزییەوە ڕاکردن و

جێهێشتن نەبوو، ئەم دابڕانە پێویست بوو. لەگەڵ (باقی) قسەم کرد و گووتم: "یەکێتییەکی بەمشێوەیە کە بێ بنەمای ئایدیۆلۆژی - ڕێکخستنییە بەڕێوە ناچێت. زۆر گفتوگۆمان کرد نەگەیشتین بە ئەنجامێکی ئەرێنی، یەکێتیمان دروست نەکرد و بەمشێوەیەش دروست نابێت. ئەم تەڤگەرە کراوەیە بۆ هەموو کەسێک. تۆ ئەگەر بەڕاستی بڕوات هەبێت، بخوازیت جێگە بگریت، دەتوانیت و هیچ کەسێک ڕێگریت لێناکات، بەڵام نەک بەبنەماوەرگرتنی یەکێتی هەردووکمان، تۆ ئەمەت بە بنەما وەرگرت. هەمدیسان پێکەوە گفتوگۆمان دەبێت. دەتوانیت هەڤاڵان بدۆزیتەوە، بێگومان هەندێکیشیان دەناسیت"، دواجار تەوقەمان کرد و ماڵە هەژارەکەی چیغلیم بەجێهێشت.

ژنە خاوەن ماڵەکە بەواقی وڕماویەوە تەماشای دەکردین. لەلایەک باوەڵەکەم کۆدەکردەوە و لەلایەک قسەمان دەکرد. (باقی) دەگریا، من لەکاتی دەرکەوتنمدا دەگریام. هەتا گەیشتمە سەر شەقامی گشتی وەکو شەکەت و مات و هیلاکم هەنگاوم دەنا. بەتەنیا بووم. دەچم بۆ کۆناک بۆ ئەو ناونیشانەی پێیاندابوووم. (جومعە) یاخود (جوما قەرەقۆچان) و (بۆزۆ - کەمال جۆشکون) لەوێ بوون، دەچووم بۆ ئەو ماڵەی ئەوانی لێبوون. بە بینینی باوەڵەکەم حەپەسان. بە (بۆزۆ)م گووت: "با ئەمڕۆ بڕۆین" وایدەزانی گاڵتەی لەگەڵ دەکەم. دەیگووت: "جارێ ڕاوەستە تازە هاتووین بۆ ئیزمیر، هێشتا چی بووە؟ کوانێ باقی؟" لەوەڵامدا پێمگووت: "ئەو بۆ کوێ ببەین، با لە ئیزمیر بمێنێتەوە، شۆڕشی تورکیا بەرپا بکات، ئەگەر ئەو نەیکات بە کەسی تر ناکرێت". تێگەیشتبوون کە شتێک ڕوویدابوو و پێیان گووتم: "زۆر تووڕەیت". لەوەڵامدا: "نەخێر. ئەو نایەت، ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەنێواندا نەماوە، لە ڕاستیدا هەرگیز

پەیوەندییەک لەنێوانماندا دروست نەبوو. خۆم کردم، خۆم ئەم بەڵایەم هێنا بەسەر خۆمدا، تاوەکو رزگاریش بووم زەحمەتییەکی زۆرم کێشا. ئەویش گوناحە. زۆر سۆزدارە، دیارە ناتوانێت بەرگەی بگرێت. هەرچەندە هەوڵمدا رازی بکەم، بەڵام جیابوونەوەکەشمان بە شێوازێکی نەرێنیانەی ئەوتۆ نەبوو".

گووتیان: "واتا مەدەنیانە.. ؟!". من لەتاو ئازار پێدەکەنیم، هەڤاڵانی خۆشمان لە ئاستی جددییەتی کارەکەدا نەبوون، وەکو رووداوێکی ئاسایی لێکیاندەدایەوە. ئاسان نەبوو. تێکۆشانێک بوو چەندین مانگی خایاند. تێکۆشان لەگەڵ خۆم، لەگەڵ دەوروبەر، لەگەڵ کەسوکار، تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی ـ سیاسی، هەموو شتێکی هەڵگرتبوو. دەرفەتی ژیانێکی ئاسایی و سادە زۆر بوو، بەڵام هەرگیز ژیانێکی بەوشێوەیە ژیان نەبوو، وێرانکەر بوو. هیچ بەهایەکی نەبوو، بێ واتابوو.

ئەو رۆژە تەنیا پارەی پسوولەی پاسمان پێبوو. دوای نانخواردن، لەماڵ دەرکەوتین. لەگەڵ (بۆزۆ) کەوتینەڕێ. پسوولەی ئەنکەرەمان بڕی. بەدرێژایی رێگە بیرم لێدەکردەوە، (بۆزۆ) قسەی نەستەق و گاڵتەی دەکرد و دەیویست دالغە و بیرم بڵاو بکاتەوە. لەناو قسەکاندا دەگەڕاینەوە بۆ دێرسیم. (بۆزۆ) پێشتر گوێچکەی موختارێکی بڕیبوو، بەو شێوەیە ناوبانگی دەرکردبوو. لەبەر ئاشکرابوونی دوای ئەو رووداوە چیتر نەیدەتوانی بڕوات بۆ دێرسیم، بەدوایدا دەگەڕان.

کەسێک لەسەر کوشنەکەی بەردەممان دابوو کە لە کارساز دەچوو. کابرا بەردەوام دڵەڕاوکێی بوو، مەگەر (بۆزۆ) ئەوی نیگەران کردبوو. چونکە (بۆزۆ) دەست و پێی رانەدەوەستا و بەهەر بیانوویەک بووایە دەستێکی لەکابرای پێشەوە دەدا. وەکو بڵێی هەر هیچ ئاگایشی لێنەبێت خۆی دەخافڵاند، بەڕاستیش

سەرکەوتوو بوو لەمەدا. کابرا لەپڕێکدا لەشوێنی خۆی ڕاپەڕی. ئێمە لەنێو خۆماندا بەزمانێکی تر قسەمان دەکرد. بەلای کابراوە شێوەی گەشتیارمان نەدەدا، هەبێت و نەبێت شێوەی کوردمان هەبوو. ئەگەر بۆچوونەکەی وەها بووایە خراپ نەبوو، ئەی ئەگەر بە "تیرۆریست"ی دابنایینایە؟ ئەوکاتە کار لەکار دەترازا. کابرا جانتایەکی جێمس بۆندی بەدەستەوە بوو و زۆر بەتوندی گرتبوو. کەچی پڕبوو لە پارە. لە پشوویەکی نیوەڕێدا تێگەیشتین کە وەهایە. هەموو کەسێک لە پاسەکە دابەزی. ئێمە بەهۆی ئەوەی پارەمان نەبوو دانەبەزین بۆ نانخواردن. کابرا وایزانی پاسەکە بەتاڵە، جانتاکەی کردەوە، پڕبوو لە دەستە پارە. (بۆزۆ) مرخی لێ خۆشکرد و گووتی: "با پارەکەی لێوەربگرین و خۆمانی لێ ون بکەین". لە ڕاستیدا زۆر باش دەبوو، بەڵام بڕۆین بۆ کوێ. ئەگەری دەستگیرکردنیشمان زۆربوو.

(بۆزۆ) کەسێکی زۆر ئەنارشیست بوو، بەجۆش و خرۆش و چالاک بوو، ئەوجار ئەگەرێکی زۆری هەبوو تێبکەوین. کابرا هەر کە بە ئێمەی زانی هەڵسا. (بۆزۆ) دەیگووت: "قەیناکات جانتاکە دەبەین، لە پاسەکە دادەبەزین و بە ئۆتۆمۆبێلی تر دەڕۆین". هەڵوێستێکی سەرەڕۆیانە بوو، بێ بەرنامە بووین و هیچ شتێکیشمان پێ نەبوو و پێمگووت: "جارێ سەبر بکە لەوانەیە تا ئەنکەرە پێکەوە بین، لە ئەنکەرە دەشێ پێمان بکرێت". (بۆزۆ) خۆی پێ ڕانەدەگیرا. ئەم ڕەوشەی سەرنجی کابراشی ڕادەکێشا. کابرا بەر لەوەی بچینە ناو ئەنکەرەوە لە پۆلاتلی دابەزی.. (بۆزۆ) داخی لەدەهات.

ئەگەر بە پاسی شارەوانی بڕۆشتینایە پارەکەمان بەشی نەدەکردین. (بۆزۆ) پسوولەیەکی تایبەتی بۆخۆی دەرخستبوو، بەڵام من نەمبوو. جانتاکەم تێکوپێک دا؛ بەو مەبەستەی وردە

پارەیەکم لەو کەلەبەرەدا دەست بکەویت. نەخیر قروشیکیشی تیادا نەبوو. بە نابەدڵی تەکسییەکمان گرت و چووینە بەشی ناوخۆی ناو شار. تەکسییەکەمان راگرت تا (بۆزۆ) لەناوەوە پارەی لە هەڤاڵان کۆکردەوە و پارەی تەکسییەکەمان دا، من لەونێوەدا بە تەنیا مابوومەوە. تازە پێم دەزانی کە ئەو بەشە ناوخۆییە تایبەتە بە کوڕان.

(موزەفەر ئایاتا) هات، (بۆزۆ) قسەی لەگەڵ کرد. (باقی قەرار)یش لەوێ بوو. ماوەیەکی زۆر کەم لەگەڵ (موزەفەر) راوەستاین و پاشان منیان برد بۆ ماڵێک. (مەدیحە)ی کچی ماڵەکە هەڤاڵی خۆمان بوو و خوێندکار بوو لە زانکۆ. ماڵێکی قەرباڵغ: بووک، زاوا و خەسوو.. ئەو شەوە زۆر قسەمان نەکرد، ماندوویەتی ڕێگەمان لەسەر بوو. رۆژی دواتر (باقی قەرار) قسەی لەگەڵ کردم. (بۆزۆ) شێوازی هاتنەکەمی دەزانی و بۆ ئەوم باس کردبوو. ئەویش بۆ (باقی قەرار)ی باسکردبوو. بەڵام بە وردەکارییەوە ئاگادار نەبوو دەیویست تێبگات، پاشان دەستم بە گێڕانەوەی رەوشەکە کرد. دوای ئەوەی گوێی لێگرتم، بە تووڕەییەوە رەخنەی کردم و گووتی: "تۆ دەرگایەکی کراوەت بۆ کابرا بەجێهێشتووە، پێت گووتووە؛ حەز بکەیت دەتوانین گفتوگۆ بکەین، بەتەواوی پەیوەندییەکەمان نابڕین" ئەو خاڵەم یەکلا کردەوە و باسم لەوە کرد کە مەبەستم لەو پەیوەندییە؛ دیالۆگێکی دۆستانە و کراوەبوونمان بوو بۆ ئەم جۆرە پەیوەندییە. هەمدیسان رازی نەبوو و دەیگووت: "لەم کارانەدا پێویستە پووخت و روون بیت، کاتێک بڕیار دەدەن پێویستە پەشیمان نەبنەوە". لەوەڵامدا منیش گووتم:ی"لەم بوارەدا دوو دڵ نیم، بڕیاری خۆمم دا و هاتم، هیچ کەسێک بۆ ئەم کارە زۆری

لێنەکردم، ئەگەر زیندانی نەکرابام، زووتر دەهاتم، پێشتر ئەمەم بە شاهینیش گووت. ئاگادار بوو".

داخم لێدەهات کە بەو شێوەیە جیاببوومەوە. تۆ بڵێی (شاهین) شتی تری پێ ڕاگەیاندبن!. ئەگەر دەستم بە بەرخودانییەکەی کارگە نەکردایە ئەوا زووتر دەهاتم، بەڵام بە کارێکی ڕاستم نەدەزانی، بەرخودانییەک هەبوو تازە سەریهەڵدابوو و یەکێک لەوانەی پێشەنگایەتی دەکرد من بووم. لەو مژارەدا خۆمم پێ قایل نەدەکرا. لەو بڕوایە دابووم کە بەپێی ئەو هەلومەرجە بژارەیەکی ڕاستم کردووە. بەڵام سەرجەمی ئەمانە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە بوو. هەر کەسە و چۆنی بیستبێت بەو شێوەیە بڕوای پێدەکرد. (باقی) بەردەوامی کرد و پرسی: "ئەی ئەگەر ئەو کابرایە هەر تاوناتاوێک سەرقاڵی کردین، چی بکەین؟!" وەکو بیناسێت ئەم پرسیارەی دەکرد. بەڵێ؛ ئەگەری هەبوو، لەم خاڵەدا بەهەڵەدا نەدەچوو. من دەمزانی کە (باقی) ڕاناوەستێت و دەکەوێتە دوام، تەنانەت پێدەچوو بشڵێت: "من بووم بە نیشتمانپەروەر". ئەی باشە لەم خاڵە بەدواوە دەمتوانی چی بکەم؟ چۆن بڕیارێکی توند و پووختتر دەبوو؟ خۆ ئیتر هیچ پەیوەندی و گرێدانێکمان نەمابوو.

پاش ماوەیەکی کەم مانەوەمان لەو ماڵەدا ڕوومان لە شەقامی ناتۆ کرد، لەوێش (کەسیرە) هات و بردمییەوە بۆ ماڵی خۆیان. ئەگەرچی بەدرێژایی ڕێگە قسەمان کرد. بەڵام لەماڵەوە گفتوگۆیەکی بەرفراوانمان لەسەر بابەتەکان کرد. باسی دیدەنی یەکەمجارمانی هێنایەوە و دەیگووت: "لەناکاو ونبوویت، پاشان زانیمان کە ڕۆیشتوویت بۆ ئیزمیر. ئێمە هێشتا لەناو خۆماندا قسەمان نەکردبوو. نەخێر بە کارێکی سووک و ئاسانمان لێکنەدابووەوە، بەڵام دەستبەجێ گەیشتن بەچارەسەرییەکیش

لەو کاتەدا ئەستەم بوو، کە هەر خۆت دەستبەجێ ڕۆیشتبوویت". هەمدیسان لە قسەکانیدا ڕەخنەی هەبوو. چۆنێتی ڕۆیشتنم بۆ ئیزمیر و بەسەرهاتەکانی ئەوێم بۆگێڕایەوە. جارجار بەشبەش، جارجار بەربڵاوانە و جاربەجاریش بە هەندێک لە وردەکارییەکانەوە بۆم باسکرد.

بەم شێوەیە هەلی لەنزیکەوە ئاشنابوون بە (کەسیرە) مەیسەر بوو. هەروەها (شەنای) کە کچێکی کورتەباڵا بوو. (کەسیرە) وەک "هەڤاڵێکی یۆگۆسلاڤییە" پێی ناساندم. ئەویش لە چەند ڕۆژێکدا دەگەڕایەوە بۆ یۆگۆسلاڤیا، تا ئەو کاتە پێکەوە لە ماڵێک لە ئەتلیکماینەوە. هەڤاڵانی پیاو لەوێ بوون، هەر لەگەڵ جێگیربوونمان لەو ماڵەدا، ئەوان ماڵەکەیان بەجێهێشت.

هەموو شتێکی (کەسیرە)م بەلاوە جیاواز بوو. لەگەڵ هەڤاڵە ژنەکانی شاری دێرسیم بەراوردم دەکردن، جیاوازبوو. دەتگووت ماڵەکەیان ماڵێکی ڕێکخستنە! دایکی لە ڕەواڵەتێکی ئەریستۆکرات دابوو، هەموو شتێکی بە ڕاپرسی و ڕەزامەندی (کەسیرە) بەڕێوە دەبرد. باوکی بێدەنگتر بوو، لە دوکانێکدا کاری دەکرد، ئەویش لەگەڵ (کەسیرە)دا پەیوەندییەکی فەرمی هەبوو، بەدەر لە پەیوەندی نێوان کچ و باوکێک، سیستەمی پەیوەندییەکی جیاواز لەنێوانیان دابوو. خوشکەکانی کە لە زانکۆی تەکنیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ODTÜ) دەیانخوێند و (عەلی کەمال)ی برای بەر لە هەموو کەسێک دانیان بە پێگەیەکدا دەنا، ئەویش (کەسیرە) بوو. پاشان دەسەڵاتی دایک و باوکیان دەهات. خزم و کەسوکارەکانیشیان بەو شێوەیە بوون. چووین بۆ ماڵی خزمێکیان لە گەڕەکێکی نزیک لە شوقەکانی گەڕەکەکەوە. ئەوانیش نرخێکی زۆریان پێدەدا. بەدەسەڵاتبوونی کچێک لەناو خێزان و خزم و کەسوکاردا مایەی حەیرانبوون و

شەیدایی بوو بۆمن. لەو رۆژانەدا دادەی (شەنای) لە یۆگۆسلاڤیاوە هاتبوو بۆ دیدەنی. بە ئامانجی گەڕاندنی پێکەوە چووین بۆ میوانی. بەمجۆرە کات تەرخانکردنی (کەسیرە)م بەلاوە زۆر سەیر بوو.

(محەمەد عەلی) بەدوامدا دەگەڕا، شیمانەی بۆ دەچێت کە لەلای (کەسیرە) و ئەوان بم، دەیویست چاومان بە یەکتر بکەوێت. دەنگۆی هاتنی (باقی) ش لە ئارادابوو. (باقی قەرار) پێشبینییەکی باشی هەبوو. (محەمەد عەلی) هات بۆلای (کەسیرە) و ئەوان، لەزۆر بواریشەوە ئەم کارەی باش بوو. لەلای (کەسیرە) پێکەوە قسە لەسەر قۆناخی دەستپێکی کرد. رەخنەی لێدەگرم. ئەگەر ` ئەوکاتەی لە دێرسیمەوە هاتم سۆزداریانە مامەڵەی نەکردایە و مانەوەمی لێرە فەراهەم بکردایە ئەوا نەدەرۆیشتم بۆ ئیزمیر و ئەنجامێکی بەمشێوەیە نەدەهاتە پێشەوە. سەرەنجام بە ئەندازەیەک (محەمەد عەلی)یم بە بەرپرسیار دەزانی. ئەویش خۆی بە ناحەق دەزانێت و هەروەها خەمباریشە بە جیابوونەوەمان. مامەڵەی وردتر و بە سەلیقەتر بوو و بەپێگەی (کەسیرە)شی دەزانی، بەدەر لەهەموو ئەمانەش سیاسەت لەناو کارەکەدا هەبوو. چونکە خاڵی جیاوازی سیاسی نێوانمان خودی خۆیشی دەگرتەوە. بەلام هەمووجارێک هەر خۆیشی دەبوو بە شایەتحاڵ کە هەر گفتوگۆ و ناکۆکییەکمان بەمشێوەیە بە کۆتا دەگەیشت، چیدی گوشار لە یەکترکردنمان هیچ واتایەکی نەبوو. باسی لەوە دەکرد کە مامەم زۆر پێی دڵگران بووە، لە ئیزمیر خانوویێکی تەجاوزمان لە جومائۆڤا دروست کردبوو. مامەشم هاتبوو هاوکاری کردبووین، بەو ئاواتەوە بوو کە لەو ماڵەدا یەکتر ببینین. کاتێک لەوێ منی بەرچاو ناکەوێت، دەگەڕێتەوە. (محەمەد عەلی) دەیگووت:

"دەستبەجێ ئیفلیجی بەری چاوێکی گرتووە، نابینێت، لەداخان تەندروستی تێکچووە".

بێگومان ئەمانە شتی هەروا ئاسایی نەبوون، بەجددی وەرمگرتن، هەموو شتێک زیاتر کاریگەریان لەسەرم دەکرد و دڵگرانی دەکردم، تەنانەت بەرگەم نەدەگرت. ئەگەرچی لە گفتوگۆکاندا ئەوانم تاوانبار دەکرد، بەڵام لەوەش زیاتر خۆمم بە تاوانبار دەزانی. تووڕەییم زیاتر لە بەرامبەر بە خۆم بوو. لەکاتێکدا وا هەستم دەکرد شتێکم بە ئەنجام گەیاندووە؛ کەچی بەردەوام بووم لە خۆ بەکەمزانینێک. لەو بڕوایەدا بووم پرسەکەم بەچارەسەر گەیاندووە، بەڵام دەمبینی کێشەی ئاڵۆزترم دەهاتە بەردەم و دەمگووت: "ئەرێ من، نەجاتم نابێ.. ؟!" لەکوێ و لە چیدا هەڵەم دەکرد. ناتەواوی و کەماسی لەکوێ دابوون؟ بەلای خۆمەوە هەموو شتێکم بە باشی و بە راستی دەکرد. مامەم خەمبار بوو، ئامۆژنم دەگریا، (باقی) ببوو بە دێوانە، ئەوی تریان دەمرد.. بۆ هەر یەکەیان شتێک دانرابوو.. باشە ئەمانە بەلایەک، چونکە بەدیمدەکردن، ئەی خۆم؟ وەکو بگووترێت: "هۆکاری هەموو شتێک خۆتیت، فەرموو هەر خۆت چارەسەری بکە". هەر سەرکۆنەیەک؛ هەر رەخنەیەک منی بەرەو شکست، بەرەو ئێش و ئازارێکەوە دەبرد. گێرە و کێشەیەکی ئاڵۆز و لە هەموو شتێکیدا راز، نیاز، خواست و هەوڵم شتێک بوو و ئەنجامەکانیشیان شتێکی تر.

(محەمەد عەلی) چەند جارێک بە گوزارەکردن لە ناساغی مامەم، بەدوای چارەسەرییەکی راگوزەریدا دەگەڕا. سەیرە، ئەوەی ئەویش تەرز و ڕێبازێک بوو، هەرگیز دەستبەرداری نەدەبوو. هەوڵیدەدا دڵی هەموو کەسێک رازی بکات، بەڵام نەدەکرا. ئیتر لەم بوارەدا فیداکاری یەکسان بوو بەگێلییەکی

گەورە. (کەسیرە)ش بە روونی دەستنیشانی کرد و تەنانەت پێیگووتن: "هەڵوێستی ئێوە لە هەڵوێستی ئاشتکردنەوەی تۆراوان دەچێت. ئەم هەڤاڵە بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە و هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئێوەدا قسەی کردووە. لە راستیدا دەبووایە هەر خۆتان زیاترین هاوکاریتان بکردینایە. بەردەوام پشتیوانیتان لە باقی کرد و زیاتر بیرتان لەو کردەوە و ئێستاکەش ئەندامانی تری خێزانەکە. خۆ زۆرمان لەو هەڤاڵە نەکردووە، باوکتان رازی بکەن، با باقییش بەمجۆرە کەس بەخۆیەوە سەرقاڵ نەکات". بەم قسانەی دڵم ئاوی خواردەوە. (محەمەد عەلی) وا دیاربوو هەندێک رازی ببوو، بەڵام هەمدیسان بە کەمە تێکشکاوییەکەوە رۆیشتەوە. ئێمەش لەگەڵ (شەنای) کە دواتر نازناوی (نادیرە)ی هەڵگرت و بوو بە کادیر، لەماڵەوەماینەوە.

ماڵەکە نزیکە لەماڵی (کەسیرە) و ئەوانەوە، لەخوارەوەمان بوون. دادەی (شەنای)ش ماوەیەک لەلامان مایەوە. مانەوەی ئەو ئەرێنیی و باش بوو. لە دەوروبەرمانەوە شک و گومانمان لەسەر دروست نەدەبوو. جاروبار هەڤالانی پیاویش هامووشۆیان دەکردین. یەک دوو رۆژی دەستپێک (سەمیر) هاتوچۆی دەکردین. پاشان تەنیا هەرسێکمان لەو ماڵە ماینەوە، دادەی (شەنای) پاش ئەو ماوەیە گەڕایەوە بۆ یۆگۆسلاڤیا. هەڤاڵێکە لە نەتەوەیەکی جیاواز! نامۆ نەبووم لێیان. هەڤاڵێتی لەگەڵ مرۆڤی هەر نەتەوەیەک، جوانییەکی تایبەت و خۆشی هەبوو. لەم بوارەدا تەنگاسییەکی ئەوتۆم نەهاتە بەردەم. لە پەیوەندییەکاندا زوو خۆگونجاندنێکم لەخۆمدا بەدیدەکرد، دڵم ئاسوودە بوو، مامەڵەم سروشتیانە بوو لەگەڵیاندا. قۆناخێکی نوێ بوو بەلامەوە، تاچەند رەوشی خۆمم باس بکردایە،

تێگەیشتن و پێناسەی ڕووداوەکانیش دەگۆڕان. لەکاتێکدا کە لە هەندێک بابەتدا هەستم بە بەهەڵەداچوونی خۆم دەکرد، لە هەندێکی تریشیان زیاتر دڵنیا دەبووم.

دیارە بەسەرهاتەکانم لەهەندێک لایەنەوە کاری تێکردبووم، شەکەتی کردبووم؛ ڕاکردن، هاوسەرگیری، زیندان، شەڕ، زەمینی ناکۆکییەکان، بەتەنیا بڕیاردان لەسەر هەموو شتێک. هەرچەند بیرم لێدەکردەوە دەمگووت: "تووشی چ ڕووداوگەلێک هاتووم!". بەڵام بە چارەنووسم دانەدەنا، لەواتایەکدا ئەو چارەنووسەم تێکدەدا کە خودی خۆم خوڵقاندبووم. دەمگووت: "هەوڵێکی تر... هەوڵێکی تر". ئەمە دەبووە دڵنەوایی بۆ من. هاوکات زیاتر نزیک دەبوومەوە لە هەڤاڵان.

پەڕتووکمان دەخوێندەوە و گفتوگۆمان دەکرد. پاش ماوەیەک شەوانە دەستمان بە پەروەردە کرد. ئەم کارەمان لەماڵی دۆستێکی نیشتمانپەروەری خەڵکی مێردین دەکرد کە دوو جار هاوسەرگیری کردبوو. کۆمەڵێک پەڕتووکی وەک (مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، پرسی نەتەوەیی و پرسی داگیرکەریی، کۆمۆنیزمی چەپ نەخۆشییەکی منداڵانە...هتد) دەمانخوێندەوە و گفتوگۆمان لەسەر دەکرد. گرووپێک کە لە خۆم و (کەسیرە)، (شەنای)، چەند هەڤاڵێکی پیاو پێکدەهات. (کەسیرە) سەرپەرشتی ئەم گفتوگۆیانەی دەکرد، کەچی ئەو کەمترین قسەی دەکرد. لە ژیانی ڕۆژانەشدا زۆر بە دەگمەن قسەی دەکرد. هەر ڕۆژێک (شەنای) نەهاتایەتەوە بۆ ماڵەوە من دەڕۆیشتم بۆلای (کەسیرە) و ئەوان.

سەرجەمی هەڤاڵان ڕێزێکی تایبەتمان لە یەکتر دەگرت، بۆ هەر هەڤاڵێک کە لەناو ڕێکخستندا جێبگرێت و پێشەنگایەتی بکات ئەم ڕێزە هەیە. چۆن پێناسەی بکەم؟ وەکو پێوەندێک، کە

هەموو شتێکی لەخۆوە دەگرت، بە متمانەترین، بە جوانترین پابەندییەوە و وەکو بەهایەکی پیرۆز تەماشای دەکرا. ئەوەی پێویستیشی دەکرد، یەکەمین شتێک کە دەزانرا و فێری دەبووین هەر ئەمە بوو. لەم رووەوە بەهۆی وەبەرچاوگرتن، گوێ بۆ شلکردن و متمانە پێکردنی، رەهەندی بە راست و بێ خەوش بینینی هەموو شتێکی زاڵ بوو. دەشێ لە هەموو کەسێکدا بەو شێوەیە نەبێت، لایەنی قەبا، ناتەواو، رووکەش و بە هەڵەداچوو هەبوو، بەڵام بەرەی واتایەکی بەمشێوەیە جوان بوو. هاوکات (کەسیرە) هاورێی نزیکی (سەرۆک)مان بوو، دەستگیرانداری بوو. دەرککردن بەوەش خاڵێکی تری لەسەر قورساییەکەی زیاد دەکرد. سەرۆکێک لەگەڵ کەسێکی ئاسایی و ساکاردا پەیوەندییەکی بەمجۆرەی دروست نەدەکرد. نازانم.. یەکەمجار کە هاتم بۆ ئەنکەرە (سەرۆک) لە ناو گرووپەکەی ناو پارکی کۆلیژی سیاسەتدا بوو یان نا. ئەگەر هەشبووبێت بەو هۆکارەی پێشتر نەمبینی بوو و ناوی نەدەهێندرا، نەمتوانی بوو بیناسم. ئەمجارەیان لە خواردنگەی کۆلیژی یاسا لە وتوێژێکدا کە (کەسیرە) و گرووپێک هەڤاڵی تریش ئامادە بوون، ئاشنای بووم.

دوای راکەڕاکێکی پڕ هەست و سۆزی سەرکەشانە، پەلەپروز، پێداگری و هەروەها شەڕ و بەرەکانێی چاوەڕواننەکراو و پڕ لەرووداوی بە تێکۆشان، دووبارە لە ئەنکەرە بووم، ئەمجارەیان راستەوخۆ لەتەنیشت (سەرۆک)ەوە بووم. لە نزیکەوە قسەمان دەکرد.

کەسان و گرووپەکانی تر بە دەستەواژەی "ئاپۆچییەکان" ناویان دەهێنیاین. بزاڤەکەمان لە سەرەتاکاندا هەمیشە کاردانەوەی لەبەرامبەر بەوجۆرە ناولێکردنە نیشان دەدا. پێمان دەگووتن کە بەمجۆرە ناوزەدکردن و هەروەها بەدەستەوەدانی

بزاڤێک هەڵەیە. هەرگیز دانم بەخۆمدا نەدەگرت کاتێک ئێمەیان بە "ئاکتانچییەکان[127]" یاخود گرووپەکانی تر دەچوواند. سەرەنجام ناوی تەڤگەر گرنگییەکی تایبەتی نەبوو، خۆم بەو لایەنەی کارەکەوە سەرگەرم نەدەکرد. چونکە حەقیقەتێکی هەبوو کە کەس بوو، پرەنسیپ بوو، شۆڕشگێڕ بوو، ئەنتەرناسۆناڵ بوو، نیشتمانپەروەر بوو، تێکۆشانێکی بێ وێنە بوو. نوێنەری داردە جوانەکان بوو. هێزێکی ئیلاهیانە بوو، هێزی بەرجەستە بوو، خودی ئەمەش بوو کە لە یادگاکانماندا بە شوێنی خۆی گەیشتبوو. هەوڵماندەدا قسە لەسەر پێناسەکانی تر نەکەین.

بەڵێ؛ ئاپۆچی بووین! لە ڕاستیدا ئەم گوزارەیە لە جەوهەری خۆیدا دڵخۆشی دەکردین، پەسندمان دەکرد. بە ئاسانی دەرنەدەبڕدرا، بەڵام جێگای شانازی و ئیلهامبەخش بوو، سەرنج ڕاکێشییەکی زۆری تێدابوو. بێ دیدەنیش لەگەڵ سەرۆکدا ئەم کاریگەرییانە هەر هەبوون، بەڵام بینین و ئاشنابوون بە هەر تایبەتمەندییەکی، شتێکی جیاواز بوو.

لایەنێکی کە زیاترین سەرنجی ڕادەکێشام، تایبەتمەندی گوێگرتن و تێگەیشتنی بوو. ڕاستەوخۆ نەدەچووە ناو بابەتەکانەوە. تەنیا بە بابەتێکەوە، بە کەسێکەوە و بە ڕووداوێکەوە قەتیس نەدەبوو. بەڵام بەشێوازێک قسەی دەکرد کە خواستی ناخی تۆ و هەموو شتێکی دەردەخستەڕوو کە پێویستی بە شیکار و چارەسەری هەبێت. تۆ، ئەوی تر، ڕووداو و پێشهاتەکانی دەوروبەر و ئایندە، هەموو ئەگەرێکی نوێ، سەراپای ژیان، تێکۆشان، هەر چییەک پەیوەندیداری بکردایە و

---

[127] بەشی ڕاگەیاندن و بلاوکردنەوەی یەکێک لە گرووپە چەپەکانی ئەو سەردەمەی تورکیا بەناوی – TIKB) یەکێتی کۆمۆنیستانی شۆڕشخوازانی تورکیا)بوو.

هەر کارێک کە پێویستی بە راپەڕاندن بکردایە؛ هەموو ئەمانەی دەخستەڕوو و ئاسۆی مرۆڤی روون و رەوان دەکرد.

قسەکردنی وەکو هەڤالانی تر نەبوو. هەم زۆر خۆڕسک، زۆر سادە، زۆر بەناواخن و هەم زۆر تایبەت بە خۆی بوو. لەو سەردەمەدا زۆرێک لە هەڤالان دیالۆگ و دانوستانی خۆیان لەگەڵ من لە چوارچێوەی راکردنم لەماڵەوە، جیابوونەوە و گرفتەکانی ترەوە سنووردار دەکرد. (سەرۆک) هیچ یەکێک لەمانەی نەکرد بە بابەتی راستەوخۆی وتوێژ. بەڵام وەڵامی هەمووشیانی دایەوە. زۆر پرسی جیاجیای لەناو یەکدا خستە بەر باسەوە. ئەو کاتە کەسانی تری سەر بە (DEV-GENÇ)، رزگاریخوازان دەهاتن و بەدەوری مێزەکەدا دادەنیشتن. لەگەڵ ئەوانیشدا دیالۆگی دەکرد.

خواردنگەی کۆلێژی یاسا و دۆخی بە پشوودرێژی، پێگەیشتووانە، تێگەیشتووانە، سادە و چاودێرییە پڕ لە هێزەکانی (سەرۆک)، بوون بە خۆشترین و جوانترین یادەوەری رۆژانی ئەنکەرەم. هەروەها چاودێرییەکانی منیش بەردەوامی دەکرد.

بەرچاوترین لایەنێک کە من لە (کەسیرە)دا تێبینیم دەکرد؛ کەسێتییەکی زۆر گشتگیرانەی هەبوو، بەڵام زۆر بەگوێرەی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد. خۆی لە هەموو شتێک نەدەگەیاند، هەوڵێکی راستەوخۆ و بەرجەستە، تەنانەت لە ئاستی تەقەلا و جوڵەیەکیشدا نەبوو. بەپێچەوانەوە هەڵوێستێکی نیشاندەدا کە چاوەڕێی دەکرد تا خەڵک پێی بگەن. هەموو کەسێک ناچاربوو پێی بگات. رەواڵەتێکی بەمشێوەیەی نیشان دەدا.

هەندێک دەنگۆ هەبوون کە (قیمەت) و ئەوان لە دێرسیم بڵاویان کردبووەوە. دەیانگووت:" کچی عەلی یلدرمە. زۆر ساردە. خۆی زۆر لەلا پەسندە، خۆی لەخۆیدا سەرەتا

سەرۆکیشی پەسند نەکردووە". ئەم دەنگۆیانەم بەلاوە جێگای متمانە نەبوو. ئەو کاتە بەو هۆکارەی بیرم لەوە نەدەکردەوە کە پەیوەندی باوک و کچ چی بوو و تێندەگەیشتم بەچی واتایەک دەگووترا بۆیە پەیوەندییەکم تیایدا بەدی نەکردبوو. بەڵام ئیتر زۆر باشتر چاودێریم دەکرد و ئەوانەی دەمبینین کاریان لێدەکردم. دواتر پێگەی (کەسیرە)م لەناو خێزانەکەیدا و ئەو رێزەی نیشانی دەدرا کاریگەرییەکی پێچەوانەی لێکردم. کەسێتی بەکاریگەری (کەسیرە) خۆشحاڵی دەکردم. بەم ئەندازەیە دەستڕۆویشتووی "ئۆتۆریتای" ژنە شۆڕشگێڕێک، دەستەبەرکردنی ئەم باڵادەربوونە لەناو خێزاندا و سەرکەوتنی تیایدا، جوانیەکە بەلامەوە.

زیاتر هەوڵمدەدا (کەسیرە) لەگەڵ کچەکانی دێرسیم، لەگەڵ (قیمەت) بەراورد بکەم. دەستڕۆویشتووەکەی "ئۆتۆریتاکەی" قیمەت دەگەڕایەوە بۆ پارە و پیشەکەی، ئەم لایەنەی کاریگەری بەرچاوی هەبوو. بەڵام (کەسیرە) کێشەیەکی بەمجۆرەی نەبوو. خانەوادەکەی دەوڵەمەند بوو. (قیمەت) خۆی تێکەڵی هەموو شتێک دەکرد، دەستی لە هەموو شتێکەوە وەردەدا، زۆر قسەی دەکرد، وتوێژی دەکرد، دەمەبۆڵێی دەکرد. شێوازی ژیانی، تەنانەت شێوازی جگەرە کێشانەکەشی جیاواز بوو. بەدوور لە ئۆتۆریتایەکی شۆڕشگێڕی کە ئازادی ژن بپارێزێت، "کچێکی پیاوئاسا بوو" لە رەفتار و هەڵسوکەوتیدا، سنوور، پێوانەیەک نەبوو. بێگومان بەمشێوەیە کاریگەری لە خانەوادەکەی و دەوروبەری خۆی و هەڤاڵانیش دەکرد.

ئەو دەنگۆیانەی دەربارەی (کەسیرە) بڵاو ببوونەوە، وای کردبوو کە زیاتر بە وردی چاودێری بکرێت. هەر هەڵسوکەوت و رەفتارێکی (کەسیرە) وا دیار دەبوو کە پێشتر بەرنامەڕێژ

کراوه‌. له‌گه‌ڵ هه‌ندێک له‌ هه‌ڵسوکه‌وته‌کانی (جه‌میله‌) به‌راوردم ده‌کرد و به‌ نزیکم ده‌زانی. به‌ڵام هه‌مدیسان به‌لامه‌وه‌ زۆر جیاواز بوو. یه‌که‌ به‌ یه‌که‌ی هه‌موو ئه‌و کچانه‌م ده‌هێنایه‌ پێش چاو که‌ له‌لای چه‌په‌ڕه‌وه‌کانی تورک ناسیبووم. له‌ دڵی خۆمدا ده‌مگووت "نه‌خێر.. نه‌خێر.. ئه‌وانه‌ی خۆمان جیاوازن". له‌ هه‌مان کاتدا شانازیم پێوه‌ ده‌کردن.

(شه‌نای) که‌سێکی قڕێژ بوو، ئێجگار کاریگه‌رییه‌کانی خوێندکاری و ته‌رزی ئه‌و ژیانه‌ی پێوه‌ دیاربوو، له‌ خواردن تا خه‌وتن و پاک و خاوێنی تێکه‌ڵ و بێ سیسته‌م بوو، دیار نه‌بوو چی ده‌کرد. هه‌ندێک شتی به‌لاوه‌ بچووک بوو و گرنگی پێنه‌ده‌دا. ته‌نانه‌ت خاوێنی جێگاکه‌ی خۆمانی به‌لاوه‌ کارێکی نابه‌جێ و ناپێویست بوو. هه‌مدیسان بۆ چه‌ندین مانگ گه‌ڕان به‌ پانتۆڵ و کراسێکی به‌لاوه‌ زۆر ئاسایی بوو! ئاسه‌واری ئه‌ژنۆی به‌ پانتۆڵه‌که‌یدا دیارده‌بوو و کراسه‌که‌شی چرچ و لۆچ بوو. به‌لای ئه‌وه‌وه‌ خۆ رێکوپێک کردن و ته‌رخانکردنی ته‌نیا پێنج خوله‌کیش بۆ ئه‌و کارانه‌، به‌فیڕۆدانی کات بوو. ئه‌مه‌ له‌کاتێکدا بوو که‌ زۆر په‌رش و بڵاو بوو و کاتێکی زۆری له‌گه‌ڵ شتی بێ که‌ڵکدا به‌سه‌ر ده‌برد. ئه‌م ناکۆکییه‌ هه‌میشه‌ سه‌غڵه‌تی ده‌کردم.

خوێندکاری زانکۆ، خوێنده‌وار و رۆشنبیر بوو هاوکات ئه‌ندامی ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ش بوو. به‌ڵام هه‌ڵوه‌سته‌ی له‌ناو ژیاندا جیاواز بوو، هه‌میشه‌ دۆخی ساڵانی سه‌ره‌تای چه‌پی تورکی ده‌هێنایه‌ به‌رچاوم. گۆڕانی له‌ناکاوی ره‌نگی پانتۆڵه‌که‌ی (ئیبۆ)م هه‌رگیز له‌یاد نه‌ده‌چوو. شۆڕشگێڕی به‌لای ئه‌وه‌وه‌ پیس و پۆخڵی بوو. به‌ڵام ئێمه‌ هه‌رگیز چاومان له‌و جۆره‌ شتانه‌ نه‌کرد. دیاره‌ له‌ زۆرێک رووه‌وه‌ که‌موکورتی و ته‌نگه‌زاریمان هه‌بوو، به‌ڵام به‌لانی که‌مه‌وه‌ فێربووین و بینیبوومان که‌ شۆڕشگێڕی

ڕۆحی خاوێن، خووڕەوشتی خاوێن و ژیانێکی ڕێکخراو و بەسیستەمە و ڕۆژانە زیاتر ئاشنای ئەم ڕاستینەیە دەبووین.

(شەنای) لەو ماوەیەدا کە لەو ماڵە دەماینەوە ئەگەرچی لە ئاستێکی کەمیشدا بێت گۆڕابوو. (کەسیرە) ئەم جۆرە گۆڕانەی (شەنای) دەگەڕاندەوە بۆ من و هەرکات قسەمان لەسەر ئەم بابەتە بکردایە ئەم هەڵوێستەی خۆی ئەرێ دەکردەوە. لەپەیوەندیم لەگەڵ (کەسیرە)دا هەم مەودایەک هەبوو کە لە ڕێزگرتنەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام هەم نزیکبوونەوەیەکم لەو خاڵەدا بەدەست هێنابوو کە هەموو کەسێک سکاڵای لێ دەکرد و کرانەوەیەکم بەو میانەدا ئەنجام دا بوو. (کەسیرە) جاروبار دەروازەی تایبەتمەندییە سرووشتییەکانی ژێر ئەو کەسایەتییە بەرنامەڕێژکراوەی خۆی دەکردەوە. دەشبێت بەڕادەیەک هەڵوێستی من ڕێخۆشکەر بووبێت. بۆ نموونە ئەو (کەسیرە)یەم هێنابووە قاقای پێکەنین کە هەموو کەسێک دەیگووت: "پێناکەنێت، نەمانبینیوە پێبکەنێت".

هاوژینی یەکەمی ئەو هەڤاڵە مێردینییەی لەماڵەکەیدا کاروباری پەروەردەمان بەڕێوە دەبرد، ژنێکی زۆر دڵگیر، کەڵەگەت، ئەسمەر و جوان بوو. هەرکات جلە مێردینییەکەی لەبەر بکردایە زۆر سەرنجڕاکێشتر دەبوو. ڕۆژێکیان جلە جوانەکانی لەبەر دەکات و لەگەڵ شووبراکەیدا دەڕۆن بۆ شمەک کڕین. جلە سپی و بریقەدار و درێژەکەی، فەقیانەکانی، سەرپۆشە سپیە ئاوریشمەکەی سەری و زێڕەکانی سەرنجی هەموو کەسێکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. گۆبەرۆکەکەی، کەمەربەندی زێڕ، تانیوەی مەچەکی پڕ لە بازنگ، گوارەی زێڕ. کێ دەیبینی بە نمایشکاری جل و بەرگی دەزانێت.

هەر ئەو رۆژە ژنانی (TKP) بەناوی کۆمەڵەی ژنانی پێشکەوتنخوازەوە لەدژی گرانی و زیادکردنی بەها؛ گردبوونەوەیان سازدەکرد. بەر لە گردبوونەوەکە بە مەنجەڵ و قاپ لێدانەوە ڕێپێوانێکیان کرد. هەر کە دەیبینێت ئەوانە دروشم دەڵێنەوە، ئەمیش بە کوردی و بە دەنگێکی بەرز دروشمی "بمرێت کۆیلەداری" دەڵێتەوە. هەموو کەسێک هێواش هێواش رووی تێکرد، بەتایبەتیش ریزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکە واقیان وڕدەمێنێت و تێکڕای سەرنجیان دەچێتە سەری، شووبراکەی بەم هەڵسوکەوتەی دەشڵەژێت، ئاگاداری دەکردەوە و پێی دەیگووت "پۆلیس تەماشامان دەکات"، ئەویش بە هێمای دەست پێیدەیگووت "تۆ راوەستە؛ ئەوان بۆچی هاوار دەکەن و دروشم دەڵێنەوە، منیش دەیڵێمەوە" و دووبارە دەست بە دروشم گووتنەوە دەکاتەوە. سەرەنجام بەزۆر ڕازی دەبێت و بەخێرایی دوور دەکەونەوە. ڕووداوەکە بەمشێوەیە، بەڵام ئێمە تاڕادەیەک بە پێوە لکاندنێکی زۆرەوە باسمان دەکرد. هەموو کەس لە قاقای پێکەنینی دەدا. (کەسیرە) لەتاو پێکەنین ئاو بەچاویدا هاتە خوارەوە. ژنەکەشی دەناسی و بە لایەنە سەرەنجڕاکێش و سەیرەکانیشی دەزانی. چونکە خۆیشی رۆژێک دەبێتە گەواهی بەسەرهاتێکی. لەیەکێک لە رۆژە سارد و سەقەمەکانی ئەنکەرەدا بەچاوی خۆی دەیبینێت کە بە جلێکی نیو قۆڵەوە لە بازاڕی گەڕەک شمەک دەکڕێت.

دیارە ئەوەی بەم ئەندازەیە بە پێکەنینی دەهێناین، ئەو لایەنە تراژیدی-کۆمیدییەی ژنەی کوردە کە لەتەمەنی گەنجێتیدا بە "هەوێ"بوو و لەگەڵ هیچ پیاوێکدا لەسەر هەمان خوان دانەدەنیشت. بێگومان ئەم لایەنەی گرفتەکە پێویستی بە لێوردبوونەوە و تێڕامانێکی زۆری دەکرد. ئەو رۆژە تەنیا

توانیبوومان (کەسیرە) بخەینە پێکەنین. دیارە بەو هۆکارەی ئەمانە دەبوون بە رێخۆشکەری ئەم خاڵە، گرنگی هەبوو. رووداوی تری تراژیدی-کۆمیدی و دراماتیکی هاوشێوەی ئەمە لە ئارادابوون لە کوردستان و لە شارە گەورەکانی تورکیادا.

(کەسیرە) وێنەیەکی جوان و گەورەکراوی هەبوو لەماڵەوە. دەیگووت: "وێنەی سەردەمی مامۆستاییمە" و ئەلبوومەکەشی پیشانداین، یەکە بە یەکەی وێنەکانی پێ دەناساندین. دایکی تەنیا هەر ئەوە نەبوو کە لە کەش و هەوای شاردا گۆڕابێت، ئاریستۆکراتێکی ئاشنای شارۆچکەی (دەپ – قەرەقۆچان) بوو، هەر زوو هەست بەو تایبەتمەندییەی دەکرا، منیش ناوبەناو زۆر پرسیارم دەکرد، وەڵامی هەموویانی دەدایەوە. بەڵام هەروا پرسیاری رووکەشیم لێنەدەکرد. بۆ نموونە؛ پرسیاری تایبەت بە پەیوەندی نێوانی و (سەرۆک)م لێنەدەکرد.

لە ڕاستیدا زۆر خوازیاری ناسینی بووم، گەر پرسیارم بکردایە تەواو ئاشنای دەبووم، بەڵام مەودایەک لەنێوانماندا هەبوو و ئەو مەودایەشم دەپاراست. کەچی رۆژێکیان جلەکانی سەرەوەی گۆڕی، بەگشتی کراس و پانتۆڵی لەبەر دەکرد. ئەو رۆژە هەمدیسان پانتۆڵێکی قەدیفەی ریشاڵەی لەبەر کردبوو، کراسێکی رەشی ئاماڵ سوور[128] و هێڵدار بەرەنگی کرێمیی، بەسەر کەمەری پانتۆڵەکەیدا شۆڕکردبووەوە. زۆر زیندە بوو، خۆشڕەویی و بەختەوەرییەکی منداڵئاسای هەبوو. چاوەڕێی کەسێکی دەکرد. سەر لەبەیانییەکەی تەلەفۆنیان بۆ کردبوو، خۆی لە خۆیدا ئەو هەڵسوکەوتەی لەدوای تەلەفۆنەکە سەریهەڵدا، کەس لەماڵەوە نەبوو، قەرەباڵغ نەبوو. لەو کاتەدا گووتم: "حەتمەن سەرۆک دێت". هەڵسوکەوتەکەی، ئەو هەستەی

---

[128] قاوەییەکی مەیلە و کاڵ.

لەناخمدا چاندبوو. تەنانەت بە بازدان چوو بەدەم دەنگی زەنگی دەرگاکەوە، پاشان بە مەنگی گەڕایەوە، ئەو رۆژە کەسێکی جیاواز نەهات بۆ ئەو ماڵە..

رۆژێکیان پێکەوە رۆیشتین بۆ توزلۆ چایر. لەسەر شەقامی ناتۆ سەردانی چەند شوێنێکمان کرد. یەکێک لەو شوێنانە ماڵێک بوو کاری پەروەردەی تێدا بەڕێوە دەبرا. (بێزار) و (د.عەلی رەزا)، (گیۆنول ئاتای)و یەکێک لە کچەکانی ماڵی (شەریک) لەوێ ئامادەبوون. دکتۆر لێپرسراوی پەروەردە بوو، ئەو بەڕێوەی دەبرد. (گیۆنول) بە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا سەرنجی بۆلای خۆی رادەکێشا، هەر کە گفتوگۆ دەستی پێکرد، کەس نۆبەی کەسی نەدەدا. بۆ یەکەمین جار لەو ماڵەدا و لەناو کارێکی وەها کورتخایەندا (گیۆنول)م ناسی. سەرنجی راکێشام، زۆر بێزارکەر بوو. (کەسیرە) زۆر درێژەی بە قسە نەدا و پاش ماوەیەک هەڵساین و رۆیشتین. لە رێدا پێمگووت: "گیۆنول زۆر بڵێ و رەواڵەتبازە، هەڵسوکەوتیم بەلاوە پەسند نەبوو" (کەسیرە) مانادارانە پێکەنی و گووتی: "چاک ناسیوتە، گیۆنولە، دەستگیرانداری رەزایە" پاشانیش رۆیشتین بۆ ماڵی (رەزا) و ماوەیەک لەوێش ماینەوە. پێشتریش چەند رۆژێک لەو ماڵە مامەوە و لەوێوە پەیوەندیم بە (کەسیرە) و ئەوانەوە کردبوو. دوای رۆیشتنمان بۆ ئەو ماڵە، (بێزار) و (گیۆنول)یش هاتن.

(دایە خەجێ)ی ماڵەکە زۆر رووخۆش و خۆشەویست بوو، زۆر گەرم و گوڕبوو لەگەڵمان. هەر بە گشتی هەموویان زۆر رێزدار بوون لەبەردەم (کەسیرە)دا. وەک (سەرۆک)یان بینیبێت خۆشحاڵ دەبوون، وەکو بەشێک لەو لێکیاندەدایەوە. سەرجەمی هەڵسوکەوتەکانیان گۆڕی بوو، ورد و وریابوون. هەڵبەتە (دایە خەجێ) لەناخەوە خۆڕسک بوو. ئەوەی ناخۆڕسک و کردەی

دەستکردی هەبوو (بێزار) و لەویش زیاتر (گیۆنول) بوو. (بێزار) ئەو کاتە لە کۆشکی دادوەری(دادگا) دادنووس بوو. (گیۆنول) لە هەوای کچە خوێندکارێکی زانکۆ دابوو. (بێزار) لە رواڵەتێک دابوو کە لە پێستی خۆی دەرپەڕی بوو. بەڵام پێستەکەی خۆی لەلا پەسند نەبوو. دەشێ لە رۆژانی پەروەردەوە فێری چەند شتێک بووبێت، بەڵام هەڵوێستێکی یەکانگیری نەبوو لەگەڵ ئەنجامی پەروەردەکاندا. کچە گەورەی ماڵ بوو و کاریشی بۆ ماڵەوە دەکرد، سەرەڕای ئەوەش تایبەتمەندی منداڵکار، چوختی و مەکر و نازکردنی هەبوو و بەپێی پێویست لەگەڵمان نەبوو.

(گیۆنول) زۆر لە خۆبایی بوو و هێشتا ئەو سەردەمە خۆی وەکو "بووکی ماڵ" دەنواند. بەرچاوترین تایبەتمەندی ئەو ماڵە گرنگیدانیان بوو بە خەڵکی بیانی. (گیۆنول)یش بیانی بوو، تورک بوو. بەهۆی (عەلی رەزا)وە گرنگی پێدەدرا. هەڵوێستی پەسندکردنی خەڵکی بیانی لەگەڵ بیانی بوونەکەی (گیۆنول) یەکانگیر ببوو. هێشتا لەو رۆژگارەدا خۆی وەکو بیانییەکی نێو ریزەکانمان دەبینی. خاوەنی دۆخێکی دەروونی لەخۆبایی و هەوڵی بەدەستخستنی رەزامەندی بوو لەسەر بنەمای بیانی و جیاواز لێکدانەوەی خۆی. بەڵێ، داوەری و پێشبینییەکەی ئەو رۆژەم نەگۆڕا و بەهەڵەدا نەچووم. ئەوم لە رۆژگاری دوور و درێژی زینداندا زیاتر و چاکتر ناسی. پێویستە لەم واتایەدا زیاتر باس لە (گیۆنول) بکەم، چونکە شەڕ و تێکۆشانم لەگەڵ (گیۆنول) راستییەکی دەرخستبووە روو. لەو بڕوایەدام لە کەسایەتی ئەودا بەسەرسوڕهێنەرترین شێوە دەرکم بە ئەنجامەکانی هەست رەقی و بەرچاوتوندیی ناشرینی ژنێک، خۆ بە زل و کامڵزانییەکەی کردبوو.

ڕۆژانی ئەنکەرە بەمجۆرە جیاواز و ڕەنگاوڕەنگ دەگوزەری. هەلێکی گرنگبوو: دەرفەتی خوێندنەوە، گفتوگۆ، پەروەردە و خۆپەروەردەکردن هەبوو، کەسانی دەوروبەرم توانای وەرگرتنیان بەرزبوو، زۆر شت هەبوو کە لێیانەوە فێرببم و لێیان وەربگرم. هێواش هێواش لە کاریگەری بەسەرهاتەکانی ڕابردووم ڕزگارم دەبوو. سێ - چوار مانگمان بەجۆرە بەسەر برد. پاشان باس لە گەڕانەوەمان بۆ وڵات کرا. ماوەیەک وابیر دەکرایەوە کە بڕۆم بۆ شاری ڕۆحا. لەوێ (سایمە ئاشکن - دەلال) ناوێک هەبوو، مامۆستا بوو و لەناو کار و خەباتی ڕێکخستنیدا بوو. گرفتی زمانی هەبوو. دەگووترێت لەوێ فێری کرمانجی بووە. لەم بوارەدا بێ ئۆقرەبووم، دەبێ بڕۆم بۆ وڵات، جا هەر کوێیەکی وڵات دەبێت با ببێت، جیاوازییەکی نەبوو لەلام.

(کەسیرە) پێیگووتم: کە لەو دواڕۆژانەدا بەڕێدەکەوم. تا شاری خارپێت پێکەوە دەچووین. دەمودەست بوو بە مایەی سەرسوڕمانم، پاشان پێخۆشحاڵی دایگرتم، پێکەوە ڕۆیشتن بۆ وڵات!.. لەم مژارەدا زۆر پرسیارم نەکرد. دیارنەبوو کام ڕۆژ و کام کات بەڕێدەکەوتین یاخود من نەمدەزانی. بەڵام ئەم گرنگیدانەی لەم ڕۆژانەی دواییدا و کۆبوونەوەی سەرجەم ئەندامانی ماڵەکە، کەش و هەوای بەر لە جیابوونەوە دەنواند. هەر لەو ڕۆژانەدا (کەسیرە) تەنوورەیەکی تایبەتی بۆ دایکی دووری بوو. ئەمەش کاریگەری لێدەکردم. پێویست بوو شۆڕشگێڕێک هەموو شتێکی بزانیبا، هەموو شتێکی لەدەست بهاتایە. (کەسیرە) لەو کاتەدا بۆ من ژنە پێشەنگێک، هەڤاڵێک بوو! هاوکات کچێکی خۆشەویستی ماڵ، بەو ئەندازەیەی تەنوورەیەک بۆ دایکی بدورێت دڵنزم و شۆڕشگێڕ بوو. هەموو شتێکیم بە ئەرێنییانە لێکدەدایەوە، ئەگەر هەشبێت بەدوای

کەماسییەکانیدا نەدەگەڕام، یاخود حەزم نەدەکرد بیانبینم. بەڵام ئەو لایەنانەشیم دەبینی کە لە زۆر شوێنی تردا حەشاری دەدا و نەیدەهێشت کەس پێیبزانێت. جاروبار کە هەستم بە لایەنە ناکۆکەکانی دەکرد، شڵەژانێکی بەرچاو دایدەگرتم، بەڵام ئەمانە کاریگەریان نەبوو لەسەر لێکدانەوە بنەڕەتییەکان.

ئەو شەوە باوکی زۆر مەنگ و دڵسارد بوو، بەدڵپڕی و پچڕپچڕەوە قسەی دەکرد. دایکی زۆر هەست ناسکانە بوو و دەگریا. خوشکەکانی و (عەلی کەمال)یش بە هەمانشێوە، هەم دڵخۆشی هەبوو، کە وەها دیاربوو، بەڵام هەم دڵپڕیش بوو. ئیتر (کەسیرە) لەماڵ دادەبڕا، کاتی ئەوە هاتبوو. لە ئەنکەرە دەردەکەوت. ئاوێتە و شایەتحاڵی ساتەوەختێکی جیابوونەوەیان ببووم. هەروەها چاوم بە زۆر شایی و ئاهەنگ کەوتبوو، کاتی جیابوونەوەی کچ لەماڵ، خێزان و کەسوکارەکانی دەگریان و دڵپڕی جیابوونەوە دەهاتە ئاراوە. یەکە بە یەکە تەماشام دەکردن، کاریان لێکردبووم. بەڵام (کەسیرە) ئارام بوو. لە هەوڵی دڵنەوایی دانەوەیاندا بوو، بە هەمان ئارامییەوە و کەم قسەکردنێکەوە ئەمەی دەکرد. بە نیگا و بێدەنگییەکەی کاری لێدەکردن. چەند گووتەیەکی وەکو " هەندێ جار بە تەلەفۆن قسە دەکەین، لێرەم دڵتان هیچ نەکات"ی دەکرد. هەر ئەوەندە.

لەخۆم دەپرسی کە ئایا دەیانزانی بۆ کوێ دەڕۆیشتین. نەدەشیا نەزانن و تێنەگەن. هێندە بەکاریگەربوونیان بەم هۆکارە بوو. کچەکان و (عەلی کەمال) بە ئۆتۆمۆبێل تا گەراج هاوڕێییەتیان کردین، ماڵئاواییمان لەیەکتر کرد. من و (کەسیرە) سواری پاس بووین و بەڕێکەوتین. بەدرێژایی ڕێگە، ناوبەناو بێدەنگ بووین، ناوبەناو قسەمان کرد. تەنانەت هۆنراوە و

پەخشانمان دەخوێندەوە. هەرگیز لەیادم ناچێت، (کەسیرە) کۆپلە هۆنراوەیەکی لە هۆنراوەکانی (نازم حیکمەت[129]) خوێندەوە. دەنگی خۆش بوو. لەماڵی خۆیشیان گوێم لە تۆمارێکی دەنگی گرتبوو. گۆرانییەکی کوردی دەگووت. لە سەرەتاوە تا کۆتا هۆنراوەکەی (نازم) بەشێوەیەکی ئەزبەر (لەبەر کردووانە) دەخوێندەوە؛

" هەوا وەکو قورقوشم قورسە
هەوا وەکو خاک سکپڕە
هاوار هاوار دەکەم!
راکەن راکەن بانگتان دەکەم بۆ تواندنەوەی قورقوشم
ئەو پێمدەڵێت کە؛
تۆ نەسووتێیت،
من نەسوتێم،
ئێمە نەسوتێین.
چۆن تاریکییەکان بە ڕووناکی دەگەن "

من چەند کۆپلەیەکیم ئەزبەربوو، بەڵام ئەو هەمووی ئەزبەربوو و بە هێوری بۆ منی دەچڕی، دواتر گفتوگۆمان

---

[129] یەکێکە لە شاعیر و رۆماننووسە بەناوبانگەکانی تورکیا، لە ساڵی 1902 لە شاری سیلانیکی یۆنانستان لەدایک بووە. دەگووترێت کە باوکی تورک بووە و دایکیشی ئەڵمان. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە شیعری نووسیوە و کەسێکی کۆمۆنیست بووە کە کەسانی سەر بە دەوڵەت بە کۆمۆنیستی رۆمانسی – شۆڕشگێڕی رۆمانسی ناوزەدیان دەکرد. بە درێژایی تەمەنی لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە چەندین جار دەستگیرکراوە و خراوەتە زیندانەوە. 1963 لە غەریبی لە مۆسکۆی رووسیا کۆچی دوایی کردووە.

لەسەر هۆنراوەکە کرد. هۆنراوەی "تەمومژ"ی (تۆفیق فیکرەت)[130] هێنایەوە یاد.

هاوڕێیەتی ڕێگەمان پێکەوە هەتا گەڕەکی فەوزی چەخماخ بوو. وابزانم دوای خارپێت، (کەسیرە) ڕۆیشتبوو بۆ ئامەد. دووەم جار یەکتر بینینەوەمان لە ڕۆژانی سازدانی یەکەمین کۆنگرەدا بوو.

---

[130] شاعیرێکی بەناوبانگی سەردەمی عوسمانییەکان بووە (1867 – 1915)، باوکی هێشتا لەو سەردەمانەدا بەهۆی دژایەتیکردنی سوڵتانەوە لە وڵات دەردەکرێت. ئەمیش دوای گەورەبوونی دەکرێت بە فەرمانبەری دەوڵەت و جگە لەوەش لە چەندین گۆڤار و کۆڕی ڕۆشنبیریدا کاردەکات. کۆمەڵێکی زۆر شیعری هەیە.

## ژنانی خارپێت و دایە زەنجەفیل

ڕێبواریمان تا خارپێتی خایاند. چووینە ماڵی (ساریکایا)، ماڵەکەی سەر گەورە جۆگەکەی گەڕەکی فەوزی چەخماخە. تەنیا پرسیارێک بەس بوو بۆ دۆزینەوەی ماڵی (زەنجەفیل). (دایە زەنجەفیل) کەسێکی جیاواز بوو. لە کەسایەتی بەرچاوی ژنانی خارپێت بوو، ڕووخساری (بەقوربان و بەساقە) بوو بەڵام توورەیی و نابەدڵییەکانی لە پاشەملە دەدرکاند.

سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ کوردستان! کاروانی بەسەرهاتگەلی ساڵێک کۆتا دەبوو یاخود تازە دەستی پێدەکرد؟

گەڕەکی فەوزی چەخماخی شاری خارپێت و خانەوادەی (ساریکایا) بەناوبانگ بوون. بەر لە گەیشتنمان و ئاشنابوونمان، بیستبوومان. دەگووترا "پۆلیس ناتوانێت بکەوێتە ناو گەڕەکی فەوزی چەخماخەوە، شۆڕشگێڕان چەکدارن و بە چەکی یوزی[131]یەوە دەگەڕێن". ئەوەندەش باسی خانەوادەی (ساریکایا) دەکرا کە مسۆگەر تاسەی بینین و ئاشنابوون بەناخی مرۆڤدا ڕۆدەچوو. چونکە هەموو کەسێک دەربارەی ئەو خانەوادە وێنای "پۆرترێت"ی خانەوادەیەکی دروست دەکرد کە دەرگای بەڕووی پارتی (مەبەست لە تەڤگەری PKKیە – و) دا ئاوەڵا بوو. بەتایبەتیش هەڤاڵان زۆر مەتحی (دایە زەنجەفیل) و کچەکانیان دەکرد.

---

[131] یوزی یان :UZIچەکێکی دەستڕێژی دەمانچەییە، لە ساڵی 1948 دا لەلایەن ئیسرائیلەوە دروستکراوە و خراوەتە ناو بازاڕەوە. بەهۆی بچووکی قەبارە و کاراییەکەیەوە بەتایبەتیش لەو سەردەمی (هەڤاڵ سارا) باسی دەکات لەلایەن گرووپە شۆڕشگێڕەکانەوە زۆر بەکارهێندراوە.

(زەنجەفیل) سەرۆکی خێزان بوو. ژنێکی کەڵەگەت و لێهاتوو بوو. تورکی و کوردیشی دەزانی. خانووەکەیان یەک قات، بەڵام فرە هۆدە و لەقوڕ دروستکراو بوو. بەشێکی خێزانەکە لە ئەورووپا بوون، کرێکارییان دەکرد. لە بەشی دواوەی خانووەکەشدا برایەکی تریان نیشتەجێ بوو. ئەوان ژیانێکی هەژارتر و سادەتریان هەبوو.

کە باس لە ژنانی خارپێت دەکرا، (دایە زەنجەفیل) دەهاتە یاد. تایبەتمەندییە گشتییەکانی نیشان دەدا. دەکرا لە کەسایەتی ئەودا خاسیەتە ناسراوەکانی کەسایەتی ژنی خارپێت ببیندرێت. بەگشتی هاتووانی شاری دێرسیم لە چەند گەڕەکێکی وەکو (یلدز باغلەری، کرکدوتلەر، ئیستاسیۆن) نیشتەجێ ببوون. ژنان زیاتر شەرواڵیان لەبەر دەکرد. نیوە عەبایەکیان دەپۆشی یاخود هەر قوماشێکی تر جێگەی عەبای بگرتایەتەوە. نەعل، پاپوجی نایلۆن یاخود پێڵاوی لاستیکی ژنانەیان لەپێ دەکرد. لە کۆڵانەکاندا زیاتر ژنان بەرچاو دەکەوتن.

لەو گەڕەکانە هەمیشە گرفتی پێداویستییە سەرەکییەکان؛ ئاو و کارەبا هەبوو، بەتایبەتیش ئاو. خەڵک لە کانیاوەکانی نێو گەڕەک ئاویان دەبرد. هاتوچۆی ئاوهێنان سەرەکیترین گرفت بوو. بە ئەندازەیەک ژیان بەو گرفتەوە بەند بوو و هەڵبەتە زۆر کاریگەری هەبوو. ژن ئەم کارەی لە ژیانی خۆیدا جێگیر کردبوو. بەشی زۆرینەی ژیانی بە ئاوەوە و لەسەر کانی بەسەر دەچوو. لێرە هەواڵ و زانیاری دەربارەی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان دەبیستران، هەواڵ و باسی ئەرێنی و نەرێنی و زیاتریش بە زیادەڕۆی و گومانەوە لێرە دەبیستران و بڵاو دەبوونەوە. وەها دیار دەبوو ژنان لەم بوارەدا بناخەی کولتووری رێکخستنبوونی سەرکانییان پێکدەهێنا.

جاران بەیت و بالۆرە و زەمکردن، هێنان و بردنی ئەم و ئەو، چێشتی ماڵەوە بابەتی سەرکانییەکان بوو، ئێستا تادێت "سیاسەت، چەپڕەوی، شۆڕشگێڕی" دەبنە ڕۆژەڤی سەرەکی. لەم باسانەدا چپەکردن گرنگییەکی گەورەی پێدەدرا. هەر لێرە ڕەوشی گرووپ و فراکسیۆنەکان! قسە و باسی دەربارەیان، کێ مەیلی بۆ کامەیانە روونتر دەبووەوە. بەڵام سەیر و سەمەرەترین هەواڵ و باسیش هەر لێرەوە سەری هەڵدەدا. لە زاری خەڵکدا پێی دەگووترا " قسە لە منداڵ وەربگرە"، بەڵام لە خارپێت پەندی" قسە و باس لەسەر کانی وەربگرە" گونجاوتر بوو. ڕاستینەیەکی بەمشێوەیە هەبوو.

(سانیە)ی کچی ماڵەوەش زۆر بەناوبانگ بوو. هەڤاڵان پڕووپاگەندەیەکی زۆری ئەمیان بۆ هەڤاڵە کچەکانی دێرسیم کردبوو. ئێمە وامان دەزانی کە ئەو قسانە تەنیا بۆ بەڕقداهێنان دەکران، وەها لێکمان دەدایەوە. دەگووترا: "زۆر بێ ئامانە، زۆر سەربازییە". چالاکی و چالاکگەری؛ ڕۆحی جەوهەریانەی گرووپەکە بوو. خودی تێکۆشانی سیاسی و ئایدیۆلۆژی گرنگترین و گەورەترین چالاکی بوو. بەڵام چالاکییە شۆڕشگێڕییە ڕێکخراو و بەرنامەڕێژییەکان، هێرشەکانی لایەنی بەرامبەریشی مسۆگەر دەکرد، لە ڕاستیدا هەردووکیان لەنێو یەکدابوون. لە خارپێت فاشیست هەبوون. ئەو شوێنە بوو کە زۆرترین جەماوەری (MHP)ی لێبوو. کادیرە میلیتانەکانیشیان لەوێوە سەریان هەڵدەدا. هەڵایسانی ناکۆکییەکانی چەپڕەو - ڕاستڕەو، خۆڕسکانە خەڵکی هەرێمەکەی بەسیاسی "پۆلیتیزە" دەکرد، دەستەواژەی "دووژمن" لەڕووی چەپڕەوێتییەکەی خارپێتەوە جیاواز بوو: دووژمن تەنیا فاشیستەکان بوون. بەرتەسکانە لێکدەدرایەوە، سنووری خارپێتی تێپەڕ نەدەکرد.

دەزگا فاشیستەکان کە باڵ و باسکی دەوڵەت بوون، جیاواز و دوور لە خودی دەوڵەت و پەیڕەوکارییەکانی لێکدەدرانەوە. لەڕاستیدا چەپڕەویێتی گرووپە چەپڕەوەکان لەسەر ئەو زەمینەیە ژیانی دەستدەکەوت. هەروەها هەڵوێستەکردنیان سەبارەت بە گەل، دەوڵەت و سەرجەم دام و دەزگاکانی، بەگشتیش سەبارەت بە شۆڕش شێوەگیرییەکی بەمجۆرەی دەخستەڕوو. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بوو لەگەڕەکی فەوزی چەخماخ بە چەکەوە گەڕان، پاسەوانی کردن و ئەنجامدانی چالاکی جەماوەری بە شۆڕشگێڕانەترین میلیتانی دەژمێردرا. جێگە و پێگەی تێکۆشان بۆ گرووپەکانی تر، فەوزی چەخماخ بوو. بەکاریگەرترین رێ و ئامرازەکانی تێکۆشان، خۆپیشاندانی جەماوەری، فرۆشتنی رۆژنامە و گۆڤار، بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و بانگەشەکردن بوو لە چایخانە و قاوەخانەکاندا. ئەم هێڵ و ئامرازانە بۆ ئەو گرووپانە بە واتای هەموو شتێک بوو.

(سانیە) بە کچە تاقانەی ماڵ دەژمێردرا. ئەو ماڵە تەنیا ئەو کچەیان هەبوو. هاموشۆی هەڤاڵان بۆ ئەو ماڵە و گرنگیدانیان، کاری لە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکە کردبوو. (سانیە)ش بەگشتی هەستی بە گرفتەکان دەکرد، سەرقاڵ دەبوو پێیانەوە و حەزیشی لە قسەکردن بوو. بەو هۆیەی کچە تاقانەی ماڵ بوو، تووشی هیچ فشارێکی تایبەت، هەڵوێستی فیۆداڵی قەبا نەهاتبوو. بەپێچەوانەوە تادوا ئەندازە سەربەست و ئاسوودە بوو. کارەکانی ناردنی نامە و دەمانچە بۆ شوێنانمان زیاتر بەو رادەسپارد. کارگەلێک بوون بەتایبەتیش پێویستیان بە خۆپاراستن و بوێری هەبوو. ئەمەش گرنگی (سانیە)ی زیاتر دەرخستبووە پێش. خانەوادەش لە سەرجەم خانەوادەکانی تر جیاواز بوو، دەرگای ماڵەکەیان تەنانەت بۆ نهێنیترین هەڤاڵان

خستبووە سەرپشت. بەڵام ئەوانەی ئێمە وەک هەمیشە لەوێش سنووری بەکارهێنانی ئەوماڵەیان تێپەڕ دەکرد. بەتایبەتیش کادیرە خۆجێییەکان، بە ئەندازەیەکی گشتی، سەرجەم هەڤاڵان ئەوێیان کردبوو بە قاوەخانەیەک.

تا ڕادەیەک روویان لەئاسانی کارەکە کردبوو، چونکە خانەوادەکە باشبوون، خزمەتی هامووشۆکارانیان دەکرد، بۆ هیچ شتێکیش نەیاندەگووت: نا. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هاتوچۆی بێ کار و سەرەڕۆ دەبووە مایەی دروستبوونی کاردانەوە لە ناو خانەوادەکەدا. بەڵام ئەمەشیان بە ئاشکرا دەرنەدەبڕی. هەر لە رۆژانی سەرەتاوە هەستم بەمە کردبوو و ئەم جۆرە مامەڵەیەش ببووە مایەی دڵتەنگی بۆ من. بەشێوەیەک کە بە هەندێک هەڤاڵت دەگووت پێویستە لەم خاڵەدا بە وریاییەوە مامەڵە بکات، کاردانەوەیان نیشان دەدا و دەیانگووت: "ئەو خانەوادەیە و دایە زەنجەفیل وانەبوو کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە و ناشبن. باش سەرنجت نەداوە". لە راستیدا خانەوادەکەش هەڵوێستی جیاواز بوو سەبارەت بە کادیری دەرەوە و کادیری خۆجێیی، لەم بابەتەدا لەناو بێ بڕیارییەکدا بوون. هەروەها ئەوانیش لەماوەی ئەو پەیوەندییەدا ئێمەیان دەناسی. لە نزیکەوە لە تایبەتمەندییەکانمانیان دەڕوانی و دەیانتوانی بەو پێیە مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن. ئەو هەڤاڵانەی لەدەرەوە دەهاتن زیاتر ورد و وریاتر بوون. بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەکارهێنانی ماڵەکەیان ئامانج بوو. ئەمە ئەو هەڵوێستە بوو کە بەردەوامی بە پەیوەندییەکان دەدا.

لە قاتی خوارەوەی ئەو خانووەی ئەم خانەوادەی تیادا نیشتەجێ ببوو، ماڵێک هەبوو. قاتی سەرووتریشی هەڤاڵان بەکرێ گرتبوویان. هەموو کەسێک نەدەچووە ناوی و زۆر تیایدا

نەدەمایەوە. خانوویکی گەورە و گران، چۆڵ و هۆڵ، زۆپای نەبوو یاخود بێ دار بوو. لەکاتی زۆر پێویستدا بەکاردەهێندرا و یاخود ئەو هەڤاڵانە دەچوونە ناوی کە لە شوێنی ترەوە دەهاتن. یەکەمین ماڵی کۆمونە و ڕێکخستنمان بوو. لەسەرەتاکاندا (دلاوەر یڵدرم)ی تێدا بوو. لە ئاستی یەکەمدا لێپرسراوی هەرێمەکە بوو. (مەتینی کەڕ) و (حاملی)یش لەوێ بوون. هەندێک لە هەڤاڵان بۆ هەمیشەیی لەوێ نەدەمانەوە، لەنێوان هەرێمەکاندا هاتوچۆیان دەکرد.

هەروەها ماڵێکی تر هەبوو کە زۆر بەکار نەدەهێندرا. خانووی (عەلی دورسون) و ئەوان بوو. ئەم خانووە دەکەوتە نێوان گەڕەکی کولتوور و فەوزی چەخماخەوە. خانەوادەیەکی خەڵکی گوندی (بیرڤان)ی تێدا نیشتەجێ ببوو. خانوویکی چەند قات بوو. (عەلی دورسون) لە کادیرە خۆجێییەکان بوو. (جەمیلە)ی هاوسەری مامۆستا بوو و خەڵکی هەمان گوند بوو. دوو کچیان هەبوو بەناوەکانی (رۆزا) و (هێلین)، دایک و باوکیشیان لە قاتەکەی سەرەوە دادەنیشتن. (سایم)ی برای و (سەمرا)ی خوشکی هەواداری ڕێکخستن بوون، لە ئاستی لایەنگردا بوون. رەوشی ئەم خانەوادەیەش خراپ نەبوو، مامناوەند بوون. هەم مووچەیان هەبوو و هەم داهاتێکیان لە گوندەوە دەستدەکەوت. لە گوندەکەشیاندا (DEV-GENÇ) بەکاریگەر بوون.

لەو دەوروبەرەدا (عەلی دورسون) هەبوو کە زۆر لەبەر چاو بوو و سەرنجی دەوروبەری لەسەر بوو. لەکاتی ناچاریدا ئەو ماڵە بەکاردەهێندرا. پاش ماوەیەک لە مانەوەمان لەماڵی (ساریکایا) و ماڵەکانی تر، رۆیشتم بۆ ماڵی (عەلی دورسون). دواتر لە دێرسیمەوە (نورحەیات)یش هات. لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی

له خارپێت یەکترمان ناسیبوو، لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەش بە یەکم ناساندن کە پێکەوە دەستمان بە پەروەردە کردبوو. (ساکینە قرمزی تاش) کە خانەوادەیەکی برێک ئاڵۆز و پشێویان هەبوو، بە رەچەڵەک خەڵکی ناوچەی مازگێردی دێرسیم بوون، یەکێک لە خوشکە گەورەکانی مامۆستا بوو. یەکێکیش لە براگەورەکانی لەگەڵ گرووپی پێنج پارچەچی (پێنج پارچەخوازەکان) بوو. لە سەرەتاکاندا نەماندەزانی و زۆر باش نەماندەناسی. بەڵام لەگەڵ (عەلادین کاپان) و ژنێک بەناوی (گیولای) پێکەوە هاتوچۆی ماڵەوەیان دەکرد. (ساکینە) نەیدەناسین. لەو سەردەمەدا "ستێرکا سۆر[132]" یاخود بەناوەکەی تری "پێنج پارچەگەرەکان" زۆر نەبیسترابوون، وای دەزانی هاورێی ئاسایی براگەورەکەیانن. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە میوانەکانیان پیاوکوژبوون، بەتایبەتیش بکوژی هەڤاڵ (حەقی قەرار)بوون. زۆر دواتر ئەم راستییەمان لەلا ئاشکرا دەبوو. پاشان (ساکینە) گووتی: "هاتنە ماڵمان و بوون بە میوانمان. لە کوێ دەمانزانی...؟" و هەستی بە دڵگرانی و ئازارێکی زۆر دەکرد. نیگەرانی ئەوە بوو کە ئایا ئەم رەوشە دەبووە مایەی بێ متمانەییەک لەبەرامبەریان؟ دوای گەیاندنی بە هەڤاڵ (جەمیل بایک). زۆر درێژەمان پێنەدا.

(سانیە) لەرووی سیاسیەوە تەسک بین و رووکەشیی بوو، هێشتا بە قووڵی و بەرفراوانی لە جددییەتی کارەکە نەگەیشتبوو

---

[132] ستێرکا سۆر، یاخود پێنج پارچەخوازەکان؛ کۆمەڵێک کەسی داروودەستە و سیخوڕی دەوڵەتی تورک بوون کە بە ئامانجی لەباربردنی رەوتی شۆڕشگێڕیی و لەکەدارکردنی کەسایەتییەکانی ناو شۆڕش و تا بە کاری تیرۆرکردنیان دەگات، لەلایەن دەزگای هەواڵگری تورک و هەندێک کەسی سەر بە لایەنە کوردییەکانی ئەو سەردەمە لە شوێنەکانی تری کوردستانەوە پێکهێندرابوون و هاوکاری و پشتیوانی دەکران، دەستیان لە کۆمەڵێک هەوڵی تیرۆرکردنی کەسانی کورد و شۆڕشگێڕاندا هەبوو.

و تۆزێکیش کەیفی بوو. (ساکینە) بە پێچەوانەوە؛ تێگەیشتوو بوو، لە رووی تیۆری و ئایدیۆلۆژیاوە هەوڵێکی بەرچاوی هەبوو و بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەی رێکخستن دەکرد. (فاتمە)ی خزمی هەڤاڵ (زەکی بوداک)، هەروەها (لەیلا)ی کچی مامە (ساریکایا) و ژمارەیەکی تر کچە هەواداری رێکخستن هەبوون لەو دەوروبەرە. یەکەمین گرووپی پەروەردە لەم کەسانە پێکدەهات. بە پەرتووکی (ماتریالیزیمی دیالێکتیک و مێژوویی ستالین) دەستمان پێکرد. بەشێک لە گرووپەکە دەرۆیشتنەوە بۆ خوێندنگە و لەوێش دەیانخوێند، هەندێکیان بەشێوەیەک لە شێوەکان لەماڵەوە قەدەخەیان لەسەر دانرابوو. هەفتانە لە رۆژ و کاتی دیاریکراودا ئەرکی پەروەردەمان جێبەجێ دەکرد. ئاستی ئەو پەیوەندییە بەدەست دەهێندرا کە ئەم پەروەردەیە بە پێویستی دادەنا. ئەمانە هەروا بە ئاسانی نەدەبوون، هەندێک خێزان هەبوون کە فشارێکی زۆریان دەهێنا. ئەم کاری پەروەردەیە جیاواز بوو لە سیستەمی خێزان و خوێندنگە. کەس وەکو (دایە زەنجەفیل) نەبوو. تەنانەت ئەویش هەتاوەکو هەستی بە مەترسی نەکردایە قسەی نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ماڵ رۆڵێکی تایبەتی هەبوو. هەرچەندە ئاستی پەیوەندییەکی وەهای نەبێت کە پێشتر پلان و بەرنامەی بۆ دانرابێت، بەڵام لە کرداردا و بەشێوەیەکی بابەتییانە وەکو ماڵێکی رێکخستن بوو. ئەمەش ئەوی رادەوەستاند. (نورحەیات)یش یەکێک بوو لەوانەی لەدوای من لەماڵ هەڵاتبوو. بە گاڵتەوە دەیگووت: "ئێستاکە دایکم دەڕوات یەخەی دایە زەینەبت دەگرێت و پێی دەڵێت؛ کوا نورەی کچم لەکوێیە؟ مسۆگەر کچەکەی تۆ بردوویەتی و دەیخاتە بەر لێپرسینەوەوە". منیش گاڵتەکەیم بۆ تەواو دەکرد و دەمگووت: "دایە زەینەبیشم

پێی دەڵێت؛ جا کچەکەی من چ تاوانێکی هەبوو؟ هەرکەسە و بەرپرسیاری منداڵی خۆیەتی. هەرکەسێک کچەکەی لەماڵ رابکات دێت و لە دەرگای تۆ دەدا؟. ئاخ (سەکۆ[133])... ئاخ؛ چیت هێنا بەسەرمدا و دەست دەکات بەگریان و نزا لێکردنم". دەمزانی کە لەبەردەم خەڵکدا پشتیوانیم دەکات. بێگومان دواتریش دەستی بە نزا لێکردنم دەکرد، چونکە خووی پێوەگرتبوو دەزانم.

(مەتۆ) بۆی گێڕامەوە؛ دوای روانینی لە وێنە هەڵواسراوەکانی (مارکس، ئەنگلس، لینین، ستالین و ماو) بە دیواری هۆدەکەوە، ناوی هەموویان ریز دەکات و قسەیان پێدەڵێت. تەنانەت گۆرانییەکیشی بەسەردا گووتبوو: "ئێوەن هۆکاری بەسەرهاتی کچەکەم"، هەڵبەتە بە تەواوی ناوی ستالین، ماو و لینینی پێ نەدەگووترا. خۆی هەم گریان و هەم پێکەنینی بەم حاڵەی خۆی هاتبوو. بەکورتییەکەی دایک بەگشتی و دایە (زەینەب)یشم سەیرن! لە دێرسیم لەگەڵ (نورحەیات) لە یەکەمین گرووپی پەروەردەدا پێکەوەبووین. هەڤاڵێتیمان لەو قۆناخەدا بە پشتیوانیکردن لە هەمان ئایدیۆلۆژی و بەگەرم و گوڕی گفتوگۆکردنمان دەستی پێکردبوو. بەدەر لەمە لە گەڕەکدا لەدوورەوە یەکترمان دەناسی.

سەرەتا لەگەڵ خوشکە گەورەکەیدا پەیوەندیمان هەبوو. دەمناسی، پێشتر لەگەڵ (TİKKO) بیەکاندا بوو، کە پەیوەندی پێوە کردین زۆر تێکەڵ و ئاوێتەی کار و خەباتمان نەدەبوو. بەهۆی دەستگیرانداریەکەوە پەیوەندی لەگەڵ (TİKKO)بیەکاندا بەردەوام بوو. بە یەکجاری لێیان دانەبڕا. دەستبەرداری دەستگیراندارە (TİKKO)بیەکەی نەببوو. بانگەشەی

---

133 لە زاری کرمانجی سەروو و دملکی دا وەکو کورتکراوەی ناوی ساکینە بەکار دەهێندرێت.

سەرکەوتوویی ئەوانی دەکرد. (نورحەیات) زۆر لەو چالاکتر بوو. یەکێک بوو لەوانەی لەناو گرووپی سەرەتادا لە رووی تیۆری و ئایدیۆلۆژییەوە خۆی ئامادە کردبوو. بەڵام تادوا ئەندازە سۆزدار (عاتیفی) بوو، زرنگ و شەڕکەر نەبوو، هەمیشە بە دۆخێکی بێچارەییەوە دەتلایەوە. ئەم هەڵوێستەی کاریگەری لەسەر خانەوادەکەشی دەکرد و زۆر بە جددی مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکرد. سیستەم و شێوە ژیانی ئەو شوێنەی تیایدا دەژیا چۆن بووایە، ملکەچی دەبوو، خۆی دەخستە بەر رەحمی ئەو ژیانەوە. هەوڵدەر و گۆڕانکار نەبوو. هێزی ئاراستەدانی بە رووداوەکان لاواز بوو. بەڵام لە پەروەردەکاندا تیۆرییەکی باشی دەردەبڕی. سیستەمی باسکردن و بەخشینی ئەوانەی هەبوو کە وەریگرتبوون، لەم رووەوە بەکاریگەر بوو.

بەر لەهاتنم بۆ خارپێت لە حاڵی ئامادەنەبوونمدا زۆر باسیان کردبووم. بەتایبەتیش وەکو فیلمێک باس لە راکردنەکەم لەماڵەوە کرابوو. بۆ خانەوادەی (ساریکایا) زانینی ئەم بابەتە بەس بوو. ئەوان لەماوەیەکی کورتدا دەیانتوانی هەواڵ و باسی رووداوی بەمجۆرە بە گەڕەکدا بڵاو بکەنەوە، بەهرەیەکی وەهایان هەبوو. یەکەمجار خۆم وەک (فاتمە) پێناساندبوون. بەڵام (حاملی) بە پێکەنینەوە هەڵیدایە و گووتی: "(فاتمە)ی چی، ئەمەیە (ساکینە جانسز)" پاشان رووی لێکردم و پێی گووتم: "بەر لەهاتنت تۆمان پێناساندوون، بەتایبەتیش هەر لە راکردنەکەتەوە تا جیابوونەوەت لە باقی". (مەتینی کەڕ) یش پشتگیری کرد و رازی بوو. ئەم دۆخە تۆزێک تێکیدام و تووشی تۆزێک سەرسوڕمانیشی کردم.

گەرچی بەلای خۆمەوە گرنگییەکی ئەو تۆی نەبوو، خراپەشی نەبوو. بەڵام حەزم نەدەکرد بەر لە هاتنم هێندە بە

وردەکارییەوە بناسێندرێم. بە چپەیەکەوە گووتم: "چ لەڕووی کار و خەباتەوە، چ لەڕووی پەیوەندییەکانەوە زەحمەتی دروست دەکەن. مرۆڤی ئێمە کەی بیانەوێت لەدەستیان هات تەنانەت ئاساییترین شت بە شێوەیەکی جیاواز لێکبدەنەوە و بڵاوی بکەنەوە؟ هەروەها لەپەیوەندییەکانیشدا چیان لەدەست هات و پێویست بێت بەکاریبهێنن. بۆچی کارێکی وەها، چ پێویستییەکی هەبوو؟" و ناوی (فاتمە)ش زۆر سەری نەگرت. هەندێک دەیانگووت: (فاتمە) و هەندێک دەیانگووت (ساکینە). هەندێکیش هەبوون وایاندەزانی ئەم دوو ناوە دووکەسە. بەپێی کات منیش لەگەڵ هەردوو ناوەکە راهاتم.

(باقی) وازی لێنەدەهێنام. ئەمجارەیان هاتبوو بۆ خارپێت. بڕۆیشتمایە بۆ کوێ، دەهات، هەڤاڵانی دەدۆزییەوە و دەهات بۆ لایان، قسەی لەگەڵ دەکردن و باسی ئەوەی بۆ دەکردن کە گوایا ناکۆکییەکانی نێوانمان قووڵ نین، چیتر لە بابەتی رێکخستنێکی جیاوازدا خۆی قانیع کردووە، لەم بوارەدا لەجیاتی ئەوەی بەچاوی کەسێکەوە تەماشای بکرێت کە بە ئایدیۆلۆژی شێوەیگرتووە لەجیاتی ئەوەی چاوەڕوانی شتی هاوشێوەی لێبکرێت، پێویستە هەندێک کاتی پێبدرێت، هەروەها پێی گووتوون کە هەلومەرجی تێکۆشانی هاوبەش لە هەموو شوێنێک هەیە و ئەمیش یەکێتی رێکخستنیانەی ئەو تێکۆشانە بونیاد دەنێت..هتد. ئەم شتانەی چۆن دەدۆزییەوە.. نازانم! دەهات بۆلای (ساریکایا)، (دلاوەر) و ئەوانیش بە قسەکانی رازی دەبوون. ئەمجارەیان هەموو پێکەوە دەیانویست من رازی بکەن. هیچ کەس لۆمەی هەڵوێستەکانی ئەوی نەدەکرد. تەنانەت دەیانگووت: "ئەم کەسە هەڤاڵی خۆمانە". بەدوور و درێژی باسکردنی گرفتەکە کەڵکی نەدەبوو.

بە تێڕوانینی هەندێک لە هەڤاڵان ئەگەر گرفت جیاوازی ئایدیۆلۆژیا بێت "ئەگەر شتێکی تر نەبێت" ئەوا جیابوونەوە چ واتایەکی هەبوو؟ کاتێک گرفتەکە بەمجۆرە لێکدەدرایەوە، من زیاتر لەسەری نەدەڕۆیشتم. کە دەیانگووت: "ئایا شتێکی تر هەبوو؟" مەبەستیان لە چی بوو؟ پێویست بەبوونی چی تر دەکرد؟ هیچ کەسێک لە چۆنێتی دروستبوونی ئەم بەیەکگەیشتنە ورد نەدەبووەوە. بەبیر و فیکری خۆم بڕیارم دەدا و گووتم: "هەموو شتێک لەپێناوی تێکۆشانە، ماڵ بەجێدێڵم و دەڕۆم، لەو نێوەدا هاوسەرگیرییەک دەکەم کە هیچ بنەمایەکی نییە، چارەنووسی ئەمەش بە بەیەکگەیشتن و یەکێتی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنییەوە دەبەستمەوە. ئەگەر فەراهەم ببێت، واتا یەکێتی ئایدیۆلۆژی دروست ببێت، درێژەدان بەو یەکێتییە لەبەرچاو دەگرم". لێرەشدا تەنیا کاریگەری دابونەریتەکان جێگای باسبوو، بە فشاری ئەو کاریگەرییە دەشێ درێژەی هەبێت. ئەگەرنا لەحاڵی حازردا هیچ خۆشەویستی و گرێدانێکی بەرجەستەی بۆ یەکێتی نەبوو. لێگەڕانی تێکەڵ بە هەست و سۆز، کاردانەوە و بێچارەیی ڕێگەی لەبەردەم ئەم دۆخە ئاوەڵا کردبوو. مەعریفە یاخود هیوای "ئەگەر یەکێتی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنی نەبێت، ئەوا دەشێت ناوەڕۆکی پەیوەندییەکی بەوشێوەیە پڕ بکرێتەوە" زۆر لەجێگەی خۆیدا نەبوو.

بە یەکگرتنی هەڵوێستی (باقی) کە لە موڵکایەتیخوازی بەولاتر نەدەچوو، لێکدانەوە و هەڵوێستی ئەو بۆ هاوسەرگیری و هەڵوێستی ناجێگیر و تا کۆتا بە پرەنسیپ، بەسەبر، تێگەیشتووانە و ئەنجامگیرانە بە ئەنجام نەگەیاندنی ئەو شەڕەی لە خاڵی یەکێتی و جیابوونەوەدا لەبەرەی خۆمەوە دەمکرد، هەڵەشەیی، سۆزداری و لەگەڵ ئەو لاوازییانەم کە دەرگای بۆ

بەکارهێنران ئاوەڵا دەکرد، هەموو ئەمانە سەرەنجام: "ئەزموونی کاروانی ئەوین"ێکی تراژیدی-کۆمیدی دەردەخستەڕوو، تادەهات دەبوو بە دۆخی گرفتێکی قورس و سەرئێش و درێژخایەن. لە ئاستێکی گرنگدا هەستم بەم دۆخە دەکرد و هەوڵمدەدا چارەسەریان بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئێش و ئازارێکی، منی بەرەو شەڕێکی گەورەتر دەبرد.

لەلای خۆمەوە پرسەکەم چارەسەر کردبوو، ئەگەرچی کاریگەری بەسەرهاتەکانیش هەر مابن، بەڵام هەوڵی تێپەڕبوونم دەدا، لەگەڵ تێپەڕکردنی هەر کاریگەرییەکدا رۆحم ئاسوودەییەکی بەدەستدەهێنا. بەڵام لە رۆژگارێکی وەهای ئەو تێکۆشانەمدا "ئاشتبوونەوە" دەبێتەوە بە رۆژەڤ. کاتێک لە دەرەوە تەماشای دەکرا ئاسان دیاربوو و بەشێکیش لە هەڤاڵان ئەم دۆخەیان بە رووداوێکی ئاسایی نێو ژیانی هاوسەرگیری لێکدەدایەوە و بڕوایان وەهابوو. ئەوانەی وایاندەزانی کە تۆراوم، مەکر و ناز دەکەم، دەیانکرد بە گاڵتە و گەپ و دەیانگووت: "بڕۆی بۆ هەر شوێنێکیش ئەم کابرایە دەستبەردارت نابێت". شارەزا و پرۆفیشناڵانە کار و خەباتکردنی ژنێک لە هەرێمەکەدا زەحمەتی و مەترسی خراپی هەبوو.

خودی هەڤاڵان کێشەیەکی بەم شێوەیان نەبوو. کوێیان بویستایە دەڕۆیشتن و تیایدا دەمانەوە، بەڵام کچێک نەیدەتوانی لە هەموو شوێنێک بمێنێتەوە. خانەوادەکان تا کەی بیانتوانیبا دەرگای خۆیان بخەنە سەر پشت، تا چەند بەڕووی شتی بەمجۆرەدا بە کراوەیی دەمانەوە؟ مرۆڤ نەیدەتوانی لەلای باشترین خانەوادەش بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بمێنێتەوە. مانەوە لەگەڵ هەڤاڵانی کوڕیشدا زۆری و زەحمەتی خۆی هەبوو. لەدەورووبەردا کاردانەوەی دروست دەکرد، هەڵوێستی دەورووبەر

هێشتا زۆر پاشکەوتووانە بوو. لەم بوارەدا هێشتا نوێبووین و زۆر کەس ئاشنای ئێمە نەببوون. یان دەبووایە (ماڵی خوێندکار و ماڵی کرێکار) یان ئەوەتا مەرجە شێوەی خێزانێک بنوێنرێت، ئەگەرنا سەرنجی رادەکێشا. دەشبێت هەڤاڵان بەم هۆکارە بێت روویان لە لایەنی ئاسانی کارەکە دەکرد. لۆژیکی "ماڵێکی ترمان فەراهەم دەبێت" تا دوارادە بەکاریگەر بوو. لەگەڵ ئەمەشدا گەڕان بەدوای رێگەچارەی بنەڕەتی و درێژخایەن بۆ کێشەکان؛ تا دوارادە لاواز بوو.

بەڵێ ئەو کاتەی لە ئیزمیر دەرکەوتم "دەرگای کراوە"م بۆ (باقی) بەجێهێشتبوو. وەکو خاڵی جیابوونەوەی مسۆگەر و پووخت بۆی نەدەڕوانی. بەلای ئەوەوە چۆن لەناو خەڵکدا ناکۆکییەکان کاتین، ناکۆکییەکانی نێوان شۆڕشگێڕانیش رێگەی سازشکردنی هەبوو. راست بوو، هێشتا بەتەواوی یەکترمان لە بەرەی بەرامبەر بە یەکدا جێگیر نەکردبوو. بەڵام ناکۆکییەکانیش لەو ئاستەدا نەبوون بەچاوێکی بچووک تەماشایان بکرێت. هێشتا لە سەرەتاکانی 1977 دا بەشێوەیەکی چڕوپڕ دەستی پێکردبوو و بە ئاستی شەڕ و شەهید بەخشین گەیشتبوو. هەڵبەتە (باقی) بزووتنەوەیەک نەبوو، تەنیا ئەندامێکی بوو، کادیرێکی بوو. منیش بە هەمانشێوە هەوادارێکی بزووتنەوەکەی خۆمان بووم. بەڵام خەسڵەتی تێکۆشان و قۆناخی شێوەگرتنی تاک زۆر گرنگ بوو. لەگەڵ هەموو کەسێکدا یەکێتی، بەپێی پێویست ژیان و تۆزێکیش شۆڕشگێڕیی! ئەمانە شۆڕشگێڕیی راستەقینە نەبوون. هەر کەسێک دەیتوانی یەکەمیان بژی و ئەو ژیانە هەڵبژێرێت. بەڵام دووەمینیان مەرجی دەستلێبەرنەدراوی لە ئەستۆگرتنی دۆز، راپەڕاندنی کار و ئەرکەکان بە شێوەیەکی میلیتانیانە و پێشەنگایەتیکردنی لە کوردستاندا هەڵدەگرت. بوون

به شۆڕشگێڕی کوردستان شتێکی زۆر ناوازە بوو؛ کۆمەڵگە لەبەردەم پەرتەوازەبوون دابوو، چین و توێژەکان لە قۆناخی پەرتەوازەبووندا بوون، بەگشتی هەموو تاکێک رووی لە پەرتەوازە و شێتەڵبوونەوە کردبوو. ناکۆکییەکان، سەراوبن بوونەکان و لێگەڕینێکی چڕوپڕ لە ئارادابوو. پێویست بوو دیاردەکان سەرەتا لە فیکر و رۆحدا یەکلاببنەوە و تا هاتبا رەنگدانەوەیان بە ژیانەوە فەراهەم بکرێت. سەرجەمی ئەو قۆناخانە بە ئێش و ئازار تێپەڕ دەبوون. قورس بوون، بەڵام جوان و واتادار بوون.

## ژن له پیاو زیاتر جێگەی متمانەیە

قسه و باسی پێویستی رۆیشتنم بۆ (چەولیک - بینگۆل) له ئارادابوو. لەوێ پێویستی بە هەڤاڵێکی ژن هەبوو و دەبوایە من یان (نورحەیات) یەکێکمان بڕۆیشتینایە. هەڤاڵان وایان پێباش بوو کە من بڕۆم. لەگەڵ هەڤاڵ (دەلیل دۆغان) پێکەوە بەرەو چەولیک بەڕێکەوتین. (دەلیل) وەکو کەسێکی زیندە و پڕ وزە، بەردەوام لە جوڵەدا بوو، بەردەوام قسەی دەکرد. هەوڵی دەدا منیش بدوێنێت، گاڵتە و قسەی خۆشی دەکرد. ناوبەناوێکیش دەوروبەری پێ ئاشنا دەکردم. لەبەر ئەوەی شەو بوو، بەتەواوی هەرێم و ناوچەکانی سەر رێگەم نەدەبینی. تەنیا ئاشنای ناوەکانیان دەبووم. دەمگووت: "چەند باش دەبوو ئەگەر ئەم رێبوارییەمان بە رۆژ بکردایە. زۆر بە کەمی ئاشنای ناوچەکانی کوردستانم"، بەم هۆکارە حەزم لە شوێنگۆڕین بوو. گرنگ نەبوو بەلامەوە بڕۆم بۆ کوێ و کامە هەرێم، رێکخستن چیم پێ بڵێت و بمنێرێت بۆ کوێ دەڕۆم. من تەنیا هەستم بە خۆشحاڵی و جۆش و خرۆشەکەی دەکرد. (دەلیل) باسی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی چەولیک دەکرد و دەیگووت: "بەگشتی شوێنێکی دەمارگیر - پاشڤەڕۆیە، ئایینگەری بەکاریگەرە، سەرجەمی ژنانی شارەکە عەبا دەپۆشن و بە رووپۆش "نیقاب" وەکو دەمامک رووخساریان دەپۆشن. دەی کێشە نییە تۆش دەیپۆشیت". جگە لە باسەکەی سەرەتای، لەوانی تردا زیادەڕۆیی دەکرد، هەستم بە لایەنی گاڵتە و شۆخی باسەکەی دەکرد. خۆیشی بە پێکەنینەوە باسی دەکرد و دەیوست لەکاردانەوەکانم تێبگات.

راستەوخۆ بردمی بۆ ماڵی هەڤاڵ (محەمەد کاراسونگیور) کە مامۆستای دواناوەندیی بوو، بۆیە لە شوقەکانی دواناوەندی نیشتەجێ ببوو. کاتێک چووینە ژوورەوە هەڤاڵانمان لەناو کۆبوونەوەدا بینی. نزیکەی (15) هەڤاڵ پێکەوەبوون. خۆشحاڵ بووم، هەر لە رۆژی یەکەمدا خۆم لەناو نزیکەی سەرجەم کادیرەکانمان و زۆرینەی هەڤاڵانی ئەو شارەدا بینی و ئاشنای یەکتر دەبووین. مامۆستا (محەمەد)، (حەیدەر)ی برای، (زەکی)، (عەبدوڵڵا ئەکینجی)، (رەسوڵ ئاڵتنۆک - داود) و کۆمەڵێک هەڤاڵی تر ئامادەبوون. کۆبوونەوەکە بە ئاستێک گەیشتبوو، دوای کۆتاییهاتنی تۆزێک گفتوگۆمان کرد.

مامۆستا (محەمەد) لە من و (دەلیل) نزیک بوویەوە و بە دەنگێکی نزم پرسیاری ناومی کرد، دەیویست بزانێت لە کوێوە هاتووم. جارێکیان (دەلیل) لەناو قسەکانیدا پێیگووتووە: "هەڤاڵێکە لە ئەنکەرەوە هاتووە". وابزانم مامۆستا یەکەمجار بە (کەسیرە) تێگەیشتبوو. گووتم: "ناوم فاتمەیە"، بەڵام (دەلیل) بە ناسنامەی راستەقینەم ناساندمی و گووتی: "ساکینە جانسزە...". کات تا بڵێی درەنگ بوو، مامۆستا گووتی: "با دادە بنێرین بۆ شوێنێکی گونجاو، ئێرە نابێت". هەرچەند هەندێک لە هەڤاڵان بشڵێن "با لێرە بێت"، مامۆستا هەر کە گووتی: "نابێت، نابێت، ئەگەر دراوسێکان ببینن، بیگەیەنن بە مەدیحە، باش نابێت. ئەمجار دەبێت خەریکی ئەو بین". بەوەدا تێگەیشتم کە هاوژینەکەی ناوی (مەدیحە)یە و لەگەڵ (دەڤریم)ی کوڕی رۆیشتوون بۆ گەشتوگوزار.

مامۆستا رووی کردە من و بە شەرمەزارییەکەوە روونکردنەوەیەکی کرد و گووتی: "دەزانم ماندوون، بەڵام نزیکە،

دەڕۆن بۆلای بیبی[134]. کچیشیان هەیە، بەم هۆیەوە یەکتریش دەناسن. بیبی دەشێ تەنیا ڕێگە بە تۆ بدات، (بەگاڵتەوە) کچەکانی لە ئێمە دەپارێزێت". کاتێک ڕۆیشتم و چاوم بە (بیبی) کەوت تێگەیشتم کە مامۆستا ڕاستییەکانی پێگووتووم و زیادەڕۆیی نەکردووە.

لە درەنگانێکی شەودا ڕۆیشتن بۆماڵیان، ئەمەش کاریگەری لەسەر یەکەمین دیدار کرد، بەڵام (حەیدەر کاراسونگیور) ڕوونیکردەوە و گووتی: "هەڤاڵێکی ژنە و لە ئەنکەرەوە هاتووە، میوانداری بکەن، سبەینێ دێن و قسە دەکەین. لەگەڵ دادەش قسە بکەن و یەکتر بناسن". بە هەموو شێوەیدا دیاربوو کە (بیبی)؛ (حەیدەر)ی خۆش دەویست، بە خۆشەویستییەکەوە بۆی دەڕوانی. بە گاڵتەکانیشی پێدەکەنی. ئەوەندە ڕووخساری خۆی لێ نەشێواند. خەوتووەکان هەر کە بەهاتنی ئێمەیان زانی هەڵسان. بە ئەندازەیەک سەرتاپای ماڵەکە پڕ بوو لە کچ. چوار کچیان هەبوو، باوکیان لە ئەوروپا بوو. لەناو قسەکاندا بۆم دەرکەوت. کچەکان هەموویان دەیانخوێند. خوێندکاری ناوەندی و دواناوەندی بوون. بە ئاشکرا دیاربوو کە تێکەڵاوییەکیان لەگەڵ سیاسەت نەبوو، لە ماڵەکەدا دایک باڵادەست بوو. لەناخی خۆمدا گووتم: "بەو هیوایەم لە دایکم نەچێت". سەرنجیان دەدایە هەموو هەڵسوکەوت و قسەیەکم.

گووتم: "جانتاکەم لە شوێنێکی تر بەجێهێشت، پێداویستییەکانمی تێدایە"، ڕاست بوو، لە جانتاکەمدا کۆمەڵێک جل و پۆشاک هەبوون کە بەشی ماوەیەکی درێژی دەکرد، بەڵام لەگەڵ خۆم نەمهێنابوو. هەم لە ئەنکەرەوە هاتبووم و هەم هیچ

---

[134] لە هەندێک شوێنی باکووری کوردستاندا لەبەرامبەر وشەی نەنە یان دایە گەورەی کرمانجی خواروو بەکاردەهێندرێت.

کەلوپەلێکی پێویستم لەگەڵ خۆم نەهێنابوو! ئەم پشتگوێخستنەی من، سەرنجی رادەکێشا. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ئاشنابووندا لەگەڵ ئەو ماڵە یەکەمین کاریگەری گرنگییەکی تایبەتی دەبوو. لەمەدا زۆر بە ورد و وریاییەوە مامەڵەم نەکردبوو. بەڵام پۆشاک و رووخسارم رێکوپێکە و لەمەیاندا وریا بووم. بەوردی مامەڵەم دەکرد و خۆم بە میوان دانەدەنا. ئێستا لە هەر بابەتێکدا کاردانەوە و هەڵوێستی ئەوانم لەبەر چاو دەگرت. ژنە زیرەک و تێگەیشتوو بوو، لە هەر شوێنێک چەوتییەکی لە کچەکانیدا بەدی بکردایە بە گووتە یاخود بە هێما ئاگاداری دەکردنەوە. دیارە رەچاوی کچەکانی دەکرد و دەیویست ئەوانیش کاریگەرییەکی ئەرێنیان هەبێت. رستەیەکی وەک "لە ئەنکەرەوە هاتووە" بەکارهێنرابوو، بۆیە زۆر ورد و وریاتر مامەڵەیان دەکرد.

(ئایسون)ی کچە ناوەنجی، هەرکات لە هەر هەلێکدا پرسیاری دەکرد، لەولاشەوە دایکیان چاودێری دەکردن، بە قسەکانیاندا دیاربوو خوازیار نەبوو باس لە شتی مەترسیدار بکرێت. لایەنگری پرسیاری نابەجێ نەبوو، ئەگەر پێویستی بکردایە (حەیدەر) باسی دەکرد. لەو نێوەدا دایکیان هەڵیدایە و گووتی: "ئەوەندە مەپرسن، وازی لێبهێنن با پشوو بدات، ماندووی رێگەیە، با بخەوێت". (بیبی) کەسێک نەبوو پشتگوێ بخرێت، راکێشانی ئەم کچانە بەندبوو بە رازیکردن دڵی (بیبی)یەوە. لەگەڵ (بیبی) رێکاری دوولایەنەمان هەیە، تاچەند ئاقڵانە و پێگەیشتووانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، (بیبی) هێندە نەرم دەبوو.

میوانداری چەند رۆژەم لەم ماڵەدا کۆتایی هات. بردمیان بۆ ماڵی (عەلی گیونگیۆر) لە گەڕەکی ئیوچ کاتلەر. ماڵی (بیبی) و کچەکانی پەیوەندییەک بوون. سەرلەنوێ بەستنەوەی پەیوەندی لەگەڵیاندا ئاسان بوو؛ بەچاوی راکێشراوێکەوە لێکمدەدانەوە.

کچەکان هەرچەندە تایبەتمەندی چاولێکەریشیان هەبوو و ئاگایان لە کوردایەتی و کوردستانیش نەبوو، ئەگەری راکێشانیان هەبوو. کاتێک ئاشنای شۆڕشگێڕی بووین، ئەی ئێمەش وەها نەبووین؟ لەم بوارەدا هەرگیز بێ ئومێد نەبووم. زەحمەتیم لە پەیوەندییەکاندا دەبینی، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریم هەبوو. هێمای پرس و مەراقم لەلا بەجێ دەهێشتن. ئەگەر بێتوو لەم خاڵانەدا لێکدانەوەی بۆ بکرایە ئەوا پەیوەندییەکەشی بە ئاراستەیەکی تر دەگەیاند.

(عەلی گیونگیۆر) خەڵکی ناوچەی قسلێی و (فەتحییە)ی هاوسەریشی خەڵکی ناوچەی دەپی شاری دێرسیم بوون. خۆی فەرمانبەری فەرمانگەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بوو و (فەتحییە)ش مامۆستای بنەڕەتی. (رۆزا)ی کچە بچووکیان لەلای خانەوادەی خۆیان بەجێهێشتبوو. ماڵەکەیان بۆ هەڤاڵان کراوە بوو. لە دێرسیم (ئیبراهیم گوینگیۆر)م ناسیبوو. هەروەها هەندێک لە خزمانیانم لە ئەڵمانیا ناسیبوو. خێزانێکی گەورە و فراوان بوون، بەڵام یەکەم جار بوو چاوم بە (عەلی) دەکەوت. ئاشنابوونم لەگەڵ خزمانی لە ئەڵمانیا، دانوستاندنی لەنێوانماندا فەراهەم دەکرد.

کاتێک دەڕۆیشتن بۆ سەر کار و ئەرکی خۆیان، ماڵەکە بۆ من دەمایەوە. ماوەیەک نەمدەتوانی بچمە بەر دەرگا و بانێژەکەشەوە. لە خانووەکەی بەرامبەردا ماڵە پۆلیسێک هەبوو. بەم هۆکارە بەوریایی هاموشۆی ئەم ماڵە دەکرا. ناچاربووم وانیشان بدەم کە بە رۆژ کەس لەماڵەوە نەبوو. بێگومان لە رووێکیشەوە بێزارکەر بوو، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بیر لەو ماڵە بکرێتەوە پێویستە بەو جۆرە رەفتار بکرێت. نەمدەویست زوو ئاشکرا ببم.

قۆناخی ئەزموونکردنی کۆمیتە بوو، کار و خەباتی نوێنەرایەتییەکان تا دەهات خۆی لە چوارچێوەی کۆمیتەی سەروو و خوارەوودا ڕێکدەخست. لێپرسراوی ڕێکخستن زیاتر وەکو سکرتێری کۆمیتەی لێدەهات. لەناو خۆیدا کاربەشییەکی لە شێوەی کۆمیتەی سەربازی، کۆمیتەی ژن، کۆمیتەی گەنجان و کۆمیتەی کرێکارانی لەخۆوە دەگرت. خەباتێک بوو لەسەر بنەمای دابەشکردنی کار، زۆر بە سیستەم بوو و لەناوخۆیدا هێشتا جیابوونەوەی تەواو جێگای باس نەبوو، سەرەتایەک بوو. بەڵام لەناو خەباتدا زۆر ڕەچاوی ئەو پلەبەندییە نەدەکرا، مەیدانی خەباتی منیش بە هێڵێکی تۆخ و مسۆگەر جیانەکرابووەوە، مەیدانێک کە بە ئاسانی دەمتوانی تیایدا پەیوەندی دروست بکەم مەیدانی خەباتی ژنانە. لایەنێکی جودا و تایبەتی نەبوو. پابەند بە خەباتی گشتی و لەناویدا بەڕێوە دەبرا. سەبارەت بە کار و خەباتی ژن هێشتا بەرنامەیەکی بەرجەستە لە ئاستی فیکریدا فەراهەم نەبووە. لەسەر بنەمای گوزارەیەکی وەکو "ژن، بەشداری دەکرد لە تێکۆشانی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی دا، بە ئەندازەی گەیشتن بە ئاستی ڕاپەڕاندنی ئەرک لە هەموو مەیدانێکدا ئازاد دەبێت و بە ڕزگاری ڕاستەقینە دەگات" هەوڵماندەدا لە پراکتیکدا پرەنسیپە گشتییەکانی بەژنان بگەیەنین.

بەشێک بوو کە زیاترین چەوساندنەوەی بینی بوو، مەیدانێکیش بوو کە زیاترین چانسی شۆڕشگێڕبوونی هەبوو. بڕوا بەم ڕاستینەیە دەکرا، لەگەڵ سەرەتای یەکەمین هەوڵ و تێکۆشانی گرووپەکەدا بڕواکردن و بایەخدان بە خەباتی ژن گەشەی کردبوو. هەروەها تەڤگەرانی ژنانی تا ئەو سەردەمە کاریگەرییەکانیان لە ئارادابوو. ئەمانە لەڕووی مەعنەوییەوە

هێزبەخش بوو. پشتیوان و هاوکار بوو لە دروستکردنی متمانەدا. بەڵام هێشتا ناتەواوییەکی زۆر جددی هەبوو لە گەڕانەوە بۆ جەوهەری گرفتەکە و خاوەنداری کردن لێی. ئامانجێکی بەرجەستە و دەستنیشانکراو بۆ شیکارکردنی قووڵ و بەرفراوانی لایەنە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و هەنووکەییەکانی گرفتەکە و لە کوردستاندا بەشداریکردنی ژنان لە شۆڕش، لەم واتایەشدا هێزێکی ئایدیۆلۆژی - سیاسی و کرداری وەها لە ئارادا نەبوو کە شایستەی خودی ئامانجەکانی بێت. گرفتەکان زیاتر لە ریزی ئامانجە گشتییەکاندا هەڵدەسەنگێندران، بۆیە لایەنی گفتوگۆ، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی تەسک و گشتگیرانە بوو.

پەیمانگەی پەروەردەی چەولیک خەسڵەتی پەیمانگەی مامۆستایانی دێرسیمی هەبوو. لە پەیمانگەکەدا فاشیستیش هەبوون، گەنجان پۆتانسیێلێکی چالاکبوون و بۆ رێکخستن لەبار بوو. هەڤاڵ (محەمەد کاراسونگیور) مامۆستای دواناوەندیی بوو و لە خوێندنگە زۆر چالاک بوو، پێشکەوتنی شۆڕشگێڕی لە پەیمانگە زیاتر کاریگەری دروست دەکرد، کوژرانی شۆڕشگێڕێک بەدەستی فاشیستەکان، گوڕی بە پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکان دا، کەسی کوژراو لە هەمانکاتدا "سوننی مەزهەب" بوو. دووژمن بە پیلان و بە ئەنقەست لەو مەیدانەدا ناکۆکی مەزهەبی تیژدەکردەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستیەشەوە خاوەنداریمان لە تەرمەکەی کرد، مەراسیمێکمان لە ئاستی خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەریدا بۆ ساز کرد. کۆڵان و شەقامەکانی چەولیک بوو بە مەیدانی خۆپیشاندان.

زۆر بە ئاشکرا دەبیندرا کە هەڤاڵ (محەمەد کاراسونگیور) کەسێکی چالاک و چالاکگەرە، لە ریزی پێشەوەی شەڕی دژی

فاشیستاندا جێگەی دەگرت، شارەزا و زانا بوو لە دەستنیشانکردنی کات و شوێنی بەکارهێنانی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەدا و لێهاتووبوو لە جێبەجێکردنیشیاندا. ئەم رۆحی (ئاپۆچێتی)یەی مامۆستا (کاراسونگیور) کاریگەری لە هەموو کەسێک کردبوو. ئەو رۆژە (حەمید)ی گەنجە شێتەکەی چەولیک فاشیستێکی بەلای بنەدیوارێکدا پەلکێش کردبوو و دابوویە بەر چەقۆ. لە راکێشانی چەقۆکەدا گووتبووی "ئازادی" لە لێدانیشدا "بۆ کوردان"، ئەمەش ئاراستەی گۆڕانی چەولیکی دەسەلماند. لە چەولیک کە هەموو هەوڵێک بۆ گەورەکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان سوننە و شیعە لە ئارادا بوو، ئەو مەراسیمە رێگەی یەکێتی و یەکڕیزی خۆشکرد. مەراسیمەکە بەدەستپێشخەری ئێمە دەستی پێکرد و بەو شێوەیەش کۆتایی پێهێندرا. ئەم مەراسیمە نموونەیەکی سەرنج راکێشی ریزگرتن، ناسینی شۆڕشگێڕان و بینینی چالاکییەکانیان بوو. گەنجان و خەڵکی ئەوێ، دەرکیان بەم راستییە کردبوو.

(داود) بە هەر هۆکارێک بێت، لەکات و ساتی وەهادا خۆی دەخستە بەرگی شاراوەبوون یان (ئی لیگاڵ)ییەوە. هەر لەو رۆژانەدا هیچ یەکێکمان واتامان بەم رەفتارە نابەجێیەی نەدەدا. ئەمە لەکاتێکدا بوو زۆربەی کات لە پارکی (شاڵڤار) بوو کە شوێنێکی گشتیی بوو. هەموو جۆرە کەسێک هاتوچۆی ئەوێی دەکرد. زیاتر لەوێ گفتوگۆ دەکرا. گرووپەکان زیاتر لەوێ ئاشنای یەکتر دەبوون، پەیوەندی نێوانیان لەوێ سەریهەڵدەدا و گەشەی دەکرد. سەرەڕای ئەمە جاروبار بە بڕیارێکی لەناکاو خۆی دەخستە نێو بەرگی شاراوەییەوە، دەڕۆیشتەماڵەوە و دەرنەدەکەوت. هەرکات زەنگی دەرگا لێبدرایە، ئەو دەڕۆیشتە ژوورەکانی ترەوە و خۆی دەشاردەوە. ئەم دۆخەی لەناوماندا

دەبوو بە بابەتی گاڵتەکردن. زۆربوون و بەردەوامیی ئەم هەڵوێستەی لەماڵی (گیونگیۆر)دا کاردانەوەی لەگەڵ خۆی هێنا بوو. من پێی پێدەکەنیم و بەلامەوە مایەی سەرسوڕمان بوو.

ڕۆژێکیان دوای لێدانی زەنگی دەرگا، بەو لاشە گەورەیەوە خۆشاردنەوەی لە ژوورەکەی تر لەنێو دۆلابەکاندا دیمەنێکی کۆمێدی دروست کردبوو، زۆر پێی پێکەنیم. بۆ ماوەی هەفتەیەک ئەم پێکەنینەی منی لەدڵی خۆیدا گرتبوو، ببوو بە هەستیارییەک لە ناخیدا.

ئەو خانووەی (داود) تیایدا نیشتەجێ ببوو یەک قات بوو. خانووێکی سپی بوو، پێمان دەگووت "کۆشکی سپی". نازناوی "کۆنگفۆ" و "مامە"مان لێکردبوو. خۆیشی جاروبار بەگاڵتەکردنەوە دەیگووت: کەوا کورد نییە و لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە هاتووە. هەڤاڵانی تریش لەو ماڵە دەمانەوە. خۆی کەسێک بوو کە کەمترین کات لەو ماڵەدا دەمایەوە، حەزی لە ماڵی خانەوادەکانی تر دەکرد. هەمیشە لەوێ بوو. هەر لە دانیشتن، هەڵسان، قسەکردن و چا خواردنەوەیەوە تا نان خواردن و هەموو هەڵسوکەوتێکی پاڵنەر و بێزارکەر بوو، سەرنجی ڕادەکێشا. هەندێک هەڤاڵ هەبوون بە ڕاستیش لایەنی قەبایان زۆر بوو، ئیستاتیکایان نەبوو یاخود گرنگییان پێنەدەدا، بەڵام سەرئەنجام قەبابوونەکانیان جوانییەکی خۆیشی هەبوو، لەگەڵ لایەنە خۆشەویستەکانیان لایەنی "دەرد و قار"یان هەبوو! ئەگەر بڵێم (داود) هیچ لایەنێکی خۆشەویست و جوانی نەبوو، وابزانم ناحەقی لێناکەم.

لە چەولیک بە پێچەوانەی خارپێت گرووپی بۆرژوا و نەتەوەپەرست هەبوون. بەتایبەت بە پاڵپشتی هەندێک کەسانی ناو ڕیزەکانی (ڕێگەی ئازادی) لە هەوڵی خۆڕێکخستندا بوون.

کارێک کە لەلایەن کۆمەڵەی (TÖBDER) ەوە بەڕێوە دەبرا. بەتایبەتیش پەنایان بردبووە بەر ئەو گرووپ و عەشیرەتانەی کە زەمینە خۆشکەربوون بۆ تایبەتمەندییە چینایەتییەکانیان. کرانەوە و پەرەسەندنێکی ئەوتۆیان نەبوو. لە پەنایەکیاندا فاشیستەکان کۆمەڵەیان هەبوو و شوێنی ڕێکخراوەکەشیان زۆر لەنزیکیەوە یاخود لەبەرامبەریدا بوو، واتا لەم خاڵەشدا پێکەوە وەکو برابوون.

تێکۆشان لەدژی فاشیستەکان لە چەولیک زەمینەی قووڵکردنەوە و بەرفراوانکردنی خۆڕێکخستن و ڕێکخستنکردنی دەستەبەر دەکرد، هاتنە ریزی شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەریی خێرا دەکرد. ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی "دەزگا دیموکراتییەکان"یان پێدەگووترا و ئەو گرووپانەی هەبوونی خۆیان بەو دەزگایە دەردەبڕی، لەبەرامبەر بەم گۆڕانکارییانە خۆیان پێ ڕانەدەگیرا. ئەو ناوەندانەی دەبوونە ئامانجی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و توندوتیژی شۆڕشگێڕی، پێیان نایە قۆناخێکی خێرای هەڵوەشانەوە. لەناوەوەش کەسایەتییەکان بە سەرجەم تایبەتمەندییەکانیانەوە ئاشکرا دەبوون. (داود) هەمیشە هەوڵیدەدا هەڤاڵان بەدوور بگرێت لە بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی ناوەندە فاشیستییەکان. زۆرجار لەو گفتوگۆیانەیاندا کە تیایدا ئامادە دەبووم، ئەو کێشەیە هۆکارێک بوو بۆ دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی ناوخۆیان.

هەوڵەکانمان بۆ ڕەخنەکردنی (داود) هەمیشە بەردەوام بوو، بەڵام ئەنجامگرانە نەدەبوون. بەهێنانەوەی بەهانە و پاساوێکی زۆر، ڕەخنەکانی مایەپووچ دەکرد. گوایا لەلای خۆیەوە ڕەخنەی هەڵەشەیی و بێ بەرنامەبوونی ئاراستەی هەڤاڵان دەکرد، بەڵام لە ناخی خۆیدا دژایەتی چالاکییەکانی دەکرد. (سەلیم چروککایا)

لە ڕەوشی وەهادا هەمیشە دژبەر بوو! بەڵام ئەم دژبەرایەتییەی زۆر سەیر بوو، تاکڕەوبوو، بەگوێرەی خۆی بوو. ڕێگری لە هاتنە پێشی ڕەخنە و هەڵوێستی ڕاست دەکرد و تا لەدەستی دەهات هەموو شتێکی لێڵ دەکرد. (سەلیم) و (داود)یش لەنێو خۆیاندا بەردەوام قسەیان لەگەڵ یەکتر توند بوو، یەکتریان بە ترسنۆکی و دۆنکیشۆتی تاوانبار دەکرد. شەڕەقسەی بێ ئەنجامیان لێ کەم نەدەبوو. بێگومان کەم و زۆر هەست بەوە دەکرا کە ئەوانە کێشەکە چارەسەر ناکەن. بەڵام نەدەتواندرا هەڵوێستێکی ڕاست و بەکاریگەریش لەبەرامبەریان دەستەبەر بکرێت.

لەو ڕۆژانە (م.کاراسونگیور) گرفتی خێزانی هەبوو. لەلایەک تەرز و شێوازی (داود) زەحمەتی دەخستە بەردەمییەوە، لەلایەکی تریشەوە فشاری (مەدیحە)ی لەسەربوو. (مەدیحە) "هاوسەرێک"ی دەویست کە لە هەموو هاتوچۆیەکیماڵەکەی و لە هەموو شتێک ئاگاداری بکاتەوە. مامۆستا (م.کاراسونگیور) بەپێچەوانەی ئەمەوە زیاتر بەناخی کار و خەباتدا ڕۆدەچوو. ئیتر مامۆستایەتی بە کارێکی ڕووکەشانە دادەنا. لەکاتێکدا باس و خواس لەسەر ناردنی کادیران بۆ ئەو گۆڕەپانە دەکرا، مامۆستا ئامادەکاری و کرانەوەی بەڕووی مەیدانەکانی دەوروبەریشدا دەکرد.

(داود) یان لەماڵی (عەلی گیونگیۆر) بوو، یان ئەوەتا لەماڵی مامۆستایە و بەهەڵوێستی خۆی؛ دنەی هاوسەرەکانی هەردوو هەڤاڵ (محەمەد) و (عەلی)دەدا، لەکاتێکدا لێپرسراوێتی هەبوو، بەڵام هەمیشە لە شوێنێک دەحەوایەوە و لەناو کار و خەباتدا نەبوو. هەموو هەڤاڵانی تر خەباتیان دەکرد، بەتایبەتیش ئەرکێکی زۆری بەم هەڤاڵانە دەسپارد و کاری مەترسیداری بەوان

دەکرد. بەم هۆکارەش کەشوهەوای جیهانە بۆرژواییە بچووکەکەی ناوماڵەوەی دادەڕما. ژنان لێی پەستبوون. (داود) خوازیار نەبوو ببێت بە ئامانجی ئەو کاردانەوانە، بۆیە بەناوی گاڵتەکردن یاخود یەکسانی ژن و پیاوەوە ڕێگەی بە خواستەکانی ئەوان دەدا. لەجیاتی ئەوەی هۆشمەندی شۆڕشگێڕانە بخولقێنێت و تایبەتمەندییەکی ڕاست و دروستیان بۆ خزمەتکردنی پێکەوەبوونی ڕاستەقینە تیادا بەرجەستە بکات، بەپێچەوانەوە زیاترین هەڵوێستێک کە تیایدا بەدیدەکرا: بە ڕەوا نیشاندانی بینینی ئەو جیهانە نەریتییە بوو کە ئەوان دەیانویست. بەگشتی هەندێک پێشکەوتن لە ئارادابوون کاریگەری ئەرێنیانەیان لەسەر ژنان دروست دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پرس و گرفتێکی زۆریش دەسەپێندرا.

چۆن هەلومەرجی خەباتێکی بەردەوام و درێژخایەن بخولقێندرێت کە ژن بۆ شۆڕشگێڕی ڕابکێشێت؟ لە کوێوە دەست بەکار بکرێت؟ کاریگەرییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی چەولیک چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەمە دەبێت؟ کەمیش بێت هەستم بەوە دەکرد کە پێویستە بە بیرکردنەوە لە سەرجەم ئەوانە هەڵسوکەوت بکرێت. تەنانەت زۆر زۆر بەوریاییەوە هەڵسوکەوتم دەکرد.

ماوەیەکی زۆر بەڕۆژ دەرنەکەوتمە دەرەوە. لەمەدا کاریگەری خۆشاردنەوەی زیادەڕۆییانەی (داود) دیار و بەرچاو بوو. بەشێوەیەک کە نزیکەی چوار - پێنج مانگ بەڕۆژ زۆر نەگەڕام، تەنیا بە شەو لەماڵ دەردەکەوتم. ئەوەندە دەیگووت: "زوو ئاشکرا دەبیت" کار و خەباتی دەخزاندە مەیدان و کاتێکی زۆر تەسکەوە. جاروبار بەدرێژایی چەند ڕۆژێک لەو ماڵەدا لەناو چاوەڕوانیدا بووم. ئەمەشم بە نهێنی و پەنهانی ناو

ڕێکخستنەوە دەبەستەوە و دەمگووت: "یاسای ڕێکخستنە، پێویستە بە ئۆقرە و نهێنییەوە کار و خەبات بکرێت"، بەتایبەتیش ڕێکخستنی ژنان و ڕاکێشانیان لەماڵ وریاییەکی زۆرتر و شارەزایی دەویست.

پێویست بوو بە سەبر و پشودرێژییەوە کارەکان بەڕێوە ببەم. چەولیک شارێکی بچووک بوو و لەڕیزی ژناندا خەباتکردن تازە بە تازە دەستی پێدەکرد. پەیمانگەی پەروەردە و خوێندنگەکانی تر گونجاوترین زەمینە بوون، بەڵام پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆمان لەگەڵیاندا نەبوو. پەیوەندی ناڕاستەوخۆ گەشەی دەسەند. لەگەڵ (حسێن دورموش) کە لە دواناوەندی دەیخوێند، هامووشۆی ئەوماڵەی دەکرد کە لێی نیشتەجێ بووم، یەکترمان ناسی. تا ماوەیەک نەمدەزانی پاشناوی چییە و نەشمدەزانی کە برای هەڤاڵ (خەیری[135]یە. ئەمجۆرە پرسیارانەمان ئاراستەی هەڤاڵان نەدەکرد، لە سەرەتادا پێویست نەبوو. بێگومان بەپێی کات دەرفەتی یەکترناسین مەیسەر دەبوو. خودی (حسێن) باسی لە چەند کچە هاوڕێیەکی خوێندنگەی کردبوو کە گرنگی پێدەدا، بەڵام تا ئەوکاتەش بەڕێکخستنی نەکردبوون.

یەکەمین کچە هاوڕێکانی کە یەکترمان ناسی (یڵدز) و (قەدریە) بوون. (یڵدز) زۆر دوور نەبوو لە سیاسەتەوە و گرنگی پێدەدا و دەیویست شارەزایی پەیدا بکات. هەندێک تایبەتمەندی گشتی بەرجەستە کردبوو. بەڵام (قەدریە) هێشتا لەژێر

---

[135] مەبەست لە د.محەمەد خەیری دورموشی ئەندامی دامەزرێنەر و یەکەمین کۆمیتەی ناوەندی و دواتر بوو بە ئەندامی دەستەی کارگێڕی (PKK) کە بە چالاکی مانگرتنی تامردن پێشەنگایەتی کرد لە بەرخودانی 14ی تەمموزی 1982 لە زیندانی ئامەد، لە نیوەی مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا شەهید بوو. چالاکییەکەی نزیکەی دوومانگی خایاندبوو.

کاریگەری ئایینگەرایی دابوو، لەماڵەوە رەچاوی یاساکانی خێزانی دەکرد، بەڵام لە خوێندنگە شەڕانگێز بوو، لەدژی فاشیستەکان بۆکسخەنجەری بەکاردەهێنا، هەڤاڵێکی چاونەترس بوو. دیارە مەیدانی خێزانی هیچ کەسێک وەکو خێزانی من بێزارکەر نەبوو. رەوشی خانەوادە و هەروەها ئەوەم بۆ هەڵدەسەنگاند کە پێویستە چۆن دابڕانی شۆڕشگێڕانە لە خێزان بەدی بهێندرێت. بێگومان پێمنەدەگووتن "لە ماڵ رابکەن"، ئەگەر ئەوان بە رەوشی من بزانن لەوانەیە بترسن! هەڵبەتە لەو خاڵەوە لێکدانەوەی گرفتەکە کارێکی راست نەبوو.

(قەدریە) هەم ماتریالیزمی دیالێکتیکی دەخوێندەوە و هەم رۆژووی دەگرت. (یڵدز) لەم خاڵەدا هەوڵدەرتر بوو و دەیتوانی لەماڵ دەربکەوێت و بێت بۆ لامان. هەر لەو رۆژانەدا کچێک بەناوی (حوسنییە)وە هاتە لامان کە کەسوکارەکەی ئەندامی رێگەی ئازادی "ئۆزگیورلیوک یۆلو" بوون. لەڕێگەی ئەمیشەوە لەگەڵ خانەوادەکەی بە یەکتر ئاشنا بووین. (قەدریە) و (حوسنییە) هاوڕێی یەک خوێندنگە و یەک پۆل بوون. (حوسنییە) هەندێک سەرەڕۆ "ماجەراپەرست" و هەندێکیش هەڵوێستەکانی هەڤالان لەبەرامبەر خوێندکار و مامۆستا فاشیستەکانی خوێندنگە کاری تێکردبوو. هەروەها کاریگەری مامۆستا (محەمەد)یشیان لەسەر بوو. ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان دەیانگووت: "مامۆستا محەمەد لەسەر کام رێگەی سیاسی بێت منیش هەمان رێگە دەگرمەبەر". (قەدریە) ئاژاوەچی "ئەنارشیست" بوو. وەکو لە دژی فاشیستەکانی خوێندنگە خۆی پێ رانەدەگیرا، چووبوو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی (کچان) لە مامۆستایەکی دابوو. هەرچەندە وەکو شەڕێکی ئاسایی دیار بێت، بەڵام ئامانجێکی هەبوو، رۆحی جەنگاوەری ئەو کەسەی

دەردەخستەڕوو. جێگیرکردنی ئەو رۆحە لە چوارچێوەیەکی هزرمەندانە و رێکخراودا ئەنجامی ناوازەی دەبوو.

بە سێ کەس دەستمان بە پەروەردە کرد. سەرەتا گرنگیمان بە زۆر بەکارنەهێنانی ئەو ماڵە دا کە تیایدابووین. زیاتر دەمانویست ئەم هەڤاڵانە جێگە بدۆزنەوە. ئەمەش خەباتێک بوو، گرنگ بوو. بێ ئەوەی رێگە بدرێت بەوەی کەسوکار، دەوروبەر و دووژمن هەستی پێ بکەن کۆبوونەوە لە شوێنێک و چەند کاتژمێرێک خوێندنەوەی پەرتووک و تاوتوێکردنی، کارێکی ئاسان نەبوو. بڕۆیشتینایە بۆ هەر شوێنێک بیانیبوونم سەرنجی رادەکێشا. بەڵام هەر خانەوادەیەک کە سەردانم بکردایە پەیوەندیم لەگەڵیاندا گەرم دەبوو. لە رابردوودا هەندێک هەڵوێستی ناکامڵ و نابەجێم لەگەڵ خانەوادەی خۆم نیشاندابوو، بە ئەزموون وەرگرتن لەوانە هەڵسوکەوتم دەکرد و داوام لە هەڤاڵانیش دەکرد کە بە هەمانشێوە هەڵسوکەوت بکەن.

ئەم خانەوادەیە کە خانەوادەی (شاڵڤار)یان پێدەگووترا؛ لە چەولیک خانەوادەیەکی گەورە و دەوڵەمەند و ناسراو بوون. تاکە پارکی چەولیک، هی ئەو خانەوادەیە بوو. هەروەها هۆتێل و خانووبەرەیان هەبوو. کابرا دەیخواردەوە و شەقاوە بوو. (مەحمود)ی کوڕە گەورەی؛ مامۆستا بوو، پەیوەندی لەگەڵمان هەبوو. ئەوانی تر تۆزێک ئازا و خوێنگەرم بوون. ماوەیەکی درێژ کار و خەباتی پەروەردەمان لەو ماڵەدا بەڕێوەبرد. تەنانەت دایکیشیان دەیویست لەو ماڵەدا بمێنمەوە و "ببم بە کچیان". بەمشێوەیە (قەدریە) زۆر تووشی زەحمەتی نەدەبوویەوە. تا دەهات ناکۆکییەکانیشی چارەسەر دەبوون. لە رۆژانی یەکەمدا ناکۆکی پابەندبوون بە ئاین و ماتریالیزمی دیالێکتیک مێشکی

تێکەڵ و پێکەڵ کردبوو. کچە ئاینپەروەر بوو کە دوو جار قورئانی خەتم کردبوو، ئێستاکەش بەناو فەلسەفەدا رۆدەچوو.

رۆژێکیان لەسەر و بەندی گفتوگۆی نێو پەروەردەدا خودی خۆی دانی بە رەوشی خۆیدا نا. واتا ئیتر رازی ببوو. شەوێکیان بەر لەوەی بخەوێت گووتی: "خوایە ئەگەر هەیت ئەمشەو وەرە خەومەوە!". بێگومان ئەگەرنا بەردەوام دەبوو لەسەر باشتر تێگەیشتن لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە. بە بڕیار بوو، بە بڕوا بوو و تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی بەکاریگەر بوون. مرۆڤ هەمیشە رۆحی جەنگاوەری و چالاکی تێدا بەدی دەکرد. کاریگەری جەنگاوەری ماڵەوەشی لەسەر بوو، زۆر بە ئاسانی هەموویان لەناو یەکدا دەستیان بەشەڕ دەکرد. خانەوادەیەکی زۆر سەیر بوو، هەموویان لە سەربەخۆ دەچوون، هەر یەکە و تایبەتمەندییەکانی خۆی دەسەپاند، بەڵام لە هەمانکاتدا زۆر بەتوند و توڵی پەیوەست ببوون بە یەکترەوە. زیاترین کەسێک سکاڵایان لێدەکرد باوکیان بوو. لە رووێکەوە تووڕە و شەرمەندەی ئەوەبوون کە باوکیان زۆر هۆگری خواردنەوە کحولییەکان بوو، لەلایەکی تریشەوە بە پەنهانترین کەسیان دەزانی بۆ خۆیان.

پێویستبوو بچووینایەتە ناو جیهانی خێزانێکی وەها و یەک دوانێکیانمان بکردایە بە شۆڕشگێڕ. هەڤاڵان زیاتر پەیوەندییان لەگەڵ پیاواندا دروست کردبوو. لەو لاشەوە کچانێکی زۆر هەبوون کە زۆر نزیکبوون لێیانەوە و ئامادەبوون و پێویست بوو بکرێن بە شۆڕشگێڕ. لە ئاستێکی زۆر گشتییدا گرنگی بەم بوارەی خەبات دەدرا، کە تەنیا لە پەراوێزی باسکردن لە چەوساوەیی ژن و قۆستنەوەی پەیوەستی و متمانەیان لەپێناوی راپەڕاندنی هەندێک کاری پێویست و نهێنی رێکخستنیدا

دەمایەوە. بایەخدانێکی دوور بەدوور؛ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی دروست نەدەکرد. تەنانەت هەندێکیان لەژێر کاریگەری گووتەی "سیاسەت کاری ژنان نییە"ی خێزانەکانیان هەڵدەسوڕاند و ئەو بوارەیان پشتگوێ دەخست. ڕەخساندنی هۆشمەندی و ژیانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەناو خێزاندا زەحمەتییەکی زۆری هەبوو، بۆیە ئەوان ڕوویان لە کارە ئاسانەکە دەکرد. کارە زەحمەتەکە؛ ڕێکخستنی ژن و ڕاکێشانی بوو بۆ شۆڕشگێڕی، سەرئەنجام ئەمەش ڕاکێشان و کاراکردنی خێزانەکەشی لەگەڵ خۆی دەهێنا.

کەمتەرخەمیمان لە کاروباری پەروەردەدا نەدەکرد. (یڵدز) لەم بوارەدا بەخواستترینیان بوو. پاش ماوەیەک کە ڕۆیشتم بۆ ماڵە دوو قاتەکەیان هەلی زیاتر ناسین و ئاشنابوونی زۆربەی ئەندامانی خانەوادەی (دورموش)م بۆ ڕەخسا. مام (عیسا) وەکو پۆلیسێک؛ میوان کێیە، چییە، بۆچی هاتووە، لەکوێوە هاتووە، بەچ ئامانجێک هاتووە.. پرسیار و لێکۆڵینەوەی لە هەموو شتێک دەکرد، زوو زوو دەستبەردارت نەدەبوو. هەرگیز نەدەبوو بچووکترین نهێنی و پرسیارێک بدەیتە دەست مام (عیسا)، ڕاستەوخۆ خۆی پێوە سەرگەرم دەکرد. کە پێیزانی خەڵکی دێرسیمم لە باسکردنی "ساڵانی قات و قڕیی" نەدەبڕایەوە. بەتایبەتیش بە نموونەی سەیر و سەمەرە باسی لە دزییەکانی خەڵکی دێرسیم لە چەولیک دەکرد.

ڕۆژێکیان ویستوویانە باستقە ڕیزکراوەکەی سەربانی ماڵێک بدزن. سەرەڕای ئەوەی ئەندامانی خێزانی ئەو ماڵە بەڕێز و بەشێوەیەکی بازنەیی بەدەوری باستقەکەدا خەوتوون. دزێکیان داوێک بە پشیلەیەکەوە دەبەستێتەوە و هەڵیدەداتە سەر ئەو خامەیەی باستقەکەیان لەسەر هەڵخستووە، لەکاتێکدا کە

پشیلەکە بۆ رزگاربوون لە داوەکە بەهێزی چنگ زۆر بۆ خامەکە دەهێنێت و بەرەو لای دزەکە رایدەکێشێت، خێزانەکە بەخەبەر دێن و بە تاپڕ تەقەی لێدەکەن. ئەمەش دەبێتە مایەی سەرنەکەوتنی دزەکە لە چالاکییەکەیدا.

مام (عیسا) هێشتا تووڕەیی و کاردانەوەی هەبوو و خەڵکی دێرسیمی زۆر خۆشنەدەویست. ئینجا خۆی تووڕە دەکرد و دەیگووت: "ئەم کوردایەتییە لەکوێ دەرکەوت" و زۆر بە مەترسیداری دەزانی. (داود)یشی خۆشنەدەویست. دەیگووت: "هەر داودە ئەم کوردایەتییە بڵاو دەکاتەوە". لە پارکەکاندا گفتوگۆی سیاسی و هەڵسەنگاندنی پێویست سەبارەت بە کەسانی بەڕێوەبەر و لێپرسراو دەکرا. لەم واتایەدا ڕێبوارانی پارک دەبوونە خاوەنی زانیاری. مام (عیسا) لەبەرامبەر بە مامۆستا (محەمەد کاراسونگیور) بەڕێز بوو، دەیگووت: "مووچەی هەیە، پیشەی هەیە، ئەگەر بیەوێت سوودمەندتر دەبێت، بەڵام ئەم کابرایە زۆر دەردەکەوێتە پێش، پۆلیس رۆژێک دەیگرێت، گوناحە.." و وەها خۆشەویستی و حەیرانبوونی خۆی دەردەبڕی. کە نۆبەی (حوسنییە) و (یڵدز) دەهات بە تووڕەییەکی زیاترەوە قسەی دەکرد. لەبەرامبەر هەڤاڵ (خەیری) هەمان شتی نەدەگووت، مەودای زۆر دەخستە نێوان خۆی و هەڤاڵ (خەیری)یەوە، بەڕێزەوە باسی دەکرد، تەنانەت تووڕەبوونەکەشی ڕێزێکی لەناواخن دابوو. بەلای مام (عیسا)وە دەشێت هەموو کەسێک جاهیل بێت، بەڵام بەلایەوە هەڤاڵ (خەیری) جیاواز بوو، ئەو دانایەک بوو، هەموو شتێکی بە هزر و ئاقڵانە دەکرد. ئەگەرچی سیاسەتەکەشی بە مەترسیدار لە قەڵەم دەدا، داوەرییەکەی وابوو و سڵی لە دانپێدانانی ئەو داوەرییە نەدەکردەوە.

دایکی ماڵ کەسێکی زۆر جیاواز بوو. نەخۆش بوو، بۆیە زۆر جموجۆڵی نەدەکرد. لە دیواندا کە دادەنیشت هەمیشە سەری بەرز و شکۆدار بوو. زۆرجار بەسەر مام (عیسا)دا دەچوو و دەیگووت: "گوێ بە قسەکانی ئەم شێتە مەدەن".

هامووشۆکردنی بەردەوام؛ هەوا گرژەکەی سەرەتاکانی بڵاو دەکردەوە، هەرچەندە هەموو شتێکیان ئەرێ نەدەکرد و درێژەیان بە شەڕ و تووڕەییەکانیشیان بدایە، لەناخەوە پەسندکردن، تاسە و لە راستیدا گرێدانێکیان هەبوو. ژیانێک بوو، خۆیان لەدەرەوەی ئەم ژیانە تازە پێگەیشتووەدا بوون، نەیاندەتوانی بە پاراستنی پێگەی رابردوویانەوە گیر بکەن. بیانویستایە و نەیانویستایە ئەم ژیانە کاریگەری لەسەر دەکردن. دونیای هەست و هزری سەراوبن دەکردن و رەهەند و بوارەکانی ژیانی دەگۆڕین.

دایکە پیرەکەی (حوسنییە) خۆی لە قەرەی کەس نەدەدا. برا گەورەکانی، براژنەکانی لە (ئازادی)ییەکان بوون. سەرەتا نە زۆر تێکەڵاویان بووین و نە رووبەڕووی خۆمان کردنەوە، وریابووین لەوەی کە رێگری لە (حوسنییە) نەکەن، چونکە دەمانگووت: "ئەگەر حوسنییە تۆزێک پێشبکەوێت، گرێدانێکی بەهێز دروست بکات، ئەوا کاریگەری لەوانیش دەکات" و ئەمەش گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. ناچاربووین حیساب بۆ هەموو شتێک بکەین. راکێشانی کەسێک، بەتایبەتیش راکێشانی ژنێکی گەنج بۆ ناو شۆڕش زۆر گرنگ بوو.

بەپێی کات گرووپەکەمان بەرفراوانتر کرد. لە چوارچێوەی دوو گرووپدا خۆمان رێکخست. چەند هەڤاڵێکی تریشمان لەسەر گرووپی یەکەم زیاد کرد. پەروەردەی گرووپی دووەممان هێنایەوە سەرەتا و سەرلەنوێ دەستمان پێکردەوە. کچەکانی

(بیبی)، (فەتحییە) و (مەدیحە)شمان خستە ناو ئەم گرووپەوە. گرووپێکی (20 ـ 25) کەسی لەو هەڤاڵە کچە لایەنگر و هەوادارانە پێکهێندرا کە پێشتر لەگەڵیاندا دانوستانمان هەبوو و بەردەوام کارمان لەسەر دەکردن. ئەم کارە لە دەوروبەردا هەستی پێدەکرا. لە گفتوگۆکانی ناو خوێندنگە و گەڕەکەکاندا، لەو هەڵوێستانەدا کە لەبەرامبەر بە رووداوە دیار و بەرچاوەکاندا بەهەند وەردەگیرا، ئیتر بە ئاسانی هەست بەهەبوونی جیاوازییەکەی دەکرا.

ژنان ئەگەرچی بە ژمارەیەکی کەمیش بێت روویان لە گرووپەکانی تریش دەکرد، بەتایبەتی لەگەڵ مامۆستایان و ئەو کادیرانەی لە دەرەوە دەچوونە ناو ریزەکانیانەوە کەوتنە هەوڵی بونیادنانی کارێکی جێگرەوە بۆ کار و خەباتەکانی ئێمە. لەلایەک مایەی خۆشحاڵیش بوو بۆ ئێمە، چونکە راکێشانی کچان و ژنان بۆ ناو گرووپەکان باشتر بوو لەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بە سیاسەتەوە نەبێت. بڕوام هەبوو کەوا کاریگەری لەسەر دەوروبەریش دەبێت. جاروبار بەشداریمان لە سیمینارەکانیان دەکرد و دەڕۆیشتین بۆ ئەو ماڵانەی کۆبوونەوەیان تێدا دەکرد و بەشداریمان لە گفتوگۆکانیاندا دەکرد. ئەو گفتوگۆیانە هەندێک جار ئەنجامی ئەرێنی لێ دەکەوتەوە. چونکە گرووپەکان لەناو خۆیان و دەوروبەرەکانیاندا زیاتر دژی ئێمە پڕووپاگەندەیان دەکرد و ئەوانیان لەدژبەری ئێمە رادەگرت. راستەوخۆ تاوتوێکردنی ئایدیۆلۆژییەکەمان و پێداگریمان لەسەر هەوڵ و کۆششەکانمان کاریگەری لەسەر کچەکان دەکرد و رێگە خۆشکەر دەبوو لەبەر هاتنیان بۆ ناو ریزەکانمان.

ئەو ماڵەی تیایدا بووین ناوبەناو قەرباڵغ دەبوو، لە زۆر شوێنەوە هەڤاڵ دەهاتنە سەردانیان، هەلی گفتوگۆ و تاوتوێکردن

دەرەخسا، بەڵام هەندێک جاریش بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەدا دەکێشا. تەنیا (داود)ی لێ کەم نەدەبوو! هەرگیز واتام نەدەدا بەو شەڕ و دەمەقاڵێ بەردەوامەی نێوانی خۆی و (سەلیم)، درێژەدان بە بەربەرەکانێیەکی ئەوەندە بێ ئاکام؛ زۆر بێ واتا بوو. (سەلیم) کەسێکی زۆربلێ "دیماگۆک" بوو. زمانی هەڵدەسووڕا، جاری وا روویداوە کە لەسەر بابەتێک چەندین کاتژمێر و تەنانەت چەند رۆژێک قسەی کردووە. لە راستیدا (داود)ی بەدڵ نەبوو. لاوازییەکانی ئەوی بۆخۆشی تەقلید دەکردەوە. لە جەوهەردا هیچ رەخنەیەکی جددی نەبوو، بەم هۆکارە وەکو گفتوگۆیەکی بێزارکەر دەهاتە بەرچاو. زۆرێک لە هەڤاڵانیش پەست و نارەحەت بوون لەم دۆخە.

(داود) ئەوی بە ناجێگیری لە قسە و رەفتار و هەروەها بە زماندرێژ تاوانبار دەکرد. ئەو لایەنانەی لە راستیدا دەبیندران. لەناو هەڤاڵاندا گفتوگۆ و رەخنەکردن ئاسایی بوو. کەموکورتی هەبوو لە وەرگرتنی هەڵوێستدا لەبەرامبەر بەو شتانەی کە لە ئاستی ئاساییبوون تێپەڕ دەبوون. لە چوارچێوەی ئەو متمانە و پابەندبوون و بڕوایەی بە رێکخستن هەمبوو مامەڵەم لەگەڵ رووداوەکان دەکرد. هەردووکیان ئەندامی تەڤگەر بوون و لێپرسراوێتیان هەبوو. بەشێوەی "کەسانێکن کە مسۆگەر لەلایەن رێکخستنەوە دەناسرێن و بە کەسایەتیان دەزانرێت" هەڵمدەسەنگاند. بێگومان ئەمە لایەنێکی گرنگی گرفتەکە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێست وەرگرتن و شەڕکردن لەدژی چەوتییەکانیان و تایبەتمەندییە جیاوازەکانیشیان گرنگی تایبەتی هەبوو. ناشارەزایی، بێبەشبوون لە قووڵایی ئایدیۆلۆژی - سیاسی، بەرتەسکی لە بابەتی رێکخستندا، رووکەش بوون، دۆخی نزیکنەبوونەوە و بەشدارینەکردن لە شۆڕشدا هەموو

پێگە و ئاستێکی ژیانی نەدەگرتەوە. تەنیا خۆ بەستنەوە بە چەند تایبەتمەندییەکی گشتی؛ خۆڕسک و هەندێک پێوانەی دیارەوە، بەنیەت و نیاز ڕەفتارکردن هەڵبەتە هێزی چارەسەرکردنی پرسەکانی نەدەخولقاند، یاخود بە ئەنجامی نەدەگەیاند. گومان لەوەدا نەبوو کە بەو شێوەیە بناخەی شەڕێکی بەهێزی چینایەتی دانەدەنرا.

باس لە کچێک دەکرا کە (سەلیم) لە پەیمانگەی مامۆستایان بە ڕێکخستنی ناساندووە. (داود) ناوبەناو دەیکردە بابەتی گاڵتەجاڕی. هۆکاری کاردانەوەکانی (سەلیم)ی بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە. پەیوەندی نێوان (سەلیم) و (ئایسەل ئۆزتورک) ببوو بە بنێشتی دەمی زۆر کەس. (سەلیم) چوونە داوای (ئایسەل)ی بەفەرمی خستبووە رۆژەڤەوە. لە دێرسیمیش پەیوەندی نێوان (ئایسەل) ـ (سەلیم) هەندێک نارەحەتی دروست کردبوو. هەندێک قسە و باسی بەو شێوەیە لەلایەن کەسوکاری (ئایسەل)ەوە بەر گوێ خرابوو، ئەمەش هەڤاڵانی نارەحەت کردبوو و پرسیاریان لە راستی و ناڕاستی ئەو قسانە دەکرد. زیاترین کەسێک کە سەرگەرمی بوو (داود) بوو و هەر (داود)یش زیاترین کاردانەوەی نیشان دەدا.

(سەلیم) لە پەیوەندییەکانیدا کەسایەتییەکی جێگیر، خاوەن بەڵێن و بە پرەنسیپ نەبوو. کەسایەتییەکی لاواز بوو لەژێر پەردەیەکی زۆر ئاسوودە و زۆر دیموکراتدا. دەشیا ئەم ڕاستییە لە ژیانیدا بەدی بکرێت. مرۆڤ لەپاڵ ئەودا نارەحەتی ئەوە دایدەگرت دووچاری پیاوێک بۆتەوە کە روانگەی رەگەزگەرایی تێدا باڵادارە. ئەمە لەودا شێوازی بەرچاوی هەڵسوکەوتی بوو. هەندێک هەڤاڵ هەرچەندە لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانیاندا تایبەتمەندی دەرەبەگ و بۆرژوای بچووکیش هەبێت، بەڵام

سادەبوونێک لە سروشتی خۆڕسکییان و هاوڕێیەتییاندا بەدیدەکرا.

کەچی (سەلیم) کەسێکی تایبەت بەخۆی بوو. بە کارەکانی، قسەکردن و هەموو هەڵسوکەوتێکی دا لە هەموو شوێنێک شێوەی دژبەری هەموو کەسێکی دەنواند. ئەم تایبەتمەندییانەی لە واتایەکدا سروشتی و ئاسایی ببوو لەلای. دەگووترا "سەلیمە ئیتر..!"، لەبەرامبەر بە رەخنەکانی هەڤاڵان، (سەلیم) چەندین مانگ بیانووی ریز دەکرد، قسەی لەسەر دەکرد و بۆ مایەپووچ کردنی هەرچییەکی لەدەست بهاتایە دەیکرد. چونکە راستترین کەس خۆی بوو، باشترین کەسی رێکخستن خۆی بوو، هەڵوێست نواندن لەمەڕ خۆی بەمشێوەیە بوو. بێگومان ئەگەر بێتوو کەسێکی لاوازتر و یاخود کەسێک هەبووایە کە کەماسییەکی ئاشکرا بوو بێت، بۆ (سەلیم) دەبوو بە قەڵغانێکی ناوازە. "ترسنۆکییەکەی (داود)" بەشی ئەوی دەکرد.

لەلای ئێمە بوێربوون، دۆخێکی رۆحی شۆڕشگێڕی بوو. تەڤگەرەکەمان بەمجۆرە دەناسرا. بەمجۆرە دەردەکەوتەڕوو، بەمجۆرە شێوەگر دەبوو و تاکەکانیشی بەو جۆرە شێوەگر دەکرد. بەڵام گەر پێویست بکات بەروونی باس بکرێت، کەسێتی (داود) شیاوی ئەم راستییە نەبوو. لە ئاساییترین کەسەوە تا هەموو کادیرەکان، هەموو کەسێک هەستی بەمە دەکرد. بەڵام ئەو هیچ کەموکورتییەکی لەخۆیدا بەدی نەدەکرد. لەم خاڵەدا لەگەڵ (سەلیم) یەکیان دەگرتەوە. بەگشتی لە کەسایەتی و ژیانی هەڤاڵاندا بەکارهێنانی کەموکورتی و چەوتییەکانی یەکتر، پێداگیری دوولایەنە یاخود هەڵوێستی تاوانبارکردنی نابەجێ نەبوو. بەتایبەتیش لەمجۆرە هەڵوێستانە دوور دەکەوتنەوە. رێز، خۆشەویستی، گەرموگوڕی لەئەستۆگرتنی هەمان دۆز هەبوو.

هەڤاڵ گەورەترین بەها بوو. لە هەڤاڵێتی دا فێڵبازی، حیلە و بەجۆرێکی تر نواندن نەبوو. بەم هۆکارە هەر نموونەیەکی بەو شێوەیە لە کرداردا بەدی بکرایە پەسند نەدەکرا، وەکو شەرمەندەییەک تەماشای دەکرا. هەڵبەتە کەموکورتی لە هەڵسەنگاندنی ئەم خاڵە لەسەر بنەمای سیاسی و روونکردنەوەی بە شیکاریی قووڵی کەسایەتی هەبوو. هەرچەند بگووترێت کاریگەری تایبەتمەندی چینایەتی، تایبەتمەندی کەسایەتی رابردووش، بەڵام لە شیکارکردنی فرە لایەنەی کێشەکاندا رووکەشبوون بەدی دەکرا. هەروەها کەماسییەکان لەچوارچێوەی خۆیدا لێکدەدرانەوە، رووداو بە دیاردەیەکەوە سنووربەند دەکرا.

کۆتاییەکانی 1977 بوو، وەرزی زستان بوو، هەڤالان بەشێوەیەکی رێکوپێک و بە سیستەمانە دەستیان بە کار کردبوو. هەڤاڵ (خەیری)یش هاتبوو. هەڤالانی تریش هاتبوونە هەرێمەکە، بەڵام هێشتا نەمدەزانی کێن. قسەی لەسەر نەدەکرا، سنوورێکی بۆ دانرابوو. ئەو رۆژە لە پەروەردە دەگەڕامەوە. (عەلی گیونگیۆر) لەماڵەوە بوو، سەرگەرمی دەمانچەکانی سەر مێزەکە بوو. بینینی سێ دەمانچە لەیەک جێگەدا شتێکی زۆر ناوازە بوو، مەراقم دەکرد، دەستبەجێ لە هەموویان وردە بوومەوە. پارچەکانیم دەکردەوە و دەمبەستنەوە، چێژێکی هەبوو. گووتم:"خێر؟! چالاکی هەیە؟". ئەو بە ئارامییەوە گووتی: "بەڵێ؛ بانکێک دەبڕین". پاشان بە پێکەنینەوە ئەوەشی گووت کە گاڵتەی کردووە، تۆزێکی تر کە (فەتحییە) هات ئەم گاڵتەیەی بەویش دەکرد، دەیگووت: "بەڵام با وانەکەین بزانێت گاڵتەیە، با بزانین چی دەکات، هەڵوێستی چی دەبێت". ئاسایی بوو بەلامەوە و رازی بووم.

لەو نێوەدا پێکەوە قسەمان لەسەر ئەوەبوو کە: "لە چەولیک بەئاسانی دەکرێت بانک تاڵان بکرێت. خۆ بڕینی بانک تەنیا چالاکی شارە گەورەکان نییە. لە چەولیک تا ئێستا ئەمجۆرە چالاکییانە نەکراون، سەرنجیش راناکێشێت". منیش گووتم: "با منیش بەشداربم، ژنان سەرنج راناکێشن. با ئەم پێشنیازەش ببەین بۆ مامۆستا؟" دەیگووت: "بۆچی نابێت، بەڕای من دەبێت". لەکاتێکدا ئێمە لەم قسانە دابووین (فەتحییە) هات. ئەو زیاتر واقی وڕما. دەستبەجێ هات و لەنزیکەوە تەماشای کرد، دەستی بۆ دەمانچەکان برد و بە هێواشی گووتی:"چییە؟" (عەلی) تۆزێک هێواشتر و بە سووکی: "هێور بە، چالاکی دەکرێت، تۆش بەشدار دەبیت، لەگەڵ خوشکە ساکینە پێکەوە قسەمان کرد، کچان زۆر سەرنج راناکێشن، هەردووکیشتان بەشداردەبن، لەگەڵ دوو هەڤاڵی کوڕ پێکەوە، ئۆتۆمبێلیشمان هەیە. ئۆتۆمبێلەکەی (حسێن)ی دەپ. هەڤاڵێکی چاکە. ئێستا راهێنانێک دەکەین. دیار نییە لەوانەیە کەسی سێیەمیش هەر خۆم بم".

پاشان دەستمان بە راهێنان کرد. بە دەمانچەوە خۆمان کرد بە ژوورەکەدا. (عەلی) چەند شتێکی لە سندووقی مێزەکە دەرهێنا و پێیداین، بەشێوەی یەکتر پاراستن دەرکەوتینە دەرەوە. چالاکییەکە سەرکەوتوو بوو. چەند جارێک تاقیمان کردەوە. ئەم چالاکییە خەیاڵییە دڵگیری کردبووین. بەڵام ئەگەری دەستگیرکردنیش هەبوو. ئەی لە دۆخێکی وەهادا هەڵوێستمان چی دەبوو؟ بڕیارمان وایە: "ئەگەر پارەکەمان پێنەبوو ئەوا هیچ شتێک لە ئەستۆ ناگرین. بەڵام ئەگەر پارەکەمان پێ بێت، ئەوا دەڵێین ئێمە شۆڕشگێڕین، بەناوی گەلەکەمانەوە دەستمان بەسەر ئەم بڕە پارەیەدا گرتووە و هیچی تر ناڵێین".

پشوومان دا نانمان خوارد. (فەتحییە) بەتەواوی بەناو کارەکەدا رۆچووبوو و دەیگووت: "واز لە نان بهێنن" (عەلی) لەو نێوەدا ئاماژەی بە (رۆزا)ی کچیان کرد و دەیگووت: "ئەگەر دەستگیرکرایت، ئەویش ببە لای خۆت، باشترە" لە راستیدا لەو خاڵەدا لەلای خۆیەوە دەیویست بە ئاستی کاردانەوە و هەستی (فەتحییە) بزانێت. بەڵام بە ئەندازەی درێژەکێشانی، گاڵتەکەش بێ تام دەبوو. پێمگووت: "کاکە عەلی، ئیتر با واز لەم گاڵتەیە بهێنین، فەتحییە بڕوای کرد، پاشان بە هەڵە تێدەگات، کاریگەری لەسەر دەبێت، پێی بڵێن". ئەویش لە وەڵامدا گووتی: "باشە، دواتر خۆم پێی دەڵێم". ئەو شەوە لە هەمان ماڵماینەوە، بەیانی زوو هەر سێکمان پێکەوە لەماڵ دەرکەوتین. هەر یەکەو دەمانچەیەکمان پێیە. پێویستە رادەستی مامۆستا و ئەوانی بکەین. منیش بۆ ئەو ماڵە بانگ کرابووم. خۆیشیان لەوێوە دەڕۆن بۆ خوێندنگە و فەرمانگە. بەڵام (عەلی) پێی نەگووتبوو کە گاڵتەی کردووە و هێشتاش جۆش و خرۆشی (فەتحییە) بە هەمانشێوە درێژەی دەکێشا. لە ڕێگا پێمگووت: "کارێکی باشتان نەکرد"، بەڵام (فەتحییە)ش ئەوەندە کەوتبووە ژێر کاریگەری گاڵتەکەوە کە خۆیشم جورئەتم نەدەکرد پێی بڵێم گاڵتەمان کردووە.

گەیشتینە ماڵی مامۆستا. مامۆستا دەستبەجێ بردینی بۆ ژوورەکەی دواوە، ئاشکرایە چاوەڕێی چەکەکانی دەکرد. دوو هەڤاڵ لە هۆڵەکەدا بوون، زانیم یەکێکیان (د.عەلی) یە، لەو کاتەدا ئەوی تریانم بۆ دەرنەکەوت. ئەویش چاویلکەی لەبەر چاو بوو. بە خێرایی تێپەڕ بووم. لە ژوورەکەی پشتەوە گاڵتەکەمان درێژەی هەبوو. مامۆستاش بەشداری گاڵتەکە بوو. (مەدیحە) بە مەراقەوە تەماشای دەکرد، کە دەگووترا (چالاکی بڕینی بانک) و

(ئێمە ئەو چالاکییە ئەنجام دەدەین) ئەویش بە پێداگرییەوە داوای بەشداربوونی دەکرد. هەموومان وەکو منداڵمان لێهاتبوو. لە کاتژمێرم ڕوانی، بەهەڤالانم گووتم: " هەڤالان کاتی هاتووە، ڕاستییەکەمان پێبڵێن، وەها نابێت".

مامۆستا گاڵتەکەی بردە لای هەڤالانی تریش. (مەدیحە) لەویش داخوازییەکەی خۆی دووپات کردەوە، دەربڕینی داخوازییەکەی لەگەڵ ئەو هەڤالانەی تازە هاتبوون، بە کارێکی سوودمەند دەژمێردرا. (مەدیحە) نەک لەبەر ئەوەی زۆر خوازیاری چالاکییەکەیە وایدەکرد، ئەگەر بکرایە حەتمەن خۆیشی بەشدار دەبوو، بۆ ئەوەی لەدوامانەوە نەمێنێتەوە، ئەو خۆی دەنواند. لەو کاتەدا تەوقەمان لەگەڵ هەڤالانی تر کرد و تێکچووم بەوەی یەکەمجار ئەو هەڤالەم نەناسیبوو. دەشێت هۆکارەکەی ئەوە بێت لاتەنیشتی لەمن بوو، شێوەی جیاواز بوو لەبەر چاوم. بەلام ئەو هەڤالە (سەرۆک) بوو، هەڵەشەیی و تەشقەڵەی دەمانچەکە سەرنجی تێکدابووم، بەلام نەخێر ئیتر پێویست بوو کۆتایی بە گاڵتەکە بهێنرێت.

کەوتمە نێوانەوە و بە مامۆستام گووت: "مامۆستا؛ پێویستە ئەوەندە درێژە بە گاڵتەکە نەدەین" و بۆم گێڕایەوە کە چۆن گاڵتەکە دەستی پێکردووە. بەلام (سەرۆک) هێشتا وەک سەرەتا چۆن تێگەیشتبوو هەر بەوجۆرەش بابەتەکەی هەڵسەنگاند و گووتی: "بێگومان ژنانیش دەتوانن، بۆچی نەبێت؟ بەلام گرووپەکە پێویستە باش ئامادە بکرێت" (د.عەلی) دەیگووت: "من بیانیم لێرە، پۆلیس نامناسێت، دەتوانم بە ئاسانی ئەم کارە بکەم" و دەیویست خۆی بخاتە ناو کارەکەوە. کارەکە بە خاڵێکی جددی گەیشت، تەنانەت ئەمجارە من کەوتمە قەلەقییەوە. ئایا شتەکە ڕاستی بوو و (عەلی) کردی بە گاڵتە؟ سەرم لێ شێوا؟

ئەم کارە بێ تامی کرد. پێویست بوو هەڤالان ئەوەندە درێژەیان بە گاڵتەیەک نەدابا و راستییەکەی هەر چییەک بووایە بیانگووتایە. کات نزیک ببووە. بەتایبەتیش بە هەڤالانی تریشمان گەیاند. هێشتا قسەکەم تەواو نەکرد و (سەرۆک) گووتی: "گاڵتە بەواتای چی! ئێوە بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ کارەکان دەکەن؟".

(فەتحییە) هەر چۆن پڕیدایە جانتاکەی راست دەرکەوتە دەرەوە و لەبەر خۆیەوە "تێگەیشتم، کەواتە جێگای متمانە نیم. تاقیانکردمەوە. بۆچی من ئامرازی تاقیکردنەوەی ئێوەم؟!". (مەدیحە) زۆر دڵگران بوو بەوەی (عەلی) دەیگووت "گاڵتەمان کرد، ویستمان تاقی بکەینەوە" و بەشێوەیەکی پەلکێشکارانە قسەی دەکرد و دەیگووت: "بێگومان ئەمانە هەمیشە وەهان، متمانەیان بە ئێمە نەبوو، هیچیان لێ سەوز نابێت".

(سەرۆک) سەرەتا هەوڵیدا لە راستی رووداوەکە تێبگات. لەوە توورەبوو کە ئەمجۆرە کارە جددیانە دەکران بە گاڵتەجاڕی و گووتیشی: "متمانە نەکردن بە ژن چ مانایەکی هەیە؟ تاقیکردنەوەی چی؟ با پێتان بڵێم ژن لەلای ئێمە لە پیاو زیاتر جێگەی متمانەیە. شۆڕشگێڕبوونی ژنی کورد رووداوێکی زۆر گرنگە! ئەم کارە بەگاڵتە ناکرێت! کەواتە جددی بن. دەی، ئەگەر دەیکەن بڕۆن بیکەن. ژن دەیکات و سەریشدەکەوێت".

هەمووومان زۆر تێکچووین. گاڵتەیەک کە لەکاتی خاوێنکردنەوەی چەکەکاندا لەماڵەوە دەستی پێکردبوو بە کوێ گەیشت؟ هەوڵمدەدا باسی بکەم: "بە هەڤاڵ عەلیم گووت کە درێژەی پێنەدات. پێی گووتم: کە بەیانی هەر چۆنێک بێت رێگەکەمان بەوێدا تێپەڕ دەبێت و رێگری لەمنیش کرد پێی بڵێم. لەم حاڵەدا من خۆم بە تاوانبار دەزانم، سەرەڕای پێداگرییەکانی ئەو دەمتوانی راستییەکەی پێ بڵێم. بەڵام لێرەشدا لەلایەن

مامۆستاوە درێژە پێدانی و گەیاندنی بە هەڤالانی تر کارێکی شیاو نەبوو". مامۆستاش گووتی کە کارێکی راستی نەکردووە. (عەلی) دەیگووت: "گەورەترین چەوتی من کردم، هەندێک سۆزدارییانە مامەڵەم کرد. گومان لەوەدا نەبوو کە (فەتحییە) بێ متمانەیە بەخۆی، وا بیر دەکاتەوە کە ئەومان لەدەرەوەی هەموو شتێک راگرتووە، کاردانەوەی هەیە. بەمجۆرە کاردانەوەی زیاتری دەبێت، کارێکی راستمان نەکرد" و رۆیشت بۆ سەر کارەکانی.

پاشان (مەدیحە) چوو بۆ بازاڕ. مامۆستا و (د.عەلی) لەسەر رێگەی رۆیشتنە دەرەوەبوون. چی رووی دەدا، تەنیا من و (سەرۆک) دەماینەوە. لەرووی دەرەوەی دەرگا مامۆستا گووتی: "تۆ بمێنەرەوە، هەڤاڵ قسەت لەگەڵ دەکات" گووتم: "هەڤاڵ لە رەخنەکانیدا لەسەر حەقە. بریا نەمانکردایە. باشمان نەکرد" مامۆستا دووبارەی کردەوە و گووتی: "هەڤاڵ قسەت لەگەڵ دەکات".. ئەوجار تێگەیشتم، دەستبەجێ لەجێی خۆم راپەڕیم و گووتم" بە راست؟". بەڵام ئەمجارەیان نەمدەتوانی بڕۆمەوە ژوورەوە. دوای پێشوازییەکی بەمجۆرە چۆن قسەیەکم بکردایە؟

شەرمەزارییەک بەڕوومەوە دیاربوو، شەرمم دەکرد. چەند خولەکێک بەمجۆرە لە هۆڵەکەدا راوەستام. بە هیچ جۆرێک دەرگاکەم پێنەدەکرایەوە بڕۆمە ژوورەوە. دواتر هێزی خۆمم لێ کۆکردەوە و رۆیشتمە ژوورەوە. (سەرۆک) بەپێوە بوو، رایەڵکە[136]ی دەکرد، هۆڵەکە گەورەبوو. (سەرۆک) پرسیاری کارەکانمانی کرد: "بەگشتی رەوش چۆنە، زۆری و زحمەتی هەیە، پێکهاتەی گشتی چۆنە؟".

---

[136] : راوێچکە، هاتووچۆ، لە تەنیا شوێنێکدا هاتوچۆکردن (هەنبانە بۆرینە - هەژار).

سەرەتا بەکورتی باسم لە کاروبارەکانی دوای هاتنم بۆ چەولیک کرد. بەشێوەیەکی گشتیش رەوشی هەڤالانی ژنم خستەڕوو.

(سەرۆک) پرسی: "چەند هەڤالی ژن هەیە" لە وەلامدا گووتم "لەنێوان 25 - 30". (سەرۆک) بە سەرسامییەوە گووتی: "ئاوا، باشە باشە. لە شوێنێکی داخراوی وەکو چەولیک کە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پاشکەوتوون، کۆکردنەوە و پەروەردەکردنی ئەو ژمارە کچە گرنگە".

هەروەها پرسیاری ئاستی هزرییانی کرد و گووتی: "کێن ئەو هەڤالانەی ئاستی پێشکەوتنیان هەیە؟" باسی (یلدز)، (قەدریە)، (دیلان) و چەند هەڤاڵێکی ترم کرد و گووتم: "ئەمانە ئەگەری پێشکەوتنیان هەیە". (سەرۆک) لەم بوارەدا رێنمایی کردم: "بەشداربوونی ژنان پێشدەکەوێت، لەمجۆرە هەرێمانەشدا پێشدەکەوێت". پاشان باسەکەی هێنایە سەر رەوشی من و هاوسەرێتییەکەی من و (باقی) هەڵسەنگاند: "بێگومان کەس پەیوەندی کۆیلایەتی ناسەپێنێت. منیش رەوشێکی لەو جۆرەم هەیە. هەندێک دەڵێن - کچی بەکرێگیراوە، باوکی کەمالیستە - مسۆگەر ئێمەش زۆر لەکەس ناکەین". لەو بەینەدا پرسیاری چاودێرییەکانم دەرهەق بە باوکی (کەسیرە)ی لێکردم گووتی: "دەڵێن خانەوادەیەکی CHPیی بەکرێگیراون، تەنانەت سەبارەت بە عەلی یلدرم دەگووترێت سیخوڕە، دەگووترێت - کەسیرە کچی سیخوڕێکە - ماوەیەک تۆش لەگەڵی بوویت، چاودێری و تێبینییەکانت چی بوون؟".

دەستبەجێ وەلامم دایەوە گووتم: "لەو ماڵەدا کەسیرە بالادەست بوو. خانەوادەکەی زۆریان خۆشدەوێت و رێزێکی زۆری لێدەگرن. نازانم، لەوانەیە باوکی کەمالیست بێت، تەنانەت

سیخوڕیش بێت، بەڵام کچەکەی شۆڕشگێڕە" هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو. گووتی: "بێگومان! بە شۆڕشگێڕکردنی کچەکەی، راکێشانی کچەکەی باشترین وەڵامێکە بۆ بەکرێگیراوێتی کەمالیزم، پەیوەندییەکەی تر بەتەواوی لەسەر ئەم بنەمایەیە. من هەرگیز پەیوەندییەکی بەزۆر ناسەپێنم. پەیوەندییەکی کۆیلانە، گرێدانێکی کوێرانە پەسند ناکەم. پەیوەندی پێویستە یەکسان و ئازادانە بن. (حەیدەر)یش لەگەڵ (جەمیلە) هاوسەرگیری کرد"، و پرسیاری کرد: "وادیارە گونجاوە؟ دەیانناسیت؟" لەبەرامبەر بەم هەواڵەدا خۆشحاڵ بووم و گووتم: "گونجاوە". واتا بەشێوەیەکی سرووشتی بۆم دەڕوانی. (ع.ح)! باوەڕیم بە خوداوەند چۆن بوو، ئاوا متمانەم بەویش بوو. خۆشەویستی و رێزم هەبوو بۆی. (جەمیلە) تووشی سەرسوڕمانی کردم. ئەویش لەڕیزی هەڤاڵە کچەکانی خەڵکی دێرسیم و کەسایەتییەکی رێکوپێک بوو، لە ئاستی رێکخستنیدا هەستی کارگێڕی هەبوو، کەسێک بوو توانای بەڕێوەبردنی کاری هەبوو. لەم خاڵەدا هیچ بێ متمانەییەکی ئەوتۆ، یاخود وەکو کۆسپێک لێکدانەوەی وەها پەیوەندییەک لەبەردەم تێکۆشان، یاخود بەدەر لە ژیانی تێکۆشان و شێوازی ترم بەدی نەدەکرد و بە کارێکی نەرێنی نەدەهاتە بەرچاوم.

لەلایەک پەیوەندییەکی تێکچوو کە پێویستی بە کۆتایی پێهێنانە، لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەک کە لەبەردەم دروستبوون دایە و پێویستە لەسەر بنەمای پتەوی تێکۆشان دابندرێت تاوتوێ دەکرا. سەیر نەبوو بەلامەوە، ئەگەرچی وەکو ناکۆکییەکیش لێکبدرێتەوە راستییەکی دەردەبڕی و خودی خۆشم لەناو ئەم راستییە دابووم. لەلایەک پەیوەندییەکم رەتدەکردەوە و ئامادەبوونی خۆم بۆ دابڕان دەخستەڕوو، بەڵام

ئەولاشەوە یەکێتییەکی ترم ئەرێدەکرد و لە خۆشحاڵی ئەوەدا بووم. هەڵسەنگاندنەکانی (سەرۆک) زیاتر هێزم پێدەدەن، ناڵێت وابکە و وامەکە، بەگشتی چوارچێوەکەی بۆ دەستنیشان دەکردیت. لەنێو گووتەکانیدا بەردەوام دەیگووت: "یەکگرتنی زۆرەملێیی، یەکێتی دروست ناکات"، دەی کەوابوو بۆچی هەڤالانی تر دەکەوتنە ژێر کاریگەری (باقی) یەوە؟ ئیتر ئەوەندە سەری ناکەمە سەر. خەباتکردن و سەرگەرمبوون بە کار و خەباتەوە بەس بوو بۆ من، (باقی) رێگر نەبوو لەبەردەمم، نەدەبوو. بڕوام بەوە دەکرد کە ئەگەر هەندێکی تر خۆم سەرقاڵ بکەم دەتوانم پرسەکە چارەسەر بکەم. متمانەم بەخۆم هەبوو و ئاسوودەبووم.

کۆبوونەوەی (سەرۆک) لە چەولیک لەو ماڵەدا بەڕێوەچوو کە پێمان دەگووت: "کۆشکی سپی". لەگەڵ مامۆستا (کاراسونگیور)و ئەوان پێکەوە رۆیشتین. (مەدیحە) بە کۆبوونەوەکەی زانیبوو. بە مامۆستای دەگووت: "منیش دێم" و خۆی دەسەپاند. مامۆستا گووتی" هەڤاڵ کاری هەیە، دەڕۆن بۆ شوێنێکی تر" و بەیویست خۆی لێ دەرباز بکات. بەلام (مەدیحە) زۆر لە دڵی گرتبوو. (فەتحییە)ش لەناو کاردانەوەیەکی بە هەمانشیوەدا بوو. هەردووکیان زۆر کاریگەریان لەسەر یەکتر کردبوو. هەر لەو نێوەدا زیاتر کاردانەوەکانی خۆیان ئاراستەی من دەکرد. چونکە من دەڕۆیشتم و ئەوان نەدەهاتن. زۆر بەرتەسکانە تەماشایان دەکرد، گرفتەکەیان لە خاڵی نەبوونی متمانەدا بەدەست دەگرت.

کۆبوونەوەکە بەو هۆکارەی هەڤالان بەشێوەی گرووپی بچووک بچووک و ناو بەناو دەهاتن درەنگ دەستی پێکردبوو. زستان بوو، بەفر باری بوو، ماڵەکەش تابڵێی سارد بوو. بەلام

(سەرۆک) ئەو شەوە بەدرێژایی چەند کاتژمێرێک قسەی بۆکردین. لە هەڤالانی پرسی کە دەتوانن قسە لەسەر چ بابەتێکی تر بکەن. لەسەر بابەتی رووداو و پێکهاتە سیاسییەکان، مێژووی کوردستان، هێڵی ئایدیۆلۆژیمان، تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆژییەکەمان، رەوشی تایبەتی هەرێمەکە، رەوشی گرووپە چەپڕەوە کوردەکان و هەڵوێستەکردن لەگەڵیاندا بە بەرفراوانی قسەی کرد. هەروەها لەسەر لایەنگەلێکی رەوشی کار و خەباتمان هەڵسەنگاندنی کرد. سەرجەم کادیر و هەڤالانی جێی متمانە بەشداریان لە کۆبوونەوەکەدا کرد. وەکو ژن تەنیا من هەبووم. لەسەر کار و خەباتی ژنانیش دەیگووت: "ئەگەر لەم پێکهاتەیەدا ژن ببێت بە شۆڕشگێڕ توانەوەی قاڵبە دەستکردەکان خێراتر دەبێت". هەروەها ئەوەشی گووت کە: "پێکهاتەی دەرەبەگی و پاشکەوتووی چەولیک رێگر نەبوو لەبەردەم خەباتێکی وەهادا. بەڵام پێویستی بە سەبرە، پێویستی بە سەرنج و وریاییە، پێویستی بە هەڵوێستی راستە".

لە هەرێمەکانی وەکو دەپ و دێرسیم ئەم جۆرە کۆبوونەوانە ئەنجامدرابوون. کۆبوونەوەکەی دێرسیم لە قاتی گەنجینەی ئەو تەلارەدا بەڕێوەچوو بوو کە پێشتر ئێمەی تێدابووین. چەند خۆشە، ئێستا ببووە جێگای کۆبوونەوە.

کۆبوونەوەکە بەگشتی زیندەیی و خرۆشێکی لە هەڤالاندا دروست کردبوو و خێرایی دابوو بە کار و خەبات. (سەرۆک) باسی لە تایبەتمەندی رادیکاڵی شۆڕشگێڕانەی گەنجانی چەولیک و پەرەسەندنی میلیتانێتی لە تێکۆشانی دژ بە ناوەندە فاشیست و پاشڤەڕۆکان کردبوو. چالاکی لەدژی فاشیستەکان لە راستیدا هەم لەناوخۆ بە میلیتانبوونی پێشدەخست و هەمیش زەمینەی رێکخستنی دەڕەخساند.

(حیکمەت تەکین) سەردەستەی بەڕێوەبەرانی ڕێکخستنی فاشیستی بوو لە چەولیک. ئەو سەردەمە سەرۆکی شارەوانی بوو. باشترین چاوساغی (تورکێش[137]) بوو. کادیرەکانی تری ناو شارەوانیش کادیری گەنج و فاشیستی تایبەت بوون. خۆی زوو زوو دەڕۆیشت بۆ ئەڵمانیا و دەهاتەوە. هاتوچۆی ئەڵمانیا و ئەنکەرەیان سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیا و مەعنەویات و هاوکاری ماددی بوو. کادیرە خۆجێییەکانیان بەمجۆرە لەسەر پێ ڕادەگرت. چالاکییەکانمان دژ بەو کادیرە فاشیستانەی بە (رینگۆ) ناوبانگیان دەرکردبوو، ئیتر کارەکانی (MHP)ی راگرتبوو. توندوتیژی شۆڕشگێڕی گوررزی لەو ناوەندانە وەشاندبوو. چەولیک ئیتر چەولیکی رابردوو نەبوو. رینگۆکان چیتر نەیاندەتوانی وەکو جاران بە ئارەزووی خۆیان بسوڕێنەوە. ڕێگری لە هێرش و پەلامارەکانیان کرابوو.

لەم نێوەدا ماڵم گۆڕی. ئەو ماڵەی هەڤاڵ (زەکی یلدز)ی تێدایە شیاوتر بوو، لەگەڵ کچێکی گوندەکەی خۆیان تازە هاوسەرگیری کردبوو. کچە گوندییەکی ئاسایی، وەکو خۆی دەیگووت: "هاوپۆلە" ماڵەکە قەرەباڵغ و باوەژنە کەڕ و بێ زمانەکەشی لەوێ دەژیا. باوکی لە ڕووداوێکی کاردا ژیانی لەدەستدابوو. هەڤاڵ (زەکی) باوکی خۆی زۆر خۆش دەویست. زۆر باسی دەکرد و دەیگووت: "رەنجدەر، کۆڵنەدەر و پرۆلیتار بوو". لەگەڵ زڕخوشک و براکانی تریدا ژمارەیان دەگەیشتە (10) کەس، بەلام سرووشتیبوونیان، گەرموگوڕییان، بەتایبەتیش لەدڵەوەبوونی هەڤاڵ (زەکی) و هاوڕێییەتییە پڕ بەدڵەکەی، کار و ژیانی ماڵەوەی قەرەباڵغ و چالاکتر دەکرد.

---

[137] مەبەست لە ئالپاسلان تورکێشی دامەزرێنەری پارتی رەگەزپەرستی تورکMHP یە.

ئەشقێکی گەورەی هەبوو بۆ کارکردن. هۆشمەند و سۆزدار بوو. ئەم خاسییەتەی رەنگی بەو ژوورە دابووەوە کە تیایدا مامەوە. شەیدای مۆسیقای کوردی بەتایبەتی ئارام (هونەرمەندی کۆچکردو؛ ئارام تیگران - و) بوو. سەرجەم ئەو گۆرانیانەی هەڵبژارد بوو کە لە رادیۆی یەریڤان پەخش دەکرا. کۆکردنەوەی ئەو هەموو تۆمار، پەرتووک، گۆڤارانە؛ بە ئاشکرا وابەستەبوونی بە هونەر، کولتوور و زانستەوە دەردەخستەڕوو. جگە لە کەنتۆرێکی بچکۆلانەی لە تەختە دروستکراو، چەند رەفێکی پڕ لە پەرتووک و تۆمار (کاسێت) هەبوو. ژوورێکی بچکۆلانە بوو، بەڵام دەوڵەمەندییەکەی منی بۆ هەموو شوێنێک دەبرد. بەم هۆکارە زۆر حەزم لەو ژوورە دەکرد.

دایک سەرەڕای ئەوەی کەڕ و بێ زمان بوو زۆر وریا بوو. بەهەر جۆرێک بێت هەستی بە تەقە و زەنگی دەرگا دەکرد و کەم و زۆر هەستی دەکرد کێ هاتووە. هەستەکانی بە رادەیەکی زۆر گەشەکردوو بوو. بە هێما لەیەک دەگەیشتین. هێما و هەندێک دەنگ دونیای دایک بوو. هەڤاڵ (زەکی) لەم دانوستانەدا زۆر بە بەهرە بوو. دوای هاتنی (ئەمۆش)ی بووکەخان چیتر دایک ئەو دایکەی جاران نەبوو! وایدەزانی ئیتر وەکو جاران نرخ و بەهای پێنادەن. (ئەمۆش) کچێکی تۆزێک لوتبەرز بوو. سەرەڕای ئەوەی کچی گوند بوو، لە دۆخێکی رۆحیانەی وەهادا بوو کە خۆی جیاواز دەنواند، ناز و مەکری دەکرد، وەکو بڵێی داخی کەسی تر نەچێژێت وابوو! لە راستیدا زۆر نیاز پاک بوو، زیرەک و کراوە بوو بۆ گۆڕانکاری، کەسێک بوو لایەنی خۆشەویستی زیاتر بوو، بەڵام ئەو جیهانەی ئەو خەیاڵی بۆ دەبرد جیاواز بوو.

(زەکی) جیاواز بوو لە پیاوانی تری گوندەکە. دەیزانی شۆڕشگێڕە. لەبەرامبەریدا بە ڕێز بوو و گوشاری لێنەدەکرد، سەرگەرم دەبوو لەگەڵی هەوڵی دەدا فێری بکات و گەشەی پێ بکات، دەیوست بیکات بە نیشتمانپەروەر. بەلای (زەکی)یەوە لەگەڵ کەسێک لە چینی شۆڕشگێڕان هاوسەرگیری کردبوو و هاوسەرگیرییەکەی بە نیشتمانپەروەری دەگەیاند، ئامانجی وابوو. بەڵام (ئەمۆش) هەستی بە هیچ یەکێک لەوانە نەدەکرد. هەندێک شتی خۆش و جوان هەبوو باسیان لێوە دەکرا، بەڵام بەلای (ئەمۆش)ەوە خەیاڵ بوون، جگە لەوانە بیری لە شتێکی بەرجەستە نەدەکردەوە.

هەڤاڵ (زەکی) زۆر بەرتەسکانە و بەهەڵداچوون لەم هاوسەرگیرییەی ڕوانی بوو. بەو هۆکارە هێشتا لە ڕۆژانی سەرەتای ئەم هاوسەرگیرییەدا دەستی بە داخ لێبوونەوە کردبوو و ئەوەی گووتبوو کە تووشی زۆری و زەحمەتییەکی گەورە دەبێت. چونکە لەلایەک دەبووایە پێویستییەکانی ئەرکی شۆڕشگێڕی بەجێبهێنێت، ڕاستییەک هەبوو کە تێکۆشان دەیسەپاند بەسەرماندا، لەلایەکی تریشەوە سەپاندنی ئاواتەکانی (ئەمۆش)، پەیوەندییەکانی ناو خێزان، سیستەمی ژیان هەبوو! (زەکی) لە هەوڵی بەڕێوەبردنی هەردووکیاندا بوو لە یەک کاتدا و لەم بوارەشدا بەجددی کۆششی دەکرد، بەڵام نەدەبوو. لەوماڵەدا بە ئاشکرا دەبوومە شاهێدحاڵی ئەو گرژییەی لەئەنجامی ئەوەدا دەهاتە ئاراوە. هەندێک جار تەنانەت دایکیش دەهاتە دەنگ و ڕادەپەڕی. (زەکی) لەناو شەڕێکی زۆر ئاڵۆز دابوو. خواست و نیاز کارەکەی بەچارەسەری نەدەگەیاند.

قورسایی ئەرکی دابینکردنی ژیان و خاوەنداریکردنی خێزان دوای کۆچی دوایی باوکی و دەرهاویشتەکانی؛ کاریگەری لە

دۆخی خۆی لەناو تێکۆشاندا کردبوو و ڕێگری لە چالاکبوونی دەکرد. لەم خاڵەدا زۆرجار بە ئاشکرا بیر و بۆچوونەکانی دەردەبڕی و باسی لە بێ چانسی خۆی دەکرد. هەرچەندە خۆی ئامادەبوو بۆ هەموو شتێک، هەر ئەرکێکی پێ بسپێردرایە بە ئاسانی جێبەجێی دەکرد، بەڵام کاتێک باس لە هەرێمێکی تر بکرایە ناچاربوو بیر لە دۆخی هەنووکەیی خێزانەکەی بکاتەوە. ئەگەرچی هۆکاری زۆر مافدار و شیاویشی هەبوو بەڵام قسەکردن و تاوتوێکردنی ئەم خاڵە بەلای ئەوەوە زەحمەتترین شت بوو، لە شکۆی کەم دەکردەوە، شەرمەزاری دەچەشت. سەرەڕای ئەوەش بڕیاردارییەکەی، پێداگری و جەوهەربوونەکەی بەس بوو، متمانەبەخش بوو. سەرەڕای پێگەی پڕ ململانێ و ناکۆکی ئەو خێزانە، ئومێد و زیندەیی و بە بڕیاری تێدابوو. ئەی شۆڕشگێڕی ڕووبەڕووبوونەوەی زەحمەتییەکان نەبوو؟ کەواتە پێویست بوو سنگی بۆ فراوان بکرێت.

## هەژاریی ئەو ماڵە ژیانی گەلێک بوو

ماڵەکەمان بەپێی پێویست بەکاردەهێنا. زیاتر ئەو هەڤالانەی لێدەمایەوە کە لەدەرەوە دەهاتن. لەو سەردەمەدا (باقی قەرار) هاتبوو. شەوێک لەوێ بوو و ڕۆژی دواتر پێکەوە ڕۆیشتین بۆ شاری ئاگری. هەروەها (کارلۆس)یش هەبوو. (کارلۆس) هەڤاڵێکی بالآبەرز و چوارشانە بوو. ناوی سەرنجمی ڕاکێشابوو، سەیربوو. (کارلۆس)ێک هەبوو کە بە تیرۆریستی نێودەوڵەتی ڕاگەیەندرابوو. دیاربوو سەرەنجی ئەو هاوڕێیەمانی ڕاکێشابوو. کەسێکی سەیربوو، جیاواز بوو، وەکو شەقاوە دەڕۆیشت بەڕێدا. پاڵتۆیەکی ڕەش و درێژی هەبوو، بەگشتی دەیدا بەسەر شانیدا. تا کۆپ[138]، پاتنۆس[139]، مەلازگرد[140] و ئاگری پێکەوە بووین. هەندێک نووسراوی تایبەت و دەمانچەیەکم پێ بوو. لەڕێگا زۆرجار ژنان نەدەپشکنران. زۆر بە کەمی. ئەگەر هەواڵگری تایبەت هەبووایە، سکالآ و ئاگادارکردنەوەیەک لە ئارادا بووایە، پۆلیسی ژن دەهێندران، جگە لەوە تەنیا داوای ناسنامە دەکرا و بەس. بەم هۆکارە لای ئێمە زیاتر ژنان کاری گواستنەوەیان دەکرد.

هەر بەم شێوەیە منیش چاوم بە هەرێم و ناوچەکانی تری وڵات دەکەوت. ڕۆیشتن بەرەو باکوور، بەتایبەتی ئاگری، بینینی شاخی ئاگری ئەفسانەیی؛ دڵڕفێن بوو. پڕ بە دڵ لە شاخەکانی

---

[138] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری موشی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە بولانک ناوزەدی دەکات.

[139] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئاگری باکووری کوردستانە.

[140] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری موشی باکووری کوردستانە.

کانی ڕەش[141]، دوورگەی ئاخدەماری دەریاچەی وان و بنارەکانی ئاگریم ڕوانی.

هەنگاو بە هەنگاو بە تاسەوە تێڕامان و ژیان لەناو ئەم جوانیانەی کوردستاندا، دەستەواژەی نیشتمان - نەتەوەی واتادارتر دەکرد. بەشداریکردن لە تێکۆشانی خاوەنداریکردن لە وڵاتێک کە هەندێکی ترپاوانیان "مۆنۆپۆڵیان" کردووە و سەرجەم سەرچاوەکانی ژیانیان تیادا وشک کردووە، بەختەوەر و شکۆداری دەکردم. هەژارییەکەی باکوور، ئەو چەوسانەوەیەی بە هەموو شوێن و بوارێکی ژیانەوە بەدیدەکرا، نەبوونی و نەداری خەڵکی ناوچەکە، فرمێسک لە چاو و خوێنی لە دڵم دەڕژاند. هەژاری ئەو ماڵەی شەوێک لە مەلازگرد میوانیان بووین، وێنای ئاساییترین لایەنی ژیانی گەلێک بوو.

لەسوچێکدا مانگا، لە سووچەکەی تردا لەگەڵ منداڵ و ژنەکانی ماڵەکەدا خەوتین. پەنجەرەکەش نایلۆن کرابوو. ژیان لەناو بۆنی ریخ و شیاکە و لەولاوە بۆڕەی مانگا و دەنگی منداڵ چەند بێ واتا بوو. تا بەیانی سەرقاڵی کوشتنی ئەسپێ بووم، ڕەنگی سپی سەرچەفەکە سوور ببوو لە خوێن. کوشتنی ئەسپێش شارەزایی دەویست! تۆراخ و هێلکەیەک کە لەسەر ئاگری تەپاڵە سوورکرابوو وەکو نانی بەیانی هێنرایە سەر خوان. منداڵەکان هەموویان لە دوورەوە راوەستابوون، خوانەکە تەنیا بۆ من راخرابوو. دیاربوو ئەو هێلکەیە تەنیا بۆ من سوورکرابووەوە، بۆ میوان بوو. بەڵام هەموو منداڵەکان چاویان لەو هێلکەیە بوو. لە حاڵێکی وەهادا پێم دەخورێت؟ ئەو تۆراغەشم پێنەخورا کە زۆر حەزم لێبوو. ئەم بەسەرهاتەم

---

[141] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری چەولیکی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە کارلی ئۆڤا ناوزەدی دەکات.

شتێکی زۆر تازە نەبوو و لەپاڵ ئەوانەی پێشتر، بەڵام هەمدیسان بەکاریگەر بوو و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەکردم. سۆزدارییەکی گەورە باڵی بەسەردا کێشابووم.

سەرەڕای هەموو پێداگرییەکیان ئەو هێلکەیەم نەخوارد کە بە پاککراوی لەسەر خوانەکە دایاننابوو. بەوەی "هێلکە ئازارم دەدا" رەدمدایەوە. هەرچییەکم خواردبێت بەدرێژایی رێگە دەبوو بە زوقم لەهەناوم دا، هەرچەند چۆنێتی روانینیانم بهاتایەتە بەرچاو، پاروو لە گەرووم دەچەقین. لە سەروبەندی تێپەڕبوونمان بە رێگە خۆڵ و پێچاوپێچەکەی شارۆچکەی پاتنۆسدا، ئەو منداڵە کوردانەی ئیزمیرم هاتەوە یاد کە لە پێشانگای پیشەسازی یەکترمان ناسیبوو. هەموویان سمیت[142]یان دەفرۆشت. هەموویان لە تەمەنی (9 ـ 10)ساڵیدا بوون. خەڵکی مێردین و سێرت بوون. لەکاتی کڕینی سمیت دا یەکترمان ناسی. هەر سێکیان پێکەوە بە راکردن هاتن و پاڵیان بە یەکترەوە دەنا بۆ فرۆشتنی سمیتەکانیان. هەر سێکیشیان دەیانویست سمیتەکەی خۆیان بفرۆشن. لەو نێوەدا بە کوردی جوێنیان بە یەکتریش دەدا.

کە پێم گووتن "هێور بن، لە هەر سێکیشتان دەکڕم" دەستیان هەروا بە ئاسمانەوە بوو، سەرەتا تێنەگەیشتبوون، دواتر کە پێکەوە قسەمان کرد کەمیش بێت لە شتێک گەیشتبوون. ئەوەی خەڵکی مێردین بوو لەماڵ لەتاو مامەڵەی باوەژنەکەی رایکردبوو. ئەوی تریان کە ناوی (عومەر) بوو لەتاو شەڕی باوکی و مامەکانی. سێیەمینیشیان کە ناوی (عەلی) بوو خەڵکی

---

[142] جۆرە کولیچەیەکە لە باکووری کوردستان و تورکیا زیاتر لەناو خەڵکی هەژار و کرێکاردا باوە کە لەسەر شەقام و باخچەکاندا بەچایەوە دەخورێت.

سێرت[143] بوو، خزم و کەسی لە ئیزمیر بوو هاتبوو بۆ کارکردن، وەکو بڵێی بەهۆی قەرەباڵغییەکی زۆری ماڵی خزمەکەیانەوە فڕێدرابێتە سەر شەقام وابوو. لە پارک و باخەکانی ئیزمیر دەژیان، هەروەها لە بن دیواری ئەو شوێنکارانە دەخەوتن کە جاروبار کارێکیان لێدەست دەکەوت.

جیاوازییان نەبوو لە یەکتر، چ لە بازاڕ بێت یاخود لە ماڵ. لەناو هەژارییەکی گەورەدا پێدەگەیشتن و گەورە دەبوون. ئەوانە تەنیا چەندێک بوون لەو بەهەزارەها و ملیۆنەهایەی بەو شێوەیە دەژیان. ئەم لایەنەی پرسەکە خودی شۆڕش بوو، تێکۆشان بوو. بەکڕینی سمیت ئەوانم پێ ڕزگار نەدەبوو. بەڵام بۆچی لە پێکەوە کار و خەباتکردنندا هێندە سەرەتایی و شەڕانگێز بووین؟ هەر ئەمەش سەرسوڕهێنەرترین لایەنی ڕاستینەی کۆمەڵایەتیمان بوو. بۆ ئەوانیشم باس کرد. هەموویان کێشەیان هاوبەشبوو، جیاوازییان نەبوو لە یەکتر.

بەزمانێک کە تێبگەن باسی کوردستان و باسی تێکۆشانی خۆمانم بۆ کردن. جەختم لەسەر ئەوەش کردەوە مسۆگەر پێویستە لەسەریان پێکەوە یەکڕیزی لە کارکردنندا بەرجەستە بکەن. پاشان هەر یەکە و پارەی سمیتێکم پێدان. سمیتەکەشمان برابەشی کرد و پێکەوە خواردمان. چەند جارێکی تریش لەهەمان شوێن چاوم پێیان کەوت، ببوون بە پێنج کەس و چیتر هاوبەشییەکی بێ شەڕ لەنێوانیاندا بوو. پێکەوە سمیتیان دەفرۆشت. بە پێکەنینەوە دەیانگووت: کە چیتر شەڕناکەن، هەموو ڕۆژێک وایاندەزانی بەردەوام لەو پارکە دادەنیشم، بۆیە دەهاتن و بەو ناوەدا دەگەڕان.

---

[143] یەکێکە لە شارەکانی باکووری کوردستان کە دەوڵەتی تورک بە سییرت ناوزەدی دەکات.

کاتێک پێمگووتن تەنیا بۆ دیداری ئەوان ئەو جێگەیە بەکاردێنم و جگە لەوە ناڕۆم بۆ پارکەکە، ماتمابوون و گووتیان: "کێشە نییە، ئێمە هەمیشە دێینە ئێرە". ئەو منداڵانە پابەندبوونی خۆیان بە یادەوەرییەکی بچووکەوە دەردەبڕی. بینینی ئێش و ئازار، هەژاری و چەوسانەوە لە منداڵدا هەمیشە زیاتر کاریگەری لەمندا دروست دەکرد. براکانی (زەکی)ش بەو شێوەیە بوون. باوکیان کۆچی دوایی کردبوو، چوار - پێنج خوشکی هەبوو کە لە دایکە کەڕ و بێزمانەکەی بوو و بەخێوی دەکردن. (زەکی) ناوی خۆش و واتاداری لێنابوون. (بێریڤان، زۆزان، رۆژدا..) هەموویان ناوی کوردی بوون. لایەنێکی سەرنج ڕاکێشی ماڵەکە ئەو کچانە بوون و لەناو زەحمەتترین و دژوارترین دۆخی تێکۆشاندا گەورە دەبوون. لەکاتێکدا ئەوان هێشتا لەمە بێ ئاگابوون.

دەشێ ئەمانە شتی زۆر بچووک بن، بەڵام هەژاری و ئێش و ئازار شێوەی ژیانێک بوو لە کوردستاندا. کاتێکیش منداڵ دەبوونە جێگەی باس کاریگەرییەکی گەورەی دەکرد. دەمگووت: "وا باشترە بیر لە شتی تر بکەمەوە".

دوای مەلازگرد چووینە پاتنۆس. زەوی و زار و ناوچەی گەورە گەورەی بەپیت و رووتەن، راستینەی دووژمنی روونتر نیشان دەدا. لە مەودای نزیکەی سێ کیلۆمەتری پاتنۆسدا، بەشی ژێر و ژووری رێگە گۆڕەپانێکی سەربازی بوو. سەیر بوو! لە مەیدانێکی دارستانی پڕ لە داری سنۆبەردا دووژمن بەشێوەیەکی زۆر بە پیلان و بەرنامە خۆی بە بەرفراوانی قایم کردووە. لەو ناوچەیەدا هەموو دەر و دەورێک سەوزی دەکردەوە! لە هەر (10) مەترێکدا زرێپۆشێک حەشاردرابوو، وابزانم تانک بوون. تەلبەند، قەرەقوڵ، خانووچکە، یەکەی

سەربازی بچووک و ماڵی فەرمانداران لە خۆشترین و جوانترین شوێن دروست کرابوون. شوێنێک، دەوڵەتێک و سیستەمەکەی کە هەموو لایەکی سەوزی دەکردەوە، شوێنێکی سەربازی کە بە جۆرەها ئامێر و ئامرازی سەربازی دەورەدرابوو.

لایەکانی تری ناوچەکە زەوی و زاری بەپیت بوون. ماڵەکان وەکو تابلۆی ئەهرام "پیرامیت"ەکانی میسر وابوو، لە شێوەی سێگۆشەیەکی درێژۆکە بوون. ئەوەی پەنجەرەی بچووکی هەبوو لە تەپاڵە دروست کرابوو[144]، ماڵی لە بەرد و خاکیش هەبوو. لە کەناری ڕێگەدا گۆڵە ئاوی بچووک دروست ببوو. ئاوی تری لێ نەبوو، دیارە دووچاری بێ ئاوی ببوون. لە شوێنێک مینی پاسەکە ڕاوەستا و بانگەوازیکرد: "کێ دەیەوێت ئاو بخواتەوە با دابەزێت..". ئەوانەی دابەزین لەو گۆڵە ئاوەیان خواردەوە. لەلایەک هێستر، کەر، گامێش، مانگا، مریشک ئاو دەخۆنەوە، لەلایەکەوە منداڵان بە دار و چیلکە یارییان بە ئاوەکە دەکرد، لەلایەکی تریشەوە خەڵک ئەو ئاوەی دەخواردەوە!

زەوی و زارێکی گەورە و گران، بەڵام نەک تەنیا جۆرە ئامێرێکی کشتوکاڵی، تراکتۆر و گاسنیش پێیان تێ نەنابوو. لەو کاتەدا (باقی قەرار)یش لەبەرامبەر بەم دیمەنە بە دەنگێکی کەمێک بەرزەوە قسەی دەکرد. بە توورەییەوە کاردانەوەی نیشاندا. ئەو نووسراوانەی بە مانشێتی "سەرمایەداری پێشکەوتوو لە کوردستاندا"ی گۆڤاری (ڕزگاریخواز)ەکانمان دەهاتەوە یاد. لەو نووسراوەی (ڕزگاری)ییەکاندا هاتبوو کە دەرەبەگایەتی لە کوردستان پەرتەوازە بووە، سەرمایەداری پێشکەوتووە و مۆرکی خۆی لێداوە. (باقی قەرار) جوێنی دەدا و دەیگووت: "با خۆیان بێن و ببینن.. ئاسانە لە شوێنی تر

---

[144] لەجیاتی قوڕ دیوارەکەی بە بەرد و ڕیخ و تەپاڵە دروسکراو.

دابنیشیت و شیکردنەوە و ئەنالیز لەسەر کوردستان بکەیت. تەنانەت گاسنیشی لێ نییە، ئەمە چ جۆرە سەرمایەدارییەکە!".

(کارلۆس) زۆر قسەی نەدەکرد. کاتێک گەیشتینە ئاگری زیاتر هەست بە هەوای سارد دەکرا. سەرەڕای ئەوەی کۆتایی مانگی نیسانیش بوو کەچی زۆر سارد بوو. هەستێکی وەهای دروست دەکرد کە ئایا ئێرە لوتکە سپییەکەی شاخی ئاگرییە؟ هەر وادەبێت، ئاگرییەک کە هەرگیز بەفری لێکەم نابێت، لوتکەکەی لە هەموو شوێنێکەوە بەدی دەکرا. ئاگری وشک و سارد بوو. ئەم پێکهاتەی کەشوهەواکەی؛ بە شێوەیەکی سروشتییانە خەڵکی هەرێمەکەشی توند و چالاک دەکرد.

ڕۆیشتین بۆماڵی مامۆستا (سەلمان) و ئەوان. ئەو ماڵە لە ڕاستیدا جێگای متمانە نەبوو، چونکە ئاشکرا بوو، سەرنجی دەوروبەری لەسەر بوو. بەم هۆکارە ڕۆیشتنمان بۆ ئەو ماڵە دەستبەجێ سەرنجی ڕاکێشا بوو. دەشبێت لە شڵەژان و ترساوییەکەی (باقی قەرار)ەوە سەرچاوەی گرتبێت. لە پەسا دەیگووت: "دووژمن پێی زانیوین" پاش چەند سات‌ێک جموجۆڵێکی زۆر هاتە ئاراوە. کەلوپەلەکەمان لەماڵەکەدا شاردەوە. نامە و تێبینیە نووسراوەکانمان لە گڵۆپە گەورەکەی ناو گەرماوەکەدا جێگیرکرد، کاسێتی تۆماری دەنگ هەبوو ئەویشمان خستە هەمان شوێن. ئەندامانی ماڵەکە سوکنایی بەدڵیاندا هات. هاوسەری مامۆستاش، لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان مامۆستا بوو. هەموو شتێکی دەکردە مەراق، پرسیارێکی زۆری دەکرد. (نورحەیات)یش بۆ هەمان ناوچە نێردرابوو. دوای ئەوەی من ڕۆیشتم بۆ چەولیک، ئەویش دەڕۆشت بۆ ئاگری، نەماندەتوانی یەکتر ببینین. (باقی قەرار) ئەم

سەردانەمانی زۆر بە نهێنی ڕاگرت. ڕۆژی دواتر 1ی ئایار بوو (باقی) دەیگووت: "پێویستە هەر ئێستا بەیاننامەیەک بنووسم".

هەڤالان هەواڵیان نارد کە لە ناوچەی بایەزید خۆپیشان سازدەکەن. هەروەها بیر لە ئەنجامدانی چالاکی دەکەنەوە. پێویستە دەستبەجێ بەیاننامەکە زیاد بکرێت و بڵاو بکرێتەوە. (باقی) گووتی: "هەر ئێستا پێنووس و کاغەز بگرە". لەو نێوەدا قسەمان لەسەر سەردێڕی بەیاننامەکە کرد. بە "بۆ گەلە قارەمانەکەمان" دەستی پێدەکرد. ئەو دەیگووت و منیش دەمنووسییەوە؛ ناوبەناو دەیگووت: "ئەگەر ڕستەکە بەم شێوەیە بێت یاخود ئەمەی لەسەر زیاد بکەین باشتر نابێت؟" پرسیاری لێدەکردم و دەیویست هزری منیش وەربگرێت. شەو لەگەڵ مامۆستا قسەی کرد و زانیاری لێوەرگرت. بەگشتیش گفتوگۆیەکمان کرد.

لە کاتی خەودا مامۆستا بە هێمنی پرسیاری لە (باقی قەرار) کرد "چۆن بخەوین؟" وا دەزانن کە ئێمە هاوسەرین، نازانن چین، کێین، من لە کوێوە هاتووم، پەیوەندیمان لە چی ئاستێک دابوو. لەگەڵ ژنەکەشدا کە لە ژوورێکدا نوستین هەمان پرسیاری کرد، بە شەرمنییەوە گووتی: "لەگەڵ مامۆستا قسەمان کرد و شیمانەکەی من ڕاست دەرچوو، هاوسەر نین". ماوەیەکی درێژ بەقسەی گرتم. پێم گووت کە خەڵکی خارپێتم، بەڵام ئەو دەیگووت: کە شێوەزارەکەم هی خارپێت نەبوو و شێوەزاری دێرسیمە. ڕاستەوخۆ پرسیاری نەکرد کە خەڵکی دێرسیمم یاخود نا. پاشان باسی کار و خەباتی (نورحەیات)ی بۆ کردم و دەیگووت: "زۆر سەرنج ڕادەکێشێت، دەسبەجێ دەرکەوت کە خەڵکی ئێرە نەبوو. زوو ئاشکرا بوو".

ئاماژەم بەوە کرد کە خۆیشی دەتوانێت چالاکانە بەشداری کار و خەبات بکات، بە ئاسانی دەتوانێت لەناو ژناندا کار بکات، بەو هۆیەی بە کێشە و گرفتەکان دەزانێت و خۆیشی مامۆستایە دەتوانێت زیاتر کاریگەری هەبێت. پەیوەندی لەگەڵ هەڤالان هەبوو، هەروەها هاوسەرەکەشی هەڤاڵ بوو. ئەمە کارئاسانییەک بوو بۆ خۆی. بەتایبەت خەڵکی هەرێمەکەیە و خەڵکێکی زۆری دەناسی، چالاک نەبوونەکەیم بە راست نەدەزانی. وا دیاری دەکرد کە هەندێک خۆی بە کەمتەرخەم دەزانێت، بەڵام زۆر بە خواست نەبوو. تەنانەت کاریگەری لە هاوسەرەکەشی دەکرد. ئەم جۆرە ژنانە ئەگەر لەرووی ئەرێنییەوە پشتیوانی و هاوکاریی بکەن هێز و توانستێکی باشیان بە کار و خەبات دەدا، بەڵام بەگشتی لەرووی نەرێنییەوە بەکاریگەر دەبوون. جگە لەوەش؛ لەگەڵ خۆشیاندا هاوسەرەکانیشیان بەرەو دواوە پەلکێش دەکرد. دەیانزانی کێشەکان چین و خاوەنی تایبەتمەندی رۆشنبیری بوون، بەتایبەتیش لەڕووی ئابوورییەوە هیچ کێشەیان نەبوو، کاریان بۆ خۆیان دەکرد. هەردووکیان دەیانتوانی چالاکانەتر بەشداری بکەن. تایبەتمەندی بۆرژوای بچووک، ناسەقامگیری دەکردن. ژنەکە هێشتا بە چرووپڕی لە دونیای خۆی دابوو.

هاوسەری (د.عەلی)یەکەی شاری خارپێتیش مامۆستا بوو و ئەویش بە هەمانشێوە بوو. بە راست ئەگەر بیویستایە تایبەتمەندی میلیتانی بەدەست دەهێنا. زیرەک و بەکاریگەر بوو. بەڵام هەم فشاری دەخستە سەر دەوروبەرەکەی و هەمیش خودی خۆی بێکاریگەر بوو. کاتێک ژیانی بۆرژوای بچووکی پێشوویان لەسەر زیاد دەبوو، هیچ بەکاریگەر نەدەبوو. لەسەر (د.عەلی) بەکاریگەر بوو. ئەگەرچی راستەوخۆ نەبێت بە کۆسپی

بەردەمی، پەیوەندی و گرێدانی خێزانی ناو بەناو زۆری بۆ هەڵوێستی ڕێکخستنیانەی دەهێنا. لەو ڕۆژگارەدا خێزانی وەها هەبوون و هێشتا دیار نەبوو چۆن تایبەتمەندییەک بەدەستدەهێنن.

بەهەرجۆرێک بووایە بە پێویستم دەزانی سەردانی هەڤاڵانی زیندان بکەم. یەکەمین کەسی نێو ڕیزەکانمان بوون دەخرانە زیندانەوە. لە هەمانکاتدا مامۆستام بوون. سەردانکردنیان کاریکی ئەرێنی دەبوو. ئەم بیر و بۆچوونەم پێگووتن. (باقی) لەبەرامبەردا گووتی: "باشە، دەکرێت. هەڵبەتە ئەوانیش بیستوویانە هاتووین، دەیانویست هەندێک شتمان پێ ڕابگەیەنن، داوایان کردووە هەڤاڵێکی جێی متمانە سەردانیان بکات".

کەسێکی خێزانەکەیان ئەرکدارکرد و پێکەوە ڕۆیشتین بۆ زیندان. لە حەوشەکەدا دوو ڕیزە تەلبەندی چڕوپڕ و زۆر بەرز تەنراو هەبوو. هەموو کەسێک لەوێوە یەکتریان لێوە دیار بوو. هەڤاڵانی زیندان ژمارەیان (15) کەس بوو، هەموویان لە چوارچێوەی پەڕاوی کوژرانی (موستەفا چاملیبەل) زیندانی کرابوون. هەڤاڵان ڕووداوەکەیان بۆ باس کردم. دوای کوشتنی ئەو کەسە، دەڕۆن بۆ گوندێکی زۆر نزیک و هیچ ڕێوشوێنێکی ئەوتۆی پێویست ناگرنە بەر. دووژمن هەڵدەکوتێتە سەر گوندەکە و هەموویان دەستگیر دەکرد.

یەکێک لەو هەڤاڵانە سەبارەت بەو ڕووداوە گووتی: "دووژمن بەدوای لایەنی سیاسی ڕووداوەکەوەیە، ئێمە وەکو کێشەی کەسێتی دۆزەکەمان لە ئەستۆ گرت، هەڤاڵانی تر ئازاد دەکرێن، ئەوەی من دیار نییە" و بە دەنگێکی زۆر نزمتر " هەڵدەهاتین بەڵام ئێرە بۆ ڕاکردن شیاو نەبوو. داوامان کرد بمانگوازنەوە بۆ بایەزید. ئەگەر بڕۆین بۆ ئەوێ، بە ئاسانی دەتوانین ڕابکەین،

شوێنێکی بچووکە، ڕێوشوێنی ئەمنی لاوازترە. بەڵام ئەگەر لێرەش بمێنینەوە ئەوا تاقی دەکەینەوە. با هەڤاڵان ئاگادار بن. هەروەها نامەیەک و بڕێک پارەیان لەناو جزدانێکدا بۆ ئامادەکردبووین. لە ساتەوەختێک دا کە نۆبەتدارەکان چاویان لە ئێمە نەبوو، هەڤاڵێکی بالابەرز لەو دیوی تەلبەندەکەوە بەرەو رووی من هەڵیدا، دەستبەجێ هەڵمگرتەوە و خستمە گیرفانمەوە، لە دەرکەوتندا پشکنین نەدەکرا.

لە دوای راکردنم لە دێرسیمەوە چاوم بە هەندێک لەو هەڤالانە نەکەوتبوو. پرسیاری ئەو رۆژانە و هاوسەرگیرییەکەم و هەروەها کار و خەباتی ماوەی رابردوویان لێدەکردم، بە هەناسەیەک هەموویم بۆ گێڕانەوە و سەرجەمی هەڤالانیش گوێیان بۆ شل کردبووم. بێگومان ئەوان ئاگاداری سەرتاپای رووداوەکە نەبوون و بە مەراقەوە گوێیان گرتبوو. ئەو هەڤالانەی دەمناسین پێدەکەنین و بەلایانەوە سەیر بوو. لەماوەی ساڵێکدا بەسەرهاتێکی زۆر هاتبووە ئاراوە. هاوسەرگیری، جیابوونەوە، هێشتاش بەردەوامی کێشەی جیابوونەوەکەم. هێشتاش سووربوونم لەسەر بەڕێوەبردنی کار و خەبات دڵخۆشی دەکردن. دڵخۆش بوون بەوەی ئیتر پرۆفیشنالانە دەستم بەکار کردبوو و سەرەڕای هەموو شتێک زیاتر رووداوی دڵخۆشکەر لە ئارادابوو. رەنجیان بەمنەوە کێشا بوو، سەرقاڵ ببوون، حەقیقەتی خۆمانیان بۆ خستبوومە روو. وابزانم یەکێک لەو دیاردانەی کە شۆڕشگێڕێک بەختەوەرتر دەکات ئەوەیە کە ئەو کەسەی رەنجی لەگەڵ کێشاوە؛ تاکوتا بە بڕیاربێت لە شۆڕشگێڕیدا. هێشتا دارە دارە و ڕێرۆیشتنێکی مندالانە بوو؛ دەشێت پڕ لە کەوتن و هەڵسانەوەش بێت، بەڵام بە بڕیاربوون تیایدا زۆر گرنگبوو.

لەکاتی باسکردنی بەسەرهاتەکانم بۆ هەڤاڵانی زیندان، جاروبار هەندێک شت دڵیان پڕدەکردم. بێگومان ئەو شتانە بوون کاریگەرییان لەسەر کردبووم، لایەنە لاوازییەکانم بوون، هەندێک شتیش هەبوون کە لێیان کەم کردبوومەوە. بەتایبەتی خاڵی هاوسەرگیری دڵگرانی دەکردم، نەدەبوو هیچ شتێک هەبووایە کە لەپێناو شۆڕشگێڕیدا فیدا نەکرابێت، بەڵام بەو شێوەیە هاوسەرگیری کردن و پاش ماوەیەکیش جیابوونەوەم قورس بوو.

کاتێک بەرفراوانتر بیرم لێدەکردەوە زۆر بەکاریگەر نەبوو بەلامەوە. لە ئاستێکی گرنگدا ئەوەشم شیکار کردبوو کە دەوروبەر، کۆمەڵگە و هەڤاڵان چۆن هەڵیدەسەنگێنن و چۆن بیری لێدەکەنەوە، تەنانەت ئەم لایەنە هێزی پێدەدام. پەندێک هەبوو دەیگووت: "زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە قازانج حسابە" منیش ئەوەم بە هەند وەرگرت. هەلومەرجی یەکێتی لە ئارادا نەبوو، جیابوونەوە ڕەها بوو. وەرگرتنی بڕیاری بوون بە شۆڕشگێڕ، واتای پابەندبوون بوو بە شۆڕشەوە. ئاسوودەیی تێگەیشتن و پێزانینی هەندێک لە لایەنەکانی ئەو ڕاستییانە بەسەرمدا زاڵ بوو، تەنانەت لە هەموو کاتێک بەجۆش و خرۆشتر و بە متمانەوە بەشداریم دەکرد، لە خۆشحاڵی ئەوەدا بووم خۆم لەو کۆت و بەندە ڕزگار کردبوو. بەڵام هێشتا لەناخەوە هەستم بە فیرۆچوونی هەندێک شت دەکرد.

نەمدەتوانی خۆم لە باری دەروونی ئەو هەستە ڕزگار بکەم. لەم خاڵەدا تووڕەبوونی خۆم لەبەرامبەر بە هەندێک هەڤاڵ دەربڕی و گووتم: "ئاگاداری دۆخەکە بوون. کاتێک خواستم لەماڵ دەربکەوم، ئەو چارەسەرییەی بۆ من دانرا جارێکی تر هاوسەرگیری بوو. کاتێک گووتیان ئاگاداری پێشنیازەکەی

قیمەت نین بەوەش زیاتر تووڕە بووم. چونکە قیمەت خۆی بە کاریگەرتر و بە دەسەڵاتتر دەزانی، بە پێویستی نەزانی فیکر و بۆچوونی کەسانی تر وەربگرێت". بەڕاستیش چەندە دڵساف بووم. بێگومان ڕێکخستن و هەڵوێستەکانی (قیمەت) گرنگ بوون! ئەگەرچی بەتوندی پێشنیازەکەی ئەوم ڕەتکردبووەوە و بەگوێم نەکردبوو. بەڵام هانام نەبردبوو بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکە لە شوێن و زەمینەی تردا، ڕووم لە چارەسەرییەکەی خۆم کردبوو و هەر خۆم دوا بڕیاری خۆمم دابوو. پێویستبوو خۆمی لێ ڕزگار بکەم، هەمووجارێک هەمان پەشیمانی، داخ لێهاتن و خەمخواردن هیچ سوودێکی نەدەبوو. هەڤاڵانیش هێزبەخشانە دەدوان و دەیانگووت: "کێشەکە چارەسەر بووە".

دەیانگووت: "خانەوادە چۆن هەڵیانسەنگاند؟ دیارە زیاتر ئەوانی خستە زەحمەتیەوە، وانییە؟ هەڤاڵان تێدەگەن، لە ڕاستیدا بوو بە نموونەیەکی باشی کرداری بۆ هەڤاڵان. دەبێت بە ئاشکرا تاوتوێ بکرێت و هەڵوێستە چەوت و بەلاڕێدا چووەکان تێپەڕ بکرێن".

(مەدینە ڤوراڵ) پەیمانگەی پیشەوەری کچانی تەواو کردبوو و ببوو بە مامۆستا. کەسێکی زۆر سۆزدار (عاتیفی) بوو، لەم ڕووەوە کەسێکی تێروتەسەل بوو. هەرچەندە ئەگەر خوازیاربووایە دەیتوانی ببێت بە شۆڕشگێڕ. بەڵام ئەو نەیدەویست خۆی زۆر ئاوێتەی کارەکە بکات. لەدوورەوە خۆشویستن و لە دوورەوە پابەندبوون بە شۆڕشەوە! ئەو ئەمەی بەلاوە بەس بوو. لە هەڵوەستەکردنی پەیوەندیشدا بە هەمانشێوە بوو. دەشێت سۆزداربوونە چرووپرەکەی خۆی، هەڵوێستی خانەوادە و دەوروبەرەکەی، کاریگەری

دابوونەریتەکان بۆ ماوەیەک چاوەڕوانی پێ بکات، بەڵام ئەی دواتر... مرۆڤ لێرەدا ناتوانێت باسی پێشهاتێکی مسۆگەر بکات.

بەبارێکی دەروونی دڵخۆش و دڵگرانییەوە ماڵئاواییم لێکردن، چاوم لە تەلبەندەکان دانەدەبڕا. بە ئاواتی: "چاوەڕێتانین لە ماوەیەکی نزیکدا لەنێوخۆماندا یەکتر ببینینەوە" دەرکەوتین. تا گەیشتینە ماڵەوە قسە و باسەکانی ئەوێ بە مێشکمدا ئەمسەر و سەری دەکرد. یادی ئەو ماڵەی گەڕەکی داغ و ڕۆژە خۆش و تایبەتەکانیم دەکردەوە. هەر لە دێرسیمەوە تا ئاگری، شۆڕشگێڕ شوێن و ماڵێکی جێگیر و نەگۆڕی نەبوو. گەیاندنی بە هەموو شوێنێک و هەروەها بەشداریکردن تیایدا لە هەموو کات و شوێنێکدا جوانییەکی ناوازەی هەبوو.

(باقی قەرار) لە گەڕانەوەدا لە مەلازگرد مایەوە. لەوێوە لەگەڵ (ئەرهان) کە لە پەیمانگەی مامۆستایانی دێرسیم دەیخوێند بەرەو چەولیک ڕۆیشتین بۆ ماڵەکەیان، هەر ئەو ماڵە بوو لەمسەرەوە شەوێک میواندارییان کردین. (ئەرهان) هەڤاڵێکی زیندە و زۆر حەزی لە قسەکردن بوو. لەناو خۆماندا گووتمان: "لە ڕێگە ئەگەر پشکنین هەبێت ئەوا دەڵێین لە دێرسیم لە خوێندنگە یەکترمان ناسیوە و بەمیوانی ڕۆیشتین بۆ ماڵیان لە مەلازگرد و دواتر دەگەڕێینەوە بۆ دێرسیم". بەم شێوەیە بڕیارماندا و ڕێککەوتین. لە ڕێگە هیچ شتێکی ئەوتۆمان نەهاتەپێش. دوای گەڕانەوەمان بۆ چەولیک بەدوای ماڵێکی نوێدا گەڕاین.

## هەڵکشانی ئاستی تێکۆشان ئەو گرفتانەشی زیاتر دەکرد که پێویستیان بە چارەسەرکردن هەبوو

لەو رۆژانەدا بیر لە چالاکی دەکرایەوە. (حیکمەت تەکین)ی سەرۆکی شارەوانی ئامانجێکی گرنگ بوو. رێکخستنی فاشیستی لەلایەن خودی (حیکمەت)ەوە بەڕێوە دەبرا. بۆ پەرش و بڵاوکردنەوەی ئەو ناوەندە پێویست بوو هێرش بکرێتە سەر کادیرە چالاک و بەکاریگەرەکانیان. کوشتنی (حیکمەت تەکین) مسۆگەر کاریگەری دەبوو. بەڵام مەرج بوو چالاکییەکە بەباشی و ئەنجامگیرانە بێت. کابرا خۆی زۆر دەپاراست، وریا بوو. لە گەڕەکی باخچەلی ئەڤلەر بۆ خانوویێک دەگەڕاین کە راستەوخۆ بتوانرێت لێیەوە چاودێری ماڵەکەیان بکرێت، سەرەنجام دەستمان کەوت. وەکو دوو هاوسەری تازە ماڵێکمان گرت. کێ پرسیاری بکردایە دەمگووت: "هاوسەرەکەم هێشتا نەهاتووە، سەرگەرمی کاروباری فەرمی گواستنەوەی ئەرکی حکومییە".

ماڵەکە لە نهۆمی چوارەم دابوو، لەپاڵیشیدا ماڵی (سامی) بوو کە ئەندامی رێگەی ئازادی (Ö.Y)بوو. خاوەن ماڵەکە هاوگوندی (زەکی) بوو و هەر خۆی ناوبەینکاری بەکرێگرتنی خانووەکەی بۆ کردین، ئێمەی وەکو خزمی هاوڕێیەکی خۆی نیشان دا. بە ناچاری هەندێک کەلوپەلمان بۆ ماڵەکە کڕی. دەوروبەر بەشێوەیەکی ئەوتۆ چاویان لە کەمی کەلوپەلەکانی ناوماڵە، بۆ ئەوەش هەندێک بیانوومان بۆ دەهێنانەوە. دەمانگووت کە بەردەوام بەهۆی شوێن گۆڕین و رەوشی گواستنەوەی ئەرکەوە نامانەوێت کەلوپەلی گەورە و قورسمان هەبێت. بە هەندێکیشمان دەگووت کە بەهۆی راگرتنی کاروباری گواستنەوەی ئەرکەوە هێشتا کەلوپەلی تەواومان نەکڕیوە.

دەشبێت زۆر کەس ئەوەندەش سەرییان نەکردایەتە سەر ئەمجۆرە شتانەوە، خۆمان زۆر بە شک و گومان بووین. پێگەی ماڵەکە و جددییەتی چالاکییەکە بەپێی پێویست ناچاری وریابوونی زیاتری دەکردین. (زەکی) ڕێوشوێنی پێویست بۆ هەموو شتێک دادەنێت و کارەکە گەرەنتی دەکرد. بە پەیوەندییەکانم دەمویست هاوسەنگی دروست بکەم لەگەڵ دەوروبەر. لەگەڵ هاوسێکان نە زۆر تێکەڵبووم و نە زۆر دوور، بەڵام وام دەکرد کە دەوروبەر خۆیان زۆر تێکەڵ نەکەن، هەرکەس بە ئارەزووی خۆی هامووشۆمان نەکات، پرسیارمان نەکات. واتا مەودایەک هەبێت لەنێوانماندا. بەم هۆکارە کردە و کارمان زۆر جودا و جیاواز نەدەبوو. لەگەڵ ئەمانەشدا زوو زوو لەماڵ دەردەکەوتم. لە ڕۆژی دیاریکراودا و جاروباریش شەوانە هەڤاڵان هامووشۆیان دەکردین.

لەسەرووی هەموو ئەو کارانەی لەم ماڵەدا دەمکرد، چاودێریکردنی ماڵی (حیکمەت تەکین) بوو. کەی و لەکام کاتدا بەچییەوە و لەگەڵ چەند کەس دێتەوە بۆ ماڵەوە، لە کام دەرگاوە دەچێتە ژوورەوە، هەوڵم دەدا ئەمانە لای خۆم دەستنیشان بکەم. ماڵەکە دوو حەوشە و دوو دەرگای هەبوو. ناوبەناو (زەکی)یش دەهات چاودێری دەکرد.

لەم نێوەدا کاروباری پەروەردەکردن و کۆبوونەوەکان بەردەوام بوون. بەپێی ئاست و بەشداربووە نوێیەکان گرووپ پێکدەهێندرا، بەڵام (مەدیحە)، (فەتحییە) و کچەکانی (بیبی) بە کەڵکوەرگرتن لە هاتوچۆیان بۆ ئاگری و کاتە واڵاکانی تر؛ گرووپێکی تری پەروەردەیان پێکهێنابوو، کۆدەبنەوە و وەکو گرووپێکی جیاواز کارەکانیان ڕادەپەڕاند. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە بەپێویستی نازانن هەر کەسێکی تازە بەشدار

بوو سەرلەنوێ بەخوێندنەوەی هەمان پەڕتووک و تاوتوێکردنی هەمان بابەتەکانی سەرەتا پەروەردە بکرێن، ئەمە بەڕاست نازانن. لێکدانەوەمان بۆ کرد و هەڤاڵان گووتیان: "باشترە". بەڵام راستی مەسەلەکە جیاوازبوو.

لەم نێوەدا مامۆستا بۆ ماوەیەک رەوانەی هەرێمێکی تر دەکرا. هاتوچۆی مامۆستا، (مەدیحە)ی ناڕەحەت دەکرد و ئەوانیش وەکو کاردانەوەیەک پەنایان بردە بەر شێوە خەباتکردنێکی بەمجۆرە. (مەدیحە) زێدەڕۆیی زیاتری لە کارەکەدا دەکرد. کەم و زۆر ئاگای لە کاروبارەکانی من بوو. کچەکانی (بیبی) هەر شەوی یەکەم بەناسنامەکەمدا زانیبوویان هاوسەرگیریم کردووە. کاتێک لەماڵیان بووم دەستیان خستبووە ناو جانتاکەم و تێکەڵاویان کردبوو. هەروەها پێشیان زانیبوو کە بەشێوەیەکی فەرمی جیابوومەتەوە. ناوبەناو قسەشی لەسەر دەکرا.

یەکێک لە کچەکانی دەستگیراندار بوو، لەو ماوەیەدا هاوسەرگیری کردبوو. نەیدەویست لە یەک کاتدا هەم ماڵ و خێزان و هەمیش کار و خەباتێکی وەها بەڕێوەببات. تەنانەت هاوسەرەکەشی تاقی دەکردەوە. کاردانەوەی هاوبەشیان بەئاشکرا دەگەڕایەوە بۆ تێکچوونی ژیانی پێشوویان. لەگەڵ ئەمەشدا درێژەیان بە بەرپەرچدانەوەی یەکتر دەدا. جگە لە من هیچ ژنێکی تر بەشداری نەکرد لەو کۆبوونەوەیەدا کە ئەمەش بوو بەو دڵۆپەی جامەکەی لێوانڕێژ دەکرد و دەبوو بە خاڵی کۆتایی ئەم بێنە و بەردەیەش. (مەدیحە) ماوەی چەند رۆژێک لەگەڵ مامۆستا ئەم بابەتە دەخاتە بەر باسەوە و دەڵێت: "بۆچی منیشتان نەبرد بۆ کۆبوونەوەکەی ئاپۆ، متمانەتان بە من نەبوو؟!" و کاردانەوەی نیشاندا و هەروەها گووتبووی: "ئەڵێی

کەس شۆڕشگێڕ نەبوو ساکینە نەبێت. مادام بەمشێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت؛ ئەوا ئێمەش بەجیا کار دەکەین، هەمان پەڕتووک دەخوێنینەوە، ئێمەش لەم کارە دەزانین"، کاتێکیش رەخنەمان لەم بارودۆخەیان گرت، بەتەواوی تەقییەوە و گووتی: "ماڵی خۆی سوتاند، ماڵەکەی ئێمەش دەسووتێنێت. مامۆستا جاران وەها نەبوو، ئێستاکە دەڕوات بۆ کوێ و چی دەکات دیار نییە، هیچ ئاگاداری نیم. ساکینە ئاسوودەیی ژیانی ئێمەشی تێکدا".

(فەتحییە)ش ئەگەرچی بە ئاشکرا لایەنگری نەکات بەڵام سەری بۆ ئەم قسانەی (مەدیحە) دەلەقاند. کچەکانی (بیبی) دڵگران ببوون، سەرەڕای ئەوەی پێشتر گوشاری خانەوادە و بەتایبەتیش دایکیان دەکردە بیانوویەک بۆ بەشداری نەکردن لە پەروەردە و کۆبوونەوەکاندا و بەشداریکردنیشیان لە گرووپێکی وەهادا بۆ هۆکارەکانی پێشتر دەگەڕاندەوە؛ کە ئەمانە مایەی تێگەیشتن بوون.

(داود) زیاتر نەوتی بە ئاگرەکەدا دەکرد و بە ئاشکرا پشتیوانی دەکردن. کاردانەوەکانی بە شیاو و لەجێی خۆیدا دەزانی. دیارە لە بەرەی خۆمەوە بەشێوەیەکی شارەزایانە مامەڵەم نەکردبوو، سەرەڕای ئەوەی دەمزانی ئەم جۆرە کەسانە لە چ مژارێکدا زیاتر فشارم لێدەکەن، کەچی هەموویانم خستبووە بەرەی بەرامبەرمەوە. واتا ئەو خاڵە بنەڕەتییانەم دەدا بەڕوویاندا کە پێی نارەحت و بێزاربوون. بەپێچەوانەوە ئەگەر ناڕاستەوخۆ و بەشێوەیەک هەڵوێستەم بکردایە کە ئەم جۆرە هەلانە بۆ ئەوان نەڕەخسێنم، بەڵام نەخێر ئەگەر وام بکردایە ئەوا ئەوان شتی تریان دەکردە بیانوو. خاسیەتی هاوبەش و رەنگدانەوەکانیان سەرقاڵی دەکردین. (مەدیحە) تەنانەت

(دەڤرم)ی کوڕی زۆر خراپ فێرکردبوو. لە هەڤالان بەدووری دەگرت، رایدەهێنا کە هەرگیز لە هەڤالان نزیک نەبێتەوە. ئەمە شتێکی زۆر بەرچاو بوو، تەنانەت لەبەرامبەر بە مامۆستا (مەبەست لە محەمەد کاراسونگیوری باوکی دەڤرمە - و) زۆر بێ ڕێز ببوو. لەژێر پەردەی یەکسانی ژن و پیاو رۆڵی یەکسانیخوازییەکەی بۆرژوازی بچووکی دەگێڕا. بڕۆیشتایە بۆ هەر شوێنێک بێ ئاگادارکردنەوە دەڕۆیشت و هەرکاتێکیش مامۆستا پرسیاری لێ بکردایە، پێیدەگووت: "بەتۆ چی، بۆچی من پرسیارت پێبکەم تا بڕۆم؟ نەخێر کارم هەیە و دەڕۆم" و هەڵوێستی نیشان دەدا. زۆر هەڵوێستی هاوشێوەی ئەمەی هەبوو. مامۆستا چەند جارێک دەیگووت: "ئەم ژنە یاری بە شکۆی شۆڕشگێڕیم دەکات. ئەگەر بیر لە هەندێک شت نەکەمەوە و پرەنسیپی شۆڕشگێڕیم رێگەم پێبدات دەستەبەجێ لێی جیادەبمەوە. ئێستاکە چی بکەم؟ ئەگەر رێگەی جیابوونەوەی یەکجارەکی (تەڵاق) بگرمە بەر ئەوا دەکەونە دوامان و پێمان دەڵێن ئاپۆچییەکان هاوژینەکانیان تەڵاق دەدەن و کە لەم بوارەشدا پڕووپاگەندەیەکی زۆریان کرد لە دژی ئێمە. رەوشی دادە ساکینەیان بیستووە، رێگەی ئازادی (ئۆزگیورلوک)چییەکان بە ئەنقەست و بە پیلان ئەمجۆرە قسە و باسانەیان بڵاو کردەوە". و توورە دەبوو.

منیشی دڵگران دەکرد. چیتر نەمدەویست بڕۆم بەوماڵەدا. خۆیشی نەیدەویست. وەکو مینێکی بێ کۆنترۆڵ وابوو. دەهات بە ئەقڵیدا دەڕۆیشت بۆلای هاوڕێ مامۆستا و فەرمانبەرەکانی جارانی، دەهات بە ئەقڵیدا دەیخوێندەوە. پێچەوانە بوو و بە خراپی پێشبڕکێی دەکرد! دیار نەبوو لەگەڵ چی و کێیە. خۆزگە بەشێوازێکی راست پێشبڕکێی بکردایە! بە ئێرەیی بردنێکی

گەورەوە مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکان دەکرد و ئەمەش ئەوی دەکرد بە کەسێکی بێزارکەر. کەس چاوەڕێی زۆر شتی لێنەدەکرد. لە رواڵەتدا ژنێکی زۆر بە خواست و ویستی ئاشنابوون و کار و خەبات کردن بوو، بەڵام لەم خاڵەدا زۆر راست و دروست نەبوو. خۆی زۆر لە راستییەکانی خۆی جیاوازتر نیشاندەدا، یان بانگەشەکانی و کردار و ئەنجامەکانی زۆر پێچەوانەی یەکتر بوون، دژی شۆڕشگێڕی بوو. زۆر نامۆ بوو لە کورد و کوردستان. خۆی لە کەمینەی لاز بوو و شێوەگرتنی لەناو کولتوور و دابونەریتێکی جیاوازدا دەشێت لەمەدا کاریگەری هەبووبێت، بەڵام هۆکاری سەرەکی تایبەتمەندییە چینایەتییەکانی خۆی بوو، روانگەی بوو بۆ ژیان. (مەدیحە) خەیاڵ، ئاوات، خواست و دونیایەکی جیاوازی هەبوو. سەبارەت بەو دەمانگووت: "تەنیا تۆزێک بیگۆڕین بەسە بۆ ئێمە"، بەڵام بە زۆر خۆی بە ئاراستەی هەڵسوکەوت و هەڵوێستی ساختە و رووکەشیانەدا دەبرد. مامۆستا دڵگران دەبوو بەم رەفتارانەی (مەدیحە) لەبەرامبەر بەمن و دڵنەوایی دەکردم.

خەباتکردن لەناو ژناندا کارێکی ئاسان نەبوو. لەلایەک ئەو ژنانەی دەیانەوێ قاڵبی ژێر فشاری ژیانیان بشکێنن و بەشداری بکەن، بە زانیاری و راستییەکان بگەن و هەوڵدەدەن خۆیان بگۆڕن، لەلایەکی ترەوە ئەوانەی لەناو هەڵوێستی نابەجێ و بەلاڕێدا چوو هەبوون. لە راستیدا ئەمانە لەرووێکەوە دیاردەیەکی سرووشتی بوون. لە کوردستاندا ژن بۆ یەکەمجار بوو دووچاری هەژاندنێکی بەمشێوەیە دەهات. تەنانەت لە واتایەکی زۆر پاشکەوتووانەشدا تەڤگەرێک نەبوو بۆ ژنان، پەرەی پێنەدرابوو. لە زۆر شوێن و جێگەی جیهاندا لەژێر ناوی

مافەکانی ژناندا برەو بەکار و خەبات درابوو، هەروەها لە ژێر زۆر ناوی تردا برەو بە ڕێکخستنەکانی ژنان درابوو. بەڵام ژنانی کوردستان هێشتا ئاگایان لە ژیانیش نەبوو. شانبەشانی تەڤگەری رزگاریخوازی نیشتمانیی قۆناخێکی هۆشیاربوونەوە دەستی پێکردبوو. بێ ئەوەی بە ئاستی بەشداربوونێکی هزری و زانستیانە بگات، ژن بەشێوەیەکی رازیی بە چارەنووسەکەی خۆی دەژیا و دەڕۆیشت. راکێشان و کاراکردنی ئەو کەسانەی تایبەتمەندی رۆشنبیری و خوێندکارییان هەبوو، ئەنجامی باشتری دەهێنا. هەر بەشداربوونێکی تری دوور لەمە لەئاستی لایەنگرییەکی زۆر قەبادا چەقی دەبەست.

لە پەیمانگەی پەروەردەدا (تورکان)، (سەڤیم)، (ئایتەن)، (گیۆنول) و چەند هەڤاڵێکی کچی تر هەبوون، دوای چەند خولێکی کەم خایەن راستەوخۆ دەبوون بە مامۆستا. پێکهاتەیەکی گرنگ بوو. پێویست بوو ئەو خوێندکارانەی لە هەموو لایەکەوە دەهاتن بە ئایدیۆلۆژیای رزگاریخوازی نیشتمانیی فێربکرێن و پێبگەیێندرێن. پێویست بوو بەشێکیش لەوانەی پەیوەندییان هەبوو لە خوێندنگەدا بمێننەوە و بەشێوەیەکی چالاکانە کارەکان راپەڕێنن. خوێندنگە لەم واتایەدا ئامرازێکی باش بوو. دەستبەجێ دوورخستنەوەیان لە خوێندنگە کارێکی بەجێ نەبوو. هاوکات لە چەولیک چەند کەسێک دەیانتوانی لەماڵەکاندا بمێننەوە. زیاتر ئەوانە هەڵدەبژێردران کە ئاشکرا نەبوون. بەڵام ئەوانەی کە لە دێرسیمەوە هاتبوون هێشتا لە رۆژی یەکەمدا بوو هەم خۆیان و هەمیش ئێمەیان ئاشکرا کردبوو. (شاهین دۆنمەز)، (تورکان)، (سەڤیم) و (ئایتەن) پێکەوە هاتبوون بۆ ماڵەوەش. لە ڕێگەدا نووسراوێکی گرنگیشیان پێدرابوو. هەتا من گەیشتمە ماڵەوە ئەوان کردبوویانەوە و

خوێندبوویانەوە. شتێک هەبوو بەناوی نهێنی پارێزیەوە، کاتێک ئەوانم بەو کردارەیانەوە بینی سەرم سوڕما و کاردانەوەم نیشاندا. کاتێک چاوم بە نووسراوەکەدا خشاند باشتر تێگەیشتم. (شاهین) چۆن وریایانە مامەڵەی نەکردبوو؟ ئەو هەڵوێستەی منیان زۆر بەلاوە قورس بوو. کاتێک پێم گووتن: "کێ ئەم نووسراوەی پێدان؟ بۆچی بەبێ مۆڵەت ئەم نووسراوەی رادەستی ئێوە دەکرێت دەیخوێننەوە؟" گووتیان (شاهین) پێیداون، بەڵام باسی لە گرنگییەکەی نەکردووە.

بەشی یەکەمی نووسراوەکە گۆڕانکاری و پێشکەوتنە سیاسییەکان بوو. بەڵام لە بەشەکانی دواتردا، ناو، نازناو، وشە نهێنییەکان و ئەرکەکان نوسرابوون. پێیان زانی بوو کە کام هەڤاڵ لە کوێ ئەرکدارکراوە و نازناوی چی پێدراوە. بەمەراقخوازی و بێ دیسپلینییەکەی (تورکان)م دەزانی. بەڵام لەلای ئێمە پاراستن و دەست نەدان لە هەر شتێک کە رادەستمان کراوە پرەنسیپ بوو. پێمان بگووترێت یاخود نەگووترێت، لەم لایەنەوە کەمتەرخەمی نەدەکرا. ئەمە ئەرکێک بوو، رێوشوێنێکی پاراستن و خۆپاراستن بوو، پابەندبوونێک بوو، سەرپەرشتیکردن بوو لە هەمانکاتدا تاقیکردنەوەش بوو. هەموو شتێک بوو. بەڵام بەلای (تورکان)ەوە ئەمانە زۆر گرنگ نەبوون! تایبەتمەندی زیادەڕۆیی هەبوو. (ئایتەن) یش لەم بوارەدا شێوە هێورەکەی (تورکان) بوو. سەرنجی دەدا و وریا بوو، بەڵام لەبەرامبەر کاریگەریی کەسانی تر کراوە بوو، زۆر بە ئاسانیش دەیتوانی سنوور ببەزێنێت. (سەڤیم) لە روویێکەوە بە پرەنسیپ بوو، بەڵام لەکاتی خۆیدا بەسەر رووداوەکاندا نەدەچوو، هەڵوێستی بۆرژوای ناوینی دەگرتە بەر. لەم واتایەدا کەمتەرخەمی لە پرەنسیپەکانی خۆیدا دەکرد. بەلای ئەوەوە

دەشێت کردنەوە و خوێندنەوەی ئەم نامەیە شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام کەسایەتییەکانی دەدا بەدەستەوە. ئەو ڕۆژە لە توورەییدا هەر گۆوتم و گووتمەوە، وایان دەنواند کە بەجددی لێیان وەرگرتووم، بەڵام لە جەوهەردا شتێکی وەها نەبوو.

(شاهین) کە هات بۆماڵەوە بۆ وەرگرتنی نووسراوەکان، رەخنەم ئاراستە کرد. لە بنەمادا بەسەر ئەودا تەقیمەوە، بە ناخمدا هات پێی بڵێم: "کاتێک نووسراوەکانت رادەستی هەڤالان کرد پێویست بوو هۆشیاریان پێبدەیت، کردوویانەتەوە و خوێندویانەتەوە. کارێکی راست نەبوو، لەم خاڵەدا زۆر دڵڕەحەت و زۆر بێ ئاگان یاخود کەسێکی ناجددییت" پێم نەگووترا. تەنیا گووتم: "ئەگەر ئێوە بەم شێوازە مامەڵە بکەن، هەڤالانیش بە جددی لێتان وەرناگرن". (شاهین) بەمە تێکچوو، چاوەڕێی کاردانەوە و رەخنەیەکی بەم شێوەیەی لە من نەدەکرد. (داود) و هەڤالانی تریش ئامادەبوون. ئاستێکی بەرپرسیاری کەسێتی هەبوو، پێویست بوو سنووری خۆم بزانم! بەڵام دوای ئەو رەخنەیە دڵم ئاسوودە بوو.

کۆبوونەوەکەی ئیزمیر - ئینجیرئاڵتیم هاتەوە بیر. لەگەڵ ئەم رووداوە، دووەمین جارە لەمەڕ کەسایەتی ئەو تووشی نائومێدی دەبووم. لەناخەوە هەستم بەبێ متمانەیی دەکرد لەمەڕ (شاهین). لە هەردووکیشیاندا هۆشمەندی رێکخستنی بەجێ نەهێنابوو. بیرم دەکردەوە و دەمگووت: "هەڵوێستەکانی نابەجێن، ئایا بە ئەنقەست ئەم کارەی دەکرد؟ ئەم بێ هەڵوێستییەی لە بابەتە زۆر هەستیارەکاندا نیشانی دەدا دەیخستمە فیکر و تێڕامانەوە. پێویستە هەڵسوکەوتی شایستەی پێگە و جێگەکەی بنواندایە، ئەی باشە بۆچی وەهابوو؟ ئایا ئەقڵ و هۆشی لە کوێ بوو؟" زۆر قسەکردن، تاوتوێکردن و زۆر نرخاندنی سیاسی و

لێکدانەوە دوور و درێژەکانیم بەلاوە واتادار نەبوون. ئەی ناکۆییەک نەبوو؟ پێویست نەبوو زیاتر لە خاڵی ڕێکخستندا و لەخاڵی یەکانگیربوونی لەگەڵ پێویستییە بنەڕەتییە ڕێکخستنییەکاندا هەستیار مامەڵە بکات؟ بەتایبەتیش زۆر پەست ببووم کە بە پانبوونەوەی بەناو کورسییەکەدا و بە خۆ هەژاندنەوە پێیگووتم: "پێویست نەبوو فێری نهێنیپارێزیمان بکەیت. گرنگ نەبوو، با خۆیان بیریان لێبکردایەتەوە، خۆ کەس پێی نەگووتوون بیکەنەوە و بیخوێننەوە". لەبەرامبەر بە یەکتر کاردانەوەی دوولایەنەمان هەبوو. چۆن من وەکو هەڤالانی تر بە گەرم و نزیک لە خۆم نایبینم و هەڵوێستێکی سرووشتیم نەبوو لەبەرامبەریدا ئەویش سارد و سڕ بوو، خۆشینەدەویستم، پەست بوو، لەناخەوە هەستم پێدەکرد و بۆ تاوێک راوەستام و گووتم: "ئایا ئەم کاردانەوانەم کاریگەری ئەو شتانە بوو کە کاکە حەیدەرم سەبارەت بە شاهین بۆی باسکردبووم؟!"

لە سالانی یەکەمدا کە هێشتا ڕێکخستن نەهاتبووە ناوچەکەوە، لەنێوان کاکەم و (شاهین)دا ناخۆشی و شەڕێک ڕوویدا بوو. خوشکەکەی لەشفرۆشی دەکرد، وابزانم لەم خاڵەدا دەمەقاڵێیان کردبوو و دەستیان دابووە یەخەی یەکتر. لە هەڵوێستی (حەیدەر)دا لەبەرامبەر بەو، کاریگەری ئەو شەڕە هەبوو؟ (حەیدەر) متمانەی بە (شاهین) نەبوو. (حەیدەر) پاش ماوەیەکی دوور و درێژ هۆکارەکەی بۆ گێڕامەوە. لەم بوارەدا کاکەم بە ڕاست و دروستی مامەڵەی دەکرد، باسی ئەوەی دەکرد کە (شاهین) لەبەردەم پۆلیسەکانی قەرەقۆڵدا چۆن هەڵوێستێکی هەبووە: ئەمانە گرووپێکن و پێکەوە لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کراون. بەهۆی ڕووداوای تەقاندنەوەی بۆمبێکەوە لە یەکێک لە قەرەقۆڵەکاندا. کاکەم و (شاهین)یشیان

لەناودایە. لیدان و فەلاقەیەکی زۆر کراون. بەلام بەوهۆکارەی هەروا لەخۆوە هەموویان دەستبەسەر کردبوون، پاش ماوەیەکی کەم ئازادیان کردبوون. (حەیدەر) سەبارەت بە (شاهین) دەیگووت: "ترسنۆک بوو. بە پۆلیسەکانی دەگووت کاکە و لێیان دەپاڕایەوە. جیابوو لە ئێمە".

جارێکی تر ئەمانەم هاتەوە بیر. سەیرێکی (شاهین)م کرد، زۆر قسەم نەکرد، بێدەنگی دایگرتم. وەکو هەستی کردبێت بەوەی دڵم لە شتێک داماببێت، ئەمجارە ئەو قسەی کرد و دەیویست بەقسەم بهێنێت. (داود) لە جیاتی ئەو کەوتە بەینەوە و درێژەی بە قسەکانی دەدا. باشە کە هەر چۆنێک بوو زۆر نەمانەوە و هەستان رۆیشتن. دەیانگووت کە تەنیا (ئایتەن) لەماڵەوە دەمێنێتەوە، بەڵام بەتەواوی یەکلا نەکرابووەوە. لەسەر ناوی ئەو قسەیان دەکرد و دەیانگووت: "دەکرێ بۆ ماوەیەک لێرە بێت" پاش تەواوبوونی خوێندن ئەمانە هەموویان دەستیان بە کار و خەباتی پرۆفیشناڵی دەکرد. پێویستی نەدەکرد هەموویان لە دێرسیم کۆببنەوە. سەرەنجام (ئایتەن) مایەوە.

لەگەڵ (ئایتەن) پێکەوە کار و خەباتی پەروەردەمان رادەپەڕاند. پاش ماوەیەک بەشێوەیەکی کاتی گەڕاینەوە بۆ دێرسیم. باوکی کەسێکی سەیر بوو. بە تەواوەتی کەسێکی کەمالیست بوو. ئەویش ماوەیەک هات و لەلای مامۆستا (محەمەد) و ئەوان مایەوە. تێبینییەکانی ئەرێنی بوون. دەیگووت: "نیشتمانپەروەرەکانی چەولیک کەسانی رێکوپێک، ئاقڵ و پێگەیشتوون، بەلام ئەوانەی دێرسیم جاهیل،، کەمهێن و ناحاڵین، زۆر گەنج و منداڵکارەن"ی هەبوو. کەسێکی زۆر ساغ و رێک نەبوو، لە بانکی سومەر کاری دەکرد. دەیخواردەوە و قوماری دەکرد. وازی لە (ئایتەن) نەدەهێنا. هاتنیشی بۆ چەولیک بە

ئامانجی سەرپەرشتیکردنی (ئایتەن) بوو. هەرچییەکی لەدەست بهاتایە دەیکرد بۆ ئەوەی لە سیاسەت دووری بخاتەوە.

لەگەڵ (زۆزان)ی خوشکی (زەکی) پێکەوەین لە ماڵەوە. نیوەی شەو لە پڕێکدا (باقی) هات. لەسەرەتاکاندا جارێکیان هاتبوو و پاش ماوەیەکی کورت گەڕایەوە. ئەمجارەیان دەیگووت: بۆ وانە گووتنەوە هاتووە و دواتر بە یەکجاری دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. گوایا وازی لە (HK) هێنابوو و ببوو بە هەڤاڵی خۆمان. سەرەتا لە ئیزمیر نامەیەکی سەیر و سەمەرەی نووسی بوو؛ باسی لەوە کردبوو کە لە وانەگووتنەوەدا تووشی زەحمەتی دەبێتەوە، داوای دەکرد بۆ ماوەیەکی کاتی بڕۆم بۆ ئیزمیر بۆلای خۆی. گوایە ئەگەر منی لەلابێت ئەوسا دەتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت! هێشتا وەکو ماڵ و موڵک و مافی خۆی تەماشای منی دەکرد، ئەمەش بەتەواوی تووڕەی دەکردم. ئینجا داوای منداڵیشی دەکرد و ئەمەی بۆ دروستبوونی یەکێتی بە کاریگەر دەزانی. لە راستیدا دونیاکەی مێشکی وەها بوو. بەبڕیار و پرەنسیپ نەبوو لە کاروباری یەکێتی رێکخستنیانەدا. بەردەوام خەریکی سەرقاڵکردن و خلافاندن بوو، خۆی بە شێوەیەکی تر نیشانی هەڤالان دەدا.

بەڵام لە راستیدا مەیلی گشتی ژیانی بۆرژوای بچووکی هەبوو. ماڵ و منداڵ یاخود تەرزێکی بەم چەشنەی ژیان و لەپاڵ ئەمەشدا شۆڕشگێڕی! نامەکەم دا بە مامۆستا و خوێندییەوە، چیدی باشتر تێدەگەیشتن لەوەی بەهەڵەدا چوون. داخیان لەوەدەهات کە هەوڵی رازیکردنی منیان دابوو. واتا کێشەکە بە ئیدارە و سەبر یاخود بە یەکێتییەکی زۆرەملێ چارەسەر نەدەبوو. لەلای خۆشمەوە ئیتر بە خاڵی کۆتاییم لەقەڵەمدا و

نەفرەتم لەو بێ بڕیارییە دەکرد کە لە هەڵوێستەکانمدا نیشانم دابوون. بەڵێ؛ من ئەوم باش دەناسی، بەم هۆکارە بوو واتام بە پێداگرییەکانی هەڤاڵان نەدەدا بۆ راکێشانی. تاچەند خۆیان ئاشنای ببوونایە، ئەوەندەش زیاتر مافیان بە من دەدا، هەموو جارێکیش هەر خۆم فیداکارییە بێ واتاکەیم دەکرد.

وەکو وەڵامێک نامەیەکم بۆ نووسی و ناردم، پێمگووت لەو جۆرە نامانەدا کە ئاماژەن بۆ لۆژیکی دووڕوویی، بێ بڕیاری و بێ هەڵوێستی لەبارەی یەکێتی، دەبێت دەستبەرداری بکات لە خواستی کەسێتییە (بۆرژوای بچووک)ەکەی و جارێکی تریش نەگەڕێتەوە بۆ ئەم ناوچەیە. بێگومان لە راستیدا ئەمە چارەسەری نەبوو، کاردانەوەیەک بوو کە هەمیشە دووبارەبوونەوەی هەمان شتی لەگەڵ خۆی دەهێنا. ئەو لەبەرامبەر بەم هەڵوێستە زیاتر قەیرانی دەروونی خۆی دەسەپاند. واتا لە هەر کوێوە بۆی بڕۆیت و لەکوێوە هەڵیبسەنگێنیت نەدەبوو، وەکو بەڵایەکی گەورە بوو. غروری فیۆداڵیشی نەبوو؟ هەرچەند بڵێم' بە دۆزەخ، تۆم ناوێت' بێ شەرمانە دەهاتەوە و نەدەچوو. لە (HK)ش دەرکەوتبوو: واتا بەتەواوی شەڕێکی سەختی دەروونی بوو و پاش هەموو ئەوانە جارێکی تر لێیدابوو و هاتبووەوە، بەتایبەتیش راستەوخۆ هاتبوو بۆ ماڵەوە.

وەکو شێتێک بوو. بەتەواوی نوقوم ببوو. ئەو ئێرەیی پێبردنە پیسەی، بەرچاوی رەشکردبوو. نەمدەویست دەرگای ماڵەوەی بۆ بکەمەوە، پێمگووت: 'بە چ هەقێک هاتوویی، ئەگەر هەڤاڵیش بیت بۆچی دێیت؟ ئیتر وازبێنە لەوەی وەکو ماڵ و موڵکی خۆت مامەڵەم لەگەڵ بکەیت'. لەدوایشیدا 'تۆ نە هەڤاڵیت و نە هاوسەر، هیچ شتێکنیت. هەمیشە درۆ دەکەیت، هەمیشە دووڕوویەتیی. تۆ

هیچ شتێکت نەبوو ناوی رێکخستن بێت، هیچ شتێکت نەبوو ناوی تێکۆشان بێت".

(زۆزان) لە ترسان خۆی خستۆتە کونجێکەوە. (باقی) تەنانەت گوێیشی لێنەدەگرتم. ماڵەکەی دەپشکنی، لەو دەورووبەرە بەدوای شتێکدا دەگەڕا، کە بەو جۆرە بینیم لەدڵی خۆمدا گووتم "زۆر سەیرە، ئەم کابرایە شێت بووە؟!" پاشان گووتی: "تۆ کەسێکی ترت خۆش دەوێت. مسۆگەر لەگەڵ کەسێکی تر پەیوەندیت هەیە، ئەگەرنا بەمشێوەیە هەڵسوکەوت ناکەیت، من دەزانم، ئەگەرنا هێندە ناگۆڕێیت. منیش شۆڕشگێڕم، زۆر لەوان شۆڕشگێڕترم کە تۆ پێیان دەڵێیت هەڤاڵ. لەتۆ شۆڕشگێڕترم، بەر لەوەی ئێوەش هەبن ئێمە ئەم کارانەمان بەڕێوەدەبرد. کەواتە کێشە چییە؟ ئیلا و بیلا نابێت لە هەموو خاڵێکدا بەرگری لە هەمان شت بکەین. سروشتی و ئاساییە داوات لێبکەم بێیت بۆ ئیزمیر، خۆ ئێمە رۆبۆت نین، شۆڕشگێڕین. شۆڕشگێڕیش منداڵی دەبێت"، و چەندین شتی تری بێ واتا و بێ سەروبەر...

خۆمم پێڕاناگیرا لە مەتبەخ چەقۆیەکی گەورە و زۆر تیژ هەبوو، تازە کڕیبوومان. شتێکی تر لەو ماڵەدا نەبوو، ئەگەر دەمانچە هەبووایە مسۆگەر مێشکیم دەتەقاند، بەڵام نەبوو. لەو کاتەدا زۆر حەزم دەکرد هەبووایە. بە هەناسەیەک چەقۆکەم هێنا و بەخێرایی چووم بەگژیدا. هەرگیز چاوەڕێی ئەمەی نەدەکرد، من شوێنەکەم باشبوو، ئەو نەخێر. لەبەر دەرگاکە بووم، لە ژوورەکەدا شتێکی تریش نەبوو. لەو کاتەدا دەیگووت: "مەکە ساکینە، نابێت! من لە تووڕەییدا ئەو قسانەم کرد. تۆم زۆر خۆشدەوێت بۆیە، دەزانم زۆرم تووڕە کردوویت".

من لەو کاتەدا هیچ شتێکم نەدەبیست. مێشکم وەخت بوو دەتەقی، چۆن جورئەتی کرد شتێکی وەهام پێ بڵێت؟ کاتێک

بینیم بەمجۆرە هەموو تووڕەییەکانی خۆی بەسەر مندا هەڵدێنێتەوە، بێ ئەندازە تووڕە بووم و پێمگووت: "هەی ناکەس بەچە، هەی سەخیف؛ ملت بشکێنە و بڕۆ! چۆن بوێری ئەوەت هەیە وام پێبڵێیت؟" و لەگەڵ ئەمەشدا چەقۆکەم بە راست و چەپی خۆمدا رادەوەشاند، وامدەزانی بەریدەکەوێت. چاوم لەتاو تووڕەییم هیچی نەدەبینی. مەگەر لەو کاتەدا سەرینی سەر پێخەفەکانی هەڵگرتبوو و کردبووی بە قەڵغان بۆ خۆی، چەقۆکە هەر دەچوو بە سەرینەکەدا. سەرینەکە زۆر رەقبوو، پڕ پڕ و هیچ بەکاریش نەهێندرابوو؛ وەکو دیوارێک ئەوی دەپاراست. (زۆزان) هاواری دەکرد و دەیگووت "مەکە" و دەگریا. ماڵەکەمان لە سەرووترین قاتی تەلارەکەدا بوو. دەنگمان لە ماڵەکانی تەنیشتمان و قاتی خوارەوەمان دەبیسترا. لەو نێوەدا دەنگی تەپە تەپی پێ هاتە گوێم.

(زیتون) کە ژنێکی دراوسێمان بوو؛ خۆی پێ رانەگیرا و هات. دوای بڕێک لەدەرگاوە گوێگرتن ئەوجارە دەنگی زەنگ هات. ئەم دەنگی زەنگە کارەکەی لێ تێکدام. لەو نێوەدا دەمگووت: "بەم نیوەشەوە چ دەنگی زەنگە؟ تۆبڵێی هەڤاڵان هاتبن؟ لەو کاتەدا دوودڵییەک دایگرتم، بەڵام ماوەیەک راوەستام. (باقی) دەپاڕایەوە و دەیگووت: "مەکە، خۆشت دەفەوتێنیت. باشە، داوای لێبووردنت لێدەکەم. بەڕاستی شتگەلێک بوون کە پێویست بوو نەیانڵێم" و دەگریا. دیمەنەکە زۆر ناشرینتر دەهات بۆم. لەدڵی خۆمدا گووتم: "ئەگەر هەڤاڵان بێت و دەمانچەیان پێبێت، ئەوا مسۆگەر ئەم کابرایە دەکوژم".

بەرەو دەرگاکە رۆیشتم. (باقی) لەو دەرفەتەدا چووە ژوورەکەی ترەوە. بەدەم رێگەوە سەر و قژم رێککردەوە. لە تووڕەییدا دەلەرزیم. پڕ بە خواست و ویست دەرگاکەم کردەوە.

(زەیتون) پرسیاری کرد و گووتی: "چییە، چی روویداوە، دەنگی قەرەباڵغییەکم بیست بۆیە.." لە وەڵامدا گووتم: "نا نەخێر، هیچ نەبوو". حەپەسابوو و بەرەو دواوە گەڕایەوە. منیش هاتمەوە ژوورەوە، لە تووڕەیدا مشتم دەکێشا بە چەپ و راستدا. پاشان رووم کردە (باقی): "هەر ئێستا لەم ماڵە دەرکەوە". گووتی: "باشە" و جانتاکەی هەڵگرت و دەرکەوت. لە دەرکەوتنیدا هاوماڵەکەمان بینیبووی. (سامی) دەیزانی کە ناکۆکیمان هەیە، پێشتر گفتوگۆمان کردبوو. لە گفتوگۆ سێ لایەنەییەکەماندا هەستی بە جیاوازی فیکریی نێوانمان کردبوو. شەوێکیان (کەمال بورکای) هاتبوو بۆ ماڵیان. مسۆگەر پرسیاری لەویش کردووە. دەشبێت بە ناسنامەی راستەقینەی ئێمەشی زانیبێت، ئەگەر بێتوو هەموو شتێکیشی نەزانیبێت، بەهەر شێوەیەک بێت دەشێت هەندێک شتی بیستبێت. دایکی (سامی) زۆر سەیر بۆی دەڕوانیم. داڵغەی لێدابوو، دڵگران بوو، دەیویست واتای پێبدات. بە تەواوی بەهۆکاری شەڕەکەی نەدەزانی بەڵام شیمانەی دەکرد (باقی)م لە ماڵ دەرکردووە. بێگومان بوێری ئەوەی نەبوو پرسیارم لێ بکات.

(زۆزان) بەشەو لەلام دەمایەوە و بە رۆژ دەڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، زۆرجار بەیانیان دەرگاکەم قفڵ دەدا و پێکەوە لەماڵ دەردەکەوتین. ئەو رۆژەش دەمویست لەگەڵ هەڤاڵان قسە بکەم، ئەو بەینە زۆر بە پێویستم دەزانی. بەهۆی رووداوەکانەوە سەرم ئازاری هەبوو، بێ حاڵ و شەکەت ببووم، نەمدەتوانی رێبکەم، جەستەم قورس ببوو توانای هیچ شتێکم تێدا نەبوو. بە زۆر خۆم گەیاندە ماڵی (زەکی). هەموویان بەبینینی من واقوڕماو بوون، بەر لەوەی من دەست بە قسە بکەم ئەو گووتی: "ئادەی وەرە وەرە ئێستاکە تێگەیشتم چیی بووە.

تۆزێکی مابوو ئەو بێ نامووسە بکوژم. بەڕاستیش دەمانچەکەم دەرهێنا و بە ئاشکرا هەڕەشەم لێکرد و ئەوجار ڕۆیشت. ئێستاکە هەق دەدەم بە دادەم، ئەم کابرایە شێتە! چ بەڵایەکە، هیچ غرورێکی نەبوو و دەپاڕێتەوە و پێیدەگووتم ـ بە ساکینە بڵێن با بەهەڵە لەمن نەگات. من هەموو شتێک لەپێناو یەکێتی هەردووکمان دەکەم. ئەو لەم بوارەدا زۆر نابەرپرسیارانە هەڵدەسووڕێت و خەمی نەبوو، شۆڕشگێڕی وەکو پەرچدانەوەی هەموو شتێک لێکدەداتەوە. هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ سازشکردن. ئێوە هاوکاریم بکەن ـ منیش گووتم: بەسە و هەرچییەک هات بەدەممدا پێم گووت".

پێیشی گووتووە: "ساکینە لەسەر هەقە، ئێمە بە هەوڵدانمان بۆ ڕازیکردنی خراپەمان لەگەڵ کرد، ئەو تۆی لە ئێمە باشتر دەناسی، ئێمە سۆزدارییانە مامەڵەمان کرد، گووتمان: ڕاتبکێشین و بتکەین بە شۆڕشگێڕ، بەڵام تۆ بەڵایەکی گەورەیت. بڕۆ دەرەوە جارێکی تر نە ئەو هەڤاڵە و نە ئێمەش بێزار نەکەیت، ئەگەر نەڕۆیت دەتکوژم. "(باقی) لە جددییەتی دۆخەکە تێدەگات و دەڕوات. بەڵام لە چەولیک مایەوە، بەردەوام دەبوو لە سەرقاڵکردنەکەی! سووربوو و لەلای ئەم و ئەو هەندێک ئامرازی نوێی پەیدا کرد و دەیویست قسەمان لەگەڵ بکات. بەڵام بۆ یەکەمجار بوو هەموومان لەم بابەتەدا هاوهەڵوێست بووین، ئەمەش خۆڕسک بوو، هەموو کەسێک کەم و زۆر بەچاوی خۆی ڕەوشەکەی دەبینی و لێکیدەدایەوە. لەلای خۆمانەوە دەمانگووت؛ "ئەم کەسە شایانی ئەوە نییە ئەو هەمووە پێوەی سەرقاڵ بین، ئەگەر ئەوەندە سەرقاڵی فاشیستێک بووینایە ئەوا لە زووەوە ببوو بە هەڤاڵ". (زەکی) جاروبار دەیکرد بە گاڵتە و دەیگووت: "ئەگەر کوردستانیش ڕزگار ببێت ئەمە وازت

لێناهێنێت". پاش ماوەیەک زانیمان کە لە چەولیک دەرکەوتووە و ڕۆیشتووە. ئەمەش مایەی خۆشحاڵی بوو. بەڵام ڕەنگدانەوەی بەدیدەکرا، لە چەولیکیش لەنێو هەندێک دەوروبەردا بابەتی هاوسەرگیری دەبوو بە بابەتی مشتومڕ.

یەکێتی لەسەر بناخەی بۆچوونی جیاواز نەدەهاتە ئاراوە. زیاتر گفتوگۆکردنی پرسەکە گرنگی بەدەستدەهێنا. چیتر هەڵوێست و لێکدانەوەیەکی وەک "کەسانی ئاساییش دەبن بە شۆڕشگێڕ، هاوسەرگیرییەکی بەمجۆرە دەکرێت ببێت بە هاوسەرگیرییەکی نیشتمانپەروەری"یش لێکدانەوەی ڕاست و بەجێ نەبوون. هەر لەو ڕۆژانەدا دەنگۆی هاوسەرگیریکردنی (حسێن دورموش) یش وەکو (زەکی) لەگەڵ کچێکی گوندەکەی لە ئارادابوو. هاوسەرگیرییەک لەنێو خانەوادەی هەردوو لا دا بڕیاری لەسەر درابوو. دایکی ماڵەکە نەخۆش بوو و لەسەر جێگەبوو، پێویست بوو خزمەتی بکرێت. (یلدز) دەیخوێند و هاوکات دەبوو بە شۆڕشگێڕ. کچەکانی تریش هێشتا بچووک بوون. کەوابوو دەبووایە بووکێک کارەکانی ڕاپەڕاندایە! بەمشێوەیە کاردانەوەی خانەوادەشی کەم دەکردەوە. لۆژیکی هەڵسەنگاندنی دیاردەکە بەمشێوەیە بوو. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هاوسەرگیرییەکەی (زەکی) لەبەر چاو بوو. جگە لە هاوسەرگیرییەکی نەریتییانە هیچ تایبەتمەندییەکی تری نەبوو. تەنیا کەسێک لەماڵەکە زیادی کردبوو، هەر کاتێکیش ئەم مەسەلەیە لەچوارچێوەی مەسەلەی نامووسدا شیرۆڤە بکرایە، ئەوا تەنیا و تەنیا دانبەخۆداگرتن و مت بوون زاڵ دەبوو و هیچی تر. گفتوگۆکانمان بەرجەستەبوون، بەڵام زۆرمان لە کەس نەدەکرد. بەگشتی دەگووترا: "هاوسەرگیری کۆت نەبوو لەبەردەم بوون بە شۆڕشگێڕدا". (داود) لەلایەکەوە پێی

نارەحەت بوو و رەتی دەکردەوە، لەلایەکی ترەوە هەموو کەسێکی هاوسەرگیر دەکرد یاخود لەم جۆرە خواستانەی ئەرێ دەکرد.

لەگەڵ (داود) رۆیشتین بۆ دێرسیم. پێویستبوو دەمانچەیەکیش لەگەڵ خۆمان ببەین، من ئەو کارەم لە ئەستۆ گرت. لە قۆڤانجییان[145]ەوە بە تەکسی تایبەتی رۆیشتین، وامان پێباشتر بوو. راستەوخۆ رۆیشتین بۆ ماڵی باوان[146]. دەمانچەکەم رادەستی (حاملی) کرد. هاتنەکەمان سەرنجی دەوروبەری راکێشابوو؛ دەیانگووت: "ئەو کابرایە کێیە بە ئۆتۆمۆبێلی تایبەت هاتووە بۆ ماڵتان؟ کەسێکی قەڵەو و جیاواز بوو". لەنێو هەڤالان و دراوسێکانیشدا قسە و باسی ئەوە هەبوو کە گوایا: "ئاپۆ هاتووە بۆ ماڵی ساکینە و ئەوان". گرنگیدانی هەڤالان و هاتوچۆی بەردەوامی هەڤالانی تر جموجۆڵێکی بەرچاوی دروست دەکرد، یەکەمجار دایکیشم هەر بەو شێوەیە بیری لێدەکردەوە. بەڵام هەستی ژن لە دایە (زەینەب)دا زۆر بەهێزە، دەیگووت نا.. نا.. ئەوە لە (ئاپۆ) ناچێت. دڵگیر نەبوو بەلایەوە، هەموو شتێکی سەیر و سەمەرە بوو، هەر لە دانیشتنییەوە تا هەناسەدانی بێزارکەر بوو. بەڵام هەر دەیویست دڵنیا بێت. لە یەکەم هەلدا پرسی: "ئەمە کێیە؟" منیش تووڕە بووم و گووتم" هەڤاڵێکە، بۆچی هێندە بەدوایەوەی بزانیت؟". دایکم: "منداڵەکان دەڵێن ئاپۆیە، بەڵام من شیمانە ناکەم ئەو بێت. (تو ڤانا گایە قەرسۆ) بە زازاکی واتا (دەڵێی گای قەرسە). من بەبیستنی ئەمە زیاتر تووڕە بووم و داوام لێدەکرد وریا و

[145] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری خارپێتی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ قۆڤانجیلەر گۆڕیوە.
[146] مەبەست لەماڵی خانەوادەی سارایە.

بەڕێزتر قسە بکات. چاوەڕێی نەدەکرد هێندە تووڕە ببم و ئەمجارەیان خۆی پێی تێکچوو و گووتی: "شتێکی خراپم نەگووت، شێوەی تۆزێک جیاوازە، بۆیە".

ڕۆژی دواتر (داود)مان برد بۆ ماڵی (مەرکیت). بەڕاستیش وەکو باسی دەکرا وا بوو. (داود)مان بەباشی دەپاراست! نیشاندانی ئەو گرنگییەی لەکاتی گەیاندنی بە ماڵە دەستنیشانکراوەکاندا کەم نەبوو. ئەوەی دەکرا پێویستیەکی هاوڕێیەتی بوو. هەموو کەسێک لەم بوارەدا وریابوو، هەست بە بەرپرسیارێتی دەکرا. لە راستیدا (عەلی حەیدەر قەیتان) یش هەبوو. (داود) داوای لێکردم لەگەڵ (ئایسەل ئۆزتورک) قسە بکەم و رەوشی یەکلا بکەمەوە. (ئایسەل)م نەدەناسی، ئەوەندەم دەزانی کە لە پەیمانگەی مامۆستایان بوو و لە (HK)ەوە هاتبووە ناو ریزەکانمانەوە. (سەلیم) رۆڵی هەبووە لە راکێشانی (ئایسەل)دا، پەیوەندی سۆزدارییان هەبووە پێکەوە. (ئایسەل) کە بەگەرمترین شێوە هێرشی دەکردە سەر تەڤگەرەکەمان، لەژێر کاریگەری (سەلیم) بووە بە (UKO- ئەرتەشی رزگاریخوازی نیشتمانی)یی ! بێگومان ئەم بەشداریکردنە رێگەی لەبەردەم هەندێک مشتومڕ و قسە و قسەلۆک ئاوەڵا کردبوو. (داود) ئەرکی تێگەیشتن لە راستییەکان و یەکلاکردنەوەی ئەمەشی بە من سپاردبوو و دەیگووت: "لەگەڵ تۆ ئاسان و ئاسوودەتر قسە دەکات".

لەلای (سەڤیم کایا) و ئەوان کاری هەبوو، رۆیشتین بۆ ئەوێ و پاشان لەوێشەوە بەرەو گەڕەکی داغ. لە رێگە قسەمان کرد. باسی لەوە دەکرد کە پێشتر لە ریزی (HK)کاندا بووە و دەیگووت: "پاشان لەگەڵ گەشەسەندنی رزگاری – ییەکان لە خوێندنگە، لەو قۆناخی شەڕ و ئاڵۆزییەدا ناکۆکیم لەلا دروست

بوو. گفتوگۆمان لەسەر دەکرد. پێشتر تادواڕادە نکۆڵیکار بووم. بەڵام دوای قسەکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەلیم، زیاتر گرنگیم پێدا. بەردەوام گرنگیدانی بە من و گفتوگۆکردنمان پێکەوە، ئاستی گرنگی پێدانەکەی کردە دوولایەنە و لەگەڵ یەکتریش قسەمان لەسەر کرد. جاروبار پێکەوە دەڕۆیشتین بۆ ماڵەوە یان خوێندنگە. چەند جارێک لە کەناری مونزور دانیشتین و قسەمان کرد. ئاستی پەیوەندییەکەمان بەمشێوەیەیە". منیش پێمگووت: "بەڵام هەڤالان بەم پەیوەندییەتان نارەحەتن، رەخنەتان دەکەن. پێیانگووتراوە کە پەیوەندییەکەتان بەرەو پێشترەوە چووە و سەرنج رادەکێشێت، بۆ ئەمەیان چی دەڵێیت؟" بەرپەرچی دایەوە و پەسەندی نەکرد. خۆ (داود)یش دەیوست ئەوانە بزانێت. باشە لەم خاڵەدا چۆن بتوانرایە ئاستی پەیوەندییەکی بە نامووس، بە رەوشت و فەرمی بەدی بهێندرایە؟ شتێکی تری بەرجەستە لە ئارادا نەبوو، تەنیا دەمتوانی هێندە پرسیاری لێ بکەم. گوێم لێگرت و بڕوام بە قسەکانی کرد. قسەکردن لەسەر ئەم بابەتەش بێزاری دەکردم، پێم خۆش نەبوو. گەڕان بەدوای لایەنە قەباکانی پەیوەندییەک و لێپرسینەوەیان، لە ئاستێکی وەهادا بەرتەسک کردنەوەی لە واتای نامووس و رەوشتدا و تەنیا لە روانگەیەکەوە هەڵسەنگاندنیان؛ مایەی سەرسوڕمان بوو بەلامەوە. لەم خاڵەشدا هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی (سەلیم)م دەهاتەوە یاد، ئەو رەفتارانەی لە چەولیک لێم بەدی کردبوو. بەلای منەوە (ئایسەل) زیاتر خاوەن هەڵوێست بوو. بڕوام دەکرد کە روون و ئاشکراتر قسەی لەگەڵ کردووم. بەڵام جەوهەری کێشەکە زۆر جیاوازتر بوو. پێوانە شۆڕشگێڕییەکان، ئاستی ئیرادەی ئازاد و روانگەی لەمەڕ سەرجەم رووداوەکانی بەدەستەوە دەدا، ئەمەش

به رادەیەک لەناو ژیان و لایەنەکانی تری تێکۆشاندا، دەردەکەوتەڕوو. خانەوادەکەشی بەم ڕەوشەیان دەزانی. هەردووکیشیان دەیانویست ئەم پەیوەندییە فەرمی ببێت. (داود) داوای (ئایسەل)ی لە باوکی کردبوو. لەو نێوەدا خۆی لەگەڵ گرووپێک چووبوون بۆ خوازبێنیش.

هەر لەو ڕۆژانەدا لە گوندەکەی (جەمیلە) و ئەوان کۆبوونەوەیەک سازکرا و لەگەڵ بەشێک لە هەڤاڵان بەشداریمان کرد، (داود)یش ئامادەبوو.. پێشکەوتن و پێشهاتە گشتییەکان تاوتوێکران. هەروەها هەڵسەنگاندن و ڕەخنە بۆ تایبەتمەندییە کەسێتییەکانیش کران. لەم کۆبوونەوەیەدا هەڤاڵ (عەلی حەیدەر قەیتان) لەبەشێکی شیرۆڤەکانیدا؛ بە هێنانەوەی نموونەیەکی سەرسوڕهێنەر (قیمەت)ی ڕەخنە کرد و گووتی: "لە گوندی گیولەچ ژمارەیەکی زۆر گەنج هەبوو، تەنانەت گوندێکە ژمارەی گەنجانی زۆرە، بەڵام چەپی تورک ئەو گوندەی ڕێکخستن کرد. هەڤاڵ قیمەتمان چەندین ساڵە لەو گوندە مامۆستایەتی کرد، تەنیا کەسێکی قازانج کرد، لەگەڵ ئەویش هاوسەرگیری کرد".

ئەو تاکە کەسەش (زولفی) بوو. کەواتە ئەو کەسە بوو کە لە سەردانەکەماندا بۆ گوند؛ سازی بۆ ژەندین! (قیمەت) و (زولفی)! تۆزێک واقم لێوڕما. (قیمەت)م لەچوارچێوەی پێگەکەیدا دەهێنایە بەرچاوم. (زولفی) هەوادارێکی ئاسایی بوو. خودی خۆیشی لە پەیوەندییەکانیدا جگە لە هەندێک کادیری ناسراو هیچ کەسێکی تری بەدڵ نەبوو، هەڵبژاردنێکی بەمشێوەیە سەیر بوو. بەو هاوسەرگیرییەی (جەمیلە)ی خاڵۆزام دەچواند، (جەمیلە)ش لەگوندێکی چەولیک مامۆستا بوو. لەناو ئەو پێگە تەسکەی گونددا لەگەڵ ئەو کەسانە هاوسەرگیریان کردبوو کە تووشیان ببوون یاخود بە نزیکی خۆیان دەزانین. ئەی باشە پێوانەی

دڵگیری و پەسندکردنیان چی بوو؟ لە چ پێویستییەکەوە سەرچاوەی دەگرت؟ تایبەتمەندییەکانیان رایدەکێشان؟ بەلای منەوە شێوەیان لەیەک جیاواز بوو. رەتکردنەوەی هەوڵە پەڕگیرییەکانی (قیمەت) بە تەواوی پێچەوانە بوو. هیچ پەیوەندیەک لەنێوان پێکهاتەی بایۆلۆژی، هەڵسوکەوتە قەبا و پیاوانەکەی و قسە و باسە توندە شۆڕشگێڕییەکانی لەلایەک و خۆشویستنی گەنجێکی ئاسایی گوندەکە لەلایەکی تر چنگ نەدەکەوت. لە دڵی خۆمدا گاڵتەئامێزانە لێکمدەدایەوە. هەڤاڵ (عەلی حەیدەر قەیتان) ئەو گووتەیەی لە خۆڕا نەگووتبوو. کە لە راستیدا رەخنەیەکی زۆر جددی بوو.

لە پشووی کۆبوونەوەکەدا لەسەر تایبەتمەندی کەسێتیمان گاڵتەی نیوە جددی دەکرا. سەبارەت بە (سایمە ئاشکن) دەمانگووت: "نەیتوانیوە لە دێرسیمگەرایی دووربکەوێتەوە، بەڵام تێگەی تیۆری هەبوو، واتا ئایدیۆلۆژیکە. لە رێکخستنیدا لاوازە." بۆ منیش "نمەکی دێرسیمی پێ حەرام بێت، هیچ دێرسیمگەرایی لەلا نییە، لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە قووڵ نییە، بەڵام لایەنی رێکخستنی هەیە". سەبارەت بە هەڤاڵ (فوئاد - عەلی حەیدەر قەیتان) دەگووترا: "دێرسیمگەراییەکەی زۆر قووڵە" بۆ (چەتین)یش دەیانگووت هەمان شت تا رادەیەک تیایدا باڵادارە...

گفتوگۆ بەرفراوان بوو، ئەو شەوە بەشێک لە هەڤاڵان گەڕانەوە بۆ ناو شار، بەشێکیشمان لەماڵی خانەوادەی (جەمیلە) ماینەوە، سەرلەبەیانی (یڵدرم) گەیاندمییە ماڵەوە. سەیرە، جاران دایکم لەماڵ دەرکەوتنمی زۆر دەکرد بە کێشە، ئێستا دۆخی جارانی نەمابوو. کاردانەوەکەی تەنیا ئەوەندە بوو گووتی: "نەماندەزانی شەو ناگەڕێیتەوە، مەراقمان کردی". دایە (زەینەب) گۆڕا بوو. ئیتر دەمتوانی بەشەو لەگەڵ خۆیدا پێکەوە بڕۆین بۆ

هەندێک ماڵ. خۆی بۆی باسکردم: کە هەڤالانی خۆشدەویست، هەڤالان هامووشۆیان دەکرد، ئەویش پێداویستییەکانی بۆ دابین کردوون و بەردەوام لە حاڵی پرسییون. هەروەها باسی لەوەش دەکرد کە چۆن بەشداری کردووە لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی 1ی ئایار و بەقەرەباڵغییەکەی دڵخۆشبووە و دەشیگووت: "خۆزگە تۆش لەماڵەوە بویتایە، کچی خەڵکی لەماڵی خۆیدا شۆڕشگێڕی دەکرد، بڕوانە من وەکو جاران نیم. ئەگەر بمزانیبا وەها دەبێت؛ بەوجۆرەم لەگەڵ دەکردیت؟ جاهیلییە، دەترسام لەوەی پۆلیس بتگرێت، شتێکت بەسەربێت؛ ئەی ئەو کاتە من چیم بکردایە. من وام دەزانی تۆ هەندێک ورياتر دەبیت و دەستبەردار دەبیت، بەڵام پێچەوانە بوو، تۆی لەماڵ دابڕی. کچم دەی وەرەوە، لەماڵەوە لە دێرسیم کار بکە. بڕوا بکە ئیتر من هیچت پێناڵێم".

لەم بابەتەدا هەوڵمدەدا زۆر هێورتر رازی بکەم و پێمگووت: "من هاتوچۆی دێرسیم دەکەم، بێگومان پەیوەندیمان هەیە، بڕوانە دێمەوە بۆ ماڵەوەش. ئەمەش ناوازەیە، بە یەکجاری پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتر دانەبڕیوە، ئەو راکردنەی من سەرلەنوێ ئێمەی بە یەکگەیاندەوە، تۆش ئێستاکە تێگەیشتوویت. شۆڕشگێڕی تەنیا کاری پیاو نییە، ئەگەر کاکەم شۆڕشگێڕی بکردایە تۆ هێندە زۆرت لەمن نەدەکرد، هێزیشت بەشی ئەمەی نەدەکرد، بەڵام زۆر فشارت بۆ دەهێنام، کارێکی باشت نەکرد. هەڵوێستت لەجێی خۆیدا نەبوو. من کچێکی گەورە بووم، کەچی تۆ جوێن و قسەی سووکت لەبەرامبەرم بەکاردەهێنا، لێتدەدام و دەتکردمە دەرەوە. هەموو ئەمانەش شکستی بە مرۆڤ دەهێنا. لەم دۆخەدا مرۆڤ ناڵێت دایکە و هیچی تر.. نەخێر. دەیبینیت، شتێکی خراپ ناکەین. مانەوە و نەمانەوە لە دێرسیم کێشە نییە،

بەڵام من ناتوانم بە تەنیا بڕیاری ئەوە بدەم، ڕێکخستن بڵێت بمێنەرەوە؛ دەمێنمەوە. بەڵام لێرە هەڤاڵانی کچ زۆرن، لە شوێنی تر پێویستی هەیە. وا باشترە."

کاتێک ئەم قسەیەم بۆ دەکرد، داڵغە چاوە جوانەکانی بۆ شوێنێکی دوور بردبوو. دڵگران و خەمگین بوو. ئاگای لە جیابوونەوەکەشم هەبوو. دەمویست کارە رووکەشە فەرمییەکانی جیابوونەوەکەش تەواو بکەم. هەڤاڵان لەڕێگەی پارێزەرێکەوە دۆزێکیان کردەوە، نەمدەویست خۆم بەم کارانەوە سەرقاڵ بکەم. بەڵام دادگا پەسندی نەدەکرد جگە لەخۆم کەسی تر بکەوێتە نێوانەوە. ڕۆیشتم بۆ دادگا، مامەشم لەوێ بوو؛ دەگریا، دەپاڕایەوە، داوایدەکرد پاشگەز ببمەوە. قسەم لەگەڵ کرد. ئەو جوێنی بە (باقی) دەدا و دەیگووت: "کەر کوڕی کەر، لەم HKییە چی دەستکەوتووە؟ من دەمزانی وەهای لێدێت، بەویشم گووت. چی بکەم، هیچ شتێکم پێ ناگووترێت. پووریشت نەخۆشە دەیگووت خۆم هەڵدەواسم. منیش چاوم نەماوە"... و بە گریانەوە قسەی دەکرد و دەیویست رازیم بکات. (باقی) خۆی نەهاتبوو، دانیشتنەکە بۆ کاتێکی تر دواخرا. ئەمەش بێزار و بێتاقەتی کردم. هەموو شتێکم بەلاوە زۆر بێزارکەر بوو، من چۆن ڕێگەم بۆ ئەم هەموو کارە بێزارکەرانە کردەوە؟ راکردن بە هەر حاڵ، ئەی هاوسەرگیری، دواتر بۆ ئەوەی هیچ شتێک روو نەدات مارەبڕی. دواینجاریش لە دادگادا خەریکی دۆزی جیابوونەوە بووم. پرسیارم لە هەڤاڵان کرد: "ئەرێ باشە؛ ئەمە هیچ ڕێگەیەکی تری نییە بۆ چارەسەرکردنی، نابێت خۆم ئامادە نەبم؟" گووتیان "نەخێر". چونکە (باقی) لە یەکەمین قسەیدا لەلای دادوەر دژی جیابوونەوە دەرکەوتبوو. ئەمە لەکاتێک دایە کە بەڵێنی داوە و گووتوێتی: "باشە، کێشەتان بۆ دروست ناکەم".

کەچی هەمدیسان ڕاڕایی دەکرد. هەڤاڵانیش دەیانگووت: "گوێی پێمەدە، ماوەیەک دەخایەنێت، بەڵام سەرەنجام کۆتایی دێت. پێویست ناکات بۆ ئەم مەبەستە بە تایبەتی بێیت کەی سەرت لێرە دا، ئەوسا دەچێت" و دڵنەواییان دەکردم. بەڵام دادگا بەخواستی دڵی من کاتی دانیشتنەکانی دەستنیشان نەدەکردا! (حسێن) جوێنی بە (باقی) دەدا و دەیگووت" ئەمجارەیان دەڕۆین لە گوند بە شەق دەیهێنین".

بۆ ماوەیەک گەڕامەوە بۆ چەولیک و پاشان پێکەوە لەگەڵ (حاملی) ڕۆیشتینەوە بۆ خارپێت. (سەرۆک) و چەند هەڤاڵێکی تر لە "ماڵی سپی"بوون. کۆبوونەوە هەبوو. (سەرۆک) ئەو شەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردم. لە یەکێک لە ژوورەکانی ماڵەکەدا کەلوپەل و نوێن هەبوو، ژوورەکانی تر هیچیان تێدا نەبوو، زستان و سارد بوو. بەهۆی چۆڵ و هۆڵ بوونیەوە؛ ژوورەکە دەنگی دەدایەوە. من بە پێوە ڕاوەستابووم و شانم نابوو بە دیوارەکەوە، (سەرۆک) بەناو ژوورەکەدا ڕایەڵکەی دەکرد. دووەمین جاربوو لەسەر بابەتی هاوسەرگیری قسەی لەگەڵ دەکردم. سەرەنجام پەیوەندییەکی هاوسەرگیری کە جیابوونەوە و بە یەکگەیشتنێکی سەیری هەبوو و زۆر سەرقاڵی کردبووین؛ بەشێوەیەکی یەکجارەکی چارەسەر بوو. لەم خاڵەدا منیش و هەڤاڵانیش بە ئەنجامێک گەیشتبووین. هەڵوێستی سۆزدارییانەی خۆم و کاریگەرییەکانی لۆژیکی هەڤاڵان لەسەر بەردەوام بەڕۆژەڤبوونی درێژکردنەوە یاخود ناسەقامگیرییەکەیم خستەڕوو.

(سەرۆک) جاروبار پێدەکەنی.. ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پەیوەندی شۆڕشگێڕی، پەیوەندی ئازادانە و یەکبوون کارێکی ئاسان نییە و پەیوەندی نێوان هەموو ئەوانەی لەگەڵ تێکۆشان

و ڕێکخستن دەستنیشان کرد. دەنگی بەرز بوو، بەهۆی چۆڵی ژوورەکەشەوە، زیاتر دەنگیدەدایەوە. هەڤاڵان لە ژوورەکەی تر سەریان سوڕمابوو. بە مەراقەوە لەناو خۆیاندا گووتبوویان: "خێرە سەرۆک وا ئەوەندە دەنگ بەسەر ساکینەدا بەرز دەکاتەوە؟!".

(سەرۆک) ناوبەناو دەیکێشا بە دیوارەکەدا و ڕێڕۆیشتنەکەی سەرنجی ڕادەکێشا. هەڤاڵێک هەم بە ئامانجی ئاگاداری دان لەمەڕ بەرزی دەنگ و هەمیش بۆ ئەوەی بزانێت چی بووە هاتە ژوورەوە و گووتی: "ژوورەکە هیچی تێدا نییە، خەڵکی دەنگتان دەبیستن"، و ڕۆیشت. دواتر ئامانجی هاتنی ئەم هەڤاڵەیان بۆ باس کردین و تێر پێی پێکەنین. (سەرۆک) بەناو ژوورەکەدا زۆر ئاساییانە ڕایەڵکەی دەکرد و هەروەهاش قسەی دەکرد، دڵم ئاسوودە بوو و ڕۆیشتم بە هەڤاڵانم گووت: "هیچ نییە، هەموو شتێک ئاساییە" و هاتمەوە. دوای گفتوگۆکەمان ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەی ئەوان، کە چوومە ژوورەوە تەماشای ڕووخساریان کردم و پێکەنین، بەگاڵتەوە گووتیان"واماندەزانی سەرۆک لێتدەدا". منیش لەگەڵ ئەوان بەم گاڵتەیە پێکەنیم.

بەڵێ بۆ دووەم جاربوو (سەرۆک) لەلای ئێمە باسی لە چۆنێتی پێکهاتنی زەمینە و هەلومەرجی یەکبوونی شۆڕشگێڕی دەکرد و بەتایبەت تێکۆشان و تێکۆشانێکی گەورەشی بە پێویستی سەرەکی بۆ خوڵقاندنی ئەو یەکبوونە دەستنیشان دەکرد و هەستیاربوونی خۆی لەمەڕ ئەم بابەتە دەخستەڕوو. هەڤاڵانی تر لەم ئاستەدا گرنگیان پێنەدا. ئەمە بەتەنیا کێشەی من

نەبوو. هەر لەسەرەتاوە گفتوگۆم دەکرد و لەگەڵ هەڤاڵان پێکەوە هەوڵی چارەسەرکردنی پرسەکەم دا. بەڵام بۆ ڕێبازیم لە خاڵی چارەسەری کرداریانەدا هەموو شتێکی دووفاق دەکرد، کێشەکەی درێژتر دەکردەوە و هەروەها منیش بەهیچ شێوەیەک ڕزگارم نەدەبوو لەو بێنە و بەردەیە.

## له سالێکدا زۆرشتم بەسەر هات

سەرلەنوێ هاتنەوەم بۆ خارپێت و لەوێ بەردەوامیدان بە خەبات بۆ من بەواتای سەرەتای قۆناخێکی نوێ دەهات. خارپێت شوێنێک بوو کە دەکرا تێکۆشانمان تێیدا فرە لایەنە گەشە بکات. لەگەڵ ئازارەکانی قۆناخی منداڵێتی، رەوتی بەردەوامی تێکۆشان رۆژانی واتادار، خۆش، پڕ لە جوانی و جۆش و خرۆشی خەباتیش بەم شێوەیە دەستی پێدەکرد.

خارپێت بەتەواوی گۆڕابوو. ئایدیۆلۆژیای رزگاری نیشتمانیی کاریگەری لە هەموو چین و توێژێک کردبوو. زەمینەی جەماوەری گرووپەکانی تر لە داڕمان و پەرتەوازەییدا بوو، تا دەچوو ناکۆکییەکانیان رێگەی بۆ دابڕان و جیابوونەوەی ناوخۆ دەکردەوە، هەلومەرجی بۆ دەڕەخساند. لە قۆناخێکی وەهادا کۆبوونەوەیەکی زۆر بەجێ و گونجاو سازکرا. لە کۆبوونەوەکە (سەرۆک) قسەی دەکرد بەڵام زۆر کەس نەیدەزانی. تا دواین سات وەک نهێنییەک پارێزرا. ئەگەرچی لە خارپێت ئەم جۆرە هەواڵ و باسانە زۆر زوو بڵاو دەبوونەوە، لەناوخۆماندا تەنیا گرووپێکی بچووک لە هەڤاڵان دەیانزانی. هەندێکیشیان شیمانەیان دەکرد، سەرەڕای ئەمەش زۆر زوو هەستی پێکرابوو.

دەستە بە دەستە بە مینۆبیس و بە ئۆتۆمۆبێل رۆیشتین بۆ گوندی بێریڤان. لە گوندەکەدا (DEV-GENÇ)ییەکانیش هەبوون، بەڵام گوندەکە زیاتر لە ژێر کاریگەری تەڤگەری ئێمەدا بوو. کۆبوونەوەکە لە خوێندنگەی بنەڕەتی گوندەکە سازکرا. هەڤالانی خۆمان و گرووپی (DEV-GENÇ) هاتن، هۆڵەکە لەم

سەر بۆ ئەو سەر پڕپڕبوو. (سەرۆک) یەکەمین گووتەی پێشکەشکرد. گووتەکانی لە ئاستی مانیفێستۆیەکدا بوو. هەر لە یەکەمین کۆمەڵە مرۆڤەوە تا ئەمڕۆ، شیکارییەکی شێلگیرانەی مێژووی مرۆڤایەتی دەکرد. بەشێوەیەکی زۆر سادە، زانستیانە و بە هەموو راستییەکانییەوە، لە هەموو رووێکەوە کورد و کوردستان و هەروەها دەستەواژەکانی سۆسیالیزم، شۆڕش، ئیمپریالیزم، ئەنتەرناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری خستەڕوو؛ بە ناوەڕۆک، واتا و بنەما بەرجەستەکانیانەوە.

هەموو کەسێک بە سەرنجەوە گوێی بۆ شلکردبوو. (بولەند)ی ئەندامی (DEV-GENÇ) بەردەوام تێبینییەکانی لەسەر تیانووسەکەی بەردەمی دەنووسییەوە، ناوبەناو کۆڵە پەڕتووک و گۆڤارەکانی بەردەمی تێکدەدا. هێڵی بەژێر هەندێک لە رستەکانی ناو پەڕتووکەکەدا دەکێشا و دەستنیشانی دەکردن. دیاربوو خۆی ئامادە دەکرد. هەر لەو کاتەوەی (سەرۆک) پێی نابووە هۆڵەکەوە هەڤاڵانی خۆمان تەزووی گەشانەوە بە لاشەیاندا دەهات و نیگایان واتای تایبەتی دەردەبڕی. چاویان دەبریقایەوە، ئەوەشی کە نەیزانی بوو؛ بە گوێگرتن لە قسەکان، تێدەگەیشت کە (سەرۆک)ە. بەڵێ؛ (سەرۆک ئاپۆ) لەسەر سەکۆ و راستەوخۆ قسەی بۆ دەکردین. کۆمەڵێک پەڕی سپی لەسەر مێزەکەی بەردەمی بوو، هیچیان لەسەر نەنوسرابوو، هەڵبەتە کەسێک نەیزانیبا دەیگووت: (سەرۆک) تەماشای تێبینییەکانی دەکات. ناوبەناو لاپەڕەکانی رێکدەخست، پەردەی سەر مێزەکەی رێکدەکردەوە، پاشان سەری بەرز دەکردەوە و دەستی بۆ چاویلکەکەی دەبرد. لە پێگەیەکی زۆر قووڵ بووەوە دابوو، باسەکانی روون و پووخت، سەرنجڕاکێش و هەژێنەربوون، هیچ دوودڵی و ناڕوونییەکی تێدا نەبوو. وەکو شیکردنەوەی شتێکی

ئالۆز و تێکچڕژاو و گرێکوێرەیەک، مێشکت، دڵت، سەرجەم خانەکانی لەشی سەراوبن دەکردیت، ئاسوودەی دەکردیت، لە هەر هەناسەدانێکدا ڕۆحی نوێ دەکردیتەوە. مرۆڤ لەجێی خۆی دەخرۆشا و خۆی پێڕانەدەگیرا، چیتر قەفەسی سنگم نەیدەتوانی پەردە لەسەر ترپەی دڵم دابنێت. سەرفرازییەک دایدەگرتم، متمانە بەخۆبوونم زیاتر دەبوو. جارێکی تر بەخۆمم گووت: "مایەی بەختەوەرییەکی گەورەیە کە ئەندامی تەڤگەرێکی بەمشێوەیەم".

قسەکانی، جوڵە و هەموو هەڵسوکەوتێکی لە کەسانی تر جیاواز بوو. هەریەکێک لە هەڤاڵانمان بەها و نرخێکی تایبەتن، مرۆڤی جوانن، متمانەبەخشن، بەڵام (سەرۆک) جیاوازە! مرۆڤ بەر لە بینینی ڕێبەرەکان زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانیان دێنێتە بەرچاوی خۆی، لەناو گشتییدا سەرجەم جوانی و لایەنە ئەرێنییەکان لێکدەداتەوە. بەڵام (سەرۆک) بە هەموو شتێکییەوە بەرەو ڕوومان دانیشتبوو. بە قووڵاییەکانی مێژوودا، بە قووڵایی کۆمەڵگەدا، بە قووڵایی تاک و توێژەکاندا ڕۆچووبوو. هێشتا شتێکی بەرجەستەش لە ئارادا نەبوو، خەڵکێکی زۆر تەڤگەرەکەمانی نەدەناسی و ئاشنای نەببوو، بەڵام هەر شیکار و هەر نرخاندنێکی (سەرۆک) تۆشی لەگەڵ خۆیدا شیکار دەکرد و سەرنجی ڕادەکێشایت، متمانەی بە مرۆڤ دەدا، پابەندی دەکرد. لەسەروبەندی کۆبوونەوەکەدا هەندێک لەنێو خۆیاندا قسەیان دەکرد و دەیانگووت: "ئەوەی قسە دەکات ئاپۆیە، حەتمەن ئەوە"، لەناکاو هەموو کەس پێیزانی کە (سەرۆک ئاپۆ)یە.

قسەکەری دووەم؛ (بولەند)ی (DEV-GENÇ) بوو. تیانووسی تێبینییەکانی، گۆڤار و پەڕتووکەکانی، مێزەکەیان پڕکردبووەوە. ئەمەش جۆرە هەڵوێستێکی گشتییانەی چەپی

تورک بوو. تووشی سەرسوڕمانی نەدەکردین. دیماگۆژییەکی زۆر، تێبینییەکی زۆریان لە بیرمەندە شارەزاکان دەهێنایەوە. ئەمەش جۆرە نەخشەسازییەک بوو. گووتە و پەندی دەیان بیرمەندی کۆچکردووی دەهێنایەوە و نرخاندنی سەیر سەیری دەکرد تەنیا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کوردستان کۆلۆنیی نییە و وڵات و نەتەوەیەک بەناوی کوردەوە نییە. (بولەند) زمانی باش هەڵدەسووڕاند، خوێنەر و خاوەن زانیارییەکی زۆر بوو، زۆر باسی (سەرۆک)یشی دەکرد. بەڵام بەدوور لە راستینەی کوردستان و تورکیا قسەی دەکرد. سووربوو لەسەر ئەو تێزەی کوردستان بەرەو کۆلۆنی نوێوە چووە و داگیرکەری کلاسیکی پارچە بووە و لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا داگیرکاری کلاسیکی نەماوە. لە هەوڵێکی بەردەوامدا بوو بۆ بە نەبوو لەقەڵەمدان و رەتکردنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی و خاسییەتەکەی کە لە دۆخی سرووشتی کوردستاندا سەریهەڵدابوو، دەیدان. بەڕاستیش دیماگۆکێکی کەموێنە بوو.

(سەرۆک) دوایین جار مافی قسەکردنی خۆی بەکارهێنا. تێزەکانی (بولەند) مایەپووچکرد، کەمی و سەقەتی (بولەند)ی لە مامەڵکردنی لەگەڵ کێشەکاندا خستەڕوو. بەشێوەیەکی زۆر سەرنج راکێش پەیوەندییەکانی شۆڕشی کوردستان و تورکیا، تێکۆشانی هاوبەش، رەخساندنی هەلومەرجی یەکێتی و چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم ئامانجەی دەستنیشان کرد. کۆبوونەوەکە کاریگەرییەکی زۆری لە هەمووان کرد. کات بە باشی و تێر و تەسەلی بەکارهێندرا و تەنانەت داوای درێژکردنەوەشی کرا.

هەڤاڵان پاراستنی دەرەوەی خوێندنگەکەیان توندگرتبوو، لەناکاو جموجۆڵێک هاتە ئاراوە. بە سەرنجدان لەوەی هەواڵی

سازدانی ئەم کۆبوونەوەیە لە گوندەکە گەیشتووە بە دووژمن و گریمانەی پەلاماردانیان، دەستەبەجێ هەر ئەو شەوە هەموو کەسێک بڵاوەی لێکرد. راستەوخۆ هاتینەوە بۆ ناوەندی شار. رۆیشتین بۆ ماڵەکەی قاتی خوارەوە. هەڤاڵان ئەوێیان پێ گونجاو بوو. بۆ ماوەیەکی کورت (سەرۆک)مان لەماڵەوە بەتەنیا بەجێهێشت. پێویستبوو من و هەڤاڵێک سەردانی ماڵی (ئایتەکین) بکەین. (رەزا) و ئەوان لەوێبوون و پێویستبوو قسەمان لەگەڵ بکردنایە. لەو کاتەدا زۆر بیرمان لێنەکردەوە. (سەرۆک)یش دەیگووت"هیچ نابێت، ئێوە برۆن". (جەمیلە) و منداڵەکان چوونە قاتی سەرەوە. ماڵی باوکی (عەلی) لە قاتی سەرووترە، قاتی خوارەوە تۆزێک چاڵترە. دوو دەرگای هەبوو، یەکێکیان بەڕووی شەقامدا دەکرایەوە و ئەوی تریان بەڕووی باخەکەدا و لەوێوە بەرەو رووی پشتەوەی ماڵەکە دەڕۆیشت. ئەمانەم بە (سەرۆک) گووت و دەمانچە چواردەخۆرەکەشمان لەلا بەجێهێشت. (سەرۆک) سەرەتا هەڵیگرت و خستییە بەر کەمەری، پاشان دەریهێنا و لەسەر مێزی دیوان داینا. پەردەی پەنجەرەکانی ماڵەکە ئەستووربوون و رووناکی نەدەدایەوە و ناو ژوورەکەش لە دەرەوە نەدەبیندرا، ئەگەر زۆر لە نزیکەوە تەماشای بکرایە هەست بەڕووناکی دەکرا.

لەگەڵ (عەلی) دەرکەوتین، بەڵام نیگەرانیش بووین، بە یەکترمان گووت: "باشە وا دەبێت؟ کارێکی راستە (هەڤال) بەتەنیا بمێنێتەوە؟ بریا یەکێکمان بمایناتەوە" و تێگەیشتین هەڵەمان کردووە. لەکاتی دەرکەوتنیشماندا (سەرۆک) پێی گووتبووین: "برۆن و زوو بێنەوە، خۆتان خەریک مەکەن".. بەوانەی سەرەوەمان گووت کەس نەیەتە قاتی خوارەوە، لە واتایەکدا گوایا دەمانویست وا بنوێنین کە کەس لەماڵەوە نییە.

بەدەم ڕێگەوە ورتە ورتمان بوو و دووبارەمان دەکردەوە کە کارێکی باشمان نەکردووە. لەلای (ئایتەکین) و ئەوان گرووپێک هەڤاڵ هەبوون، قەرەباڵغ بوون. لەگەڵ (ڕەزا) قسەمان کرد، (ڕەزا) ناوبەناو گاڵتەی لەگەڵ دەکردین، کاتمان لەدەست چوو. کاتێک پێمانزانی کە زۆر خۆمان گیرۆ کردووە و کاتمان لێڕۆشتووە. بەخێرایی دەرکەوتین و کاتێک گەیشتینەوە ماڵەوە بینیمانن گڵۆپەکانی ماڵەوە کوژاونەتەوە. هەردووکمان ماتبووین، کە چووینە ژوورەوە بینیمان (سەرۆک) بە ئاگایە. ئەویش بە خەندەیەکەوە گووتی: "وەرن وەرن خێرا هاتنەوەکەتان ئاوەهایە؟ پۆلیس هاتنەسەر ماڵمان، ئەگەر منیان ببردایە هیچتان ئاگاتان لێ نەدەبوو. هەر کە بینیم پۆلیس هات گڵۆپەکانم کوژاندەوە، دەمانچەکەم گرت بە دەستمەوە و ڕووم کردە دەرگاکەی پشتەوە، بەڵام نەهاتنە خوارەوە، بەخێرایی خۆیان کرد بە ماڵەکەی سەرەوەدا، پاشماوەیەکی کەمیش دەرکەوتن. بەهەر حاڵ ئەمجارەیان بەئاسانی ڕزگارمان بوو".

لەگەڵ (عەلی) بۆ یەکترمان ڕوانی، هەستمان بە تاوانبارییەکی گەورە کرد، ئەو کاتە هەردووکیشمان شەرمەزار بووین و گووتمان: "بەتەنیا بەجێهێشتنی سەرۆک تاوانێکە. خۆخەریککردنیشمان لەو ماڵە تاوانێکی تر. ئەگەر دەستبەجێ بگەڕاینایەتەوە لەوانەیە هیچمان پێنەکرایە، پۆلیس لە ماڵەکەدا بوو، بەڵام پێویست بوو زوو بهاتینایەتەوە".

لە بێریڤان کۆبوونەوە کرابوو و (عەلی بێریڤانی)یش دەناسرا. (سەرۆک)مان بردبوو بۆ ئەو ماڵە کە ئەمەش کارێکی سەقەت بوو. باشە کوێی تر دەبوو؟ لەو نێوەدا لەگەڵ (عەلی) بە چپەیەکەوە قسەمان کرد. لە خوارەوەی ئێمە بەرەو بازاڕ ماڵی کێ هەبوو؟ ئەوێ گونجاوتر بوو. ماڵێک هەبوو، کچەکانیان

هەواداری تەڤگەری خۆمان بوون، (عەلی) ڕۆیشت بۆ ئەو ماڵە و بێ دواکەوتن هاتەوە و گووتی: "ئەوێ گونجاوە". (سەرۆک) پرسیاری شوێن و جێی ماڵەکەی کرد و گووتی: "چۆنە؟" (عەلی) لە وەلامدا "خاوەن ماڵەکە باشن، ماڵەکەش دوو دەرگای هەیە". پاشان بەناو لاکۆلانەکاندا رۆیشتین بۆ ئەوێ. بەڕاستی ماڵەکە گونجاوترین ماڵ بوو، دەمانگووت: "خۆزگە هەر لەسەرەتاوە بهاتینایە بۆ ئەم ماڵە" خاوەن ماڵەکە زۆر بە ڕێزەوە پێشوازی کرد. تەنیا یەک دوو کچیان لەماڵەکە دەمانەوە. (سەرۆک) گووتی: "بەسەرداگرتنەکەی ئەو رۆژەی پۆلیس بەتایبەتیش لە دوای کۆبوونەوەکە ئاسایی نەبوو. لەڕێگەی هەواڵگرییەوە ئەم کاریان کرد، یاخود ڕێکەوتبوو؟" و دەشیگووت: "تۆبڵێی وا بەخێرایی بە کۆبوونەوەکەیان زانیبێت! هەڵبەتە ڕێی تێدەچێت. بەلام ئێمە سەرکەوتین. چۆن بەڕێوەچوو، کاریگەری دەبێت؟ مسۆگەر تێگەیشتن و جیابوونەوەیەک لەوانی تردا دروست دەکات، بەدواداچوونەکانی خێراتر دەکات. پێویستە لەسەر ئەم بنەمایە تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی قووڵتر بکەینەوە، دەشێت خارپێتیش بەرەو کرانەوەیەکی باش ببات".

بەڕاستی کۆبوونەکە کاریگەری کردبوو. لەماوەیەکی کورتدا زۆرێک لە کادیرەکانیان هاتنە ڕیزەکانمانەوە. لەڕووی گەشەکردنەوە پێشکەوتن هەبوو. پێویست بوو بەرەو قوولاییەکەی ڕێکخستن بکرێت. لە گەڕەکی فەوزی چەخماخ قاتی ژێرزەمینی ماڵی کابرایەکی پەرتەکییمان بەکرێگرت. هەڤالان بەشێک لە کەلوپەلەکانی ماڵەکەی شاری چەولێکیان گواستەوە بۆ ئەوێ، بەم شێوەیە کێشەی کەلوپەلیشمان نەما. پەردەکانی دەرەوەی ماڵەکە باشترین گەرەنتی پاراستنی ماڵەکە بوون. ماڵی خوێندکار، یاخود سەڵتەکان هەژارتر بوون و بە شێوەی

دەرەوەی خانووەکەدا دیاردەبوو. ماوەیەکی دوور و درێژ کەس لێمان تێناگات. بە خاوەن ماڵەکەم گووت: "کاکەم دەخوێنێت و منیش کار دەکەم" ماوەیەک لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل بایک) لەوێ ماینەوە. ماڵەکە هاتوچۆیەکی زۆری لەسەر بوو، لەم خاڵەدا بێ سیستەمییەکی زۆر لە ئارادا بوو. هەڤاڵان وەک ماڵی (ساریکایا) و ئەوانیان لێکردبوو. چەک و پەڕتووکەکانمان هەمووی لەو ماڵەدا بوون. چەکێکی یوزی، چەند دەمانچەیەک و کۆمەڵێک پەڕتووکمان هەبوو. چەکەکان هەر ج'رەو دەڕۆیشتن بۆ شوێنێک و دەهاتەوە، گەڕۆک بوون. تا چەولیک، دێرسیم و ئەنکەرە دەبردران و دەهێندرانەوە. بۆ ئێمە بەهایەکی گەورەیان هەبوو، بەڵام پێویست بوو زۆر وریاتر ماڵەکە بەکاربهێنین، ئەگەرنا ئاشکرا دەبوو.

بۆیەکەمجار لە ساڵی 1977 بوو هەڤاڵ (جەمیل)م بینی. ئەو کاتە هێشتا گەنج بوو. لەماوەی ساڵێکدا زۆر شەکەتتر دەهاتە بەرچاوم. شێوەزاری خارپێت بە تورکییەکەیدا دیار بوو، زیاتر بەم تایبەتمەندییەوە لە خەیاڵم دابوو. قسەمان نەکردبوو، دایالۆگمان نەکردبوو لە یەکەمین ئاشنابووندا. (مەتینی کەڕ - مەتین گیونگیۆر)یشمان لەگەڵ بوو، ئەویش ناوبەناوێک هاتوچۆی ئەو ماڵەی دەکرد.

فەوزی چەخماخ وەکو ناوچەیەکی رزگارکراو وا بوو. هەڤاڵان لە شوێنی دەستنیشانکراوی گەڕەکەکەدا پاسەوانیان دەکرد. بەتایبەتیش لەو هێڵەی کە بەرەو قەرەقۆڵ دەچوو. هەڤاڵ (جەمیل) زۆربەی جار یوزیەکەی دەدا بەشانیدا و لەژێر پاڵتۆکەیدا دەیشاردەوە، لە نیوەی شەودا دەگەڕایەوە. ماڵەکە یەک کلیلی هەبوو و ئەویش زیاتر لەلای من بوو. بەگشتی من بە رۆژ دەردەکەوم. گرووپێک هەڤاڵی کچ هەبوون پێکەوە

خەباتی پەروەردەمان رادەپەڕاند. هەندێکیش هەبوون کە پێشتر دەمناسین، لەگەڵ تازەکاندا ژمارە زۆر بوو. ڕۆیشتم بۆ گەڕەکی ئیستاسیۆن بۆ کۆبوونەوەیەک کە هەڤاڵ (ئایتەکین) بەڕێوەی دەبرد. لەوێش لەگەڵ گرووپێک هەڤاڵی کچ یەکترمان ناسی. هەڤاڵ (ئایتەکین) پەروەردەی دەدا، جاروبار سیمیناریشی دەدا.

پێویست بوو هەندێک لەگرووپەکان سەرلەنوێ ڕێکبخرێنەوە. لەگەڵ بەشێک لە هەڤاڵان کە لە دواناوەندی دەیانخوێند و پێشتر دەمناسین، لە ماڵی (ساریکایا) و ئەوان چاومان بە یەکتر کەوت. تەنیا ڕۆژانی پەروەردەمان دەستنیشان کرد. (نادیرە تورگوت)یشیان لەناودابوو. هەڤاڵ (جەمیل)یش هات، ئەو وایدەزانی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان ئەنجام دەدەین، چاوەڕێ بوو دەست بە گفتوگۆی بەرفراوان بکرێت. منیش بەهۆی هاتنەکەیەوە وا بیریم کردەوە دەشێت بخوازێت قسە بکات. نە ئەو قسەی کرد، نە من. لەو نێوەدا گووتی: "دەی بۆچی راوەستاون، قسە بکەن"، هەم واقم وڕما و هەمیش شەرمم کرد. زۆر قسەم پێنەکرا، سوور هەڵگەڕام، ئارەقە دایگرتم، قسەکانم تێکەڵ و پێکەڵ بوون و گووتم: "بێگومان پێشتریش قسەمان کرد". بەڵام ئەو ئاگادار نەبوو، خۆشم نەمدەزانی لەو کاتەدا چی بڵێم.

بە هیچ جۆرێکیش بوێرییم بۆ نەهات تا بەڕێکوپێکی و بەسیستەم قسە بکەم. بە زۆری زۆرداری ڕۆژانی پەروەردەمان دەستنیشان کرد. هەڤاڵانیش بەو ڕەوشەی من سەریان سوڕما. دووبارەکردنەوەی قسەکانی پێشتریش هیچ واتایەکی نەدەبوو. بەم شێوەیە کۆتاییم بە قسەکانم هێنا. ئەوانیش ڕۆیشتنەوە بۆ خوێندگا. هەڤاڵ (جەمیل) پرسی و بەسەرسوڕمانێکەوە گووتی: "هەر ئەوەندە بوو". بێگومان واتای پێنەدا، بە هێمنی گووتی:

"ئەمە چۆن کۆبوونەوەیەکە؟" بەڵام لە دوایین کاتدا خۆی تۆزێک قسەی کرد. بەمەش زیاتر تێکچووم. زۆر شتی جیاواز نەبوون، دەشبێت قسەکانی پێشترمان بەرفراوانتریش بووبن، بەڵام لەوێ بۆچی قسەم پێنەکرا؟ لە پەیوەندیی دوو لایەنەمدا لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل) زۆر بێزار نەدەبووم، لەم رووەوە شەرمم نەدەکرد، ئاسوودەتر قسەم دەکرد. ئەی بۆچی وام بەسەرهات؟ لە خۆم توورە دەبووم، چونکە شەرم و کەمزانینیش بەو ئەندازەیە نەدەبوو. ئەو ماوەیەک قسەی کرد و منیش ئەقڵم لەسەر ئەو خاڵە بوو. زۆر درێژەی پێنەدا و گووتی: "لەگەڵ هەڤاڵان قسە و گفتوگۆ بکەن". کاتێک وەهای گووت دڵم تەنگتر بوو بەو رەواڵەتەی یەکەم جار دروستم کردبوو.

خۆی رۆیشت و پێیگووتم: "سەرێک لە ماڵەوە بدە، لەولا پشکنین هەیە، پێویستە رێکار وەربگرین و دەبێت ماڵەوەش خاوێن بکرێتەوە". پێشتر چەکەکانی ماڵەوەمان ناردبوو. دەیگووت: "هەمدیسان تەماشای دەوروبەر بکەن" و هیچی تری نەگووت. بەخێرایی بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتمەوە. هەندێک نامەم لەلابوو، خستمە ناو زۆپاکەوە و سووتاندم. پێشتر لەگەڵ (کوردۆ – موستەفا بایک) بەشێک لە نامیلکەی "با دەرک بە رێگەی راست بکەین" مان لەبۆشایی پلیکانەی ماڵەکەدا شاردبووەوە. لەبەر ئەوەی شوێنەکە تاریک بوو، دەبوا بۆ دوایین جار کۆنترۆڵم بکردایەتەوە. ژمارەیەک ناسنامەم لەلابوو ئەوانیشم بۆ دوایین سات دانا، وێنە زیادەکانیشم سوتاند. پەڕتووکەکان وەکو خۆی مابوونەوە. گەڕەک گەورە و فراوان و کۆڵانی دوور و درێژی هەبوو، پشکنینی یەکە بە یەکەی ماڵەکان کاتێکی زۆری دەبرد.

ئەو سەری کۆڵانی گەڕەکەکە ماڵی سێ و چوار قاتبوون. شوێنەکەی تۆزێک جیاوازتر نیشان دەدا، سەرنجی رانەدەکێشا. پشکنینیان بۆ تەلارەکانی لای راست و پێشەوە کرد. کاتێک بینیم پۆلیس ئەوەندە نزیک بۆتەوە، ئیتر دەمگووت حەتمەن ئێرەش دەپشکنن، بۆیە ناسنامەکانیشم خستە ناو زۆپاکەوە. راستەوخۆ بەدوای قسەیەکدا گەڕام کە پێیان بڵێم. وام دانابوو ناسنامەی ئەسڵی خۆمیان پێ نیشان بدەم و دەمگووت جیابوومەتەوە و لە خارپێت دادەنیشم، خانەوادەم لەڕووی ماددییەوە هاوکاریم دەکەن. پەڕتووکەکانیش هەمان ئەوانەن لەبازاڕەکان دان، وەکو رۆشنبیرێک حەزم لە خوێندنەوەیە، کەسێکی ترم لەلا نییە، ناوبەناو براکانم دێن و دەمێننەوە لەلام، ئەم جلە پیاوانەییانەش هی ئەوانن...هتد ئەم قسانەم بەلاوە گونجاو و جێگای باوەڕی بوو. لەکاتێکدا بیرم لەمانە دەکردەوە، فەرمانی کۆتایی هێنان بە پشکنین درا، سەربازەکان راکە ڕاکیان بوو. بەمجۆرە کۆتاییهاتنی پشکنینەکەش جێگەی خۆشبەختی بوو کە هەرچەندە ئەو هەموو ناسنامەیەم لە خۆڕا سوتاندبوو. بەڵام بە رێکەوت ژیان بەڕێوە نەدەچوو، ئیتر دەبوا رێ و شوێنی پێویست بگرینەبەر.

پاشان تەماشای ئەوانەم کرد کە لەگەڵ (کوردۆ) لەژێر پلیکانەکاندا شاردبوومانەوە. زۆر دیاربوون، پلیکانەکان لە قوڕ دروستکرابوون، ئەمەش وای دەکرد زەمینەکەی تەڕ و شێدار بێت و لە یەکەمین روانیندا دیاربێت کە شتێکی تیادا شاردراوەتەوە، ئەگەر بهاتنایە ئەوا دەستبەجێ ئەوێیان دەپشکنی، چونکە دەرگای هەبوو. رۆژی دواتر دەرمان هێنان، هەمووی تەڕ ببوو. بەتایبەتیش بۆری ئاوەڕۆکە ئاوی لێ دەچۆڕا و بۆنەکەی پەڕتووکەکانی گرتبووەوە، بۆنێکی زۆر

قورس و ناخۆش، نەتدەتوانی لێی نزیک ببیتەوە. شەو تا بەیانی یەکە بە یەکەی لاپەڕەکانیمان وشککردەوە و باشتر پێچامانەوە و رادەستی (کوردۆ)مان کرد، ئەو لە شوێنێکی تر شاردییەوە. بەمجۆرە شتێکی ئەوتۆ لەماڵەکەدا نەما کە مەترسیمان لەسەر دروست بکات، دڵمان ئاسوودە بوو. بەڵام ئەی ئەگەر بە شەو هەڵیانبکوتایەتە سەرمان، هەڤالان دەمانچە و یوزییان پێبوو. هێشتا بیرمان لەم ئاستەی هەوڵەکانی دەوڵەت نەکردبووەوە. راستەوخۆ نەدەکراینە ئامانج، زیاتر پشکنینی گشتی هەبوو و رووی لە ناونیشانی رێکەوت دەکرد، ئەگەر نا هێشتا پۆلیس بەتایبەت لەسەر ئێمە رانەدەوەستا، هەڵبەتە وەرگرتنی رێوشوێن مەرجە.

لە هاتوچۆی نێوان خارپێت و چەولیک و دووبارە خارپێتدا زیاتر لە ساڵێک تێپەڕ ببوو. هەموو شتێک زۆر ناشارەزایانە بوو، بەڵام دیسان قۆناخێکی پڕ لە خواستی کارکردن و لە ئاستی خۆمدا پڕ لە هەوڵ بوو. لەگەڵ زۆرێک لە هەڤالان دەهاتینە لای یەک و کار و خەباتمان دەکرد. هەرێمەکان و تایبەتمەندییەکانیان و هەروەها ئەو شوێنانەم دەبینی کە تیایدا رەهەندەکانی تری تێکۆشانییان هەبوو و هەستم بە کاریگەرییەکانیان دەکرد. هاوکات لێپرسینەوەم لە خۆم دەکرد. لەو نێوەدا لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل بایک) گفتوگۆمان لەسەر قۆناخەکانی رابردووی خۆم دەکرد، ئەو پرس و کێشانەی هاتوونەتە رێم و ئەنجامەکانی و ئەو لایەنانەم بەهەند وەردەگرت و رەنگدانەوەکانیانم دەخستەڕوو کە لەلایەن خۆمەوە هەوڵی شیکارکردنیم دابوون. هەوڵ و کۆششێکی بەمجۆرەم بە پێویست دەزانی.

لەدوای ئیزمیر ئەگەر شوێن و کاتی قسە و گفتوگۆکردنیش هەبووبێت، زۆر شت هەبوون کە بەپێی کات روونتر دەبوونەوە. لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەندێک لە رووداوەکاندا و دۆزینەوەی هۆکارەکانیاندا وەکو جاران دووچاری زەحمەتی نەدەهاتم. بەڵام ئەوەش وەکو خنکانێک بوو. ئەو رووداوانەی بێ بەرنامە و حیساب کەوتبوومە ناوی، لەقۆناخی ناشارەزاییمدا تا دواڕادە زۆری لێکردبووم. لەناو ساڵێکدا چەندە بەسەرهات ژیابووم. خۆشم سەرم لێی سوڕمابوو.

لە چەولیک ناوبەناو لە گفتوگۆکانمدا لە ئاستێکی سنووردراردا قسەم لەسەر ئەو کێشانە دەکرد کە مایەی ناڕەحەتی بوون. سیستەمی خەبات و ئەو گرفتە گشتییانەی دێنە سەر رێگەت، وات لێدەکات لەگەڵ خۆتدا گفتوگۆ بکەیت، لە خۆتدا چارەسەریان بکەیت. لە راستیدا ئەمە خودی پێویستییەکە بوو. لەلایەکی ترەوە بە شێوەیەک لە کێشەکانم نەدەڕوانی کە تەنیا کێشەی من بن. بەم هۆکارە دەمویست بچووکترین بابەت لەگەڵ هەڤالان تاوتوێ بکەم و پێیان رابگەیەنم. هەر کاتێکیش زەمینەی ئەمەم بەدەست نەکەوتایە ناڕەحەت دەبووم، ئەمەش لەمندا جۆرە خووێکی دروست کردبوو. باشە ئەم تایبەتمەندییانە هەموو شتێکی چارەسەر دەکرد؟ لێرەدا بۆ ئەمە نەمدەگووت بەڵێ.

بەدوور و درێژی بۆ هەڤاڵ (جەمیل)م باسکرد. راستییەکەی لە شێوەی هەڵسەنگاندنی قۆناخی رابردوودا هەموویانم نووسی بوو و لەلای خۆم هەڵمگرتبوو. ئەمانە بەشێوەیەک لە شێوەکان چیرۆکی ژیانم بوون. بەڵام بەهۆی گریمانەی مەترسییەکانی سەر هاتوچۆ و جموجوڵەکانمانەوە ناچار لەناومبردن. باسکردنی بەسەرهاتەکانی ژیانم زەحمەت نەدەبوو. راکردنم

لەماڵ، هۆکارەکانی، هاوسەرگیری، دەستبەجێ جیابوونەوە، هەموویانم بە وردەکارییەکانییەوە باسکرد. زۆربەیان بە ڕاستی تراژیدین، دڵگرانییان دەکردم، ئازارییان دەدام و تووڕەیان دەکردم. کاریگەری بەسەرهاتەکانم هێندە قورسبوون لەسەرم کە نەمدەتوانی وەکو خۆیان بیانگێڕمەوە. هەموو شتێک وەکو شانۆگەرییەک ئاشکرا و لەبەر چاوبوون، بە هەڵسوکەوتەکانم، قسەکردن و هەموو جوڵەکانمدا ڕەنگیدەدایەوە. سۆز و کاردانەوەکانم بێ نهێنین، بێ پەنهانن. ئەو کاتە خۆشم سەرم سوڕدەما. لاوازیی، بێ چارەیی، دڵگرانی و شەرمەندەییەکانم هەمووی باسکرد. بەلێوە لەرزەوە دەگریام. ئەوەی کە دەیگریاندم شەرمکردن لە بەسەرهاتەکانم یاخود "تووڕەبوون لە چارەنوس" نەبوو، تەنانەت ئەو کاتەش جەختم لەسەر دەکردەوە کە وا نییە. نەمدەویست بە هەڵە لێم تێبگەن و گووتم : "نەخێر من بۆ شتێکی تر ناگریم. ئێستاکە بێ چارە نیم، بەپێچەوانەوە لەو بڕوایە دام هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەنێم. هەست بە بەهێزتربوونم دەکرد. تەنیا تووڕەییم هەبوو. کاتێک ئاوڕ لە رابردووم دەدەمەوە، دەبینم کە پێویست بوو هەموو ئەوانەم بەسەر نەهاتایە. واتا لەو لاوازییانەی خۆم تووڕەم کە لە خۆمەوە سەرچاوەیان گرتووە؛ تووڕەم لە هەموو شتێک کە کاریگەری نەرێنیانەیان هەبوو. ژیانی شۆڕشگێڕێکیش مێژوویێکە. ئەگەر بگووترێت: تێکۆشانە و دەشێت لایەنی لاوازی، سەرنەکەوتن و شکستی هەبێت.. لە رووی تیۆرییەوە دەربڕی راستییەکە. بەڵام هەمدیسان مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک هەندێک شتی پێ پەسند نابێت، پێی داناقورتێنرێت. بێگومان پێویستە پەسند نەکرێت، هەرس نەکرێت. لەکە؛ تەنیا بریتی نەبوو لە تاوانی گەورە و پێگەی خیانەت، کەواتە بۆچی ژیانێکی بێ

خەوش و بێ لەکە مەحاڵ بێت؟ ئەمە، دەبێتە ئیدیالیزەکردنی ژیان؟ نەخێر! پێدەچێت ژیانەوە لەناو هەندێک شتدا کە ئاسەواریان بەجێهێشتووە ئەستەم نەبێت. ناچارە هەندێک شت هەبن کە لەناخەوە هەست بە ئازارەکانی بکەیت. خۆ ژیان راستەڕێیەکی بێ خەوش نییە".

هەڤاڵ (جەمیل)یش تاوێک بێدەنگی دایگرت، پاشان گووتی: "گریان نابێت! ئەوەتا کێشەکەت چارەسەر کردووە! ئیتر بۆچی دەگری؟ بێگومان شۆڕشگێڕێک دەبێت بە مەبەست و بیرکردنەوە لە ئەنجامەکانی هەنگاو هەڵگرێت. ئەگەر نا دەشێت ئەنجامەکانی ئازاری بدەن و زۆرشتی ئەویش لەگەڵ خۆیدا ببات. بە هەر حاڵ هەڤالان سەبارەت بە تۆ هەندێک شتیان بۆ باس کردبووم، بەڵام نەمدەزانی بەو ئەندازەیەیە. باش بوو، بەم هۆکارە ئێمەش ئاگادار بووین. بەڵام چیتر زۆر بیری لێمەکەرەوە".

دەشێت لە کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا نەبوو بین، ژمارەیەک هەڤاڵیشمان لەگەڵ نەبێت، بەڵام وەکو سەرلەنوێ ژیان لەناو ئەو رووداوانەی کاریگەریان لەسەر قۆناخەکە کردبوو بە هەموو لایەنەکانییەوە باسم کرد و هەوڵی چارەسەرکردنیم دابوو. هەڤاڵ (جەمیل) تەنیا کەسێک نەبوو، لەبەر چاوی من رێکخستنێک بوو. منیش راستییەکانی خۆمم بۆ رێکخستن کردبووەوە. واتا تەنیا گفتوگۆیەک یاخود قسەکردنێکی خۆئاسوودەکردن نەبوو. بەمشێوەیە پەیوەندییەکانمان لەسەر بنەمای هەڵوێستێکی ئۆبژێکتیڤانە گەشەی دەسەند. قسە و قسەلۆک و باسە بەرگوێکەوتووەکان یاخود نرخاندنی زیدەڕۆ بە هەر شێوەیەک بێت پێشداوەری لەگەڵ خۆی دەهێنا و کاریگەری لە پەیوەندییەکان دەکرد.

لەماوەی کار و خەباتکردنم لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل)، پەیوەندییەکانمان هەمیشە بە مەودا بوو. راستە، لە هەمان ماڵ و لەناو هەمان خەباتدا بووین. بەڵام هاوڕێیەتییەکەمان پڕ لە رێزگرتن و پاراستنی پێوانەکانی نێوانمان بوو. گفتوگۆ و قسەکردنمان زۆر نەدەبوو، تەنانەت لەچاو دانوستاندنەکانمان لەگەڵ هەڤاڵانی تر سنووردار و کەمتر بوو. لەگەڵ هەڤاڵانی تر زۆر بە چڕ و پڕی گفتوگۆمان دەکرد و ئەم ناهاوسەنگییەی نێو دانوستانەکانمان لە راستیدا کەموکورتییەک بوو. ئەمە دەبیندرا، بەڵام تێپەڕ نەدەکرا. جاروبار ئەو پرسیارەم دەکرد: "ئایا سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ خۆم؟"، گومانی تێدا نەبوو کە لایەنگەلێکی هەبوو سەرچاوەی لەخۆمەوە وەردەگرت. بەڵام هەڤاڵ (جەمیل) بەگشتی لە بابەتە تیۆری و ئایدیۆلۆژییەکاندا زۆر نەدەکەوتە ناو گفتوگۆوە. زیاتر خۆی لەسەر کێشە رێکخستنییەکان و پەیڕەوکارییە رۆژانەییەکان و هەروەها رەوشە بەرجەستەییەکان رادەوەستا و گفتوگۆی دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لایەنی گفتوگۆکردنی هەبوو. خواستی هەبووایە بە دوور و درێژی گفتوگۆی دەکرد. لەو خاڵانەدا کە پێشتر چەندین جار باس کرابوو. ئەم لایەنانە بەپێی پێویست پێشکەوتنیان نەدەهێنا. تەنانەت جاروبار وەکو شتێکی نوێ لێکدەدرایەوە. بەڵام لەولاترەوە هێزێکی مەعنەوی گرنگ بوو. لە هەر شوێنێک بووایە متمانە دەبوو، جددییەتی رێکخستن دەبوو، راست و دروستی دەبوو. بێ شەرت و مەرج رەهەندێکی بەوجۆرەی لەناخی هەموو هەڤاڵاندا چاندبوو.

## هەر وەکو هێڵە سەوزەکەی بەیروت بوو...

لە خارپێت هەرچەندە بە شێوەیەکی چڕوپڕ ڕێپێوان و خۆپیشاندانی جەماوەری ئەنجام دەدران، بەڵام نەدەگەیەندرایە گەڕەکی فەوزی چەخماخ، (DEV-GENÇ) ییەکان خاوەندارێتیان لە تەرمی هەر کەسێک دەکرد کە لەلایەن فاشیستەکانەوە دەکوژران. ئەمەش لە ڕاستیدا بۆ ئەوەیان نەدەکرد کە بەرپرسیارێتی شۆڕشگێڕییە و یان خاوەندارییەکی ڕاستەقینەیە. ئەمە چجای کە ئاماژەیەکیش نەبوو بۆ تۆڵەکردنەوە. زیاتر بە لۆژیکی بۆ لەسەر پێ ڕاگرتن و ئیدارەکردنی جەماوەری گرووپەکەیان بوو کە بە پڕووپاگەندە و بانگەشەکردن بەم کارە هەڵدەستان. بەکارهێنانی تەرم وەکو سەرمایەیەک! بەڵێ، سەرمایەیەکی تریان نەبوو. ئەگەر خاوەندارییەکی ڕاست لە بەها و نەریتە شۆڕشگێڕییەکان بکرایە، ئەگەر (DEV-GENÇ)یتی خۆیان بە ڕۆحی (ماهیر چایان) و هاوڕێیانی بە لوتکە بگەیاندایە، ئەوا ئەم چالاکییەشیان مایەی ڕێز و پێزانین دەبوو. بەڵام نەخێر! دوورکەوتنەوەیەک لەو ڕاستییە جێگای باس بوو، تەنانەت هەرچییەکی پێچەوانەی ڕۆحی ئەو هەبووایە دەخرایە گەڕ.

لەجیاتی لێکۆڵینەوە لەوەی کێشە سەرەکییەکانی جەماوەر چین، ئامانجە سەرەکییەکانی تێکۆشان چین، دووژمن کێیە، چۆن ڕووبەڕووی ببێتەوە، کام ئامرازانە بەکاربهێندرێت و تێگەیاندنی جەماوەر لە ڕاستییەکان و لەسەر ئەم ئاراستەیە بەسیاسی "پۆلیتیزە"کردن و وەگەڕخستنیان بگیردرێتەبەر، وەکو تادواڕادە لەناو دۆخی چەواشەکردنی ئامانجەکاندا بژین وابوو.

خاوەنداریکردن لە شەهیدان واتا و بەهاکەی پێشبڕکێی دروشم هەڵدان و قسەی توند نەبوو لەبەرامبەر بە "ئۆلیگارشی".

لە هەر خۆپیشاندان و چالاکییەکدا دەرکەوتنی (عەلی گاور) بۆ سەر عەموود و شوێنە بەرزەکان و قسەکردنی، ئیتر ناوەڕۆکی قسەکانی ئاسایی کردبوو و بەلای کەسەوە سەرنج ڕاکێش نەبوو. بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای ڕزگاری نیشتمانیی بەو هەرێمانەشدا کاریگەری لە هەموو دەوروبەرێک دەکرد، بخوازرێ و نەخوازرێ گفتوگۆ و ڕۆژەڤی سیاسی دەگۆڕی. (DEV-GENÇ) لەناوخۆیدا بە ئازاربوو. بەو هۆکارەی لە بنەمادا شیکاری جیاوازیان نەدەخستەڕوو، لە جیابوونەوە ڕزگاریان نەدەبوو. ئەو ساڵەش نەریتی جیابوونەوە، پارچەبوون و بێکاریگەر بوون لە چەپی تورکدا سەریهەڵدەدایەوە. پێشبڕکێی دەسەلات، تێڕوانینی تەسکی چینایەتی زۆر دیار و بەرچاو بوو. کاتێک لە ئاستی گشتیدا کاریگەری شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە فەراهەم نەکرا؛ یەکلابوونەوە لە پێشەنگایەتی و سەرکردایەتیدا بەرجەستە نەبێت، لە ئاستی خۆجێی و هەرێمیدا ڕێکخستنگەرایی یان گرووپ گرووپێنە دەهاتە پێش. لە هەموو ڕوویەکەوە ڕێکخستن بەگوێرەی تاکە کەسەکان دەبوو! تەرز و ڕێبازی ئەو زاڵ دەبوو. (عەلی گاور) و (جەلالەددین جان) و هاوەڵەکانیان کادیری خارپێت بوون و بەمانە (DEV-GENÇ)بەبیردا دەهات. تەنانەت لە خارپێت کە دەگووترا (عەلی گاور) بەواتای (DEV-GENÇ)بوو.

ئەو ڕۆژە فاشیستەکان کەسێکی تری ئاساییان کوشتبوو. بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە لەبازاڕەوە بە ئاراستەی فەوزی چەخماخەوە دەهات، هێرشەکان زیاتر لەو هێلانەدا ئەنجام دەدران. ئەو هێڵە وەکو هێڵی سەوزی بەیروت وابوو. بەتایبەت

شوێن و گەڕەکەکانی وەک ناوەندی شار و گەڕەکی کولتوور، لە ژێر کۆنترۆڵی فاشیستەکاندا بوو. خۆ گۆشەگیرکردنی گرووپە چەپەکان لە هەندێک لە گەڕەکەکاندا ڕەوایەتی دابوو بەو پارچەبوونەیان.

کوژراوەکە کورد بوو، ڕەنجدەرێک بوو. مەراسیمی بەخاکسپاردنی بۆ کرا. ئێمەش بەشداریمان کرد. شانبەشانی جەماوەرێکی قەرەباڵغ تەرمەکەمان بەرەو گۆڕستانی گوندێکی سەرووی فەوزی چەخماخەوە برد. "شەهید نامرن" و "بمرێ فاشیست" دروشمی سەرەکیمان بوون. جگە لەمانەش هەر گرووپێک و دروشمی خۆی دەیگووتەوە. ناوبەناو دروشمی "بمرێت داگیرکەری"مان گووتەوە. پاش ناشتنی تەرمەکەش بە کۆمەڵ هاتینەوە بۆ گەڕەک و بڵاوەمان لێکرد. بەڵام گرووپەکانی تر بەرەو گەڕەکی کەناڵئالتی درێژەیان بە ڕێپێوانەکەیان دا. زۆری پێنەچوو دەنگی چەک بیسترا. وامانزانی پۆلیس پەلاماری داوون. کۆمەڵێکمان بە ئامانجی تێگەیشتن لە دۆخەکە بەڕاکردن بەرەو شوێنی شەڕەکە دابەزینە خوارەوە.

دەگووترا (عەلی ڕەزا قاچار) کوژراوە. (عەلی ڕەزا قاچار)ی (ستێرکا سۆر) پێنج پارچەچییەکان. قسە و باسی ئەوە هەبوو کە دوای کوژرانی (عەلادین کاپان)، (عەلی ڕەزا قاچار) لە (پێنج پارچەچییەکان) جیابۆتەوە. گورز لەم پێکهاتە سیخوڕییە درابوو و تۆڵەی (حەقی قەرار) سەندرابووەوە. ئەم چالاکییە ڕێگەی بۆ پەرش و بڵاوبوونەوەی (پێنج پارچەچییەکان) کردبووەوە. چونکە پەردە لەسەر پێگەی ئەم پێکهاتە سیخوڕییە هەڵماڵرابوو. لە خارپێت سەبارەت بەمە بەیاننامە و نووسراومان بڵاو کردبووەوە. ئەوانیش دوای کوژرانی (عەلادین کاپان) بە نهێنی چەند بەیاننامەیکیان بە واژۆی (پێنج پارچەچییەکان) لە چەند

چاپخانەیەکدا بڵاو کردبووەوە. دەربارەی ئەو بەیاننامانەی لەو چاپخانانەدا بڵاو کرابوونەوە دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردبوو لەسەر ئەوەی لەلایەن کێوە بڵاو کراوەتەوە، کێ لە هەرێمەکەدا کارەکانیان بۆ رادەپەڕێنێت و هەندێک زانیاریمان بەدەستخستبوو. (عەلی رەزا قاچار) بە شێوازی جیاجیا باسی لەوە کردبوو کە لە پێنج پارچەچییەکان نەبوو، چیتر پەیوەندی لەگەڵیان نەماوە و خاوەندارییان لێناکات. واتا هەندێک ناکۆکی دیاریان لەنێوان دابوو. ئایا لەنێو خۆیاندا کوشتبوویان؟ هەندێک قسە لەم بارەیەوە هەبوو. ئێمەش یەکەمجار وەهامان دەگووت. بەڵام کاتێک لەوانەمان پرسی کە لە شوێنی رووداوەکەوە بەرەو گەڕەکی سەرەوە رایان دەکرد، گووتیان: "عەلی رەزا قاچار نەک لەلایەن پۆلیسەوە، لەلایەن عەلی گاورەوە کوژرا" و تەنانەت باسیان لەبوونی شاهێدحاڵیش دەکرد. ئەم رووداوە بەگشتی گرژییەکی دروست کردبوو، وەکو شەڕێکی نێوان گرووپەکان نیشان درابوو. ئەم رەوشە جەماوەریشی لەگەڵ خۆیدا خستە ناو دوودڵی و گرژییەوە و لە چالاکییەکانی دواتریشدا رێگەی بۆ بەشداربوونی کەمتر و بە ترس کردبووەوە.

ئەوکاتەی من تازە هاتبووم بۆ خارپێت کچانی گرووپەکانی تر کار و خەباتێکی بەرچاویان نەبوو. هەندێک کچ هەبوون جاروبار کارێکیان دەکرد. بەڵام لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنەکانی ئەمجارەدا، هەستم بە هەندێک گۆڕانکاری ئەوانیش دەکرد. هەندێک کچە کادیر لە دەرەوە هاتبوون. کچانیش دەچوونە کۆمەڵە و رێکخراوەکان، بەشێوەیەک وادەردەکەوت کە لە گەڕەکەکاندا کەوتوونەتە پێشبڕکێی زیادکردنی ژمارەوە. پەتای رووکەشییەکەی گرووپە چەپەکانی دێرسیمیشیان هێنابوو بۆ ئەوێ. بە جلوبەرگەکانیاندا دەستبەجێ

لاساییکردنەوەیەکی قەبایان بەدیدەکرا. بەگشتی لە شۆڕشگێڕی بەکاریگەر دەبن. هەواداریان هەبوو. لەکاتێکی وەهادا گرووپەکان دەستبەجێ هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی ئەو زەمینەیان دەدا. جاروبار لە هەمانماڵدا تووشی یەکتر دەبووین. لەگەڵ ئەو کچانەی ئێمە هەوڵمان لەگەڵ دەدان و دەمانویست بیانکەین بە نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕ، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە هەوڵیان لەگەڵ دەدان و دەیانویست بەلای خۆیاندا رایانبکێشن. جاروباریش پێچەوانەکەی دەهاتە ئاراوە، هەڵوێستیان لەبەرامبەر بەو کەسانە وەردەگرت لەگەڵ ئێمەدابوون یاخود نزیکبوون لە ئێمەوە، هیچ سەریان لێنەدەدان و وەکو بڵێی بە چاوێکی ترەوە لێیان دەڕوانین.

# دەوڵەت فیشەکی لە خۆی دا..!

دەوروبەرمان فراوانتر دەبوو. دەچووینە هەموو گەڕەکەکان. نەدەکەوتینە ناو ئەو چەوتییەی گرووپەکانی تر تێی کەوتبوون و کارەکانمان بەرتەسک نەدەکردەوە، بەپێچەوانەوە قورساییمان دەخستە سەر گەڕەکەکانی تر. هەواداری و بەشداربوونی کچان گەشەی دەکرد. هەر گەڕەکێک کە بڕۆیشتینایە، لەنێو کچاندا گرووپی پەروەردەمان پێکدەهێنا. هەر لە گەڕەکی فەوزی چەخماخ، یلدزباغلاری، گەڕەکی ئیستاسیۆن، کرک دوتلار تا گەڕەکی 1800ئەڤلەر لە هەموو شوێنێک گرووپی پەروەردەمان پێکهێنابوو. هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ خوێندنگەکاندا دروست کردبوو. لەو ڕۆژانەدا سەرجەم خوێندکارانی پەیمانگەی مامۆستایان دەگوازرانەوە بۆ مێردین. بەو بیانووەی ئەم خوێندنگەیە دەکرا بە دواناوەندی تایبەت بە مامۆستایان، ئەم خوێندکارانە پەرش و بڵاو دەکرانەوە کە لە زۆر هەرێم و ناوچەی جیاجیاوە هاتبوون. بەڵام بەر لەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ چەندین کچە خوێندکاردا پەیوەندیمان دروست کردبوو، بەشێوەیەکی گشتی ئایدیۆلۆژیای خۆمان پێگەیاندبوون. ئەگەرچی هێشتا کەم و ناتەواویش بێت، ئەم پەیوەندییە رایەڵەیەکی دروست کردبوو. بەتایبەتیش ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ کچانی خەڵکی ناوەندی خارپێت و گوندەکانی دەوروبەری دروستمان کردبوو زۆر گرنگ بوو. لەبارەی (گیولەر چەلیک) و هەروەها هەندێک کچە خوێندکاری خەڵکی گوندەکانی میشەلی و بێریڤانەوە دەمانگووت: "بڕۆن بۆ هەر شوێنێک لەگەڵ هەڤالان پەیوەندی ببەستن". لە قۆناخی دواتردا لەگەڵ ئەو هاتوچۆیانەی

لەنێوان خارپێت و مێردین دەکرا پێمانزانی کە پەیوەندییان بە هەڤالانەوە کردووە.

هەرکاتێک باس لە پەیمانگەی مامۆستایانی خارپێت بکرایە، ئەوەی کە پێشتر لەوێ خوێندبێتی یاخود ئەوەی ئاشنای ئەو پەیمانگەیە راستەوخۆ قسەیان دەهێنایە سەر (چەتین گیونگۆر - سەمیر) بە هەر هۆکارێک بێت یەکەمین کەس کە دەهاتە خەیاڵ ئەو بوو. دانیشتووی خارپێت بوو. پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبوو. زیاتر گرنگیمان بە خوشکەکەی دەدا. بەڵام فشاریماڵباتی زۆر لەسەر بوو. ئەویش خۆی زۆر بەشدار نەدەکرد و دوورەپەرێز بوو. (مەقبوولە)ی خالۆزام زیاتر باسی (چەتین گیونگیۆر)ی دەکرد. پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کچان و پەیمانگەی مامۆستایان لەیەک شوێن بوون، تەنیا بە شەقامێک لێک جیادەبوونەوە.

کچە خوێندکارەکانی بەشی ناوخۆ بەهۆی کاریگەری سیستەمی قەدەخەکاری نێو خوێندنگەکانەوە، زیاتر بە خەڵکی دەرەوە و رەگەزی بەرامبەریانەوە پەیوەستدار دەبوون. سەرکوتکردن؛ بەلارێداچوون و زیادەڕۆییەکی زیاتری لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. مامەڵەکردن لەگەڵ (سەمیر)ی تاکە کوڕە خوێندکاری پەیمانگەی مامۆستایان تا بەو پێوانەیە دەگەشت. (سەمیر) کرابوو بە کەسێک کە کچان لەنێو خۆیاندا شەڕیان لەسەر دەکرد. یەکەمجار کە لە گرووپەکەدا لەگەڵ (سەمیر) یەکترمان ناسی ئەمەم بە خەیاڵدا هاتبوو و بیرم لەوە کردەوە کە: "تۆ بڵێی ئەمە تووشی تێکچوون یاخود رووخانی رەگەزی هاتبێت" بێگومان زیاتر (مەقبولە)م دەهاتەوە بیر کە جاروبار بە بێزلێبوونەوەوە و جاروبار بە قاقالێدان باسی لە ڕەفتارە بەلارێداچووەکانی (سەمیر)ی دەکرد، دەشبێت ئەم باسە

کاریگەری لەسەر بەو جۆرە بیرکردنەوەیەم هەبوو بێت. کەسێکی زۆر ئاسوودە و دڵڕەحەت بوو. دەکرێت بگووترێت لەلای کچان ئاسوودەترین و سەرکێشترین پیاو بوو. تایبەتمەندییەک بوو کە لە ژیانی خوێندنگە بەدەستی هێنابوو و سروشتی بوو.

(سەمیر) وا پێوەی دیاربوو کە یەکێک نەبێت لە خانەوادەکەی. قۆناخی خوێندنگە و شۆڕشگێڕییەکەی دواتری، پەیوەندی بە خانەوادەکەیەوە دابڕی بوو. لەم قۆناخەدا گەڕیدە و گەشتکار بوو. زیاتر لە هەرێمی دێرسیم دەمایەوە. بە هۆکاری پێشکەوتوویی ئاستی تیۆری، زیاتر وەکو گووتاربێژ بەشداری لە سیمینار و گفتوگۆکاندا دەکرد. بەم خەسڵەتەیەوە دەناسرا. (سەمیر) نەک لایەنی رێکخستن، دروستکردنی رێکخستن، هێزی کرداری، بەڵکو لایەنی پڕووپاگەندە و جۆشدان "ئاژیتەکردن"ی بەهێز بوو. ئەم تایبەتمەندییە لەودا تایبەتمەندی رەچاوکردنی کەشوهەوای سیاسی شوێن و خۆ گونجاندن بەو پێیەی تێدا پێشخستبوو.

دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کچان جێگەی بایەخێکی زۆربوو. کچانی هەر چوار لای کوردستان لەوێ کۆببوونەوە. هەروەها فاشیستیشیان لەناودا هەبوو و کاریان کرد. لەژێر ناوی ئاییندا و بە نهێنی - ئاشکرا بە وەرگرتنی پشتیوانی لە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگە ئەم کارەیان تا رادەیەک بەربڵاو کردبوو. بەم هۆکارە خوڵقاندنی زەمینەی خەباتی شۆڕشگێڕی لەم خوێندنگەیەدا و سپاردنی ئەرکی راپەڕاندنی ئەم کارەش بە خودی ئەو مرۆڤانەی ناو خوێندنگەکە پێویستییەکی دەستلێبەرنەدراو بوو. ژمارەیەکمان لەو کچە خوێندکارە لایەنگرانە پەیداکرد کە لە بەشی خوێندنی رۆژانە بوون لە کرکدوتلار و یڵدزباغلار. لەوانەوە ئاگاداری

ڕەوشی خوێندنگەکە دەبووین و هەوڵماندەدا هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە بچینە ناو خوێندنگەکەوە. هەروەها لە خوێندنگەکانی وەک کۆلێژی تەندروستی، دواناوەندی بازرگانی و زانکۆی فورات کادیرە فاشیستەکان هەم لەناو خوێندنگە و هەم لەدەرەوەی خوێندنگە هەوڵیاندەدا ئەو مەیدانانە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. لەم واتایەدا خوێندنگەکان وەکو شوێنێک تەماشایان دەکرا کە پێویست بوو زۆر بە خێرایی فریای بکەوین و تاچەند کارمان بکردایە ئەنجامی گرنگمان بەدەست دەهێنا.

لەگەڵ (جاهیدە شەنەر) لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و هەروەها ژمارەیەک لە کچە خوێندکارانی خەڵکی (گرێ سۆر - سیڤەرەک) و ناوچەکانی دەوروبەری شانکوش[147]، لە ماڵی (ساریکایا) و ئەوان لەگەڕەکی فەوزی چەخماخ تووشی یەکتر بووین. من و (جەمیل) سەردانی ئەویمان کرد بۆیە لەگەڵ ئەوان یەکترمان دەناسی. (جاهیدە) خەڵکی گرێ سۆر بوو، ئەوانی تر خەڵکی چەرمووگ[148] و شانکوش بوون. ئەمەش سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا. (جاهیدە) بەڕەچەڵەک لە کاراکەچییەکان (قەرە کەچیلەر- بزنە ڕەشە)ەکان بوو، واتا دەگەڕایەوە سەر بنەماڵەیەکی تورک. باوکی لە بنەماڵەیەکی تورک بوو، بەڵام دایکی بەڕەچەڵەک ئەرمەن بوو، (جاهیدە) کە خەڵکی ناوچەیەکی پڕ لە شەڕ و ناکۆکی عەشیرەتەکان بوو، مایەی سەرنجی ئێمەش بوو و گرنگی بەدەستدەهێنا. وەرچەرخاندنی ژنێک، لە کەسێکی ئاساییەوە بۆ شۆڕشگێڕ، بەتایبەتیش ئەگەر لە

---

[147] شارۆچکەیەکی سەر بە ئامەدی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ چینگیوش گۆڕیوە.

[148] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئامەدی باکووری کوردستانە کە ناوەکانی چەرمک، چەرمیکیشی بۆ بەکاردەهێندرێت.

پێکهاتەیەکی فیۆداڵ و عەشیرەتگەرا بێت، زۆر واتادار و هەنگاوی پێشکەوتن بوو.

ئەوەی کە خەڵکی شانکوشە خۆی وەکو کچە موفتییەک دەناساند. بە باڵاپۆشییەکەیدا دیاربوو کە کچە موفتییە، یاخود لەنزیکەوە پەیوەستداری ئایینە. بەڵام ئێمە چاومان لەم لایەنەی کارەکە نەبوو. قسە و گفتوگۆمان لەگەڵیدا فرە لایەن بوو. (جاهیدە) باسی لە گرێ سۆر، (DDKD)ییەکانی ئەوێ و رەوشی خوێندنگەکەی خۆیان دەکرد. بەگشتی پەیوەستداربوونی بە کوردایەتییەوە تا ئەم ماڵە رایدەکێشا. پابەندییەکی رێکخستنی لەگەڵ (DDKD)ییەکان نەبوو. بەڵام مەیلی شۆڕشگێڕی و لایەنی خواستی کوردایەتی و هەوڵی هەبوو بۆ تێگەیشتن لەو بەربەرەکانێیەی نێوان گرووپە کوردەکان. ئێمەی بەرگوێ کەوتبوو، بەتایبەتیش وەکو تەڤگەرێک کە لەلایەن (DDKD)ییەکانەوە رەشدەکرایەوە و کرابووە ئامانج، زیاتر سەرنجی راکێشابوو، ئەمەش هاندەر بووە بۆ ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ دروست بکات. لە کەسێکی قسەزان و زیرەک دەچوو. بەپێی باسەکانی، ئەو فاشیستانەی لە خوێندنگەکەیاندا کاری خۆڕێکخستنیان رادەپەڕاند، ئایینیان بەکاردەهێنا و بە سەدان کچی کوردستانییان خستبووە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. لەگەڵ باسکردنەکانیدا جاروبار هەم من و (جەمیل) پرسیاری جیاجیامان لێ دەکرد و لێکدانەوە و نرخاندنمان بۆ دەکرد. بەمە زۆر خۆشحاڵ دەبوو و دەیگووت: "ئەوەم دۆزییەوە کە بەدوایدا دەگەڕام". هاوکات ئێمەشی خۆشحاڵ دەکرد. چونکە خوێندگاکان گرنگ بوون، لە ئامادەیی دەیخوێند، توانستی پێشکەوتن و خۆپێشخستنی هەبوو. ئەگەر جۆرە خەباتێکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکرایە، ئەوا لێرەوە

به زۆر شوێنی تری کوردستانیش دەگەیشتین. تا دەگاتە مادەن و کەبان[149] گرێ سۆر، دارا هێنێ[150]، شانکوش، هەزرۆ و هێنێ[151].

لە کۆتایی گفتوگۆکەدا پێمگووت: "باشە! بە پەرەسەندن و گەشەسەندنی ڕێکخستنی ژنان کار و خەبات ئاسانتر دەبێت. بە هاوکاری و نێوەندگیری ئەم کچانە بە ئاسانی تا ئەو شوێنانە چووین". لەگەڵ (جاهیدە) ڕێککەوتین کە لە کۆتایی هەموو هەفتەیەکدا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بێت بۆ لامان و پێمگووت: "یەکەمجار لەگەڵ چەند کەسێکی جێی متمانە و شیاو بۆ پێشکەوتن بێن بۆ ئێرە. لە ڕێگەی ئێوەوە خوێندنگە ڕێکخستن دەکەین". ئەویش گووتی: "گونجاوە.. دەکرێت"، و ماڵئاوایی کرد.

(نادیرە تورگوت)، (سانیە)، (لەیلا) و هەندێک کچی تریش لە دواناوەندی ئەتاتورک بوون. لەناویاندا (نادیرە)مان بەلاوە گونجاوتر بوو بۆ لێپرسراوێتی لە کار و خەباتی ئەوێ. ئەگەرچی فەرمیش نەبێت، بەرپرسیارێتیمان پێ سپارد. لە ڕێگەی (نەسرین) و خوشکەکانییەوە کە نیشتەجێی گەڕەکی یڵدزباغلار بوون پەیوەندیمان لەگەڵ چەند کچە خوێندکارێکی کۆلێژی پزیشکیدا هەبوو و کاریشیان دەکرد. ناوبەناو بەناوی میوانییەوە دەچووم بۆ لایان. ژمارەیەکی زۆر کچی خەڵکی ئەرزینگان و دێرسیمیشی لێبوو. خانەوادەی هەندێک لە دێرسیمییەکانم دەناسی. کە لە پەیوەندی بەستندا ئاسانکاری دەکرد. لەوێش تۆڕێکی پاشڤەڕۆی بەڕێوەبەرایەتی، سەراپای

---

[149] دوو شارۆچکەی سەر بە شاری خارپێتن.

[150] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری چەولیکە کە دەوڵەتی تورک بە گەنج ناوزەدی دەکات.

[151] سێ شارۆچکەی سەر بە شاری ئامەدن.

خوێندنگەکەی تەنیبوو. مامۆستا ئاینزاکان و ژمارەیەک ئەندامی سەرەکی (MHP) لەم خوێندنگەیەدا بوون، هەرچەندە خۆشیان عەلەوی بوون کەچی زۆریان بۆ خوێندکاران دەهێنا تا نوێژ و رۆژوو بگرن. هەر کەسێکیش کاردانەوەی جیاوازی نیشانبدایە، پەنجەی دەرنەچوونیان لێڕادەوەشاندن. هەروەها هەڵسوکەوتی مامۆستا پیاوەکان لەبەرامبەر بە خوێندکارە کچەکان تادواڕادە سەیربوو، هەر کچێکیان بەدڵ بووایە؛ هەوڵیاندەدا کەسایەتییەکەی بشکێنن و سووکی بکەن، هەوڵیان دەدا بۆخۆیان بەکاریبهێنن. ئەم هەڵوێستەش تابڵێی بەربڵاوبوو. بابەتی نمرەی وانەکانیشیان وەک چەکێک لەبەرامبەریاندا بەکاردەهێنرا.

لەلایەکی تریشەوە هەر لە خوێندنگەکاندا گوڕیان بە دووبەرەکی نێوان خوێندکاران، بێ متمانەکردن دەدا و دەیانویست خوێندکاران لەلای بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگە بەردەوام سکاڵا لە یەکتر بکەن. هەموو ئەمانە بەتایبەتیش خوێندکارانی قۆناخەکانی دواتری دەترساند. لەواتایەکدا ئەم جۆرە مەیلە زیاتر لە خوێندکارە تازەکاندا بەرچاو دەکەوت. خوێندکارانی قۆناخەکانی پێشتر فێڵبازتر بوون و زیاتر ئەو پەیوەندییانەیان هەبوو کە سیستەمی هەنووکەیی شێوەی پێدابوون. ئەوانەشی لەگەڵ دەرەوە و لەگەڵ کەسوکارەکانیاندا لە پەیوەندی بەردەوامدا بوون، دەرفەتی ئاگاداربوونیان هەبوو لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان و بەشێوازی جیاجیا کاریگەرییان لەسەر دەکرا. بەڵام خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکان بەگشتی لەنێو داخراوییەک دابوون. لە سەردانەکانماندا گفتوگۆ و دانوستانمان لەسەر چەندین بابەت

کرد. بەلایەنی کەمەوە وەک سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ گۆڕینی ئاراستەی خواستەکانیان و پێگەی بیرکردنەوە لە شتی تر.

(جاهیدە) لە کۆتایی هەفتەدا لەگەڵ (گیولەر)ی خەڵکی چەرمووک و (حەوا) پێکەوە هاتن. پێکەوە رۆیشتینە ئەو ماڵەمان کە لە ژێرزەمینەکە دابوو. بەهۆی پشووی جەژنەوە توانیبوویان مۆڵەتی سێ رۆژ لە خوێندنگە وەربگرن. ژیان، دانوستان، گفتوگۆ، هەڵسوکەوت و هەموو شتێک کە بەچاوی خۆیان بیانبینیبایە، کاری تێدەکردن. هەر سێکیشیان یەکەم کەسێک کە بەناوی "شۆڕشگێڕ"ەوە بینیبویان و ئاشنای ببوون؛ (DDKD)ییەکانی ناوچەکە و گرووپە چەپڕەوە کوردەکان بوون. بۆیە بەردەوام لەناو بەراوردکارییەکدا بوون. پەیوەندی نێوانمان، شێوازی ژیانمان کاریگەرییەکی بەرجەستەی لەسەر دروست دەکردن. بێگومان لەلایەن خۆیانەوە بە شێوەی "بێ قسور" هەڵیان دەسەنگاند. لە گفتوگۆ و باسەکانمان زیاتر، ئەوانە کاری تێدەکردن کە بە چاوی خۆیان دەیانبینی.

سەبارەت بە شێواز و بەرنامەی کار و پەیوەندییەکانی داهاتوومان قسەمان کرد. 1ی ئایار نزیک دەبووەوە و پێمان گووتن کە لە خوێندنگە زەمینەی پیرۆزبایی بڕەخسێنن. هەروەها پێویستبوو لەلایەک یەکەی بچووک رێکبخەن و لەلایەکیش کار لەسەر ئەو کەسە بەکاریگەرانە بکەن کە توانایان هەیە برەو بە ئاستی بەفراوانترکردنی رێکخستنی بدەن لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەوادار و لایەنگری زیاتر کۆبکەنەوە. زیاتر دەمانویست پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانە دروست بکەن کە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا نەبوو. نیشتمانپەروەری بۆ هەموو کەسێک شیبکرێتەوە، لەبەرامبەر بەوانەی تریش هەڵوێستی سیاسی و هەنگاو بە رێبازی توندوتیژی شۆڕشگێڕی

لە خوێندنگەدا ریز بگرن. بەڵام لە سەرووی هەمووشیانەوە پێمانگووتن کە لەم ڕێگەیەدا پێویستە لەبەرامبەر بەچی و چۆن وریا و بەسەرنج بن.

(جاهیدە) بە پەیوەستدارییەوە گوێی شل کردبوو، ئەرێی دەکرد و خۆیشی لە خاڵی وەبەرگرتنی ڕێبازدا بۆچوون و پێشنیازی خۆی پێشکەش کرد. کەسێکی زیرەک بوو، زوو تێدەگەیشت. لایەنی ڕێکخستنکردنی باش بوو، سەرەڕای ئەوەی خوێندکاری بەشی ناوخۆییش بوو، لەماوەیەکی کورتدا و بەخێرایی پەیوەندی کردبوو، هاتوچۆی ڕێکخستبوو، ڕۆژانە زیاتر بەشداری دەکرد، ئەمەش وایدەکرد بڕوامان بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی زیاتر ببێت. لەڕێگەی نووسینی نامە و ناردنی هەواڵەوە بەردەوامی بە پەیوەندییەکەی دەدا، بەشێوەیەکی سیستەماتیک ڕەوشی خوێندنگەی پێ ڕادەگەیاندین.

بەدەر لەوانەش، خەمخۆری ماڵەکەشمان بوون، لە خوێندنگەوە بەتانی، پێخەف، خواردەمەنی و شتومەکی لەو جۆرەیان ئامادە دەکرد و بۆیان دەناردین. ئەمانە خاڵی بچووک بوون، بەڵام بیرکردنەوە و خەمخۆری هاوڕێیەتی گرنگ بوو. هەر لە سەرەتاوە متمانەی؛ ڕاپەڕاندنی خەباتێکی بەپیتیان لە خوێندنگەکەیان پێدەداین. ئەم تایبەتمەندییەی، کاریگەری لە دەوروبەرەکەشی دەکرد. تایبەتمەندی کاریگەرکردنە سەر هەم خوێندکاران و هەم مامۆستاکانیشی هەبوو. لێهاتوو بوو. لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کچان، دەستڕەنگینی، درومانی و نەخش و نیگار و لێهاتوویی لەوجۆرە دەستنیشانکەر بوو. بەدەستهێنانی پلەی باشی دەرەخساند، لەلایەن مامۆستاکانیشەوە بەباشی قسەی لەسەر دەکرا و سوودی بۆ فێرکردنی خوێندکارانیش هەبوو. دەمانگووت؛ کەسێک کە

خۆرسکانە فێری شتێک ببێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە پەیوەندییە سیاسییەکاندا ڕێکخەرێکی باشی لێدەردەچێت.

کار و خەباتی ناو خوێندنگەکان گەشەی دەکرد. کاتی تایبەت بە توێژینەوە و کاتەکانی تری خوێندنەوە و ئامادەسازییەکانی خۆیانیان بۆ خەباتی پەروەردە و گفتوگۆ و گرنگیدان بە هەوادارانی نوێ تەرخان دەکرد. 1ی ئایار تاڕادەیەک زیاتر ریزەکانی لێکجیا دەکردەوە. دابڕان لەڕیزی ئەو کچانەش دێتە ئاراوە کە فاشیستەکان کاریان لەسەر کردبوو. لەماوەیەکی کورتدا ژمارەیەکی زۆر خوێندکار بە کاریگەری شۆڕشگێڕی ئاشنا بوون. بێگومان لەم سەروبەندەدا (جاهیدە) زیاتر دەکەوتە بەرچاو. ماوەیەک بوو نموونەی بەرچاوی مامۆستاکانی بوو، بەڵام بەربەرەکانێی چەپڕەوی - ڕاستڕەوی لە خوێندنگە و دروستبوونی گرووپ و جموجۆڵەکانیان؛ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگە و مامۆستاکانی نیگەران دەکات. ئاگادارییان کردبووەوە. لەم حاڵەدا ئیتر ئاشکرا دەبوو کە پێویستە بە وریایی هەڵبسووڕێت.

جاروبار منیش دەڕۆیشتم بۆ خوێندنگەکەیان. ئەم ڕۆیشتنەم لەلایەن خۆیانەوە ڕێکدەخرا. بەناوی میوانییەوە. بۆئەوەی سەرنجیش بەلای خۆماندا ڕانەکێشین لەشێوەی چەند کۆمەڵەیەک دادەنیشتین. لەگەڵ هەر یەکێک لە گرووپەکان لەسەر پرسی تایبەت قسەمان دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانیانم دەدایەوە. بەڵام نەمانتوانی ماوەیەکی زۆر درێژە بەم شێوازە بدەین. چونکە سەرنجی ڕادەکێشا، تەنیا توانیم بۆ چەند جارێک ئەم کارە بکەم. ڕێبازی کارەکەمان گۆڕی بۆ ئەوەی خوێندکاران لەناوخۆیاندا کاربکەن و لەڕیزی خۆیاندا کادیر پێبگەیەنن. شیاو نەبوو لەدەرەوە بچینە ناویان، چونکە زوو ئاشکرا دەبووین.

له ڕێگەی خوێندکارانی دەوامی ڕۆژەوە زانیارییەکی زۆرمان وەردەگرت، ئاگاداری و ڕێنمایی پێویستیشمان پێشکەش دەکردن. لەماوەیەکی کورتدا تەڤگەری ئێمە لە خوێندنگەکەدا زیاترین کاریگەری بەدەستهێنا؛ چ لە ڕووی چەندایەتی و چ لەڕووی کاریگەری سیاسییەوە بە هێزی سەرەکی گەیشتین. لایەنگر و هەوادارانمان لە شوێنە تایبەتەکانی ڕاپەڕاندنی کاروباری خوێندنگەدا جێگیر کرد؛ لێپرسراوێتی چێشتخانە، لێپرسراوێتی پەڕتووکخانە، لێپرسراوێتی هۆڵی توێژینەوەکان و چەند کارێکی تر.. ئەمانە زۆر بە کەڵک بوون. لەکاتی تایبەت بۆ توێژینەوەدا دەرفەتی پێکەوە گفتوگۆکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە مەیسەر دەبوو. ماوەیەکی زۆریش سوودمان لە چێشتخانەکەش وەرگرت. لە خوێوە تا سابوون، هەموو شتێکیان پێدەگەیاندین. بێ بەرامبەر دابینکردنی ئەم پێداویستیانە بەتایبەتی لە ڕۆژانێکدا کە زیاترین پێویستیمان هەبوو، هەوڵێکی ناوازەبوو. وەکو سەرچاوەیەکی داهاتیش بوو کە بەمشێوەیەش باری ماددی ئەوماڵەی بەکرێمان گرتبوو سووک دەبوو.

لەم نێوەدا (مەڕاڵ کدر) هات بۆ لامان کە لە مێردین دەیخوێند و خوێندنی تەواو کردبوو. هەڤاڵ (جەمیل) ڕۆژێکیان لەگەڵ (مەڕاڵ) پێکەوە هاتن و پێیگوتم "ئاها هەڤاڵێکی نوێم بۆ هێنایت". وەکو دوو هەڤاڵ کە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ یەکتر بناسن و ئاشنای یەکبین باوەشمان کرد بە یەکدا. (جەمیل) کە بەجێی هێشتین و ڕۆیشتە دەرەوە، بەو حاڵەی ئێمە پێکەنیبوو، هەردووکیشمان هەوڵماندا لەم کەشە دڵگیر و دۆستانەیە تێبگەین. بەشێوەیەکی غیابی یەکترمان دەناسی. ڕاستییەکەی لەو کچانەوە ئاشنای بووم کە خەڵکی میشەلی بوون و لەهەمان خوێندنگە دەیانخوێند. لەو سەردەمەدا

(ئەلیف)ی تورکیش هاتبوو بۆ گەشتوگوزار. لەو سەردەمەدا پێیانگووتین: "هەڤاڵێکی تورکیشمان هەیە ناوی مەڕاڵە" بەڵام ئەو تێبینی و چاودێریانەی لە (ئەلیف)ەوە هەستم پێکردبوو ئەرێنی نەبوون. ماوەیەک لەلای (ساریکایا) و ئەوان مانەوە و ڕۆیشتن بۆ میشەلی. دوای گەڕانەوەشیان، لە میشەلی قسەی جیاجیایان سەبارەت بیسترابوو. بە مایۆوە چووبوونە ناو چەمی کەبانەوە، ئەمەش لەو گوندەدا بە کارێکی ناشیاو دەبیندرا.

گوندی میشەلی هەرچەندە گرێدانێکی بە شارەوە هەبوو و ئاستی کۆمەڵایەتی پاشکەوتوو نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پێوانەی دیاریکراویان هەبوو. دانوستان و مامەڵەکردن لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا گرنگ بوو. بە وردی و وریاییەوە چاویان لەسەر هەموو ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی شۆڕشگێڕان بوو. ژیانێکی ئاسایی و ئەو ژیانە نەبوو کە هەموو کەسێک هەیبوو، خەڵک ئەم ڕاستیەی دەزانی. دوای هاتنیان بۆ ناوەندی خارپێت و تێپەڕبوونیان بەرەو مێردین دووەمین جاربوو چاوم پێیان دەکەوت. ئەوکاتە تێبینییەکانم خستبووەڕوو. باسی ئەمانەشم بۆ (مەڕاڵ)کرد و پێمگووت: "کەسایەتییەکی پێگەیشتوو و جێگیر نییە، زۆر دەمەوەرە، هەڵسوکەوتی بێ شەرمانە و زۆر بێ پێوانەیە". (مەڕاڵ)یش هاوڕابوو. (مەڕاڵ) کەسێکی کورتەبنە و چالاک بوو. تا ئەو قۆناخە کارکردن لەگەڵ هەڤالانی کوڕ و ژیان لەگەڵیاندا هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی نەهێنابوو.

واتا کێشەی ئەوتۆ کە ببێتە کۆسپ لەبەردەم خەباتدا نەهاتبووە ئاراوە. بەڵام کارکردن لەگەڵ هاوڕێیەکی ژندا، خەباتکردن بە دوورکەوتنەوە لە "تاک"بوون جوان بوو و خۆشحاڵی کردبووم. (مەڕاڵ)یش باسی لەوە دەکرد کە لەو ماوەیەی لە مێردین بووە بێتاقەت و بێزار بووە، دەیگووت: "جگە

له دانیشتن و خوێندنەوە لە یەک شوێن، هیچی ترم نەدەکرد و سکاڵای دەکرد. لە خارپێت کار و خەباتێکی زۆر هەبوو بکرێت. هەرێمێکی بەرفراوان بوو و لەهەموو ئاستێکدا هەلومەرجی راپەڕاندنی کار و خەبات لەبەردەست دابوو. (ساکینە قرمزی تاش) کە پێشتریش پەیوەندیمان هەبوو و هەر لەو رۆژانەدا لە خوێندنی مێردین گەڕابۆوە. هەڤاڵێکی هەوڵدەر و بەخواست بوو بۆ کارکردن. بەڵام ماوەیەکی کورت لەلامان مایەوە و پاشان پێویست بوو بگەڕێتەوە بۆ مێردین.

ئەو کچانەی کە پێشتر لە پەیوەندیدا بوون و لە خوێندنی مێردین گەڕابوونەوە، دەخرانە ناو کار و خەباتی پەروەردەوە. بەمشێوەیە گرووپەکان و شێوازی پەروەردەکردن بەهێزتر دەبوو. گفتوگۆکانی خوێندنگە و جۆش و خرۆشی ئەوان جیاوازتر بوو. بە ئەندازەیەک سەرجەم پەیمانگەکانی پەروەردە ببوون بە خوێندنگەی نیشتمانپەروەران. سەرجەم کادیران لەم خوێندنگەیانەوە دەهاتن. یاخود دەبوون بە پردی گەیاندنی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی بە چین و توێژەکانی تر. لەم واتایەدا دەوڵەت ئەحمەقییەکی گەورەی کردبوو. هەوڵەدای پێگەیاندنی مامۆستایەک بوو برەو بە کەمالیزم بدات! بە پەیمانگەی پەروەردەی خێراکراو ئامانجیان ئەوەبوو گوایا لەماوەیەکی کورتدا گەنجان بە دەوڵەتەوە پەیوەست بکەن و بەمجۆرە هەوڵی تەگەرەکردنی پێشکەوتنی تێکۆشانی شۆڕشگێڕییان دەدا، بەڵام دەوڵەت فیشەکی بەخۆیەوەنا.

یەکەمین (سەرخۆبوون[152]) واتا مانیفێستۆکەمان دەرکەوت. سەرەتا ئەم کارەمان لەناوخۆماندا جێبەجێ کرد. هەموو کەسێک

---

[152] یەکەمین گۆڤاری تیۆری، سیاسی و ئایدیۆلۆژی (PKK) یە کە لە دوای دامەزراندنی و لەژێر خاوەن ئیمتیازی و سەرنوسەری مەزلوم دۆغاندا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ناوەکەی نەدەزانی. بەرگمان دەکرد و رادەستمان دەکردن و پێمان دەگووتن: "با نەکرێتەوە" و کەس نەیدەکردەوە و دەیانگەیاندە شوێنی مەبەست. یەکێک لە یاسا رەوشتییە بنەڕەتییەکان بریتی بوو لەم خاڵە. کاتێک دەگووترا: "مەیکەنەوە، ناوی پەڕتووکەکە مەزانن" بەس بوو. پێویستی بە قسە و روونکردنەوەی تر نەبوو. ئەو کەسەی وەریدەگرت بەرپرسیارێتی ئەم گووتەیەی وەکو ئەرکێک لە ئەستۆ دەگرت، نەیدەکردەوە و نەیدەزانی. ناوی چەندین هەڤاڵی بەهادارم لەیادە کە لەکاتێکدا بەدرێژایی چەندین مانگ پەڕتووکێکی پێ سپێردراوە و هەڵیگرتووە، بەڵام نەیزانیوە چییە و ناوی چییە. (سەرخۆبوون) دەبوو بە سەرچاوەی سەرەکی خەباتی خۆپەروەردەکردن و پەروەردەمان.

تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە ڕێبازی ئایدیۆلۆژی و سیاسی، تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆژییەکەمان لەگەڵ توێژینەوەیەکی مێژوویی بۆ هەر یەکێک لە هەڤاڵان ئەرکێکی سەرەکی بوو. مەرج بوو هەموو کەسێک شۆڕشگێڕێتی کوردستان بزانێت، تێبگات و بە قووڵایی لێکدانەوەی بۆ بکات. نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕی گەڕانەوە بوو بۆ جەوهەر، کەسایەتی نوێ و کەسایەتییەک بوو کە لەسەر بناخەی تێگەیشتن شێوەگیر ببێت. ناچاربووین ناوەڕۆکی ئەو دەستەواژانە پڕبکەینەوە و واتادارتریان بکەین کە کەسانی تر زۆر یارییان پێدەکرد و ڕەواڵەتکاریانە بەکاریان دەبردن. گۆڕانی بەرجەستە لە کەسێتیدا تەنیا بەم شێوەیە ئەنجامگیر دەبوو.

## ساتێکی وەها دێتە پێش کە...

چالاکی لەدژی سەرۆکی شارەوانی چەولیک ئەنجامدرابوو بەڵام نەمردبوو، بە برینداری بە کۆپتەر گواسترابۆوە بۆ نەخۆشخانەی گشتی خارپێت. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، دەگووترا ئەگەر لە خارپێت هەلی هێرشکردن هەبێت، ئەوا سەرلەنوێ پێویستە بۆ کوشتنی هێرش ببەینەوە. هەموو ئەمانە لە ناکاوێکدا هاتنە ئاراوە. پشێوی هەموو شوێنێکی گرتبووەوە. گەرەکی فەوزی چەخماخ و دەوروبەری نەخۆشخانە وروژا بوو. قەرەباڵغی تا دەهات زیادی دەکرد، پۆلیس بە ئۆتۆمۆبێل بەناو کۆڵانەکاندا دەگەڕا. راکەڕاک و دەنگی چەک تێکچڕژابوون. لەکاتێکدا ئەو کۆپتەرەی (حیکمەت تەکین)ی پێدەگەیەندرایە نەخۆشخانە دابەزییە سەر مەیدانە تایبەتەکەی سەربانی نەخۆشخانەکە، هەڤالان هێرشیان کردەوە سەر. هەواڵی چالاکییەکە هەموو لایەکی خستە جوڵە و خرۆشانەوە. تەواوکاری چالاکییەکەی چەولیک بوو، لەشوێنێک بە سەرکەوتنی یەکجارەکی نەگەیەندرابوو و لە خارپێت بەسەرکەوتن و ئەنجام دەگەیەندرا، چەندە گرنگی هەبوو، ئەوەندەش سەلمێنەری بڕیارداری و تایبەتمەندی شۆڕشگێڕی گرووپەکەش بوو: سەرکەوتنی مسۆگەر لە چالاکی دا!

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی قەرباڵغییەکە، لە کۆڵانەکاندا کۆبوونەوەی خەڵک زیاتر دەبوو. سەردانێکی ئەو ماڵەم کرد کە تیایدا بووین و چاوێکم پێدا گێڕا، پەڕتووک و کەلوپەل هەبوو. دەستم لێنەدان. بێگومان دەرفەتی کۆکردنەوە و شاردنەوەیانم نەبوو. دەرگاکەم قفڵ کرد و دیسان گەڕامەوە بۆ دەرەوە. هەموو کەسێک بە وردی بۆ دۆڵەکەی تۆزێک ئەولاتری

گۆڕستانەکەی دەڕوانی کە پێیاندەگووت: "قوم دەرەسی" (واتا دۆڵە لم - و) ژمارەیەک کۆپتەریش بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕانەوە. جاری یەکەم بوو دووژمن بەمجۆرە دەکەوتەخۆ بۆ پەلاماردان. سەیربوو، دەمگووت: "دەشێت هەڤالان لە دۆڵە لم چ کاریکیان هەبێت؟" بیرم لێدەکردەوە کە "ئایا دەشێت گرووپی تر بێت؟" هیچ هەڤالێکم نەبینی. لەو ڕۆژانەدا هەڤاڵ (دوران کاڵکان)یش هاتبوو. سەرێکم لەماڵی (ساریکایا) و ئەوان دا. ئەویش هیچ هەڤالێکی لێنەبوو، پوورە (زەنجەفیل) دەیگووت: "هەڤاڵ جەمیل هات و ڕۆیشت، هەڤالان چالاکییان کردووە. بەشێکیان لەکۆلانەکاندا خۆیان ون کردووە، بەشێکیشیان بەرەو دۆڵە لم ڕایانکردووە. پۆلیس بەدوایانەوەیە. ئەوێ بە هیچ جۆرێک باش نییە، ئەو سەگانە دەیانگرن".

کەواتە ڕاستبوو! بۆ زیاتر لە نزیکەوە چاودێریکردنی ڕووداوەکە ڕۆیشتین بەرەو گەڕەکی ئەسەنتەپە. هەڤالێکی تریشم لەگەڵدا بوو. پۆلیس هەموو لایەکی گرتبوو.

دۆڵەکە گەلییەکی درێژ و کراوەیە، پڕ لە لم و چەوە، تاشەبەردێکی لێ نەبوو. لایەکی بۆ ئەسەنتەپە دەڕوانێت کە لە شێوەی کەندالێک دایە و لەوێوە دەرکەوتن زۆر زەحمەتە. لایەکەی تری زەوییەکی پان و ڕاستە، جێگای کشتوکاڵە. تەنیا لە لای سەرەوەی شوێنی دەرکەوتن هەبوو. لەوێ بەدوا زۆر شیاو نەبوو. گوندێکە ئەوسا بە مۆڵگەی فاشیستەکان دەزانرا. کۆپتەر بەردەوام دەستڕێژی دەکرد. پۆلیسیش کە بەدرێژایی ئەسەنتەپە جێگیر ببوون هەمان شوێنیان دەدایە بەر دەستڕێژ. هیچ جموجۆڵێکی هەڤالان لە ئارادا نەبوو. یەکەمجار هەندێک لە بەردەکانی سەر لمەکەم وەک تەرمی هەڤالان هاتە بەرچاو و شڵەژام. مەودایەکەی تۆزێک دووربوو. بەتەواوی یەکلاکردنەوە

ئاستەم بوو. بەدوای دووربینێکدا دەگەڕام، ماڵەکانی ئەوێ هەژاربوون، دووربینیان لەکوێ بوو!

ڕەوە مەڕی گوندەکە لەناو زەوییەکەی هاوتەریبی گەلییەکەدا بوون. کۆپتەر و تەقەی چەکەکانی تریش؛ ڕەوە مەڕەکەی پەرش و بڵاو کردبووەوە، ببوون بە چەند کۆمەڵێک. لە شوێنێکی ستراتیژییەوە کۆمەڵێک پۆلیس بە بێتەل سەرپەرشتی شەڕەکەیان دەکرد، چەند منداڵێکمان نارد بۆ ئەو شوێنە و پێمانگووتن: "گوێبگرن بزانن چی دەڵێن و هەواڵمان بۆ بهێنن!" ئەم گرژی و ئاڵۆزی و تەقەکردنە چەند کاتژمێرێکی خایاند. نادیاری و بێ هەواڵی دۆخێکی سەختی لەگەڵ خۆی هێنا. دەمەو ئێوارە کەشوهەوا گۆڕا. هەورێکی زۆر هات و وردەباران دایکرد. بێگومان کەش و هەوا کاریگەری لەسەر شێوازی جموجۆڵی دووژمن دەکرد. بەڵام نەماندەزانی کاریگەری لە هەڤالان دەکرد یاخود نا! بە تاسە و مەراقەوە هاتینەوە خوارەوە. دووبارە لە ماڵی (ساریکایا) و ئەوانمان پرسییەوە. گووتیان کە لە کەناڵی تەلەفزیۆنەوە گوێیان لە بێتەلەکان بووە، دووژمن ماوەیەک چاودێری ڕەوێکی کردووە؛ ڕەوە مەڕ بووە و پاشان بە خراپبوونی کەش و هەوا شوێنپێی هەڤالانییان ونکردووە. دڵمان سوکنایی هات. کەواتە کەس شەهید نەببوو، هیچ زانیارییەکیشمان نەبوو لەمەڕ بوون و نەبوونی دیل و بریندار. لەو نێوەدا هەموومان پرسیاری هەڤاڵ (دوران)مان لە یەکتر دەکرد.

پرسیارمان کرد کە لە کاتی چالاکی و ڕاکەڕاکەکە لەکوێ بووە و دوایین جار لەکوێ بەدیکراوە. دەیانگووت: "تاکاتی چالاکییەکەی نەخۆشخانە ئەو لەو گەڕەکە بووە". هەروەها لەکاتی جموجۆڵەکانی دۆڵە لم لەوێش بینراوە. سەرمان سوڕما،

دەمانگووت: "شتی وا چۆن دەبێت، بۆچی؛ فەوزی چەخماخ جێگای متمانە نییە، ئەگەری هەیە پۆلیس دەست بە پشکنین بکات؟!" هەڤاڵ (جەمیل) چووبوو بۆ شوێنێکی ئارامتر، بەڵام ون بوونی هەڤاڵ (دوران) هیچ واتایەکی نەبوو. زۆر شارەزای ناوچەکەش نەبوو. بە ئەندێشە و تووڕەییەوە شیرۆڤەیەکی زۆری لەسەر دەکرا. تا نیوە شەو لە هەوڵدابووین بۆ بەدەستخستنی زانیاری سەبارەت بە بارودۆخەکە. هەر لەو کاتەدا لەناو ڕاکەڕاک بەچەپ و ڕاست دا، هەڤاڵ دوران خۆیکرد بە ماڵدا.

نزیکترین شایەتحاڵی ڕاستەوخۆی شەڕی نزیکەی چوار کاتژمێری دۆڵە لم بوو کە خۆیشی لەناویدا بوو. کاتێک پۆلیس دوایان دەکەوێت هەڤاڵان بەو بۆچوونەی جێگەیەکی متمانەدارترە لادەدەنە دۆڵە لم. (دوران) خۆیشی کە ئەمە دەبینێت ڕوو دەکاتە ئەوێ. لە ڕاستیدا جێگەیەکی مەترسیدار بوو. ناوی بەخۆیەوەیە، دۆڵە لەمە. (دوران) بە گرووپی یەکەمیش ناگاتەوە و لەگەڵ گەورەتربوونی ئاڵۆزییەکە خۆی لە ژێر بارستاییەکی بچووکدا دەشارێتەوە. جلێکی خاکی لەبەرە. ئەو شوێنەشی کە خۆی تیادا شاردۆتەوە، لاپاڵێکە. بە ڕێکەوت پۆلیسەکانیش ڕێک لەسەر ئەو بارستاییە سەرپەرشتی شەڕەکە دەکەن. بەو هۆکارەی سەرنجیان هەموو لای هەڤاڵانی ترە، نازانن لەخوار خۆیانەوە کەسی تر هەیە یاخود نا. (دوران) ڕاستەوخۆ لەو شوێنە ئاگاداری سەرجەم قسەکانیان و هەموو ڕووداوەکە دەبێت. بە ئەندازەی بیستنی دەنگی هەناسەیان لە دووژمنەوە نزیکە. خودی خۆی بە جۆشێکی مەزنەوە ئەم باسەی دەگێڕایەوە: "تا تاریک داهات، نزیکەی چوار کاتژمێری خایاند. لە خۆم پرسی، چوار کاتژمێر یاخود چوار ساڵ؟!

دواجار لەسەر چوار کاتژمێر بڕیاری خۆمم دا. تادواڕادە زۆرم لەخۆم کرد و خۆم ڕاگرت، جاروبار تەنانەت هەناسەشم نەدا، بەڵام دوابەدوای ڕۆیشتنی پۆلیسەکان لەوێ، لە یەک هەناسەدا شەکەتی و تەنگەتاوییەکانی ئەو چوار کاتژمێرەم لەبیرچوو".

هەڤاڵانیش هەم بە حەپەساوی و هەم بە خۆشحاڵییەوە گوێیان بۆ شل کردبوو. بە پێکەنین و گاڵتەوە پێیان دەگووت: "ئەگەر دەستگیریان بکردیتایە زیاتر دەخەوتی، بەڵام خۆ چوار ساڵیش کەم نییە ها!". گرووپەکە خۆیان گەیاندبووە گوندی باسکیل. باران لەڕووێکەوە بەکەڵک بووە، دووژمن نەیتوانیوە زیاتر دوایان بکەوێت. لەلایەکی ترەوە بەدرێژایی چەند کاتژمێرێک ڕێکردن لەناو قوڕدا هەڤاڵانی شەکەت کردبوو. تا دەگەنە باسکیل پێڵاو لەپێی کەسێکیشیاندا نامێنێت. زیاتر کاریگەری لە (حسێن تازە) دەکات و بن پێیەکانی دەقڵیشێن و برینداری دەکات. (مەدینە ڤوراڵ)ی مامۆستای گوندی باسکیل هەڤاڵان لەماڵی خۆیدا دەحەسێنێتەوە و کاری پێویستیان بۆ جێبەجێ دەکات. لەگەڵ دێهاتیانی باسکیل پێشتریش پەیوەندیمان هەبوو. کەسوکاری هەندێک لە هەڤاڵان نیشتمانپەروەر بوون. هاوکاریان کردبوو، لەماڵی خۆیاندا هەڤاڵان دەپارێزن. هەمان شەو هەڤاڵان لە ڕێگەی شۆفێری گوندەوە هەواڵیان بۆ ناردین، کە چەند کەس بوون و تەنیا (سایم دورسون) لە گرووپەکەی دابڕاوە و دەستگیر کراوە. فریای گرووپەکە نەکەوتووە. لە ژیانی ڕۆژانەشدا کەسێکی تەمبەڵ بوو، چالاک و زرنگ نەبوو. هەروەها بەهۆی زۆری گۆشتی ناو لووتییەوە هەناسەی تەنگ دەبوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕێڕۆیشتنەکەی دەکرد.

(سایم) بە پۆلیسی گووتبوو: "قەرەباڵغییەکە بەو ئاراستەیەدا لە ڕاکردن دابوو، منیش لەوانم ڕوانی و بەدوایاندا ڕامکرد"

ماوەیەک لەلای پۆلیس دەستبەسەر بوو، پاشان رەوانەی زیندان کرا. ماوەیەک دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا. هەڵبەتە لەکاتی دەستبەسەرکرانیدا هیچ چەک و بەڵگەیەکی لەسەر نەگیرابوو.

دوای ماوەیەک ئەوانەی گوندی باسکیلیش هاتنەوە. ماوەیەک لەو ماڵە لەچوارچێوەی دەرفەتی خۆمان (حسێن)مان تیمار کرد. یەکەمجار بوو بەمشێوەیە لە نزیکەوە سەرقاڵی سارێژکردنی برینی هەڤاڵێکم دەبووم، برینەکەیم دەپێچایەوە. زامی فیشەک نەبوو، بەڵام هێندەی ئەو زامەش واتادار بوو. سۆزدار (عاتیفی)بووم تا تیمارکردنەکەم تەواو دەکرد لەو زیاتر ئازارم دەچەشت. لە تێکۆشاندا برینداربوون، شەهیدبوون و دەستگیربوونی هاوڕێیان تەنیا لە قسەدا ئاسایی بوو، لە هەمانکاتدا ئەگەرێکی گەورەش بوو. بەڵام لەکرداردا خۆم لەبەرامبەر زامداربوونی پەنجەیەکی هاوڕێیەکم پێڕاناگیرێت. زەحمەتە بەلامەوە، بەرگەی ناگرم. نەخێر، شەهیدبوونی چی، برینداربوونی چی؛ هەرگیز نەمدەویست بیر لە هیچ شتێکی وەها بکەمەوە.

کەم نەبوون ئەو هەڤالانەی دەیانگووت: "پێویستە سۆزدار نەبین، خۆ هەتا ئێستا چیمان بینی! کاتی وەها دێت کە بەسەر تەرمی هاوڕێکانماندا هێرش دەبەین و شەڕ دەکەین. چەکەکانی هەڤالانمان هەڵدەگرین و نەعرەتە بەسەر دووژمندا ببارێنین" و سەرنجیان رادەکێشایە سەر سۆزدارییم.

بەرپەرچی ئەوانەم نەدەدایەوە، لەکاتێکدا کە ئەم لایەنەی شەڕە مەحاڵ نەبوو. ئەی شۆڕشگێڕی ئامادەبوون نەبوو بۆ زەحمەتی و قوربانی و باجە قورسەکانی تێکۆشان؟ پێویستی دانبەخۆداگرتن لەبەرامبەر هەر شتێک کە پێشهاتە و هەستکردن بە ئازاری هەندێک شت و بەدیکردنی هێز تیایدا جیاواز بوو. تا

لە قووڵاییدا هەست بە ئازار نەکرێت، گەیشتن بە خۆشحاڵیەکی گەورە، جوان و سەرکەوتنەکان و گەیاندنیان بە خودی ژیان دەستەبەر دەبێت؟ ئەگەر شتێک خۆشەویست بێت، مسۆگەر پێویستە لە قووڵاییەوە هەست بە هەموو شتێکی بکرێت. ئەی واتای خۆشەویستی و پابەندی لێرەدا نەبوو؟ چۆن خەستی هەست و سۆز و دەوڵەمەندییان لەگەڵ ئەو (سۆزدارییـ)یە لێکجیا بکرایەوە کە هەر جارەو بەشێوەیەک دەکێشرا بە رووماندا؛ یەکێکیان شەڕی پێدەکردیت، ئەوی تریان شەڕەکەی لە خشتە دەبرد و بەرەو ئەنجامی سەرکەوتووانەی نەدەبرد. سرووشتی شەڕی چینایەتی ناگۆڕێت. هەموو دیاردەیەک لەوێدا لەدۆخی شەڕ دایە. رق و کینی چینایەتی و لەدژی دووژمن؛ خەڵتانی خوێنکردنی هەموو شتێک، هەڵبەتە قڕکردنی مرۆڤ نەبوو. بەڵام سەرەنجام لەپێناو ئایندەی گەورەی مرۆڤایەتی و رزگاربوونیدا لەدەستدانی مرۆڤ و مردنیش هەر دەبوو.

لەگەڵ کاریگەری بەسەرهاتەکان، لەگەڵ خۆمدا دەکەومە ناو لێپرسینەوەیەک. سەرەنجام دانبەخۆداگرتن لەمەڕ ئێش و ئازار و زەحمەتی جیایە و خۆشویستن و چێژوەرگرتن لە ئێش و ئازار جیایە. هاوکات چەشتنی کام ئازار لە قووڵاییەوە مرۆڤی دەژیاند و بەهێزی دەکرد، کامەیان دەیکڕاندەوە، بێکاریگەر و لاوازی دەکرد؟ ئەوەی لەم خاڵەدا گرنگە؛ لانەدانە لە هەڵوێستە بنەڕەتییەکان. هەمدیسان دیارە زۆر بەگژ سۆزدارییەکەمدا نەدەچووم. تێگەیشتن و لە ڕووی تیۆرییەوە هەستکردن بە جیاوازییەکەی بەس نییە. پێویستی بە سیاسی 'پۆلیتیک'بوون و تێکۆشانێکی هاوئاستی پۆلیتیکبوونەکەی دەکرد.

رۆژ بە رۆژ کار و خەباتمان بەرفراوانتر دەبوو. ئیتر تەنیا بە گەنجان و توێژێکی بەرچاو لە رۆشنبیرانەوە سنووردار

نەدەبوو، ئەو توێژانەشی دەگرتەوە کە هەستی نیشتمانپەروەرییان لە گەشەکردن دابوو. چالاکییەکانی دژ بە ژمارەیەک لەناوەندەکانی دەوڵەت ڕێگەی بۆ هەواداری و لایەنگری زیاتر خۆشدەکرد. جگە لەو شوێنانەی پێشتر خەباتمان تیادا کردبوو، گەڕەکی کولتوور، ناوەندی شار، چەند قەزایەک و هەندێک لە گوندەکان بوونە مەیدانی چالاکی و خەبات و کۆبوونەوەی جەماوەری. هاوکات لێرەشەوە کۆمیتەی هەرێم و ناوچەیی پێکهێندران.

بەتایبەت لە (یڵدز)باغلار زۆرێک لە توێژی کرێکاران هەوادارییان زیاتر دەبوو و دەیانویست پەیوەندی ببەستن. لەم شوێنانە شەوانە کۆبوونەوەمان سازدەکرد و هەوڵمان دەدا لە نزیکەوە بیانناسین و تادەهات بەدوای ئەو زەمینەیەدا دەگەڕاین کە خۆیان کۆمیتەی جەوهەری خۆیان پێکبهێنن. زیاتر فاشیستەکان دەیانویست دەوروبەری ناوچەکانی پالی[153] بۆ خۆیان ڕێکبخەن. (MHP) لە ئاستی گشتیدا کاریگەری هەبوو. بەشێکی گەورەی دوکاندارانی ناوچەکە زازا و سوننی و خۆجێیی بوون. زیاتر لەگەڵ (عەلی گیوندوز) کار و خەباتی یڵدزباغلارمان ڕادەپەڕاند. ژنانیش بەشدارییان لە کۆبوونەوەکاندا دەکرد، هەر بۆیە وامان پێ باش بوو پێکەوە بەشداری لە کۆبوونەوەکاندا بکەین.

(مەتینی کەڕ) زیاتر بەشداری لە کار و خەباتی تایبەت بە توێژی گەنجان دەکرد. (حاملی)یش زیاتر گرانای دەخستە سەر چالاکییە سەربازییەکان، ئامادەسازی دەکرد. بەڵام کۆمیتەیەکی جێگیر نەبوو، لەسەر بناخەی کار بەشکردن بوو. پێکەوە لەگەڵ

---

[153] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری خارپێتە کە دەوڵەتی تورک بە پالو ناوزەدی دەکات.

(عەلی گیوندوز) چووین بۆ هەندێک لە قەزاکانی سەر بە شارەکەش. سەرەتا لەگەڵ شوێنەکانی وەکو دەپ، خۆزات[154] هەوڵمان دەدا. پێشتر دەپ سەر بە چەولیک بوو. پاشان خرایە سەر خارپێت. گوندەکانی کەبان باش بوون. پەیوەندیمان لەگەڵ بەشێکی زۆریان هەبوو. لە مادەن چەند هەوادارێکمان هەبوو، بەڵام هێشتا زەمینەی ڕێکخستن بە باشی فەراهەم نەکرابوو. لە خۆزات چەند یەکەیەک پێکهێندرابوو و کار و خەبات بەڕێوە دەچوون.

گوێڕاگرتن لە باسی کۆمەڵکوژی دێرسیم بە دەنگی دایە پیرەی ئەوماڵەی لە خۆزات تیایدا ماینەوە زۆر کاریگەری کردبووە سەرم. سەرچاوەکانی ئاوی خۆزات وەکو سەرچاوەکانی دەوروبەری مونزور نەبوو، لە ناوچەیەکی بەرتەسکتر و کەم ژمارەترە و هەروەها ئاوەکانیشیان کەمتر بوو. (داپیرە - نەنە) کاتێک ئەو سەرچاوانەی نیشاندەدا بەگریان و بەهەستی دووبارە زیندووکردنەوەی ڕووداوەکانەوە باسی دەکرد کە چۆن دووژمن لە ساڵی 1938 دا دوو کچە گەنجی گوندەکەیانی بردۆتە سەر سەرچاوەکە و چۆن دەستدرێژییان کردۆتە سەر کچانی گوندەکەیان و دەیگووت: "هێشتا هاوار و فریادی ئەوان لەگوێم دایە. خۆیان لە دۆڵابێکی ماڵەکەدا شاردبووەوە. زۆر جوان بوون، بەڵام سەربازەکان چووبوونە ژوورەوە و ئەوانیان دۆزیبووەوە. وەکو ئاژەڵ پەلاماری هەردووکیان دابوو. دین و ئیمانیان نەبوو" بەش بەش بەڵام جاروبار بە داڵغەلێدانەوە چاوی لەشوێنێک دەبڕی و بەردەوامی دەکرد: "ئەندامەکانی لەشیان بڕین، هەموویان یەکە بە یەکە

---

[154] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری دێرسیمە کە دەوڵەتی تورک بە هۆزات ناوزەدی دەکات.

پەلاماریان دان و لاقەیان کردن. ئەو هاوارانەم لەیاد دەچن؟".
باسکردنی کوردستان و تێگەیاندنی پێویستی تێکۆشان لەپێناو کوردستاندا زۆر ئەستەم نەدەهات بۆ ئەم مرۆڤانەی هێندە بە زیندوویی شاهێدحاڵی کۆمەڵکوژی دێرسیم بوون.

لە خۆزات (DEV-GENÇ – فیدراسیۆنی گەنجانی شۆڕشگێڕی تورکیا یاخود گەنجانی شۆڕشگێڕ) تا دەچوو دەیویست بەناوی (DEV-SOL[155])ەوە کاری ڕێکخستنی بکات. بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو. هەروەها (TİKKO)ش کاری دەکرد. دەوروبەرێکیشی هەبوو کە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ بەستبوون، لە ئاستی نوێنەرایەتیدا بەردەوامیان بە کار و خەبات دەدا. (جاهید) مامۆستا بوو و لەناو خەڵکدا خۆشەویست بوو. بۆ قۆناخی سەرەتا ئەو ئەرکدار کرا. لەو ماوەیەدا کە لەوێ دەماینەوە لەگەڵ هەوادار و لایەنگراندا کۆبوونەوە و گفتوگۆی فرەڕەنگمان سازدەکرد. لە هەمان ئەو ماڵەی تیایدا بووین؛ دوو خوشکێکیش هەبوون کە هەر یەکەیان سەر بە فراکسیۆنێک بوون، تەنیا براکەیان لایەنگری خۆمان بوو. یەکێک لەو خوشکانە لایەنگری (TİKKO) بوو، ئەوی تریان لایەنگری (DEV-SOL). لەگەڵ کۆمەڵێک لە کچان قسەمان کرد کە لەناو

---

[155] گرووپێکی هەڵگری بەیداخی مارکسی و لینینی تورک بوون، لە ساڵی 1978 بە فەرمی ڕێکخراوەکەیان ڕاگەیاند و هەر لەو ڕێکەوتەوە چەندین چالاکی جۆراوجۆریان لەدژی دامودەزگاکانی دەوڵەتی تورک و پارتە ڕەگەزپەرستەکانی ئەو دەوڵەتە ئەنجامدا. تاکۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووش بەشێوەیەکی کارا، بەڵام تاڕادەیەک پەرتەوازە تێکۆشان و خەباتیان کرد، پاشان بوون بە چەند بەشێکەوە. بەدرێژایی ئەو ساڵانەش دەوڵەتی تورک دەستی خستبووە ناو ئەو پارتەوە، بەشێوەیەک کە کۆمەڵێک چالاکیشیان بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن خزمەتی دەوڵەتی تورکی دەکرد و بە دژی خۆیان دەشکایەوە.

گرووپەکانی تردا کاریگەرییان هەبوو و مەیلیان بەلای شۆڕشگێڕییەوە بوو. ئەوسا خۆزات قەزایەکی بچووک بوو، رووداو و پێشهاتەکان زوو کاریگەری دروست دەکرد. هەروەها ژنان و کچانی هەوڵدەر و لێهاتوون، خۆزات لە سالانی نزیکدا گەواهیی چەندین رووداو بوو. لاقەکردنی کچێک لەلایەن سەربازانی دووژمنەوە لە قەرەقۆلێکدا؛ خەڵکی هەرێمەکەی راپەڕاندبوو، سەرهەڵدان کرابوو. واتا خەڵک وەکو جاران نەبوو، بەردەوام لەگەڵ دەرەوەی ناوچەکەی خۆیان لە پەیوەندی دابوون، رەنجدەر و کرێکاریان هەبوو لە ئەورووپا و لە شارە گەورەکاندا. ئاستی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی تیایدا زۆر پاشکەوتوو نەبوو.

ئەم رۆیشتنەمان ئامانجی پێداچوونەوە و ئامادەکاری کار و خەباتی ئایندەمانی هەڵگرتبوو. ناوچەی چەمیشگەزەک خاوەنی پێکهاتەیەکی جیاوازتر بوو. رێکخستنی فاشیستیشی لێ بوو. لە 1938 دا خەڵکێکی تورک هاوردەی ئەم هەرێمە دەکرێن. (پێرتاگ - پەرتەک) و چەمیشگەزەک لەم واتایەدا تێکەڵبوون. (MHP) بە کەڵکوەرگرتن لەم دۆخە، رێکخستنی فاشیستی هێنابووە ناوچەکەوە. دەپ لە رووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەوە خاوەنی پێکهاتەیەکی تێکەڵەیە "کۆسمۆپۆلیتە". بەشداربوونی هەڤاڵ (مەزلوم) و هەڤاڵ (دەلیل)[156] هەرێمەکەی بە زەمینەیەکی گرنگ گەیاندبوو. تەنانەت کاریگەری لە خوێندنگەی ناوخۆی قەزاکەش کردبوو. لە دەپ بیر لە ئەنجامدانی ژمارەیەک چالاکی دەکرایەوە لەدژی هەندێک کەسی سیخوڕ. لەو رۆژانەدا ئۆتۆمۆبێلێکی پۆلیسیش درابووە بەر

---

[156] مەبەست لە مەزلوم دۆغان و دەلیل دۆغانە کە هەردووکیان بران.

دەستڕێژ. بۆیە ناوچەکە گرژیی تێدابوو، پشکنین و ناسنامە خواستن توندتر کرابوو.

ئەگەرێکی گەورەی هەبوو پۆلیس هەڵکوتێتە سەر ماڵان، بۆیە لەماڵێکی دیاریکراو نەدەماینەوە، چەند شوێنێکمان گۆڕی. رۆیشتین بۆ ماڵی (مەزڵوم)ی کوڕی مامەی شاڤاکی[157]. (مەزڵوم) ببوو بە مامۆستا، لە دێرسیم هاوسێماڵ بووین، بۆیە دەمانزانی شۆڕشگێڕە. ئەوسا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو سنووردار بوو، ئێستا ئیتر ببووین بە هاوڕێ و دەچووین بۆ ماڵیان. ئەمەش مایەی خۆشحاڵی بوو. دوو برا بوون کە پێکەوە لەگەڵ دوو کچی عەشیرەتەکەی خۆیان هاوسەرگیرییان کردبوو. هاوژینەکەی (مەزڵوم) لە خۆی گەورەتر دیاربوو. یەکەم جار کە بینیمان حەپەساین، تۆزێکیش بە دڵ پێ سووتانەوە لێمان روانی. کەسێکی بێدەنگ و بەڕێز بوو، بەڵام پێوەی دیاربوو کە دوورە لە سیاسەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێزێکی زۆرەوە خزمەتی کردین.

پاشان رۆیشتین بۆ ماڵێک کە هەڤاڵانی خۆمانی لێبوون. ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵان لەوێ بوون. هەڤاڵان (رەحیمە) و (باقی قارەمان)یش لەوێ بوون. (عەلی گیوندوز) سەبارەت بە ناوچەکە زانیاریی لێوەرگرتن. هەردووکمان گوێمان شلکردبوو. باسیان لە ئاستی پێشکەوتنی هەڤاڵان و رەوشی دەستکەوتە مەعنەوییەکان دەکرد. ماڵی هەڤاڵ (مەزڵوم دۆغان) چۆڵ بوو، لە تێپەڕبووندا پێیان نیشان داین. ماڵێکی یەک قات و بە باخچە بوو، هەروەها ماڵێکی تریان پێ ئاشنا کردین کە پێشتر (کەسیرە) و ئەوانی لێبوون. دواجار بردینیان بۆ ماڵێکی تاک و تەرا و نزیک لە بەشی ناوخۆیی کچانەوە. بەو هۆکارەی لە

157 مەبەست لە مامەیەکە کە خەڵکی ناوچەی شاڤاکە.

دەرەوەی شار بوو هەڤالان بە شوێنێکی پارێزراو و باش لەقەڵەمیان دەدا. ئەوەشیان پێگووتین کە لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراودا دەتوانین بە خێرایی بەرەو دەرەوەی هەرێمەکە بڕۆین.

ماڵەکە ماڵی (گیۆنول تەپە) و ئەوان بوو. تووشی کەشێک بووین کە زۆر جیاواز بوو لەوەی ماڵی خاڵی لە ناوەندی شارەکە. دایکی زۆر گەرم و دڵسۆز بوو هەر بە "بە قوربان" دەستی بە قسە دەکرد. کچە گەورەی ماڵ هێورتر بوو، (گیۆنول) بەپێچەوانەی دادەیەوە زرنگ و چوست بوو. خوشک و برایەکی زۆری هەبوو. ماڵ قەرەباڵغ بوو. بە هەموو شتێکییەوە ماڵێکی پڕ خاتر بوو! بابەتێکی زۆر گفتوگۆ و قسەی لەسەر کرا. (گیۆنول) پرسیارێکی دەکرد، هێشتا ئەمیان کۆتا نەببوو پرسیارێکی تری دەکرد. هاوکات باسی لە هەرێم و ناوچەکە، شار و ئەو هاوڕێ کچانەی دەکرد کە لەپەیوەندیدا بوو لەگەڵیاندا. ئاماژەی بەوەشکرد کە خوازیارە لە هەرێمەکە دەربکەوێت و وەکو پرۆفیشناڵێک کار و خەبات بکات و ئەم پێشنیازەی پێشکەش کرد. ڕاستییەکەی بە پێداگرییەوە ئەمەی بەسەردا دەسەپاندین. خۆی ئاشکرا ببوو، خاڵۆی تۆزێک بە (فیز) بوو. بۆیە پۆلیس رووی تێنەدەکرد. بەڵام لەناو قسەکانیدا ئەوەشی درکاند کە زۆر مانەوەی لەوێ مەترسیدار دەبێت.

لە ڕاستیدا پێشتریش بیری لێکرابووەوە. خوێندنگەکان هێشتا کراوەبوون، ڕێک کاتی ڕێکخستنکردنی توێژی خوێندکاران بوو. مسۆگەر لەدوای تەواوبوونی خولی خوێندن پێویستی پێ دەبوو. بەتایبەتیش کارکردنی خودی ژن لە ڕێکخستنی ژنان و ڕاکێشانیان بەرەو ریزەکانی (رزگاریی نیشتمانیی) بایەخێکی گەورەی هەبوو، کاریگەری دەکرد. خوشکە گەورەکەشی

دەیگووت: "با منیش دەربکەوم". دایکیان ئەگەرچی قسەکانی زۆر بەجددیش وەرنەدەگرت، بەڵام ئەو قسانە شێوەی رووخساری گۆڕی. ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو وەکو بڵێت: "ئەمانە هاتوون کچەکانم ببەن؟" تەماشای دەکردم. بۆ ئاسوودەکردنی دایک، بەدەنگێکی بەرز گووتم "پێویست نییە هەموو کەسێک لەماڵەکەی خۆی دەربکەوێت، بەم شێوەیەش دەتوانن ئەرکەکانتان رابەپەڕێنن".

دایکی، ئەو شەوە چێشتە خۆش و بەللەزەتەکانیی دەرخوارد داین. گفتوگۆ تا درەنگانی شەو خایاندی. لەسەر جێگەی خەویش لەگەڵ (گیۆنول) هەر لە قسەکردن دابووین. کەسێکی زۆر خوێن گەرم بوو، لە پەروەردەی چەولیک سەرکێشی شەڕەکانی دژ بە فاشیستەکانی دەکرد. مانەوەی زیاتر لەماڵەوە سوودێکی نەدەبوو، بەڵام لە دەپ بێ پێگەیاندنی جێگرەوەیەک بۆ کارکردن لەنێو ژناندا، دەرکەوتنی بۆشایی دروست دەکرد. پێویست نەبوو کارێک بکرێت کە بەتەنیا بەجێهێشتنی ئەو دەوروبەرە هەوادار و لایەنگرە سەرنج رابکێشرێت. بەڵام هەڤاڵێک بوو توانستی پێشکەوتنی هەبوو و لە هەر شوێنێک بێت دەیتوانی خەبات بکات. رەچاوی ئەم خاڵەشمان کرد. وابیرمان لێدەکردەوە کە دوای تاوتوێکردنی لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل) ئەوجار دەتوانین پێشنیازەکەی جێبەجێ بکەین.

لەگەڵ (عەلی گیونگدوز) پێکەوە گەڕاینەوە. لەماڵەوە هەندێک پارچە کاغەز هەبوو تێبینی و ناویان لەسەر نووسرابوو. لەو رۆژەوەی رۆیشتبووین بۆ دەپ هەمیشە بیرم لەوانە دەکردەوە، ئەگەر پشکنین بکرایە ئەنجامی باشی نەدەبوو، چۆن ئەم کارەم کرد، هەرگیز شتێکی نووسراوم بەجێنەدەهێشت. نائاسوودەیی ئەوەم لەسەر خۆم پێ لانەدەبرا، لە دڵی خۆمدا دەمگووت: "دەی

خوایە هیچ پشکنینێک نەکرابێت" (عەلی گیونگدوز) لەم بوارەدا هێمنتر بوو. یەکەمجار کە سواری پاسەکە بووین هیچ جێگە نەمابوو. گەنجێک هەڵسا و منیش لەلای دایکییەوە دانیشتم. کارێکی زۆر باش بوو. هەر لە دوای رێگەیەکی کەموکورت لەدەروازەی قۆڤانجیان پشکنین هەبوو. جەندرمە هەموو ئۆتۆمۆبیلێکی رادەگرت و پرسیاری ناسنامەی دەکرد. بەبینینی ئەو رەوشە لەگەڵ (عەلی) بە ئاماژە قسەمان کرد. گوایا یەکتر ناناسین و خزمایەتیمان لەگەڵ ئەم ژنەی پاڵم هەیە. ئەویش رازی بوو. گەنجەکەش لەم بوارەدا هۆشمەند و بە ئاگابوو، بەرەو گوێی دایکی چەمییەوە و بە کوردی پێیگووت: "بلێ خوشکەزامە، ئایشێ یە.. باشە؟!".

دایکی لەژێر سەرپۆشەکەیەوە وەکو بڵێت "باشە" سەری لەقاند. هێشتا ماوەیەکی زۆر کەم بوو لەتەنیشت یەکەوە دانیشتبووین، چەند جارێک هەوڵی قسەکردنمان دا. ئەو بە کورمانجی و منیش بە دملکی - زازاکی زۆر لەیەک تێنەدەگەیشتین، بە تورکی قسەم دەکرد، کەمێک لە تورکی تێدەگەیشت. هێشتا جەندرمە پاسەکەی رانەگرتبوو ژنە هەوڵی دەدا خاوەنداریم لێبکات. دەستی خستە سەر شانم، چەند جارێک دەستی بە سەر و قژمدا هێنا. زۆر بەچاکی رۆڵی دەگێرا. پێم خۆش بوو. سەرپۆشی بەسەرەوە بوو، ئەمەش خاڵێکی گرنگ بوو و سەرنجی رانەدەکێشا، وەها باشتر بوو کە بەلای ئەوانەوە جێگەی بڕوا بێت.

پاسەکە راوەستێندرا. سەربازەکانی دەوروبەر چەکەکانیان بەدەستەوەیە، لە ئامادەباشی دان. رووی لولەکانیان کردۆتە ئێمە. لەسەر شەقامەکە و دەوروبەری راوەستاون. چاوەشی فەرماندایان: "هەموو نەفەرەکان دابەزن، پشکنین هەیە، کەس

خۆی بە هیچەوە سەرقاڵ نەکات، هەموو شتێک لە شوێنی خۆی بهێڵن".

هەموومان دادەبەزین، وەک ژن، تەنیا هەردووکمان هەین، دواینجار ئێمە دادەبەزین.

دەیگووت" ئاهااا! خانمانیشمان لەگەڵدان، ڕێگە بدەن بەم خانمە بەڕێزانە".

ژنەکەی پاڵم لەپێشەوەیە و دەستی لەسەر شانمە، پاشان دەستی گرتم و گووتی "کچی خوشکمە".

من وەکو بڵێی دەمەوێت جانتاکەم بکەمەوە، دەستم بۆ جانتاکەم برد.

چاوەش گووتی: "باشە.. پێویست ناکات!"

پاشان پێیگووتم: "فەرمانبەریت؟"

گووتم:"بەڵێ، فەرمانبەرم"

بەچاوێک لەسەرەوە هەتا خوارەوە تەماشای کردم. پۆشاکم گونجاوە، کەشێکی وەها دەنوێنێت. سوپاسی کرد و گووتی "ببوورن خانمی بەڕێز نارەحەتمان کردن".

ئێمەی ژنان گەڕاینەوە بۆ ناو پاسەکە، پاشان خەریکی نەفەرەکانی تر بوون. لەکاتێکدا تەنیا ئێمە لە پاسەکەدا بووین، چاوەش خۆی کردەوە بە ژووردا و تەماشای دەورووبەری کرد. ژنە سەرلەنوێ شڵەژا، پێمگووت کە هێور بێت و چاوەشەکە بۆ خۆنواندن وەها دەکات. بەڕاستیش هیچ شتێک نەبوو. تەنیا ئەوە بوو کە ژن بووین و ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ خۆنواندنی، بە جددیەتی هیچ هۆکارێکی ترەوە وای نەدەکرد.. پشکنین کۆتابوو، ژنە دوعا و نزای دەکرد و خۆشحاڵ بوو بەوەی ڕەوشێکی نەخوازراو ڕووینەدا. لەگەڵ گەنجەکەدا بۆیەکترمان ڕوانی و خەندەمان کرد. ئەویش و (عەلی گیوندوز)یش ئاسوودەبوون.

ئیتر نەدەبا بەبێ ناسنامە بگەڕێین، پێشتر لە پشکنینەکاندا هیچ گرنگ نەبوو ژن ناسنامەی هەبێت یاخود نا، تەنانەت پرسیاری ناسنامەشیان لێنەدەکرا، بەڵام ئیدی بە وردی ئەم کارەیان دەکرد. لە پشکنینەکەی ئەم جارەدا بە ڕێکەوت پرسیار نەکرا، گووتیان پێویست بە نیشاندانی ناسنامە ناکات. بەڵام ناچاربووم بۆ کاتێکی تر ڕەچاوی بکەم.

زۆر بیر لەوە نەدەکرایەوە کە کار بەگوێرەی ڕەچاوکردنی هەڵسوکەوتەکانی دووژمن و بە تەکبیرەوە بکرێت. ڕێوشوێنەکان کورتخایەن و تۆزێکیش خۆڕسکانە بوون. کەی هەڵکوتان و پەلاماری ڕاستەوخۆی دووژمن لە ئارادا نەبووایە، سستبوون ڕوویدەدا، هاوکات تەنیا هێرشی ڕاستەوخۆ بە مەترسی دادەنرا. لەگەڵ بەسەرهاتنی ئەمجۆرە ڕەوشانەدا کەموکورتییەکانی خۆمانمان دەبینی. بێگومان ئەمەش دۆخێکی گشتگیر بوو. پێویست بوو ناسنامەیەک بۆ خۆم دەربهێنم. سەرلەنوێ ئەو کاغەزانەم هاتەوە بیر کە لەماڵەوە بەجێمهێشتبوون. زۆر گرنگ نەبوون، بەڵام شتێک بوو کە نەمکردبوو. چۆن گەیشتمە ماڵەوە هەموو کاغەزەکانم لەناوبرد.

## ئەریَ ئەم کابرایە کێیە؟

(سەرۆک) هاتە ئەو ماڵەی لە قاتی ژێر زەمینێکدا بوو. ماڵەکە لە دوو ژوور و دوو هۆڵی تەنگ و مەتبەخێک پێکهاتبوو. نزم، بێ هەوا و شێدار بوو ئەمەش کە لەگەڵ سەرمای زستان یەکیان دەگرت بە یەکجاری زەحمەت دەبوو. زستانان دەرفەتی داگیرساندنی زۆپا نەبوو، زۆپایەکی بچووکی لە تەنەکە دروستکراومان هەبوو. لە ژووری یەکەمی نزیک دەرگاکە دامان نابوو. بەڵام لەبەر ئەوەی دارمان نەبوو ئەمیش کەڵکی نەبوو. جاروبار بە پارە سندووقی تەختەمان لە بەقاڵ دەکڕی و دەمان سوتاند، گەرمییەکەی ئەمیش زۆر کاتیی و کورتخایەن بوو.

کەلوپەلەکانی ناو ماڵەکە لە چەولیکەوە نێردرابوون. کەشخەترینیان پەردەی پەنجەرەکان بوو، باش نواندنی ماڵەکە لە دەرەوە شتێکی باش بوو. هەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکان بەس بوو. لە ژوورەکەی یەکەمدا تەنیا سیسەمێکی یەک کەسیمان هەبوو. لە ژوورەکەی پشتەوەشدا جێنوێنێکی وەکو قەرەوێڵە هەبوو.

لەبەر ئەوەی دۆشکی ئیسفنج باشتر بوو کە (سەرۆک) هات لەسەری دەخەوت. سەرچەف و بەتانی هەمیشە خاوێن بوون. بەگشتی ماڵەکەشمان خاوێن رادەگرت. هەرگیز لەیادم ناچێت؛ بۆ راکێشانی شێ و تۆزێک گەرمکردنەوەی، خاولییەکمان لە ئوتوەکە پێچابوو و خستبوومانە ناو پێخەفەکەوە. بەڵام دیسانیش شێیەکەی هەر دەمایەوە. (سەرۆک) پێیگووتن: "پێخەوەکان خاوێنن، بەڵام کەمێک شێدارە". هێندەی (سەرۆک) لەو ماڵە دابوو بەهۆی کاروبارەکانمانەوە بەیانییان دەڕۆیشتین و درەنگ دەهاتینەوە. (سەرۆک) بەتەنیا لەماڵەوە دەمایەوە.

ڕۆژێکیان کە گەڕامەوە بینیم (سەرۆک) کەفییەکەی کردبوو بە بەرسنگ و ماڵەکەی خاوێن دەکردەوە. لە خاوێنیشدا زۆر بەدیقەت بوو. لە هەر شوێنێک بووایە هەرگیز پەرش و بڵاوی و پیسی بەدی نەدەکرا. لەنانی بەیانیدا خواردنی بابۆڵە و پیازەکەی ناوازە بوو.

(سەرۆک) گرنگی بە هەموو بوار و لایەنێکی ژیان دەدا. بۆ گەیشتن بە ئامانج دەژیا و بۆ ژیانیش لەدۆخی تێکۆشانێکدا بوو، لەگەڵ هەر شتێک کە پێویست بووایە. بەم هۆکارە خاوەنی هێزی ڕاکێشانێکی زۆر گەورەی گۆڕین و گۆڕانکاری بوو. لەماوەی مانەوەی لە خارپێت چەند شوێنێکی گۆڕی. لە ماڵەکەی پشت ماڵی (ساریکایا) لەلای مامەم و ئەوان دەمایەوە. لەم نێوەدا لەگەڵ هەموو کەسێک قسەی دەکرد. دیالۆگ، پرسیار و قسەکردنەکەی کاریگەری لەسەر هەموو کەسێک دەکرد. (مەمۆ) کە دواتر پێی زانیبوو (سەرۆک)ە، دنیای خراپ دەکرد. ئەو ڕۆژە لەماڵەوە هەموو کەسێک بەجددی دانیشتبوو، ڕۆژنامەمان دەخوێندەوە، (مەمۆ)ش هاتبوو. سەری لەو دۆخە سوڕما بوو. چەند جارێک بێ نەزاکەتانە دەیویست ئەو کەشە لەبار ببات. بێدەنگی بێزاری کردبوو، بەڵام کەس خۆی لێ نەگەیاند. کاتێک واتای پێنەدا خۆیشی دانیشت و وەکو بڵێی دەخوێنێتەوە ڕۆژنامەیەکی گرت بەدەستییەوە. ئەمەش لەچاوی (سەرۆک) ون نەدەبوو. لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکەدا جاروبار چاوێکی بەرزدەکردەوە تەماشای دەکرد، دەیویست بزانێت تاچەند بە ئامانجەوە و بەجددی ڕۆژنامە دەخوێنینەوە، پرسیاری هەواڵە گرنگەکانی ڕۆژنامەکانی تر و چۆنێتی شیرۆڤەکردنی بابەتە هاوبەشەکانی لێدەکردین، بە قسەی دەهێناین.

(مەمۆ) تەماشای شوێنێکی ڕۆژنامەکەی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگووت: "ئەمە چیە، کێیە؟" وایدەنواند کە بە جددی شتێک دەخوێنێتەوە. سەردێڕی هەواڵەکانی دەخوێندەوە. لە خوێندنگە زۆری نەخوێندبوو، حەزیشی لە خوێندن نەبوو، بە پێویستی نەدەزانی. (مەمۆ) چالاک و بەکردار بوو! چەکی خۆش دەویست، حەزی لە لێدان و شکاندن بوو، لەم بوارەدا یەک لایەنە و تەنگ بوو. بەڵام ئەو ئەمەی بە ڕەوشێکی زۆر ئەرێنی وەردەگرت، هاوکات لەدەرەوەش ئەم لۆژیکەی بە ڕەوا لێکدەدرایەوە و وەکو پیاداهەڵدانێک دەبیندرا. (مەمۆ) لە بێزاریدا ڕۆژنامەکەی تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد، ئاگای لێ نەبوو کە زۆر دەنگ دەردەخات. ڕێک لە کاتێکی وەهادا سەرۆک گووتی: "ئەو ڕۆژنامەیە چی تیادایە، چی دەڵێت؟" بە ئاماژەکردن بۆ سەردێڕێک لە سەردێڕەکانی ڕۆژنامەکە بەردەوامیکرد "لە نووسراوەکەی خوارەوەیدا چی دەگووترێت؟".

(مەمۆ) بەم پرسیارە تێکچوو، بەڵام دەشزانێت کە پێویستە وەڵام بداتەوە. بە نیوە و ناچڵ سەردێڕەکەی بەچەند شێوەیەک دووبارە کردەوە. سەرۆک پێیگووت: "ڕۆژنامەکە بەجوانی بخوێننەوە، تەنیا سەردێڕەکانی دەخوێننەوە. وەها نابێت. هەموو ڕۆژنامەکە هەڵدەگرن و باش تەماشای دەکەن، هەروا تەنیا سەیرکردن لە وێنە و سەردێڕەکان لەجێی خۆیدا نییە".

(مەمۆ) ئەو شەوە هەر بیری لێکردەوە، بێدەنگ بوو. لە ڕۆیشتندا لەبەر دەرگا گووتی: "ئەرێ باشە ئەم کابرایە کێیە، پەرێشانی کردم. ئەوەی بیەوێت دەیخوێنێتەوە، ئەوەی نەیەوێت ناخوێنێتەوە، بۆچی دەستی خستە ڕۆژنامە خوێندنەوەکەمانەوە؟"

بەڵام سەرەڕای هەموو پێداگرییەکیشی پێم نەگووت کە (سەرۆک ئاپۆ)یە. بەگشتی ئەگەر شیمانەشیان بکردایە بەکەسمان نەدەگووت (سەرۆک ئاپۆ)یە. (مەمۆ)ش لەدوای دەرکەوتنی (سەرۆک) لە هەرێمەکە زانیبووی کە (سەرۆک ئاپۆ) بووە، وەکو منداڵ پێی دەکێشا بە زەویدا و دەیگووت: "چۆن شتی وەها دەبێت، بۆچی پێتان نەگووتم. ئیتر لەمەودوا دەست بە خوێندنەوەی رۆژنامە و پەڕتووک دەکەم، حەز لە خوێندنەوەش دەکەم". دەشێت زۆر کەم خوێندبێتی، بەڵام بەڵێنەکەی جێبەجێ دەکرد و کردیشی.

هەڤاڵ (جەمیل) پێیگووتین کە پێویستە رەشنووسی پەڕتووکی تازە ئامادەکراوی پەیڕەو و پرۆگرام و بەتایبەتیش (مێژووی پارتی کۆمۆنیستی) بخوێنینەوە و کاری لەسەر بکەین. (مێژووی پارتی کرێکارانی ڤێتنام)، (مێژووی پارتی بەلشەفیک) و مێژووی پارتی وڵاتانی وەکو چین دەخوێنینەوە و تێبینمان لێوەردەگرتن. تەنانەت لەگەڵ (مەڕاڵ) پێکەوە نووسراوێکمان ئامادە کرد. بەم شێوەیە بە خوێندنەوە، قووڵبوونەوە، گفتوگۆکردن و گەیشتین بە هەندێک ئەنجامی دیار و بەرچاو سوودبەخشتر بوو. بێگومان مەبەستێکی بەرجەستەمان بە ئەقڵدا نەدەهات. زەمینەی خۆگەیاندنی تەڤگەر بە هێزێکی سیاسی دەڕەخسا. تەڤگەر گەشەی دەکرد و بەهەموو لایەکدا بڵاودەبووەوە. پێویست بوو لەسەر هەر کەسێکی خەباتکار و کادیرێکی تەڤگەر لە هەموو بوارێکدا خۆی پێشبخات و ببێت بە وەڵام بۆ پێشهاتەکان.

لەم بوارەدا کارەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی (سەرۆک) هەمیشە بە نموونە دەهێندرانەوە، وەکو تایبەتمەندییەکی تەڤگەرەکەشمان لێکدەدرایەوە. پێویست بوو

ئەزموون لە کردە و رابردووی هەموو وڵاتێک وەربگیرێت و بەشێوەیەکی جەوهەرییانە و لەچوارچێوەی رەوشی تایبەتمەندی ناوچەکەدا تێروتەسەل بکرێت. پارتی چییە، کار و خەباتی پارتی چۆنە، پارتی و رێکخستن چۆن بەپێی هەلومەرج خۆیان دەرەخسێنن؟ هەموو ئەمانەمان تاوتوێ دەکرد. لەگەڵ هەڤالانی تریش گفتوگۆمان لەسەر دەکرد. (عەلی گیوندوز)، (حسێن تۆپگیودەر)، (مەتینی کەڕ) ئامادەبوون. سەرجەم هەڤالانی خەباتکار لەم رووەوە دەستیان بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کردبوو.

(حسێن تۆپگیودەر) خەڵکی پاڵی سەر بە خارپێت بوو. دوای جیابوونەوەی لە (KUK) و هاتبووە نێو ریزەکانمانەوە. کادیری سەرکردایەتی (KUK) بوو. ئەوسا نێوان ئێمەو (KUK) یش گرژ و ئاڵۆزبوو. بەتایبەتیش لە هەرێمی مێردین هەندێک لایەن کێشەکانیان جددیتر دەکرد. پێویست بوو پەردە لەسەر تایبەتمەندی گرووپی نەتەوەپەرستی بۆرژوازی بچووک و خەسڵەتی چینایەتییان فڕێبدرایە، ئەگەرنا ئەوانە بەشێوەیەکی زۆر ساختە لەژێر ناوی خاوەنداریکردن لە کوردستان کۆت و بەندێکی گەورەیان دروست دەکرد. سەرەڕای ئەوەی لەبەرامبەر بەمانەدا تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی بەبنەما وەردەگیرا، ناوبەناو فشاریان بۆ دەهێناین تا توندوتیژی بخرێتەگەڕ. لە راستیدا دووژمن لە رێگەی چەند قۆڵێکی بەمجۆرەوە هێرشی دەکردە سەرمان. لەگەڵ ئاشکرابوونی (پێنج پارچەچییەکان)، بەتایبەت لە هەرێمی دێرسیم و دیلۆک گرووپێکی بەناوی (تێکۆشین)ەوە هێنایە کایەوە. بەشێوەی گرووپ جیابوونەوەی (KUK) رووداوێکی ئاسایی نەبوو. روون و تا دوا ئەندازە زانستیانە و بە ئایدیۆلۆژی و سیاسەتێک کە لە هەموو روێکەوە راستینەی

کوردستانی دەردەبڕی، تا دەهات هەموو چین و توێژێکی لەنێو خۆیدا جیادەکردەوە.

هەر مرۆڤێکی راست و دروست کە بڕیاری شۆڕشی دابێت، هەر شۆڕشگێڕێک کە دەرکی بە نیشتمانپەروەریی و شۆڕشگێڕیی کردبێت، ناچار بوو جێگەی خۆی لەناو تەڤگەرێکی وەهادا بگرێت کە بڕیاردارە لە پێشەنگایەتیکردنی شۆڕشی کوردستاندا. ئەمە ئەنجامی سرووشتیانەی ژیان و تێکۆشان بوو و گرنگ بوو، پەرەسەندنێک بوو کە راستینەیەکی زۆر نایابی دەردەخستەڕوو. ئەو هەڤالانەی لە گرووپەکانی ترەوە هاتبوون، دەشێت زۆر ئەستەمییەکی ئەوتۆ نەیەتە رێیانەوە، بەڵام کاریگەری هەندێک خەسڵەت و خووی تریان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. (حسێن) وەکو کەسێتی هێواش، سست بزاوت لە رەواڵەتدا بێدەنگ، بەڵام لە راستیدا زۆر قسەویست بوو، ئاستێکی دیاری تیۆری و ئایدیۆلۆژی هەبوو، دوور نەبوو لە بابەتی رێکخستنەوە، زۆر بیانی و دوورەپەرێز نەدەوەستا، بەڵام دیسان کاریگەرییەکی خەستی شێوەگرتنی (KUK)ی لەسەر بوو، کاردانەوەکانی جیاوازبوون. شێوەگرتنی شۆڕشگێڕانی کوردستانیش زۆر جیاواز بوو، شەڕکەر، بەجموجۆڵ، تەنانەت لە شێوازی دەربڕینی ئایدیۆلۆژی و سیاسەتدا جیاوازن. لەناخدا پابەندییەکی جوان و واتادار، رێز و خۆشەویستی هەبوو. (حسێن) بە جیاواز دانانێم، هەرگیز ئەو خاڵە جیاوازانەم زەقنەدەکردەوە، بەپێچەوانەوە ئەویش هاورێیەتییەکی خۆڕسک و سرووشتی کار و خەباتکردن و نزیکبوونەوەی هەبوو. بەڵام بەهۆی ئەو جیاوازییانەشەوە جۆرە بیانیبوونێکیشی لەخۆوە دەگرت. (حەیدەر ئەرئۆغلو) ئاراستەی بە هەوادار و لایەنگرانی تر دەدا کە کەسێکی زیندە، چالاک، گەرموگوڕتر بوو، لە

دواناوەندی ئەتاتورک دەیخوێند و لە خوێندنگە لە ریزی پێشەوەبوو، نوێنەری خوێندنگە بوو، خیتابێکی سەرنج راکێش و بەکاریگەری هەبوو.

لە رێگەی هەڤالانی خەڵکی دەوروبەری شوێنەکانی وەک (پاڵی - پالو)، خۆمان دەگەیاند بە بازاڕ و دوکاندارانی ناو شار و قورساییمان دەخستە سەر رێکخستنیان. تەنانەت دوکانی وەها هەبوو هەڤالان دەیانتوانی چەکەکانیان لەوێ بشارنەوە، لەوێوە چالاکی ئەنجام بدەن. چالاکی بۆمبکردنی هەندێک ماڵی سیخوڕ یاخود ماڵی فاشیستەکان ئەنجامدران، سەرەتا لە دەوروبەری فەوزی چەخماخ کرا، بوو بە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر فاشیست ماڵەکانیان بەجێبهێڵن و رابکەن. ئەوانەی خۆمان جاروبار چەند لوقمە دینامێتێکیان دەخستە ئەو ماڵە چۆڵکراوانەشەوە. تەڤگەرەکەمان وەکو تەڤگەرێکی؛ چالاکی و بۆمب هاوێژ دەناسرا و لێکدەدرایەوە. ئیتر کە باسی توندوتیژی دەکرا یەکەم جار شۆڕشگێڕانی کوردستان بە ئەقڵدا دەهات. هەندێک پێیاندەیانگووتین (UKO)چی، هەندێک (نیشتمانپەروەر- نەتەوەیی) و بەڵام بە کەمیش بێت ناوی (شۆڕشگێڕانی کوردستان) بەکارنەدەهێنرا کە واژۆی ژێر بەیاننامەکانمان بوون.

(عەلی گیوندوز)لەڕووی تیۆری - ئایدیۆلۆژییەوە گەشەی کردبوو، بەهرەی رێکخستنکردنیشی هەبوو. لە قۆناخی یەکەمدا زیاتر سەرگەرمی لایەنگرانی زانکۆ و دەوروبەری بوو، لە (مەتینی کەڕ) بەکاریگەرتر بوو. (مەتینی کەڕ)یش ئاستی تیۆری و ئایدیۆلۆژی زۆر جیاواز نەبوو. بەڵام لە پەیوەندییەکاندا زۆر توند و وشکتر بوو، زوو کاردانەوەی نیشان دەدا، بێگومان گوێگرانییەکەی کاریگەری هەبوو لەمەدا. لەکاتی خۆیدا و

راستەوخۆ تێنەگەیشتن لە قسە، دووپات کردنەوە، بەپێی خۆی شیرۆڤە کردنیان کاریگەری لە کەسی بەرامبەر دەکرد. بەردەوام لە قاوەخانەکان بوو. لە خارپێت، راستییەکەی لە فەوزی چەخماخ قاوەخانەکان رۆڵی دەزگا و رێکخراوەیان دەبینی. لەو رۆژانەدا دەچووینە هەموو دەزگا و رێکخراوەکانی سەر بە گرووپەکانی تریش. گفتوگۆکردن لەو جۆرە شوێنانەدا کاریگەری دەبوو. بەم هۆکارە بە شێوازی جیاجیا هەوڵ دەدرا رێگری لە چوونمان بۆ دەزگا و رێکخراوەکانی تر بکرێت. تەنانەت هەوڵیاندەدا وەها نیشانمان بدەن کە ناکۆکین لەگەڵ سیاسەتی خۆماندا.

دەیانگووت: "UKOچییەکان لەلایەک دەزگا دیموکراتی و خەباتی فەرمی رەتدەکەنەوە، لەولاشەوە دەچنە رێکخراوە و کۆمەڵەکان، تەنانەت دەزگای خۆیان دروست دەکەن، ئەمە چۆن بێ بڕیارییەکە". بەو هۆکارەی خۆیان چەقیان بەستبوو لە رێکخراوە و کۆمەڵەگەری کە وەکو مەیدان و ئامرازی سەرەکی تێکۆشانیان بوو بە ئێمەشیان دەگووت: "یان وەرن ئێوەش رێکخراوە و کۆمەڵەدامەزرێنن، یاخود سوودمەند نەبن لێیان!". ئەمە لەکاتێکدا بوو کە سیاسەتمان لەم بابەتەدا دیار بوو: دووژمن لە کوردستاندا هیچ مافێکی دیموکراتی، مافێکی خەباتکردنی دیموکراتیان نەهێشبووەوە. باس لە کام رێکخراوەی دیموکراتی دەکرا؟

هەڤاڵان هەر کاتێک ئەم جۆرە گفتوگۆیانە بخرایە رۆژەڤەوە دەیانگووت: "ئێمە لە کوردستاندا تەنانەت دەزگای پاراستنی چۆلەکەش ناکەینەوە. ئەو دەزگایانەی ئێوە دەیکەنەوە ئایا خۆتان دەزانن بە چی ناوێکەوە کراونەتەوە؟.." ئەو دەزگایانە کە لەژێر ناوی (گەشەپێدان - پێشخستنی کولتووری) کردبوویانەوە

وەکو مافێکی دیموکراتی تەماشایان دەکرد، ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی هەر زۆر بێ واتا بوو. لەدژی کردنەوەی کۆمەڵە و دەزگا نەبووین لەژێر هەر ناوێکدا بکرێتەوە کە وەکو ئامراز بەکار بهێندرێت، لە چەند شوێنێک لەژێر ئەو ناوانەدا دامودەزگا کرانەوە. بەڵام بەهۆی زوو ئاشکرابوونی ئامانجی راستەقینە لە کرانەوەیان، هەر زوو دادەخران. دووژمن مۆڵەتی بە کارێکی وەها نەدەدا. ئەوانەی لە ئاستێکدا کۆمەڵە و رێکخراوە و دەزگاکان بە تاکە رێباز و ئامرازی تێکۆشان دەبینین، هەرگیز نەیاندویست لە راستی مەسەلەکە تێبگەن. سەرباری هەموو شتێک دەچووینە رێکخراوە و کۆمەڵەکانەوە و گفتوگۆی پێویست و پڕووپاگەندەمان بۆ دەکردن.

## کۆبوونەوەیەکی مێژوویی لە گوندی فیس[158]

لەناو خۆدا قووڵبوونەوە، هزراندن، گفتوگۆ و کار و خەباتمان لەسەر پارتی و بەپارتیبوون، بەردەوامی دەکرد. هەڤاڵ (جەمیل)یش چاوێکی بە تێبینییەکانماندا خشاندەوە، هەندێک خاڵی دەخستە سەر تاوتوێ و لێکدانەوەکانمان. شێوازی پەیڕەوکاری ناوەندگەرایی دیموکراتی بەشێوەیەکی گشتی لە پارتە کۆمۆنیستە کلاسیکەکاندا، وایدەکرد لە گفتوگۆکاندا پێویستی زیاتر بە ناوەندگەرایی ببیندرێت، بەتایبەتیش بۆ رەوشی ئەوسا. لە تایبەتمەندی یەکتر گونجاندنی ناوەندگەرایی دیموکراتی زیاتر، بە هەڵەداچوونی بەپێی هەلومەرج لێکجیاکردنەوەی هەردوو دۆخەکەی هێنابووە ئاراوە. گفتوگۆیەکی زۆرمان لەسەر ئەم خاڵە کرد.

لەگەڵ ئەم گفتوگۆیە لە ئاستێکی دیار و بەرچاودا بۆمان دەردەکەوت کە هەلومەرجی کوردستان جیاوازە و پێوانە گشتییەکان و شێوازەکانی پەیڕەوکردن لەلای ئێمە وەڵامی پێویستییەکانی نەدەدایەوە. هەڤاڵ (جەمیل) ئاستی هەنووکەیی تێکۆشان و ئەو پێشکەوتنانەی دەنرخاند کە لە کۆمەڵگەدا بەرجەستەی کردبوو. پرسیاری جیاجیای دەکرد و خۆی وەڵامی دەدانەوە. ئەمەش لە راستیدا جۆرە ئامادەکارییەک بوو. بەڵام بە تەواوی نەماندەزانی ئامادەکاری چییە. تەنیا شیمانەی ئەوەمان دەکرد کە هەندێک گۆڕانکاریی لە شێوازی رێکخستندا گیراوەتە بەر. لەم رووەوە هیچ پرسیارێکیشمان نەدەکرد. لەچوارچێوەی

---

[158] گوندێکی سەربە شارۆچکەی لیجەی پارێزگای ئامەدی باکووری کوردستانە.

پرەنسیپی نهێنی پارێزی و دیسپلینی شۆڕشگێڕییدا، بەلایدا نەدەچووین. جگە لە مەراقێکی سرووشتی، جێگەمان بە هیچ مەراقێکی تر نەدەدا.

هەڤاڵ (جەمیل بایک) دوایین ڕۆژ پێیگووتم: "خۆت ئامادە بکە دەڕۆین بۆ شوێنێک". (حسێن تۆپگیودەر)یش لەگەڵمان دەهات. (عەلی گیوندوز) لەگەڵ گرووپێکی تر کەوتبووەڕێ. کۆتاییەکانی تشرینی دووەم بوو. هەوا سارد و جل و بەرگێکی ئەوتۆشمان نەبوو کە لەبەری بکەین. کارێکی راستیش نەبوو هەمان ئەو جلانەم لەبەر بکردایەتەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو لە خارپێت لەبەرم بوون. زیاتر لە رووی پاراستنەوە بیرم لێدەکردەوە. هەروەها رێگەکەش تۆزێک دوور بوو. ئەمەم ناڕاستەوخۆ بەرگوێ کەوتبوو. دەستبەجێ رۆیشتم بۆلای (جەمیلە). ئەو مامۆستا بوو، جلی یەدەگی هەبوو. چاکەت و پێڵاو لەو و پانتۆڵ و بلوزیشم لە (سەمرا) وەرگرت. جلوبەرگ دابین بوو و کەوتینە رێ.

پاسەکە بۆ یەکەمین پشوو لە مادەن راوەستا. شێوەی خانوو و ئەندازیاریی ناوچەی مادەن سەیربوو. لە پاڵ تاشەبەردێکی زەبەلاحدا وەک بلێی خانووەکان بەسەر یەکەوە دروست کرابن وابوو. لە بەشی خوارەوەیدا کەناری چەمێک هەبوو. شەقامە سەرەکییەکەش بە بەرامبەریدا تێپەڕ دەبوو. لە چێشتخانەکەوە هەموو لایەکی مادەن دەبیندرا. هەڵبەتە شوێنێک بوو بەهێندەی لەپی دەست، زۆر گەورە نەبوو. دەمەو ئێوارە گەیشتینە ئامەد. پێشتر جێگا دەستنیشان کرابوو، رۆیشتین بۆ ئەو جێگەیە. (حسێن) لەوێ بەلایەکی تردا چوو. لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل) رۆیشتین بۆ تەلاری گیونایدن لە ناوچەی باغلار.

تا ئەو کاتەش نەماندەزانی بۆ کوێ، بۆ لای کێ، بۆچی دەچووین و هیچ پرسیاریشمان نەکرد. (سایمە ئاشکن) دەرگاکەی کردەوە. (سەرۆک) لەوێ بوو، تەوقەمان کرد. لە شوێنی دانیشتنەکەیدا چەند پەرتووکێک هەبوون. (مێژووی RSDİP - پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی رووسیا)، (هەنگاوێک بەرەو پێش دووان بەرەو دواوە - لینین)، (سەبارەت بە رێکخستن - لینین) هەموویانم هەڵگرت و تەماشام کردن. (سەرۆک) پرسی: "چۆن بوو، توانیتان لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکەن؟ توانیتان لە ئاستێکی بەرچاودا قووڵبوونەوەیەک بەئەنجام بگەیەنن؟"

(سەرۆک) بە سەرنج راکێشان بۆ چەند خاڵێک بەردەوام بوو لەسەر قووڵبوونەوە. ئەگەرچی ناوبەناو پرسیاری جیاواز و پرسی جیاوازیشی بخستایەتە بەر باس، بەڵام خاڵی سەرەکی بیرکردنەوەکەی جیاواز بوو. لەبەرامبەر بەم رەوشەی (سەرۆک) ئێمەش رەچاوی هەموو هەڵسوکەوتێکمان دەکرد، نەماندەویست سەرنجی بڵاو بکەینەوە. لاپەڕەی پەرتووکەکانی بەردەستمان بە هێواشتر هەڵدەدایەوە.

(سایمە) پەرتووکی دەخوێندەوە. تەنیا گووتەی "بەخێر بێن"ی لێ بیسترا و تەوقەمان کرد و هەر ئەوەندە. لە تاقەکەی سەرەوەدا رادیۆیەک داگیرسابووە و بەدەنگێکی کەم مۆسیقایەک دەکەوتە بەرگوێ. بەلایەوە ئاسایی بوو و وادیاربوو بێخەم بوو. یەک دوو جار تەماشایەکم کرد. هەر لە پەرتووک خوێندنەوەکەی، دانیشتنەکەی تا گوێگرتنی بۆ رادیۆکە تێبینی هەموو هەڵسوکەوتێکیم دەکرد. دوایین جار لە دێرسیم بینیبووم. زۆر لە نزیکەوە نەمدەناسی. لە پەیمانگەی مامۆستایان دەیخوێند. ئەو کاتە پەیوەندی لەگەڵ (TİKKO)دا هەبوو و

هەموو ئەو خاسیەتانەی بەلای منەوە نابەجێ بوون. هەندێک قسە و باس لەسەر ژیان و جۆر و شێوازی پەیوەندییە کەسێتییەکانیشی هەبوو، ئەمەش کاری تێکردبووم. بەگشتی وەکو کەسێکی سارد دەهاتە بەرچاو. دواتر کە پێمزانی هەڤاڵی خۆمانە خۆشحاڵ بووم و گووتم: "تەڤگەرەکەمان کێ راکێش ناکات؟". ئاستی تێگەی تیۆری لە هەموومان پێشکەوتووتر بوو. هێزی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی باش بوو، بەم تایبەتمەندییەی دەناسرا. پێشکەوتنی ئاستی تیۆری - ئایدیۆلۆژی ژنان گرنگ بوو. ژنێکی سیاسی و تێگەیشتوو و بەکاریگەر و سەرنجڕاکێش دەبوو. پاشان نێردرا بۆ شاری رۆحا (ئورفا) و لەوێ هەم مامۆستایەتی دەکرد و هەمیش کاروباری رێکخستنی رادەپەڕاند. کاتێک هەڤاڵ (کەمال پیر)[159] و هەڤالانی تر لەو ماڵەدا دەستگیر دەکرێن کە ئەمیشی لێبوو، چیدی لەوێ نامێنێتەوە و شوێنی خەباتی بۆ ئامەد دەگوازرێتەوە. باشە؛ ئەی (کەسیرە) لەکوێ بوو؟ لە راستیدا لە مەراق زیاتر، بەو هۆکارەی شیمانەم دەکرد ئەویش لەو ماڵە بێت وەها بەدوایدا دەگەڕام. خواردنیان هێنا، چێشت دوو رەنگ و خوانەکەش بە سەوزە دەوڵەمەند کرابوو. هەڤاڵ (جەمیل) بە دەنگێکی نزمەوە و بە گاڵتەوە گووتی: "ئەم ئەرک کێشانەتان تەنیا بۆ ئێمەیە یاخود؟" (سایمە) لە وەڵامدا "نەخێر، خوانەکەی ئێمە هەمیشە بەمشێوەیە، لێرە کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە".

---

[159] لەدایکبووی 1952 لە شاری گیرەسوونی هەرێمی دەریای رەشی تورکیایە، لە پێشەنگان و دامەزرێنەرانی(PKK) یە لە چالاکی مانگرتنی تامردن واتا بەرخۆدانی 14ی تەمموزی 1982لە زیندانی ئامەد شەهید بوو. چالاکییەکەی نزیکەی دوو مانگی خایاند.

بەم شێوەیە هەڤاڵ (جەمیل) ساوەر و مەعکەرۆنییەکەی ئێمەی ئاشکرا کرد. لە خارپێت دەرفەت سنووردار بوو، بەڵام هەندێکیش بەهۆی زۆر دەستگرتنمانەوە بوو بە خەرجییەکانەوە. بەم هۆیە ناومان بە 'دەستقوچا و چکوس' دەرکەوتبوو. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەو راستییەش هەبوو کە هەڤاڵ (نۆمان) هێشتا تامی ئەو باینجان و بیبەرە سوورکراوەی لەیاد نەچووبوو کە لەگەڵ (سەرۆک) لە ژێرزەمینەکەدا خواردبووی. دیارە تامی سیر و مەعدەنوسەکەی بوو!

(سەرۆک) وەکو هەمیشە زۆر بەخێرایی نانی دەخوارد. شێوازی خواردنەکەشی تایبەتە بەخۆی. یەکەمجار کاتێک لە خارپێت بووین لە (ماڵە سپی)یەکە دەرکەوتین و چووین بۆ چێشتخانەیەک لەوێ شێوازی نانخواردنەکەی سەرنجی راکێشابووم. ڕێڕۆیشتنەکەشی جیاواز بوو. زۆر توند و حاکم بوو. لەکاتێکدا ئێمە لەسەر خواردن بووین، (کەسیرە) هاتە ژوورەوە و تەنیا 'مەرحەبا'یەکی کرد.

بەهێواشی وەک لە شوێنی خۆم هەڵسم، خۆم راست کردەوە، وامزانی تەوقەمان لەگەڵ دەکات، کاتێک کە رۆیشت و لەوپەڕی دیوان دانیشت، تۆزێک تێکچووم و وەهاش تەماشایەکی خۆیم کرد. لە بەشی ناوەوە لە گەرماوەکە دەرکەوتبوو. لەگەڵ ئێمە نانی نەخوارد. دووبارە هەڵسا و چووە ژوورێکی ترەوە. (سەرۆک) گووتی: 'هەر لەدوای نانخواردن دەڕۆین'.

بیرم لەوە دەکردەوە کە بەواتای رۆیشتنە بۆ شوێنێکی تر. پرسیاری: 'ئەمە ئەو ماڵە نەبوو کە (سەرۆک) تێیدا دەمایەوە، یاخود؟' هاتە خەیاڵم. بەڵام نەمویست لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکەم و گووتم: 'هەر چۆنێک بێت روون دەبێتەوە'. لەماڵەکەدا کەشێکی سارد و مەنگ هەبوو کە بە ئاسانی هەستم پێکردبوو.

ئەگەرنا تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو (سەرۆک) لە ماڵە و پێویست بە بێدەنگی هەبوو. نەخێر.. چاودێریم دەکرد و ئەگەرچی لەلای خۆمەوە هەندێک هەڵسوکەوتم لێکدەدایەوە، بەڵام مەحاڵ بوو لە هەموو شتێک بگەم و واتای پێبدەم. لەو خاڵەشدا نەمدەویست زۆر بیر بکەمەوە. (سەرۆک) تەنانەت لە کاتی نانخواردنیشدا جاروبار چاوێکی بە پەڕتووکەکاندا دەخشاندەوە و پرسیاری دەکرد. هەندێک لە بابەتەکانی شیرۆڤە دەکرد، چەند کارێکی بە جارێک دەکرد. لەو کاتەدا زەنگی دەرگا لێدرا، گووتیان: "ئۆتۆمۆبێل هات، ئامادەیە" (سەرۆک) بە جوڵەیەکی لەناکاو هەڵسا و گووتی: "دەی با بڕۆین!".

(سەرۆک)، هەڤاڵ (جەمیل)، (کەسیرە)، هەر چوارمان سواری ئۆتۆمۆبێلێک بووین. هەڤاڵ (جەمیل) لەپێشەوە، لە بەشی دواوەش (سەرۆک)، لەلای چەپەوە من و (کەسیرە)ش لەنێوانماندا. شۆفێر لە هەندێک شوێن گلۆپی ناو ئۆتۆمۆبێلەکەی دەکوژاندەوە و زۆر بە وریاییەوە ئۆتۆمۆبێلەکەی لێدەخوڕی. (سەرۆک) ناوبەناو ناوی ئەو شوێنەی دەپرسی گوزەرمان دەکرد، قسەی بۆ دەکردین، بەڵام (کەسیرە) هیچ قسەی نەدەکرد. بۆ یەکەمجار لەوێکانە گووتم: "چەند ساردە!" ئەمە لەکاتێکدا بوو تا ئەو کاتە من تێڕوانین و بیرکردنەوەم بۆی پێچەوانەی هەموو کەسێک بوو. لەگەڵ (سەرۆک) وەکو دوو دونیای جیاواز وابوون. تۆبڵێی لە هەستەکانمدا بە هەڵەداچووبێتم؟ بۆچی (سەرۆک) و (کەسیرە) لەگەڵ یەک قسەیان نەدەکرد؟ بەردەوام دەمگووت: "کەواتە وا پێویستە". لەمەڕ هەڵسوکەوتەکانی ماڵەوەشی دەمگووت: "پێویست بە فەرمییەتە، بەهۆی زۆری کارەوە وەها هەڵسوکەوت دەکەن؟ نەخێر مسۆگەر شتێکیان لەنێوان دایە". بێگومان ئەم قسانەم لە دڵی خۆمدا دەکرد. زمانم

نەدەبزووت بیاندرکێنم. وەک گوناحێک بوو. ئەم قسانەی کە لە دڵی خۆشمدا کردبووم؛ شەرمەزاری دەکردم. لەکوێوە هێنام، لەکوێوە پەیدامکرد "شتێک هەیە!" ئەمە چییە؟ (کەسیرە) خۆی لە خۆیدا کەسێک نەبوو زۆر قسە بکات. هەوڵمدەدا بڕوا بە هەڵەداچوونی خۆم بکەم، بەڵام نەدەبوو.

دواجار گەیشتینە گوندی فیسی سەر بە شارۆچکەی لیجەی ئامەد. لەلای راستی شەقامی سەرەکی نزیک چوار رێیانەکەدا بوو، گوندێکی پڕ لە باخ و باخات..! ئەو ماڵەی کە بۆی چووین لە دەرەوە گەورە دیاربوو. وەکو شوێنی کەسێکی دەوڵەمەند دەهاتە بەرچاو. زۆر بە وریایی و دیقەتەوە چووینە ژوورەوە.

دوایین جار دەوروبەرمان کۆنترۆڵ کرد. ماڵەکە لە شوێنێکی تاکوتەرا بوو و لە گوندەکانی ترەوە زۆر دیار نەبوو. تاریکییەکەش کەڵکی هەبوو. چووینە ناو خانووە قوڕەکەوە. هۆڵێک و دوو ژوور بوو. لە هۆڵەکەدا کۆزینە[160] داگیرسابوو. گەرمی کردبووەوە. خانەوادەی خاوەن ماڵ، چووبوون بۆ سەردانی خزمان و ماڵەکەیان بۆ چۆڵکردبووین. تەنیا خواردنیان بۆ دەهێناین. باوکی ماڵەکە هەڤاڵ (سەیفەدین زۆرلو)؛ باڵا بەرز و کەڵەگەت، قژێکی ماشوبرنجی هەبوو و بە رووخساری خەندەئامێز بوو. دایک کورتە باڵاتر و خڕۆڵەتر بوو. سەرپۆشەکەی توندوتۆڵ بەستبوو. ناوبەناو منداڵە بچووکەکان هاتوچۆیان دەکرد، بەڵام هەڤاڵ (سەیفەدین) کە بە پێوە راوەستابوو دەیبردنەوە بۆ دەرەوە. تەمبێی دەکردن کە

---

[160] جۆرە زۆپایەکی دارە، لاکێشەیی و گەورەیە کە فرنێکی بچووک و هەروەها سەر رووبەکی پانی هەیە کە شوێنی دوو تا سێ قابلەمەی لەسەر دەبێتەوە.

میوانەکانیان ناڕەحەت نەکەن. بەر لە ئێمەش هەندێک کەسی تر هاتبوون بۆ ئەو ماڵە.

لەگەڵ ئەوانەی دوای ئێمەش دەهاتن تەوقەمان کرد. تا ماوەیەک ئەم هاتنانە بەردەوامی کرد. جۆش و خرۆشێکی گەورەی پێدەدام، بێدەنگ بووم، بەلام زۆر خۆشحاڵی دەکردم. لە دڵی خۆمدا دەمگووت: "دیارە کۆبوونەوەیەکی گرنگ بەڕێوە دەچێت، ئەگەرنا، ئەم هەموو هەڤاڵە لێرە کۆنەدەبوونەوە".

ئەوانەی هاتوون زۆربەیان ناسیاربوون، ئەو هەڤاڵانە بوون پێشتر بینیومن. (محەمەد خەیری دورموش)، (مەزڵوم دۆغان)، (دوران کاڵکان)، (عەلی حەیدەر قەیتان)، (باقی قەرار)، (ڕەسوڵ ئاڵتنۆک)، (شاهین دۆنمەز)، (عەلی گیوندوز) و چەندین ناسیاوی تر هەبوون. هەندێکیشیانم نەدەناسی. (کاراسونگیور) ئامادە نەبوو و ببوو بە مەراق بۆم. جارێک لەناو قسەکاندا (ڕەسوڵ) گووتی: "بەهۆی مەسەلەی پاراستنەوە نەهاتووە، بۆ ئەوەی سەرنج ڕانەکێشێت" هەروەها بە پێکەنینەوە پێیگووتم: "مژدە؛ مەدیحە لە چەولیک ڕۆیشت! دوای ڕۆیشتنەکەی قوربانێکمان سەربڕی".

گووتم: "بەلای منەوە هیچ لە کارەکە ناگۆڕێت؛ دەچێت بۆکوێ با بچێت. بۆچی قوربانیتان سەر بڕی؟" وەک ئۆخەی بکات گووتی: "جا چی نەکرد؟!"

لە وەلامدا گووتم: "دیاربوو مەدیحە دواتر ڕووبەڕووی هەموو کەسێک ڕاوەستاوە. زیاترین ئێوە هاوکاریتان دەکرد، کاردانەوەکانی ئەو سەردەمەی بە هەر شێوەیەک بێت بۆ شتێکتان دەگەڕاندەوە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ئەو ژنە لەدژی شۆڕشگێڕی بوو، کاردانەوەی توندی هەبوو. ئەگەر نا کێشەکە من یاخود کەسێکی تر نەبوو. دایکیشم تووڕە و کاردانەوەی

توندی هەبوو. چونکە لەدژی شۆڕشگێڕییەکەم بوو. نەیدەویست، ئەگەرنا بەهۆی ئێرەیی پێبردنەوە نەبوو".

(رەسوڵ)یش هەر جارە و بە گاڵتەوە گوزارەی: "ئێرەیی بە تۆ دەبردی" دەخستە ناو رستەکانییەوە. گاڵتەیەکی ناشیرین بوو، بێزارکەر بوو. سەرباری ئەوەی بە باشی ئاگاداری بابەتەکەش بوو وەهای دەگووت. چ خۆشی و زەوقێکی لەم گاڵتەیە وەردەگرت؟

هەندێک هەبوون هێشتا نەهاتبوون. لە نیوە شەودا هاتن. بەگشتی هەست بە ماندوێتی رێگە دەکرا. رۆژی دواتر رێکەوتی کۆبوونەوەکە بوو، گووتیان: "سبەی بەیانی دەستپێدەکرێت". هەروەها ئاگاداری ئەوەش درا کە پێویستە زۆر هاتوچۆی دەرەوە نەکرێت. هەڤاڵان تەنیا بە شەو بۆ جێبەجێکردنی پێداویستی دەچنە دەرەوە و هیچی تر. پێویست بوو من و (کەسیرە) بەهیچ شێوەیەک لە گوندەکەدا بەدی نەکرێین. بەم هۆکارە دەرنەکەوتین. کات زۆر درەنگ ببوو، هەر هیچ نەبێت پێویستمان بە چەند کاتژمێرێک خەو هەبوو. من و (کەسیرە) ژوورێکمان گرتبوو، ژوورێک بوو دەکەوتە بەشی ناوەوە، گەرمایی زۆپای هۆڵەکە کاری لەوێش دەکرد. لەپەنا دیوارەکەشیدا ئاخوڕێک هەبوو، بەم هۆکارە گەرمتر بوو. بەڵام ژوورەکەی تر وەکو سەهۆڵ بوو، زەمینەکەی چیمەنتۆ بوو و ساردتری دەکرد. هەڤاڵانی پیاو لە هۆڵەکە و ژوورەکەی تردا جێگیر بوون. لەو نێوەدا (رەسوڵ) گووتی: "ئەم ژوورە تەنیا بۆ ئێوە زۆرە، هیچ نەبێت با هەڤاڵ عەبدوڵڵا بێت!" (کەسیرە) بەدەنگێکی سەرزەنشت ئاساوە گووتی: "نەخێر! کەس نایەت بۆ ئێرە!".

هەر لەساتی یەکەمدا حەپەسام. لەراستیدا دەبوو، ژوورەکە بۆ دوو کەس زۆربوو. (سەرۆک)یش دەیتوانی بێت، بیرم دەکردەوە و دەمگووت: "بۆچی بەرپەرچی دایەوە"، ئایا لەبەرامبەر بە (رەسوڵ) بەمشێوەیە بوو، چونکە ئەویش زۆر نابەجێیانە ئەو قسەیەی کرد. دەشێ (کەسیرە) بەوە تێکچوو بێت؟ دواتر منیش مافم پێدا، وا باشترە، لەرووی خاوەن ماڵەکەشەوە بە باشم زانی و خۆمم رازی کرد. بەڵام لەو نێوەدا بیرم لە ماڵەکەی ئامەد و رێبوارییەکەمان کردەوە، (کەسیرە) وەکو زویر بوو‌بێت، توورە دیاربوو. پێشتریش کەم قسەی دەکرد، بەڵام هێندە نەبوو. رووخساری نیشانی دەدا کە بەگشتی باری دەروونی باش نەبوو. هەردووکمان لەسەر سیسەمێکی گەورە خەوتین، ئەمسەر و ئەوسەر لە تەختە دروست کرابوو. (کەسیرە) دەیگووت: "لەتەنیشت یەکەوە گەرم دەبینەوە" و ئەوەی دووپات کردەوە کە نەبوونی کەسێکی تری لە ژوورەکەدا پێ باش بووە.

بۆ بەیانییەکەی کۆنگرەی دامەزراندن بە فەرمی دەستپێکرد. یەکرێزە قەنەفەی تەختە لە چوارلای ژوورەکە دانرابوو. بە ئەندازەی خۆی هەڤاڵان لەسەری دانیشتن، ئەوەشی جێگەی نەما، لەسەر زەوی دانیشت. لەو شوێنەی هەڤاڵ (خەیری) و (سەرۆک) دانیشتبوون مێزێکی بچووک دانرابوو. هەندێک رەشنووسی بەرنامەی وەکو "با لە رێی راست تێبگەین" کە پێشتر خوێندبوومانەوە و هەروەها هەندێک تێبینی و کاغەزی تر لەگەڵ تۆمارکار ـ تەسجیل و کاسێتێک لەسەر مێزەکە بوون. قسە و گفتوگۆکان لەسەر کاسێت تۆمار دەکران. بەڵام پاشان لەرووی پاراستنەوە هەموو شتێک تۆمار نەکرا و تێبینی پڕ لە وردەکاری وەرنەگیران. بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا

دەکرا. (سەرۆک) دەیگووت کە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکە لەلایەن هەڤاڵێکەوە گونجاوتر دەبێت، گووتی: "هەڤاڵ (خەیری) گونجاوە". هەڤاڵ (خەیری) سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی کرد. (سەرۆک) دەستی بە گووتاری کردنەوەی کۆبوونەکە کرد.

سەرەتا لەسەر خاڵی پێویستی کۆبوونەوەیەکی بەمشێوەیە مێژووییانە و گرنگییەکانی راوەستا. پاشان ئاماژەی بە هەلومەرجی دەرکەوتنی تێکۆشانی رزگاری نیشتمانیمان، پێشەنگایەتی ئایدیۆلۆژی و سیاسیانەی، پێکهاتەی رێکخستنیمان، سەرچاوەکانی تێکۆشانمان، ئاستی هەنووکەیمان، رەوشی کادیر و هەروەها رەوشی هەنووکەیی دووژمن و هێرشەکانی کرد. جاروبار بە راوەستەکردنێکەوە، جاروبار بە سەربەرزکردنەوە و تێڕامان لە خاڵێکی ژێربانی ژوورەکەوە بەشێوەیەکی زۆر روون و رەوان و بە زمانێکی بەرجەستانە هەموو رەوشی هەرێم و نێودەوڵەتی و رەوشی هەنووکەیی سیستەمەکانی روون کردەوە.

جاروبار بە سەری پەنجە چاویلکەکەی راست دەکردەوە. پێشتریش نەخۆشی (جیوب)ی هەبوو. لە خارپێتیش سەرنجی راکێشابووم. بەردەوام تێڕژانی ئاوی لووت و پژمین ناڕەحەتی پێدەدا و تووشی سەر ئێشەی دەکرد. دیاربوو کەشوهەوا کاریگەری لەسەر کردبوو و نەخۆشییەکەی قورس ببوو. هەناسەدان و هەڵلووشینی لووتی سەرنجی رادەکێشا. بەڵام کۆبوونەوەیەکی فەرمی بوو، نەدەبوو شتێک ببێت دیقەتی کەس تێکبدات. خودی خۆی لەم خاڵەدا وریا و بە دیقەت بوو و وەکو هەموو کاتێکی ئاسایی هەر شتێکی وەکو پاککردنەوەی لووت و جموجۆڵی لەو جۆرەی نەدەکرد.

گووته و شیکاری پووخت و روون و رۆشنکەرەوە؛ کەشێکی زۆر جددیتری دەدا بە کۆبوونەوەکە. (سەرۆک) لە کۆبوونەوەکانی تریدا، لە کۆبوونەوەکەی دوای قۆناخی سەفەری بۆ کوردستانیشدا پێشکەوتن و پێشهاتە سیاسییەکانی شیکار دەکرد. بەڵام شیکار و هەڵسەنگاندنەکانی ئەمجارەی؛ لە ئاستی دەربڕینی هەموو شیکارەکانی تردا بوو. تایبەتمەندی گۆڕانکاری لە ئاستی ڕێکخستنی، پەروەردەی کادیر و بەشێوەیەکی بەهێزتر راپەڕاندنی بەرپرسیارێتییەکانیان و ئاراستەی کار و خەباتێکی هاوئاستی سەردەمیانەی هەڵدەگرت.

بونیادنانی ڕێکخستنی لینینیست لە بارودۆخی کوردستاندا، پتەوکردنی و تەواوکردنی بە سەرجەم ئامرازەکانی تر گرنگ بوو، هەوڵێکی ژیانیی بوو. یەکێتی ڕێکخستن بە هەموو شتێکییەوە لەسەر بنەمای زانستیانە و دەستەواژەی بەرجەستەی ئایدیۆلۆژییانە بونیاد دەنرا. لەنێو ئیرادەی هاوبەشدا پێداویستییە بنەڕەتییەکانی جێبەجێ و ئامادە دەکران. راستینەی سەرۆکایەتی، تایبەتمەندییەکانی، سەرجەم ئەو لایەنانەی؛ زۆر روونتر و باشتر بە ژیانەوە بەدی دەکران. بەشێوەیەکی سەرتاپاگیری پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی پێشەنگایەتی، ڕێکخستنی، کادیری و گەل تیایدا بەرجەستە دەبوو. ئەو هەلومەرجانەی لەناوخۆدا ئەمەی بە ژیان دەگەیاند و ئەو لایەنانەی زەمینەی بە پێشهاتە نەرێنییەکان دەدا، بەم جۆرە دەردەکەوتنەڕوو.

(سەرۆک) تا دوا ئەندازە بە وریاییەوە چاوی لە هەموو کەسێک بوو، بە جددییەتێکی گەورەوە گوێی بۆ هەموو گووتار و باسێک شل دەکرد. هەستکردن و بە ئاگابوون لەمەڕ خەباتێکی وەها مێژوویی، چالاکیەکی مێژوویی و پێگەیەک کە

بڕیارێکی مێژوویی تیادا دەدرا و بەو پێیە گونجاندنی هەموو هەڵسوکەوتێک پێویستییەکی گەورەی هاوڕێیەتی، شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری بوو.

لە بەردەوامی کۆبوونەوەکەدا هەڤاڵ (خەیری) رەشنووسی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی خوێندەوە کە ژمارەیەک ماددەی دەستنیشانکراوی تێدابوو. هەندێک گۆڕانکاری بچووک کران. لەم خاڵەدا زیاترین کەسێک بە وردی چاودێری دەکرد هەڤاڵ (مەزڵوم) بوو. پاش پەسندکردنی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، ناوبڕێک بە دانیشتنەکە درا. لەو ناوبڕەدا باس لە کەموکورتی لە بەجێنەهێنانی خولەکێک رێزلێنان دا کرا. پاشان کۆبوونەوەکە بەردەوامی کرد.

کات گرنگە، لەڕووی ئاسایشەوە کۆبوونەوەی ئەم هەڤاڵانە لە یەک شوێندا ئەگەری مەترسی هەڵدەگرت. بەم هۆکارە بەخێرایی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن بۆ مژارەکان دەکرا. هەڤاڵ (خەیری) ئاماژەی بە ئامادەنەبوون و نەبوونی دەرفەتی ئامادەبوونی هەندێک لە هەڤاڵان کرد. ناوی هەڤاڵان (کەمال پیر) و (کاراسونگیور)ی هێنا. بەو هۆکارەی هەڤاڵ (کەمال پیر) لە زیندان بوو وەکو ئەندامی فەخری کۆبوونەوەکە پەسندکرا، جەخت لەسەر لایەنی مەعنەوییەکەی کرایەوە.

یەکە بە یەکە خاڵە دەستنیشانکراوەکان خرانە بەر باس. پاشان راپۆرتی هەرێمەکان. هەڤاڵانی نوێنەر بەگشتی و ئەو هەڤاڵانەش کە بە نوێنەرایەتی هەرێمەکان هاتبوون بە زارەکی راپۆرتی هەرێمەکانیان پێشکەش کرد. زۆرێک لە هەڤاڵانی تری هەرێمەکانیش ناوبەناو بە گووتارەکانیان یەکتریان تەواو دەکرد. بە هەمانشێوە هەڵسەنگاندنی رەخنەئامێز لەمەڕ گووتەکانی پێشتر و لێکدانەوەی جیاواز هاتە ئاراوە. (شاهین) لەهەر

دەرفەتێکدا درێژدادڕانە قسەی دەکرد، هەر لە دووبارەکردنەوەدا بوو. لە (سەرۆک) زیاتر قسەی دەکرد. ئیتر بە ئاستێکی وەها گەیشت کە مایەی ڕەزامەندی هیچ کەسێک نەبوو، هەر کە ئەو مافی ئاخاوتنی دەخواست، ناڕەحەتی و ناڕەزایی بە رووخساری هەموو بەشداربووانەوە بەدیدکرا. لە راپۆرتی هەندێک لە هەرێمەکاندا ئاماژە بە شێوازی کار و خەبات کرابوو. لەسەر ئەمە منیش سەبارەت بە کار و خەباتمان لە خارپێت بەشێوەیەکی سنووردارانە تێڕوانینی خۆمم دەربڕی. لەگەڵ ئەمەشدا سەرنجم راکێشایە سەر ئەو هەڵوێستە ناتەواوانەی بەشێوەیەکی گشتی لەبەرامبەر بە ژن دەکران. ئاماژەم بەوە کرد کە هەڤاڵان بۆ بە شۆڕشگێڕکردنی نزیکترین کەس، هاوژین و خوشکانیان هەوڵی پێویستیان نەداوە، هەر لە چاوەڕوانی هاتنی هەڤاڵێکی ژن دان و بەتایبەتیش کە ئەمە لەلایەن هەڤاڵە پێشەنگەکانەوە بکرێت سەرنجراکێش و چەوتییەکە.

(ڕەسوڵ) بە قسەکانم پێدەکەنی، ئەو پێکەنینەی هیچ واتایەکی نەبوو. یان بەدڵی بوو یاخود گاڵتەی پێدەهات. بێگومان تێکیدام. ئایا شتێکی هەڵەم گووتبوو؟ هەڵبەتە گووتارێک نەبوو کە پێشتر ئامادەم ، کردبێت. لە راستیدا من بەردەوام لە چاوەڕێی (کەسیرە)دا بووم. ئەو لە رووی ئاستەوە، لەڕووی قووڵایی هزری و فیکرییەوە لەپێشتر بوو، پێویستبوو ئەو بەر لە من قسەی بکردایە، هەر چاوەڕێمکرد و هیچ قسەی نەکرد. بە ئەندازەی ئەو ڕێزەی بۆ ئەوم دادەنا چاوەڕێم کرد، بابەتەکان یەک بەیەک تاوتوێ دەکران و تێپەڕ دەبوون. ئەم رەوشەی ئەو بوێریی منیشی دەشکاند. لەگەڵ خۆم دەدوام.

هەڤاڵانی بەشداربوو زۆربەیان لە کادیرە پێشەنگەکان بوون. لە گفتوگۆکاندا حاکمتربوون، خۆم بەراورد نەدەکرد لەگەڵیان،

هاوکات هەر جارێکیش دەمگووت: "ئەو هەڤاڵانە بەرپرسیارێتی گرنگیان وەرگرتووە، هەموو کێشە گشتییەکان دەزانن، هەڵسەنگاندنەکانیشیان لەو چوارچێوەیەدا بەرفراوان و فرە رەهەندن. گووتەکانی من دەستنیشانکەر نابن، کەواتە پێویست بە قسەی من ناکات". بەڵام گوێمدەگرت، چاودێریم دەکرد، هەموو شتێک پەیوەندیداری دەکردین، سەرجەمی کێشەکان کێشەی خۆمان بوون. لەم خاڵەدا وەکو کەسێتی، خۆمم بە بەرپرسیار دەزانی، خۆم لەدەرەوە نەدەبینی. هەرچەندە لە گووتار و دەربڕیندا تووشی زەحمەتیش ببم، قسەکردن و دەربڕینی بیر و ڕای خۆمم بە راستتر زانی و گووتم: "جا چییە با رەسوڵ پێبکەنێت، گوێی پێی نادەم".

بەڕاستی لەرێگەدا سەرمام ببوو، سەرم قورس ببوو، گوێم دەزرنگایەوە. گۆڕینی هەوا کاریگەری لێکردبووم. ئەمەش کاریگەری دەکردە سەر کۆکردنەوەی فیکر و بە وردی چاودێری کردنی هەموو شتێک. هەروەها قورسایی کۆبوونەوەکەشی لەسەر زیاد ببوو.

لە بەردەوامی کۆبوونەوەکەدا (سەرۆک) لە ناکاوێکدا چاوی چووە سەر (رەسوڵ ئاڵتنۆک) کە لە شوێنی خۆی وەنەوزی دەدا تەنانەت دەپیرخاند. (سەرۆک) نیگایەکی وەکو بروسکی تێگرت. لەناکاوێکدا هەموومان سەرنجمان چووە سەر (رەسوڵ). رەوشێکی ناپەسەند بوو. (سەرۆک) قسەکانی خۆی بڕی و بە چەند گووتەیەک نیگاکەی هێنایە زمان و گووتی: "لە پلاتفۆرمێکی وەها گرنگدا ناجددییەتێکی بەم شێوەیە نابێت. لەکاتێکدا ئەو هەموو بابەتە گرنگە تاوتوێ دەکرێت وەکو سەرسەرییەک خەوتن پەسند ناکرێت! وەرەوە سەرخۆت و جددی بە!".

یەکەم جار بوو (سەرۆک)مان بەو توورەییەوە دەبینی. کێشەکە وەکو "وەنەوزێکی ئاسایی" لێکنەدەدرایەوە. بێگومان هەڵوێستێک بوو، بەڵام گووتم: "بریا سەرۆک وشەی سەرسەری بەکار نەهێنایە". بێگومان هەموو ئەمانە لە ناکاوێکدا روویدابوو و بێدەنگییەکی کورتخایەنی لەگەڵ خۆی هێنابوو. بەر لەوەی (سەرۆک) دەست بە گووتەکانی بکاتەوە، هەڤاڵ (مەزڵوم) داوای مافی ئاخاوتنی کرد. هەموو کەسێک بە سەرسوڕمان و بە تاسەوە دەیڕوانی. (مەزڵوم) گووتی: "هەڵبەت پێویستە بە بەرپرسیارێتی و بە جددییەتەوە بەشداری لە کۆبوونەوەدا بکرێت، پێویستە هەموومان زۆر بە دیقەت بین. لەم واتایەدا ئاگادارکردنەوەکە لە جێی خۆی دایە، بەڵام لە رووی شێواز (ئسلوب) هەڤاڵ عەبدوڵڵا رەخنەدەکەم: باشتر دەبوو هەندێک دەستەواژەی بەکارنەهێنایە".

هەموومانی سەرسام کرد. ئەوەی هەڤاڵ (مەزڵوم)یش هۆشیارییەک بوو. وەکو پێویستییەکی بەرپرسیارێتی و وەکو رێزێک لەبەرامبەر بە (سەرۆک) ئەمەی کرد. سەرەڕای ئەوەش سەرسام بووم. بەتەواوی ئاسوودە نەبووم. دەمگووت: "باشە، لە جێی خۆیدابوو"، بەڵام ئەمە رەخنەیەک بوو ئاراستەی (سەرۆک) دەکرا. دوای گەڕانەوەمان بۆ خارپێت ئەم باسەم لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل) تاوتوێ کرد. وەک ناکۆکییەک بوو بەلامەوە، بەڵام لە راستیدا تایبەتمەندی هەڤاڵ (مەزڵوم) بوو کە لە هەر کوێیەک بووایە و کێ لە بەرەوڕووی بووایە؛ لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی شۆڕشگێڕیدا ئەوەی پێویست بووایە بە هاوڕێیانە دەیگووت و چی بکەوتایەتە سەر شانی دەیکرد. تایبەتمەندییەکەی لێرەدابوو. ئەم تایبەتییەی ئەو و ئەوانی لەگەڵ (سەرۆک) دەخستە نێو پەیوەستییەکی پتەو و بەهێزەوە. ئەو

لایەنانە بوو کە شیاو، یەکگرتوو و تەواوکار بوو لەگەڵ تایبەتمەندییەکەی (سەرۆک) دا. ڕێبازی جەنگاوەرانە، شیکارانە و ئەنجام وەرگرانەی (سەرۆک) پێویست بوو کەسایەتی جەنگاوەری لە هەموو کەسێکدا بونیاد بنێت. لە هەمانکاتدا دەرکەوتنەڕووی خێرایی تایبەتمەندییەکە بوو.

(سەرۆک) بە دیقەت و تێگەیشتووانەوە گوێی بۆ (مەزڵوم) ڕادێرا و پاشان بە دڵنزمییەوە گووتی: "ڕاستە، سەبارەت بە شێوازی ئاگادارکردنەوەکە ئەوەی هات لە جێی خۆی دایە، مایەی سەرنج و پێداچوونەوەیە" و پاشان گەڕایەوە سەر بابەتی سەرەکی.

هێشتا کاتێک لە خارپێت بووین بە بیرکردنەوە لە ئەگەری بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە، هەندێک بیر و بۆچوونی خۆمم نووسی بوو. بە ئەندازەیەکیش بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی ڤێتنام ئامادەکاریم کردبوو. لەوێدا باسم لە یەکینەکانی ژنان کرد. هەروەها لە بولگاریا یەکینەکانی ژنان پێکهێندرابوو. لەگەڵ (مەڕاڵ)یش زۆربەی کات لەسەر تەڤگەری ژنان گفتوگۆمان دەکرد. دەمانگووت: "یەکینەی ژنان لەلای ئێمە زووتر پێکدێت و گەشەدەکات، چونکە ئاستی بەشداریکردن زیاترە". تەنانەت لەم بوارەدا نووسراوێکمان بە سەردێڕی "شوێن و گرنگی ژن لە تێکۆشانی ڕزگاری نیشتمانی دا" ئامادەکردبوو. گفتوگۆکانمان لەسەر ئەم بابەتە ئێمەی گەیاندبوو بە ئامادەکردنی ڕەشنووسێکیش. لەمەدا هەندێک کاردانەوەش هەبوون.

(مەڕاڵ) لە ژیان و پەیوەندییەکانیدا کاردانەوە و تووڕەیی هەبوو لەبەرامبەر بەو کەموکورتییانەی سەرچاوەکەی بۆ هەڤاڵانی پیاو دەگەڕایەوە، ئەمە و ڕەخنەکردن و دژ دەرکەوتنی لە ڕوویێکەوە ئەرێنی و سرووشتییانە بوو. بەڵام جەوهەری

هەڵویستەکەی جیاوازتر بوو. نەدەبووایە لەبەرامبەر بەم هەڵویستەی کە لەژێر کاریگەری چەمکی پیاوسالاری نیشاندەدرا، لەخاڵێکی جەمسەرییانەدا هەڵگرتنی چەکی (داکۆکیکردن لە ژنان) لەجێی خۆیدا نەبوو. زیاترین کەسێک لەم خاڵەدا تایبەتی بوونی خۆی لەیاد دەکرد خودی خۆی بوو! لە جەوهەری هەڵویستی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیشیدا زیادەڕۆییەکی موحافەزەکارانە هەبوو. گفتوگۆکانمان هەندێک جار لە خاڵی هاوبەشدا پتەوی دەکردین، هەندێک جاریش بەو هۆکارەی ئەم لایەنەی مایەی پەسەندکردن نەدەبوو بەر لەوەی بە ئەنجام بگات کۆتاییمان پێدەهێنا. لە خارپێت لە رووی ژمارەوە دەوروبەرێکی بەرفراوان دروست ببوو. کاتێک دەمانژماردن لانی کەم بە کۆی هەوادار، لایەنگر و ئەوانەی پەیوەندی راستەوخۆمان هەبوو لەگەڵیاندا ژمارەیان سەد کەسی تێپەڕ دەکرد. جگە لەمەش ژمارەیەکی زۆر ژنی بەکاریگەر هەبوون. ژنانی خارپێت بەگشتی جەنگاوەر و یاخین.

لەنێو خۆماندا دەمانگووت: "زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەمانە بخەینە جوڵەوە" بەڵام ئەگەرچی بە گاڵتەشەوە بێت (مەڕاڵ) لە دوابەشی (رەشنووسی یەکێتی ژنان) دا نووسیویێتی (بمرێت ئیمپریالیزمی پیاو!). هەڵبەتە ئەمە کاردانەوەیەک بوو. کاتێک هەڤاڵ (جەمیل) ئەو نووسراوەی خوێندەوە تووشی سەرسوڕمان ببوو. وابزانم لەوە تێدەگەیشت کاتێک کە دەگووترا: "ماندووین ئادەی چایەک لێبنێن با بیخۆینەوە" لەبەرامبەردا واتای "دەی هەڵسن خۆتان لێیبنێن"ی دەگەیاند. هەڵویستی جەمسەرگرییانە بوو، بەڵام لەم گفتوگۆیانەماندا لێگەڕین و بەدواداچوونێکیش هەبوو. لەو تێبینییە نووسراوانەماندا کرانەوەیەکم بەڕووی یەکینەی پڕووپاگەندە و

ئاژیتاسیۆن، یەکینەی چالاکی دا کرد و گووتم: "هەرچەند بڕوات دەشێت لەنێو خۆیدا بگات بە هاوبەشییەکی بەرفراوانی کار و خەبات..". گفتوگۆکان بەرەو پێشتر دەچوون، بەڵام بەهیچ جۆرێک ئەو خاڵەم پێ روون نەدەبووەوە، نەمتوانی پێشنیازەکانم بەرفراوانتر بکەم و پێشکەشیان بکەم. هەر کە پشوو درا چوومە ژوورەکەی تر و (کەسیرە)شم بانگ کرد، کاغەزەکەم دایە دەستی و گووتم: "رەشنووسێکە لە خارپێت ئامادەم کردووە، پێشنیازم هەبوو، بەهیچ شێوەیەک نەمتوانی روونی بکەمەوە، نەمتوانی قسە بکەم. بگرە، ئەگەر گونجاوە بەلاتانەوە روونی بکەنەوە".

پاش خوێندنەوەی گووتی: "باشە، بیرکردنەوەت لەمانە باشە، بەڵام زوو نییە بۆ ئەم یەکینانە؟ هێز هەبوو لەم ئاستەدا؟" منیش لە وەڵامدا: "هەیە و لە گەشەکردن دایە. ئەگەر لە هەموو شوێنێکیش نەبێت، لە دێرسیم، لە خارپێت و تەنانەت لە چەولیک کە بەشداربوونی ژنان هەیە پێشدەکەوێت. من شوێنەکانی تر نازانم، دیارە لە ئامەدیش هەیە".

دانیشتنەکانی کۆبوونەوە بەردەوامیان دەکرد و من بێ بڕیار بووم. رستەی: "هێشتا زوو نییە؟" لە سەرمدا چەقی بەست، بە هیچ جۆرێک جورئەت نامگرێت و بە قسە نایەم. (کەسیرە) ئەوەشی گووتبوو: "دەکرێت بیری لێبکرێتەوە". لەدڵی خۆمدا گووتم چەند باش دەبوو خۆی هەڵسایە و قسەی بکردایە. نەخێر.. بە چەقۆش دەمی نەدەکرایەوە، لە هیچ بابەتێکدا قسەی نەکرد. ناوبەناو لەگەڵ هەڤاڵان لەنێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد. ناوبەناو لەگەڵ هەڤاڵ (مەزلوم)، لەگەڵ هەڤاڵ (دوران)، بەڵام زیاتر لەگەڵ (باقی قەرار) قسەی دەکرد. بێگومان دیسان کەم، زۆر کەم!

(شاهین) وەکو کەسێک کە بۆ گەیشتن بە شتێک نەیەوێت هیچ هەلێک لەدەست بدات بەردەوام قسە و نرخاندنی دەکرد. رووم کردە (کەسیرە) کە بەدرێژایی کۆبوونەوە لە تەنیشتم دانیشتبوو و پێمگووت: " ئەم کابرایە چەند درێژدادڕە، وابزانم پێویستە ئاگاداری پێبدرێت؟". بەشێوەیەکی گشتی لەنێو خۆدا چپە چپ دەکرا، لە راستیدا کەمێک بەدەنگ، ئەگەرچی بەشێوەیەکی فەرمیش کەس نەیدەگووت، هەموو کەسێک سەبارەت بە (شاهین) دەیگووت: "بەسە ئیتر نامانەوێت گوێ لە تۆ بگرین". هەموو جارێک کە مافی قسەی وەردەگرت بە دوور و درێژی قسەی دەکرد و بەشێوازێکی جیاواز گووتەکانی (سەرۆک)ی دەهێنا و لقوپۆپی پێوەدەکردن و پاشان دایدەپاچین و دووبارەی دەکردنەوە، ئەمەش ببووە مایەی بێزاری بۆ هەمووان. بەڵام (سەرۆک) لەم بوارەدا کاردانەوەکەی وەکو ئێمە نیشان نەدا. زۆر بە هێمنی گوێی لێدەگرت. هەوڵیدەدا تێبگات و واتا بدات بەم هەوڵە نەزۆکانەی (شاهین) و بەم گفتوگۆ هەڵەشەییەی. لە راستیدا کێبڕکێی دەسەڵاتخوازی و هەلپەرستییانەی دەکرد، ئەم حاڵەی وای دەکرد تووشی سەغڵەتی و لەنێوخۆیدا هەڵوێستێکی پڕ نیگەرانی ببێتەوە.

نۆرەی هەڵبژاردنی کارگێڕ و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هات. (سەرۆک) بە رای گشتی هەڤاڵان بە سکرتێری گشتی پەسند کرا. (سەرۆک) ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵانی بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی پێشنیاز کرد؛ هەڤاڵان (مەزلوم)، (خەیری) و (جەمیل) بە نیشاندانی هۆکاری جیاجیا بەتایبەتیش رەچاوی ئەم خاڵەیان دەکرد و دەیانگووت: "رێزمان هەیە بۆ پێشنیاز و بڕیارەکانی هەڤاڵان" و دڵنزمانە ئەم پێشنیازەیان رەتکردەوە و خۆیان کشاندەوە. چەند هەڤاڵێکی تر پێشنیاز کران، ئەوانیش

هەڵویستیان جیاواز نەبوو. بەتایبەتیش لەگەڵ خۆکشاندنەوەی هەڤاڵ (مەزلوم) و (خەیری)، هەڤالانی تریش خۆرسکانە دەکشانەوە. (سەرۆک) لەو نێوەدا گووتی:"هەڤاڵ (حسێن تۆپگیودەر) تۆ چی دەڵێیت، دەتوانیت ئەم ئەرکە راپەڕێنیت؟". (حسێن) تۆزێک بە شەرمەزارییەوە:" نەخێر، من لەم تەڤگەرەدا نوێم، پێویستە هەڤالانی تر پێشنیاز بکرێن".

هەڤاڵ (جەمیل) خۆی لەبەرامبەر بە پێشهاتەکانی شاری دیلۆک بە بەرپرسیار دەگرت و دەستنیشانی کرد کە خۆی شایستەی ئەو ئەرکە نابینێت. راستە پێویستە خاکی بوون هەبێت، بەڵام بەم ئەندازەیەش نا، هاوڕێی کادیری پێشەنگ و جێی متمانە و پێشکەوتوو بوون و ئەمانە هیچیان ئەندامێتییان لە کۆمیتەی ناوەندی هەڵنەدەگرت، خۆیان شایستە نەدەبینی، رێگەیان بۆ پێشکەوتنی ئەوانی تر ئاوەڵا دەکرد. ئەم رەوشە کەشێکی تۆزێک مەنگی دروست کردبوو و ماوەیەک بێدەنگی باڵادار بوو. سەرەنجام (شاهین) خۆی پێشنیاز کرد! بەر لەویش هەڤاڵ (کاراسونگیور) لەلایەن هەڤالانەوە پێشنیاز کرابوو کە خۆی لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە نەبوو. بەم شێوەیە ئەم ناوە دەستنیشانکراوانە بۆ کارگێڕی هەڵبژێردران. بەدوایدا پێشنیازێک بۆ بەرفراوانکردنی هێنرایە سەر مێز، ئەمەش بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دواتر دواخرا

هەنگاو بە هەنگاو تێڕوانینەکانی سەبارەت بە ناوی پارتی یەکلابوونەوە و دواجار پێشنیازی (پارتی کرێکارانی کوردستان PKK) لەلایەن سەرجەم هەڤالانەوە پەسند کرا. قسە لەسەر ناوی وەکو (پارتی کۆمۆنیستی کوردستان) و هاوشێوەکانی کرا. ئەمەش بەگشتی وەکو دەربڕینی تێڕوانینی کۆمەڵێکی کەمشوماری هەڤالان دەهاتە پێشەوە. هەڤالان گووتیان: "دەشێت

له کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا یەکلا بکرێتەوە". بەم جۆرە یەکێک لە خاڵەکانی رۆژەڤ تەواو بوو کە لە راستیدا بوو بە مایەی گەشانەوە و خۆشحاڵییەکی گەورە. ئەم خۆشحاڵی و جۆشوخرۆشە شەپۆلێکی لە هێز و واتای دا بە کۆبوونەوەکە. پرسی ئاڵا بەشێوەیەکی پڕ وردەکارییانە تاوتوێ کرا. بڕیار درا؛ بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، دامەزرانی پارتی رابگەیەندرێت.

له هەمان ئەو رۆژانەدا نەتەوەپەرستیی بۆرژوا بچووکەکان لەژێر ناوێکی هاوشێوەدا کۆبوونەوەیان کردبوو و لەشێوەی پارتییەکدا دامەزرانی خۆیانیان خستبووە رۆژەڤەوە. دەبوون بە (پارتی کۆمۆنیستانی کوردستان - .PKK) هەڵگرتنی ناوی گەورە گرنگ نەبوو. مرۆڤ بەوە تووڕە دەبوو کە ئەم ناوە گەورەیەیان شایستەی خۆیان دەبینی. لە کوردستان چیان بونیاد نا، کام پێشکەوتنەیان فەراهەم کرد، لە کۆمەڵگەدا نوێنەرایەتی چییان کرد؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئاشکرابوون. ئەی باشە هەموو ئەوانە هەر لە سەرەتاوە کۆت و بەند نەبوون لەبەردەم گەشەسەندنی شۆڕشدا؟

کۆبوونەوەکە دوو رۆژ بەردەوام بوو. هەڤاڵان دووبارە بەشێوەی گرووپ گرووپ بە خێرایی بڵاوەیان لێکرد. ئێمەش لەگەڵ (سەرۆک) گەڕاینەوە. بۆ هەمان ماڵ، بۆ ئەو ماڵەی کە لە خارپێتەوە هاتبووین و تێیدا مابووینەوە. ئەو شەوە لەوێ بووین. (سەرۆک) لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل) چوونە ژوورەکەی ترەوە. زۆر قسەیان نەکرد، ماندوویەتییەک هەبوو کە سەرئەنجامی قورسایی کۆبوونەوەکە بوو. (شەنای)یش لەوێ بوو، لەدوای رۆژانی ئەنکەرەوە جاری یەکەم بوو چاوم پێیدەکەوت. تۆزێک قسەمان کرد. پێمگووت کە زۆر شەکەت و بێ حاڵ دێتە بەرچاوم. (شەنای)یش هەندێک کێشەی هاتۆتەڕێ.

ماوەیەک بە ئامانجی پاراستن و شاردنەوەی خۆی لەگەڵ هەڤاڵ (عیسمەت)ی خەڵکی چەولیک مارەبڕییان کردووە. بەپێی یاساکانی دوڵەتی تورک فەرمی، بەڵام لە کرداردا ڕەوشێکی وەها نەبوو. لەسەرەتادا وەها بووە، پاشان دۆخێک دەگرێت کە فشار بخەنە سەر یەکتر، هەرچەندە ئەو هەڤاڵە کەسێکی بە جەوهەر و کەسێتی خۆی بوو، کەچی تەنیا بەهۆکاری ئەم پەیوەندییە لە خەبات دابڕا و دوورکەوتەوە. دەشێت ئەم ڕێگەچارە رووکشە بەوجۆرە کە وەکو ئامرازێک بۆ خەباتکردن پەنایان بردۆتەبەر؛ بۆ ماوەیەک بەکەڵکی (شەنای) یۆگۆسلاڤ بێت تا لە تورکیا بمێنێتەوە، بەڵام بەو هۆکارەی ئەوی بەرەو زەمینی پەیوەندییەک راکێشاوە کە هیچ ئامادەی نەبووە، رۆڵێکی نەرێنی دەبوو. چونکە لەبنەمای ئەم پەیوەندییەدا خۆشەویستی و ئەو یەککگرتنە نەبوو کە خۆیشەویستی بە پێویستی دەزانێت. یەکێتیەک بوو کە هەلومەرجی کار و خەبات بەشێوەیەکی ناچاری هێنابوویە پێشەوە، سەرئەنجام لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی راست لێکنەدانەوەی لەلایەن هەردوو لاوە بۆ نەکرابوو، ئەم ئەنجامە هاتبووە کایەوە.

(کەسیرە) دەمێک لەسەر پەڕی دیوان دانیشت، بێدەنگ و بەفیکر. جێگە راخراوە، من و (شەنای) و (سایمە) راکشاین، (کەسیرە) دوایین جار هات، لەلای منەوە جێگە هەبوو، لەویا راکشا. هەردوو دەستی خستە ژێر سەری و لەسەر پشت ماوەیەکی درێژ بە تێڕامانەوە نەخەوت. کاتێک لێم پرسی: "بۆچی ناخەون؟" تەنیا گووتی: "خەوم نایەت". ئەگەر کەسانێکی تر بووایە دەشێت زۆر سەرنجم رانەکێشێت، یاخود هێندە کاریگەری لەسەر نەدەکردم، بەڵام هاوڕێی نزیکی (سەرۆک)بوو، بخوازرێ یان نا؛ چاودێری رەوش و حاڵی دەکرێت و بە هەموو

شێوەیەک کاریگەری لە دەورووبەر دەکات. لەو بوارەدا چەندین پرسیاری بەخەیاڵ و هزردا دەهێنا، سەرئەنجام بە شتێکی ئاسایی لێکنەدەدرایەوە. وەک دوو کەسی جیاواز، باشە کەواتە یەکێتی و یەکبوون چ واتایەکی هەبوو؟ نیشاندانی فەرمییەتێکی توند و هەڵوێستی شایستەبوون و پێگەیشتووانە لەگەڵ ئەو سارد و سڕییە لەیەک کاتدا گریمانەی زۆری بەخەیاڵدا دەهێنا. خەوەکەی منیشی زڕاند، دەمێک مێشکم بەم حاڵەوە خەریک بوو کە بە هیچ شێوەیەک واتام پێنەدەدا، دڵگرانی دەکردم چونکە پێم چارەسەر نەدەبوو.

ڕۆژی دواتر لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل) بەرەو خارپێت کەوتینە ڕێ. بەدرێژایی ڕێگەش نەبێت لە ڕێبوارییەکەی یەکەمجارمان زیندەتر و چالاکانەتر تێپەڕی، لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل) قسەمان کرد. باسی ئەو خاڵانەم بۆ هەڤاڵ (جەمیل) کرد کە لە کۆبوونەوەکەدا بیرم لێکردبوونەوە و دەرمنەبڕی بوون. هەڵوێستەکەی (شاهین)م نرخاند: لە تێڕوانینەکانی کاکە (حەیدەر)مەوە، هەتا هەڵوێستەکانی لە ئینجیرئاڵتی لە ئیزمیر و هەڵوێستەکانی سەر ڕێگەی هاتنمان بۆ چەولیک شیرۆڤەی خۆم و ئەو لایەنانەم خستەڕوو کە کاریگەرییان لەسەرم کردبوو. ئەو ئەمەی بە دەسەڵاتخوازی هەڵسەنگاند. کاتێک بەسەرهاتەکەی (شاهین) لە ناو قەرەقۆڵ – بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئیزمیر – م بۆ باسکرد کە کاکەم بۆی گێڕابوومەوە، هەڤاڵ جەمیل بە سەرسوڕماوییەکەوە گووتی: "چۆن..؟!" و چەند خولەکێک بێدەنگ بوو و هەوڵیدەدا تێبگات. گووتم: "من هەڵوێستەکەی ئێوەشم بە ڕاست نەزانی، هیچ یەکێکتان نەتانویست پێشنیاز بکرێن بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی، خۆتان کێشایەوە".

هەروەها دەمویست بە وردەکاری لە رووداوەکەی دیلۆک تێبگەم.

بۆی باسکردم و گووتی: "لە راستیدا شتێک نەبوو راستەوخۆ سەبارەت بە من بێت. بەڵام هەرێمێکی ژێر بەرپرسیارێتی من بوو. ئەو دوو کەسەی دەستیان هەبوو لە شەهیدکردنی هەڤاڵ حەقی دا، دواتر هەڵسابوون بەئەنقەست قسە و قسەلۆکی هەبوونی دوو گرووپی سەرەکی و پێشەنگایەتی جیاوازی "ئاپۆچی و حەقیچی" یان بڵاو کردبووەوە، ئەم بەیت و بالۆرانە دواتر بە ئامرازبوونی چەندین هەڤاڵی دروست و هەروەها هاتنە ئارای هەندێک رەوشی تری لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەگەرچی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دۆخەکە ئاشکرابوو، بەڵام زیانی پێگەیاندین. سەرەنجام ئەو دوو کەسە سزادران، ئەو هەڤاڵانەش گەڕێندرانەوە سەر هێڵی راست کە کاریگەرییان لەسەر دروست ببوو. دیلۆک هەرێمێکە زیاترین دەرفەتی دەستەبەرکردنی پێشکەوتن و گەشەکردنی تێدایە. هەڤاڵ حەقی کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو، هەڵبەتە بە هەوانتە نەکرابوو بە ئامانج. شەهیدبوونەکەی پێشکەوتنێکی جیاوازیشی لەگەڵ خۆی خوڵقاند. ئەگەر لەکاتی خۆیدا رێوشوێنی پێویستیان بۆ دابنرایە، دەکرا زۆر زووتر رێگریان (مەبەست لە شەهیدبوونەکەیە -و) لێ بکرایە. کەسایەتییەکی رێکخستنی پێویستە حاکم بێت بەسەر هەموو کێشەیەکدا، ئەگەرنا دەشیا ئاسایش و پاراستنی رێکخستن بەهەوڵی چەند سەرسەرییەکی وەها تێکبچووایە. لەمەودواش ئەمجۆرە رەوشانە دێنە پێشەوە، لەراستیدا هەندێک کەسیش هێشتا هەن کە ئەو کەسانە کاریگەرییان لەسەر دروست کردوون. دەشێت دەست بۆ دێرسیم و خارپێتیش درێژ

بکەن، هەندێک کەسی ئەملاولا هەبوو، ئەوانە بە ئاسانی دەکرێت ئاراستەیان پێبدرێت".

بەتەواوی گوێم بۆ شلکردبوو، قسەکانی (ئایتەن)م هاتەوە بیر کە لەماڵی (زەکی) لە چەولیک بۆی کردم. هەموو کەسێکیان بەجێی گومان نیشاندابوو. لە دێرسیم ڕووداوەکان ئاڵۆزتر بوون. ئەو سەردەمە گەلێک کەس تێوەگلێندرابوون؛ (ئایتەن) ئاماژەی بەوە دەکرد کە (ڕەسوڵ)یش بە هەمانشێوە و دەیگووت: "تەنیا سەرۆک هەیە و لە دێرسیمیش هەڤاڵ عەلی حەیدەر قەیتان. پێویستە متمانە بەوان بکرێت. هەندێ شت هەن..هتد" و تا دواڕادە زۆری بۆخۆی دەهێنا و نەیدەتوانی باسی بکات.

بە تووڕەییەوە وەڵامی ئەم قسەیەی (ئایتەن)م دایەوە و گووتم: "مەبەستت چییە، بە ئاشکرا قسە بکە، ئەمانە تێڕوانینی فەرمی هەڤاڵانن؟ لە کوێوە هات؟ منیش ڕەسوڵم زۆر خۆشناوێت بەڵام کەسێکە لەلایەن پارتیمانەوە لە هەرێمەکە ئەرکدارکراوە. ئەگەر شتێکی وەها هەبێت ڕێکخستن راوەستەی لەسەر دەکات. ئەگەر شتێک هەیە و پێویستە بە من بگووترێت، بڵێ، ئەگەر نا پێویست ناکات ئەوەندە زۆر لە خۆت بکەیت". چونکە (ئایتەن) زۆر باش دەیزانی کە هەر شتێک پەیوەندی بە هەموو کەسێکەوە نەبێت، نهێنیی ڕێکخستنە و لە هەموو شوێنێک قسەی لەسەر ناکرێت. ئەگەر تەنیا خۆی بەوەی زانیبێت یاخود جگە لە خۆیشی هەموو کەسێکی تر بیزانیبا، ئەوا هیچ نەدەبوو بەگرفتێک کە بێت و بە منی بگووتایە. بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ ئەو قسانەی بۆ کردبووم..

(ئایتەن) دەشیگووت: "دەشێت سەڤیم کایا بڕوات بۆ ئەنکەرە. چاوی بە حاملی بکەوێت، دەزانیت ئەو لە زیندانە. ڕەوشەکە

بەویش دەڵێت، دەیەوێت بزانێت هەڵوێستی چییە. تورکانیش چووە بۆلای عەلی گیوندوز و ئەوان، ئەوانیش لە زیندانی دێرسیمن. لەو خاڵانەدا کە خۆیان دەستنیشانیان کردووە، قسەیان لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە کرد، بیروڕایان وەردەگرن و بەحسابی خۆیان رێکخستنیان لە سیخوڕ و کەسانی جێی شک رزگار دەکرد! تەواو بێ ئەقڵیە! خۆ کەسیان نازانن و تێناگەن رەفتارەکەیان چەندە مەترسیدارە و دوورە لە رێسای رێکخستنەوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە نازانن چەندە بەکاربراون. سەبارەت بە رووداوەکان؛ گەلێک شتی راست و چەوت لێکدەدەنەوە و لێرەوە هەڵسەنگاندن و پێناسە بۆ تاکەکەس دادەنێن. بەم ئەندازەیە سەریان لێشێوێندراوە و خۆیشیان بە هەمان شت سەری خەڵکی تر دەشێوێنن. گومان لە جەمیلە دەکرێت. دەگووترێت دەستی هەبووە لە دەستگیرکردنی هەڤاڵ عەلی حەیدەر قەیتان. تەنانەت دەگووترێت جەمیلە لەسەر رێگەی قەرەقۆڵ بەدیکراوە. هەروەها رووداوی شەهیدکردنی هەڤاڵ حەقی ی، پەنهان کرد. دەڵێن گوایە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو قسەلۆکانە دەکەن کە نەک لەلایەن ستێرکا سۆرەوە، بەڵکو بەهۆکاری ناکۆکی ناوخۆییەوە شەهید کراوە. بەو هۆکارەی متمانەم بە تۆ هەیە وا ئەمانەت بۆ باسدەکەم. کەسی تر ئاگای لەم شتانە نییە. نامانەوێت بڵاو ببێتەوە." و کۆمەڵێک شتی تری بێ واتا...

ئەو شەوە ئەمانەم شیرۆڤە کرد. منیش بە (ئایتەن)م گووت: "هیچ شتێک لە باسەکەت تێنەگەیشتم، بەلای تۆوە کەسێک لەناو ئەم رێکخستنەدا نەماوە، ئەمانە بانگەشەی جددین. هەڵبەتە ئەگەر گاڵتە نەبن. چونکە بۆ من هیچ جێگای باوەڕپێکردن نەبوو. من پابەندم بە فیکر و هەڵسەنگاندنە فەرمییەکانی رێکخستنەوە و

ڕەچاویان دەکەم، بەڵام ئەو شتانەی تۆ دەیڵێیت شتی زۆر سەیرن!".

نیگەران بوو بەوەی بۆ منی باس کردبوو. مسۆگەر لە دێرسیم تەمبێیان کردبوو. سەبارەت بە باوکی (ئایتەن) دەمانگووت: "کەسێکی باش نەبوو" ڕاستییەکەی وەها بوو. خێزان و کەسوکارەکەشی جیاواز بوو. تەنانەت سەبارەت بە خزمەکانی دایکی دەیانگووت کەوا بەو دواییانە هەڵگەڕاونەتەوە. نەخێر ئەو شتانە لە کوێوە سەریانهەڵدا، چی دەبێت با ببێت خانەوادە گرنگ نەبوو. بەڵام یەک تەن شتی جددیی بۆ گێڕابوومەوە. دەشیا تێڕوانین و فیکری خۆی بێت؟

دواتر کە ڕۆیشتم بۆ دێرسیم بە هەڤاڵ (عەلی حەیدەر قەیتان)م گووت. بە ڕێکەوت چاومان بە یەکتر کەوت. کاتێک چووم بۆ ماڵی (قیمەت) و ئەوەی لەوێ تووشی بووم، هەمان ئەو شتانە بوو کە لەماڵی (فادیمە یڵدرم)ی خاڵۆزام بینیم، ئەمە و قسە و هەڵوێستی هەندێک لە هەڤاڵان تا دوا ئەندازە تووشی حەپەسانیان کردم. بەو هۆکارەی لە کچێکی فاشیستیان دابوو ماوەیەک لە ماڵی (قیمەت) مابوونەوە. پەیوەندی و شێوازی ژیانی (قیمەت) ئەوانی سەرسام کردبوو. بە گاڵتەجاڕییەوە باسیان لە کۆمەڵێک دیاردە دەکرد کە پێشتر زۆر پیرۆز و بەهاداربوون. هاوسەرگیرییەکەی (قیمەت)یان بە هاوسەرگیرییەکی زۆر نموونە، زۆر شۆڕشگێڕانە و زۆر بێهاوتا رادەگەیاند.

گەلۆ چی ڕوویدابوو؟ دەبووایە چی بکرایە بە نموونە و ئەزموون؟ تۆ بڵێی بەو هۆکارە بێت کە سیستەمی پەیوەندییەکەی لەناو کۆمەڵگەدا و پەیوەندی نەریتییانەی پیاوی لەبەرامبەر هاوسەرەکەی بە یەکجاری سەراوبن و پێچەوانە

کردبووەوە؟ ڕۆژێکیان ببووم بە شایەتحاڵی هەندێک شت. بە هاوسەرەکەی گووت: "زولفۆ ئادەی هەڵستە چایەک بکوڵێنە. ئەوە بۆچی ئەو منداڵە دەگری، پەڕۆکانی بگۆڕە" و شتی لەم جۆرە بریتی بوو لە ئازادی ژن، خۆشەویستی شۆڕشگێڕانە و یەکێتی؟! ئەی خوایە ئەم کچانە مێشکی خۆیان خواردووە. بە (فادیمە)م گووت: "چیتان بەسەر هاتووە، زۆر گۆڕاون" ئەویش گووتی: "ڕاستە". پێویستە هەموو ئەمانە بە هەڤالان ڕابگەیەندرێت، بیرم لەوە دەکردەوە چاوم بە هەڤاڵ عەلی حەیدەر قەیتان بکەوێت. لەکاتێکدا ئێمە لەسەر ئەم شتانە قسەمان دەکرد هەڤاڵێک هات و گووتی: "خۆتان ئامادە بکەن بابڕۆین، لە گوند زەماوەندە، هەڤالانیش لەوێ کۆدەبنەوە." پرسیاری هاتن و نەهاتنی کاکە (حەیدەر)یشم کرد، گووتی: "نازانم!" منیش لەگەڵ ئەوان سواری مینۆبیسەکە بووم و ڕۆیشتم. بەڵام بەر لەوەی بە نیوەی ڕێگە بگەین مینۆبیسەکەیان ڕاگرت، هەڤاڵ (عەلی حەیدەر)یش هەبوو. یەکەمجار بوو چاوم پێی دەکەوت. پرسی: "تۆش هاتوویت بۆ شایی؟".

منیش ئەرێم کرد و پێمگووت کە بەدوای خۆیدا گەڕاوم و دەمویست قسەی لەگەڵدا بکەم. شڵەژابوو؛ وەکو کارێکی زۆر بە پەلەی هەبێت.. هەروەها هەم توورە و هەم بێ ئۆقرە بوو. گووتی: "هەندێک شت هەیە، بۆ ئەوە هاتووین، دەگەڕێینەوە، تۆش لەگەڵمان وەرە! هەندێک شت لە ئارادایە". من هەندێکی تر بابەتەکەم ڕوونکردەوە.

قسەکانی (ئایتەن) لە چەولیک، هەڵوێستەکانی (فادیمە) و ئەوانم بۆ باسکرد و دەمگووت: "هەر ئەوە مابوو کەسایەتی خۆیان لەدەست بدەن" ئەویش گووتی: ".. پاشان بە بەرفراوانی

قسەی لەسەر دەکەین. گەڕاینەوە و چووین بۆ ئەو ماڵەی (ئەرۆل دەیرمەنجی) و ئەوانی لێبوون.

لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی هەڤاڵ (حەقی قەرار)دا. بەیاننامە ئامادەکرابوون و پێویست بوو بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاو بکرێنەوە. لەبەرامبەر بەو دژە - پڕووپاگەندەیەی کە دووژمن دەیویست بە هەموو لایەکدا بڵاوی بکاتەوە، لە هەموو رووێکەوە پێویست بوو بە شێوەیەکی شایستانە یادی هەڤاڵ (حەقی) بکرێتەوە. من، (کازم کوڵلو) و (گوڵستان) هەرسێکمان پێکەوە نێردراین. هەر لە میللییەوە تا گیولەچ، چەند گوندێک گەڕاین. لەو نێوەدا کۆبوونەوەکەش سازکرا و گەلێک شت روون بوونەوە.

لە دێرسیم هەوڵدان بۆ نانەوەی گێرەشێوێنییەکی هاوشێوەی رووداوەکەی دیلۆک ئەگەرچی بەئەندازەی خۆی کاریگەری نەرێنیشی دروست کردبێت، بەڵام توانرا رێگە لە گەورە و جددیتربوونی رێگەی لێبگیردرێت. ئەمە راستییەکیشی دەرخستبووە روو؛ دووژمن چەندە زەمینەی لاوازی لەنێوماندا بەدی بکردایە بە هەموو شێوەیەک هێرشی دەکردە سەرمان. لەم واتایەدا تێکۆشانی چینایەتی لەنێوخۆدا گرنگی بەدەست دەهێنا. تەنیا لە گووتەیەک یان لێکدانەوەیەکەوە دەستیان پێدەکرد و بە ئەندازەیەکی گەورە و فراوان سەرجەم کادیرەکانی تەڤگەر دەخرانە ژێر گومانەوە و دەکران بە خیانەتکار و خۆشیان بە رزگارکەر دەزانی و دەبوون بە ئامراز بۆ گێرەشێوێنییەکان. ئەم دۆخە لە راستیدا وای لە رێکخستن کرد ئەندامەکانی خۆی باشتر بناسێت، لاوازییەکانیان ببینێت و بەو پێیە رێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر. هەندێک شت تا لە ژیاندا نەبیندرێت و بەسەردا نەیەت تێگەیشتن و لێکدانەوەی راستەقینەی لێوەدەست ناخرێت، پێی نازاندرێت.

کاتێک هەڤاڵ (جەمیل) باسی لە دۆخی دیلۆک کرد، من هەوڵمدەدا پەیوەندییەک لەنێوان ئەم و ئەو رووداوانەی پێشتر لەدێرسیم هاتبوونە ئاراوە دروست بکەم. کەواتە رێوشوێنی پێویست تەنیا ئەوە نەبوو لە دژی هێرشە دەرەکییەکان پابەندبین بە پرەنسیپەکانی رێکخستن و ئایدیۆلۆژییاکەی بپارێزین. پێویست بوو لەناوخۆدا کەسێتییەکان باش بناسین، خۆمان باش بناسین، هۆشیار بین، باش چاودێری بکەین کە چی و بە چی ئامانجێک دەگووترێت. چەندە دڵساف و خۆشباوەڕانە مامەڵەمان لەگەڵ کێشەکان دەکرد!

## خۆ ئێمە نووسینگەی هاوسەرگیری نین!

بەڵێ؛ لە کۆنگرەی دامەزراندن دەگەڕاینەوە. قۆناخێکی نوێی خەبات دەستی پێدەکرد، جۆش و خرۆشێکی هەبوو. بەڵام من لەژێر کاریگەری بەسەرهاتەکانم دابووم، لە کۆنگرەکە هەموو شتێک تاوتوێکرا، لەکاتی کۆنگرەکەدا زۆر هەستم بەکاریگەرییەکانی نەدەکرد. لە بنەمادا تازە دەکەوتمە نێو کاریگەری چڕوپڕی و قورساییەکەیەوە. لێکدانەوەیەکی جیاوازم بۆ بەشداریکردنم لە کۆنگرەدا نەبوو، تەنانەت ئەوەندەی لە یادمە، لە کۆبوونەوەکەدا چەندە هەستم بە دواکەوتوویی ئاستی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنم بەرامبەر بە کێشەکان بکردایە، شەرم و شەرمەزاری دایدەگرتم. بەڵام لە هەمانکاتدا خۆشحاڵی و شانازیش هەبوو، ئەمەیان قورساییەکەی زیاتر بوو کە گرفت و ژیان و تێکۆشانی بەلامەوە زۆر زەحمەت نەبوو. ژیان ئەوەندە سرووشتی، سەرنج ڕاکێش، جوان و خرۆشێنەر بوو کە هەرگیز درێخی ناکەیت لە فیداکاری و قوربانیدان لە پێناویدا.

هیچ لایەنێکی ژیان بەلامەوە نامۆنییە، ئەگەرچی هێزی تەواوکاریشیم نەبێت! لەبەرامبەر بە ژیان خۆم بە کەم نەدەزانی و بە چۆکدا نەهاتم، هەموو ڕۆژێک، هەموو ئانوساتێک وەک هیچ ژیانێکی ترم نەبووبێت و هەمیشە وەها ژیابم، وەک ئەوەی سەرلەنوێ لەدایک بووبمەوە خۆشم دەوێ. ئەوساکە هەر چەندە ئاسەوار و کاریگەری ئەو ژیانە ئاڵۆزەش هەبوو، ئەوەی لەگەڵ خۆی دەیبردم و دەیژیاندم و دەمژیینێت، ئەوەی هانی ژیانی دەدام و دارەدارەی پێدەکردم؛ ئەم تێکۆشانە هێزبەخشە شۆڕشگێڕییەیە. هیچ نیگەرانییەکم نەبوو لەمەڕ ئەوەی "بۆ کوێ دەچم، بۆ کوێ دەچین، چی هەیە و چی ڕوودەدا؟"، تێکۆشان

پڕە لەو ڕەهەندانەی کە پێویستە هەبن. مادام بڕوا، پابەندی و متمانە هەیە، ئەوی تر هیچ گرنگییەکی نییە.

هەڤاڵ (جەمیل) لەسەر ڕێکخستن، ئەرکدارکردن و ئاستی چۆنێتی خەبات لە قۆناخی نوێدا هەڵسەنگاندنی کرد، پاشان لەوێ نەمایەوە. ئەگەر مسۆگەریش نەبێت بەمشێوەیە شیمانە دەکرا. کۆمیتەی هەرێمی خارپێت لە (عەلی گیوندوز)، (حسێن تۆپگیودەر)، (مەتین گیونگیۆز)، (حاملی یڵدرم) و خۆم، واتا لە پێنج کەس پێکدەهات. کۆمیتەی ئاستی خوارتریش هەبوو. ئەرکدارکردنی ئەو کەسانە خرانە بەرباس کە لەو کۆمیتەیەدا جێگە بگرن. هەرێمێک بەرفراوانتر دەبوو. پێرتاگ، چەمیشگەزەک، خۆزات، دەپ و شاری (مەلەتی – مەلاتیا)یشی لەناودا بوو. سەرەتا بیرمان لە هەڤاڵ (سلێمان ئاسلان) دەکردەوە بۆ شاری مەلەتی، ماوەیەکیش ڕۆیشت و خەباتیشی کرد. پاشان بیر لە ئەرکدارکردنی هەڤاڵ (ئایتەکین) کرایەوە. پێشتر چەند هەڤاڵێکی بە ئەزموون هەبوو کە کار و خەباتیان ڕاپەڕاندبوو. لە ڕاستیدا دەیانتوانی هەڵمەتێکی نوێ بەرپا بکەن. هەڤاڵان دەیانگووت: "ئەگەر کادیرگەلێک بن خاوەنی هێزی ڕێکخستنکردن و زاڵ بن بەسەر سیاسەتدا، دەشێت کار و خەبات زووتر پێشبکەوێت". بەهیچ شێوەیەک باسمان لە دامەزراندنی پارتی و سازدرانی کۆنگرە نەدەکرد، بە نهێنی دەمانپاراست. بەڵام چالاکی لە کار و خەباتدا، جێگۆڕین و ڕێکخستنکارییە نوێیەکان وایدەکرد هەست بەبوونی هۆکارێکی گۆڕان و پێشکەوتنەکان بکرێت. هەندێکیش هەبوون نارەحەتی خۆیان نیشان دەدا و گوڕیان بە کاردانەوە و هەوڵە گێرەشێوێنییەکانیان دەدا.

له دیلۆکیش کردەیەکی هاوشێوەی ڕووداوەکەی دێرسیم تاقیکرایەوە، بەڵام سەرینەگرت. ڕەوشی ئەو دوو کەسە دەخرایە ڕۆژەڤەوە کە لە دیلۆک کوژران. هەروەها هەندێک قسە و قسەلۆکی وەک" کادیرە خۆجێییەکان پەراوێز دەخرێن، بەردەوام کادیرە بیانییەکان لە خارپێت لە ئاستی باڵادا ئەرکدارکراون، ئەمە لەکاتێک دایە کە ئەوەی لە خارپێت دەستی بەم کارە کردبوو هەموویان کادیری خۆجێی بوون، ئەو کادیرانەی لەدەرەوە هاتوون لەسەر ڕەنجی ئەوانەی ئێرە دانیشتن، ناحەقی دەکرێت...هتد" بڵاو دەکرایەوە.

سەرەتا بەو هۆکارەی هەڤاڵان بەرتەسکانە هەڵوێستیان نواندبوو، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و تێگەیشتووانە ئەرکدارکردنەکانیان لێکنەدابووەوە، بۆیە لە چەند شوێنێک قسە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە دەکرا و هەوڵی قانیعکردن و تێگەیاندنیان دەدرا. ئەو کارەمان بەلاوە زۆر جددی نەبوو، لە ئاستی ناودا لە هەندێک شوێن هەڤاڵان بەدەستەوە دەدران. پێویستە زۆر بەدیقەت و وردبینانەتر مامەڵە بکرێت. لەم ڕووەوە هەڤاڵ (جەمیل) ئاگادارکردنەوەیەکی دا و گووتی: "دەشێت دووژمن ڕاستەوخۆ هێرش بکات" و باسی لەوە کرد کە دووژمن چۆن هێرش دەهێنێت، هەوڵی چی بدات و گووتی: "پێدەچێت ڕاستەوخۆ هەندێک لە هەڤاڵان بکاتە ئامانجی لەناوبردن و هەوڵی ئاڵۆزی و پشێوی بدات". لەمە زیاتر هیچی بەرجەستەی پێنەگووتین. هەڤاڵ (جەمیل) دەیگووت: "دوور نییە دووژمن دەست بە پەلامارێکی سەرتاسەری بکات کە هەوڵی پاکتاوکردن لەخۆوە بگرێت". لێمان پرسی کە ئایا ئەگەری هەیە ڕەشبگیری و زیندان بێتە ئاراوە و ئەویش دەیگووت: "بێگومان، دوور نییە..".

هەڤاڵ (عەلی حەیدەر قەیتان)، هەڤاڵ (حاملی)، (عەلی گیوندوز)، هەڤاڵ (کەمال پیر)، (دلاوەر)، (کەمال جۆشکون - بۆزۆ)، (حەیدەر گیۆزلو) و دەکرێت باس لە چەندین هەڤاڵی تریش بکرێت. بێگومان لە یەکەم دەستگیرکراوانمان و ئەوانەی کە بۆ درێژترین ماوە لە زیندان دا بوون (د.عەلی کیوچوک) و گرووپەکەی بوون. رووداوی کوشتنی (موستەفا چاملیبەل) ببوو بە هۆکاری دەستگیرکردنی زیاتر لە (10) هەڤاڵ. ئەگەرچی هەڤالان هەبوونی پەیوەندی رێکخستنیان لەگەڵ ئەو رووداوەش پەسند نەکردبێت. وەکو دۆزێکی ناسیاسی بەردەوام بوو. بەلام دووژمن هەمدیسان راوەستەی لەسەر کرد و سزای بەسەردا سەپاندن.

(د.عەلی)یان لە ئاگرییەوە بۆ زیندانی نیغدە[161] راگواستبوو. سەرەڕای ئامادەکاریش لە ئاگری نەیانتوانی بوو رابکەن. گەلۆ چ گرفتێکیان هاتبووە پێش؟ پەیوەندییەکی ئەوتۆمان لەگەڵیان نەبوو. تەنیا ئالوگۆڕی نامە و نووسراو نەبێت. لەوێوە هەندێک زانیاریمان بەدەست دەکەوت. هاوژینەکەشی نامەکانی کۆدەکردەوە. یەک دوو جاریش سەردانی (د.عەلی)ی کردبوو. (د.عەلی) لە هەر نامەیەکیدا هۆنراوەیەکی نووسیبوو. هاوژینەکەی سوور هەڵدەگەڕا، شەرمن شەرمن قسەی دەکرد، بەلام خۆشحاڵ بوو بەوەی هۆنراوەکان بۆ خۆی نووسرابوون. تا دواڕادە سۆزدار (عاتیفی) بوو، بەهیچ شێوەیەک نەیدەویست پەیوەندییەکی راستەوخۆ و پابەندییەکی هەبێت لەگەڵ رێکخستن دا. هێشتا لە هەمان مەودای دووردا بوو. تەنیا دۆخی "دادە" یاخود کچە دەستگیراندارێکی پەیوەست بە هاوڕێکەی تێپەڕ

---

[161] پارێزگایەکی تورکیایە دەکەوێتە باشووری رۆژهەلاتی هەرێمی ئەناتۆلیای ئەو ولاتەوە.

نەدەکرد کە هەڤالانی خۆشدەویست، هاوکاری ماددی دەکرد و جاروباریش ئەو کارەی دەکرد کە لەهێزیدا بووایە.

خاوەنی ئەو ماڵەی تێیدابووین لە قاتی سەرەوە نیشتەجێ بوو. زیاتر بە کچانی دەرەوەی ئەو گەڕەکەوە سەرقاڵ دەبووین. پێویست بوو کار و خەباتمان سەرنج رانەکێشێت. بەڵام (خاتوون)ی کچی خاوەن ماڵەکەمان هەوادار بوو، هەستی بە شۆڕشگێڕییمان دەکرد. هاوکات خۆیشی کەسێکی کراوە بوو بۆ خەباتکردن، گرنگیمان پێدەدا. باوکی کچەکە؛ کەمالیستێکی خەڵکی تۆزکۆپارانی سەر بە پێرتاگە. دایکی ژنێکی ستەمدیدە و دڵپەژارەیە، (یەتەر)ی کچە گەورەیان هێشتا ئەو کاتەی لە گوند بوون رایکرد بۆلای ئەو کوڕەی خۆشیویستووە. راستییەکەی کوڕەکە داوای دەکرد، رازی نابن، ئەویش پێی دەیگووت: "با رابکەین"، بەرەو شاخێک دەڕوات و داوا لەکچەکەش دەکات بڕوات بۆ لای. کچەکەش دەڕوات، لەوێ قسە دەکەن، کچە بیر لە خانەوادەکەی دەکاتەوە، پێی دەڵێت کە بەو راکردنەیان قسەی خێریان لەسەر ناکرێت، رێگە بۆ بەیت و بالۆرە لێکردن دەکاتەوە، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دوای رازیکردنی خانەوادەکانیان ئەوجار هاوسەرگیری بکەن. کوڕە رازی دەبێت و دەڵێت: "باشە" کچە رۆژی دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. کوڕەش دەڕوات بۆ شارێکی تر. بەڵام ئەمە گرفتەکە چارەسەر ناکات، هەموو شتەکان خراپتر دەکات. بەیت و بالۆرەیەکی زۆر بە گوندەکەدا بڵاو دەبێتەوە، دەگووترێت: "کوڕە داوێنی کچەی پیسکردووە و رایکردووە" و جگە لەمە کەس قسەی تری نەبوو، کچە بە تەواوی دەڕووخێت، بۆ دایکی باس دەکرد، لە باوکی دەپاڕێتەوە و دەیگووت: "دایکە، راست نەبوو، هەرگیز دەستی بۆ نەبردم" و رەوشەکە وەکو خۆی دەگێڕێتەوە. بەڵام کەس بڕوای پێناکات.

## لێرەدا ناچارم بە کردنەوەی کەوانەیەکی تر.....(

بەسەرهاتەکان راکێشم دەکەن و بێگومان زۆریشم بۆ دێنێت. چ دەبێت با ببێت پێویستە قسە لەسەر هەندێک شت بکرێت، هەندێک شت بگووترێن. بە بەکاربردنی ناوی پارتی و ناوی (سەرۆک)، زۆر بە ئاسانی هەندێک چەوتی و خەتا دەکرێت. رێگری نەکردن، یاخود داننەنان بەو ئەگەرانەی بەم هۆکارەوە رێگەیان لە پێش دەکرێتەوە، مرۆڤ دەکوژێت لە داخان! تا ئەمڕۆ هیچ شتێک نەیتوانی دوورەپەرێزم بکات لە پابەندبوونم بە ژیان و تێکۆشانەوە، زیاتر لە ئامێزم گرت، بەپێداگیرییەوە لە ئامێزم گرت. بەڵام هەندێک لە هاوڕێیانم واتا نادەن بە لەسەر پێ راوەستانم، تا لەدەستیان هات زۆریان بۆ هێنام. تەنانەت دەڵێن: "بۆچی لەسەر پێیت، بۆچی ناڕوخێیت، بۆچی خیانەت ناکەیت، بۆچی ناڕۆیت؟" و خۆیان تووڕە دەکەن، بێ تاقەت دەبن، واتای پێ نادەن. بەڵێ، ماوەیەک بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ درێژە بەم جۆرە هەڵوێست و لێکدانەوانە درا، بەڵام ئێستاکە بە روون و ئاشکرا دەیکەن.

لە دوایین کۆبوونەوەی ناوەندی پارتیماندا هاوڕێم (فوئاد) دەیگووت: "سەیرە بەلامەوە بۆچی راتنەکرد، بۆچی هێشتا راوەستاویت؟" پارتێکی جیاواز، زەمینەیەکی جیاواز و مرۆڤێکی جیاواز بووم. دەیانخواست لە کار و خەبات بەدوور بم: گووتیان: "بەم حاڵەیەوە هیچ ئەرکێکی پێ راناپەڕێت". بەڕاستیش بیانووی سەرسوڕهێنەر بوون: "کاریگەری دروست دەکات، کاریگەری لەسەر کادیرەکانی بەڕێوەبەری دەکات، بەکاریگەرە.

پێشتر پێیگووترابوو زۆر پاشکەوتوو و ناسیاسییە. ئێستاکە گۆڕاوە، زۆر سیاسییە، هەموو شتێک بە ئەنقەست دەکات. ئەگەر دوورەپەرێز و سنووردارمان نەکردایە..!" هەموو شتێک... واتا هەموو شتێکیان لەسەر گووتم.

من هەمدیسان پابەندبووم بە ژیان و تێکۆشانمەوە، هێشتا دەژیم، ئەگەرچی پەراوێزیش خرابم! کەواتە من کێم، چیم؟ ئەمە بەواتای "بژی بەڵام هێواش هێواش بمرە" نەبوو؟ رێگەنەدان بە خەباتکردن، سنووردارکران بەواتای مردن نایەت؟ جگە لەمە هیچ لۆژیکێکی تری نییە. دەگووترا: "دابنیشە و لە دەربارەی خۆت بنووسە" دوای ئەم بەسەرهاتانە لەبارەی خۆوە نووسینم چ واتایەکی هەیە؟ لەم خاڵەشدا دەگووترا: "نەخێر نەخێر، ژیانێکی دەریائاسات هەیە، بنووسە، شتێکی زۆر ناوازە دەردەکەوێت". ژیانێکی دەریائاسا! چەندە گاڵتەئامێزە، پێناسەیەکی چەندە ناجددییە.

سەرەڕای هەموو شتێک خۆم بە نووسین رازی کرد و دەستم پێکرد. سەرەتایەک بوو: نووسینی بەسەرهاتەکانم یاخود "چیرۆکی ژیانم" دەبوو بە لێکدانەوەی مێژووی تێکۆشانمان لە پەنجەرەی ژنەوە. بەڵام هەندێک رووداو وەکو چەقۆیەک هەموو شتێکی لەتوپەت دەکرد. کەوای لێهات پرسیاری "بۆچی؟!" بە ئەقڵدا دێت.

بەڵێ بە گرنگی دەزانم. لە پەنا سەرمدا، لە هەمان هەرێم بە سەدان هاوڕێی ژن کۆبوونەتەوە و کۆنفرانس ساز دەکەن. یەکەمین کۆنفرانسی ژنانی کوردستان، ئەمڕۆ لە هەژدەهەمین رۆژدا ئەنجامگیر بوو. هەڤاڵان ئاهەنگی پیرۆزبایی بەڕێوە دەبەن. دوێنێ بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ناوەندی لیستێک پێشکەش کراوە. لە کۆنگرەی ژناندا ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی

(YAJK[162]) پێکهێندرابوو. هەوڵمدەدا لە هۆکاری پێشکەشکردنی لیستێکی تر و هەڵبژاردن تێبگەم، لەکاتێکدا هێشتا ساڵێک بەسەر کۆنگرەدا تێپەڕ نەبووە.

(ئاسیا) کاتێک باسی لە رۆژەڤی کۆنفرانس دەکرد ئارام و بەدالغە بوو، لیستەکەشی بەدەنگی پچڕپچڕ خوێندەوە. لەو لیستەدا کە دیوان پێشنیازی کردوون و وەکو ئەندامانی ناوەند پەسندی کردوون (ساکینە – "مەبەست لە ساکینە قەرەقۆچانە – و")، (سۆزدار) و (خانێ) هەیە. لیستەکە درێژ دەبێتەوە و دەڕوات. رێک و پێک (30) هەڤاڵ. هەمووشیان دەناسم. بەدەر لە هەندێکیان، زۆربەیان هاوڕێی زۆر خۆشەویست و زۆر بەڕێز و تاکۆتا جێی متمانەم بوون، ئەم لایەنەی سەرئەنجامەکە مایەی شانازییە بۆ مرۆڤ. بەڵام هەندێکیان بە چی لۆژیکێک بۆ کۆمیتەی ناوەندی پێشنیاز کراون، واتا پێدان زۆر ئەستەمە. کەسێک کە رۆژێک پێشتر لەناو (پیلانی راکردن)دا بووە، کەچی ئەمڕۆ بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (YAJK) پێشنیاز دەکرێت. ئەی خودایە ئەمە چۆن ئیشێکە؟ گرفتەکە لەوەدا نییە کە کێ حەقی کردوە یاخود نا. هیچ کەسێک هەرگیز و بەهیچ شێوەیەک مافی نییە یاری بە پێوانەکانی (PKK) بکات. ئەگەر پێوانەکان هێندە تێکەڵ و پێچەوانە دەکرێتەوە، پێویستە لەوێدا رابوەستی و بە راستی و بە ویژدانەوە بیری لێبکەیتەوە.

(PKK) بە بەکارهێنانی دەسترۆیی بەڕێوە نەبرا و بەمرۆ نەگەیشت، کەسێتییەکان بە دەسەڵات گەورە نەبوون. خۆشم هەرگیز چاوم نەبڕییە دەسەڵات و بڕکردن بە دەسەڵات بۆ من

---

[162] یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان رێکخستنێکی ژنانی نێو ریزەکانی (PKK)یە کە لە بەهاری ساڵی 1995 بە فەرمی و لە کۆنگرەیەکدا بڕیاری دامەزراندنی درا و تا ئەمڕۆش بەناوی ترەوە بەردەوامە.

هیچ واتایەکی نەبووە و نییە، هەمیشە تاکە شتێک کە بێزم لێ هاتبێتەوە جۆرە بەڕێوەبردن و بەڕێوەبەرانێکە کە لە سەرلوتەوە و بە دەسەلاتپەرستانەوە تەماشای دەوروبەری خۆی بکات، بێ رەنج، بێ رۆح، بێ جۆش و خرۆش و بێ پرەنسیپانەیە. هەوڵمدا لەم تێکۆشانەدا جێگە بگرم و هەموو کارێک بەشێوەیەکی خاوێن و رێکوپێک راپەڕێنم، بەدەر لە جۆش و خرۆشەکەی، هەرگیز ئەرک و دەسەلاتم بۆخۆم نەکردە کێشە و گرفت. خودی ئەم تێکۆشانە ئەمەی فێرکردم. تەڤگەر هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای خۆبەخشانە و رەنج و لەخۆبوردەیی؛ مرۆڤی راکێشاوە، بەشداری کار و خەباتی کردووە و بە رێکخستنی گەیاندووە. هیچ کەسێک دەسەلاتی بەکەسی تر نەبەخشی. گرفت و کێشەکان بە وەگەڕنەخستن و سنووربەندکردن چارەسەر نەدەکران. (رێبەر)مان دەسەلاتپەرستترین، نائاشناترین و گوماناویترین کەسێتییەکانی دەخستەگەڕ و کاری پێ دەکردن. ئێستاکە ئەم رێبازە پێچەوانە کراوەتەوە. هەڵبژاردنەکان بەگوێرەی پێوانەی تەسکی کەسێتییەکانە. پەراوێزخستن و بەهیچکردن بۆتە رێبازێکی لێکدانەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ کادیران. ئاشکرایە کە بەهۆکاری ئەم هەڵوێستانە و کەموکورتییەکانی خۆمەوە، نەمتوانی بەپێی پێویست و بەشێوەیەکی راست خاوەنداری لە ئەرکەکانی خۆم بکەم. بەڕاستیش لەم بابەتەدا تاوانبارم. بەلام لەم تێکۆشانەدا کە ژیانی خۆمم بۆ تەرخان کردووە هەرگیز رووبەڕووی دۆخێکی وەها نەبوومەتەوە کە بەوجۆرە لەیادبکرێم یاخود پەراوێز بخرێم. هەر ئەمەیە کە جێگای پەسند کردن نییە.

نا نا نەخێر؛ هەوڵدەدەم شتێک بکەم کە هەڤالان هەستی پێنەکەن، بەلام ئەگەر قسەش نەکەم نابێت، هەموو شتێک زوو

ڕەنگی دەدایەوە بە ڕوومەوە، هیچم پێ ناشاردرێتەوە، لە قسەکردنیشدا زۆرم لە خۆم دەکرد، بەخۆم دەگووت: "دەبێت، هەندێک کەسایەتی نوێنەری خۆیان پێشنیاز بکەن، بەڵام بەگشتی لە ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵان لە لیستەکەدا هەن و دەشێت ئەنجوومەنێکی ناوەندی هاوسەنگ پێکبهێندرێت" و بڕواشم بە شتێکی وەهاش هەیە. لەم بوارەدا شتێک نەبوو کە سەرم پێوەی قاڵ کردبێت، بەڵام بێ پێودانگی تووڕەی دەکردم، تا ئێستاش بەمجۆرە بەردەوامبوونی بەڕاستی تێکم دەدا، ئەگەرنا خۆ ئەمە ڕەوشێکی نوێ نییە. (ئاسیا) هێشتاش دەیەوێت قسە بکات، قسەکانی دێنێت و دەبات و دەڵێت: "واتامان نەدا بەوەی هەڤاڵ سارا نەخرایە نێو لیستەکەوە"، منیش خوازیار نیم ئەم بابەتە قسەی لەسەر بکرێت. نەخێر با لە دڵدا بمێنێتەوە، کەس نەیەت و لەلام قسە نەکات. کادیرن، قۆناخی کۆنفرانسێکیان تێپەڕ کردووە، گفتوگۆیان کردووە و گوایا لە دژی هەڵە و چەوتییەکیان تێکۆشاون. کەواتە لە پلاتفۆڕمێکی وەهادا کە دەخوازرێت گرفتەکانی تێدا چارەسەر بکرێت، دەکرا سەبارەت بە ڕەوشی منیش پرسیار و پێشنیازەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و بە ئەنجامێک بگەشتنایە.

(مزگین) بە چوستییەکەی هەمیشەی خۆیەوە، لە هەناسەیەکدا لایەنە گرنگەکانی کۆنفرانس و ئەو بابەتانەی کاریگەری لەسەری کردوون گێڕایەوە. بەو هۆکارەی خۆیشی ئەندام بووە، ڕووداوەکانی وەکو خۆی باس دەکرد، بەڵام هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی خۆیشی لەسەر زیاد دەکرد، هەندێک جار بە ڕووخۆشییەکی گەورەوە پێدەکەنی، جاروباریش لە تووڕەییدا برۆکانی گرژدەکردنەوە، ئاستی دەنگی خۆی بەرزتر دەکردەوە و گووتەکانی بەشێوەیەکی ڕوون و پێداگرانەوە

دەدرکاند. رۆشنایی رووخساری و ئاڵی رووومەتەکانی لەکاتی وەهادا زیاتر بەدی دەبوون. مرۆڤێکی لێوان لێو لە ژیان و تێکۆشان و مرۆڤێکی جوان بوو، رووبەڕوو و راشکاو بوو، بێ ئەوەی رێگە بە هیچ ناشرینییەک و چەوتییەک بدات بە چ شێوەیەک دەبێت با ببێت رەخنەکانی خۆی دەخستەڕوو.

زیرەک بوو و زوو دەیزانی بەوەی لەلای ئێمە چی بۆ چی دەگووترێ یاخود دەکرێت. لە ژیانی شەش ساڵەی گەریلاییدا قۆناخی پڕ لە بێنەوبەرە و رۆژانێکی پڕ لە ئێش و ئازاری بەسەر بردبوو. هەموو جارێک باسی لە خەشم و قینی (دکتۆر) دەکرد کە کاریگەرییەکی قووڵی ئەو قۆناخەی لەسەر بوو. هەر کاتێک باس لە دۆخە نەرێنی، ساختەکاری، فێڵبازی و هەموو ئەو شتانەی تر کە ناکەونە ریزی هاوڕێیەتی و هەڤاڵێتییەوە بکرایە، ئەو دەیگووت: "ئێوە سەردەمی (دکتۆر)تان نەبینیی!.." هەرچەندە ئەو قۆناخەشی شیکار کردبێت و لەم بوارەدا بە ئەنجامێکی بەرچاویش گەیشتبێت، لە واتای سیاسیدا بەهیچ شێوەیەک پێی هەرس نەدەبوو. ئەگەرچی هۆکارەکانیشی بۆ ریز بکرایە، ئەو رازی نەدەبوو. کاری لە دڵی کردبوو. چونکە شتگەلێک بوون کە نەدەبووا روویان بدایە. لە رووی تیۆرییەوە لێکدانەوە و گەیاندنی بە پێناسەیەک شتێک بوو و ژیان و کاریگەرییەکانی شتێکی تر. لە یاد نەدەکرا و لەیادگەی مرۆڤدا نەدەسڕدرایەوە..

مسۆگەر بابەتەکەی هەر دەهێنایەوە سەر بەر ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوەندی و گووتی: "... تێپەڕی.. لەو بڕوایەدام هەڤاڵ سارا دەزانێت واتای چییە، دەتوانێت شیرۆڤەی بکات، بەڵام هەڤاڵان زۆر پرسیاریان کرد: بۆچی هەڤاڵ سارا لە لیستەکەدا نییە؟.. منیش هەرچەند بڵێم سەرۆک ئاگاداری دۆخی

ئەوە، رازی نابن..″ تایبەتمەندی روونکردنەوەی پرس و گرفتەکان بە (سەرۆک) لە ریزی هەڤالانی ژن دا زۆر لە پەرەسەندن دایە! لە راستیدا هەر ئەوانیش بوون دەیانویست لەم مژارەدا شتێک بڵێم، بۆچوون و کاردانەوەکانم دەربخەمەڕوو.

هەر ئەوەندەم گووت: ″هەڤالان رایاننەگەیاند، ئەگەر رایانبگەیاندایە باشتر دەبوو. منیش ئاگاداری رەوشەکە دەبووم. خۆم دەتوانم تا رادەیەک هەڵسەنگاندنی بۆ بکەم، واتای پێ بدەم، بەڵام ئەگەر هەڤالان رایانبگەیاندایە باشتر و راستتر دەبوو″. نەمویست لەم خاڵەدا درێژە بە بابەتەکە بدەم. دونیا تاریک داهاتبوو، زۆر هەستیان بە واتاکانی گۆڕانی رووخسارم نەدەکرد. بەر لەوەی ئەوان بێن بەتەنیا بووم، لەکاتی داگیرساندنی ئاگرەکەدا بەتەنیا بووم، دڵم پڕ ببوو، بێ ئەوەی هیچ فشارێک بۆ خۆم بهێنم پڕ بەدڵ گریام. کەواتە چی دەمێنێتەوە؟ ئەگەر هاوڕێیانم منیان لە ژیان سڕیبێتەوە و ئەگەر ئەم بێدەنگییە ئەو واتایەی بگەیاندبایە، ئەگەر بەهیچ کردنی مرۆڤ واژۆکرابێت، کەواتە بۆچی دەژیم، بۆچی لێرەم؟″.

نووسینی نامەیەک هات بە خەیاڵمدا، دڵ و مێشکم پڕ بوو، لەبەر گوڕەی ئاگریش نانووسرێت، بەڵام هەر کاتێک دەستم بە نامەیەک کردبێت بۆ (سەرۆک)، پێم تەواو نەکراوە یان ئەوەتا نەمتوانیوە بیگەیەنم. ئەمەش کاریگەری لە نووسینی نامە دەکرد. وابڕوات ئەو شتانەی دەمویست بیاننووسم بەکۆتا ناگەن، من لەنێو دۆخێکی دەروونی وەهادا چۆن بنووسم، چۆن گیانێکی پێ بدەم.

تەنیا شتێک لەیاد کرابوو یاخود هێشتا بیری لێنەکرابووەوە. کەواتە من پێشنیاز بکەم، وەبیریان بهێنمەوە″ کەواتە با لە خاکەکەم، لە وڵاتەکەشم کە هەموو شتێکم لەپێناویدا بەخشیوە و

ئامادەم هەموو شتێک ببەخشم، دوورمبخەنەوە، بەناوی هەموو هەڤالانمەوە خۆم سزا دەدا: دوورخستنەوە (مەنفا)..! ناوی لێدەنێن دەرکردن یان راگواستن و دوورخستنەوە؟ چی پێدەگووترێت با بگووترێت، با فڕێمدەنە شوێنێکی دوور.. شوێنێکی زۆر دوورە دەست بێت. هەرگیزا و هەرگیز لە وڵاتی خۆمدا، لەناو گەلەکەمدا، لەناو هەڤالانمدا تەنیا هێشتنەوەم، لەیادکردنم، پەراوێزخستنم پەسند ناکەم. ئاواتەخوازی مردنێکم کە بەیادی هەموو شتێکەوە بێت، ئەمەیان باشترە".

من شێت بووم یاخود؟ نەخێر، لەسەر خۆمم، مێشکم لە شوێنی خۆیەتی، هێشتا دڵم لێی دەدا. لایەنی مرۆییم هێشتا لەسەر پێیە، شانازی بە ژن، کوردبوون و شۆڕشگێڕییمەوە دەکرد. ئەگەر لەنێو تێکۆشاندا دەژیم و رێدەبرم، پێویستە جێگەم هەبێت، ئەگەر دەگووترێت: "لە هیچ شوێنێک پێی ناکرێت، ناتوانێ بژی" کەواتە دەچمە ناوەندی دۆزەخەوە، لەوێ بە ئازارەوە دەتلێمەوە، باشترە!

راستییەکان روون و ئاشکران. دەسەڵات، پێگە، هەموو ئەرکێکی جوان و رازاوە و نازناوێک با بۆ ئێوە بێت. بڕوا بکەن هەرگیز چاوم لەمە نەبووە. با تەنیا تۆزێک هاوڕێی یەکتربین؛ ئەم تێکۆشانە تێکۆشانی منیشە، ئەم پارتییە پارتی منیشە. ئەم چڵێسی و فرەخۆری و چاوبرسێتییە، ئەم خۆپەرستییە چییە؟ ئەوەی هەموو کارێک بە باشی دەکرد ئێوەن و ئەوەی خراپی دەکرد منم؟ بەهەڵەدا دەچن، بڕوام بەمەیە. گووتەی: "تووشی نائومێدیت کردم"ەکەی هەڤاڵ (فوئاد)م لەیاد نەچووە. ئایا تا چەند دەمناسێت؟ چەندە رەنجی بەسەرمەوە هەیە، چەندە قسەی لەگەڵ کردووم، چەندە هەوڵی لەگەڵ دابووم. ئەو گووتانەی لە یەکەمین دیدارمان لەپاش (17) ساڵ پێیگووتبووم. منیش ئەو

هەڤاڵەم کە زۆر جێگەی متمانەم بوو و سەرباری هەموو شتێک ڕێزێکی زۆرم لێدەگرت؛ پێی دەڵێم: "بەهەڵەدا دەچیت".

هاوڕەگەزەکانیشم زۆر داماو و بەدبەختن! ئەمە بەو مەبەستە بەکارناهێنم کە ببێتە مایەی سووکایەتی پێکردن، نەخێر، بەڵام ئەگەر بوێری پرسیار و درکاندن و ئاشکراکردنی هەندێک ڕاستی نیشان نەدەن، نابنە مایەی هیوا. لەو بڕوایە دام زۆر بەباشی کەسێتی ژن دەناسم. هەمیشە ترسم. لە هەر لایەنێکی ساختەی هەبووە، ترسناکە. ژن لەپێناو ئازادی خۆیدا هەرگیز پابەند نابێت بە ساختەکارییەوە و هەرگیز جێگە بە پاشڤەڕۆیی نادات. نابێت ژن بەهیچ شێوەیەک هەڵپەرستی و تۆڵەسێنەری خۆی بخاتە شوێنی شەیدایی و پابەندبوونە گەورەکەی بۆ ئازادی!.

تێکۆشانێکە. دەشێ بێدەنگ بێت، هێشتا لەسەر شانۆم و لەناو بێدەنگی دام. خۆم باس لەمانە دەکەم و هەر خۆم گوێم لە خۆم دەگرت. ڕاستییەکەم ئەمەیە.

بەڵێ، کۆنفرانسەکە بە تەقەی خۆیشی کۆتایی هات، دەنگی دروشمەکانیش یارییەکەی منی بڕی. پیرۆزکردن، شکۆمەندکردن و هەستکردن بە خۆشحاڵییەکەی جوانییەکی تایبەت بە خۆی هەیە. بە حەز و ئارەزووی هەستکردن بە هەموو جوانییەکانییەوە درێژەم بە ژیان دەدا.

لەناو ژیان، لەناو تێکۆشان دام، مێشک و دڵم لەجێگەی خۆی دایە، لەنێو جەرگەی تێکۆشان دام. لەم تێکۆشانەدا بەڵێن و سوێندی تۆڵەکردنەوەم لە دووژمن هەبوو. ئازارێکی زۆر خۆشەویست، خۆشحاڵی، خەیاڵ و هیوای گەورەم هەن. کەس نەیدەتوانی ئەمانە لەکەدار بکات، هیچ کەسێک نەیدەتوانی لەپێناو

خودپەرستی، خۆپەرستی، چاوچنۆکی و حیسابە ناشرینەکانی خۆیدا بە نەبوویان لە قەڵەم بدات.

فڕۆکەکان کەمێک بەر لە ئێستا لەو شوێنەیان دا کە تێیدا نیشتەجێ ببووین. جارێکی تر گەڕا و هاتەوە، لە شوێنەکانی پشتەوەییان دا. کەش و هەوایەکی تابڵێی خۆش هەبوو، خۆرەتاوە، سایەقەیە، پاش ئەو هەموو بارانە ئەم کەشوهەوایە ئەوە بوو کە ئاواتەخوازی بووین.

دۆڵی زاپ سەوز هەڵگەڕاوە. دارەکان گەڵایان کردووە. کوڕێ ژارۆ[163] تەنیا چەند پەڵە بەفرێکی پێوەیە. لەسەر تاشەبەردێکم و بەتەنیام. ئەو ئاگرەی بۆ چای لێنان دامگرساندبوو، کوژاوەتەوە. لە دەمەوانەی قۆرییەکەوە هێشتا هەڵم بەرز دەبێتەوە. لە رادیۆکەشەوە دەنگی پارچە مۆسیقایەکی کوردی دێت، پیلەکانی لاوازن بەتەواوی دەنگی نایەت، دەیکوژێنمەوە. ئێستا ئیتر هەموو شتێک وەلا دەنێم و دەکەومە وێزەی تێکۆشان لەگەڵ خۆم.

**کەوانەکە دادەخەمەوە.. )..**

[163] ناوچەیەکە لە بنارەکانی زاگرۆس و دەکەوێتە هەرێمی بادینان لە نزیک زێی گەورە پشت ناوچەی شیلادزێیە.

بەڵێ، دەگەڕێمەوە بۆ (یەتەر)ەکەی گوندی تۆزکۆپاران. (یەتەر) پاکیزەیە، بەڵام نە خانەوادەکەی، نە خەڵکی گوندەکەی بڕوایان پێی هەیە. باوک بێ رەحمە، دەیگووت: "سەرت شۆڕکردووم"، و هیچی تر ناڵێت. کوڕەکە لە شوێنێکە دەستی پێناگات، ئەگەر دەستی پێ بگات، بکەوێتە دەستییەوە، سەرەتا ئەو دەکوژێت. باشترین شت لەناوبردنی کچەکەیە. بە گووتنی "ناموسی منت پیس کرد و دات بە پێنج قروش"، و کچە دەکوژێت، بەڵام بەرگی خۆکوشتنی دەکرێ بە بەردا و باوکە دەپارێزرێت. دوای کوژرانی، لە نەخۆشخانە پاکیزەیی کچەکە ئاشکرا دەبێت. ئەمجارە خانەوادەکە بەجارێک دادەڕمێت، باوکە نوقمی عەزابی ویژدان دەبێت. دایکە بەوە دەسووتێت کە سەرەڕای بڕواکردن بە کچەکەی، لەترسی هاوژینەکەی نەیوێراوە قسە بکات. هەرکات بیویستایە باس لە مژارەکە بکات و هەوڵبدات پێی بڵێت: "کابرا، وەرەوە هۆش خۆت ئەمە کچی ئێمەیە، بۆی گێڕامەوە، من دایکیم هیچم لێ ناشارێتەوە، ئەوەندە زۆری لێمەکە" رووبەڕووی قسەی سووک و ناشرین و لێدان دەبۆوە. بەم هۆکارە ئەویش هاوبەشی ئەو تاوانە بوو، خۆی وەکو دایکێکی هاوبەشی تاوانی کوشتنی کچەکەی خۆی دەبینی. سەرباری تێپەڕبوونی چەندینساڵیش بەسەر رووداوەکەدا ژنە داماو ببوو! لەبەرامبەر بە مێردەکەی سارد بوو. هەر بەو هۆکارەش هەڵوێستیان لەبەرامبەر بە (خاتوون)ی کچەکەی تریان هەستیارانەتر بوو.

تۆزکۆپاران لەژێر کاریگەری گرووپەکانی تردا بوو. (خاتوون) هەواداری (PDA)چییەکان بوو. بەڵام دیار بوو کاریگەری بیروبۆچوونەکانی ئێمەشی لەسەر بوو. کەسێکی سنگفراوانە بۆ فێربوون و پێشکەوتن، بەو هۆکارەش

دەستبەتاڵمان نەکرد. لە قاتی ژێرزەمینی شوقەکەی بەرامبەریان خوێندکارانی زانکۆی فورات نیشتەجێ ببوون. لە هەرێمە جیاجیاکانی وڵاتەوە هاتبوون. هەروەها (عەلی قەرسلی)یش کە هەڤاڵی خۆمان بوو، ماوەیەکی زۆربوو لەو ماڵەدابوون و نەماندەزانی ئاستی پەیوەندی و گەشەکردنیان چییە، بەڵام (عەلی قەرسلی)یش پەیوەندی خۆشەویستی خۆی و (خاتوون)ی بە دەوروبەری گەیاندبوو و پێشنیازی داواکردنی بە خێزانەکەشی راگەیاندبوو. هەڤاڵ (جەمیل)یش (خاتوون)ی دەناسی، هەر کاتێک هاتوچۆی ماڵەوەی بکردایە پرسیاری لێدەکرد و بەقسەی دەهێنا. ئەویش دەیگووت: "پێویستە بەهێندرێتە ناو رێکخستن، زیرەک و زرنگە". کاتێک هەڤاڵ (عەلی) باسەکەی کردەوە، پێکەوە رۆیشتین بۆ ئەو ماڵە. سەرەتا قسە و باس لە ئاستی خاوەن ماڵ و کرێچی دا دەستی پێکرد. پاشان باسەکە تا بە "ژنخوازیی"ش گەیشت.

کابرا تەنانەت بە گوزارەی (کوردستان) توورە دەبوو. لە عوسمانییەکانەوە دەیهێنایەوە و باسی لە پەیوەندی ئێمە و تورکەکان دەکرد کە چەندە لەنێو یەکداین. تەنانەت واباسی دەکرد کە نەوەکانی (تورکان) چەندە توێندراونەتەوە و لەژێر گوشار و فشاری کوردەکاندا چەندەیان چەشتووە. رێک چەمکی تورکێکی شۆڤێن و نەژادپەرستانە بوو بۆ مێژوو! کابرایەکی تا دوا رادە نکۆڵیکار. لەم خاڵەدا بەتەواوی سەرکەوتنی لە توورەکردنی ئێمەدا بەدەستهێنا. بەڵام ئێمەش پێداگر بووین. هەڤاڵ (جەمیل) ناوبەناو توندتر بوو! کابراش ئیتر بە جددی وەریدەگرت، گوێی دەگرت، تادەهات لە هەندێک خاڵدا مافی دەدا، بەرەو نەرمبوون دەچوو. بەسوود وەرگرتن لەم دۆخی نەرمبوونەی ئەو، هەڤاڵ (جەمیل) بابەتەکەی کردەوە. کابرا کە

زانی هەڤاڵ (عەلی) خەڵکی قەرسە و کوردێکی سوننەیە ئەمجارەیان ناکۆکی نێوان عەلەوی – سوننی هێنایەوە. رقئەستوورانە دەیگووت: "کچی خۆم نادەم بە سوونەیەک". کەچی کە زانییان (عەلی) خوێندکاری زانکۆیە، بوو بە مایەی سەرنجی و گووتی: "خۆشم یەک دووجار بینیم، لە کەسێکی رێکوپێک دەچێت بەڵام.." ئەمەش نیشانەی نەرمبوونەوەیەک بوو. ئێمەش زۆر درێژەمان پێ نەدا. تاقیکردنەوەیەک بوو، ئامانجمان ئەوەبوو کاریگەری لەسەر خانەوادەکە بە گشتی بکەین و رایانبکێشینە ناو شۆڕشەوە. ئەگەر کچەکە خاوەن بڕیار بێت، خۆی دەبێت بە شۆڕشگێر و پێداگری ئەو لەسەر شۆڕشگێڕی، پرسەکانی تریشی چارەسەر دەکرد. بەم هۆکارەش لەجیاتی گەیشتن بە ئەنجامێکی مسۆگەر، پێمان باش بوو بۆ کات بەجێی بهێڵین.

ئەمجۆرە یەکێتییانە بە جۆرە ئامرازێک دادەنرا بۆ دابڕاندنی کچێک لە ماڵەوە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی راستی مامەڵە نەکرایە ئەوا لە پاشان دەبووە پرسێکی سەرقاڵکار. هەر لەو دەمانەدا پرسی هاوسەرگیری خوشکە گەورەکەی (ساکینە قرمزی تاش) هاتە رۆژەڤەوە. ئەویش مامۆستا بوو، لایەنگری ئێمە بوو، پێشتر پەیوەندییان هەبوو. کەچی دەیویست دەستوور لە ئێمە وەربگرێت و هاوسەرگیری بکات. هەڤاڵ (جەمیل) بە نیوە گاڵتە و نیوە جددییەکەوە گووتی: "وابڕوات کۆمپانیای هاوسەرگیری دادەمەزرێنین، ئەمە چییە؟ چی دەکەن با بیکەن، خۆ ئێمە نووسینگەی هاوسەرگیریی نین."

بەمجۆرە بێت یان بەو جۆرە چیتر هەر کەسێک و هەر خێزانێک لە هەر ئاستێکدا پرس و گرفتەکانی خۆیان بۆ پارتی روون دەکردەوە، داوایان لە رێکخستن دەکرد بۆیان چارەسەر

بکات. لە راستیدا سرووشتیترین و راستترین هەڵبژاردنێک بوو. کاتێک تەڤگەر بە هێزێک هەژمار دەکەن، متمانەی پێدێنن، هەوڵدەدەن ژیانیان بەگوێرەی ئەو رێکبخەن، پەیوەندییەکانی رێکخستنیشی بەشێوەیەکی بەرجەستە بەرفراوان دەبوون. دیارە هەر گرفتێک لە کات و لە ئاستی خوازراودا بەچارەسەری نەدەگەیشت، بەڵام ئەمەش پاڵی بە کادیرەوە دەنا کە خۆیان بەشێوەیەکی هەمەلایەنە پێشبخەن و کار و خەباتەکانیان لە ئاستێکی تەسک و لە ئاستی ناوخۆی رێکخستن تێپەڕ بکەن و ناچاری ئەم هەڵمەتەی دەکردن. لەم واتایەدا بوون بە وەڵامی پرسە ژیانییەکان تایبەتمەندی و پێوانەیەکی دیاری بە کەسێتییەکان دەدا.

## هەستكردن بە ئازارەكانی گەل پابەندی دەكردین بە شۆڕشەوە

دەستم بە گەشتێک کرد کە هاوکاتم کردبوو لەگەڵ پشووی نیوەی ساڵ. بەدەیان کچی گەنج کە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان، تەندروستی و کۆلێژەکانی تر دەیانخوێند، پەیوەندیم لەگەڵیان بەست، بەهۆی پشووی نیوەی ساڵەوە دەگەڕانەوە بۆ شار و ناوچەکانی: گرێ سۆر، چەرمووگ، شانکوش، مادەن، کەبان. تا کاتی هاتنی پشووەکە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ چەندێک لەو هەڤاڵانە باش بوو و هیوابەخش بوون. بۆیە لەناویاندا هەندێک هەڤاڵمان دەستنیشان کرد تا دەوروبەری خۆیان رێکبخەن و بەکاریگەریان بکەن، بەلانی کەم بتوانن ببنە رێگە و نێوانگرێک. دوایین کۆبوونەوەشمان بەکاریگەر بوو کە بە بەشداری نزیکەی (80) هەشتا هەڤاڵی کچ لە ماڵەکەی گەڕەکی یلدزباغلاردا ئەنجاممان دا، (جاهیدە) خوێندنگە نزیکەکانی وەکو پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و مامۆستایان، دواناوەندی بازرگانی رێکدەخست. لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا و بە رێگە و کۆڵانی جیاجیادا بەشێوەی گرووپ گرووپ دەیگەیاندنە یلدزباغلار. (نادیرە) داواناوەندی ئەتاتورک و خوێندنگەکانی دەوروبەری رێکدەخست. (مەقبولە)ش کۆلێژی تەندروستی و هەڤالانی نزیکی خۆی. تا پاشنیوەڕۆ هەمووومان لە شوێنی مەبەست کۆبووینەوە.

پێمان باش بوو هەڤاڵ (جەمیل) کۆبوونەوەکە بەڕێوەببات. ئەو رەتی کردەوە، بەتایبەتیش کاتێک ژمارەش ئەوەندە زۆر بێت؛ کەسێک نایەت و خۆی لە قەرەی قسەکردن نادا. هەشتا کچ نائاسایە بەلای هەموو کەسێکەوە، زۆرن، لە راستیدا کارێکی

ناوازە و جوان بوو. ئەگەر کێشەی جێگە و شوێنمان نەبووایە ئەم ژمارەیە سەدیشی تێپەڕ دەکرد. دواجار بڕیار لەسەر (عەلی گیوندوز) درا کە قسەیان بۆ بکات. ئەویش بە ئاشکرا دەیگووت "شەرم دەکەم".

پاش ماوەیەک لە بێنەوبەردەی تۆ دەچیت و ئەوی تر دەچێت، لەگەڵ (عەلی) پێکەوە چووین. کە لەدەرگاوە چووینە ژوورەوە هەموو هەڤالان لەبەرمان هەڵسان. ئەو دیمەنە، ئەو جددییەتە، ئەو چاوەڕوانییە پڕ لە مەراقە زۆر خۆش بوو. هەندێکیان وەها چاوەڕێیان دەکرد هەڤاڵ (جەمیل) بێت و قسەیان بۆ بکات. بێگومان لە جەوهەردا بەلایانەوە جیاوازییەکی نەبوو کام هەڤاڵ دەهات و قسەی بۆ دەکردن. کۆبوونەوەی ئەم ژمارەیە هەموو کەسێکی دەگەشاندەوە و مایەی خۆشحاڵی بوو. زۆرێک لە هەڤالان بۆ یەکەمجار بوو یەکتریان دەبینی. هەر گرووپێک کە پێکەوە کار و خەباتی پەروەردەیان رادەپەڕاند، وایاندەزانی جگە لە خۆیان کەسی تر و گرووپی تری پەروەردە نییە. بەتایبەتیش ئەوانەی خوێندنگە و گەڕەکە دوورەکان وایان لێکدەدایەوە. (عەلی) لەو چوارچێوەیەدا قسەی کرد کە دەستنیشانمان کردبوو، سەرەتا پێشکەوتن و گۆڕانکارییە سیاسییەکان، تایبەتمەندییەکانی قۆناخی هەنووکەیی، پاشان ژن لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان و پێگەی لەنێو تێکۆشانی رزگاری نیشتمانی دا. هەرچەندە، لەم بوارەدا ئاستێکی بەرزی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی قووڵیشی نەبوو، بەڵام زمانی پڕووپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی بەهێز و بەکاریگەر بوو. ناوبەناو مافی قسەکردنی بە من و (مەڕاڵ)یش دەدا و پرسیاری تێروتەسەلییەکەی دەکرد، داوای دەستنیشانکردنی ئەو خاڵانەی لێکردین کە پێویست بوون لەسەر قسەکانی زیاد بکرێن. ئێمەش لەسەر تیانووسەکەی

بەردەمی تێبینی پێویستمان بۆ دەنووسی و وەبیرمان دەهێنایەوە. هەر چەندە گووتارێکی دەوڵەمەندیش نەبوو، بەڵام سەرەتایەکی باش بوو.

هەڤاڵان هەندێک پرسیاریان پێشکەش کرد. پاشان کۆبوونەوە کۆتاییهات و بەهەمان ئەو جۆرەی کە هاتبوون هەموو کەسێک گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. کۆبوونەوەکە مایەی مۆراڵێکی پڕ جۆش بوو. لەلای خۆشمانەوە هەستمان بە شانازی دەکرد. ژمارەیەکی وەهای هەڤاڵانی ژن کەم نەبوو. ئەو گەڕەکەش بەگشتی باش بوون، پەیوەندیشمان لەگەڵ هەندێک لە خانەوادەکان هەبوو، هەر کەسێک چاوی پێدەکەوت، خۆشحاڵ دەبوو، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی کە باسەکەیان بە زیادەڕۆییکردن لە هێنانی ژمارەکەیدا بڵاو دەکردەوە. تا ئەو ساتەش لەو گەڕەکەدا هەرە زۆر (10) کچیان بینی بوو کە کۆبوونەوە و پەروەردە ئەنجام بدەن، بەو هۆکارەش زۆربەی خانەوادەکان گومانیان دەکرد لە هەر ئەگەرێکی بەشداربوونی کچەکانیان، هەرچەندە ئاستی پەیوەندییە هەنووکەییەکەشیان بەلاوە مەترسیدار نەبێت، بەڵام لەناخی خۆیاندا ترس و ڕێگری و هەڵوێستی فشار ئامێزیان هەبوو. بەبینینی ژمارەیەکی وەها لە کچانی گەنج، تێدەگەیشتن کە تەنیا کچەکانی ئەوان نین خوازیاری شۆڕشگێڕین. بەدەیان کچی گەنج، جوان، ئاقڵ و خوێندکار هەن، خۆ هەموویان شێت نەبوون و ئەقڵی خۆیان لەدەستنەدابوو.

هەڤاڵان لەدوای کۆبوونەوەیەکی بەو شێوەیە بچوونایەتە هەر شوێنێک پەیوەندی بەرجەستە و نزیکیان دەبەست و بەئاستی پەیوەندییەکی مایندە و ڕێکخستنی دەگەیشت. ئامانج لەو گەشتەش هەر ئەوە بوو. هەروەها لەنزیکەوە ناسین و

ئاشنابوون بە دەوروبەری خانەوادەکە و تایبەتمەندی کەسێتیان، لەگەڵ ئەمەشدا پێویست بوو هەڤاڵانی ساغ و جێی بڕوا و کراوە بۆ پێشکەوتن بخرێنە گەڕ و لەگەڵ ئەوانی تریش بە شێوازی جیاجیا درێژە و بەردەوامی بە پەیوەندییەکان بدرێت. ئەگەر ژن شۆڕشگێڕیی هەڵبژاردایە، ئەوا راکێشانی دەوروبەر و کەوتنە ناویانەوە. زۆر ئاسانتر دەبوو، بە بڕوایەکی وەها گەورەوە هەنگاوم دەبڕی.

دەمگووت: "لەگەڕانەوەدا سەرێک لە مادەن دەدەین" سەرەتا بەرەو گری سۆر کەوتینە ڕێ، (جاهیدە)، (حەوا) و ژمارەیەکی تریشیان لەناو پاسەکە دابوون. (حەوا) کەسێکی لاواز، بێدەنگ و بەناخدا چووە، بەڵام چاودێری دەکرد، گوێی رادەگرت، هەوڵی تێگەیشتنی دەدا. (جاهیدە) هێشتا لەناو پاسەکەدا و بەڕێوە پلانی دادەڕشت. بیری لەوە دەکردەوە کە لەو دەرفەتەدا دەتوانین بچین بۆ کام شوێنانە، لەگەڵ (حەوا) قسەیان لەسەر ناوەکان دەکرد. وایدادەنا کە لەو ماوەیەدا لەلایان دەمامەوە دەتوانم چی بکەم و چیم بخەنە بەردەم. بیرکردنەوەیەکی بەمجۆرەی دڵخۆشی دەکردم، جەربەزەیی و زیرەکییەکەی لە ڕێکخستنی کاروبارەکاندا هیوابەخش بوو. لە هەندێک رووەوە باسی لە خێزانەکەی کردبوو. تەنانەت شتێکی وەک کورتە سەربوردەیەکیشی نووسیبوو.

باسی لە لایەنە سەیر و سەمەرەکانی دایکی، باوکی و خوشکە گەورەکەی کردبوو. بەتایبەتیش بەدوور و درێژی لەسەر خوشکە گەورەکەی نووسیبووی. هانم دەدان و پێم دەگووتن: "با هەر کەسە و باس لە ژنانی هەرێمەکانی خۆیان و تایبەتمەندییەکانیان و ڕێبازی ژیانیان بکەن، بیاننووسنەوە". لە خوێندنگە چەند نووسینێکی لەم جۆرەشیان پێشکەش کردبوو.

هەوڵم دەدا لە پەیوەندی نێوان هەرێمەکان لەناو خۆیاندا و ڕێبازی ژیانی ژنانی ئەو هەرێمانە تێبگەم، ئەمە جۆرە لێکۆڵینەوە بەدواداچوونێک بوو. بۆ من باش بوو، فێر دەبووم، ئاگادار دەبووم، هەوڵم دەدا ئاشنا ببم.

بینینی ڕۆحا بە گرێ سۆر بە کاراجاداغ[164]و حەڕان[165] و ناوچە بەناوبانگەکانییەوە جۆش و خرۆشی لەناخمدا دەچاند. هەرێمێکی تری کوردستانم دەبینی. گرێ سۆر ئەگەرچی وەکو هەرێمێکی تەخت و پان و بەرین زۆر پێشکەوتووش نەبێت، قەزایەکی گەورە بوو. بە (جاهیدە)م گووت: "قەزاکەی ئێوە لە دێرسیمی ئێمە گەورەترە، بەڵام ئێمە چیا و دارستانگەلێکی زۆرمان هەیە، سرووشتێکی ناوازەی هەیە". ئەوانیش حەزیان دەکرد دێرسیم ببینن و (جاهیدە) دەیگووت: "با منیش بڕۆم بۆ دێرسیم، لەوێ خەبات بکەم".

کەوابوو خواستی کار و خەباتی هەبوو، خۆی بۆ کار و خەباتێکی پرۆفیشناڵانە ئامادە دەکرد، وابیرم دەکردەوە کە "ئەم مەیلەی هەبێت زوو پێشدەکەوێت". خانووی خۆیانیان هەبوو، بەگشتی خانووی یەک قات بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕەزامەندی لەسەر بوو. دیواری پێشەوەی وەکو دیواری بەرزی حەوشەی زیندانەکان بوو. لە کۆڵانەکانیشدا ژنانی عەبا بەسەر هەبوون. بەرزی دیوارەکان زیاتر سەرنجی ڕادەکێشا، بەدەم ڕێگەوە پرسیارم دەکرد، (جاهیدە) باسی پێکهاتەی عەشیرەتی و کێشەی دووژمنداری لە گرێ سۆر کرد. کێشەی خوێنداری..! هەر ماڵێک

[164] ناوچەیەکی سەر بە شارۆچکەی گرێ سۆر – سیوەرەگ ە.

[165] ناوچەیەکی سەر بە شاری ڕۆحایە و یەکێکە لە کۆنترین ناوچەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤایەتی.

شوێنی ژیانی خۆی کردبوو بە نیوە زیندانێک. ئەمانەش گوایا بە ئامانجی بەرگری و خۆپاراستن بوون.

ماڵێکی قەرەباڵغ، دایکی، خۆی و خوشکە گەورە و بچووکەکانی، لەگەڵ هاموو‌شۆکارانیان. (ئەمینە) چاوە گەورەکانی زیاتر ئەرمەنییەکانی دەهێنایەوە بیر. ژنان لە ژێر چاویاندا بازنەیەکی سووکە مۆرییان پێوەدیارە. خوشکە گەورەکانیشی بەهەمان شێوە، ژنەکان زیاتر لە یەک دەچوون. بەگشتیش قەڵەو بوون. دەستبەجێ شیرینییان پێشکەش کردین. لە دڵی خۆمدا دەمگووت؛ بۆیە ئاوا بە (کۆچ عەلی تاتلیجی) یاخود (تاتڵجیلەر[166] ناسراون. پێشتریش (جاهیدە) باسی کردبوو کە لە رابردوودا بە دروستکردن و فرۆشتنی شیرینی بژێوی ژیانی خۆیانیان دابین کردووە. باوکیان بێ رەنج بوو. لەماڵدا ژن کاری دەکرد، لەو کۆمەڵگەیەدا بەدەگمەن دەبیندرا پیاو بە رەنجی ژن بژی. لەگەڵ ئەوەشدا کابرا (عارەقخۆر) بوو. قومار و هەروەها ژن، ژنی ترا! سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی ئاگاداری ئەم دۆخەی ئەو بوون. دۆخێک بوو کە دایە (ئەمینە) پێی هەرس نەدەبوو، بەڵام بە ناچاری تا ئەوسا دانی بەخۆیدا گرتبوو و بەردەوامیش بوو. خوشکە گەورەکەی لەگەڵ کوڕەکەی (بیبی) هاوسەرگیری کردبوو، منداڵیشی هەبوو، بەڵام (رەمەزان) کچێکی تریشی هێنابوو. ئەمەش ببووە هۆکاری جیابوونەوەی لەگەڵ ئەوەی تریان، ژنە؛ هەوێیەکی یاخود ژنێکی تری بەسەر خۆیدا پەسند نەکردووە، لەکاتێکدا لە سەرەتادا رای خۆیشی وەرگیرابوو. ئەمانە هەمووی سەرنجڕاکێش بوون، بەڵام بەلای خۆیانەوە ئاسایی بوون، بەو دۆخەکە راهاتبوون.

---

[166] تاتڵیجی: وەستای شیرینی.

بۆیە لەماڵێکی وەهادا و لە پێگەیەکی بەمجۆرەدا پێویست بوو ژن بکرێتە شۆڕشگێڕ.

لە دڵی خۆمدا گووتم: "مسۆگەر دەبێ چەندێکیان ببن بە میلیتان" وا بیرم دەکردەوە کە ئەگەر (جاهیدە) بەشداری بکات بەتەواوی ئەوانی تریش بەدوای خۆیدا رادەکێشێت. چونکە (جاهیدە) لە ماڵدا بەکاریگەرە. دەیخوێند و ئەمەش پێگەیەکی تری تایبەتی پێدەبەخشی. ماوەیەکی درێژ دووربوو لێیانەوە، لە بەشی ناوخۆ دەیخوێند، لە دوا قۆناخ دابوو، دەبوو بە مامۆستا. هەموو ئەمانە زیاتر سەرنجی ئەوانەی ماڵەوەی بەلای (جاهیدە)دا رادەکێشا، لەبەر ئەوەی دوور بوو لەماڵەوە، کاتێک دەهاتەوە دەیتوانی قسەی خۆی بباتە سەر، هەروەها لە بچووکترین کاری ماڵەوە بگرە تا بە کڕین و بازاڕکردن و کۆبوونەوە و گەشتەکانمان لایەنی رێکخستنیشی هەبوو.

منی وەک هاوڕێیەکی خوێندنگە ناساند، ناویشم (فاتمە)یە. بەڵام هەر لە سەرەتاوە جیاوازی جۆری دانوستانمان سەرنجی زۆربەیانی راکێشابوو. زۆر بە وریایی دەجولایەوە. وەکو پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ هاوڕێیانی تری یاخود هاوڕێیانی خوێندنگەی نەبوو، ئەوانی تریش هەوڵیان دەدا تێبگەن. (نەڤین) دەستی خستبووە ناو جانتاکەمەوە و ناسنامەکەم دەبینێت، سەرلەبەیانی بە (جاهیدە) دەڵێت کە ناوی (فاتمە) نییە و (ساکینە)یە. (جاهیدە) لەم رەفتارەی تووڕە دەبێت و پێی دەڵێت: "بۆچی دەست دەخەیتە ناو جانتاکەیەوە". (نەڤین) کچێکی پڕ مەراق بوو. بەو رەفتارەی پەستی کردم. کردە و ئەدەبێکی باش نەبوو. یەکەمجاریش کە چووبووم بۆ چەولیک هەمان شەو خوشکەزاکانی (کاراسونگیور)یش بە ناسنامەکەمیان زانیبوو. ئەی هاوار؛ ئەم جۆرە کچانە چەندە بە مەراقن.

ڕۆژی دواتر (جاهیدە) هەندێک لەو کچانەی پێناساندم کە خوازیاری شۆڕشگێڕی بوون، یاخود پێشتر هەواداری گرووپەکانی تربوون، ئەوانەی کە لە ئاستی جیاجیادا لەگەڵ ئەو گرووپانەدا لە پەیوەندی دابوون و ئەو کچانەی بڕوای بە ڕێکخستنکردنیان هەبوو، هەموویانی بانگهێشتی ماڵی خۆیان کرد. لە دوورەوە، لە خوێندنگەوە بۆ پشووی نیوەی ساڵ هاتبووەوە و بەشێوەیەکی سرووشتی هاتوچۆی ماڵەوەیانی زیاد دەکرد، بۆیە هاتوچۆی ژمارەیەکی زۆر و بانگهێشتکردنیان بۆ ماڵەوە سەرنجی کەسی تری ڕانەدەکێشا. یەکێک لەوانەی هاتبوو بۆ ماڵەوە قاچێکی سەقەت بوو و بە گۆپاڵ دەگەڕا. هەواداری (DDKD)بوو، هەندێک شتی دەزانی، فێری هەندێک دەستەواژەی گشتی ببوو، بەڵام بەو هۆکارەی جەوهەری پرسەکان و ڕاستینەی کوردستانی نەدەزانی، تابلێی وشک و لە هەندێک خاڵدا دەمارگیر و تەنانەت شێوازێکی ڕەقی هەبوو لە قسەکردندا. هەندێک وشە و دەستەواژەی بەکاردەهێنا کە ئەزبەری کردبوون و دیاربوو واتای زۆربەشیانی نەدەزانی، بەهیچ شێوەیەکیش ڕێگەی نەدەدا قسە بە (DDKD) بگووترێت.

تەنیا ئەوە مابوو پێمان بڵێت: "ئێوە دۆنکیشۆتن، هێرشکارن، سەرەڕۆن "ماجەراپەرستن"، ئەمانە ئەو وشە ڕەقانەن کە زۆرێک لە گرووپەکان بۆ لەکەدارکردن پەنایان بۆ دەبرد. زۆر تووڕەی کردین، بۆ چەند کاتژمێرێک قسەمان کرد، ئەوانەی تر ڕێکوپێکتر بوون و هەوڵی تێگەیشتنیان دەدا، بەڵام ئەو بەهۆی گرێی دەروونییەوە زۆر وشەی نابەجێی بەکار هێنا. (جاهیدە)ش زۆر پەست ببوو، لەگەڵ دڵگرانبوونی بەم ئاستە گەیشتنی گفتوگۆکانمان دەیویست هێورم بکاتەوە، بەڵام من بەجۆرێک ئەوەی بەرامبەرم دەرکرد و پێمگووت: "بۆ دەرەوە، بڕۆ، تۆ

بابەت و ڕووداوەکان بەلاڕێدا دەبەیت، خۆت دەکەیت بە ڕێگر لە قسە و گفتوگۆکانمان! ئەمە کێیە، چییە، ئەم کارەی بە ئامانجە، بە ئەنقەست وادەکات، ئەگەرنا بەمجۆرە قسەی هەلەق و مەلەق ناکات". ئەوەندەی تووڕە کردبووم کە تۆزێک مابوو گۆپاڵەکەی دەستی لێوەربگرم و تێر دارکاری بکەم.

هەڵسان و ڕۆیشتن. بەدەم ڕێوە دەکەونە وێزەی یەک، ئەوانی تر بەسەر کچە کەمئەندامەکەدا چوون، بە ناهەق و نابەجێیان لە قەڵەمدەدا. منیش بێزار بووم، خۆم لە (جاهیدە) تووڕە کرد و گووتم: "بۆچی ئەم جۆرە کەسانەت بانگ کرد" (جاهیدە): "بەڵام وەها نەبوو. کراوەیە بۆ گۆڕان. لە ڕاستیدا ئەو شتانە بوون کە ئەو نەیدەزانی و بەکاریدەهێنان. ئەگەر ئێوە هەندێک هێور و ئارامتر بوونایە ئەم ئەنجامە دەرنەدەکەوت، زۆر زوو هەڵچوون".

لەم خاڵەدا مافدار بوو، من بە ئەنقەست وامکرد. هەڵبەتە زیاتر خۆم لەو گووتانەی ئەو تووڕە کرد. بێ ئەوەی شتێک بزانێت، تێبگات. ئەگەرنا دەمتوانی هەندێکی تر بە ئارامی قسە بکەم. بەلانی کەم زیاتر کاریگەری لەوانی تر دەکرد. دووبارە پرسیارم کردەوە: "چۆن، ئەوانی تر کاردانەوەیان لەلا دروست دەبێت؟" (جاهیدە): "نا نا! ئەو کچە کەمئەندامە سبەینێ جارێکی تر دێتەوە بانگمان دەکات و قسە دەکاتەوە. ئێستاکە دەڕوات بۆ ماڵەوە بیری لێدەکاتەوە. لە ڕاستیدا زۆر بەسۆزە (عاتیفیە)، بەهۆکاری تێنەگەیشتنی لە زۆر شت بەمجۆرە مامەڵەی کرد. لەگەڵ ئەمەشدا کەسێکی زۆر خۆپەرستە، وادەزانێت لە هەموو کەسێک زیاتر دەزانێت. تا ئێستاکە لەگەڵ کەسانی لە ئاستی ئێمەدا قسەی کردووە، گفتوگۆی کردووە. یەکەمجارە ئێوە دەبینێت. دیارە لەبەر ئەوەی ئێوەش لە کەسایەتی ئەودا بەسەر

(DDKD)دا چوون، ئەویش لەسەر خۆی گرت". دیار بوو کچە کەمئەندامەکەی باش دەناسی.

لە گفتوگۆ کردندا پێویستە زوو زوو نەکەوینە داوی شێوازی پاڵنەری کەسەوە و زوو هەڵنەچین. ئەگەر نا زیان دەگەیەنێت. لەراستیدا ئەم کچانە لەو کەسانە بوون کە زۆر بە ئاسانی کاریگەریمان لەسەر کردبوون. ئەگەر شێوازێکی شیاو بۆ راکێشانیان بەهەند وەربگیردرێت، مسۆگەر دەتوانین رایانبکێشین. هەستم بەم کەموکورتییەی خۆم کرد و لەخۆم تووڕە بووم. سەرەتایەکی ئەرێنی نەبوو، زوو هەڵچوون و تووڕەبوون لاوازییە، کاریگەری لە کەسانی بەرامبەر دەکات. وابیرم دەکردەوە و گووتم: "پێویستە لەم جۆرە شوێنانەدا و لەم خاڵەدا زیاتر هۆشیار بم".

زۆری نەبرد (ناجیەی کەمئەندام) ئێمەی بانگهێشتی ماڵەوەیان کرد. (جاهیدە) بەهۆی راست دەرکەوتنی شیمانەکەیەوە پێی خۆش بوو. کچە کەمئەندامەکە سەرنجی بۆ ئەو هەڵە و چەوتیانە راکێشا کە لە گفتوگۆکەی پێشتردا تێیکەوتبوو و داوای لێبوردنی کرد. بە دوور و درێژی قسەمان کرد. دەیگووت: "ئیتر هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ DDKD دا نامێنێت". لە هەموو روویەکەوە هەوڵی ناسینی تەڤگەری ئێمەی دەدا و بەتایبەتیش ئاماژەی بە پێویستی هاوکاری دەکرد لەم رووەوە.

لە گرێ سۆر دەگەڕاین. بردمیان بۆ سەردانی چەند ماڵێک. چووین بۆ ماڵی (بیبی). (بیبی) خوشکی (عەلی کۆچ)ە. ژنێکی رووخۆش و زیرەک و خاسییەتی کوردایەتی پێوە دیاربوو، سەرەڕای تەمەنیشی، کەچی هێشتا لەسەر خۆ و پڕ ئەزموون و زانیاریی و کراوە بوو بۆ بابەتە سیاسییەکان. دەمگووت:

"جاهیدە چووەتەوە سەر ئەم بیبییەی". (کاراکەچی "بزنی رەش")ییەکان بنەماڵەیەکی تورکن، بەڵام ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ کولتووری کورددا ژیاون و وەها شێوەیان گرتووە. (جاهیدە) دەیگووت: "نەنەم عەجەم بووە". خانەوادەیەکی تێکەڵاوە، لەناو خانەوادەکەدا نازناوی کوڕە عەجەم و کچە عەجەم هەبوو. لە گرێ سۆر پاشناوی (عەجەم)یش وەک (کۆچۆ) بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی بۆ (عەلی کۆچ) بەکاردەهێندرا.

(بیبی) بەلامەوە ژنێکی مەرد بوو. ئەوانیش بژێوی ژیانیان لەسەر دروستکردن و فرۆشتنی شیرینی بوو. سێ کوڕیان هەبوو بە ناوەکانی (رەمەزان، محەمەد ئەمین و شیار) و کچێکیشیان هەبوو. (شیار) هێشتا بچووک بوو. لەو ماڵەدا مام (شیار) و (شیاری برازا) هەبوو. (شیار)ی برازا، کوڕی (رەمەزان) بوو. سەرەڕای جیابوونەوەی دایکیشی ئەو کوڕی هەر دوولایان بوو! پێکەوە دەمانەوە. بەردەوام سەریان لەیەکتر دەدا، پەیوەندی خزمایەتی بەردەوامی دەکرد. بەوجۆرە خوێناوی و شەڕاوی نەبوون. بەڵام دایە (ئەمینە)؛ (رەمەزان)ی خۆش نەدەویست. بە هاتنی بۆ ماڵیشیان ناڕەحەت دەبوو. بە هەر جۆرێک بێت ژنی بەسەر کچەکەیدا هێنابوو. تووڕە و لالوت بوو لەگەڵیدا. (بیبی) بەم رەوشە زیاتر دڵگران دەبوو. زیاتر دڵی بەم رەوشە دەسووتا بەڵام نەیدەهێشت پێوەی دیار بێت. پەیوەندییەکانی توندوتۆڵ رادەگرت.

لە سەرەتادا پەیبردن بەم ئاڵۆزییە زەحمەت بوو، هەندێکیش تووشی سەرسوڕمانی کردبووم. پەیوەندییەکی هێندە پێچەوانە، هێندە بێ واتا و هێندە تێکچڕژاو سەیر بوو. لە خانەوادەیەکی وەهاوە دەردەکەوت کە پێناسەیەکی وەک "سیستەمی خێزانی

ئەنجامی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە". پێناسەیەکی زۆر بەرتەسک و گشتگیرییانەیە. ئەم سیستەمە هەموو شتێکی لەناو خۆیدا کۆکردبووەوە.

تا بەم ساڵانەی دواییش بە خێزانی دەچوون بۆ کرێکاری پەمۆ لە شار و ناوچەکانی ئیزمیر، دەنیزلی، ئایدن و مانیسا[167]. باوکی ماوەیەکی زۆر چاوەشی کردووە. لەلای ئەوان کاری وەرزانە لە منداڵییەوە دەستی پێدەکرد. لە گرێ سۆرەوە هەڵسە و بڕۆ بۆ ئایدن و مانیسا بۆ خەرماشەکردنی پەمۆ، ئاسان نەبوو. لە کوردستان لایەنێکی تری ژیان بەمجۆرە بوو. لە زۆرێک خێزان و لە زۆرێک بواردا ژیان بەندکرابوو بەم ڕێگەیەوە.

ئەمانە هەمیشە سۆزدارییەکی لەناخمدا دروست کردبوو. ژیان و هەستکردن بەو ئێش و ئازار و چەرمەسەرییەی تووشی هاتووە، زیاتر بەندبوون و وابەستەبوونی بە شۆڕشەوە لەگەڵ خۆی دەهێنا. هەنگاو بە هەنگاو روون دەبووەوە کە پێویستییە سەرەکییەکان چین و پێویستە چی بکرێت. ئەم خێزانەشم بە بەسەرهاتەکانییەوە زیاتر خۆشدەویست. سەرەڕای هەموو تێکەڵی و ئاڵۆزییەکیشی، سەرەڕای هەموو تووڕەییەکیشم لەبەرامبەر بەمانە دەمگووت: "چەندە خۆشە هەموو پێکەوە زەحمەتییەکانی ژیانیان بینیوە و پێکەوە چەشتوویانە، زیاتر ئەمانە خوازیاری شۆڕش و شۆڕشگێڕین". تەنانەت (بیبی)ش دەیتوانی وەکو میلیتانێک خەبات بکات. باسی (دایک)ی (مەکسیم گۆرکی)م بۆ کرد. بەڵام نا، نەخێر! تا کۆتا بڕوام بە هەبوونی زۆر دایکی لێهاتوو و ناوازەتریش هەیە لە کوردستاندا.

---

[167] هەر چوار شارەکەش دەکەونە بەشی رۆژئاوای تورکیاوە.

خانەوادەکە بەگشتی پەیوەندییەکی گەرمیان لەگەڵ (کۆچۆ) نەبوو، لە ماڵەکەدا وەکو میوانێک بوو. خێزان بە بوون و نەبوونی راهاتبوون. هاتن و دانیشتنی لەسەر بەری رەنجی ئەوان و دەستگرتن بەسەر پارەکانیاندا زیاتر کاردانەوە و توورەیی لەگەڵ خۆیدا دروستکردبوو. زۆر جار هەبووە گووتوویانە: "خۆزگە ملی دەشکاند و دەڕۆیشت" بەڵام (کۆچۆ) لەوان دانەدەبڕا، نەیدەویست داببڕێت؛ چونکە پارە چەسپاندبووی بەوانەوە.

زیاترین خاڵێک کە کاریگەری لەسەریان هەبوو؛ خواردنەوەی ئەرەق بوو لەلایەن باوکیانەوە و کەوتنی لە شوێنێک و هاوار و نەڕاندنی بووە. زۆر جار هەبووە لەکاتی وەهادا گووتوویانە: "خۆزگە دەمرد و دەچوو" یاخود "بۆچی نەیکوژین؟" شەرمیان لەم حاڵەی دەکرد. باوکێکی ئارقخۆر، (ئەمینە) هەمیشە نەفرەتی لەم دۆخەی ئەو دەکرد، بێزی لێ دەکردەوە. توورە بوو لەچارەنووسی خۆی و شەرمی دەکرد. بەڵام لە هەمانکاتدا هەمیشە وەکو مێردێک تەماشای دەکرد و وازی لێندەهێنا. گووتبووی: "باشتر وایە موحتاجی دەستی ئەو نەبم، خۆم منداڵەکانم بەخێو دەکەم" و کاری بەرهەمهێنان و فرۆشتنی شیرینی دەکرد. ئەمەش بووە بە پیشەیەک. لە گرێ سۆر باشترین شیرینییان دروست دەکرد. بەڵام بەڕاستیش خۆش و بەتام بوو. هەر لەگەڵ یەکەمین سەردانماندا سینییەکی گەورەیان بۆهێنایین.

لەگەڵ (جاهیدە) قسەمان لەسەر هەموو ئەمانە کرد. هەوڵمدەدا تێبگەیەنم کە لەپاش ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی نێو ئەو ژیانە و ئەو هەموو ئەزموونە، ئەگەر رێگەی شۆڕشگێڕی هەڵبژێرێت کەسایەتییەکی کەموێنەی لێدەردەچێت.

خواستەکەی ناخی ئەو هەمیشە هیوای پێدەدام. (جاهیدە)مان بە چەند هەڤاڵێکی تر ناساند کە لە گریێ سۆر خەباتیان دەکرد و پێمگووتن: "حەتمەن دەبێت لە ماوەی ئەم پشووی نیوەی ساڵەدا کۆمەڵە کەسێک ڕێکبخەن و ڕێکخستن دروست بکەن". ڕاستە پەیوەندییەکی زۆرمان هەبوو. ئەگەر لەگەڵ ئەوانەشدا لەپەیوەندی بەردەوامدا بووینایە، ئەوا ئەوانیشی لەگەڵ خۆی پێشدەخست، لە بەردەوامی پەیوەندییەکەشدا گرفتێکی ئەوتۆ نەدەما. پێمگووتن: "لە ڕووی تیۆری و ئایدیۆلۆژییەوە کەمهێنی ڕێگر نییە لەبەردەم خۆپێشخستن و پێشخستنی ئەوانی تریشدا. سەرجەم خەباتکارانی ئەم تەڤگەرە هەر بەم شێوەیە بوون. ئێمەش فێر دەبین. بە هەوڵەکانمان لەگەڵ ئێوە فێردەبین و گەشە دەکەین. تەنانەت هێشتا فێری بابەتە بنەڕەتییەکانیش نەبووین. شۆڕشگێڕی ئاسان نییە. ژیان فێرت دەکات. تەنیا خواست، بڕیارداری و دروستبوون بەسە بۆ سەرەتا". (جاهیدە) زۆر بە وردی چاودێری هەموو قسەیەکی دەکرد، بەتایبەتیش هەر قسەیەک کە بۆ ئەو بکرایە، بە باشی گوێی شل دەکرد. ئەوەی دیار بوو بەڕاستیش خارپێت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کردبوو.

دەیگووت: "ژیانی ئێوە فێری زۆر شتی کردم"، هەڵبەتە زۆر ڕوومان لە کەموکورتییە تیۆرییەکان نەدەکرد. وا بیرمان دەکردەوە کە لەو بوارەدا بۆشاییەکان پڕ دەبنەوە. لەوێوە چووین بۆ چەرمووگ و لەوێشەوە بۆ شانکوش. ناچارما کە خۆیشی بێت. لەگەڵ (گیوللو) و (سەراب) و ئەوان لە هەمان خوێندنگە دەیانخوێند و بەخێزانیش یەکتریان دەناسی. هەروەها دەوروبەرێکیش هەبوو کە دەیناسیین. ئەگەر لەوماوەیەدا لە گریێ سۆر بمایەتەوە و کاتەکانی بە باشی هەڵبسەنگاندایە

ئەنجامی باشی بەدەست دەهێنا، بەڵام واپێویستی کرد پێکەوە بڕۆین، خاوەنی تایبەتمەندی هیوابەخشانە بوو بۆ (سەراب)، (گیوللو) و کچەکانی تر. (گیوللو) خەڵکی چەرمووگە، برا گەورەکانی پێشتر (DDKD) یی بوون. لەگەڵ ئەوانیشدا پەیوەندیمان هەبوو. هەڤالان هەوڵیان لەگەڵ دەدان. هەڤاڵ (حسێن دورموش)یش لەو ناوچەیە بوو. چاوم بەویش کەوت. ئەمەش کارێکی زۆر باش بوو. (حسێن)یش خۆشحاڵ بوو و گووتی: "باشە، بۆ ئێمەش باش بوو، ئەو ماڵانەش بەڕێکخستن دەکەین. ئەو هەڤاڵانەش دەبنە هاوکارمان، سەرنج راناکێشێت".

خانەوادەی (گیوللو)ی دەناسی. دایک و خوشک و براکانی هاتبوون بۆ خارپێت. (گیوللو) دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ ماوەیەک لە ماڵەوە مایەوە. من و هەڤاڵ (جەمیل) بووین، هەڤاڵ (جەمیل)م وەکو براگەورەی خۆم دەناساند. گرنگی پێدانمان کاریگەری لەسەر کردبوو. خێزانێکی زۆر گەورە و فراوان، دایکیشیان لە خارپێت کاریگەر ببوو و بەردەوام باسی کردووین. لەگەڵ ئەوانەی ماڵەوە قسە و گفتوگۆمان کرد. (گیوللو)ش ئەو کچانەی کۆدەکردەوە کە لە چەرمووگ ناسیونی و بڕوای بە تێگەیشتن و پێشکەوتنیان هەبوو، لەگەڵیان دانیشتین و قسە و گفتوگۆمان کرد. پاشان چووین بۆ چەند ماڵێکی تر.

لە هەنگاوی دواتردا چووین بۆ شانکوش. باوکی (سەراب) موفتی بوو، خوشکەکەی تریشی لە هەمان خوێندنگەکەی خۆی دەخوێند. ئەوانیش دایکیان تورک و باوکیان کوردە، لە شانکوش گرووپەکانی تریش کاریان دەکرد. توێژی مامۆستا و فەرمانبەران لای گرووپەکانی تر بوون و کاریگەرییان لەسەر کردبوون. لە هەردوو شوێنەکەش کراوەیە بۆ رێکخستن، ئەگەرچی کادیری خۆجێیش بن، بەڵام زوو کاریگەریان لەسەر

دروست دەبوو. پەیوەندیداری و ئاستی گفتوگۆ بەرز بوو. لەلایەک توێژی گەنجانی خوێندکار هەبوو، لەلایەکی تریش کارمەند و فەرمانبەرە حکومییەکان زیاتر خۆجێیی و خەڵکی هەرێمەکە بوون. ئەگەر رێکخستنێکی باش و تۆکمەمان مەیسەر بکردایە؛ ئەوا دەوڵەت بێ کاریگەر دەکرا، سەرجەم بوارەکانی کار و ئامرازەکانی بە ئاسانی دەخرێنە خزمەتی تێکۆشانەوە.

ئەم گەشتەم زوو تەواو کرد و گەڕامەوە بۆ خارپێت. لە مادەن نەمامەوە. ئەوێ و شوێنەکانی ترم بۆ جارێکی تر دانا. لە راستیدا لەنێو خوێندکاراندا خەڵکی هێنێ، پاسور و لیجە[168]ش لە ریزدابوون، ئەوانیشم لەناو بەرنامەکانمدا بەجێ کردبوو، بەڵام کات تێپەڕ دەبوو، سەرلەنوێ خوێندنگەکان دەکرانەوە، بۆیە گووتم: "پشووی نیوەی ساڵ کورتە، پشووی کۆتایی ساڵ گونجاوترە". لەگەڵ گوندنشینانی کەبان - میشەلی - بێریڤان پەیوەندییمان باش بوو، گرنگتریش ئەوەبوو ئەوان زستانان لە شاربوون و هاوینان گوندەکانیان قەرەباڵغ دەبوو.

(عەلی گیوندوز) هاتوچۆی شاری مەلەتی دەکرد. لەگەڵ (ئایتەکین) پێکەوە لە چوارچێوەی هەرێمی خارپێتدا سەرەتا لەناو خەباتی پڕووپاگەندە و جۆشدان "ئاژیتاسیۆن" دابووین، لە چوارچێوەی کۆمیتەیەکدا خەباتمان دەکرد پاشان وابەباش زانرا کە لەوێ بڕوات. لە مەلەتی کار و خەبات تازە دەستی پێکردبوو، زەمینە لە باربوو. دەوروبەرێکی بەرچاویش پێکهاتبوو، بەڵام هەندێک گرفتیش هەبوون. (جەلال ئایدین) لە هاتوچۆی بۆ دێرسیم چاوم پێیکەوتبوو.

لەو ماوەیەدا کە لە دێرسیم بوو لەگەڵ (تورکان) پێکەوە گووتارەکانی (سەرۆک)یان لە کاسێتەوە کردبوو بە نووسراو.

---

[168] سێ شارۆچکەی سەر بە شاری ئامەدن.

ئەمە کاری چەند رۆژێک بوو. لەم ماوەیەدا لەگەڵ (تورکان) گوایا پەیوەندییەکی سۆزداری دەکەوێتە نێوانیانەوە، ئاشق دەبێت..! لەگەڵ یەکتر رێدەکەون و پاشان بڕیار دەدەن بە رێکخستنی رابگەیەنن. لە دێرسیم لەلایەن هەندێک لە هەڤاڵانەوە ئەم رەوشە رەخنە دەکرێت و بە مامەڵەیەکی ناتەندروست لە قەڵەم دەدرێت. هەڵبەتە هەندێک کەسیش هەبوون کە بە شتێکی ئاساییان لە قەڵەم دابوو، (تورکان) پێشتریش لەم بوارەدا دەیوست گفتوگۆ بکات و دەیگووت: "کارێکی راست نییە، چۆن دەبێت کەسەکان لەسەر رەزامەندی رێکخستن هاوسەرگیری بکەن؟" بێگومان لەم خاڵەدا هاوفیکر بووین.

دەمانگووت: "خۆشەویستی و هاوسەرگیری بە داسەپاندن نابێت، یەکێتی دڵخوازانە بناخەیە". بەڵام هەروا لە ماوەی ناسینێکی سێ رۆژێکیشدا خۆشەویستی پەرەی نەدەسەند و نەدەگەیشت بە هاوسەرگیری. لەلایەک ئەم هەڵوێستە رەخنە دەکرێت، لەبەرامبەری هەڵوێست وەردەگیرێت، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئارەزوو و خواستی کاتی و رۆژانەیان بەسەردا دەسەپێندرا. (جەلال ئایدین)یان ناردبوو بۆلای من. (دلاوەر) نەیتوانی بوو قەناعەتیان پێ بکات. گوایا لەبەر ئەوەی "ئەزموونی ژیان" و توانای قەناعەت پێکردنیانم هەیە، بیرکردنەوەیەکی بەو جۆرەیان دانابوو. یەکەمجار بوو (جەلال)م دەبینی، ئەو بانگەشەی دەکرد کە پێشتریش تووشی یەکتر بووینە. بێگومان لە خوێندنی پەیمانگەی مامۆستایانی دێرسیم. پرسیارم لێکرد: "چییە، رەوش چۆنە؟".

ئەو هەڤاڵەی ئەوی هێنا بۆ ئەو ماڵە لەبەر دەرگا بەکورتی هەندێک زانیاری پێدام، بەڵام وردەکارییەکانیم نەدەزانی. دەستی دەکرد بە باسکردن لە خۆشەویستی، بەگشتی باسی لە

خۆشەویستی – ئەشقی شۆڕشگێڕانەی دەکرد. دیسان ئاماژەی بەوە دەکرد کە گوایا "لەلای ئێمە دەبێ خۆشەویستی چی بێت؟!" بە ئاشکرا بانگەشەی بەڕێوە چوونی هەڵوێستێکی دووفاقییانەی دەکرد و دەیگووت: "هەندێک هەڤاڵ خۆشەویستی و هاوسەرگیری هەندێک کادیریان بەلاوە نابێت بە گرفت، بەڵام کە ئێمە ئەم باسە دەهێنین؛ بە هەڵوێستی بۆرژوای بچووک ناوزەدی دەکەن و تەنانەت مەحکومیشی دەکەن".

بە توورەییەکەوە گووتم: "مەبەستت چییە، بەڕوونی قسە بکە".

ئەویش گووتی: "دەزانم تۆش هەمان شتم پێ دەڵێیتەوە، هەڵوێستی هەمووتان هەمان شتە، لە راستیدا من نەمویست گفتوگۆ بکەم، چونکە وەڵامەکەتان دەزانم" و کەوتە هەڕەشە و گورەشە و دەیویست کارم لێبکات.

کەوتمە ناو باسەکەوە و بەشێوەیەک وەکو بەسەریدا بتەقمەوە پێمگووت: "ئاگات لێیە چی دەڵێیت، باس لە کامە دووفاقی دەکەیت، لەسەر چی بنەمایەک تۆمەتێکی وەها دەدەیتە پاڵ هەڤالان؟ ئەگەر بەمجۆرە گرفتەکە دەخەیتە بەر باس، منیش لایەنگری گفتوگۆنیم، مایە پووچە" لەسەر ئەم قسەیەم نەرمتر هاتە پێشەوە و کەوتە لافی جددییەتەوە.

بەبینینی ئەم دۆخە لە هەڤالان توورە بووم و گووتم: "ئەمە چ شکڵ و شێوەیەکە بۆ منیان ناردووە، ئەمە لە چ تێدەگات؟!". پاشان گوێم لە قسەکانی گرت. باسی لەوە دەکرد کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە (تورکان) دەناسێت، دڵگیری بووە، دواجار لەو ماوەیەدا کە پێکەوە کاریان کردووە دڵگیرییەکەی بەرەو پێشتر چووە، ئەمەشی بەو گووتووە، پێکەوە گفتوگۆیان کردووە و بڕیاریان داوە ئەم دۆخە بە هەڤالان رابگەیەنن. من

بۆ تاوێک لێی ڕاوەستام و بەراوردێکم لەنێوان تایبەتمەندی کەسێتی هەردووکیان کرد. لەم مژارەدا ئاگاداری لاوازییەکانی (تورکان) بووم، لە هەر هەڵسوکەوتێکیدا بێ پێوانەیی هەبوو. تەماشای (جەلال)یشم کرد بە توندی و بە بڕواوە قسەی دەکرد، بەڵام دڵنیام لەوەی خۆشەویستی و شتی وانەبوو. شێوە و شکڵی (تورکان) کاریگەری لەسەر کردووە.

پێیمگووت: "مرۆڤە بێ کەسایەتی و بۆرژواییە بچووکەکانیش ماوەیەک چاوبازی نەکەن، یەکتر نەناسن هاوسەرگیری ناکەن. سەیرە ماوەیەکی زۆر کورت پێکەوە دەمێننەوە و کاسێت بۆ نووسراو دەگۆڕن و ئاشقی یەکتر دەبن. بەهیچ شێوەیەک ئەمە بە ڕاست و دروستی نابینم".

کەمێکیش باسم لەو هاوسەرگیرییە کرد کە بەسەر خۆمدا هاتبوو و گووتم: "لە هاوسەرگیریدا خەباتێکی هاوبەشی تەواوکاری یەکتر، یەکێتییەکی تێکۆشان بە بنەما وەرنەگیرێت، کاریگەربوون و سۆزی کاتیی یەکێتی فەراهەم ناکات، بەڕێوە ناچێت".

(جەلال) لە وەڵامدا گووتی: "ڕەوشی ئێوە جیاوازە، ئەو لە سیاسەتێکی جیاوازە و تۆ جیاواز. چ پەیوەندییەکی هەبوو، ئێمە لە هەمان ڕێکخستنین. من بەهرەکانی ئەو دەبینم، ئەویش بەهرەکانی من". بە تووڕەییەوە سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە: "ڕەوشەکە دەزانیت، بیستوتە و بەو پێیە لێکیدەدەیتەوە" و بەمەش پێداگری دەکرد.

لەو خاڵەدا گفتوگۆکەم بڕی و گووتم: "تۆ ئەوە دەسەپێنیت کە خۆت دەیزانی، دەڵێیت: ئێمە دەمانەوێت و ئێوەش ناچارن پەسندی بکەن، منیش ئەو هەڵوێستە سەقەتە پەسند ناکەم. پرسەکە بە گوێرەی خۆتان دەخوێننەوە. هاوسەرگیرییەکەی من

جیاوازە! من باسی چیت بۆ دەکەم، تۆ بۆ کوێی دەبەیت؟! بە ئاشکرا چەواشەی دەکەیت". بەتەواوی توورە بووم و پێمگووت: "دەتوانیت هەڵسیت و بڕۆیت، بەڵام کەس بەوە رازی نابێت کە تۆ دەتەوێت".

گووتی: "کاتێک گووتیان بڕۆ بۆ لای ساکینە، ئەو رازیت دەکات وەڵامەکەتم دەزانی، بریا نەهاتمایە"، هەڵسا و رۆیشت. هەڵبەتە ئەویش زۆر توورە بوو، دەشبێت لەدڵی خۆیدا جوێنیشی دابێت. بەڵام دەڕوات بۆلای (دلاوەر) و پێی دەڵێت: "چارەسەرمان کرد، ئەرێنی بوو". بڕوایان پێنەکردبوو، رۆژی دواتر کە باسی رووداوەکەی بۆکردم دەیگووت: "بێگومان بڕوامان نەکرد". (جەلال) بەلای خۆیەوە کارەکەی خۆی دەخستە سەر بار، ئەگەر پشتیوانی لە یەکێکمان وەربگرتایە تەواو دەبوو، کەسێکی زۆر سەیربوو.

لەو ماوەیەدا رۆیشتبوو بۆ (مەلەتی – مەلاتیا). ناوبەناو سەبارەت بە کار و خەبات نامەمان بۆ دەهات، بەڵام شتی بەرجەستە لە ئارادا نەبوو، گرفت هەبوو. (ئایتەکین) لەگەڵ (عەلی گیوندوز) پێکەوە رۆیشتبوون. کۆبوونەوەیان سازکرد. (عەلی) باسی لە کچە پەرستارێک دەکرد کە تەنیا ژنێک بووە ئامادەی کۆبوونەوەکە بووبێت و دەیگووت: "هەڤاڵان بەگشتی لە جەلال ناڕازین".

شێوازی ژیانی (جەلال)، شێوازی کار و خەباتی لەلای هەڤاڵان مایەی تەنگەزاری بووە، هەندێک لە هەڤاڵان دەیانگووت: "هیچ کار و کردەوە و هیچ شتێکی لە هی ئێمە ناچێت، لە هەڤاڵانی ئێمە ناچێت، بە هەموو شتێکییەوە جیاوازە". هەروەها ئەو تاکە هەڤاڵە ژنەش داوای قسەکردنی کردبوو، خۆی لە نەخۆشخانەیەک پەرستار بوو، خەڵکی ناوچەی گۆلباشی شاری

سەمسور[169]ە، ناوی (ئەلیف کارتاڵ)ە. لە دانیشتنێکدا سەرنجی ڕاکێشاوەتە سەر هەندێک بێ پێوانەیی هەڵوێستەکانی (جەلال) لەبەرامبەر بە خۆی. تەنانەت باسی لەوە کردووە کە جاروبار بێ ئاگاداری هەڤاڵان هاتوچۆی هەندێک ناوچە و شوێنی تری کردووە. ئەمانەمان بە هەڤاڵ (جەمیل)یش ڕاگەیاند، بەلام هێشتا زانیاری تەواو بەرجەستە نین، پێویستە یەکلابکرێنەوە. بەم هۆکارە زانیاری بۆ (ئایتەکین) و ئەوان نێردرا کە لەسەر (جەلال) ڕابووەستن. بەتایبەتیش ئاماژە بەوە کرا کە لەژێر چاودێرییەکی تەواودا بێت و بە وردی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت.

لەم نێوەدا چووم بۆ دێرسیم. ئەرکێکی تایبەت نەبوو. دەمویست کۆتایی بە کارە ڕووکەشییەکانی جیابوونەوەکەم بهێنم. گریمانەی هەوڵی بەکارهێنانی هەندێک شت لەلایەن دووژمنەوە، نیگەرانی دەکردم. لەگەڵ هەڤالان پێکەوە دەماینەوە، لەم بوارەدا بیرمان لە ئەگەری ڕووداوی نەخوازراو دەکردەوە. هاوکات هەبوون و کۆبوونەوەی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دێرسیم ڕێگەی بۆ گرفت خۆش دەکرد. بەتایبەتیش هەڤالانی ژن زۆربەی زۆریان لە ئاستی کادیردا بوون و دەستبەتاڵ بوون. لەو هەرێمەدا پەرەسەندنێکی ئەوتۆیان نەدەهێنا، ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی بوون بە گرووپ و کاریگەری هەندێک ڕووداوی پێشتر لەئارادا بوون. دەکرا سەرەتا (تورکان) یاخود (سەڤیم کایا) لە شوێنی تر ئەرکدار بکرابان. قسە لەسەر ئەو دوو ناوە دەکرا. پاشان بڕیار لەسەر (ئایتەن) درا.

---

[169] یەکێکە لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان کە دەوڵەتی تورک بە ئادییامان ناوزەدی دەکات.

(ئایتەن) و (حاملی) دەستگیراندار بوون. لە سەردانەکەی پێشتردا بەڕێکەوت تووشی زەماوەندی و شەکراوی دەستگیرانداریییەکەیان هاتبووم، هەڵبەتە تۆزێکیش حەپەسابووم. (ئایتەن) و (حاملی). هەردووکیان هەڤاڵی خاوەن تایبەتمەندی لەیەک جیاواز بوون، چۆن یەکیان گرتبوو؟ ئەوکاتە باس لەوە دەکرا کە ئەمەش بە پێشنیازی هەڤالانی تر بەڕێوەچووە. لەو کاتانەدا (ئایتەن) لە ناوچەی قسلێی دێرسیم وەک بریکاری مامۆستا کاری دەکرد، لەو هەرێمە قسەی لەسەر کراوە و هەردووکیان بەم بڕیارە گەیشتوون یاخود ڕەچاویان کردووە. هەڤاڵ (عەلی حەیدەر قەیتان)یش لەوێ بوو. بنەماڵەی (قیمەت) و ئەوان بەگشتی بەشدار ببوون. هەڤاڵ و دەوروبەرێکی زۆری هەبوون. بۆ بەجێگەیشتنی دابونەریت هەندێک لە ئەندامانی خێزانی هەردوولایان هاتبوون. دایکی (حاملی) لە خۆشیدا بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە، هەموویان خۆشحاڵ بوون. باسەکە هاتە سەر خەڵات، خەڵات شتێکە لە ماڵی پیاو داوا دەکرا. هەر لە چەکەوە تا گەلێک شتومەکی بەهادار دەگرێتەوە. هەڤاڵ (عەلی حەیدەر) بەگاڵتەوە دەیگووت: "پارچەیەک زەوی کشتوکاڵی". پاشان باس لە چواردەخۆر کرا و دەگووترا "شیربایی نابێت". دەکرێت باس لە "مافی شیری دایک" بکرێت.

ئەم قسانە زۆر سەرنجیان ڕانەدەکێشام. (ئایتەن) وەک هەڤاڵێک کە توانایەکی زۆری پەرەسەندنی هەبوو و لەم بوارەدا قەناعەتێکی گشتی لە ئارادابوو. دۆخی پێکهاتەی خێزانەکەی کۆسپێک بوو، بەڵام مامۆستایی؛ بۆ دوورکەوتنەوەی لە خێزانەکەی ئامرازێکی باش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بیر لەوە دەکرایەوە کە بۆ ماوەیەکی درێژ کار و خەبات بکات. ئاستی

تێگەیشتن و پێگەیشتنی گونجاو بوو بۆ کار و خەباتی پرۆفیشناڵانە.

(حاملی) بێدەنگ و شەرمۆک دیاربوو، دیار نەبوو چی دەیگووت و چی دەکرد، تەنانەت هەر ئەو شەوە وایکرد هەست بە کاردانەوەکانی بکەین. دەمەقاڵێی لەگەڵ (ئایتەن) کردبوو. لە چی تووڕە ببوو، چی دەگووت زۆر ئاشکرا نەبوو. لە قۆناخی دواتریشدا لەو ماوەیەدا کە لە زیندان بووە، کاردانەوەی توندی لەبەرامبەر قسەی ئەوانەش پیشان دابوو کە هاتبوون بۆ سەردانی. (تورکان)، (سەڤیم) و هەندێکی تر گوایا لەناو هەوڵی رزگارکردنی رێکخستن دابوون. (حاملی) لەم بوارەدا هۆشیاری پێویستی نەدابوو. بەپێی پێویست وریا نەبوو لەگەڵ ئەو کەسانە کە لە دێرسیمەوە هەڵسابوون هەر لە خۆوە چووبوون بۆ ئەنکەرە و بەناوی رێکخستنەوە کەوتبوونە ناو جۆرەکارێکی زۆر جددی و لەئاستی خۆیان گەورەترەوە، هەر بۆیە دواتریش خودی خۆی لەلایەن هەمان ئەو کەسانەوە هەمان ئەو لاوازییەیان لەبەرامبەر خودی (حاملی) خۆی بەکارهێنرا.

(ئایتەن) لە کۆبوونەوەیەکدا کە (یڵدرم)، (ئەرۆڵ) و (عەلی گیوندوز)یش تێیدا ئامادەبوون ئەم بابەتەی هێنایە رۆژەڤەوە. (حاملی)یش لەسەر ئەمە زۆر تووڕە بوو و وەڵامێکی توندی (ئایتەن)ی دایەوە. بۆ جاری سێیەم بوو دەبووم بە شاهێدحاڵی قەدبڕکاری و دانبەخۆدا نەگرییانەی (حاملی) لەبەرامبەر بە رەخنە.

لەلای (ئایتەن) و ئەوان بووین. ئەوەمان خستە رۆژەڤەوە کە پێویستە لەماڵ جیاببێتەوە. دەگووترا کە دەبێت هاوسەرگیری بۆ ئەم مەبەستە ببێت بە ئامرازێک. بەڵام باوکی (ئایتەن)

دەیگووت: "من کچی خۆم نادەم بەو تیرۆریستە" و هیچی تری نەدەگووت.

بەتایبەتیش دوای ئەوەی (حاملی) بۆ ماوەیەک کەوتە زیندانی دەوڵەتەوە، ئیدی پێگەکەی ئاشکرا ببوو، باوکی (ئایتەن) لەدژمان راپەڕی و کێوی لێ گرتین. لەگەڵ (ئەرۆل دەیرمەنجی) پێکەوە رۆیشتین بۆ لایان. (مەریج)یشمان لەگەڵ بوو. هەڵوێستی باوکی ئاشکرا بوو، دایکیان کەمێک جیاوازتر بوو و دەیگووت: "دەستگیراندارێتی، مادام وابوو لە سەرەتادا کچت پێنەدایە".

لەلای خۆمەوە هەوڵمدەدا هەردووکیان رازی بکەم. باوکی لێم گرژ دەبووەوە و دەیگووت: "تۆماڵی خۆتت سووتان، بڕوانە چ هاوسەرگیری و چ حاڵ، تۆشیان جیا کردەوە، ئێستاش نۆبەی کچەکەمە؟ ئێوە تەنانەت خۆتان پێ ناپارێزرێت، ئاگاتان لە خۆتان نابێت، ئینجا ماڵ پێکەوە دەنێن. نیشتمانپەروەرەکان تەنیا دەتوانن ماڵ کاول بکەن. نا من بەهیچ جۆرێک کچی خۆم نادەم".

مەعنەوییاتمان سەراوبن ببوو. لەکاتێکدا کە هیچ شتێک لەو نێوەدا نەبوو لەبەرامبەر بەو هەموو قسەیەی ئەو کابرایە دانم بەخۆمدا نەگرت و گووتم: "کچەکەت بچووک نەبوو، خۆی ئیرادەی هەبوو، ئەم دووانە دەستگیراندارن، کەس بە زۆر کچەکەتان لێ ناسێنێت. سەبارەت بەئێمەش هێندە قسەکردن لەجێی خۆیدا نییە، ژیانی ئێمە بەشەرەفترین و جوانترینە، هێندەی خاوەنداری لە خۆمان و کۆمەڵگەکەشمان بکەین بەهێزین، ئێوەش باش دەزانن، ئێمە نامانەوێت زویرتان بکەین. دوو کەسن، دەستگیراندارن، دەمانویست بە زەماوەندێکی ئاسایی گرفتەکە چارەسەر بکەین، بەڵام ئێوە دەبنە تەگەرە. کەوابوو ئێمەش ئەوە دەکەین کە بەڕاستی دەزانین.

بەرپرسیاریتی لەسەر شانی ئێوەیە". بەتەواوی تووڕە بوو، ئەمەی بە هەڕەشەیەک وەرگرت، بەڵام تۆزێکیش ترسا.

دوای ئەوەی پێمگووت: "ئێمە بڕیار لەسەر چی بدەین مسۆگەر جێبەجێی دەکەین" تۆزێک راما. هەستی بەجددیبوونمان کرد. بەو دۆخی تووڕەییەیەوە هەڵسا و رۆیشت. هەوڵماندا دایکی رازی بکەین، ژنە بە ئاشکرا دانی پێدا دەنا کە دەترسێت. (ئەرۆڵ) و ئەوانمان نارد تا (حاملی) بانگ بکەن، بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەین و بڕیارێکی مسۆگەر بدەین، چونکە کارێکی راست نەبوو لەگەڵ ئەم خانەوادەیە بەگژیەکدا بچینەوە. هەموو ئەمانە بێزاری کردم. (ئایتەن) دەیگووت: "باوکم دەیەوێت بمدات بە برازاکەی خۆی، لەم بوارەدا رازیکردنی زۆر ئەستەمە".

(حاملی) هات. بە کورتی دۆخەکەمان بۆ باسکرد. بە جیا لەگەڵ (ئایتەن)یش قسەی کرد، بەڵام لەپڕێکدا هەڵچوو و لێیدا رۆیشت. لە (ئایتەن) تووڕە ببوو. وادیارە کارەکەی بەوە گەیاندووە کە پێی بڵێت: "تۆ بێ بڕیاریت"، بەڵام کاردانەوەکانی بەتەواوی روون نەبوون. (حاملی) تایبەتمەندییەکەی وەها بوو؛ پەرچەکردارەکانی تێکەڵ و ئاڵۆز بوو، لەناکاو دەتەقییەوە دەیگووت: "ئەری برا.." و دەستی پێدەکرد. ئەوجاریش (ئایتەن)ی تاوانبار دەکرد، بە قسەی ناڕوون دەیخستە ژێر باری تۆمەتەوە. لە دەمەو دەرکەوتنی لە دەرگاکەوە پێمگووت: "راست نییە ئایتەن تاوانبار بکەیت. چی دەڵێن بە ئاشکرا و بەڕوونی بیڵێن. پێویستە بڕۆین لێرە نامێنینەوە. دەبێت بگەمە خارپێت، درەنگ دەکەوین". ئەویش لە وەڵامدا: "هەموو پێکەوە دەڕۆین" مەبەستی لە (ئایتەن) یش بوو.

(ئەرۆڵ) و ئەوان چوون بۆ کڕینی کەلوپەلی ماڵ. باوکی (حاملی) پارەکەی دەدا. بە (ئایتەن)م گووت: "کەوابوو هەڵسە

بابڕۆین" دایکی هەستی بە دۆخەکە کردبوو و بە تەلەفۆن هاوسەرەکەی لێ ئاگادار کردبووەوە. لەکاتێکدا (ئایتەن) سەرقاڵی ئامادەکاریی بوو، باوکی خۆی کرد بە ماڵدا. وەکو شێتێک، لە دۆخێک دابوو مرۆڤی دەتۆقاند. (ئایتەن) وەکو هیچ شتێک رووینەدابێت لە مەتبەخ وایدەنواند کە بە چێشتەوە سەرقاڵە. باوکی بەلای راست و چەپدا دەیڕوانی، لە ژوورەکاندا بەدوای (ئایتەن)دا دەگەڕا، پاشان هاواری کرد" ئایتەن لەکوێیە؟ " و رووی کردە مەتبەخەکە.

جوێنی دەدا، زۆر جوێنی ناشرین. (ئایتەن) خۆی پێ رانەگیرا، یەکەمجار بوو ئەوم بەو شێوەیە بە تووڕەیی و بێ ئاگا لەخۆی دەبینی. هەر چۆن دەستی دایە کێردی گۆشت وردکردنەکە هەڵمەتی بۆ باوکی برد. کەوتمە نێوانیانەوە و گووتم: "ئایتەن راوەستە، مەکە، شێت بوویت؟ ئەمە چ حاڵە؟" بەڵام نە (ئایتەن) گوێی لێم بوو و نە باوکی، لەنێوان هەردووکیاندا ماوبوومەوە. بەهێزیش بوو، لەنێوانیاندا من دەپلیخامەوە. (ئایتەن) بە باوکی دەگووت: "خۆت بێ ناموسی!" لەبەرامبەر بە جوێن و سووکایەتییەکانی ئەو دانی بەخۆیدا نەدەگرت. حەپەسا بووم، دەمگووت: "ئەمە چییە، باوک – کچ ئەوەندە لەیەک تووڕە و بە قینن هێرش دەکەنە سەر یەکتر". منیش لەو کاتەدا زۆر لە باوکی تووڕە بووم. بەڕاستیش هیچ پەیوەندییەکی بە باوکایەتییەوە نەبوو، یەک زەڕە خۆشەویستی و رێزی نەبوو. قینی لە کێ و لە چی بوو، ئەویش دیار نەبوو. دایک لە ترسان نەیدەوێرا لێی نزیک ببێتەوە.

لە دوورەوە گووتی: "مەکە، عەیبە. لەناو خەڵک و عالەمدا رەزیل و ریسوامان دەکەیت.."، لێی هەڵگەڕایەوە و پێیگووت: "هەموو تۆ وات کرد". ئەرێ ئەم کابرایە خواردبوویەوە؟ نا

نەخێر، سەرخۆش بووایە هێندە بەهێز نەدەبوو. کەسێک تاوی دا و ناردی؟ هەڵبەتە هەندێک گومانمان لەسەری هەبوو. ئایا پەیوەندی بە پۆلیسەوە هەبوو؟ لەو کاتەدا هەموو شتێک هات بە ئەقڵمدا. بگەڕێمەوە دواوە تا ئەو لێی بدات! ئەگەر لە (ئایتەن) بگەڕامایە ئەوا حەتمەن دەیکوشت. بەڵام دواتر چی لەسەر دەگووترا و چیان لەسەر نەدەکرد، هەڤاڵانیش ئاگاداری ئەم رەوشە نەبوون. خۆیشی دەترسا، ئەم دۆخی تووڕەییەی (ئایتەن) ئەویشی ترساندبوو. بە زۆر و زۆرداری کابرامان دەرکردە دەرەوە و پێمگووت: "تۆ باوک و شتی وا نیت، باوکێک وا لە کچەکەی ناکات، هێندە جوێن و سووکایەتی پێ ناکات، چیتانە، کێ ئێوەی هانداوە، ئارام بگرن و بڕۆن بۆ خاتری خوا، تووشی شتێکمان دەکەیت، باش نییە. ئەگەر هەڤاڵان ببیستن مسۆگەر بێدەنگ نابن". لە قسەکانی منیشدا جۆرە تاودانێک هەبوو، بەڵام دەمویست کابرا هەندێک بەخۆدا بکشێتەوە و بترسێت، رانەدەوەستا، بەڵای سەرە! کابرا دەرکەوت و رۆیشت. (ئایتەن) دەگریا، دایکی دەگریا، کەشێکی تابڵێی سەیر بوو. پاش کەمێک (ئایتەن) هەڵسا و گووتی: "حەتمەن دەبێت هەر ئێستاکە دەربکەوین".

بەمجۆرەش بڕیاری خۆی دابوو. بێگومان چاوەڕێی هەڵوێستێکی دیکەی لێ نەدەکرا. مانەوەشی لەوماڵەدا هیچ واتایەکی نەدەبوو. هەمیشە گرفتی دروست دەکرد، هەوڵی رێگریکردنی لە هەموو شتێک دەدا. راستترین هەڵوێست ئەمە بوو. منیش گووتم: "باشە، هەر ئێستا دەڕۆین".

رۆیشتین بۆ ماڵی خۆمان. دایکم پەی بە هەندێک شت بردبوو. (ئایتەن) چاوی سوور و سەر و قژی ئاڵۆزکابوو، لەگەڵ

ئەمانەشدا جانتاکەشی هێنابووە. دایکم گووتی: "بۆ کوێ دەڕۆن؟ بۆ چی بووە کچم، ئایتەن بۆ کوێ دەڕوات؟"

پێمگووت: "پێکەوە دەڕۆین، بەکەس مەڵێ و بڵاویشی مەکەرەوە". باوکی (ئایتەن)ی باش دەناسی و شیمانەی دەکرد کە رازی نەبوو بەم رۆیشتنەی و رازیش نابێت.

دایکم باش لە کاریگەری گوشاری ماڵ لەسەر منداڵ تێدەگەیشت. چونکە سەرکوتکردن، رێگریکردن، قەدەخە و دەستوەردان لە هەموو شتێک، منداڵی تەنانەت بە دابڕان لەماڵ دەگەیاند. خودی خۆی لەدوای راکردنی من گۆڕابوو. تەنانەت هەڤاڵان دەیانگووت: "زۆر باش بووە". لە هەر هاتوچۆیەکمدا بۆ دێرسیم دەچوومە سەردانی، ئیتر بەبێ دەستووری ئەو دەمتوانی جموجۆڵبکەم! هەڤاڵانیش کەی بیانویستایە دەیانتوانی هاتوچۆی ماڵەوە بکەن. چەند جارێک بە گریانەوە پێیگووتم: "ئەگەر من وەها هەڵنەسوڕامایە تۆ لە ماڵەوە، لە دێرسیم دەبوویت، لێرە شۆڕشگێڕیت دەکرد. ئێستاکە دیار نییە لە کوێیت، چی دەخۆیت، چۆن دەژیت. خۆزگە ئەمانە روویان نەدایە".

پسوولەی پاسمان کڕی، بە تەکسی تا سەر پردی خارپێت رۆیشتین، لەوێ سواری پاس بووین، بەکارهێنانی گەراجی ناو بازاڕ مەترسیدار بوو. لەگەڵ (ئایتەن) پێکەوە راستەوخۆ چووین بۆ خارپێت. هێشتا لە قاتە ژێرزەمینەکەی گەڕەکی فەوزی چاکماکین. ماڵەکەمان بۆ ماوەیەکی درێژ و بە باشی بەکار هێنابوو، بەڵام لەوە زیاتر بەکارهێنان کارێکی راست نەدەبوو. بەدوای خانوودا دەگەڕایین، هێشتا خانووێکی گونجاومان دەستنەکەوتبوو. بەمجۆرەش خۆڕسکانە و تۆزێکیش بەناچاری خانووێکی نوێمان گرت، ژمارەی خانووەکان زیادی کرد. بەر لە

هاتنی کەلوپەلەکان بە خێرایی بەدوای خانوویێکی بەکرێ دا گەڕایین. گۆڕینی چەند شوێنێک بۆ کەلوپەلەکان گران بەسەرماندا دەشکایەوە. لەگەڵ (جەمیلە) پێکەوە گەڕاین. ئامانجمان ئەوەبوو لە گەڕەکێکی تۆزێک جیاواز خانوویێک بەکرێ بگرین.

لە یەکێک لە شوقەکانی گەڕەکی ڕەزاییەی خوار نەخۆشخانەکەوە قاتێکمان پەیداکرد. شوقەیەکی تازە و خاوێن بوو، بۆیە خاوێنکردنەوەکەی زۆر کاتی نەگرتین. پاقژییەکی گشتی و کورتخایەنمان کرد. پەردەمان کڕی و بەدووریینمان دا. پەردەکان تا بلێی گران لەسەرمان کەوتن. ژمارەی ژوورەکان زۆربوو، مەحاڵ بوو بە کەلوپەل پڕ ببنەوە، بەڵام دیمەن و ڕواڵەت گرنگ بوو. بۆیە ناچار بووین پەردە بۆ سەرجەم ژوورەکان بکڕین. ڕۆژی دواتر کەلوپەلەکانیش هاتن، ئەوانیشمان جێبەجێ کرد. وامان بە باش زانی کە ژمارەیەکی کەم لە هەڤالان بەو خانووە بزانن و گووتمان: "با هەموو کەس نەیزانێت، هەندێک لە هەڤالان بیزانن بەسە" (حاملی)یش لەگەڵ کەلوپەلەکان هات. هەڤالان لەسەرەتادا نەیاندەزانی ڕووداوەکە چۆن بووە و ئاگایان لە ڕووی ناوەوەی نەبوو، وەکو پێشتر قسەی لەسەر کرابوو وەک شوێنگۆڕکێیەکی ئاسایی لێکیاندەدایەوە. نەیاندەزانی چەندە شەڕمان کردووە و (ئایتەن)مان بە چۆن شەڕ و شۆڕێک هێناوە. کە باسمان دەکرد؛ تووشی سەرسووڕمان دەبوون. بەتایبەتیش (مەتینی کەڕ) پێخۆشحاڵ بوو، بەردەوام گاڵتەی دەکرد و دەیگووت: "ساکینە چوو ژنێکی بۆ حاملی هێنا و هاتەوە"، چەند بارە لەسەر یەک بەسەرهاتەکانی دەکردەوە بە ڕۆژەڤ. (ئایتەن) ئەو دۆخەی

پێشتری تێپەڕ کردبوو، ڕاستە کە کاریگەری هەبوو، بەڵام هێور ببووەوە.

پێمگووت: "حەتمەن باوکت ئێستاکە هەر جوێن بە من دەدا"، ئەویش گووتی:"با جوێن بە هەموو کەسێک بدات، خواماڵی بەقوڕ بگرێت، چی بکەین" و هیچی تر. (حاملی) و (ئایتەن) لەو ماڵە تازەیەدا نیشتەجێ بوون. پاشان (مەڕاڵ)یشمان نارد بۆ لایان. من و (عەلی گیوندوز) و (حسێن تازە) و هەڤاڵ (جەمیل) پێکەوە چووینە خانووە تازەکەی گەڕەکی کولتوور. دواتریش هەڤاڵ (جەمیل) لەوێ زۆر نەمایەوە و ڕۆیشت بۆ ئامەد. وا گونجاو بوو کە (مەتینی کەڕ) و (حسێن) لە شوێنێکی تر بمێننەوە، چونکە مانەوەی هەمووماں لەماڵێکدا مەترسیدار بوو، پێشتر بەهۆی ناچارییەوە دەبوو، گرفتی ماڵمان هەبوو، هاوکات ئاستی کار و خەبات جیاواز بوو، زۆر سەرنجی ڕانەدەکێشا. بەڵام ئیتر پێویست بوو زۆر وریا بین.

دووژمن بەشێوەیەکی گشتی شیمانەی ئاستی کار و خەباتی ئێمەی دەکرد، بە ناڕاستەوخۆش بە پێگەی هەندێکمانی زانی بوو، بەڵام هێشتا هەستیان بە جددیەتی کارەکە نەکردبوو. هێشتا لە هەوڵی تێگەیشتن و شیکارکردنی جیاوازی ئێمە و گرووپەکانی تر بوون. (مەتینی کەڕ) لەم بابەتی دابەشبوونەماندا پەرچەکرداری نیشاندا و ڕەخنەی لەوە دەگرت کە تا ئەو کاتە نەنێردراوە بۆ ماڵە نوێیەکان، لەڕاستیدا لە ڕەخنەش نەدەچوو. سەرەڕای ئەوەی زۆر ڕوون و ئاشکراش بوو، وا تێدەگەیشت کە دوورەپەرێز کراوە و بڕیارێکی لەسەر وەرگیراوە. دەستی بە قسەی ڕەق کرد. هەردوو ماڵەکە وەکو پێشتر لەلایەن زۆر کەسەوە بەکار نەدەهێندرا، ئیتر هەڤالانی کۆمیتەش لەجیاتی

ئەوەی هەمیشە لەگەڵ یەک بن، لەکاتی پێویستدا لە یەکێک لەم ماڵانەدا کۆدەبوونەوە. کە بۆ ئەمەش زیاتر ئەو ماڵە شیاو بیندرا کە من و (عەلی گیوندوز) تیایدا بیین. زیاتر بە وریاییەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو ماڵەدا کرد کە (حاملی) تیایدا دەمایەوە، دەبوو بە ماڵێک زۆر پێویستی نەکردایە بەکارمان نەدەهێنا. ئەمەش تا رادەیەک بەهۆی بوارەکانی خەباتەوە ناچاری بیرکردنەوەیەکی بەوجۆرەی دەکردین. کاریگەری لەسەر کات و پاراستن و بە ئاسانی بەڕێوەچوونی کارەکان دەبوو. هەموو هۆکارەکەش ئەوەبوو. بەڵام (مەتینی کەڕ) زۆر بەحیسابی جیا و خۆپەرست و دەسەلاترۆ بوو. وەکو بڵێیت لەو ماڵانەدا دەسەلاترۆییمان بالای بکردایە..! چەند سەیر و سەمەرەیە..!

پێمگووت: "تۆ وەرە بمێنەرەوە، ئێمە لەماڵەکەی تر دەمێنینەوە" و زیاتر تووڕەی کردم و گووتم: "هەموو پێکەوە قسە لەسەر هەموو شتێک دەکەین و هەموو پێکەوە بەرنامە دادەنێین. بۆچی قسە و شیرۆڤە و پێناسەکانی دواتر بەمجۆرەن؟ شتێک چەوت بێت، چەوتییەکەی دەردەخەیتەڕوو، ئەگەر نا بەگوێرەی دڵی خۆت شیرۆڤەی مەکە، هەندێک شت تەنیا لەبەرئەوەی بەپێی خواستی ئێمە نابێت کاردانەوە نیشاندەدەین و چەوتی و هەڵەی دەبینین". (مەتین) چاوەڕێی ئەم هەڵوێستەی نەدەکرد و گووتی: "خۆ هیچمان نەوت، بۆچی بەمشێوەیە دەتەقیتەوە".

لە راستیدا کاردانەوەکانی خۆی نیشان دەدا، ناڕەحەت و ناڕازی بوو، کەواتە قسەکردن و بەباشی روونکردنەوەی

گرفتەکان راستترین دەبوو. تایبەتمەندییەکی هەبوو کە رووداوەکانی بەلای خۆیدا زەقدەکردەوە و وەها شیرۆڤەی دەکرد. لە زۆرێک بابەتی تریشدا هەمان هەڵوێستی نیشان دابوو. دەشبێت بابەتی زۆر ئاسایی و بچووکیش بووبن، بەڵام هەڵوێستی خۆی بەدەستەوە دەدا. ئەگەر شتێکی بەدڵ نەبووایە مسۆگەر ئەو شتەی بە نەرێنی نیشان دەدا، بە خراپی نیشان دەدا و دەمەقاڵێی دروست دەکرد.

## چالاكییەكان وەڵامی كۆمەڵكوژییەكەی گومگوم[170]بوو

كۆمەڵكوژی گومگوم[171] لەهەموو روویەكەوە دەربڕی راستینەی سەپاندنی بەناچاریكردنی هەڵمەتی سیاسی – كرداری بوو. دووژمن، هەڵویستێكی عیبرەتئاسای دووژمنایەتی كردنی كوردی نیشان دابوو. لەبەرامبەر هەڵوێستی "نابێ كورد هۆشیار بێن، رێكخستنی جەوهەرییانەی خۆی دروست بكات و بگات بە هێز و ئیرادەی تێكۆشان"، لە تێكۆشاندا پەرەسەندن، گەڕاندنەوەی بۆ جەماوەر و هەلومەرجی بوون بە میلیتان لەسەر بنەمای توندوتیژی شۆڕشگێڕانە بەدی دەهات. ئەم ئەنجامە دەستەبەر دەكرا. پێویست بوو هەر یەكێك لە بەرەكانی ناو شۆڕش روون بكرێتەوە و بزانرێت لەگەڵ كام بەرە و كام هێز تا كوێ رێدەكرێت و ئەمەش هێرشەكانی دووژمنی مسۆگەر دەكرد.

دەوڵەت بە بەكارهێنانی هەرێمێك كە ناكۆكی مەزهەبی تێیدایە بەرنامەكانی خۆی خستبووە واری كردەییەوە. بە

---

[170] یەكێكە لە پارێزگاكانی باكووری كوردستان كە دەوڵەتی تورك بە قەهرەمان مەرەش ناوزەدی دەكات.

[171] بەپێی داتا فەرمییەكان لە نێوان رۆژانی 19 – 26ی كانوونی یەكەمی 1978 دا زیاتر لە 105 كەسی باوەڕی عەلەوی كۆمەڵكوژكران، 176ی تر بریندارکران، بەسەدان ماڵ و شوێنكاری هاولاتیان وێران كران و دەوڵەتی تورك ئەم كۆمەڵكوژییەی لەبەر چاوی جیهان چەواشە كرد و بە ناكۆكی ئاینی پێناسەی كرد. هاوكات دانیشتنی دادگاكان تا 1991 ی خایاند و لەو ماوەیەشدا سێ كەس لە پارێزەرانی دۆزەكە كوژران. لەم كۆمەڵكوژییەدا بۆمبی دەستی، بۆمبی چێندراو، چەكی بچووك و مامناوەند و تەنانەت چەقۆ بەكار هێندران.

قووڵکردنەوەی ئەم ناکۆکییە لاوازانە لەبنەمادا رووی لە چوارچێوەی پیلانی کۆمەڵکوژییەکی تری کوردان کردبوو. دوابەدوای ئەویش بەدانانی باری نائاسایی، راستەوخۆ یەکەمین هەنگاوی تەکتیکی پیلانەکە وەکو رێوشوێنێکی پێویست جێبەجێ کرا. دووژمن هەستی بە پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان کردبوو، لەم خاڵەدا ئەگەر رێوشوێنی پێویستی نەگرتایەتەبەر؛ دەیزانی چی دەهاتە پێش و رێگەی لەبەر چی دەکردەوە.

تێکۆشانی رزگاری نەتەوەیی- نیشتمانیی کوردستان، بەخێرایی ئەو هەلومەرجانەی فەراهەم دەکرد کە هەم کوردستان و هەم کۆمەڵگەی تورکیا بۆ شۆڕش بگونجێنێت. لەماوەیەکی کورتدا هێزێک جێگای باس بوو کە گەڕاوەتەوە بۆ گەل و بەشێوەیەکی پتەو، بەردەوام و بەبڕیار زەمینەی پێشەنگایەتی سەرکردایەتی بۆ فەراهەم کردووە. بە کۆمەڵکوژی گومگوم ئەوەش سەلمێندرا کە ئەو هێزە؛ هێزێک نەبوو هەروا بە ئاسانی سەرکوت و لەنێو ببردرێت، گەلی کوردستان رێگەی بەرخودانی دۆزیبووەوە، لەم خاکەدا ئاگری ئازادی کڵپەی سەندبوو. ئەمجارەیان "دوومەڵە هەڵکڕێندراوەکە لە شوێنی خۆیدا تەقییەوە، برینەکان سەرلەنوێ خوێنیشیان لێبێتەوە، بەرخودانییەک، تێکۆشانێکی درێژخایەن دەستی پێکردبوو".

گفتوگۆمان دەکرد، دووژمن راستەوخۆ دەستی بە هێرش کردبوو. لەم خاڵەدا هەڵوێستی بەرجەستەمان چی بوو، تاکە رێگەی پاراستنی پێکهاتەی رێکخستنی؛ بەکارهێنانی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە و بەڕێوەبردنی تێکۆشان بوو بە هەنگاوی لەسەرخۆ و هێورانە. ئەمەش شێوازی سەرکردایەتی خودی ئەم رێکخستنە بوو. هەر بەهۆی سەرکەوتوویی ئەو شێوازەی خەباتەوە بوو کە سەرەڕای هەموو بێ دەرفەتییەک چەند

کادیرێک کە ژمارەیان؛ پەنجەی دەستەکانی تێپەڕ نەدەکرد، توانیان هەنگاو بە هەنگاو بچنە ناو کوردستانەوە و خۆیان جێگیر بکەن و لە ئاستێکی وەها بالآدا ئایدیۆلۆژی – سیاسەتیان کرد بە سەروەت و سامانی گەل. کۆمەڵکوژی گومگوم زۆر بە ئاشکرا ئاستی چۆنێتی دووژمنی دەرخستبووە ڕوو. دووژمن هەر لەو کاتەوە بە ئامانجی ڕێگریکردن لە تێکۆشانەکەمان پەنای بردبووە بەر کۆمەڵکوژیی، ئەمەش ڕێگەی لەبەر باشتر و بەهێزتر خۆئامادەکردنی بزووتنەوەکەمان دەکردەوە لەبەرامبەر بە خودی دووژمن.

خارپێت، چەولیک، مەلەتی و سێواز لە سەرەدا بوون، ئەگەر دووژمن لە گومگوم سەربکەوتایە، ئەوا لەو هەرێمانەی تریش تاقی دەکردەوە. بەلآم سەرنەکەوت. زۆربەی ئەو کادیرە فاشیستانە کوژران کە بەکاریهێنان. لە ریزەکانی گەلیشدا کاردانەوەیەکی بەهێز هاتە ئاراوە. ژمارەیەکی زۆر لەو کادیرە فاشیستانە کوژران و بریندار ببوون کە لە خارپێتەوە بۆ گومگوم برابوون. کارگەی (Fero Krom) و گەلێک شوێنی تری خارپێت وەکو ناوەندی تیمارکردن بەکاردەهێندران. چالاکییە یەک بە دوا یەکەکان لە خارپێت وەلآمی باش بوون بۆ کۆمەڵکوژییەکەی گومگوم. لەناو چەند ڕۆژێکدا (11) فاشیست بە سزای مەرگ گەیەندران. ئەمەش لە خارپێت پێگەیەکی شۆڕشگێڕی بەهێزی دروست کرد. وەلآم بەم شێوەیە دەبوو. درابوو بەسەر ئەو شوێنانەی فاشیستە بریندارەکانی تێدا بوون و تیمار دەکران. بەیاننامەی بەردەوامی چالاکییەکان و تۆڵەی کۆمەڵکوژیی گومگوم بە واژۆی شۆڕشگێڕانی کوردستان بلآو دەکرایەوە و خاوەنداری لە چالاکییەکان دەکرا. کەچی لەولاوە گرووپە چەپرەوە تورکەکانیش بەمە دڵگران دەبوون.

نەک ئەوەی لەبەرامبەر هێرشەکانی دووژمن و دانانی باری نائاسایی، هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە وەربگرن، نەخێر، بەڵکو وەلامدانەوە و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان بە مەترسی دادەنا و بە ئەنجامدانی دژە پڕووپاگەندەکانیان؛ وەلامەکانی ئێمە و چالاکییەکانمانیان بە هۆکاری سەپاندنی باری نائاسایی و هێرشەکانی دووژمن نیشان دەدا. چونکە راستییەکەی لەوەدابوو کە خۆیان کۆمەڵەکانیان لەدەست دەردەچوو. کاردانەوەکانیان لەبەر ئەوە بوو ئیتر نەیاندەتوانی بە گووتنەوەی دروشم و زماندرێژی خۆپیشاندانی چەواشەکردنی جەماوەر ئەنجام بدەن. هەڵبەتە شۆڕشگێڕێتییەکی ئاسوودە و بێ ئامانج بەمجۆرە بێ ئامادەگی و لە قافا گیرا.

زۆربەیان هەر بە بیستنی ناوی باری نائاسایی رایانکرد و خۆیان لە شوێنانی تر بینییەوە. کەم نەبوون ئەوانەی بۆ گوندەکانی خۆیان و بەرەی دیکە پاشەکشەیان کرد. لەجیاتی ئەوەی بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە چالاکییەکان بکەن، ئەرێیان بکەن، هێز و مۆراڵیان لێ وەربگرن، بەهانەگەلێکیان دەهێنایەوە کە کردار و پەلامارەکانی دەوڵەتیان بە رەوا دادەنا، چەواشەکردنی راستییەکان بە شێوەیەک کە هەوڵەکانی دەوڵەتیان بە هەوڵی ناچاری نیشاندەدا.. هتد ئەمانە تەنیا رووی راستەقینەی خۆیانی دەردەخستەڕوو. شانبەشانی ئەو رووداوانە ئیتر گەل دەیزانی کێ لەپێناویدا تێدەکۆشێت، کێ خاوەنی راستەقینەی شۆڕشە و کێ خاوەنداری لە گەل دەکرد.

لە کۆنگرەی (MHP)دا لە خارپێت، هەندێک لە گەنجانی کورد هەڵدەستن و دەڵێن: "ئێمە نەتەوەپەرستی تورک نین، نەتەوەپەرستی کوردین". تێکۆشانمان بەگشتی، بەتایبەتیش کۆمەڵکوژییەکەی گومگوم و چالاکییەکانی دژی کۆمەڵکوژییەکە

لە خارپێت، کاریگەری لەسەر کردبوون. ئەم گەنجانە کە خەڵکی دەوربەری ناوچەی (پاڵی – پالو)ی شاری خارپێت بوون، پەیوەندیان لەگەڵ بەسترا. هەر ئەمانە بەیاننامەی تایبەت بە خۆشیان بڵاو کردەوە. گرووپێکی جیابۆوەش هەبوو و سەرکردەی ئەم گرووپەش کەسێک بوو بە ناوی (رەشۆ) و بڕی (200) هەزار لیرەی تورکی لەسەر دانرابوو بۆ کوشتنی یاخود بەدەستەوەدانی. (رەشۆ) بە دەمانچەکەیەوە جیاببووەوە. لە یەکەم دیدارماندا زۆر حەپەسا بووم. فاشیستێک ئێستاکە ببوو بە هەڤاڵ. دووژمن بەناوی (MHP)ەوە گەنجانی کوردی ژەهرخوارد دەکرد. تێکۆشان شانبەشانی گەشەسەندنیشی، تەنانەت کاریگەری لەسەر پێکهاتە و ژێرخانی ئەو لایەنانەش دەکرد. پێشکەوتنەکان لە خارپێت، کاریگەری لە هەرێمەکانی وەکو ئەرزڕۆم و چەولیکیش کردبوو. زیاتر لە (70) گرووپ لە رێکخستنەکانی خۆیان دابڕان و بەشداری ریزەکانی ئێمەیان کرد، ئەمەش رووداوێکی زۆر شاز و ناوازە بوو! (حسێن) لەسەر ئەو گرووپانە کاری دەکرد، خۆیشی کە خەڵکی پاڵی بوو، کاریگەرییەکی زیاتری هەبوو.

رۆژ بە رۆژ بەشداریکردن و هاتنە ناو ریزەکانمانەوە لە زیادبووندا بوو. دەوروبەرێکی بەرفراوان هەبوو کە کەوتبوونە بەر کاریگەرییەکانی تێکۆشانەوە. چالاککەرییەکان کاریگەری لەسەر هەموو چین و توێژێک دەکرد. کەم نەبوون ئەوانەی لە چایخانە و قاوەخانەکاندا دەیانگووت: "وەڵا هەربژی لە ناوەڕاستی بازاڕدا کوشتوویانە". تا دەچوو ناوەڕۆکی قسە و باس و گفتوگۆ و هەواڵەکان دەگۆڕا. هەموو شتێک بە وردی و بە سەرنجەوە چاودێری دەکرا.

دوابەدوای کۆنگرەی دامەزراندن[172]، کۆمیتە فەرمییەتی خۆی بەدەستهێنا و ئەرکی پێکهێنانی ئۆرگانەکانی خوارووی لە بەردەمدا بوو. قسەمان لەسەر جێگۆڕکێ و جێگیرکردنی هەڤاڵان دەکرد. لە خارپێت ژمارەیەکی زۆر هەڤاڵ هەبوون، پێویستبوو بەگوێرەی بەهرە و زیرەکییەکانیان بەجێ بکرێن. زۆرێکیان لە گەڕەک، خوێندنگە و کۆلانەکانی خۆیاندا ئەرکدار کرابوون و کاریان کردبوو. گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ناکرێت جگە لە ناردنی نوێنەرایەتی بۆ هەرێمەکانی دەرەوەی خارپێت. بەلام نەخشەیەکمان دانا کە لە کۆمیتەی هەرێمەکانەوە تا بچووکترین خانە دەگرێتەوە و بەدرێژایی چەندین رۆژ قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە بۆ ئەم نەخشەیە چەند هەڤاڵ پێویستن و کێ لە کوێ جێگیر بکەین.

(عەلی گیوندوز) سکرتێر بوو، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی گشتی لەسەر بوو. (حاملی) بەرپرسیاری کۆمیتەی سەربازی و (مەتینی کەڕ) کۆمیتەی گەنجان، (حسێن تۆپگیودەر) کۆمیتەی کرێکار، گوندی و دوکانداران و منیش لە کۆمیتەی ژنان و لە هەمانکاتدا ئەرکی راگەیاندن و چاپەمەنی، پڕووپاگەندە و جۆشدان "ئاژیتاسیۆن"م لەئەستۆ گرتبوو. پاش ماوەیەک (حەسەن شەریک) هات. پێویست بوو لە خارپێت بەیاننامە و نامیلکە چاپ و بلاو بکرێتەوە. شتێکی ئەوتۆمان بۆ دەستنیشان نەکرابوو کە لەگەڵ (حەسەن) چۆن دەست بەکار بکەین، تەنیا ئەوەندە نەبێت گووتوویانە: "پێکەوە کار بکەن" ئەو دەکەوتە شوێنی (ئایتەکین).

پێکەوە بە گشتینامەیەکی ناوخۆ بە واژۆی کۆمیتەی ناوەندیی (PKK)دەستمان پێکرد. هەردووکیشمان زۆر لە

---

[172] مەبەست لە کۆنگرەی دامەزراندنی (PKK) یە .

تابیعەمان نەدەزانی. بە دوو پەنجە دەمانووسی. ئەو بە منی دەگووت "تۆ بنووسە"، منیش هەمان شتم پێدەگووتەوە. دواتر ئەو سەرکەوت. ئەو دەیخوێندەوە و دەیگووت و منیش لەسەر کاغەزی مۆمی دەمنووسی و دواتر دەمانبرد بۆ زیاد کردن. بەگشتی لە گوندی میشەلی ئەم کاری زیادکردنەمان ئەنجامدەدا. پێشتر پێکەوە لەگەڵ (کوردۆ) لەوێ ئەم کارەمان کردبوو. (کوردۆ) لەو جۆرە کارانەدا شارەزا بوو.

لەکاتی خوێندنەوەدا گوزارشتی؛ کۆمیتەی ناوەندیی (PKK) سەرنجی (حەسەن)ی راکێشا و بوو بە مەراق بۆی و هەوڵیدەدا بزانێت واتای چییە. لەلای خۆیەوە واتاکەی پێ پەیدا نەبوو ئەوجار نەیویست پرسیاریش بکات. راستترەکەی، غروری ناهێڵێت ئەم پرسیارە بکات. دوای چەندین ساڵ دانی پێدا نا. لە کۆنگرەی پێنجەمدا، لەکاتێکی پڕ جۆش و خرۆشمدا تەنیا بۆ پێکەنین یاخود بەلای خۆیەشەوە بەو مەبەستەی مۆڕاڵم پێ بدات ئەم رووداوەی گێڕایەوە. هەڵبەتە توانی بمخاتە پێکەنین. دەیگووت: "غروری فیۆداڵیم رێگەی پێنەدەدام لێت بپرسم". بەڵام لەوە تێگەیشتبوو کە ئەو دەستەواژەیە لە ئاستی پێکهاتەی رێکخستنیدا گوزارشتی لە گۆڕانێک دەکرد.

(حەسەن) زۆر نەمایەوە، بۆ ماوەیەکی کاتی رۆیشت بۆ دیلۆک یاخود لەوێ بەردەوامی بە کارەکانی دەدا. دووبارە (مەتینی کەڕ) لە پێکهێنانی کۆمیتەکانی خواروودا بەگوێرەی خۆی شیرۆڤەی دەکرد. کەسی بەدڵ نەبوو، هەر کێیەک بۆ کۆمیتەکانی خواروو پێشنیاز بکرایە حەتمەن کەموکوڕیەکی لێ دەدۆزێتەوە و دەیگووت شیاو نییە. لەم بابەتەشدا دەمەقرێیەک لەنێوانمان دروست بوو. ناچار هەندێک لە هەڤاڵانمان گۆڕی. بەڵام بەو ئەنجامەش گەیشتین کە نابێت دەرفەتی پێبدرێت هەر

جارە و ئەو قسەی خۆی بباتە سەر و ئەمەش بکات بە شێوازێک و بیسەپێنێت بەسەرماندا.

(عەلی) وەڵامێکی توندی دایەوە، بەڵام بەس نەبوو. ئەو ئەمجۆرە وەڵامانەی وەکو کاردانەوەیەکی کەسێتی لەبەرامبەر بە خۆی دەبینی. یاخود بەو شێوەیە نیشانی دەدا و پووچەڵی دەکردەوە. ئەگەرچی لەناخی خۆیشیدا پەسندی نەکرد، لەناو رەسمییەتدا بووین و بە جددییەتی کارەکەی دەزانی، تا رادەیەک پاشەکشەی کرد. بەڵام تاکڕەوییەکی سەیری هەبوو. لەناو ئەم هەموو کارە ئاڵۆز و زۆرەدا؛ ئەمجارەیان شتێکی زۆر جیاوازی هێنایەوە و گووتی: "با بڕۆم سەرێک لە دێرسیم بدەم، باوکم و ئەوان ببینم و بێمەوە، خۆ هیچ نابێت، شتێکی ئاساییە. شۆڕشگێڕیش بۆی هەیە حەسرەت و تامەزرۆیی هەبێت، بیری کەسوکاری خۆیشی بکات." و دەستی بەهێنانەوەی بیانوو دەکرد.

سەرەتا وامدەزانی گاڵتە دەکات. پاشان بینیم کە بە هێنانەوەی بیانووی زیاتر، پێداگری لەسەر رەوایەتی داواخوازەکەی دەکات، بە جددی وەرمگرت و پێمگووت: "لە قۆناخێکی وەهادا بە رۆژەڤکردنی ئەم شتە تووشی سەرسوڕمانی کردم. ئەمەش لەکاتێکدایە کە بۆ شۆڕشگێڕێک کام قۆناخ دەبێت بابێت جیاوازی نەبوو. کەسێکی ئاسایی بڵێت: بیری دایک و باوکم کردووە، لۆژیکی خۆی هەیە. بەڵام ئەم حەزەی تۆ کە دواجار بە ئاستی سەردان دەگەیەنیت هیچ لۆژیک و روونکردنەوەیەکی نییە. بەڕاستیش بڕوا ناکەم. کابرایەکی گەورە و گران بڵێت: بیری باوکمم کردووە با بڕۆم ببینم.. بەتایبەتیش ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی ئەم شتانە بدرکێنێت، زۆر سەیر و سەمەرەتر دەبێت! دەکرێ بیریان

بکرێت، کەس دژایەتی ناکات. دەکرێت شایستەی خۆشەویستییەکی زۆر گەورەش بن، داوای بینینیشیان بکرێت، بەڵام گووتەی: با بڕۆم ببینم، شتێکی زۆر سەیرە! شۆڕشگێڕێک پێویستە لە کەسایەتی خۆیدا بەشێوەیەکی راست حەسرەت و خۆشەویستی و پابەندبوون شیکار بکات".

قسەکانم وای لێکرد کاردانەوە نیشان بدات و گووتی: "ئێوەش تاوناتاوێک هاتوچۆی دێرسیم دەکەن و کەس هیچ ناڵێت. کەچی کاتێک من دەیڵێم ئەو هەمووەی لەسەر دەڵێن..".

پێمگووت:" سەیرن! هەموو هەڤاڵان دەزانن کە ئێمە بۆچی چووین. من لەبەر ئەوەی بیری دایک و باوکمم کردبوو نەچووم. لەبەر ئەوەی کارم هەبوو، لەبەر ئەوەی پێویستی کرد چووم. چەندە دەزانی هەموو شتێک بەلای خۆتدا بابدەیتەوە. چەند رۆژێکە سووریت لەسەر رۆیشتن و دەیسەپێنیت، ئێمەش دەڵێین: شیاو نییە.. سەرەڕای ئەمەش ئەگەر دەتەوێت، چیت پێ خۆشە، فەرموو بیکە!" لەماڵ دەرکەوت و ڕۆیشت. لەناو خۆماندا هەوڵماندەدا لەم دۆخەی تێبگەین.

(عەلی) دەیگووت: "باوکی چی! لە گوندەکەی خۆیان نازانم خۆشەویستی هەیە یان دەستگیراندارە، بۆ بینینی ئەو دەچێت!"

ئەمەیان زیاتر واقی وڕماندم و گووتم: "ئەرێ خێرە.. چی بووە، ئەوانەی خۆمان هەموویان کەوتوونەتە بەر کاریگەری یەکترەوە. باشە، ئەگەر رەوشێکی وەهای هەیە، بۆچی دەیشاردەوە؟ خۆی دەزانێت دەیەوێت باوکی یاخود دەستگیراندارەکەی خۆی ببینێت، هەردووکیشیان هەر یەکن! نەخێر ناچێت! ئەگەر ئەمەش بکات بە کێشە پێویستە هەڵوێستی زۆر جددی لەبەرامبەر وەربگیردرێت".

گفتوگۆی نێوانمان زۆر سەیر بوو. هەردووکیشمان بەشێوازێکی دنەدانانە قسەمان دەکرد. ئەمەش گرژی دروست دەکرد و گفتوگۆکەی مایەپووچ دەکرد. زیاتر کاردانەوەی دوولایەنەی دەهێنا. بەلام ئەوەی (مەتین) درێژخایەنتر بوو. لەو کاتەدا کاریگەرییەکی زۆری لێکردم، دواتر پەیوەندییەکەمان ئاسایی بووەوە. بەلام لەو تایبەتمەندییە رەق و بێ واتایانەی خۆش نەبووم و لەناخەوە پێی تووڕە دەبووم.

## متمانەم بە ژنەکە هەیە

بەشێکی زۆری ئەو هەڤاڵانەی لە کۆمیتەکانی خوارووەدا ئەرکدار کران، لە ئەرکەکانیان ئاگادار کرانەوە، قسەیان لەگەڵدا کرا و سەرنج بۆ سەر ئەو خاڵانە راکێشرا کە پێویستە لەناو کار و خەباتدا هۆشیار بن. (رەزا) و هەندێک کەسی تر نارەحەتییەکیان هەبوو کە پێشتریش دەزانرا. سەرباری قسە و گفتوگۆکردنیش لەسەر هەندێک لە لایەنەکانی، بەڵام پرسەکە چارەسەر نەبوو. تەنانەت لە ژێرەوە تا چووە قووڵتر بۆتەوە، ئەگەر زەمینەی دەستبکەوتایە بە چەپ و راستیشدا بڵاو دەبووەوە. لەگەڵ (حاملی) پێکەوە رۆیشتین و جارێکی تر هەوڵمان لەگەڵ دایەوە. بانگمان کرد بۆ ماڵی مامی و لەوێ قسەمان لەگەڵ کرد.

بە ئاشکرا پێمانگووت: "ئەگەر شتێک هەیە و ئەقڵت بۆی نەڕوات و روون نەبووبێتەوە با قسە بکەین. بۆچی بە رێکخستنی راناگەیەنیت؟ (... بالّتە) و ئەوی تر کە لە دیلۆک کوژران خائینن، بەرگریکردن لەوان یاخود لەم سزادانەیاندا بە ناهەق لە قەڵەمدانی رێکخستن، مایەپووچکردنی رێکخستنە. رەتکردنەوەی بڕیارێکە..".

(رەزا) جارێکی تر کەوتەوە دۆخی پاراستنەوە و گووتی: "دۆخی ئەوان وا نەبوو کە باس دەکرێت" و پاشان تووڕەیی سەرەکی خۆی هەڵڕشت: "ئێوە هاتن و لەسەر رەنجی ئێمە نیشتنەوە. تەماشا بکەن هەموو ئەوانەی لەسەر سەرمان دانراون ئەوانەن لە دەرەوە هاتوون. من گوێ لە کۆمیتە و مۆمیتە ناگرم. ئەوەی چالاکی دەکات، زەحمەتییەکەی دەچێژێت ئێمەین و ئەوەی دێتە سەر حازریش خەڵکی ترە، لەمەو دوا

کەس خۆی گومڕا ناکات!" و گەلێک شتی تری هەڵڕشت. دەمویست بێدەنگی بکەم. (حاملی) تووڕە ببوو، لەبەرامبەر بەو قسانەیدا دانی بەخۆیدا نەگرت. لە تووڕەییدا روومەتی دەلەرزی، ددانەکانی جیڕەیان دەهات، ئەوەندەی نەمابوو بیداتە بەر مشتەکۆڵە. ئامۆژنی (رەزا) هەستی بە دۆخە کرد و کەوتە نێوانەوە: "بەقوربانت بم کارا[173]، بەسە، کاتێکی تر قسە بکەن!" و بەجۆرێکی تر خۆی بەسەر (رەزا)دا تووڕە کرد و هۆشیاری پێدا: "تۆ ئەڵێیت چی. هەمووتان هەڤاڵی یەکن، رێکخستنێکن. خۆ ئێرە خەڵکی نامۆ و بیانی لێ نییە. تۆ بوویتەوە بە منداڵ".

(رەزا) مەحاڵ بوو بە قسە بهێنرایەتە سەر خەت. چی بەدەمیدا بهاتایە دەیگووت. ئیتر خۆم پێ رانەگیرا و گووتم: "بە ئاگا بە، بزانە چی دەڵێیت!".

(رەزا)ش گووتی: "هەڕەشەم لێ دەکەیت؟ دیارە فێری دەمکوتکردن بوون".

هەمدیسان قسەکەی بردەوە بۆ سەر ئەوەی لە دیلۆک کوژرا. لەم نێوەدا مەبەستی لە (جەلال ئایدین)یش بوو. بەڵام بێ ئەوەی راستەوخۆ ئاماژەی پێ بدات.. لە راستیدا دیاربوو پشتیوانی لە چی دەکرد. منیش لە وەڵامدا پێمگووت: "کۆتایی تۆش وەکو کۆتایی ئەوان دەبێت!".

دیارە گووتەیەکی زۆر شیاو نەبوو، بەڵام بەڕاستی زۆری بۆ هێنابووم. هەروەک بە زمانی خۆی بڵێت ئەم گووتەیەم بۆ بەکار بهێنە. دەشمزانی کە لەپاشەملە بەکاریدەهێنێت. لەم واتایەدا باش و بەجێ نەبوو. هەڵوێستێکی سیاسی نەبوو. چونکە کێشەکە دەمکوتکردن و نەکردنی (رەزا) نەبوو. نەخێر، من پشتگیری ناکەم، بەڵام جارێک گووتەکەم بەکار هێنابوو. دەستبەجێ

---

173 بە کوردی؛ رەشە، وەک نازناوێک بۆ هەڤاڵ حاملی بەکارهێنراوە.

تێگەیشتم کە قسەیەکی باشم نەکردووە. بەنەفرەت بێ، بۆچی کەوتمە داوی دنەدانەکەیەوە؟

لە راستیدا ئەوەی قسەی دەکرد (رەزا) نەبوو. مسۆگەر کەسانێک کاریگەریان لەسەر کردبوو، پڕیان کردبوو. ئەگەر نا بەمجۆرە بێ شەرمی نەدەکرد. ئەم بوێرییەی لەکوێ هێنابوو؟ وەکو تاکە کەس کاردانەوەی لەبەرامبەر بە ئێمە زۆر گرنگ نەبوو، ئەوەی دەیکرد دژایەتی کردنی پارتی و رێکخستن بوو. لە کەسایەتی ئێمەدا رێکخستنیان رەتدەکردەوە. ئەو جۆرە کردارانە درێژبوونەوە و بەردەوامییان دەبێتە مایەی خەریککردن و کات کوشتن و هەروەها کاریگەری لەسەر کار و خەبات دەکرد. دواجار هەموو زۆر گرژ و تەنگەزار بووین و بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو چەوتییەکی ئەوتۆوە، لەماڵ دەرکەوتین. (حاملی) بە زۆر خۆی گرت. لەدڵی خۆمدا گووتم: "باش بوو بێ قەزا و بەڵا لەو ماڵە دەرکەوتین". بەڵام خودی کێشەکە زۆر خراپ بوو و ئەم رەوشە بێزارکەرەمان بە هەڤاڵانی تریش راگەیاند. هەڤاڵان گرفتەکەیان بە گرفتێکی جددی لە قەڵەم دا. چۆن بە هەڤاڵانی سەرەوەمان رابگەیاندایە؟ گەر سبەی رۆژ رەوشی تر بهاتایەتە ئاراوە، دەخراینە ژێر لێپرسینەوە کە بۆچی پێشتر ئاگادارمان نەکردوونەتەوە. ئاگادارکردنەوە راستترین کاربوو، بەڵام پێویست بوو قاسیدێک دەستنیشان بکەین. ئەمەش دوابڕیارمان بوو.

تازە بە تازە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی دەستمان بە نامەگۆڕینەوە کردبوو. سیستەمی راپۆرتی نووسراویش بە هەمانشێوە تازەگی پەرەی دەسەند بەناوی کۆمیتەی هەرێمەوە. کورتە نامەیەکمان بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسی. ناوەڕۆکەکەی بە ئامانجی زانیارییە. بەو گریمانەی دۆخی نەخوازراو و

نەگەیشتنی نامەکە بە شوێنی مەبەست، وردەکارییەکی زۆرمان نەنووسی، نامەکەمان نارد. دواتر هەڤاڵ (جەمیل) هات بە وردی قسەمان لەسەر وردەکارییەکانیشی کرد. هەڤاڵ (جەمیل) لەسەرەتای قسەکانیدا هەندێک لە بابەتەکەی بۆ تووڕەیی، رووکەشیانەیی و ناشارەزایی (رەزا) گەڕاندەوە. دوای زیاتر روونبوونەوەی بابەتەکە هەڤاڵ (جەمیل)یش بە گرنگی زانی. بەڵام جێگۆڕکێیەکی لەناکاوی بۆ (رەزا) بەباش نەزانی و گووتی: "دواتریش دەشێ بکرێت". بانگی (رەزا)شی کرد و قسەی لەگەڵ کرد. (رەزا) لەبەرامبەر بە هەڤاڵ (جەمیل) جیاوازتر هەڵدەسوڕا. دۆخەکەی وای لێکردبوو هەندێک مەودا لە پەیوەندییەکانیدا دروست بکات، نەیدەتوانی بە ئاسانی لەسەر هەموو شتێک بدوێت. بەپێچەوانەوە هەڵوێستێکی نەرمتری وەبەردەگرت. هەڵسوکەوتی داماوانەی دەنواند. بەڵام لەجەوهەردا لەدڵەوە نەبوو، هەڵوێستی خۆی دەشاردەوە. هەڤاڵ (جەمیل) تێدەگەیشت. لەجیاتی ئەوەی قسە لەسەر هەموو شتێک بکات، شێوازی رێگریکردن لە هەڵەشەیی و تا رادەیەک راییکردنی (رەزا)ی گرتەبەر و پێیگووت: "ئەگەر حەزدەکەیت دەتوانین هەرێمەکەت بگۆڕین. هەرێمێکی تر باشتر دەبێت. بەڵام دەستبەجێ نا، لە ئایندەدا".

لەم بوارەدا هەڵوێستی ئەوی تاقی دەکردەوە: "بۆ کادیر، هەرێمی خۆی یاخود هەرێمێکی تر جیاوازی نییە، هەروەها راست نییە جیاوازی بکرێت لەنێوان خۆجێی و بیانیدا. قسەکردن لەسەر ئەم خاڵەش مەترسیدارە. رێگە نادەین بەمجۆرە قسە و گفتوگۆیانە. کادیرەکانمان شەکەت دەکەن، ئاشکرایان دەکەن. شتێکە کەڵکی بۆ دووژمن هەیە".

ئەم گفتوگۆیە بۆ ماوەیەکیش بێت (رەزا)ی ناچاری (ئاگربەست) کرد. بە یەکجاری رازییش نەبووبێت، بەلانی کەم لە قۆناخێکی گرنگی کار و خەباتی بەمشێوەیەدا نەبوو بە کۆسپ. پێگەی بڵاوکردنەوەی چەمکی خۆی پەیدا نەدەکرد. گفتوگۆیەکی بەمشێوەیە لەگەڵ ئەودا کاریگەری لەسەر خانەوادەکەشی کرد. ئاشکرایە (رەزا) ئاراستەی بە خانەوادەکەشی دەدا. جگە لەوان نەیدەتوانی کار لەسەر کەسی تر بکات. ئەو هێزەی نەبوو. گرووپەکانی تر بە وردی چاودێری ئەم جۆرە کەسانەی نێو ریزەکانی ئێمەیان دەکرد. بەشێوەیەکی بەردەوام پارچەبوون و بڵاوبوونەوەی گرووپەکانی خۆیان وای لێکردبوون لەبەرامبەر بە ئێمەش بکەونە ناو چاوەڕوانییەکی بەوجۆرەوە. بەم هۆکارەش چوارچاوانە چاویان لە ڕێی ئەو کەسانە بوو کە نەدەبوون بە شۆڕشگێڕ و نەیاندەتوانی گرفتەکان لە کەسایەتی خۆیاندا چارەسەر بکەن. هەروەکو سەرکەوتنێکی گرنگیان بەدەستهێنا بێت کەیفیان پێدەهات. لە ئامێزگرتنی لادەرانی ڕێگەی شۆڕشگێڕی، لاواز و هەڵگەڕاوەکانیان بە مەعریفەت دەزانی. هەی هۆ.. چەند سەیربوون!

(رەزا) لە رەواڵەتدا: بەبێ دەنگی چاوەڕێی دەکرد و بەدوای هەلێکدا دەگەڕا. گفتوگۆکان هاوسەنگییەکی دیاریان دروست کردبوو. بەڵام ئەو بەهەر بارێکدا بێت بەدوای کەموکورتی یەکمانەوە بوو. چاوەڕێی شکستی ئێمە بوو. دەستی پاڕانەوە و نزای بە ئاسمانەوە بوو تەنیا بۆ ئەوەی کارەکان بەباشی بەڕێوە نەچن و تەگەرەیەکیان تێبکەوێت! لەبەر ئەوەی لەناو هەڤاڵاندا خۆی شەقی لە کەسایەتی و ناوبانگی خۆی دابوو، هیوای بە گرووپ و لایەنەکانی تر دەهێنا. بە راستیش بیرکردنەوەیەکی قێزەونە. وەکو سیسارکە

مردووخۆرەکانە کە خۆیشی دەبێتە خۆراکی مردووخۆرەکانی تر. چ بەدبەختی و داماوییەکە!

لە دێرسیم شەڕ و پێکدادانی (HK)ییەکان لە ڕۆژەڤدا بوو. لە قەرس هەڤاڵ (ماهیر جان)یان شەهید کردبوو. لە دیلۆک پەلامارێکی هاوبەشی (HK) و (HB)ییەکان بۆسەر ئێمە لە ئارادا بوو. لە دێرسیم دوای (ئایدن گوڵ) ئەمجارەیان دەستڕێژیان لە (مەتین تورگوت) (مەبەست لە ئەندامێکی تری نێو ریزەکانی (PKK) یە -و) کردبوو. ئەم هەواڵە لە خارپێت وەکو بۆمبێک تەقییەوە.

(حاملی) و چەند هەڤاڵێک چەکەکانیان لە خارپێت هێنا و چوونە ئەو هەرێمە. بەتایبەتیش (HK) ییەکان ئیتر پێگەیان ئاشکرابوو، هەندێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتییان ئەندامی (MIT – دەزگای هەواڵگری تورک)بوون و بە ئاشکرا لەم ڕووداوانەدا ئاراستەیان پێدەدرا. بەڕێوەبەری پەیمانگەی مامۆستایانی دێرسیم (حەسەن ئایدین) پێشەنگایەتیی دەکردن. سەرنج خرابووە سەر (ئۆزدەن مزراک) و کادیرانی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی و سەرکردایەتییان. ئەگەرنا لە شوێنێکی وەکو دێرسیم بەم ئەندازەیە ئامانجکردنی شۆڕشگێڕانی کوردستانی و شەهیدکردنی کادیرانی کارێکی ئەستەم بوو.

دژواریی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی بەرجەستە و دەستلێبەرنەدراو بوو. بەڵام لە مژاری پرسی کوردستاندا پێشکەوتنی هەڵوێست و ئەرکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە زەحمەت بوو، کاریگەرییە توندەکانی کەمالیزم؛ لە پرسی کوردستاندا سیاسەتی گرووپەکانی تری دەستنیشان دەکرد. سۆسیال شۆڤێنیزم بە شێوەی جیاجیا ڕەنگی بە مەیدانی هەر یەکێک لە گرووپەکان دابووەوە. بەڵام لە جەوهەریاندا جیاوازی نەبوو.

تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی لەبەرامبەر بە هەر یەکێک لە گرووپەکانیش بەڕێوە دەبرا. بەڵام (HK) هەر لەسەرەتاوە رۆڵێکی گرنگی بینی لە بەلاڕێدابردنی ئەمەدا. لەم مژارەدا مسۆگەر پێویست بە وەڵامدانەوە و ئاشکراکردنی رووخساری راستەقینەیان هەبوو.

هەموومان لەم خاڵەدا تا دواڕادە سۆزدارییانە هەڵدەسووڕاین، دانمان بەخۆماندا نەدەگرت و دەستبەجێ دەمانگووت: "پێویستە لە خارپێت بەسەریاندا بدەین، بێ وەڵام نەبین". یەکەمین کاردانەوەمان وەهابوو. بەبڕیارترین و بەهادارترین هاوڕێیانیان یەک بەیەک قەتڵ دەکردین. ئەمە تەنیا دەکرا بە دژواری و بەرپەرچدانەوەی شۆڕشگێڕیانە رابوەستێندرێت. هەڵبەتە لەنێو خەڵکیشدا هەندێک پڕووپاگەندەی نەرێنی بڵاودەکرانەوە و دەیانگووت: "شۆڕشگێڕان کەوتوونەتە وێزەی یەکتر و لە یەکتر دەدەن". هەمدیسان وەکو شەڕی ناوخۆی چەپەکان نیشان دەدرا. ئەمەش لەلایەک چەپەکانی تورک و لەلایەکی تریشەوە دووژمن بڵاوی دەکردەوە و هەڵیدەکڕاند.

پێویست بوو لەسەرمان بەشێوەیەکی باش خەڵک لە راستییەکان بگەیەنین و دەبێت بزانن کە راستییەکان بەو جۆرە نیین، ئەمەش ئەرکی سەرشانمان بوو. پێویست بوو بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، سازدانی کۆبوونەوە، سیمینار خەڵک تێبگەیەندرێت کە (HK) و هاوشێوەکانیان چۆن بە ناوی شۆڕشگێڕییەوە دەستیان چۆتە خوێنی شۆڕشگێڕانەوە، لەمەدا کام رێ و رێبازانەیان بەکارهێناوە، پشتیان داوەتە چی؟ هەڵبەتە لەم نێوەدا پێویست بوو بەهیچ شێوەیەک رێگە نەدرێت کەس بکەوێتە داوی هیچ گێرەشێوێنییەکەوە. گووتار و

ڕوونکردنەوەکانمان سەبارەت بەوەی کادیرانی بەڕێوەبەرایەتی ئەو گرووپانە خراونەتە پێگەی دەستوپێوەند و گێرەشێوێنەوە و پێویستە جەماوەر و کادیرانی ئاستی خوارەوە، نەکەونە ناو ئەم گەمەیەوە و بێ هەڵوێست نەبن، ڕێگەی بۆ تێگەیشتنێکی ئەرێنییانەی کێشەکە دەکردەوە.

(HK) ئەمانەشی لەبەرامبەر بە ئێمە بەکار دەهێنا. دەستەواژەکانی (گێرەشێوێنی سیخوڕی) کە ئێمە بۆ ئەوانمان بەکار هێنابوون، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە بە لەکەدارکردنی شۆڕشگێڕان ناوزەدیان دەکرد و پڕووپاگەندەیان لەسەر دەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا هەڤاڵان زوو زوو هۆشیارییان دەدا، لە گفتوگۆکانی نێوان خۆشماندا لەو بڕوایە دابووین کە پێویستی بە هۆشمەندییەکی دیار و بەرچاو هەیە، بیر لەو پێویستیانە بکرێتەوە کە بۆ چارەسەری بنەڕەتیانە و یەکجارەکی کێشەکەن و پێمان باشتر بوو بەو جۆرە هەنگاو هەڵبگرین. نەدەبوو لە هەموو شوێنێک، لە هەموو کۆڵان و شەقامێکدا شەڕ لەگەڵ (HK)ییەکان بکرێت. ئەوەمان دەخستەڕوو کە تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بەشێوەیەکی پسپۆڕانە دەبێتە سنووردارکردن و بەرتەسککردنەوەی بەرەی بەرامبەرمان کە سەرئەنجامی ئاراستەپێدانەکانی دووژمن بوو.

لەبەرامبەریش دا (HK) جەماوەری خۆی بەکاردەهێنا. خەڵکانێکی زۆر ئاگاداری گرفتەکە نەبوون، لەدژی ئێمە هاندەدران. بەم هۆکارە گرنگ بوو ناکۆکییەکان بەشێوەیەکی باش و ڕاست و لەجێگەی خۆیدا شیکار بکرێت، ئەنجامێک بەدەستبخرێت کە لە بەرژەوەندی تێکۆشانەکەماندا بێت. لەبەرامبەر بە هێرشێکی بەمجۆرەی دژبەر، مسۆگەر پێویست بە وەڵامدانەوەیەک بوو لەسەر بنەمای هەڵوێستی فرە لایەن بێت.

لەلایەکی ترەوە هەر لەو رۆژانەدا (مەڕاڵ) نێردرا بۆ دێرسیم. زۆر بەخواست نەبوو، دەیگووت: "لەراستیدا نەمدەویست لەم دۆخی کار و خەباتە زۆرەدا لێتان دوور بکەومەوە بەڵام ئەرکە". لەم قۆناخەدا دێرسیمیش گرنگ بوو. بەهۆکاری ئەو کێشە و گرفتانەوە ریزی ژنان لە ئاستێکی بەرچاودا پێگە چالاکەکەی پێشووی لەدەست دابوو. (قیمەت) رێک ببوو بە کۆگای کێشە و گرفت. نە لە سنووردارکردنی پەیوەندییەکان تێدەگەیشت و نە لە گۆشەگیربوون. هەر لە هەوای فەرمانڕەوایدا بوو، خۆی بەسەر هەموو شتێکەوە دەبینی. وەکو بڵێی ئەرک و بەرپرسیارێتی لەسەر خۆی تاپۆ کردبێت. ئەوانی تریش تا دوارادە کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەوە. بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیەکی زۆر کەم لەو هەڤاڵانە لە ئاستێکدا بوون لە کێشەکان تێبگەن.

(قیمەت) بە خێرایی پێکهاتەی کادیری بێ کاریگەر کردبوو! ناردنی (مەڕاڵ) لەم واتایەدا ئەرێنی بوو. ئەرکدارکردنێکی بەجێ بوو. ئاستی تیۆری و ئایدیۆلۆژی (مەڕاڵ) و پێگەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی بۆ کێشەکان لە ئاستی راوەستاندنی (قیمەت)دا بوو. ئەگەرنا (قیمەت) تازە ئەرکدارکراوەکانیشی بە ئاسانی بێکاریگەر دەکرد، بەخێرایی کاردانەوەی لەدژیدا بەرێکخستن دەگەیاند. بێگومان (مەڕاڵ) هەوڵیدابوو کاریگەرییەکانی ئەم چوونەی زۆر پێوە دیارنەبێت. لە هۆنراوەیەکیدا کە دواتر لە دێرسیم نووسیبووی ئەم "قورساییەی" بەکارهێنابوو. کە هۆنراوەکەی بۆ خوێندمەوە چاوەکانی پڕ پڕ ببوون. هۆنراوەکانی جوان بوون، کاری لە منیش دەکرد.

بەڵێ، لە خارپێت پێکەوە قۆناخێکی کار و خەباتمان بەرێوەبردبوو. هەرچەندە لە هەموو رووێکییەوە تەواو رێکوپێک نەبێت، لایەنی ناتەواو، ناشارەزایی و رووکەشیانەشی هەبێت،

بەڵام دەرفەتێکی گرنگ، شیاو و ڕێزدار بۆ کار و خەبات بەدەست هێندرابوو. هەڵوێستەکانمان لەسەر بنەمای خۆشەویستی – ڕێز و هاوکاری هاوڕێییانە بوو. منیش ماوەیەک تووشی بۆشایی نەبوونی (مەڕاڵ) ببووم. لاوازی هەبوو لە بەرجەستەکردنی لایەنی ڕێکخستنیی لە کەسایەتی خۆیدا، بەڵام ئاستی تیۆری و ئایدیۆلۆژی، لایەنی پڕووپاگەندەی باش بوو و لەم مژارەدا بەکاریگەر بوو.

هەڤاڵ (جەمیل) ئاماژەی بە ئەرکەکانی کار و خەباتی بونیادنانی تەڤگەری ژنان کرد. ئەوەی خستەڕوو کە لە سەرتاسەری کوردستاندا بۆ دەستەبەرکردنی زەمینەی پێشخستنی کار و خەباتێکی بەمجۆرە سەرەتا پێویستی بە شیکارکردنی تیۆری و ئایدیۆلۆژییانەی پرسی ژن، ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی پرسی ژنە کە تادێت بەرەو ئاراستەی خەباتی ڕێکخستنی پراکتیکیانەی ژنان دەڕوات. باسی لەوە کرد کە خەباتێکی بەمجۆرەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بەلای (سەرۆک)ەوە گونجاوە و دەکرێت دەستبەجێ دەستپێبکرێت. دەیگووت دەشێت یەک دوو هەڤاڵی تریش هەبێت، (ئایتەن)، (مەڕاڵ) شیاوبوون. ئێمەش گووتمان کە هەر سێکمان دەتوانین وەکو کۆمیتەیەک کار و خەبات بکەین. زۆر دڵخۆشکەر بوو، پێی گەشاینەوە، بەخرۆشی هێناین، لەناخی خۆمەوە هەستم بە بەختەوەری دەکرد. خەباتی پێشخستنی تەڤگەری ژنان..! تۆبڵێی کاریگەری قسەکانی من و (کەسیرە) بێت لەکاتی کۆنگرەی دامەزراندندا؟ چونکە ئاماژەی بە ناوەکانی ئەو پەڕتووکانە دەکرد کە (کەسیرە)ش ناوی بردبوون. دەیگووت: "دەکرێت لە حقوقی ڕۆماوە دەست پێبکرێت، دەکرێت گەلێک پەڕتووکی سەرچاوە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەوە".

من دەستبەجێ باسم لەوەکرد کە دەکرێت ئەو جۆرە پەرتووکانە بەرێگەی هەڤالانی زانکۆ پەیدا بکرێن. (ئایتەن)یش خۆشحاڵ بوو. وابیرم دەکردەوە کە دەشێ دەرفەتی گەڕانمان بە کوردستانیشدا بۆ برەخسێت. بەگشتی لێکۆڵینەوە لە تەڤگەری ژنان، بە ئاگابوون لە سەرجەم رەهەندە کۆمەڵایەتی، مێژوویی و هەنووکەییەکانی، دەرککردن بە قۆناخەکانی تێکۆشانی و پەندوەرگرتن لە ئەنجامەکانی و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکەکەی کارێکی ئاسان نەبوو. ئاشکرایە خەباتێکی زۆر قورس و زەحمەتە بەڵام نموونەییە، پیرۆزە و مرۆڤ بە تێکۆشانەوە دەبەستێتەوە. قورسایی و زەحمەتییەکانی ترسی لەناخمدا نەدەچاند، پرسی "سەرکەوتوو دەبم، یاخود دەبمە کۆسپ؟" لە ئاستی سۆز و بیردا هەرگیز بە خەیاڵ و مێشکمدا نەهات و نایەت.

ئەوەی پێویستە بکرێت، خۆشترین کارێکە، بەختەوەرییەکی هەبوو کە وایدەکرد لە ناخەوە هەستی پێبکەیت. بێ ئۆقرەبووم، دەستبەجێ دەمویست دەستبەکار بکەم. بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت گەڕانم لە چەند شوێنێک کەڵک و سوودی خۆی هەبوو. راستەوخۆ بینین و ژیان لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیمان و لەناو خودی ژینگەی ژندا لە هەندێک لایەنەوە کاریگەری لە پراکتیزەکردنی خەباتیش دەکرد. سەبارەت بەم خاڵەش بەرنامەیەکی گشتگیر و خێرام ئامادە کرد. ئەم ئەرکدارکردنە پەیوەستداربوونمی بە خەباتی ژنەوە زیاتر دەکرد. ئیدی پرسیاری ژمارەی هەڤالانی ژن و ئاستی خەباتیانم دەکرد لەو هەڤالانەی لە هەرێمەکانی ترەوە دەهاتن بۆ لامان.

دێرسیم، خارپێت و چەولیک لەم قۆناخی خەبات و بە کۆمیتەبوونەدا، شێوەیەکی بەرجەستەتری وەرگرت و

هیوابەخش بوو. ئەو شوێنانە بە بناخە وەردەگیرا، رامان وابوو کە دواتر کادیرە ژنەکانیش بنێرین و لەو شوێنانەدا کە زەمینەی پەرەسەندنی تێدا رەخساوە کار لەسەر رێکخستنی ژنان بکەین. کەمێکیش بە جۆش و خرۆش بووم. (ئایتەن) دەیگووت "زۆر پەلە دەکەیت". راستی دەکرد بەڵام بڕوام بە پەرەسەندن و گەشەکردنی خەباتەکە هەبوو، سۆزێکی زۆر ناوازەی پێدەبەخشیم، هیوای پێدەبەخشیم. هەڵبەتە پێگەی ئەوساکەی دووربوو لە لەلایەنە قووڵ و بەرفراوانەکەی خۆیەوە. بەڵام هەر لە سەرەتاوە هەڵوێست و متمانەی (سەرۆک) لەبەرامبەر بە ژن زیاتر هێزی پێدەداین. هەڵسەنگاندنەکەی (سەرۆک) "متمانەم بە ژنی کورد هەیە. گەر ئەم ژێردەستەییە قووڵە پێچەوانە بکاتەوە و ببێت بە شۆڕشگێڕ ناوازە دەبێت". هێز و متمانەی جەوهەری لەناخی مرۆڤدا گەورەتر دەکرد.

## خیانەتی ناوخۆ، تێکۆشانی چینایەتی ناوخۆی هێنا

لەگەڵ هەڤاڵ (جەمیل) لەبارەی رەوشی (جەلال ئایدین)ەوە قسەمان کرد. لەو ماوەیەدا راپۆرت و زانیاری بەرجەستەترمان بەدەست گەیشت. خۆی رۆژنووسی هەبوو، تیانووسی تێبینی هەبوو، ئەمەش رێخۆشکەربوون بۆ گەیشتن بە زانیاری پێویست. دەرکەوت کە پەیوەندی لەگەڵ (تێکۆشین)چییەکان هەبوو، هەروەها کار و خەباتی لە شاری مەلەتی سەرنج راکێش بوون! بەڕادەیەک رێگری لەو هەڤاڵانە کردووە کە توانست و دەرفەتی پێشکەوتنیان هەبووە و دووریخستوونەتەوە. بەهیچ شێوەیەک بەهەندی وەرنەگرتوون. هەروەها تەرز و شێوازی ژیانی خۆی پەیوەندی بە هیچ پێوەدانگێکەوە نەبووە کە لە زۆر رووەوە دیار نەبوو چۆن ژیاوە و چی کردووە. لەلایەکی ترەوە لەبەرامبەر بەو ژنانەی هەواداری رێکخستن بوون و ویستوویانە پەیوەندی بە رێکخستنەوە بکەن تا دوائەندازە لاواز بووە و لەبەرژەوەندی خۆیدا بەکاریهێناون. لەم بوارەدا نموونەی بەرجەستەش دەستنیشان کرابوون. پەیوەندی لەگەڵ پەرستارێکی نەخۆشخانە بەناوی (ئەلیف کارتاڵ) لەسەر بنەمای بەکارهێنانی بووە. لەو ماوەیەدا کە خۆی لێپرسراو بووە شێوازی پەیوەندییەکانی لەسەر ئەم بنەمایە بووە و کچەکەش ئەو دۆخەی ئاشکرا کردووە و ئەمەی بە هۆکاری بێ متمانەیی داناوە و خۆی پەراوێز کردووە.

گەلێک زانیاری بە بەڵگەوەن؛ بەتایبەتی ئەو کەسانەی لە دیلۆک دیداری لەگەڵ کردبوون، هەروەها ئەو دیدارە نهێنییانەی لە مەلەتی ئەنجامی دابوون لە تێبینییەکانی خۆیشیدا باسی لێوە کردبوو. کەسێکی مەترسیدار بوو..! هەموو ئەمانە بە کاری

سیخوڕی لەقەڵەم دەدران، پێشنیازی سزادانی بەدوای خۆیدا هێنا. هەڤاڵ (جەمیل) لە سەرەتادا واتای نەدەدا بەوەی بەم ئەندازەیە رادیکاڵ و دڵنیا قسەمان کردووە و بەم شێوەیە بڕیاری خۆمان پێڕاگەیاندووە. وابزانم تۆزێکیش بەلایەوە زیادەڕۆیی بوو. بە ئاشکرا ئاماژەشی پێنەکردایە، بە هەڵسوکەوتیدا دیاربوو. بەڵام بەتایبەتیش لە خاڵی رەفتار و کردارەکانی (جەلال)دا سەبارەت بە ژن، هەڤاڵ (جەمیل) دەیگووت: "ئەگەر راست بێت پێویستە ئەو سەخیفە بتۆپێندرێت!". هەستیاربوونی خۆی لەمەڕ ئەم مژارە نەدەشاردەوە و دەیگووت: "پەیوەندی لەگەڵ تورکانیش جێگەی شک و گومانە، بەئامانجی بەکارهێنانە. تورکان کەسێکی بەهرەدار، لێهاتوو، بەکاریگەرە و وەکو ژنێکیش کاریگەری هەبوو، هاوکات لایەنی لاواز و داماویشی هەبوو. پەرستارەکە کەسێکی چۆنە، لەم خاڵەدا چەندە دروست و کراوەیە؟ باش لێی کۆڵراوەتەوە؟"

دیار بوو بەتەواوی دڵنیا نەببوو، چونکە رەهەندی "ژن" لە کارەکەدا هێمای پرسیار بوو بەلایەوە و بەو هۆکارە دەیویست تێبگات. (ئەلیف کارتاڵ) خەڵکی گۆلباشی سەمسور بوو. لە گولهانەی ئەنکەرە[174] خوێندبووی و هەر لەوێ ئەرکی راپەڕاندبوو. ئەی باشە (جەلال) ئەوی چۆن دۆزیبووەوە؟ هەرچەندە لایەنی نادیار و نابەرجەستەشی هەبوون، گەلێک زانیاری بەرجەستە و یەکلاکراوە لەبەردەست دابوون. (جەلال) لە پێگەیەکی وەهادا مەترسیداربوو. ئەم قەناعەتەمان قورسایی زیاتری بەدەست دەهێنا.

هەڤاڵ (جەمیل) لە خارپێت رۆیشت و پاشماوەیەکی کورت (شاهین دۆنمەز) هات بۆ ئەو هەرێمە. دەمانزانی کە (شاهین) لە

---

[174] ئەکادیمیای پزیشکی سەربازی ئەنکەرە - GATA .

دەستەی کارگێڕی دایە. لە شوێنی خۆیدا چاودێری کار و خەباتەکانی دەکرد، هەرێمەکانی بەسەر دەکردەوە، کێشەکانی دەستنیشان و شیکاری دەکرد. هەڵوێستەکانی ئەو و شیمانەکانی ئێمەش لەم چوارچێوەیە دابوون.

(شاهین)یش لەماڵەکەی (حاملی) و ئەوان لە رزاییە قسەی لەگەڵ کردم. ئەویش لە مژاری ژندا ئاماژەی بەو ئەرکدارکردنە دەکرد کە هەڤاڵ (جەمیل) پێی گووتبووم. تەنیا قسەی لەگەڵ من کرد. بەڵام لەچوارچێوەی تیۆریدا وەک پسپۆڕێک بە بێنەوبەردەی وشە بۆی روونکردمەوە. لەو نێوەدا بە ئاماژە کردن بە هەڤاڵ (جەمیل) پێمگووت: "هەڤاڵیش بۆی باس کردم". بەبیستنی ئەم رستەیەم بڕێک تێکچوو: "باشە، بەڵام من بە فەرمی پێتڕادەگەیەنم". ئەوەشی خستەڕوو کە پێشنیازی سەبارەت بە (جەلال ئایدین) ئەرێ کراوە و پێویستە ئەو زانیارییە زۆر بەرتەسک بگیردرێتە دەست. دەستبەجێ (جەلال) لە مەڵەتییەوە بانگهێشتکرا و هات خارپێت. لەماڵێکی تر قسەی لەگەڵ کرا. دوابەدوای ئەمەش لەگەڵ (عەلی گیوندوز) دەستبەجێ رەوانەی (دەپ – قەرەقۆچان) کران. (عەلی) و هەڤاڵێکی هەرێمی دەپ پێکەوە سزاکەیان جێبەجێ کرد. بێگومان (جەلال) نەیدەزانی کە سزا دەدرێت. تا دوایین سات وایدەزانی بۆ کۆبوونەوەی دەبەن. قسە و گفتوگۆی رێگەیان گومانێکی جیاوازی لەلا دروست ناکات. لە دەپ سواری ئۆتۆمۆبێلێکی تری دەکەن و بەڕێ دەکەون.

کاتێک لە ئۆتۆمۆبێلەکە بە پاچ و خاکەناسەوە دادەبەزن و پاشان گۆڕەکەی بەخۆی هەڵدەکەنن، لەناکاو هەڵوێستی دەگۆڕێت، ئارام دەبێت و ئەمەش دڵ و دەروونێکی ترسێنەری تێیدا دروست دەکرد. (عەلی گیوندوز) کە باسی دەکرد سەرم

سوڕما بوو، حەپەسا بووم. (عەلی گیوندوز) سزاکەی جێبەجێ کردبوو؟. گەرچی چوار پێنج ڕۆژێک سەرودڵی قورس ببوو. سەرئەنجام مرۆڤێکی کوشتبوو جا ئەو مرۆڤە چ خائین بێت، یان هەر شتێکی تر. تا ئەو ڕۆژە، تا ئەو کاتە "هەڤاڵ" بوو. بەڵێ، هەڤاڵیتی شێوازی پەیوەندییەکانی بوو، چۆن دەبوو دەستبەجێ بۆ رق و کین بگۆڕایە، چی وای لێکردبوو؟ ئەو تا ئەوکاتەی ڕاستییەکانی ئاشکرابوو هەڤاڵێک بوو. بەڵام لەناو ڕێکخستندا تاوانی یاریکردن بە پێوانەکانی ڕێکخستن، لەناوەوە تێکدانی ڕێکخستن، گۆڕینی پێوانەکانی ڕێکخستن و لەشوێنی ئەو دانانی پێوانە کەسێتییەکانی خۆی ئەنجام دابوو. خیانەتی لە بەها و نرخە بنەڕەتییەکانی ڕێکخستن کردبوو.

(جەلال ئایدین) لەو هەرێمەدا کە تێیدا کار و خەباتمان دەکرد یەکەم کەسێک بوو بەکوشتن سزا دەدرا. هەندێک لێکدانەوە و پێناسە هەبوون کە مرۆڤ دەیتوانی دەستنیشانیان بکات، بڕیاریش بدات، بەڵام بینینی ڕووداوەکە بەشێوەیەکی گشتی، ناسینی هۆکار و ئەنجامەکانی، دەرخستنەڕووی پەیوەندییەکانی و کۆکردنەوەی خیانەتێکی ناوخۆیی بەو شێوەیە و چوارچێوە و ئامانجەکانی؛ سەرئەنجامەکی هەر بەسزاگەیاندن دەبوو. پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنی (تێکۆشین) پەیوەندییەکی ئاسایی نەبوو. کە پێشتریش لەگەڵ (پێنج پارچەچییەکان) پەیوەندی هەبوو. دووژمن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆی دەگەیاندە هەندێک کەسی نێو ریزەکانمان. هەر لە خۆوە (جەلال)یان هەڵنەبژاردبوو. ئاستێکی دیاری تیۆری و ئایدیۆلۆژی و هێزی ڕێکخستنکردنی هەبوو. هاوشانی ئەمەش کەسایەتییەکی لەباربوو بۆ وەگەڕخستنی لایەنە بەرەڵلاییەکانی بۆرژوازی بچووک و کەیفییەت و خۆپەرستییەکانی.

دوای سزادانی روونکردنەوەیەکمان بۆ هەڤاڵان کرد. سەرەتا کۆبوونەوەمان بۆ کادیران و بەرئەندامان کرد. (ئایتەکین)یش ئامادەبوو. دوای کشاندنەوەی (جەلال) لە مەلەتی و سزادرانی بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی سەرنج؛ (ئایتەکین)یشمان لەو هەرێمە کشاندەوە. (رەزا)ش لە کۆبوونەوەکەدا بوو. سەرەتا باسمان لە رەوشی (جەلال) کرد. (عەلی گیوندوز) بەر لە کۆبوونەوەکە و لەسەرەتای قسەکاندا گووتی:" باس لە سزادرانەکەی مەکە، با لە هەڵوێست و مەیلی هەڤاڵان بگەین پاشان ئاشکرای دەکەین".

هەڤاڵانی کۆمیتەی هەرێمیش لە کۆبوونەوەکە دابوون. هەندێک لە یادداشتەکەی (جەلال)مان خوێندەوە. هەڵسەنگاندنی وەهای هەبوو کە رەفتار و هەڵوێستی لەبەرامبەر بە خەبات و رێکخستن بەدەستەوە دەدا. هەروەها بیر و بۆچوونی سەبارەت بە (ئەلیف)یش. هەروەها لەگەڵ هەر کەسێک دیدار و دانیشتنی کردبێت زانیاری و رێکەوتی دیدارەکانی نووسیبوو. ئەمانە وەکو راپۆرتێک بوون. لە تیانووسەکەیدا، جێگەشی بە رەخنە و هۆشیارییەکانی هەڤاڵان دابوو کە سەبارەت بە خۆی بوون. پاش خوێندنەوەی هەموو ئەمانە نرخاندن و پێشنیازی هەڤاڵانمان لەم بارەیەوە وەرگرت. لە باسەکەدا بەگشتی هەڵوێست و مەیلی رێکخستنیمان بە ئاشکرا بالادەست بوو. مەحاڵ بوو مایەی تێگەیشتن نەبێت. تەنانەت دەکرا بەو ئەنجامەش بگەن کە سزادراوە. (رەزا ساریکایا) لەم کۆبوونەوەیەشدا خۆی تێهەڵقورتاندەوە و گووتی: "ئەگەر جەلال سزادراوە، ئەوا بە ئاشکرا بیڵێن، بە روونی دانی پێدا بنێن، دوای سزادرانی پێویست بەوەرگرتنی پێشنیازی ئێمە ناکات. لەم کارە تێنەگەیشتم! برێک نووسراو دەخوێننەوە، دیار نییە کێ نووسیوێتی و هی کێیە. لە کوێ بزانین هی جەلالە یاخود نا؟".

نەمویست درێژە بە قسەکانی بدات و گووتم: "بیر و بۆچوون و پێشنیازی خۆت دەربڕە. شتێک نییە ناڕوون بێت. باس لەوەش کرا کە نووسراوەکان هی کێن. لەجێی خۆیدا نییە وەها سەرمان لێ بشێوێنیت، با هەموو هەڤاڵانیش بیر و بۆچوونی خۆیان دەرببڕن. کێشە سزادران و نەدرانی نەبوو. هەڤاڵ ڕەزا هەڵوەستە لەسەر چی دەکات؟ کێشەکە ئاشکرا بووە، پێویستە وەکو کادیرێک هەڵوێستی خۆی دەستنیشان بکردایە نەک گومانی تر دروست بکات".

تووڕە ببووم، دەمویست لەم کۆبوونەوەیەدا باش تێبگەن کە ئەویش چ کەسێکە، بزانن ئەو قسانە بە چی ئامانجێک دەکرا. بەڵام هەندێک لە هەڤاڵان ڕووی ناوەوەی کێشەکەیان نەدەزانی و لەو قسانەی (ڕەزا) بەکاریگەر دەبوون کە مێشکیان تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد. (ڕەزا) بڕیارەکەشی چەواشە دەکرد. وایدەزانی سزدانێکە کە بە هەوەسی خۆمان ئەنجامماں داوە. ئەو هێشتا خەریکی ڕەوایی و ناڕەوایی ڕووداوەکە بوو. دەیویست بە خاڵێکی وەهای بگەیەنێت کە بە کادیرگەلێکی ناکۆک لەگەڵ ڕێکخستن و کۆمیتەی ناوەندی پارتی رامانبگەیەنیت. بەڵام بە ئامانجی خۆی نەگەشت.

سەرەنجام رامگەیاند کە (جەلال ئایدین) بە سزای گەل گەیشتووە و بە کورتی باسم لەو قۆناخەش کرد و گووتم: "دۆخەکە لە شوێنی خۆیدا لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە، راپۆرت بە سەرەوە گەیەندراوە و وەکو کۆمیتەی هەرێم گونجاو بیندراوە، بە ئەرێکردن و ڕێنوێنی کۆمیتەی ناوەندی سزاکە جێبەجێ کراوە. لەگەڵ ئەمەشدا جێبەجێ کردنەکە تازە ئەنجام دراوە، پێویستە لەم واتایەدا ڕووداوەکە بەشێوەیەکی بەرتەسک لێکنەدرێتەوە". ئەوەشم لەسەر زیاد کرد کە هەڵوەستە لەسەر

پەیوەندییەکان کراوە و گەیاندنی ئەم سزادرانە بە هەموو کەسێک لە رووی ئاسایشەوە مەترسیدارە.

دیار نەبوو هەڤاڵان چەند رازی بوون و لە چەندەی تێگەیشتبوون. بەڵام لەدڵی (رەزا)دا ترسێکی دیاری دروست کردبوو. لەو رۆژە بەدواوە قۆناخێکی بێدەنگی و ئارامییەکی لەخۆپرسینەوەی لەخۆیدا دەستپێکردبوو. ئەگەر لەو رۆژانەدا (عەلی گیوندوز) لە خارپێت نەبووایە و نەبیندرایە دەشیا واڵیکبدرێتەوە کە پەیوەندی بە رووداوەکەوە هەبوو. تەنانەت (مەتینی کەڕ) یش نەیدەزانی. ئەویش لەبەرئەوەی پێی نەگووترابوو دڵی شکابوو. دەستی لەم خووی دڵشکانەی هەڵنەدەگرت. لەناو رێکخستندا خیانەت و سزادان..؟!

تا ئەو رۆژە تێکۆشان و توندوتیژی لەبەرامبەر بە دەرەوە بوو. لە دیلۆک و خارپێت سزادانی ئەم کەسە هاوشێوانە بەشێوەیەکی سرووشتی بە ئاراستەی بیرکردنەوە و واتادان بە لایەنی تێکۆشانی چینایەتی ناوخۆوەی دەبرد.

سزادان، تاوان و سزا. لە کام رەوشدا مردن، سزادانی جەستەیی مەرج بوو، گەلێک پرسیاری گرنگی وەکو ئەمانە بە ئەقڵدا دەهاتن. تادواڕادە بابەتی هەستیار بوون، لەم خاڵەدا بەبنەما وەرگرتنی بەرژەوەندی رێکخستن، بەرژەوەندی گشتی تێکۆشان و پەیڕەوکردنی دادپەروەری شۆڕشگێڕی، پێودانگکردنی سەرجەمیان گرنگی خۆی هەبوو. ژیان لەم خاڵەشدا وەک مامۆستا وابوو.

## هێرشی بەپەلەی دەوڵەت، بە ئاگای هێناینەوە

دەمەو نەورۆز بوو. ئەو چەک و هەڤاڵانەی چوبوون بۆ دێرسیم گەڕانەوە بۆ خارپێت. (حاملی)یش گەڕایەوە. نوێکارییەک لەم ڕۆژە مێژووییەدا هیوا و ئاواتی هەموو کەسێک بوو. بەرنامە بۆ زنجیرە چالاکییەک داڕێژرا. (حاملی) بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لە دەستنیشانکردنی ئامانج و ئەرکدارکردنی هەڤاڵان لە چۆنێتی و چوارچێوەی چالاکییەکان. (حاملی) زیاتر کارەکانی لەگەڵ (زەکی بوداک) ڕێکدەخست کە لە کۆمیتەی هەرێمیدا بوو. بەیاننامەی نەورۆزیشمان ئامادە کرد. پێشتر فەرمان درابوو کە خارپێت بکرێت بە ناوەندی کار و خەباتی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی. ئێمەش لەلای خۆمانەوە بەیاننامەیەکمان ئامادە دەکرد و لە دوای زیادکردنیان بە هەرێمەکاندا بڵاومان کردنەوە. هێشتاش کار و ئامێری زیادکردنەکە لە میشەلی بوو. لەو سەروبەندەدا بەیاننامەیەکیشمان بە واژۆی (کۆمیتەی ناوەندی پارتی) پێگەیشت. دەستبەجێ بە ڕێگەی قاسید بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی خۆمان ڕاگرت و سەرەڕای نەبوونی جیاوازییەکی زۆریش لەنێوان ناوەڕۆکەکانیاندا ناچار بووین. کات تابڵێی کەم و کورت بوو و تەنیا فریای ناردن و بڵاکردنەوەی دەستنووسی ئەم بەیاننامەیەیان کەوتین. بە قاسیدەکانمان دەگووت کە پێویستە لەلای خۆیان زیادی بکەن. بەیاننامەی بە واژۆی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بە هەندێک هەرێم نەگەشت. بەیاننامەکانی پێشتر بڵاو کرانەوە. لێرەوە زیاتر بۆمان ڕوون بووە کە دەبێت چۆن کار و خەباتی چاپەمەنی – ڕاگەیاندن، پڕووپاگەندە – ئاژیتاسیۆن ڕاپەڕێنین. هاوکات لەم

رووەشەوە چۆنێتی دەستپێشخەری و هەوڵەکانی هەرێمەکانیشمان هەڵسەنگاند.

شەوی نەورۆز رێک لە یازدە شوێن چالاکی ئەنجامدرا. بە شێوەیەکی هاوکات لە ناو بازاڕ؛ تەلاری (MiSK)، قاوەخانەیەک کە بەردەوام فاشیستەکان بەکاریاندەهێنا، دامودەزگا حکومییەکان، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، چەند شوێنکارێکی فاشیستەکان. ئەم چالاکییانە کە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی دینامێت، بۆمب چاندن، دەستڕێژی گوللە دا دەکران؛ بۆ جاری یەکەم بوو لە خارپێت بەم زیندەیی و سەرکەوتووییە ئەنجام دەدرا. بۆ جاری یەکەم بوو لە خارپێت بەمجۆرە نەورۆز پیرۆز دەکرا. هەڤاڵان چالاکییەکانیان بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا بوو، هەمووومان خۆشحاڵ بووین. دڵشادی و خرۆشی چالاکییەکان شەو خەوی لێ زڕاندین. لەم نێوەدا ئەو ماڵ و خانووانەشمان کەوتنە مەترسییەوە کە پێشتر بە نهێنی کار و پەروەردەمان لێ دەکردن. هەڤاڵان دوا بەدوای چالاکییەکان دەچوونە ئەو ماڵانەوە کە بەجێی متمانەیان دەزانی.

(رەزا)ش لەچالاکییەکەدا جێی گرتبوو. لە راستیدا ئەگەر خۆی نەکردایە بە بەڵا بەسەرمانەوە و ورکی پێنەگرتباین، ئەوا وەک هەڤاڵێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرا کە هەموو جۆرە کارێکی پێدەکرێت و گەلێک ئەرکی پێبسپێردرێت. کەموکورتی و تەنگاسییەکانی رێگر بوو لەبەردەم ئەمەدا. هەرگیز بە چاوێکی ترەوە تەماشای نەدەکرا. بەپێچەوانەوە وەکو یەکەمین خانەوادەی پشت و پشتیوانمان لەو شارە لە قەڵەممان دەدا و ئەو پەیوەندییەمان جێگەیەکی تایبەتی هەبوو لەلامان. دەشمانویست خۆی لە هەر ئاستێکدا پێشکەوتن بەدی بهێنێت. ئاشکرا بوو کە لە پشتەوە دنەدەدرا. لایەنە پاشکەوتووەکانی

بەکاردەبردران. لاوازی خۆی دابوو بەدەست کەسانی ترەوە و بەکار دەهێندرا. خۆی بەهیچ شێوەیەک نەیویست لەمە تێبگات. دەشبێت کەموکورتی و هەندێک لایەنمان هەبێت کە بەدڵی نەبێت. بەڵام پەسند نەکردن و رەخنەگرتن لەمانە شتێکە و کردنی بە بەهانە و لێرەوە بەگژ رێکخستندا چوون شتێکی ترە. نەیدەزانی چی کردووە و چووە بۆ کوێ. دوای گفتوگۆکەی هەڤاڵ (جەمیل) لەگەڵ ئەودا، هەندێک نەرمبوونەوەی تێدا بەدی دەکرا و ئێمەش بە وریاییەوە مامەڵەمان لەگەڵ دەکرد.

(بۆزۆ – سلێمان ئاسلان) لەجیاتی (ئایتەکین)، نێردرابوو بۆ مەلەتی و ئەرکدار کرابوو. ئەویش کێشەی هاوسەرگیری هەبوو. کێشەی سۆزداریی نێوان خۆی و (نایفە)ی خستبووە رۆژەڤەوە، داوای رەزامەندی لێدەکردین. (نایفە) لە ئامادەیی بازرگانی دەیخوێند، شارەزاییەکی باشی لە بەکارهێنانی تابیعەدا هەبوو و خێرابوو. کاتێک پێویست بە نووسینی تابیعە هەبووایە، زیاتر بانگی ئەومان دەکرد. لە گەڕەکی ئیستاسیۆن دادەنیشت. برا گەورەکەی هەڤاڵی خۆمان بوو و لەناو کار و خەباتدا بوو. ناوبەناو خەباتی پەروەردە و کۆبوونەوەمان لە ماڵی ئەوان دەکرد. دایک و باوکیان زۆر رازی نەدەبوون، لەکات و شوێنی جیاجیادا بەکاردانەوەیەکەوە بێزاری خۆیان دەردەبڕی. بەتایبەتیش هەرگیز نەیاندەویست لەگەڵ (نایفە) هەوڵ بدەین. (نایفە)ش زۆر بەخواست نەبوو. لەو گەڕەکە و دەوروبەرەکەی گەلێک کچ هەمان کێشەی خێزانیان هەبوو. بەڵام ئەوان دەستبەرداری هەوڵەکانی خۆیان نەدەبوون.

زۆرمان بۆ (نایفە) نەهێنا. خۆی ئەو کارانەی دەستنیشان دەکرد کە لە توانایدا بوون، سنووری دادەنا و بە ئاشکرا دەیگووت: "زۆرم بۆ مەهێنن" لە راستیدا کەسێکی زیرەک و

توانای پێشکەوتنی هەبوو. لە زۆر بواردا خاوەن بەهرە بوو. بەم هۆکارەبوو نەماندەتوانی دەستبەرداری ببین. هەوڵماندەدا کارێکی لەگەڵ بکەین کە بتوانین بۆ ماوەیەکی درێژ لەلای خۆمان هەڵیبسەنگێنین. دوای ئەوەی بە ئاشکرا ئەم لایەنانەمان بە (سلێمان) راگەیاند، پێیشمانگووت: "بەرەو دواوە راتدەکێشێت، لەم بوارەدا چاوەڕێی بڕیاری راستت لێدەکەین، ئێمە پەیوەندییەکی ناهاوسەنگی وەها و هاوسەرگیرییەک ئەرێ ناکەین بەرەو دواوە پەلکێشت بکات. لە پراکتیکی ماوەی رابردوو تا ئێستا لەم رووەوە بەهەڵەداچوونێکی زۆر بەدیکرا. کادیرەکانمان بەدەستی خۆمان و بەئەنقەست بێکاریگەر ناکەین". دەیگووت باشە، بەڵام لە هەمانکاتدا پەشیمان دەبووەوە. کەمێک بە کاردانەوە بوو، تووڕە بوو. لەو بڕوایەدا بوو کە بەرەو دواوە پەلکێشی ناکات. تەنانەت داخی لێدەهات کە ئێمە بەمجۆرە لێکدانەوەمان بۆ کردووە. وەکو بێ متمانەییەک لێکی دەدایەوە. بەڵام ئەمجارەیان ئێمە بەبڕیار بووین. چیتر ئەو جۆرە پەیوەندییانەمان پەسند نەدەکرد.

(ئایتەکین)یش کێشەی هاوشێوەی هەبوو. ئەویش خوشکەکەی (سلێمان) دڵی پێکابوو. سلێمان دایکی چەرکەزە[175]، ژنێکی جوان بوو. باوکی کەمالیستێک بوو بۆخۆی، تەنانەت قسەشی لەگەڵ نەدەکرا. هەر کە بابەتی کوردستان دەکرایەوە ئاگری لەدەم دەباری. (سەلمان)ی کوڕە گەورە لە ئەورووپا بوو،

---

[175] یەکێکن لەو نەتەوانەی کە لە سەردەستی عوسمانییەکان دووچاری کۆمەڵکوژی و کوشتارێکی زۆر هاتوون و وڵاتیان لێ وێران کراوە، ئێستاکە بەشێکی کەم لەم نەتەوەیە کە لە سیستەمی دەوڵەتی تورکدا بە کەمینەش ناویان ناهێندرێت لە ناوچەکانی دەریای رەش جێگیرکراون و بەپێی زانیارییە گشتییەکانیش بە ملیۆنان چەرکەس بە هەموو جیهاندا و بەتایبەتیش بە نزیکە 15 وڵاتی ناوچەکەدا پەرش و بڵاو کراونەتەوە.

لەگەڵ ئەویش پەیوەندیمان هەبوو. کچەکەیان لە ئامادەیی ئەتاتورک دەیخوێند، لە جوانی و سەرنجڕاکێشیدا لەدایکی دەچوو، بەڵام دونیایەکی زۆر دوور و جیاوازی هەبوو. گرنگیمان پێدا و هەوڵمان لەگەڵ دا تا ببێت بە شتێک. لەم رووەوە لەلایەک خۆی داخراو نەبوو و لەلایەکیش ئەگەر گرنگی زیاتری پێ بدرایە، کاراکردنی ئەستەم نەبوو. مەیلێکی بەرچاویشی هەبوو، چاودێری دەکرد. بەڵام لەکاتێکدا ئەو لە ئاستێکی وەهادابوو، سەپاندنی ئەو جۆرە پەیوەندییە بەواتای قەتیسکردنی بوو لە دۆخی ئەو کاتەیدا. ئەمانەمان لەگەڵ (ئایتەکین) تاوتوێ کرد. (ئایتەکین) دڵنزمتر بوو. فشاری دروست نەدەکرد و کاردانەوەکانیشی زۆر ئاشکرا نەدەکرد. لەو رۆژانەدا ئەمانەمان بە (شاهین)یش راگەیاند. بەگشتی وەک چۆن رەتگەراییەکی توند لەئارادا نەبوو، رەزامەندی و ئەرێکردنیش نەبوو. گووتی: "هەڵیگرن بۆ قۆناخی داهاتوو".

هاوسەرگیرییەکەی (حاملی) کێشەیەکی ئەوتۆی نەبوو. خۆی لەو رۆژانەدا زیاتر دەگەڕا. لەگەڵ (ئایتەن) پێکەوە کاریان دەکرد. ئەم پێکەوە کاردنەوەیان لەم ئاستەدا؛ کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکەیان دەکرد. وادیار دەبوو کە ژیانێکی ئاساییە. (حاملی) کەسێک بوو کە لەگەڵ ئەوەی لایەنی بێدەنگی و گونجانی هەبوو لەڕووی دەرەوەیدا، لایەنی شەڕانگێزی، نا ئارامی و نالەباریشی زۆر بوو لە جەوهەردا، (ئایتەن) ناوبەناو دەیدرکاند، بێگومان وەکو تایبەتمەندییەکی خۆی لێکماندەدایەوە. هەموومان بە هەڵچوون و کاردانەوە لەناکاوەکانی و گاڵتە سەیر و سەمەرەکانی راهاتبووین. ئەو خانەوادانەی پێشتر (حاملی)یان دەناسی ئەم هاوسەرگیرییەیان بەدڵ بوو، تەنانەت زۆر پێی خۆشحاڵ بوون. هەم هاوسەرگیری و خاوەن ماڵی و هەم

شۆڕشگێڕی؛ ژیانێک بوو لەو سەردەمەدا زۆر کەس بۆ منداڵەکانی خۆی ئارەزووی دەکرد.

(شاهین) ڕۆیشت بۆ ئاگری و هاتەوە. هەر لەو ڕۆژانەدا گرووپێک لە هەڤالان دەستگیر کرابوون. لەکاتێکدا (عەلی) و (حاملی) لە بەشی خوارەوەی قاوەخانەکەدا دانیشتوون دوو پۆلیسی مەدەنی داوای ناسنامەیان لێدەکەن و (عەلی) دەگرن. هیچیش بە (حاملی) ناڵێن. لەو لاشەوە و گرووپێکی تری پێکهاتوو لە (ئایتەکین)، ڕەزا، (حسێن تازە)، (زەکی بوداک) دەستگیر کران. بەگەیشتن و نەگەیشتنی هەواڵەکە دەستبەجێ ماڵەکەمان پاککردەوە. لەو ڕۆژانەدا ماڵەکە بە دەرزەن پلانکارت، بەیاننامە، نامیلکە و نووسراوی تیادابوو. هەموو ئەوانەمان بە خێرایی بەڕێکرد کە بۆ هەرێمەکانی ترمان ئامادە کردبوون.

دەستگیرکردن لەکوێوە سەریهەڵدا؟ هیچ ڕووداوێک لە ئارادا نەبوو. هەواڵیان لەسەر درابێت؟ ڕۆژێک پێشتر لیستێکمان بەدەست گەیشتبوو. لیستی ئەو ناوانە بوو کە پۆلیس بەدوایاندا دەگەڕا. ناوی من، (مەتینی کەڕ)، (عەلی) و چەند کەسێکی تریش هەبوو. دیار بوو ئاشکرا ببووین. بەڵام دەستنیشانکردنی ماڵ و شوێن ئاسان نەبوو. بە وریایی هاتوچۆی ماڵە تازەکانمان دەکرد. نزیکبوونەوەی هەڤالان لە قاوەخانە و دەوروبەری کارێکی باش نەبوو. بەو دواییانە ئاگاداری و هۆشداری پێویست درابوو. هەڤاڵ (جەمیل) هێشتا لە کۆتایی 1978 دا لەسەردەمی کۆمەڵکوژییەکەی گومگوم لەمبارەیەوە هۆشیاری دابوو کە: "دەشێت دەوڵەت ڕاستەوخۆ هێرش بکات، دەستگیر بکات، دەشێت چۆن ڕێ و شوێنێک بگرینە بەر..هتد؟". بەڵام ئێمە چۆن ڕێ و شوێنی پێویستمان دەگرتە بەر؟ بەچاوێکی بچووک لە پۆلیسمان دەڕوانی. جاران قاوەخانەکانمان زۆر بەباشی

بەکاردەهێنا، بەڵام ئیتر پێویست بوو کۆبوونەوە و کارەکانی نێو قاوەخانەکان سنووردار بکرێن. سەرباری هەموو ئەمانە پێکەوە گەڕان بە قاوەخانەکاندا زیانێکی گەورەی دەبوو.

لە نەورۆزدا هێرشیان نەکردە سەرمان. چالاکییەکان بە سەرکەوتوویی ئەنجامدران. دەستکردن بە شاڵاوی رەشبگیری لە دەمەو 18ی ئایاردا، بێگومان بێ واتا نەبوو. دووژمن بە پیلان دەجوڵایەوە. دەستگیرکردنی (رەزا)مان بە مەترسیدار لەقەڵەمدا. بەلامەوە مەراقێکی زۆر گەورە بوو کە "سەرەتا کێیان دەستگیر کرد؟". نەخێر نەخێر، بە ئەنقەست (رەزا)یان دەستگیر کرد. دەیانزانی کە (رەزا) لە رێکخستن نیگەران و ناڕازییە. بە ئەگەرێکی گەورە دووژمن ئەوی خستبووە نێو ریزەکانمانەوە. دوای دەستگیرکرانی رەزا (عەلی)، (زەکی) و (ئایتەکین)یش دەستگیرکران!. (حاملی) سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ (عەلی) بوو ئەویان بە ئەنقەست نەگرت. دەیانویست کار و خەبات و پەیوەندییەکانی بخەنە ژێر چاودێرییەوە. لە دڵی خۆمدا گووتم: "دڵنیام ئەم شاڵاوە بەرفراوانتر دەبێت و تەنیا بەوانەوە سنووردار نابێت".

لەگەڵ (شاهین) قسەمانکرد و ئەو دەیگووت: "هیچ نییە، پێویست بە شڵەژانمان ناکات". ئیتر نەچووینەوە ئەوماڵەی کە پێشتر تیایدا بووین. بەشێکی زۆری کەلوپەلەکانمان گواستەوە. بەشەو چووینە سەر بان و پاشماوەی ئەو بەیاننامە و ئافیشانەمان شاردەوە. تەلارەکە پێکهاتەیەکی گونجاوی هەبوو. دوو تەلار لەپەنای یەکدابوون، لە سەربانەوە دەتتوانی بچیتە سەربانی تەلارەکەی تر. بەردەوام دەمانگووت: "ئەگەر شتێک رووبدات دەتوانین لە سەربانەوە دەرباز ببین".

نێوانم لەگەڵ دراوسێکاندا باشبوو، هەڵسوکەوتی سەرنجڕاکێش و شکبەرم نەبوو. ماڵەکە لە قاتی چوارەمدا بوو. ئەگەر زۆر بە وردی چاودێری هاتوچۆی ئەوێ نەکرابا، هەست بەهیچ نەدەکرا. ناوبەناو هەندێک خانەوادە دەهاتنە دیدەنیشمان. پێشتر دایکی (گیوللو)، دایکی (جاهیدە) هاتبوون. لە ڕەواڵەتی ماڵێکی نوێدا بوو کە خێزانێکی ئاسایین یاخود پەیوەندییەکی ئاساییان لەگەڵ دەوروبەریاندا هەیە. هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە ماڵە پۆلیسیش هەبوو لە دەوروبەرماندا.

(شاهین) تابلێی بێ خەم بوو، گەر ئەو نەبووایە بێگومان ڕێ و شوێنی بەکاریگەرترمان وەردەگرت. پێشتر دەمانگووت: "لە ئەگەری هەر هێرشێکی دەوڵەتدا بەرەو بناری شاخەکان رادەکەین" هەڤاڵ (جەمیل)یش ئەمەی دەستنیشان کردبوو. بەڵام (شاهین) دەیگووت: "هیچ نییە"، لەماڵی (سلێمان ئاسلان) بووین. سەرلەنوێ پرسیارم کرد. (مەتینی کەڕ) زۆر گرژ و شڵەژا و تووڕە بوو. لە بێخەمییەکەی (شاهین)یش پەست ببوو. ڕەفتاری ناشیاوانەی دەنواند، تەنانەت ئێمەی بە جددی وەرنەدەگرت. دۆخی ئەو شەوەی بەتەواوی منی گرژ کردبوو. هەرچەندە دەیزانی پەیوەندی لە نێوان خوشکەکەی (سلێمان) و (ئایتەکین)دا هەیە، کەچی بەچاوێکی زۆر سەیرەوە بۆ کچەکەی دەڕوانی. کچە جوان و دڵڕفێن بوو. (شاهین) چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت. گوایا سیاسەتی دەکرد، لەگەڵ باوکی ماڵەکە قسەی دەکرد. پەیوەندییەکم لەنێوان بابەتی گفتوگۆ و ڕەفتارەکانیدا پێ دروست نەدەبوو. تووڕە بووم و لەو ماڵە دەرکەوتم.

ڕۆژی دواتر دەستنیشانی کرد کە پێویست بە ئامادەکاری کۆبوونەوە هەیە. ئەمەش بەتەواوی تووڕەی کردم. هەڤاڵان دەستگیر کرابوون، دیار نەبوو چی تری بەدوادا دەهات کەچی

(شاهین) دەیگووت: "کۆبوونەوە دەکەین". (حسێن تازە) ئازاد کرابوو، دەستبەجێ چووم بۆ لای. کاریگەرییەکی زۆری لێکردبوو، گرژی و ماتی پێوە دیاربوو. بەڵام دەیگووت: "کەس دانی بەهیچدا نەنا، عەلی گیوندوز بەرخودانی دەکات، ئایتەکینیش بەهەمان شێوە". زانیمان کە (رەزا) بە ئۆتۆمبێلی پۆلیس هێنراوەتەوە بۆ ماڵی خۆیان لە ئەسەنتەپە. دیارە (رەزا) لاوازی نیشان دابوو. پۆلیس زۆر بە وردی بەدواداچوونی بۆ چەک و جبەخانە کردبوو. (رەزا)یان بۆ نیشاندانی شوێن هێنابوو. ئەو چەک و جبەخانەیەی رادەستی (رەزا) کرابوو لەشوێنی خۆی نەمابوو. لە گەڕەکی (1800 ئەڤلەر) ئەشکەنجە و لێدانێکی زۆر کرابوون. (حسێن) دەیگووت کە بەتایبەتیش (عەلی گیوندوز) ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە. هەموو زانیارییەکانمان ئاراستەی (شاهین)یش کرد و ئاماژەمان بە بەربوونی (حسێن) کرد.

ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەکەمان سازکرد. ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵان؛ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیان لەو دۆخەدا بە کارێکی بێواتا لەقەڵەم دا. ئەگەر بەشێوەیەکی راستەوخۆش نەبێت، کاردانەوەکانیان بە شێوازی جیاجیا دەردەبڕی. (شاهین) بۆ چەند کاتژمێرێک قسەی کرد. لەو کاتەدا ڕەفتارەکانی ئەوم هاتەوە بیر کە لە کۆنگرەی دامەزراندندا نواندبووی. درێژدادڕینەکەی کاری لە منیش دەکرد، دڵم نائاسوودە بوو، ئەقڵم لەلای دەستگیرکراوەکان بوو. بڕێکی زۆر نووسراو و نامە لە ماڵەکەی (حاملی) و ئەوان بوو. ئەوانیش لە شوێنی گونجاوی ماڵەکە شاردبوویانەوە. لە شوێنی هەواگۆڕکێ، بۆری پەردەکان، حەساری زۆپاکان، قاچە ئاسنەکانی کورسییەکان، قاچی قەرەوێڵەکاندا شاردمانەوە. ئەگەرچی زۆر جێی متمانەش نەبێت ئەویش ڕێوشوێنێک بوو.

ئەو شەوە لەگەڵ (حاملی) چاومان بەیەک کەوت. نامەیەکی لەماڵی (د.عەلی) داناوە، ناونیشانی هەمان ئەو ماڵەی پێدابووین کە پێشتر تیایدابووین. داوای دەکرد بڕۆین بۆ ئەوێ. سەرباری ئەوەی هیچ گونجاو نەبوو بۆچی ئەو ناونیشانەی دابوو؟ هەر تێنەگەیشتم. لە دڵی خۆمدا گووتم: "ئەم هەڤاڵانەمان جگە لە بێزارکردن هیچ شتێکی تر ناکەن". ڕۆژی 17ی ئایار بوو. بەو ئەگەرەی ڕۆژی دواتر پۆلیس ڕێوشوێنی زیاتری دەگرتەبەر، هەر هەمان شەو کاری ئامادەکردن و هەڵواسینی پلانکارت، نووسینی بەیاننامە و بڵاوکردنەوەمان جێبەجێکرد. بەیاننامە و پلانکارت رادەستی گرووپەکان کران، هەر کەسە و لەلای خۆیەوە بە گەڕەک و کۆڵان و شەقامەکاندا بڵاوی دەکردەوە. پلانکارتەکانیش لە شوێنی دیار و بەرچاودا هەڵواسران. هەمان ڕۆژ (TIKKO) چییەکانیش پلانکارتیان هەڵواسی. (حاملی) بۆ هەڵواسین و بڵاوکردنەوەی پلانکارتەکان ڕۆیشتە دەرەوە. بێگومان ئێمە بۆماوەی چەند کاتژمێرێک چاوەڕێمان کرد. لەگەڵ (ئایتەن) پێکەوە لەو ماڵە بووین کە دەستنیشان کرابوو. بێ خەوی و شەکەتی چەند ڕۆژی دوایشمان پێوە دیارە. هەرگیز و لە هیچ دۆخێکدا خەوم قورس نەببوو، هەمیشە بە ئاگا و وریابووم، کەچی بە نەفرەت بێت ئەو شەوە تووشی ژانەسەرێکی قورس ببووم و لەچکێکم لەسەرم پێچابوو. لەسەر قەرەوێڵەکە بەو شێوەیە لە چاوەڕوانی (حاملی) دا بە خەوڕا چووبووین.

(حاملی) لە زەنگەکەی دەدا ئاگامان لێنابێت. ئەویش سەری سوڕدەمێنێت. لەبەر ئەوەی گڵۆپی ماڵەکە داگیرساوە و دەزانێ لەوێ چاوەڕێی ئەوین، بە نەکرانەوەی دەرگاکە نیگەران دەبێت. دۆخێک بوو کە هەرگیز تووشی نەبووە، زۆر شت بەئەقڵیدا

دێت. یەکەمین شتێک کە بڕیاری لەسەر دەدا دەرخستنی جامی سەرەوەی دەرگاکە و بەوێدا هاتنە ژوورەوەیە! لەلا شکاوەکەی جامەکەوە دەستی دێنێتە ژوورەوە و بزمارەکان شل دەکاتەوە، مەعجونەکەی لێدەکاتەوە و شووشەکەی دەردەهێنێت. ئا لەو کاتەدا کە جامەکەی لێدەکردەوە و تا نیوەی کەمەری هێنابووە ژوورەوە، من بەئاگا هاتم.

لە شوێنی خۆم ڕاپەڕیم تەماشای دەرگاکەم کرد شۆک بووم بە دیمەنی سەرەتا. لەو ئان و ساتەدا بەحەپەساوی رامام. تەنیا گووتم: "ئەوە چییە!" (حاملی) چی بەسەر هاتبوو، بۆچی بەم جۆرە خۆی دەکرد بە ماڵدا، شێت ببوو؟ (ئایتەن)یشم هەڵساند. ئەویش واقی وڕما. چەند خولەکێک بەمجۆرە سەرسوڕماویمان بەردەوامی کرد. پاشان لەپڕێکدا دەستمانکرد بە پێکەنین، لەگەڵ ئەوەشدا بەسەر یەکتردا تووڕە دەبووین. لەجیاتی ئەوەی دەرگاکەی بۆ بکەینەوە و بیهێنینە ژوورەوە لەوێکانەدا درێژەمان بە قسە و باس دا و پێمانگووت: "بۆچی هێندە ئێمەت لێرە راگرت؟" ئەویش بە تووڕەییەوە گووتی: "بۆچی لەکاتی خۆیدا دەرگاکەتان نەکردەوە؟". بەو تووڕەییەوە کە چاوەڕوانییەکە پێی دابووین دڵمان بەسەر یەکدا هەڵڕشت. پاشان دەرگاکەمان کردەوە.

هاتە ژوورەوە و باسی هۆکاری بەوجۆرە هاتنە ژوورەوەی کرد. داخمان لێهات کە دەنگی زەنگی دەرگاکەمان نەبیستبوو. ئێمەش بیانووەکەی خۆمان دەهێنایەوە و پێمان دەگووت. لەونێوەدا قسەمان لەسەر مانەوە و نەمانەوە لەو ماڵەدا کرد. کەمێک باسمان لە دۆخی دەرەوە کرد. لە پەنجەرەی ژوورە تاریکەکەوە چاودێرییەکی دەرەوەمان کرد. ئۆتۆمبێلی پۆلیس تاو

نا تاوێک بەکۆڵانەکاندا دەسوڕایەوە. (حاملی) دەیگووت کە زۆر بە وریاییەوە هاتۆتەوەماڵەوە.

گووتم: "باشە، بۆچی ئەم ماڵەت بە شوێنی یەکتر بینین دەستنیشان کرد، با لە شوێنێکی تر چاومان بەیەکتر بکەوتایە".

ئەویش منی تاوانبار دەکرد بەوەی گوایا هەمدیسان من دەمەقاڵێی لەگەڵ دەکەم و دەیگووت: "بۆچی تۆ لەکاتی خۆیدا نەهاتیتە یەکەم شوێنی دەستنیشانکراو".

ئەمە لەکاتێکدایە کە لەهەمان کاتی دیاریکراودا لەلای (د.عەلی) و ئەوان بووین. لەبەرامبەر بە گرژی و قسەی تۆمەتبارکارانەی (حاملی) خۆمم پێ رانەگیرا و گووتم "با بڕۆین". پاشان پاشگەز بووینەوە. لەم بوارەدا بێ بڕیاربووین. لەو نێوەدا جارێک گڵۆپەکانمان کوژاندەوە و لەسوچێکی پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەمان کرد. چونکە دڵمان ئاسوودە نەبوو. بەڕۆژ کاتێک لەماڵ نەبووینایە (جاهیدە) و ئەوان هاتوچۆیان دەکرد. (گیۆنول)یش سەری لێدابووین، چێشتی ئامادەکردبوو و رۆیشتبوو، یاپراخی بۆ دانابووین. بەڵام لەنێو ئەو دۆخە نالەبارە دەروونییەدا کەس دڵی نەیدەبرد. دەشزانین کە بەشەو دەرکەوتن لەماڵ مەترسیدارە. ناسنامەیەکی شیاویشمان لەلا نەبوو، بەو مەرجەی سبەی زوو دەربکەوین لەماڵەکەماینەوە، بەڵام هیچ یەکێکیشمان لایەنگری مانەوە نەبووین.

(عەلی) ئەندامی کۆمیتەی هەرێم بوو و بەتایبەتیش هەر لەم ماڵەدا دەمایەوە. تا ئەو رۆژەش زانیاری بەوجۆرە دەهات کە دانیان بەهیچ دا نەناوە. بەڵام هەمدیسان هاتن و مانەوەمان لە هەمان ئەو ماڵەدا مەترسیدار بوو. وەک ئەوە بوو قومار بکەین! من لە هۆڵەکە دەخەوتم. (ئایتەن) و (حاملی) چوونە ژووری

ناوەوە. جارێکی تر تەماشایەکی دەورووبەرم کرد. هەندێک نووسراو و نامە هەبوون، ئەوانم ئاخنییە نێو ئیسفنجی کورسییەکەوە. بەڵام هەر لەوماڵەدا چەند جۆرە کاغەزێکی بە تابیعە نووسراو و کاربۆن و هەندێک پارچەی ئامێری زیادکردنی چاپ هەبوو. ئەو شەوە ئەوانەم پێ نەدەشاردرایەوە. بێگومان پاشماوەی پلانکارت و بەیاننامەکانمان لەسەر بان شاردبووەوە. وەکو پەڕتووکیش، (پەڕتووکی مێژووی پارتی بەلشەفیک) هەبوو. پەڕتووکێکی زۆر مەترسیدار نەبوو، بەڵام هێشتا دڵم ئاسوودە نەبوو.

شەو بە پێوە دەخولامەوە. رزگارم نەبوو لە ژانەسەرەکەم. هەمدیسان هێندە بێخەمانە هەڵسوکەوتکردنی (شاهین)یش دڵی تەنگ کردبووم. هێشتا واتام نەدەدا بەوەی (حاملی) قاڵبی سەرەوەی دەرگاکە دەربهێنێت و بێتە ژوورەوە. بیرم لە (عەلی گیوندوز) و (ئایتەکین) و ئەوان دەکردەوە. (حسێن تازە)، دەیگووت: "ئەشکەنجە و لێدانێکی زۆر دەکرێن".

دەشیا (رەزا ساریکایا) بکەوێتە پێگەیەکی نەرێنیترەوە؟ یەکێک بوو لەوانەی ماڵەکەیان دەزانی. بەڵێ ئەویش ماڵەکەی دەزانی. بەڵام باش بوو ماڵی (حاملی) یان نەدەزانی. ئەرشیف و نووسراوەکان لەوێ هەڵبگرین؟ باشە، بۆ کوێی ببەین؟ سەیرە!

لە کاتەکانی سەرەتای ئێوارەدا خەوێکی هێندە قورس هاتبوو، دەنگی زەنگی دەرگام نەبیستبوو. کەچی ببوو بە نیوە شەو و نزیکەی بەرەبەیان بوو و خەوم لێ نەدەکەوتەوە. ئەگەر هەڵسابام هیچم لەدەست نەدەهات، چونکە هێشتا تاریک بوو. جارێک وام بە خەیاڵدا هات کە هەڵسم بە هۆڵەکەدا رایەڵکە بکەم. راهاتنێک بوو. جاروبار دەردەکەوتم بە تاقی تەنیا لە شەوەزەنگدا دەگەڕام. کەس پێی نەدەزانیم. هەڤاڵانیش کە

دەیانبینیم بەمجۆرە هاتوچۆ دەکەم قسەیان تێدەگرتم و دەیانگووت: "بۆ، ئەمڕۆ کەم ڕۆیشتووی؟".

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دەنگی ئاگادار "ئینزار"ی ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس هێواش هێواش نزیک دەبوونەوە. لە پڕێکدا بۆ چەند جارێک بەدوای یەکدا دەنگی کرانەوە و داخرانی دەرگای ئۆتۆمبێلم کەوتە بەرگوێ. نەموێرا هەڵسم و سەیر بکەم. بەڵام ئەگەر لەو کاتەدا هەڵسابام و تەماشام بکردایە، مسۆگەر هەستم بە هەندێک شت دەکرد و لەماوەی دوو خولەک دا لەسەربانەوە خۆمان دەگەیاندە تەلارەکەی تر. بەڵام لەکوێ بمزانیبا کە پۆلیسن. بۆ چەند جارێک و زۆر بەخێرایی بە قۆنداخی چەک لە دەرگایان دا. ئەوەی لێی دەترسام بەسەرماندا هاتبوو. ئەمە لەدەرگادانێکی ئاسایی نەبوو. بەخۆمم گووت: "حەتمەن پۆلیسە!..". دەستبەجێ ڕاپەڕیم، جلی خەوم لەبەردابوو. بەزوویی جلم گۆڕی و لەو کاتەدا چاوم بەدەوروبەردا دەگێڕا. هەندێک کەلوپەلی ئامێری تابیعە و زیادکردنی چاپم خستە ناو کیسی نایلۆنەوە و هەندێک نووسراوم لە گەرماوەکەدا سووتاند. گەرماو ڕێک لەبەرامبەر دەرگای دەرەوەدا بوو، (حاملی) و (ئایتەن)م هەڵساند و گووتم " هەڵسن پۆلیس...!".

ئەوانیش بە حەپەساوییەکەوە هەڵسان و (حاملی) بەهێورییەکەوە گووتی: "بەڕاستتە!".

دووبارە چاوێکم بە ژوورەکەدا گەڕاندەوە. لەناو جانتاکەمدا چەقۆیەکی تۆزێک جیاواز هەبوو. پەڕتووکی مێژووی پارتی بەلشەفیک مایەوە. ئەوم بە هەند وەرنەگرت. هەموو ئەوانی ترم خستە ناو کیسی نایلۆنەوە و لە مەتبەخەکەوە لە بۆشایی نێوان دیوارەکەدا شاردمەوە. تەختەیەکمان لەپەنجەرەی مەتبەخەکەمانەوە بۆ مەتبەخی بینای بەرامبەر درێژکردبووەوە،

وابیرمان لێکردبووەوە کە لە دۆخێکی نالەباردا دەپەڕینەوە بۆ ئەوبەر. تاقیکردنەوەیەک بوو. وامان دانا بوو کە دواتر قایمی بکەین. تەختەکەم کۆنترۆڵ کرد، نەماندەتوانی بەسەریدا بڕۆین. پۆلیس بەردەوامە لە کێشان بە دەرگاکەدا و دەیگووت: "دەرگاکە بکەنەوە ئەگەر نا دەیشکێنین!"

به دەنگێکەوە کە وەکو تازە لە خەو هەڵسابم پرسیم: "ئەوە کێیە!".

"بیکەرەوە.. پۆلیسە"

گووتم : "باشە جلوبەرگم گونجاو نییە.. یەک دەقە"

لە ئێوارەوە بێ بڕیاربووین، ڕێ و شوێنی پێویستمان نەگرتبووە بەر و دووژمن لەبەردەرگا بوو. هەوڵمدەدا کاریگەرییەکانی ئەم کەمتەرخەمییە کار لە تەزووی دەنگم نەکات. ئەوەی کردمان زۆر بێ ئەقڵانە بوو. کوا هۆشیاری شۆڕشگێڕی، کوا ڕێ و شوێنی پێویست، ئەی کوا پێشتر هەست کردن، کوا پێشبینی. بە نەفرەت بێت، بەڵام دیسان دەمویست هێور دیار بم. بە (ئایتەن) و (حاملی)م گووت: "لە دێرسیم یەکمان ناسیوە. ئایتەنت هێناوە بۆ نەخۆشخانە بۆ پشکنینی منداڵبوون. واتا هاوسەرن. پێشتر ڕفاندووتە. هەڵبەتە کە پرسیار لە کەسوکار کرا دیار دەبێت. منیش جیابوومەتەوە و بەجیا دادەنیشم. ناوبەناوێک براکانم هاموشۆم دەکەن".

لەماڵەوە جلوبەرگی پیاوانیش هەیە. ئەگەر وابڵێم لەجێی خۆیدا دەبێت. لەو نێوەدا هەستم کرد ئەو پانتۆڵەی بە هەڵەشەیی لەپێم کردووە، گەورەیە، هەندێک شوێنی لێیکرابووەوە. ئەوەش داخێکی تر، بەڵام کات نەبوو نەمدەتوانی بیگۆڕم. لەو نێوەدا یەکێک لە پۆلیسەکان دەیویست وەکو (حاملی) خۆی لە تەبەقی سەرەوەی شوشەی دەرگاکەوە شۆڕبکاتەوە بۆ ناوەوە.

پێمگووت: "راوەستن دەرگاکە دەکەمەوە! چییە ئەوە، چی دەکەن؟ جل و بەرگمان شیاو نەبوو. بە جلی خەوەوە بهاتینایەتە بەردەمتان! خولەکێک چاوەڕێ بکەن دەرگاکە دەکەمەوە!".

دواجار ئاوڕم لە (ئایتەن) و (حاملی)دایەوە و گووتم: "باشە. شتێکی ترمان نییە و هیچ ناڵێین. تازە هاتوون، میوانن. بەجۆرێکی تر یەکتر ناناسین" و دەرگاکەم کردەوە.

وەکو رەوە گورگ خۆیان کرد بە ماڵدا. هەر یەکێکیان لایەکی ماڵەکەیان تێکوپێک دەدا، پێمگووتن: "راوەستن، لەبەر چاوی خۆمان پشکنین بکەن".

تابیعە، مێژووی پارتی بەلشەفیک، کۆمەڵێک کاغەزی سپی. هەموویان لە شوێنێک کۆکردەوە. چەند کاربۆنێک لەنێو کاغەزەکاندا دەرکەوت. هەروەها کاغەزێکی تر دەرکەت نیوە نوسراوێکی بە سەردێڕی "بۆ گەلی ئازا و بوێرمان". هەر چییەکیان چنگ دەکەوت وەکو بەڵگەی تاوان کۆیان دەکردەوە. سەبارەت بە تابیعەکە گووتم: "ئەوە بۆ کوێ دەبەن؟ پەڕتووکەکەش لە بازاڕ دەفرۆشرێت. خۆ قەدەخە نییە، هەموو کەسێک پەڕتووک دەخوێنێتەوە! ئەوە بۆکوێ دەبەن..؟"

قسەکانم واتایەکی ئەوتۆیان نەبوو. دەشمزانی کە هیچێکی لە ئەنجامەکە نەدەگۆڕی. دیسان دەمویست لەڕووی دەروونییەوە کاریان لەسەر بکەم. ئاوا بێدەنگ، مات و ترسنۆکانە راوەستان کەڵکی نەدەبوو. بەردەوام قسەم دەکرد و خۆم لە هەندێک شتەوە هەڵدەقورتاند و پێم دەگووتن: "بە وردی بگەڕێن، دەوروبەر پیس مەکەن، هەموویتان تێکوپێکدا! پشکنینیش ئوسوڵ و شێوازی خۆی هەیە...هتد"م پێدەگووتن و بەردەوام چاودێری کاردانەوەکانیانم دەکرد. بخوازرێ و نەخوازرێ کاریگەری

هەبوو. لەو کاتەدا پرسیارم کرد: "نووسراوی فەرمی پشکنینتان پێیە؟ دەمەوێت بیبینم".

هەندێکیان زۆر پیس و قێزەونانە بەم قسەیەم پێکەنین، یەکێکیان کە بێتەلەکەی بەدەستەوە بوو گووتی: "بێگومان هەیە، فەرموون، با برۆین..".

هەندێک لە پۆلیسەکانم بەلاوە نامۆ نەبوو. لام وابوو کە ئەوانەن لە گەڕەک تووشی یەک هاتبووین. سواری ئۆتۆمبێلیان کردین. هەر سێکمان لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکە دانیشتین. بێتەل بەدەستەکە لە پێشەوە دانیشت. دەوروبەر ئارام، تەنیا کاتێک لە پلیکانەکان دەهاتینە خوارەوە ژنە خاوەن ماڵەکە تەماشای کردین. شۆکبوونەکەی بە ڕەونەقی چاوییەوە دیار بوو و بە پۆلیسەکانی گووت: "ڕۆڵە؛ ئەوە باشترین دراوسێمانە، کرێچیمانە. ئەو فەقیرە بۆ کوێ دەبەن.. ؟"

لە ئۆتۆمبێلەکەدا بۆ دواجار بە چپە پێمگووتن: "میوانن، ئایتەنت هێناوە بۆ نەخۆشخانە. هیچ قسەیەکی تر نییە. با هێور و ئارام بین. هیچ نابێت!".

جارێکیان ئۆتۆمبێلەکەی تر سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەی لە ناوەڕاستی ڕیزی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە دانیشتبوو (ڕەزا) بوو. لەبەر خۆمەوە پێم گووت: "هەی ناکەس بەچەی سەخیف". هەڵبەتە کەسی تر ماڵەکەی نەدەزانی، کەوا بوو (عەلی)ش ترازابوو و دانی پێدا نابوو. بەڵام (ڕەزا)م لە خەیاڵ دەرناچێت. پێمگووت: "پێتەوە دیاربوو" و ئەو ئۆتۆمبێلەی تێیداین بەرەو (1800 ئەڤلەر) دەڕۆیشت. لەگەڵ (حاملی) و (ئایتەن) بۆ یەکترمان دەڕوانی.

به چاوبڕکه[176] لەسەر وتە 'ئیفادە'کانمان ڕێککەوتین. ڕووخساری ئەسمەری (حاملی) بەتەواوی ڕەش داهاتبوو. لێوی بەکەمی سپی ببوو، جیڕەی خێرای ددانەکانی بە ڕوومەتییەوە دیاربوو. وەکو بڵێت: 'ئەگەر شەو نەهاتینایە بۆ ئەوماڵە ئەمە ڕووی نەدەدا' بۆی دەڕوانیم. بەڵام هەر خودی خۆی ئەو شەوە ببوو بە 'بەلا'.

**مانگەکانی**
**شوبات، ئادار و نیسانی 1996**
**هەرێمی زاپ**

---

[176] قسەکردن بە ئاماژە و ئیشارەی چاو.

Jiyanim Hemîşe Têkoşan Bû

Sakîne Cansiz (Sara)

Bergî Yekem



لەم بەرگەدا؛ بەدوای شەڕ و تێکۆشانی لێگەڕین
(بەدواداگەڕان)ەکانم راکەڕاکم کرد. خێزان، سیستەم،
دەوروبەر، کۆن و هەر شتێک کە بەچەوتم زانی بێت،
رووبەڕووی خۆمم کردەوە و رۆیشتم، بەتایبەتیش بەبێ
ئەوەی گوێ بدەم بەوەی بەرەو کوێ و بەچی دەچم.
هاوکات نە تەیاربوونێکی شیاو بە گەورەیی و
بەرفراوانی ئەم رۆیشتنە و نە لەپێگەیەکیشدا بووم کە
بەشێوەیەکی بەهێز جەنگاوەرییەکەی بەڕێوە ببات: وەک
جەنگاوەرێکی نەبڕاوە، بێ ئۆقرە، ناشارەزا، پەلەپڕوز،
سۆزدار و سەرهەڵدێرم. بەر هەموو شتێک دەکەوم؛
رێ رۆیشتنێکی بێ باکانە. بەڵام راوەستانم بۆ نییە.